# مێژووی وێژەی کوردی

بەرگی دووەم



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# مێژووی وێژەی کوردی

بەرگی دووەم

نووسینی:

**سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)**



ناوی کتێب: مێژووی وێژەی کوردی – بەرگی دووەم
نووسینی: سدیق بۆرەکەیی (سەفی زادە)
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٧٢١
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + فەرهاد ئەکبەری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی دووەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٩٤٢ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

# ئەبولقاسمی لەشکری

سەدەی یانزەمی کۆچی

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەبولقاسمی سۆرانە و بەلەشکری ناسراوە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە سەرەتای سەدەی یانزەمی کۆچی لە زەرزا کە شنۆی ئێستایە لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە، وەکو دەم بەدەم دەگێڕنەوە لەشکری سەرەتا خەریکی کشتوکاڵ بوو و پیاوێکی هەژار و نەدار بوو، وە تەنانەت لە کاتی کوتانی خەرماندا گای نەبوو کە خەرمانەکەی پێ بکوتێ. ڕۆژێکیان سلێمان بەگی سۆران لەگەڵ حەوت سەد سواردا هاتە زەرزا و چاوی کەوتە لەشکری و خۆشی لە دەنگ و بەیتوێژیی ئەو هات و لەگەڵ خۆیدا بردیە هەریری پایتەختی سۆران و ئیتر لەشکری بووە هۆنەری تایبەتی سلێمان بەگ و لە لای ئەو مایەوە.

لەشکری لە لای سلێمان بەگ پێشڕەوتێکی زۆری کرد، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند کە گراو و سەوداسەری خانزادی خوشکی سلێمان بەگ بوو، وە لەبەرئەوەی دەیزانی کە خانزاد شووی پێ ناکا، ئەوە بوو شەوێکیان ڕای کرد و چووە بەغدا و ڕۆیشتە لای پاشای عوسمانی و پێی وت کە سلێمان بەگ دەیەوێ یاخی بێ و کوردەکان ڕاپەڕێنێ و سەرئەنجام پاشای عوسمانی سلێمان بەگی بانگ کردە بەغدا و لە مێوانییەکدا بەزەهر ئەوی کوشت. لە پاش سلێمان بەگ خانزاد بووە جێنشینی براکەی و ناردی بەشوێن لەشکریدا و وتی شووت پێ دەکەم و لەشکرییش لەبەرئەوەی دڵی دابووە خانزاد گەڕایەوە هەریر و لە پاشا خانزاد ئەوی گەیاندە سزای خۆی. دەڵێن کە لەشکری بەر لە مەرگی خۆی پەشیمان بووەتەوە و چریکە و بەیتی لەشکریی هۆنیوەتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ ستایشی سلێمان بەگی کردووە، وەکو لەم دوو هۆنراوەدا دەڵێ:

هەر لە زەهاو و لاجان و شنۆ   هەتا دەگاتە سەقز و پشکۆ
میرم بەکیسە زێڕی دەبەخشی   بۆیە ڕوومەتی وەک خۆر دەدرەوشی

مامۆستا تۆفیق وردی لە پەڕاوی (خانزاد و لەشکری)دا دەڵێ: ئایشێ حسێن بەگان لاوێکی لەگەڵدا بوو لە تەمەنی چواردە ساڵە ناوی لەشکر بوو، هەر لە منداڵییەوە لە ماڵی ئایشێ چاوی کردبووەوە، چونکە هەتیو بوو، بەڵام تا بڵێی هوشیار و بلیمەت و زۆرزان بوو.



هەر لە زووەوە سەرنجی سلێمان بەگی بۆ خۆی ڕاکێشا و سلێمان بەگ یەکێکی بۆ ڕاگرت بۆ ئەوە فێری سواری و شیربازی، تفەنگ هاوێشتنی بکات، زۆری نەخایاند لەشکری لەو هونەرانەدا لە مامۆستاکانی زیاتر پێش کەوت و سوار و شەڕکەرێکی گرینگی لێ دەرچوو. سلێمان بەگ کە ئەو بەهرە و زانایییەی لە لەشکری دیت کردیە سەرکردەی پێنج قوڵە سەربازی تایبەتی خۆی، بەڵام لەشکری لە دڵەوە ڕقی لە سلێمان بەگ هەڵگرت چونکە سلێمان بەگ هەندێ لە ئێزیدییەکانی کوشتبوو، ئەویش لە بنەچەکەی ئێزیدی بوو، ئەوە بوو چووە بەغدا و بەپاشای عوسمانی وت کە سلێمان بەگ یاغییە و دەیەوێ کوردەکان ڕاپەڕێنێ و سەرئەنجام پاشای بەغدا سلێمان بەگی زەهر خوارد کرد و سەرئەنجام خانزاد لەشکری بەسزای ناپاکیی خۆی گەیاند.

مامۆستا حسێن حوزنی موکریانی لە پەڕاوی میرانی سۆراندا سەبارەت بەسلێمان بەگ دەڵێ: سلێمان بەگ کوڕی قولی بەگی سۆرانە کە لە دوای بابی بوو بەفەرمانڕەوای سۆران و لە هەریر دانیشت کە میر بۆداغی برای هەڵات، خاکی ئەویشی خستە ژێر دەستی خۆی و پاشان پایتەختی زەرزا یا شنۆیشی گرت، وە لە ساڵی ٩٩٤ی کۆچیش لەشکری ئاژۆتە سەر قوباد بەگ و ئەویشی تێ شکاند و هەرێمی تەرکیشی خستە سەر وڵاتی سۆران، سلێمان بەگ پیاوێکی دادگەر و خواناس و پارێزکار بووە و شوێنەواری ئەو هەتا ئەمڕۆکەش لە کوردستاندا ماون و گۆڕەکەی لە هەولێرە.

مامۆستا ئەمین زەکی بەگ لە پەڕاوی ناودارانی کورددا سەبارەت بەلەشکری دەڵێ: لەشکری لە هۆنەران و وێژەوانانی سەدەی دوانزەمی کوردە کە لە دەوری میر سلێمانی سۆراندا ژیاوە و نووسەر و ڕاوێژکەری میر بووە و جگە لە دیوانەکەی هەندێ پەڕاو و نامیلکەشی داناوە.

لێرەدا مامۆستا ئەمین زەکی بەهەڵە چووە، چونکە میر سلێمان لە ساڵی ١٠١٠ی کۆچیدا لە لایەن پاشای عوسمانییەوە دەرمانخوارد کراوە و ئەوەندەشی پێ نەچووە کە لەشکری بەهۆی خانزادی خوشکی سلێمان بەگەوە لە سێدارە دراوە کەوابوو لەشکری لە سەدەی دەیەم و یانزەمی کۆچیدا ژیاوە.

ئەوەی کە مامۆستا ئەمین زەکی نووسیویە لەشکری دیوانێکی هۆنراوی هەیە، بەداخەوە لە هۆنراوەکانی جگە لە چەند هۆنراوی نەبێ ئیتر شتێ تری نەگەیشتووەتە دەستی ئێمە. بەڵام بەیتێکی هەیە بەناوی لەشکری کە بەجیاواز لە چاپ دراوە و ئەوا لێرەدا هەندێکی دێنین:

*سەری من دێشێ، دڵی من لە ژانە*
*ڕۆژی لە من مەعلووم دەکرد، زاهری دەکرد بەیانە*

شەوق و شەبەقی خۆی دەدان
لە پەنجەرەی سولێمان بەگی قولی بەگییانە
ئەمن دەچوومە دیوانی ئاغایی چەڵەنگ
لێی ڕاخرا بوون مافوورەی بەگ ڕەزی خوراسانە
لە سەرەوان مافووران داندرا بوون
کورسی و سەندەلیی پێچک زێو و زێڕ نیشانە
لە سەرەوان سەندەڵییان دانیشتبوون
بەگزادە و کوڕە بەیانە
قەلنەی دەمارپێچان پێ بوون
بەلووی دارە عوودیان لەسەر دادەنانە
مودنەی کارەبای زەردیان
لەسەر سمێڵان دەگەڕانە
ئەمن دەچوومە جوبەخانەی ئاغایێ چەڵەنگ
لێم دەردەکێشان پێنج سەد ڕەمبی کوپ ڕەشی دارا حەیزەرانە
ئەمن دەچوومە جوبەخانەی ئاغایی چەڵەنگ
لێم دەردەکێشان پێنج سەد مەتاڵی گۆی فیلی کەرکەدەن بن
بەجوولانە
ئەمن دەچوومە ئێختەر خانەی ئاغەیێ چەڵەنگ
لێم دەردەکێشان سەد بور و بدەو و کوێتی قاپ ڕەش کلک
لەسەر چوانە
ئەمن دەچوومە دیوانی ئاغایێ چەڵەنگ
لە دەستە ڕاستیی ڕاوەستا بوو، پێنج سەدی کاتب بەدەست
لە چەپەی پێنج سەد دەیدا فەرمانە
ئاغایێ من نۆکەری خەڵات دەکردن
سەرپاک بەرات دەدرانە
سەفی سواران تەواو دەبوو لە پێنج سەد سواری
پێیان دە رکێفان دەنا، وە سەرخانەی زین دەگەڕانە
ئاغای من ڕاوەکی داویشتە گردی کەکۆنی



زەویی چل پشکی، کانیێی خەروە تاوی
دەربەندی گۆلی دەبەبانە
لە دەستەوان قووشچیان بڵیند دەبوو
باز و شەهێن و سەقەر و قرلغ و تەڕلانە
مراویلەی دەپەڕ کەسک غەمزەیان ڕێ دەنیشت
ڕوویان دەکردە گۆمی لێڵ و پەڕی
ئاوا دەبوون لە گۆلی دەبەبانە
ئاغایێ من ڕاوی بەتاڵ دەکرد
دەگەڕاوە دەرکێوێ مەزنە ماڵی
لەشکری دەشکردە سەرزەو دەیکوت خەزاڵ
ئاغایێ چەڵەنگ لە تۆ مێوانە
خەزاڵ بەنیکێکی تۆق وا تەلەسم وە لەشکری دەدان
دەیکوت: لە بۆ ئاغایێ خۆتیان بەرە بە نیشانە
حەیفێک و سێ سەد حەیفم دەکوژێ
لە دنیایێ لە بۆ ئاغایێ چەڵەنگ
بە پیاڵەکە ژەهری ماریان دەکرد بێ گیانە
سەری من دێشی دڵی من بەدەردە
ئاغای من سوار دەبوو لە کوێتێکی کەللەڕەقی دامین
زەردە
جووتە تاژیلێکی دەرستێدا قووتە و گەردی
ڕاوی خۆی دادەبەشی لە زەوییەکدا بە کەڵەک و بەردە
شینکی مات و مەلوولی هەڵ دەستاند
جووتە تاژیلە لە ڕستی بەردا
هێندەیان نەدەهێنا و نەدەبرد
شینکیان دە گەرداڵەکە تۆزی وەردا
ئاغایێ من سەری شینێکی هەڵ دەبڕی
بە کێردە کەفەنەی بەر دەسک زەردە
پاشووی شینکێی دەگرت و پێشووی شینکێی بەردا

*پاشووی شینکێی وەبەر بەن سامووتی دەدا*

*ئەمن حەیفێک وا سێ سەد حەیفم دەکوژێ*

*لەوی کاولە دنیایێ لە بۆ ئاغایێ چەڵەنگ*

*بەپیاڵەکە ژەهری ماریان دەست پێ لە دنیایێ بەردا*

*لەوی دەورم دەنۆڕی، لەوی زەمانم دەنۆڕی*

*لە دەوری قوباد خانم دەنۆڕی*

*لە دەوری شاهی ئەنەوشیروانم دەنۆڕی*

*هەتا ئەوی زەمانی، هەتا دەوری قوبادخانی*

*هەتا دەوری شاهی ئەنەوشیروانی*

*یەکێکم نەدیت وەکوو سولەیمان بەگی میری هەریری*

دڵی لەشکری ئاریانی قەت هێدی نابێ

لەبەر گریان و لەبەر ئەوان هوردەگلەییان.

سەرچاوەکان


١- خانزاد و لەشکری - دانراوی محەمەد تۆفیق وردی - بەغدا، ١٩٦٠.

٢- میرانی سۆران - کردەوەی حوسەین حوزنی موکریانی - هەولێر، ١٩٦٢.

٣- توحفەی موزەفەرییە - ساخکردنەوەی هێمن - مەهاباد، ١٣٦٣.

٤- مهرو وفا - ترجمه قادر فتاحی قاضی - تبریز، ١٣٤٥.

٥- مشاهیر الکرد - تالیف امین زکی بک - قاهره، ١٩٤٥.

٦- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەلەشکری.


## مەلا مەنووچێهری کۆلیوەن

١٠٢٨ - ١٠٩٥

ئەم هۆنەرەمان ناوی مەنووچێهر و لە هۆزی کۆلیوەندە و بەپێی بەیازێکی کۆن کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٠٢٨ی کۆچی لە دێی دلفاندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. دلفان کەوتووەتە خۆرئاوای ڕووباری سەیمەرە و گاماسب لە خاکی لوڕستاندا. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە کرماشان و دینەوەر و مەلایر و سەرئەنجام لە نەجەفدا ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە پاشا چووەتە ئەلیشتەر و لەوێدا ماوەتەوە و پاشماوەی ژیانی



بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٠٩٥ لە تەمەنی شەست و حەوت ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

یەکێ لە هۆنەرانی هاوچەرخی خۆی کە بەداخەوە بۆمان دەرنەکەوت کە کێیە لە پارچە هەڵبەستێکدا سەبارەت بەمێژووی مەرگی مەلا مەنووچێهر دەڵێ:

پەی مەرگش، لوام پەرسام لە پیرم     وات: "غەیب بی مەڵا" منیش دڵگیرم

واتە: بۆ مێژووی مەرگی "مەلا مەنووچێهر" ڕۆیشتم لە پیرم بپرسم، وتی: مەلا پێوار بوو، ئێستا منیش دڵگیر و زویرم. "غیب بی ملا" بەژمارەی ئەبجەد دەکاتە ١٠٩٥ی کۆچی.

مەلا مەنووچێهر بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی لەک دێتە ژمار کە لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی تا بڵێی تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. وەکو دەماودەم دەیگێڕنەوە، مەلا مەنووچێهر لە ئاخر و ئۆخری تەمەنیدا هۆنراوەکانی کە نزیکەی دە هەزار هۆنراوێک بەلەکی و فارسی بوون لە دەفتەرێکدا کۆی کردووەتەوە و لە بەدبەختی مەلادا کاتێ کە کوزازییەکان هێرش دێننە ئەلشتەر دیوانەکەی لەگەڵ سامان و داراییەکەیدا بەتاڵان دەبەن و وەکو دەڵێن مەلا بەشوێن دیوانەکەیدا چووەتە مەلایر، بەڵام لەبەر پیری نەیتوانیوە جەردەکان پەیدا بکا و ناچار گەڕاوەتەوە و ئیتر ئەوەندەی نەخایاندووە کە مردووە. ئەو هۆنراوانەش کە ئێستا بەیادگار لە ئەوەوە ماوەتەوە خەڵک دەم بەدەم دەیگێڕنەوە و هەندێکیشیان لە ناو بەیاز و کەشکۆڵەکانی کرماشان و لوڕستاندا نووسراون.

مەلا مەنووچێهر بەرزترین هۆنەری ئەو ڕۆژگارەی وڵکەی لەک و لوڕ بووە و لە هۆنینەوەی هۆنراودا سەری کێشاوەتە دەرگای هەموو جۆرە وتنێکەوە: دڵداری، ئاینی، کۆمەڵایەتی، باسی سروشت.

مەلا کە دەکەوێتە کۆشی هۆنراوەوە، زۆرتر سروشتە جوانەکەی دلفان دڵی ڕادەکێشێ و ئەوسا بەسروشتدا هەڵدەڵێ و جوانییەکی تر دەداتە سروشت و لەم بڕە هەڵبەستەیدا بەتەواوی دەسەڵاتی ئەومان لە ستایشی سروشتدا بۆ دەردەکەوێ وەکو دەڵێ:

بـــاد بـــەهـــاران، بـــاد بـــەهـــاران

کـــــــەلـەباد هـانـای بـاد بـەهـاران

وەلیـــعـــەهد وەشت، وەکـــیل داران

گـیانبـەخش چیمـان جەلای گـوڵزاران

بەرف فـــەرق فـــەوق کـــۆوان فـــەناکـــەر

جـاهـد و جـــەولان جـــەدی جـــوداکـــەر

بشکفتەگی باغ شادی بوڵبوڵان
باعس وجوود مەوجوود گوڵان
سەرمای زمستان نەتەختش خێزان
سەختی نە سەفحەی غەبراگورێزان
چالاک و چابوک جەڵد جیهانگیر
زدد زمهەریر سولێمان تەسخیر
تاراج دەهەندەی واحیدولقەههار
بنای بانی زەوق ڕەنگ و بۆی وەهار
سووککان وە سەنگەر تەختەکانەوە
بنوور وەی مەجنون نیمەگیانەوە
ئەویوورت تەشکەن گوزەرکەر وەشاد
ئەوسا عازم بەرپەی خوڕەم ئاباد
ڕاگەی ڕوومشکان تا ملک حەجیر
وە سەر کلاسان بگوزەر وێنەی تیر
میشنان مەچین ساتێ بدەر گڕ
بنوور ئەرگلگل جای خانان لوڕ
گوزەر کەر ئەوتەنگ ها لەوە گوڵگەشت
بەعد ئەژماریان رووپاپیل کیوەشت
دەشتێوەن ژ دەست بەهەشت زیباتەر
ئەو شیرین دەشتە باوەر ئەو خاتەر
بپلک ئەو چنار ئەو تاف و عناو
لە درەدراز عبوور کەر ژ ئاو
ملە شوانان دوورە نایکەش
پاپیل کشکان ڕاگەی گوڵ بەنەفش
مەچین ئەر مەقام خزر پێغەمبەر
باغاتش یەکیەک ئەو نەزەر باوەر
زیبا تەلعەتان ئەرپای داران جەم
حەلیمە سوڵتان، خانم و مریەم



ساتێ تەشریف بەر ئەو جەوارشان
گوڵچینی بکەر ژ گوفتارشان
شار تەمام بگەرد وە سەد بەشارەت
خوەش چەنی حەیات قەسر و عیمارەت
بپلک ئەو چنار سەقا وە خوەشدل
چی باز پەرواز کەر وەبەرزیی بارکل
نشاتەن چەنی دیارگەی یاران
یانەی دڵارام هەر جا دیاران
بنوور ئەرکشکان چەم چەنی پاچەل
پەیغام بەرپەی دۆس نەسوکنای بەربەل
شەماڵ ئامانەن جوویەندەی یار بۆ
پەروانەی شمنار ملک تەتار بۆ
گۆناس مەنوورین چی بەیان زەرد
ژ دڵ بەرمەدەی دەم ئاه سەرد
خوەشا وە حاڵت زلیل هام حاڵ
هەردوو زاری کەیم تا وەقت ویساڵ

واتە: ئەی بای شەماڵی بەهاری! ئەی جێنشینی سەرما و مزگێنیدەری چیمەنان، تۆ بەفری کوێستانەکان دەتاوێنیتەوە و تێ دەکۆشی تا سەرما لابەی و هەوایەکی خۆش بێنی تۆ داران دەپشکێنی و شادی دەخەیتە ناو دڵی بوڵبوڵان و بۆنی خۆش دەدەیتە گوڵان. سەرما و سۆڵەی زستان لادەبەی و سەختییەکان ئاسان دەکەی. ڕایەخی زستان بەچەپاو و تاڵان دەبەی و شادی و خۆشی دێنیتە جیهان، دەسا هەر بەو جۆرە سەنگەر بگرە و لە تاشە بەردەکاندا ڕاوەستە و سەرنجێکی ئەم دێوانە بدە، وە بەخۆشییەوە لەسەر نەچیرگەی تەشکەن تێ پەڕە و ئەوسا لەوێوە بچۆ خوڕەم ئاوا، وە ڕێی ڕوومشکان تا وڵاتی پاکی سەر کلاسان بگرە بەر و وەکو تیر تێ پەڕە و کاتێ گەیشتیتە میشنان ماوەیەک لەوێدا ڕاوەستە و ئەوسا هەستە سەرنجی گلگل بدە کە مەڵبەندی پیاوە گەورەکانی لوڕە و لە پاشا بڕۆ تەنگەهالە و لە ڕووباری پاپیل مادیانەوە تێ پەڕە و ئەوسا دەگەیتە دەشتێکی خۆش کە وەکو بەهەشت وایە و هەرکە لەوێوە تێپەڕ بوویت دەگەیتە باخەکانی دەوروبەری شاری خوڕەم ئاوا کە کیژان و شۆخوشەنگان لە سێبەری دارەکانیدا کۆ دەبنەوە و حەکیمە سوڵتان و خانم و مریەم کە لە شۆخوشەنگیدا بێ وێنە و تاکن لەوێدا ڕادەوەستن، تۆیش

ماوەیەک لە لایان بە و بەجارێ خۆشی بخە ناو دڵیانەوە و ئەوسا کە ڕۆیشتی دەگەیتە چەمی پاچەل کە مەڵبەندی ئاسکانی تەتارییە و ئیتر من خۆزگەت پێ دەخوازم و ئەوسا کە گەڕایتەوە دەزانم کە دەبیتە هاودەردم و جا بەیەکەوە بۆ یار دەناڵێنین.

مەلا پەردەی سروشت دادەداتەوە و دەکەوێتە ناو باسی خواناسی و سۆفیەتییەوە و لە چەکامەیەکی پەنجا هۆنراویدا ستایشی هافی عەلی دەکا کە ئەوا چەند هۆنراوێکی دێنین، وەکو دەڵێ:

مەولام مە مەداح لەکم مەدح توو واتم
وە ئی لەفز لەکی دەر تەلەب مەدح و سەناتم
ئەژ شەوق شەعەف بوڵبوڵ بوستان لەقاتم
گیان و بەدەن و گشت وەتەسلیم و رەزاتم
ئەو ئەهل و عەیالم وە زووار عەتەباتم
عاسی و خەتاکار شەها روو وە توو هاتم
ئەی سرِ خودا مەحرەم ئەسرار پەیەمبەر
ئەی دەست خودا دەست توو دەرکار پەیەمبەر
هەر بار مە موستەوجب ئەو دەست و عەتاتم
عاسی و خەتاکار شەها روو وە توو هاتم
ئی دەست تو مێعمار سەماوات و زەمینەن
ئی مەرحەمەتت مورشد جبریل ئەمینەن
ئی باج رەھ لەیلەتولئەسرات نگینەن
جوز نوور تووکی بەرزەخ ئەسرار نشینەن
قوربان یەد قودرەت ئەو نیم لەقاتم
عاسی و خەتاکار شەها روو وە توو هاتم
دەرویش توو مەحسووبم و شاها یە بەسمەن
ئەر عاسی عوقبام عەلی دادرەسمەن
ئەر بێ کەس و بێ دادرەسم میر کەسمەن
یەعنی سەنەد حوبب عەلی حوکم دەسمەن
ئەلبەت ژ کەرەم دادرەسی کی وە مەماتم
عاسی و خەتاکار شەها روو وە توو هاتم



واتە: ئەی سەرۆکی خۆشەویستم! من لەکی ستایشت دەکەم و، وەکو بوڵبوڵ بۆت دەچریکێنم و گیانی خۆم لە ڕێتدا بەخت دەکەم. خۆم و خاووخێزانم ئەوا هاتووینەتە دیتنت. من پیاوێکی گوناهکارم و تۆم زۆر خۆش دەوێ. ئەی شێری خوا! تۆ بەڕازی پێغەمبەریەتی شارەزایت، چونکە هاوڕاز و هاودەمی پێغەمبەر بوویت، ئامۆزا و یاری پێغەمبەر بوویت. تۆ لە ڕێی دیندا گەلێ خەباتت کردووە و بۆ پەرەپێدانی ئیسلام تێ کۆشاوی و، من لە هەر بارێکەوە پێویستم بەمێهر و بەزەییی تۆیە، چونکە گوناهکارم. هەر ئەوەی کە من بوومەتە دەروێشی تۆ بەسمە، چونکە ئەگەر گوناهکاریش بم دەگەیتە فریامدا و ئەگەر بێ کەس و بێ یار بم تۆ یار و کەسمی و، خۆشەویستیی تۆ بۆ من فەرمانێکە کەها بەدەستمەوە. دیارە من گوناهکارم کە ڕووم کردووەتە دەرگات.

مەلا بەمەڵبەندەکانی لوڕستان و لەکستاندا گەلێ گەڕاوە و لە هۆنراوەکانیدا وا دەردەکەوێ کە زۆر داخ و موخابنی بۆ ژیاری ڕابردوو خواردووە. ڕۆژێکیان دەڕواتە دەرەوەی شار و شوێنەوارێکی کۆن دەبینێ و ئەم هۆنراوانە دەهۆنێتەوە:

یە ڕووژی مەغمووم ژ کردار دەهر
رام کەفت ئەو مەخرووب جاگەی دەرەشەهر
بازارش ژ بەزم خاسان توهی دیم
خالی جای شێران سەر و سوهی دیم
جوز ئاواز جوغد شەهرش خامووش دیم
نە زەڕین باف بی، نە زەڕین پووش دیم
نە وەعز واعز، نە دەرس، نە مەنبەر
نە بانگ تەکبیر ئەڵڵاهوئەکبەر
نە میر، نە سەریر، نە سەر، نە سەروەر
نە سپەه سالار، نە سپاو لەشکەر
نە تاج گەوهەر، نە تەخت زەڕ دیم
قەسر و شانشین بێ زیب و فەڕ دیم
نە سەف پەنا بی نە سان هەرڕووز
نە میر شکار بی، نە بازوو نەیووز
نە سەدای قەهقەه بادەنووشان دیم
نە سەرو قامەتان، ئەتڵەس پووشان دیم

نە مەیخانە بی، نە موترب، نە ساز
نە مەتلەع و بەر ساقی خوەش ئاواز

واتە: ڕۆژێکیان کە دڵم پڕی بوو لە پەژارە، ڕێم کەوتە شوێنەوارێکی کۆن لە دەرەوەی شاردا، بازاڕەکەی لە بەزمی شۆخوشەنگەکان خاڵی بوو و، جگە لە هۆهۆی بایەقوش دەنگێکی تری تێدا نەدەبیسترا و نە مەلایەکی تێدا بوو کە پەندی خەڵک دابدا، وە نە بانگی (ئەڵڵاهو ئەکبەر)ی تێدا دەهاتە گوێ. نە میر نە تەخت، نە سەرۆک نە سەرۆکی سپا بوو، وە نە تاجێک بوو و، نە تەختێک، وە کۆشکی پاشایی وێران و کاول بووبوو نە دەنگی چپەچپی بادەنۆشانی تێدا بوو و نە کیژانی شۆخوشەنگی تێدا دەبینران و نە مەیخانەیەک بوو و، نە مەیگێڕێک، جیهان ئاوایە و سەرئەنجامی مەرگە و هەر چاکە بۆ بنیادەم دەمێنێتەوە.

سەرچاوەکان

١– گلزار ادب لرستان – تالیف اسفندیار غضنفری – تهران، ١٣٤٦.
٢– جغرافیای تاریخی و تاریخ لرستان – تالیف علی محمد ساکی – خرم آباد، ١٣٤٣.
٣– بەیازێکی کۆن کە هەندێ هۆنراوەی مەلای تێدایە.
٤– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا مەنووچێهری کۆلیوەن.

## شێخ ئەمیری زۆڵەیی

١١٢٥ – ...

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی یانزەم و دوانزەی کۆچیدا ژیاوە، لە ساڵی ١١٢٥ی کۆچی لە قەزوێنەی نزیکی سەحنەدا کۆچی دواییی کردووە و ئیتر سەبارەت بەچۆنییەتیی ژیانی ئەو زانیارییەکی ئەوتۆمان نییە. دیوانێک لە شێخ بەیادگار ماوەتەوە کە داگری چوار هەزار هۆنراوێک دەبێ و زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەر ڕێ و ڕچەی خواناسی هۆنراونەتەوە و زۆر قووڵ و پڕ مانان و هەمووی پەند و ئامۆژگاری و زانیاری و ڕاڤەی زاراوەی خواناسییە. ئەوا چەند پارچە هەڵبەستی ئەم هۆنەرە دێنین کە دەڵێ:

١

گران دەردەنان، گران دەردەنان
زام برین زووخ گران دەردە نان
قەیس جەفاکێش هیجران بەردەنان
چون شێخ سەنعان ئیمان هەردەنان



زوننـاری پۆش و زوننارێم بەستەن
وەی ماجەراوە تەن زار و خەستەن
خەریک مەینەت کفر زوننـاریم
چون شێخ سەنعان وە دیدەی یاریم
سەودای سەنعانیم جەسەر وێەردەن
سەر نە سایەی میر کەنعانیم بەردەن
مەر دەست باتن میر کەنعانی
بوەخشۆم گونای شێخ سەنعانی
وەرنە من وەی تاو کوورەی جۆشەوە
وەی شەرارەی بەرز پڕ خرۆشەوە
بڵێزەم بەرزەن نەدارۆم ئارام
وەختەن چون سەنعان ڕسوا بم نەعام
زوننارم بەستەن پەی گیان ئارام
سەنعانی ئاسام ئەی سەنعانیان

واتە: برینەکانم دەمیان کردووەتەوە و دەردم گرانە و وەکو قەیس لە ناو دەرد و ڕەنجدا دەتلێمەوە و بەوێنەی شێخ سەنعان بڕوام لە دەست دەرچووە. زنارێکم بەستووەتە پشتم و لەم سۆنگەیەوە لەشم شەکەت بووە و ئەوا ئێستا خەریکی مەینەت و دەردی کفری زنارم و سەرنج دەدەمە یارم و وەکو سەنعان دڵم داوە بەیار و ئاینی خۆم لە دەست داوە، مەگەر هەر خوای گەورەی گران بەزەییی پێمدا بێ و بمبوورێ، ئەگینا من تاقەتی گڕی ئەم کوورەی ئەوینەم نییە، کەچی بڵێسەی دەروونیشم بەرز بووەتەوە و لەوانەیە بەجارێ لەشم بسووتێنێ و بمفەوتێنێ. لەوانەشە کە وەکو شێخ سەنعان ڕیسوا بم.

شێخ ئەمیر لەم پارچە هەڵبەستەدا دیاردی دەکاتە سەر چیرۆکی شێخ سەنعان کە لەگەڵ ئەو هەموو خواناسی و پارێزگارییەوە دڵی دا بەکچێکی فەلە و بڕوا و باوەڕی ئاینیی خۆی لە ڕێی ئەودا دانا و وازی لە نوێژ و مزگەوت هێنا و دەستی کردە خواردنەوەی بادە و لە ڕێی ڕاست لایدا و خەریکی لەوەڕاندنی بەراز بوو و سەرئەنجام بەهۆی پاڕانەوەی دەروێشەکانیەوە وشیار بووەوە و گەڕایەوە مەکە و کچەکەش بەشوێن ئەوا کەوتە ڕێ و بووە موسڵمان و بەم چەشنە بەیەک شاد بوونەوە.

٢

حەی و قافەنان، حەی و قافەنان
راویار راگەی حەی و قافەنان
ژ یومن هیممەت شای بێ لافەنان
شاگرد ئۆسای حەریر بافەنان
ئوستاد شەرتم ژپۆی بەینەت بەست
تەوەجوە خێر کەردتەونیم دا وەدەست
تەونش رەحمەتەن تانش ڕای وەفان
نەقشش نەقشێوەن کەردش بێ جەفان
ئەگەر یاوەر بۆ شکست نەدۆبەخت
گرتەنم وەدەست مەبافی وە جەخت

واتە: ئێمە ڕێڕەو و ڕێبواری ڕێی پەروەردگاری تاق و تەنیاین، وە لە پیت و پیزی ئەو بێ گەزافین و شاگردی وەستای هەورێشم رێسین. مامۆستا پەیمانم لە تان و پۆ بەڵێن و پەیمانی بەست و تەونی دایە دەستم و، تەونی ئەو بەزەیی و مێهرە و تەونی ئەو ڕێ ئەمەگە و نەخشی نەخشێکە کە کار و کردەوەی بێ ئاستەمە. ئەگەر خوا یاوەر بێ و شکست بەبەخت نەدا، تەونەکەم گرتووەتە دەست و بەپەلە تەونەکەم دەکەم و سەردەکەوم.

شێخ ئەمیر لەم هۆنراوانەدا زۆر قووڵ ڕۆیشتووە و دەڵێ: ئێمە ڕێبواری ڕێی نوێ بەرەو ڕێی کۆنین، چونکە ڕێی نوێ مرۆ بەرەو بەرزبوونەوە دەبا و کۆن هەر تەنیا خوای مەزنە کە تا دنیا بووە هەر ئەو بووە و تا هەیە ئەو هەیە، ئەڵبەت ئەم ڕێ نوێیەش ڕێی خۆمان نییە، بەڵکو خوا بۆمانی داناوە و هەر لە ڕۆژی بەرینەوە کە پەیمانمان لەگەڵدا بەستووە، ئەم ڕێگەی بۆمان کردووەتەوە تا بەرەو بەرزی سەرکەوین و دیارە ژیانیش هەوراز و نەشێوی تێدایە و ئەو ئەم هەوراز و نشێوەش داناوە تا مرۆ تاقی بکاتەوە و ئەگەر لە ڕێ دەرنەچوو ئەوا بەرەو هەوراز سەر دەکەوێ و ماڵی بنەڕەتی خۆی دەگا واتە: "کل شیء یرجع الی اصله".

٣

سەییاد مەوێنەن، سەییاد مەوێنەن
شوون گەورە گام سەییاد مەوێنەن





ساحێب حکوومەت، ساحێب نگینەن
گوریزان گاو غافڵ نشینەن
قانوونەن غافڵ خەجڵ بۆ وە شوون
شوون ها وە جامەکەس نەشناسا دوون
مەگەر سەییادێ ساحیب مەکرەمەت
گاو پەیدا کەرۆ وە زێڵ زوڵمەت
کەسێ نەواچۆ دەردوون خەزانەن
کەل و کۆ و شەرت ئێدش بەیانەن
وادەی شاخ شمار کەڵ ڕەم شاهۆ
ئیقرار مێردان کۆ و سەراسۆ
ئافتاو کە مدرا سەوزمەوۆ ئیقرار
سڕ نیهانیش مەوۆ ئاشکار

واتە: ڕاوچی هەموو شتێک دەبینێ و هەروەها شوێنی هەنگاوی گەورەش دەبینێ و بەڕێوەبردنی دەوڵەت بەئەستۆی ئەوەیە و ئەو خاوەن نگینە و دیارە گایەک کە ڕابکا، لە شوێنێکدا بێ ئاگا ڕادەوەستێ، بەڵام کەسێک بێ ئاگا بێ، لە ڕێ و شوێنی خۆی شەرمەزار دەبێ، چونکە هیچ کەسێک بڕووکانەوە و ئاشکرابوونی تیشکی خوای بەتەواوی نەناسیوە. مەگەر ڕاوچییەکی بەڕێز کە گاکە لە دڵی تاریکیدا پەیدا کا. هیچ کەسێک ناڵێ کە ئەم وەرزە پایز نییە، چونکە کەڵە کێوییەکان و ئەستێرەی کۆ ئەمە دەردەبڕن. وادەی هاتنە کەڵی کەڵە کێوییەکان لە کێوی شاهۆدایە، وە بەشایەتیی پیاوانی خوا و بەنیشانەی ئەستێرەی کۆ و ئاسۆ، کاتێ کە هەتاو ڕاوەستا، پەیمان و بەڵێن سەوز دەبێ و ڕازی نهێنی ئاشکرا دەبێتەوە.

٤

شیرین گوفتار بۆ شیرین گوفتار بۆ
غوڵام کەسێوەن شیرین گوفتار بۆ
زوان وە لاڵە ودەس وەکردار بۆ
وەکردار وێش ئومێدەوار بۆ
وێنەی پەروانە دەورشەم ونار بۆ
چون تەشنە پەی ئاو ئارەزووی یار بۆ

ساف و ڕاس و پاک یەقین تەیار بۆ
وە یەقین وێش ئومێدەوار بۆ
نە حاڵ بۆ هەڵەت کۆتا مەنزڵ بۆ
نە پوختە و ناپاک دووپشک و دڵ بۆ
نە دەم نەڕای حەق دۆس گیانی بۆ
نە دڵ خارجی خاین خانی بۆ
غولام ئەو خاسەن تەن وە قەزا بۆ
بتەش بتوون بۆ وە کول ڕەزا بۆ
ئانە مێهر یار هەن وە سینەوە
بتوون وە سفتەی خواجای دینەوە

واتە: خولام و بەندە کەسێکە کە قسە و وتەی شیرین بێ و، بەزمان تکا بکا و بپارێتەوە و بەدەست کردەوەی چاک ئەنجام بدا و بەکردەوەی خۆی هیوادار بی، وە وەکو پەپوولە بەدەوری شەم و تیشکی خواییدا بگەڕێ و وەکو تینوو کە لە دووی ئاوە بەهیوای یارەکەی بێ. دڵی دەبێ ڕوون و پاک و پڕ لە بڕوا بێ و بەبڕوای خۆی هیوادار بێ. نەکو ڕێی نادروست بگرێتە بەر و نەگاتە مەبەستی و لە ژیان بەدبین بێ. نەکو لە ڕێی خوا لابدا و نێوانی دۆستی خۆی لەگەڵ یاردا بپچڕێ و بەیار ناپاک بێ. وا چاکە کە بەندە لە بەرابەری تەنگوچەڵەمەکانی جیهاندا ئارام بێ و لە دڵەوە یاری خۆش بوێ تا بەجۆرێ خۆی بەگڕی ئەوینی یار بسووتێنێ.

٥

دڵە دەروێش بۆ، دڵە دەروێش بۆ
غولام کەسێوەن نە دڵ دەروێش بۆ
مۆر بێ ئازار بێگانە و خوێش بۆ
پەیڕەو ئەرکان ڕهنمای وێش بۆ
چون قەیس نە ڕای دۆس مەجنوون خەستە بۆ
حەساو نە حەساو کەمەربەستە بۆ
یار پۆس نە کۆڵ دڵ نە گومان بۆ
پەروانەی پای شەم مەولامێهمان بۆ



خاکش زەردە گڵ پوختە و تەیار بۆ
غولام ئیخلاس خاوەندکار بۆ
چون نوسەیر نە ڕای یار سەردادە بو
بەچەشمەی تەشار مەس بادە بۆ
دۆس ئێش و نێش تانەی خواران بۆ
چەمەڕای زوهوورمەولای مەردان بۆ
ئەوسا نەو دوما دەرویشیش راسەن
یەقین دروستەن تەمام ئیخلاسەن
ئەوسا نەو دوما هەر چە بدۆ لاف
وەنەش عەیانەن وە تاف تا وەقاف

واتە: خولام و بەندە ئەو کەسەیە کە لە دڵەوە دەروێش بێ و هەرگیز ئازاری خزم و بێگانە نەدا و پەیڕەوی ڕێ و ڕەوشتی خوایی و ڕێنمای خۆی بێ، وە وەکو قەیس بۆ یارەکەی شێت و شەیدا بێ و لەم ڕێگەدا تێ کۆشێ و کەڵپۆس بکاتە کۆڵی، وە وەکو پەپوولە بەدەوری شەمی خواییدا بسووتێ، خاکەکەی خاکێکی پاک بێ و لە ڕاستەقینەدا خولام ئەو کەسەیە کە بەندەی خاوەندگار بێ، وە وەکو نوسەیر لە ڕێی یاردا سەری بەبادا و لە سەرچاوەی تەشاردا مەست و سەرخۆشی بادە بێ، وە ساردی و گەرمیی ڕۆژگار بچێژێ و ڕق و قین بنێژێ و چاوەڕێی سەرهەڵدانی سەرۆکی مەردان بێ، ئەوسا دەروێشییەکەی ڕاستە و بڕوای دروستە و ئەگەر لافی دەروێشی بدا، ڕوون و ئاشکرایە.

٦

کێ کەردەن توفەیل، کێ کەردەن توفەیل
کێ پەی دۆست وێش گیان کەردەن توفەیل
کێ مەدران وە شەرت چون مەجنوون لەیل
کێ جەم یاریش کەردەن وە سووەیل
کێ رژیان وە ڕەنگ لالە و هەڵاڵە
کێ سەرمەست جام بادە و پیاڵە
کێ بێ نەلەخشا نە ڕای شەرت شوون
کێ ویەرد نە زەوق زیوەر زەڕنموون

جام مەجنوون نۆشا بەڕیار تەی کەرد
مەست لقا بێ، بێ خاو و بێ خوەرد
جەوەڵ نشین بێ دام شەرت وە دەست
ئەسیر قەوڵ بێ نە بۆی بەیعەت مەست
پیر خەستە دەست خەراباتەنان
چەنی دانە و گەنج گەوهەر ماتەنان

واتە: کێ لە پێناوی دۆستدا گیانی خۆی بەخت کردووە؟ کێ وەکو مەجنوون بۆ لەیل گیانی خۆی لە دەست داوە؟ کێ جەمی یاری کردووەتە سووەیلەوە و کێ ڕەنگی ڕژانبووەتە گوڵاڵە و هەڵاڵەوە؟ کێ سەرخۆشی بادە و مەیە؟ کێیە کە لە ڕێی پەیمانی خۆیدا نەلەخشاوە و کێ لە زێڕ و زیو بووردووە و جامی بادەی مەجنوونی خواردووەتەوە و ڕێی دەشت و چۆڵی گرتووەتە بەر و بەبێ خەو و خۆراک ماوەتەوە و دیلی بەڵێنی خۆی بووە و پەیمانی نەشکاندووە؟ ئەوە دیارە هەر پیری خەراباتە و ماتی گەوهەرێکی بابیدار و بەنرخە.

دیوانەکەی شێخ ئەمیر کە نزیکەی چوار هەزار هۆنراوێک دەبێ تا ئێستا لە چاپ نەدراوە.

سەرچاوەکان
١- مشاهیر اهل حق - تالیف: صدیق صفی زاده - تهران، ١٣٦٠.
٢- بزرگان یارسان - تالیف: صدیق صفی زاده - تهران، ١٣٦١.
٣- دیوانی دەستنووسی شێخ ئەمیر کە لە ساڵی ١٣٠٢ی کۆچیدا نووسراوەتەوە.
٤- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەشێخ ئەمیر.

## خان ئەڵماسی لوڕستانی

١٠٧٢ - ١١٣٨

ئەم هۆنەرەمان بەپێی یادداشتی کاکاردایی، کوڕی محەمەد بەگی لوڕستانییە و لە ساڵی ١٠٧٢ی کۆچی لە لوڕستاندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا لە لای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە تافی جوانیدا خێی داوەتە هۆنراوی هۆنەرانی یاری و گەلێ هۆنراوەی لە بارەی ڕێ و ڕەوشتی یارییەوە هۆنیوەتەوە کە لە پەڕاوێکدا بەناوی: (کەلامی خان ئەڵماس) کۆکراوەتەوە و لە ساڵی ١١٣٤ی کۆچیشدا پێشبینییەکانی خۆی داناوە و پاشماوەی ژیانی بەهۆنراو هۆنینەوە و ڕێنموونیی خەڵک



بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١١٣٨ لە تەمەنی شەست و شەش ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە، وەکو زولفەقاری گۆران لەم بارەوە دەڵێ:

وە سەنەی هەزار سەدوسی و هەشت      خان ئەڵماس لوا وە دلێ بەهەشت

واتە: خان ئەڵماس لە ساڵی هەزار و سەد و سی و هەشتدا کۆچی کردە بەهەشت.

لە خان ئەڵماسەوە گەلێ هۆنراو بەزاراوەی گۆرانی بەیادگار ماوەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. پێشبینییەکانی خان ئەڵماس داگری زنجیرەیێ ڕووداو و کارەساتە لە بارەی داهاتووی ئێرانەوە کە شاخوەشین ئەو ڕووداوانەی لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا پێشبینی کردووە و خان ئەڵماسیش لە سەدەی دوازدەمدا بەهۆنراو هۆنیونیەتەوە.

ئەم کارەساتانە هەر کام لە خول و ڕۆژگارێکی دیاریکراودا ڕوویان داوە، پەلاماری تەیمووریەکان بۆ سەر وڵاتی ئێران و بەرپابوونی شەڕوشۆڕ و هەرا لە هەموو شار و شوێنێکی وڵاتدا، بەشی هەرە گرنگی پەڕاوەکە پێک دێنێ. لەم ڕۆژگارەدا تەتەرەکان بەجارێ ئێران داگیر دەکەن و هەموو جێ و شوێنێکی دەسووتێنن و بەزەییان بەکەسدا نایە و هەر کەسیان بەرکەوێ دەیکوژن.

لە جیهاندا کوشت و کوشتار و تووڵانەوە ڕوو دەدا و جیهان تاریک و تەنگ دەبێ و بڵێسەی ئاگری شەڕ بەرز دەبێتەوە و لەشکر و سوپای نەیار هێز دەسەنێ و بەسەر هێزی خۆییدا زاڵ دەبێ، بەڵام لەپڕ دەرگای هیوا و ئومێد بۆ خەڵک دەکرێتەوە و خەڵک بەسەر هێزی دوژمندا زاڵ دەبن و ئەوسا چەند بنەماڵە بەناوی سەفەوی و هەوشاری و قاجاری و پاڵەوی لە ئێراندا فەرمانڕەوایی دەکەن و لە هەموو دەورەکاندا بەجارێ گەلی ئێران دەچەوسێننەوە و هەموو خێروبێرێکی وڵات لە ناو دەبەن.

ئەمەش بەندێک لە پێشبینییەکانی خان ئەڵماس سەبارەت بەشەڕوشۆڕ و ئاژاوە و هەنگامەی ناوخۆیی ئێران کە دەڵێ:

چوار گۆشە ماتەن، چوار گۆشە ماتەن
سەراف مەزانۆ چوار گۆشە ماتەن
بگێر بگێرەن سەڵات سەڵاتەن
ئاشۆی شارانەن شاخوەشین واتەن
نوتق ئەزەڵەن ژ ڕۆزگاران
کۆهان مارگێرۆ دەشتان سواران
تەک ئەو ماران ویم نە وەسواران
ژار مار خاسەن ژ نێزەداران

تەک بدەیم وە دەم نێش مارەوە
نە ناموووس وە دەم نێزەدارەوە
یاران موسڵمان ڕای حەق شناسەن
سواران کافر خودا نەشناسەن
غولغولەی رۆمان خاقان قەیسەر
چون کولە گێرۆ سەرزەمین یەکسەر
زەنگی زەنگەوار تاتار هەوەش
کوردان ئەتراف تورکان سەرکەش
نە ژێر باڵ هند توغیان عەسکەر
خێزۆ هەیاهوو نامداران یەکسەر
نە شام تا حەلەب، بەڵخ و بوخارا
ژ ئەتراف چین فەغفوور دارا
گرداگرد جیهان فەرەنگ عورووس
بوڵەند بۆ ناڵەی سەدای تەپڵ کووس
غورشت پاناڵ سم ستووران
هند گێرۆ فەرەنگ ئێران و تووران
چەکا چاک تێغ نامی نامداران
بەرق ڕەعد کۆس غوڕان سواران
چینی کەمەنان بارام سەرکەشان
قاژەی پەیکانان تیر تەرکەشان
شەرارەی ئاهر شوومی ستاران
هەنگامەی نەبەرد تۆپ قومپاران
هەیهات گوردان بەرگ فۆڵادپووش
تەڵەبکار ڕەزم هوون سیاووش
گەرد و تۆز و تەم مەرکەبان ژ خاک
گێرۆ کەهکەشان مەرتەبەی ئەفلاک
هەر نە هندوستان تا وەفەرەنگی
ئاراستە مەبۆ چەند تۆپ جەنگی



یەوم مەحشەر بۆ نە چاڵەی قەزوێن
چەند هەزار ئاڵە مەگێڵۆ وە زێن
چەند هەزار ئاڵە گشت ئەبڵەق نیشان
مەگێڵۆ وە زێن بێ سەر و سامان
هەفت شەو و هەفت رۆ جەنگ دین مەبۆ
ئاو ئاسیاوان گشت وە خوین مەبۆ

واتە: چوارگۆشەی جیهان مات و بێ دەنگە و ئەمەش بۆ هەموو کەسێک ڕوون نییە و بۆ ئەو کەسە ئاشکرایە کە دڵ و دەروونێکی پاک و خاوێنی هەیە، بگیر بگیر و هەرا هەرایە و بشێوێ و ئاژاوەی شارانە و ئەمەش شا خوەشین وتوویەتی. ئەمە لە ڕۆژی بەرینەوە نووسراوە کە ڕۆژێکیان دەبێ تەواوی کێوان مار دای گرێ و لە دەشتدا سواران کۆبێتەوە. پاڵ بدەنە ئەو مارانەوە چاکترە تا ئەوەی نزیکی سوارەکان بکەونەوە، وە ژاری مارەکان چاتر لە ئێشی نێزدارەکانە با پاڵ بدەینە مارەکانەوە، نەوەکو ئابڕوومان بڕوا بەدەست نێزەداران و شەڕکەرەکانەوە. ئەی یاران! ئەو کەسەی وا موسڵمان و خواناسە دەبێ ئەوە بزانێ کە ئەو سوارانە وا هێرش دێننە سەر وڵاتەکەتان ناخوا و بێ بڕوان. ڕۆژێکیان دێت کە وڵات دەبێتە مەیدانی شەڕ و لە لایەکەوە ڕۆمەکان هێرش دێننە سەر خەڵک و لە لایەکەوە سەربازەکانی خاقان و قەیسەر وەکو کوللە وڵات داگیر دەکەن، تەتەرەکان لە لایەکەوە، وە تورکەکان لە لایەکی ترەوە هێرش دەبەنە سەر کوردەکان، هەرا و هاواری ناوداران لە هەموو لایەکەوە هەڵدەسێ، لە شام و حەلەب و بەڵخ و بوخارا سپای ڕووس پەلامار دێننە سەر خەڵک و دەنگی تەپڵ و کۆس بەرز دەبێتەوە، وە فەرەنگ ئێران و تووران دەگرێ و ناودارانی وڵات دەکەونە ناو شەڕ و لە هەموو لایەکەوە تیر و گوللە دەبارێ و بەتۆپ و خومپارە شەڕ دەکەن و تۆز و گەردی سمی ئەسپەکان بەجۆرێ بەرز دەبێتەوە کە کەهکەشان دادەگرێ، و هەر لە هیندوستانەوە تا فەرەنگستان تۆپ بۆ خەڵک دادەبەسترێ و شاری قەزوێن دەبێتە مەکۆی شەڕ و چەند هەزار ئەسپی ئاڵە دەگەڕێ و بەم چەشنە حەوت شەو و حەوت ڕۆژ شەڕی دین دەست پێ دەکرێ تا ئاوی ئاشەوان دەبێتە خوێن.

خان ئەڵماس درێژە بەپێشگوتنەکەی دەدا و دیسان لەم بارەوە دەڵێ:

سوور ئیسرافیل نە رووی ئەورەوە
یاڵدار و باڵدار نە چوار دەورەوە
تەخت زەرنیشان شاهی بەگلەران
مەیۆ وە یوورتگای سم ستووران

نە سولْتانیە قرِ بۆ سولْتانان
نە زەنگان گێرۆ عەزیم دیوانان
کاسەی کەلەی سەر قەیسەر وەجام بۆ
پیاڵەی فەغفوور مەجلس سام بۆ
تورکان ژ سەرین، کوردان ژ دامان
ژ پای سەهەند کۆ سان غولامان
وەی هەنگام تەنگ ئەوەن بەلاشۆ
قەوم بابا خوەشین ئازادە بەرشۆ
ئازادە بەرشۆ، بەرشۆ وە کەنار
گەنج پەی یارسان بەیۆ وەخەروار
وە هەر هەفت ئقلیم حوکمش ئیزهار بۆ
بلال جارِ کێشۆ دەور دەور یار بۆ
شەرارەی ئاتەش بەرق زولفەقار
زوهرە دوور مەبۆ ساتێ سەد هەزار
مەشرق تا مەغرب بەندەر تا بەندەر
گشت ئامان مەوەن وە ساقی کەوسەر
ئەر هەی سەرافان دانە شناسان
بینایی عەینان ڕۆشنایی زەینان
شادی کەن شادی عەجەو تەماشا
فکر ئەو ڕۆ کەن نییەن جای حاشا
(خان ئەڵماس)! یەقین بکەرە باوەر
وادە تەمامەن جیهان مەویەکسەر

واتە: وەکو ئەوەیە کە ئیسرافیل دەدا لە شاخنەفیرەکەی بۆ ئەوەی هەموو بۆ لێپرسینەوەی ڕۆژی پەسڵان لەسەر خاک ڕاپەڕن. یاڵدار و باڵدار لە چواردەوری جیهان دێنە لەوەڕگە، وە لە سوڵتانیەدا تەواوی پاشایان قڕ دەبن و تیا دەچن. لە زەنگاندا دیوانێکی گەورە پێک دێ و کاسەی کەللەی سەری قەیسەر دەکەنە پیاڵە بۆ ئاو خواردنەوە. تورکان لە ژوورەوە و کوردەکان لە داوێنەوە لە داوێنی سەهەند کێودا خولامەکان ڕیز دەبەستن، لەم کاتە تەنگەدا ئەوەند بەلا و ئاپوورە لادەچێ کە لایەنگرانی شاخوەشین ئازاد دەبن، وە گەنج بۆ یارییەکان بەخەروار کۆ دەبێتەوە و لە هەموو شوێنێکدا دەنگی بانگی



بلال بەرز دەبێتەوە و بڵێسەی ئاگری بەرقی شمشێری زولفەقار بەجۆرێ بەرز دەبێتەوە کە ئەستێرەی ناهێد لە ساتێکدا سەد هەزار فرسەنگ دوور دەبێتەوە، خەڵکی خۆرهەڵات تا خۆرئاوا بەندەر تا بەندەر هەموو ئامان دێننە مەیگێڕی حەوزی کەوسەر، دەسا ئەی دانەناسان و ئەی سۆمای چاوانم، شادی کەن و بیری ئەو ڕۆژە بکەن کە گومانی تێدا نییە. ئەی خان ئەڵماس! بڕوات بێ کە تەمەنی جیهان لە کۆتایی بوون دایە و ئەو ڕۆژە دەگات.

٢

دۆسان قوربانی، دۆسان قوربانی
بواچم ئاداب ئایەی قوربانی
تەمام تەیارکەن جەم سوڵتانی
قەوڵ ڕۆی ئەزەڵ شاه مەردانی
خورد نۆسەددەی سپای شاخوەشین
وە عەشق داوود چەنی بنیامین
نە وەخت تەنگی پەی ڕەفع بەلا
وە ناچار قوربان بکەروون سەلا
ئەو پەرێ عوقبا کەردش ناتاوە
ژ جوملّە ڕشوە پێشکەش حەساوە
وە عاڵەم وەش حوسن ڕەزای دڵ
مەبۆ بکاڵین تۆم پەرێ حاسڵ
وە یەقین پاک وە سدق ئیخلاس
ئەوەن قوربانی پەی ڕۆی ئیلتماس
ئەوەڵ جبرەئیل قۆچ نەغەیب ئاوەرد
وە جای ئیسماعیل قوربانیشان کەرد
ئیسم ئەو قوربان مەشهوورەن نەعام
ئیسمش مەزانۆ جوملّەی خاس و عام
دەهەم زیلحەجە عید قوربانە
عاڵەم مەزانۆ وە شا عەیانە
سانی قوربانی کەڵەزەردە بۆ
گۆشت ماسی شەت میکال وەردە بۆ

مەبۆ قوربانی وەش ڕەنگ و تەیار
شەش مانگ ویەردە چاخ وەش ڕەفتار
جەم کەران چەند کەس یاران دڵپاک
ئیخڵاس نامـوەر شای سوڵتان سەهاک
پاک کەن دەست و پاش، دەماغ چەنی دەم
وە ئایەی ئەرکان باوەران وە جەم

واتە: ئەی دۆستان قوربانی بکەن و ئەوا ڕێ و ڕەوشتی قوربانیکردنتان بۆ شی دەکەمەوە، لەم کاتەدا جەژنێک پێک بێنن، چونکە ئەمە فەرمانی شای مەردانە، تا ببێتە هۆی دڵخۆشی و خوردسپای (نۆسەددەی) شا خوەشین، وە بەیادی داوود و پیر بنیامین و لە کاتی تەنگوچەڵەمەدا دەبێ قوربانی بکەن. ئەوەش بۆ ڕەزامەندیی خوای تاق و تەنیایە و دەبێ قوربانی پێشکەش بکەن، بۆ ئەوەی دڵ و دەروونتان ڕوون بێتەوە. جا دەبێ تۆ و بۆ بەرهەم و دەستکەوت بکێڵن، بەمەرجێ کە بەدڵێکی پاک و خاوێن قوربانییەکەتان بکەن.

هۆی قوربانیکردنیش ئەوە بوو کە جبرەئیل بەرانێکی لە پێوارەوە هێنا تا باوکی لەجیاتی ئیسماعیل سەری ببڕێ، ئەو قوربانیشە لە هەموو کەسێک ڕوون و ئاشکرایە کە دەکەوێتە دەیەمی مانگی زیحەججە. قوربانییەکی ترمان هەر کە قوربانیی کەڵەزەردەی پێ دەڵێن و ئەمەش سان سەهاک ئەنجامی داوە و ئێمەش دەبێ ئەو کارە بکەین، هەروەها کە پیر میکائیلی جاف ماسییەکی لە دەریا گرت و کردییە قوربانی و قوربانییەکەی قبووڵ بوو. دەبێ قوربانییەکەتان سەرەتا شەش مانگ پەروەردەی کەن و ئەوسا سەری ببڕن و لە پاشا کۆڕێک پێک بێنن و یاران و هاوەڵان بانگ کەن، ئەو یارانەی کە دڵسۆزی سان سەهاکن، ئەوسا دەست و پێ و لووتی باش بشۆرن و لێ نین و بیهێننە ناو جەم و دابەشی کەن.

مەبۆ جەم نشین گشت قالب پاک بۆ
قابڵ وە حوزوور شای سامناک بۆ
دیدەی ناپاکان مەحرەم نین وەجەم
بوینوون میزان خەلیفە و خادەم
چونکە ناپاکەن وە کان شەیتان
ژەو بۆ مەحرەم نین وەجەم سوڵتان
وەرەسم ئەزەڵ قاعیدەی دۆسان
یەکیەک پێشانی قوربان ببۆسان



شیرین شوکرانە باوەرن وەپێش
کامش شیرین کەن وەشوکرانەی وێش
من بەعد وەرداران ئەو دەست ڕاستش
چەنی سەودای تێغ قسمەت قساسش
بوانان دوعای شەرت بنیامین
جەم هیممەت کەران وەلاڵە و ئامین
وە ناز قوربانی وەرداران وە جا
داخڵ کەن قوربان وەجای خەڵوەتگا
وەختێ قوربانی داخڵ مەو زەمین
بواچن وە ناز پاک بنیامین
خاس ڕەگ حەڵقش جیاکەن وەهەم
نەوا بوڕۆ گەڵووش وە ستەم
هەر وەخت مەکێشن تێغ وەبێ مەدار
مەبۆ بواچن ئەوەڵ ئاخر یار
هوون قوربانی بڕشن وە چاڵ
بکەن شوکر زات بینای زولجەلاڵ

واتە: ئەو کەسانە وا لە جەم و کۆڕەکەدا کۆ دەبنەوە دەبێ دڵپاک و دروستکار بن بەجۆرێ کە خوا خۆشی لێیان بێ، چونکە کەسێک ناپاک بێ، ناتوانێ لەو کۆڕەدا دانیشێ، تا خەلیفە و خادم ئەوان بەچاوێک ببینن، چونکە ناپاک لە ڕیزی ئەهریمەنە، بۆیە ئەم چەشنە کەسانە لە جەمدا کۆبنەوە، وبەپێی ڕێ و ڕەوشتی ئاین دەبێ هەموو بۆ دروستکردنی قوربانییەکە تێ کۆشن و یەک یەک تەوێڵ و هەنیەی قوربانییەکە بۆ پیرۆزی ماچ کەنەوە، وە بۆ سپاسی یەزدان شیرینی بهێنن و بەناو خەڵکدا بڵاوی کەنەوە و کامی خەڵک شیرین کەن لە پاشا دەستی ڕاستی بەرزەوە کەن و ئەوسا سەری ببڕن و دوعای بنیامین بەسەریدا بخوێننەوە و ئەوانەش وا لە کۆڕەکەدان هەموو دەبێ ئامین بڵێن.

قوربانییەکە یەکجار بەرز کەنەوە و دەبێ ئەوەش بزانن کە نابێ کەسێکی تر جگە لە خۆتان لەوێدا بێ، کاتێ کە قوربانییەکەتان نایە سەر زەوی دەبێ بڵێن: "بەنازی پاکی بنیامین" و ئەوسا بەوردبینییەوە ڕەگەکانی گەرووی ببڕن و نەکا کە بەستەم گەرووی ببڕن و ئازاری بدەن و کاتێ کارد یا چەقۆ ئەننە ملی دەبێ بڵێن: هەوەڵ و ئاخر هەر یارە و ئەوسا

خوێنی قوربانییەکە بکەنە ناو چاڵێک و لە پاشا سپاسی خوای تاق و تەنیا بکەن.

خان ئەڵماس لەم هۆنراوەدا سەبارەت بەچۆنییەتیی قوربانیکردن دەدوێ کە لە ناو هەقەکاندا باوە کە بەچەشنێکی تایبەت سەری دەبڕن و لێی دەنن و ئەوسا لە ناو خەڵکدا دابەشی کەن ئەڵبەت سپڵ و ریخۆڵە و ئێسکی شانە و خوێنەکەی دەخەنە ناو کیسەیەک و دەیخەنە ناو چاڵێک و سەری دەننەوە و ئەوسا لێی دەنێن و حەوت جار بەسەریدا دوعا دەخوێنن و دابەشی دەکەن.

دیوانەکەی خان ئەڵماس کە نزیکەی دوو هەزار هۆنراوێک دەبێ بەهۆی نووسەرەوە کۆکراوەتەوە بەڵام هێشتا بڵاو نەبووەتەوە کە خوا حەزکات لە داهاتوودا دەخرێتە ژێر چاپەوە.

سەرچاوەکان

١- مشاهیر اهل حق - تالیف: صدیق صفی زاده - تهران، ١٣٦٠.
٢- بزرگان یارسان - تالیف: صدیق صفی زاده - تهران، ١٣٦١.
٣- دیوانی خان ئەڵماس کۆکردنەوەی صدیق بۆرەکەیی، ١٣٦٠.
٤- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەخان ئەڵماسی لوڕستانی.

## محەمەد ئاغای غەمناکی

١١٩٧ - ١١٠٢

ئەم هۆنەرەمان محەمەد و کوڕی ئەحمەد بەگی زەنگنەیە و نازناوی هۆنراوی غەمناکییە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١١٠٢ی کۆچی لە دێی قەیتوول کە لە چەند کیلۆمەتریی شاری کەرکووکدایە لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. ئەحمەد بەگ سەرەتا لە لای باوکی فێری خوێندنی زمان و وێژەی فارسی بووە و لە پاشا لە لای مامۆستای تایبەتدا خەریکی خوێندنی ڕێزمانی فارسی و عەرەبی بووە و چەند ساڵێکیش لە کرماشاندا لە لای خزمەکانی ماوەتەوە و لەوێشدا فێری خەتخۆشی بووە و لەگەڵ هۆنەرانی ئەو سەردەمەشدا کۆبووەتەوە و چەشکەی وێژەیی لێ وەرگرتوون و هەر لەو کاتەدا خێی داوەتە دیوانی هۆنەرانی کورد و فارس و بەرە بەرە خۆیشی هۆنراوی هۆنیوەتەوە، لە پاشا گەڕاوەتە دێ و مەڵبەندەکەی خۆی و بووەتە یارمەتیدەری میر ئەحمەد بەگی زەنگنە و ئیتر پاشماوەی ژیانی لەوێدا بەکاری مڵکداری و کشتوکاڵ بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١١٩٧ لە تەمەنی نەوەد و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.



محەمەد ئاغا وەکو بۆمان دەرکەوتووە نازناوی هۆنراوی سەرەتا زەبوونی بووە و لە پاشا غەمناکی هەڵبژاردووە، لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و لە هۆنراوەکانی هەر تەنیا پارچە هەڵبەستێکی گەیشتووەتە دەستمان، ئەویش لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا چاپ کراوە کە لە وەڵامی میر ئەحمەد بەگ هۆنیویەتەوە، وەکو دەڵێ:

میرزام سیا سەنگ، میرزام سیا سەنگ
میرزام وەدەس تۆن دڵ وەسیا سەنگ
میرزام ئاوەردی سیاسەت سەد ڕەنگ
ئاخر ئاوەردی سەنگ سەرد وەدەنگ
حەقم دای وەدەس حەق دارانەوە
مینای دیدەم دای وە خارانەوە
ئاخ بۆ زەڕین کۆ قوولەی خورمادار
سەیر مەهرەوان ویەرد عومەریار
"زەبوونی" وەی ڕەنگ دڵ هەراسانەن
ئازیز تەرک زێد جە تۆ ئاسانەن
ئازیز هامسەران، عومرم هەر زێدەن
زێدش وە بێ خوێش هەر نائومێدەن
هەرچەند وێم مەدەم زەوی (قینەگا)
نازم جۆش واردەن (دی ناخوێنەگا)
ئاو (عەواسان) سەدای ڕۆڵە ڕۆ
خەیلێ خاستەرەن جە بوزورگیی تۆ
غەمان گشت کۆکۆجەم جەلام جەمەن
شینەن، زارییەن، زایەڵەن، تەمەن

واتە: ئەی میرزام! دڵم لە دەس تۆ بووەتە بەردی ڕەشەوە و بەهیچێ پاک و خاوێن نابێتەوە، ئەوەندە ئازاری منت دا و ڕەنجاندمت، سەرئەنجام بەردی بێ دەنگت هێنایە قسە، هەق و مافی منت فەوتاند و بەبەڵەی چاومت خستە بەر دڕک و بریندارت کرد. ئاخ بۆ (زەڕین کۆ) و (قوولەی خورمادار) کە ماوەیەک لەوێدا تەمەنم ڕابوارد. من زۆر هەراسانم و لەوەی کە زێد و مەڵبەندەکەم بەجێ هێشتووە لە لایەکەوە پەشێوم، وە لە لایەکەوە شادمانم کە تۆ نابینم. ئەی خۆشەویستەکانم من زێد و مەڵبەندەکەم خۆش دەوێ، من کەی دەتوانم

(زەوی قینەگا) و (دێ ناخوێنەگا) لە بیر بەرمەوە، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە ئاوی عەواسان و دەنگی رۆڵە ڕۆ زۆر لە میریەتی و گەورەییی تۆ باشتر و خاسترن.

حەمە ئاغا لەم هۆنراوانەدا کە لە وەڵامی میر ئەحمەد بەگدا هۆنیوەتەوە دەردی دڵی خۆی بۆ دەکا و دەڵێ ئەوەندە پەشێو و زویرمت کردووە کە ناتوانم بگەڕێمەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆم، گەرچی زێدیشم زۆر خۆش دەوێ و ناتوانم دڵی لێ بەربدەم. وەکو دەڵێن هەتاکو میر ئەحمەد بەگ ماوە، غەمناکی نەگەڕاوەتەوە و لە پاش مردنی دیسان گەڕاوەتەوە زێدەکەی و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر.

سەرچاوەکان
١– مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلادین سەجادی.
٢– گۆڤاری دەنگی گێتی تازە – ژمارەی دوو، ساڵی ١٩٤٥.
٣– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەغەمناکی.

## ئەڵماس خانی کەندۆڵەیی

١١٩١ – ١١١٨

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەڵماس و کوڕی ئەحمەد خانی کەندۆڵەییە و بەپێی سەرەتای یەکێ لە "نادرنامە"کان کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١١١٨ی کۆچی لە دێی کەندۆڵە لە دایک بووە و لە ساڵی ١١٩١ لە تەمەنی حەفتا و سێ ساڵیدا هەر لەو دێیە کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە. کەندۆڵە لە چەند کیلۆمەتریی کرماشان دایە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە کەوتوونەتە دەستمان، ئەڵماس خان لەسەر پەیرەوی خوێندنی ئەو دەورە بەمنداڵی خوێندوویەتی و فێری زمان و وێژەی فارسی و عەرەبی و خەت خۆشی بووە و لە پاشا چووەتە کرماشان و ئەسپەهان و شیراز و خوێندنەکەی تەواو کردووە و ئەوسا چووەتە ناو لەشکر و فێری هونەری شەڕ بووە و لە دەوری نادر شای هەوشار (١١٤٨ – ١١٦٠ی کۆچی)دا بووەتە سەرۆکی هەنگێک و پاشان لە شەڕی نادر و تۆپاڵدا هاوبەشیی کردووە، بەڵام لەبەرئەوەی تێک شکاوە، نادر لێی تووڕە بووە و تەمێی کردووە و ئەویش گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەکاری کشتوکاڵ و هۆنینەوەی هۆنراو بردووەتە سەر تا مردووە.

ئەڵماس خان لە هۆنینەوەی هۆنراو و لێدانی تەنبوور و شمشاڵدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە، گەرچی ئەو زۆربەی دەوری لاویەتیی لە ناو لەشکرەکەی نادر بردووەتە سەر و لە شەڕ و ڕمبازی و شمشێر وەشاندندا شارەزا بووە، بەڵام لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا



دەستێکی باڵای هەبووە، وە لە پاش ئەوەی کە لە ناو لەشکرەکەی نادر دەرکراوە، لە دێی کەندۆڵەدا گۆشەنشین بوو، وە پاشماوەی ژیانی بەهۆنینەوەی هۆنراو و لێدانی تەنبوور و کاری کشتوکاڵ و دانیشتن لەگەڵ وەرزێران و پیاوە گەورەکانی مەڵبەندەکەیدا بردووەتە سەر، وە لە پاش شەڕ و ڕەزم ژیانی لەگەڵ هۆنراو و مۆسیقادا بەسەر بردووە، وەکو دەڵێن مزگەوتێکیشی لە دێیەکەیدا دروست کرد و بەڕۆژا دەچووە مزگەوتەکەی و لەگەڵ خەڵکدا وتووێژی دەکرد.

ئەڵماس خان لەگەڵ ئەوەی کەوتە بەر بەرق و قینی نادر و لە لایەن ئەوەوە تەمێ کرا، بەڵام هەرگیز نادری لە بیر نەبردەوە و ئەوی لە دڵەوە خۆش دەویست و هەر بەم بۆنەوە پەڕاوێکی بەناوی "نادرنامە" کە نزیکەی پێنج هەزار هۆنراوێک دەبێ هۆنییەوە کە بە پەڕاوێکی مێژوویی دێتە ژمارە.

جگە لە نادرنامە چەند پەڕاوی تری بەهۆنراو هۆنیونەتەوە و بەیادگار ماونەتەوە کە بریتین لە: "کەنیزەک و یازدە ڕەزم" و "خورشید و خاوەر" و "شەماڵ و زەلان".

ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەن کە لە نادرنامەکەی هەڵمان بژاردوون و سەبارەت بەتیپەکانی تۆپاڵ پاشایە کە دەڵێ:

سەحەر تۆپاڵ شا خێزا عەزم کین
جۆشنا سپا سووار بی وە زین
کێشا کەڕەنا سەڵات هەی دان
غولغولەی رۆمات ئاما نە مەیدان
سەف دان سەف ئارا سەرهەنگ سەرداران
تیپ تیپ و لەک لەک عەلەم وناران
تۆپاڵ کەرد تیپ تیپ تیپان تیپ ئارا
دەستە دەستە سەف مدرا نە سارا
تیپێ ژ رۆمێ، تیپێ ژ تەتەر
تیپێ ژ عەرەب شۆڕ شەڕ نەسەر
تیپێ جەی میسری، تیپێ جەی شامی
تیپێ جەی مەککە مەردان نامی
تیپێ جەی کەی، تیپێ کلاشی
تیپی ئەر نەبووت، تیپی سورداشی

تیپی تەپەلوو، تیپی لەیلانی
تیپێ غەزائیل، عەرەب کەیلانی
تیپێ یەزیدی، تیپێ شەیتانی
تیپێ نەسرانی، تیپێ مەڵتانی
تیپێ پاسنی، تیپێ داسنی
تیپێ هەکاری، تیپێ باسنی
تیپێ ژ بەبە، تیپێ باجەلان
تیپێ ژ بڵباس، قەدیم قاتلان
دەستە دەستە کەرد تیپان تیپ ئارا
پۆشا سەربسات سامان سارا
تەمام کینەپۆش بێ خۆف ژ مەردەن
عاسی ئەبڵەق دار کەفەن نەگەردەن
تۆپ تۆپخانان جۆش جەزایر
بەست نە پێش تیپ ئاشووب ئایر
شان سەهمناک تۆپ پڕ غرێو
دەهان پڕ ژ دوود چون دەماغ دێو
سلسلەی سپاش بەو تەور ونارا
دا نە تەپڵ کۆس، جەهد جەنگ ئارا
گرمەی گەبرەگان نەبەرد ناڵە
تاونا جەرگ زاڵەدار زاڵە
مەردان بەزم شەڕ مەدران بەکینە
دەست بەتێغ تێژ سپەر نە سینە

واتە: لە بەرەبەیاندا تۆپاڵ پاشا بۆ شەڕ ڕاپەڕی و لەشکرەکەی هان دا بۆ شەڕ، وە دای لە کەڕەنا و شەیپوور و سەرۆکەکانی سپا تیپی لەشکرەکەیان ڕیزدا و هەر تیپێک ئاڵایەکی گرتبووە دەستەوە و هەموو خۆیان بۆ شەڕ و پەیکار ئامادە کردبوو. هەر کام لە تیپەکان ڕاوەستان و ئەو تیپانە بریتی بوون لە: "ڕۆم و تەتەر و عەرەب و میسر و شام و مەککە و کەی کەی و کلاش و ئەرنەبووت و سووورداش و تەپەلوو و لەیلانی و غەزائیل و کەیلانی و یەزیدی و نەسرانی و مەڵتانی و پاسنی و داسنی و باسنی و هەکاری و بڵباس". ئەوسا





تیپەکانی دەستە دەستە کردەوە و بۆ شەڕ ڕازاندیانەوە و هیچ کام لە مردن نەدەترسان و بەڕاستی هەموویان تینووی شەڕ بوون، تۆپیشیان لە هەموو لایەکەوە دابەستبوو کە ئاگری ئاژاوەی هەڵدەگرسان، ئەوسا دایان لە تەپڵ و کۆس و زاڵەی بنیادەم دەچوو. پیاوانی شەڕکەر هەر کام شمشێر و قەڵخانیان گرتبووە دەستەوە و خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کردبوو.

ئەمەش چەند هۆنراوێکی تر لەو پەڕاوە سەبارەت بەتیپەکانی لەشکری نادر کە دەڵێ:

نەی جانب نادر جۆشا عەزم کین
سووار بی سالار سلێمان نگین
جۆشا، خرۆشا وە بێ مەدارا
یاساڵ قۆشەن کێشا نە سارا
دا نە کەڕەنا خێزا سپا و سان
چون قۆچ جەنگی ئاما نە مەیدان
سان بێ سامان سەف دا سەف ئارا
سەرهەنگ سەرداران عەلەم ونارا
دەستە دەستەکەر تیپان تیپ وەتیپ
هەر تیپێ چون تەوق تیپ ئەوڕەنگ زیب
تیپێ ژ هەوشار، تیپێ ژ قەجەر
تیپێ ژ ئەفغان شۆڕ شەڕ نە سەر
تیپێ ژ ئوزبەک، تیپێ ژ قەڵماخ
تیپێ ژ گورجی، تیپێ ژ قازاخ
تیپێ ژ تەکە، تیپێ تورکمان
تیپێ ژ یەمووت، تیپێ گۆکەلان
تیپێ ژ فارسی، تیپێ عێراقی
تیپێ ژ لزگی، تیپێ شوقاقی
تیپێ ژ لۆلۆ، تیپێ لالەوی
تیپێ ژ موکری، تیپێ مامەوی
تیپێ ژ بەلووچ، تیپێ ژ لاری
تیپێ خوەراسان کۆی سەبزەواری

تیپێ ژ فەیلی، ژ وەرمزیاری

تیپێ ژ مەردان کۆی بەختیاری

تیپێ سیستانی، تیپێ کابڵی

تیپێ زەنگەنە، تیپێ زابڵی

تیپێ سمنانی، تیپێ داموغانی

تیپێ ژ مەردان مازەندەرانی

تیپێ بوخارا، تیپێ ژ بەڵخی

تیپێ سەمەرقەند بەتوند و تەڵخی

تیپێ قووچانی، تیپێ کەلاتی

تیپێ مەشهەدی، تیپێ هەراتی

تیپێ بەندەری، تیپێ بیوازی

تیپێ کۆکەڵوو، تیپێ شیرازی

تیپێ شماقی، تیپێ شیروانی

تیپێ تفلیسی گەنجە ئێرەوانی

زەربە زەربە تیپ بلووک سەف

سەف سەف سان دریا تاسا رای نەجەف

دەستە دەستە کەرد تیپ قۆچاخان

باڵ بەیداغان بی وە چراخان

واتە: لەم لاوەش نادر ڕقی هەستا و وەکو سلێمان سواری ئەسپەکەی بوو، لەشکرەکەی کێشایە دەشت و دای لە کەڕەنا و شەیپوور و لەشکرەکەی پۆل پۆل کردەوە و وەکو بەرانی شەڕی هاتە ناو مەیدانی شەڕەوە و لەشکرەکەی ڕازاندەوە و سەرۆکەکانی سپاکەی ئالاکانیان هەڵگرت و لە پاشا تیپەکانی دەستە دەستە کردەوە کە ئەو تیپانە بریتین لە ئەم تیپانە: "هەوشار، قەجەر، ئەفغان، ئوزبەک، قەڵماخ، گورجی، قازاخ، تەکە، تورکمان، یەمووت، کۆکەلان، فارسی، عێراقی، لزگی، شوقاقی، لۆلۆ، لالەوی، موکری، نامەوی، بوکری، مامەوی، بەلووچ، لاری، خوەراسان، سەبزەواری، فەیلی، وەرمزیار، بەختیاری، سیستانی، کابڵی، زابڵی، زەنگنە، سمنانی، داموغانی، مازەندەرانی، بوخارایی، بەڵخی، سەمەرقەندی، قووچانی، کەلاتی، مەشهەدی، هەراتی، بەندەری، بیوازی، کۆکەڵوو،



شیرازی، شماقی، شیروانی، تفلیسی، ئێرەوانی". هەمووی تیپەکان بەڕیز ڕاوەستان و تا دەشتی نەجەف درێژەی بوو و، بەشەودا هەموو جێیەک بووە چراخان و بەجارێ ئەو ناوە ڕوون بووەوە.

خان ئەڵماس نادرنامەکەی بەکوشتنی نادر کۆتایی دێنێ و دەڵێ لەبەرئەوەی لە ئاخر و ئۆخری پادشایەتیدا لەخۆی بایی بوو، وە دەستی کردە زۆر و ستەم و کوشتنی خەڵکی ئێران ئەوە بوو کە سەرۆکەکانی سپای لە پیلانێکدا ڕژانە سەریدا و کوشتیان وەکو دەڵێ:

ئەلقەسە نادر سەرنگوون کەردن

سامانش سامال خاک و هوون کەردن

هوونی غەنیمان ژ هوونش وەردن

گەنج و خەزانەش بەغارەت بەردن

قاو کەفت نە قۆشەن سپا خرۆشا

ڕشیان نە حەرەم سەراپەردەی شا

ژ هەر چوار جانب هجووم کەردشان

یۆرشت بە خەیمەی نادر بەردشان

زێڕەی زەلاڵەت زاری زوڵم و زوور

نادر بی وە سان سپای سەلم و توور

ڕشیا نە حەرەم سپای پڕ ژ کین

سەراپەردەی شا کەردن قەتڵ قین

بە قەتڵ و غارەت، بە تاخت و تالان

سڵسڵەی سامان نادری مالان

زیڕەی کەنیزان تەلا تاقییان

زاریی غولامان سادە ساقییان

داد مەحبووبان تاج و تەل نە سەر

خاسەگی خاسان مورەسسەع کەمەر

زاری زەریفان سیم و زەڕنە گۆش

بانۆ بانۆوان زەڕباف زەڕ پۆش

نازداران شا بە ناز پەروەردە

مییللەتان بەردن وەوەردە

ئاوەردن میران تاج کەمەر زەڕ
یەکیەک بە شمشێر جودا کەردن سەر
نازک، نازداران حەرمسەرای وێش
بەوەردەی ئەسیر مەکێشان بەکێش
بە زیڕە و زاری نادر مەلاوان
جەرگ سەنگ سەخت چون ئاو مەتاوان
قۆشەن قین قەسد ئاوەردن بەیاد
یەکسان تەخت بەخت نادر دان وەباد
چەتر چادران سەرنگوون کەردن
فەرش و فرووشان بەغارەت بەردن
ئەسلەحە و ئەسباب ئالات ئاین
کێشان بەردشان خانان خاین
تەخت تاوسیش سەرداران بەردن
خەیمەی مرواریش سەد پارە کەردن
گەنج و خەزێنەش بەردن بەتالان
کەردشان وە پەند وات وات سالان
بە یەک کفر کۆن سلسلەی نادر
نە نادرێ مەند نە چەتر چادر
تەنتەنەی تەرتیب نادر بی بەتاڵ
نە تەخت مەند نە بەخت نە سەر مەند نە ماڵ
کۆتا بی دەعوای دیوان نادر
سا بی سامانش وە ئەمر قادر
بەرد بنچینەی بنیادش کنیا
چمان نادر شا نامان وە دنیا
هانا هامسەران دنیا مەردەنەن
سەوداش بی سوودەن زەحمەت بەردەنەن
هەر کەس موسڵمان خوداشناسەن
ڕای ڕاست بگێران نێکنامی خاسەن



واتە: سەرئەنجام نادر لەناوچوو و لە ناو خاک و خوێندا تلایەوە و پیاوکوژەکان کە بەخوێنی تینوو بوون، لە خوێنەکەیان خواردەوە، وە گەنج و گەنجینەیان بەتاڵان برد و قاو کەوتە ناو لەشکرەکەی و هەموویان ڕژانە ناو سەراپەردەکەی و دەستیان کردە کوشت و کوشتاری کەسوکارەکەی و خوڵام و نۆکەرەکانی، کەنیزەکان و کارەکەرەکانی دەستیان کردە شیوەن و گریان و لە پاشا بەدیل گیران، بەم چەشنە تەخت و بەختی نادر لەناوچوو، وە هەمووی ئەمانەش لەبەرئەوە بوو کە نادر لەخۆبایی بوو و، ناسپاسیی خوای کرد، بۆیە بەردی بنچینەی لە بنەوە هەڵکنیا و شوێنەوارێکی نەمایەوە. دەسا ئەی یاران لەبەرئەوەی دنیا مردنی لە شوێنە، سەودای ئەم جیهانە بێ سوودە، هەر کەسێک موسڵمان و خواناسە، دەبێ ڕێی ڕاست بگرێ، چونکە چاکە زۆر چاکە و هەموودەم دەمێنێتەوە.

سەرچاوەکان
١– نادرنامە – کۆکردنەوە و نووسینەوەی والیی ئەمیری – کەندوڵە، ١٣٤٧.
٢– نادرنامە – تالیف خان الماس گردآوری محمدامین نژاد – قروه، ١٣٣٤.
٣– نادرنامە دانراوی خان ئەڵماس کەندوڵەیی – کۆکردنەوەی صدیق بۆرەکەیی، ١٣٤٨.
٤– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەئەڵماس خانی کەندوڵەیی.

## ئەڵماس خانی کوردستانی

١١٦٥ – ١٢٢٧

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەڵماس و کوڕی خەسرەو خانی کەلهوڕە کە بەپێی ئەو بەڵگانەی کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١١٦٥ کۆچی لە دێی ماراودا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و لەسەر پەیڕەوی خوێندنی ئەو سەردەمە هەر بەمنداڵی خەریکی خوێندن بووە و لە تافی جوانیدا چووەتە سنە و لەوێدا ماوەیەک خوێندوویەتی و فێری خەت خۆشی و وێژەی فارسی و عەرەبی بووە و گەڕاوەتەوە دێ و مەڵبەندەکەی خۆی و ئەوسا خەریکی کشتوکاڵ و مڵکداری بووە و لە ساڵی ١٢١٤ی کۆچیدا لە دەوری فەتالی شای قاجار (١٢١١– ١٢٥٠ی کۆچی)دا گیراوە و لە شاری تاراندا بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەند کراوە و لە پاش ئازادبوون گەڕاوەتەوە زێدەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەهۆنراو هۆنینەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٢٧ لە تەمەنی شەست و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

میرزا شەفیعی مامێزکی سەبارەت بەکۆچی دوایی ئەڵماس خان پارچە هەڵبەستێکی هۆنیوەتەوە و لەوەدا مێژووی مردنی ئەوی بەژمارەی ئەبجەد بۆمان دەرخستووە و دەڵێ:

شەفیع پەی تاریخ کۆچ ئەڵماس خان وات: "کزەی جەرگم بەرز بی نە داخان"

کە بەپێی ژمارەی ئەبجەد دەکاتە ١٢٢٧ی کۆچی کە بەشێوەی کۆن بەم جۆرەیە: "وات: "کزء جرگم برزبی نەداخان".

ئەڵماس خان کە بەئەڵماس خانی کەلهوور و ئەڵماس خانی کوردستانی بەناوبانگە، لە هۆنینەوەی هۆنراو و لێدانی تەنبووردا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و یەکێ لە شوێنەوارە گرنگەکانی ئەو کە بەیادگار ماوەتەوە شانامەیە کە لە فارسییەوە وەریگێڕاتەوە سەر زمانی کوردی (زاراوەی گۆرانی) کە داگری شەست هەزار هۆنراوە.

وەکو دەڵێن ئەڵماس خان خاوەن مرخ و هۆشێکی بەرز بووە و لە هۆنینەوەی هۆنراوی دوو تاکیدا بێ وێنە بووە، وە لە هەندێ زانستی تردا وەکو: فەلسەفە و مێژوو و ئەستێرەناسی شارەزا بووە، ئەگەرچی دیوانێکمان لە ئەوەوە پێ نەگەیشتووە، بەڵام ئەو هۆنراوانەی کە لە ئەوەوە بەیادگار ماونەتەوە زۆر شیرین و تەڕ و پارا و بەرزن.

ئەڵماس خانی کوردستانی بەیەکێ لە هۆنەرانی ئازادیخوازی دەوری خۆی دێتە ژمار: وادیارە کە زۆربەی هۆنراوەکانی خۆی لە تاراندا هۆنیوەتەوە. بەداخەوە جگە لە چەند پارچە هەڵبەستێ نەبێ کە ماونەتەوە، زۆربەی هۆنراوەکانی تیاچوون. شانامەکەشی کە وەریگێڕاوەتە سەر زاراوەی گۆرانی نوسخەیەکی بەچەند وێنەی مینیاتۆر ماوەتەوە لە گاوارەدایە. وەکو دەڵێن ئەڵماس خان نزیکەی پێنج ساڵ و چەند مانگێک لە بەندا بووە، سەرەتا لە بەندیخانەکانی سنە و هەوراماندا بەند کراوە و لە پاشا ناردوویانەتە تاران و کاتێ خستوویانەتە بەند، چل و یەک ساڵی بووە و تاڵێ قژی سپی نەبووە، بەڵام لە زینداندا بەرە بەرە قژ و ڕدێنەکەی سپی بووە و پیرییش هاتووەتە پیرییەوە.

لە هۆنراوەکانی ئەڵماس خاندا وا دەردەکەوێ کە ئەو بەندیخانانەی وا ئەوی تێدا بەند بووە لە ناو کەژ و کێوەکاندا هەڵکەنراوە بۆ ئەوەی کەس دەنگی بەندییەکان نەبیسێ و پتر ئەو کەسانەیان دەبردە ئەو شوێنانە کە دژی ڕژێمی پاشایەتی بوون و لە بەرابەر ڕژێمدا ڕادەوەستان و دەنگی گەلەکەیان بەخەڵک ڕادەگەیاند ئەو زیندانانە پتر لە ناو کێوەکاندا هەڵدەکەنرا و باشتر بڵێین بەچەشنی زاخە هەڵیان دەکەندن و زیندانە ڕامیارییەکانیان تێ دەخستن و ئیتر کەس جگە لە خوا دەنگی ئەو بەندییانەی نەدەبیست.

هۆنەر کە پێکانیان خستبووە ناو زنجیرەوە و کۆت و زنجیریان کردبوو، لەو زاخە تەنگ و تاریکەدا کە جێگای خەوتن و دانیشتن و هەڵسانی ئەو بوو، تارماییی مەرگی بەچاوی خۆی دەدی کە هەموو دەم وەکو ئەژدیهایەکی ترسناک دەمی دەکردەوە و دەیویست لووشی بدا. لە ژێریدا جگە لە حەسیرێک شتێ تر نەدەبینرا و جلوبەرگەکەشی لەو ماوەدا شڕ و شیتاڵ بووبوو، دیارە کە ئەویان بۆ مێوانی بانگ نەکردبوو، ئەو بەندی بوو و لە بەندیخانەدا بوو،



پیاوێکی دڵڕەقیش چاوەدێریی لێوە دەکرد و تەنانەت جارێکیش لەگەڵیدا قسەی نەدەکرد، قسەی چی، هەموو دەم بەقەمچی لێی دەدا و ئازاری پێ دەگەیاند، چونکە پێیان ڕاسپاردبوو کە هەمیشە ئازاری بدا و ئەویش گوێڕایەڵی ئاغەکانی خۆی بوو.

بەدبەختیش لەوەدا بوو کە ئەو خانزا و لە بنەماڵەیەکی خان بوو و، لە ئەوپەڕی خۆشی و تێروتەسەلیدا ژیانی بردبووە سەر و هەر کاتێ بیویستایە دەچووە ڕاو و نێچیر و شەوانەش لە دیوەخانەکەیدا دەیان کەس لە دەوریدا کۆ دەبوونەوە و گۆرانییان بۆ دەچڕی و قسەی خۆشیان بۆ دەکرد، وە کاتی دەوروبەری چۆڵ دەبوو خەریکی هۆنینەوەی هۆنراو دەبوو کە زیاتر دڵی بەستبووە هۆنراوە دڵڕفێنەکانی خانا و فیردەوسی، بۆیە لە ماوەی چەند ساڵدا ئەویش لە تافی جوانیدا تەواوی شانامەی وەرگێڕایە سەر زمانە شیرینەکەی خۆی، ئەو زمانەی کە شانازیی پێوە دەکرد و دەیوت زمانی باو و باپیرمە و خوا بەدیاری و خەڵات پێمی بەخشیوە و دەبێ پەرا و خزمەتی پێ بکەم. ئێستا ئیتر ئەو فەڕ و شکۆیە نەماوە و هەموو ڕۆژێک بەکەمێک نانە ڕەق و شلەی بەندیخانە ژیان دەباتە سەر.

ئەڵبەت خزم و کەسوکارەکەی بەهەر جۆرێک بووایە کولێرە و کەشک و ڕۆن و شیرێژیان بۆ دەنارد، بەڵام خۆ زیندانوانەکە مەگەر پێی دەدا، هەندێ جار خزمەکانی بەهۆی بەرتیلێکی زۆر لە پاش چەند مانگ دەچوونە ناو بەندیخانەکە و چاویان دەکەوتە ئەڵماس خان و لەگەڵیدا دەدوان و ئیتر ئەو کاتە دەیتوانی لەو خواردەمەنییانە کە لە دێدا دەیخوارد چەشکەی بکا، بەڵام ئەوەندە لاواز بووبوو کە دڵی نەدەچووە سەر نانەکەش.

هۆنەر دڵی تەنیا بەوە خۆش بوو کە بەشەوا ئەستێرەکانی دەدی و لەگەڵیاندا ڕاز و نیازی دەکرد و خەم و پەژارەی دڵی خۆی بۆیان دەگێڕایەوە. وە ئەودەمەی وا لە بەندیخانەی هەوراماندا بوو، لوورەی گورگ و زیرەی پڵنگ و فیشکە فیشکی مار دڵی ئەوی دەلەرزاند:

یاران نە بەندم، یاران نە بەندم     ئانە گرفتار زنجیر و بەندم
من جە ماوای وێم ئەو ڕۆ دڵ کەندم     توخم بەدبەختی پەرێ وێم شەندم
جە قەوم و جە خوێش گرد ئاوا ڕەبیم     نەک هەر ئاوارە جگەر پارە بیم
مەر کە خوداوەند وەرەحمەکەی وێش     ڕزگارم کەرۆ جە دەرد و جە ئێش
ڕزگارم کەرۆ جە ئی بەند تار     هەر ئەو بۆ وەدڵ چەنیم بۆ وەیار

واتە: ئەی یاران! من لە بەندیخانەدا لە کۆت و زنجیردام ئیتر لە زێد و مەڵبەندەکەم دڵم هەڵکەنراوە و تۆمی بەدبەختیم بۆ خۆم وەشاندووە و لە خزم و کەسوکارەکەم ئاوارە بووم، نە هەر ئاوارە بووم بەڵکو جەرگم براوە، مەگەر خوا بەبەزەیی خۆی لە دەرد و ڕەنج ڕزگارم کا و لەم بەندە تاریکەدا بەفریام بگا، وە هەر دەبێ و ببێتە یارم.

خەم و خەفەتی تەنیایی و کەڵکەڵەی یاران و دۆستان ئەوی ئازار دەدا، چونکە هاوەڵەکانی ئەویان لە بیر چووبووەوە و ئاشناکانی هەواڵێکیان نەدەپرسی. کاتێ بەدبەختییەکانی خۆی دەدی لە خۆشیی دوژمناندا، دەکەوتە ڕق و قیندا و، ئەوەی کە پتر دەبووە هۆی پەژارە و خەمی ئەو، یادی ژن و منداڵ و خزم و کەسوکارەکەی بوو، چونکە ئەوانی بەگیان و دڵ خۆش دەویست، وە هەموو دەم فرمێسکی دەڕشت و بەم چەشنە خەم و پەژارەی دەروونی دەکوشت بۆیە دەیوت:

دوستاخم جە کاو، دوستاخم جەکاو
چەنی غەم و دەرد دوستاخم جەکاو
ئانە نە بەندم وە بێ نان و ئاو
پەرێ رۆزگار شمشێر مەدەم ساو
دوور جە فەرزەن و هامسەر ودۆسم
پەی وێم مەناڵم کە کەفتەن کۆسم
نامە و هەواڵێ ناما جە یاران
بپرسن حاڵم بەوێنەی جاران

واتە: لە کەژ و کاوا بەندبووم و لەگەڵ خەم و پەژارەدا ڕاهاتووم و بوومەتە هاوەڵی. لە بەندیخانەدا بێ نان و ئاو ماومەتەوە و بۆ ڕۆژگار شمشێر ساو دەدەم و، ئێستا دوور لە منداڵ و ژن و دۆسم و بۆیە دەناڵم، چونکە کۆسم کەوتووە. نامە و هەواڵێکیش لە یارانەوە نەهات تا وەکو جاران حاڵم بپرسن.

هۆنەر هەموو دەم لە باری ژیانی خۆی سکاڵا دەکا و پەژارەی دڵ و دەروونی دەردەخا، وە هەندێ جار گونا و تاوانی ئەم بەدبەختییە دەخاتە سەر زانست و هونەری خۆی و دەڵێ: ئەگەر من خاوەن زانست و هونەر نەبوومایە، دیارە گیرۆدەی ئەم هەموو بەدبەختییە نەدەبووم و ئەوەندە ڕەنج و ئازارم نەدەدی:

مەناڵم جە بەند، مەناڵم جە بەند
ئانە شەو و رۆژ مەناڵم جە بەند
ئەی بەند بەوەی شی ریشەی دڵمت کەند
حەق پادشات ئانە جە من سەند
وەرنە من جە کۆ و بەند تار جە کۆ؟
وەرنە من جە کۆ و ئی گوفتار جە کۆ؟



واتە: ئەوا شەو و ڕۆژ لە بەندیخانەدا دەناڵم، ئەی بەند دە یاخوا بەوەی چی کە ڕیشەی دڵ و جەرگمت هەڵکەند و هەقی پاشات لە من سەند، گوناه و تاوانم هەر ئەوە بوو کە زانا بووم و بۆ گەلەکەم وەکو مانگ و خۆر دەدرەوشامەوە، ئەگینا من لە کوێ و بەندیخانەی تەنگوتاریک لە کوێ؟ و یا من و ئەم قسە و باسە لە کوێ؟.

هۆنەر لەو ماوەدا کە لە بەندا بووە، ئەو ڕەنج و دەرد و ئازار و سەخڵەتییانە کە لە بەندا کێشاونی لە کەس نەیشاردوونەتەوە و بەهۆنراو هۆنیونیەتەوە، گەرچی لەوێدا کاری گریان و بێ ئارامی بووە بەڵام هیچ کات نائومێد نەبووە و پەنای بردووەتە خوای تاق و تەنیا کە دڵشادی کا و لە بەند ئازادی بکا:

مەناڵم چون نەی جە زیندان پەی پەی
پەرێ بەخت وێم مەواچم وەی وەی
وێنەی نەی سوار هەر دەم مەناڵم
کەس نییەن رەحمش بەیۆ وە حاڵم
ئاه و ناڵەی من جە حەد بەرشییەن
هیچ کەس بەوێنەی من بەدبەخت نییەن
شەو و رۆ کارم گریە و زارییەن
هەر دەرد و رەنج و بێ قەرارییەن
پەنام بەخودان کە شادم کەرۆ
جە ئی بەند تار ئازادم کەرۆ

واتە: لە زینداندا پەیتا پەیتا وەکو شمشاڵ دەناڵێنم و بۆ بەختی ڕەشی خۆم هەر دەڵێم وەی وەی، وە وەکو قامیش سوار هەموو دەم ناڵەمە و کەسێک نییە کە بەزەیی پێمدا بێ، ئاه و ناڵەی من لە ئەندازە بەدەرە و هیچ کەسێک وەکو من بەدبەخت نییە، شەو و ڕۆژ کارم گریان و دەرد و ڕەنج و بێ ئارامییە، بەڵام من پەنا و ئومێدم بەخوایە کە شادم بکا و لە ئەم بەندە تاریکە ئازادم بکا.

قامیش سوار یا نەی سوار کە هۆنەر دیاردیی پێ کردووە، بریتییە لە بالوولی ماهی کە لە سەدەی دووەم و سێیەمدا ژیاوە و وەکو دەڵێن سواری قامیشێک بووە و ناڵاندووەیە و وتوویە کە دەچم بۆ لای خوا.

ئەڵماس خان لە پارچە هەڵبەستێکی تریدا سکاڵا و دەردی دڵی خۆی دەکا کە لە تاراندا کەوتووەتە بەند و، بەدەستی شای ستەمکارەوە بێ کەس و بێ یار ماوەتەوە و، شەو و ڕۆژ

خەریکی گریان و زارییە و بۆ دووریی وڵات دڵی پەشێوە و فرمێسک لە چاوانییەوە بەخوڕ دێت، پاشان دەڵێ ئەوانەی کە هان لە شاری سنەدا، توخوا بەدڵێکی خۆشەوە دانیشن و من لە بیر کەن، چونکە من و دەماوەن بەڵێنمان بەیەکتر داوە کە ئەو پڕ لە مژوتەم بێ و منیش دڵم پڕ لە پەژارە و خەم بێ و لە گۆشەی بەند و زینداندا بمێنمەوە، وەکو دەڵێ:

یاران دوستاخم، یاران دوستاخم
جە شار تاران منیش دوستاخم
هامڕاز مەینەت شەریک ئاخم
بەرگم قەلاخەن پەی یاران داخم
توفەیل غەمناک شار تارانم
گیرۆدەی زنجیر شاه ئێرانم
بێ کەس و بێ وەر بێ یار و یاوەر
غەریب بێ کەیف جە عێل دەربەدەر
جە سوب تا بەشام گرینەن خدێم
ئاوات مەوازووم من وەمەرگ وێم
پەشێو ماتم دەروونم زارەن
مەحبووس مەئیووس بەرگم دەوارەن
پەی دووریی وڵات خاتر خەمینم
بەفڕان مەشۆ سەیل ئەسرینم
غەریب نە گۆشەی کونج شارانم
ئینتزار وە دین دیدەی یارانم
سنە نشینان بنیشن وە شاد
غەریب تاران بکەرن وە یاد
هەر کەس بواچو کە تاران خاسەن
ئەوە نە جوملەی خودا نەناسەن
مەرهەم خوداوەند کارساز کاران
ئێمەیچ بەرکەرۆ جە شار تاران
دەماوەن خەمدار منیش خەمبارم
جەو بۆنە مەحرووم دیدار یارم



ئەلبورز جای دێوەن، بییەن وەماوام
جەو بۆنە سەرسام سادار ساوام
من و دەماوەن شەرتمان کەردەن
ئەو تەم بۆ من خەم تاوەرۆی مەردەن
یاران هامسەران قەومان خوێشان
هەرگیز جەو بۆنە جەورم نەکێشان
ئینە گشت کەردەی کارگەردوونەن
کەس نمەزانۆ حاڵ من چوونەن
یە "ئەڵماس" واتەن جە تاران دوستاخ
پەی دووریی یاران هەر مەکێشۆ ئاخ

ئەم پارچە هەڵبەستەش هی ئەڵماس خانە کە بەهۆی مردنی یەکێ لە خۆشەویستەکانی میرزا شەفیعەوە هۆنیویەتەوە و لەم هۆنراوانەدا ئەڵماس خان داوا لە میرزا شەفیع دەکات کە کەمتر بکەوێتە ناو بیر و خەم و پەژارەوە و ئەوسا دەڵێ: ئەوەندە مەچۆ ناو بیرەوە، کەمێ بیر لەوە بکەرەوە کە پێغەمبەران و خواناسان هەموو لەم دنیایە کۆچی دواییان کرد و ڕۆیشتن، هەروا بیر لەوە بکەرەوە کە فەرەیدوون و کەیکاوس و گیو و بێژەن و نەریمان و کەیخەسرەو و بارام لە دنیادا نەمان و تەنانەت ئەوانەش وا ستەمکار بوون وەکو زوحاک و شا عەباس و میر تەیموور، هەموو ڕۆیشتن، دنیایەک کە ئەمەگی بەپێغەمبەرەکان نەنواند، ئیتر تۆ خەمی چی دەخۆی، وەکو دەڵێ:

شەفێع دنیای دوون، شەفێع دنیای دوون
وەس بچۆ نە فکر دەور دنیای دوون
فکر و خەیاڵ کەر نام ئاوەران کۆ؟
بەرد بنچینەی پێغەمەران کۆ؟
حەزرەت مووسا کەلیمولڵا کۆ؟
هامڕاز گوفتار تای بێ هەمتا کۆ؟
غەریب غوربەت شای خوەراسان کۆ؟
ئەولاد ڕەسووڵ حەق شناسان کۆ؟
ئەمیر سەفدەر ساقیی کەوسەر کۆ؟
حەسەن و حوسەین ئیبنی حەیدەر کۆ؟

جەلال داوود وە کوورەو دەم کۆ؟
حەڵقەی زەڕین باف تەنگ مەحکەم کۆ؟
حەزرەت سلێمان ساحێب نگین کۆ؟
چەند موجتەهدان ستوون دین کۆ؟
فەرەیدوون فەڕ فەرۆخ نەژاد کۆ؟
فەڕ کەیکاوس هەم کەی قوباد کۆ؟
کەیکاوس وە جەنگ جادووگەران کۆ؟
داوای دیۆسفید مازەندەران کۆ؟
قەهر قەهرەمان زۆر دەعوا کۆ؟
پڕداڵ پەیکان سەما پەیما کۆ؟
فەڕ فەریبورز هەفت ئیقلیم گیر کۆ؟
برزوو فەرمەرز، یا زاڵ پیر کۆ؟
گیو هونەرمەند ساحێب سپا کۆ؟
برووت بێژەن گیرۆدەی چا کۆ؟
نەریمان دەور ئەولاد سام کۆ؟
مەردیی مەنووچێهر مەنشوور عام کۆ؟
باڵ و بازوو خاس فەرهاد چین کۆ؟
کەیخەسرەو کۆشی، شۆخی شیرین کۆ؟
بەهرام بەو کەمەند گۆرگیر و فەڕ کۆ؟
شاهی ئیبراهیم بەو زیب و زەڕ کۆ؟
شای تەیموور لەنگ ساحێب ئەساس کۆ؟
تێغ ژارئاڵووی پەرێ قساس کۆ؟
تێغ و گورز و ڕەخش ڕوستەم زاڵ کۆ؟
هەوایی برووت داڵ ئیبنی داڵ کۆ؟
شایی شا عەبباس فراسەتدار کۆ؟
زەلیلی زوحاک هەناسە مار کۆ؟
نادرەی دەوران شێر ئێران کۆ؟
دەنگ داوە داو داو دلێران کۆ؟



شین و زاریش بێ، یەعقووب پەی یۆسۆ؟
وەشین و زاری چ ئاوەرد وە کۆ؟
گەردەنکەش نە ڕای غەزوەیی دین کۆ؟
ساحێب تەمتەراق خاقان چین کۆ؟
دنیا نەمەندەن پەی پێغەمبەران
ئێمەیش مەوەران ئەی بێ خەبەران
هەی داد هەی بێداد هەر چی بێ ویەرد
نەکەردە کاران وە بێ داخ و دەرد

شانامە بریتییە لە ناوی هەندێ نووسراو و نامیلکەی ڕەزمی کە بەهۆنراو هۆنراونەتەوە و بەیادگار ماونەتەوە و لەوانەدا باسی بەسەرهات و سەرگوزشتەی پاشایان و قارەمانان و پاڵەوانانی کۆنی کوردی تێدا کراوە و زۆربەی کوردەکان هەر لەمێژەوە ڕووداوەکان و چیرۆکەکانی شانامەیان لە سینگدا بووە و پاشان هۆنەران هەرکام بە جیاواز ئەو چیرۆکانەیان هۆنیونەتەوە و لەمەوە دەردەکەوێ کە شانامە بەر لە فیردەوسی لەناو کوردەکاندا باو بووە.

لە ئاخر و ئۆخری دەوری ساسانییەکاندا، پیاوە ئاینییەکان و مۆبەدەکانی زەردەشتی، ڕووداوگەلی تایبەت بە مێژووی پادشایان کە سینگ بەسینگ لەناو خەڵکدا پارێزرابوون و بەناوی مێژووی کۆن کۆیان کردنەوە و بە خەت و زمانی پەهلەوی نووسییاننەوە و ناویان نان (خوتای نامەک) کە یەکەمین مێژووی ئێران دەهاتە ژمار و لە پاش سەرهەڵدانی ئیسلام ئەم پەڕتووکەیان بەناوی (سیرالملوک) وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی کە پاشان بووە سەرچاوەی شانامەی فیردەوسی.

لە ساڵی ٣٤٦ی کۆچیدا پیاوێک بەناوی ئەبوو مەنسووری عەبدوڕەزاق (٠٠٠-٣٥٠ی کۆچی) بەشێک لەم نووسراوەی وەرگێڕایە سەر زمانی فارسی و ناوی نا شانامە و لە پاش ئەو دەقیقیی تووسی (٣٤١-٣٧٠ی کۆچی) بەشێک لەو نووسراوەی کە بریتی بوو لە سەرهەڵدانی زەردەشت لە هەزار هۆنراودا هۆنییەوە کە پاشان فیردەوسی ئەو هۆنراوەی لە شانامەکەیدا هێناو لە پاش ئەو ئەسەدیی تووسی (٠٠٠-٤٦٥ی کۆچی) گەرشاسپ نامەی هۆنییەوە هەتا فیردەوسیی تووسی (٣٣٠-٤١١ی کۆچی) ڕووداوەکانی شانامەی بەهۆنراو هۆنییەوە و ناوی نا شانامە.

شانامە داگری مێژووی ژیانی پاڵەوانان و فەرمانڕەوایانی نەبەزە کە لە ڕێی پاراستنی وڵاتدا تێ کۆشاون و بەر لە فیردەوسی ئەم ڕووداو و چیرۆکانە لە سینگی کوردەکاندا

هەبوون و، پاشان هۆنەرانی کورد بەجیاواز ئەم چیرۆکانەیان بەهۆنراو هۆنییەوە کە گەلێکیان لەگەڵ چیرۆکەکانی شانامەدا یەک ناگرنەوە و جیاوازییان هەیە و لە ڕاستەقینەدا شانامە لەناو کوردەکاندا بریتییە لە ناوی چەندین نامیلکە کە لەوانەدا سەرگورشتە و بەسەرهاتی پاڵەوانان و قارەمانان و پاشایانی بەر لە ئیسلامی تێدا باس کراوە و ئەوانەش بریتین لە: ڕۆستەم و زۆراو، ڕۆستەم و ئەسفەندیار، ڕۆستەم و زەردەهەنگ، حەوت خوانی ڕۆستەم، حەوت ڕەزم، نۆ ڕەزم، دە ڕەزم، یازدە ڕەزم، جیهانگیر و ڕۆستەم، برزو و فلامەرز، کەیخەسرەو و ئەفراسیاو، کەنیزەک و یازدە ڕەزم، حەوت لەشکر، حەوت خوانی ڕۆستەم، بەوری بەیان، بێژەن و مەنیجە، سیاوەخش نامە، زاڵ و ڕوودابە، خەسرەو و شیرین، شیرین و فەرهاد، کاوەی ئاسنگەر، بارام و گوڵەندام، حەوت پەیکەر.

کوردەکان هەمووی پاشایان و پاڵەوانان و قارەمانانی شانامە بە کورد دادەنن و لەناو ئەو شانامانەدا دەتوانین بە شانامەکەی میرزا مستەفای دڵی دڵی (٠٠٠٠-١٢١١ی کۆچی) دیاردی بکەین کە بەناوی حەوت لەشکەر ناسراوە و بریتییە لە شەڕی ئێران و تووران کە زۆربەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکەی لە شانامەکەی فیردەوسیدا نەهاتووە.

یەکێ لەو هۆنەرانەی کە شانامەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ئەڵماس خانی کەلهوڕ یا کوردستانییە کە وەکوو دەڵێن بۆ ماوەی دە ساڵ خەریکی هۆنینەوەی شانامەکەی بووە، کە گەلێ لە چیرۆکەکانی شانامەکەی ئەو لە شانامەکەی فیردۆسیدا نەهاتوون، وەکو: چیرۆکی ئاغش و هادانی کورد، پاڵەوانی دەوری کەیخەسرەو و چیرۆکی کەی شکەتی برازای کەیکاوس و ڕفاندنی ڕەخشی ڕۆستەم بە هۆی ڕۆستەمی یەکدەست و ڕۆیشتنی کەیخەسرەو بۆ شکار و گەلێ داستان و چیرۆکی تر کە لە شانامەکەی فیردەوسیدا باسیان لێ نەکراوە.

لە شانامەکەی ئەڵماس خاندا لە چوار زنجیرە بەناوی: پێشدادییەکان و کەیانییەکان و ئەشکانییەکان و ساسانییەکان باس کراوە کە بەشێکیشی بریتییە لە چیرۆکی داستانی و ئەفسانەیی وەکو: چیرۆکی ئەژی دەهاک و کاوە و چیرۆکی زاڵ و سام و چیرۆکی ڕۆستەم و دێوسپی و گەلێ مەبەستیشی لەگەڵ ڕووداوەکانی مێژووییدا پێک دەگرێ.

ئەڵماس خان لە سەرەتای شانامەکەیدا سەرەتا ستایشی خوای گەورە و گران دەکا و نیشانەکانی ئەو هەڵدەدا و بەتان و پۆیا دەچێ و ئەو بەخوایەکی تاق و تەنیا و داهێنەری ئاسمان و زەوی و مرۆ دەزانێ و ئەوسا دەچێتە سەر شانامەکە وەکو دەڵێ:

بەنام خـــودای جـیــهـــان ئافـــەرین
ئافـــریننـدەی ئـاســـمـــان و زەمـین



بەنام خـــودای گـــیـــان و ئۆشـــۆ
مـێن و ویر وەرتر جـە یە هـەر نەشـۆ
خـودای جـا و نام، خـودای ڕۆزی دەر
خودای ڕاهنما، خـودای دەشت و دەر
خـــودای توانا، خـــودای یاری دەر
خـودای بێ هـەمـتـا، خـودای دادوەر
توانـا مـــــەبۆ هـەر کــــە زانـا بۆ
جــــە دانست دڵ پـیـــر ئەپورنا بۆ
واچە چ داری تۆ جــــە ویر و هـۆش
تا نیـــۆشـــەندە بەیۆ بدۆ گـــۆش
ئیـســـە مـەواچم پەرێت داســتـــان
تا نەگـــۆشت بۆ ئی پەند باســـتـــان

واتە: بەناوی خوای بەدی هێنەری جیهان، کە ئاسمان و زەوی بەدیهێنا، بەناوی خوای گیان و ئاوەز، کەبیر بەرتر لەمە هەر نارِوا، خوای جێ و ناو، خوای ڕۆزیدەر، خوای ڕێنما و خوای دەشت و کێو، خوای توانا و خوای یارمەتیدەر، خوای بێ هاوتا و خوای دادبەر، ئەوەی کە توانایی هەبێ دەبێتە زانا، لە زانست دڵی پیر جوان دەبێتەوە. بڵێ تا چیت هەیە تۆ لە هۆش و ئاوەز تا بیسەر بێت و گوێی پێ بدا ئێستا من چیرۆکت بۆ دەڵێم تا ئەم پەندە کۆنە هەر لە گوێتابێ ئەڵماس خان سەرەتای شانامەکەی لەپاش پەسند و ستایشی خوا بەباسی کەیوومەرس یەکەمین پادشای پێشدادی دەست پێ دەکا و بەباسی پاشایەتی یەزدگرد کۆتایی بەمەبەستەکەی دێنێ کە دوایین پادشای ساسانییە، وەکوو لە باسی کەیوومەرسدا دەڵێ:

کـەیوومـەرس بی وە کـەد خودای جیـهان
شـی وە کـۆو کـەمـەر وێش کـەرۆ نیـهـان
تەخت و بـەخت وێش بەر ئاوەرد جـەکـۆ
کـــەڵپـــۆسش پۆشـــا چەنی ڕەخت نۆ
ســــتــــێـــزا چەنی دێو و ئەهـریمـەن
واتش ئی کــــارە پەرێ من کــــەمــــەن

واتە: کەیوومەرس بووە کوێخا و سەرۆکی جیهان چووە کێو و دەشت تا خۆی بشارێتەوە

تەخت و بەختی خۆی لە کێودا دانا کەڵپۆسی کردە بەر لەگەڵ جلوبەرگی نوێدا ئەو لەگەڵ دێو و ئەهریمەندا بەشەڕهات وتی ئەم کارە بۆ من هێشتا هەر کەمە

کەیوومەرس یەکەمین پاشای پێشدادییە کە سی ساڵی ڕەبەق پادشاییی کرد و لە کێودا دەژیا و ئەو یەکەمین کەسێک بوو کە چێشت لێنان و دوورانی جلوبەرگی لە پێستی وڵسات فێری خەڵک کرد و خۆی و لایەنگرانی پێستی پڵنگیان دەکردەبەر و جانەوەرانی زیانەخرۆیان دەکوشت و وڵساتیان ڕام دەکرد و ئەو کوڕێکی هەبوو بەناوی سیامەک کە لەگەڵ دێوەکاندا بەشەڕهات و کوژرا و پاشان کوڕەکەی سیامەک تۆڵەی باوکی لە دێوەکان سەندەوە.

ناوی کەیوومەرس لە ئاڤێستادا گەیەمەرتەنە و بەپێی ئاڤێستا ئەو یەکەمین ئافەریدەی ئەهوورامەزدایە و بۆ ماوەی سی ساڵ لە کوێستانەکاندا دەژیا و لە کاتی مەرگدا لە ئەو تۆمێک تکایە سەر زەوی و بەهۆی پرشنگی هەتاوەوە ئەوتۆمە لە خاکدا پارێزرا و لە پاش چل ساڵ گیانێکی بەچەشنی ڕێواس لێ ڕوا و پاشان بەشێوەی دوو مرۆی نێر و مێ دەرهاتن کە یەکەمی ناوی مەشیە بوو و، ئەویتری مەشیانە و لە پاش پەنجا ساڵ ئەو دوانە پەیوەندیی ژن و مێردیان لەگەڵ یەکتردا بەست و بوونە ژن و مێرد و ئەوسا بەرەی مرۆ لە ئەو دوانە کەوتنەوە.

دواین پاشای شانامە یەزدگردی ساسانییە کە ئەم پادشایە لە نەوەی نەوشیروانە و ئەویش لە دەورێکدا بووە پاشا کە موسڵمانەکان لە هەر لاوە هێرشیان هێنایە سەر ئێران، بەڵام لەبەر ناتەبایی و ناکۆکیی خەڵک نەیتوانی لە بەرامبەری موسڵمانەکاندا ڕاوەستێ و سەرئەنجام بەدەستی ئاشەوانێک کوژرا. ئەڵماس خان سەبارەت بەیەزدگرد بەم جۆرە دەڵێ:

یەزدگرد کاتێ نشت وە تەخت زەر
کڵاو وزرگی ئاما نیا وە سەر
واتش نە دەور ئی چەرخ ڕەوان
منم فرزەند ئەنووشیرەوان
پشت وەپشت شایی ئانە پەی منەن
جەنگم هەر چەنی گرۆی دوشمنەن

واتە: یەزدگرد کاتێ نیشتە سەر تەختی زێڕین هات و کڵاوگەورەیی نیایە سەر وتی: لە دەوری ئەم چەرخی ڕەوانەدا من نەوەی ئەنووشیرەوانم پشت بەپشت شایی ئەوا بۆ منەشەڕم هەر لەگەڵ دوژمنانە




بەپێی بەڵگەکانی مێژوویی یەزدگرد نەوەی خەسرەو پەروێزی ساسانی لە ساڵی ٦٣٢ی زاینی لە شاری ئەستەخری فارسدا بووە پاشای ئێران و سەرەتا بەیارمەتیی فەڕوخ زاد سەرۆکی لەشکری ئێران تەواوی وڵاتی گرتە ژێر چنگی خۆی و پاشان موسڵمانەکان هێرشیان هێنایە سەر وڵات و گەلێ مەڵبەندیان داگیر کرد و لە پاش چەند شەڕ بەسەر ئێرانییەکاندا زاڵ بوون و ئەوەبوو کە یەزدگرد لە خۆرئاواوە چووە خۆرهەڵات تا لە خاقانی چین داوای یارمەتی بکا، بەڵام سەرۆکەکانی لەشکرەکەی گزییان پێ کرد و سەرئەنجام لە ساڵی ٦٥٣ی زاینیدا لە یەکێ لە دێکانی شاری مەرو بەدەستی ئاشەوانێک کوژرا و بەم جۆرە زنجیرەی ساسانییەکان لەپاش ئەو پووچبووەوە و لەناوچوو.

ئەڵماس خان لە دوای کۆتاییهێنانی شانامەکەی دەڵێ: «ئەی یاران ئەمانە کە هەموویان باسم لێوە کرد کوردبوون و گشتیان بۆ وڵات تێ کۆشان و بەجارێ وڵاتیان ئاوەدان کردەوە و هاتن مزگێنییان بەخەڵکدا و ئاڵای وڵاتیان شەکانەوە و وڵاتیان بەگیان و دڵ پاراست وەکو دەڵێ:

یاران یەیانە کورد بین سەراسەر
کە پەرێ ئێران ڕای کەردن یەکسەر
وەجارێ ئێران ئاوەدان کەردن
ئامان و مژدە پەی پاتەرم بەردن
درەوش ئێران درەوشیانەوە
پاراستن وڵات هەر وەگیانەوە

لەم نووسراوەدا گەلێ وشەی کۆنی کوردیمان دەکەوێتە بەرچاو کە لە باری زماناسییەوە زۆر گرنگن وەکوو: ئۆشۆ: ئاوەز کە لە ئاوێستاییدا ئووشییە، ئەپورنا: جوان کە لە پەهلەویدا هەر ئەپورنایە، ویر: بیر، مێن: هۆش، نیۆشەندە: بیسەر، هەمێ: هەمیشە، خدێو: شا، هەماک: ڕەبەق، ڕەس: جیهان، خۆست: دڵنیا، رەستار: رزگار، درەوش: ئاڵا.زۆربەی هۆنراوەکانی ئەڵماس خان لە ناو بەیاز و کەشکۆڵەکاندا نووسراوە کە بەداخەوە هێشتا کۆ نەکراونەتەوە.

سەرچاوەکان

١- دیوانی ئەڵماس خانی کوردستانی کە لە ساڵی ١٣٤٢ی کۆچیدا نووسراوەتەوە.
٢- بەیازێکی کۆن کە نزیکەی حەفتا ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەئەڵماس خانی کوردستانی.

## زولفەقاری گۆران

۱۱۷۲ – ...

دەروێش زولفەقاری گۆران، بەپێی سەرەتای دیوانەکەی نزیکەی سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە، لە ساڵی ۱۱۷۲ی کۆچی لە دێی بانیاراندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە کرند و کرماشان و خەریکی خوێندنی زمان و وێژەی فارسی و عەرەبی بووە و ئەوسا ڕۆیشتووەتە لای سەید یەعقووبی گۆران و ماوەیەک لە لای ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و لە پاشا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا کۆچی دواییی کردووە.

زولفەقار لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هەر لە تافی جوانیدا گەلێ هۆنراوی هۆنیوەتەوە، بەڵام بەپێی دەستووری پیرەکەی بیری گۆڕاوە و خەریکی شیکردنەوەی پەڕتووکی سەرئەنجام بووە. لە زولفەقارەوە دیوانێکی دەستنووس بەیادگار ماوەتەوە کە نزیکەی دوو هەزار هۆنراوێک دەبێ.

ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرەیە کە دەڵێ:

وەهار دەماوە، وەهار دەماوە
نەسیم رەحمەت وەهار دەماوە
تۆز و تەم نەرووی ماڵشت ڕەماوە
بۆی بەهەشت مەیۆ نەڕووی سەماوە
مزگانی وازان بوڵبوڵ نە باغان
عەندەلیب نە شیو پای ڕێز زاغان
قومری خوەشینان چڵان پەروازان
هەریەک یەک نەوا پەی وێشان سازان
مەلان مەغار نە بۆی کۆسارمەست
کەوکان کەمانچەی شادی گرد نەدەس
هەریەک مەوانان ثەنا و وەسف ذات
وە جەخت مەشاخان ئی نەو وەهارهات
یا شا بەهارێ تا سەر وەهار بۆ
ساحێب سەقام بۆ، باقی نەباربۆ



یا شا بەهارێ بەهاران بێز بۆ
ساحێب سەقام بۆ، مەنەنەی مەرێز بۆ
یا وەرێ نە بەخت یاران یەکڕەنگ
پەی چێشەن بەهاریەکدەم یەکڕەنگ
باوەری نە بەخت بارەی زەبوونان
هەنی دنیای فەوت فانی نەوینان
بەزم ئارای نشات دین خاسانەن
سەیر دیدە و دڵ حەق شناسانەن
مەیل حەق چەنی ڕاگەی ڕاسانەن
کاران گشت وەدەس بێ چوون ئاسانەن
زولفەقار هەر تا نیم نەفەس داری
مورغ وەشخوانێ نە قەفەس داری

واتە: بەهار هات و شەماڵی بەزەیی خوایی هەڵی کرد و تۆز و تەم لە ڕووی کێوی ماڵش لاچوو و، دەڵێی کە بۆی بەهەشت لە ئاسمانەوە دێ. بوڵبوڵەکان مژدەی هاتنی بەهاریان بردە باخ و هەزارەکان لە داوێنی کێو و قومرییەکان بەفڕینەوە هەر کام نەوایەکیان بۆ خۆیان ساز کرد. پەلەوەران لەبەر بۆنی خۆشی کوێستانان و کۆساڵان مەست و سەرخۆش بوون و کەوەکان کەمانچەی شادییان گرتە دەست و هەر کام لە پەسەندی خوادا نەوایەکیان لێ دا و هەموویان هاواریان دەکرد کە نەوبەهار هات. خوایا، یاران لەم وەرزی بەهارەدا بەدیتنی خۆت شاد کە و ئەوان بانگ کە لای خۆت و لە تەڵەکە و ئاپوورە ڕزگاریان بکە. ئەی یاران: هەر کەسێک کە لە دینی خۆیدا یاوەرێکی هەبێ، وە بەدیدە و دڵ خوا بناسێ و ڕوو بکاتە خوا، بێ گومان خواش ئەوی خۆش دەوێ و هەموو گرێ کوێرەیەکی ژیانی دەکرێتەوە و هەموو کارێک بەناوی ئەوەوە ئاسان دەبێ. ئەی زولفەقار هەتا گیان لە لەشدایە، پەلەوەرێکی خۆشبێژ لە قەفەزتدایە و خوات لەبیر نەچێتەوە.

٢

گێجیا وە هەم، گێجیا وە هەم
بەهرام نە سارا گێجیا وە هەم
نە دڵێ شێران پەرێ مڵک جەم
تاجش بەراوەرد نە گێج ستەم

خەسرەو کە بەهرام وەی تەوردی وەجەم
چەنی جسناتش خێزیان وە هەم

واتە: بەهرام لە دەشت و بیاواندا گەلێ سەخڵەتی و ڕەنجی کێشا و لە نێوان شێرەکاندا تاجەکەی هەڵگرت و نایە سەر، خەسرەو کە ئەمەی دی لەگەڵ بنەماڵەکەیدا لەگەڵ ئەودا کەوتە شەڕ. زولفەقار لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە سەر چیرۆکی بارامی گۆڕی ساسانی کە باوکی لە منداڵیدا ناردیە لای مونزری کوڕی نوعمان لە حیرە تا لەوێدا پەروەردە بێ. کاتێ بەهرام فێری هونەر و فەرهەنگ بوو و، لە مەرگی باوکی ئاگەدار بوو، گەڕایەوە ئێران و لەم کاتەدا خەسرەو ناوێک بووبووە پادشای ئێران. کاتێ بارام هاتە ئێران، پیاوە گەورەکان تاجەکەیان نایە نێوانی دوو شێر تا هەر کام کە تاجەکەیان هەڵگرت ببێتە پاشا و بچێتە سەر تەخت، بارام شێرەکانی کوشت و تاجەکەی هەڵگرت و نایە سەری.

٣

هەفت گەوهەرم دی، هەفت گەوهەرم دی
یەکشەو نە خاودا هەفت گەوهەرم دی
زولاڵ بێ گەرد پڕ جەوهەرم دی
بنیامین پیر خاوەند وەرم دی
چەرخچی زەمان ساحێب بەڕم دی
ئۆسای ڕاستی و شکۆ و فەڕم دی
شەفیع یاران نە مەحشەرم دی
یار و یاوەر گەرد بەشەرم دی

***

من هەفت لاڵم دی، من هەفت لاڵم دی
شەوێ نە خاودا من هەفت لاڵم دی
لاڵ قیمەتی پڕ کەماڵم دی
داوود دەلیل سای جەماڵم دی
فرشتەی شەریف ساحێب ماڵم دی
نیگەهبان زام گەرد عەبداڵم دی
شەماڵەی ئاهر بای شەماڵم دی
هەفت غەواس خاس زێڵ زولاڵم دی

***



ڕەمز یارم دی، ڕەمز یارم دی
ئارۆ نە خاودا ڕەمز یارم دی
گەوهەر و زەڕ و هەم دینارم دی
ڕەنگا ڕەنگ دەرهەم کۆی ئەنبارم دی
دەستگیر یار و شەهریارم دی
دارووی دەردەدار هەم بیمارم دی
خاوەند ڕەمز و ڕەزای یارم دی
گەوهەر جەلای ئەو وە خەروارم دی

***

قەڵەم زەڕم دی، قەڵەم زەڕم دی
شەوێ نە خاودا قەڵەم زەڕم دی
دانای پڕ کەماڵ دەشت و بەڕم دی
دەفتەردارەکەی خاوند فەڕم دی
شۆڵەی ذات حەق سۆی ئەختەرم دی
وەشی گرد یاران نە دەفتەرم دی
ڕمووز یاران هونەروەرم دی
سرۆش غەیبی هەم سەروەرم دی

***

یاران خوانم دی، یاران خوانم دی
ئارۆ نە خاودا من هەفت خوانم دی
چەشمەی ئەنتەهور جۆی ڕەوانم دی
فانۆس و فەنەر گرد شەوانم دی
ئۆسای جەمخانەی سڕ پەنهانم دی
مورغ ئەزەڵی شادەودانم دی
مایەی زیندەگی و فەڕ زەمانم دی
چەرخچی چالاک گرد جەهانم دی

***

ڕۆچیارم دی، ڕۆچیارم دی
شەوێ نە خاودا ڕۆچیارم دی

نه نه ئێوەت و شا تەیارم دی
شا ئیبراهیم شا سوارم دی
خاوەند باغچەی وەشبۆی یارم دی
زەمزەمەی تویوور گرد گوڵزارم دی

***

زەردە بامم دی، زەردە بامم دی
یەکشەو نە خاودا زەردە بامم دی
یادگار شای هەر دوو زامم دی
ناز ناز ڕەواج مایەی کامم دی
ئەوشای سەرانەی خاس و عامم دی
جەمشید جەم قەدر مەی نەجامم دی
یارهەر دووسەر سوبح و شامم دی
سەر حەڵقەی یاران ساحێب نامم دی

واتە: شەوێکیان لە خەودا حەوت گەوهەرم دی کە زۆر پاک و خاوێن بوون و لە نێوانی ئەواندا سەرەتا پیر بنیامین فریشتەی خۆرم دی، ئەو چەرخێنەری زەمان و دەشت و کێوە، ئەو مامۆستای ڕاستی و فەڕ و شکۆیە. ئەو تکاکاری یاران لە ڕۆژی پەسڵانە، ئەو یار و یاوەری هەموو مرۆێکە.

شەوێکی تر لە خەودا حەوت لاڵم دی، یەکێ لەو لاڵە باییدارانە داوود بوو کە من چاوم کەوتە جوانیی ئەو، ئەو فریشتە کە دارایی و سامانی جیهانی بەدەستەوەیە، پاسەوانی و دیدەوانیی ئەوداڵان بەو سپێررا بوو و، بەچەشنی ئاگر هەموو شوێن و جێگایەکی ڕوون کردبووەوە و وەکو بای شەماڵ هەڵی کردبوو. ئەی یاران! من حەوت زریەوانی چاک و دڵپاکم دی.

من ئەمرۆ لە خەودا ڕەمزبارم دی کە لە بەرابەریدا گەلێ گەوهەر و زێڕ و دینار بوو، و وەکو هەمار هەڵدرا بوو و پاسەوانیی لێوە دەکرد، ئەو دەستگیر یاران و شالیاران و دەوای نەخۆشانە. ئەو خاوەند ڕاز و ڕەزای یارە، من لە لای ئەو گەلێ زێڕ و گەوهەرم دی.

دیسان شەوێکیان لە خەودا پیر مووسام دی، ئەو نوێنگەی زانایی و خۆ بەکەم زانینە و خاوەند دەشت و بێدییە و دەفتەردارێکی بەفەڕ و شکۆیە، لە دەفتەری ئەودا بۆ هەموو یاران شادی و خۆشی نووسراوە، ئەو شۆڵەی خوایی بوو، ئەو بەڕاستی ڕازی دیوانی خوایی و سروشی هونەروەر و سەروەر بوو.



ئەی یاران من ئەمرۆ لە خەودا حەوت سفرە و خوانم دی، سەرچاوەی پاک و جۆگەی ڕەوان و فانۆس و چرای هەموو شەوانم دی، وەستای جەمخانەی ڕازی شاراوە و پەلەوەری ڕۆژی بەرین واتە: شای دەودانم دی، مایەی ژیان و فەڕ و شکۆی زەمان و چەرخێنەری چالاکی جیهان و جیهانیانم دی.

دیسان شەوێکیان لە خەودا شا ئیبراهیمی ڕۆچیار پاسەوانی باغچەی بۆنخۆشی یار و چریکەی پەلەوەرانی گوڵزاری خواییم دی، ئەو یارە نازدارە خۆش قسەیەم لە نێوان چیمەن و مێرگدا دی کە پاسەوانی لەوانەوە دەکرد.

شەوێکی تر لە خەودا بابە یادگاری زەردەبامم دی، شای خاوەن دوو جیهان و تکاکاری یارانم دی کە مایەی خۆشی و شادی بوو، شای سەرانە و جەمشیدی جەمم دی کە مەی لە جامیدا بوو، بەڕاستی من سەردەستەی یارانم دی.

زولفەقار لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە هەفتەن یا حەوت فریشتەکان کە لە ئاینی زەردەشتدا ئەمشاسپەندانیان پێ دەڵێن، ئەم فریشتانە کە حەوت تەنن بەپێی نامەی سەرئەنجام ئەمانە بۆ پاسەوانی و دیدەوانی ئاسمان و مانگ و خۆر و ئەستێرەکان و با و هەوا و زەوی و ئاو و گیا و ئاگر سرشت کراون و لە ئاڤێستاشدا نووسراوە کە ئەم حەوت فریشتە هەر کام کارێکی تایبەتیان هەیە، بۆ وێنە بەخێوکردنی هەمووی گیانداران بەبەهمەن سپێرراوە و بەخێوکردنی ئاور بەدەستی ئوردی بەهەشتە و هەرچی ئەردزین و ئاسن هەیە لە ژێر چاوەدێریی شەهریوەرە و کاری کشتوکاڵ بەدەستی سپەندارمەزە و ئاوەکانیش لە ژێر دەستی خوردادایە و پاسەوانیی ڕووەک و گیاکان بەئەمورداد سپێرراوە و ئەهوورامەزداش کە خوایە لە هەمووی ئەمانە چاوەدێری دەکا.

٤

سەوڵێ نە کاشمەر، سەوڵێ نە کاشمەر
زەردەشت کە نیا سەوڵێ نە کاشمەر
پۆشنا دەشت و کەش و کۆ و کەمەر
بی وە جەمخانەی مووروان شەمەر
واتش ئی سەوڵە چون دارۆ سەمەر
پەرێ نشینەی مووروان سەمەر
هەر کەسێ ڕیشەش بەربارۆ وەبەر
ڕیشەی وێش بڕیۆ جە بن وەتەبەر

واتە: زەردەشت سەوڵێکی لە شاری کاشمەردا نێژا و چڵ و پۆی ئەم دارە بەجۆرێ بەرز بووەوە کە سەرتاسەری دەشت و بیاوانی داپۆشی و لە تۆی چڵەکانی ئەم دارە پەلەوەران هێلانەیان دانابوو و لەسەریا کۆدەبوونەوە. زەردەشت وتی: ئەم دارە بۆ نیشتمان و نیشتگەی پەلەوەرانی ئەفسانەبێژ زۆر بەکەڵک و سوودە و ئەگەر هەر کەسێک ڕیشەی ئەم دارە ببڕێ بێ گومان ڕیشەی ژیانی خۆی بەتەوەر بڕیوە.

لە شانامە و هەندێ پەڕاوی تردا دیاردی کراوە بەناشتنی ئەم سەوڵە بەهۆی زەردەشتەوە و بەیهەقی دەڵێ: ئەم دارە سەوڵە کە لە کاشمەردا بەدەستی زەردەشت نێژرا بوو، ڕۆژێکیان باسی ئەم دارەیان بۆ موتەوەکلی کوڕی موعتەسەمی خەلیفەی عەباسی کرد و ئەویش دەستووری دا کە ئەو سەوڵە ببڕن و بیهێننە بەغدا و کاتێ سەوڵەکەیان بڕی، موتەوەکل ئەو شەوە بەدەست چەند کەسەوە کوژرا و ئاژاوە کەوتە ناو دەوڵەتی عەباسی، تەنانەت دەڵێن ئەو کەسانەش وا دارەکەیان بڕی، کەسیان لێ نەما و هەموویان کوژران.

سەرچاوەکان
١– دیوانی زولفەقار – کۆکردنەوەی سدیق بۆرەکەیی.
٢– مشاهیر اهل حق – تالیف: صدیق صفی زاده – تهران، ١٣٦٠.
٣– نوشتەهای پراکندە دربارە پارسان – تالیف: صدیق صفی زاده – تهران، ١٣٦١.
٤– تاریخ بیهقی – تالیف ابوالحسن بیهقی – تهران، ١٣١٧.
٥– یادداشتەکانی خۆم، سەبارەت بەزولفەقاری گۆران.

## غولام ڕەزاخانی ئەرکەوازی

١١٩٥ – ١٢٥٥

ئەم هۆنەرەمان ناوی غولام ڕەزا و کوڕی حەمەسەنی پشتکۆییە و نازناوی حەیدەرە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١١٩٥ی کۆچی لە دێی سەرجفتەی نزیک پشتکۆی لوڕستاندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێگەیشتووە هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و بۆ خوێندن زۆربەی ناوچەکانی پشتکۆ و پێشکۆ گەڕاوە و ماوەیەکیش لە کرماشان و دینەوەر خەریکی خوێندن بووە و سەرئەنجام گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە ساڵی ١٢١٦ کە مامە حەسەن خان بووەتە والیی پشتکۆ غولام، ڕەزای بردووەتە لای خۆی و پاشان نازناوی خانیەتیی پێ داوە و کردوویەتە کوێخای دێی ئەرکەواز، بەڵام لە پاشا والی ڕقی لێ هەڵگرتووە و چەند ساڵێک خستوویەتە بەند و لە بەندیخانەدا (موناجات نامە)یەکی هۆنیوەتەوە و ئەوسا ئازاد بووە و گەڕاوەتەوە دێی



ئەرکەواز و پاشماوەی ژیانی بەکاری کشتوکاڵ و کوێخایەتی بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٥٥ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەو دێیە نێژراوە.

غولام ڕەزاخان، بەیەکێ لە هۆنەرانی کورد دێتە ژمار و لە هۆنراوەکانی وا دەردەکەوێ کە لە وێژەی فارسی و عەرەبی و کوردی و لێکدانەوەی قورئان و گەلێ زانیاریی تر شارەزا و پسپۆڕ بووە. وا دیارە هۆنەر لە مانگی ڕەمەزاندا بەند کراوە کە دەڵێ: مانگی ڕەمەزان کە مانگی تایبەتی خوایە، بۆ من بووە ڕۆژی پەسڵان، بەربانگم باری لێوە و پارشێوم ئاهی ساردە، پێخەفم پێستی لەشە و سەرینم لەبەردە:

مانگ موبارەک مەخسووس داوەر — پەرێ من بییەن وە یەومولەحشەر
فەتوور بار لێو، سەحوور ئاه سەرد — پۆشاک پۆس گیان سەرینگا ژ بەرد

لە بەندا ئازارێکی زۆری دەدەن و دیارە بەدەستووری والیی پشتکۆ بووە، کە تەوقی ئاسنین دەخەنە ملی و زنجیر دەخەنە هەردوو پێی واتە کۆت و زنجیری دەکەن لەوە خراپتر پێکانی بەزنجیرەوە دەخەنە ناو سەهۆڵاو بۆ ئەوەی ڕەنج و ئازارێکی زۆرتر بکێشێ:

تەوق گەردن گیر قەرە بەقرای تەنگ
زوان لە کسرەت لاحەول وانان لەنگ
بووە و باوەقووش ژ ناڵەم ئاسەن
باوەقوش مەدهۆش، بوو هەم هەراسەن
مەخلووقان عاجز شەو بێداریمەن
بێداری ژ جەور عوسرەت باریمەن
پام قەید لە یەخاو کوند هەم عەلاوەن
شەو دیدەم ژ ئێش بوخار بێ خاوەن

هۆنەر لە پاش ئەم گلە و سکاڵایە کە لە بەختی خۆی دەیکا وا کەوتووەتە بەند، دەست بۆ هافی عەلی دروودی لێ بێ درێژ دەکاتەوە و دەکەوێتە ڕاز و نیاز و دەڵێن لە پاش ڕاز و نیازەکەی کە بریتییە لە ٦٦٦ هۆنراوی کوردی زنجیرەکە لە دەست و پێی کراوەتەوە و بەشەوا لە بەندیخانەکە هەڵاتووە و هەندێکیش دەڵێن کارەساتەکەیان بەوالی وتووە و دەستووری ئازادیی ئەوی داوە و گەڕاوەتەوە دێی ئەرکەواز، وە خۆی لە ڕاز و نیازەکەیدا دەڵێ:

هاوار وە دەرگاش وە چەندین شێوە
تکرار ئەبیات چون بەیت لێوە

کەردم وە تەعداد ئایات بێ غەش
یەعنی شەش سەد بەیت چەنی شەست و شەش
شەش هەزار ئاهیش نە دەروون کێشام
شایەد ڕەحمەت بای وەبەخت سیام
نیمە حەڵقەی دام زنجیرە دەستم
بیست و سێ بەند عەجز وە دەرگاش بەستم

غولام ڕەزا خان لە (موناجات نامە)کەیدا وا دەردەکەوێ کە عەلەوی بووە، چونکە لە ستایشی هافی عەلیدا لە ئەندازەی خۆی تێ پەڕیوە بەجۆرێ کە داوای هەموو شتێکی لە ئەو کردووە و ئەوی بەئاگای ڕازی نەدیو و بێ هاوتا زانیوە، وەکو دەڵێ:

ئاگای سرِ غەیب، ئاگای سرِ غەیب — یا عەلی عالی ئاگای سرِ غەیب
گوستاخ خەڵوەت بێ هەمتای لارەیب — پاک مونەزز موبەرا ژ عەیب

بەڵام موناجات نامەکەی لە ئەوپەڕی بەرزییەوەیە و بەشاکارێکی وێژەی کوردی دێتە ژمار و کەمتر هۆنەرێک توانیویەتی بەو چەشنە ڕاز و نیازە بگا. ئەمەش بەندێک لە (موناجات نامە)کەی کە تیایدا دەپاڕێتەوە و دەڵێ:

عالی مەکان هەی، عالی مەکان هەی
یا عەلی ئەعلا عالی مەکان هەی
یا وەلی موتلەق سیرِ سوبحان هەی
والی ولایەت شای واڵاشان هەی
واقف مەحزەر پەروەردگار هەی
(حُجةُ البُرهان) کبر کبار هەی
هەی مەکان باڵای عەرش بەرین هەی
(علم الاسماء علم الیقین) هەی
هەم عالم علم سەلوونی زان هەی
باعس دنیا کەون و مەکان هەی
هەی بێ جبرەئیل نە ڕای میعراج هەی
هەی ستانەندەی نگین و باج هەی
داماد بن عەم زەوج بەتوول هەی
هەی ئاگا وە ڕاز خودا و ڕەسوول هەی



هەی تیر شەهاب شوجاعەت بار هەی
ناسر مەنسوور نوسرەت شعار هەی
هەی عومدەی عیماد عەموود دین هەی
هەی حاکم چەپ، یسار، یەمین هەی
هەی موشکڵ گوشای کار پەی ئاسان هەی
هەی هەی عارفان زاتت ناسان هەی
هەی گشت گومڕاهان حەق شناس هەی
هەی سەلمان وە چنگ شێر خەڵاس کەر هەی
هەی وە حاجەتی ئال ئەسیرت
وە دوو گۆشوارەی عەرش کەبیرت
وە زاهدیی زوهد زەینولعوبادت
وە توول روکووع سوجدەی سەجادت
وە سادقیی سدق جەعفەر نە رای دین
وە ئیمام مووسا لەقەب کازمەین
یا حەق وە حورمەت ئیمام هەشتەم
نەجات دەر ئەحواڵ بەخت بەرگەشتەم
وەتەوقی نەقی ژ عایب دوورت
وە گشت ئەهل بەیت رای تەقوا جوورت
ئەلوەعدو یاشا دەردم دەواکەر
(مقضی المرام) حاجەت بەر ئاوەر

غولامرِەزا وا دیارە هەر لە سەرەتاوە گراو و سەوداسەر بووە و دڵخوازەکەی بەتەواوی کاری کردووەتە سەری، بۆیە بەم چەشنە ستایشی زڵێخای خۆشەویستی کردووە:

زڵێخام ژە چین، زوڵێخام ژە چین
چین زوڵف سەنەن ژە خەیاتەی چین
ژ تاووس توغرای ئەلوانی موشکین
عەتریات ژە عەتر ریح ژە ریاحین
ژە غەوواس قەوسەین، غەزاجوو پرِکین
عەین ژە غەزاڵان وەحشی بەعیدبین

عەشق ژە کەمووتر قیتە ژە بۆرچین
چالاکی ژە باز حەڵمەت ژە شاهین
گۆناش ژە گوڵنار، لەو ژە لەعل کان
خەم ژە یەنابیع سەر چەشمەی حەیوان
دنان چی سەدەف یا لوءلوء مەرجان
زەنەخ ژە لیمۆ، زنج ژە زەڕ فنجان
گەردەن ژە مینای بەزم ئارای کەیان
پێچان وە گەردەن بلورین حەییان
سینەش ژە سەدەف یا ژە تەختەی عاج
خالان مەوەردن ژە ماچین خەراج
یان ژە تەسویرات شاپوور نەسساج
یان دانەی ئەڵماس نەسب جیقەی تاج
مەمان ژە رومان یا لیمۆی نەوڕەس
یا ژە شەمامان نەوخێز یا نیم ڕەس
کەمەر چی جەیران چۆلانی ماوا
شەفەین شەعشەعەی زەردی خوەراوا
قیام ژە سەولان، قامەت ژە پەری
شوعاع ژە خوەرشی، شەوق ژە موشتەری
وەفا ژە شیرین، تاقەت ژە لەیلی
نیم نگا مەکەرد هەم وە بێ مەیلی
هەم لەیل، هەم شیرین، هەم گوڵ ئەندامەن
پۆسەی نمایان دیدەی (غولام)ەن

واتە: زوڵفی زلێخای خۆشەویستم وەکو هەورێشم نەرمە و پەلکەکانی وەکو پەڕی تاوس ڕەنگاوڕەنگن، برۆکانی وەکو کەوان وایە و لە تیروکەوانی شەڕکەران ڕقاویترە بۆ دڵی ئەویندار، چاوەکانی بەوێنەی چاوی ئاسکە، ئەوینی لە کۆتر و مەلەی لە بۆرچین و چوستی و چالاکیی لە شاباز و هەڵمەتی لە هەڵۆ دەچێ، گۆناکانی بەناسکی و جوانیی گوڵە و لێوانی وەکو لاڵن و دەمی وەکو ئاوی ژیانە و ئەستۆ و گەردنی وەکو بلوورە و قژەکەی لوولە و وەکو مار بەدەور مەمکەکانییەوە ڕاوەستاون، سینگی وەکو عاج سپییە و خاڵەکانی لە



چینوماچین خەراج وەردەگرن ئەڵماسێک وەکو جوقە لە بان سەریەوەیە و سەرنجی بنیادەم ڕادەکێشێ، مەمەکانی وەکو دوو لیمۆی کاڵ یا دوو شەمامە دڵ ڕادەکێشن، کەمەری وەکو کەمەری ئاسکی دەشتە و لێوەکانی وەکو زەردەی خۆرئاوایە و تەوێڵی وەکو خۆر دەدرەوشێتەوە، لە ڕاستیدا وەکو لەیلا و شیرین و گوڵەندامە، بۆیە (خولام) پەشێو و پەرێشانیەتی.

یەکێ لە پارچە هەڵبەستەکانی غولام ڕەزا خانی ئەرکەوازی، پارچە هەڵبەستی بزن و درەختە کە گەلێ تەڕ و پاراو شیرینە و ئەمە هەر هۆنراوەی درەختی ئاسووریگە کە بەزمانی پەهلەوی بەیادگار ماوەتەوە و نموونەیەکی کۆنە لە وێژەی پەهلەوی، وەکو دەڵێن لە دەوری ئەشکانییەکاندا هۆنراوەتەوە و لە زەمانی خەسرەو پەروێزی ساسانی (٥٩٠ – ٦٢٨ی زایین)دا لە پەهلەویی ئەشکانییەوە وەرگێڕاوەتە سەر پەهلەویی ساسانی و پارچە هەڵبەستی درەختی ئاسووریگ یەکێ لە باشترین پارچە هەڵبەستەکانی پەهلەوییە. وە بئونیست کە یەکێ لە خۆرهەڵات ناسانی هەرە بەرزە، یەکەم کەس بووە کە وتوویە درەختی ئاسووریگ بەهۆنراوە و لەم چیرۆکەدا بزن نوێنەری زەردەشتە و درەختی ئاسووریگیش نوێنەری ئاینی ئاسوورییە و پاشان غولام ڕەزاخان ئەم چیرۆکەی هێناوەتە سەر زمانی کوردی و شک و گومانیش لەوەدا نییە کە غولام ڕەزاخان ئاشنایەتیی بەزمانی پەهلەوی نەبووە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم چیرۆکە لەناو کوردەواریدا باوە و بەشێکە لە فۆلکلۆری کوردی و ئەو ئەم چیرۆکەی بەهۆنراو هۆنیوەتەوە و بەیادگار بەجێی هێشتووە. ئەوەی کە جێی سەرنجە زۆربەی ڕستەکان و وشەکانی پەهلەوی هەر لە کوردیی گۆرانی دەچن و لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە زمانی پەهلەوی دەچێتەوە سەر زمانی مادی و دەتوانین بەلکێکی کوردی دای بنێین.

لەم چیرۆکەدا بزن و درەختی خورما لەگەڵ یەکدا دەکەونە پیلەبازی و وشەڕە قسە و درەخت بەبزنەکە دەڵێ: من لە تۆ بەرترم و چونکە شا لە بەروباری من دەخوا و تەختەی کەشتیوانەکان لە منە و گسک و گوریس لە من دروست دەکەن و هەنگوینەکەم پیاوانی ئازا و نەبەز دەیخۆن و میوەکەم شار بەشار دەیبەن. بزنیش لە وەڵاما وتی: پەلکە و پرچت وەکو پەلکەی دێوە و خۆ هەموو کەسێک ئەوە دەزانێ کە شیر و پەنێر و کەرە لە من دەگرن و تەنانەت مێزەر و خوان و سفرە لە من دروست دەکەن، نامە و دەفتەر و تۆمار لەسەر من دەنووسن و هەنبانە لە من دروست دەکەن و زان و پەنیری تێ دەکەن و ئەم خەڵکە ژیانی لە منە و کەوابوو من لە تۆ بەرترم چونکە لە شیری من پەنیر و ماست و کەرە دروست دەکەن و خواپەرستەکان پێستی منیان لەلایە و چەنگ و بەربەت و تەنبوور کە لێ دەدەن

بەیارمەتیی منەوە و گیای تەڕ و تازە دەخۆم و لە کانی و سەرچاوە ئاوی سارد دەخۆمەوە کەچی تۆ وەکو مێخ و بزماری جۆلاکان داکوتراوی.

ئەم چیرۆکە بۆیەکەمین جار لەلایەن مامۆستا حەمە تەقی مەلیکولشوعەرای بەهار (١٣٠٤ – ١٣٦٨ی کۆچی) لە گۆڤاری تۆفان لەگەڵ تەرجەمەی فارسیدا لە چاپ دراوە و پاشان لەلایەن: هنینگ و جاماسپ و بارتۆلۆمە و ئوونوالا و ویدنگرن و سمیت و جیانکارلۆ و دوکتۆر ماهیاری نەوابی و دکتۆر فەرهادی ئابادانی و دوکتۆر ئەحمەدی تەفەزولی ڕاڤە کراوە و لەسەری کۆڵراوەتەوە کە ئەوا لێرەدا ئەو هۆنراوانە دێنین و واتاکانیان بەسۆرانی دەنووسین تا هەموو کەڵک و سوودی لێ وەرگرن:

بزە و درەختەن، بزە و درەختەن
سەیر گوفتگۆی بزە و درەختەن
گەر چە ئی ڕۆژگار زیندەگیش سەختەن
هەر کەس وێش ناسا ئانە خوەشبەختەن
باس فزوونی بەین وێشانەن
بزانین ئاخر حەق وە کێشانەن
ئەووەڵ کە درەخت ئاما وە گوفتار
واتش ئەی بزە وێش بکەر ڕەستار
درەختێ سەوز بێ نە سەر کۆساردا
بەرش شیرین بێ نە ڕۆژگاردا
ئەو دارە چەنی بزە ستێزا
دوو جا دەروونش چون ئاهر خێزا
واتش من جەتۆ خەیلێ بەرترم
پەرێ دوژمنان وێنەی ئاهرم
من جە سوورستان بێ هەمتا و فەردم
مایەی ئارامیی گرد ئێش و دەردم
شا بارم وەڕۆ چون بار ئاوەرۆم
وە دەست وێمەن من هەرچی کەرۆم
کەشتی و بەلەم جە من مەسازن
کناچە و ژەنان گرد وە من نازن



خۆ گزی جە من کە ساز مەکەرن
کناچان یەک یەک نامم مەبەرن
ورێسە جە من مەکەرن وە ناز
وەرزاران چەنیم مەبم وە هامڕاز
مێخ جە من دروس مەکەرن یەک یەک
پەرێ عێلات لوڕ و وەن و لەک
هەنگوێنم وەشەن پەی ئازاد مەردان
یەک یەک مووەرن نە دەشت و هەردان
ئەوانەش کەوا هیچێ نەدارن
شەو و ڕۆ پەرێم مات و خەمبارن
جە بار و بەرم مووەرن هەردەم
گرد جە زێڵشان مەشۆ دەرد و خەم
بەڵێ دەستوورەن کە گرد من سەرکەن
تا خەم و ئەندۆی زێڵشان دەرکەن
گرد ئینە ماچان یە پەند پیرەن
هەر کەسێ جە من دوور بۆ زویرەن
بزە چون شنەفت ئی کۆچ و گوفتار
ئاما وە زو وان کەردش گرفتار
واتش وە درەخت هەی هەی چێش ماچی
مەبۆ هەر درۆ تۆ وە من واچی
کاکۆڵ و بەژنت بەوێنەی دێوەن
شاخت درێژ و چون شاخ مێوەن
گردین مەردومان هەر لێت مەگرێزۆ
دووی دۆزەخ ئانە جە لێت مەخێزۆ
هەی هەی من کورد و بیاوان گێڵم
چەنی گرد بزان نە کۆسار وێڵم
جاگەم کوردستان وێنەی بەهەشتەن
هەر جاش مەوێنی هەر کۆ و دەشتەن

گردیان خواپەرست هەم پەرهێزگارن
گرد بەندەی خاس پەروەردگارن
گردیان شیرم مەوەرن پەی پەی
مەشکم مەژەنن بەبێ دەرد و وەی
خووان چەرمی جە من ساز مەکەن
کناچان مەیۆن یەک یەک ناز مەکەن
چەرمم مەنویسن پەی پادشاهان
نامم مەوانن جە گرد دەرگاهان
ژی جە من کەرن پەی ساز و کەوان
تا یاران یەک یەک گرد مەون جەوان
خۆ رانک و چۆغەی کورد هەورامان
جە من ساز مەکەن جە سوب و شامان
بەرگە ساز مەکەن پەی پاڵەوانان
پۆستم مەکەرن وە تۆشەی خوانان
هەنبانە جە من دروس مەکەرن
شیر و پەنێرم گردیان مەوەرن
کۆ وە کۆ مەشم شیرم مەدۆشن
مەردوم پەرێ من خەیلێ مەکۆشن
شیرم دەرمانەن پەرێ گرد دەردێ
چونکە مەگێڵم نە سەر گرد هەردێ
نە شیرم فرۆ و پەنێر ساز مەکەن
ماست و کەشک من وە دەمساز مەکەن
چەنگ و بەربەت و تەموور و کنار
وە ژیم مەژەنن جە گاس وەهار
بێ گومان کە من وەرترم جە تۆ
چونکە مەنیشم نە سەر کەژ و کۆ
گیای تەڕ و تازە مەوەرم جە دەشت
ئاو سارد مەنۆشم وە گەردش و گەشت



دار چون یەشنەفت سەرش وست بەوار
جە شەرمەساری گرەوا بەزار
واتش راست ماچی ئەی بز سالار
هەر تۆ وەرتری جە من نەی ڕۆزگار
یە (غولام) واتەن وە ئاواز بەرز
حەق هەر ئەو حەقەن پێمان مەدۆ دەرز
دەسا سا وەس کەر چێش ماچی ئانە
هەر ڕووکەر وە حەق دەردت گرانە
چونکە هەر ئەوەن تۆ ڕزگار کەرۆ
خەم و ئەندۆه و پەژارەت بەرۆ
یە مانگ برێ و گاس وەهارەن
گرد ماچان ئانە دەور دەور یارەن
برج بارخانەی یارم دیارەن
ڕۆژم ڕۆشنەن، شەویشم تارەن
بێ گومان دونیا مەبۆ چراغان
(غولامیش) نیشۆ هەر نە ڕووی داغان
واتە: بزن و درەختە
سەیری وتوویژی بزن و درەختە
گەرچی ئەم ڕۆژگارە ژیانی سەختە
هەر کەسێک کە خۆی ناسی وا بەختەوەرە
باسی بەرتری نێوانی خۆیانە
بزانین ئاخر هەق بەکامیانە
سەرەتا کە درەخت هاتە زمان
وتی: ئەی بزن خۆت رزگار بکە
درەختێ سەوز بوو لەسەر کۆساردا
بەری شیرین بوو لە ڕۆژگاردا
ئەو دارە لەگەڵ بزنەکەدا بووە شەڕی
دووکەڵ لە دەروونی وەکو ئاگر هەڵسا

وتی: من لە تۆ گەلێ بەرترم
لە بۆ دوژمنان وەکو ئاورم
من لە سوورستان (بابل) بێ هاوتا و تاکم
مایەی ئارامی هەموو ئێش و دەردێکم
شا بار و بەرم دەخوا کاتێ کە بەرم پێ دەگا
هەر بەدەستی خۆمە کە هەرچی بکەم
کەشتی و بەلەم لە من دروست ئەکەن
کچان و ژنان گشتیان بەمن دەنازن
خۆ گسک لە من کە دروست دەکەن
کچەکان یەک یەک ناوم دەبەن
ئەوان گوریس بەهۆی من دەهۆننەوە بەناز
وەرزێران لەگەڵ مندا ئەبن بەهاوڕاز
مێخ و بزمار لە من دروست دەکەن یەک یەک
بۆ هۆزەکانی لوڕ و وەن و لەک
هەنگوێنم خۆشە بۆ پیاوانی ئازا و نەبەز
یەک یەک ئەیخۆن لە دەشت و هەردان
ئەوانەش کەوا هیچێکیان نییە و هەژارن
شەو و ڕۆ بۆ من مات و پەشێون
لە بار و بەرم هەموودەم دەخۆن
هەموو لە دڵیان دەرد و خەم لادەچێ
بەڵێ دەستوورە کە هەموو دەبێ من لەبیر کەن
تا خەم و پەژارەی دڵیان دەرکەن
هەموو ئەمە دەڵێن و ئەمە پەند و ئامۆژگاری پیرە
هەر کەسێ لە من دووربێ زویرە
بزن کە ئەم قسەیە بیست
هاتە زمان و ئەوی گرفتار کرد
وە بەدارەکە وتی هەی چی دەڵێی؟
لەبەرچی تۆ دەبێ هەر درۆ بەمن بڵێی؟



کاکۆڵ و بەژنت هەروەکوو دێوە
شاخت وەکوو شاخ و چڵی مێو درێژە
هەمووی خەڵک لە دەستت ڕادەکا
دووکەڵی دۆزەخ ئەوا لە تۆ هەڵدەسێ
هەی هەی من کورد و بیاوان گەڕم
وە لەگەڵ هەمووی بزنەکان لە کۆساردا وێڵ و ئاوارەم
جێگەم کوردستانە وەکوو بەهەشتە
هەر کوێی ئەبینی هەر کێو و دەشت و هەردە
خەڵکەکەی هەموویان خواپەرست و هەم پارێزکارن
هەموویان بەندەی باشی پەروەردگارن
هەموویان پەی دەرپەی شیرم دەخۆنەوە
مەشکەم دەژەنن بەبێ دەرد و وەی
سفرە و خوانی چەرمی لە من دروست دەکەن
کچەکان دێن و یەک یەک ناز دەکەن
چەرمەکەم دەنووسن بۆ پادشاکان
ناوم دەخوێننەوە لە گشت دەرگا و بانێکدا
ژی لە من دروست ئەکەن بۆ ساز و کەوان
تا یاران یەک یەک جوان بنەوە
خۆ ڕانک و چۆغەی کوردی هەورامان
هەر لە من دروست دەکەن لە بەیانی و ئێوارانـدا
جلوبەرگ هەر لە من بۆ پاڵەوانان دەدروون
خوان و سفرە لە پێستی من دروست ئەکەن
هەنبانە هەر لە من ساز دەکەن
هەموویان شیر و پەنیرم دەخۆم
کێو بەکێو دەگەڕم و شیرم دەدۆشن
خەڵک بۆ من گەلێ تێ دەکۆشن
شیرەکەم بۆ هەر دەرد و نەخۆشییێک دەرمانە
چونکە هەر کێو دەگەڕم و دەلەوەڕم

له شیرم فرۆ و پەنێر دروست دەکەن
ماست و کەشکی من دەکەنە هاودەمی خۆیان
چەنگ و بەربەت و تەنبوور،
وە ژیم دەیژەنن لە وەرزی بەهارا
بێ گومان کە من بەرترم لەتۆ
چونکە لەسەر کەژ و کێوا دادەنیشم
گیای تەڕ و تازە ئەخۆم لە دەشت
ئاو سارد دەخۆمەوە و بەگەڕان
دارەکە کاتێ ئەمەیە بیست سەری خستە خوار
وە لە شەرمەزاریدا دەستی کردە گریان
وتی: راست دەکەی ئەی بزنی سالار
هەر تۆ بەرتری لە من لەم رۆژگارەدا
ئەمە (غولام) وتوویەتی بەدەنگی بەرز
هەق هەر ئەو هەقەیە کە وانەمان پێ ئەدا
دەسا سا بەس کە تۆ چی ئەڵێی
هەر رووکەرە هەق دەردت گرانە
چونکە هەر ئەوە کە تۆ رزگار دەکا
خەم و پەژارەت بەجاری ئەبا
ئەمە مانگی تیشک و وەرزی بەهارە
هەموو دەڵێن کە ئەمە دەوری یارە
برجی بارخانەی یارم دیارە
ڕۆژم ڕووناکە و شەویشم تاریکە
بێ گومان دنیا دەبێتە چراخان
(غولامیش) دەچێتە سەر کێوەکان و دائەنیشێ

یەکێ لە پارچە هەڵبەستەکانی غولام ڕەزاخان پارچە هەڵبەستێکە بەناوی رشتەی مرواری کە گەلێ شیرین و تەڕ و پاراو و ڕەوانە و لەوەدا گەلێ مەبەستی پیتۆڵی و خواناسیی بەکاربردووە کە لێرەدا لەسەر هۆنراوەکانی دەکۆڵینەوە، وەکوو ئەڵێ:

ئەی بەخشندەی ویر پەی تۆوەن خاسی
هەر تۆ من مەوەی وە ڕاگەی ڕاسی



واتە: ئەی بەخشندەی بیر و ئاوەز هەموو چاکەیێک لە تۆوەیە
وەتۆ هەموودەم من بەرەو ڕێی ڕاست ڕێنوێنی دەکەی

بیر و ئاوەز کە هۆنەر دیاردیی پێ کردووە لە زاراوی پیتۆڵەکاندا دوو واتای هەیە: یەکەم ئاوەزی گشتی کە پیتۆڵەکان ئەوە بەبیری بنەڕەتی و خواناسەکان بەتیشکی پێغەمبەر و هەندێک بەسرۆشی دەزانن و هەر لەو بیرەوەیە کە هەموو بەهرەیەک دەگاتە بنیادەم و دووەم ئاوەزی تاکی کە پیتۆڵەکان پێی دەڵێن هێزی ژیری و مرۆ بەهۆی ئەم دوو هێزەوە دەتوانێ خۆی بەپلەوپایەیێکی بەرز بگەینێ وەکو پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دروودی خوای لەسەر بێ دەفەرمووێ: «أَفلَحَ مَن رُزِقَ لُباً». واتە: ئەو کەسەی کە ئاوەزی هەیە رزگار دەبێ.

تۆ جە نوور وێت ئانە پەنهانی
وەو گرد ڕۆشنیە نە چەم نیهانی

واتە: تۆ لە تیشکی خۆرتاوا شاراویتەوە
وە ئەم گشت ڕووناکییە لەچاو نادیارە

هۆنەر لەم هۆنراوەدا دیاردی دەکاتە داپۆشرانی گیانلەبەران کە ئەوەش بەهۆی ئەم سێ لایەنەیە: یەکەم؛ گیانلەبەر بەئەندازەیەک گەورەیە کە ناتوانێ هەست بەڕاستەقینە بکا و خوای تاق و تەنیا ببینێ و دووەم؛ گیانلەبەر بەئەندازەیەک گچکەیە کە ناتوانێ بەهێز بگا وەکو تیشکی هەستی کە شەپۆلەکەی کەمتر لە ئەندازەی پێویستە، سێیەم؛ هێز بەئەندازەیەک کزە کە مرۆ ناتوانێ شتی پێ بناسێ و، خوا بەهۆی تیشکی خۆیەوە لە چاوی خەڵک نادیارە بەڵام لە دڵی خواناساندا ئاشکرایە وەکو هافی عەلی خوای لێ رازی بێ ئەفەرمووێ: «إِني لَم اَعبدُ رَباًّ لَم اَره». واتە: من خوایەک نەبینم نایپەرستم.

هەر وە نوور تۆ دنیا ڕۆشن بی
تاریکیت پەرێ ئیقبالّ من بی

واتە: هەر بەتیشکی تۆ جیهان ڕوون بووەوە
وە تاریکیت هەر بۆ بەختی من بوو

هۆنەر لەم هۆنراوەدا دیاردی دەکاتە تیشک و، تیشک بریتییە لە دەرکەوتنی خوای تاق و تەنیا وەکو لە قورئانی بیرۆزدا دەفەرموێ: «اللّهُ نُور السَماوات والأَرض». واتە: خوا تیشکی ئاسمانەکان و زەوییە و، خواناسەکان دەڵێن: تیشک، تیشکی دڵی خواناسانە و تیشکی ڕاستەقینە ئەوەیە کە کەسانی تر ڕوون دەکاتەوە و، ئەوەی شت ڕوون دەکاتەوە تیشکی پێ نالێن، هەتاو تیشکە، مانگەشەو تیشکە، چرا تیشکە، نە بەو واتایە کە خۆی ڕوون کاتەوە،

بەڵکو دەوروبەری خۆی ڕوون دەکاتەوە و، خوا ڕۆشنکەرەوەی ئاسمانەکان و زەوییە و، تەواوی تیشکەکان هەر لە ئەوە.

پێغەمبەریش خۆ رەهنمای رامەن
دوازدە ئیمامیش پەرێ من کامەن

واتە: پێغەمبەریش خۆ ڕێ پیشاندەرمە
دوانزە ئیمامیش هەر بۆ من کام و خۆشییە

پێغەمبەر ئەو کەسەیە کە لەلایەن خواوە هەڵدەبژێرێ بۆ ڕێنوێنیی خەڵک تا ئەوان بخاتە سەر ڕێی خواپەرستی و ڕێنوێنییان بکا و ڕێنوێنییش دوو جۆرە: یەکەم ڕێنوێنیی هێنانەدی و دووەم ڕێنوێنی ڕێی خوایی. ڕێنوێنی هێنانەدی بەخششێکە کە لەلایەن خواوە دێتە دی و هەموو بەهرەی لێ دەبەن و، ڕێنوێنیی خواپەرستی بەخششێکە کە لەلایەن خوای مەزنەوە بەهۆی پێغەمبەرانەوە دێتە دی، وەکوو خوای مەزن دەفەرمێ: «وَاللَّهُ يُهدي مَن يَشاءُ إِلى صراطٍ مُستَقيم». واتە: خوا کەسێکی بوێ بەڕێی ڕاست ڕێنوێنی دەکات. هۆنەر لەم هۆنراوەدا بەدوانزە ئیمام دیاردی دەکا کە ئیمام ئەوەیە خەڵک بەرەو ڕێی خواپەرستی و یەکتاپەرستی ڕێنوێنی بکا و، خواناسان ئیمام بەجێنشینی پێغەمبەر دادەنێن کە ئەرکی ئەوان ڕێنوێنیی خەڵکە.

بوانن نامەم و عەهد و وەفا
نامەم نەزانی گرد مەدۆ شەفا

واتە: هەمووتان نامەکەم بەبەڵێن و ئەمەگ بخوێننەوە
چونکە نامەکەم نەخۆشیی نەزانی چارەسەر دەکا

لەبەرئەوەی هەندێ لە خەڵک لە ڕابردوودا خەریکی تووڵانەوە و خراپە بوون و بەڕاستەقینە و ڕێی خوایی نەگەیشتبوون و تەنانەت بوونە هۆی نەزانیی خەڵکیش، چونکە ئەمانە نەیاندەویست کە خەڵک بکەونە سەر ڕێی ڕاستی خوایی، ئەوەبوو بەنەخۆشییەکانی نەزانی و ئێرەیی و مەرایی دووچاربوون و کەوتنە ڕێی ئەهریمەن. وشەی نەزانی لە زاراوی خواناساندا بریتییە لە مەرگی دڵ کە هەست بەڕاستەقینە ناکا.

پڕەن جە حیکمەت ئانە ئیمانەن
حیکمەت یانێ چێش پەی گرد دەرمانەن

واتە: پڕە لە ڕێنوێنی و زانین و ئەوەش بڕوایە
ڕێنوێنی و زانین یانی چی؟ بۆ هەموو کەسێک دەرمانە



ڕێنوێنی کە دیاردی پێ کرا بەواتای فەرمانەکانی ئاینە وەکوو لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمێ: «وَمَن يؤتَ الحِكمَةَ فَقَد أُوتيَ خَيراً كَثيراً». واتە: هەر کەسێک کە بەئەو ڕێنوێنی و زانین دراوە بێ گومان چاکەی زۆری پێ بەخشراوە و، مەبەست لە ڕێنوێنی لەو ئایەتەدا بڕوا بەخوا و پێغەمبەرە و، لەلای ئایندارەکان باوەڕکردنە بەدڵ و گیان بەوەی کە بۆ پێغەمبەری گەورەی ئیسلام هاتووە، وەکو پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دەفەرمووێ: «أَفضَلُ الايمانِ أَن تَعلَمَ أَنَّ اللَّه مَعَكَ حيثما كُنت». واتە: باشترین بەشەکانی بڕوا ئەوەیە کە بزانی لە هەر کوێ دای خوا لەگەڵ تۆیە. کاشانی لە پەرتووکی: "مصباح الهدایە"دا دەڵێ: بڕوای دروست ئەوەیە کە پارێزگار لە بڕوای خۆیدا بەپلەوپایەی بێ، دڵا و دڵی بکا و، ئەوەش جیاواز لەوەی کە هەندێک بەزانستی ڕاستەقینە بگەن و هەندێکیش بەزانستی خوایی دەست پەیدا کەن.

دوڕ و گەوهەر و شکۆفە و گوڵەن
نە نە ئەی یاران ڕەهنمای دڵەن

واتە: دوڕ و گەوهەر و شکۆفە و گوڵە
نە نە ئەی یاران ڕێ پیشاندەری دڵە

دوڕ کە لەم هۆنراوەدا دیاردی پێ کراوە لە زاراوی خواناساندا بریتییە لە فەرمانبەرداری و ملکەچکردن بۆ خوای مەزن و شکۆفەش بریتییە لە نیشانەکانی خوایی کە مرۆ دەبێ پەی پێ ببا و گەوهەریش ڕاستی و دروستیی مرۆیە کە دەبێ لەو ڕێگەوە بڕوا و گوڵیش ئەنجام و بەروبۆی ناسیارییە کە بەچاو بیبینن.

پەوکە نامم نیا ڕشتەی مرواری
عەقیدەی وێمەن یاران یاری

واتە: بۆیە ئەم نامیلکەیەم ناو نا ڕشتەی مرواری
چونکە بڕوای خۆمە ئەی یارانی هاودەم

ڕشتەی مرواری کە ناوی ئەم پارچە هەڵبەستەیە، گەوهەرێکی بەنرخە لە مێژووی وێژەی کوردیدا کە هۆنەر مەبەستەکانی خۆی بەو چواندووە و لەوەدا سەبارەت بەزانین و زانستەکانی جۆر بەجۆر دواوە کە ئێمە لێرەدا شیمان کردووەتەوە و لەسەری کۆڵینەتەوە.

سەر ڕشتەی دنیا هەر وە دەس وێشەن
هەر چە مەوازی ئانە ئەو پێشەن

واتە: سەرڕشتەی دنیا هەر بەدەست خۆیەتی
وە هەرچیت بوێ هەر لەلای ئەودا دەست دەکەوێ

دەبێ ئەوە بزانین کە یارمەتیدەری مرۆ لە هەر دەورەیەکدا جگە لە خوای گەورەی گران کەسێ تر نییە، چونکە تەواوی هێزەکانی ڕواڵەتی و دەروونی پەیوەندییان بەئەوەوەیە و پیر وتی: خوایا لە خوایەتیی تۆدا شک و گومانێک نییە، هەر تۆ گەورە و گرانی و هەر تۆ بەڕازی دڵمان دەزانی و هەر تۆ بەئێمە دەڕوانی و هەر تۆ پەنادەری هەژار و بێ نەوایی و ئێمە دەردەکەی لە تەنیایی:

عیلم عەمەلەن چەند پایە دارۆ
هەر پایەش ئانە چەند مایە دارۆ

واتە: زانست کردەوەیە و چەند پلەوپایەی هەیە
وە هەر پایەیەکی ئەوا چەند مایەی هەیە

زانست کە ئاماژەی پێ کراوە لە زاراوەی خواناساندا بریتییە لە تیشکێک کە دەکەوێتە دڵی پارێزگار و بەهۆی ئەو تیشکەوە دەگاتە بینایی چاوان و تۆفیر و جیاوازی لەگەڵ ئاوەزدا ئەوەیە، ئاوەز سروشتییە، بەڵام زانست تایبەتی پارێزکاران و خواناسانە و هەندێ زانست دەکەنە سێ بەشەوە: زانستی سروشتی، زانستی ژمارە، زانستی خوایی و هەندێکیش دەڵێن زانست سێ پلەی هەیە: زانستی ئاشکرا کە لە هەموو دیارە و زاستی شاراوە کە زانستی راز و نهێنییە و زانستێکی خواییە. بابەتایەری هەمەدانی دەڵێ: «أَلِعلمُ دَلیلٌ والحِکمَةُ تَوَسلٌ». واتە زانست بەڵگەیە و ڕێنوێنی و زانیاریش هۆیە.

عیلم حوسووڵی و هەم حوزووریەن
نەفس ناتقە و هەم زوهووریەن

واتە: زانست یا بەدەست هێنانە و یا لەبەرچاوە
هۆڵانی وێژەر و هەم دەرکەوتنە

زانست بریتییە لە تیشک و ڕووناک کردنی هۆڵانی وێژەر و سەرهەڵدانی و ئەوەش دوو جۆرە: زانستی بەدەستهێنان و زانستی دیاربوون، زانستی بەدەستهێنان بریتییە لە تێکۆشین و بەدەستهێنانی زانستێک و، زانستی دیاربوون بەپێی بڕوای ئەرەستوو زانستی خوای مەزنە و بریتییە لە راستەقینەی دیار، وەکو ئەو زانستەی کە ئێستا خەڵک لە دووی دان.

عیلم حوسووڵی مەعلوولەن یاران
هەرچی بۆ ئانە هەر نە ئەو داران

واتە: زانستی بەدەستهێنان پایەدار و ڕاوەستاوە ئەی یاران
هەرچی بێ ئەوا هەر لە ئەو هەتانە



زانستی بەدەستهێنان بەهۆی تێکۆشین و تەقەلاوە دێتە دەست و هەر کەسێک دەتوانێ بەو زانستە بگا بەمەرجێ خۆی ماندوو بکا و لەم ڕێگاوە تێ بکۆشێ و بەهرە و سوودی لێ ببا.

ئانە ئاسمان و زەمینش زیندەن
خوەریش وە زێڵ ئی دنیا بەندەن

واتە: ئەوا ئاسمان و زەوی ئەو زیندووە
وە هەتاو بەدڵی ئەم جیهانە بەندە

زانایان جیهانیان لە دوو لایەنەوە بەیەک مرۆ چواندووە، هەتاویان بەئاوەز و هۆڵانی مرۆ داناوە و ئەستێرەکانیان بەئەندامانی تری ئەو هێناوەتە ژمار و هەموویان بەستایشکاری یەزدان داوەتە قەڵەم.

دنیا بەوێنەی ئادەمیزادەن
حەق هەر ئەو حەقەن کەس لێش نەزادەن

واتە: دنیا وەکو ئادەمیزاد وایە
هەق هەر ئەو هەقەیە کە کەس لێی نەزاوە

پیتۆڵەکان جیهانیان بەمرۆ داناوە و گیانلەبەرانی تریان بەئەندامانی ئەو هێناوەتە ژمار وەکو لە قورئانی پیرۆزیشدا دەفەرمێ: «وَاِنَّ مِن شَیَءٍ اِلاّ یُسبَّحُ بِحَمدە». واتە: نییە جگە لە ئەو کە بەپاکی یادی خوداکەن. مەلا سەدرا لە پەرتووکی: "مبدء ومعاد"دا دەڵێ: لەبەرئەوەی بەشەکانی جیهان لە جموجۆڵ و گەڕان دان وەکو مرۆ وایە کە ئەویش بەهۆی ئاوەزەوە لە گەڕاندایە، کەوابوو جیهان وەکو ئادەمیزادێک وایە.

ها شەڕ و زیان نیستییەن یاران
گومڕاهەن وە دوو کە باوەڕ داران

واتە: ئەوا خراپە و زیان نەبوونە ئەی یاران
گومڕایە ئەو کەسە کە بەدوو بیروباوەڕ بڕوای هەبێ

لە ئاینەکانی خواییدا کردەوەی خراپ و کارەگەلی نارەوا دەدەنە پاڵ ئەهریمەن بەڵام هەندێ ئەوەیان لا دروست نییە و بەدوو بڕوای یەزدان و ئەهریمەن بڕوایان هەیە و کارە باشەکان پەیوەند دەدەنە یەزدانەوە و کارە خراپەکان پەیوەند دەدەنە ئەهریمەنەوە. ئەفلاتوون خراپە و خەم و خەفەت و نەخۆشی بەئاژاوە دادەنێ و لای وایە مرۆ کەمتر خۆشی دەبینێ و، ئەرەستوو هەندێ لە گیانلەبەران بەزیانەخرۆ دادەنێ، بەڵام زیانیان بەکەم دەزانێ.

دەهریان ماچن خودا بێ زاتەن
عالەم جەی واتە گردیان ماتەن

واتە: ڕۆزگار پەرستەکان دەڵێن خوا خۆی ناناسێ
و خەڵک لەم وتە هەموویان وڕماون

ڕۆژگارپەرستەکان دەڵێن کە خوا خۆی ناناسێ و ئەمەش دیارە هەڵەیە، چونکە ڕۆژگارپەرستەکان خوایان قبووڵ نییە و دەڵێن دنیا کۆن و هەمیشەییە و داهێنەر و دروستکەرێکی نییە و خوا ناپەرستن و هەندێ لە پیتۆڵەکان جیهان بەماک دادەنێن و بەڵام زانست لە خوا جیا دەکەنەوە و سەبارەت بەئەو جیاوازییان هەیە.

وەلێ خیلافەن زاتش قوددووسەن
پەی گردین کە سێ ئانە مەحسووسەن

واتە: بەڵام دروست نییە و خوای مەزن لە هەر خەوشێک پاکە
ئەمەش بۆ هەر کەسێک ئاشکرا و ڕوونە

هەندێ لە موعتەزلەکان لایان وایە کە زانستی خوا بریتییە لە ڕەچەڵەکی ڕاوستاو و لەناوچوونی بۆ نییە و خوا لە هەر خەوشێک پاک و خاوێنە و ئەو داهێنەری هەموو شتێکە، بەڵام لە زاتی خۆی جیایە.

عیلم خوداوەند هەر نوور ئەوەن
نورش هووەیدان ئەر ڕۆ ئەر شەوەن

واتە: زانستی خوا هەر تیشکی ئەوە
تیشکی ئاشکرایە ئەگەرچی ڕۆژ و ئەگەر شەوە

زانستی خوا بریتییە لە تیشکی ئەو کە دەچێتە ناو دڵی خواناسان و پارێزگاران و، تەواوی گیانلەبەران لە تیشکی ئەو بەدی هاتوون و هەمووی جیهان پڕن لە تیشکی ئەو و ئەو گیانی جیهانە.

یارەب وە حورمەت ساقییەکەی کەوسەر
وە مەیل کەرەم فاتح خەیبەر

واتە: ئەی پەروەردگار بەڕێزی مەیگێڕەکەی کەوسەر
وە بەئارەزوو و، جوامێریی دەرگاکەرەوەی شاری خەیبەر

کەوسەر وەکو دەڵێن ڕووبارێکە لە بەهەشت و هەندێکیش دەڵێن کەوسەر لە زۆرییەوە هاتووە و بریتییە لە پەیڕەوانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام و بڕێکیش دەڵێن بریتییە لە



بنەماڵەی پێغەمبەر و، بەقسەی تبرسی قەی ناکا کە کەوسەر هەمووی ئەمانە بێ، چونکە هەمووی دەگرێتەوە و فاتمەی کچی پێغەمبەریش دەگرێتەوە و، دەرگاکەرەوەی خەیبەر دیارە هافی عەلییە خوای لێ رازی بێ.

ذکرت نە کەلام قورئان موبین
ئایەی: اِن اللّٰه مَع الصابرین

واتە: یادت لە قورئانی پیرۆزدا ئاشکرایە
ئایەتی: خوا لەگەڵ پشوودرێژانە، ئارامم دەکاتەوە

یادکردنی خوا یەکێ لە ڕەوشتەکانی خواناسەکانە، وەکو وتوویانە: «اَلذکرُ بساطُ العارفین». واتە: یادکردنی خوا سفرە و خوانی خواناسانە و، بابەتایەری هەمەدانیش دەڵێ: «الذکرُ نورُ المؤمن». واتە: یادکردنی خوا تیشکی پارێزکارە و، ئایەتی: «إِن اللّٰه مع الصابرین» ئاماژەیە بۆ ئایەتی ١٥٣ی سوورەی بەقەرە کە دەفەرموێ: «یااَیّهُاالذینَ اَمَنو استَعینوا بالصّبرِ والصَّلاةِ إِن اللّه مَع الصابرین». واتە: ئەی ئەوانەی کە بڕواتان هێناوە و لە ئارامییەتی و نوێژ کۆمەک و یارمەتی وەرگرن، چونکە خوا لەگەڵ پشوودرێژانە.

قەلبم راغب حەمدو سەناتەن
مونتەزر وە رەحم بێ مونتەهاتەن

واتە: دڵم ئارەزوومەندی ستایش و پێ هەڵگوتنی تۆیە
وە چاوەڕوانی بەزەیی بێ بڕانەوەتە

ستایش و پێ هەڵگوتن کە دیاردی پێ کراوە، لە زاراوی خواناساندا بریتییە لە خۆ بەکەم زانین لە بەرامبەری گەورەیی خوای گەورە و گراندا کە دەبێ هەموو کڕنۆشی بۆ بەرن و لە گەورەیی و مەزنیی ئەو یادکەن و لەم ڕێگەوە بەئاواتی خۆیان بگەن.

ڕەهنمام وە دین ڕاسی ڕاسان کەر
خەلاسم ژ چەنگ حەق نەشناسان کەر

واتە: بەئاینی ڕاستی ڕاستان ڕێنوێنیم بکە
وە لە چەنگی خوانەناسەکان ڕزگارم بکە

ڕاستان کە لەم هۆنراوەدا دیاردی پێ کراوە، بریتییە لەو کەسانەی کە لە وتە و کردەوە و ڕێ و ڕەوشت و خوو و خدە و ئاکاردا ڕاست بن و ڕاستی و دروستی بکەنە پیشەی خۆیان و، ڕاستی و دروستی ڕەوشتی پێغەمبەرانە و، ڕاستان و ئەوانەی وا دەگەنە پلەوپایەی بەرز لە ڕیزی پێغەمبەران و پیاوچاکاندان و هۆنەر لە خوا داوا دەکا کە ئەو بەئاینی ڕاستان ڕێنوێنی بکا و لە چنگی ستەمکاران ئەو ڕزگار کا.

(غولام) وه کەرەم ڕەها کەر ژ بەن
وه حەق ئەو شای باج میعراج سەن

واتە: غوڵام بەگەورەیی و بەزەیی خۆت لە بەند ڕزگار کە
بەهەقی ئەو شای باج لە مێعراج سەن

باج لە مێعراج سێن دیاردییە بەهافی عەلی، خوای لێ ڕازی بێ کە بەپێی گێڕانەوەیەک کاتێ کە پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دەچووە مێعراج هافی عەلی، بەبێ ئەوەی خۆی پێ بناسێنێ لە ئەو داوای شتێکی کرد و پێغەمبەر ئەموستیلەکەی خۆی دا پێ و ئیمام جەعفەر خوای لێ ڕازی بێ، دەفەرمێ: شەوی مێعراج کە پێغەمبەر گەیشتە سەرەوە بەخوا نزیک بووەوە بەجۆرێ کە خۆی پێ نزیک کردەوە دڵی ڕوون بووەوە.

هۆنراوەکانی غوڵام ڕەزاخان بەهۆی نووسەرەوە کۆ کراونەتەوە کە زۆربەی ئەو هۆنراوانە لەناو بەیاز و کەشکۆڵەکاندا تۆمار کراون بەڵام، موناجات نامەکەی لەلایەن کاک حەمە ئیسماعیل تەتەرییەوە لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە تاراندا لە چاپ دراوه و وەکو دەڵێن هەندێ نامیلکەی تریشی بەکوردی و فارسی بووە کە بەداخەوە هەمووی لەناوچوون.

سەرچاوەکان

١- موناجات نامە - دانراوی غوڵام ڕەزاخانی ئەرکەوازی - تاران، ١٣٦٢.
٢- مناجاتهای جاویدان ادب کردی - باهتمام محمد علی سلطانی - تهران، ١٣٦٢.
٣- گلزار ادب لرستانی - تالیف اسفندیار غضفنری خرم آباد، ١٣٦٤.
٤- جغرافیای تاریخی و تاریخ لرستان - تالیف علی محمد ساکی - خرم آباد، ١٣٤٣.
٥- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەغوڵام ڕەزا خانی ئەرکەوازی.

## تورکە میر

... - ١٢٣٦

ئەم هۆنەرەمان بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان، لە سەدەی دوانزەم و سێزدەمی کۆچیدا ژیاوە و هەندێ دەڵێن کە یەکێ بووە لە هەقەکانی کرند و دەستەیەکیش دەڵێن کە خەڵکی لوڕستان بووە و ئیتر سەبارەت بەچۆنییەتیی ژیانی زانیارییەکمان نییە، هەر ئەوە نەبێ کە هۆنەرێک بەناوی میرزا تەقی سەبارەت بەمەرگی ئەو پارچە هەڵبەستێکی هۆنیوەتەوە کە لە چەند هۆنراویدا دەڵێ:

هەی هاوار هەی ڕۆ مەولانا وەزیر
تورکە میر یانەم بێ تۆ بی خاپیر



ئیسا وەی تاریخ ئەلف گوزەشتە
سەنە وە دویست، سی وشەش گەشتە

واتە: هەی هانا و هەی ڕۆ کە ئەی سەرۆکم تورکە میر بەبێ تۆ ماڵم وێران بوو، ئێستا لەم مێژووەدا کە هەزار و دوو سەد و سی و شەشە تۆ جیهانت بەجێ هێشت.

لە هۆنراوەکانی میرزا تەقی وا دەردەکەوێ کە تورکە میر لە ناو خەڵکدا خاوەن پلەوپایەیەکی بەرز بووە و خەڵک ڕێزیان بۆ داناوە، چونکە لە هۆنراوەکانیدا ئەوی بەناوی "مەولانای وەزیر" بانگ کردووە، بەڵام بۆمان دەرنەکەوت کە لە کوێ لە دایک بووە و لە کوێدا مردووە و پلەوپایەی خوێندەواریی تا چ ڕادەیەک بووە، لە هۆنراوەکانی وا دەردەکەوێ کە لە زۆربەی زانستەکانی ئەو دەورەدا شارەزا بووە.

تورکە میر لە پارچە هەڵبەستێکیدا شانازی بەکوردبوونی خۆیەوە دەکا و دەڵێ: من نە تورکم و نە عەرەبم، بەڵکو کوردێکی کەم سەوادم و قورئانی پیرۆزم لەبەرە، ستەمی زەمان منی چەوساندووەتەوە، جا تکا لە خوێندەوارانی ئازیز و خۆشەویست دەکەم کاتێ کە هۆنراوەکانم دەخوێننەوە، ئەگەر هەڵە و چەوتییەکتان تێدا دی بمبوورن، وەکو دەڵێ:

تورکە میر نە تورک، نە عەرەو لەفزم
کورد کەم سەواد حافزولحفزم
ژ جەور ئافات زەمانە مەحوم
هەم خەت ناقابڵ، هەم سوخەن سەهوم
ئیستدعام ئێدەن هەر کەس بوانۆ
پەی سەهوو خەتام ژ وێش نەزانۆ
هەر کەس بوانۆ نەقسێ ژ فەردم
سەهوو خەتاوەم نەکەرن مەردم

تورکە میر لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە، وە زۆربەی هۆنراوەکانی ئاینی و دڵدارین، وە ناسکی و نەرمی و جوانی و تەڕ و پاراویی هۆنراوی تورکە میر نموونەیەکی بەرز و باییدارە لە وێژەی کوردیدا.

ئەوا چەند پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە دێنین تا پلەوپایەی ئەومان لە هۆنەریدا بۆ دەرکەوێ:

شیرین نە دۆشەن، شیرین نە دۆشەن
چەند توغرای کڵاف دێزش نە دۆشەن

خام چون خەیاتەی سیای سەرجۆشەن
سەهمناک چون باڵ بەیداخ قۆشەن
سەف سەف چون سپای چاوش چاوۆشەن
ئاوێزەی گۆشەی عەین ئاهۆشەن
مەرزنجۆش مایل مەوج گیسۆشەن
پەی دەستەی زوڵفش نۆفڵ زووخ نۆشەن
سای زوڵفش سەیوان قوببەی لیمۆشەن
قولابش نەتەرز شای بارگە پۆشەن
هیندوستان خەراج خاڵ هیندووشەن
چین ماچین سەمەن بەهای یەک موشەن
نە شیرین هام لنج نە لەیل هام لۆشەن
نە سووەیل هام لا تەمام وە تۆشەن

واتە: یارەکەم شیرین پەلکەکانی خستووەتە سەر شانی و ئەو پەلکانە زۆر سامناکن و وەکو باڵی ئاڵای لەشکر وانە، کە بۆ شەڕ هەڵکراون، وەکو لەشکر ڕیزیان بەستووە و چاویشی بڕیوەتە من، وە بۆ دەستەی زوڵفەکانی، نۆفڵ ئێستاش زووخ و زووخاو دەخواتەوە. وە سێبەری زوڵفەکانی بووەتە سەیوان بۆ لیمۆکانی و هیندوستان خەراجی خاڵەکانیەتی و چینوماچین بایی تاڵێ لە قژەکەیەتی، نە شیرین هاوتایە، وە لەیلا هاولۆیە، وە نە ئەستێرەی سووەیل پێی دەگات، بەڵکو بێ وێنە و بێ هاوتایە.

تورکە میر چەکامەیەکی سەبارەت بەکەلەبا کە چەشنە بایەکە وەکو زریان و لە مانگی بەفرانبار و ڕێبەنداندا هەڵدەکا هۆنیوەتەوە کە لەم هۆنراوانەدا وانەیەکی سروشت دەدا بەقوتابییانی وێژە و هۆنراو، وە تێمان دەگەینێ هۆنراو هەر ئەوە نییە کە بەچاو و برۆ و قژ و ئەگریجەدا بوترێ، جوانیی ئەم چەکامە لەوەدایە کە تورکە میر ناوی گەلێ لە گوڵەکان و پەلەوەرەکانی ناوچەکەی خۆی هێناوە کە زۆر باییدار و بەنرخە. وەکو دەڵێ:

هانا کەڵەوا ئەی وای وەهاران
جانشین وەشت وەکیل واران
شکۆفەی سەرچڵ، شەکەرجەی داران
گوڵپاش و گوڵڕیز، گوڵ بەزرکاران
یەخپاچ، یەخ بەن، بلاخ باغان
شەنیار خەرمان سەلج سەرداخان



دەم بەدەم وەبان بەرزی بایران
جەولانگە و جاگەی وەحشی، وە ئی ران
سەرتاسەر زەمین دەشتان و وەشتان
تار عەنکەبووت باف تافتەڕوی کەتان
مەلان وە مەقام مۆسیقار ماتەن
مۆران هەمتەراز گشت چەمە ڕاتەن
یە چ فکرێوەن جە نەزەر داری
زاری زەمینەن پەی تۆ نە خواری
مەر سابق سالان ژ یادت شییەن
کەڵەوا ئیمساڵ فەریادت نییەن
کاوان گرد حەسرەت تۆشان هانە دڵ
شایەد وەردارن سەر ژ خاک و گڵ
نەورۆز گوڵ هێمان غەڵتان خاکەن
نەی وەهارەدا جەرگش چاک چاکەن
جای سۆسەن هیچ جا دیاری نییەن
وە تەختەی یەخبەن حساری بییەن
ئەسرین نەسرین، نەسرین نەوەردە
رایحەی رێحان شەونم پەروەردە
سەوز سەرچەمەن غەزاڵ تێ چەردە
سەحن کافووری پۆشان جەی پەردە
باڵ بەڕەزا، چەتر چەویران
سمسا، موفەڕا، مەرتەع سەویران
شەوق شەقایق، زەردیی زەنبەق گوڵ
گوڵڕێزان گوڵ، چەهچەهەی بوڵبوڵ
گردین گولاڵان، پووچی قەرەنفڵ
تەمامی تاسەی تۆشان ها نە دڵ
ژ ئەو وەختەوە وای خەزان خێزا
پەی عەزم غارەت خەزان ورێزا

وەحش و تەیر و جن مەل و مار و مۆر
باڵدار و بێ باڵ زۆردار و بێ زۆر
چەمدار و بێ چەم چەمەڕای ڕاتەن
عالەم مونتەزر نەفخەی نەجاتەن
کەڵەوا هەر چەن تۆ حەقێ داری
نزیک کەعبەی پەروەردگاری
دڵ ژ خاک پاک کەعبە نەمەنی
بەل ئامانت با وە جاریێ هەنی
کەڵەوا هانا باو و بدەر ئەو کار
تووله درەختان بێدار کە ژ خاو
بورقەی کافووریی کۆوان پارەکەر
تەختەی یەخ نە ڕووی یەم ئاوارە کەر
وەو هەی هەی بزەن هەڵاتە نەوەرد
وەو غورشت ڕەعد هوژەبران زەرد
شۆ وەیانەی خان دەیجوور نە خاوکەر
زەرف زرووفات مینا چەپاوکەر
سەنگەر وەسەنگەر سامانش ساکەر
جاگەی سەنگەرش وە سۆسەن جاکەر
خەیمەی ئەبیەخیش گرد بێ قیمەت کەر
سەنگەر وە سەنگەر سەلج هەزیمەت دەر
ساراو سەرزەمین وەیەکجا ساف کەر
کۆان و کاوان گشت خەزرا باف کەر
سوب سەدات بەیۆ وە سەر کڵاوان
ئاژیر کەر ئاشووب کەمەند کاوان
تۆز و تەم یەکسەر ژ زەمین بارکەر
بار غەم ژ قەلب غەمداران تارکەر
هەم ڕۆح وەهار ژ نەو تازەکەر
سەوزی چەمەنان بێ ئەندازەکەر





بولبولان ژ شەوق گولان شەیداکەر
گولان ژ دڵەی گڵ هووەیدا کەر
شەماڵ (تورکە میر) دەخیلەن وە تۆ
ڕۆی موراجیعەت باز بکەین ژ نۆ

واتە: هانا ئەی کەڵەبای بەهاران و جێنشینی بای شەماڵ تۆ دارەکان دەپشکێنی و گوڵەکان دەڕوێنی و دێنیتیانە سەما و سەهۆڵەکانی سەر کێوەکان دەتوێنیتەوە و دەیانڕژێنیتە سەرزەوییەکان، وە سەرتاسەری زەوی و دەشتەکان پاراو دەکەی و پەلەوەرەکان بەئاواز و نەوای تۆ بێ دەنگ دەبن و، زیندەوەران هەموو چاوەڕێتن، لەبەرچی دەنگت نییە و ئەمساڵ دیار نیت، کێوەکان و کاوەکان داخی تۆیان لە دڵە و نەورۆزگوڵ هێشتا هەر لە ناو خاکدا دەتلێتەوە و جێی سۆسەن دیار نییە و تەختە سەهۆڵێکی کردووتە شوورەی خۆی. نەسرین فرمێسک دەڕێژێ و بۆنی ڕێحان کە بەشەونمەوە پەروەردە دەبێ نایە، ئاسک لەسەر چیمەکاندا نییە، بەڕەزا لەسەر بەردەکاندا نەڕواوە. گوڵی زەنبەق ناشادە و بوڵبوڵ بۆ گوڵ ماتە و هەموویان بەئارەزووی تۆن، هەر لەو وەختەوە کە بای پایز هەڵی کردووە و گەڵای دارەکانی داوەراندووە، پەلەوەر و مار و مێروو و باڵدار و بێ باڵ چاوەڕوانی تۆن و، خەڵکیش بەهیوای شنەی باتن، دەسا زووکە و توولەدارەکان لە خەو ڕاپەڕێنە و تەختە سەهۆڵەکان بکە ئاو و بەهۆی تۆشەوە هەور دەگرمێنێ و باران دەبارێ و دەشت و کێو و ماھ و ڕەوەز پاک و خاوێن دەبێتەوە. دەسا کەژ و کێو سەوز و شین کە و با تۆز و تەم لەسەر زەوی بارکەن و بوڵبوڵەکان لە خۆشیی گوڵدا هەر بچریکێنن و (تورکە میر)یش لە خەم ئازاد بێ.

تورکە میر ئەو پەردە دادەداتەوە و دەکەوێتە کۆڕی خواناسانەوە و ئەوسا بەم هۆنراوانە ستایشی خوای تاق و تەنیا دەکا و لێی دەپاڕێتەوە و دەڵێ:

لامەکان یانە، لامەکان یانە
ئەڵڵا لا شەریک لامەکان یانە
یا یانەی نایاب یەکتای یەگانە
جانبەخش و جانشین جا نە غەیبخانە
یا بینای بێ عەیب، یا بینای بێ عەیب
یا بینای بورهان بوڵەند بێ عەیب
یا لوتف لەتیف لەولاک لارەیب
یا یاهووی یاران تەبع تینەت تەیب

تۆدای وەعیسا، تۆدای وەعیسا
مەردەی سەد ساڵە ژ لەحم پۆسا
ئحیا کەرد عومرش ژ نۆ نویسا
تۆدای وە دایەش سەبر و بی ئوسا
تۆدای وەداوود، تۆدای وەداوود
بێ دەم و دەسگا بێ نار و بێ دوود
مەژەنیا ئەسباب زرێ و کڵاو خوود
هەتا ئاوەردی سلێمان و هوود
ژ سەنەم تاشی، ژ سەنەم تاشی
شەوێ ئاذەرت ژ سەنەم تاشی
فەرمان دای ئەخی نوور تێدا پاشی
ژەو نوور ئیبراهیم کەردی نەققاشی
زەبیت ئازادکەرد، زەبیت ئازادکەرد
ژ ذبح قوربان زەبیت ئازادکەرد
شادشا کەلیمەی شەهادەت یادکەرد
تا هاجەر ژ هجر ئەجرت دڵشاد کەرد

واتە: ئەی خوای تاق و تەنیا تۆ تاق و تەنیا و بێ هاوبەش و بێ جێ و شوێنی، گیانبەخش و گیانسێن و نادیاری وە هەموو کەسێک دەبینی و خاوەن بەزەییت، تۆ عیسات هەڵبژارد و کردتە پێغەمبەر و مۆجزە و پەرجووت پێ دا و مردووی سەد ساڵەی بەناو تۆ زیندوو دەکردەوە، وە هەر تۆ فەرمانت دا بەداوود کە بەبێ دەم و دەزگا و ئاور و دووکەڵ زرێی دروست دەکرد، ئازەریش بتی دەتاشی و ئەوسا ئیبراهیم بووە بت شکێن و بتەکانی شکاند، ئیسماعیل کە باوکی ویستی سەری ببڕێ، بەرانێکت نارد و ڕزگاری بوو، ئەوسا هاجەریش دڵشاد بوو کەوتە ناو خۆشییەوە.

دیوانەکەی تورکە میر کە نزیکەی دوو هەزار هۆنراوێک دەبێ، هێشتا چاپ نەکراوە، بەڵام گەلێ هۆنراویشی هەیە کە لەناو بەیاز و کەشکۆڵەکاندا نووسراوە و بڵاوەیە.

سەرچاوەکان
١– دیوانی تورکە میر کە لە ساڵی ١٣١٢ لە کرندا نووسراوەتەوە.
٢– بەیازێکی کۆن کە نزیکەی هەشتا ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.
٣– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەتورکە میر.



## ئەحمەدی کۆری موکریانی

١١٩٣ – ١٢٧٨

ئەم هۆنەرە پایەبەرزە کە شاگردی مەیخانەی مەیفرۆشانی خواناسی بووە، ناوی ئەحمەد و کوڕی شێخ محەمەدی موکریانییە و بەئەحمەدی کۆر بەناوبانگە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەستدایە ئەم هۆنەرە خواناسە لە سەدەی سێزدەمی کۆچیدا ژیاوە.

لە بارەی مێژوو و چۆنییەتیی ژیانی ئەحمەدی کۆرەوە، گەلێ کەس دواوە و هەر کام بەگوێرەی سەلیقەی خۆی شتێکی نووسیوە کە ئێمە لەم بارەوە هەندێکیان دەگێڕینەوە و پاشان بڕوای خۆمانیش دەخەینە پێش چاو.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە پەڕاوی مێژووی وێژەی کوردیدا دەڵێ: "ئەحمەدی کۆری موکریانی لە سەدەی هەژدەمی زاینیدا ژیاوە." واتە لە سەدەی دوازدەمی کۆچیدا ژیاوە.

سەیدیان کە بەشێ لە هەڵبەستەکانی شێخ ئەحمەدی کۆری بەناوی (دیوانی شێخ ئەحمەدی کۆر) بەشێوەی کۆن و پڕ لە هەڵە لەگەڵ پێشەکییەکی پڕ لە ئەفسانە لە چاپ داوە، دەڵێ: شێخ ئەحمەدی کۆر کە لە سەدەی سێزدەمی کۆچیدا ژیاوە.

کاک عوسمان خۆشناو لە لاپەڕەی ٢٤ی گۆڤاری بەیاندا دەڵێ: ئەحمەدی کۆر لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم لە ناوچەی موکریان لە سابڵاخدا ژیاوە.

کاک قادر فەتتاحی قازی لە پەڕاوی (مێرو وەفا) لاپەڕەی ٢٦دا چیرۆکێکی لە بارەی ئەحمەدی کۆرەوە هێناوە و دەڵێ: ئەحمەدی کۆر لە دێی حەمامیان کە لە نزیکی بۆکاندایە، پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە، وە وەکو قسەی لێوە دەکەن، سەد ساڵێک لەمەوپێش هەر لەو دێیە کۆچی دواییی کردووە و گۆڕەکەی ئێستاش ماوە و خەڵک سەردانی دەکەن و دەچنە سەری. ئەم هۆنەرە سەرەتا خەریکی کشتوکاڵ بووە و هەرچەندە شێخ بووە، بەڵام پشتی بەڕەنجی شانی خۆی بەستووە و بە بەرهەی کاری خۆی ژیاوە و سەرکۆنەی کەسی نەکێشاوە و نانی وشکی دەستهاتی خۆی بەناز و حەز و بەزی خەڵک نەگۆڕیوەتەوە. دەڵێن لە مانگی ڕەمەزاندا کە لە ناو دەیمەجاڕەکەیدا خەریکی بژار بووە، تینوویەتی زۆری بۆ هێنا. بەڵام ڕۆژووەکەی نەشکان و تا دەمە دەمی خۆرئاوا خەریکی کار بوو و پاشان گەڕاوە ماڵ، وە لە کاتی بەربانگدا هەستی کرد کە چاوانی سۆمایان نەماوە و کوێر بووە، لەم مێژووەوە دوا، هەندێ ئەویان بەبێ باوەڕی تاوانبار کرد و لەگەڵیدا بەربەرەکانێیان دەکرد و تەشەریان لێ دەدا و سەرکۆنەیان دەکرد. لە پاش کوێربوونی، چاوساغێکی گرت و بۆ هەر

کوێ بڕۆیشتایە، ئەو پەلی دەکێشا و ڕێنموونیی دەکرد. پاش ماوەیەک لەگەڵ چاوساغەکەیدا ڕێگەی دەشت و کێوی گرتە بەر و بەرەو بەغدا کەوتە ڕێ. بەڵام چاوساغەکە ئەوی لە دەشت و کێودا بەرەڵا کرد. لەم کاتەدا کە لە ناو زەرد و شوێنە بەردەڵانییەکاندا ئاوارە و دەربەدەر بووبوو، هافی خدری زیندە گەیشتە فریای و پێی وت: ئەی کوێر ئەوەی کە پێویست بوو، ئێمە پێتمان دا و ئیتر کارێکت پێمانەوە نەبێ و دەستمان لێ هەڵگرە. پاشان هافی خدر پێوار کەوت و بزر بوو، ئەحمەدی کۆریش دەستی کردە هۆنراو هۆنینەوە.

دەڵێن خەڵک بەئەندازەیەک پێشوازییان لە هۆنراوەکانی کرد کە دەستیان لە خوێندنی پەڕاوە ئاینییەکان هەڵگرت و گوێیان دەدایە هۆنراوە دڵڕفێنەکانی ئەو. هەر بەم بۆنەوە خوێندنی هۆنراوەکانی ئەو لە ناو خەڵکدا قەدەغە کرا و هەر هۆنراوێکیان لە ئەوەوە دۆزیبایەوە، دەیانخستە ناو ئاوی ڕووباری دجلەوە. ئەو هۆنراوانەش کە ئێستا ماونەتەوە، دەماودەم کەوتووە و ماونەتەوە. ئەحمەدی کۆر جگە لە دیوانەکەی کە داگری هەزار هۆنراوێک دەبێ، چیرۆک و بەیتێکیشی هەیە بەناوی (بەهارە) کە بەداخەوە هێشتا لە چاپ نەدراوە.

لە سەرەتای پەڕاوی (ئەنجومەنی ئەدیبان)دا سەبارەت بەچۆنییەتیی ژیانی ئەحمەدی کۆر بەم چەشنە نووسراوە: ئەحمەدی کۆر لە دێی (شیوە سماک)ی سەر بەسابڵاخ لە دایک بووە، بنەماڵەکەیان کورد و سوننی مەزەب بوون. ئەم هۆنەرە نەخوێندەوار و چاو ساغ بووە، پاشان بەهۆی چاو ئێشەوە کوێر بووە. بەمنداڵی دەنگی خۆش و زیرەک بووە، خەریکی گۆرانی وتن بووە و خۆی هەڵبەستەکانی خۆی هۆنیونەتەوە. وە ئەم زیرەکییە زگماکییە کردوویە بەشایەر.

پاش ژن خواستن کچێکی جوان بەناوی لەیلا و دوو کوڕی بووە بەناوانی قادر و حەمە، پاش ماوەیەک لە گوندی شیوە سماکەوە بار دەکاتە دێی عەمبار. کوێخای دێی عەمبار حەز لە لەیلای کچی دەکات و ئەحمەد نایداتێ و دەیدا بەرەسووڵ مووسا، ناوێکی خزمی خۆی. کوێخا زویر دەبێ و لێیان دەکەوێتە بەهانە. قادری کوڕە گەورەی لە ترسی بەهانەی کوێخا هەڵدێ و ڕوو دەکاتە شاری سلێمانی و لەوێدا دەمێنێتەوە.

ئەحمەدی کۆریش بەدوای کوڕەکەیدا ڕوو دەکاتە سلێمانی و لەوێ دەکەوێتە داوی شێخێکی بەناوبانگ و واز لە مەقام و گۆرانی وتن دێنێ و دەگەڕێتەوە بۆ سابڵاخ و لەوێدا دەکەوێتە هۆنینەوەی هەڵبەستی ئاینی و بەم جۆرە بەشێخ ئەحمەدی کۆر و مەلا ئەحمەدی کۆر ناوبانگ پەیدا دەکات و پاش ماوەیەک هەر لە دێی عەمبار کۆچی دوایی دەکات. ئەم



پیاوە ناوی باوک و باپیرانی نەزانراوە و مێژووی ژیانیشی نادیارە، تەنیا لە هەڵبەستێکی خۆیدا وتوویە:

گەر کەسێ کا پرسیارە    با بێ مەعلووم ئەو شمارە
چوو لە هیجرەت یەک هەزارە    دووسەد و شەست و بداج

وشەی (بداج) بەژمارەی ئەلف و بێی ئەبجەد دەکاتە (١٠). دیارە ئەم پارچە هەڵبەستەی لە ساڵی ١٢٧٠ی کۆچیدا وتووە و دەبێ بڵێین کە ئەحمەدی کۆر لەو کاتەدا زیندوو بووە و کەواتە لە سەدەی سێزدەمی کۆچیدا ژیاوە و جا لەبەر هەڵبەستەکانی دەبێ ناو بنرێ هەستیار و هۆنەری شەیدای پێغەمبەر.

لەم دواییەدا بەیازێک کە نزیکەی سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە، کەوتە دەستمان. ئەم بەیازە کە زۆربەی هۆنراوەکانی مەهجووری و مەولەوی و شێخ شەهابی لهۆنی و ئەحمەدی کۆر و هەڵبەستی هەندێ تر لە هۆنەرانی کوردی تێدا نووسراوە، مێژووی ژیان و مەرگی ئەحمەدی کۆرمان بۆ دەردەخا. لەم بەیازەدا نووسراوە کە شێخ ئەحمەد کۆری شێخ محەمەدی موکریانی کە بەئەحمەدی کۆر بەناوبانگە، لە ساڵی ١١٩٣ی کۆچی لە دەوروبەری شنۆ پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە ساڵی ١٢٧٨ لە تەمەنی ٨٥ ساڵیدا لە دەوروبەری بۆکان کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی عەنبارەدا نێژراوە. گۆڕستانی عەنبارە لە نزیکی شاری بۆکان دایە.

ئەحمەدی کۆر یەکێ لە هۆنەرانی خوداپەرستی کورد دێتە ئەژمار، هۆنراوەکانی ئەو گەلێ پاراو و دڵنشین و دڵڕفێنن، ئەو جگە لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردی، بەفارسی و عەرەبی و تورکیش هۆنراوی هۆنیوەتەوە، بەڵام بەداخەوە. زۆربەی هۆنراوەکانی دەست بەدەست کەوتوون و تیاچوون، ئەوەش کە مابێتەوە لەناو بەیازەکان و کەشکۆڵەکاندا نووسراوە و بەتەواوی کۆ نەکراوەتەوە.

زۆربەی هۆنراوەکانی ئەحمەدی کۆر لە بارەی ڕێ و ڕچەی خواناسییەوە هۆنراونەتەوە و لە سەرتاسەری کوردستاندا بڵاو بوونەتەوە. ئەو لە ناو خەڵکدا بەهۆنەری ئەوینی خوایی ناسراوە، وە وەکو مۆم لەگەڵ هۆنراوەکانیدا سووتاوە.

زۆربەی هۆنراوەکانی ئەحمەدی کۆر لەسەر کێشی خۆماڵی واتە هیجایی هۆنراونەتەوە. وە لە ڕووی داڕشتن و کێش و پاشڵ و ئاهەنگەوە گەلێ سەرکەوتووە، بەجۆرێک دەڵێی پێوانەی هۆنراوی خۆماڵی لە ئەوەوە بۆ ئێمە بەجێ ماوە. ئەحمەدی کۆر لەبەرئەوەی پیاوێکی ئاینی و خۆپارێز و پارێزگار بووە، هۆنراوەکانی خۆی لە بارەی ڕچە و ڕێبازی خواناسییەوە هۆنیوەتەوە، وە لە هۆنراوەکانیدا گەلێ وشەی فارسی و عەرەبی دەبینرێ و

دەتوانین بڵێین کە هۆنراوەکانی ئەو لەناو وشەی فارسی و عەرەبیدا خنکاون.

ئەحمەدی کۆر لە پارچە هەڵبەستێکیدا دەکەوێتە بیری ڕۆژی پەسڵان و دەڵێ: هەر چرتە و سات و خولێک کە لە ژیانمان دەڕوا، تەمەنمان کەم دەبێتەوە، جیهانیش خۆشە و هەر کوێی بڕوانی دیمەنی جوانی تێدا دەبینی، گیانیش شیرینە و مرۆیش گیانی خۆش دەوێ، بەڵام ژیان و ڕابواردن لە جیهانی ڕۆشنا تا دوایی بۆ کەس نامێنێ و سەرئەنجامی بنیادەم مردنە، هەر کەسێک ئەگەر ژیر و بەئاوەز بێ، دەزانێ کە ژیانی ئەم جیهانە هیچە و سەرئەنجامێکی نییە، تەنیا شتێک کە لەم جیهانەدا بۆ مرۆ دەمێنێتەوە چاکەیە:

شەو دێ لە عومرم کەم دەبێ
ڕۆژ دێ لە عومرم کەم دەبێ
ئەز خەوف ئەو ئافاتمە
جا چۆن دڵم پڕ غەم نەبێ
دنیا بەوەندە مەکر و فەن
ڕۆح خۆشەویستە دەربەدەن
هیجرەت دەکاتن ئەز وەتەن
جا چۆن دڵم پڕ غەم نەبێ
هەر کەس بیبێتن کەماڵ
دنیایە وا پووچ و بەتاڵ
دەبێ کێ نەیکاتن خەیاڵ
جا چۆن دڵم پڕ غەم نەبێ
منداڵ و دایک و خزم و باب
دەمرن ئێدی نادەن جەواب
بۆ تۆ بەسە هێندە خیتاب
جا چۆن دڵم پڕ غەم نەبێ
دنیا بۆ کەس ناچێتە سەر
بێ ئعتبار و بێ هونەر
دەمرن فەقیر و موعتەبەر
جا چۆن دڵم پڕ غەم نەبێ
خاکین دەبێ ببینە خاک
دانیشتووین بێ خۆف و باک



مەعلوومە هەر دەبین هیلاک
جا چۆن دڵم پڕ غەم نەبێ
بۆ خودایە پێت دەڵێم فەقیر
ئەتۆ خودا بکە لە بیر
وەختێ دەبێ بکەویە گیر
جا چۆن دڵم پڕ غەم نەبێ
دایم لە دوام شەقیە ئەجەل
ئەو توند و تیژ، من کوێر و شەل
دەمخاتە ناو داوی ئەمەل
جا چۆن دڵم پڕ غەم نەبێ
ماڵ و خێزان و دەوڵەتم
لەحزێکی نادەن موهڵەتم
لێم تێک دەدەن جێ و حورمەتم
جا چۆن دڵم پڕ غەم نەبێ
دە قەبرێدا تاریک و قووڵ
دادەمێنین مات و مەلووڵ
چارمان نییە بەزێڕ و پووڵ
جا چۆن دڵم پڕ غەم نەبێ
دەمجا وەرنە سەیری مەزار
دەمرن فەقیران و هەژار
تێدا کەوتوونە چەند هەزار
جا چۆن دڵم پڕ غەم نەبێ
ئەی "ئەحمەدی کۆر"ی فەقیر
لە دەستی نەفس بووی ئەسیر
جەهەننەمت کردووە لە بیر
جا چۆن دڵم پڕ غەم نەبێ

بێ گومان ئەوینی ئەحمەدی کۆر، ئەوینێکی خوایی بووە، وە هۆنراوەکانی ئەو لە دەروونێکی گەرم وەکو تەنووری پڕ لە ئاگری خۆشەویستی هەڵقوڵیون، لە پارچە

هۆنراوێکیـدا دەڵێ: ئەی دڵخـوازە خـۆش هەواڵەکـەم من لە بەیانەوە تا شـەو بۆ تۆی خـۆشـەویست دەناڵێنم، چونکە تۆ بینایی هەردوو چاومی، وە مـەرهەمی دڵ و هـەناومی، خۆت دەزانی کـە من لەبەر دووریی تۆ خـورد و خـۆراکم بووەتە زوخـاو و هۆش و ئارامم لێ براوە و دڵم وەکو تەنوور گڕی گرتووە، تۆیش جارێک لام لێ ناکەیتەوە و لێم ناپرسی:

دڵبـەرا دایم دەناڵم دەمـبـەدەم شـام و سـەحـەر
جارێ ناپرسی لە حاڵم، چاو عوقابی خۆش خەبەر
چاو عوقابی مەه جەماڵی، دوشمنی کفر و زەلالی
نووری سیـڕی لایەزالی، کاشفی شەقولقەمەر
تۆی بینایی هەردوو چاوم، بەفیدات جسم و هەناوم
هەڵگیراوە خورد و خاوم، خواردنم بووەتە زەهر
خواردنم کێم و زوخاوە، سەبر و هۆشم لێ براوە
ئاتەشی دڵ وا بەتاوە، میسلی شەمعی نێو فەنەر
وەک فەنەر دڵ پڕ لە نارم، باری عسیان بوو بەبارم
رووسیاه و شەرمسارم، من لەبەر یومولخەتەر
من لەبەر یەومولەماتم، دێ کە قابز بۆ حەیاتم
وا خەجڵ بێ هۆش و ماتم، نامێنێ هۆش و سەبر
نامێنێ هۆش لەو سەعاتێ، ڕۆح دەگاتە جێی نەهاتێ
دەفتەری دنیام دەداتێ، نامێنێ مەیلی پسەر
نامێنێ مەیلی جیهانم، دێتە جونبوش ڕۆح و گیانم
گەر لە گیر لاچێ زبانم، نێوحەقمان دێتە بەر
تا قیامەت قەبرە ماڵم، دێن مەلایک بۆ سوئالم
ڕەببی تۆی موخبر بەحاڵم، نەمخەیە سەر ڕێی خەتەر

ئەحمەدی کۆر کە هۆنەرێکی خواناس و پارێزگار بووە، دیارە هەر سۆزی خواناسی بووە کە دەرگای هۆنراوی بۆ کردووەتەوە و خۆی هاوێشتووەتە کۆڕی هۆنەرانەوە. ئەڵبەت ئەوەش دەبێ بڵێین کە هۆنراوەکانی ئەحمەدی کۆر لە باری کێش و پاشڵەوە نارێکییان هەیە و بەچەشنی بەیت هۆنراوەتەوە.

ئەحمەدی کۆر لە هۆنراوەکانیدا گەلێ وشەی ڕەقی عەرەبی و فارسیی بەکار بردووە و گەلێ جاریش دیاردیەی کردووەتە سەر ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و بەبیرێکی ورد و جوان



ئایەتەکانی لێک داوەتەوە. هەروەها لەم پارچە هەڵبەستەیدا دیاردیەی بەیەکەمین سوورەی قورئان (فاتحە) کردووە، وە لەم پارچە هەڵبەستەدا بیرێکی ورد دەردەبڕێ، لەبەرئەوە خۆی بەتاوانبار و گوناهبارێکی تەواو دەزانێ بۆیە بەم چەشنە پەنا دەباتە پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دروودی خوای لەسەر بێ و دەڵێ:

یا (رسـول اللە) زەلیل و دڵ حەزینم ڕەحمەتێ
موستەمەند و بێ قەرار و بێ قەرینم ڕەحمەتێ
راحەتی قەلب و وجوود و عززەتی نەفسم نەما
وەقتی مردن، حافزی ئیمان و دینم ڕەحمەتێ
دادخواهی مەحشەر و پشت و پەناهی مۆمنان
هەمنشینی زاتی وەحدەت ئافەرینم ڕەحمەتێ
کائنات (الحمدللە) پڕ لە نووری ڕووی تۆ
ئەی حەبیب و یاری (رب العالمین)م ڕەحمەتێ
(الرحمن)م پێ عەتا کە پێم کەرەم کە (الرحیم)
(مالک)ی دنیا و عوقبا (یوم الدین)م ڕەحمەتێ
(یوم الدین) ڕۆژی جەزایە (نعبد) بۆ تۆ خودایە
بمخەرە سەر ڕێی هدایە (نستعین)م ڕەحمەتێ
(اهدنا) بۆ ڕێی (صراط المستقیم) تۆ خودا
بێنە سەر ڕێی (صراط الذین)م ڕەحمەتێ
من لە (انعمت علیهم) یا ڕەب بێ بەش نەکەی
خۆ سەگی کۆی (امیر المرسلین)م ڕەحمەتێ
غەیری تۆ کێ من لە (مغضوب علیهم) لادەدا
نەمخەیە زومرەی (ولاالضالین) ئامینم ڕەحمەتێ
ئەی خودا ڕەحمێ بە(ئەحمەد) تۆ بکەی ڕۆژی جەزا
رووسیاهم ئەی (شفیع المذنبین)م ڕەحمەتێ

واتە: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! من لە کەنەفتی و کەساسی و پەرێشانی و هەژاری ڕزگار بکە. تۆ ئەی پێغەمبەری نازەنین، مایەی هێمنیی ژیان و هێزی دڵ و ورەی منی و لە کاتی مردندا بڕوام بتەوتر بکە و بەفریام بگە. لە ڕۆژی پەسلاندا بەزەییت بەمنی هەژاردا بێ، چونکە تۆ پشت و پەنای خاوەن بڕوایانی و، تۆ ئەی خوای گەورە و مەزن کە بەتیشکی خۆت سەرانسەری جیهانت ڕووناک کردووە، هەموو جۆرە سپاس و ستایشێک بۆ تۆ،

چونکە هەر تۆی کە کانگا و سەرچاوەی هەموو شتێکی، وە تۆ ئەو خوایەی کە پەروەردگاری هەموو جیهانییانە، بەمرۆ و گیانلەبەر و شیناییییەوە.

ئەی خوای مەزن! تۆ بەخشندە و میهرەبانی، وە خاوەنی ڕۆژی دواییت، منیش بڕوام بەگەورەیی و شان و شکۆی تۆ هەیە، تۆیش بەزەییت بەمندا بێت. خوایا من هەر تۆ دەپەرستم و بەندەیی هەر بۆ تۆ دەکەم، چونکە تۆ منت بەدی هێناوە و ژیانت پێم بەخشیوە، منیش هەر لە تۆ داوای یارمەتی و دەستگیرۆیی دەکەم خوایا بۆ ڕێی ڕاست ڕێنمووییم بکە، بەجۆرێ کە لە ڕێی تۆ دەرنەچم، واتە ڕێی ئەوانەی کە چاکەت لەگەڵ کردوون و بەخششی خۆتت بەسەردا ڕشتوون لە پارێزکاران و پیاوچاکانی ڕابردوو، وە کردووتن بەسەرمەشقی چاکی و پاکی و ڕەوشتی بەرز و جوان. نەک ڕێی ئەوانەی کە قینت لێ هەڵگرتوون، وە نەک ڕێی گومڕێیان، جگە لە تۆ کێ من لە سزا و تۆڵەی ڕۆژی دوایی لادەدا، ئەی خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا بەزەییت بەئەحمەدی کۆردا بێت، وە لە بەزەیی و مێهر و بەخششی خۆت بێ بەهرەی مەکە، وە هیوادارم ئەم پاڕانەوەم گیرا بکەی.

ئەحمەدی کۆر پەردەی خواپەرستی دادەداتەوە و دەکەوێتە گلە و گازندە، ئەو دڵخوازەی کە شۆخوشەنگ و دڵ بەرد و بێ بەزەییە و، بەخرنگە خرنگ، لەنجە و ناز دەکا و دڵ و دەروونی ئەحمەد بەتیری غەمزەی برۆکانی دەکاتە خوێن، بەوەش ڕاناوەستێ و ئاگر بەردەداتە لەشی و گڕ و هالاوی تێ بەردەدا و دەیکاتە کۆگای زوخاڵ، وە بەم جۆرە دڵخوازەکەی خۆی پێ دەنوێنێ، ئیتر وازی لێ دێنێ:

شای غەزالان، شۆخوشەنگان
کەز چەڵەنگان، ڕاست و چەپ
دڵ چو سەنگان، خوو پەڵەنگان
دای لە قەلبم ڕاست و چەپ
دای لە قەلبی من حەزینە
چەند خەدەنگی سەر بەخوینە
ئەو لە منی کردووە برینە
خوێن بەخوڕ دێ ڕاست و چەپ
دێنە جەنگم چەند هەزارە
هەندی و ڕۆم و تەتارە
قەوسیان تیر لێ دەبارە
جووت بەجووت دێن راست و چەپ



جووت بەجووت وا دێن خەدەنگە
ڕۆژی روونم لێ بوو تەنگە
دەستەیی هیندو فەرەنگە
سەف سەف دێن ڕاست و چەپ
تێغ بەدەستن مەی فرۆشن
بۆ هیلاکی گیان بەجۆشن
عاشقانت خوێن دەنۆشن
جورعە جورعە راست و چەپ
سووت دەروونم وەک زوخالی
کەوتمە بەحری ئاه و نالی
ناپرسی جارێک لە حالی
عاشقانت راست و چەپ
ئەحمەدی کۆری حەزینە
دڵ لەسەر سدق و یەقینە
یاری خۆت حازر ببینە
دوور و نێزیک راست و چەپ

ئەحمەدی کۆر لە پارچە هەڵبەستێکی تردا ڕوو دەکاتە دڵخوازەکەی و پێی دەڵێ: ئەی دڵبەرەکەم، دڵ بۆ دووریت وەکو ساز دەناڵێنێ، وە جەرگم بۆت بووەتە کەباب و ئەسرینم بەخوڕ دێنە خوارێ و خورد و خۆراک و خەوم لێ حەرام بووە، دەسا بەزەییت پێمدا بێ با دەرد و خەمم نەمێنێ، با ئیتر کەم زووخی جەرگی خۆم بخۆمەوە، دەسا بەزەییت بەم هەژارەدا بێ و کەم ئازاری بدە:

دڵبەرا پەی رووی فیراقت دڵ دەناڵێ چون ڕوباب
بەو دوو ئەبرۆی میثلی طاقت بەندی جەرگم بوو کەباب
بوو بەبریان تۆی دەروونم چاو پڕ ئەسرین دڵ زەبوونم
مەجنوون ئاسا غەرقی خوونم، لێم حەرام بوو خورد و خاب
خاب و خۆراکم گرینە ڕحمەتەن للعالمینە
ڕەحمێ کە بەمنی حەزینە با کۆتا بێ ئەو عەزاب
با کۆتا بێ داخ و دەردم نالە ناڵ و ئاهی سەردم
بێ ئەجەل وا بۆ تۆ مردم پێم بدە جامێ شەراب

پێم کەرەمکە جورعەیێ مەی، لەو مەیە مردوو دەکا حەی
هەی بەحاجەت صاحبی مەی، با لە بەین لاچێ حیجاب

با لە بەین لاچێ حیجابە، دڵبەر و هەم ئافتابە
وا دەکەم ئەز خۆم حیسابە، کەمترینم ئەز کلاب

کەمترینتەر ئەز سەگانت، ئەز سەگانی پاسەبانت
جان و دڵ قوربانی جانت، گوڵڕوخی ڕوخ ئافتاب

ئافتابی شەوقی عالەم، شەهسەواری نەسلی ئادەم
بۆ ڕوسل تۆ بووی بەخاتەم، ئەی شەهی عالی جەناب

ئەی شەهی لەولاکە لەولاک، تۆ لە نوور و ئادەم ئەز خاک
جوملەیی شێخ و وەلی پاک، بوون لە سایەت فەیزیاب

بوون لە سایەت ئەز بەقوربان، مەحرەمی ئەسراری سوبحان
قەلبی عاصیم بوو بەبریان، لەو سەرە ڕێگای خەراب

ماڵ خەراب و دڵ بەجۆشم، عاشقی بێهۆش و گۆشم
خوێنی جەرگی خۆم دەنۆشم، کوورەی دڵ پڕ لە تاب

کووره ئاسا دڵ بەتاوم، لەت لەتە جەرگ و هەناوم
وا لە عەشقی تۆ سووتاوم، کەوتمە حاڵی ئیزتراب

ئەحمەدی کۆری هەژارە، چاوەڕێی لوتفێکی یارە
ئینقەدەر بێ ئیختیارە، نایێتە حەد و حیساب

ئەحمەدی کۆر لە پارچە هەڵبەستێکی تردا دەڵێ: لە خەودا یارەکەمم دی کە بادەی لێم دەوێ و ئەو شەوە بەیەکەوە ڕامان بوارد و بەخۆشییەوە ژیاین، کاتێ کە وریا بوومەوە بەپەشۆکاوییەوە نە یارم دی و نە بەزمێک، بەم چەشنە گیانم کەوتە مەترسییەوە، وە لاڵ و کەڕ لە شوێنێکدا داکەوتم:

دیم لە خەودا شاد و خورەم، یاری من بادەی دەوێ
دەس لە ناو دەس دەم لە ناو دەم، وەی لە شادی ئەو شەوێ

ئەو شەوە عەیش و نیشات بوو، کەیف و ئاهەنگ و بیسات بوو
بۆ کزەی دڵ ئەو نەجات بوو، ناگەهان ڕابووم لەوێ

وەختێ بێدار بووم نە کەس بوو، تەن سەراسیمەی هەوەس بوو
ڕۆح هەراسانی قەفەس بوو، لاڵ و کەڕ کەوتم لەوێ



لاڵ و کەڕ وەک زوالعەویوویان، کەشفی ئەبسار و قولوویان
بمدەنێ بێ رووی حەبیبان، حاشە لیللا نامەوێ

خاکی نەعلی ئەسپی تاها، سورمەیە بۆ چاوی ئەعما
ئاخ لە ئەم دونیا لە مەکری، کەس بەڕاحەت ناخەوێ

(ئەحمەدی کۆر) دڵ وفاق دە، مەیلی وەسڵی یار تاق دە
یەک دەخوازی یەک تەلاق دە، تێکڕا نابن دوو هەوێ

سەرچاوەکان


١– مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلائەدین سەججادی – بەغدا، ١٩٥٢.

٢– دیوانی شێخ ئەحمەدی کۆر – مەهاباد، ١٣٤٣ی هەتاوی.

٣– ئەنجومەنی ئەدیبان – دانراوی ئەمین فەیضی بەگ – بەغدا، ١٩٨٣.

٤– مهرووفا – ترجمه وتوضیح قادر فتاحی قاضی – تبریز، ١٣٤٥.

٥– گۆڤاری بەیان – ژمارەی ١٢، ساڵی ١٩٦٥.

٦– بەیازێکی کۆن کە نزیکەی سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.

٧– دەنگی گێتی تازە – ژمارە ٣، ساڵی ١٩٤٥.

٨– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەئەحمەدی کۆر.


## شێخ ئیمامودینی مەردووخی

... – ١٢٦٠

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئیمامودین و کوڕی شێخ محەمەد و نەوەی شێخ ئەحمەدی تەختەییە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتووەتە دەستمان لە دێی دەژندا هاتووەتە دنیاوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا لە لای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی شوێنەکانی هەورامان گەڕاوە و سەرئەنجام لە سنەدا ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٦٠ی کۆچی ماڵئاوایی لە جیهان کردووە و هەر لەوێدا نێژراوە.

شێخ ئیمامودین بەیەکێ لە هۆنەرانی کورد دێتە ژمار، هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین. گەرچی هۆنراوەکانی کۆ نەکراونەتەوە و زۆربەیان لەناوچوون، بەڵام ئەو هۆنراوانەی وا بەیادگار ماونەتەوە، پلەوپایەی ئەومان لە هۆنەریەتیدا بۆ دەردەخەن. لە

هۆنراوەکانی ئەو هەر تەنیا پارچە هەڵبەستێکیمان کەوتووەتە دەست کە بەبۆنەی بارکردنی شێخ غەفوور لە دێی کاشتەرەوە بۆ دێی هەجیج هۆنیوەتەوە کە دەڵێ:

عەرزە داشت بەندەی مەحزوون مەهجوور
وەخزمەت مەخدووم کاکە شێخ غەفوور
(احَبُ الاحباب) خوێشان و ئەقوام
مورشد ئەنام، خەواس و عەوام
رەفێق شەفێق ئی بەندەی حەزین
بەگەزاف مەشهوور بەئیمامودین
مونهی ڕای مونیر مەخدووم مەدارۆ
ئەر پەرسی ئەحوالْ موخسڵت ئارۆ
جەو دمای سەفەر مەعهوود مەعلووم
باز وەشار ئامام وە ئی مەرزو بووم
شنەفتم چۆڵەن تەکیەکەی کاشتەر
هەر دەم وە جگە رمەدۆم سەد نەشتەر
ئەیوانچەی یانەت جای مەکروورێوەن
حەوز و موسەڵڵات مەملوو جەدێوەن
نە سەدای ئەزان نە قەد قامەتەن
چێش واچوون یا شێخ یە قیامەتەن
بەمەرگت قەسەم دەرد کاری وێم
پەی ئی بازارە گشت جە دڵ بەرشێم
ئیسە ئیستدعام جەگردین خاسان
پیران پڕدین ڕاگەی حەق ناسان
خوسووس ئەو بوزورگ پەنات پێ بەردەن
هیممەتش حازر ئەرسەد کەمەردەن
خوداوەند بەخێر رەحمێ بکەرۆ
تەفرەقەی یاران گشت جەم بدەرۆ
بەڵکەم ئی مەحزوون مەرگ نازاران
دڵش هەر شاد بۆ بەدین یاران



وەرنە ڕۆ بەرۆ خەمان لێش کووەن
نیدای شادی و زەوق پەی ئەو ڕۆ ڕۆوەن

واتە: ئەی کاکە شێخ غەفوور! سکاڵا و گلەییەکم هەیە لە خزمەت تۆدا، تۆ لە جێی خزم و کەسوکارمی و یار و هاوەڵی دێرینمی، لە دوای بارکردنت چوومە زێد و مەڵبەندەکەت و دیم کاشتەر چۆڵە، هەیوانی بەر ماڵەکەت بووەتە جێی دیوان، ئیتر نە دەنگی بانگ دێ و چی بڵێم ئەی شێخ ئەمە ڕۆژی پەسڵانە، بەمەرگت سوێند دەخۆم کە دەردی کاریمە، ئێستا داوای لە هەموو پیاوانی چاک و پیران دەکەم، بەتایبەت تۆ کە پەنات بردووەتە لای سوڵتان عوبەیدوڵڵا (واتە کۆسەی هەجیج)، خوا بەزەیی پێماندا بێ و هەمووی یاران کۆکاتەوە بەڵکو کەمێ دڵم شاد بێتەوە، ئەگینا ڕۆژ بەڕۆژ پتر پەژارە دڵم دادەگرێ و خەم تیام دەبا.

سەرچاوەکان

١- بەیازێکی کۆن کە نزیکەی سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوەتەوە.
٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەشێخ ئیمامودین مەردووخی.

## شێخ عەبدولکەریمی خانەگایی

١٢٠٧ - ١٢٧٤

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەبدولکەریم و کوڕی شێخ ئەبووبەکر و نازناوی خەستەیە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٠٧ی کۆچی لە دێی خانەگای پاوە لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا لە لای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی شوێنەکانی هەورامان گەڕاوە، ماوەیەک لە دەژن بووە، ماوەیەکی زۆریش لە پاوە خوێندوویەتی و لە پاشا لە سنە خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی وانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بووە و ماوەیەکیش لە شاری سلێمانیدا خەریکی وانە وتنەوە بووە و لە پاشا گەڕاوەتەوە خانەگا و سەرئەنجام لە ساڵی ١٢٧٦ لە تەمەنی شەست و نۆ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

لە یەکێ لە بەیازەکاندا نووسراوە کە خەستە: یەکێ لە سەیدەکانی خانەگای پاوە بووە و هۆنەرێکی گەورە و خاوەن بیر و هۆشێکی بەرز بووە و گەلێ هۆنراوی بەزاراوەی گۆرانی هۆنیوەتەوە و تا ئاخر و ئۆخری سەدەی سێزدەمی کۆچی ژیاوە.

کاک حەمە عەلی سوڵتانی لە پەڕاوی (حەدیقەی سوڵتانی)دا سەبارەت بەم هۆنەرە دەڵێ:

خەستە هاوچەرخی مەولەویی تاوەگۆزی بووە و تا ساڵی ١٢٦٥ی کۆچی زیندوو بووە و ماوەیەک لە شاری سلێمانی دەرسی وتووە و سەرئەنجام گەڕاوەتەوە خانەقا و لەوێدا کۆچی دوایی کردووە.

خەستە بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار و لە هۆنینەوەی هۆنراودا، دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. گەرچی هۆنراوەکانی ئەو کۆ نەکراونەتەوە، بەڵام ئەو هۆنراوانەی کە لە ئەوەوە بەیادگار ماونەتەوە، پلەوپایەی ئەومان لە هۆنەریەتیدا بۆ دەردەکەوێ. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

چراخ ڕێش نەبۆ، چراغ ڕێش نەبۆ
هەر سەرێ وەدەرد سەودات ڕێش نەبۆ
خاطرێ وە نێش تۆ پڕ ئێش نەبۆ
وە ڕووی دونیاوە ڕاحەت پێش نەبۆ
تێش نیشۆ مەودای پەیکان ژاراو
لێش حەرام بۆخاو، چێش تکیۆ زوخاو
سیا بۆچون سەنگ ماندەی هەواران
خەستە بۆ وەدەرد پەی دووریی یاران
دەستێ نەگێڵۆ نە سینەی سافت
چنگ نەدۆ نەچین مووشکین کلافت
وە تیغ پڕ زام پارە پارە بۆ
ئاوێزان وەچنگ پای قەنارە بۆ
ڕێزە ڕێزە بۆ توانـاش کەم بۆ
دوساخ پاوەند زەنجیر خەم بۆ
ساکە دووریی تۆ ئاهێر وست نە دڵ
دەست هۆرگرت نە گشت (خەستە)ی خار و چڵ

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! هەر سەرێ بەدەردی ئەوین و سەودات گرفتار نەبێ و دڵێ بەچزەی ئەوینت ئێشی پێ نەگات و لە ڕووی دونیاوە هێمنی لێ دەبڕێ، وە چاوێک بەسورمەی کەوشەکانت نەڕێژرێ و ئەوسا سەیری باڵای نەمامت نەکات، یاخوا نووکی تیری ژاراوی تێی کەوێ و خەوی لێ حەرام بێ و زووخاوی لێ بتکێ و ڕەش هەڵگەڕێ وەکو





بەردی هەواران و بەدەردی دووریی یار شەکەت و ماندوو بێ، وە دەستێک بەناو سینگتدا نەگەڕێ و چنگی نەکەوێتە ناو چینی پەلکەکانتدا، یاخوا بەشمشێر لەت لەت بێ و بەقەنارەوە هەڵی واسن. دەسا دووریی تۆ ئاگری خستە ناو دڵ و دەستی لە (خەستە) هەڵگرت. لە پارچە هەڵبەستێکی تردا بەم جۆرە لەگەڵ یارەکەیدا ڕاز و نیاز دەکا:

چراخم دیدەت، چراخم دیدەت
سەوگەند وە سورمەی دەوران دیدەت
وەئەبرۆی وێنەی بالام خەمیدەت
یاخۆ چون هیلال حەق ئافەریدەت
وەزوڵف سیای پڕچین لوولت
وەبالا چون سەوڵ ڕەند نەوتوولت
وەگۆنای چون شەم شەوان ئەفرۆزت
وە کرشمە و ناز عاشقان سۆزت
وەپەنجەی نازک حەنایی ڕەنگت
وە دیدەی مەخموورسیای سێوەنگت
وەنیگای ناگای وادەکەی جاران
وەجیلوەی بالات لە دەروبانان
ئەر "خەستە" بێ تۆ شادی بویارۆ
خوداوەند بالاش وە گڵ بسپارو

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! سوێند بەسورمە و کلی چاوانت، وە بەئەبرۆی خەمیدەی وەکو باڵام، کە وەکو مانگی یەکشەوەیە وە بەزوڵفی ڕەشی پڕچین و لوولت، وە بەباڵای وەکو سەوڵت. وە بەگۆنا و کوڵمەی وەکو شەمت کە شەو ڕووناک دەکاتەوە، وە بەناز و خەمزەت کە دڵی ئەویندار و گراو دەسووتێنێ، وە بەنێونیگای نازت، ئەگەر "خەستە" بەبێ تۆ شاد بێ، یاخوا لەشی بسپێرێتە گڵ و خاک.

لە پارچە هەڵبەستێکی تردا دەڵێ:

چراخم ناشاد، چراخم ناشاد
تا وە مۆژدەی مەرگ دڵ نەبۆ ناشاد
تاکە هیجرانت نەکێشۆ جەورم
تا یاسین وانان نەگیران دەورم

تا دیده نەشۆ چەنی بالاسەر
نەگێڵۆ پەی من زایەڵەی چەمەر
تا یاران پەرێم نەکێشان فەریاد
شەرت بۆ مەیل تۆ نە دەروون وەباد
تا پێم نەوانان ئایەی وادەی مەرگ
تابەر ناوەران نە تۆی جامە و بەرگ
تاکە مەردەشۆر نەشۆرۆم بەدەن
نەپێچامەوە وەتۆ تۆی کەفەن
نەنیام وە تابووت وەهەی داد هەی داد
شەرت بۆ مەیل تۆ نەدەروون وەباد
تاکە دڵسۆزان تەرمم نەوەران
وەسەرای گڵکۆم داخڵ نەکەران
تاکە نەنیانێم نە تۆی یانەی تۆ
دڵ پڕ ئاخ و داخ دووری دیدەی تۆ
نەپۆشان وەسەنگ، بەرکەرام جە یاد
شەرت بۆ مەیل تۆ نەدەروون وەباد
تاکە نەڕێزان وەسەر قەبرم خاک
تا نەوەزانیم یانەی تەنگ و تاک
تا خەستەی دەردت قاڵبش یەک سەر
نەدریۆ جەیۆ نەو یانەی خەتەر
تاکە گۆشت و پۆس، مەغزو ئێستخوان
چەنی خاک و خۆڵ ئامێتە نەوان
تا "خەستە"ت سفتەی نار و نوور نەبۆ
شەرت بۆ مەیل تۆ جەلام دوور نەبۆ
تامووران نەوان وەزیزم دڵشاد
شەرت بۆ مەیل تۆ نەدەروون وەباد

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! تاکو مردن من هەر تۆم خۆش دەوێ و، تا یاسینم دەخوێنن و تا یاران ڕۆ ڕۆم بۆ نەکەن، مەرج بێ کە لە بیر نەبەمەوە. تا مەرگم پێ نەگا و کفن نەکەنە



بەرم و تا لە بان تەتەشۆردا نەمشۆرن و لە ناو کفندا نەمپێچنەوە و نەمخەنە ناو دارەتەرم، مەرج بێ کە تۆ لە بیر نەبەمەوە. تا هاوەڵان و خزم و کەسوکارەکەم تەرمەکەم هەڵنەگرن و نەمخەنە ناو گۆڕ و بەبەرد بانم دانەپۆشن، مەرج بێ کە تۆ لە بیر نەبەمەوە. تا خۆشەویستەکەم، نەیتە سەر گۆڕەکەم و تا گۆشت و ئێسک و پرووسکم، لەگەڵ خاک و خۆڵدا ئاوێتە نەبێ و مێرووان بەلەشی ساردەو بووم دڵشاد نەبن، مەرج بێ کە تۆ لە بیر نەبەمەوە. لە دوو هۆنراوی تردا دەڵێ:

ڕوخسارش ڕەونەق ڕوبع مەسکووندا
جەیران حەیران مەند شی وەهامووندا
وەنەوشە سوجدەی خاڵش فەرز کەردەن
جەو بۆنە مودام کەچ کەردەن گەردەن

واتە: ڕوومەتی یارەکەم ڕەونەقی دایە جیهان و ئاسک سەرسام ما و بەرەو دەشت کەوتە ڕێ و وەنەوشە کڕنۆشی لە خاڵەکانی کرد و بۆیە هەموودەم سەری لێ دەخەوێنێ.

سەرچاوەکان
١- حدیقه سلطانی – تالیف محمد علی سلطانی – تهران، ١٣٦٤.
٢- بەیازێکی کۆن کە سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوەتەوە.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەشێخ عەبدولکەریمی خانەگایی.

## سەی براکە

١٢١٠ – ١٢٩٠

ئەم هۆنەرەمان کە ناوی حەیدەر و کوڕی سەی مەنسوور و نازناوی سەی براکەیە، بەپێی سەرەتای پەڕاوی سەرئەنجام لە ساڵی ١٢١٠ی کۆچی لە دێی تووت شامیی کرماشاندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە ساڵی ١٢٩٠ لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا بەدەست دوژمنان کوژراوە و لە دێی ناوبراودا نێژراوە.

دوکتۆر محەمەد موکری لە سەرەتای پەڕاوی (شانامەی حەقیقەت)دا لە بارەی سەی براکەوە دەڵێ: سەی براکە کە یەکێ لە ڕێبەرانی هەرەبەرزی یارییە، لە ساڵی ١٢١٠ی کۆچیدا لە دایک بووە و لە ساڵی ١٢٨٠ لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا کوژراوە.

سەی براکە بەیەکێ لە ڕێبەران و هۆنەرانی پایەبەرزی یاری دێتە ئەژمار، وە سی و شەش کەس لە هاوەڵانی کە لە دەوری خۆیدا کۆی کردوونەتەوە، هۆنەر بوون و

بەناوبانگترینی ئەو هۆنەرانە: نەورۆز و تەیموور و زولفەقارن کە هۆنراوەکانیان گەلێ بەرز و ناسک و ڕەوانن، وە هۆنراوەکانی ئەو هۆنەرانە لە پەڕاوێکدا بەناوی: (دەورەی سەی حەیدەری) کۆ کراونەتەوە.

ئەمەش چەند پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

عەرەب دوجەیلم، عەرەب دوجەیلم
عەرەب وە عەرەب قەیس دوجەیلم
ئەتۆ لەیلەنی من لەیل لەیلم
ئەسرین نەدیدە چون سەیلات کەیلم
بیم وە سەرقەتار، قەتار شاهی
ویەردم نە بان پێڵ کەچ ڕاهی
دۆسان مزگانی ها یاوام وە لەیل
وەبۆی عەتر لەیل دەماخ کەردم کەیل
دیدە دیدەی لەیل نەناسۆ وەوێش
کۆر بۆ، نابینا، بەدتەر بەیۆ پێش

واتە: من بۆ یارەکەم بەوێنەی قەیسی لێوەم لێ هاتووە و ئاوارە و دەربەدەری دەشتەکەی دوجەیل بووم، ئەو دەشتەی کە مەجنوونی تێدا سەرگەردان و ئاوارە بووبوو، و بۆ لەیلای یاری دەگەڕا. تۆیش یار و لەیلای منی و منیش دڵبراو و مەجنوونی تۆم، وە بۆ تۆ فرمێسکم وەکو لافاو دێ، لەبەر تۆ خۆم کردە کاروانچی، وە لەسەر پردێکی لارەڕێدا تێ پەڕیم تا بگەمە تۆ، ئەو هەموو ڕێگەوبانەم لەبەرئەوە بڕی تا بۆنی خۆشی تۆم پێ بگا. خوا و راسان بەهیوای دڵم گەیشتم. چاوێ کە چاوی نەکەوێتە یار، ئەو چاوە یاخوا کوێر و نابینا بێ و جیهانی لێ تاریک بێ.

٢

یاران نە خامۆش، یاران نە خامۆش
شەوێ نە شەوان نە خاو خامۆش
وێنەی سیاوەحش سیای سەوادپۆش
دیم سەدای قووقووی یارم ها نەگۆش
وە جەخت مەشاخا نەو بەند سەرکۆ
قەواقووی یاران ئاخر بی وە ڕۆ



نەو سەدا و دەنگە چەند کەس خرۆشا
بێدار بیم نەخاو دەروونم جۆشا
ئیسا هام نە فکر ئەو سەدا و خرۆش
وە مەیل بنیام هەم بەیۆ وە گۆش

واتە: ئەی یاران! شەوێکیان کە گێتی کپ و مات بوو، خەوێکم دی. لەم خەوەدا وەکو سیاوەشی ڕەشپۆش لە شوێنێکدا ڕاوەستا بووم کە لەپڕ سەدا و هاواری یارم هاتە گوێ لەسەر کێوێکدا دەیشاخاند و دەینالاند و، بەدەم هاوار و ناڵەیەوە چەند کەسی تر نالاندیان تا ڕۆژ بووەوە، لەو هەرا و ناڵەیەشدا من وریا بوومەوە و دڵ و دەروونم هاتە کوڵ، ئێستەش هالەم بیری ئەو ناڵە و هەرایە، وە هیوادارم کە سەرگەورەی فریشتەکان لە لایەن خواوە تکام بۆ بکا تا جارێکی تر گوێم لە دەنگ و ناڵەی یارەکەمەوە بێت و بەهیوای دڵم بگەم.

٣

دڵە ئەو کۆی نەشت، دڵە ئەو کۆی نەشت
وەیادت مەیۆ وێڵ بیت نە کۆی نەشت
ئەسرین نە دیدەت چون سێلاو مەوەشت
سووەیل بێ ئاما وەی تەورە تۆ ڕەشت
هەی دڵ نە پایەی لەیلا بنیەر سەر
پەنا بەر وە زات پادشای داوەر
جام جەم بنیام، بنیام جام جەم
دۆستان مزگانی شاباز بی مەحکەم

واتە: ئەی دڵ! دێتە بیرت کە وەکو مەجنوون لە کێوی نەجدا ئاوارە و دەربەدەر بوویت؟، وە فرمێسک لە چاوانتەوە وەکو لافاو دەهات، ئەمە سوەیل بوو کە تۆی بەم چەشنە بەرز کردەوە کەوابوو ئەی دڵ لە بەرابەری پلەوپایەی دڵداردا سەر دانەوێنە و کڕنۆش کە و پەنا ببە بەر پاشای داوەر، جامی جەم نوێنگەی بەزەیی خوایییە. ئەی دۆستان مژدە! کە شابازی گەورە سەرمەست و سەرخۆشی ئەو جامە بوو.

٤

جەو یار پەی خەوەر، جەو یار پەی خەوەر
سێ دۆست ئینتزار جەو یار پەی خەوەر

هەرسێ سەر توفەیڵ گوڵبانگ سەحەر
موحتاج پەرێ شەوق شوعای شوعلەوەر
وەمەزموون سەبت تەعلیقەی سەرمۆر
زاڵ چەنی ڕوستەم ڕەخش مەساف جۆر
ئامان ئەو مەیدان سەرای داڵەهۆ
تەمام ئاراستن خواجای یەمەن کۆ
چون روستەم چەنی ئەو خاقان چین
ستێزا و یاوا وە فەڕ ئی زەمین
یەقین دوستانیش مەیاوان وەفەر
خلاف نەدارۆ حەرف قەڵەم زەڕ
دەورمەدان نە دەورچون حوسەین نام
تەحقیق نە مەیدان نەداران ئارام
نوشتەی مووسا خلاف نەدارۆ
دۆست ڕاست پاکباز باوەڕ بدارۆ

واتە: سێ کەس لە یارانی پاکدڵ بەشوێن شادا گەڕان و ئەم سێ کەسە کە پێویستییان بەبەزەیی و تیشکی ڕوخساری ئەو بوو، کاتێ کە شایان پەیدا کرد وەکو زاڵ و ڕۆستەم و ڕەخش ڕۆیشتنە کێوی داڵەهۆ و ئەوێیان ڕازاندەوە و بوونە هۆی پیت و پیزی ئەو مەڵبەندە. ئەوان وەکو ڕۆستەم کە بۆ فەڕ و شکۆی وڵات لەگەڵ خاقاندا شەڕی کرد، پیرۆز بوون. بێ گومان دۆستان و یارانیش ئەگەر لە پیت و پیز و لە فەڕی شا بەهرەمەند دەبن. بەوتەی پیر مووسی بڕواتان بێ و ڕێی ڕاست بگرنە بەر و ڕاستی بکەنە دروشمی خۆتان.

٥

عەجەو بەزمێ دیم، عەجەو بەزمێ دیم
نەی وەقت شەفەق عەجەو بەزمێ دیم
وەمەیل چەند کەس مەگێڵیام، مەشیم
تا یاوام وە پای درەخت عەزیم
یاوام وە بازاڕ بەند ڕاست بەن
دیام دیم یارام نە ڕووم حازر هەن
مەیۆ وە ڕاوە وێنەی سەوڵ ساف
وەرگێڵیا چەنیم بێ لاف و خلاف



ڕوو کەرد وە مۆبەت وەشیرین گوفتار
گا مەیل وە کەمین گا ڕاز بەدکار
خولاسە تا دەرب ورازان کەردن
هەردوو دەس پەیوەس پێچان نەگەردن
دەهەن نە گەڵووی من مات و مەدهۆش
تفلێ نەوساعەت مەواتش خامۆش
ئیسا هەم وەمەیل بنیامین جەم
نەومەیل و مۆبەت مەیلش نەبۆکەم

واتە: لەم بەرەبەیانەدا بەزمێکی سەیرم دی، وە بەئارەزووی چەند کەس دەهاتم و دەچووم تا گەیشتمە پای دارێکی گەورە و ئەوسا لەوێوە ڕۆیشتمە بازاڕ و دیم یارم لە بەردەمم دایە و وەکو سەوڵ دێتە ڕێوە و ڕووی تێم کرد و لەگەڵمدا دوا و دوای دڵ و دەروونمی ڕوون کردەوە، ئێستاش هەر ئەو خۆشەویستییەی لەگەڵمدا هەیە و خۆشمی دەوێ.

٦

دەروێش دەروێشان، دەروێش دەروێشان
دەروێش مەولا ئاغەی دەروێشان
وە ڕەمز و ڕەوشت ڕیازەت کێشان
وە جەم چلتەن یار نە دلێشان
هەر کەسێ کە را وە یار بزانۆ
سەڕافەن سەڕاف کە پێش مەوانۆ
مەبۆ کە سەڕاف دانەشناس بۆ
خەوەرنە ئەسرار خاس و ناخاس بۆ
نەک چون لێلاوان وێڵ هەردە بۆ
وێڵ و سەرگەردان را گوم کەردە بۆ

واتە: ئەو کەسەی کە دەروێشە و بەڕێ و ڕەوشتی دەروێشی دڵی بەستووە و لە ڕێی خواوە دەڕوا. وە جەم و چلتەن و یار لە دڵ دەرناکەن، وە هەر کەسێک ڕێی ڕاست بەیار بزانێ دیارە خواناسە و خواناسیش دەبێ دانەناس بێ و خاس لە خراپ جیا کاتەوە، نەوەکو ئاوارەی دەشت و دەر بێ و ڕێ گوم بکا.

٧

سـفـيـد صـفـەتان، سـفـيـد صـفـەتان
جـەم سـفـيـدەوان سـفـيـد سـفـەتان
کـالآی کـارخـانـەی سـاحـێب مـۆبـەتان
سـەرمـەشق نەدوکـان باتـن هـیـمـەتان
مـەعلووم بۆ نەلای تـوغـرای قـەڵەم زەڕ
زێڵ زەیـن زولاڵ جـــەلادان وەفـــەڕ
بـەڵێ وە شـــەرتێ چـون مــایـە داران
هـەر شـەرت و ئیـقـرار وێنەی توجـاران
رۆژ وە رۆژ فـێشـتـەر مـەشـقش تەمـام بۆ
دوور نـەبـەین و بـەس بۆرە جــەمــام بـۆ
وە سـەورئـومـوور، وە سـەقـام سـەخت
مـایـەت نەدوکـان سـەڕاف بکـەر نـەخت
وەی تـەورە مــەبـۆ نـە ســەرویـەردەن
بـاقی وات واتـای مـەنەی بـێ شـەردەن

واتە: پیاوی خواناس دەبێ لە کارخانەی خۆشەویستیدا کالآ بکرێ و دڵی پاک و خاوێن بکاتەوە و بەبەڵێن و پەیمانی خـۆی بجـوولێـتـەوە و رۆژ بەرۆژ پتـر لەم رێگەوە بڕوا، وە بەئارامی و هێمنی مایەی لە لای پووڵ گۆڕەوەی خواناسیدا نەخت بکاتەوە و بەم چەشنە دەبێ ژیان باتە سـەر، ئیـتـر ئەوانەی وا لە رێگای ترەوە دەڕۆن دیارە لە هەڵەدان و ڕێی ڕاست ناگرنە بەر.

سەرچاوەکان


١– شاهنامەی حقیقت – تالیف حاج نعمت الله جیحون آبادی – تهران، ١٣٦١.
٢– مشاهیر اهل حق – تالیف صدیق صفی زاده – تهران، ١٣٦٠.
٣– دەورەی سەی براکە (دەستنووس).
٤– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەسەی براکە.




## دەروێش ئوجاغی گاوارەیی

١٢١١ – ١٢٨٦

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئوجاغ یا وەجاخ و کوڕی فەرهاد میرزای گاوارەیییە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتووەتە دەستـمان لە ساڵی ١٢١١ی کـۆچی لە دێی گـاوارەی سـەر بەکرماشـان هاتووەتە دنیاوە و لەبەرئەوەی لە بنەماڵەیەکی خوێندەوار و میرزا بووە، هەر لە منداڵییەوە دەستی کردووەتە خوێندن و فێری وێژەی فارسی و خەتخۆشی بووە و پاشان چووەتە دێی تووت شامی و ماوەیەک لە خزمەت سەی براکەدا بووە و بووەتە دەروێشی و لەوێدا پەڕتووکی سەرئەنجام و دامیار دامیار و پەڕتووکە ئاینییەکانی تری یاریی خوێندووە و پاشان بۆ ڕێنوێنیی خەڵک چووەتە کرند و سەحنە و هاتوچۆی کرماشـان و پاتاق و قەسر شیرینیشی کردووە و چەند جارێکیش چووەتە تاران و قوم، کاروانییەکی خانەقین و دێی هاوار و سازان کە کەوتوونەتە لای شاری هەڵەبجەوە بووە و پاشـان گـەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی یارییەکان و هۆنراو هۆنینەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٨٦ی کۆچی لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

دەروێش وەجاخ بەیەکێ لە هۆنەرانی گەورەی یاری دێتە ژمار و هۆنراوەکانی گەلێ دڵگر و شیرین و دڵنشین و زۆربەیان سەبارەت بەڕێ و ڕچەی یارین و هەندێکیشیان پێشبینین و لە دەفتەرێکدا کۆ کراونەتەوە و هێشتا لە چاپ نەدراون.

ئەمەش چەند پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرەیە کە دەڵێ:

١

رەسـتا خـێز مـەبۆ، ڕەسـتا خـێز مـەبۆ
یاران بزانان ڕەسـتـا خـێـز مـەبۆ
زولفـەقـار نە فـەوق حـەجـەر تیـژ مـەبۆ
نـە ئەرزولبـەحـرەین وڵگەرێز مـەبۆ
هـوژمـەت باتـن بنای شـەڕ مـەبۆ
تـەلاتـوم قـین بـەحـر و بـەر مـەبۆ
عـالەم مـوسـەخـخـەر تار و مـار مـەبۆ
نیـشـانەی ئاخـر نە وەهـار مـەبۆ

واتە: ئەی یاران! ئەوە بزانن کە شەڕ و ئاژاوە لە جیهاندا هەڵدەستێ و وەکو ڕۆژی دوایی هەمـوو دەکەونە ناو ترس و دەپەشۆکێن و شمشێری زولفەقار تیژتر دەبێ و لە خاکی

بەحرەیندا گەلاڕێزان دەبێ و شەرم لادەچێ و شەڕ هەڵدەستێ و ئاوی دەریا دەخرۆشێ و شەپۆلی دەگاتە دەشت و کێو و دونیا بەجارێ تاریک و تەنگ دەبێ و نیشانەی ئەم بارە نالەبارەش لە وەرزی بەهاردا دەردەکەوێ.

٢

یاران قڕ مەبۆ، یاران قڕ مەبۆ
خەیلێ جە مەردوم یەکسەر قڕ مەبۆ
پەی دەنگ باقی چڕاچڕ مەبۆ
نەی ساڵ وەشدا بەهار بڕ مەبۆ
زوڵم و زەلالەت بەرز مەو نەشاران
مەوۆ ڕەستاخێز عێراق و ئێران
مەشۆ وە غارەت بوخارا و بەڵخ
تەک مەدۆ تەکان ئەوقات مەبۆ تەڵخ
پەشێوی دووسەر دەعوای دین مەبۆ
کوشتار باتن سەرزەمین مەبۆ
"ئوجاخ" تۆ واچە مەبۆ چێش کەرۆ
هەرکەس نە سەمتێ واچۆ ڕۆڵە ڕۆ

واتە: ئەی یاران! گەلێ لە خەڵک بەتەواوی قڕ دەبن و دەبێتە چڕاچڕ و کەس لە کەس نابێ و لە ساڵێکی خۆشدا بەهار وشک دەبێ و زۆر و ستەم و گومڕایی لە شارەکاندا پەرەدەستێنێ و شەڕی ئێران و عێراق دەست پێ دەکا و بەڵخە و بوخارا، بەتالان دەبرێ و ژیان لە خەڵک تاڵ دەبێ و هەمووی ئەمانە بۆ شەڕی دین دەبێ. جا وەجاخ تۆ بڵێ ئەو خەڵکە دەبێ لەم کاتەدا چی بکەن کە هەر کەس لە شوێنێکەوە دەبینی دەداتە سەر خۆیا و دەڵێ ڕۆڵە ڕۆ.

٣

جەنگ خەیبەر بۆ، جەنگ خەیبەر بۆ
خرۆش بەغداد جەنگ خەیبەر بۆ
زیرەی زولفەقار شاخەی دووسەر بۆ
ئەستەمووڵ بەرباد دەهوا یەکسەر بۆ



سەرداریێ نەمەڵک ئێران خەوەر بۆ
سڵسڵەی سپاش بەوێنەی وەر بۆ
بەیتولموقەدەس چراغان مەبۆ
تلووع نە تطەلعەت دەماغان مەبۆ
وا دیوسەلام شۆر شین مەبۆ
فتوور قساس جەنگ دین مەبۆ
"ئۆجاغ" تا شاخە نە خێزۆ نەعەرش
جیهان یەکسەر بۆ سەحرابۆوەلەش

واتە: شەڕی بەغدا وەکو شەڕی خەیبەری لێ دێ و لە ئەستەمبوولیشدا شەڕ هەڵدەگیرسێ و سەرۆکێک لە ئێراندا وریا دەبێتەوە و لەشکرەکەی لەناو خەڵکدا وەکو هەتاو دەدرەوشێتەوە و شاری قودس دەبێتە چراغان و هەتاوی سەربەستی لەوێدا هەڵدێ و شەڕ لە وادیوسەلام یا بەغدادا پەرەدەستێنێ و خەڵک تۆڵەی خۆیان لە یەکتر دەسەننەوە و ئەم شەڕەش بۆ دین دەبێ. ئەی وەجاخ تا شریخەیەک لە ئاسمانەوە نەیێت، دەشت بەجارێ پڕ دەبێ لە لەشی کوژراوان.

سەرچاوەکان:
١- دەفتەری هۆنراوەکانی دەروێش وەجاخ کە لە ساڵی ١٣٠٢ی کۆچیدا نووسراوە.
٢- بەیازێکی کۆن کە هەندێ هۆنراوی دەروێش وەجاخی تێدا نووسراوە.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەدەروێش وەجاخی گاوارەیی.

## میرزا عەلی عەباسوەندی

١٢١٣ – ١٢٧٦

ئەم هۆنەرەمان بەپێی یادداشتی ئەعلادین کوڕی عالییە و لە ساڵی ١٢١٣ کۆچی لە دێی گاوارەدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە ماوەیەکی کەمدا فێری ڕێزمان و وێژەی فارسی بووە و لە پاشان خەریکی خوێندنی پیتۆڵی بووە و ئەوسا چووەتە دێی تووت شامی و ماوەیەک لەلای سەی براکەدا ماوەتەوە و لە پاشا ڕۆیشتووەتە خانەقین و کەرکووک و بەغدا و نەجەف و خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٧٦ی کۆچی دوایی کردووە.

میرزا عەلی لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و گەلێ هۆنراوی لە شوێن بەجێ ماون و لە هۆنراوەکانی وا دەردەکەوێ کە لە زۆربەی زانستەکانی دەوری خۆیدا سەررِشتەی هەبووە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە، کە دەڵێ:

شام ها نەشامدا، غوڵام نە تەبرێز
مەبۆ بکەران شین و ڕەستاخێز
وسنە قرمزی سەنگ سەرانە
بی وە خەرابە پەرێ دێوانە
تاریکەن تاریک بەڵخە و بوخارم
تاقەتم تاق بی نەمەنەن چارم
بتەم بتوونەن بیمم زوڵاڵە
بێ چێو نمەبۆ ئی گالای گاڵە

واتە: شام لە شام دایە و خوڵامەکەی لە تەورێزدا ژیان دەباتە سەر، کەوابوو دەبێ شیوەن و زاری کەین. کێوی وسنە قرمزی هەر سنگی سەرانەیە کە بۆ دڵخوازان و شەیدایان بووە خەراوە و وێرانە. دێی بەڵخە و بوخار تاریکە و منیش تاقەتم تاق بووە و چارەیەکم نییە جگە لەوەی کە ئارام و ئۆقرە بگرم. ئەندام و لەشێکی سەختم هەیە و دڵێکی پاک و خاوێن، کەوابوو قیژە و هاوارم بێ ئاکام نامێنێتەوە.

وسنە قرمزی کە هۆنەر دەڵێ هەر سەنگی سەرانەیە و ناوی کێوێکە لە دێی سەرانە، لە ئاڤێستاشدا ئەم ناوە بەچەشنی وەسنە هاتووە و ناوی کێوێکە کە لە یەشتی نۆزدەمدا باسی کراوە.

سەرچاوەکان:

١– یادداشتی ئەعلادین کە سەبارەت چۆنییەتیی ژیانی هەندێ لە هۆنەران نووسراوە.

٢– بەیازێکی کۆن کە سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.

٣– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمیرزا عەلی عەباسوەندی.



## میرزا عەبدوڵڵا خەیاڵی

١٢١٣ – ١٢٩٤

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەبدوڵڵا و کوڕی مەلا قادر و نازناوی هۆنراوی خەیاڵییە. بەپێی بەیازێکی کۆن و ئەو زانیارییانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢١٣ی کۆچی لە هەوشاردا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی شوێنەکانی هەورامان گەڕاوە و سەرئەنجام لە نۆدشەدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەکشتوکاڵ و وانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٩٤ لە تەمەنی هەشتا و یەک ساڵی لە دێی گۆرچیندا کۆچی دواییی کردووە و نێژراوە.

خەیاڵی لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردی و فارسیدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی خۆی بەخەتە جوانەکەی نووسیوەنتەوە و بەیادگار ماونەتەوە.

خەیاڵی وەکو زۆربەی هۆنەرانی تر سەرەتا شەیدای دیمەنە جوانەکەی کوردستان بووە و لە پاڵ ئەمەشەوە جوانی و شۆخوشەنگیی یارە خۆشەویستەکەی ئەوەندەی تر ئاگری کورێژمەکەی خۆش کردووە و ئەمەش بووەتە هۆی هەڵقوڵینی سەرچاوەی هۆنراوی.

وەکو دەڵێن لە تافی جوانیدا لە هەرێمی تیلەکۆ یا سیاکۆدا دڵی چووە لە بەفراو ناوێک و زۆربەی هۆنراوەکانی بەبەژن و باڵای ئەو کیژەدا هۆنیونەتەوە. لە پارچە هەڵبەستێکدا بای شەماڵ دەکاتە نێرراو و پێی ڕادەسپێرێ کە ڕازی دڵەکەی ببا بۆ یارەکەی و پێی بڵێ کە شێت و لێوەی بووە و ئارامی لێ بڕاوە بۆ ئەوەی بیبینێ، وەکو دەڵێ:

شەماڵ وەشبۆ، شەماڵ وەشبۆ
شەماڵ شەریف بۆی عەتر وەشبۆ
قەترە دەر وەجەخت مدارات نەبۆ
بشۆ وە ماوای مڵک سیاکۆ
بشۆ بەو مەکان قیبلەم تێ نشتەن
جە سەرتا دامان نوور پێدا وەشتەن
دەخیلم دەخیل باد سەردی نۆش
عەرز بەندەی وێت مەکەر فەرامۆش
مەشی وە یانەی باوان لەیلم
جە لەیلێ فێشتەر وەفا و مەیلم

وێنەی دڵسۆزان بنیشە وە لاش
دەستەی زوڵفانش پەخش کەر نەگۆناش
مبادا قیبلەی ئاهووی وەحش چەم
بێدار بۆ جە خاو بینۆ ستەم
وەختێ هۆرێزا جە شیرین خاوان
مەوینۆ زوڵفان موشکین و لاوان
دیسان جەنۆوە بەقەترەی گولاو
پەرداخ مەدۆ زوڵف تەفرقەی خام تاو
عەکس مەدۆ نەجام جەمین جام جەم
میل وەسورمەی توور مەماڵۆ نەچەم
کەم کەم توغرای لەیل بکەرە وەبۆ
ئەڵبەت مەواچۆ شەماڵ ئۆغر بۆ
بەرێزەی رازان وەدڵەی پڕ فام
دەست بەسینەوە وەنەش کەر سلام
بوا چەئەی لەیل ساحێب شەرت شوون
حەکیم دەردان حاڵ زان مەجنوون
"خەیاڵی" چون قەیس گرتشدا مانم
من جەو بۆنەوە بەی زێد ئامانم
واتش: چەند ڕایێ کە دەلیل مەندەن
زمسان تۆڕدام نە ڕاگەم تەندەن
جەو سەبەب مەحرووم دیداریارم
ئینتزار بەدین دۆست دڵدارم
وەرنە کێ تاقەت فراق تۆشەن
شەو و ڕۆ تاسەی دیدار تۆشەن
عەرز سلامت بەمن سپەردەن
بەخاک قدووم پای تۆم ئاوەردەن
سا ئەرتۆ چون لەیل، حاڵ زان دەردی
با خەبەر جە قەیس وێڵ چۆڵگەردی



وەرنە مەحاڵەن کەس وە تەماش بۆ
وا عەرزت کەردم نەونەمام نۆ
چێشەن بزانە ڕاگەی سەوابش
حەج ئەکبەرەن واچە جەوابش
ئەڵبەت وێنەی لەیل شەهد و شەکەرڕێز
یاخۆ چون شیرین خاتری خوای پەروێز
یا چۆن سنەوبەر شازادەی کشمیر
یاخۆ وێنەی زین بوهتان جزیر
یا چون هومەیلای پەڕیزای پەری
یا خۆ بەوێنەی زوهرە و موشتەری
یا چون گوڵەندام گوڵشای بن هیلال
یا خۆچون عەرزان ساحیب زولف و خال
یاخو بەوێنەی مەنیجەی تووران
یاچون زلێخای سەردار حووران
دوو مسقاڵ لەعل بێ گەردش
نیم درەم جەگەردن سوراحیی زەردش
یەک مسقاڵ جەخاڵ مابەین لیمۆش
نیم درەم ژاڵەی بان تاق ئەبرۆش
بپێچش نە کڵف ما وەری وە لام
پێش مەبۆ سارێش ناسۆرکەفتە زام
بەشەرتمان بۆ شەماڵ هۆشیار
باوەری ئەحواڵ سلامەتیی یار
"خەیاڵی" تا گیان جەلاش مەندەبۆ
گیان وەتۆ پێشکەش وەلەیل مەندە بۆ

واتە: ئەی شەماڵی بۆنخۆش! خێراکە زوو بڕۆ هەرێمی تیلەکۆ و بچۆرە ئەو شوێنەی کە وا دڵخوازەکەمی تێدایە و سەرتاپای تیشکاوییە، ئەوسا بچۆرە ماڵی دڵدارەکەم و وەکو دڵسۆز زوڵفەکانی بڵاوکەرە سەر ڕوومەتیدا و کارێ نەکەی کە لە خەو وریای کەیتەوە، کاتێ کە لە خەوی شیرین هەڵسا دیسانەوە زوڵفەکانی بشەکێنەوە و ئەوسا بۆنی قژەکەی کە و

دیاره لێت دەپرسێ شەماڵ ئۆغر بۆ کوێ دەچی؟ کە وای وت، دەست بنە سینگتەوە و سڵاوی لێ کە، بڵێ: ئەی خاوەن بەڵێن و پەیمان! خەیاڵێ وەکو قەیس داوێنمی گرت و منی نارده لات و وتی: بڵێ بەیارە خۆشەویستەکەم کە زستان داوی بۆم داناوە و ڕێگەمی گرتووە، بۆیە لە دیدارت بێ بەربووم و چاوڕوانی ئەوە دەکەم کە چاوم پێت بکەوێ، ئەگینا کێ تاقەتی دووریی تۆی هەیە، جا ئەگەر تۆش حاڵزانی دەردی بزانە ڕێی چییە بیری ئەو دڵبراوە بکەرەوە، وەکو شیرینی ئەرمەن و، یا وەک سنەوبەر شازادەی کشمیر، وەیا بەوێنەی زینی بۆتان و، یا وەکو مەنیجەی توران و زولێخای خۆشەویست، کەمێک لە بادەی لێوانت و تۆزقاڵێک لە خەیاڵی بەینی دوو لیمۆتم بۆ بکە ناو پریاسکەیەک و پێم دە تا بۆی ببەمەوە و بیدا لە برینەکانی و ساڕێژبێتەوە، ئەگەر وا بکەی خەیاڵی هەتا ماوە گیانی لە ڕێتا بەخت دەکا.

سەرچاوەکان:
١- بەیازێکی کۆن کە سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.
٢- کەشکۆڵێک کە هەندێ لە هۆنراوەکانی خەیاڵی تێدا نووسراوە.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەخەیاڵی.

## عەلی لاچین

١٢١٥ - ١٢٦٠

ئەم هۆنەرە بەپێی یادداشتی ئەعلادین کوڕی قولییە و نازناوی "لاچین"ە و لە ساڵی ١٢١٥ی کۆچی لە دێی "سۆران"ی کرماشاندا لەدایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە تافی جوانیدا کەوتووەتە گەشت و گێڵ و خەریکی خوێندن بووە و پاشان ڕۆیشتووەتە کرماشان. لەلای مەلا ئەحمەد ناوێک خوێندوویەتی و لە پاشا چووەتە دێی تووت شامی و ماوەیەک لەلای سەی براکەی ماوەتەوە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٦٠، کۆچی دوایی کردووە، وەکو ئەعلادین دەڵێ:

جەسەنەی هەزار دوو سەد چەنی شەست
جیهان بەرەی وێش زوو جە لاچین بەست

واتە: لە ساڵی هەزار و دوو سەد و شەست، جیهان دەرگای خۆی خێرا لە لاچین بەست.

لە لاچینەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماوەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و ناسکن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:



گەوهەر بەبار بۆ، گەوهەر بەبار بۆ
پەی کە سێ خاسەن گەوهەر بەبار بۆ
بوڵبوڵ بخێزۆ شاخەی بەهار بۆ
سوڵتان سرپۆش سەرجەم یار بۆ
شاخەی زولفەقار لێم ئاشکار بۆ
عالم گرد بەکۆ نە دەوریار بۆ
مەلەکان نە ڕووی دنیا بیزار بۆ
مستەفا نەقین هژمەت نەبار بۆ
ئی شەرت و ئیقرارپەی یادگار بۆ
بوڵبوڵ بخێزۆ شاخەی بەهاربۆ
"لاچین"م نەووی جیهان بێزار بۆ
شاخەی بوڵبوڵش عاشق وە یار بۆ

سەرچاوەکان:
١- یادداشتی ئەعلادین کە لە ساڵی ١٣١٤ی کۆچیدا نووسراوە.
٢- بەیازێکی کۆن کە هەندێ لە هۆنراوەکانی عەلیی لاچینی تێدا نووسراون.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەعەلی لاچین.

## تامازی گاوارەیی

١٢١٨_ ١٢٦٩

ئەم هۆنەرەتان بەپێی یادداشتی ئەعلادین کوڕی فەرەیدوونە و لە ساڵی ١٢١٨ی کۆچی لە دێی گاوارەدا لەدایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و بۆ خوێندن هەمووی ناوچەی گۆران و هەورامان گەڕاوە و ماوەیەکی زۆریش لە کرماشان بووە و لە پاشا چووەتە دێی تووت شامی و ماوەیەک لەلای سەی براکە ماوەتەوە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەکاری کشتوکاڵ و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٦٩ کۆچی دوایی کردووە.

لە تامازەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماوەنەتەوە کە گەلێ تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. وەکو دەڵێن لە تەنبوور لێدانیشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

یاران سەودای دڵ، یاران سەودای دڵ
شەوێ شیم نەفکر بەحر سەودای دڵ
وانام یەک علمێ نە تۆمار گوڵ
شەشدانگ بیم نە عەشق دوو ئۆسای قابڵ
وە مەیل باتن نوختەم عەیانەن
نیشانەم برووز بانگ بەیانەن
قاسد وە دەوان گوڵ ئاوەردەوە
سەبتم دا وەدەست پیر شەردەوە
فرێ حەساوان وە مانا و مەزموون
هانە دەفتەرم ڕەمز دوو نا دوون
وە یەد بەیزای پادشای شاهان
بەرشیم نە جەرگەی گوم کەردە ڕاهان

واتە: ئەی یاران! شەوێکیان کەوتمە ناو وت ویرە و سەودای دڵ، تۆمارێکم خوێندەوە و پەیم بردە زانستێک و بەهۆی ئەوەوە گراو و سەوداسەری دوو مامۆستای شیاو بووم، بەپێی ویستی دەروونم بوونم دیارە و نیشانەی ژیانم بۆ هەموو ئاشکرایە و هەر لەبەر ئەوەیە کە قاسدی دۆستم بەپەلە ئەو تۆمارەیە هێنا و پیری پەیمانم ناومی لەناو ئەودا نووسی، گەلێ لە کردەوەکانم لەناو ئەو دەفتەرەدا نووسراوە و، بەدەستی سپی پادشای شایان ئەز لە جەرگەی ڕێ ونبووەکان دەرچووم و ڕزگار بووم.

سەرچاوەکان:

١– یادداشتی ئەعلادین.
٢– بەیازێکی کۆن کە هەندێ لە هۆنراوەکانی تامازی تێدا نووسراون.
٣– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەتامازی گاوارەیی.

## ڕۆستەمی بابەجانی

١٢١٨ – ١٢٧٦

ئەم هۆنەرەمان بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ساڵی ١٢١٨ی کۆچیدا لە دێی تووت شامیدا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و بۆ خوێندن گاوارە و گۆران و کرند و دینەوەر گەڕاوە و لە پاشا گەڕاوەتەوە بۆ زێدەکەی



خۆی و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک و وانەوتنەوە بردوەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٧٦ کۆچی دوایی کردووە.

لە ڕۆستەمەوە هەندێ هۆنراوە بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. وەکو دەڵێن هەندێ نووسراویشی بووە کە بەداخەوە لەناوچوون و نەماون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ستارەی سەحەر، ستارەی سەحەر
دۆستان وەشەن شەوق ستارەی سەحەر
مزگانی وازەن ماوەرۆ خەوەر
شاهم سۆش وەردا نەدەشت و نەدەر
هەم ژ نەو بەیۆ دەوران باقی
تەوق یار بەرزبۆ دۆستان وەتاقی
نە حرس و نە نەوس نە خاو نە غەم بۆ
فانی فەنا بۆ باقی نە دەم بۆ
جیهان تەمام جفت یەکرەنگ بوڵبوڵ بۆ
چون بوڵبوڵ عاشق وە شێوەی گوڵ بۆ
خواجام دەفتەران یەک یەک بوانۆ
حەق مێش و گۆر نە گورگ بسانۆ
کەمینە ئەو رۆژ جامە بنمانۆ
گفت خواجام بۆ عالەم بزانۆ
(ڕۆستەم) بکێشە ئومێدەواری
هاوەختەن گێڵۆ دەوران وە یاری

واتە: ئەی دۆستان! ئەستێرەی بەرەبەیان مژدەی نەمریی گیانی مرۆ دەدا و شادی و خۆشی دەبەخشێتە دڵان. هەر کەسێک وریایە لە کەلەوە سەر بکێشێتە دەر، چونکە مزگێنیدەران ئەم هەواڵە دەدەن. تەمەنی ئێستای مرۆ لەناو دەچێ و لە نۆوە ژیانێکی تر دەست پێ دەکرێ و لەوێدا دۆستان لە دەوری یەکتردا کۆ دەبنەوە، ئیتر لەو شوێنەدا تەماح و نەوەس و خەو و غەم و پەژارە نییە و هەموو تا هەمیشە دەمێننەوە. جیهان وەکو بوڵبوڵ ڕووداو و کارەساتی خۆی دەڵێ و وەکو بوڵبوڵ شەیدای گوڵ دەبێ. خوام کردەوەی یەک یەکی خەڵک دەگێڕێتەوە و مافی مەڕ و گۆڕ لە گورگ دەسێنێتەوە. ئەی ڕۆستەم هیواداربە و ئەوەندەی نەماوە کە ڕۆژی پەسلان بگات.

یادداشتەکان:
١– یادداشتی ئەعلادین.
٢– بەیازێکی کۆن کە هەندێ لە هۆنراوەکانی رۆستەمی بابەجانی تێدا نووسراوە.
٣– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەرۆستەمی بابەجانی.

## سەی رۆستەمی بانیارانی

١٢١٨ – ١٢٨٦

ئەم هۆنەرەمان بەپێی یادداشتی ئەعلادین کوڕی سەی ئەحمەدە و لە ساڵی ١٢١٨ی کۆچی لە دێی بانیاراندا لەدایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە. لە تافی جوانیدا رۆیشتووەتە دێی تووت شامی و چەند ساڵێک لەلای سەی براکە ماوەتەوە و پاشان گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەکاری کشتوکاڵ و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٨٦ کۆچی دوایی کردووە.

لە سەی ڕۆستەمەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە لەسەر ڕێ و ڕچەی هۆنەرانی پێشوو هۆنیونیەتەوە. هۆنراوەکانی ئەو تا ئێستا کۆ نەکراونەتەوە و لە بەیاز و کەشکۆڵەکاندا نووسراون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| مێـرد بەڕ و بار، مێـرد بەڕ و بار | پەی چێش نمەکەی وجوودت ئیزهار |
| ئیـزهـار بکەرە واتەی وێت وە کـۆ | وە شـەرتێ نەڕای زات و کـەمـاڵ بۆ |
| هوو هوو نیـاوە، هوو هوو نیـاوە | وە زات بنیـام هـوو هـوو نیـاوە |
| گـوزەرگـای بـالوول سـەروەسـیـاوە | ڕۆسـتـەم زوهـوور کـەر نـە قـەوڵگاوە |

واتە: ئەی مرۆ! کە دەریا و وشکی لەژێر دەسەڵاتی تۆیە، لەبەرچی بەبوونی خۆت هەست ناکەی، وتە و قسەکانی خۆت بەدروستی دەربڕە، بەمەرجێ کە لە ڕێی ڕاستی خواییدا ئامانجت بگەی. خوا لە بیرمەکە و لە ڕێی ئەو هەنگاو هەڵگرە. خوا ئەوەی کە فەرمووە سەری بۆ دانەوێنە و فەرمانبەرداری ببە و لە بواری بالوولەوە برۆ و بەبەڵێنی خۆت ڕەفتار بکە و کارەسات و ئاپوورەی زەمانە بخە پشتگوێ و گوێی پێ مەدە.

سەرچاوەکان:
١– یادداشتی ئەعلادین
٢– بەیازێکی کۆن کە هەندێ لە هۆنراوەکانی سەی رۆستەمی تێدا نووسراون.
٣– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەسەی رۆستەمی بانیارانی.



## خەلیفە ئەڵماسی گەزەردەرەیی

١٢٢٠ – ١٣٠٥

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەڵماس و کوڕی مەلا مستەفایە و بەپێی ئەو زانیارییانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٢٠ی کۆچی لە دێی گەزەردەرەی هەوشاردا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. هەر لە منداڵییەوە لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و کاتێ لە پەڕاوە وردەڵەکانی فارسی بووەتەوە سەرەتای خوێندنی زانستی ئیسلامی دەست پێ کردووە و لە پاشا بەفەقێیەتی چووە بۆ دێی ئاوباریکی لای سنە بۆ لای مەلا عەبدولکەریمی حسێنی و چەند ساڵێک لەوێدا ماوەتەوە و ڕێزمانی عەرەبی و لێکدانەوەی قورئانی خوێندووە و پاشان رۆیشتووەتە سنە و لەوێدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە پاش ماوەیەک دەڕواتە دێی هەمرۆڵە و لەوێدا دەکەوێتە داوی تەریقەتەوە و لەپاش ماوەیەک لە شێخ نەجمەدینی هەمرۆڵە تەریقەت وەردەگرێ و نازناوی خەلیفەی پێ دەدرێ و دەگەڕێتەوە دێ و مەڵبەندی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٠٥ لە تەمەنی هەشتا و پێنج ساڵیدا کۆچی دواییی کردووە و لە گۆڕستانی گەزەردەرەدا نێژراوە.

خەلیفە ئەڵماس بەیەکێ لە هۆنەرانی کورد دێتە ژمار و لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستی کێشاوەتە دەرگای هەموو جۆرە وتنێکەوە: ئاینی، دڵداری، سروشتی. لەگەڵ هۆنەرانی سەردەمی خۆیشیدا وەکو بابەجانی بۆرەکەیی و مەلا فەرەجی بۆرەکەیی ئەنجوومەنی وێژەیی پێکهێناوە.

خەلیفە ئەڵماس جگە لە دیوانەکەی کە بەتەقەلای نووسەر کۆ کراوەتەوە، چەند پەڕاوێکی تری بەهۆنراو هۆنیوەتەوە کە بریتین لە: دقائق الاخبار، مەولوودنامە، بروانامە، ئەوچە و شێرۆ و بلۆقیا و هیچکامیان هێشتا چاپ نەکراون.

خەلیفە ئەڵماس وەکو گەلێک لە هۆنەرانی کوردەواری هەر لە سەرەتا کورتژمی هۆنراوی لە ئەوینی دڵبەرانەوە وەرگرتووە و بەدوای ئەوانەوە گرفتار بووە بۆیە لە پارچە هەڵبەستێکدا دەڵێ:

قیبلەم خەمینم، قیبلەم خەمینم
قیبلەم هەمیشە پەی تۆ خەمینم
پەی تۆ ئەراگێل رووی سەرزەمینم
پەی تۆ نەمەندەن ڕەنگ نەجەمینم

پەی تۆ لێلاویم ئامان وە چەمدا
پەی تۆ وێم مەدان وەیانەی خەمدا
پەی تۆ شووم تاڵع سیا ستارەم
پەی تۆ هیجرانبار جە زێد ئاوارەم
پەی تۆ ڕەنجەڕۆ ڕەنج وەعەبەس بیم
پەی تۆ سیا بەخت بێ نەواو و کەس بیم
"ئەڵماس" هەرپەی تۆ دەرونش هوونەن
سا قیبلەم شەرتەن بزانی چوونەن

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! من هەموو دەم بۆ تۆ خەمبارم و بۆ تۆ ئاوارە و دەربەدەر بووم و ڕەنگ لە ڕوخسارم نەماوە و فرمێسک بەخوڕ لە چاوانمەوە دێتە خوار و دەشت بەدەشت و کێو بەکێو دەگەڕێم و بەنائومێدییەوە ژیان دەبەمە سەر و هەر بۆ تۆ لە زێد و مەڵبەندی خۆم ئاوارە بووم و ڕەنج و ئەرکم بێهوودە چوو و دیارە بەختم ڕەشە و لە کەسوکارم دوور کەوتوومەتەوە. "ئەڵماس" هەر بۆ تۆ دڵ و دەروونی خوێنە، ئەی خۆشەویستەکەم ساتێ لای لێ کەرەوە و بزانە حاڵی چۆنە.

لە پارچە هەڵبەستێکی تردا باسی ڕەنجی خۆی و خۆشەویستەکەی دەکا و دەڵێ:

چراخم کەردم، چراخم کەردم
چەن جار بەئیخلاص خزمەتت کەردم
چەن جەفای بێ سوود وەعەبەس بەردم
یاوا وەپای عەرش هەناسەی سەردم
ئەو تاق ئەبرۆی نە عالەم تاقم
سۆزیان بەئاهێر ئاه و فیراقم
ڕەنگ گوڵناریی لەعل لەبانم
موبەددەل وە تەرح وەڵگ خەزانم
غونچەی نەورەستەی پستەی دەهانم
پەژموردەن وەگەرد وەڵگ خەزانم
لوول سەر حەڵقەی گێسووی موشکینم
نم گرتەن وە ئاو سەیل ئەسرینم
ئەرجە دومای تۆ مەیل بدەم وەکەس
سا من چون فەرهاد ڕەنجم وە عەبەس



نەواچی وەئیخلاس خدمەت نەکەردەن
"ئەڵماس" چون فەرهاد ڕەنجش لاد بەردەن

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم چەن جار بەدڵپاکی و پاکییەوە خزمەتی تۆم کردووە و هەناسەی ساردم گەیشتە تەختی خوایی، جووتە برۆکانی لە دنیادا تاقە و دڵم لە دووریی ئەودا سووتاوە، لێوەکانی وەکو لاڵ وایە و منیش ئەوەندە خەم و پەژارەم خواردووە کە وەک گەڵای پایز ڕەنگم زەرد بووە، خۆ لێوانی یارەکەم وەکو غونچەی تازە پشکووتوو و پستە بووچکن، پەلکە ڕەشەکانی لوولیان خواردووەتەوە و بەفرمێسکی چاوم تەڕ بووە و دەڵێی شەونمی لێ پژاوە. ئەی خۆشەویستەکەم! ئەگەر لە دوای تۆ دڵ بەکەسێکی تر بدەم، یاخوا وەکو فەرهاد ڕەنجم بەفیڕۆ بڕوا، تا نەڵێی کە بەدڵپاکییەوە ڕەنجی نەکێشاوە، "ئەڵماس" وەکو فەرهاد ڕەنجی لە ڕێی تۆ کێشاوە.

لە پارچە هەڵبەستێکی تردا چۆنییەتیی حاڵ و باری خۆی بەوشەی جوان و ڕەنگین دەردەبڕێ و دەڵێ:

توون تاومەن، توون تاومەن
ئیمشەو بڵێسەی توون تاومەن
نێش دەروون دوور جەرگ شکاومەن
ناڵەی قەیس ئاسا پای بەرکاومەن
کوورەی ئەخگەری تەن سۆزانمەن
شۆڵەی نار جە فەرق ئەفرۆزانمەن
دڵ جە تاو دەرد گرگرانمەن
بە مەودای "ئەڵماس" جەرگ بڕانمەن

واتە: ئەمشەو بڵێسەی دەروونم وەکو توون بەرز بووەتەوە و، دڵ و دەروونم بەجارێ ئاوری تێ بەربووە و وەکو قەیس بۆ یارەکەم دەشت و چۆڵم گرتووەتەبەر و دەناڵێنم و لە دووریی یار ئاگرم تێ بەربووە و بەنووکی "ئەڵماس" جەرگم بڕاوە.

فیدای نامت بام نەجم سەحەرگا
ستارەی سەحەر وەنەم کەر نیگا
وەنەم کەر نیگا ستاری سەحەر
دیدەم ڕۆشن کەر وە بێ دەردسەر
دیدەی باتن بین زەمین و سەما،
عسیان بارەکان وە تۆ هەن ڕجا

باوەرە وە پا هەسارەی سووەیل
پەیمانت فەیزت نەهەردەی دو جەیل
خەلات پەخشان کەر بەوێنەی باران
ئاویاری بکە بەوێنەی جاران
بنۆشۆ وە عەیش زوکوور و ئوناس
سافتەربۆ وەساف نەتەرح "ئەڵماس"

واتە: بەقوربانی ناوت بم ئەی ئەستێرەی بەرەبەیان سەرنجێکی من بدە و چاوەکانم ڕوون بکەرەوە، چونکە گوناهکارەکان هیوایان بەتۆیە و تۆش پیت و پیز بدەرە پەیڕەوەکانت و وەکو باران بەسەریاندا پیت و پیز داڕێژە تا نێر و مێی لێ تێراو بێ و دڵیان ڕوون بێتەوە.

لە پارچە هەڵبەستێکی تردا باسی پیریی خۆی دەکا و دەڵێ: تافی جوانیی خۆم کەوتە بیرم کە ئەو کاتەدا بەبیری دواڕۆژی خۆم نەبووم و هەر خەریکی گەمە و یاری بووم و ئەوا ئێستا پیر بووم و هێزم تیا نەماوە، مرۆ ئەگەر هەر لە تافی جوانییەوە خەریکی نوێژکردن و ڕۆژووگرتن بێ و خوا بپەرستێ لە ڕۆژی پەسڵاندا ڕزگار دەبێ، کەچی من جوانی و لاویەتیم بەفیڕۆ رۆیشت، مەگەر هەر خوا خۆی بەزەییی پێمدا بێ:

ئاما وە یادم نەوجوانی وێم
ئاخر جە پیری سوودێ نەدا پێم
پیری هەڵمەتش پەی جوانیم ئاوەرد
ڕەونەق جوانیم بەیەکجاری بەرد
جوانیم لوا چون نەجم سەحەر
بەرد بنچینەم دەرئاما وە بەر
ئەگەر وە جوانی را وەحەج وەڕی
وە رۆزە و نماز جە عصیان پەڕی
وێنەی جوانان جوانی فرسەت
یا وێنەی پیران پیری غەنیمەت
نەک وێنەی "ئەڵماس" جوانی دا وەبا
کارسازی نەکەرد پەی تۆ شەی عوقبا
مەگەر خوداوەند یەکتای بی نەزیر
بەرئارۆ جەنار "ئەڵماس" حەقیر



سەرچاوەکان:
١– دیوانی خەلیفە ئەڵماس – کۆکردنەوەی سدیق بۆرەکەیی – تیکانتەپەی هەوشار، ١٣٤٥.
٢– ئەرچە و شێرۆ – دانراوی خەلیفە ئەڵماس – بەخەتی شارەزای پیری تیکانتەپە.
٣– بەیازێک بەخەتی خەلیفە ئەڵماس کە هەندێ لە هۆنراوەکانی خۆی نووسیوە.
٤– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەخەلیفە ئەڵماس.

## دەروێش عەباسی کرندی

١٢٢١ – ٠٠٠٠

ئەم هۆنەرەمان بەپێی یادداشتی ئەعلادین لە ساڵی ١٢٢١ی کۆچی لە کرندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێگەیشتووە. بەپێی هۆنراوانەی کە بەیادگار ماونەتەوە لە لێکدانەوەی پەرتووکی سەرئەنجامدا شارەزا بووە، زۆربەی هۆنراوەکانی لە پەڕاوی (دەورەی حەیدەری)دا نووسراونەتەوە. لە ڕواڵەتدا یەکێ لە دەروێشەکانی سەی براکە بووە. ساڵی مردنی ئاشکرا نییە.

ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

سرِ حەق زانۆ، سرِ حەق زانۆ
داخم پەی دۆستی سرِ حەق زانۆ
بەڵێ ئەو سرە پەی کەس نەوانۆ
تا وە ڕۆی ئەلەست پەنەش مەمانۆ
هەرکەس سرِ حەق وانا پەی گشت کەس
حوکمەن سەنگ نە بەحر مینای ئەوشکەس
میناش ڕێزەبی مەند وەسەرگەردان
ڕاش کەفت ئەو تەوەس هەڵەت هەردان
بەڵێ ئەی دۆستان کەمەر بەستەی یار
فێشتەر بنیشان وە ئومێدەوار
وە دوعا و ئامین وە شەفا و لاڵە
شکەست دەن وە تیپ سیا قەواڵە
بوانان دەفتەر سەرمەشقی ژنەو
ناکەس فیراردەن نەتۆی ئەرک ئەو

(عـەباس) وەی مـەتڵـە و خـەیلێ رازیشـەن
نە شـاخــەی درەخت تەناب بازیشـــەن

واتە: هەر کەسێک رازی هەق بزانێ و بیدرکێنێ، من بەداخەوەم بۆی، بەڵێ کەسێک کە ڕازی هەق بزانێ نابێ ئەو ڕازە بۆ کەس بدرکێنێ، ئەو ڕازە دەبێ تاکو مردن لە دڵیدا بێ، چونکە هەر کەسێک ئەو ڕازە بدرکێنێ، بێ گومان مینای دڵی دەشکێ و دەکەوێتە لاڕێ و ڕێی لێ ون دەبێ. بەڵێ دەبێ دۆستان بەبەزەیی خوا هیواداربن و پاڕانەوە و تکا خراپە لە دڵتان لابەن و دڵتان پاک و خاوێن بکەنەوە و پەڕاوی ئاینی بخوێنن و لە بێ بڕوایان خۆتان لادەن. عەباس بەم مەبەستە شادە و لە داری دین بەهرەمەندە.

سەرچاوە:
١– یادداشتی ئەعلادین.
٢– بەیازێکی کۆن کە هەندێ لە هۆنراوەکانی دەروێش عەباسی تێدا نووسراونەتەوە.
٣– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەدەروێش عەباسی کرندی.

## سەیفوور

١٢٢٦ – ١٢٩٤

ئەم هۆنەرەمان بەپێی یادداشتی ئەعلادین کوڕی کاکییە و لە ساڵی ١٢٢٦ی کۆچی لە دێی بانیاراندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و بۆ خوێندن هەمووی هەورامان گەڕاوە و پاشان ڕۆیشتووەتە دێی تووت شامی و ماوەیەک لەلای سەی براکە ماوەتەوە و لە پاشا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٩٤ کۆچی دوایی کردووە.

سەیفوور بەدوو زمانی کوردی و فارسی هۆنراوی هۆنیوەتەوە، گەرچی هۆنراوەکانی کۆ نەکراونەتەوە، بەڵام ئەو هۆنراوانەی کە لە شوێنی بەجێ ماون، پلەوپایەی ئەو لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەردەخەن. ئەمەش چەند هۆنراویکی ئەم هۆنەرن کە دەڵێ:

یاران ســـاجنار، یاران ســـاجنار
داخڵ بیم بەشەبت گــڕەی ســـاجنار
قـەتعـەی قـەڵەم زەڕ دانەی باش توجـار
سـەبت سـەر وەمـۆر هـەر نۆ وە شـمـار



ئاینەی عـــــەینەم زولاڵ بێ وە زات
ئاوەردن پـەرێم ئـەزەڵـی خـــــەڵات
ئەو وەخت کە خرۆش پەرسای زات مەبۆ
یەکڕەنگ نەپای تەخت پرنیشات مـەبۆ
(ســەیفـوور) نەپایەی سـرکـەس نەزان
دانەی ئـەزەڵی وست نـە جـای مـەکـان

واتە: ئەی یاران! چوومە ناو تیشکی خواییەوە و ناوم لەو جیهانەدا نووسرا، فریشتەی نووسینی کردەوەی خەڵک ناومی لە ڕیزی پیاوچاکاندا تۆمار کرد. ئەوسا ئاوێنەی چاو و دڵ و دەروونم ڕوون بووەوە و خەڵاتێکیان بۆم هێنا. ئەوکاتەی کە خرۆش و هاواری خەڵک بەرپا دەبێ و هەمووی خەڵک لە بەردەم تەختی خواییدا بۆ پرسیار و وەڵام ڕیز دەبەستن، سەیفوور لەو ڕۆژەدا شادی دەکا و دڵ دەبەستێتەوە ئەو خەڵاتە کەوا پێی دراوە.

سەرچاوەکان:
١– یادداشتی ئەعلادین.
٢– دەورەی حەیدەری کە لە ساڵی ١٣١٠ی کۆچیدا نووسراوەتەوە.
٣– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەسەیفوور.

## مەلا ئەحمەدی کلاشی

١٢٢٦ – ١٢٩٨

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەحمەد و کوڕی سدیقی کلاشییە و بەپێی بەیازێکی کۆن کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٢٦ لە دێی کلاشیی جوانڕۆدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە منداڵیدا لای باوکی خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن هەمووی هەورامان گەڕاوە و ئەوسا لە سنە خوێندنەکەی تەواو کردووە و ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی وانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بووە و لە پاشا بووە بەمیرزا و نووسەری عەلی ئەکبەر خان و ماوەیەکیش لەلای غوڵامشاخانی ئەردەڵان لە سنەدا ماوەتەوە و ئیتر پاشماوەی ژیانی بەمیرزایی و نووسەری لەلای والییەکانی ئەردەڵان بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٩٨ لە تەمەنی هەفتا و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

مەلا ئەحمەد بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمارە و، لەناو هۆنەرانی سەردەمی خۆیدا پلەوپایەیێکی بەرزی بووە و لەگەڵ کەیفی جوانڕۆییدا دۆستایەتیی هەبووە

و بەهۆنراو بۆ یەکتر نامەیان نووسیوە. هۆنراوەکانی ئەم هۆنەرە زۆر بووە، بەڵام لەبەرئەوەی کۆ نەکراوەتەوە، زۆربەیان لەناو چووە، لە هۆنینەوەی هۆنراودا سەری کێشاوەتە هەموو چەشنە هۆنراوێک: دڵداری، ئاینی، کۆمەڵایەتی، لاواندنەوە.

ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرن کە پڕن لە پەند و ئامۆژگاری وەکو دەڵێ:

دڵە گۆش بدەر، دڵە گۆش بدەر
لادی وە قەوڵم خاس گۆش بدەر
وەسوەسە و خەیاڵ نەخاتر بەر کەر
تا واچوون پەرێت یەکیەک دەردسەر
با وجوود تۆ وێت خاستر مەزانی
چێشت کەردەن چیش نەی دەور فانی
لازمەن وا چوون پەی خجڵەت تۆ
ڕووداى وە یانەم هەر وەیانەم ڕۆ
راسەن جە ئەزەڵ یا گەی رۆحەنی
دەروازەی سەروەر ڕای فتۆحەنی
زاهر جای خاڵس خاس ئیمانی
خێر شەریک بەزم نەفس شەیتانی
جە وەخت تفڵی هیچ نەبی ئاخت
نەبیم من دڵتەنگ بەرزیی دەماخت
پات نیا نە ساڵ سن باڵغی
دڵە کەم کەم تۆ وە من بیت یاغی
دڵە چەند تۆڕدام نە ڕاگەم تەندی
چەند تۆم خەیاڵ باتڵان سەندی
شەیتان دا سەرمەشق دڵە تۆیچ وانات
منیچ کەردم مەشق فەرد ئەقسیرات
دلە نەرد کەج شانای نە کارم
خەتایی خەتات نیا نە بارم
دڵە گاهێ مەیل خوەراسانت بێ
ئیرادەی سەفەر ڕای ئاسانت بێ



گا نەسیاحی مڵک ئێران بێ
گا نە سەیر تەخت شار تاران بێ
گا گێڵای دەوڵەت ڕۆمات سەراسەر
گا شەرق گا غەرب مامات ئەو نەزەر
ساتێ وەسەدلەون مەگێڵۆ جە ڕەنگ
هەی دڵ وەسەنگ بام هەم وە نەقش سەنگ
یاغی بیت جە ڕای خوداشناسی
جە فەرموودەی حەق تەمام بیت عاسی
ئەندێشەت نەبی جە دین ئیسلام
لادای جەرای شەرع شای (خیر الانام)
تانەی هامسەران وستی نەپشت گۆش
هۆشت دا وە نۆش پیاڵەی مەی فرۆش
تەکت دا وە لای قەرابە داران
ئیستکان نۆشای مەست خوماران
لەب نیای وە لەب شیشەی شیرازی
چەنی موتربان چەن کەردی بازی
سەبووی مەیخانە چەند کێشای وە دۆش
چەند بیت وە ساقی بەزم ئارای مەی نۆش
پیاڵەی فەغوور مەنقووش چینی
نۆشای نۆشت کەرد جە ڕای بێ دینی
چەند سەرپەنجەت دا وەتار ونەیدا
لەب نیای وەجام یەک مەنیی مەیدا
نە تەنخوای گوڵبانگ ئەڵڵاهوئەکبەر
دای نەمەقامات چل چەنگ دڵبەر
تەوحید شامت ترنگەی تەنبووربێ
ئەوراد سوبحەت سەدای سەمتوور بێ
گاگۆش وە ئاواز نەغمەی سۆز ساز
گا نە ڕای دڵبەر خوشخوانان وەناز

گا ڕەقس ڕەققاس نازک نەوهاڵان
گا سەیر چۆپی هۆردای دەسماڵان
چەند حەڵقە کەمەند زوڵفان عەنبەر بۆ
نیای وەگەردەن هەر شەو تا بەڕۆ
چەند ئەبرۆکەمان نازک نازاران
چەند موژەی سەرنێش ژار ئاڵووی خاران
چەند عەرعەر قامەت زوڵفان شاماران
چەند شیرین ڕەفتار شەکەر گوفتاران
پەشتان بیت وەبەژن باڵای واڵاشان
بۆ نیای وە بۆی ئاڵای واڵاشان
نەتەرسای جە ڕۆژ زلزەلەی مەحشەر
جە واوەیلای سەخت نایرەی سەقەر

واتە: ئەی دڵ: تاوێک گوێ بدە قسەم و، خڵێڵەت نەبێ خۆت پاک و خاوێن کەرەوە، ڕاستە کە تۆ جێی گیانی و پەیوەندت بەگیانەوە هەیە، لە دەوری منداڵی ئاخ و داخت نەبوو و، هیچ زویر نەدەبوویت، تاکو کەم کەم گەورە بوویت. ئەی دڵ تۆ چەند داوێکت بۆم نایەوە و، ئەهریمەن سەرمەشقی دانا بۆت و تۆیش خوێندتەوە و منیش کەوتمە دووت و، ساتێ بەسەد ڕەنگ گەڕایت و، لە ڕێی خوادا دەرچوویت و یاخی بوویت و، هیچ بیرێکت لە ئاینی ئیسلام نەدەکردەوە و، هۆشت دا بەخواردنەوەی مەی و بادە و لێوت نایە پەیمانەی بادەوە و لەگەڵ گۆرانیبێژاندا خووت گرت و، گوێت دایە ئاواز و گۆرانی و سەیری زەماوەن و هەڵپەڕکێت دەکرد، چەند ئەبرۆکەوان و چەند شیرین ڕەفتار هاتنە لات و لەگەڵیاندا دوای و نەترسای لە ڕۆژی پەسڵان و ئاگری دۆزەخ، دیسان لەم بارەیەوە دەڵێ:

دلە کام ژاربێ نەنۆشای نۆشای
کام جبە ڕوو بێنە پۆشای پوشای
دڵە چەند مەجلس عالمانت دی
دڵە چەند جەلای حاکمانت دی
دڵە چەند دەعوای سەرهەنگانت دی
دڵە چەند هەیبەت نەهەنگانت دی
دڵە چەند تەدبیر وەزیرانت دی
دڵە چەند سیاق دەبیرانت دی



دڵە چەند وەکیل ئەمیرانت دی
دڵە چەند شێران شێرگیرانت دی
چەند سەردار سەردار نەدیمانت دی
چەند لوقمان لوقمان حەکیمانت دی
چەند فەوج نزام عەسکەرانت دی
چەند تیپ سوار بەگلەرانت دی
چەند سای سەهەندان پای کاوانت دی
چەتد تاف قەڵوەز شەتاوانت دی
چەند نەسیم سوبح ئێلاخانت دی
چەند هاژەی وەفرا و پای زاخانت دی
چەند بارخانەی بارتوجارانت دی
چەند زرنگەی جەرەس زەوارانت دی
چێشت کەرد حاسڵ چێشت کەردوە چێش
دەروونت وە تیر زووخاوان بۆرێش
بزانە دنیا فانییەن فانی
ویردەر کە چیت کەرد نەڕووی نادانی
پا بنیەر نە رای راس و قەناعەت
ویربدەروە زکر تەوحید و تاعەت
ڕازی بەر وە ئەمررای قەزا و قەدەر
ئاخێز کەر ئاخێز وادەی سوب سەحەر
بەشەمع ئەڵڵا شیرین تەر جە قەن
تاریک زوڵمەت قەلبت کەررەوشەن
دڵە یاگەکەت خەیلێ دڵ تەنگەن
سەرینت خاکەن پاینت سەنگەن
وە بەرزیی باڵا خاک وەنەت بارەن
نەجای ناز باڵشت، سای سەنگ خارەن
مەبۆ وە خەڵوەت ئەڵحەد سەرای سەنگ
ماوای خامۆشان جای تاریک تەنگ

تەنیا ئوسخانت پەری نیشانە
مانۆ پەی عیبرەت دەور زەمانە
کاسەی دەماغت مەبۆ خاک ئەنداز
ئەعزات مەڕێزۆ وێنەی ماران گاز
نەقەومەن نەخوێش نە یار نەیاوەر
نە ڕەفێق نەدۆس نەمادەر نە پدەر
نە یاگەی هانای دوشمن و دۆسەن
نە رای توانای پەیغام و پۆسەن
نەعیشوە و ڕشوە، نە حیلە و مەکرەن
نە جای خەیاڵات وەسواسە و فیکرەن
نە رەفێقت هەن بدەرۆت نەجات
نە کەسێوت هەن کەرۆ ئیسدعات
هەر کەسێ رەفێق هەم دۆسەن وە تۆ
هەفتە وەهەفتە مەیوت وەگڵکۆ
مەدەرووت سەوگەند وە زات ئەقدەس
دڵە کافییەن دەی سا وەسەن وەس،
وەسە چرا وێ رۆشن کەر پەی وێت
راگەت تاریکەن بەدمەیۆ وەڕێت
را وەسەر مەنزل مەقسوود بەردەنی
مەی نە پیاڵەی خاسان وەردەنی
ئەڵبەتتە مورشد پیر رەهبەرەن
ڕەهنمای تەریق قورب داوەرەن
خەفیف مەکەرۆ نەفس و شەیتانت
مەبۆ وە حەسار قەلعەی ئیمانت
"ئەحمەد" وەسەرگەر بەرزی پایەت بۆ
وە فیدای قامەت توویا سایەت بۆ

واتە: ئەی دڵ: هەموو کارێکت کرد، بەڕاستی پێم بڵێ کە کۆڕی چەند زانا و چەند فەرمانڕەوا و شەڕوشۆڕی چەند سەرهەنگ و چەند تیپی سوارت دیوە، چەند قەڵوەز و




شەتاو و هاژەی بەفراو و پای زاخانت دیوە؟ چیت بەچی کرد کە دەروونت بەتیر بریندار بوو بزانە چیت کردووە کە واتە لێی هاتووە؟ دەسا بەچارەنووسی خۆت رازی بەو، تاریکیی دڵت ڕوون کەرەوە، چونکە جێگاکەت زۆر تەنگە و سەرئەنجام سەرینت هەیە و نە کەسێ دێتە لاتەوە، هەر تەنیا ئێسقانەکانت بۆ نیشانە دەمێنێتەوە، ئەویش بۆ پەندی خەڵک و، تەواوی ئەندامەکانی لەشت دەرزێ و نە دۆست دەمێنێ و نە باوک و نە دایک، نە ناز و لەنجە و نە فڕوفێڵ و، نە کەسێک تکات بۆ دەکا، ئەو کەسانەش کە بۆ تۆ دۆس و هاوەڵن، حەوتە بەحەوتە دێنە گڵکۆ، دەسای ئەی دڵ بەسە، زوو چرایەک بۆ خۆت هەڵکە، تاکو بگەیتە دوا قۆناخ، ئەڵبەت پێغەمبەری گەورەی ئیسلام، دروودی خوای لەسەر بێ دەبێتە رێنمات و بارت سووک دەکاتەوە دەسا "ئەحمەد" بەسەرگەردی بالای بێ.

مەلا ئەحمەد لە شین و لاواندنەوەی غولام شاخانی ئەردەلاندا کە لە ساڵی ١٢٨٤ی کۆچیدا مردووە چەکامەیەکی لە سێ سەد و سی و دوو هۆنراودا هۆنیوەتەوە و قارەمانەتی و جوامێری و پیاوچاکیی غولام شاخانی دەرخستووە کە ئەوا چەند هۆنراوێکی دێنین، وەکو دەڵێ:

ئەحمەد چەرخ چەپ هوونین دیارەن
مەعلووم تێغ تێز قەتڵەش نەکارەن
دیسان وەبادەی غەزەب خومارەن
میر غەزەب ئاسا مەست سەر شارەن
قەهرش یا نەشا یام نەخوندکارەن
یا نەوالییان ڕووی رۆژگارەن
دەماخش بەرزەن بێ خۆف و ئەندێش
جەلاد خونخوار شا تا وە دەروێش
داخۆ کام والی کام سەرهەنگ کوشتەن
سەرمەوداش وەهوون کام سەردار ڕشتەن
تۆ گوستاخەنی دانای پڕ کەماڵ
نە ڕووی عەقڵەوە بپرسە هەواڵ
بەڵکە جەواوێ بشنەوی وە گۆش
تا جە تانەی چەرخ نەمانی خامۆش
من خۆم دەروونم سەرواز هوونەن
زوخاو دیدەم جۆش جەیحوونەن

جەداخ ئی چەرخ بێ پۆی کوهەنسالْ
حەواسم نییەن بپرسم ئەحوالْ
هەر جە ئەو ڕووە دنیا بێ ئیجاد
کارش هەر ئێدەن چەرخ بێ بنیاد
کیشا تێغ قەتلْ ئەی ئادەمیزاد
دادرەسێ نەوی بیاوو وە داد
چەند سەلاطین کوشت، چەند شاهانش بەرد
چەند هەزار سالار سەکەردان سەرکەرد
هەر گەردێ دیدەی نەونەمامێوەن
هەر خاکێ ئەعزای وەش ئەندامێوەن
هەر سەبوو قالْب سلێمانێوەن
هەر کاسە کەللە جیهانبانێوەن
مەوالی شێخان زاهدان خاسان
عامەن عوموومەن سەفحەی کوردسان
بیان بزانان قیامەت خێزان
وەلْگ دار عومر والییان ڕێزان
چراغ ئوجاغ ئەمانولْلا خان
شەمع خانەدان بەنی ئەردەلاْن
وە باد ئەجەل خامۆش بێ خامۆش
هەر سی پیالْەی مەمات کەردن نۆش
شیشەی نام نەنگ کول خانان زڕیا
پشت خاس و عام کوردسان شکیا
بواچان سێ شێر، شێرزادەم ڕۆ
سێ خەسرەو دەور والی زادەم رۆ
سێ بەور پڕسام بلْند بەختم ڕۆ
سێ شازادەی خاس ساحێب تەختم رۆ
سێ نەهەنگ ئاهەنگ رۆژ ڕەزمم ڕۆ
سێ تەهەمتەن تەور سوهراب عەزمم رۆ



سێ ئەسفەندیار جیهان بەخشم ڕۆ
سێ لالْ بەخش لالْ دانە بەخشم رۆ
فیدای شێوەی تەرزنا دیاریت بام
فیدای قووقووی باز میرشکاریت بام
بێدار بەر جە خاو شێر یەگانە
خەلاْت کەر خانان سەقز و بانە
بیللا پەنجەی مەرگ خەلاْتت سەندەن
بێخ بنچنەی زیندەگیت کەندەن

واتە: چەرخی چەپگەرد دیسان پەنجەی خستووەتە کار و وەکو نەسەقچی و جەلا و لە بادەی ڕق و قیندا سەرخۆش بووە، ڕقی یان لە سان یا لە دەروێشە، خۆ من دلْم لە دەستی پڕ خوێنە، فرمێسکی دیدەم وەکو ڕووباری جەیحوونە، لە ڕۆژێکەوە کە ئەم جیهانە بنیای نراوە، چەرخ کاری هەر ئەمەیە و خەریکی کوشتنی خەلْکە و تا ئێستا چەندین هەزار سەرۆک و سەردار و هەژاری لەناوبردووە، هەر تۆزقالْێ لەم خاکە کە دەبینێ، چاوی نەونەمامێک و ئەندامی جوانێکە، ئەی خەلْکی کوردستان وەرن بزانن کە رۆژی پەسلاْن هەلْساوە و گەلاْی والییەکان داوەریوە و، چرای وەجاخی ئەمانولْلاخانی ئەردەلاْن بەبای ئاکام کوژایەوە و هەرسێکیان بادەی مەرگیان لە مەیگێڕی زەمان وەرگرت و خواردیانەوە و، شووشەی ناوی خانەکان زڕیا و پشتی گەورە و بودچکی کوردستان شکا، سی خەسرەوی دەور و سێ بەوری پڕ سام و سێ ڕۆستەمی زەمان و سێ ئەسفەندیاری کوردستان لەناوچوون، دەسا ئەی شیری تاقانە وریابەرەوە لەخەو و، خەلاْتی پیاوە گەورەکانی سەقز و بانە بکە، بەخوا پەنجەی مەرگ بناغەی ژیانی هەلْکەندووە.

سەرچاوەکان:

١– بەیازێکی کۆن کە هەندێ لە هۆنراوەکانی مەلا ئەحمەدی تێدا نووسراونەتەوە.
٢– کەشکۆلْێکی کۆن کە هەندێ لە هۆنراوەکانی مەلا ئەحمەدی تێدا نووسراون.
٣– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا ئەحمەدی کلاْشی.

## نەجەف خانی بایندوڕ

١٢٢٧ – ١٣٠٠

ئەم هۆنەرەمان ناوی نەجەف و کوڕی قولّی خانی گەڕووسی و لە بنەماڵەی بایندۆڕە. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٢٧ی کۆچی لە بیجاڕدا لە دایک بووە و وەکو هاوەڵەکانی خۆی لە حوجرەی فەقێیاندا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا باوکی مامۆستای تایبەتی بۆ گرتووە و فێری ڕێزمان و وێژەی فارسیی کردووە و ئیتر زۆربەی کاتی خۆی بەخوێندنەوەی دیوانی هۆنەرەکان و سەرگوروشتیانەوە ڕابواردووە، بەتایبەتی شەیدای هۆنراوەکانی میرزا شەفیع و خانای قوبادی و ئەڵماس خانی کەڵهوڕ بووە و زۆربەی کاتی خۆی بەخوێندنەوەی پەڕاوی: وەنەوش و بەرەزا و خەسرەو و شیرین و شانامەی کوردی بردووەتەسەر و گەلێ جاریش ئامشۆی تاران و قوم و ئەسپەهانی کردووە و لەگەڵ هۆنەران و بوێژانی فارسدا ئاشنایەتیی پەیدا کردووە، ئیتر پاشماوەی ژیانی بەکاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و هۆنینەوەی هۆنراو بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٠٠ لە تەمەنی حەفتا و یەک ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە دێی نەجەف ئاوای گەڕووسدا نێژراوە.

نەجەف خان لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانە، زۆربەی هۆنراوەکانی دڵداری و کۆمەڵایەتیین. وەکو دەڵێن لە تافی جوانیدا دڵی چووە لە شیرین ناویک لە خزمەکانی خۆی و ئەمەش بووەتە هۆی هەڵقوڵینی سەرچاوەی هۆنراوی. لە پارچە هەڵبەستێکدا باسی چۆنیەتیی ئەو ئەوینەمان بۆ دەکا و دەڵێ:

شیرین سەهمناک، شیرین سەهمناک
سەنگین تەر جەخەوف شاه سەهمناک
قەدت بەرزەن چون قولەی پای ئەفلاک
گێسووت چون ماران کەتف شای زوحاک
زوڵفت چین چینەن بەرز چین بەستەن
بەوێنەی شامار قەلب من گەستەن
مەرمن توانای تاقەتم چەندەن
تیر ئەبرۆوانت نیم گیانم سەندەن
گۆشەی عەین وەخەشم نیگای نازەوە
دڵ وە گەستە مار بێ ئیجازەوە



جەمین وە ڕووی جام جیهان نماوە
مەرجامەن وەدەس کەیخەسرەو شاوە
دەهەن وە لؤلؤ ماء گەنجەوە
لەو وە دوڕ ئەفشان گەوهەر سەنجەوە
چای زەنەخ وە ئاو کەوسەر بیمەوە
دەرمانەن وە لای باش حەکیمەوە
سەدرش وە سەدەف دەریا بارەوە
خاڵ چون گوڵ وە نەقش چینی کارەوە
ڕەکب و ساق رجل بەو ڕەفتارەوە
بەو شێوەی تورکی کەس نەدارەوە
"نەجەف" نەودەمدا غەڵتان پاش بۆ
سەرگەرد لەنجەی ئاماو لواش بۆ

واتە: ئەی شیرین! تۆ سامداری و سامت بەئەندازەی شایەکی ستەمکارە، بەژن و باڵات وەکو لووتکەی چەرخ بەرزە و، پەلکەکانت وەکو دوو ماری سەرشانی زوحاکە و زوڵفەکانت چین چین و بەڕیز چینیان بەستووە و وەکو شامار دڵی منی گەستووە، مەگەر من توانا و تاقەتم چەنێکە کە ئەم هەموو سزایە بکێشم. تیری برۆکانت نیوەی گیانمی سەندووە و تەوێڵت وەکو جامی جیهان نمایە و دەڵێی کە لەژێر دەستی کەیخەسرەو شایە، دەمت ئاوی ژیانە و لێوت بەوێنەی گەوهەرە و چاڵی تینیت، وەکو ئاوی کەوسەرە و بۆ هەموو دەردێک دەوایە، سینگت وەکو سەدەفی دەریایە و ڕەوشت و ڕەفتارت بێ وێنەیە و "نەجەف" بەهۆی لەنجە و نازتەوە نوقمی خەم و پەژارە بووە.

سەرچاوەکان:
١– تەلای دەستە و شار – نووسراوی صدیق بۆرەکەیی تیکانتەپەی هەوشار، ١٣٤٦.
٢– بەیازێکی کۆن کە هەندێ لە هۆنراوەکانی نەجەف خانی تێدا نووسرانەوە.

## ئەڵڵا مورادی هەرسینی

۱۲۲۸ – ۱۲۹٦

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەڵڵا موراد و کوڕی میرزا مەحمـوودی هەرسینییە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ۱۲۲۸ی کۆچی لە هەرسیندا لەدایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. ئەڵڵا موراد هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و چەند ساڵێک بەم جۆرە خەریک بووە و لە پاشا چووەتە کرماشان و لەوێدا خەریکی خوێندنی ڕێزمانی فارسی و عەرەبی و خەتخۆشی بووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەکاری وەرزێری و کشتوکاڵ و هۆنینەوەی هۆنراو بەسەربردووە تا لە ساڵی ۱۲۹٦ لە تەمەنی شەست و هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

کاک حەمە عەلی سوڵتانی لە پەڕاوی (حەدیقە سوڵتانی)دا سەبارەت بەم هۆنەرە دەڵێ: میرزا ئەڵڵا موراد یەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی هەرسینە و هاوچەرخی میرزا نادر و شارق بووە. ئەو هۆنراوانەی کە لە ئەوەوە ماوەتەوە پلەوپایەی ئەومان لە هۆنەریەتیدا بۆ دەگەیەنێ.

ئەڵڵا موراد لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردیدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و، زۆربەی هۆنراوەکانی ئاینی و کۆمەڵایەتین و لە هۆنینەوەی هۆنراوادا لەسەر شێوەی میرزا شەفیع و خانا ڕۆیشتووە. ئەمەش چەند هۆنراویکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

شنەفتم بازێ، شەشدانگ تیژپەر
عەزم شکار کەرد قەسد کەبووتەر
ژە و بەینە تەشریف شای دوڵدوڵ سوار
نوور نیقابش تولوع کەرد ئیزهار
کەبووتەر پەنا بەرد ئەو مورتەزا
باز وە حیجابش مەلەرزیا ئەعزا
سەلام کەردوەشا باز بێ ئامان
پەرێ جووع نەفس دەسم وە دامان
شازاناش وەعەرەز باز نییەن چارە
گۆشت بازووی ویش بڕی یەکبارە
وەگۆشت بازوو شاهێن ڕەزا کەرد
کەبووتەر خەلاس ڕەفع قەزا کەرد



لوتفش سەد تۆ بەس یەک خاشخاشەن
ئەکبەر تۆ ئیسلاح کارت وە لاشەن

واتە: بیستم کە بازێک خەریکی شکاربوو و، ویستی کۆترێک نێچیر کا کە لە پڕ شای دوڵدوڵ سوار پەیدا بوو و، کۆترەکە پەنای بردە لای ئەو و، بازەکەش سڵاوی لە شا کرد و بۆ برسیەتیی خۆی داوای خۆراکی کرد، شا زانیی کە باز چارەیەکی نییە، دای لە ڕانی خۆی کەمێک گۆشتی بڕی و دایە بازەکە و بەو گۆشتە بازەکەی ڕازی کرد و کۆترەکەی لەو ئاپوورە ڕزگار کرد و بەم چەشنە ئەو دوانەی دڵخۆش و شادمان کرد.

۲

یەک ڕۆژ سائلێ سوئال کەرد وەشا
وەکیلولڵا سڕ زات بی هەمتا
یا شا من گەدای بێ بوزاعەتم
وە سزا قیامت نیکوو ساعەتم
ئومێدەوارم وە عەتای کەرەم
موفلس مونعم کەی وە گەنج و درەم
قاتڵ کوفار عەیب ئیسلام پۆش
جەیحوون جوود عەتاش ئاوەردن وەجۆش
وەک لەفز ڕەحیم تەبەڕوک تەمام
بەخشا وێش وەشەخس سائل وەئەنعام
مەولا سائل بەرد وە شار بەڕبەڕ
فەرما من بدەر سەروەسەر وە زەڕ
پادشای بەڕبەڕ تەڵەب کەرد سوواڵ
غولامت بدەر بەرابەر وە لاڵ
سەفدەر وەی سوئال ئیخلاس مەنازوو
زوو پەرێ سائل تیشت ئەو تەرازوو
تەمامی ئینقاد خارجی کافەر
وەزن ئەنگوستش نەوی بەرابەر
سکە و نا مەسکووک کوفار سەنگ دڵ
داراییش تەمام نەوی مقابڵ

موختەسەر ئەنجام موسالّح کەردن
خەزانە تەحویڵ سوئال سپەردن
وجوود و عەتا تەرازوو جاشەن
ئەکبەر تۆ ئیسلاّح کارت وەلاشەن

واتە: ڕۆژێکیان سواڵکەرێک هاتە لای شا، وتی ئەی عەلی تۆ شا و من هەژارێکی بێ ئەنوام، دەمەوێ کە کارێک بکەی من دەوڵەمەند بم و گەنج و دەرەمم پێ بدەی و، دەزانم تۆ بێ بڕوایانت بەزاندووە و ئاینی ئیسلامت پەرەپێ داوە، شا دەستی هەژارەکەی گرت و بردیە شاری بەڕبەڕ و وتی من لەگەڵ زێڕا بگۆڕەوە، پادشای بەڕبەڕ هەژارەکەی بانگ کرد و پێی وت من خولامەکەت بەلاڵ و زێڕ دەسێنم، ئەوسا عەلی چووە ناو تەرازوو و هاوسەنگیی زێڕیان دایە هەژارەکە و بەم چەشنە گەنج و پووڵێکی زۆریان لە جیاتی عەلی دایە سواڵکەرەکە.

٣

یەک رۆژ گەدایێ گورسنەحاڵ بی
وە خدمەت شا حازر سواڵ بی
یا شا نەمەنەن سەبر و تاقەتم
من ژ داغ نەفس کەی رەفاقەتم
شا فەرما قەنبەر دانای دڵپەسەند
جڵەودار حەمڵ قەتار و کەمەند
نان و سفرە بار، بەعیر و قەتار
بدەر وە تەحویل شەخس عەرزەدار
قەنبەر وە شتاو پەیاپەی وە وار
عنان ناقە دا وە تەڵەبکار
گەدا موستەحەق یەک نان بێ
لایق وە ڕوتبەی تەخت سوڵتان بێ
حەمل زەڕ سەبعە قەتار عەتاشەن
ئەکبەر تۆ ئیسلاّح کارت وە لاشەن

واتە: رۆژێکیان هەژارێکی برسی چووە لای شا و پێی وت: ئەی شا تاو و تاقەتم نەماوە و هەژارم. شا بەقەنبەری وت، بڕۆ سفرە و خوان بۆ ئەم هەژارە داخە و نانی پێ بدە و



بەدەمیەوە بە تا ڕازی و دڵخۆش بێ و، وشترەکەی ئالف کە، قەنبەر بەپەلە فەرمانی مەولای ئەنجام دا، کەچی ئەو هەژارە وا بۆ نانێ ئاتاج بوو، شیاوی پلەوپایەی پادشایەتی بوو و، بەم چەشنە مەولا پلەوپایەی ئەوی دەرخست.

٤

یەک وەقتێ سەلمان ئاشوفتە حاڵ بێ
گرفتار شێر ساحێب چنگاڵ بێ
خاطر پەرێشان دسوار وە گیر بێ
ناکام وە قولاب ئەسەد ئەسیربێ
وە یەقین قەلب سادق و ئیخلاّس
ڕوو کەرد وەدەرگای خانەدان خاس
یا ڕەب تو موبین ئاگا ژ حاڵی
بەعید ژ جوملەی زوڵم زەواڵی
موخلس سەید دام قوللاب شێرم
لوتف تۆ دەست ئومێدگێرم
من ژ قەیدام دڕندەی دشوار
بڕەس وە فەریاد ساحێب زولفەقار
مەولای موتتەقین شاهدبی وە حاڵ
ئاماژە ئیمداد پەی رەفع زەواڵ
ناگا سەلمان دی تورفە سوارێ
دەریای شوجاعەت عالی مقدارێ
وە سەدای سەعید توند تەکاوەر
نەجات دا سەلمان وە قەزای قەدەر
سەلمان وە تکرار حەمد ئیلاهی
ئیقباڵش یاوا ئەو پادشاهی
کۆ ژ مقابڵ کەرەمش ماشەن
ئەکبەر تۆ ئیسلاّح کارت وەلاشەن

واتە: رۆژێکیان سەلمانی فارسی کەوتە داوی شێرێک و زۆر پەشۆکا و بەدڵپاکییەوە لە خوا پاڕایەوە و داوای یارمەتیی کرد و وتی خوایا لەم داوە ڕزگارم بکە و بگە فریام، لەم

کاتەدا مەولای پێ گەیشت و شێرەکەی کوشت و ئەوی رزگار کرد و بەم چەشنە دڵی سەلمانیشی خۆش کرد.

٥

ئیبراهیم پەی نەذر فەرد بێ نیاز
تەعیین کەرد فەرزەند، فەرد سەر ئەفراز
لوتف شای مەردان بی وە سەبەب ساز
قوربانیی خەلیلیی قەبووڵ کەرد وە ناز
خەلیل ژەی تەعدی تایفەی کوففار
فەتوا دان نەسەر نا ماقووڵ وەنار
هیمە و نەفت پەرێش جەم کەردن خەروار
وەهیمەمەت شا نار بی وە گوڵزار
کەلیمولڵا میرگوستاخ توور بێ
ئەو میعراج میقات فەرد فەغووربێ
هادی هدایەت قەوم قوسوور بێ
ئەعلیمش وە ئەمر مەولا ظوهوور بێ
یووسف زیندانی تەلەسم چا بێ
بێ یار و مونس دوور ژ توا بێ
یونس مەبتەلا ژ بەتن ماهی
دڵ قەوی وە عەون فەزڵ ئیلاهی
مەشغووڵ بی وەزکر تای بێ هەمتاهی
عاقبەت ئاسان خەلاس بی ڕاهی
جەرجیس ئیبتدا ئاشکارە بێ
چەند دەفعە ئەعزاش پارە پارەبێ
دیدارش نەرووی قەوم ئاوارە بێ
ئاخر ئاسیبش ڕەفع چارە بێ
داوود کە حەداد بێ دەسگا و دەم بێ
فوولاد ژ مشتش چون مۆم و شەم بێ
ئوستاد ئەسباب عەرسەی ئەعزەم بێ
ئەکبەر تۆ ئیسلاح کارت وە لاشەن



واتە: ئیبراهیم لە ڕێی خوادا کوڕەکەی خۆی دانا کە قوربانیی بکا و ئەوسا خوا نیازەکەی قبووڵ کرد و بەرانێکی بۆ نارد. پاشان بێ بڕواکان ئیبراهیمیان گرت و دار و چێوێکی زۆریان بۆی کۆکردەوە کە بیسووتێنن و ئەوسا خوا ئاورەکەی کردە گوڵستان، مووسا کە لەسەر کێوی توور لەگەڵ خوادا دەدوا، ڕێنمای گەلەکەی خۆی بوو، یوسف کە لە بەندیخانەدا بێ یار و یاوەر بوو، بەفەرمانی خوا رزگاری بوو، یونس کە لە زکی ماسیدا گرفتار بوو، خەریکی پاڕانەوە بوو تا ڕزگاری بوو، جەرجیس کە چەند جار لەشی تیکە تیکە بوو و، لە گەلەکەی دوورکەوتەوە، سەرئەنجام دەردەکەی چارەسەر بوو، داوود کە خەریکی زرێگەری بوو و، پۆڵا و ئاسن لە مشتیدا وەکو مۆم وا بوو، زرێ و چەکی دروست دەکرد و هەموو ئەمانە بەیارمەتیی خوای تاق و تەنیا بوو، کەوابوو هەر خوا کاری بنیادەم پێک دێنێ و خوا کاری ئێمە دروست دەکات.

دیوانەکەی میرزا ئەڵڵا موراد کە نزیکەی هەزار هۆنراوێک دەبێ، هێشتا لە چاپ نەدراوە و هەروا ماوەتەوە.

سەرچاوەکان:

١- حدیقهء سلطانی - تالیف محمد علی سلطانی - کرمانشاه، ١٣٤٦.
٢- دیوانی ئەڵڵا مورادی هەرسینی کە لە ساڵی ١٣٠٢ی کۆچیدا نووسراوە.
٣- بەیازێکی کۆن کە نزیکەی سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.
٤- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەئەڵڵا مورادی هەرسینی.

## حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی

١٢٢٨ - ١٣٠٢

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەحمەد و کوڕی عەبدولڕەحمان و نازناوی هۆنراوی "فانی"یە. بەپێی پەڕاوی "یادی مەردان" لە ساڵی ١٢٢٨ی کۆچی لە دێی نۆدشەدا لەدایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر بەمنداڵی لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و قورئانی پیرۆز و پەڕاوە وردەکانی فارسی خوێندووە و پاشان بەفەقێیەتی زۆربەی شوێنەکانی کوردستان گەڕاوە و سەرئەنجام لەلای مەلا محەمەدی خەتێ لە ڕەواندزدا ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و لەبەرئەوەی بابی باری کردبووە سنە، ئەویش دەگەڕێتەوە سنە و پاش ئەوەی خۆی و باوکی لە سنە نامێنن و دەچنە سلێمانی و حاجی مەلا ئەحمەد پاش مردنی باوکی دەبێتە جێنشینی و خەریکی وانەوتنەوە دەبێ و لە پاش ماوەیەک دەگەڕێتەوە بۆ نۆدشە و لەوێشدا ئەوەندە نامێنێ و دەڕواتە سنە و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک دەباتە

سەر تا لە ساڵی ١٣٠٢ لە تەمەنی حەفتا و چوارساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە تەپەی شێخ حەمە باقردا نێژراوە.

حاجی مەلا ئەحمەد یەکێک بووە لە زانا هەڵکەوتووەکانی رۆژگاری خۆی و، لە دەریای زانستدا مەلەوانێکی بێ وێنە و بێ هاوتا بووە و گەلێ لە زاناکان ودمی مەلایەتییان لێ وەرگرتووە و گەلێ پەڕاوی بەزمانی فارسی و عەرەبی نووسیوە و گەلێ پەراوێزیشی لەسەر پەرتووکە ئاینییەکان نووسیوە کە بەیادگار ماونەتەوە.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس لە پەڕاوی (یادی مەردان)دا دەڵێ: جارێکیان لە بارەی پایەی مەلایەتی حاجی مەلا ئەحمەدەوە لە مەولەوی دەپرسن، ئەویش دەڵێ: بەڕاستی پایەی زانستیی مەلا ئەحمەد بۆ من دیاری ناکرێ، بەڵام ئەوەندە دەزانم لە سەردەمی خۆیدا تاقانە بوو، جارێکیان حاجی مەلا ئەحمەد لە سنە بوو، منیش لە خزمەتیا بووم، ئاخوونێکی زۆر گەورە هاتبوو بۆ سنە، بەو بۆنەیەوە گەلێ لە پیاوە گەورەکانی شار و زانایانی شار کۆبوونەوە، ئێمەش لەو کۆبوونەوەدا بەشدار بووین، لە کۆبوونەوەکەدا مەسەلەیەک هاتە پێشەوە، ئاخوون و مەلا ئەحمەد کەوتنە قسە و تا ماوەیەک قسەی هەردوو لا بەجۆرێ بوو هەموو مەلا بەشدارەکان لێی حاڵی دەبوون، پاش ئەوە وا بەرزبووەوە تێگەیشتم کە خەڵک کە هیچی لێ تێ ناگەن و تەنیا حاجی مەلا و ئاخوون نەبێ، پاش ماوەیەکی تر وای لێ هات زانیم ئاخوونەکەش تێ ناگا و هەر بەڵێ وتن نەبێ.

حاجی مەلا ئەحمەد لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردی و فارسیشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و، هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم زانا پایە بەرزە کە دەڵێ:

کووڕەی دل چمان جۆشش وەردەوە
کەم کەم بی هۆشی هۆشش بەردەوە
ئەسرین هەم تاف بەست وە ڕووی ڕوومەدا
تفڵ ئاسا مەدۆ وێش وە بوومەدا
بەختم سیاپۆش یەخە پارەشەن
شەرارەی ناڵەم شووم ستارەشەن
لەرزەی دڵ جەشەوق پێکان پەیکان
دڵ خاس بەپەیکان نە پەیکان پەیکان
زاهر هەم فەڵەک کەڵەک بەستە بۆ
دیسان دڵ بەتیر دووری خەستەبۆ



دووری ئەو دڵبەر جەگیان سرشتە
دیدەی بەسورمەی بەخت من ڕشتە
قامەت سەروناز چەمەی نوور ئاودا
نیگاش دیدەی عەشق ندای وەخاودا
گێسوو دڵی شێت لێش کەردەن تەئثیر
جەو ییەی پەی پای یار ببەن بەزنجیر
یاخۆ مەزاقش یەکێ وجوودەن
ڕەزش ئەو مەقام فەنا و شوودەن
جەمین مەدرەوشۆ نەبەین حەیتاران
چوون وێنەش نە تۆی دڵەی غەمباران
توڕڕەش وێنەی ڕەنگ خەیاتەی خامەن
یا ڕیشەی ئەڕوای بەخت سیامەن
خەم دان بەقامەت نە کەمینگای دڵ
ئەبرۆش چون سەیاد نەسارای جەنگەڵ
دیدەش پەڕپەڕ مەی سەحیح بیمارەن
ئەویچ مەر زەدەی نیم نیگای یارەن
بینی خەت نوور خورشید لەت کەردە
گۆنا وینەی بەدر ڕەنج ئەنگوشت بەردەن
لەب شەفاف تینەت هەوەس نۆشای هوون
مەنمانۆ نە چەم ڕەنگش لالە گوون
دەهەن نوختەی خەت شۆڵەی لۆلۆی تەڕ
ددان خۆ بەردەن ڕەونەق گەوهەر
زنج جە سەردیی، دڵسەردیی دڵبەر
ئاو حەیاتەن ڕچیان مودەوەر
گەردەن شەمع نوور ساف بێ گەردەن
تاریک یانەی دڵ پێش ڕۆشن کەردەن
بازوو سیم خنم پەنجە ڕشتەی هوون
ناخوون ناخنەی دیدەی دەهر دوون

لیمۆش نەخش زنج کەردەن تەخەلخوڵ
نە تۆی سینە ساف وێنەی پەڕەی گوڵ
جە ئامۆشۆی زنج وە راس و چەپ دا
دوو نەخشێش تێدا بییەن هوەیدا
میان چەنی موو دووکوت کەردەن موو
موو موو ڕاست مدران چ خاس چەنی موو
نافش خۆ بۆ بێز نافەی غەزاڵەن
جەناف تا زانۆ دەرکش مەحاڵەن

واتە: کوورەی ئاوری دڵ و دەروونم بەجۆرێ بڵێسەی بەرزبووەتەوە کە هۆشمی لێ بڕیوە و قەڵبەزی ئەسری چاوانم کە دادەڕژێتە خوارەوە، کارێکی بەدڵم کردووە کە وەک منداڵ لەناو خاک و خۆڵا دەتلێتەوە. بەختی ڕەشم یەخەی خۆی دادڕیوە و ئەستێرەم تاریکە و دڵم لە ترسی تیری یارەوە کەوتووەتە لەرزین، چەرخ لەگەڵما بەچەوتی دەگەڕێ و بەجارێ خەومی لێ زڕاندووە و پەلکەکانی یار زنجیریان کردووم و پشتم کۆماوەتەوە، برۆکانی یارم وەکو کەوانی راوچی کاریان تێ کردووم، ڕوومەتی جوانی کاتێ دەرکەوێ سەرمەستم دەکا و لێوە ئاڵەکانی هەوەسی خواردنەوەی خوێنم پێ دەکەن، زنجە جوانەکەی وەکو ئاوی ژیانە و ئەستۆ ڕوونەکەی ماڵی پێ ڕوون دەبێتەوە، پەنجەکانی خۆی بەخوێنی دڵم سوور کردووە و سنگی وەکو ئاوێنەیە و خاڵەکانی بێ وێنەیە و باڵای بەرزە و، بەڕاستی یارم ئەوەندە شۆخوشەنگە کە باسی جوانییەکەی هەر تەواو نابێ.

لە پارچە هەڵبەستێکی تردا سەبارەت بەپیری و پەشێوی و پەژارەی دەروونی دەڵێ:

وادەی نەو سیوەیل داران ڕەشتەن
فەسڵ نەوپایز واران وەشتەن
دوورە سۆ ئامای کۆنە داخانەن
فەسڵ تەم گیری کۆە و زاخانەن
هوونەی سەیل هوون جەسەر چەمەی جەم
گڵپەی شوورەی نارناڵەی کوورەی دەم
پەرکەردەن شەتاو ناوان گەردوون
سۆچنان شەخەڵ ژیای دنیای دوون
تەم غەم نە سەر سەرکڵاوەی دڵ
چەترەن پەری عەکس جەمین پەڕەی گوڵ



سەفحەی گۆنای زەرد ڕەنگ جە خەزان بەر
باڵای خەم کاڵان نە ڕەزان بەتەر
سەردیی هەناسەی ئێڵاخەکەی دڵ
وتەی سیاکار بەختم جە سەرچڵ
قازی سەر شێوەیای ناڵەی بێ ئەثەر
ئەسەر وەبەدعەکس ئاوا و دڵبەر
لازم کەردەن لێم فەسڵەکەی پایز
دووروستەن وەهار وسڵەکەی ئازیز
قیبلەم هەر کەسێ چون من ماتەمەن
وەهارش پایز، پایزش غەمەن

واتە: داری گەنجیم دەکەوێتە وەرین و وەکو پایزش زەرد دەبێ و سەری بەرەو سپی بوون دەچێ و چاوەکانی ئاو دەکەن و دەڵێی خەم و چەماوەتەوە و بەختم بەجارێ ڕەش بووە وەکو قاژێک کە لە با و بۆراندا سەری لێ شێوابێت، تازە بەهاری جوانیم تێ پەڕی و پایزی پیری هاتە پیریمەوە. ئەی خۆشەویستەکەم هەر کەسێ وەکو من خەمباربێ، بەهاری پایزە و پایزی خەم و پەژارەیە.

لە پارچە هەڵبەستێکی تریدا گلەوگازندە لە دڵی خۆی دەکات و پێی دەڵێ:

چەندە پێم واتی های دڵەی غافڵ
حەق حەقیقی ئیزافی باتڵ
پەردەی ئەو جەماڵ (مطلق اطلاق)
ئاوێنەی عکووس مرئاتی ئافاق
بۆ بەبای موراد نەشئەی سافی مەی
بەیار مەلاح سۆز لاف نەی
کەشتی غەرقەکەت نەگێجاو دەی
یاونا وە ساحل ئی بەحر بێ پەی
شاخەی تاف ساف سەر جەمەی هەستیت
هەوا کەللەی تەبع هەواپەرستیت
با کەرۆش کۆتا کڵپەی کوورەی دڵ
شەرارەی سەبوون چۆڵەکەی مەنزڵ

تۆ بەتەر دامان عسیانت تەڕبی
وێنەی بەدبەختان ئاخرت شەڕ بی
هیچ نەبیت وەتەنگ ڕۆژ ڕۆی فەردا
ئەمجا تا تاوی بدە وە سەردا

ئەی دڵ! بۆ هۆشت بەخۆتەوە نییە، زۆرجار ئامۆژگاریتم کرد و پێتم وت: کە ڕێگای ڕاست لە ڕێگای چەوت جیا بکەرەوە، کەشتی گونا و تاوانت خەریکە لە گێژاودا نوقم دەبێ، دەسا لەم گێژاوە ڕزگاری کە و بیگەڕێنەوە ئەوبەر و لە خۆپەرستی خۆت لادە، ئەگەر لە چەوت و چەوێڵی لا نەدەی لە ڕۆژی دواییدا دەبێ هەر بدەیتە سەرتا و هیچ سوودێکیشی بۆت نییە.

سەرچاوەکان

١- یادی مەردان - مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس - بەغدا، ١٩٨٣.
٢- بەیازێکی کۆن کە نزیکەی سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.
٣- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەحاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی.

## شارقی هەرسینی

١٢٢٨-١٣٠٥

ئەم هۆنەرەمان ناوی میرزا قولی و کوڕی حەسەنی بەختیارییە کە بەپێی ئەو بەڵگانەی کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٢٨ی کۆچی لە هەرسیندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و تا ماوەیەک زمانی فارسی و عەرەبیی خوێندووە و لە پاشا ڕۆیشتووەتە کرماشان و لەوێدا خەریکی فێربوونی خەت خۆشی و وێژەی فارسی بووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و بووەتە مامۆستا و ژیانی بەم چەشنە ڕابواردووە تا لە ساڵی ١٣٠٥ لە تەمەنی حەفتا و حەوت ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

شارق هەر لە تافی جوانیدا حەزی لە هۆنراوەکانی ئەڵماس خان و مەلا وەلەدخان و میرزا شەفیع و خانا کردووە و ئەوسا کەوتووەتە کۆشی هۆنراوەوە و «شارق»ی کردووەتە نازناوی خۆی و دەستی کردووەتە هۆنینەوەی هۆنراو و، لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و پتر هۆنراوی ئاینی و کۆمەڵایەتیی هۆنیوەتەوە. ئەوا چەند برە هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە دێنین تا بزانین لە هۆنراوی کوردیدا چ پلەوپایەیەکی بووە، هەیە دەڵێ:



حەق نما مەولا، حەق نما مەولا
قیبلەگای عالەم حەق نما مەولا
ئەمیر دنیا هەم عوقبا مەولا
کارساز کاران کارفەرما مەولا
لافەتا و لاسەیف وە شان مەولا
یاسین وەلقورئان نیشان مەولا
دوڕ دەریای سرِ سەرمەدی مەولا
ئەمینوڵڵای شەرع ئەحمەدی مەولا
تارک دنیا و مافیها مەولا
هەمیشە وەیاد کبریا مەولا
یەکە تازوە حارب مەنسوورەن مەولا
شێر خوداوەند غەفوورەن مەولا
شارق خاکپای قەنبەرەن مەولا
دڵ قەوی وە خۆف مەحشەرەن مەولا

واتە: هافی عەلی کوڕی ئەبوو تالب، سڵاوی لێ بێ، مەولا و میری جیهانە، هەر ئەو کارسازی کاران و کارفەرمایە و بۆیە پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دروودی خوای لەسەر بێ، فەرمووی: «لا سیف الا ذولفقار ولا فتی الا علی»: هیچ شمشیرێ ناگاتە زولفەقار و هیچ جوامێرێک ناگاتە عەلی. دوڕی، دەریای ڕاز و خۆشەویستیی پێغەمبەر ئەوە و، ئەو وازی لە خۆشییەکانی جیهان هێنا و شێری خوایە و «شارق» خاکپایە و دەبێتە قوربانی.

٢

حەقش وەدەستەن، حەقش وەدەستەن
یاران ئەو شەخسە حەقش وەدەستەن
ژ قەید دنیا تەمام وارەستەن
ژ جام بادەی ولایەت مەستەن
نە هەر کە بە و شکڵ بێ سەر و پا بۆ
گیر وەردەی حەڵقەی دام دنیا بۆ
وێنەی شەشدەریش تەمام بەستەبۆ
وە تیر شەنەی شەیتان خەستە بۆ

غەرق بەحر ژەرف جیفەی دنیا بۆ
ئینسافەن چ تەور مەرد خودا بۆ
مەرد حەق ئەوەن تەرک دنیاکەی
پەی دیدار حەق پیری پەیدا کەی
دەس دەی وە دامان پیر با کەماڵ
هەمنشین مەبۆ چەنی ئەهل حاڵ
ژ وەسواسەی نەفس نەکەی ئەندیشە
نەخڵ کبر و حرس کەنۆت ژ ڕیشە
وە تیشەی تەوفیق جەستە پەی کەرۆ
راگەش وە ڕاستی تەمام تەی کەرۆ
کونج قەناعەت گۆشەی خامۆشی
حەوسەڵە و گوزەشت چەنی سرِ پۆشی
زکر و بێداری تەنیا نشینی
ژ سدق پیشەکەی پەرێ حەق بینی
وەبێداری سدق وە قووەی ئیخلاس
نەهر دڵ کەرۆ ژ لەجەن خەڵاس
دەربان داری کار سوبح و شامش بۆ
دایم بۆی گوڵێ وە مەشامش بۆ
گوڵ گوڵەن گوڵ گوڵ، گوڵ کاف لامەن
هەر کە گوڵش بۆ کارش تەمامەن
گوڵ حەق، گوڵ ڕەسووڵ، گوڵ مورتەزایە
گوڵ مەزهەر حەسەن خودا نمایە
گوڵ عەشق عاشق مەعشووقە گوڵەن
نە هەر شەیدا کەو حوسنش بوڵبوڵەن
بوڵبوڵ شەیداییش فەسڵ بەهارەن
بوڵبوڵ پەی بەهار خود نادیارەن
بوڵبوڵ مەجازی وێش کەردەن شەیدا
ئەوەند مەکەرۆ فەریاد و دەی دا



عەشق گوڵ ئەوەند نیگەهبانیش کەی
نە کە ژ ناڵە و ئەفغان فانیش کەی
بەڵێ بەو تەورە بدا ڕۆش وەچەم
تا باتن گوڵ بوینۆ بێ خەم
نە ئەوراق گوڵ ساف موسەففا
یەکێ وە مەرئات بدەرۆش جەلا
تا جلوە لێش کەی جەماڵ دڵبەر
وە عەین بوینۆ عەین عەین وەبەر
ئەربەعەی ئەنوار ژ گوڵ پەیدا کەی
سەیر یار بێچوون وە پێ چەرا کەی
بوینۆ هوو هوو، هوو هوو ئەڵڵا کەی
وێش وە شەوق دۆس فەنا فی ڵڵا کەی
وە پای عەشق مەبۆ ئی ڕاکەردەن تەی
وەگەرنە عەرەب هەم نەیازۆت نەی
ئەبڵە پەرهێزت هێمان نەڕێزان
خوەم یار دیم با چو دەستت مەڕێزا
وە عەشق یاران پاکبازان حەق
دیهایم بۆ دیدەی مەحبووب موتڵەق
یەعنی کە شارق پڕ بی ژ ئەنوار
مولحەق بی وەدۆس دڵ داوە دڵدار

واتە: ئەی یاران! هەق ها بەدەست ئەو کەسەوە کە پارێزگار و خواناس بێ و لە جامی بادەی ولایەت سەرخۆش بێ، نە وەکو کەسێک پێ بەند و گیرۆدەی جیهان بێ و، تەواوی ڕێگەکانی لێ گیرابێ و بەتیری ئەهریمەن پێکیا بێ و نوقمی دەریای دنیا بێ، دەسا پێم بڵێن ئەو چەشنە کەسانە چۆن پیاوی خوان؟ پیاوی خوا ئەو کەسەیە کە وازی لە جیهان هێنابێ و بۆ دیداری حەق پیرێ پەیدا بکا و، لەگەڵ پیاوچاکاندا هەڵسوکەوتی بێ و، داری فیز و هەوای لە بنەوە هەڵکەندبێ و، ڕێی ڕاستی خوایی ببڕێ و قنیات بکا و ڕووباری دڵ زیخ و لمی گوناه پاک کاتەوە و، هەمووەدەم بۆنی گوڵێک بکا، گوڵ خوایە و گوڵ پێغەمبەر و گوڵ عەلییە، گوڵ حەسەنە و گوڵ ئەوینی دڵدار و گوڵ دڵبەرە بوڵبوڵ لە وەرزی بەهاردا بۆ گوڵ شێت و شەیدا دەبێ و بۆ گوڵ ئەوەندە دەچریکێنێ کە ئەوین دەبێتە پارێزەری،

بنیادەمیش دەبێ وا بێ بۆ یار خۆی شێت و شەیدا کا تا یارەکەی ببینێ و ئەوسا خۆی بەئەوینی ئەوەوە بسووتێنێ، وەکو (شارق) کە دڵی دا بەدڵدار و خۆی لکاندە یارەوە.

سەرچاوەکان

١- بەیازێکی کۆن کە هەندێ لە هۆنراوەکانی شارقی تێدا نووسراوە.
٢- کەشکۆڵێکی کۆن کە لە ساڵی ١٣٠٤ی کۆچیدا نووسراوە.
٣- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەشارقی هەرسینی.

## سەی یاقۆی مایدەشتی

١٢٢٩-١٢٩٢

ئەم هۆنەرە پایە بەرزە کە ئاوازەی هۆنراوی لە سەراسەری پشتکۆ و پێشکۆ و مایدەشت و کرماشان و لورستاندا بەرز بووە ناوی یاقۆ و کوڕی سەی وەیسی قەمەشەییە. ساڵی لەدایکبوون و مردنی سەی یاقۆ بەتەواوی ڕوون نییە و تاریکە و هەر کە قسەیەکی لێوە کردووە کە ئەوا لە سەری دەکۆڵینەوە تا ڕاستییەکەمان بۆ دەرکەوێ.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە پەڕاوی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا دەڵێ: سەی یاقۆ لە ساڵی ١٢٢٨ی کۆچی لە دێی قەمەشەی مایدەشتدا هاتووەتە جیهانەوە و لە ساڵی ١٣٠١ لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا باقر شاکری لە پەڕاوی (تذکرەء شعرای کرماشاه)دا دەڵێ: سەی یاقۆ لە ساڵی ١٣٢٤ی کۆچیدا لە دێی قەمەشەدا کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە. مامۆستا دیوان بەگی لە پەڕاوی (حدیقە الشعراء) دا دەڵێ کە سەی یاقۆ لە ساڵی ١٢٩٢ی کۆچیدا مردووە و لە دێی قەمەشەدا نێژراوە.

لە بەیازێکی کۆندا کە لەم دواییەدا کەوتە دەستمان، مێژووی لەدایکبوون و مردنی هەندێ لە هۆنەرانی کوردی تێدا تۆمار کراوە و لەم بەیازەدا نووسراوە کە سەی یاقۆی مایدەشتی لە ساڵی ١٢٢٩ی کۆچی لە دایک بووە و لە ساڵی ١٢٩٢ لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە دێی قەمەشەی مایدەشتدا نێژراوە.

سەی یاقۆ بەپێی ئەو بەڵگانەی کە باسمان لێوە کردن، لە ساڵی ١٢٢٩ی کۆچی لە دێی قەمەشەی مایدەشتدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. لە منداڵیدا خراوەتە بەر خوێندن و سەرەتا فێری زمانی فارسی و خەتخۆشی بووە و پاشان چووەتە کرماشان و لەوێدا گوڵستان و بووستانی سەعدیی خوێندووە و لەمەوە هەوەسێکی زۆری کەوتووەتە سەر



هۆنراو و هەر لەو کاتەدا خەریکی هۆنینەوەی هۆنراو بووە، بەجۆرێ کە خەڵک پەسەندی کردووە. پاشان سەرێکیشی داوە لە کرند و لەوێدا ئاشنایەتییەکی پوختەی لەگەڵ هۆنەرانی (یاری)دا پەیدا کردووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە قەمەشە و لەوێوە چووەتە کرماشان و لە دام و دەزگای ئیمام قولی کوڕی دەوڵەتشادا دامەزراوە و پاشان دەبێتە میرزا و نووسەری حەمە حەسەن خانی فەرمانڕەوای کەڵهوڕ و تا مردن لەگەڵ ئەودا دەبێ تا لە ساڵی ١٢٩٢دا کۆچی دوایی دەکا و تەرمەکەی براوەتەوە بۆ دێی قەمەشە و لەوێدا نێژراوە.

سەی یاقۆ یەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی لوڕ و کەڵهوڕە و لە شێوەی هۆنراوی کەڵهوڕی و موکری و هەورامیدا مامۆستا بووە و سەری کێشاوەتە دەرگای هەموو جۆرە هۆنراوێکەوە. دڵداری، ئاینی، دیمەنی سروشت.

سەی یاقۆ زۆر حەزی لە هۆنراوەکانی ئاقەی کوڕی مەلک قاسم خان و ئەڵماس خانی کەڵهوڕ و خانای قوبادی و مەلا وەلەدخانی جاف و شێخ شەهابی لهۆنی و نالی و سالم کردووە و گەلێ لە هۆنراوەکانی نالیی لەناو هۆنراوەکانی خۆیدا هێناوە و لە سەر ڕێ و ڕچە و شێوەی ئەو ڕۆیشتووە.

هۆنراوەکانی سەی یاقۆ گەلێ ناسک و شیرین و تەڕ و پاراون و لەبەرئەوەی پتر لەسەر شێوەی نالی ڕۆیشتووە، بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی لەسەر کێشی عەرووزن و هەندێکیشیان لەسەر شێوەی هۆنەرانی هەورامی بێژ بەهیجا هۆنیوەتەوە. دیارە سەی یاقۆش وەکو مامۆستا نالی سەرەتا گیرۆدەی داوی یار بووە و یارەکەی بەتەواوی کاری کردووەتە سەر هەموو ڕەگ و شادەمارێکی، بۆیە پەیڕەویی لە پارچە هەڵبەستەکەی مامۆستا نالی کردووە کە سەرەتاکەی ئەمەیە:

زوڵفت بەقەدتدا کە پەرێشان و بڵاوە
ئەمڕۆ لە منی شیفتە ئاڵۆز و بەداوە

ئەویش دێنێ و باسی گیرۆدەیی خۆی و خۆشەویستەکەی بەم چەشنە دەکا و دەڵێ:

شووری وەسەرم کەوتیە لەم مەستیی چاوە
هیچ جێگە نەنیشم مەگەر ئەوجی کەشەراوە
ئەم زولف و ڕوخی دڵبەرە یا لەیل و نەهارە
یا هەوری ڕەش و پەردەکەشی بانی هەتاوە
ڕوخساری توو وەک مانگ و دوو زولفت وەکو عەقرەو
هەرچەن کە قەمەر عەقرەوە ڕازیم بەقەزاوە

(سۆزی دڵمە باعس تاو و کوڵی گریان
مەعلوومە کە ئاگر سەبەبی جۆششی ئاوە)
ماچان کە غەزالان چەرنی شووره زەمینە
پەس ئاهووی من چیشە کە لەم جێگە ڕەماوە
ئەی دڵ گوزەری کە وە قولنگ تاشی فەرهاد
بێن ناڵەی کی ئەیژنەوی لەم دڵ کاوە
زاهد وەخودا غەیر خەم و ئەبرووی دڵدار
مەیلم نەوەمزگت، نەوە دەیروونەکتاوە
زولفت وە ڕوخت چ پەریشان و ولاوە
سەبره و بەدلی شیفتە یەکباره ڕژاوە
چاوان نیگارم وە سپا موژه ماچون
ئەی لەشکر خوێنرێژ ئەمە وەقت چە پاوە
دڵبەر لە غەمت (سەید) بیچاره سەر شەو
خوینرێژییە لەم چاوە حەتا سوبح دەماوە

واتە: شۆر و ئەڵهایەکی وام بۆ مەستیی چاوت کەوتووەتە سەر، ئیتر هیچ شوێنێک نییە تێدا دانیشم، مەگەر ئەو جێیەی نەبێ کە بادەی یەزدانیی تێدایە. ئەم زوڵف و خەت و خاڵ و ڕوومەتە هی دڵبەرمە یا شەو و ڕۆژە؟، یا هەورێکی ڕەشە کە وەکو پەردە بەری هەتاوی گرتووە. ڕوومەت و خاڵەکانت وەکو مانگ و ئەستێرەن، هەر چەند کە مانگ لە دومارەکوڵەدایە، من بەچارە نووسی خۆم دڵخۆشم. سۆز و قرچەی دڵمە کە بووەتە هۆی تاو و گوڵی گریانم، دیارە کە ئاگر هۆی کوڵانی ئاوە، واتە ئاو بەئاگر دەکوڵێ. دەڵێن: کە ئاسکەکان لە زەوی و زاری شۆرەکاتدا دەلەوەڕێن، ئەی بۆ ئاسکەکەی من لەبەر چاوم ڕەم دەکا؟. ئەی دڵ بەسەر بەردتاشی فەرهادا تێ پەڕە و بزانە ناڵەی چ کەسێک لە دڵی کێوەکەدا دەبیسی؟ ئەی پارێزگار سوێندم بەخوای بانی سەر، جگە لە خەم و پێچی ئەبرۆی دڵدار، ئارەزووم نە بەمزگەوتە و نە بەدیر و نە بەکتێبە، زوڵفەکانت لەبەرچی بەسەر ڕوومەتتا پەرێشان و بڵاون؟ بەڕاستی بووەتە خەم و بەژارە و ڕژاوەتە ناو دڵم. چاوەکانی یارم بەلەشکر و سپای برژانگ دەڵێن: ئەی لەشکری خوێن ڕێژ بکەونە ڕێ کە ئێستا کاتی چەپاو و تالانە. ئەی دڵبەرەکەم! سەیدی بێچارە لە خەمتا هەر لە ئێوارەوە، خوێن لە چاوانییەوە دەڕژێ هەتاکو هەتاوی بەیانی هەڵدێ.

سەی یاقۆ لەم هۆنراوانەدا بەشێوەی کۆن، ڕوومەتی یارەکەی چوواندوەتە مانگ و هەتاو



و زوڵفەکانی کردووەتە دوومارەکۆڵە و شەو کە ئەمەش لەناو هۆنراوی زۆربەی هۆنەرانی کۆندا دەبینرێ، وەنەبێ شتێکی تازەبێ.

سەی یاقۆ کە گرفتار و گیرۆدەی دڵی خۆی بووە، لەگەڵیدا دەکەوێتە گرۆگاڵ و پێی دەڵێ: ئەی دڵ یاخوا هەمووەدەم هەر گیرۆدەی ئاڵقەی داو بی، تۆ هەرچی خۆشی و کام دەبینی هەر ناکامی و هەر کارێ دەکەی هەر بەدناو و ڕیسوای و، من هەر دەوات دەکەم و تۆ هەر خۆش نابیتەوە، دە تۆ تاکەی هایت لە ناو بیر و خەیاڵی خاوا . نەمدیوە ساتێ خەیاڵت جەم بێ و خەمت کەم بێ، هەندێ جار وەکو پەپوولە بەدەوری شەمدا دەسووڕێتەوە و، هەندێ جار بێ دەنگی و هەندێ جار دەناڵێنی و، برێ جاریش وەکو عەوداڵەکان وێڵی ماڵەکانی، ئەگەر شیرینی ببینی خەم دەخۆی، ئەگەر تاڵی ببینی دەگری، ئەی تۆ دەردت چییە بۆ دەرمانی نییە؟ دە یاخوا لەت لەت بی، ئەوەندە داوام لێت کرد گوێت پێم نەدا و منت بەرنەدا، ئەوەندە بیر و خەیاڵم کەوتە سەر، کە وەکو نۆقڵ، ژارم خواردەوە کەچی بەمرازیش نەگەیشتم، ئەی دڵ یاخوا کوت کوت بی، ئەی چاو یاخوا کوێر بی، بۆ ئەو گوناهانەی کە کردووتن و توێشووی بەدناویت پێیە، مەگەر تۆ نازانی کە سەرەنجام دەبێ بچیتە ناو گۆڕ؟ دەسا ئەگەر شیرین و زڵێخاتیش پێ بدەن و شادت کەن، سەرەنجام لەناو دەچی و بەناکامی جیهان بەجێ دێڵی، ئیتر تا کەی هایتە ناو بیر و خەیاڵدا و ئەڵهای جوانی و خۆشی دەکەی:

دڵە دامەنی، دڵە دامەنی
هەی دڵ گیروردەی حەڵقەی دامەنی
هەر کام مەوینی هەر ناکامەنی
هەر کار مەکەری هەر بەد نامەنی
من هەر دەواکەم تۆ هەر زامەنی
تۆ تا کەی نە فکر سەودای خامەنی؟

***

هەرگیز خەیاڵت ساتێ جەم نییەن
پای غوسە و خەیاڵ لەلات کەم نییەن
شادی ئی دنیا وە یەکدەم نییەن
سوراحیت نە سەوت زیر و بەم نییەن
هەرکار مەکەری هەر بەدنامەنی
تۆ تاکەی نە فکر سەودای خامەنی؟

***

گا پەروانەی دەور شەم جەمالانی
گا هامراز ڕاز کەمەر لالاسنی
گەهێ سکووتی، گەهێ ناڵانی
گا چون ئەودالان وێل مالانی
من هەر دەواکەم تۆ هەر زامەنی
تۆ تاکەی نە فکر سەودای خامەنی

***

شیرین مەوینی حەسرەت باریتەن
تەڵخی مەوینی شین و زاریتەن
زشت و زیبایی بێ قەراریتەن
پەس تۆ چ دەرمان دەرد کاریتەن
من هەر دەواکەم تۆ هەر زامەنی
تۆ تاکەی نە فکر سەودای خامەنی

***

دڵە لەت لەت بای چو نیل سەرخوم
وەس تەمەنا کەر وە یانەی مەردوم
هەرچی هاواران وە ڕات ئاوەردم
چەنی گوناهان سالان سەرکەردم
جە ڕاستی وەحشی پەی بەد ڕامەنی
تۆ تاکەی نە فکر سەودای خامەنی

***

ئاه جە خەیالان مەویەرۆ نە دڵ
چو نۆفڵ نۆشام زەهر هەلاهل
چەن تەی مەکەری راگەی بێ حاسڵ
نە خاسان شەرع تا کەی مەکەی سڵ
هەوا خوای لەزەت چەن بێ تامەنی
تۆ تاکەی نە فکر سەودای خامەنی

***



دڵەکوت کوت بای چەند خەیاڵ پێتەن
دیدە هەی کۆربای کول گونای وێتەن
تۆشەی بەدنامی ڕای نەهات ڕێتەن
مەر نمەزانی سای لەحد جێتەن
بووم بەدعەمەل تەختە بامەنی
تۆ تاکەی نە فکر سەودای خامەنی

***

هەی دڵە ئەر گەنج زەمانەی فانی
تەخت سلێمان، تاج کەیانی
مەحبووب چو شیرین زلێخای سانی
پەرێت باوەروون پەی شادمانی
ئاخر عاقبەت بێ ئەنجامەنی
تۆ تاکەی نە فکر سەودای خامەنی

***

ئەر فکرت ڕاحەت ماڵ و عەیالەن
ڕاحەت پەی ئەولاد ئادەم مەحاڵەن
هەر کەس بواچۆ ڕای دڵ بەتاڵەن
واچان (سەی یاقوو) ئەبڵە خەیاڵەن
هەر کام مەوینی هەر ناکامەنی
تۆ تاکەی نە فکر سەودای خامەنی

سەی یاقۆ پارچە هەڵبەستێکی زۆر تەڕ و پاراو و شیرینی سەبارەت بەوەرزی بەهار هۆنیوەتەوە کە بەڕاستی هۆنەری تێدا نواندووە و دیارە لەم چەکامەیەدا پەیڕەویی لە چەکامەکەی شێخ شەهابی لهۆنی کردووە کە بەم چەشنە دەست پێ دەکا:

دیدە گریان جا بیابان هەمچوو قەیسی عامری
گوڵ حەنا، لەولاو و ڕێحان شەست پەڕ و گوڵ جەعفەری

سەی یاقۆ لە چەکامە بەهارییەکەیدا دەڵێ: ئەوا وەرزی بەهار هات و تەواوی جیهان بەڕایەخی سەوز داپۆشی و گوڵی جۆر بەجۆر لە دەشت و کێودا ڕوا و هەموو جێ و شوێنێکیان داگرت، پەپوو و تاوس و قومری و بوڵبوڵ و سەرسەوز و بۆرچین و قاز ڕیزیان

بەستووە و خەریکی نەواخوانین. گوڵ و گیاکان وەکو دڵبەرانی پەری پەیکەر لە داوێنی کوێستانانـدا ڕواون و لە هەر گۆشـە و کەناری کەژ و کێوا نەوای چەنگ و شمشاڵ دەبیسرێ و دڵبەرانیش ناز دەفرۆشن و هەموو خۆشن. بەهار جوانە و بولبولیش بەهیوای بەهارە تا گوڵ ببینێ، بەڵام چ سوود کە سەی یاقۆ دڵی پەشێو و غەمبارە و لە ژین بێزارە:

بێن وەشادیی دۆستداران هەم ژ سونع داوەری
شا بەهار ئاما ژنەو فەرش زەمین کەرد ئەخزەری
غوررش ئەبری بەهاری ژ ئاسمان خێزا ژ نەو
هەم جهان پیر بورنا بی ژ باد سەرسەری
جن و ئنس و وەحشو تەیر و خار و خەس و کۆ و کەش
کەلەشان مەس بی لە بۆی نەوبەهار عەنبەری
خێزیان پەی سەید غازان کەر کەسان پەرواز وا زان
ڕێزنان ڕازان بەنەقش لەوح چەرخ چەنبەری
وای شەماڵ شەق شکاوا تەخت یەخ بەند چەمەن
چون (ئەمیرولمۆئمنین) دەر جەنگ فەتح خەیبەری
توغرڵ و عونقا و لاچین، واشە و شاهین شۆخ
پەی تەفەروج پەڕ گشوودە تا وە شەمس خاوەری
فەوج بولبول جەمع کەوکان ئی نە باغ و ئەو نەکۆ
ئی وەچەهچەهەن و ئەو وەقەهقەهە سەنج ڕای سەنجەری
قیرەی سەرسەوز و بۆرچین شۆ لە گوڵاوان تاف
لەقلەقان نە قارەچین لەم بام قەسر قەیسەری
قارەی قاز و قولنگان گۆش گەردوون کەردەن کەڕ
هەم ژ نەو پڕ بی سەراوان لەم بەتان چون پەری
موختەسەر مەجمووع تەیران دەستە دەستە فەوج فەوج
گەهـ وەباغان، گەهـ وەداغان، گەهـ وەشاخ عەرعەری
لەشکر نەورۆز و گوڵ پێش خوان دار هەر گوڵان
خەیمە پێکا لەم بیابان چون سەد ئەسکەندەری
گوڵ شەقایق جوغد ئاسا کونج دیواران دنج
کاسەی تەهـ ئەسوەدی پڕ کەرد نە حەوز کەوسەری



زەنبەق و خەشخاش و ڕەیحان، گوڵ حەنا و شەست پەڕ
گوڵ ئەشەد بۆ، کاسنی، نیلووفەری و جەعفەری
گوڵ بەنەفشە، گوڵ قەرنەفل، گوڵ گوڵاب و ئەرغەوان
دەستە دەستە جەمع بەستە ئەحمەری و ئەخزەری
سەبزەزار، مورغ زار و دەشت و بام و بەحر و بەڕ
دەستە دەستە خەیمە بەستە سەف چوسان عەسکەری
ئەرغەوان و نەرگس و نەسرین و یاس و یاسەمەن
سۆسەن و لەولاو لیلو لالەهای ئەحمەری
کاج و شمشاد و سنەوبەر، عەر عەر و سەر و سەهی
سەرفرازان قەد کەشیدە تا وە چەرخ داوەری
فەسڵ عەیش و فەسڵ نۆش و دڵ بەجۆش و غەم خەمۆش
بادە نۆش و دەس نە دۆش ماهرووییان پەری
فەسڵ گوڵ، فەسڵ ریاحین، فەسڵ سونبوڵ، فەسڵ عەشق
ئەم بەهار لالەزار و ئەم شەراب کەوسەری
(سەید) بێچارە نەعەیش و نە نۆش و دڵ پەشێو
مەوزتەر ئەفسوردە و غەمناک دەست بێ زەری

سەی یاقۆ لە باسی بادەنۆشی و بەربەرەکانێی پارێزگارە درۆیینەکاندا وێنەیەکی تر دێنێتە ناوەوە و ئەو پەردەی پێشوو دادەداتەوە و بەچەشنێکی تر دێنێ باسی پارێزگارە درۆیینەکانمان بۆ دەکا و دەڵێ:

زاهد حەرامەن، زاهد حەرامەن
زاهد زیندەگی وە توو حەرامەن
نە شوورت وەسەر نەپات وەدامەن
نەهەرگیز مەجلس عەیشت مەقامەن
تەماشای ئەبرووی خەم نەکەردەنی
ژەو خەم و قامەت چەم نەکردنی
تەماشای دیدە بازت نەکەردەن
دیدەی باز ناز گازت نەگەردەن
سەیرنەکەردەنی گوونای گوڵناری
ئاگا نیت ژ سووز دەرد دڵداری

ژ رای دەرد عشق گومڕاهیت نیەن
سوراحی وە دەس سوراحیت نییەن
ئەمینت نییەن وە تارشەوە
نازار وە ئاهەنگ قەتار شەوە
سلێمان وە سووز کەمانچە شەوە
زێڕەش مەوەروو دڵ وە غەشەوە
پەنجەی سەی مامیی تریکەی تەموور
نەغمەش دڵ مەکەی وەلانەی زەموور
ناڵەی موتربان نەکەردەنی گووش
مەردەی یەک ڕووژە بکەی فەرامووش
خسووس چەقانەی دەست رەزایی
نە ڕەقس فارسی و چوپیی کەزایی
هەرگیز نەنیشی زاهد نە لاشان
ناما نە گووشت دەنگ هەلاشان
ئامنەت نەدین وەو نازشەوە
غونچە وەو یەقەی نیم بازشەوە
کزەی کەمانچە نەشنەفتی وەگووش
نیکی و بەدی بکەی فەرامووش
ئەر توو وێنەی من ئی گشت ئەساسان
تەماشا کەردی نەویت هەراسان
لەو بەزمگاهە هەراسان نەویت
سەر سجوود بەردەی خاڵخاسان نەویت
ئەوسا مەزانم حەق پەرەستەنی
لە هەق پەرەستان باڵادەستەنی
رای ڕووا و ئەنجیر گرتەنی وەپێش
باوە توو گورگی های نەجەلدمیش
ئێمە و توو وەیەک مەکەیم مەلامەت
وەعدەی هەدوو مان ڕووژ قیامەت



هەردوو مەتامان مەگریم وە دەس
نیکی و بەدیمان مەبوو موشەخەس
ئەوسا لەو دنیا خودا شاهدەن
حەق وە (سەی یاقۆ)یا وە زاهدەن

واتە: ئەی پارێزگار، ژیان بۆ تۆ نارەوایە، چونکە سەودا و شۆرت لە دڵدا نییە و نەکەوتوویتە ناو داو و نەچوویتە ناو کۆڕی خەڵک، هەر لە گۆشە و قوژبنێکدا دانیشتووی و تەماشای چاو بازانت نەکردووە و سەیری کوڵمە و گۆنای گوڵناریت نەکردووە و لە سۆز و دەردی دڵداری ئاگەدار نیت، لە ڕێی ئەوینەوە گومڕێییت نییە، ئەمینت نییە بەتارەکەیەوە و نازار بەئاهەنگی قەتاریەوە سلێمان بەسۆزی کەمانچەیەوە، دڵ لە هۆش دەبا، پەنجەی سەی مامی و تریکەی تەموور، نەوای ئەمانە دڵ دێنێتە جۆش، دیارە ناڵەی گۆرانیبێژانت لە گوێ نەکردووە کە مردووی یەک ڕۆژە لەبیر بەیتەوە، بەتایبەت هەوا و نەوای ڕەزا، ئەی پارێزگار دیارە هیچ کاتێ لە لای ئەمانە دانەنیشتووی و دەنگی ئەمانەت نەبیستووە، ئەگەر تۆ وەکو من ئەمانە ببینی و هەراسان نەبی، ئەوسا دەزانم کە بەڕاستی خوا پەرستی و خوات لەبیر نەچووەتەوە. دیارە تۆ ڕێی ڕێوی و هەنجیرت گرتووەتە پێش، بابە تۆ خۆتت کردووە بەمەڕ و لە پێستی گورگ دای. من و تۆ هەر کام یەکتر سەرکۆنە دەکەین، وادەی هەردووکمان ڕۆژی پەسڵانە، هەردووکمان نامەی کردەوەی خۆمان دەگرینە دەست، ئەو کاتە چاکە و خراپیمان دەردەکەوێ، ئەوکاتە لە جیهاندا خوا خۆی دەیزانی، هەق بە(سەی یاقۆ)یە یا بەپارێزکار.

سەی یاقۆ لێرەدا دیاردی کردووەتە پەندێکی کەڵهوڕی کە دەڵێ: ڕووا دەمی وە دار هەنجیر نارەس، ئوشیت خراوە. واتە: ڕێوی دەمی ناگاتە دار هەنجیر و دەڵێ خراپە.

سەی یاقۆ جگە لەوەی لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی باڵای هەبووە، لە لێدانی تار و تەنبووریشدا زۆر تەڕدەست بووە و تەنانەت بۆ هۆرەچڕەکانیش گەلێ هۆنراوی هۆنیوەتەوە تا بەهۆرە بیلێن. کە ئەوا چەند بەند لەو هۆنراوانە دێنین:

هەی داد هەی بێداد بێداد، جەور شەن
هەرجا گوڵێ هەن خار وە دەورشەن
ئەگەر خار نەبۆ وەپەرچین گوڵ
گش کەس مەوەرۆ دەوای دەرد دڵ
هەی داد هەی بێداد لەی بێدادیمەن
سپای خەم نەدەور قەڵای شادیمەن

هوونم گوڵ بەستەن وەڕووی زامەوە
چون عەقیق وەدەور نوقرەخامەوە

سەی یاقۆ لە هۆنینەوەی چیرۆکە شیعریشدا مامۆستا بووە، وەهەر لە سەردەمی لاویەتیدا زۆری ئارەزوو لە ڕاز و نیازی چیرۆکی بووە و زۆرتر خۆی لە باری چیرۆکیدا بەخوێندنەوەی پەرتووکی خەسرەو و شیرین و بارام و گوڵەندام و خورشید و خاوەر و ئەم جۆرە چیرۆکانەوە خەریک کردووە، بۆیە لە هۆنراوی چیرۆکیشدا سەرکەوتووە. لەناو ئەو هۆنراوانەی کە ماونەتەوە، پارچە هەڵبەستێکی بەناوی (گەشتی بێستوون) هەیە کە لەسەر هۆنراوی چیرۆکی (چیرۆکە شیعر) هۆنیویەتەوە. سەی یاقۆ لەم گەشتەدا شتی گرنگمان ناخاتە بەرچاو، بەڵکو زۆر بەداخ و موخابنەوە پێشینیان دەلاوێنێتەوە و دەڵێ: لەوێدا ساتێک گریام بۆ ئەوەی دەنگی یارەکەم بێتە گوێم تاکو دەردی دەروونم داساکێ، لەپڕ دەنگی یار هاتە گوێم، کەچی ئەویش لە بەدبەختیی خۆی گلە و گازندەی دەکرد وەکو من دەگریا:

چراخم داخی، چراخم داخی
یەی ڕۆژ لە تاوشت دەروون داخی
وێڵ وێڵ مەگێلام وە بێ دەماخی
ڕام کەفت وە دیار دڵدار یاخی
نیگای تەختگای وەرینان کەردم
خێزا نە دەروون هەناسەی سەردم
ڕێزا نە دەروون زووخ زامانم
چو جوو گوڵ بەسا نەڕووی لوانم
لەو دەمەدا بڕیا، پای پێش و پەسم
عنان تاقەت بەرشی لە دەسم
ساتێ گریوام وە زار زارەوە
تەک دام وە پێوار ئەو دیوارەوە
بەڵکم سەدای لەیل بەیۆ وەگۆشم
ساکن بۆ دڵەی زوخاوان نۆشم
هەر ئەوسا زانام سەدای لەیل ئاما
گۆیا هەر لەیل بێ وە دوجەیل ئاما



لەهجەی سەدای لەیل لەنجە و لارە بێ
ئەویش وێنەی من هەر ئاوارە بێ
لاوە لاوەش بێ پەی ئاوەختی وێش
شکایەت مەکەرد نە بەدبەختیی وێش

سەی یاقۆ لەگەڵ ئەوەی پیاوێکی هۆنەر و هۆنەرمەند و زانا بووە، گەلێ جوامێر و لێبووردووش بووە. دەگێڕنەوە و دەڵێن: سەی یاقۆ لە تافی جوانی و لاویەتیدا حەزی لە کچێک کردووە و چەند کەسێک دەنێرێ بۆ خوازبێنیی کچەکە و باوکەکەی ڕازی دەبێ و کچەکەی پێ دەدا، سەرەنجام ئەو ڕۆژە دەگا کە مەلا بێت و کچەکە بۆ سەی یاقۆ مارە ببڕێ. سەیدیش دەڕواتە گەرماو و لە ڕێدا لاوێک دەبینێ کە خەریکە دەگری، ئەویش هۆی گریانی دەپرسێ و لاوەکە پێی دەڵێ: من دڵم بەکچێکەوەیە کە ئەمڕۆ بڕیار وایە مارەی بۆ سەی یاقۆ ببڕن، سەیدیش دەستی دەگرێ و دەیباتە گەرماو و جلوبەرگە تازەکەی خۆی کە هێنا بووی دەی کاتە بەری ئەوسا دەیباتە ناو کۆڕی مارەبڕین و بەمەلاکە دەڵێ کچەکە بۆ ئەم کوڕە مارە ببڕە و من لە هەوەڵەوە بۆ ئەم کوڕە خوازبێنیم کردبوو و، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرسووڕمانی کچ و زاوا و خەڵکەکە و بەم چەشنە سەی یاقۆ ئەو دوو دڵدارەی بەیەک گەیاند.

سەی یاقۆ دیوانێکی هەبووە کە نزیکەی بیست هەزار هۆنراوی تێدا بووە، بەڵام بەداخەوە ئەو دیوانەی تیاچووە و نەماوە، لە پاشان هەندێ هۆنراوی بەناوی (دیوانی سەی یاقۆ) کە نزیکەی هەزار هۆنراوێک دەبێ کۆ کراوەتەوە و هەر وا بەدەستنووسی ماوەتەوە. بەڵام ئەمە بەشێکە لە دیوانەکەی و، گەلێ هۆنراوی وای هەیە لەو دیوانەدا نییە، هیوایە کە لە داهاتوودا هۆنراوەکانی ئەم هۆنەرە بەتەواوی کۆ بکرێنەوە و لە چاپ بدرێن.


سەرچاوەکان

١- مێژووی ئەدەبی کوردی - عەلائەدین سەجادی - بەغدا، ١٩٥٢.
٢- دیوان سید یعقوب ماهیدەشتی - بخط محمد علی سروری - کرمانشاه، ١٣٦٤ هجری.
٣- بەیازێکی کۆن کە نزیکەی سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.
٤- مشاهیر اهل حق - تالیف صدیق صفی زاده (بۆرەکەیی) - تهران، ١٣٦١.
٥- نوشتەهای پراکنده دربارەء یارسان - تالیف صدیق صفی زاده - تهران، ١٣٦١.
٦- سید یعقوب ماهیدەشتی - نوشتە صدیق صفی زادە. مجله هوخت، شمارە ٦، تهران، ١٣٤٩ ص٧٠-٦٦.

# قاسدی تووکانی

١٢٣٤–٠٠٠٠

ئەم هۆنەرەمان بەپێی سەرەتای دیوانەکەی لە ساڵی ١٢٣٤ی کۆچی لە دێی تووکاندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاش ڕۆیشتووەتە کرماشان و لەوێدا فێری ڕێزمان و وێژەی فارسی و عەرەبی بووە و ئەوسا چووەتە دێی تووت شامی و ماوەیەک لە لای سەی براکە ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا کۆچی دواییی کردووە.

لە قاسدەوە گەلێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن و، زۆربەی هۆنراوەکانی سەبارەت بەخواناسی و شیکردنەوەی پەرتووکی سەرئەنجامن. ئەمەش چەند پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

یاران شەماڵێ، یاران شەماڵێ
پادشام دیم نە سەمت باد شەماڵێ
وێنەی ئەردەشێر نەبەرەی ماڵێ
نیشتە بێ نەسەر تەخت و تەڕاڵێ
تاج زەڕ نە سەر شیرین جەماڵێ
جەلای جەبەرووت ڕەنگین کەماڵێ
تەمام خەلایق هەر یەک وە حاڵێ
نیشتە بین پەرێ شۆخ لەو ئاڵێ
یە (قاصد) واتەن چەنی عەبداڵێ
نە عەشق عەزیم بوڵەند ئیقباڵێ

واتە: ئەی یاران! چاوم کەوتە ڕێبەرم کە وەکو ئەردەشێری بابەکان تاجی زێڕی نابووە سەری و، بەفەڕ و شکۆیەکەوە دانیشتبوو هەموو خەڵک بەئارەزووی دیداری ئەو دانیشتبوون و چاوەڕوانی دیداری ئەو بوون، (قاسد) تا دواهەناسە ڕێبەر ستایش دەکا و بەئەوینی ئەو لێوی دەبزوێنێ.

هۆنەر لەو هۆنراوانەدا دیاردیی کردووەتە پادشایەتیی ئەردەشیری بابەکان کە پیرەکەی لە چاوی هێزی بژۆنییەوە بەئەو چواندووە و بەنوێنگەی هێزی خواییی دای ناوە.



٢

یاران وە زاری، یاران وەزاری
شەوێ دیم وەخەو زەردەشت وەزاری
یاوام وە حوزوور شا وە سواری
پەی ئەرکان دین تەمام تەیاری
واتش بواچە تۆ وە غەمباری
وە ڕەزای ڕەمزبار یاریادگاری
کردار و پندار، گوفتار یاری
مەبۆ خاس مەبۆ وە ڕداباری

واتە: ئەی یاران شەوێکیان زەردەشتم لە خەودا دی کە فرمێسک لە چاوانمەوە هاتە خوار، چونکە ئەو لە ئێمە زیز و ناڕەزا بوو، ئەوەبوو کە چوومە لای شا و ئەویش فەرمووی: بیر و کردەوە و قسەی هەموو یارییەک دەبێ چاک بێ و ئەو ڕێ و ڕەوشتە کە بەڕەزای ڕەمزبار و یادگار دامان نا لەبیری مەبەنەوە و لەسەر ئەو ڕێ و ڕەوشتە بڕۆن تا ڕزگار بن.

هۆنەر لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە سێ دەستووری زەردەشت واتە: بیری چاک و وتەی چاک و کردەوەی چاک کە ئەمانە بنەڕەتی ئاینی زەردەشتین و ئەم سێ دەستوورەش لە ڕێ و ڕچەی یاریدا لەسەر هەموو کەسێک پێویستە کە پەیڕەوییان لێ بکا.

٣

یاران نزانی، یاران نزانی
پەرێو ئی شەش ڕۆ یاران نزانی
چەوگای یا ئیری ڕای کەس نەزانی
شام وە دیش ئاوەرد مەبۆ بزانی
ئەوەڵ ئاسمان دووهەمیچ زەمین
ئەوسا ئاو و گیا سەوزکەرد چون نگین
جەو دوما جە خاک ئادەمیچ سازا
پەرێش جانەوەر خەلق کەرد و نازا

واتە: ئەی یاران مژدە بێ، کە یائیری ئەو شەش ڕۆژە کە بریتیین لە شەش جەژن دەیانپارێزێ و خوام ئەو شەش ڕۆژەی بەدی هێناوە کە دەبێ بزانی. لە ڕۆژی هەوەڵا

ئاسمان و له ڕۆژی دووەمدا زەویی داهێنا و ئەوسا ئاو و له پاشا گیای سەوز کرد و پاشان ئادەمی له خاک دروست کرد و جانەوەریشی بۆی خوڵقاند تا ئەهوەن بێتەوە.

هۆنەر لەم هۆنراوانەدا ئاماژە بە بەدیهێنانی زەوی و ئاسمان و جانەوەران و بنیادەم کە لە شەش ڕۆژدا کۆتاییان پێ هاتووە و ئەمەش لە قورئانی پیرۆزدا دیاردیی پێ کراوە. هەروەها هۆنەر دیاردیی کردووەتە سەر وشەی یائیری کە بەپێی پەراوی ئاڤێستا یائیری پاسەوانی شەش جەژنی گەورەی ساڵە کە هەر کام لەم جەژنانە لە کاتێکی تایبەتدا پێک دێ و لە هەرکام لەو ڕۆژانەدا خوا شتێکی بەدی هێناوە، وەکو ئاسمان و زەوی و ئاو و گیا و بنیادەم.

٤

داناى سیمیار، داناى سیمیار
ئارۆ دیم وە خەو داناى سیمیار
دیم نشتەن چەنی زەردە ڕۆچیار
مەوانۆ واتە و نوختەی کۆچ یار
مەوانۆ واتەی ئەو یار هوشیار
پەرێ عەبداڵان پاک جەم تەیار
من چون مەلوول و خستەبیم زگار
واتش ئەی بەندەی پاک ڕۆزگار
تۆ وینەی قاسد بشۆ وە دیار
واچە وە یاران سەرپۆش عەیار
وادە وەیەردەن وەخت ئیقرارن
خرۆش یاران نە بەڕ تا بەرەن

واتە: ئەمڕۆ زانای سیمیار کە زەردەشتە لە خەودا دیم کە فەرمانی خۆی بۆ عەبداڵەکان دەخوێندەوە و، لەبەر ئەوەی من دڵتەنگ و زویر و زگار بووم، پێمی وت: ئەی بەندەی پاکی ڕۆزگار تۆ وەکو قاسد بگەڕێوە مەڵبەندی خۆت و بەیارانی پاکدڵ بڵێ: وادەی تێ پەڕیوە و کاتی بەڵێن و پەیمانە و خرۆش و هاواری یارانە و بەڕێ و ڕەوشتی خۆتان پابەند بن و لە سەری برۆن.



٥

جە نوور خواجام، جە نوور خواجام
زەردەشت پەیدا بی جەنوور خواجام
فەرۆ ڕەوان و جەسەش وێنەی جام
مەدرەوشا نە تۆی داران ئاجام
چەنی ئاو باران دانەش سەر ئەنجام
هەفتەن ئاوەردەن ئەو ڕۆ وە هەنجام

واتە: زەردەشت لە تیشکی پەروەردگارم پەیدا بوو، گیان و لەشی وەکو هەتاو لەناو دارەکانی بێشەدا دەدرەوشایەوە، سەرەنجام بەهۆی ئاوی باران و بەیارمەتیی هەفتەن و ویستی خاوەندەکارەوە دانەی ئەو هاتە دی و لە پیت و پێزی ئەو دانە زەردەشت لە دایک بوو.

هۆنەر لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە سەر لەدایکبوونی زەردەشت کە بەپێی پەراوی (دینکەرت)، فەڕ و لەشی زەردەشت لە ڕۆشنی و تیشکێ کە لە ئاسمانی شەشەمدا بوو، هاتە دی و ئەوسا گیانی زەردەشت بەفەرمانی خوا لە ئاو و گیا، بەدەستی فریشتەکان دروست کرا تا زەردەشت هاتە دی.

٦

مەبۆ چراغان، مەبۆ چراغان
سەراسەر جیهان مەبۆ چراغان
گردین غولامان مەلۆن نەداغان
ئەوڕۆ شا مەیۆ پەرێ شایلۆغان

***

یاران شام مەیۆ، یاران شام مەیۆ
چەنی غولامان یاران شام مەیۆ
شام پەرێ بەزم و پەی ئەخشام مەیۆ
نەوای شام پەی پەی سوب و شام مەیۆ

***

نەوایێ مەیۆ، نەوایێ مەیۆ
جە ئاسمانەوە نەوایێ مەیۆ

مەشیەش هەر مەشۆ هەوایی مەیۆ
وە دەم ئەو هەوا سەوایی مەیۆ

واتە: سەراسەری جیهان بووە چراخان و هەمووی خولامان و بەندەکان لە کێو و دەشتدا کۆ دەبنەوە، چونکە لەو ڕۆژەدا شا بۆ بیستنی نەوای مۆسیقا دێ. پادشام لەگەڵ خولامان و بەندەکانی خۆیدا لەو بەزمەدا هاوبەشی دەکا و نەوای ساز و مۆسیقا دەبیسێ و خۆیشی گۆرانی دەڵێ و نەواکەی لە ئاسمانەوە دێتە زەوی و مەشیە (ئادەم)یش بەئاهەنگی ئەو نەوایە دەکەوێتە سەما و شۆر و شەوقێک لەودا پەیدا دەبێ.

هۆنەر لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە سەر نەوای مۆسیقا و دەڵێ ئادەم بەهۆی نەوای مۆسیقاوە گیان چووە لەشی و لە ڕاستەقینەدا گیانی مرۆ پەیوەندی بەنەوای مۆسیقاوەیە. لەناو یاریەکاندا مۆسیقا زۆر گرنگە و لە کاتی کۆبوونەوە لە جەمخانەدا تەنبوور لێ دەدەن و بەدەم ئاهەنگی تەنبوورەکەوە سروود دەخوێننەوە.:

٧

سێ چەشمە دارۆ بابا یادگار
هەر یەک کەوسەرەن نە ڕووی ڕۆزگار
هانیتا و قەسڵان هەم کانی شەفا
ئاوشان پەرێ گرد دەردەن شەفا

واتە: لە دێی بابە یادگاردا سێ کانی هەیە کە هەرکامیان وەکو کەوسەرن لە دووی ڕۆزگاردا سێ کانی هەیە کە هەر کامیان لە: «هانیتا و قەسڵان و کانی شەفا» کە ئاوەکەیان بۆ چارەسەرکردنی هەموو دەردێک دەشێ.

دیوانەکەی قاسد کە نزیکەی دوو هەزار هۆنراوێک دەبێ بەداخەوە هێشتا لە چاپ نەدراوە.

سەرچاوەکان

١– دیوانی قاسد – کۆکردنەوەی صدیق بۆرەکەیی – تاران، ١٣٤٧.
٢– دەورەی حەیدەری (دەستنووس)
٣– یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەقاسدی تووکانی.



## دەروێش قولیی کرندی

١٢٣٦–١٣١٦

ئەم هۆنەرەمان کە کوڕی ڕەزا قولییە، لە ساڵی ١٢٣٦ی کۆچی لە مایدەشتی کرماشاندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێگەیشتووە لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و فێری ڕێزمان و وێژەی فارسی بووە و پاشان کەوتووەتە گەشت و گێڵ و ڕۆیشتووەتە بەغدا و شارەزوور و لەگەڵ زانایانی ئەو مەڵبەندانەدا وتووێژی کردووە و لە پاشا گەڕاوەتەوە و چووەتە دێی بانیاران و ماوەیەک لە لای شا تەیمووری بانیارانی ماوەتەوە و بووەتە دەروێشی ئەو و ئەوسا ڕۆیشتووەتە کرند و لەوێدا خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە تا لە ساڵی ١٣١٦ لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

کاک عابدینی خادمی نەوەی دەروێش قولی لە سەرەتای دیوانە دەستنووسەکەیدا دەڵێ: دەروێش قولی لە تافی جوانیدا چووەتە لای تەیموور و ماوەی دە ساڵ لە بانیاران لە لای ئەو ماوەتەوە و پاشان بەرەو کرند کەوتووەتە ڕێ و لەوێوە ڕۆیشتووەتە بەغدا لەگەڵ زانایان و پیاوە گەورەکانی ئەو مەڵبەندەدا وتووێژی کردووە و لە پاشا گەڕاوەتەوە کرند و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر، تا لە ساڵی ١٣١٦ی کۆچی لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا مردووە و هەر لەوێدا نێژراوە.

دەروێش قولی یەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کوردە و جگە لە دیوانەکەی کە نزیکەی چوار هەزار هۆنراوێک دەبێ، گەلێ چیرۆکیشی بەهۆنراو هۆنیوەتەوە و بەیادگار بەجێی هێشتوون کە ئەو پەڕاوانە بریتین لە: «قارەمان نامە، زەریری خەزایی، لەیلا و مەجنوون، خورشید و خەرامان، ڕۆستەم نامە، جوانمێری چەلەوی، تۆبەی نەسووح». ئەمەش چەند پارچە هەڵبەستی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

یاران دادەن دەم، یاران دادەن دەم
بەهار باقی جە نۆ دادەن دەم
نەی سەمت سارای پیر نەرگس چەم
چل بوڵبوڵ نەدەور یەک گوڵ بیەن جەم
مەوانن ڕەوزەی ڕەزای ڕەمز رووز
خێزەنان نەسیم بەیان برووز
بوڵبوڵ نەوەرەق قمچەی نەو وەهار
جاڕدا نە بلووک یاران بین بێدار

سەردار گولان خێزا نە پەردە
پەردە پارە کەرد یەوادەی شەردە
«قولی» ئاخێز کەرد نەو وەهار نەو
بوڵبوڵان ماچان سەنا و وەسفە ئەو

واتە: ئەی یاران! ئەوا وەرزی بەهار دیسان هاتەوە و هەمووی دەشت و دەر پڕ لە گوڵ و نێرگس بووەوە و، لە دەشتێکی پڕ لە گوڵ، چل بوڵبوڵ لە دەوری گوڵێکدا کۆ بوونەوە و، بۆ دڵخۆشی و ڕەزای ئەو دەستیان کردە نەواخوانی و هەرایەکیان لە چیمەندا بەرپا کرد و شەماڵیان خستە شەکانەوە یەکێ لە بوڵبوڵەکانیش لە دەشت و کێودا جاڕی کێشا و هەمووی یارانی لە خەوی نەزانی ڕاپەڕاند و، سەرۆکی گوڵەکان لە پەردە دەرهات و وتی: ئێستا کاتی بەجێهێنانی بەڵێن و پەیمانی ڕۆژی بەرینە و سستی ڕەوا نییە. ئەی (قولی) تۆش لەم بەهارەدا بەڵێنی خۆت بەجێ بێنە، دیت کە بوڵبوڵەکان چۆن ستایشی خوایان بەجێ هێنا؟

چل بوڵبوڵ کە هۆنەر دیاردیی پێ کردووە بریتییە لە چل تەن کە بەپێی پەرتووکی سەرئەنجام ئەمانە بەر لە سرشت بوونی هەفتەن بۆ ڕازداری و ڕێنوێنیی بەندەکان لە گەوهەری خوا بەدی هێنران و ئەمانە لە ڕاستەقینەدا چل کەس بوون لە یارانی نزیکی سان سەهاک کە خەڵکیان بۆ ڕێ و ڕچەی یاری ڕێنوینی کردووە.

٢

هامسەران کوردم، هامسەران کوردم
دڵ دوساخ دام دڵڕوبای کوردم
نە بازاڕ کورد گرەوێ کەردم
بی وە ماڵجەی دەردم نەمەردم
زەردە دەرمانێ ڕێزا وە دەردم
من بیم نەشەش سەنگ وە ئاوکەردم
بەردم وە ئاسیاو دانەی وێم هەڕدم
پەی قووت قنیات مەسان ئاوەردم
مەیخانەی نەسەر چوار سۆنگ وا کەردم
کوورەی عاشقان وە جۆش ئاوەردم
وە حوکم دەفتەر قواڵەی فەردم
شوون وەسەرچەشمەی تەیمووری بەردم



پیاڵەی نە دەس ساقییان وەردم
قایم کەردم قەوڵ ئیقرار شەمەردم
(قولی) ئەو مەحبووب کورد بێ گەردم
شناسام وە حوسن یار بیم زەردم

واتە: ئەی دۆستان! من کوردم و گیرۆدەی سەوداسەری دڵڕبایەکی کورد. لە بازاڕی کوردەکاندا مەرجێکم کرد و ئەم مەرجە بووە هۆی چارەسەرکردنی دەردم و نەمردم. دڵدارم دەوایەکی زەردی دا لە برینەکانم و لە بادەی ئەو سەرخۆش بووم، ئەوسا دانەی خۆمم بردە ئاشی خوایی و هاڕیم و ئەو ئاردەم بۆ خواردنی مەستانی یار هێنا. پاشان مەیخانەیەکم لەسەر چوار ڕێیەک کردەوە و، دڵ و دەروونی گراوان و سەوداسەرانم هێنایە کوڵ. بەپێی فەرمانی دەفتەرێک کە دایانە من، مەبەست و ڕێی خۆمم لە سەرچاوەی شا تەیموور پەیدا کرد و، لەو سەرچاوەیە پیاڵەیێ ئاوم لە دەستی مەیگێڕان وەرگرت و خواردمەوە و پەیمانی خۆم لە نوێ بەستەوە. ئەی (قولی) من سەوداسەر و گراوی ئەو کوردە نازدارەم کە لە ڕۆژی بەرین هەر دڵم بەو دابوو.

٣

یەک ڕۆژ پەی تەقدیر دەوران دێرین
ڕام کەفت ئەو پای قەسر قەدەمگای شیرین
دیم قەدیم قەسرێ ڕەدەی زەمانە
خشت و خاک خاپوور خەراوە خانە
دەس بێ کەسیم من دا وەسەردا
پەرێ وەرینان وا وەیلام وەردا
ئەوەڵ پەی خەسرەو زەڕ بەخش وەخەرمەن
دووەم پەی شیرین شازادە ئەرمەن
سێیەم پەی شاپوور قازی قەڵەمزەن
چوارەم پەی فەرهاد کەلەی کۆان کەن
مەگێڵیام، مەشیام چەم وەئەسرەوە
کەم کەم تەکم دا من وەوقەسرەوە
دیم دەنگێ ئامان نەو خاپوورەوە
سەداش سەر نیا وە بن کوورەوە

وات: ئەی ڕاویار هەواڵپرس حاڵ
وەشەو شەوگارشووم، وەڕۆژ ئەوقات تاڵ
ئەوسا کە من بیم تەکیە و تەلاربیم
جا گەی بانۆان ئەرمەن دیار بیم
نەسوب تا ئێوار گولاو نمین بیم
پەشتان و لاکێش ئەورێشمین بیم
فەڵەک فەنباز سیابەختم کەرد
خەسرەو فانی کەرد تاج و تەختش بەرد
فەرهاد فانی کەرد خەسرەو کوشتە کەرد
خەنجەر نە سینەش تا وە مشتە کەرد
نە فەرهادش هاشت، نە خەسرەوش مەن
فەڵەک بنچینەی ئاسار من کەن
ئەوسا تا ئی وەخت وەی تەور بێ نووربیم
ڕۆ وە ڕۆ مەیۆ بەدتەر خاپوور بیم
ئێد (قولی) وا تەن سەرسەریی کەم هۆش
کوورەی دەروونش دایم ها نەجۆش

واتە: ڕۆژێکیان بەهۆی چارەنووسی دەورانی کۆن، ڕێم کەوتە کۆشکی شیرین، کۆشکێکی کۆنی زەمانم دی کە وێران و کاول بووە و منیش چارێکم نەما و دەستی بێ کەسیم دا بەسەرم و بۆ پێشینان داخ و موخابنم خوارد: هەوەڵ بۆ خەسرەو کە بەکۆ زێڕێ دەبەخشی، دووەم بۆ شیرین شازادەی ئەرمەن. سێیەم بۆ شاپووری قەڵەم لێ دەر، چوارەم بۆ فەرهاد کە کەللەی کێوەکانی بەقوڵنگ دەکەن. لەوێدا دەگەڕام و بەچاوی فرمێسکاوییەوە دەڕۆیشتم تا کەم کەم پاڵم دایە دیواری ئەو کۆشکەوە کە لەپڕ دیم دەنگێکی بەسۆز هاتە گوێمدا و وتی: ئەی ڕێبوار! هەواڵی چیم لێ دەپرسی؟ بەشەوا شەوگارم شوومە و بەڕۆژا ژیانم تاڵە. ئەودەمەی کە من کۆشک و تەلار بووم، کچان و خاتوونەکانی وڵاتی ئەرمەن دەهاتنە لام و، لە بەیانییەوە تا خۆرئاوا گوڵاو پاشیمیان دەکرد و ڕایەخم هەورێشم بوو. ئەوا چەرخی فێڵباز منی بەدبەخت کرد و خەسرەوی لەناو برد و تاج و تەختی برد و ئاوامی پێ کرد. فەرهادی لەناو برد و خەسرەوی کوشت و خنجێری تا دەستە بردە سینگیا. نە فەرهادی هێشت و نە خەسرەو مایەوە، چەرخ بنەڕەتی شوێنەواری منی بۆ پەندی ڕۆژگار لە بنەوە هەڵکەند. لەو زەمانەوە تا ئێستا وێران بووم. ئەمە وتەی (قولی)ی کەم هۆشە کە کوورەی دەروونی گڕی گرتووە.



جەمشید جەم بێ، جەمشید جەم بێ
ئەوسا کە دەوران جەمشید جەم بێ
سەراسەر ئێران بەری نە خەم بێ
نام جەم پەری ئێرانی شەم بێ
زاڵ کووری نشین ئەیوان زەڕ بێ
سەڵساڵ خەیاڵش خێزان شەڕ بێ
سام ساحێب گورز نۆسەد مەنی بێ
کەی قوباد نە تەخت دانەبەنی بێ
کەیکاوس نە کەیف کەیان کەی بێ
زاڵ نەزوحاکی عەقڵ و فام ڕەی بێ
گۆدەرز دەفتەردار میرزای سەرمەخش بێ
خێزان خرۆش شای سیاوەخش بێ
زۆر زەوەردار زات سوهراب بێ
زەنوون هام بەیعەت ئەفراسیاب بێ
جۆشان ئاتەش بەور بەیان بێ
شۆڕشت بەهمەن نە عام عەیان بێ
ئەرژەنگ کێشکچی ڕامشگەران بێ
دێو سفید ئەرکان مازەندەران بێ
بەهرام بەهرەمەن کلاف کەمەن بێ
زۆر زەوارە چون تەهەمتەن بێ
تەهەمتەن مایەی فەر ئێران بێ
وە گورزش تووران یەکسەر وێران بێ
کیشوەر سەر نەڕای زوڵف عەبیرین بێ
شێرۆ شێت عەشق شەیدای شیرین بێ
خەسرەو غەرق هوون مەودای دڵبەن بێ
گەڕا سەرنگوون دەس کۆکەن بێ
یەک نە شوون یەک هات نەهات بێ
حەیف (دەروێش قولی) دونیاش زولمات بێ

واتە: لە ڕۆژگاری پادشایەتیی جەمی ناوداردا هەمووی خەڵکی ئێران لەو پەڕی هێمنی و خۆشیدا ژیانیان دەبردە سەر و ناوی جەم بۆ ئێرانییەکان وەکو شەم و چرا بوو، زاڵی زەڕ کە خاوەن هۆش و زانست بوو، لەسەر تەختی زابڵستاندا دانیشت و لە هەیوانی زێڕنیگاری خۆیدا دەژیا و دێوی بەدسروشت دەیویست ئاژاوە بنێتەوە، سام خاوەنی گورزی نۆسەد مەنی بوو و، کەی قوباد لەسەر تەختی زێڕیندا فەرمانڕەواییی دەکرد و کەیکاوس لە کۆشکی کەیاندا خەریکی بەزم و ڕەزم بوو گۆدەرزیش دەفتەرداری شای کەیانی بوو و، سیاوەش هەمیشە خەریکی شەڕ بوو و، زۆراب لە هێزدا بێ وێنە بوو، زەنوونیش لە ئەفراسیاو پەیڕەویی دەکرد، ئاگری شەڕی بەوری بەیان و شۆڕشی بەهمەن هەڵگیرسا و ئەرژەنگ پاسەوانی چەرگەران بوو و، دێوی سپی لە مازەندەراندا فەرمانڕەواییی دەکرد و بەهرام گراوی گوڵەندام بوو و، زەوارە وەکو ڕۆستەم هێزی بوو و، ڕۆستەم مایەی فەڕ و شکۆی ئێران بوو و، بەگورزەکەی وڵاتی تووورانی وێران کرد و، خەڵکی وڵات سەریان لە جوانیی شیرین سووڕ مابوو و، شێرۆ دێوانە و شەیدای ئەو بوو کە سەرەنجام بەخنجێر باوکی کوشت و خەسرەو لەناو خوێندا تلایەوە و گەڕاش بەدەستی فەرهادی کۆکەن لەناو چوو و، یەکایەکی ناسراوان و پیاوانی بەناوبانگ هاتنە ئەم جیهانە و سەرەنجام لەم جیهانە ڕۆیشتن، بەڵام بەداخەوە (دەروێش قولی) لەم جیهانە ڕووناکە بەهرەیەکی نەبرد و لە جیهانی تاریکدا ژیا.

٤

مەرداس تازی وەو گەشتماڵەوە
زوحاک وە شاهیی هەزار ساڵەوە
کوردان ئەو دەم گەشت نەیاڵەوە
فەرەیدوون وەزۆر گورز گۆپاڵەوە
نەکەردن تەمام دنیای دوور مەنزڵ
کول وە مەوت و مەرگ داخڵ بین وەگڵ

***

نەریمان و سام وە زۆر زاڵەوە    ڕوستەم هەم وەگورز وە گۆپاڵەوە
سمیرغ وە شەلاق شەقەی باڵەوە    سوهراب هەم وە زۆر بێ هەواڵەوە
نەکەردن تەمام دنیای دوور مەنزل    کول وە مەوت و مەرگ داخڵ بین وەگل

***



داراب شا وە برج وەش نموونەوە    ئەفراسیاو وە تاق سیم ستوونەوە
پیران وەیسە وە ئەفسونەوە    هوومان و نۆشاد وە زەنوونەوە
نەکەردن تەمام دنیای دوور مەنزڵ    کول وەمەوت و مەرگ داخڵ بین وەگڵ

***

پێم واچە گورگین جەکێ مەنەوە؟    تووس و فەریبورز وە کەمەندەوە
شاهپوور شازادان وە سەمەندەوە    زەوارە وە زۆر تەهمتەنەوە
نەکەردن تەمام دنیای دوور مەنزڵ    کول وەمەوت و مەرگ داخڵ بین وەگڵ

واتە: مەرداسی عەرەب بەو هەموو ماڵ و سامانەوە و، ئەژی دەهاک بەشاییی هەزار ساڵەوە و، کوردان ئەو دەمە کە لە یاڵ و شیودا دەژیان، فەرەیدوون بەزۆر و گورز و گۆپاڵەوە و، سیمرخ بەشەقەی باڵیەوە و، زۆراو بەزۆری زۆرەوە و، داراب شا بەبرج و شوورەی بێ وێنەوە و، ئەفراسیاو بەتاقی زێوینەوە و، پیرانی وەیسە بەئەفسوونەوە و، هوومان و نۆشاد و زەنوون بەو هەموو هێزەوە و، زەردەشت بەئاڤێستاوە و مەنووچەر بەتەختی لاڵەوە و، کەیکاووس بەشەوقی تاجەوە و، قوباد بەباج سەندنیەوە و، بێژن کە لەناو چاڵی تاریکدا ژیا و، گۆدەرز بەمنداڵی زۆرەوە و، کەیخەسرەو بەجامی زێڕنیگارەوە و، گیو بەتاجی سەریەوە، گورگینیش خۆ لە کەس نەمایەوە، تووس و فەریبوورزیش بەکەمەنیانەوە و، شاپوور بەسەمەنەوە و زەوارە بەزۆری ڕۆستەمەوە، هەمووی ئەم ناودارانە جیهانیان نەبردە سەر شەرابی مەرگیان لە دەستی مەیگێڕی زەمان وەرگرت و خواردەوە و سەریان نایە ناو خاک.

هیچ کام لە شوێنەوارەکانی دەروێش قولی تا ئێستا لە چاپ نەدراون و هەروا بەخەتی خۆی و نەوەکەی ماوەتەوە.

سەرچاوەکان


١- دیوانی دەروێش قولی کرندی - کۆکردنەوەی عابدین خادمی - کرند، ١٣٤٩.
٢- بەیازێکی کۆن کە هەندێ لە هۆنراوەکانی دەروێش قولیی تێدا نووسراوە.
٣- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەدەروێش قولیی کرندی.

## مەلا ئەبووبەکری یوسف

۱۲۳۹-۱۳۰۲

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەبووبەکر کوڕی محەمەد نازناوی هۆنراوی (یوسف)ە و بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لە بۆمان دەرکەوتووە لە ساڵی ۱۲۳۹ی کۆچی لە ناوچەی هەوشاردا لە دایک بووە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی شوێنەکانی هەورامان و موکریان گەڕاوە و سەرەنجام لە شاری سنەدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەدەرز وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک ڕابواردووە تا لە ساڵی ۱۳۰۲ لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

یوسف بەیەکێ لە هۆنەرانی کورد دێتە ژمار و لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداری و ئاینیدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

غەزاڵ هەردە، غەزاڵ هەردە
ئەی وەلەدەی وەحش غەزاڵ هەردە
جەڵد سەبوک خێز نافەی گوڵ چەردە
ڕا وە دەلیلەی نەوای ڕەم کەردە
مەعلووم تەجروبەی دنیات نەکەردە
پیاڵەێی جە مەی عەشقت نەوەردە
جەو بۆنە مەیلت چەنی من سەردە
وەرنە کەی چون تۆ وێش پەنهان کەردە
بۆ بەشقە ئەو شای خەتا نەکەردە
بەرقەی نزاکەت ناز جە ڕو وەردە
واز بکەر ڕووپۆش ئەو لیمۆی زەردە
دڵ هەوای کەلەرم سینەی تۆش کەردە
غەزاڵ وات: هەی قەیس عەبدال هەردە
پەی سەیر باغچەی لیمۆی لەیل مەردە
بەوێم مەزانۆم دنیا چون نەردە
دوو شەش تا وە سەر پەی کەس ناوەردە



بەڵێ من بەوێم تەجروبەم کەردە
های جەند کەس نەداغ لیمۆی من مەردە
وەی گۆنای گوڵنار سووەیل ڕەنگ کەردە
ئی گەردن ساف مینای بێ گەردە
بەڵێ چون نەی وەر تورەنجت بەردە
هاکلیل باغ بەتۆم سپەردە
سا چون لەیل کلیل پێم کەرەم کەردە
سپەردم بەتۆ شای پشت پەردە
«یوسف» چون یاران زامش دوو نەردە
هەنی نیم وە تەنگ عەزاب مەردە

واتە: ئەی ئاسکی کەژ و کێو! بۆنی خۆشی ناوکت وەکو بۆنی گوڵ دەشت و کێوی پڕ کردووە و دیارە دنیات تاقی نەکردووەتەوە و پیاڵەێی بادەی ئەوینت نەخواردووەتەوە، بۆیە دڵت لە حەنای مندا ساردە، ئەگینا شۆخوشەنگی وەکو تۆ چۆن خۆی دەشارێتەوە، وەرە بۆ خوا بەو ناز و لەنجەتە دوگمەکانی سینگت بکەرەوە تا لیمۆگەلی زەردت ببینم، چونکە دڵم بەهیوای کەلەرمی سینەتە، لەپڕ ئاسکەکە هاتەوە لام و وتی: ئەی قەیسی هەردەگەڕ! ئەگەر دەتەوێ سەیری باغچەی لیمۆی من بکەی، دەبێ گەلێ ئەرک و ڕەنج بکێشی تا بەهیوای دڵی خۆت بگەیت. ئیتر ئەم قسانە بووە هۆی ئارامی و ئەهوەنیی دڵم. «یوسف» ئیتر لە مردن ناترسێ چونکە یار بەڵێنی پێ دا.

سەرچاوەکان

۱– تەلای دەستەوشار – نووسراوی: صدیق بۆرەکەیی – تیکانتەپەی هەوشار، ۱۳٤٦.
۲– بەیازێکی کۆن کە هەندێ لە هۆنراوەکانی مەلا ئەبووبەکری تێدا نووسراون.
۳– یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا ئەبووبەکری یووسف.

## مەلا فەرەجی بۆرەکەیی

۱۲٤٤-۱۳٤۳

ئەم هۆنەرەمان ناوی فەرەج و کوڕی مەلا ئەحمەدی بۆرەکەیییە. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ۱۲٤٤ی کۆچی لە ناوچەی هەوشارا لە دایک بووە. هەر لە منداڵییەوە لە لای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە زمانی فارسی و عەرەبیدا ماوەیەکی باش ڕۆشتووە و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی هەورامان گەڕاوە

و لە پاشا لە سنە خوێندنەکەی تەواو کردووە و ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە هەوشار و لە دێی حەسەن ئاوادا نیشتەجێ بووە و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٤٣ لە تەمەنی نەوەد و نۆ ساڵیدا کۆچی دواییی کردووە و لەوێدا نێژراوە.

مەلا فەرەج بەیەکێ لە هۆنەرانی کوردی هەوشار دێتە ژمار و، لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و سەری کێشاوەتە دەرگای هەموو جۆرە هۆنراوێکەوە: دڵداری، ئاینی، سروشتی، بەڵام بەداخەوە زۆربەی هۆنراوەکانی دەست بەدەست کەوتوون و تیاچوون، ئەوەش کە ماوەتەوە بریتین لە هەندێ هۆنراوی دڵداری و ئاینی کە لەناو بەیازەکاندا تۆمار کراون لەگەڵ ئەوەشدا: «مست نموونەی خەروارێکە» و هەر بەو هۆنراوانەی کە بەیادگار ماونەتەوە پلە وپایەی ئەومان لە هۆنەریەتیدا بۆ دەردەکەوێ.

مەلا فەرەج کە لە سنەدا فەقێ بووە، ڕۆژێکیان لەوێوە بۆ ڕابواردن سەرێک دەدا لە گەڕووس و لەم سەردانەدا ڕێی دەکەوێتە ئەلوەند قولی لە ئەلوەندقولیدا ئاوێنە ناوێ هەست و هۆش لە مەلا دەستێنێ و مەلا دەخاتە ناو مەیدانی وێژە و هۆنراوەوە و کورتژم و ئیلهامی هۆنراوی پێ دەبەخشێ و، بەم چەشنە دێتە ستایشی دڵخوازەکەی و لە پاشا ئەو هۆنراوانە بۆ بابەجانی ئامۆزای دەنێرێ و لە کارەساتەکە تێی دەگەینێ:

جانی ویەردەن، جانی ویەردەن
یەک ماجەرایێ وەسەر ویەردەن
واجبەن پەی تۆ تەقریرش کەردەن
با وجوود تا حاڵ زامەت ناوەردەن
مەودای سەرسنان هومات نەچەشتەن
پەنجەت وە هووناو زامان نەڕەشتەن
پات بەئێش نێش خاران نەبیەن ڕێش
نیگای دوودیدەت ناوەردەن وەئێش
هەرچەندیچ ناشێ ئەحواڵ نەزانی
چە ماجەرای من سەرسام نەمانی
ئازیزم جەی وەربەعەزم کاروان
لوام بەگەرووس چون ڕەوزەی ڕزوان
قسمەت گیر ئاوەرد جە ئەلوەند قولی
سەد شاهۆ و ئەلوەند جەلاش چون قولی



ئاوینە نامێ بی وە خانەخوام
ساحێو مەعریفەت سفرە و ئیحترام
پەری تەڵعەتێ جەویانەم دییەن
بەشەر تا بەحاڵ بەو شێوە نیەن
گیسوو حەیتارێ، سوعبان بەکۆڵێ
ئەگریجە لوولێ، زولفان مەفتووڵێ
خورشید جەمینێ، ئەبرۆ هیلاڵێ
موژان هوون ڕێژێ، عەین غەزاڵێ
بینێ چون دوڕێ، گۆنا گوڵناری
لە بان عەقیقێ، دندان مرواری
دەم چەشمەی حەیات زەنەخ برنجێ
نزاکەت نازێ پڕ لار و لەنجێ
پەنجە چون قەڵەم، باهۆ شمشاڵێ
کەمەر نەیشەکەر پڕ خەتو خاڵێ
ناف ناف عەزاڵ پڕ موشک عەترێ
شەوق دەور ناف چون شۆڵە بەدرێ
شیرین شیرینێ لەیلا کەنیزێ
کوشەندەی فەرهاد شێرۆ پەروێزێ
وامق ڕسواکەر، عەزرا عیزا رێ
خەرامان خێزێ، نازک تازدارێ
نەبات کەلامێ، شەکەرین ڕازێ
میوان پەزێرێ، غەریب نەوازێ
قەسەم بەو خودای حەیی لایەنام
تەعریفش هەرگیز نمەبۆ تەمام
خولاسەی مەتلەب بێ زیاد و کەم
بەشەر بەو شێوە نەدەینم وە چەم
«جانێ» جەوساوە ئەو حۆریم دییەن
عەقڵ و فام و هۆش نەدەس بەرشییەن

خۆ من نەئەزەڵ زامدار زام بیم
جە گەردش دەور دایم ناکام بیم
فەڵەک نمازۆ دەردم بۆ ساڕێش
هەردەم سەودا یێ دڵ مەکەرۆڕێش
ئەلحەمدولڵلا «جانی» ئەو حووری
نەدینت وەچەم پەی ناسەبووری
وەرنە جەهیجران ئەو عەین قەترانە
بە وێنەی «فەرەج» مەبی دیوانە

واتە: ئەی «جانی»! ماوەیەک لەمەوپێش ڕێم کەوتە گەڕووس و لەوێوە گەیشتمە کێوی ئەڵوەند قولی کە کێوی شاهۆ و ئەڵوەندی لەلا وەکو تەپۆڵکە و لووتکەیە. لە دەوروبەری ئەڵوەند قولیدا ئاوێنە ناوێ بووە خانەخوێم کە خاوەن خوان و سفرە و ڕێز بوو، ئەوپەری ڕوومەتە کە ناوی ئاوێنەیە لە جوانی و شۆخوشەنگیدا بێ هاوتا و بێ وێنەیە. خۆ ئەگریجەکانی بەسەر ڕوومەتیدا لوولی خواردووە و ناز و لەنجەی بەجارێ دڵمی بردووە و تەوێڵی وەکو هەتاو دەدرەوشێتەوە و ڕوومەتی جوانی دڵ دەگەشێنێتەوە، برۆکانی وەکو مانگی یەک شەوەن و، برژانگەکانی خوێنی مرۆ دەڕژێنن و، چاوەکانی وەکو چاوی ئاسک وانە و خۆیان دەنوێنن، گۆناکانی وەکو گوارە و لێوەکانی وەکو ئاقیق و ددانەکانی بەوێنەی مرواری و دەمی وەک ئاوی ژیان وایە. ئەو دڵبەرە کە دڵمی بردووە وەکو شیرین جوان و شیرینە و، ئاواتی ژینە و کوژیاری فەرهاد و شێرۆ و پەروێزە، وامیق ڕیسواکەر و عەزرا شێوەیە و، وەکو خەرامان بەلەنجە و لارە، بەڵێ ئەو شۆخە گەلێ نازارە.

سوێندم بەخوای گەورە و گران من تا ئێستا کیژی بەو چەشن و کەشم و نەشمەم نەدیوە و، لەو ساوەوە کە ئەو پەرییەم چاو پێ کەوتووە ئاوەز و هۆشم لە دەست داوە و، بیر و هۆشم بەلای خۆمەوە نەماوە، بۆیە بۆ ئەو نازارە شێت و لێوە بووم.

سەرچاوەکان

١– تەلای دەستەو شار – نووسراوی: صدیق بۆرەکەیی – تیکانتەپەی هەوشار، ١٣٤٦.
٢– بەیازێکی کۆن کە سەدساڵ لەمەو پێش نووسراوە.



## شا تەیمووری بانیارانی

١٢٤٦–١٢٧٣

ئەم هۆنەرەمان کوڕی ڕەزای بانیارانییە و بەپێی سەرەتای دیوانەکەی لە ئاخر و ئۆخری سەدەی سێزدەمی کۆچیدا نووسراوە، لە ساڵی ١٢٤٦ی کۆچی لە دێی بانیارانی کرماشاندا لە دایک بووە و هەر لەوێدا پێ گەیشتووە. خۆی لە سەرەتای دیوانەکەیدا دەڵێ: «لە دێی بانیاراندا لە دایک بووم و لە دێی تووت شامیدا پێ گەیشتووم».

تەیموور لە سەردەمی منداڵیدا هەر لە دێی بانیاراندا خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە کرند و خەریکی خوێندنی پەرتووکی سەرئەنجام و دیوانی هۆنەرانی کوردی یاری بووە. لە بیستو یەک ساڵیدا چووەتە ڕیزی لەشکری مەلک نیازخانی گۆران و بەیەکێ لە سەربازەکانی ئەو هاتووەتە ژمار. لە ساڵی ١٢٦٩ی کۆچیدا تورکمانەکان هێرش دێننە سەر تاران و خەریکی چەپاو و تاڵان دەبن، ئەم هەواڵە کە دەگاتە مەلک نیازخان، خێرا بەلەشکرەکەیەوە بەرەو تاران دەکەوێتە ڕێ و لەگەڵ تورکمانەکاندا بەشەڕ دێ و پاشان شکستیان دەدا و، بەم هۆیەوە هەموو لەشکرەکەی لە لایەن نەسرەدین شاوە (١٢٦٤–١٣١٣ی کۆچی) خەڵات دەکرێ و، بەپێی داخوازی شا لەشکری گۆران لە تاراندا دەمێنێتەوە. تەیمووریش کە لە ڕیزی ئەو لەشکرەدا بووە، هەر لەوێدا دەمێنێتەوە و خەریکی ڕێنوێنیی یارییەکانی تاران بووە و هەندێ پەرجووی لە خۆی پیشان داوە. ئەم هەواڵە کە گەیشتووەتە شا، شا دەستووری دەستگیریی تەیموور دەردەکا و بەم جۆرە تەیموور دەکەوێتە بەندیخانەوە و پاش ماوەیەک دەینێرنە کرماشان و نزیکەی شەش مانگێ لەوێ زیندانی دەکرێ و پاشان بەناوی زەندیق و بێ بڕوا فەرمانی کوشتنی دەردەکەن و بەم چەشنە لە ساڵی ١٢٧٣ لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا لە سێدارەی دەدەن و ئەوسا پەیڕەوانی لە گۆڕستانی کرماشاندا دەینێژن و گۆڕەکەی ئێستا بەناوی گۆڕی (سەید) ناسراوە.

تەیموور یەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کوردی یاری دێتە ژمار، هۆنراوەکانی ئەو کە زۆربەی لە بارەی خواناسی و ڕێ و ڕەوشتی یاری و لێکۆڵینەوەی پەڕاوی سەرئەنجام هۆنراوەتەوە، گەلێ بەرز و دڵگر و ڕەوانن. ئەو گەلێ شاگردیشی لە هۆنراو و وێژەی کوردیدا پەروەردە کردووە کە ڕاژە و خزمەتی وێژەی کوردیان کردووە کە یەکێ لەوانە شێخ نەزەر عەلی جەنابە.

لە تەیموورەوە دیوانێکی بەرز و نایاب بەیادگار ماوەتەوە کە نزیکەی هەزار هۆنراوێک دەبێ. ئەمەش چەند پارچە هەڵبەستی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

١

من وەی دەردەوە، من وەی دەردەوە
تاکەی بنالم من وەی دەردەوە
وەی دەردخواجەی ساحێب شەردەوە
ڕای قەرار نوخت کەس نەکەردەوە
زوان وە لاڵە و چەم وە هەردەوە
دڵ وە زوخاوان داخ و دەردەوە
تاکەی بگێڵم وەسەر هەردەوە
وەی هەردەی دوجەیل مەجنوون بەردەوە
سۆزیام وەی شەوق دانەی زەردەوە
دانەی زەرد تاکەی ها وەگەردەوە
سۆزیای سەروەش جەور جەماڵم
مەناڵم پەی حەق پەی حەق مەناڵم
دووریی وڵاتان دەرکەفتەی وێمەن
نەدوود دەوران نەڕەفتەی وێمەن
پێکیای تیر موقەوای وێمەن
دەرد بێ دەرمان بێ دەوای وێمەن
چنگاڵ قولاب حەشمەتگیر وێمەن
پێکیای پەیکان زەخم تیر وێمەن
پەی زەرێو مەوعەد دەرمەندەی وێمەن
نە لای خوا جای من شەرمەندەی وێمەن
خەلیف خەفەتان نابینای وێمەن
بوڵبوڵ پەرێ گوڵ خود شەیدای وێمەن
جانی جان بدە جان ستان ئاما
خرۆش وەش خوان بانگ بەیان ئاما

واتە: من تاکەی بەم هەموو دەرد و ئێشەوە بناڵێنم، هەر ئەوە دەبێ لەبەر چاو بگرم کە من لە ڕۆژی بەریندا بەڵێنم داوە کە لە جیهاندا چاک بم و بەچاکەوە ژیان بەرمە سەر و توخنی گوناه نەکەوم و، هەموو دەم زمانم لە پاڕانەوە و لالانەوەدا بێ و چاو ببڕمە هەردوو



دەشت و زووخ و زووخاوی دەروونم دەرکەم، جا نازانم تاکەی بەسەر هەردوو کێوا بگەڕێم و وەکو مەجنوون وێڵ و ئاوارەی دەشتی دوجەیل بم، من بەڕاستی لە دووریی یاردا سووتاوم و سووتاو و سەرخۆشی جوانیی یارم و هەر بۆ ئەو دەناڵێنم و شێت و شەیدای تاقە گوڵێکم و تا گیانەڵا دەبێ لە ئەوینی ئەودا بسووتم. کەوابوو دەبێ بڵێم ئەی گیان ئەوا گیان کێشەر هات و بانگی بۆ کێشانی گیانت هەڵدا.

٢

وەی زەمانەوە، وەی زەمانەوە
«تەمیوور» سەرمەستەن وەی زەمانەوە
تەعلیقەی غەیبی نە کارخانەوە
سەر مۆر دادەن پێم وەی نیشانەوە
لەعل شناسان نە خەزانەوە
دانەناس وە لای ساحێب دانەوە
بەش باتنیم وەبار خانەوە
سەرمەستیم نە جەم شای جلانەوە
زەرێ نە کەوسەر وە فنجانەوە
نۆش کەردیم وە دەس ساقیانەوە
بۆی عەتر ساقی دا نە دەماخم
وەشخوان بی مورغ دڵەی دوساخم
دانەی ساحێب شەوق ها نە ئوجاخم
بوڵبوڵ باتن نیشتەن نە باخم
زوهوور کەردەن زەین دیدە چراخم
چون تێغ جەوهەر نەوجلان زاخم
«تەیموور» نە سوحبەت یاری گوستاخم
پەی ڕۆژ باقی کەیلەن دەماخم

واتە: تەیموور لەم زەمانەدا لە بادەی خوایی سەرمەستە و لە کارگای خواییدا قەباڵەی ڕازی خواییان پێ داوە. لاڵ ناسان و گەوهەر ناسان دەبێ بزانن کە بەشی دەروونی و مەستیم بەهۆی جوانیی یارەوە پێ دراوە. لەو جەمەدا تۆزقاڵێک لە ئاوی کەوسەرم بەدەستی مەیگێڕانی مەیخانەی خوایی خواردەوە و، بۆنی خۆشی مەیگێڕ دای لە لووتم و

لەوە و پاش پەلەوەری دڵی بەند کراوم کەوتە نەواخوانی، ئێستا گەوهەرێک لە ئوجاخم دایە و بوڵبوڵی دەروون لە باخمدا نیشتووەتەوە و زەینم ڕوون بووەتەوە و ڕێی ڕاستی خواییی بۆم دەرخستووە. ئەی (تەیموور) کاتێ لەگەڵ یاردا دەدوێم زۆر پڕکێشی دەکەم و بۆ ڕۆژی دوایی دڵم پڕ بووە لە خەم.

٣

تاک تەنیای فەرد، تاک تەنیای فەرد
واحید و ئەحەد تاک تەنیای فەرد
فەرد بێ هەمتا، نەزاد و نەمەرد
کونەندەی نەقاش چەرخ لاجوەرد
نەتەنیایی حەبس عەزابم سەختەن
ئەسرم چون ڕێزان بەرگ درەختەن
بینام تۆ خودای لامەکانەنی
تۆ خەزانەی سڕ کەس نەزانەنی
تۆ ساحێب ئەرز و ئاسمانەنی
تۆ خالق خەلق سفید خوانەنی
هەرچەند عەذابم نە حەد بی شۆوەن
بەڵام ئومێدم تەمام وە تۆوەن
بێدار نە خاو پادشای بەختم
گوشاد کەر کلید قاپییەکەی تەختم
(تەمیوور)م دوچار عەزاب سەختم
چەمەڕای کەرەم جوودت وە جەختم

واتە: ئەی خوای تەنیا و یەکتا و تاقانە و بێ هەمتا، ئەی خوای بێ وێنە! تۆ نەخشکەری چەرخی لاجیوەردی. من لە بەندیخانە و زینداندا تەنیام و گەلێک لە ئازاردام و فرمێسکم بەخوڕ دێ و وەکو گەلاکانی درەخت ئەوەرێ. تۆ خوای بێ جێ و شوێنی و لە هەموو شتێک ئاگەداری. تۆ خاوەن زەوی و ئاسمانیت و سفرە و خوانی چاکەت پان کردووەتەوە. هەرچەندە ئازارم سەختە، بەڵام تەواوی ئومێد و ئارەزووم بەگەورەییی تۆیە. دەسا پادشای بەختم لە خەو وریاکەرەوە و کلیلی بەندم بکەرەوە. تەیموورم و تووشی ئازارێکی سەخت بووم و چاوەڕوانی بەخشش و بەزەییی تۆم.



٤

دانەی مەکانم، دانەی مەکانم
پیاڵەی پڕ مەغز دانەی مەکانم
بە لەیل چون خڕۆس تا وتەکانم
پەرێ گەوهەرێ هەر نەفغانم
کبار کەرەم سەغیر عامم
دوڕ ساخ حەڵقەی مەحبووس دامم
شکست تەلەسم جادووی پیل سامم
ئیسا نەی دوونم ڕوستەم بێ نامم
شاباز شوجاع وە رداگیرم
کەمانم، پەڕم، تەرکەشم، تیرم
ئەسیر عومانم بەحرم غەواسم
گەوهەرم، دوڕم، دانەم، ئەڵماسم
(تەیموور)م ڕەهبەر ڕەواج ڕاسم
شەهید شەیدای هوونی قساسم

واتە: من پیاڵەی پڕمێشک و دەریای زانستم. بەشەوا وەکو کەڵەشێر بۆ گەوهەرێکی تاقانە دەقووقێنم و هەموو دەم لە ناڵەدام و هەر دەناڵێنم و، بۆ ئەو گەوهەرە کەوتمە داوی لەشێک کە ئێستا گیانم بەندی ئەو لەشەیە. ڕۆژگارێک وەکو ڕۆستەم، جادووی ژنی جادووگەر و پیل سامم تێ شکاند. من ئەو شابازە نەبەزە خەرقەپۆشەم کە تیروکەوانم لا هەیە و من ئەو مەلەوان و گەوهەر و دوڕدانەیەم کە بەناوی تەیموور ناسراوم و خەڵک بەرەو ڕێی ڕاستی خوایی ڕێنوێنی دەکەم و پیاوکوژان بەتۆڵەی خۆیان دەگەیەنم.

هۆنەر لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە سەر چیرۆکی تێکشکانی پیل سام بەدەستی ڕۆستەم کە بەپێی شانامە، ژنێکی جادووگەر بەدەستووری ئەفراسیاب کۆشکێکی گەورە و جوانی لە نزیکی کۆشکەکەی ڕۆستەم کرِی و چەند کەس لە پاڵەوانانی کورد بەهۆی پیل سامەوە خستە داو و سەرەنجام ڕۆستەم لە بەندبوونی ئەوان ئاگەدار بوو و لە پاش کوشتنی پیل سام ئەوانی ڕزگار کرد.

٥

تاوس پەڕ من بیم، تاوس پەڕ من بیم
سەر حەڵقەی تاج تاوس پەڕ من بیم
قارەمان نە پشت بەحری و بەڕ من بیم
فەرزەند نامی زاڵ زەڕ من بیم
دلێر داوخواز کۆڵ ڕەخش من بیم
دادڕەس ئەمیر سیاوخەش من بیم
کوشەندەی قاتڵ سفید دێو من بیم
مایەی شکۆ و فەڕ هەم خدێو من بیم
دەست وەگورگیس سفیدفەن من بیم
ڕانندەی دێو و ئەهریمەن من بیم
سەرتیل ئێران زابلی من بیم
باجگیر نە شاه کابلی من بیم
سەر نەحەشار تازە ساو من بیم
فەرەیدوون فەڕ، زین نەگا و من بیم
عەیار عارف تەنیا و تاک من بیم
شاماران شەڕ پەی زوحاک من بیم
ئیسە هام وەی دوون وێنەی مارەوە
مورغم گێج مەدەی وە پێوارەوە
وەختە بدەرۆ تۆڕ دام گرداو
نە ڕای شەرت و شوون بارۆ وەحەساو
نە زەمین «تەیموور» نە سەما ئافتاو
مورغی بێدارەن جیهان ها نە خاو

واتە: من لە چاوی بڕۆنییەوە نوینگەی هێزی پاڵەوانان و قارەمانانی ئێران بووم و ئەسپی خۆم لە دەریا و وشکیدا غار دەدا. من هەر ڕۆستەمی کوڕی زاڵم کە بەسواری ڕەخش چووە یارمەتیی سیاوەشەوە و، دێوسپیی کوشت و بووە مایەی فەڕ و شکۆی ئێران و ئەوسا گورگینم سەرکۆنە کرد و دێوان و ئەهریمەنانم دەرکرد و باجم لە شای کابڵ سەند و بوومە



هۆی پێشڕەوتی وڵاتەکەم، ماوەیەکیش لە لەش فەرەیدوون شادا بووم و بەسەر ئەژی دەهاکی مار لەسەر شاندا زاڵ بووم و ئەوم لەناو برد.

سەرچاوەکان
١– دفتر رموزیارستان – گرد آورنده: سید قاسم افضلی – تهران، ١٣٥٠.
٢– دیوانی تەیمووری بانیارانی کە لە ساڵی ١٢٨٠ی کۆچیدا نووسراوە.
٣– یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەشا تەیمووری بانیارانی.

## میرزا محەمەدی هەوشاری

١٢٤٦–١٣٠٤

ئەم هۆنەرەمان ناوی محەمەد کوڕی مەلا تایەری هەوشارییە و بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بۆمان دەرکەوتووە کە لە ساڵی ١٢٤٦ی کۆچی لە هەوشاردا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە ساڵی ١٣٠٤ لە تەمەنی پەنجا و هەشت ساڵی هەر لەوێدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

وەکو دەم بەدەم دەیگێڕنەوە میرزا محەمەد لە هەوشار و سنە و هەورامان و سلێمانی خەریکی خوێندن بووە و لە تافی جوانیشدا لەگەڵ باوکیا چووە بۆ وڵاتی ڕووس و ماوەیەکی زۆر لەوێدا ماوەتەوە بەجۆرێ کە لە زمانی ڕووسیدا شارەزاییەکی باشی پەیدا کردووە، هەروەها زمانی فارسی و عەرەبیشی باش زانیوە و لە وێژەی ئەو دووزمانەش کەڵکی وەرگرتووە.

لە میرزا محەمەدەوە پەڕاوێک بەناوی «یوسف و زلێخا» بەیادگار ماوەتەوە کە لەسەر کێشی دەهیجایی هۆنیویەتەوە و هۆنراوەکانی بەئەندازەیێ تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانە کە سەرنجی خوێنەر بەرەو لای خۆی ڕادەکێشێ.

یوسف کوڕی یەعقووب یەکێ لە پێغەمبەرانە کە لە ساڵی ١٧٤٥ی بەر لە زاین لە نێوانی دوو زێدا لە دایک بووە و لە ساڵی ١٦٣٥ لە میسردا کۆچی دوایی کردووە. لەبەرئەوەی باوکی زۆر خۆشی دەویست، براکانی لێی کەوتنە ڕقەوە و ئێرەییان پێ برد و ڕۆژێکیان پەڵپیان لە باوکیان گرت و یوسفیان بەبەهانەی سەیران بردە دەشت و لەوێدا خستیانە ناو چاڵێک و ئەوسا کراسەکەیان ژەندە خوێنی بزنێکا و هێنایانەوە بۆ باوکیان و وتیان کە یوسف گورگ خواردوویە. کاروانێک یووسفی لە چاڵەکە دەرهێنا و لە میسرا فرۆشتیە پیاوێکی دەوڵەمەند کە زلێخا ژنی ئەو دەوڵەمەندە بوو کە بەهۆی دیتنی یوسفەوە دڵی لێ

چوو و بەجارێ ئاگری تێ بەربوو، بەڵام یوسف ملی پێ نەدا و ئەوەبوو کە کەوتە بەر ڕقوقینی زلێخا و خستیە زیندان، لە زینداندا خەوی چەند کەسی لێکدایەوە و ئەم هەواڵە گەیشتە فیرعەون و فیرعەون ئەوی بۆ خەوێک کە دیبووی لە زیندان دەرهێنا و پاشان کردیە وەزیری خۆی و لە پاشا چەند ساڵێک بووە وشکەساڵی و براکانی یوسف، بۆ گەنم چوونە میسر، یوسف کۆمەکی پێیان کرد و لە پاشا کراسەکەی خۆی نارد بۆ باوکی و ساویە چاویا سۆمایان تێ هاتەوە و ئەوسا هەموویان هاتنە میسر و لەوێدا نیشتەجێ بوون و پاشان لە خوا پاڕایەوە کە زلێخا جوانی و شیرینی خۆی هێنایە دەست و بەیەک گەیشتن.

ئەمەش چەند هۆنراوێک لە پەڕاوی یوسف و زلێخا کە دەڵێ:

باوەرین بەیاد زلێخای نازار
ئەو بێ خەبەر بێ جە کار بازار
شەوقێ پەیدا کەرد ئەو جە گۆشەی دڵ
نەزاناش ئەو شەوق جە کۆبی حاسڵ
گاگا مەگرەوا و هەرمەکەرد زاری
گا بێهوش مەبی جە بێ قەراری
وات بەکەنیزان کەژاوە باران
مەشۆم بەسارا چون جار جاران
دەردەم کەنیزان لەوان بەهەشتاو
ئاوەردن پەرێش بەتەعجیل و تاو
نشت نەکەژاوە زوو لەوانە دەشت
دەشت فەرەحناک چون باغ بەهەشت
گێلا نە ئەو دەشت چەنی کەنیزان
ڕەعنا و نازەنین خاتر عەزیزان
هەوای یانەش کەرد ئاما بەدوما
جە مەیدان شا گوزەر کەرد ئەو ما
دیا خەلایق جەم بییەن نەو جا
غەوغا و هاوارەن چون ڕۆژ هەیجا
زلێخا فەرما پەرێ. تەماشا
گۆشەی کەژاوە بداران بەلا



داشان بەلاوە پەردەی کەژاوە
زلێخا چەمش گنا بەو ناوە
دیا غولامێ و لەپڕ بێهۆش بی
پەی ئەو غولامە مات و خامۆش بی
کێشا کەژاوە کەنیزان خاس
بەردن بەیانە بێ سەدا و بێ باس
جە دومای ساتێ ئەو ئاما بەهۆش
گرەوا بەزار دڵ ماوەرد بەجۆش
دایەی پڕ ساڵی واتش ئەی نازار
پەی چێش بەی تەورە مەناڵی بەزار
واتش: ئەی دایە ڕاس بواچوون پێت
ئی غولامە من خەیلێ کەردەن شێت
ئینە ئەو کەسەن ئاما نە خاوم
نییەن پەرێ ئەو من سەبر و تاوم
ئینە ئەو کەسەن من کەرد دێوانە
پەی ئەو دەربەدەر بیم جەو مەکانە
پەی ئەو دەربەدەر یاوام بەی وڵات
وێم بکەرد وە پەند واتەی سەربسات
جەولاوە تەمام ئەهل خەریدار
نەدەور یوسف جەم بین نە بازاڕ
پیرە شنێ بێ ئاما نە مەیدان
گرتە بێ نە دەست کلافەی ڕێسمان
واتش بەمالک ئامان سەد ئامان
یوسف بدە من بەئی ڕیسمان
مالک بەخەندە وات وەپیرە شەن
نمەدان یوسف بەبوچک و کەوشەن
یەکێ وات: کە من مەکێشۆم بەزەر
بدەران وە ئەز مانگ مونەوەر

یەکێ وات: کە من مەکێشۆم یەکبار
جەعوود و عەنبەر جە موشک تاتار
زلێخا جەو کار کە بی خەبەردار
وە عەزیزش وات: ببە خەریدار
ئەهل خەریدار یەکسەر بەستن لەب
مەدران جە مەیدان بەقەدر و ئەدەب
عەزیز وات: کە من بێ قەرار ئەوم
بە گەنج و بەماڵ خەریدار ئەوم
نە کیسە زەڕش پەرت کەرد پەی مالک
مالک وات: یا خوا هەر نەبی هالک
ئەوسا یوسفش بەئەو پێشکەش کەرد
ئەویش بەهەشتاو پەی زلێخاش بەرد

واتە: ڕۆژێکیان زلێخای نازدار دڵی گەشایەوە و هەوای سەیرانی کەوتە سەر و بەکەنیزەکانی وت: کەژاوەیان هێنا و بەیەکەوە سوار بوون و ڕۆیشتنە دەشت و بێدی و لە گەڕانەوەدا لە مەیدانی شاوە تێ پەڕین و دییان کە خەڵکێکی زۆر لە بازاڕی دیل فرۆشاندا کۆبوونەتەوە، زلێخا پەردەی کەژاوەکەی داوە لاوە و چاوی بەبازاڕەکەدا گێڕا و غولامێکی دی و لە پڕ بێهۆش بوو، کەنیزەکانی بەهەر جۆرێ بوو زلێخایان گەیاندە کۆشک و لە پاش ماوەیەک هاتەوە هۆش خۆی، دایەنێکی پیری بوو هاتە لای و لێی پرسی لەبەرچی بێهۆش بوویت و ئیستا پەشێویت؟ زلێخا وتی: لە بازاڕی دیل فرۆشەکاندا غولامێکم دی، ئەو غولامە هەر ئەو کەسەیە کە من خەوم پێوە دی و گراوی بووم و لام وابوو کە عەزیزی میسر ئەوە و هەر لەبەر ئەو کەوتمە ئەم شوێنە، لەولاشەوە کڕیاران هەر کام هاتبوون بۆ کڕینی یوسف، هەرکام باییەکیان پێشنیار دەکرد. پیرە ژنێک گلۆڵەیێ بەنی بەدەستەوە بوو بەسەرۆکی دیلەکانی وت: یوسفم بەم گلۆڵە بەدە بدەرێ و لە ماڵی دنیا هەر ئەمە شک دەبەم، یەکێ تر وتی من دەیکێشمە زێڕا، یەکێ تر وتی: من دەیکێشمە موشک و عەنبەرا، کاتێ زلێخا بەمەی زانی، بەمێردەکەی وت: کە ئەوی بۆ بکڕێ، ئەوسا عەزیز هات و چەند کیسە زێڕی دایە سەرۆکی دیلەکان و ئەوی لێی سەند و بردیەوە بۆ ماڵ و دایە زلێخا.

سەرچاوەکان

١- یوسف و زلێخا - دانراوی میرزا محەمەدی هەوشاری، تیکانتەپەی هەوشار، ١٣٠٨.
٢- تەلای دەستەوشار - نووسراوی: صدیق بۆرەکەیی تیکانتەپەی هەوشار، ١٣٤٦.



## شێخ نەزەر عەلی جەناب

١٢٥١-١٣٢٤

ئەم هۆنەرەمان ناوی شێخ نەزەر عەلی و کوڕی محەمەد ئیبراهیمی سەحنەیی و نازناوی جەنابە و بەپێی سەرەتای دیوانەکەی کە نەوەکەی کۆی کردووەتەوە، لە ساڵی ١٢٥١ی کۆچی لە ناوچەی سەحنەی کرماشاندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە سەردەمی منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە تافی جوانیدا ڕۆیشتووەتە دێی بانیاران و لەلای تەیموری بانیارانیدا خەریکی فێربوونی پەرتوکی سەرئەنجام و دیوانی هۆنەرانی کوردی یاری بووە و، هەر لەو دەمەدا حەزی لە دانان و هۆنینەوەی هۆنراوی کوردی کردووە و لە بیست و دوو ساڵیدا ڕۆیشتووەتە تاران و لە لای شا تەیموور ماوەتەوە و کاتێ تەیموور کوژراوە، لە جێی ئەودا دانیشتووە و ئیتر پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٢٤ لە تەمەنی هەشتا و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی لە دێی قاسم ئاوای شاهی کە لە بیست کیلومەتری باشووری تاراندایە نێژراوە. جەناب یەکێ لە هۆنەرە هەرە بەرزەکانی کورد دێتە ژمار و، هۆنراوەکانی زۆر دڵگر و تەڕ و پاراو و ناسکن. دیوانەکەی کە بریتییە لە هەزار هۆنراوێک هێشتا لە چاپ نەدراوە. جەناب جگە لە هۆنینەوەی هۆنراو چەند پەرتووکێکیشی بەزمانی فارسی سەبارەت بەرێ و ڕچە و ڕێبازی یاری نووسیوە و بەچاپی گەیاندوون و ئەو پەرتووکانە بریتین لە: «اسرارنامه حقیقت»، «خردنامه»، «ضیا المعصومین».

ئەم هۆنراوانە نموونەیەکن لە هۆنراوەکانی ئەو کە دەڵێ:

یەک ڕۆژێ مەجنوون بەرگ عازیەت پۆش
وەفات لەیلێ شنەفتش وە گۆش
وە داد و بێداد شین و واوەیلێ
لوا نە سوراغ توربەت لەیلێ
دیاش کوودەکێ نە عەقڵ کامڵ
خوەش سیما و سوورەت ڕعنا و ڕۆشندڵ
سوراغ مەزار لەیلا پەرسا لێش
کوودەک وات مەجنوون خوار خاتر ڕێش
ئەگەر تۆ عاشق دڵبەر پەرەسی
پەی جەقەبر لەیل، ژ من مەپەرسی

بچۆ قەبر لەیل وێت جوستوجۆ کەر
ژ هەر مەزارێ مشتێ خاک بۆکەر
ژ هەر مەرقەدێ بۆی عەشق خێزا لێش
بزانە جەسەد دڵبەر ها نە تێش
ژ هەر توربەتێ بۆی وەفا ئاما
بزانە جەسەد لەیلت ها نەو جا
جە ئەو بۆی وەفا لەیلێت پەیدا کەر
پەیمان بەستەت بیاوە نە سەر
مەجنوون نەڕای عەشق دەرکەر ئەو خوازی
ژ کوودەک ئامووز دەرس عەشقبازی

واتە: ڕۆژێکیان مەجنوون هەواڵی مەرگی لەیلای دڵخوازی بیست و، بەهاوار و شین و گریانەوە ڕۆیشتە گۆڕستان و بەدووی گۆڕی یارەکەیدا دەگەڕا، لەوێدا منداڵێکی جوان و ژیری چاو پێ کەوت و، هەواڵی گۆڕی لەیلای خۆشەویستی لێ پرسی، منداڵەکە پێی وت: ئەی مەجنوون دڵڕیش! ئەگەر تۆ گراو و دڵبڕاو و دڵبەر پەرستی، ئیدی بۆچی هەواڵی گۆڕی ئەو لە من دەپرسی؟ بڕۆ خۆت بەدووی گۆڕی لەیلات بگەڕە تا دەیدۆزیتەوە و، کاتێ گەییتە هەر گۆڕێک مشتێ خاک هەڵگرە و بۆنی بکە، ئەگەر بۆنی ئەوین و ئەمەگ لەو خاکە بەرز بووەوە، بزانە کە یارەکەت لەوێدا نووستووە، دەسا دڵخوازەکەت بەبۆنی ئەوین و ئەمەگ پەیدا کە و وانە و دەرزی ئەویندارییی فێر بەو خۆت لەم دەربەدەریە ڕزگار بکە.

٢

رازیم کوشتە بووم وەتیغ ئەبرووت
تا ڕەنجە نەوون ئەو دەس و بازووت
ڕازیم کوشتە بووم وەخەنجەرت
خوێنم بریزوو وە خاک دەرت
من سەر بەخاکت زاهد لەو بەراز
نیازمەن کەمتر مەگیروو نەماز
من خانەنشین توو هەر هایتە سەیر
من نە فکرتوو، توو نە فکر غەیر



من هەر هام نە فکر ئەودانەی خاڵان
توو هەر هایتە فکر من دەی وە تالان
مە مەیلم نییەن وە توو بووم بیزار
توو دەس وەردار نیت نیشت ها نەکار
گەنج بووت چون ساکن نەوێرانەبووم
نەورۆ مەترسم پاک دیوانە بووم
من کە مەزانم های نە بەهانە
چون دڵ خوەشی کەم وە ئی ئەفسانە
خوین گشت عالەم نەپات مەریزوون
دڵ توو وە حاڵ کەس نمەسووزوون
ئەرتوو های نەفکر غەم جەهانی
کەی ڕەسیت وەداد یەک موسلمانی؟

***

واتی: بی سەبری وەکام نارەسی
چە بکەم ئاخر سەبرم تەمام بی
نە سەر مەتوانم نەرات کەم جودا
نە مەتوانم نە بەندت بووم ڕەها
چەندین ساڵ دوخوەم نەدیم ڕووژ خوەش
چەنی هیجرانت هام نە کەشایکەش
مەترسم بنم سەر نە شەیدایی
ئاخر بکیشوو کار بەڕیسوایی
وەی دەردە ئاخر وەمن بوو سەرسام
هەم من و هەم توو هەردوو بوویم بەدنام
ئەر دل هەوای عەشق دیگەری دیری
غەیر توو چاو نە دلبەری دیری
سزاش هەر ئیدەن بکیشوو ئازار
بووت نە کەمەند زولفت گرفتار

وەلی عەشق تۆو کارێ پیش کەردەن
کە سەر وە دنیا و عوقبا ویەردەن
شەراب عەشقت عاشقان مەس کەرد
چون موغزادەگان ئاتەش پەرەس کەرد
تیر غەم نە جەرگ عاشقت کار کەرد
عاشق لاجەرەم وە دنیا ویەرد
تۆو چەنی عاشق هەر نە جەفانی
چەنی ڕەقیبان شاد و خەندانی
وەعدەی وەسل تۆو کەفت نەرووی مەمات
حەیف ئاو حەیات تکیان نەظولمات
تۆو کە دەرد دل حاڵم مەزانی
پەی نە گریەی مە ئەرا خەندانی
دیدەی من گریان لەو تۆو خەندان
زلیخا نە تەخت، یوسف نەزندان
یەک ماچێ نەزر کەر پەی دووس سەلایە
ئاخر تەسەدووق ڕەفع بەلایە
بەخت من وە لای تۆو سیا بیە
زولم وە بی گوناه کەی رەوابیە؟
تاکەی های نەقەسد عەقل و سەروماڵ
مەر کفرەن وەدووس بپرسی ئەحواڵ
من وە ئاشنایی کەردی دیوانە
ئاخر پاکیشان بیت وە بێگانە
چون کەشتیم غەرق گیژ گردابە
ئەگەر ڕەحم نەکەی حاڵم خەرابە
ئومید فرەم گشت وە کەم گوزەشت
ئەیام عومرم گشت وەغەم گوزەشت

***

تۆو کە حەرف من مەکەی فەرامووش
پەس تۆو بواچە تا من بکەم گووش



واتی: گیان بدەم وە وەسل بڕەسم
چ سەودای مفتی کەفتەن وە دەسم
نە دەولەت وەسل نەدەی سەبووری
ئیسا چە بکەم وەی دەرد دووری
شیوەی لوتف تۆو گشت جەور و جەفاس
من تاقەت نەیرم ماچی بی وەفاس
عەکس لەوانت کەفتەن وە شەراو
حەیرانم ئاتەش چون کەفتەن وە ئاو
یەک قەترەی نە ئاو لەوت بچەشم
تا دەست نە لەذەت عالەم بکەشم
هەر کەس ئابڕوو نەریخت نە دەرش
ئەو عاشق نییەن خاک بۆ بەسەرش
ڕووژێ کەسوورەت تۆودای نیشانم
شیشەی نامووسم وە سەنگ شکانم
سەوگەند بەچاوان مەست تۆو وەردم
دیدە بەدیدار کەس باز نەکەردم
وەلی غەم تۆو کاری پیم کەردەن
وەطەن مەئلووف وە یادم بەردەن
حەکیم وە نالەی من شەو بیزار بی
ئاما پەی سەحەت من دیش بیمار بی
دەرد تۆو دەوا نەیری بی گومان
خوەشی لیم بڕی دەرد بی دەرمان
دەردێ کە پەرێ عەشق خووبان بوو
کافر کەسیوەن فکر دەرمان بوو
یەک دەردی داشتم من وەیادگار
دەرد هیجر تۆو کەردش بەهەزار
بەلکم دەرد من بکەری چارە
فکری کەی وەحال خەرقەی سەد پارە

ئەر چێ خەندەی توو گشت غەمزە و نازە
مایەی جەمعییەت عومر درازە

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! من حەز دەکەم کە بەشمشێر و تیغی برۆکانت و خەنجەری برژانگەکانت بکوژرێم و، خوێنم برژێتە خاکی بەر دەرگاکەت، ئەوا من لەبەر تۆ بوومەتە گوڵۆڵە و لە کونجی ماڵدا داکەوتووم، تۆیش هەر های لە کەشم و نەشمی خۆتدا، من کە بیر لە دانەی خاڵت دەکەمەوە، تۆ بیر لە تاڵانکردنم دەکەیتەوە و من نامەوێ کە لە تۆ بێزاربم، بەڵام تۆ دەست هەڵناگری و چزەت ها لە کارا، دیارە پەڵپ و بیانوو دەگری و دەتەوێ من تیا بەری، ئیتر چۆن دڵ بەتۆ ببەستم و خۆشی بکەم. ئەگەر خوێنی هەمووی خەڵک لەبەرپێتدا برێژرێ، دڵت بەحاڵی کەسێک ناسووتێ، من تاوانی خۆم نییە، تاوانی دڵمە کە کەوتووەتە داوت، جارێکیان پێمت وت: ئارام گرتنت بێهوودەیە و بەهیوای دڵت ناگەی، من چ بکەم، ناچارم نە دەتوانم سەرم لە ڕێتدا دانم و، نە دەتوانم خۆم لە بەندت ڕزگار کەم، من ئەمە چەند ساڵە گراو و دڵبراوی تۆم و ڕۆژی خۆشم بەخۆمەوە نەدیوە، لەوە دەترسم کە شێت و لێوە بم و، لە ڕێی ئەوینتا ڕیسوا و بەدناو بم، چونکە شەرابی ئەوینی تۆ گراوان و دڵبراوان مەست و سەرخۆش دەکا. دەسا جامێ بادە و ماچێکم پێ بدە با ئاگری ئەوینی دڵ و دەروونم دامرکێ و داساکێ، بەختی من دیارە لای تۆ ڕەش بووە، ستەمکردن لە بێ گونایەکی وەکو من چۆن دەوایە؟ بۆ خوا دەردی دەروونم چارە بکە و لەم پەژارەیە ڕزگارم بکە.

٢

یەک کەج نهادێ مەرد حیلەگەر
یەک ڕۆژ وشترێک ئاوەرد وە نەزەر
واتش: ئەی وشتر هیچ جات خاس نییە
دڵ خوەشیت لە چەس جایکت ڕاس نییە
وشتر واتش ئەی کەجرەو کەج بین
عەقڵ ها نەهەوا توو های نەزەمین
نیگاکەر بوین چون چینیم خاسە
قامەتم چەفتە ڕەفتارم راسە
بارها نەپشت و زەوقم ها نە دڵ
یەکدەم کەج ناچم تا ئاخر مەنزڵ
تا پەرهێز بووم نەلوقمە حەرامی
مەهار نەسەرم پەرێ نیکنامی



چون خەر بی ئەوسار هایتە زیانی
تووهەر های نەسەر کەجی و نادانی
ئادەم کەج ڕەفتار ئاخر چەی خاسە؟
خوەشی توو یەسە قامەتت راسە
مەرد بی ئینصاف ڕەحمش کەمتەرە
چون کە نە کردار وێش بێ خەبەرە
ئادەم عەیب جوو وە ڕەحمەت دوورەن
دیدەی عەیب بینان وە هونەر کوورەن
عەیب جوویی پیشەی مەردوم زشتە
یەقینش باریک تەبعش دورشتە
ڕاستی سەرمایەی عومر درازە
موشتەری گوناه مەرد کەج بازە
ڕاگەی حەقیقەت میهرەبانییە
مردن وادەی ڕاست زندەگانییە
ڕاستی بەهشتەن پەرێ راسانەن
ئاگر دۆزەخ پەی کەج تەبعانەن

واتە: پیاوێکی فێڵەباز ڕۆژێکیان لەگەڵ وشترێکدا کەوتە وتووێژ و پێی وت: ئەی وشتر سەرتاپات خوارخێچە، دیارە هیچ دڵخۆشییەکت نییە. وشتر پێی وت: ئەی فێڵباز، خۆ من وەکو تۆ نیم، گەرچی لەشم نارێک و نالەبارە، بەڵام ڕەوشت و ڕەفتارم چاکە، بار هەڵدەگرم و بەبەشی خۆم ڕازیم و لە ڕێی خراپەوە ناڕۆم، کەچی تۆ هەر هاتیە بیری خراپە و فڕوفێڵا، دڵخۆشیی تۆ هەر ئەوەیە کە بەژن و باڵات ڕاستە، بەڵام لە کردەوەی خۆت ئاگەدار نیت، ڕاستی سەرمایەی تەمەنێکی درێژە، بەڵام فێڵبازی کاری فێڵەبازە، ڕاستی بۆ پیاوانی ڕاست بەهەشتە، ئاوری دۆزەخ بۆ پیاوانی خراپ و فێڵەباز هەڵدەگیرسێ.

دیوانەکەی جەناب کە بەهۆی نەوەکەیەوە کۆ کراوەتەوە، هێشتا لە چاپ نەدراوە.

سەرچاوەکان

١- بەسەرهاتی جەناب - نووسراوی شێخ حەمەباقری تەیمووریان، (دەستنووسە).
٢- دیوانی جەناب - کۆکردنەوەی شێخ حەمە باقری تەیمووریان.
٣- مشاهیر اهل حق - تالیف صدیق صفی زادە - تهران، ١٣٦٠.
٤- بزرگان یارسان - تالیف صدیق صفی زادە- تهران، ١٣٥٢.

## جەواد خانی گەڕووسی

۱۲۵۲–۱۳۱۵

ئەم هۆنەرەمان ناوی جەواد و کوڕی ئەحمەد خانی گەڕووسییە و بەپێی ئەو زانیارییانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ۱۲۵۲ی کۆچی لە گەڕووسدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا مامۆستای تایبەتی بۆ گیراوە و لە لای ئەو فێری وێژەی فارسی و عەرەبی و خۆشنووسی بووە و لە تافی جوانیشدا جاروبار هاتوچۆی هەوشار و کرماشان و تارانی کردووە و چەند جارێکیش چووەتە قوم و کاروانێکی ئەسپەهان و شیرازیشی بووە. لەم هاتوچۆیەی بۆ هەوشار و کرماشان پەڕاوە کوردییەکان وەکو: خەسرەو و شیرین و یوسف و زلێخا و بارام و گوڵەندام و وەنەوش و بەرەزا و شێخ سەنعانی کەوتووەتە دەست و بەهۆی خوێندنەوەی ئەو پەڕاوانە هەوەسێکی زۆری کەوتووەتە سەر هۆنراو و وێژەی کوردی و هەر لەو کاتەوە دەستی داوەتە هۆنراو هۆنینەوە، ئینجا خێی داوەتە دیوانی هۆنەرانی گۆران و گەلێ حەزیشی لە هۆنراوەکانی نالی کردووە و لە پاشا بووەتە میرزا و هۆنەری تایبەتی میری گەڕووس و، چەند دێشی لە باوکییەوە بەمیرات پێ گەیشتووە و ژیانی بەم چەشنە ڕابواردووە تا لە ساڵی ۱۳۱۵ لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گەڕووس نێژراوە.

جەواد خان بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کوردی گەڕووس دێتە ژمار و، لە هۆنینەوەی هۆنراودا سەری کێشاوەتە درگای هەموو جۆرە هۆنراوێکەوە: دڵداری، ئاینی، هەڵگوتن هۆنراوەکانی ئەم هۆنەرە لەبەر ئەوەی کۆ نەکراونەتەوە، دەست بەدەست کەوتوون و تیاچوون، بەڵام هەندێکیان لەناو کەشکۆڵەکان و بەیازەکاندا نووسراون و بەیادگار ماونەتەوە. ئەوا بۆ نموونە پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە دێنین کە دەڵێ:

بێ خاوم ئیمشەو، بێ خاوم ئیمشەو
نمەز جە چێشەن بێ خاوم ئیمشەو
دیدە پڕ ئەسرین هووناوم ئیمشەو
وێنەی سەیادان جە کاوم ئیمشەو
جە پشت ڕەهوار شەودێزم ئیمشەو
ژار ئالوودەی هوون پەرێزم ئیمشەو
بە وێنەی فەرهاد مسکینم ئیمشەو
ئاوارەی وەتەن جە چینم ئیمشەو



یوسف نەوەرین جە چاهم ئیمشەو
پەریٚ زلێخا نە ئاهم ئیمشەو
بەدەن نمەدپۆش بەهرامم ئیمشەو
پەریٚ گوڵەندام دڵ زامم ئیمشەو
بەوینەی خەلیل جە نارم ئیمشەو
جە دەست ئاهر بێزارم ئیمشەو
ئێش خەدەنگان نەجەرگم ئیمشەو
جا گرتەن نەدڵ پەی مەرگم ئیمشەو
بەوینەی خەزان ڕێزانم ئیمشەو
وە بالای نەمام بێزانم ئیمشەو
پەروانە دەستوور پەروازم ئیشمەو
جەپای شۆڵەی شەم بێ نازم ئیمشەو
شکار کەوان ڕەوێڵم ئیمشەو
نە سەربارگەی وەیس من وێڵم ئیمشەو
عالەم کەس ناماوە هانام ئیمشەو
ئومێد هەر بەتۆن یا دانام ئیمشەو
کەس بێ کەسان مەلوولم ئیمشەو
زام زەدەی نەمام نەوتوولم ئیمشەو
نەوڕەس و نەوبەر، نەوباوم ئیمشەو
دەهەن غونچەی گوڵ بۆ ساوم ئیمشەو
ڕازڕێزەی نەبات ڕێزانم ئیمشەو
بۆی عەتر عەنبەر بێزانم ئیمشەو
یا شا تۆ بدەر نەجاتم ئیمشەو
ئەر نەجات نەبۆ مەماتم ئیمشەو

واتە: نازانم هۆی چییە کە خەوم لێ ناکەوێت، خۆ ئەوەندە گریاوم و ئەسرین لە چاوانمەوە هاتووەتە خوار، ئێستا لەجیاتی فرمێسک، خوێناو لە چاوانمەوە دێ. لەسەرلێشێواویی خۆمەوە، وەکو نەچیرەوان ئاوارە و دەربەدەری دەشت و کێو بووم و، وەکو

خەسرەوی پەروێز دڵم خوێنە و بەسواریی شەودێزەوە بەدووی شیریندا دەگەڕێم و، یا وەکو فەرهاد شێت و شەیدای جوانیی شیرینم و بۆ ئەو لانەواز و ڕەهەنە بووم و، وەکو یوسف کەوتوومەتە ناو چاڵ و هەر ئاخ هەڵدەکێشم و، وەکو بارام بۆ گوڵەندام لبادم کردووەتە کۆڵ و دەسووڕێمەوە و، وەکو ئیبراهیم کەوتوومەتە ناو ئاور و گیرۆدەی دەستی گاورانم و لە گیان بێزارم، خودایا دەسا چونکە زویر و دڵتەنگ و پێکاوی تیری ئەوینی دڵبەرم یا بمگەیێنە بەدڵخوازەکەم و دڵی ئەوم بۆ نەرم کە و، یا مەرگم پێ بدە و لەم گێرە و کێشە ڕزگارم بکە.

سەرچاوە:

١– تەڵای دەستەوشار – نووسراوی: صدیق بۆرەکەیی – تیکانتەپەی هەوشار،١٣٤٤.

٢– بەیازێکی کۆن کە سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.

## حەیران عەلیشای مایدەشتی

١٢٥٢ – ١٣٢٣

ئەم هۆنەرەمان ناوی سەی حەمە ساڵح و نازناوی حەیران عەلیشایە کە لە ساڵی ١٢٥٢ی کۆچی لە مایدەشتی کرماشاندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە سەرەتا لە قوتابخانەدا خەریکی خوێندنی پەڕاوە وردەڵەکانی فارسی بووە و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و خوێندنەکەی تەواو کردووە و ئەوسا ڕۆیشتووەتە کاشان و لە لای حاجی شێخ حەمە حەسەنی کاشانی ماوەیەک ماوەتەوە و خەرقەی لێ وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە کرماشان و لە پاشا چووەتە مەشهەد و کەربەلا و چاوی کەوتووەتە گەلێ لە زانایانی ئەو شوێنانە و پاشان گەڕاوەتەوە کرماشان و نزیکەی سی ساڵ خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک و وانە وتنەوە بووە تا لە ساڵی ١٣٢٣ لە تەمەنی حەفتا و یەک ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی کرماشاندا لە تەنیشت گۆڕی مزەفەر عەلیشادا نێژراوە.

حەیران عەلیشا یەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کوردە و زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەر ڕێ و ڕچەی خواناسی هۆنیوەتەوە و، لەگەڵ میرزا عەبدولقادری پاوەیی و دەروێش قولی کرندیدا ئاشنایەتی و دۆستایەتیی هەبووە و گەلێ نامەیان بەهۆنراو بۆ یەکتر ناردووە.

بەبێ شک حەیران عەلیشا لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردیدا بێ وێنە بووە و، بیر و کەڵکەڵەی ئەو لە هۆنەرانی تری کرماشان بەرزتر بووە، وردیی مانا و جوانیی وشە و بیری جوان هەر لە دەست ئەو هاتووە.

حەیران عەلیشا وەکو زۆربەی هۆنەرانی تر شەیدای دیمەنی سروشتە جوانەکەی



کوردستان و گراوی شۆخوشەنگیی نازداران بووە، بۆیە کەوتووەتە سکاڵا و گلە و گازندە و هانا لە دەست چاوڕەشان و شۆخوشەنگان دەکا و دەڵێ: ئاخ لە دەست کیژانی چاوڕەش و مەیگێڕانی مانگ ڕوومەت. ئەی مەیگێڕ بەقوربانی مەستی چاوت بم، پیاڵەیەکی بادەم پێ بدە تا خەم و پەژارەی دڵمی پێ داساکێنم و پەردەی شەرم بدڕم و دەردی دڵی خۆم هەڵڕێژم و مەبەستم بێژم:

هانا داد نەدەس چاوڕەش چاوڕەشان
ساقی ساقییان، مانگ مەهوەشان
ناو کەس نەوەی غەیر ژ ناو مەی
گۆش وەکەس نەدەی جوز لە ناڵەی نەی
ساقی وە فیدای مەسیی چاوتم
جای درەنگ نییەن وە فیدای ناوتم
نە فنجان خوم یاقووت لەوان
پڕ کەر جام مەی وە یاد شەوان
بدەر وەدەستم وە تەوفیق حەق
تا پەردەی حەجاو لەنەو بکەم شەق
سەی ساڵح عاشق خواجای قەنبەرەن
نوور ئەو لە نوور حەی داوەرەن

حەیران بەبیرێکی ورد دەکەوێتە ناو کۆڕی فەلسەفە و دەڵێ: سینگم پڕ لە گەنج و گەوهەر و جەواهیر کۆکۆ لە ناو خەزانەی سینەمدا کۆبووەتەوە و کێوی تووری دڵم ئاگری لێ هەڵدەستێ و وەکو شەوی نەورۆز ڕوون بووەتەوە و، ئەمەش بەهۆی پیت و پیزی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامە کە منی خستووەتە سەر ئەم ڕێگە، هەر ئەمە بەسە کە خوای مەزن پێی فەرمووە: (لولاک لما خلقت الافلاک) واتە: ئەگەر تۆ نەبووایت، چەرخەکانی ڕۆژگارم بەدی نەدەهێنا، لە دەرگای داوەر گەدایی دەکەم، نەک هەر من، بەڵکو پادشایانیش گەدایی لێ دەکەن. دەسا ئێوەش هەروا دەستەوسان دامەنیشن و دڵی خۆتان خۆش مەکەن، چونکە لە ڕۆژی پەسڵاندا ڕۆژ لەبەرچاو بنیادەم دەبێتە شەو، دەبێ هەر کڕنۆش و سپاس و ستایشی خوای تاق و تەنیا بکەن، تاکو بەدیتنی ئەو شادمان بن:

هامسەران سینەم، هامسەران سینەم
گەنجوور گەنجی ناس لە سەدر سینەم

جەواهیر کۆکۆ ها لە خەزینەم
دەفن کەردەن قادر نەتۆی دەفینەم
کۆی توور قەلبم ئاتەش ئەفرۆزەن
ڕۆشن وێنەی نار لەیل نەورۆزەن
دورج دەهانم گەوهەر نیشانەن
تێغ زوانم ئاتەش فشانەن
لە نافەی زوان، وەموشک ئامێزی
شەکەر باشی کەم وەشەکەر ڕێزی
هەریە بەس لە حەق فەرد تەنیای پاک
عەقڵ کول واتا (وما عرفناک)
جەوابش ئاما لە ئێزەد پاک
(لولاک لما خلقت الافلاک)
لە دەرگای داوەر مەکەم گەدایی
لە بەندەگی دەم کۆس خودایی
قودرەت نمای بێن لە مەه تا ماهی
گەداییش مەکەن لە عەین شاهی
غافڵ مەنیشن ئەو بارن وەیاد
هەر کەس وەخەیاڵ وێش کەردەن دڵشاد
من لە من نییەن هەرچ هەن ئەوەن
لە ڕۆژ ڕۆشن کێ ماچۆ شەوەن
گۆش دڵ بەدەر وە ڕێزەی ڕازم
عالەم پڕ کەردەن نەشئەی ئاوازم
بو تا بنیشیم وە بێ قیل و قال
(کالمیت) بییەن (یدی الغسال)
سەی سالَح لە پای سایەی نیهاڵی
باو تا بکەریم شوکر ویساڵی

حەیران سەبارەت بەمەیگێڕ و مەیخانە دەڵێ: من هەر لە ڕۆژی بەرینەوە مەیگێڕی مەیخانە بووم و لەم ڕێگەوە ڕۆیشتووم و خەریکی خواردنەوەی بادەی یەزدانی بووم، سا بەڵکو خوا بەزەیی پێما بێت و ڕزگارم بکا:



ساقسی مەیخانەم، ساقیی مەیخانەم
من هەر لە ئەزەڵ ساقی مەیخانەم
سەنعان و تەرسای کلیسا خانەم
لە دوردی کەشان یەکتای یەگانەم
سا تعەن لە من بۆی عەبیر و موشک
چون نەهەنگ موحیت سەهبا مەکەم خوشک
کەتمانم لە سڕ پەرێ ئەغیارەن
شاهید قەولم (الوالا بصارن)
سەید لە باطن ذات باقییەن
لە زاهر مینا و سەهبا و ساقییەن

حەیران بەسۆزێکی بژۆنییەوە ڕوو دەکاتە مەیدانی خاڵخاسان و دڵبەرانی گوڵەندام و بەدڵدارەکەی دەڵێ: ئەی خۆشەویستەکەم تۆ بڕوامت دایە تاڵان و منیش بەهیوای جوانیتم و تۆیش بەزنجیری زوڵفت ئیخسیرمت کرد و، بەتیری برژانگەکانت ڕیشەی جەرگمت کاری کرد، بەڵام دڵم بەوە خۆشە کە بەهۆی چاوانی مەستەوە سەرخۆشم، کێ دەڵێ کە من سەرمەستی بادەم و دوو دیدەی مەستت منی سەرخۆش کردووە. ئەی خوا داد لە دەستی چاوڕەشەکان، ئەوەندە تۆبەم کرد کە خۆم لەوان لادەم، ئێستا دەڵێم، تۆبە لە دەست تۆبە، من بۆ کوێ بڕۆم و بەهەر کوێدا بڕۆم هەر گرفتارم:

دڵبەر تۆ دینم، دڵبەر تۆ دینم
تۆ دای وە غارەت ئیمان و دینم
لە جارِ حوسنت من خۆشەچینم
چون دوزد ڕازەن های لەکەمینم
جوان بیم لە عەشق تۆ پیرم کەردی
وە زنجیر زوڵف ئەسیرم کەردی
زوڵف تۆ بیەن وەدام بەڵام
یەچووی بەڵایوەن کەردەن موبتەلام
تیر موژگانان دیدەی خوماری
لە ڕیشەی جەرگم تۆ کەردی کاری

مەستیم لە نەشئەی مەستیی چەمانەن
چەمانت فیتنەی ئاخر زەمانەن
کێ وات من مەخموور جام شەرابم
دوو دیدەی مەستت کەردەن خەرابم
خودا داد لەدەس چاوڕەش چاوڕەشان
خوشخۆ، خۆش لەهجە شیرین مەهوەشان
لە بەس تۆبەکەم مەشکێنن تۆبەم
تۆبە تۆبەم بۆ لەدەست تۆبەم
من وەکۆ بچم ڕوو وەکێ بارم
وە هەر جا مەچم هەر گرفتارم
سەی سالْح تۆ دۆست شاه مەردانی
پەی چی خاتر ڕێش بار عوسیانی

حەیران لە پاش ئەو هەموو چەرمەسەرێ و گرفتارییە کە سەبارەت بەیارەکەی چەشتوویەتی لە پارچە هەڵبەستێکی تریدا دەڵێ: جوانیی یارەکەمم بەچاو دی و، ئەم چاوپێکەوتنەمە هەم لە وریاییدا بۆ هاتە دی و هەم لە خەودا، پێویست ناکا کە ئەم مەبەستە بسەلمێنم و، یا شایەتێ بێنم، من خوام بەتاق و تەنیایی چاو پێ کەوتووە. ئەگەر بڵێی ئەمە کفرە، ئەی ئیسلام کامەیە؟ سینەی بێ کینەم پڕ لە تیشکە و تاریکی لە دڵمدا نەما و دیارە هەموو شتێک لەناو دەچێ، جگە لە خوای مەزن نەبێ، چونکە زمانی کوردیم قسەی خوایە و، ئەگەر دژی دینە، خۆ خوا فەرموویە: دینی خۆم بۆ خۆم و دینی خۆتان بۆ خۆتان.

دییەنم وەچاو، دییەنم وەچاو
جەماڵ دڵبەر دییەنم وە چاو
بێ حجاب لە پشت، بێ پەردە لەناو
هەم لە بێداری، هەم لە دڵەی خاو
لازم نەدارۆ سوبووت و شاهێد
من خودام دییەن وە خودای واحێد
ئەر ما چی کفرەن پەس ئیسلام کامەن
پایەی ئیمانت لە چ مەقامەن
سینەی بێ کینەم مەملوو لە نوور بی
ڕەفع زوڵمەت بی تەجەللیی توور بی



وێش فەرما قازی (من استقضاه)
(کل شی هالک الا وجهه)
لسان کوردیم کەلام حەقەن
واتەی من کەلام حەق موتڵەقەن
ئەگەر موخالف دین موبینەن
(لکم دینکم ولی الدین)ەن

حەیران دیسان لەم بارەوە دەڵێ: من مەست و سەرخۆشی ئەوینی یارم و لەوانەیە کە پەردە لە ڕووی ڕازەوە هەڵگرم و هەموو شتێ بدرکێنم و ڕازی نهێنی هەرچی هەیە دەری خەم و هەموو شتێ بۆ خەڵک ڕوون بکەمەوە تا ڕاستەقینە بۆ مەردوم دەرکەوێ:

من لە عەشق یار، من لە عەشق یار
مەست و مەخموورم من لەعەشق یار
وەقتە هەڵگرم پەردە لە ڕووی کار
بێ حیجاب وە خەلق فاش بکەم ئەسرار
بنمانۆم پێشان ڕاز نیهانی
هەرچ هەس لە پشت پەردەی پەنهانی
پەردە وە پەردە ئەڵگرم یەکجار
فاش بکەم ئەسرار وە خەلق خودا
مەعلووم بۆت پێشان نوکتەی حەقیقەت
کەس نەکەی ئینکار ئەهل تەریقەت
تاکە فارغ بۆن لە گێج گەردوون
تەکیە دەن وەلوتف دەهەندەی بێ چوون
جای درەنگ نییەن کارخانەی باری
مەروێش ژ کەرەم بکەرۆ کاری
سەی سالْح ژ سرِ وەحدەت ئاگاهەن
گوفتەی ئەو کەلام عەبد عەلی شاهەن

ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی حەیران عەلیشا پتر لە باری خواناسی و سۆفیەتییە، هەر ئەو ڕێگایەیە کە حافز و سەعدی و مەولەوی لەسەری ڕۆیشتوون لە پارچە هۆنراویکی تریدا

دەڵێ: ئەی خۆشەویستەکەم! من لەبەر تۆ خاچم خستووەتە ملم و بوومەتە موغ و خەریکی بادەفرۆشیم، دڵم وەکو گوڵاڵە ڕەنگین بووە و وەکو فەرهاد بۆ شیرین لە کێوی بێستوون دام و، ئەویندارەن و گراوان لە مەیخانەکەمدا مەست بوون و بۆ عەزرا بوومەتە وامێق و، لە دەشتی شەیداییدا بۆ لەیلێ وەکو مەجنوونم لێ هاتووە و، وەکو بارام لبادێکم کردووەتە کۆڵ و کەوتوومەتە دەشت و چۆڵ، هەر کەسێک بۆی ئەوین لە ماڵیەوە بێ، گیانم لە ڕێیدا بەخت دەکەم، چونکە من شەیدا و گراوی مێردی بەتوولم و لە ڕێی دین و ئاینەوە دەڕۆم:

زوننار وە دۆشم، زوننار وە دۆشم
من تەرسا بەچەی زوننار وەدۆشم
موغ و موغ بەچەی بادە فرۆشم
پیر پڕ ئیدراک با عەقڵ و هۆش.
کۆی دڵ لالە ڕەنگ بییەن وە هوونم
شیرین و فەرهاد کۆی بێستوونم
عاشقان مەستن گشت لە مەیخانەم
وامق و عەزرای دەور زەمانەم
خەراباتیان مەحو مەفتوونم
لە سەحرای جونوون لەیلێ و مەجنوونم
وێنەی شا بەهرام نمەد وە دۆشم
من لە عاشقان حەڵقە نەگۆشم
چون کۆان خەمم، چون خەدەنگ ڕاسم
خادم پیران کوهنە خەواسم
هەر کەسێ بۆی عەشق بەیۆ لەیانەش
گیانم وەفیدای خشت کاشانەش
پیرە غولامان عاشقان پێش
غەیر لە کەمترین کەس نمەندەن لێش
موحەببەت چاوش عەلەم وە دۆشەن
چوی سوڵتان عەشق هەر نەخرۆشەن
من لە عاشقان زەوج بەتوولم
ماچۆم مەباد نەکەن قەبوولم



من لەی ئاخرە چوی بێ کەماڵان
بووم وە واز گفت وات واتساڵان

دیوانەکەی سەی ساڵح کە نزیکەی دوو هەزار هۆنراوێک دەبێ بەناوی (کنز العرفان) بۆ جاری یەکەم لە ساڵی ١٣٣٦ی کۆچی لە کرماشان لە چاپ دراوە و گەلێ هۆنراوی تریشی بەفارسی و کوردی هەیە کە لەناو دیوانەکەیدا نین.

دڵبەر تۆ کوردی، دڵبەر تۆ کوردی
من تۆ مەشناسۆم مەزانۆم کوردی
ساقی دڵڕوبا بادەی بێ دوردی
وەیەک نیم نیگا دڵ لە من بردی
تۆ تاڵب من، من تاڵب هالەکۆ
پەس مەتڵووب کێیەن تاڵب تۆ
بایەد چون جاڕچی جاڕ بدەم لە نۆ
تاڵب و مەتڵووب بایەد وەی تەور بۆ
(سەی صاڵح) ئانی غافڵ مەو ژ ئەو
دڵبەر بێدارەن هەر تۆ های لە خەو

واتە: ئەی دڵبەر تۆ کوردی من تۆ دەناسم و دەزانم کوردی مەیگێڕی دڵڕفێنی بادەی بێ خڵتی بەیەک نیو نیگا دڵی منت برد تۆ ویستەری من و من ویستەری تۆ ئەی ویستراو کێیە و ویستەر ها لە کوێ دەبێ وەکو جاڕچی سەر لە نوێ جاڕ بدەم ویستەر و ویستراو دەبێ بەو جۆرە بێ (سەی صاڵح) ماوەیێک لە ئەو بێ ئاگا نییە دڵبەر وریایە و هەر تۆ لە خەودای سەی ساڵح لە پارچە هەڵبەستێ ترا دەڵێ: من کورد عاشق مەست و خەرابم تۆ وە عەرەبی مەدەی جەوابم.

(سەی صاڵح) عاشق خواجەی قەنبەرەن
گوفتەی ئەو کەلام ساقیی کەوسەرەن
موشتاق لەقای حەی حەیدەرەن
لەفزی گەوهەر بار ئیمان پەروەرەن

واتە: من کوردی ئەویندار، مەست و سەرخۆشم تۆ بەزمانی عەرەبی وەڵامم دەدەیتەوە (سەی ساڵح) گراو و سەوداسەری خواجەی قەنبەرە قسەی ئەو قسەی مەیگێڕی کەوسەرە ئارەزوومەندی پێگەیشتنی شێری خوایە قسەی وەکو گەوهەرە و بڕوا دەپەروەرێنێ.

سەرچاوەکان


١– کنز العرفان – حیران علی شاه ماهیدشتی – کرمانشاه، ١٣٣٦ی کۆچی.
٢– پارسی گویان کرد – تالیف صدیق صفی زاده – تهران، ١٣٦٦.
٣– یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەحەیران عەلی شا.


## میرزا عەبدولقادری پاوەیی

١٢٦٤–١٣٢٤

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەبدولقادر و کوڕی محەمەد کە بەپێی ئەو بەڵگانەی کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٦٤ی کۆچی لە پاوەدا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و ماوەیەکیش لە کاشتەر و سنە بووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەکاری کشتوکاڵ و خوێندنەوەی پەڕاوی بەکەڵک و هۆنینەوەی هۆنراو بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٢٧ لە تەمەنی شەست و سێ ساڵی لە کرماشاندا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

میرزا عەبدولقادر لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. جگە لە دیوانەکەی کە داگری هۆنراوی دڵداری و ئاینی و کۆمەڵایەتییە، دوو چیرۆکی تری بەناوی «کولە و عاینەمەل» و «ئاسمان و زەوی» بەجوانترین شێوە بەهۆنراو هۆنیوەتەوە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە سەبارەت بەسروشت کە دەڵێ:

شنۆی سەحەرخیز، شنۆی سەحەر خیز
شنۆی سەرکاوان نەسیم سەحەر خیز
وەهار وە رەونەق زمستان وە بێز
مەحرەم وەحەرەم سەرای شای پەروێز
شانای تای توغرای زوڵف تەتاران
هام ڕاز وهام دەرد دیدە خوماران
دەوای ئێش و زام دەروون پڕ دەردان
هام شەریکی دەرد هەناسە سەردان
سا دەخیل شەماڵ تاقەتم تاقەن
دڵ نە مەوج گێج سەودای فیراقەن



جەستەی پەشێو حاڵ شادیی بەتاڵم
پەی دووریی ئازیز وێرانە ماڵم
یاوای (زاوەڵی) ساتێ بناڵە
جەتەنخوایی من پەی کۆی (قەزاڵە)
سەوزان لێلاخ دیارەن جە دوور
(کەل عاشقان)، (زەڵم) و (شارەزوور)
زویری پارچەی وەیس یەمەن ماڵ
قولەی پیر ڕۆستەم (هەیبەت) و (ساراڵ)
توخوا نگا کەر چ خاس دڵگیرەن
چاگە وەیەردی شەماڵ بێمیرەن
جە (بێمیر) بەرشیت (هەوڵی) و (سەراوەن)
سەرمایەی سیحەت حەیات پاوەن
دایم ئارامگەی جەرگەی یارانەن
جای عەیش و نیشات چەم خومارانەن
نازک خەیالان پاسەشان واتەن
(هەوڵی) کەوسەرەن ڕووی سەربیساتەن

واتە: ئەی بای شەماڵ! ئەی هاوڕازی خەسرەوی پەروێز، ئەی شەکێنەری زوڵفی نازاران و ئەی هاوڕاز و هاودەردی چاومەستان، ئەی دەوای ئێش و زامی دەروون پڕدەردان و ئەی هاودەردی هەناسە سەردان. هانا ئەی شەماڵ ئارامم نەماوە و دڵم لە دووریی یار پڕی بووە لە خەم و پەژارە و، بۆ دووریی خۆشەویستەکەم ماڵم وێرانە. دەسا کاتێ گەیشتیتە (زاوەڵی) و لە کێوی (قەزاڵە)وە تێپەڕت کرد، شیناوەردی لێلاخ و (کەلی عاشقان) و (زەڵم) و (شارەزوور) لە دوورەوە دیارە، لووتکەی (پیرڕۆستەم) و (هەیبەت) و (ساراڵ) چاک تەماشا کە بزانە کە چەندە دڵگیرە، ئەوسا دەگەیتە سەرچاوەی هەوڵێ کە شوێنیکی زۆر خۆش و بەرژەوەنداری شاری پاوەیە و ئاوەکەی سازگارە و دەڵێی کەوسەرە. لە پاشا دەڵێ:

ساتێ ساکن بەر ئەمجار وە ڕاسی
مەبۆ تۆ قیبلەم بەی تەور بشناسی
جەو دوما ماوەر عوزر و بەهانە
نامش وەشەش حەرف نەی فەردەزانە

پەری دەستوورەن مەلایک زادە
خاوەن سپا و سان تەمام ئامادە
عەنبەران سەف سەف چنووران چین چین
کەردەن وەپەرچین دایرەی جەمین
گێسوو چون کەمەند قەترانی زەنگی
چون حەڵقەی ئەرقەم هەژدەهای جەنگی
دوو دیدەی مەخموور ڕشتەی ئیلاهی
مەر چەرخنای چەم شاباز شاهی
گۆناش گوڵ سوور نامانش نەخەو
مەگەر ڕشتەی باڵ لەعل کەیخەسرەو
دەم غونچەی نازک وەشبۆی وەش عەبیر
زنج تۆپ زەڕ هۆرکەندەی کشمیر
گەردەن چون بلوور ئاینەی بێ گەرد
جای تین چون ئاو حەیاتەن پەی دەرد
سینە سینەی بەت لای چین ئاوان
پەرەستووی نازک نەرم سەرکاوان
بدیە ئەر خورشید کەم کەرد شۆڵەی وەر
ئانە ئەو جە بورج خاوەر کێشان سەر
دەخیل نەگنۆت سەر، هەوای سەرکەشان
ئی نامە و نیشان جەیادت نەشان
جەو ساعەت مەشی مەیاوی پابۆس
چەم شاد کەر وەگەرد پاکی پالای دۆس
ئەڵبەت مەپەرسۆ ها چێشەن شەماڵ
پەی چێش ئامانی چێش پێتەن ئەحواڵ
واچە قەیسەکەی وێڵ تۆ ئاساکە
فەرهاد خەستەکەو مەجنوون ئاساکە
دێوانەکەی وێت دڵ ناشادەکە
خەستەی نا ئومێد ڕەنج وەبادەکە



زام زەدەی خەمان جگەر پارەکە
جەم جەئەسرین کەیل بێ قەرارەکە
یا مەلهەم یا مەرگ مەسپارۆت بەدەست
باوەر بماڵەش نە جای زام خەست
«قادر» تا زیندەن غەم نە خەیاڵەن
جان فیدای لەیلەن، بەندەی شەماڵەن

واتە: لەوێدا کەمێک ڕاوەستە و یارە خۆشەویستەکەم بدۆزەرەوە ناویشی پەریزادە و ناوونیشانێکی تری ئەوەیە کە پەرچەمی یارەکەم ڕەشە و لوولی خواردووەتەوە و بوون بەپەرژین بۆ ڕوومەتە جوانەکەی و، چاوە جوانەکەی مەگەر چاوی شاباز لاسایی بکاتەوە و، گوڵی سوور ناگاتە جوانیی کوڵمە ئاڵەکەی، دەمی وەکو خونچەی تازە پشکووتوویە، ئەگەر خۆر بێ تین بوو، ڕوومەتی ئەو دەردەکەوێ. شەماڵ پێی بڵێ کە یارە شێتەکەت هەموو دەم فرمێسک دەڕێژێ. ئەویش یا مەڵهەم و یا بادەی مەرگت پێ دەدا کە بۆم بێنێ، ئەگەر مەڵهەمی پێت دا ئەوا بیسوە بەبرینەکانمدا و با ساڕێژ بنەوە و، «قادر» تا زیندووە گیانی لە ڕێی یار بەخت دەکا و دەبێتە بەندەی شەماڵ.

سەرچاوەکان

١– دیوانی میرزا عەبدولقادری پاوەیی – پاوە، ١٣١٢.

## بابە جانیی بۆرەکەیی

١٢٥٦–١٣٣٧

ئەم هۆنەرەمان کە ناوی جانی و کوڕی پەروێز بەگی بۆرەکەیییە، بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان، لە ساڵی ١٢٥٦ی کۆچی لە دێی ئەحمەد ئاوای هەوشاردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا لە لای مەلای دێیەکەیان خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا بەفەقێیەتی زۆربەی شوێنەکانی کوردستان گەڕاوە و ماوەیەک لە بانە بووە و ماوەیەکیش لە سابلاخ ماوەتەوە و پاشان لە سنە لە مزگەوتی «دار الاحسان» خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و ئەوسا ڕۆیشتووەتە خانەقای سەی نەجمەدین و خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک و وانە وتنەوە بووە و چەند ساڵێک لەوێدا ماوەتەوە و ئەوسا باری کردووەتە دێی داش قسقاپان و بەم چەشنە پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٣٧ لە تەمەنی هەشتا و یەک ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە.

بابە جانی بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار و، لە هۆنینەوەی هۆنراودا پەیڕەویی لە هۆنەرانی وەکو: میرزا شەفیع و خانا و ئەڵماس خان کردووە و هۆنراوەکانیشی بەڕاستی تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن و، سەریان کێشاوەتە دەرگای هەموو چەشنە هۆنراوێکەوە: دڵداری، ئاینی، ستایشی.

بابە جانی وەکو زۆربەی هۆنەرانی تر شەیدای دیمەنی چیاکان و کێوەکانی کوردستان بووە، لە پاڵ ئەمانەشەوە شۆخوشەنگیی زلێخای خۆشەویستی ئەوەندەی تر ئاگری کورتژمەکەی خۆش کردووە. لە تافی جوانیدا دڵی چووە لە کیژێکی جوان و پێکەوتوو بەناوی زلێخا و، ئەوینی ئەو کیژە وای لێ کردووە کە لە دەریای هۆنراودا ببێتە مەلەوان و لەگەڵ ئەوەشدا وەکو پەپوولە بەدەوری شەمی بالاکەیدا گەڕاوە و لەشی خۆی پێ سووتاندووە و، بەم چەشنە ئەو کیژە بووەتە هۆی هەڵقوڵینی سەرچاوەی هۆنراوی، بۆیە بەم چەشنە ڕووی تێ دەکا و دەڵێ:

قیبلەم جە هۆشم، قیبلەم جە هۆشم
مەر ئەوسا نامت بەرشۆ جە هۆشم
سەنگ ڕووی ئەلحەد بار بۆوە دۆشم
جامەی مەرگ و مەوت وەتەن بپۆشم
دیدەم بگێران پەردەی سیا تەم
کۆگای خاک و سەنگ باربۆ وە جەستەم
جەم بۆ جواناو نە چاڵ تینیم
ئەجەل بۆی مەمات بدۆ وەبینیم
خەریک بام نەگۆڕ سیای زوڵمانی
بەرشۆ جە تەریق ڕای زیندەگانی
تا زیندەی دەورم حەڵقەگۆش تۆم
وە ئارەزووی وەسڵ شەهد نۆش تۆم
خەیاڵ وەسڵت زیندەگانیمەن
فیکرت عەیش و زەوق کامەرانیمەن
ئیشارەی ئەبرۆت خەڵات بەخشمەن
دۆستیت تا مەحشەر جەدڵ نەخشمەن
نیم نیگای نازت مایەی عەشقمەن




یادت تا بەرۆی مەمات مەشقمەن
تای گێسوانت ڕشتەی شەوقمەن
زوڵفت خەیاتەی بەقیەی زەوقمەن
موژانت ناوک خوونی جەرگمەن
سەرتابەدامان هوونین بەرگمەن
دیدەت پیاڵەی جورعە نۆشمەن
بینیت سەرمایەی سەبر و هۆشمەن
لەبانت گەوهەر شەوچراغمەن
جەمینت گوڵزار غونچەی باغمەن
سینەت سیم ساف تۆی خەزانەمەن
لیمۆت شەمامەی عەتر یانەمەن
بالات سەهی سەرو بۆستانمەن
ڕوخسارت لالەی گوڵستانمەن
شەرارەی شەوقت نە دەروونمەن
دڵ غەرق گرداو مەرج هوونمەن
نە خورد و نە خاو نە قەرارمەن
جە جەور هیجران تۆ هاوارمەن
شەوان تا سەحەر هەر فەریادمەن
وە مەتای غەمان خاتر شادمەن
زەدەی مەینەتان ئێش زامەتم
پەرێت سەرگەردان تا قیامەتم
تەن وە خار خەم سەودات پێکیان
جە عەشق بالات بێزارم جەگیان
«جانی» زەدەی زام شەست تیرتۆن
تا بەڕۆی مەردەن هەر ئەسیر تۆن

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! تۆ هەر هایتە بیرما و ناوی تۆ لە دڵم دەرناچێ، مەگەر ئەو ساتەی کە بەرد بخەنە سەر گۆڕەکەم و بانم داپۆشن و کۆگای خاک و بەرد ببێتە باری لەشم و لە گۆڕی تەنگ و تاریکدا بمێنمەوە و، تا زیندووم بەئارەزووی هەنگوێنی لێوەکانتم

و دۆستیت تا ڕۆژی پەسلان لە دڵمدا نەخشی بەستووە و نێونیگای نازت مایەی سەودا و ئەوینمە و، چاوانت پیاڵەی بادەمە و لێوانت گەوهەری شەوچرامە و تۆێڵت گوڵزاری غونچەی باخمە و لیمۆت شەمامەی بۆن خۆشی ناو ماڵمە و کەچی ئەمە حاڵمە و، ڕوومەتت گوڵاڵەی گوڵستانمە و بالاَت سەوڵی بێستانمە، بەجارێ ئارامم لێ بڕاوە و لە دووریی تۆدا شەو تا بەیانی هەر دەناڵێنم و، بۆ تۆ تا ڕۆژی دوایی هەر سەرگەردانم و، بەهۆی ئەوینتەوە لە گیان بێزارم. «جانی» تا مردن هەر دیل و ئێخسیری تۆیە.

بابە جانی بەو جۆرە سکاڵا و دەردی دڵی خۆی هەڵڕێژاوە، بەبێ ئەوەی بێڵێ کە گەردێ بنیشێتە دڵی یارەکەی و، بەم چەشنە لەگەڵ یارەکەیدا دەکەوێتە ڕاز و نیاز و بەباڵای یارەکەیدا هەڵدەڵێ و دەڵێ:

زڵێخام ماتەن، زڵێخام ماتەن
مانگ و وەر هەردوو جە شەوقت ماتەن
مانگ پەی دوو ئەبرۆت ڕوو نە زوڵمان
نیم نیگات پەی من داو نەهاتەن
دەهانت چەشمەی ئاو حەیاتەن
هەناسەت بۆی عەتر عەنبەر سفاتەن
سەرگۆنات سەرگوڵ غونچەی باغاتەن
بینی ئەلف تار مەشقس خەتاتەن
دیدەت شەڕئەنگێز ڕووی سەر بساتەن
موژەت سەهەندسا و فەرەنگ ولاتەن
لەبانت چون شەهد شیرین نەباتەن
دندان مرواریی بەحر ڕۆماتەن
زنجت تەلاتەرز زەرد چون تەلاتەن
چای زەنەخ هارووت، ماروت تێ ماتەن
غەبغەب سپی و نەرم چون قاقماتەن
گەردن مینایی ئاو حەیاتەن
سەرم سەرگەردان بەژن بالاتەن
ئەرواحم حەیران ئاڵ والاتەن
ڕەنگ زەردیم جە خۆف غەمزەی نیگاتەن
زافیم جە خەشم غەمزەی غەزاتەن



سورمەی دیدەی من گەرد جای پاتەن
سەرم سەرگەردان توفەیل ڕاتەن
جەوپەی دڵ خەریک شەرت وەفاتەن
«جانی» دەردەدار دەواش جەلاتەن

واتە: مانگ و خۆر هەردووکیان لە ڕووناکیی زڵێخای خۆشەویستم ماتن، مانگ بۆ دوو برۆت وەکو تاریکییە و نیو نیگات بۆ من داوی نەهاتە، دەمت سەرچاوەی ئاوی ژیانە و، هەناسەت بۆنی خۆشی وەکو عەنبەرە، سەرگۆنات سەرگوڵی غونچەی باخەکانە و، چاوت شەڕفرۆشە و لێوانت وەکو هەنگوێن شیرینە و دیانت وەکو مروارییە، سەرم سەرگەردانی بەژن و باڵاتە و، ڕەنگ زەردیم لە ترسی لەنجە و نازتە. جانی دەردارە و دەواکەشی لەلای تۆیە.

وەکو دەگێڕنەوە جانی زڵێخای خواستووە و لە پاش ئەوەی ماوەیەک لەگەڵیدا ژیاوە، زڵێخای خۆشەویستی کۆچی دوایی کردووە و ئەویش بەهەناسە ساردی و بەباری خەم و پەژارەوە، سۆز و کڵپە و دەردی دەروونی سەبارەت بەمەرگی خۆشەویستەکەی بەم جۆرە دەربڕیوە کە دەڵێ:

گڵکۆی تازەی یار، گڵکۆی تازەی یار
یەک ڕۆشیم وەسەیر گڵکۆی تازەی یار
نە پایە مەزار لەیل وەفادار
نەدیدەم ڕێزان ئەسرینان هەزار
شیم وە سەرینش بەو گرینەوە
بەو دیدەی نمناک پڕ ئەسرینەوە
وەفوارەی ئەسرین وەدڵەی پڕ ئێش
واتم ئەی دڵسۆز قەیس جەفاکێش
لە کێ تۆریاگی سەوڵ خاترتەڕ
موبارەکت بۆ یانەی بێدی و بەڕ
ڕەفیق دڵسۆز شەوان تا بەڕوم
مەر نمەزانی من مەجنوون تۆم
سەرهۆردار نە خاو سەوڵ خاترتەڕ
نیگاکەر وە حاڵ قەیس ئاخر شەڕ

بێکەس و بێوەر نە یانەی خاپوور
سەر لێم شێویاگەن وێنەی قاز کوور
وەڕۆژ وە ڕۆ ڕۆ وە شەو نە شینم
کۆر نەبۆ وە حاڵ جەستەی غەمگینم
سەروازەن زوخاو نەڕووی زام سەخت
کەیلەن نەباڵێن مەجنوون بەدبەخت
ناستت سارێش بۆ زامەکەی شاپوور
نەشتەردای نەزام نەسرەفتەی ناسوور
جەوساوە نیای سەر وە سای گلکۆ
زامان قەدیم گشت ئامان وەسۆ
سەد ڕەحمەت لە قەور فەرهاد دڵڕێش
چون شنەفت وەگۆش مەرگ یارویش،
ئەڕوا وەمەزەی تێغ ئەڵمانس کەرد
نەدەست مەینەت خاس وێش خەڵاس کەرد
من پەی مەینەتان سەرکۆنەوتانە
زیندە مەگێڵۆم نە ڕووی زەمانە

واتە: ڕۆژێکیان چوومە سەیری گڵکۆی یارەکەم، لە پای گۆڕی ئەو یارە ئەمەگدارەدا، فرمێسکم بەخوڕ دارێژا و وتم ئەی دڵسۆزی قەیسی مەینەتبار، ئەم خانووە پیرۆزت بێ لە کێ تۆراوی ئەی هاودڵی دڵسۆزی شەو و ڕۆژم، مەگەر نازانی من شێت و شەیدای تۆم، سەر بەرزکەرەوە ئەی سەوڵی دڵتەڕ، تەماشای حاڵی من بکە کە بێ کەس و بێوەر لە ماڵێکی ڕووخاوا بەسەرلێشێواوی دەژیم، بەڕۆژ بەڕۆ ڕۆ و بەشەو شیوەن دەکەم، تۆ نەتهێشت کە زامەکەم سارێژ بێتەوە کەچی نەشتەرت دا لێ و پتر برینەکانمت کولاندەوە، لەو کاتەوە کە سەرت ناوەتە ناو گۆڕ، زامەکانم هاتوونەتە سۆ، بەڕاستی فەرهاد چاکی کرد، کاتێ هەواڵی مەرگی یارەکەی بیست بەقوڵنگ دای لەسەر خۆی و خۆی لە مەینەتی ڕۆژگار ڕزگار کرد، من ئێستا بۆ مەینەت و سەرکۆنەی ئەم و ئەو ماومەتەوە.

وەکو لە پاش ماوەیەک بابە جانی دیسان کەوتووەتە داوی ئەوینەوە و گراو و سەوداسەری کیژێک بووە بەناوی شیرین و شیرین بەتەواوی هەست و هۆشی جانیی بردووە و بڵێسەی ئەوینەکەی بەجۆرێ بەرز بووەتەوە کە هەست و هۆشی لێ سەندووە و بەم چەشنە ڕووی کردووەتە یارەکەی کە دەڵێ:



شیرین دامەچۆ، شیرین دامەچۆ
نەونەمام نۆ شیرین دامەچۆ
کافر موطڵەق بێ دین دامەچۆ
وەی کەر شەڕئەنگێز پڕ قین دامەچۆ
ئەی جەیران دیدە، ئاهووی بەڕ مەچۆ
وەنەوشە و سوسەن، لوولوو پەڕ مەچۆ
نەرگس و ڕێحان یاسەمەن مەچۆ
لالەی شەقایق گوڵ چەمەن مەچۆ
باڵا عەرعەری توول تەڕ مەچۆ
گەردن سوراحی شاخ زەڕ مەچۆ
ئەبرۆ چون کەمان دیدە باز مەچۆ
دندان مرواری شەکەر ڕاز مەچۆ
خواجەی یەمەن شار عەنبەربار مەچۆ
ڕەهزەن قاتڵ ڕاویار مەچۆ
تافتەی سەوز نەپێڵ سەروین لار مەچۆ
هاوار وە یانەم هەی هاوار مەچۆ
فەرهاد نە ڕابەر، شیرین تەرز مەچۆ
سەوڵ سایەدار باڵا بەرز مەچۆ
حەڵقەی کەمەندان سەوز دێز مەچۆ
تورک تیرئەنداز شەڕئەنگێز مەچۆ
مەجنوون لێوەکەر لەیلا ڕەنگ مەچۆ
کەمەر سەراوێز شۆخوشەنگ مەچۆ
سەرتاپا بێ عەیب نەونەمام مەچۆ
جەللاد قاتڵ پەری سام مەچۆ
هەرچەند کەلالام من بەدەردەوە
شیرین بێ مۆڵەت لاش نەکەردەوە
سەرتا وە دامان یەخەم کەردم چاک
مەدهۆش بی جە عەشق، کەفتم نەڕووی خاک

واتم ئەی یاران وەخت یارییەن
فکرێ پێم کەران دەردم کارییەن
«جانی» بەناڵە وەی گشت دەردەوە
نازار نە بەختت لاش نەکەردەوە

واتە: شیرینی خۆشەویستم شەڕفرۆشە و چاوی وەکو چاوی ئاسکە و بەژن و باڵای بەوێنەی وەنەوشە و سۆسەن و لیلۆپەڕ و نێرگس و ڕێحان و یاسەمەنە، باڵای بەرزە و ئەبرۆی وەکو کەوانە و دیانی وەکو مروارییە و پیاوکوژە و سەروێن لارە و وەکو شیرین فەرهاد لە ڕێ دەردەکا و وەکو لەیلا مەجنوون شێت و لیوە دەکا و، من داوام لێ کرد کە نەڕوا و بێتە لامەوە و، هەر چەندە لێی پاڕامەوە و پێم وت: مەڕۆ، کەچی لای لێم نەکردەوە و منیش سەرتاپای یەخەم دادڕی و بێهۆش کەوتم و کەوتمە سەر خاک و وتم: ئەی یاران کاتی یارییە و کارێکم بۆ بکەن کە دەردم کارییە و، جانی بەو هەموو دەردەوە، هەرچەندە پاڕایەوە، شیرینی نازارم لای نەکردەوە.

بابە جانی ئەو پەردە دادەداتەوە و دەست دەکاتە پەند و ئامۆژگاریکردنی خەڵک و لە پارچە هۆنراوێکیدا دەڵێ: ئەی یاران! ئەم جیهانە ئەمەگی نییە و وەکو گەردەلوول دێت و دەچێت و قەت بەجیهان مەنازن و زۆر فێڵەبازە، بەفرۆفێڵ فریوتان دەدا و دەتانخاتە داو، ئەوەش دەبێ بزانن کە مەرگ لە ڕێماندایە و دەبێ لە ڕێی خواوە بڕۆن و بۆ چاکە تێ کۆشن، وەکو دەڵێ:

یاران ئی دنیا وەفا نەدارۆ
گەردە لوول ئاسا مەیۆ مەویەرۆ
دنیای بێ بنیاد فتنەی پڕفتوور
هەر کاتێ زانای یەکسەر بی خاپوور
ئی دنیا پووچەن وەنەش مەنازی
مەککارەی پڕ فەن مەدەرۆت بازی
بەفەندورەندی مەوزۆت نەتۆڕ دام
مەبەرۆت وە خاک ئاخر سەرئەنجام
یەقینەن یاران مەرگ ها نەرێمان
کارسازی تۆشەی ڕای عوقباکەران
ڕاگەکەی تاریک دوورەن بێ پایان
جەهد و جەخت کەران دەخیلم یاران



تەمەن، دووکەڵەن، گەردەن، غوبارەن
گەردەلوول سەخت شەرارەی نارەن
چۆڵەن، هەڵەتەن، سەختەن، دشوارەن
خارەن، خاشاکەن، عەقرەبەن، مارەن
شۆرەن، شۆرشەن، هەوڵەن، هاوارەن
شینەن، شیوەنەن، زارەن، زگارەن
فرمێسکەن، ئەشکەن، جۆشەن، تاریکەن
کەس کەس نەدینەن ئەو ڕا باریکەن
لێلاوەن، هوونەن، زووخەن، زوخاوەن
هاوارەن، دادەن، گەرمەن، بێ ئاوەن
خەفەت خێزانەن، کزەی سۆزانەن
غەمەن، خەفەتەن، دڵ گورێزانەن
بکەران تۆبە، یاران وە ئیخلاس
چون نە پرد سەخت نمەبۆن خەلاس
خەلافش نییەن هەر چێوم واتەن
بیللا ئی دنیا مایەی نەهاتەن

دیوانەکەی بابەجانی کە نزیکەی دوو هەزار هۆنراوێک دەبێ بەهۆی نووسەرەوە کۆکراوەتەوە، بەڵام لە چاپ نەدراوە.

سەرچاوەکان
١- دیوانی بابەجانی بۆرەکەیی - کۆکردنەوەی صدیق بۆرکەیی - تاران، ١٣٥٨.
٢- تەڵای دەستەوشار - نووسراوی صدیق بۆرەکەیی- تیکانتەپەی هەوشار، ١٣٤٦.
٣- بەیازێکی کۆن کە سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.

# مەلا مارفی کۆکەیی

١٢٥٦-١٣٦٦

ئەم هۆنەرەمان ناوی مارف و کوڕی برایم و نازناوی کۆکەییە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٥٦ی کۆچی لە دێی حاجی خۆشی ناوچەی شارویراندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە سەردەمی منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەفەقێیەتی گەڕاوە و ماوەیەک لە سابڵاخدا بووە و ئینجا چووە بۆ بانە و لە پاشا ڕۆیشتووەتە سلێمانی و لە خانەقای مەحویدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ زێد و مەڵبەندەکەی خۆی پاشان لەبەر تەنگوچەڵەمەی ڕۆژگار و دەستکورتی و هەژاری باری کردووەتە دێکانی دەروێشان و شاری کەند و قەرەگوێز و قاجر و کۆکە و سەرەنجام چووەتە شاری سابڵاخ و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٦٦ لە تەمەنی سەد و دە ساڵیدا کۆچی دوایی دەکا و دەنێژرێ(١).

مەلا مارف تا دەگاتە دەوروبەری تەمەنی سی و پێنج ساڵی خۆی بەخوێندنی زمان و وێژەی عەرەبی و فارسی خەریک کردووە و لە پاشا ژنی هێناوە و کەوتووەتە ناو تەنگوچەڵەمەی ژیانەوە و بەم دێ و ئەو دێدا سووڕاوەتەوە و سەرەنجام لەبەر بێ نەوایی و هەژاری بار دەکاتە سابڵاخ و لەوێدا لە مزگەوتی شادەروێش خەریکی دەرز وتنەوە دەبێ و بەداخەوە لە ئاخر و ئۆخری ژیانیدا بینایی خۆیشی لەدەست داوە و خانەنشین بووە و خێرەومەند خێریان پێ کردووە تا کۆچی دوایی کردووە.

مەلا مارف هۆنەرێکی بەرز بووە و لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی لە سێ پەردەدا دەردەکەون: کۆمەڵایەتی، نیشتمانی، ئاینی. زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەر شێوەی کۆن داڕێژراون و پتر لاسایی هۆنەرانی کۆنی کردووە و پەیڕەویی لەوانەوە کردووە، بەڵام گەلێ مەبەستی تازەشی بەدی هێناوە و، هەندێ جار مەبەستێکی تازەی کۆمەڵایەتیی هێناوە و بەهۆنراو خستوویەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

هۆنەر لە پارچە هەڵبەستێکیدا باسی بەدبەختی و هەژاریی خەڵک دەکا و چۆنییەتیی هاڵ و هەواڵی مەردوم پیشان دەدا و لای وایە هەمووی بەدبەختی و ڕۆژە ڕەشیی خەڵک لە

(١) سەبارەت بەمێژووی لەدایکبوون و مردنی مەلا مارف جیاوازیی بۆچوونی هەیە. مامۆستا عەلائەدین سەجادی ساڵی لەدایکبوون و مردنی ئەوی ١٢٩٣–١٣٦٦ی کۆچی داناوە و، سەیدیانی مەهابادی ساڵی ١٣٦٤–١٢٥٣ی کۆچی بۆ داناوە، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی زۆر کە بۆمان دەرکەوتووە، مەلا مارف لە سالانی ١٣٦٦– ١٢٥٦ی کۆچیدا ژیاوە.



بێ زانستییە و ئەگەر خەڵک بەدووی زانستدا بڕوا، دیارە هەموو پێشڕەوت دەکەن و بەئامانج و ئارەزوو دەگەن، وەکو دەڵێ:

کەسێ غەواسی بەحری عیلم و عەقڵ و فەزڵ و جەوهەر بێ
دەبێ سینەی، سەفینەی عەزمی وەک سەدی سکەندەر بێ
کەسێ مەیلی خەزینەی گەنجی ئەسراری نیهانی بێ
دەبێ مەردی تەعام و حەوت خوانی شێر و ئەژدەر بێ
کەسێ تاڵب بەنێو و شۆرەت و ڕوشد و شەجاعەت بێ
دەبێ ئامادە بۆ شمشێر و تیر و زەربی خەنجەر بێ
کەسێ مەیلی بەبەردان و برانی خوێنی فاسد بێ
دەبێ ئەووەڵ قەدەم ڕازی بەئێش و نێشی نەشتەر بێ
چ باکێکی لە تیر و تەعن و لۆمەی یار و ئەغیارە
کەسێ عاشق بەتاقی قەوسی ئەبرۆی یار و دڵبەر بێ
چ کارێکی بەوەعز و ممبەر و میحراب و مزگەوتە
کەسێکی مورشدی مەیخانە یا ڕەند و قەلەندەر بێ
کە من ڕووتم بەمن چی گەر لباسی عالەم و دونیا
هەموو دیبا و ئەتلەس یانە دارابو و موجەسسەر بێ
کە من شاهی وجوودم ماتی بەیتول حوزنی وەجدەت بێ
بە من چی گەر هەموو دونیا نزام و تۆپ و عەسکەر بێ
کە من جامی شەرابم پڕ لە ژەهری مار و ئەقرەب بێ
بە من چی شەربەتی تۆ پڕ لە شیر و شەهد و شەکەر بێ
عەزیزم عەزمی هیممەت شەرتە، بۆچی هێندە مەئیووسی
دەبێ شاعیر قەوی قەلب و مەتین و سینە دەفتەر بێ

لە پاشا هەر لە باری کۆمەڵایەتیدا دیسان داوا لە خەڵک دەکا کە بۆ فێربوونی زانست و پیشەسازی ڕاپەڕن و خۆیان لە تەمەڵی و تەوەزەلی لادەن و لەناو یەکدا بەڕاستی و دروستی و برایەتی ژیان بەرنە سەر و بەرەو ژیانێکی نوێ پێش کەون، وەکو دەڵێ:

ئەی میللەتی مەزڵوومی فەقیری دەسەوستان
بێ عیلم و مەعاریف وەکو ئەتفاڵی دەبوستان

ئەی بێ بەش و بەهرە لە ئازادی و شادی
مەحرووم و عەقەب کەوتە وەکو کوێر و نوقستان
بۆ بێ خەبەرن دەوری جەهالەت سپەری بوو
بێ نوورە چرای جامعەیی بادە پەرستان
ئەم تەمبەڵی و غەفڵەت و ئەم خەوتنە تاکەی؟
عالەم هەموو بێدارە لە خەو جوملە هەستان
زۆر عەیبە گەلێ عارە کە ئەم قەومە نەجیبە
مەشهوورە بەشەجاعەت هەموو وەک ڕۆستەمی دەستان
ئەم جەهل و نفاق و حەسەد و بوغزە هەتاکەی؟
دەخولێنەوە تاکەی وەکوو دێوانە و مەستان؟
بیشۆنەوە پێم چاکە بەسابوونی سەداقەت
ئەم چڵکی نیفاقە لەدەم و چاو و لە دەستان
ئیقدام و قیامێکی بکەن ڕوو بەسەنایع
هەر بۆ مەیە تەنیا کە بەهار بۆتە زمستان
خار و خەسی زیللەت لە ڕەگ و ڕیشە دەرێنن
بیکەن بەگوڵ و گوڵشەن و گوڵزار و گوڵستان
ئەورۆ کە لە فەنن و هونەر و عیلم و سەنایع
هەر کوردە کە بێ حسەیە باقی هەموو وەستان
بڕوانە لە نووری هونەر و شەمعی مەعاریف
تاریکە شەویش ڕۆشنە بووەتە قەمەرستان
شاعیر وەرە قوربانی قەریحە و قەڵەمت بم
بینووسە لە بۆ ئاکرە و ئامێد و لوڕستان
باوەندی و سەنجابی و ئافاقی جەنووبی
بۆ کوردی پەراگەندە لە گەرمێن و لە کوێستان
بۆ میللەتی بێچارەیی بێ ساحیب و سەردار
بە خسووس تەبەقەی کوردی عێراق و عەجەمستان
بۆ ئاتیە فیکرێکی بکەن فرسەتە ئەورۆ
تاکەی دەبنە چاو لەبەر و ئاڵەتی دەستان



هۆنەر بەم جۆرە لەناو کۆمەڵدا هاتوچۆ دەکا و ئەوسا دێتە سەر باسی خۆی و بەدبەختی و ڕۆژە ڕەشی و هەژاری خۆیدا هەڵدەڵێ و مەبەستیشی ئەوە بووە کە بڵێ: نەوسی خراپ کە ئەگەر ڕوو بکاتە مرۆ، تووشی هەموو گونا و کارێکی خراپی دەکا و بنیادەم دەبێ لە هەموو کاتێکدا هۆشی بەخۆیەوە بێ و گوێی پێ نەدا، وەکو دەڵێ:

مووددەتێکە نەفسی بەد حوکمی خراوم لێ دەکا
هەر بەقەهر و کینە دەڕوانێت و چاوم لێ دەکا
جار بەجار دەگری و دەناڵێ هەروەکوو هەوری بەهار
گەه بەخەندە و پێکەنین، دێت و سڵاوم لێ دەکا
یەک سەعات و یەک دەقیقە دەس لە من هەڵناگرێ
ڕوو لە هەر لایێ دەکەم هەر قاوەقاوم لێ دەکا
بۆ خەرابات و کلیسا و مەسجد و دەیر و کەنشت
دەمرەفێنێ ئەم سەگە، سەد گورگە ڕاوم پێ دەکا
هەرچی تەفرەی لێ دەدەن، وەعدە و وەعیدی پێ ئەدەم
ناسرەوێ تەکلیفی قوڕ و بن دڕاوم لێ دەکا
ڕۆژی شیرینم نەماوە، کاتی ترش و تاڵییە
وەک مناڵ دەگریت و داوای شەکری خاوم لێ دەکا
من لەبەر عەجز و پەرێشانی کە هیچ نوتقم نییە
ئیدیعای ئەشعار و بەیت و بەندوباوم لێ دەکا
من بەناری دڵ دەبرژێنم کەبابی جەرگی خۆم
ئەو بەوەش رازی نییە داوای پڵاوم لێ دەکا
هەرچی فیکری لێ دەکەم ڕێگەی خەلاسیم بۆ نییە
بەم چلەی زستانە داوای تاو و ساوم لێ دەکا
دەچمە ماڵێ، ماڵ و منداڵ دێن و دەورم لێ دەدەن
یەک تەمەنای قەند و چا، یەک نان و ئاوم لێ دەکا
ڕوو لە بازاڕیش دەکەم ئەم جارە ئەربابی تەڵەب
هەر کەسێ تووشم دەبێ، داوای دراوم لێ دەکا
دەچمە سەر چۆم و خیاوان یەک نەفەس ئاسوودە بم
شارەوانی حازرە و داوای کڵاوم لێ دەکا

دەردی بەدتر لەم هەموو دەردانە دەردی پیرییە
جەرگی لەت لەت کردووم داوای هەناوم لێ دەکا
سەیری خۆشتر من کە مەعرووفم لە نێو ئەم شارەدا
تازە ئیحساییە داوای ئیسم و ناوم لێ دەکا
هێندە گریاوم لە نێو چاوم نەما فرمێسکی خوێن
زاڵمەی بێ ڕۆحمە داوای خوێنی چاوم لێ دەکا

هۆنەر لە هۆنینەوەی هۆنراوی ئاینیشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە، چەند بەجۆش و خرۆشەوە لە پارچە هەڵبەستێکدا ستایشی خوای تاق و تەنیای کردووە و، بەرزی خەیاڵەکەی لەوەدایە کەمتر هۆنەرێک بەم جۆرە خەیاڵە لە ستایشی خوادا تێ هەڵچووە و، هۆنراوەکانیشی بەپوختی و جوانی هۆنیوەتەوە وەکو دەڵێ:

هەچی زەڕراتی عەرز و ئاسمانە
کوراتی، بەر هەتاوی، لانساری
لە دێڕی ڕووپەڕەی دەور و زەمانی
بەهەر نەخشێ تەماشاکەم دیاری
عەزیزی تۆ لە هەر لا خۆشەویستە
زەلیلی تۆ بەکەس نایێت قوتاری
گوڵستان و گوڵ و گوڵزار و گوڵشەن
نەی و شمشاد و سەرووی جۆیباری
نەواو و ناڵەو و گریانی قومری
فغانی بوڵبوڵی سەر شاخساری
زریوەی مەل، لەسەر پەل یا لەسەر گوڵ
چریکەی هودهود و سەوتی هوزاری
سەلاو و حەق حەقی مورغانی یا حەق
کە دەنگیان دێ لەسەر عوودی قوماری
هەموو تاریفی زاتی پاکی تۆیە
دەمێ ئەکەن بەخەندە و گەه بەزاری
بەلووتکەی شاخەوە و نووچکەی چیاوە
ئەخوێنێ کەبکی مەستی کۆهساری



بەهەر نەظم و بەهەر وێنە و عبارەت
هەموو ئیقرار ئەکەن پەروەردگاری

هۆنەر کە زۆربەی هۆنراوەکانی کۆمەڵایەتی و ئاینین، لەگەڵ ئەوەشدا هۆنراوی دڵداری هۆنیوەتەوە و لەم مەیدانەشدا ئەسپی خۆی لنگ داوە، لەوێدا یارە خۆشەویستەکەی بەتیری برژانگەکانی دەیپێکێ و دڵی دەخاتە داو و بەم چەشنە بەکەمەندی یارەکەی دەکەوێتە بەهەشتی ژینەوە، وەکو دەڵێ:

تەماشا ئەمڕۆ فەرمانی، عەجەب فەرخوندە شایەکە
بنۆڕە سەقفی موژگانی عەجەب تیپ و سپایەکە
لە تاقی قەوسی ئەبرۆی دەم بەدەم سەهمی حەوادس دێ
عیلاجی ناکرێ بۆ کەس عەجەب بورج و قەڵایەکە
هەتاکەی کونجی تەنهایی وەرە زاهد تەماشاکە
کە خەیمەی شای شەکەر لێوان چ قەسر و بارەگایەکە
کە حوسنی یار و ئەغیارم لە میزانی خەیاڵم دا
بە دڵ دیتم هەموو لایەک کە ئەو تەنیا لە لایەکە
خەزینەی ڕوومەتی لەعلی، لەب و سیمی زەنەخدانی
گوتم بێ تۆ خودا بیدا عەجەب گەنج و تەلایەکە
دڵی خستوومە قەیدی، خەتی قەفڵی خاڵی لێ داوە
سپاسی لێ ئەکەم بەه بەه عەجەب سەیر و سەفایەکە
کە عاجز بووی لە گۆشەی تەنگ و تاریکی دڵم فەرموو
وەرە سەر سەتحی چاوم، چاوەکەم خۆش جیلوەگایەکە
مەچۆ نێو خەستەخانەی عاشقی ڕوو زەرد و سەوداسەر
لە دەوری تۆ عەجایب شیوەن و شین و سەڵایەکە
موتەووەڵ زوڵفی تۆ بوو فەسڵ و وەسڵم لێ تەماشا کرد
موعەممایەکەکە لایەنحەل و زنجیری بەڵایەکە
هەزاران قاضی و موفتی لە مەکتەبخانەی عیشقی
خەریکی دەرس و تەحسیلن، مەڵێن تەنیا مەلایەکە

ئەم هۆنەرە لە فارسی و عەرەبیشدا هەر هۆنەرێکی باڵا بەرز بووە و دیوانە کوردییەکەی لە لایەن سەیدیانەوە چاپ کراوە کە زۆر هەڵەی تێدایە و پێشەکییەکی پڕ لە قسەی پڕوپووچیشی بۆ نووسیوە.

سەرچاوەکان

١- دیوانی مەلا مارفی کۆکەیی - بەیارمەتی سەیدیان- مەهاباد.
٢- دیوانی دەستنووسی مەلا مارفی کۆکەیی - مەهاباد، ١٣٢٧ی کۆچی.
٣- گۆڤاری نیشتمان - جەمال نەبەز - سوێد، ١٩٨٥.
٤- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا مارفی کۆکەیی.

## شێخ عەبدوڕەحمانی جانەوەرەیی

١٢٥٧-١٣١٩

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەبدوڕەحمان و کوڕی شێخ محەمەدە کە بەپێی ئەو بەڵگانەی وا کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٥٧ی کۆچی لە دێی جانەوەرەدا لە دایک بووە. جانەوەرە دێیەکە لە ناوچەی کەلاتەرزان لە نێوان مەریوان و سنەدا. هەر لە منداڵیدا لای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا بەفەقێیەتی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گەڕاوە و سەرەنجام لە سنەدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣١٩ لە تەمەنی شەست و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

شێخ عەبدوڕەحمان لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین. مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە پەڕاوی یادی مەرداندا سەبارەت بەشێخ عەبدوڕەحمان دەڵێ: ئەم شێخە دڵی چوو بوو لە ژنێکی جاف بەناوی ئامان و، ڕازی ئەوینی ئەو ئامان لەناو خەڵکدا بڵاوبووەوە و قسەکە گەیشتە جافەکان، ڕۆژێکیان تاقمێ لە جافەکان ئەسپێکی سەرکێش بۆ شێخ زین دەکەن و بۆی دەهێنن کە سواری بێ و بەر لە ئەو کەس نەیتوانیبوو سواری ببێ، مەبەستیان ئەوە بوو کە ئەسپەکە هەڵیگرێ و فڕێی بداتە خوار و ملی بشکێنێ و بیمرێنێ، کە شێخ سواری ئەسپەکە دەبێ، ئەسپ هەڵی دەگرێ و بەرەو خوار و بەرەو ژووری پێ دەکا، بەڵام شێخ خۆی ڕادەگرێ و سەرەنجام ئەسپەکە ماندوو دەبێ و ڕادەوەستێ و شێخیش دادەبەزێ. جافەکان ئەمە بەپەرجوو دادەنێن و دەسبەرداری دەبن، ژنەکەش پاش ماوەیەک دەمرێ و مەسەلەکە ئێتر دەبڕێتەوە.

ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ئازیزم ئەرپەرسی چۆنەن ئێلاخان
داخان داخانەن، زاخان نەداخان



ئەو هەرد، ئەو هەڵەت ئەوساپێوەبیت
ئەو شەوق ئەو زینەت ئەوسا کە تۆدیت
ئیسە جە دووریت پۆشان سیاتەم
هاژەی قەڵەوەزان بێ دەنگەن ماتەم
ئەو ئەرخەوانان نەگوێ شەتاوان
ئەو تەوق سەوڵان نەپای کۆل ئاوان
دڵتەنگەن نەداخ دووریی دیدەی تۆ
وەڕس مەنزڵگای دەرەی (تەنگەکۆ)
(تاویل بەگ) نەداخ بۆتەی فیراقت
تەوەن تاونەن نە ئیشتیاقت
پشت (بەردەڕەش) پاڵ (هەرەس گا)
(قەجە) و (گڵ جەڕە) و هەردەی (کەلەبا)
(کەس نەزان) هەریەند ئەسرینان ڕێزان
تاف قەڵوەزەی (هەرجاڕان) بێزان
(کەلەبا) وەبای هەناسان سەرد
کەللەش چون کەللەی من بیەن وەگەرد
(مێ ڕەش) دەشپۆشەن، (ساتیار) ئازیەت بار
(قەجە) زاریشەن، (بەردەڕەش) زگار
(سەرڕەوان) نەچەم ڕەوان کەردەن سەیل
(کاوان) گوڵاوان (هەردە) کەردەن کەیل
(سوڵتان ئەغزەتوو)، (مێ ڕەش) و (ساتیار)
مەناڵۆن وە سۆز بڕگەی مۆسیقار
پای (تۆراخ تەپە) چەنی (مێشەڵ واز)
هەر یەک وەنەوعێ لێش مەیۆ ئاواز
(ترشکەدار) خەمین، (بارگە) زاریشەن
ئەویش وێنەی من دەردەکاڕیشەن
(تووەڕەشکە) مەلوول، (تووە سووران) سوورەن
پەی تۆ (تۆراخ تەپ) مات و مەهجوورەن

(دەشتمیل) زەلیل، (چنار) خەفەتبار
(ئەشکەوت) شینەشەن جەهیجران یار
کراسەکەی خەم ئەکەن وەبەردا
بەرگ ئازیەت بار ئەدەن وەسەردا
یە (ڕەحمان) واتەن دەروون پڕ جە دەرد
گرد نە هیجرانان (ئامان) گەردەن زەرد

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! ئەگەر بپرسی کە ئێلاخان چۆنە؟ دەبێ بڵێم داخی ناوەتە دڵمەوە، چونکە لە دووریی تۆ جلوبەرگی ئازیەتیم لەبەر کردووە، ئیتر بەبێ تۆ هاژەی تاڤگە و قەڵبەزەکان بێ دەنگە، ئەرخەوانی گوێی شەتاوەکان و سەوڵەکان پای گۆلاوەکان هەموویان دڵتەنگی دووریی دیدەی تۆن، (تەنگە کۆ) و (تاوێل بەگ) و (بەردەڕەش) و (هەرەس گا) و (قەجە) و (گڵ جەرە) و (کەلەبا) و (کەس نەزان) و (هەرجاڕان) و (مێ ڕەش) و (ساتیار) و (قەجە) و (سەرڕەوان) و (کاوان) و (هەردە) و (سۆراخ تەپە) و (مێشەڵ وار) و (ترشکەدار) و (بارگە) هەموویان لە دووریی تۆ دەگرین و ئەوانیش وەکو من دەردیان کارییە و کراسی خەم و پەژارەیان لەبەرە و ئامان ئامانیانە.

ئەم پارچە هەڵبەستەشی بەبۆنەی گەڕانەوەی کۆچ و باری خۆشەویستەکەیەوە لە کوێستانەوە بۆ گەرمیان هۆنیوەتەوە کە دەڵێ:

دیسان سەر هەردان جەنۆگرتەن تەم
سپای گوڵاڵان ڕێزیان وە هەم
شنۆی بای پایز وەیشوومەی سزا
وەڵگ درەختان بێ وادە ڕێزا
بێ وە گەردەلوول کەللەی کلاوان
ماتەم بی سەدای هاژەی وەفراوان
گەرمیش کەم کەردەن، سەردەن سەرهەردان
وەک سەردیی مۆبەت شای گەردەن زەردان
کۆچ کەرد سیا ماڵ چۆڵ بی وەرزاخان
پەشێو کەرد زینەت زەوق لێلاخان
سەوزیی چەمەنان تەبدیل بێ وەزەرد
لە بەرزان ڕەزان ڕێزان هەردە و هەرد





بێ داخ وەپەرداخ کۆچ کەردنە لێلاخ
پڕ داخ بی دەماخ شی وەکۆی ئاخ ئاخ
ڕەم ڕەم ئاهوان، کەڵ گەل گەلەخان
مەیل کەردەن ئەوزێدخاک گەرمیان
نۆ مالاّن وێنەی غەزالان بەڕ
گەرمەسێر خێرهەم ئاوەرد وە فەڕ
دیدە مەستەکەی جەیران ئاساکە
سەر دەلیلەکەی حەرەم جیاکە
هێمای چون ئێلاخ ها نەپەرداخدا
بۆی پایز نەدان بۆش وەدەماخ دا
شەماڵ شۆ وەلای ئەو لەیل ئاسا
نم زەرد ئەشک، هەرس سەیل ئاسا
نم بدەر وە دووی تاش زاخەدا
زەردی وەڵگ نە ڕەنگ دار باخەدا
مەپەرسۆ جەرووی گەرمیی مەیلەوە
چوونەن قەیسەکەی وە دوجەیلەوە
مەپەرسۆ جەڕووی گەرمیی مەیلەوە
چوونەن قەیسەکەی وە دوو جەیلەوە
واچە سەراپاش سۆزان نەفتەن
هەردە و هەردەشەن، ساتێ نەسرەفتەن
یەند خەیاڵ تۆش ها نە دەروون دا
کەفتەن وەڕووی ئێش دەرد مەجنووندا
جەزایفیی وێش هەردەم مەدا پێچ
شنۆی بای هیجران وەنەش مەدا گێچ
گیج مەدا ومەوات وەدەم دەردەوە
وەسۆز تەئسیر ئەم چەند فەردەوە:
فیدات بام ئازیز، شۆخ و شیرین ڕەنگ
چەم سیای بووم زەرد، شۆخ شەیدای شەنگ

ڕەم ڕەم ئاهووان چەمەڕای ڕاتەن
ئینتزار وەدین گەردەکەی پاتەن
تا بەیان وەدین دیدەت ئاهووان
ئاماوە جە سۆنگ تۆ وەگەرمیان

واتە: دیسان تەمومژ کەژ و کێوەکانی داگرت و لەشکر گوڵاڵەکان ڕژانە یەکدا و شنۆی بای پاییز گەڵای دار و درەختەکانی وەراند و بەجارێ لووتکەی کێوەکان بووە گەردەلوول و هاژەی ئاوی بەفراوی کێوەکان بەپەشێوی هاتەخوارەوە، هەوا سارد بووەوە و کەژ و کێو وەکو دڵی نازداران لە ئێمە ساردەوە بووە، ئەوا خێوەتی عێلەکانیش پێچرایەوە و خۆشەویستەکەمیش لەگەڵ ئەو عێلانەدا کۆچی کرد و ئیتر لێڵاخەکان بەجارێ پەشێو و خەمبار بوون و، شیناوەردی چیمەنەکان بەجارێ زەرد بوو و، لە بەرزیی کێوەکانەوە گەڵای گوڵەکان داوەریە خوارەوە، ڕەوی ئاسکەکانیش کەژ و کێویان بەجێ هێشت، ئەی شەماڵ دەسا بڕۆ بۆ لای یارەکەم و کاتێ بگەیتە لای بێگومان لێت دەپرسێ کە حاڵی قەیسەکەی دەشتی دوجەیل چۆنە، پێی بڵێ تەواوی لەشی بەنەوتی دووریی تۆ سووتاوە و هەردە و هەردیەتی و ساتێ ناسرەوێ و، ئەوەندە بیری تۆی لە دڵایە، دەرد و ئێشی لە مەجنوون زۆرترە و، ئەوەندە لاواز بووە کە بەسروەی با دەلەرزێ و، بەسۆزەوە دەڵێ: بەقوربانت بم ئەی شۆخی شیرین ڕەنگ، ئەی چاوڕەشی شۆخوشەنگ، تەواوی ئاسکەکانی کێو چاوەڕوانتن و چاوەڕوانی تۆزی بەر پێتن.

شێخ بەهیوای دڵی خۆی ناگا و لە بەختی ڕەشی ئەودا ئامان دەمرێ و کاتێ ئەم هەواڵەی پێ دەگا، دنیای لەبەرچاو دەگۆڕێ و دڵی سەد چەندان پڕی دەبێ لە خەم و پەژارە و ئەم هۆنراوانە بەبۆنەی کۆچی دوایی ئامانەوە دەهۆنێتەوە:

فەلەک پەی شووم تاڵەی سیای من
جۆش دا بەکوورەی دەردان دیوای من
پەی بەخت و تاڵەی وەبەد سرووشتم
سەنگ دانەڕووی جام بەخت بەرگەشتەم
کۆس کۆس نۆم جە نۆ ژنیاوە
باروت نەڕووی زام تازەم شنیاوە
یەخەی مەینەتم داوە وە سەردا
بەرگ ئازیەتیم هەم کەرد وەبەردا
هەرەس هەرگاو لێو شەتاوان



دیسان هەم جەم بی نەڕووی کڵاوان
تاو گەرمیی مەیل نیهانیی یاران
سەردبی چون سەردیی بەفر نزاران
خوسووس قیبلەکەی ڕشتە دوودیدەم
ئەڕواحەکەی تەن منەت کەشیدەم
دەوای ئێش دەرد دڵەی ڕەنجوورم
مەڵهەم نەڕووی زام سفتەی ناسوورم
تاقەت دەر وە جسم خستەی خەم کێشم
تەفریح خاتر وە خەمان ڕێشم
دڵسۆز نازکێش، جای نیازەکەم
باعس شادی و زەوق سازەکەم
ناگا بی وەتیر قەزای بەختەوە
وەبەدیی دیدەی سزای سەختەوە
پیکیا وە پەیکان نادیاریوە
پێچیا وە کاڵای ئازیەت باریوە

واتە: چەرخ لە شوومیی بەختی ڕەشی مندا، دیسان کوورەی دەرد و پەژارەمی تاودا و، بەردی دا لە جامی بەختی ڕەشم، دیسان کۆتم کەوتەوە و باروت ڕژایە سەر برینی تازەم و بەرگی ئازەیتیم کردە بەرم و، فرمێسکم بەخوڕ هات، چونکە تاقە گوڵەکەم کە ئەو دەوای برینەکانم بوو و، هەموو دەم دڵمی خۆش دەکرد و، دڵسۆز و نازکێشم بوو، لە پڕ بەردی بەبەردی قەزاوە پێکراو بووە هۆی ئازیەت باری و خەم و پەژارەی من.

ئەم هۆنەرە دیوانێکی بەرز و نایابی هەیە کە لە لای خزمەکانیەتی و هێشتا لە چاپ نەدراوە.

سەرچاوەکان

١- یادی مەردان - نووسراوی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس - بەغدا، ١٩٨٤.
٢- دیوانی دەستنووسی شێخ عەبدوڕەحمانی جانەوەرەیی کە لە ساڵی ١٣١١ی کۆچی دا نووسراوە.
٣- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەشێخ عەبدوڕەحمانی جانەوەرەیی.

## دەروێش نەورۆزی سۆرانی

١٢٦٠–٠٠٠٠

ئەم هۆنەرەمان بەپێی سەرەتای دیوانەکەی لە ساڵی ١٢٦٠ی کۆچی لە دێی سۆرانی سەنجابی کرماشاندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە منداڵیدا لە خانەقای سۆراندا خەریکی خوێندن بووە و پاشان ڕۆیشتووەتە شاری کرند و لەوێدا خەریکی خوێندنی پەرتووکی سەرئەنجام و هەندێ پەڕاوی فارسی بووە و لەوێوە چووەتە دێی تووت شامی و لە خانەقاکەی سەی براکە ماوەتەوە و خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک و لێکدانەوەی پەرتووکی سەرئەنجام بووە و پاشماوەی ژیانی بەم جۆرە بردووەتە سەر تا لە سەرەتای سەدەی چواردەمی کۆچیدا شەرابی مەرگی لە مەیگێڕی زەمان وەرگرتووە و خواردوویەتەوە و لەوێدا نێژراوە.

ئەم هۆنەرە پایەبەرزە دیوانێکی بەرز و نایابی لێ بەجێ ماوە کە نزیکەی چوار هەزار هۆنراوێک دەبێ و زۆربەی هۆنراوەکانی سەبارەت بەڕێ و ڕچەی یاری و لێکدانەوەی پەڕاوی سەرەئەنجامە.

ئەمەش چەند پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرن کە دەڵێ:

١

یاران جە یەمەن، یاران جە یەمەن
خاوێ دیم نەسەمت ستارەی یەمەن
گێلام نە چوار باغ سەر حەڵقەی چەمەن
شەخسێ دیم نەجای نەمەرد بێ نەژەن
سەردام نەسوجوود یاوام ئەو حوزوور
غەرق بیم نە کوورەی پڕ شەرار نوور
دەمێ وێنەی ڕۆح مەدرام نە دیوان
مەیل کەرد وەگوفتار ئامام وەزوان
لالام پەی ڕوخسەت کەردم ئیلتجا
عەرزەی وێم وانام پەی زوهوور شا
فەرماهەی عارز! ئینتزار نە دڵ
پادشام پەی زوهوور بەستەن دەستەی گوڵ



یە (نەورۆز) واتەن نە خاک یەمەن
شنەفتم نە لەفز ڕەمزێ نە چەمەن
ئەرکەچم واتەن، شادادەن بەشم
تاجر حوجرەی حاجی بەگتەشم

واتە: ئەی یاران! شەوێکیان خەوێم دی، لەو خەوەدا ئەستێرەی بەختم دەدرەوشایەوە و، خۆم لەناو چوار باخێکدا دی و لەو چوار باخەدا مرۆڤێکم دی کە نە ژن بوو و، نە پیاو، دیارە فریشتە بوو، ئەنجا بەرێزێکەوە چوومە لای و کڕنۆشم لێ کرد دیم کە ڕوومەتی وەکو هەتاو دەدرەوشایەوە و، لە تیشکی ڕوومەتیدا نوقم بووم و لە بەردەمیدا وەکو بەندەیەکی فەرمانبەردار ڕاوەستام و پاشان لێی پاڕامەوە کە پێم بڵێ شای دەروێشان کەی دەردەکەوێ و سەرهەڵدەدا؟ لە وەڵامدا پێمی وت: کە شای دەروێشان لەم نزیکانەدا لەگەڵ چەند دەستەی گوڵدا سەرهەڵدەدا، ئەوسا تۆش بەهیوا و ئارەزووی دڵ و دەروونت دەگەی.

٢

دڵە حاڵ زانی، دڵە حاڵ زانی
دڵ قەدر و قیمەت حاڵ زانی
وەقەوڵ «قاسد» ساحێب زەمانی
شوون پیر شەرت بێ ڕا نەڕانی
وە عەین ئەدەب ئەمر ئەرکانی
جۆلای کالا باف سفید دوکانی
مەکۆی مانگ وەر سڕ پەنهانی
بێ تان بێ پۆی هەفت ئاسمانی
ڕەفیق ڕەقاس ڕۆح ڕەوانی
چەرخچیی چالاک جوملەی جەهانی
ئەگەر بووانم مەغز ئی مەعانی
مەشۆت ئەو سەراو باز تەڕلانی
ئەختەر کالاباف کارخانەی گەوهەر
ئوستاد زاغاب تێغ دین جەوهەر

واتە: ئەی دڵ! دیارە تۆ حاڵ زانی و لە حاڵ و دەردی حاڵ زانان و ڕاز و نیازی دڵان تێ دەگەی. پلە و پای خواناسیی تۆ گەیشتووەتە جێگایەک کە هەندێ تۆ بەهەڵچەرخێنەری

زەمان و جۆلای کالا و مەکۆی مانگ و خۆری ڕازی شاراوەی خواناسی و کالای سپی بێ تان و بێ پۆی حەوت ئاسمانی یەزدانی دەزانن، دیارە تۆ هاوەڵی ڕۆحی ڕەوانی و، لە گوڵزاری سەراپەردەی جیهانی نادیار و شاراوەدا باز و تەڕلانێکی بێ وێنەیت.

٣

سولووکەن سولووک، سولووکەن سولووک
میهر شا و خونکار سولووکەن سولووک
تۆمار باتن حوکم باش بلووک
حەواڵەی عالەم مەحاڵ مەملووک
هەر کەسێ تاڵب ڕاگە و سولووکەن
پەرێ شا و خونکار وێنەی مەملووکەن
مەبۆ بکێشۆ ڕەنج و دەرد و ئێش
پەرێ پادشا و هەم خونکار وێش
ئەوسا ڕای سولووک مەکەرۆ تەمام
وەرنە مەحاڵەن بیاوۆ وە کام
یە(نەورۆز) واتەن پەی یاران خاس
وێش دی نە حوزوور خاسان غەواس

واتە: خۆش ویستنی خوا بەڕێ و ڕەوشت و ڕێباز دێتە ژمار بەفەرمانی دەروون، سنووری بەندەیی لە جیهاندا بەکەسانێک سپێرراوە کە ڕێی ڕێبازی خوایان بڕیبێ. هەر کەسێک لە ڕێی ڕێبازی خواییەوە بڕوا بۆ خوا بەندەیی دەکا و، لەم ڕێگەیەدا دەبێ گەلێک دەرد و ڕەنج بکێشێ و ئەوسا ڕێی خوا ببڕێ ئەگینا دوورە کە بەهیوا و ئارەزووی خۆی بگات. ئەم قسانە قسەی نەورۆزە کە بۆ پیاوانی چاک وتوویەتی هەروەها کە بەیارمەتیی پیر گەیشتە ئامانج و هیوای خۆی.

٤

هۆشیار هۆشیارەن، هۆشیار هۆشیارەن
دەنگ دووریار هۆشیارەن
قاسد چەرخچی جیهان بێدارەن
غافلان نە خاو کێ خەبەردارەن



یە نۆبەی نگین پیادە و سوارەن
دەروێشی خەلات خاوەند کارەن
وادە ویەردەن وەخت ئیقرارەن
خرۆش یاران نە بەڕ تا بارەن
دۆسان مزگانی پادشام سوارەن
مێهمان ئازیز تازە هەوارەن
یە (نەورۆز) واتەن ماڵ نیام جەنۆ
ئومێدم تۆنی یا شای دالەهۆ

واتە: ئەگەر خواناس ڕاوەستێ و وشیاربێ، بانگی خوا لە دوورەوە دەبیسێ. پەیکی خوایی جیهان هەڵدەسووڕێنێ، بەڵام بێ ئاگایان هەستیان بەڕاستەقینە نەکردووە و لە خەودا ئێستا نۆرەی دەرکەوتنی تیشکی خواییە تا بکەوێتە سەر دڵان و، دەروێشی و هەژاری خەلاتی خواییە، چونکە وادە تێ پەڕیوە و کاتی پەیمان بەستنە و، هاوار و خرۆشی یاران لە دەریا و وشکیدا دەگاتە گوێ. ئەی دۆستان! مژدە کە پادشام سەر هەڵدەدا و بەسەرهەڵدانی خۆ کوێستان ڕووناک دەکاتەوە. ئەمە قسەی (نەورۆز)ە کە ماڵی لە نۆوە دروست کرد، بەئومێدی ئەوەی سەرەنجام بەدیداری هەق بگات.

٥

دڵە زاریمەن، دڵە زاریمەن
دڵ نە فکر زات زکر زاریمەن
یە وەعدەی نگین نۆبەداریمەن
جەلادچی غەزەب قەزا کاریمەن
هۆهۆیی مەیدان دین دیاریمەن
قەتڵ شەککاکان ئیختیاریمەن
فەتحنامەی فانی وە سواریمەن
وە یاری داوەر ذولفەقاریمەن
نەورۆز کالاباف کارخانەی گەوهەر
ئوستاد زاغاو دین تێغ جەوهەر

واتە: ئەی دڵ هەر هام لە بیری خوادا و هەموو دەم دەگریم، چونکە ئەمە وادەی دەرکەوتنی ڕێبەرمە و ئەگەر مێهر و بەزەیی ئەو نەبێ، جەلادی زەمان ڕقم لێ هەڵئەگرێ،

کەوابوو لەم مەیدانەدا دەبێ پەرە بەڕێ و ڕچەی خۆم بدەم و ئەو کەسەی کە شک دەباتە ڕێ و ڕچەکەم دەتوانێ لەگەڵیدا بەربەرەکانێ بکەم و لەناوی ببەم و خواش یار و یاوەرمە.

٦

دڵە زەمـــــــانە، دڵە زەمـــــــانە
هیچ مـــەبەر وەتەنگ تەنهــای زەمـــانە
بگیــر گــۆشـــەگــای نەخـــەڵوەت یانە
بوان سـوورەی سـەبت گـوفـتـەی چلانە
چەند تۆمــار عـیلم عـولەمـای قـەدیم
ئـەوەنـدەی عـــــــالم نـایـافت نـەدیم
هەن نە دەفـتــەرم چون جـبـەخـــانە
دوڕو جـــەواهیـــر گـــەوهەر و دانە
هەرکــەس خـــەریدار بارخــانەی منەن
ئومـــەرای ئەعــلا گــەنج هەفت تەنەن
ئانە ســەرراقـــەن بـفـرۆش پەرێشـــان
تابۆ وەشــــادەت پەی نام و نیـــشـــان
نەورۆز کـالآبـاف کـارخـانەی گـەوهەر
ئوســـتـــاد زاغـــا و تێخ دین جـــەوهەر

واتە: ئەی دڵ! هیچ خەم و پەژارەی زەمانە مەخۆ و لە گۆشە و قوژبنێکدا دانیشە و خەریکی ستایشی یار بەو ناوی خوا هەموو دەم بخە دڵت و ئەوە بزانە کە چەند تۆماری زانستی زانایانی کۆن کە تا ئێستا کەس پەی پێ نەبردووە لەناو دەفتەرەکەمدایە و هەر وشەیەکی وەکو دوڕ و گەوهەرە و هەر کەسێک کە کڕیاریەتی، بێ بیکڕێ و دڵ و دەروونی خۆی پێ شاد و ڕوون بکاتەوە.

سەرچاوەکان

١– مشاهیر اهل حق – تالیف: صدیق صفی زاده – تهران، ١٣٦٠.
٢– بزرگان یارسان – تالیف: صدیق صفی زاده – تهران، ١٣٦١.
٣– کەلامی دەروێش نەورۆزی سۆرانی کە لە ساڵی ١٣١٠ی کۆچیدا نووسراوەتەوە.
٤– دەورەی حەیدەری کە لە ساڵی ١٣٠٨ی کۆچیدا نووسراوەتەوە.
٥– بەیازێک کە لە ساڵی ١٣٠٢ی کۆچیدا نووسراوەتەوە.



## شێخ سەمیعی بانەیی

١٢٦٤–١٣٠٨

ئەم هۆنەرەمان بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان، لە ساڵی ١٢٦٤ی کۆچیدا لە دێی واژەی شاربازێڕدا لە دایک بووە و پێ گەیشتووە و لە سەردەمی منداڵیدا چووەتە قوتابخانە و خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەفەقێیەتی بەزۆربەی مەڵبەندەکان و شوێنەکانی کوردستاندا گەڕاوە و تا ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێدەکەی خۆی و لە پاش ماوەیەک باری کردووەتە دێی هەمزەلانی بانە و ئەوسا لەوێدا ژنی هێناوە و خەریکی وانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بووە و پاشان چووەتە دێی ئەنجینە تووەڕەش و لەوێدا ماوەیەک ماوەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی نەیتوانیوە لەوێدا ژیان باتە سەر، لەوێشەوە باری کردووەتە گوندی بلوە و خەریکی ڕێنوینیی خەڵک و دەرز وتنەوە بووە و گوایە لە پاش ماوەیەکی تر کۆچی کردووەتە دێی بنەخوێ و لە ساڵی ١٣٠٧دا بۆ حەج ڕۆیشتووە و لەو ڕێی مەککەدا چەند جەردە پەلاماری بۆ دێن و ئەویش لە بەرامبەریاندا ڕادەوەستێ و بریندار دەبێ و لە پاش ساڕێژبوونەوەی برینەکانی حەجەکەی دەکا و لە کاتی گەڕانەوەدا لە دێی بەحرە کە کەوتووەتە نێوانی مەککە و جەددەوە، تووشی نەخۆشیی چاو قووڵکە دەبێ و سەرەنجام لە ساڵی ١٣٠٨ لەوێدا کۆچی دوایی دەکا و دەنێژرێ.

شێخ سەمیع یەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کوردە و لە زۆربەی زانستەکانی ئەو سەردەمەدا شارەزا بووە لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام و لێکدانەوەی قورئان و فقهی ئیسلامیدا مامۆستا بووە و لەم بارەوە دوو بەرهەمی بەنرخی بەناوی: (باوەڕی ئاین) و (نکاح) داناوە کە یەکەمی بەکوردی و دووەمی بەفارسییە.

وەکو دەڵێن هەندێ لە قسەکانی ئەو تێ نەدەگەیشتن و بەچاوێکی بەدبینییەوە سەرنجیان دەدا، ئەوە بوو ئەوەش لەو کەسانە ڕەنجا و باری کردە دێیەکی تر و، ئەمانە ژان و ئێش بوون و گیانی ئەوی ئازار دەدا، بەڵام تا مابوو ستایشی کەسێکی نەکرد و هەر ئامۆژگاری و ڕێنوێنیی خەڵکی دەکرد.

شێخ سەمیع لەگەڵ ئەوەی هانی خەڵکی داوە کە خەریکی نوێژ و ڕۆژوو و چاکەکردن بن و لە کاری خراپ خۆیان بپارێزن، داوا لە خەڵکش کردووە کە زێد و مەڵبەندیشیان خۆش بوێ و هەروەها لە ژیاندا تەمبەڵ و تەوەزل نەبن و فێری خوێندن و هونەر بن و بۆ هەردوو جیهان تێ کۆشن و خۆیان نەخەنە ژێر قەرزەوە و مافی کەسێک نەفەوتێنن، چونکە خوا هەقی خۆی دەبەخشێ، بەڵام هەقی خەڵک نابەخشێ، هەروەها کە بۆ پاداشتی ڕۆژی دوایی هەوڵ و تەقەلا دەدەن، بۆ ڕۆژی خاو و خێزانیشتان هەوڵ بدەن وەکو دەڵێ:

بەقەولی رەسوولّ، هەم نەسی قورئان
حوببی وەتەنە دەلیلی ئیمان
هەر کەس حەز نەکا لە قەوم و خویشی
رۆژی قیامەت خراپە ئیشی
پێغەمبەر فەرمووی سەنعەت فێر بن
تا موحتاج نەبن، منداڵ و تێر بن
(اطلب العلم) فەرموودەی ئەوە
(ولوباالصین)ی ئەر ڕۆ ئەر شەوە
لەسەر هەر کەسێ خاوەند ئیمانە
ئەبێ بیزانی هەرچی نوقسانە
لازمە ئیسلام بەگیان و بەدڵ
بۆ دونیا و عوقبا بکۆشێ تا گڵ
پێویستی دونیا ئەمڕۆ بۆتە فەرز
گەر ماڵت نەبێ کەوتی لە ژێر قەرز
ئەگەر قەرداریش مای تۆ لە قیامت
لەباتی قەرزی دۆزەخە کامت
خودا دەیبەخشێ هەقی خۆی ئەڵبەت
(حق الناس) ناچێ سەد وای لەو نەگبەت
دوو چت خاوەندی ماڵ و جەلالە
بە عیلم و هونەر فەزڵ و کەماڵە
نامێنێ نووری خودا لە دڵتدا
گوناە و حەرام دێتن بەملتا
لەباتی نوێژ و تاعەتی خولا
ئیتاعەی دوژمن ئەکەی سەد بەلا
هەروەک ئەکۆشی بۆ حۆریی بەهەشت
بۆ ڕۆژی دونیا زوو بکەوە گەشت
تاکو ڕزگار بی لە مننەت ئەغیار
نوێژی خۆت بکەی بێ فیکر و ئازار



باوەڕی ئاینیی شێخ سەمیع لە قاڵبێکی ڕێکوپێک لەو پەڕی تەڕ و پاراوی و ڕەوانیدا هۆنراونەتەوە، هەروەها پاشڵی هۆنراوەکان بەجۆرێ دارێژراون کە مرۆ بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو پاشڵانە بۆ ڕێکخستنی هۆنراوەکان ساز دراون.

هۆنەر سەرەتای نامیلکەکەی بەناوی خوای تاق و تەنیا دەست پێ دەکات و ئەوسا دەڵێ: خوای مەزن لەبەرئەوەی ئێمەی خولقاندووە، دەبێ بیپەرستین و کڕنۆشی بۆ بەرین، ئەوسا باسی ئیسلام دەکا و دەڵێ: دەبێ بەتاق و تەنیاییی خوا و پێغەمبەریەتیی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام بڕواتان هەبێ، چونکە خوا تاق و تەنیا و بێ هاوبەش و بێ ڕۆڵە و بێ داکە و پێغەمبەریش لە لایەن ئەوەوە بۆ ڕێنوێنیی خەڵک نێرراوە و دەبێ هەموو بڕوای پێ بهێنین، وەکو دەڵێ:

هەوەڵ ئیبتدا بەناوی ئەڵلا
پەس حەمد و سەنا ئەلحەمدولیللا
ئەوجار سەڵەوات لەسەر مستەفا
هەم ئال و ئەسحاب ئەربابی سەفا
گوێ بدەن بەعام چی موسڵمانن
ئەگەر بەڕاستی ساحیب ئیمانن
هەرچی واجب بێ ئەبێ بیزانن
گەر شەیتان بێڵێ زۆر زۆر ئاسانن
یەکێک ناسینی زاتی خودایە
هەر چەند لە تاقەت عەقڵی تۆدایە
مەی خولقاندووە هەتا بیناسین
تاعەتی بکەین لێشی بترسین
پێنج ڕوکنی ئیسلام با بزانین چییە
باوەڕیان پێکەین ئەمری ڕەبییە
هەوەڵ کەلیمەی شەهادە و ئیمان
دووەم پێنج فەرز بەشەرت و ئەرکان
سێیەم سی ڕۆژە مانگی ڕەمەزان
مەحفووز لە موفتر، هەم لەغو و بوتلان
چوارەم زەکاتە لەگەڵ سەرفترە
پێنجەمین حەجە ئەو لەگەڵ عومرە

ئەم پێنج ڕوکنانە فەرزیان بزانین
قەت تەرکیان نەکەین گەر موسڵمانین
هەر کەس تەرکی کات یەک لەم پێنجانە
بێ شک ڕوکنێکی دینی نوقسانە
ئەوجا مانای شەهادەت جێ کەین
مانای بزانین باوەڕی پێ کەین
چی بت و سەنەم، ئەستێرە و ئاگر
کە ئەیپەرستن تەبەقەی کافر
غەیرەز بێ شەریک پاکیان بەتاڵن
عابدیان هەموو ئەهلی زەلاڵن
هەقە محەمەد ڕەسووڵی خودا
ناردی بەڕەحمەت بۆ ڕێی ئیهتدا
بۆ سەر ئینس و جن تا مەلەک یەکسەر
چی خودا فەرمووی تا بیدا خەبەر
بێ شک ئینسانە ئەو مەلەک نییە
فەرمان بەرداری ئەمری ڕەبییە

هۆنەر پاشان باسی نیشانەکانی خوایەتیی خوای تاق و تەنیا دەکا و دەڵێ: خوا زیندووە و هەرگیز نامرێ و بیسەر و بینا و توانا و بەدەسەڵاتە و ئەو هەموو زیندەوەرێکی سرشت کردووە و هەموو گیاندار و بێ گیانێک لە ژێر فەرمانی ئەو دایە و ئەو بێ وێنە و بێ هاوتایە و ئێمەی بۆیە بەدی هێناوە کە بیپەرستین و ئەوسا دێتە سەر پێغەمبەری گەورەی ئیسلام و دەڵێ: کە خوا سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەری بۆ ڕێنموونیی خەڵک ناردووە و هەموویان پاک و خاوێن و سەرۆکی هەموویان پێغەمبەری ئیسلامە و ئەو چوار یاری هەبووە بەناوانی: ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی و، بۆ پێغەمبەر قورئان لەلایەن خواوە هاتووەتە خوارەوە کە هەموو دەبێ بڕوای پێ بهێنن، هەروەها دەبێ بڕواتان بەفریشتەکانی خوا هەبێ کە ئەوا هەر خەریکی پەرستنی خوان، وەکو دەڵێ:

بێینە سەر باسی سیفاتی خودا
حەوتیان قەدیمن لە ئەو نین جودا
حەییە و زیندووە و هەرگیز نامرێ
عالم بەئەشیا هەم هەرچی بکرێ



سەمیع و بەسیر ئەبیە و ئەبینی
لە دوور و نزیک لە ژێر زەمینێ
قادر و مورید لە زۆر و لە کەم
چی خەلقی ئەکا ئەیباتە عەدەم
ساحیب کەلامە نەک بەحەرف و دەنگ
یەک زاتی لەتیف بێ جسم و بێ ڕەنگ
لەژێر حەوت عەرزان ڕێی جەهەننەمە
لەوێش بەرەو ژوور فەزای عەدەمە
لە فەزای عەدەم ئینتهای نییە
زات و صفاتی هەر وەکوو وییە
لە فەزای عەدەم تا فەزای عەدەم
هەرچی تێدا بێ گەر زۆر و گەر کەم،
لە پێش خەڵقیدا هیچ مەوجوود نەبووە
پاکی لە نەبوو خەلقی کردووە
هەرچی زیڕۆحێ نەفەس هەڵێنێ
ئەو نەفەسانە ئەو دەیخوڵقێنێ
هەر لە بزووتنیان تا ساکن بوونیان
خوتووراتی دڵ تا هات و چوونیان
چی نەیخولقێنێ هیچ مەوجوود نابێ
گشت چتێ دەبێ خەلقی خودا بێ
لە زەڕە خاکێک تا بسکە گیایەک
لە جوزئیاتێک پەلکە گەڵایەک
قودرەتی خودای گەر لەگەڵ نەبێ
بەچاو قووچانێک پاک عەدەم دەبێ
هیچ خەو و غەفڵەت وەنەوزی نییە
چی تۆخەیاڵ کەی خیلافی وییە
بەوە بزانن کە بێ مەکانە
جێی نە لە ئەرزە و نە لە ئاسمانە

هیچ نەقس و تەغییر لە زاتی نابێ
هەر وەک بێ عەیبە هەر دەبێ وابێ
مەی خولقاندووە بۆ تاعەت کردن
نەوەک حەیوانات بۆ خەو و خواردن
پێغەمبەری نارد بەوەجهی ڕەحمەت
تا بمانخاتە سەر ڕێی هیدایەت
سەد و بیست و چوار هەزار پێغەمبەر
خودا ناردنی بۆ ڕێی خێر و شەڕ
باوەڕیان پێکەن هەموویان چاکن
لە ژەنگی عسیان هەموویان پاکن
سێ سەد و پازدە لەوان ئەفزەلن
زیاتر لە هەمووان چونکە مورسەلن
گەورەتریان خەلق لە دوای ئەنبیا
چواریاری نەبی یەعنی خولەفا
بووبەکر و عومەر، عوسمان و عەلی
لە دوای وان جەمعی ئەسحاب و وەلی
قورئان و ئینجیل، تەورات و زەبۆر
سوحفە هەرچی بوو گەر کەم و گەر زۆر
گشتیان بێ شک کەلامی خودان
بەڵان هەموویان نەسخن بەقورئان
باوەڕی پێ کەن مەلەکی ڕەحمان
دائم مەوجوودن لە ئەرز وئاسمان
بێ خەو و خواردن بێ کبر و غەفڵەت
دایم مەشعووڵن بەزکر و تاعەت
دین بەبێ جەلال بەخێوناکرێ
بێ شان و شەوکەت ئەدای ناکرێ
پێغەمبەر چلۆن بۆ دین ئەکۆشا
بۆ سەنعەت و عیلم بەشەر ئەخرۆشا



هۆنەر لە بەشی تری باوەڕنامەکەیدا بەشێوەیەکی جوان و ڕەوان ئەوەمان بۆ دەردەخا کە هەر موسڵمانێک دەبێ بڕوای بەخوای تاق و تەنیا هەبێ و ئەوە بزانێ کە لە دوای مردن، گۆڕ بۆ پیاوی چاک دەبێتە باخ و بەڵام بۆ خراپکار و گوناهکار دەبێتە ئاگر و لە ڕۆژی پەسڵانیش هەموو خەڵک بۆ لێپرسینەوە کۆ دەکرێنەوە و ئەوەی چاک بێ دەبەخشرێ و ئەو کەسەش کە خراپ بێ دۆزەخە جێی، بەڵام لە دواییدا پێغەمبەری گەورەی ئیسلام بۆ ئەو گوناهکارانە تکا دەکا و دەبەخشرێن و، ئەو کەسەش وا هەر لە هەوەڵەوە ناخوا و بتپەرست بووە و هەر لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە و نابەخشرێ وەکو دەڵێ:

قەبر بۆ ساڵح ڕەوزەی جینانە
بەڵان بۆ فاسق چاڵی نیرانە
یا خۆشی و ڕاحەت یا دەرد و میحنەت
هەر کەسێک بەنەوعێک تا ڕۆی قیامەت
گەلێ گیانداران هەروەک هەوەڵجار
زیندوویان دەکا (واحدالقهار)
ئینسان و مەلەک، جن و حەیوانات
پاک جەمع ئەکرێن لەناو عەرەسات
منداڵی مەعسووم لە دەرد و میحنەت
وەک بی ئەلەرزێ لە ترس و دەهشەت
ئەوجا ئومێدی نەجاتمان ئەبڕێ
بەگریە و هاوار چارەی ناکرێ
هیچ سوودێ ناکا ئەولاد و ماڵمان
مەگەر ئەو ڕەحمێ بکا بەحاڵمان
ئارەق دێتەخوار دووکەڵ هەڵدەکرێ
بە قەدەر عسیان ئەعزا دائەگرێ
هەتا شەفاعەت ئەکا پێغەمبەر
ڕەحمەت ئەنوێنێ خالقی ئەکبەر
لە جێگای هەیبەت نەجاتمان ئەدرێ
لە پێشدا حەشری حەیوانات ئەکرێ
ئەوجا قاقەزی ئەعمالمان دێنن
نوختە بەنوختە پێمان ئەخوێنن

چی چاکی بووبێ شوکری خوا ئەکا
گەر خراپ بووبێ لێی حاشا ئەکا
هەر کەسێ زوڵمی لە کەس کردبێ
لوقمە نانێکی بێ ئیزن خواردبێ
گەر ئیحسانی بێ بۆی لێ ئەستێنن
نەخۆ لە جیاتی ئەو ئەسووتێنن
مسقاڵە زەڕێک لە خێر و لە شەڕ
هیچ بزر نابێ پاک دێنە دەفتەر
هەرکەس کافر بێ وەها مردبێ
یا شەیتان سەلبی بڕوای کردبێ
ئەو هیچ حساب و پرسیاری نییە
جێی جەهەننەمە و دی یاری نییە
خواردنیان زەریع قورسی زەقوومە
ئاوی بۆگەن و هەم تاڵ و شوومە
باسی عەزابیان نایێتە تەقریر
بۆ خۆی فەرموویە (وبئس المصیر)
هەر کەس عەزیەتی مەخلووقی دابێ
بۆ زوڵمی مەخلووق زۆر تێ کۆشابێ
ئەو زۆر زەلیلە و گەلێ بەدبەختە
زیاتر لە هەموان عەزابی سەختە
جەمعی ئەنبیا لەگەڵ پێغەمبەر
شەفاعەت ئەکەن ئەیانهێننە دەر
پاکیان دێننە دەر نەجاتیان ئەدەن
ئەوجا داخلی بەهەشتیان ئەکەن
هەر کەس لە دونیا ئەعمالی چا بێ
لە عوقبا ئەبێ جێگای باڵا بێ
دونیا مەزرەعەی دواییمانە
ئەگەر مە چاک بین هەر شاییمانە


سدیق بۆرەکەیی/ ٢ (١٦)

جێی ئیمتحانە و جێی کۆشش و زۆر
جێی تێشووبردنە بۆ ناو تەنگی گۆڕ

بڕوانامەکەی شێخ سەمیع لەسەر ئەرکی حوسێن حوزنی موکریانی لە ساڵی ٢٥٧٣ی کوردیدا بەناوی (باوەڕی ئاین) لە چاپ دراوە، بەڵام گەلێ لە وشەکانی بەشێوەی موکری گۆڕاوە و دەستی تێ براوە و گەلێ هەڵەیشی تێدا دەبینرێ.

سەرچاوە:

١- باوەڕی ئاین -شێخ سەمیعی بانەیی- لەسەر ئەرکی حوسێن حوزنی- هەولێر،٢٥٧٣ی کوردی.

٢- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەشێخ سەمیعی بانەیی.

## میرزا عەبدوڕەحیمی وەفایی

١٢٦٤-١٣٣٤

ئەم ئەستێرە هەرەگەشە کە لە ئاسمانی وێژەی کوردەواریدا دەدرەوشێتەوە، ناوی میرزا عەبدوڕەحیمی کوڕی مەلا غەفوور لە بەرەی مەلا جامییە بەپێی دیوانەکەی کە لە ساڵی ١٩٦٢ی زایین لەسەر ئەرکی مامۆستا گیو موکریانی چاپ بووە، لە ساڵی ١٢٦٤ی کۆچی لە شاری سابڵاخدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێدا پێ گەیشتووە و لە پاشا لە لای مەلا هەرە گەورەکانی شاردا خەریکی خوێندنی زمانی فارسی و عەرەبی و فقهی ئیسلامی بووە و شارەزاییەکی پوختی لەسەر زمان و وێژەی فارسی و عەرەبیدا پەیدا کردووە و پاشان بەزۆربەی دێ و شارۆڵکە و شارەکانی تری کوردستاندا گەڕاوە و لە هەر کوێ مەلایەکی زانای بینیوە لە لای ماوەتەوە و وانە و دەرزی لە لای خوێندووە و تا بووە بەمەلایەکی زانا و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لەوێدا ژیانی بەڕێنموونیی خەڵک و وانەوتنەوە بەسەر بردووە تا لە ساڵی ١٣٣٤ی کۆچی لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا لە دەشت و چۆڵی شام کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە.

سەبارەت بەچۆنییەتیی ژیان و شوێنەواری وەفایی لە لایەن نووسەران و لێکۆڵەرانەوە گەلێ قسە کراوە و هەر کام شتێکیان وتووە کە ئەوا دەقی ئەو نووسراوانە دێنین:

لە ژمارە ١٣٠٣ی ڕۆژنامەی ژیندا، سەبارەت بەوەفایی بەم چەشنە نووسراوە: «سەرداری هۆنەران و بوڵبوڵی خۆشخوانی باخچەی وڵاتی موکریان، وەفایی، ناوی حاجی میرزا عەبدوڕەحیم، کوڕی مەلا غەفوورە و لە ساڵی ١٢٦٠ی کۆچی لە شاری سابڵاخ یا مەهابادا هاتووەتە دنیاوە و، هەر لەوێشدا خوێندنی بەپایان گەیاندووە پیری نەهری، بەهەشتی شێخ

عوبەیدوڵڵا، شەیدای هۆنراوەکانی بووە و وەفایی بانگ کردووەتە لای خۆی و ئەویش چووە لەوێ بووە بەهاوڕاز و نووسەری تایبەتی شێخ.

وەفایی دوو جاران دیدەنیی ماڵی خوای کردووە، جاری سێیەم هاتووەتە سلێمانی و لە تەک شێخ سەعیدی حەفید و سەید ئەحمەدی خانەقا و حاجی تۆفیق بەگی پیرەمێرددا ئەمجارەیش بۆ ماڵی خوا بەڕێ کەوتووە، ساڵی ١٣٢٠ لە چۆڵی شامدا کۆچی دوایی کردووە و هاوڕێیەکانی لەو دەشتە دێمەدا ناشتوویانە. هۆنراوی وەفایی لە کێشدا هەر یەکەی ئاهەنگێکی تایبەتی هەیە.

مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی کە دیوانەکەی وەفاییی بەچەشنێکی زانستی بەچاپ گەیاندووە لە پێشەکییەکەیدا لە زمانی مامۆستا نەجمەدین مەلاوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: وەفایی خەڵکی وڵاتی موکریانە و لە شاری سابڵاخدا هاتووەتە دنیا و هەر لەو شارەدا خوێندوویەتی هەتا ودمی زانستیی وەرگرتووە. لە ساڵانی ١٣١٨ی کۆچی هاتووەتە سلێمانی و لە تەک حاجی تۆفیق بەگی پیرەمێرد و چەند کەسی تردا چووە بۆ حەج و پاش ئەوەی کە حەجیان کردووە لە گەڕانەوەدا لە ڕێگای عەرەبستان وەفایی کۆچی دوایی کردووە و پیرەمێرد ئەفەرمووێ: بەدەستی خۆم لە لمی چۆڵی عەرەبستاندا ناشتوومە.

وەفایی یەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی سەردەمی خۆی بووە و خاوەنی مرخێکی زگماکی و زۆر تەڕ و ناسک و پاراو بووە و هەروەها دەنگێکی زۆر خۆش و پڕ سۆزی بووە و وەکو دەڵێن لە تەمەنی دە ساڵیدا هەڵبەستی داناوە و هەندێ ڕاوێژی بەهەڵبەست کردووە، تەنانەت زۆربەی نامەکانی بەهەڵبەست بووە و هەر بەو هۆیەوە دڵی دانیشتووانی شار و هەندەرانی گیرۆدەی داوی تەلەسمی خۆی کردبوو.

مامۆستا گیو موکریانی لە سەرەتای دیوانەکەی وەفاییدا دەڵێ: وەفایی لە سابڵاخدا قوتابخانەی هەبوو نەک تەنها هەر منداڵە شارستانییەکان بەڵکو گەلێک لە بەگزادەکانی دەرەوەش لە دوور و نزیکەوە منداڵەکانی خۆیان بۆ خوێندن دەنارده لای وی، ئەویش هێندەی فێری خوێندن دەکردن چەند هێندەش فێری بوێژیەتییانی دەکرد تا لە سایەی تەقەلا و خەباتی ئەوەوە چەندین بوێژی ناودار و بەرز و گرنگی پێگەیاندن کە ئەدەب و ئەدیب نموونەی وانن.

هۆنراوەکانی وەفایی دەکرێن بەچەند بەشەوە: دڵداری، لاواندنەوە، پیاهەڵدان، بەڵام زۆربەی هۆنراوەکانی دڵدارین و پتر سەبارەت بەدڵداری و ئەویند‌اری و هیوای بەیار گەیشتن و دەربڕینی دەردی دووری لە یارە. وەکو لە هۆنراوەکانیدا دەردەکەوێ، وەفایی لەسەر ڕێ و ڕچەی خواناسی ئەو هۆنراوانەی هۆنیوەتەوە.



مامۆستا محەمەد عەلیی قەرەداخی لە پێشەکی دیوانەکەی وەفاییدا دەڵێ: مامۆستا مەلا عەلی سەنجەری بۆی گێڕامەوە کە لە خوالێخۆشبوو پیرەمێردی بیستووە کە کاتێ چووە بۆ حەج لە نێوان مەککە و مەدینەدا لەگەڵ وەفایی بەیەک گەیشتوون و ماوەیەکیان وتووێژ بەیەکەوە کردووە، لە پاشان وەفایی بەپیرەمێردی وتووە: من خەڵکی سابڵاخ پێم دەڵێ: هەموو هۆنراوەکانت هەر باسی خەت و خاڵی کیژانە، منیش ئەمەم پێ ناخۆشە چونکە هەموو هۆنراوەکانم هەر لە ستایشی پێغەمبەردان. من ئەمە جاری سێیەمە دێم بۆ حەج، ئەم جارە دواییە بەخەڵکم ڕاسپاردووە و پێم وتوون: ئەگەر من هۆنراوەکانم بۆ کیژان وتبێ ئەوا ئەمجارەش دێمەوە و، ئەگەر لە ستایشدا بێ ئەوا لای پێغەمبەر ئەمێنمەوە و لەوێدا دەمرم، پیرەمێرد وتی: دوای دیتنی مەدینە چووین بۆ کێوی ئوحود و وەفایی لەوێ تووشی نەخۆشیی سکچوون بوو و لەوێ کۆچی دوایی کرد و بەخاک سپێررا.

وەفایی لە سەردەمی ژیانی خۆیدا لە سابڵاخ و شوێنەکانی تری کوردستان ناسراوە و ناوبانگی لەناو خەڵکدا پەیدا کردووە و هۆنراوەکانی بەناو خەڵکدا بڵاوبوونەتەوە. تەنانەت ئەو کەشکۆڵ و بەیازانەی وا لە هەورامان و سنە و هەوشار نووسراون گەلێ لە هۆنراوەکانی ئەویان تێدایە. غەریقی کە یەکێ لە هۆنەرانی هاوچەرخی وەفاییە، بەپارچە هەڵبەستێک بەم چەشنە تاریفی وەفایی دەداتەوە:

بەهای ئەبیات و ئەشعارت وەفایی مولکی ئێرانە
نیساری مەسرەعێکی لایەق بێ کەی دووسەد جانە؟
عێراق و پارسی وا گرتەوە خۆ لەشکری نەزمت
ئەوا دەڕوا لە بۆ تەسخیری مولکی هیند و توورانە
ئیلاهی با دڵی خوڕەم دەگەڵ زومرەی ڕەفیقانت
بەخێر و شادی ڕەجعەت کەی کە ئێران بێ تۆ وێرانە
مورادت کەعبەتوڵڵایە مەرامت حەزرەتە لکن:
حەقیقەت مەتڵەبە، ئەسڵی وساڵی وەسڵی جانانە
خودا هەمڕاهی تۆ بێ، دەستگیرت غەوسی سانی بێ،
تەریقێکی خەتەرناکە کە: ڕەهزەن نەفس و شەیتانە
ئەمن خاکی سەگی غەوسم فەرامۆشم مەکە قوربان!
لە هیجرت ئاوری بەربۆتێ دەروونم، وەک نەیستانە
هەزاران موژدەبێ، ئەی بولبولی شەیدا بەحەمدوللا
لە نەسڵی ئالی تاها، غەوسی سانی، شاهی شێخانە

له سایەی غەوسی سانیدا مەنم پڕ دوڕی شەهوارە
بەهای هەر دانەیەکی، بێ شکە تەختی سلێمانە
ئەگەر ئەحواڵی کەلبی خۆت دەپرسێ، شاهی شەمزینی
هەمیشە: چاو بەخوێنە، دڵ بریندار و پەرێشانە
دەگەڵ ئەم بەندەیە (حاجی وەفایی) بۆچی بێ لوتفی؟
ئەگەر چی بێ خەتایە خۆ سەگی دەرگاهی شاهانە!
له لوتفی خۆت دەپرسی گەر له حاڵی بەندەیی کەمتر
غەریقە هێندە گریاوە (غەریقی) بەحری عومانە

وەفایی هۆنەرێکی دڵتەڕ و سەوداسەر و گراوێکی وابوو کە له هۆنینەوەی هۆنراو و داهێنانی هەوایاندا و له دۆزینەوەی وشەی لەبار و تامدار و له بزواندنی هەستی دڵداریەتیدا دەستێکی زۆر باڵا و بەرزی هەبووە و، گۆرانیبێژانی کۆن و نوێ، گەلێ له هۆنراوەکانی ئەویان کردووەتە گۆرانی و له بەزم و کۆڕەکاندا دەیانڵێن، وەفایی له پارچە هەڵبەستێکیدا بەیارەکەی هەڵدەڵێ و پێی دەڵێ: ئەی دڵدارە شۆخوشەنگەکەم، بەهۆی دووریی باڵاتەوە بەتەواوی سووتاوم و دەسا بەزەییت پێمدا بێ و ئەمەک بنوێنە و لام لێ بکەوە، چونکە دڵی زارم وەکو بولبولی شەیدا بۆ ڕوومەتی گوڵت دەناڵێنێ، سەرم دەکەمە ئەڵقەی پەرچەم و چاوت و دڵیشم له ڕێتا بەخت دەکەم، خۆ من دڵم بۆ تۆ بریندارە و ئەگەر بەدەوای لێوت مەرهەمی کەی دیارە خۆش دەبێتەوە:

نیگارا ئەی بەغەمزە ئافەتی دڵ چاوی بیمارت
ئەمان سەر تاقەدەم سووتام له دووریی نووری دیدارت
دەسا ڕوحمێ وەفادارم بەحاڵی داد و هاوارم
کە وەک بولبول دڵی زارم دەناڵێ بۆ گوڵی زارت
سەرم ناوێ ئەگەر نەیخەم بەحەڵقەی پەرچەم و چاوت
دڵم ناوێ ئەگەر نەیکەم بەفیدیەی چاوی عەییارت
ئەسیری زوڵفی خاوی تۆم، شەهیدی ڕەمزی چاوی تۆم
ئەمن گیراوی داوی تۆم، بەسەد جێ دڵ بریندارت
شەهیدی نازی تۆم و داغداری باغەبان ئەی گوڵ
له دووریی تۆ بناڵم؟ یا له سەر بێدادی ئەغیارت؟
ئەمن نەمدیوە هیندوو باغەبانی باغی جەننەت بێ
بەشیرینی چ دڵکێشە؟ بنازم خاڵی ڕوخسارت



له لای شەکەرستانە، له لای ئاوی حەیوانە
ئەگەر گوڵ بێ ئەگەر غونچە لەب و زاری شەکەربارت
(وەفایی)، دوور له وەسڵی تۆوە، پابەندی تەلیسمێکە
لەسەر گەنجی جەماڵت کەوتە داوی زوڵفی ڕەشمارت

وەفایی له پارچە هەڵبەستێکی تریدا لەگەڵ دڵدارەکەیدا دەکەوێتە ڕاز و نیاز و دەڵێ: ئەی گوڵئەندام، ئەی یارە خۆشەویستەکەم، بەزوڵفی پەرێشانت یا له دارم بدە و، یا دەردم چارەکە و بەزەییت پێمدا بێ، با دڵ له هیچە له دەست دەرنەچێ، من نەخۆشی تۆم و ئیخسیری تۆم و بەنووکی تیری برژانگەکانت بریندارم، قسەکانت ئەوەندە شیرینە، کە دینمی بەتاڵان بردووە. دڵ و دینم ئەوا دایە کلەی چاوەکانت. ئامادەم کە خۆم بکەمە قوربانت و گیانم له ڕێتا بەخت کەم:

گوڵئەندام ئەی تەنافی گەردەنم زوڵفی پەرێشانت
عیلاجێ، چارەیێ، ڕوحمێ! ئەمان دەستم بەدامانت
غەریبی تۆم، نەخۆشی تۆم بەگۆشەی چاوی بیمارت
ئەسیری تۆم، شەهیدی تۆم، بەنووکی تیری موژگانت
ئیشارەت ئافەتی ڕۆحم، کەلامت غارەتی دینم
تەبەسوم سیحری لێوانت، تەکەلوم ڕەمزی چاوانت
مەگەر سەرتا قەدەم زوڵفت وەکو من خاو و شێوابێ
کە سەرگەردانی سەودایە له سەرچاکی گریبانت
دەڵێی شەکەر فرۆشی شاری میسرە وا بەشیرینی
بنازم! خاڵی وەک هێندوو له گۆشەی لێوی خەندانت
ئەگەر دڵ بوو ئەگەر دین دامە سورمەی چاوەکان، ئیدی
بەسم سەودا زەدە و ڕیسوا کە تۆبی و دین و ئیمانت
تەلیسمی بابلە سیحری حەڵاڵە ڕەنگی ڕەیحانە
شکەنج و بەندە، یا خۆ جێ دڵانە زوڵفی سەر شانت؟
بە ئازادی لەکن خۆی شوهرەیە من مات و حەیرانم
گوڵ و نارنجی بەر هێناوە خۆ سەرووی خەرامانت
لەبەر چاوت بگریێم، یا لەدەست تۆ داد و هاوارکەم؟
لەبەر نەیڕەنگی مەستان، یا له سیحری ڕەنگی دەستانت؟

دڵم سەودازەدەی باڵاتە خۆم دڵدادەیی ئەبرۆت
بەباڵا دڵ بەلاگێڕت، بەئەبرۆ خۆم بەقوربانت
لە دادی من بپرسە جارێ ئەی سوڵتانی عیشوە و ناز
بەناحەق بۆچی بمکوژێ ئیشارەی چاوی فەتانت؟
(وەفایی) کەوتە حەڵقەی زوڵفت، ئیدی مەیدە بەر موژگان
کە من کوشتەی تەنافت بووم چ لازم تیرە بارانت؟

کەم هۆنەری کورد توانیویەتی کە بەچەشنی وەفایی هۆنراوی دڵداری بهۆنێتەوە. بەڕاستی وەفایی لە تەواوی هۆنراوەکانیدا وەستایەتیی بەکارهێناوە و زۆربەی ئەو وشانەی بەکاری هێناون، وشەی ساکاری کوردین. وەفایی دەردەدڵێکی خۆی لەگەڵ یارەکەیدا باس دەکا و دەڵێ: ئەوەندە نەخۆشی دەردی دووریی یارم کە وەختە گیان و دڵم دەرێ و کوا شەماڵی بەرەبەیان کە سکاڵا و گازندەم بۆ لای ئەو ببا. من نەخۆش و دەردەدار و سەودا سەرم، ئاخ بۆ هاوزمان و هاوسەر و دڵ میهرەبانێ، خۆ کەس لە حاڵ و سۆز و گریانی من زانیاریی نییە. خوایە دەسا تۆ خۆت بەزەییت بەمن بێت و لایەکم لێ بکەرەوە. ئەی یاران ئێوەش بەری ناڵین و گریانم مەگرن، چونکە من گراو و سەوداسەری دڵبەرێکی شۆخوشەنگ و سەلما ڕەنگ و لەیلا دەنگ و شیرین شەکەرم کە کردوومیەتە مەجنوونی دەر و دەشتان و فەرهادی زەمان:

هێند نەخۆشی دەردی دووریم وەختە گیان و دڵ دەرێ
کوا نەسیمی سوبحدەم تا عەرز و حاڵی من بەرێ
دەردەدارم، بێ زبانم، بێ دڵم، سەوداسەرم
ئاخ لە بۆ دڵ میهرەبانێ، هەم زبان و هەمسەرێ
کەس لە حاڵ و سۆز و گریانی من ئاگەدار نییە،
ئاخ لە بۆ یەک حاڵ زانێ دڵ پڕ ئاو و ئاورێ!
لەحزەیەک یادی خودا ناکا لەبەر عەیشی جیهان
نەفسی کافر وا دەزانێ قەت جیهان ڕانابرێ
من بەدڵ، زوڵفت بەسەر، کەوتووینە بەر پێی ڕەحمەتت
ئەی ئومێدی مۆمن و کافر، بەحاڵم نەزەرێ
بێ شەکەر خەندەی دەمت وەسڵی ڕوخت مومکین نیە
جەنەتم ناوێ هەتا نەمشۆن بەئاوی کەوسەرێ



پێم بڵێ: وەجهی چیە زوڵفت موقیمی ڕوومەتە؟
خۆ بەشەرعی مستەفا جەنەت بەکافر نادرێ
با بە ئاخر بێ جەفا بەو چاوە بیمارەت بڵێ:
یا دەوای دەردم کەرەم کا، یا لە دەردم هەڵگرێ
کردمیە مەجنوونی دەر و دەشتان و فەرهادی زەمان
شۆخ و سەلما ڕەنگ و لەیلا دەنگ و، شیرین شەکەرێ
کردمیە ئەفسانەی هەموو بازاڕ و شاران عاقیبەت
ڕوو بەخاڵ، گەردەن مەراڵ، چاوکاڵ و گێسوو عەنبەرێ
مەنعی ناڵینم مەکەن یاران لە دەست موژگانی یار
زۆر بەئێش و دەردە ڕێشی جێگە نیشی نەشتەرێ
زەحمەتی بێ هوودە تاکەی؟ ئەی تەبیبی میهرەبان!
دەردی من دەردێکە بێ دەرمانە چارەی ناکرێ
سۆزی نێو جەرگم بەگریان هەر لە تاوی خۆشترە
گەر هەزار طۆفانی نۆح بێ ئاوری من دانامرێ
دەست و دامان بووم، گوڵێکی مەزهەری تۆم بوو گوتی:
عیززەتی حوسن و جەماڵم شەوکەتی هەڵناگرێ
دوودی ئاهم سۆزی جەرگم وا کە هەر باڵا دەچێ
شەو نییە ئاسمان کە نەگری چاکە ئاور ناگرێ
ڕووی وەدەرنا تابەتا زوڵفی دڵ ئاوێزی بزووت
ئاه و ناڵەی عاشقان هات بوو بەڕۆژی مەحشەرێ
ماچی سەرتاپای کە دای فەرمووی: (وەفایی) من دەڕۆم
ئەو دەمەت ماوە لە عومرت هەستە با خۆش ڕابرێ

وەفایی گەلێ حەزی لە هۆنراوەی هۆنەرانی کورد کردووە، بەڵام پتر هۆگری هۆنراوەکانی نالی بووە و گەلێ جار مانای هۆنراوەکانی ئەوی لەناو هۆنراوەکانیدا گونجاندووە و بەرگێکی تازەی لەبەر کردوون. بۆ وێنە لە پارچە هەڵبەستێکیدا دەمانخاتە بیری پارچە هەڵبەستەکەی نالی کە دەڵێ:

حەنایی کردووە پەنجەی بەخوێناوی دڵی زارم
ئەمە ڕەنگی شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی دڵدارم

وەفـایی هەروەها وتمان ڕەنگ و بۆنێکی تری داوەتە مـاناکـەی و لە قـاڵبـێکی تازەدا ڕازاندوویەتەوە و بەرگێکی تری پێ داوە وەکو دەڵێ:

پەنجـەی لە حـەنا بەسـتووە ئایا گـوڵم ئـەمـڕۆ؟
دەستی لە دڵی کوشتـەیی خۆی خستووە ئاخۆ؟
باکم دڵ و ڕۆحم نیـیـە، تۆ زیز مـەبە قـوربان!
ئەو ڕۆحـە بەسـەرگـەردی سـەرت بێ وەرەوە تۆ!
پەیوەسـتـە غـەریقی ئەسـری ئاتەش و ئابم
بۆ ئابی ڕوخت سینەمە وەک مەجمەری پشکۆ
تۆ بی و سەری خۆم مەمخەرە زیندانی جودایی
خوێنم نییە ها بمکوژە بەم خەنجەر و ئەبرۆ
بولبول سیفەت هەر لەحزە لە دەوری گوڵی زارت
ناڵینمە هەی ڕۆ! دڵەکەم ڕۆ! گوڵەکەم ڕۆ!
بۆچی نەگریم هەر دەمە بۆ حاڵی (وەفایی)
جان خەستەو و، دڵ عاشق و، دڵدار جەفاجۆ

وەفایی لە یەکێ لە چەکامەکانیدا بەدڵدارەکەی شیریندا هەڵدەڵێ و شیرین لەم کاتەدا کە تەشی ڕێساوە، وەفایی گیرۆدەی بووە و تەشییەکەی بەئەستێرەی کلکدار چواندووە و سەری ئەموستەکانی بەئەستێرەی پیروو داناوە و گەڕان و سووڕانی چەرخی وەکو چەرخاندن و سووڕاندنی تەشییەکەی زانیوە.

مامۆستا گیوی موکریانیی نەمر لە پێشەکیی دیوانەکەی وەفاییدا سەبارەت بەدانانی ئەم چەکامە دەڵێ وەکو لە میری دڵسۆز خوالێخۆشبوو سەید تاهای شەمزینم بیستووە ئەیفەرموو: لە ساڵی ١٢٩٦ی کۆچیدا شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ویستی نووسراوێک بۆ ناسرەدین شای قاجار بنێرێتە تاران و بەوەفاییی گوت نامەکەی بۆ بنووسێ و ئەویش لە بەرامبەری شێخدا دانیشت و پێنووس و قاقەزی هەڵگرت و ڕووی لە شێخ کرد تا داخوازی خۆی پێ بڵێ و بۆی بنووسێ کەچی لە پەنجەرەوە لەسەر گوێسوانەی بانێکەوە شیرینی چاوپێ کەوت کە بەهەزاران ناز و لار و لەنجەوە تەشی دەڕست و جارجارەش بۆ ئەوەی ئاور لە دڵی وەفایی بەردا ئاوڕی لێ دەداوە وەفاییش بەکوتوپڕ چەکامەی شیرین تەشی دەڕێسێی هۆنیەوە و کە هەمووی بەبزووتنەوە و بادان و خول خواردنەوەی تەشییەکە و ناز و لەنجە و شۆخوشەنگی و دەلالی و کەشم و نەشمی جادووگەرانەی شیرین هەڵدەڵێ، نووسییەوە و دایە دەست شێخ و شێخ کە لێی وردبووەوە پرسیی وەفایی ئەوە چییە؟ گوتی:



قـوربان تاوانی من نیـیـە دڵە گـرفـتـار و شـێـواوەکـەم پێی کـردووم. ئیـدی وەفـایی لە شـەرمەزاریدا چووە دەرەوە و ملی ڕێگای سابڵاغی گرت. هەرچەند شێخ سێ جار چەندین کەسی زانا و بەڕێزی بەدوودا نارد کە گلی دەنەوە و گەلێک دڵخۆشیان بەئارەزووی خۆی دەداوە کـەچی وەفـایی نەگـەڕایەوە و هەر هێندەشی وەڵام دەداتەوە کـە تازە بـەچ ڕووێکەوە تەماشای شێخ بکەم؟. دەڵێن پاشان شێخ بەداب و دەزگایەکی شایانەوە شیرینی بۆ وەفایی مارەبڕی و ناردیە سابڵاغ. ئەمەش چەکامەی (شیرین تەشی دەڕێسێ):

تایەکی ڕیشـەیی دڵ بەنووکی غـەمـزە دادا
دەستـێکی بۆ سـەمـا برد ڕووبەندی مـاهی لادا
نافـەی گـوڵی بەدەرکەوت عـەتری بەدەم سـەبادا
باریک و لووس و نازک وەک زوڵفی خـاوی بادا
وەک شاخی گوڵ بەلادا، شیرین تەشی دەڕێسێ
نووکی تەشی بەگەردش چەرخێکە قوتبی پێوە
مـەجـەڕە بوو بەداوی کـە چەرخی کەوتە نێوە
وەک زوهرە دەستی کێشا کە بەندی قەوسی زیوە
ئەستـێرە مـاهی داگرت سـابت کـرا بەپێوە
عـەرەق بەڕوو بەڕێوە، شـیـرین تەشی دەڕێسێ
کە کەوتە چەرخ و گەردش تەشی بەدەستی ڕەنگین
هەودای لە لێو و دەم دا خورشیدی سینە نەسرین
سـەمـای بەزووزەنەب دا کەفی خەزیبی شیرین
گرتی خـەتی مـدارا شـەفـەق بەعـەقـدی پەروین
سیحرێکە بۆ دڵ و دین شیرین تەشی دەریسێ
کـە دەسـتی بردو هێنا بەدڵبـەری بەتا دا
وە چەرخی خست و گێڕای بەڕانی سافی دادا
عـەیان بوو پەنجـەیی ڕۆژ بەخـەتی ئیـسـتـیوادا
بەسوبحی سادق ئەنگووت زەنەب لە نێو سەمادا
حیرەت لە ماسیوادا، شیرین تەشی دەڕێسێ
یەخـەی کراسی لاچوو، پشکووت بەهەر دوو لێوان
گوڵ و شەکەر دەباری لە کووچەی باغی سێوان

زوڵفی ڕژانە کوڵمی وە دەرکەوتن لە نێوان
شەمس و قەمەر هەڵاتن دوێنێ بەنوێژی شێوان
وەفایی کەوتە کێوان، شیرین تەشی دەڕێسێ

سمی غەزاڵەیی چین لە نافەدا عەیانە
دەڵێی دە نیوەشەودا سپێدەیی بەیانە
قەدی گوڵ و دەمی گوڵ ئەمەی کە قووتی گیانە
لە باغی یاسەمیندا شکۆفەیی گوڵانە
بەهاری بێ خەزانە، شیرین تەشی دەڕێسێ

شکۆفە وا هەڵستێ لە زێڕو زێو حوبابێ
لە کەوسەری بەهەشتی دەروونی پڕ کرابێ
خڕو لەتیف و نازک بلووری خودنما بێ
بەجورمی نووکی دەرزی لە نێوی درزیدا بێ
دیارە سەروی وابێ، شیرین تەشی دەڕێسێ

لە بانی ئارەقی ڕشت لە پێکەنینی زاری
بەخەندە غونچە گوڵ بوو گوڵاوی لێ دەباری
گوتم: بفەرموو ئەی گوڵ دووچاوی من بەیاری
بەچاوی من ببینن تەلیسمی سیحرکاری
کە سەروی جۆیباری، شیرین تەشی دەڕێسێ

کە کەوتە چەرخ و گەردش تەشی بەڕانی لووسی
دەکەوتە پایبووسی دوو زوڵفی ئابەنووسی
زەنەب لە مانگەشەودا دەهاتە چاپلووسی
لەسەر بەیازی گەردەن بەخەتی خۆش نویسی
مەبێتە پای بووسی، شیرین تەشی دەڕێسێ

شیفای جەراحەتی دڵ تەشی نەبوو کە ڕستی
شەشپەڕی کاکی خۆی بوو پڕ ئاو و پڕ لە مستی
هەتیوی کەللەشەق بوو بەداو و حیلە بەستی
کە هات و چۆکی دادا بەلێوی غونچەی گەستی
بەڕۆح و دڵ بەقەستی، شیرین تەشی دەڕێسێ



گوتم: چ بوو نەمامم! بەخاڵ و خەت نەماوی
وەکو بەهار و سونبوڵ بڵاو و تێک شکاوی
گوتی گوڵاو و مسک بوو شکۆفە گوڵ گوڵاوی
بەگەردشی سەماوە ستارەیی سەماوی
لەبەر چوو چاو و ڕاوی، شیرین تەشی دەڕێسێ

بەخەندە زوڵفی لادا لەسەر عێزار و زاری
کە شەو بەیانی بەردا گوڵ و وەنەوشە باری
دوگمەی کراسی بەربوو بزووت هەوری بەهاری
سەڵای لە عاشقان دا باخی گوڵ و هەناری
دونیا بەئینتزاری، شیرین تەشی دەڕێسێ

کە زوڵفی کەوتە سەر ڕوو هەموو خەتای بەچین دا
خەرامی تاوسانەی بەسەروی نازەنین دا
سفیدەیی بەیانی بەباغی یاسەمین دا
فەنایی پڕ بەقا بوو دەمی لە پێکەنیندا
سەد ئافەتی لە دین دا، شیرین تەشی دەڕێسێ

مەکەن مەنعی (وەفایی) کە خاو و دڵ بڵاوە
سەرێکە مەستی نازی، دڵێکە بۆی نەماوە
بەداوی دڵ دڵی خۆی بەداوی زوڵفی داوە
دڵم حەقی بەدەستە فتوای سەری دراوە
کە ئەم غەزالە چاوە، شیرین تەشی دەڕێسێ

بەڕاستی وەفایی لەم چەکامەدا هونەری هۆنەریەتیی خۆی نواندووە و لە ڕاستەقینەدا ئەم چەکامە بەشاکاری وەفایی دەژمێررێ و کەمتر هۆنەرێک توانیویەتی بەم چەشنە بەدڵدارەکەی خۆیدا هەڵبڵێ و بەرزی کاتەوە و تەشییەکەی دەستی بکاتە ئەستێرە و شیرین لە ئاسمانێکی کەڵکەڵە و خەیاڵدا دانێ و دەست درێژ بکا بۆ ئاسمان و لەپڕ ڕووبەندی لاچێ و مانگی ڕوومەتی دەرکەوێ ئەو شوێنە بەتیشکی خۆی ڕوون بکاتەوە و ئەوسا چەرخ کە تەشییەکەیەتی بخاتە سووڕان و ئەستێرەکانی تر کە پەنجەکانی دەستییەتی بخاتە چەرخ و گەردش.

مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداخی بەداخەوە لە پێشەکی دیوانی وەفاییدا دەڵێ: وەفایی

بۆ هۆنینەوەی ئەم هەڵبەستانە پەیڕەویی لە نالی کردووە و لاسایی پارچەی مەستوورەی نالی کردووەتەوە. بەڵام ئەمە هەڵەیە و وا نییە و ئەگەر بەتەواوی لە چەکامەکەی وەفایی وردبینەوە دەبینین کە تا ئێستا هیچ هۆنەرێک نەیتوانیوە بەو چەشنە بەدڵدارەکەی خۆیدا هەڵبلێ و ئەو بکاتە مانگ و هەتاو بەجۆرێ کە تیشکی سەراسەری جیهان داپۆشێ و زوڵفەکانی بکاتە شەو بەجۆرێ کە مانگ و هەتاو ئاوا بن و کاتێ کە هەودای تەشییەکەی بدا لە لێو و دەم، ئەستێرەی کلکدار کە تەشییەکەیەتی بکەوێتە گەڕان.

وەیا کام هۆنەر توانیویەتی بڵێ: ناوکی شیرین لە ناوکی ئاسکی چین خۆشترە، ناوکی ئاسکی چین هەر بۆ نەخۆشە.

بەڵام ناوکی شیرین لەگەڵ ئەوەی بۆنە خۆشتر لە ناوکی ئاسکی خەتا و خوتەنە، کەچی لە نیوەشەودا وەکو سپێدەی بەرەبەیان دەدرەوشێتەوە و بەژن و باڵا و دەمی ئەو وەکو گوڵە و مایەی ئارامیی گیانە و بەبێ ئەو ژیان ناڕەوایە و هەمیشە بەهارە و بەهارێکی بێ خەزانە. ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە وەفایی گەلێ حەزی لە هۆنراوەکانی مامۆستا نالی کردووە و گەلێ جاریش لەسەر ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی ئەو هۆنراوی هۆنیوەتەوە و جلوبەرگی تازەی پێ داون، بەڵام نەهاتووە وەکو مامۆستا نالی، مەستوورەی کوردستانی کە یەکێ لە گەورەترین هۆنەرانی کوردی ئەو سەردەمە بووە دابشۆرێتەوە و قسەی خراپی پێ بڵێ. کە ئەمەش بەڕاستی جێی داخ و موخابنە کە هۆنەرێکی وەکو نالی، ئەم کارە ناڕەوایەی لێ ڕووبدا.

وەفایی وەکو دەڵێن سێ جار ڕۆیشتووەتە حەج و کاتێ دەگاتە بارەگای بەرزی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام درووی خوای لەسەربێ، بەوردەکاری و ڕێکخستنی وشەی جوان و ڕەنگین ستایشی پێغەمبەر دەکا و دەڵێ:

ئەی (امام المرسلین، شمس الهدی، بحرالهمم)
ئەی (شفیع المذنبین، خیرالوری، مولی النعم)
ئەی نەسیمێکی گوڵی زار و شوعاعێکی ڕوخت
شەوقی ڕۆژ و بەدری تابان عەتری گوڵزاری ئیرەم
ئەی لە شەوقی جەنەتی ڕووت ئەنبیا و ئەولیا
ڕۆح لەسەر لێون وەکو پەروانە بۆ دیداری شەم
ئەی دەم و خەندەت دەلیلی دەعوەیی بوون و نەبوون
ئەی برۆ و باڵات بەیانی مەعنای نوون و قەڵەم



ئاسمانیی پیر بوو لە داغی خەتی ڕووی تۆ شەو لە ڕۆژ
سەد چرای هەڵکرد و نەیبووە سەوادی یەک ڕەقەم
تۆ بیی و تەشریفی (لولا) سیری (مازاغ البصر)
تۆو مەقامی (لی مع الله)، تۆ بی و نووری قیدەم
بێ نەوام هیچی نییە هاتووم و مەحرووم مەکە
قەت لە دەرگای خۆی گەدای ناکاتە دەر ساحیب کەرەم
هیچ تەبیبێ ڕێی نییە دەردی دەروونم کا دەوا
ئەمڕۆ گەر چارەم نەکەی (واحسرتا یوم الندم)
هاتمە بەر ئەبرۆت و ناسووتێم لە سایەی خەتی ڕووت
ئایەتە: چی داخلی کەعبەی بوو نایبێ ترس و غەم
دەست و دامانی خەمی گێسوویی تۆ بەو عاریزە
نائومێد نابم کە من دەستم لە حەلقەی کەعبەدەم
من چلۆن مەحرووم ببم ئەی (رحمە للعالمین)؟
دێ صەدای (لاتقنطوا من رحمە الله) دەم بەدەم
چاوەکانت سەرخۆشن، قوربان. گوتم مایل بەچین؟
عەکسی زوڵفی خستە سەر حەرفی مودەووەر، یەعنی، دەم
کەوتمە خاکی دەرکی هاتن بمکوژم خۆش بەو دەمە
(قال رب البیت) هان (لاتقتلوا صید الحرم)
زەوقی ئەبرۆی، شەوقی ڕووی، خستمیە ناو زوڵف و گوتی
کەعبەو ڕۆژی موناجاتەو مەقامی مولتەزەم
(یارسول الله) دەزانی تۆ کە شەیطانە عەدووت
هەم لەتۆ مەعلوومە ئەمنیش ئوممەتی تۆم هەرچی هەم
کەی ڕەوایە و غیرەتە بۆ تۆ کە (فخر الانبیا)ی
دوشمنی خۆت شاد بفەرمووی ئوممەتی خۆت دڵ بەغەم؟
داغی تۆم هەر پێوەیە سەدجار دەرمکەی دێمەوە
من سەگێکی تۆم (وەفایی) ڕوو لە دەرگای کێ دەکەم؟

بەڕاستی ئەم پارچە هەڵبەستە لە ستایش و تاریفی پێغەمبەردا باشترین هۆنراوەی کوردین و نموونەیەکی بەرزن لە وێژەی کوردیدا. وەفایی بووەتە پەپوولەی پەڕوباڵ سووتاوی دەوری شێخی نەهری و ئینجا چووەتە لای و ماوەیەک بووەتە مامۆستای کوڕەکانی، و لە هۆنراوەکانیدا سۆزی خۆی بەرامبەر بەشێخەکەی دەربڕیوە و بەم چەشنە ستایشی شێخەکەی دەکا و دەڵێ:

نەهری کە جێگەیەکە هەموو خاکی سورمەیە
نەهری کە جەنەتی گوڵ و گوڵ ئاوی کەوسەرە
نەهری غوباری عەترە، بووخاری بووخووری ڕووت
خاکی تەڕی کەوشکە هەموو مێشکی ئەزفەرە
نەهری وەهایە با لە گوڵاو و گوڵ ئاتەشی
عەنبەر فرۆشە، خاکی لە کەوسەر موخەممەرە
نەهری کە خولدەنەهری ڕەوان سەلسەبیلییە
نەهری کە پاکی دارو دەوەن پاکی عەنبەرە
نەهری کە خاکی قبیلەمە گوڵزاری گوڵبەرە
نەهری کە شاری دیدەمە جێ ڕاوی دڵبەرە
دڵبەر کە سەروی نەوڕەسی باغی سیادەتە
گوڵبەر کە نەوشکۆفەیی ڕەوزەی پەیەمبەرە
دڵبەر کەوا گوڵبوونی (یاسین) شکۆفەیە
گوڵبەر کەوا لە گوڵشەنی (طاها) سنەوبەرە
ئەو تاقە نەسڵە ئەسڵی لە جووتێ فریشتەیە
دوڕی یەتیمە زادەیی بەحری دوو گەوهەرە
ئەو شەمعە زەینی مەحفەلی شەمزینە ڕەوشەنە
ئەو شەمعە خۆ موبەرهەنە ئەو نوورە ئەزهەرە

وەفایی کە دەڕواتە حەج و دەگاتە شاری تایف، هەواڵی مردنی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریی پێ دەگا و زۆر خەمبار دەبێ و بەچەکامەیەکی بەرز دەیلاوێنێتەوە و لەژێر ئەو چەکامەدا چەند دێڕێکیشی بەفارسی بەم چەشنە نووسیوە کە دەڵێ: شەوێک پاش ڕووتبوونەوە لە پەیوەندییەکانی لەش، بەڕاستی دیترا کەوا من لە شاری تایفم لە وڵاتی حیجاز و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کۆچیان کردووە، و من لە شیوەن و گریاندا بووم و ئەم چەکامەمە لە لاواندنەوەی ئەودا هۆنییەوە، کە ئەوا چەند هۆنراوێکی لێرەدا دێنین:



دریغا بای خەزان دایە بەهاری شۆخ و ڕەعناکەم
لە ئیزهاری عەمەل کەوت ئافتابی عالەم ئاراکەم
وەرەق ڕێزان، خەزان کەوتە ڕەزان و، وەسفی چەمەن گۆڕا
بەسەرچوو فەسڵی گوڵگەشت و تەماشای باغ و سەحرا کەم
خەزان هات و چەمەن چۆڵ بوو لە نەغمەی بوڵبوڵ و قومری
دریغا! حەسرەتا، بۆ گوڵعوزاری سەرووی باڵاکەم
لە گریان ئاسمان دامانی سوور بوو شینی گێڕاوە
مەگەر گیرا وەیا مایل بەشام بوو ڕۆژە ڕووناکەم؟
لەمن دوور بووەتەوە خورشیدی ئەوجی مەعریفەت، شایەد
بەتیغی غەم سەری خۆم هەڵگرم هەمڕەنگی جەوزاکەم
لەمن وەحشی بووە ئاهوو خەرامی لالە ڕوخسارم
مەکەن مەنعم کە هەر وەک شێت و هاران ڕوو لە سەحرا کەم
بەمەحروومی لەگەڵ بەختی سیادا ماوە فرمێسکم
لە تازێی هیجرەتی خورشیدی عالەمدا سورەیاکەم
(وەفایی) پێت بڵێن: دونیا و دینم بۆچی بەرهەم بوو
دەڵێن: ڕۆیی لەسەر دونیایێ قەبیلەی دین و دونیاکەم
نیشات و عوشرەتی دونیایە نەشئەو قووەتی چاوە
ئەمن چ بکەم لە دونیایێ کە ڕۆیی نووری بیناکەم؟
کە تۆ ڕۆییت لەبەر چاوم کورەی خاکییە ئاواچوو!
لەپاش تۆ، ئەی گوڵی نەوڕەستە، خاکی کوێ بەسەردا کەم؟

دیوانەکەی وەفایی سەرەتا لەلایەن مامۆستا گیوی موکریانییەوە بڵاوبووەتەوە. لەم دواییەدا دیوانە کوردی و فارسییەکەی لەلایەن مامۆستا قەرەداخییەوە لە چاپ دراوە، بەڵام گەلێ هۆنراوی تریشی هەیە کە هێشتا لە چاپ نەدراون. گەشت نامەیەکیشی بەزمانی فارسی هەیە کە هێشتا چاپ نەکراوە و هەروا ماوەتەوە.

سەرچاوەکان


١- دیوانی وەفایی- کۆکردنەوەی مامۆستا گیوی موکریانی- هەولێر، ١٩٦٢.
٢- دیوانی وەفایی- لەسەر ئەرکی سەیدیان - مەهاباد.
٣- دیوانی وەفایی- کۆکردنەوەی محەمەد عەلیی قەرەداخی- بەغدا، ١٩٨٤.

٤– ڕۆژنامەی ژین – ژمارە ١٣٠٣.

٥– گۆڤاری بەیان – ژمارە یەک ساڵی ١٩٦٩.

٦– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەوەفایی.

## سالمی سنە

١٢٦٥ –١٣٢٩

ئەم هۆنەرەمان ناوی سەلیم و کوڕی شێخ ئەحمەدی تەختەیی و نازناوی سالمە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٦٥ی کۆچی لە دێی تەختە کە لە چەند فرسەخیی باشووری سنەدایە پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا بەفەقێیەتی ڕۆیشتووەتە سنە و لەوێوە بەرەو بیارە کەوتووەتە ڕێ و لە قوتابخانەی حاجی مامۆستا نۆدشیدا خەریکی خوێندنی فەقهی ئیسلامی بووە و ئەوسا چووەتە سابلاخ و دیسان هاتووەتەوە سنە و ماوەیەکیش چووەتە سەقز و لەوێوە چووە بۆ سابلاخ و لەلای مەلا عەبدوڵڵا ناوێک ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە سنە و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٢٩ لە تەمەنی شەست و چوار ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە مزگەوتەکەی خۆیدا نێژراوە.

شێخ سەلیم لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردی و عەرەبی و فارسیدا دەستێکی بەرز و باڵای بووە و زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەر ڕێ و ڕچەی خواناسیدا هۆنراونەتەوە.

شێخ سەلیم تەرجیحبەندێکی هەیە کە لە خواپەرستیدا هۆنیویەتەوە و پەیڕەویی لە تەرجیحبەندەکەی هاتف کردووە بەڕاستی نموونەیەکی زۆر بەرزە لە وێژەی کوردیدا و کەمتر هۆنەرێکی کورد هۆنراوی وای هۆنیوەتەوە، وەکو دەڵێ:

یاری نیکوو نەژادی سلسلە مـــوو
دڵی بردم بەنەرگـــسی جــــادوو
یا ئەگـــەر ڕێ نیـــیــە بەتوڕەی یار
بۆ دەمـــاخم بەبۆ مـــوعـــەتەر بوو؟
دڵی مـــەجنوون مـــەکـــانی لەیلایە
مـونعـەکس بوو لە نێـوی ئایەنە زوو
کـەرەمی کرد سـیـاهـی و مـەسـتی
نەرگـــــسی ئەو بەدیدەی ئاهـوو





هەسـتە ئەی دڵ بچینەلای مەجنوون
ڕشـتــەی عـەقـڵی لە دەس دەرچوو
دڵی پێکام بەعیشـوەی تیری مـۆژەی
تورک ئەندێشـــەیی کـــەمـــان ئەبروو
چووە سەرشـاخی گوڵ و وتی بـوڵبوڵ
هەر کـە زانیی لە داوی شـەو بەربوو
هەر یەکێکە خودای ئەحەد نەک دوو
وحــــــــــــــدە لا الــە الا هــو

واتە: یارە خۆشەویستەکەم کە جوان و پەلکە خاوە، بەچاوە جادووییەکانییەوە دڵی بردم، وە بەبۆنی قژی ئەو کەیف خۆش بووم. دڵی مەجنوون کە شوێنی لەیلایە بەبۆنەی یارەکەیەوە ئاوارە و دەربەدەر بوو، دەسا ئەی دڵ هەستە با بچینە لای مەجنوون کە ئاوەزی خۆی بۆ یارەکەی لە دەست دا، خۆ یارەکەی منیش دڵی پێکاوم و منیش لەوانەیە بەدوویا ئاوارە بم، بەڵام من پشتم بەخوا بەستووە و دەزانم کە ئەو تاق و تەنیا و بێ هەمتایە.

شێخ سەلیم کە لە بیارەدا بووە، لەوێدا بووەتە داوی ڕێ و ڕچەی شێخ عومەرەوە و وەکو پەپوولە بەدەوری ئەوا سووتاوە و لە پاشا ودمی ڕی و ڕچەی نەقشبەندیشی لێ وەرگرتووە، وە تا مـاوە ئەوی لەبیر نەچووەتەوە، لە پارچە هەڵبەستێکدا بیروبڕوای خۆی سەبارەت بەپیرەکەی دەردەبڕێ و بەم جۆرە ستایشی دەکا و دەڵێ:

پیـــری ســـدیقی تەریق و تاجی فـــارووقی لەســـەر
وارثی عـوســـمـــانی زی نوورەین و کـەڕاڕی ســەبات
ڕۆحی شـیـرینم لە دەوری قـەدی شـمـشـادت گـەڕێ
تـا تەســـەدوق بێ لە بۆ ڕەددی هەمـــوو دەرد و بەلات
خـاڵی هـیندو زوڵفـی چین و ڕۆمی یی ڕووی ڕوومـەتت
وان لە قەبزەی قەهری شمشێری برۆی جەنگ ئازمات
چاوی مـــەســـتت چۆن لە هـەر لا مــەردمی دڵ بردووە
بێ دڵان بۆ دڵ لەهـەر لا بێــتــە حــاشـــا دێنە لات
هـەر نیگاهـێ ســـەیقـــەلێکە بۆ مـــسی پڕ ژەنگی دڵ
بەڵ تـەلای خـاڵس دەبێتن مس بەئیکســیــری نیگات
گیـان فیدای گوفتـاری شیـرینت کە عەینی حیکمەتە

کەشفی ئەسراری تەریقەت حەللی کونهی موشکلات
دڵ بەقوربانی نیگای قەلبولعەیانی کاری تۆ
وا دەکاتن قاعیدەی حیکمەت بەتاڵی وا سەبات
قامەتی زیبای قیامەت خێزی تۆ بێ ببڕێ ڕێ
مەحشەرێ بەرپا دەکا بۆ سەرخۆشی جەور و جەفات
کارنامەی خاسی ئادابی تاریقی بەندەگیت
مونتەجی حەققولیەقین قەتعی عەلاقەی مومکینات
فەیسەلی حەققولیەقین فەسلولخیتابی عارفان
تەرجومانی سڕی ئایاتی دەلالەت موعجزات
بێتە مەیدانی سەداقەت (سالما) قەلبی سەلیم
تا موشەڕەف بێ بەیومنی دەوڵەتی بیری خودات

واتە: پیرەکەم شێخ عومەر لە ڕاستگۆییدا وەکو هافی عومەر بووە و نازناوی فاروقی کردووەتە تاجی سەری، وە کەلەپوورگری هافی عوسمان بووە و لەخۆ ڕاگرتن و کوژتنی نەوسا وەکو هافی عەلی بووە، ئەی پیرەکەم ئەی گیانی شیرینی من! خاڵەکانت وەکو هیندی وانە و زوڵفەکانیشت چین چینە و برۆکانت وەکو شمشێرن و بۆ شەڕ ئامادەن، چاوی مەستت لە هەر لایەکەوە دڵی خەڵکی بردووە، وە ئەو گراوانە چارەیەکیان نییە و لەبەرئەوەی تۆ دڵیانت بردووە لە هەر لایەکەوە دێن بۆ لات وە هەر سەرنج و تەماشایەکت بۆ دڵبڕاوان وەکو ئەکسیر وایە کە ئەگەر بکەوێتە سەر مس دەبێتە زێڕ، وە لە ڕاستیدا وەکو هافی عومەر چاک لە خراپ جیا دەکەیتەوە، وە من گیانی خۆم ئەکەمە قوربانی قسەی شیرینت کە هەمووی ڕێنوێنێ و زانیارییە، وە هەر تۆ ڕازی ڕێ و ڕچەکە دەردەخەی، وە ئەگەر بەژن و باڵای تۆ دەرکەوێ هەنگامە و غەوغا بەرپا دەبێ، وە ڕێ و ڕچەکەی تۆ دەبێتە هۆی ڕزگاریی خەڵک.

سەرچاوەکان
١- بەیازێکی کۆن کە لە ساڵی ١٣٣٢ی کۆچیدا نووسراوە.
٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەساڵی سنە.



## میرزا عەبدولمەجیدی مەجدی

١٢٦٩- ١٣٤٤

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەبدولمەجید و کوڕی میرزا عەبدولکەریم و نازناوی (مەجدی)یە. بەپێی دیوانە فارسییەکەی لە تاراندا چاپ کراوە، لە ساڵی ١٢٦٩ی کۆچی لە سەقزدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی شارەکانی کوردستان گەڕاوە و ماوەیەکی زۆر لە بانەدا بووە و لە پاشا لە سنە خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و ئەوسا ژنی هێناوە و چووەتە سنە و پاشان لەگەڵ ژنەکەیا ڕۆیشتووەتە حەج و گەڕاوەتەوە بۆ سنە و لەپاش ماوەیەک چووەتە تاران و بووەتە خۆشەویستی وێژەدۆستان و زانایان و هۆنەران و نازناوی (ملک الکلام)ی پێ دراوە و کراوەتە مامۆستای (دار الفنون) و ئیتر پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و هۆنینەوەی هۆنراو بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٤٤ لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

مەجدی بەیەکێ لە هۆنەران و زانایانی هەرەبەرزی کورد دێتە ژمار، لە هۆنینەوەی هۆنراو و خەت خۆشیدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و سەرجەم زانایان و هۆنەرانی دەوری خۆی ڕێزیان گرتووە. مەلکولکەلامی کوڕی لە سەرەتای دیوانەکەیدا نووسیویە: بابم لە تەمەنی شەست و دوو ساڵیدا دیوانەکەی کە داگری شەست هەزار هۆنراوی کوردی و فارسی بوو کۆکردەوە بۆ ئەوەی لە چاپی بدا کەچی بۆی نەلوا و بەداخەوە دیوانەکەش دەست بەدەست کەوت و لەناوچوو، وە ئەم دیوانە گچکە کە کەوتە ژێر چاپەوە بەشێکە لە هۆنراوەکانی باوکم کە لەم دواییەدا هۆنیویەتەوە.

لە ناو ئەو دیوانەدا کە لە تاران چاپ کراوە هەر تەنیا پارچە هەڵبەستێکی کوردی هەیە، بێ گومان مەجدی هۆنراوی کوردیی زۆر بوون و ڕەنگە لە داهاتوودا بکەوێتە دەست و ببێتە ئازووخەی پاشەڕۆژی وێژەی کوردی و ئێستا ئێمە لێرەدا هەر ئەو پارچە هەڵبەستەی دێنین و هیوادارین کە لە داهاتوودا هۆنراوە کوردییەکانی ئەم هۆنەرە پایەبەرزە بکەوێتە دەست و بڵاوبکرێتەوە تا هەموو کەڵک و سوودی لێ وەرگرن. ئەمەش پارچە هەڵبەستەکەی کە دەڵێ:

لە دوو لا زوڵفی لاولاوە، لە سەروی قامەت ئالاوە
خەم و پێچی هەموو داوە، چ لەم لاوە، چ لەو لاوە
موژەی وەک نێشی پەیکانە، هەمیشە کاری پێکانە
دڵی هەر خوێش و بێگانەی بەئەم پەیکانە پێکاوە

لە جەوری غەمزەکانی توو، کە بێچارە کوژە و جادوو
چ خوێنێ بوو؟ چ جەرگێ بوو کە نەڕژاوە و نەبرژاوە
سەبا بێنێ ئەگەر بێنی، لە زوڵفت دین و دڵ دێنی
وەلاکن کێ دڵ و دینی لە بۆ عوشاقی تۆ ماوە؟
نە یاقووتە بەڕەنگینی، لە نێوی کان کە دەیبینی
لە ڕەشکی لێوی تۆ خوێنی دڵی کانە کە گیرساوە
لە داوی طتوڕەو و پەرچەم، دڵی ئاشوفتەمە هەر دەم
نییە ئازاد لە قەیدی غەم، خوا لەم داوە بێ داوە؟
وەرە بەڵکە نەجاتم دەی، لە مەوجی قوڵزومی بێ پەی
لە (مەجدی) غافڵی تاکەی؟ کە بێ تۆ غەرقی گێژاوە

واتە: یارەکەم لە دوولاوە زوڵفەکانی لاولاو، وە بەدەوری بەژن و باڵایدا ئاڵاوە و پێچی خواردووە، برژانگەکانی وەکو تیر وایە و هەمیشە کاری پێکانە و دڵی خزم و بێگانەی بەم تیرانە پێکاوە، ناز و لەنجەی تۆ بێچارە کوژە و سەرم سووڕدەمێنێ کە چ خوێن و جەرگێکم بوو، چونکە دەبووایە تیری ناز و لەنجەت خوێنمی برژانیبایە و جەرگیشمی ببرژانایە، کەچی نە خوێنم ڕژا و نە جەرگم برژا، دیارە گیان سەختم، ئەی بای شەماڵ لە کوێیت بێنێکی زوڵفی یارەکەم بۆ بێنی، بەڵام کێ دڵ و دینی بۆ ئەو یارە ماوە؟ یاقووت کە لە ناوکاندا دەیبینێ ئەوە یاقووت نییە، بەڵکو ئەوە کانەکەیە کە لێوی سووری تۆیە، بەهۆی زوڵف و پەرچەمتەوە دڵم هەموو دەم پڕ لە خەم و پەژارەیە و دیارە هەرگیز لە خەم ئازاد نابێ، دەسا وەرە لە شەپۆڵی دەریای بێ پەی ڕزگارم کە، چونکە (مەجدی) بەبێ تۆ نوقمی گێژاوە.

سەرچاوەکان
١- دیوان میرزا عبدالمفید مجدی - تهران، ١٣٣٢.
٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەجدی.



## مەلا ساڵحی حەریق

١٢٧١- ١٣٢٧

ئەم هۆنەرە پایەبەرزە ناوی ساڵح و کوڕی مەلا نەسروڵڵای زێویەیە. بەپێی دیوانەکەی کە لە ساڵی ١٩٣٨ی زاینی لە چاپ دراوە، مەلا ساڵح لە ١٢٧١ی کۆچی لە دێی زێویە پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لە منداڵییەوە سەرەتا لەلای باوکی دەستی کردووەتە خوێندن و پاشان بەفەقێیەتی بەزۆربەی شارەکانی کوردستاندا گەڕاوە و لە سلێمانی لە مزگەوتی شێخ محەمەدی بەرزنجی خەریکی فێربوونی ڕێزمانی عەرەبی بووە و لە بیارەش پەڕتووکی (منهاج)ی تەواو کردووە و لە پێنجوێن پەڕاوی (گوڵنەبەوی)ی خوێندووە و پاشان ڕێی کەوتووەتە خانەقای شێخی بورهان و لەوێدا ڕێ و ڕچەی نەقشبەندیی وەرگرتووە و ئەوسا ڕۆیشتووەتە سابلاخ و بووەتە مامۆستای مزگەوتی سەی حەسەن و هەر لەو شارەشدا ژنی هێناوە و ئیتر دەبێ بەتووش ماڵ و منداڵەوە و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنموونیی خەڵک و هۆنراو هۆنینەوە دەباتە سەر تا لە ساڵی ١٣٢٧ لە تەمەنی پەنجا و شەش ساڵیدا بادەی مەرگ دەخواتەوە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە گۆڕستانی (مەلا جامی)دا دەنێژرێ.

حەریق یەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کوردە و هۆنراوەکانی ئاوێنەیەکی باڵانمان بۆ چۆنییەتیی ژیان و بیروبڕوای ئەو.

حەریق زۆر حەزی لە هۆنراوەکانی مەولەوی و نالی کردووە و هەندێ جار لاسایی ئەوانی کردووەتەوە و لە هۆنراودا زۆر حەزی لە ڕستەی جوان و وشەی ڕەنگینی کوردی کردووە.

زۆربەی هۆنراوەکانی حەریق دڵدارین و سەراپایان دەربارەی جوانی و ئەوین و خەت و خاڵ و زوڵف و ئەگریجە و پەرچەمە، و بەدەگمەن لە بابەتی ترەوە هۆنراوی داناوە و زۆرکەم باسی کۆمەڵایەتیی کردووە، شێوەی هۆنینەوەی هۆنراویشی هەر ئەو شێوە کۆنەیە کە هۆنەرانی تر لەسەری بوون، بەڵام گەلێ شتی تازەی لە هۆنراودا داهێناوە و گەلێ وشەی جوان و ساکاری کوردیی بەکاربردووە، وە لە هۆنراوەکانیدا بەڕاستی پاراوی و سۆز و شیرینی دەبینرێ.

حەریق وا دیارە هەر لە سەرەتای لاویەتییەوە گیرۆدەی داوی ئەوینی مانگ پەیکەرێک بووە، بۆیە بەجۆش و خرۆشێکەوە بەیارەکەیدا هەڵدەڵێ و ستایشی جوانیی دەکا و بەم چەشنە ڕووی تێ دەکا و دەڵێ:

قوربان وەرە قوربانە سا بمکە بەقوربانت
ڕەنگین کە بەخوێناوم کاکۆڵی پەرێشانت

ئازادییە ئەم ڕۆژە سا فەرموو بەئازانە
تیرت لە کەمانت خە بۆ قەتڵی شەهیدانت
جەژنانەیی من ڕۆحە کردوومە بەقوربانت
تۆش ماچێ کەرەم فەرموو لەو سێوی زەنەخدانت
تفڵی دڵی بێچارە مەدەیەکە گرفتارە
غەمخواری دڵ ئازارە بۆ ناوکی موژگانت
ڕۆح و دڵ و دین هەرسێ مەجمووع بەیەک دەفعە
قوربانی سەعاتێکی لەعلی لەبی مەرجانت
مەقسوودی من ئیزهارە بۆ ئەمسلەی مەدحت
بۆ توحفەیی ئەوساف و ئەزهاری گوڵستانت
ئەی خەسرەوی پەروێزم، شیرینی شەکەر ڕێزم
فەرهادی دڵی کوشتم، چاوی ڕەشی فەتانت
قەلعەی دڵەکەم قوربان نیشانەیە بۆ تیرت
سینەم وەکوو سەحرایە بۆ جیلوەیی مەیدانت
تەنها کە (حەریق)ی من بۆ شەمعی شەبستانت
مەمکوژەرەوە توخوا ساتۆ بەڕەفیقانت

زۆربەی هۆنەرە کۆنەکان، برۆی خۆشەویستەکەیان کردووەتە مانگی یەکشەوە و هەندێ جار کردوویانەتە کەوان و هەندێکیشیان چواندوویانە بەشمشێر و میحراب و حەریق کە لەسەر ڕەوشتی ئەوان ڕۆیشتووە، برۆی یارەکەی هەر وەکو ئەوان بەشمشێر داناوە و هەروەها لەم پارچە هەڵبەستەدا چەناگەی بەشێو چواندووە لە پارچە هەڵبەستێکی تریدا ڕوو دەکاتە یارەکەی و دەڵێ:

چاوەکەم ئەمڕۆ لە گوڵشەن گوڵ بەعیشوە خۆی نواند
نەک نمەک گیربم، بەمەرگی تۆ قەسەم هیچ نەمدواند
گوڵ بەتۆزی پێتەوە لاف و گەزافی لێ ئەدا
وا شوکور سووسەی نەسیمت هات ئەویشی لێ ستاند
نەشتەری موژگانی تۆ هاتووەتە سەر سەفحەی دڵم
هەر خەتی بوو، غەیری خەتی سەوزی تۆ پاکی کڕاند
لەشکری ئاهم لەگەڵ جەیشی حەبەش دەعوا دەکا
حەیرەتم ماوە کە چۆن ئەو دڵبەرە دڵمی ڕفاند



بۆ گوڵی ڕووت هاتم و پەرچەم ئەبینم بۆیە وا:
ماهی نەورۆزم بەشیوەن وەک موحەررەم خۆی نواند
تۆ لە ئەووەڵ گۆی وەفات هێنایە نێو مەیدانەوە
ئێستا چەوگانی خیلافت پشتی سەد وەعدەی شکاند
توخوا قەت غیرەتە بۆ تۆ ئەرێ سەروی ڕەوان؟
گوڵ بەبێ تۆ وا لە باغا خێوەتی خۆی لێ چەقاند
با وجوود ئینساف بدەم چاکە گوڵیش موشتاقتە
هەر لە شەوقی تۆیە سەرپۆش و گریبانی دڕاند
هەرکەسێ مایل بەبیرێکە و تەریقێکی هەیە
تۆ بەشوعلەی غەم (حەریق)ی وا وەجاخت هەڵگڕاند

واتە: کاتێ چوومە گوڵزار، گوڵ خۆی نواند و منیش لەبەرئەوەی بێ ئەمەک نەبم ئەوم نەدواند، گوڵ کە بەتۆزی پێی تۆوە لاف و گەزافی لێ دەدا، لەپڕ سووسەی بای شەماڵی هاتنت ئەویشی لێ سەندەوە و ئیتر نەیهێشت لە خۆی بایی بێ و خۆی بنوێنێ، نەشتەری برژانگەکانت هاتووەتە سەر دڵم و دڵمی بریندار و زامدار کردووە، هەموو خەتێکی جگە لە خەتی سەوزی تۆ پاکی کڕاند.

لەشکری ئاه و ناڵەم لەگەڵ سوپا و ئوردووی زوڵفە ڕەشەکەت شەڕ دەکا، وە خۆمیش سەرم سووڕماوە کە ئەو دڵبەرە چۆن دڵمی ڕفاندووە من کە بۆ گوڵی ڕووت هاتم و کەچی چاوم کەوتە پەرچەمت، وە مانگی نەورۆز وەکو مانگی موحەڕەم خۆی نواند، واتە مانگی نەورۆز کە مانگی شایی و خۆشی و سەرەتای بەهارە لێم بووە مانگی موحەڕەم کە مانگی شیوەنە. تۆ کە هەر لە هەوەڵەوە بەڵێنت بەمن دا کەچی ئەو بەڵێنەتە شکاند و بەبێ پەیمان دەرچوویت. توخوا ئەوە ڕەوایە کە گوڵ بەبێ تۆ لە باخا خێوەتی خۆی هەڵدا؟ کەچی ئەوەش دەبێ بڵێم کە گوڵ بەهەویای تۆیە، هەرکەسێک بۆ خۆی بیروبڕوا و ڕەوشتێکی هەیە، تۆش ئەی (حەریق) بەشۆڵەی خەم و پەژارە وەجاخت هەڵگڕاند.

حەریق لەم پارچە هەڵبەستەدا دیاردیی کردووەتە هەندێ زاراوەی خواناسی بۆ وێنە: خەت بەواتای جیهانی ڕۆح و ئەڕوایە و خەتی سەوز بەواتای بەرزەخە کە بریتییە لە جیهانی نێوانی جیهان و ڕۆژی دوایی لە کاتی مردنەوە تا ڕۆژی پەسڵان، وە سووسەی سەماڵ بەواتای بەزەیی خواییە. زۆربەی هەڵبەستەکانی حەریق خواناسین و لە سەرتاسەری هۆنراوەکانیا سەبارەت بەمەی نۆشی و سۆفیەتی و ڕێ و ڕچەی خواناسی دواون، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەیدا ستایشی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دەکا و دەڵێ:

بەو نوورە کە زاهر بوو لەسەر ڕووی محەمەد
عالەم هەموو ئاشوفتە بوو وەک مووی محەمەد
مەخجوول و سەرئەفکەندەیە نەسیرین و بنەوشە
بۆ مووی سەمەن بۆی دوو گێسووی محەمەد
مەجزووبە هەموو کەس بەڕمووز بەئیشارە
مەجبوورە لە دەس ساعد و بازووی محەمەد
سەرووی چیمەنیش پێ لە گوڵ و خاری غەمایە
لەرزیانە لە حەسرەت قەدی دڵجووی محەمەد
لالەش وەکو من سینە پڕ حەسرەت و داغمە
تا دیویەتی ڕوخساری گوڵبووی محەمەد
زاهد وەرە پێش، تۆ سەری ئیمانی زەعیفت
ڕوویێ کە لە میحرابی دوو ئەبرووی محەمەد
بورهانە لەسەر نەفی و مونافات شەوو ڕۆژ
موویێ کە پەرێشانە لەسەر ڕووی موحەمەد
ڕۆح و دڵ و دینت هەیە هەرسێکی (حەریق)
خەرجی کە لە ڕێی وەسف و سەناجووی محەمەد

حەریق لە بەرابەری نالیشدا ڕاوەستاوە و بەرپەرچی هۆنراوەکانی داوەتەوە و لەگەڵیدا کەوتووەتە پەنجەبازی و بەربەرەکانێ.

نالی لە پارچە هەڵبەستێکیدا ستایشی کچی کردووە و ئەویش بەم چەشنە لە بەرامبەری نالیدا بەکوڕ هەڵدەڵێ و دەڵێ:

عیشقت کە حەقیقی بێ تالب مەبە ئیلا کوڕ
هەم حەضرەتی لەولا کوڕ و هەم یوسفی والا کوڕ
ئەو نوورە کە مەنشەء بوو بۆ عاشقی مەبدەء بوو
تێفکرە لە ئەو نوورە مەعلووم وهوەیدا کوڕ
عەشقێ کە بەقووەت بێ، مایل بەمرووەت بێ
نەم دیوە کە تالب بێ ئیلا کە تەڵەب کا کوڕ
عەشقێ کە بەغەوغا بوو، وەک عەشقی زلێخابوو
سەرگەشتە و ڕیسوابوو، بۆ یوسفی والاکوڕ



شیرین کە شەکەر ڕێزبوو، بووکێ بوو دڵ ئاوێز بوو
بۆ خەسرەوی پەروێز بوو، بۆ فەرهادی هەوا خوا کوڕ
کچ مایلی والایە، وەک داوی بەلا وایە
کوڕ وەک کوڕی شا وایە، بێ خۆف و موحابا کوڕ
کچ تەبعی کەچ و ناقس، کوڕتەبعی تەڕو خالس
هام سوحبەت و هەم جالس، خۆش مەنزەرو سیما کوڕ
کچ زوڵفی پەرێشانە، کوڕ پەرچەمی ئەفشانە
کاکۆڵی بەجەمعییەت، هامشانی کچە یا کوڕ
هەر کەس بەتەبیعەت بێ ئەربابی مرووەت بێ
لەم نوقتە تەماشاکا، خانم کچ و ئاغا کوڕ
قامەت کە وەکو نەی بێ، کێ دیویە لەگەڵ بەی بێ
ئەم نیسبەتی ئەخلاقە، دەرحەق کچە یا کوڕ
سەد حەیفی کە تۆ (نالی) بەو پیرییە منداڵی
بەم تەرزە لە عەشق، ئەدوی، زیبا کچ و دیبا کوڕ
موویێ کە لە ڕووی کوڕ بێ ڕێحانەیی نێو باغە
سەد جەرگی لەبۆ داغە، ساحب خەت و ئینشا کوڕ
هەر عەشقێ حەقیقی بێ، وەک عەشقی (حەریقی)بێ
مەیلی بەدەقیقی بێ، بۆ مەعریفەتوڵلا کوڕ

حەریق وا دیارە لە ژیاندا چەرمەسەرێی زۆری دیوە بۆیە لە پارچە هەڵبەستێکدا دەردی دڵی خۆی دەردەبڕێ و باسی چۆنییەتیی ژیانی پڕ لە خەم و پەژارەی خۆی دەکاو دەڵێ:

هەوری خەفەتە بەفری غەمی داوە بەسەرما
یا صەڕ صەڕی نوورینە کە لێی کردمە سەرما
گاهێ بەشەرا ڕەی غەم و گەهـ، سەرسەڕی هیجران
خۆشی نەبوو، بۆ من، نە بەگەرما و نە بەسەرما
کەوتوونەتە سەرم ئەشک و غوباری ئەلەمی دڵ
یەعنی کە قوڕی میحنەتە کردوومە بەسەرما
گەر ئەچمەوە (صاحب) نییە هیچ موونسی جانی
گەر دێمە (سەقز)، ناری سەقەر وا لە جگەرما

شاهدمە حەواسم کەسەکەم! چونکە کەساسم
بەخوا نییە غیرەت لە خەیاڵ و لە نەزەرما
هەرچەندە بەجسمانی کە دوورم لە حزوورت
ڕوحانیەتت سەبتە لە نێو زوبدەی دڵما
تۆفانی سرشکم چووە سەر جوودی وجوودم
کەشتیی تەنی نقوم کردو نە نووح و نە ئەسەرما
لەوساوە کە تۆ ڕۆیی، دڵم ڕۆیی بەدووتا
هێلانەی تەن هەر وەکو ماوای سەقەر ما
بێ فەوجی وەفاکەت کە جەفا پەروەرە ئەمشەو
ئەم لەشکری ئاهی منە بێ فەتح و زەفەرما
لەم قەسوەتەدا، تا وەکو کەی پەردەی زوڵمەت؟
بەر چاوی دڵم بگری، دەسا بێ بەگوزەرما
ئاوێنەی دڵ ژەنگی قەساوەت ڕۆخی پۆشی
خاکستەری دڵ سووختەیی بێنە بەسەرما
مەڕوانە بەظاهر کە بەبێ قووتم و ڕووتم
ڕووتی و قووتیی خەیاڵت غەزەلی چاکە لەبەرما
سەرمایەی ئەم مڵکی خەیاڵاتە (حەریق)ی،
حەیفی کە تەلەف بوو، بەهەدەرچوو بەزەرەر ما

حەریق لەم پارچە هەڵبەستەیدا لە وشەی (سەرما) جناسێکی جوانی بەکارهێناوە و هەروەها خەفەتی کردووە بەهەور و لە هۆنراوی دووەما باسی خەم و پەژارەی دووری و ناڵەی خۆی دەکا و دەڵێ:

بۆ من خۆشی و شادییەک نەبوو نە بەسەرما و نە بەگەرما

ئەم پارچە هەڵبەستەی خوارەوەی حەریق پڕە لە جوانی و دەتوانین بڵێین کە وێنەیەکی بەبایەخی هۆنراوی کوردییە، هەروەها لەلایەن ناوەڕۆکیشەوە زۆر گرنگە، بەڵام لەلایەن شێوەوە دەتوانین بڵێین کە شتێکی تازەیە وەکو دەڵێ:

چاوەڕێی موژدەی نەسیمم تا لە گوڵشەن دێتەوە
بەڵکە فەرمایش بکا گوڵ بولبولم بابێتەوە
وا وەعیدی بەفری زستانی فیراقت کەوتە دڵ
مەر بەبای وەعدەی ویساڵت کێوی دڵ ڕەش بێتەوە



مەروەحەی زوڵفت لە دەوری ئاتەشی ڕووت بێ چلۆن
ئاگری عیشقت بەئاوی چاوی من ئەکوژێتەوە
سووچی زوڵفت بوو کە پەروانەی دڵم ڕووی کردە ڕووت
ئاگری وەسڵی شەم و پەروانە شەو دەگرێتەوە
خەت و موهری زوڵف و خاڵت حوجەتی موڵکی دڵە
نەخشی ئەو مۆرە بەئاوی خوڕ خوڕە ناچێتەوە
دڵ لە ترسی چاوی، ڕووی کردبووە میحرابی برۆی
ئێستە بیستوومە لە چینی زوڵف جێی نابێتەوە
کێوی هیجرت خستە سەرشانی دڵم پێی خستووە
تا نەگا دەستی بەزوڵفت زەحمەتە هەستێتەوە
مەزرەعەی مێهر و موحبەت توخمی وەسڵی شین نەکرد
گوڵ بەشادی دا ئەچێنم خاری غەم ئەڕوێتەوە
توخوا تاکەی لە تاریکی شەوی هیجرانتەوە
دەستەو ئەژنۆ دانیشم ڕەبی کەی ڕۆژ بێتەوە
زەخمی دڵ بێ مەرهەمی وەسڵ بەناسۆر کەوتووە
ئەی (حەریقی)ی باسی مەکە توخوا بەلا نەکوڵێتەوە

دیوانی حەریق بۆ جاری یەکەم لەلایەن کوردیی مەریوانییەوە لە ساڵی ١٩٣٨ و بۆ جاری دووەم لەلایەن مەحموودی خاکی لە ساڵی ١٩٦٩ لە چاپ دراوە، وە گەلێ هۆنراوی تریشی هەیە کە لە دیوانەکەیدا نین.

سەرچاوەکان

١– دیوانی حەریق – لەسەر ئەرکی کوردیی مەریوانی – بەغداد، ١٩٣٨.
٢– دیوانی حەریق – لەسەر ئەرکی مەحموود خاکی – کەرکووک، ١٩٦٩.
٣– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەحەریق.

## جیهان ئارا خانم

١٢٧٥– ١٣٢٩

ئەم هۆنەرەمان ناوی جیهان ئارا و کچی مەلا نەشئەتی (پاوەیی)یە کە بەپێی ئەو بەڵگانەی کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٧٥ی کۆچی لە پاوەدا لە دایک بووە و هەر لە سەردەمی منداڵیدا لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و ئەوسا مامۆستای تایبەتی بۆ گیراوە و لەلای ئەو فێری ڕێزمان و وێژەی عەرەبی بووە و پاشان شووی کردووەتە عەلی ئەکبەرخانی میمکەزای، وە بەپێی مێژووی مەردووخ لەبەرئەوەی عەلی ئەکبەرخان لە ساڵی ١٢٨٩ی کۆچیدا بانگ کراوەتە تاران، لەپاش ماوەیەک خان یەکێ لە شازادە خانمەکانی قاجار دەخوازێ و تەلاقنامەیەکیش بۆ جیهان ئارای ژنی دەنێرێ، ئەوسا جیهان ئارا مێرد دەکاتە حەبیبوڵلاخانی جاف و لەم مێردەی چەند منداڵی دەبێ و ئیتر پاشماوەی ژیانی بەپەروەردەکردنی منداڵەکانی خۆی و خوێندنەوەی پەڕاو و نامیلکەوە دەباتە سەر تا ساڵی ١٣٢٩ لە تەمەنی پەنجا و چوار ساڵی لە جوانڕۆدا کۆچی دوایی دەکا و تەرمەکەی لەوێدا دەنێژرێ.

مامۆستا سەی تایەری هاشمی سەبارەت بەجیهان ئاراخانم دەڵێ: جیهان ئارا کچی یەکێ لە زانایانی پاوە بوو کە لە جوانی و شۆخوشەنگی و زانستدا بێ وێنە بووە و بەیەکێ لە هۆنەرانی کوردیش دێتە ژمار حەمە بەگی وەکیل دڵی لێ چووبوو و خۆشی دەویست و چەند جاریش خوازبێنی لێ کرد، بەڵام لەبەرئەوەی مێمڵ و مڵۆزمێکی وەکو عەلی ئەکبەرخانی فەرمانڕەوای جوانڕۆ و جافی بۆ پەیدا بوو، جیهان ئارا شووی پێ کرد و لەپاش تەلاقدانی شووی کردە حەبیبوڵلاخانی سەرەکی عێلی بابەجانی و تا ئاخری تەمەن لەگەڵ ئەودا ژیانی بردە سەر.

جیهان ئارا بەیەکێ لە هۆنەرە هەرەبەرزەکانی کورد دێتە ژمار و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن و هۆنراوی ئەو ئەگەر لە هۆنراوی هۆنەرانی هاوچەرخی خۆی بەرزتر نەبێ خوارتر نییە، بەڵام بەداخەوە هۆنراوەکانی کۆنەکراونەتەوە و هەندێکی لەناو بەیان و کەشکۆڵەکاندا نووسراوە و بەیادگار ماونەتەوە.

جیهان ئارا کاتێ تەلاقنامەی مێردەکەی دەگاتە دەستی لەبەرئەوەی ئەوی زۆرخۆش دەویست، بەجارێ تێک دەچێ و پەژارە دڵ و دەروونی دادەگرێ و گەلێ دەگری و ڕۆژی دەبێتە شەو و جیهان لەبەرچاویدا تاریک دەبێ و لە برە هۆنراوێکدا داوا لە مێردەکەی دەکا کە دڵ نەدا بەکەسێکی تر و بگەڕێتەوە لای تا ژیان بەخۆشی بەیەکەوە ببەنە سەر و سکاڵای دڵی خۆی هەڵدەڕێژێ و دەڵێ:



قەبیلەم دەماخم، قەبیلەم دەماخم
نەمەندەن، نییەن بەرزیی دەماخم
دوور جە تۆ پەردەی دەروون داخ داخم
زنجیر تەقدیر کەردەن یاساخم
کەم کەم کەردەن کەم سۆمای چراخم
پەژمووردەن غونچەی گوڵاڵەی باخم
پەڕکەندەن کڵاف خەیاتەی دێزم
نمینەن نەرگس شەهلای هوونڕێزم
زەردەن گوڵ وەرەق گۆنای گوڵنارم
کەساسەن توحفەی مایەی بازاڕم
تاڵەن تام دەم تاڵاو وەردەکەم
کاڵەن ئاه سەرد سیای دەردەکەم
لێڵەن ئاینەی جام جەمینم
قەڵاخەن کاڵای باڵای خەمینم
ناڕەواجەن لاڵ دورج یەمانیم
بێ قوربەن گەوهەر نوقڵ نیهانیم
بێ سەیرەن سەفای قەوس قەشەنگم
تۆز خێڵ خەم وەشتەن نە ڕەنگم
تەمام هەر جەتیرتانەی بەدکاران
مەر حەق بزانۆ چۆنم و یاران
ئازیزم یەگشت مەینەت باری تۆن
ئێش و نێش خەم وە زامداری تۆن
جەفای بەدکاران گشت جەبۆنەی تۆن
تانەی ئەغیاران گشت سەرکۆنەی تۆن
خەسرەو شیرین وێڵ جە سۆنگ تۆن
مەجنوون لەیلێ ریسوای لۆنگ تۆن
سەنعان تا مەحشەر تەرسا یار تۆن
یۆسف زلێخا گرفتار تۆن

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! ئیتر بەرزیی دەماخی جارانم نەماوە و سۆمای چرام کز بووە و غونچەی گوڵاڵەی باخەکەم ژاکاوە، ئەوەندە گریاوم کە خوێن لە چاوانمەوە دێ، و پەڕەی گۆنای گوڵنارم زەرد بووە و دیارە مایەی بازاڕەکەم کەساس و بێ برەوە، تامی دەمم تاڵە و هەناسەسارد بووم و دەردەدارم و ئاوێنەی جامی ناوچەوانم لێڵ بووە و کاڵای باڵام ڕەش بووە و سەندووقی لاڵی یەمانیم بێ برەو ماوەتەوە، گەوهەری نهێنیم بێ بایەخ بووە، تۆزی خەموخەفەت نیشتووەتە سەر ڕوومەتم، لەبەر ناحەزان ئەوەندە تانەیان لێم داوە، مەگەر خوا خۆی بزانێ کە ژیانم چۆن ڕابواردووە ئەی خۆشەویستەکەم! ئەم هەموو ڕەنج و خەم و مەینەتە بەبۆنەی تۆیەوەیە کە دێتە سەرما، وە لەبەر تۆ بەرگەی تانە و سەرکۆنەی خەڵک دەگرم، خەسرەو و شیرین و مەجنوون و لەیلێ و سەنعان و یووسف و زلێخا گرفتار و گیرۆدەی تۆن.

جیهان ئارا درێژە بەسکاڵاکەی خۆی دەدا و پیا ئەڕوا و لەبەرئەوەی لە پێشا مێردەکەی خۆش ویستووە، ناتوانێ دەستی لێ هەڵگرێ و دڵی لێ بەردا و ئەوسا لە پێوارەوە ڕووی تێ دەکا و پێی دەڵێ:

ئاغەکەم فەلەک چمان دڵڕێشەن
سا ئەو نمازۆ، گونای من چێشەن
ئەرێ بێ خەبەر بێ باک جەئەحواڵ
ئەرێ تیر ئەنداز وەڕووی دانەی لاڵ
ئەرێ بێ ئینساف جە هیچ کەس نەپرس
ئەرێ ساحێب زۆر جەخودا نەترس
ئەری بێ ڕەحم وڵات چەپاو کەر
ئەرێ تەریدەی سەرملەی خەتەر
ئەرێ حاڵ نەزان دوور جە وەفاو مەیل
ئەرێ شەڕ فرۆش هوونی قەتل لەیل
تاکەی تۆ چەنی بەختم ناسازی
تاکەی دەهای نەشوون ڕای بەدمەجازی
تاکەی بنۆشۆ زووخ زام جەرگ
تاکەی بوا چۆ ئەی خودا سا مەرگ
تاکەی پێنچ وەروو چوون مارزامدار
تاکەی بکێشوو سزای سەخت خار



تاکەی ئەسرینم ئاو پاش خاک بۆ
تاکەی هەناسەم پەخش ئەفلاک بۆ
تاکەی دەروونم جە ئەنۆ پەڕبۆ
تاکەی باڵینم وە هووناو تەڕ بۆ
تاکەی لەرەم بێ چەنی پەژاران
تاکەی خدمەت کەم من وەهوونخواران
تاکەی بواچان وە دەشت و دەردا
تافتەکەی ڕیسواییش کێشان وەسەردا
تۆ خودا زەلیلی و زگاری تا چەند
تۆ خودا خەمینی و خەمباری تا چەند
وێنەی مارانگازبن تەلووک تا چەند
بیم جەخشپەی دەنگ پای مەزووک تا چەند
هەورسای خەیاڵ دێق دڵ تا چەند
تەمای گوشادی جە موشکڵ تا چەند
وەسوەسەی دەروون نیمە شەو تاچەند
جەنگ چەم تا سوب چەنی خەو تا چەند
گۆنای گوڵناری چون خەزان تا چەند
دەرد جەدەست یار حاڵ نەزان تا چەند
بار مەینەتان کێشا کێش تا چەند
خجاڵەی خێڵ قەوم و خوێش تا چەند
ئیرجاع ئازار وەتەبیب تا چەند
(عذرنا مسموع)پەی ڕەقیب تا چەند
پا نە خەلیلی و نەزنجیر تا چەند
پەناه و بارگەی شێخ وەپیر تا چەند
فەڵەک چەنی دۆس جیایی تا چەند
پەی شکڵ ڕەقیب ڕووبایی تا چەند
خوداوەند ئامان وەسەن دەردسەر
یا نەجات یا مەرگ یا وەسڵ دڵبەر

نەمەندەن تاقەت توانای تانە
جەی فێشتەر عەزاب پەنەم مەنمانە

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! بۆ لە حانای مندا بێ باکی و گوێ بەقسەم نادەی و ئاگات لە دۆخ و بارم نییە، ئەی تیرهاوێژ بەڕووی دانەی لاڵدا، ئەی بێ دادی لە هیچ کەس نەپرس، ئەی خاوەن زۆری لە خوا نەترس، ئەی بێ بەزەیی و وڵات چەپاوکەر، ئەی جەردەی سەرملە و ڕێگری سەرچاوەی ژیان، ئەی بێ ئەمەگی ناڕاس، ئەی شەڕفرۆشی پیاوکوژی خوانەناس، تاکەی زووخی برینی جەرگ بخۆمەوە و تا کەی بەخۆت دەنازی؟ تاکەی زووخی برینی جەرگ بخۆمەوە و تا کەی بڵێم خوایا سا مەرگ؟ تا کەی وەکو ماری بریندار پێچ بخۆم و بتلێمەوە، تا کەی سزا بکێشم؟ تا کەی بەفرمێسک زەوی ئاوڕشێن کەم؟ تا کەی هەناسە هەڵکێشم؟ تا کەی دڵ و دەروونم لە خەم و پەژارە پڕ بێ و تا کەی سەرینم لە خوێناو تەڕ بی؟ تا کەی لەگەڵ پەژارەدا بتلێمەوەو تا کەی خزمەتی خوێنخۆران بکەم؟ تا کەی خەڵک لە دەشت و دەردا پێم بڵێن: تافتەی ڕیسوایی کێشاوە سەر؟ توخودا پێم بڵێ: زەبوونی و زگاری تا چەند؟ زویری و شەرمەزاری تا چەند؟ دڵەکوتێی نیوەشەوان و شەڕی چاو تا بەرەبەیان تا چەند؟ گۆنای گوڵناریم وەکو خەزان زەرد بووە و تا کەی لە دەست یاری حاڵ نەزان دڵم بێتە ئێش؟ باری مەینەت و شەرمەزاری من لەلای خزم و کەسوکار تا چەند؟ تاکەی بچمە لای بژیشک و پێی بڵێم دەردەدارم؟ خوایا هانام بەتۆ و ئیتر دەردی سەرم بەسە، یا ڕزگارم کە، وە یا مەرگم پێ بدە، وەیا بمگەینە دڵدارەکەم، ئیتر توانای تانە و سەرکۆنەی خەڵکم نییە و لەمە زیاتر با لە ژینم ئازار نەبینم.

جیهان ئارا لەپاش ئەم گلە و گازندە و سکاڵایە کە لە مێردەکەی دەکا پەنا دەباتە خوای تاق و تەنیا و داوای لێ دەکا کە بەتوانا و گەورەیی خۆی دەردی دڵی چارەسەر بکا و بەزەیی پێدا بێ و دڵی شاد بکا و لە هەموو ڕەنج و ئێش و ئازارێ ڕزگاری بکا، بەڵام بەوەش واز ناهێنێ و دیسان خۆشەویستیی خۆی سەبارەت بەدڵدارەکەی دەردەبڕێ و پیایا دەڕوا و دەڵێ:

ئەرێ کەرەمدار ئاگای کول حاڵ
تۆ وێت عەلیمی هابیم وە زووخاڵ
خۆ من جەسەنگ نیم شای موشکڵ گوشاد
جە ڕووی مەرحەمەت بیاوۆم وەداد
جەخەزانەی غەیب تۆچێش مەبۆکەم
پەروانە شادبۆ شاد وەشۆڵەی شەم



بولبول نەکێشۆ هەنی جەفای خار
بێ خۆف بگێلۆ پەی وێش نەگوڵزار
یاری ئازیزم شای تیر ئەندازان
سەردار سپای گەردن فرازان
دیسان سەوگەندم وە ڕوتبەی خاسان
هەر جەو وەختەوە من وێم شناسان
دەروونم جە عەشق بالاٚت قەقنەس بی
ڕۆحم جەنی ڕۆح پاکت پەیوەس بی
تا بەڕۆی مەردەن یەک لاو یەک دینم
بزانە گیانم گیان شیرینم
هۆشم هەراسان بادەی ساف تۆن
خەیاڵم دایم تەلگراف تۆن
ماوام گەرمەسێر ئەگەر لێلاخەن
دەماخم وەبۆی هەوای تۆ چاخەن
نەمایل وە زەوق، نەعەیش شادی
زەوقم هەر تۆنی جەی دنیای بادی
غەیر جەشێوەی تۆ وەبان گوڵدا
ویەردەن تا پەڕ نەباغچەی دڵدا
هەنی جەمەخلووق تا بەڕۆی مەردەن
شەماڵ هەم جەخەو گوزەر نەکەردەن
قەسەم هەر بەوشای فەرد فەریادڕەس
سیوای تۆکەسم نەزانان وە کەس
غەیر جەتۆ کەسم وە کەس نەوانان
وەیادت قەسەم شای نەوجوانان
تۆنی ئازیزم، تۆنی غەمخوارم
هەر تۆنی یاگەی گشت قەوم کارم
هەر با جە عالەم واچان بی کەسەن
مەیل تۆم تەنخوای گشت کەسم وەسەن

دیدەم غەیر جەتۆ باڵا دەس نییەن
قەلبم ئامیتەی مەیل کەس نییەن
سەرو گیان نەڕات توفەیلم کەردەن
سەوگەند هەر ئەوەن پەرێ تۆم وەردەن
قەسەم هەر بەوشەرت ئیقرار جاران
بەو وەفای قەدیم گشت بەینەت داران
تا نەفەس بەندەن نەیانەی قەفەس
سیوای تۆ دیدەم شادنەبوون وەکەس
تا خاس وێم نەکەم ڕیسوای زەمانە
نەبوون وەسەر ژان خوێش و بێگانە
تا شکست نەدەم وە شای جوانیم
دنیا پڕ نەبۆ گشت جە نادانیم
تا مینان خاتر نەڕێزۆ وە گڵ
شەرتەن مەیل تۆ بەرنەشۆ جە دڵ
تا ئەلف باڵام وێنەی نوون نەبۆ
تا مۆخ ئەعزام گشت وە هوون نەبۆ
تا دیدەم وە ئاومروار تەڕ نەبۆ
تا گۆشم جە سەمع تەمام کەڕ نەبۆ
تا زوان نەدەم لەنگ لاڵ نەبۆ
تا ئەعزای بەدەن گشت بەتاڵ نەبۆ
تا چراغ ڕۆح خاس نەبۆ خامۆش
شەرتەن مەیلەکەت نەکەم فەرامۆش

واتە: خوایا تۆ خۆت لە هەموو شتێک ئاگەداری و دەزانی کە بەهۆی ئەوینەوە سووتاوم و بوومەتە خەڵووز، خۆ من بەرد نیم و، بەزەییت پێمدا بێ و بگەیێ دادم، چونکە ناشادم، لە گەنجینەی دەسەڵاتی تۆ خۆ شتێک کەم نابێتەوە، با ئەم پەپوولە بەتیشکی شەم شادبێ، با بولبول ئەرکی دڕک نەکێشێ و بەبێ ترس لەناو گوڵزار بەدەوری گوڵا بگەڕێ ئەی خۆشەویستەکەم! شای تیرهاوێژەکان، دیسان سوێند دەخۆم بەپلەوپایەی پیاوچاکان کە لەو کاتەوە من خۆم ناسی، دڵ و دەروونم لە ئەوینی باڵاتدا بووە قەقنەس و گیانم لەگەڵ



گیانی پاکتدا پەیوەس بوو، وە تا ڕۆژی مردن بیرم هەر ها بەلای تۆوە و هۆشم هەراسانی بادەی تۆیە، وە ژیان و مەرگم پەیوەندیی بەتۆوەیە، ئەگەر لە قشلاخدا بم یا لە لێلاخدا بەهۆی تۆوە خۆشم، سوێندم بەخوای تاق و تەنیا، جگە لە تۆ هیچ کەسم خۆش نەویستووە، و هەر تۆ خۆشەویست و خەمخۆری، وە هەر تۆ کەسوکارمی، دڵم هەر ها بەلای تۆوە و سەر و گیانم لە ڕێتا بەخت دەکەم، ئەو سوێندەی کە لە پێشا بۆ تۆ خواردوومە، هەر لەسەریم و جگە لە تۆ کەسم ناوێ، هەتاکو لەشم نەچێتە ناو خاک، مەرج بێ کە تۆ لەبیر نەبەمەوە، وە تا ئەلفی باڵام وەکو نوونی لێ نەیێت و تا گوێم کەڕ نەبێ و زمانم لاڵ نەبێ و تا چرای گیانم نەکوژێتەوە، مەرج بێ کە تۆ لەبیر نەبەمەوە.

جیهان ئارا لەپاش ئەوەی خۆشەویستی خۆی سەبارەت بەمێردەکەی دەردەبڕی، دیسان دەرد و پەژارەی دڵی خۆی هەڵدەڕێژێ و داوای لێ دەکا کە بێتەوە لای تا بەیەکەوە بەشادی و خۆشی ژیان بەرنە سەر، وەکو دەڵێ:

هەر وێم مەزانۆ دڵ چ دەدرێشەن
بەڵام پەرێ تۆ فایدەش چێشەن
من پەی تۆ وستەن وێم وە چەمەردا
تانەم چوون سەرپۆش کێشان وەسەردا
پەی تۆ وێم کەردەن وەپەند شاران
مەحرووم جەسەیران بەرز کۆساران
پەی تۆ دەروونم پڕنێش خارەن
سەد کۆ چوون شاهۆ خەم وەنەم بارەن
پەی تۆ خەم گەلای جوانیم بەردەن
پەی تۆ وەهارم خەزانش کەردەن
پەی تۆ وێم کەردەن دەیریی دێوانە
پەی تۆ پابەندم جە مەینەتخانە
پەی تۆ کێشانم جەور ئەغیاران
تیر تانەی تاڵ نا ئەهلی یاران
من بادەی حەسرەت هیجرانت وەردم
جەفات پەی من بێ سەفات پەی مەردم
تاکەی من جەلات ببوون ڕەنجەڕۆ
ئای جە کەم شەرتی و بێ وەفاییی تۆ

تا واچی بەدحاڵ تەڵخەن ژیانم
بینناییم بۆ دەس وەردەر جەگیانم
جەی وەرکێ بیەن یار دڵدارت
دیسان هەر ئەوەن شەفای ئازارت
خەدەنگ غەمزەی کام مەهرِوو بەردت
هەم بشۆ وە لاش پەی دەوای دەردت
جە یانەی خاڵی ئێمەت چ کارەن
دنیا پەی تۆ گشت مینا بازاڕەن
ئەو هەر کۆ بدیۆ سازت پڕسۆزەن
دایم نە دەوران جەژنت پیرۆزەن
من کە خۆ جەژنم، جەژنانەم خارەن
سەفای نەورۆزم چون ژار مارەن
ئەرێ بێ مروەت بێ ئەندێش جەتیر
ئەرێ بێ باوەڕ دوورجە خودا و پیر
تاکەی حەرف تاڵ مەدەری نەڕۆم
کێ زانووش نیان وەبان زانووم
تاکەی مەکەریم وەچەشتەی ماران
وە پووڵ سیای نارِەوای شاران
ئاخر ئەر گەنجەن ئەر ڕەنجەن یارم
کێ بۆ غەیرجە وێت وە خەریدارم
قیبلەم حەیفت کەردجە من و یەردی
خەیاڵێ وەی تەرو نەدڵ ئاوەردی
وێم ئەر ناخاسم، دەروونم خاسەن
دڵ جە بارەکەت ساحێب ئیخلاسەن
مەبۆ نەواچی وەفا و بەینش کۆن
ڕۆشنیی دنیام پەی وجوود تۆن
بەڵام بۆ وە عەشق بینای بان سەر
جە ئەسپ مەتڵەب لادێ پیا بەر



ئەو ئەسپە چەندکەس هەوادان بەوار
چەند سەر وە مەیدان کەردەن نگوونسار
چەند ئوستاد علیم کەردەن وە ناشی
چەند وەزنش گەردەن وەمووش کاشی
من جەعومر وێم نەی دنیای فانی
پام نەنیان وەبان ڕاگەی نادانی
چەتر ناموسم جە سەر ئەفراشتەن
پەردەی عیسمەتم هەر نیگا داشتەن
بەرزمەکەر جەلام سەدای نام و نەنگ
شیشەی مەعسوومیم مەدەر وەڕووی سەنگ
نەخودا بەردار نەبەندە ڕازی
نەفەتوای شەرعەن، نەحوکم قازی

واتە: دەردم زۆرە و بەڵام بۆ تۆ چ سوودێکی هەیە؟ من بۆ تۆ لە چەمەردام و تانە و سەرکۆنەم وەکو لەچک داوەتە سەرمدا، وە بۆ تۆ خۆم کردووەتە پەندی شاران، وە لە سەیرانی دەشت و کێو بێ بەری بووم، وە سەد کێو وەکو شاهۆ خەم بووەتە بارم، وە خەم بۆ تۆ بەرگی جوانیمی بردووە و بەهارم لێ بووەتە خەزان، وە بەجارێ کەوتوومەتە ناو خەم و مەینەت و خەڵک تانەی تۆم لێ دەدەن، وە من هەموو دەم بادەی پەژارەت دەخۆمەوە و پەژارەت بۆ منە و خۆشیت بۆ دوژمنە، ئێستا کە جەژنە و منیش جەژنم نییە و تاکەی قسەی تاڵی خەڵک ببیسم، ئەی خۆشەویستەکەم! حەیفت کرد کە لە من بووردی و بیرێکی واتە هێنایە دڵ، خۆ من هەر تۆم دەویست و بۆ قسەت لێم نەبیست، دەسا لە سەر ئەسپی هەوا و هەوەس پیادە بە، چونکە ئەو ئەسپە چەندین کەسی خستووەتە خوارەوە، بەڵام من پەردەی ئابڕووی خۆمم ڕاگرتووە، ئیتر شووشەی پاکی مەدە بەرداو نەخوا ڕازییە نەش قازی فەرمانی ئەم کارە دەدا.

جیهان ئارا پاش ئەم هەموو گلە و سکاڵایە کە دەری دەبڕێ و پەژارە و ئاخ وداخی دڵی هەڵدەڕێژێ، داوا لە مێردەکەی دەکا کە بەبێ ڕەزای ئەو دەست نەداتە کارێکەوە کە ژیانی هەردووکیان تێک بدا و لە یەک جیابنەوە و ئەوسا پیا دەڕوا و پێی دەڵێ: ئەگەر بزانم کە لێم زویر و دڵتەنگ دەبی، ژیان لە خۆم تاڵ دەکەم وەکو دەڵێ:

فیدات بام پەی چێش پەشیمانیت بەرد
چەند سەوگەندت وەرد، چەند جار عەهدت کەرد

ئەر ببۆ جەلات ساتی وە ساڵێ
وە بێ رەزای من نەکەی خەیاڵێ
ئیسە یە چێشەن ئەرێ بێ وادە
ئی خەم خەیاڵ، عەزم و ئیرادە
ئەگەر بزانووە جێم مەبی دڵگیر
ئەگەر نارین بۆ، ئەگەر زمهەریر
دۆزەخ پەرێ تۆ نەکەم ئیختیار
تا عاجز نەبۆ یار وەفادار
نەک واچی دەمباز قەوڵش بەتاڵەن
قەسەم هەر بەو فەرد ئاگای کول حاڵەن
نە ساحێب باخم. نە ساحێب میوە
بەخشش بەنۆشش بینشش پێوە
ئەرباخەن، ئەرملک ئەرگەنجەن، ئەر ماڵ
دەخڵش هەر بەتۆن دارای کەمەر لاڵ
خاترت جەم بۆ دڵ مەدەر وە دڵ
پەی تۆ ڕازیان ئی باغچەی پڕ گوڵ
بێ تاقەت مەبەر شای خەسرەو مەقام
بەوەسڵ شیرین مەیاوی بەکام
ئیسە نەجای دەس نە وادەی کارەن
نە یاگەی تەدبیر هاناو هاوارەن
پام هانەپا وەندوو شاخەی زاڵم
مەشیا خۆ تۆ خاس زانات بەحاڵم
تەوق سەدمەنیم شیەن نەگەردەن
سەرتاپای بالآم ئاغشتەی دەردەن
بەڵام سەبەب سا زموشکڵ گوشادکەر
پادشای شاهان دەهەندەی داوەر
بەد قودرەتش جە هانامەوە
خەڵاس کەروە پام جەپای دامەوە



ئاسان ببۆ کار زەحمەت وەردەمان
نەدریۆ وەباد ڕەنج بەردەمان
یا رجای شەخسێ یا وەتەدبیرێ
بگێرین وە دەس دامان پیرێ
غەرەز وەهەر نەوع کارێ بسازین
من و تۆ جەبەین من و تۆ نازین
ئەوسا وەشەن عەیش هەر شەو تا سەحەر
خودا خۆشنوود بۆ بەندە بێ خەتەر
وەرنە خۆ لەیلت ئارامش نییەن
سیوای تۆ پەی کێ ڕیسوای عام بییەن

واتە: بەقوربانت بم بۆچی لەسەر پەیمانەکەی خۆت ڕانەوەستای و پەشیمان بوویتەوە، ئێستا لەبەرچی کەوتیتە سەر هەوا و هەوەس؟ وە مەیلی جارانت نەماوە، من ئەگەر گەنجم، ئەگەر باخم، ئەگەر ماڵم، ئەگەر زەویم، پەیوەندم بەتۆوەیەوە، دەسا وەرەوە سەر باغچەی پڕ گوڵت کە بۆ تۆ ڕازاوەتەوە، با منیش لە دەرد و پەژارە و کەسەر ڕزگار بم، با ڕەنجی هەردووکمان بەفیڕۆ نەڕوا، ئەوسا شەو تا بەرەبەیان بەیەکەوە ڕابوێرین و جیهان بەخۆشی و شادی ببەینە سەر، ئەوسا خواش ڕازی دەبێ ئەگینا من ئارامم نییە، وە من هەر بۆ تۆ ڕیسوای خەڵک بووم.

سەرچاوەکان

١- بەرگی یەکەمی (تاریخ مردوخ).
٢- بەیازێکی کۆن کە لە ساڵی ١٣٢٢ی کۆچیدا نووسراوە.
٣- حدیقەء سلطانی – تالیف: محەمەد علی سلطانی- کرمانشاە، ١٣٦٤
٤- تتمەء کتاب خسرو و شیرین اثر میرزا عبدالقادر پاوە ای، با مؤخرە: سید طاهر هاشمی.
٥- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەجیهان ئاراخانم.

## مەلا عەبدوڵڵای دشەیی

١٢٧٥– ١٣٤٣

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەبدوڵڵا و کوڕی مەلا مەحموود و نەوەی مزەفەر خانی جوانڕۆیە، بەپێی ئەو زانیارییانەی کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٧٥ی کۆچی لە دێی دشەی هەورامان لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووەو بۆ خوێندن هەموو هەورامان گەڕاوە و پاشان بەفەقێیەتی ڕۆیشتووەتە هەولێر و لەلای حاجی عومەر ئەفەندیدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی وانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بووە تا لە ساڵی ١٣١٣ی کۆچیدا لەلایەن فەرمانڕەواکانی ئەردەڵانەوە بانگ ئەکرێ بۆ شاری سنە و لە پاشا لە مزگەوتی (دار الاحسان) دەبێ بەمامۆستا و ئیتر پاشماوەی ژیانی بە وانەوتنەوە و ڕێنوینیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٤٢ لە تەمەنی شەست و هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

مەلا عەبدوڵڵا کە بەمەلا عەبدوڵڵای مفتی ناسرابوو، لەبەرئەوە کە شێوەی زمانی زگماکە خۆی گۆرانی بووە، زۆربەی هۆنراوەکانی بەزاراوەی گۆرانی هۆنیوەتەوە، وە گەلێ جاریش بەشێوەی سۆرانی هۆنراوەی داناوە و دیوانێکی گەورەی بووە کە بەداخەوە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا لەناوچووە. گوایە نوسخەیەک لەو دیوانە کەوتووەتە لای کوڕی گەورەی مامۆستا محەمەد مێهری کە لە شاری ئەستەمبووڵ مامۆستا بووە.

مەلا عەبدوڵڵای مفتی لەگەڵ بەگزادەکانی ئەردەڵان و بابان و جاف و جوانڕۆ و هەوراماندا دۆستایەتیەکی بەتینی بووە و هەروەهاش شێخەکانی نەهری و بەرزنجە و تەوێڵە و تاڵەبان زۆریان ڕێزگرتووە و دۆستایەتیەکی گەرمی لە گەڵیانا هەبووە و بەلای خەڵکەوە پلەوپایەیەکی بەرزی بۆ دانراوە.

مەلا عەبدوڵڵای مفتی چەند جار بانگ کراوە بۆ مووسڵ و بەغدا و لە کۆبوونەوە ئاینی و زانستییەکانی ئەو سەردەمەدا بەشدار بووە، وە لە دواییدا بانگ کراوە بۆ تاران و لەوێوە چووەتە شاری سنە و هەر لەوێشدا بەخاک سپێرراوە.

مەلا عەبدوڵڵا پشت بەپشت لە بنەماڵەی زانست و خواناسییە، مزەفەرخانی باپیرە گەورەی لە ڕۆژگاری هێرشی مەغۆلەکاندا کۆچی کردووەتە دێی دشە و لەوێدا نیشتەجێ بووە و ماوەتەوە.

مفتی جگە لە دیوانەکەی کە دەست بەدەست کەوتووە، (باوەڕنامە)یەکی هەیە کە بۆ کوڕی دووەمی مەلا مەحموودی مفتی کە ئەو کاتە تەمەنی حەوت ساڵ بووە دای ناوە.



ئەم باوەڕنامە کە سەرەتاکەی بە: (خودا یارت بۆ) دەست پێ دەکات، لە قاڵبێکی ڕێکوپێک و لە ئەوپەڕی سادەیی و ڕەوانیدا دانراوە ئەگەر بەقووڵی لە هۆنراوەکانی ئەو باوەڕنامەیە وردبینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ: کە دانەری ئەو باوەڕنامەیە خاوەن بەشێکی زۆر گەورە بووە لە هۆنەر و هۆنەریدا، بەچەشنێکی وەها کە گرنگترین مەبەست و وردترین مانای لە چوارچێوەیەکی هۆنراوەدا، بەسادەیی و ڕەوانی جێ کردووەتەوە بەبێ ئەوەی پێچ و پلووچێکی وشەیی یا مانایی لە هۆنراوەکانیدا ببینرێت، ئەمەش باوەڕنامەکەی مەلا عەبدوڵڵای دشەیی کە دەڵێ:

خودا یارت بۆ، خودا یارت بۆ
ڕۆڵە! ئەرجووم هەن خودا یارت بۆ
بەفەزڵ و ڕەحمەت نیگادارت بۆ
پەی تەحسیل علیم مەدەدکارت بۆ
ڕۆڵە! وەر جە گشت مەبۆ بزانی
حیکمەن جە ئیجاد نەوع ئینسانی
ئەوەڵ عیرفانەن، ثانی عیبادەت
مەبان ئەسڵ و فەرع بنای سەعادەت
هەرچی مەوینی گرد مومکینا تەن
ئەگەر زەمینەن، ئەر سەماواتەن
گیاندار و بێ گیان، لەتیف و کەسیف
ڕۆشن و تاریک، شەریر و شەریف
بەکسەر موحتاجەن وە کردگاری
(واجب الوجود) پەروەردگارێ
بی جەسەد، بێ ڕەنگبی شکڵ و شێوە
شێوەی عالەمش هیچ نەبێ پێوە
سەرچەشمەی (وجوود) فەیاز جوود بۆ
مەوجوودات یەکسەر بەئەو مەوجوود بۆ
بێ ئیحتیاج بۆ جە گرد سەرا سەر
تا موحتاج نەبێ بەواجبی تەر
مەوجوود هەر ئادەن، مومکین چوون سایەن
ئازاتە پاکە، زات و خودایەن

ئەوەڵ عیرفانەن سانی عیبادەت
مەبان ئەسڵ و فەرع بینای سەعادەت
عیرفان یانێ های خودای بشناسی
بەزات و سیفات بەتەور ڕاسی
عیبادەت یانێ بەندەگیش کەری
ئەمرۆ نەهی ئەو بەجا باوەڕی
ئینسان جە حەیوان ئەر ویر کەرۆوە
بەعیلم و عەمەل، جیا مەبۆوە
ئینسان غافڵ جەدین بێ خەوەر
جە گرد حەیوانێ کەمتەرەن بەتەر
ڕۆڵە ئەسڵ و فەرع دین و ئیسلامی
مەبۆ بزانێ تا نەبی عامی
ئەسڵ و دینیمان باوەڕەن بەحەق
خودای زو لجەلال خەللاق موتڵەق
هەرچی مەوینی گرد مومکیناتەن
ئەگەر زەمینەن ئەر سەما واتەن

واتە: ئەی ڕۆڵە: لە خوام ئەوێ کە ئەو یار و یاوەرت بێ و بۆ خوێندنی زانست یارمەتیت بدات. ڕۆڵە بەر لە هەموو شتێک دەبێ بزانی کە هەوەڵ دەبێ خوا بناسێ و پاشان بیپەرستی، هەرچی لە جیهاندا بەچاو دەبینی، گیاندار و بێ گیان، ڕووناک و تاریک چاک و خراپ، هەموو پێویستیان بەپەروەردگار هەیە.

ئەو بێ لەش و بێ ڕەنگ و بێ شێوەیە و سەرچاوەی هەموو شتێکە و هەموو شتێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو، خواناسی یانێ ناسینی خوا، پەرستنیش یانێ پەرستنی خوا و دەبێ فەرمانی ئەو بەجێ بێنی، وە ئەگەر چاک بیری لێ بکەیتەوە بنیادەم و وڵس بەزانست و کردەوە لە یەک جیا دەبنەوە. ڕۆڵە دەبێ بنەڕەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام چاک بزانی، وە ئەوەش بڕوا بەخوای تاق و تەنیایە و ئەو داهێنەر و پەروەردگارە. دیسان دەڵێ:

گیاندار و بێ گیان لەتیف و کەسیف
ڕۆشن و تاریک، شەریر و شەریف
یەکسەر موحتاجەن وە کردگارێ
(واجب الوجود) پەروەردگارێ



زیندەن و بێ گیان، وێش ئەسڵ گیانەن
دانای هەست و نیست پەیدا و پەنهانەن
ئەزەڵ تا ئەبەد جەلاش عەیانەن
یەکسەر کائینات جەلاش یەکسانەن
زەمان و مەکان گرد و پەڕ داوە
نزیک و دوورش نیەن جەلاوە
ساحێب قودرەتەن تەوانای گشتەن
وە تەنیا لەفزێ گشتش سرشتەن
ساحێب ئیرادەن بەمەیل و هەوەس
ئیجادش کەردەن هەر ئاڵاو هەر پەس
وەبێ ئیرادەی ئەو شای بێ ئەندێش
یەک زەڕە مەوجوود نەجمان نەجای وێش
مەژنەوۆ بەوجۆر خەیاڵ و سروش
نەک بەواسیتەی هەروا وسەوت و گۆش
مەوینۆ زەڕات کائینات یەکسەر
بەنوور موتڵەق نەک بەدیدەی سەر
گۆیان بەکەلام ئەزەڵی و سەمەرد
خامۆشیش نیەن ئەزەڵ تا ئەبەد
کەلامش وێنەی زاتش بێ چوونەن
یا لەفز بێ سەوت. یا هەر مەزموونەن
باقی یەم دایم بەقاش تاقیەن
باقی مەوجوودات بەئەو باقی یەن
جەودوما باوەڕ بەفریشتەی حەق
مەلائیکەی پاک خەللاق موطڵەق
لەتیف نوورانی نە نەڕ نەمادە
پەی بەندەگی حەق دایم ئامادە
مەئمووری بەعضێ هەر عیبادەتەن
باقی هەر دەستێوشوغڵێش عادەتەن

جبرائیل ئوستاد پەیغەمبەرانەن
عیزرائیل قابز گشت گیاندارانەن
میکائیل مەئموور ڕۆزی ئۆمەتەن
ئیسرافیل مەئموور ڕۆی قیامەتەن
بەعزێ پەرێ وا، بەعزێ پەی واران
بەعزێ پەی گیاو بەعزێ پەی داران
بەعزێ پەی ژیوار گیانداران یەکسەر
بەعزێ پەی دەفتەر ئەعمال بەشەر
پەی سوئال قەبر، نەکیرو مەنکەر
سایق و شەهید، پەی سەحرای مەحشەر
مالیک و دەسەش پەرێ عەذابی
ریزوان و دەسەش پەرێ سەوابی
حیساب مەلەک ستوودەو پەسەند
کەس نمەزانۆ، غەیر جە خوداوەند

واتە: گیاندار و بێ گیان هەموو پێویستییان بەخوای مەزن هەیە. خوا بێ گیان و زیندووە و ئەو خۆی داهێنەری گیانە و هەست و ئاوەز دەداتە گیانداران، هەموو شتێکی لێ ڕوونە، ئەوەی لە نزیک بێ یا دوور تۆفیر ناکا، هەروەها بەسەر هەموو شتێکدا دەسەڵاتی هەیە و خاوەن توانایە و چاک و خراپ ئەو دای هێناوە، وە بەبێ ودمی خوا هیچ گیاندارێک ناتوانێ بجووڵێتەوە، هەروەها بینرە و هەموو شتێک دەبینێ، چاوی نییە و بەتیشکی خۆی هەموو شتێکی لێ دیارە، گۆیا و بێژەریشە و هیچ کاتێ بێ دەنگیی نییە، قسە و وتەیشی پیرۆزە و هەمیشە دەمێنێتەوە و مردنی بۆ نییە. ئەوسا بڕوا بهێنە بەفریشتەکانی کە نە نێر و نە مێن و بۆ بەندەیی خوا سرشتیانی کردووە، لە ناو ئەو فریشتانەدا جبرەئیل مامۆستای پێغەمبەرەکانە و عیزرائیل گیان کێشەرە و میکائیل ڕۆزی بەشکەرەو ئیسرافیل لە ڕۆژی پەسڵاندا بۆ هەڵسانی مردووان شاخنەفیر لێ دەدا، هەندێکیان بۆ ناو هەندێکیان بۆ باران و هەندێکیان بۆ گیا و بۆ داران و هەندێکیان کردەوەی مرۆ دەنووسن بۆ پرسیاری گۆڕ، ژمارەی ئەو فریشتانە جگە لە خوا کەس نایزانێ، هەروەها دەڵێ:

هەم با وەڕکەری بەگیان و بەدڵ
خودای چەن کتێب کەردەنش نازڵ



تەورات شەریف پەی مووسای کەلیم
زەبوور پەی حەزرەت داوود کەریم
ئنجیل پەی حەزرەت عیسە بنی مەریەم
قورئان پەی حەزرەت حەبیب ئەعزەم
سوحوف پەی ئادەم، پەی شیس و ئیدریس
نۆح و ئیبراهیم، بێ شوبهەو تەلبیس
بازهەم باوەڕەن بەپەیغەمبەران
ئادەم تا خاتەم یەکسەر ڕەهبەران
چوون ئینسان خودای شەریف ئاوەردەن
پەی بار تەکلیف ئیجادش کەردەن
مەشیۆوێش جەڕووی فەزڵ و ئیحسانش
دەستوورلعەمەل بدۆ نیشانش
تەدبیر ئومور زیندەگیش کەرۆ
ڕاگەی بەندەگیش پێش نیشان دەڕۆ
تەعیین تەکلیف (خالق) بەوێشەن
کەس نمەزانۆ ئیرادەش چێشەن
پەس پەی هەر قەرنێ کەسێش پەروەردەن
بەوەحی و ئیعجاز ڕەوانەش کەردەن
یا بەسفارش یاخۆ بەکیتاب
پێش نیشان دریان ڕای حەق و سەواب
پەی ڕەهنمایی بەندەگان وێش
ڕاگەی خەیرو شەڕ حاڵی کریان پێش
ئەنبیا یەکسەر سبێ نەقس و عەیبن
بەرگوزیدەی خاس (عالم الغیبن)
بێ گوناو سادق، جە عیووب بەرین
زاهرو باتن دارای سەروەرین
مەوسووف بەسیفات قودس و نوورانی
پاک جە ڕەزاییل هەوای نەفسانی

زوڵمەت ڕۆشنکەر چوون سوبح سادیق

واسیتەی مابەین مەخلووق و خالیق

مەخسووس، مورسەلین ساحێب ئەحکامن

هادی و ڕەهنمای کافەی ئەنامن

ئولول ئەزمشان نۆحەن و خەلیل

کەلیم و مەسیح، خاتەم جەلیل

عەدەدشان جەلەفز (محەمەد) پەیدا

یانێ فەزت گشت بەئەوهوەیدان

ئەوەڵین ئەوەن، ئاخرین ئادەن

بینای کاینات بەئەو ئابادەن

واتە: خوا چەند پەڕتووکی بۆ پێغەمبەران نادرووەتە خوارەوە، تەوراتی بۆ مووسا و زەبوور بۆ داوود و ئینجیلی بۆ عیسا و قورئانی بۆ پێغەمبەری گەورەی ئیسلام ناردووە و هەروەها سوحوفی بۆ ئادەم و شیس و ئیدریس و نوح و ئیبراهیم هەناردووە. ئەو پێغەمبەرانە بێ گوناهن و هەڵبژێرراوی خوان و پاک و خاوێنن و تاریکی ڕوون دەکەنەوە و خۆشی و شادی دەخەنە دڵانەوە، وە ڕێنمای خەڵکن، وە هافی محەمەد دوایین پێغەمبەر و خۆشەویستی خوایە، دیسان دەڵێ:

ئاخر پەیغەمبەر ئاخر زەمانەن

دەریای ڕەحمەتەن، کەهف ئەمانەن

گشت دینێ بەدین ئەو بەتاڵ کریان

تا ڕۆی قیامەت دین بەئەو دریان

پەرێ ئینس و جن، عامەن بەعسەتش

باقیی مەخلووقات پەرێ خزمەتش

ئیسم و نەسەبش مەبێ بزانی

پەی تەمام بیەو ئەسڵ و ئیمانی

ئیسمش محەمەد، مەحموود و ئەحمەد

بابەش عەبدوڵڵا نازار ئەمجەد

عەبدولموتەلب جەدشەن هاشم

ئەعلا جەدشەن، شای ئەبولقاسم



ئەداش ئامینێ کەریمەی وەهەب

وەتەنش مەکە تایفەش عەرەب

هاشمی زوبدە، طایفەی قورەیش

هەر جە مەکەنە وەحی ئاما پەیش

جە چل ساڵەنە، بی بەپەیغەمەر

پەنجاو یەرێنە، کۆچیش کەوتەن وەر

شی پەی مەدینە، ئا نازەنینە

ئیسە مەرقەدش ها جە مەدینە

بازهەم باوەڕەن وەڕۆی قیامەت

ڕۆی زەلزەلەی سەخت زاری و نەدامەت

خودا وادەش دا بەپەیغەمبەران

ئادەم تا خاتەم یەکسەر ڕەهبەران

وەختێ عەلامات گشت مەبا زاهیر

موددەت و دنیای مەیاوۆ ئاخیر

حەق بەئیسرافیل مەدەرۆ دەستوور

بەهەیبەت فوویی مەدەمنۆ نەسوور

هەرچی گیان دارەن نە بەحرو نە بەر

زاڵەش مەتۆقۆ، مەمرانێ یەکسەر

هەم مەفەرماوۆ، وەباد سەر سەر

شی کەرۆ کۆان تەپان سەراسەر

ڕووی دنیا مەبۆ دەشت و سارایی

ئیمجا پەی وادەی مەحشەر ئارایی

باز مەبۆ سادر ئەمر ڕەبانی

پەرێ ئیسرافیل پەی نەفخەی سانی

وەختێ ناڵەی سوور سەدا مەدۆوە

هەرچی گیاندارەن بەرپا مەبۆوە

ئینسان و حەیوان ئەوەڵ تا ئاخر

یەکسەر مەمدران بەئەمر قادر

سەرسام و حەیران، مەدهۆش و ماتەم
مەیان وە هەمدا خەلایق جەم جەم
مەنالان وە سۆز کوفارو عوسات
ئینە ئارۆنە، پەیغەمەران وات
مەکێشان بەزۆر کوفار بەدبەخت
پەرێ جەهەنەم پەی عەزاب سەخت
جە گرد ئۆمەتێ؛ ئەهل و ئیمانی
نیگا مەداران پەی ئیمتحانی
پی مەعلووم کەردەی خاس جە خراپ
ئامادەکریان میزان و حیساب
سیاهەی ئەعمال هەر کەسێ پەی وێش
بێ زیادو کەم نیشان مەدان پێش
خاسان بەڕەحمەت حەق مەبان دڵشاد
مەلان پەی بەهەشت سەروەش و ئازاد
زومرەی عاسییان شەرمەندەو خەجڵ
بەزاری و شیوەن مەمانان ماطڵ
باقی هەر کەسێ بەقەد گونای وێش
عەزاب دۆزەخ مەیاونان پێش
تا بەشەفاعەت (سەید سەروەر)
هەرکەس کەلیمەی تەوحید کەردەن وەر
نەجاتش مەبۆ جە سزای جەحیم
شاد مەبۆ وە عەفوو ڕەحمان ڕەحیم

واتە: پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دەریای بەزەییە و هەموو ئاین و دینێک بەدینی ئەو بەتاڵ کرا، بۆ مرۆ و جنۆکە سەرهەڵدانی یەکە، واتە هەموو دەبێ بڕوای پێ بهێنن، ناوی ئەو (محەمەد) و (ئەحمەد)ە و باوکی (عەبدوڵڵا)یە و (عەبدولموتەلیب) باپیریەتی و ناوی دایکی (ئامینە)یە و لە مەکەدا لە دایک بووە و لە هۆزی قورەیشە و هەر لە مەکە سروشی بۆ هات و لە چڵ ساڵاندا بووە پێغەمبەر و لە مەدینەدا کۆچی دوایی کرد. خوا بەڵێنی ڕۆژی دوایی داوەتە پێغەمبەرەکان و دەبێ هەموو کاتێ ئەو ڕۆژە بخەنە بیر و کاتێ کە ئەو ڕۆژە



بگا، ئیسرافیل فوو دەکاتە شاخنەفیرەکەی و تەواوی گیانداران دەتۆقن و ئەمرن و ئەوسا تەواوی دەشت و کێو تەخت دەبێ و لە ناو دەچێ و پاشان ئیسرافیل بەفەرمانی خودا بۆ باری دووەم فوو دەکاتە شاخنەفیرەکەی و هەموو گیانداران زیندوو دەبنەوە و بێ بڕوایان بەزۆر دەکێشنە ناو دۆزەخ و ئەوسا ئەوانەی وا بڕوایان هێناو دەخەنە بەر لێپرسینەوە و ئەوەی کە چاک بێ دەچێتە بەهەشت و ئەوەش کە گوناهکار بێ، شەرمەزار دەبێ و هەر کەس بەئەندازەی دۆزەخ ڕزگار دەبێ و بەبەخششی خوای مەزن شاد دەبێ.

دیسان دەڵێ:

جەودما باوەڕ بەقەزا و قەدەر
یانێ جە عەرسەی ئیمکان سەراسەر
خواجە کردەوەی ئیختیاری بۆ
خوا هەر وە قودرەت ذات باری بۆ
گرد جە رۆی ئەزەڵ حەق مەعلوم کەردەن
یەکسەر وە ڕشتەی تەحریر ئاوەردەن
بێ قەزا و قەدەر، بێ تەقدیر حەق
مومکین نییەن نەسیم بجمنۆ وەرەق
نەواچی، وەختێ گرد بەتەقدیر بۆ
مەشیۆ ئیختیار بەستەی زەنجیر بۆ
چونکە جواوت پێسە مەداوە
زەمانە نییەن جەلای خوداوە
ئەزەڵ تا ئەبەد مەعلووم بییەن لێش
تەمام کاینات هەر کام نەجای وێش
جەمێعش زانان جەلاش ویەردەن
جە دماو زانای تەقدیرش کەردەن
عیلمش موحیتەن، نوویسیا و ئادی
نە جەبرەن پەی وێش نەپەی عیبادی
زانانش هەر کەس مەیلش بەچێشەن
یا وێش ئیرادەی کام کارش پێشەن
مەزانۆ هەرکەس فیکرش مەجمۆعەن
عیلم تابیعەن، مەعلووم مەتبۆعەن

زەمانەی مەتبوع ئەرسەد لاحیق بۆ
واجبەن (بالذات) هەر ئەو سابیق بۆ
ئینە کافییەن پەی ئەهل و فامی
شەرحت گەرەکەن عەلیم و کەلامی
فەرعو دینیمان عەمەڵ کەردەیەن
تەکلیفو خودای کار ئاوەردەیەن
ئەحکامو خوای زانە بێ مییننەت
واجب و حەرام مەکرۆه و سونەت
پەنجەمین موباح، تەکلیف تەمامەن
قەبووڵ تەکلیف دین ئیسلامەن
جە واجبات و ڕۆکن و ئیسلامی
موتڵەق واجبەن پەی خاس و عامی
ئیجراو کەلیمەو شەهادەتیەن
بنچینەو بناو سەعادەتیەن
نمانەو ڕۆچی پەی خودا وەندی
زەکات و وەجبەن پەی دەوڵەمەندی
تەرکو حەرامی واجبەن دایم
جەو دما تۆبەی دوروس و قایم
یا ساحێب ڕەحمەت بێ ئەمریم کەردەن
حەق بەندەییم وەجا ناوەردەن
شەرمەندە و خەجڵ شەرمە سارەنان
ذەلیل و ئەوگار گوناکارەنان
ئەجەڵ نزیکە یاوانم نۆبە
تۆبە قەبووڵ کەر دەخیلەن تۆبە
تەمام بی کیتاب عەقیدەن ئیسلام
ئەرجووم قەبووڵەن، باقی وەسەلام

واتە: پاش ئەمانە دەبێ بڕوات بەقەزا و قەدەر بێ، واتە ئەوەی خێر و شەڕە کە ڕوو دەدا و دێتە سەر تا هەمووی لە ڕۆژی بەرینەوە نووسراوە و هیچ کارێک بەبێ فەرمانی خودا



ڕوونادا، جا بەر لە هەموو شتێک دەبێ بەخوا و پێغەمبەر بڕوا بێنی و پاشان نوێژ بکەیت و ڕۆژوو بگری و ئەگەر دەستی دا حەجیش برۆ و زەکاتیش بدە، وە حەج و زەکات بۆ دەوڵەمەند هاتووە.

مەسەلەی چۆنییەتیی قەزا و قەدەر لە ئیسلامدا گەلێ قووڵ و سەرسوڕهێنەرە، زانایانی ئیسلام ئەو مەسەلەیان زۆر ورد کردووە و لە ئەنجامدا بوونەتە چەند دەستەوە، هەندێکیان ڕێبازی (جەبر)یان هەڵبژاردووە، وە لایان وایە هەر کردەوەیەک لە بنیادەمەوە ڕوو بدا هەمووی بەهۆی دەسەڵاتی خواوەیە و مرۆ لە خۆیەوە هیچ دەسەڵاتێکی نییە و بەم دەستەیە دەوترێ جەبری.

دەستەیەک تر دەڵێن هەر کەسێک داهێنەری کردەوەی خۆیەتی و خوای گەورە تەنیا ویستی لەودا داهێناوە کە بەو ویستە هەر کارێکی ئارەزووی ببێ دەیکا و ئەگەر نەیەوێ نایکا و بەو دەستەیە دەوترێ موعتەزیلی.

دەستەیەک تر لەسەر ئەو بیروبڕوایەن کە خوای گەورە هێزی هەڵبژاردنی کارو هەڵنەبژاردنی کاری لە مرۆدا هێناوەتە دی. ئینجا ئەگەر بیەوێ کارێ بکات، خوای گەورە توانایی کردنی ئەو کارەی لە ڕووی ئامادەیی هەلومەرج دەداتێ. واتە ئەم دەستە لایان وایە کە خەلقی خوای گەورە هەمیشە پەیڕەوی ویستی بەندەیە، ڕەنگە بیروباوەڕی ئەم دەستەیە لە ڕاستەقینەوە نزیکتر بێ. بەم دەستەیە دەوترێ ئەشعەری، وە وا دیارە مەلا عەبدوڵڵای مفتی بیرو باوەڕی ئەشعەریی پەسەند کردووە.

بەجۆرێ کە بۆمان ڕوون بووەوە، هۆنراوەکانی مفتی لە چوارچێوەیەکی سادە و ڕەوان هۆنراونەتەوە کە هەموو کەسێک لێی تێ دەگا. دووەم، پاشڵی هۆنراوەکان بەجۆرێکی وەها هونەرمەندانە داڕێژراون کە لە کاتی خوێندنەوەی هۆنراوەکاندا بیر لەوە ناکرێتەوە کە ئەو پاشڵانە بۆ ڕێکخستنی هۆنراوەکان جۆرکراون، بەڵکو پیاو وەها تێ دەگا کە سروشتی مانا و ناوەڕۆک ئەو پاشڵانەی بەپێویست زانیوە.

سێیەم تەڕو پاراوی و ڕەوانیی ئەو هۆنراوانە گەیشتوونەتە ڕادەیەک، کاتێ دەست دەکەین بەخوێندنەوەی (سدر)ی هۆنراوێک، بەبێ ئەوەی زەینمان خەریک بکەین، بەسروشت تا (عجز)ی هۆنراوەکە، دەڕۆین وەکو ئەوە ئەو هۆنراوەیە هۆنراوەیەک بێ کە خۆمان دامان ڕشتبێ.

چوارەم هۆنەری ئەو هۆنراوانە وەها دەسەڵاتێکی لە زاراوەی گۆرانی بووە کە هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێکی دەنگی، وەیا وشەیی نەخستووەتە ناو هۆنراوەکانییەوە، لە ڕاستەقینەدا باوەڕنامەکەی مفتی بەجوانترین زمانی هۆنراوەیی گۆرانی دێتە ژمار.

پێنجەم هێزی دەربڕینی هۆنەر لەو هۆنراوانەدا ئەوەمان بۆ دەردەخا کە گەلێ لە مەسەلەی زۆر قوولی فەلسەفیی بەشێوەییێکی سادە و ئاسان جێ کراونەتەوە. ئەمەش بۆ خۆی بەڵگەیەکی گەورەیە بۆ پەیبردن بەپلەوپایەی بەرزی زانیاریی هونەر.

سەرچاوەکان
١- باوەڕنامەی مەلا عەبدوڵڵای دشەیی کە لە ساڵی ١٣٣٨ی کۆچیدا نووسراوە.
٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا عەبدوڵڵای دشەیی

## دوکتۆر سەعید خانی کوردستانی

(١٢٧٩ - ١٣٥٨)



ئەم هۆنەرەمان ناوی سەعید و کوڕی مەلا ڕەسوولی مەریوانییە و بەناوی دکتۆر سەعید خانی کوردستانی ناسراوە. دوکتۆر جی ڕەسووڵی کە پەڕاوێکی سەبارەت بەچۆنییەتیی ژیانی دوکتۆر سەعید نووسیوە دەڵێ: دوکتۆر سەعید لە ساڵی ١٢٧٩ی کۆچی لە شاری سنەدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. هەر لە منداڵییەوە لەلای باوکی خەریکی خوێندنی پەڕاوە وردەڵەکانی فارسی و عەرەبی و قورئانی پیرۆز بووە و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان و لەپاش ماوەیەک خوێندن ئاشنایەتییەکی ڕەبەقی لە فەقهی ئیسلامی و ڕێزمانی عەرەبی و فارسیدا پەیدا کردووە. لەو دەمەدا فەقێ سەعید کە لاوێکی دوانزە، سێنزە ساڵان بووە دەستی کردووەتە هۆنراو هۆنینەوە و گەلێ هۆنراوی ئاینی بەکوردی هۆنیونەتەوە لە ساڵی ١٢٩٣ی کۆچیدا بابی مردووە و فەقێ سەعید بووەتە جێنشینی ئەو و ئیتر خەریکی وانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بووە. لە ساڵی ١٣٠٥ی کۆچیدا هەندێ لە فەلەکان بۆ پەرەپێدانی ئاینی فەلە هاتوونەتە سنە و فەقێ سەعید کە لەو کاتەدا هەڤدە ساڵان بووە. لەپاش مشتومڕێکی زۆر بووەتە فەلە و کەوتووەتە تەک فەلەکان و ڕۆیشتووەتە شاری هەمەدان و لەوێدا لەلای ئەمریکاییەکان خەریکی فێربوونی زانستی پزیشکی بووە و لەپاش تەواوکردنی ڕشتەی پزیشکی لە میسیۆنی ئەمریکاییەکاندا دامەزراوە و پاشان ڕۆیشتووەتە سوێد و لەوێوە چووەتە لەندەن و لە زانستگەدا خەریکی خوێندنی ڕشتەی پزیشکی بووە و سەرئەنجام لەو ڕشتەدا بووەتە پسپۆڕ و دوکتۆرای وەرگرتووە و لە پاشان گەڕاوەتەوە هەمەدان و خەریکی کاری



پزیشکییەتی بووە و زۆربەی نەخۆشەکانیشی کوردبوون و لە شوێنەکانی کوردستانەوە چوونەتە لای و لەپاش ماوەیەک چووەتە تاران و لە نەخۆشخانەی سپاسالاردا دامەزراوە، بەڵام لەوێدا ڕانەوەستاوە و گەڕاوەتەوە شاری هەمەدان و پاشماوەی ژیانی بەچارەسەرکردنی دەردی دەردەداران و نووسینی پەڕاو و هۆنینەوەی هۆنراوەی کوردی بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٥٨ لە تەمەنی حەفتا و نۆ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی فەلەکاندا نێژراوە.

ئایەتوڵڵا مەردووخی کوردستانییش لە بەرگی دووەمی مێژووەکەی لە بارەی دوکتۆر سەعیدەوە دەڵێ: لە ساڵی ١٣٠٥ی کۆچیدا هەندێک لە فەلەکان بەدوو بار تەورات و ئینجیل و پەڕاو و نامیلکەی ئاینییەوە هاتنە کوردستان و لەگەڵ زانایانی ئەو سەردەمەی سنەدا کەوتنە وتووێژ و تا ماوەی مانگێک گفتوگۆکەیان درێژەی کێشا و سەرئەنجام فەلەکان ڕامان و شکستیان خوارد و شەوێکیان بەپەنامەکی بۆی دەرچوون و سنەیان بەجێ هێشت فەقێ سەعید کە لەگەڵ ئێمەدا خزمایەتیی هەبوو هەموو جارێ دەهاتە ماڵمان و سەری لێمان دەدا، پاشان لەگەڵ فەلەکاندا دۆستایەتیی پەیدا کرد و بەیارمەتیی خواجە باوی کوڕی خواجە یوسفی شەیتان هەڵخەڵەتا و کەوتە تەکی ئەوان و لەپاش چەند ساڵ خوێندن فێری زانستی پزیشکی بوو، بەڵام لەبەرئەوەی چووبووە سەر ئاینی فەلە ژنی لێیان خواستبوو، نەیتوانی بگەڕێتەوە کوردستان و ماوەیەک لە هەمەدان مایەوە و پاشان ڕۆیشتە تاران و ئێستا لەوێدا بەناوی دوکتۆر سەعید خانی کوردستانی بەناوبانگە، هەر چەندە ڕێ و ڕچەی خۆی گۆڕیوە و بووەتە فەلە، بەڵام هەستی کوردایەتیی ئەو زۆرتر بووە و تەنانەت ئەو نامانەی کە بۆ من دەینووسێ بەکوردییە، لەم دواییەشدا پەڕاوێکی بەکوردی لە بارەی پەرەپێدانی ئاینی مەسیحی بەناوی: نزانی، (مزگانی) بەهۆنراو هۆنیوەتەوە و نوسخەیەکی بۆ من ناردووە.

دوکتۆر سەعید خان جگە لە هۆنینەوەی پەڕاوی نزانی، پەڕاوێکیشی بەناوی (ئاو) بەزمانی فارسی نووسیوە و گوایە فەرهەنگێکی کوردی، فارسی ئینگلیزیشی لەگەڵ چەند نامیلکەیەکی تر نووسیوە کە بەداخەوە هێشتا لە چاپ نەدراون.

لە کۆڕێکدا لە مامۆستا موحیتی تەباتەباییم بیست وتی:

دوکتۆر سەعید خان لە کاتی هۆنینەوەی پەڕاوی نزانیدا، زۆربەی پەڕتووکەکانی یارسانی لە نوور عەلی ئیلاهی ڕێبەری یارسانەکان وەرگرت بۆ ئەوەی چەشکەی وێژەییان لێ وەرگرێ و گەلێ لەو وشانەش کە لە سەرئەنجام و پەڕاوە ئاینییەکانی یارساندا هاتووە ئەو لە پەڕاوەکەیدا بەکاری هێناون.

هۆنراوەکانی دوکتۆر سەعید زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن، لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ وشە و زاراوی کوردیی پەتی لە هۆنراوەکانیدا بەکاربردوون و لەم ڕێگەوە ڕاژەیەکی زۆری بەزمان و کولتووری کورد کردووە.

دوکتۆر سەعید خان پەڕاوی نزانی، مزگانیی سەبارەت بەئاینی فەلە هۆنیوەتەوە و دەتوانین بڵێین کە پەڕاوی ئینجیل و تەوراتی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بۆ هەر باسێک سەردێڕێکی داناوە و سەرەتای پەڕاوەکەی بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

فەرد تەنیای تاک، فەرد تەنیای تاک
وە نام خودای فەرد تەنیای تاک
بێ شەریک و مسل زات وسفەت پاک
ئافەرینەندەی کوڕات و ئەفلاک
خودای بێ شەریک، بێ نەظیر و چوون
خەللاق عالەم وە کون فەیەکوون
ئافەریدگار حەمد خودای بێ مانەند
هیمەت مەوازین پەی ئینشای ئی بەند
یاران، یاوەران دۆس و ئازیزان
هام جنس و هام ئەسڵ ساحێو تەمیزان،
گردین خاس زانمێ یارانم یاران وە تاقی
غەیر جە خودا وەند کەس نییەن باقی
ئەرسەد عومرمان ببۆ تووڵانی
ئاخر بەرمەشمی جەی دونیای فانی
فەرماش خوداوەند عادڵ بێ چوون
ئاخر گوناکار مەغموونەن مەغموون
ئەر سەد لەزایز تەواو دونیا
چەنی و ئەموالش سەراسەر یەکجا
پیاوێ پەی وێش تەحسیل بکەرۆ
ئاخر سەر ئەنجام ڕەنجەڕۆ مەبۆ
گردین دەوڵەت و مالکیش یەکجا
نمە بۆ باعیس عەفو یەک گونا



هەرگیز گوناکار عاسی و ڕووسیا
نمە بۆ مەقبووڵ نە دەرگای ئەڵڵا

واتە: بەناوی خوای تاق و تەنیا دەست پێ دەکەم، ئەو خوایەی کە بێ وێنە و بێ هاوبەش و ئافەرینندەی زەوی و چەرخەکانە، خوای بێ هاوبەش و بێ وێنە، جیهانی بەوتەیەک داهێنا و ئەو داهێنەری مانگ و هەتاو و هەموو گیانداران و ئاو خاکە، لە دوای ستایشی خوای بێ وێنە دێینە سەر باسەکەمان ئەی یاران! ئەی هاوەڵانی خۆشەویست! ئەی هاونەژادە خاوێنەکانم! هەمووتان چاک دەزانن کە جگە لە خوای مەزن کەس لەم جیهانەدا نامێنێ، ئەگەر هەرچەندە تەمەنمان درێژ بێ، سەرئەنجام دەبێ لەم جیهانە دەرچین و ئەمەش فەرمانی خوایە، بەڵام کەسێک گوناهی کردبێ و گوناهکار بێ دەیدۆڕێنێ، ئەگەر تەواوی خۆشییەکانی جیهانی بەرکەوێ و سامان و دارایییەکی زۆری دەست کەوێ و، هەمووی ئەوانەی هەبێ نابێتە هۆی بەخشینی گوناهێکی و سەرئەنجام ڕەنجەڕۆ دەبێ و گوناهکار ڕووڕەشی دەرگای خوایە و بەیاخی دێتە ژمار.

سەبارەت بەگەڕانەوەی هافی عیسا دەڵێ:

بەڵێ ئازیزم خاتر جەمعەنان
پەی شنۆی دەنگش تەواو سەمعەنان
بەوادەکەی وێش مەکەرۆ وەفا
عیسا هۆیگێڵۆ دیسان نە سەما
مۆمنان گردین مارۆ چەنی وێش
زامان ئێمە بەو مەبۆ سارێش
شار خامۆشان بۆ وەئاوایی
نەبەین هۆرێزۆ دووری و جیایی
فەناو بەقا وەختی واریا
زەبوون پۆشتەبیی وەقووەی خودا
ئەوسا من چەنیو جەرگەی مۆمنین
مەبۆ یەکتری وەختێر بوێنین
دەیسا ئازیزم نەوتوول نازم
نەجای گرد کەسم ئاواتە وازم
ئازاد بیەنی نەی نەشئەی فانی
ئاینت واڕیان وە جاویدانی

تۆ ئیسە وە فەیز دیدار مونجی
موستەفیزەنی و نە دڵی گەنجی
من وەی حاڵ زاراوەی پەشێوی وێم
مەبۆ سەبووری ببۆ وە خدێم
ڕاسەن زاهیرەن کۆتەرەی خەمم
بێ دیای باڵات هەر نە ماتەمم
بەڵێم مەزانوون مەسیح زوو مەیۆ
گردین دەردمان عیلاج مەکەرۆ

واتە: ئەی خۆشەویستەکانم! هەموویان دڵنیاین کە عیسا بەوادەکەی خۆی ئەمەگ دەنوێنێ و دیسانەوە لە ئاسمانەوە بۆ ڕێنوێنیی خەڵک دێتەوە سەر زەوی و لەگەڵ خۆیا تەواو خواناسان و پارێزگاران دێنێ و برینەکانی ئێمە سارێژ دەکاتەوە و ئەوسا شاری خامۆشان و بێ دەنگان ئاوا دەبێتەوە و ئیتر جیاوازی و دووری لادەچێ و پیاوی زەبوون بەهێزی خوا پۆشتە دەبێتەوە و ئەوسا دەبێ بەخێر و خۆشی یەکتر ببینینەوە دەسا ئەی خۆشەویستەکانم! لە جێی هەموو کەسێکم، دەبێ هەموو بەبادەی چاویدانی خۆمان شادمان کەین، تۆ کە ئێستا کە بەپیت و پیرۆزی عیسا دڵت خۆشە و منیش بەحاڵی پەشێوم دەبێ هەر ئۆقرە بگرم تا باڵای عیسای خۆشەویستم شاد و بەختەوەر بم، ئەوەش دەزانم کە عیسا زوو دێتەوە و هەموو دەردێکمان چارەسەر دەکا.

دوکتۆر سەعید خان لێرەدا دیاردی دەکاتە سەر بەشی چواردەمی ئینجیلی یوحەننا کە دەڵێ: کاتێ من بڕۆم لەوێدا جێگایەکیان بۆ ئامادە دەکەم و ئەوسا دەگەڕێمەوە زەوی و ئێوەش لەگەڵ خۆما دەبەم واتە: هافی عیسا بەیاران و پەیڕەوانی خۆی بەڵێنی داوە کە لە ئاخر زەماندا بگەڕێتەوە زەوی و لەپاش ئەوە خەڵک بخاتە سەر ڕێی ڕاستی خوایی، یارەکان و پەیڕەوەکانی لەگەڵ خۆیدا بباتە ئاسمان.

دوکتۆر سەعید خان لە دواین بەشی پەڕاوەکەیدا بەم چەشنە دەڵێ:
دەیسا ئازیزان ڕەفێقان من
ساحێو مۆبەتان هاوجنسان من
جە ڕووی موحەببەت حەق هاوجنسی
من (حب الوطن) نە ڕاگەی دۆسی
مشت پەی نموونە نە کان ئنجیل
ئاوەردم وەنەزم وەتەرزێو جەمێل



بەتەوفیقەکەی تەئید سوبحان
یەک جوزئێ نەکول کەردەنم بەیان
بەندەی شەرمسار یاوانم پەیغام
ئەدای دینم کەرد باقی وەسلام
نە بابا ئادەم ئیلا یەومەینا
کامین بەشەر بێ نەکەردش گونا
یا کام ئینسان و عەبدو غولام بێ
وە تەرازووی حەق عەدڵ و تەمام بێ
کامین بێ پەرێو حەز نەفس وێش
کارێش نەکەردەن کە بسرەووش ئێش
ویەردەن دەیسا ئاغە گیان دێرەن
تەشریف باوەرە ئۆغرت خێرەن

واتە: ئەی هاوڕەگەزەکانی خۆشەویستم! لە ڕووی خۆشەویستی و هاوڕەگەزایەتی و هاوڵاتییەتی، ئەوا مشتێک لە کانی ئنجیلە، بۆ نموونە بەشێوەیەکی جوان بەهۆنراو هۆنییەوە، منی بەندەی شەرمەزار پەیغامی عیسام گەیاندە ئێوە، بۆ ئەوەی لێی تێ بگەن.

لە بابە ئادەمەوە تا ئەمڕۆ کێیە کە گونای نەکردبێ و کێیە کە لە تەرازووی خوادا لارەسەنگی نەبێ، وەیا کێیە کە بۆ نەوسی خۆی هەوڵی نەدابێ دەسا ئاغە گیان کات تێ پەڕیوە و درەنگە و زوو بگەڕێوە زەوی ئۆغرەت خێرە.

پەڕاوی نزانی (مزگانیی) دوکتۆر سەعید لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا لە تاران بەشێوەی خەتی کۆن لە چاپ دراوە.

سەرچاوەکان

١– نزانی (مزگانی) – بقلم سەعید خان کردستانی– تهران، ١٣٠٩.
٢– تاریخ مردوخ، جلد دوم – تألیف آیت الله مردوخ کردستانی – تهران، ١٣٢٤.
٣– دکتر سعید خان کردستانی – نوشتەء جی رسولی – تهران، ١٣٦٠.
٤– قاموس کتاب مقدس – تالیف جیمز هاکس – تهران، ١٣٤٩.

## عەبدوڵڵا بەگی ئەدەب

١٢٨٢– ١٣٣٢

ئەم هۆنەرە پایە بەرزە کە وەکو ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی موکریاندا دەدرەوشێتەوە، ناوی عەبدوڵڵا و کوڕی ئەحمەد بەگی بابامیرییە بەپێی سەرەتای دیوانەکەی کە لە ساڵی ١٩٦٦ی زاینی لەسەر ئەرکی مامۆستا گیو چاپ کراوە، ئەدەب لە ساڵی ١٢٨٢ی کۆچی لە دێی ئەرمەنی بڵاخی موکریاندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. ئەرمەنی بڵاخی دێییەکە کە لە سی کیلۆمەتریی شاری بۆکاندایە.

عەبدوڵڵا بەگ هەر لە سەردەمی منداڵیدا باوکی دەینێتە قوتابخانە و لەوێدا فێری خوێندن و نووسین بەزمانی فارسی دەبێ و ئەوسا قورئانی پیرۆز و ڕێزمانی عەرەبی و گوڵستان و بووستانی سەعدی لەلای مەلا فەیزوڵڵای ئەرمەنی بڵاخی دەخوێنێ ماوەیەکیش خەریکی فێربوونی خەت خۆشی دەبی و بەجۆرێ کە دەڵێن ئەدەب هەر لە تافی جوانی و لاویەتیدا هۆنراوی هۆنیوەتەوە و بەخەتە جوانەکەی نووسیویە و بەناو خەڵکدا بڵاوی کردووەتەوە.

ئەدەب لە پاشا بۆ خوێندن دەڕواتە سابڵاخ و لەلای میرزا عەبدوڕەحیمی وەفایی ماوەیەک دەمێنێتەوە و خەریکی خوێندنی فەقهی ئیسلامی و وێژەی فارسی و عەرەبی دەبێ و لە پاشا دەگەڕێتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی.

لە تەمەنی بیست و دوو ساڵیدا دەڕواتە تاران و ساڵێک لەوێدا دەمێنێتەوە و ئەوسا دەڕواتە قەفقاز و لەوێدا فێری پزیشکییەتی دەبێ و ئەوسا دەگەڕێتەوە مەڵبەندەکەی و خەریکی چارەسەرکردنی دەردی دەردەداران و نەخۆشان دەبێ و کەچی لەم ماوەدا خۆی تووشی نەخۆشیی لەرزۆک دەبێ، وە بۆ چارکردنی بەگەلێ شوێندا دەسووڕێتەوە، بەڵام دەردەکەی چارەسەر نابێ و ڕۆژگار پشتی لێ هەڵدەکا و ماوەیەک بەو دەردەوە دەتلێتەوە و ڕەنج دەکێشێ تا لە ساڵی ١٣٣٢ لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا هەر بەو دەردەوە ڕۆژگاری بێ ئەمەک بەجێ دێڵێ و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە گۆڕستانی دێی باغچەی موکریان کە لە بیست و چوار کیلۆمەتریی شاری بۆکاندایە دەینێژن.

ئەدەب لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردی و فارسی و عەرەبیدا دەستێکی باڵای بووە و هۆنراوەکانی زۆر دڵگر و شیرین و پاراون ئەو لە پزیشکییەتی و وێنەگری و مۆزیقاشدا زۆر شارەزا بووە و لەلایەن زانایانەوە ناز ناوی (مصباح الدیوان)ی پێ دراوە، بەڵام لە ناو کوردەواریدا هەر بە(ئەدەب) ناسراوە.



زۆربەی هۆنراوەکانی ئەدەب دڵدارین و هەر لەم ڕووەوە ئەدەب بەیەکێ لە هۆنەرانی گەورەی کورد دێتە ژمار، کە لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداریدا بێ وێنە بووە. سەیرە کە ئەم هۆنەرە پایەبەرزە لە بەرابەری ڕووداو و کارەساتانی زەمانی خۆی کە سەرتاسەری وڵات لە ناو شەڕ و ئاژاوە و گێرە و کێشەدا بووە، چۆن ئارام و ئۆقرەی گرتووە و شتێکی نەوتووە و هەروا بێ دەنگ بووە.

ئەدەب زۆر حەزی لە هۆنراوەکانی حافز و سەعدی کردووە و بۆیە خۆیشی کەوتووەتە شوێن ڕێ و ڕچەی ئەوان و لە ناو دەریای خواناسیدا نوقم بووە، وە ئەو هیچ کەڵکەڵە و بیرێکی نەبووە، تەنیا ئەوە نەبێ کە لە ڕێی خواناسییەوە بڕوا بۆ ئەوە دڵخوازە ڕاستەقینەکەی لێ نەڕەنجێ و لای لێ بکاتەوە و لە بادەی دیداری بەجارێ مەست و سەرخۆش بێ:

مەستی قەدەحی بادەی زیبا سەنەمکێم
هەر لەحزە لە نەشئەی لەبی وەک جامی جەمێکم
ساتێ کە فرووغی مەهی دیداری نەبینم
ئەو ساتە مەپرسە کە قەرینی چ غەمێکم
تا دانەنرێ غەیری لە سورمە کەفی پاکی
هەرتاوە وەکو سایە لەبن هەر قەدەمێکم
قەت نەبووە شەوێکی بەغەمی کۆنەوە بنووم
هەر سوبحەدەم ئازوردەیی تازە ستەمێکم
هێندەی خەم و چین خستەسەری یەک خەمی گێسوو
نازانم ئەوێستاکە لە بەندی چ غەمێکم
گەنجێکە خودا دادە بەوی حوسنی جیهانگیر
بەو گەنجە ئەمن چاوەنواڕی کەرەمێکم
گەر حاڵی (ئەدەب) بێت و بپرسن لە فراقت
ماوم کەم و بێشێکی بەلا کەلعەدەمێکم

ئەگەر ئەدەب هەندێ جار کەوتووەتە ناو تەنگوچەڵەمە و سەختییەوە، هەمووی لەبەر دووریی یارەکەی بووە، ئەو یارەی کە وەکو ئاسکی کێوی ڕەمی کردووە و دڵی بەجارێ بردووە و خەو و خۆراکی لێ بڕیوە و ئەوسا ڕووی کردووەتە یارەکەی و پێی وتووە: ئەگەر ئەمە سەرخستنە سەرە بەسە، ئەگەر نازە بەسە، ئەگەر بێ دادییە بەسە، با منیش بەبارێ دەربەرم با لە زمانی خۆیەوە ببیسین کە دەڵێ:

ئەی غەزالەی بێ سەبەب ڕەم کەردەکەی هەم پەیکەرم
شۆخی بێ پەیمانەکەی بێ شەرتەکەی سەودا سەرم
خۆش مەزەی ناخۆش ئەدای شیرین کەلامی تورشڕوو
دڵبەرەی شێوەگەری جەور ئاوەرەی جادووگەرم
کەی من و تۆ شەرتمان وابوو بەبێ یەک هەڵبکەین
یا دەبوو کەی من بەبێ تۆ سەر بنێمە بەستەرم
لێو گوڵی، تەلعەت گوڵی، ڕوومەت گوڵی ڕوخسارە گوڵ
گوڵ عزاری، نازداری، دڵشکاوی خووسەرم
گەر عتابە، هەر بەسە، نازە بەسە، جەورە بەسە
وا بکە ئاخر چاوەکەم ئەمنیش بەبارێ دەربەرم
من کە کوشتەی دەستی یارم زەحمەتە ڕۆح دەربەرم
تاقی ئەبرۆی چاوەکانت بوونە قاتل بۆ سەرم
شاهی خووبان تۆ مەڕەنجە لەو گلەییانەی (ئەدەب)
تۆ هەر ئەو شاهەی وەفادار و منیش فەرمانبەرم

هۆنراوەکانی ئەدەب لە ناو وشەی فارسی و عەرەبیدا گەوزاون و لەو سەردەمەشدا ئەم ڕەوشتە باو بووە و زۆربەی هۆنەران بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆیان لە هۆنینەوەی هۆنراودا پیشان بدەن، گەلێ وشەی فارسی و عەرەبیان ئاوێتەی هۆنراوەکانیان کردوون، بەڵام ئەدەب هەتا بڵێیت، هۆنراوی ڕەوان و شیرین و پاراون و دەنیشنە ناو دڵە، و، زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەر شێوەی کۆن داڕژتوون و بەپێی عەرووز کێشەکانی هەڵسەنگاندوون، وە ناوەڕۆکەکانیشی بەتانوپۆی دڵدارەکەیدا هاتووەتە خوارەوە، بەجۆرێ کە لە پارچە هەڵبەستێکیدا لێوی دڵدارەکەی بەشەکەر و چاڵی تینی بەسێو و باڵای بەسەوڵ و ڕوومەتی بەمانگ و کولمی بەگوڵی سوور و زوڵفەکانی بەشەوی تاریک چوواندووە کە دەڵێ:

نیگارانی دیاری مە شەکەر لەب گوڵ عزارانن
هەموو تورکی کەماندارن هەموو عنقاشکارانن
هەموو سیمین بوناگۆشن، چ جادووگەر نیگارانن
هەموو غلمان بەچەن سادە، پەری نەسڵن پەری زادە
بەخەندە نەشئەیی بادە، بەغەمزە مەی گوسارانن
بەقامەت نەخلەکەی توورن، بەتەلعەت کۆمەڵی نوورن



بەسوورەت ئاگری سوورن، بەڕوخ لالە عزارانن
بەدوو لەب جووتێ گوڵنارن، بەغەبغەب سێوی خونسارن
بەگێسوو دوو سیەهـ مارن، بەچاو ئەفسوونی مارانن
بەباڵا سەروی ئازادن، بەگێسوو دامی سەیادن
لە سەیدی دڵ چ ئوستادن، چ ماهر جان شکارانن
بەچێهرە وەک مەهی ڕەوشەن، بەزوڵفن حەڵقەی جەوشەن
بەکولمن وەک گوڵی گوڵشەن بەلەب غونچەی نسارانن
لە مەشقی عیشوەبازیدا، لە شێوەی کینەسازیدا
لە عەرسەی تورکتازیدا، چ شیرین شەهسەوارانن
لە مڵکی لوتف و ڕەعنایی، لە کیشوەر حوسن و زیبایی
لە پاتەختی دلارایی، چ سەرکەش تاجدارانن
دژی دڵ ئافەقی جانن، شکەستی دین و ئیمانن
نەبەستەی عەهد و پەیمانن، نەخەستەی جانسپارانن
نە ئۆگر یارو ئەغیارن، نە بابی ڕەنج و ئازارن
نەمەحرەم عاشقی زارن، نە هەمدەم بێ قەرارانن
قەدەحدار و مەی ئاشامن، دڵ ئازار و دلارامن
دەمێ وەحش و دەمێ ڕامن، چ ئاهوو جلیوەدارانن
(ئەدەب) چ بکا لە یارانی، لە یاری نازدارانی
دەمێ خونخواری بێ باک و دەمێ غەمخواری جارانن

هەرچەندە شوێنەواری خەم و پەژارە لە قسەکانی ئەو دەردەکەوێ، دیارە خەم و پەژارەی ئەدەب لەبەر دووریی دڵخوازەکەی بووە، ئەو دڵخوازەی کە جوان و ناسک و نازار و سەرکێش و لێو شەکەر و سۆسەن و نەسرین و شۆخوشەنگ و دزی دڵ و بەڵای گیان و ڕفێنەری دین و بڕوایە، ڕوومەتی وەکو پشکۆیە و بەلەکەکانی وەکو شەوبۆیە و دڵ بەجارێ مات و سەرگەردانییە، بۆیە لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆرئاوا هاتوونەتە سەر دین و ئاینی و هەموو لە بەرامبەریا بەڕیز ڕاوەستاون و بەهیوای ئەوەن کە ساتێک ببینن، وەکو خۆی دەڵێ:

دڵ ئاراما چ زیبایی، دڵ ئازارا چ ڕەعنایی
چ دڵکەش چێهرو سیمایی، چ سەرکەش قەد و باڵایی

شەکەر لەب شاهدی شیرین، بتی چین لوعبەتی ماچین
سەراپا سۆسەن و نەسرین، چ لەب نووشین دلارایی
خوداوەندا چ مومتازی، چ شۆخوشەنگ و غەمازی
چ دەمسازی چ هەمڕازی، چ تورفە مەجلس ئارایی
دزی دڵ ئافەتی جانی، قوسووری عەقڵی ئینسانی
قوتووری زوهد و عورفانی فەسادی دین و دنیایی
بەسوورەت ماهی ئافاقی، بەمەعنا جانی موشتاقی
چ خۆش ئاداب و ئەخلاقی، چ مەحبووبی چ زیبایی
چ بێ دینی چ بێ ئیمان، چ بێ بونیان چ بێ ئەرکان
چ بێ شەرتی چ بێ پەیمان، چ بێ عەهدی چ بەدرایی
بەعارز مێجمەری پشکۆ، بەگێسوو گوڵشەنی شەوبۆ
ئەگەر هەقت دەوێ ئەمڕۆ، لە دنیا تاق و تەنیایی
لە مەغرب تا بەماچینت، موسەخخەربوو بەئاینت
ئەمنیش هاتوومە سەر دینت، ئەگەر سەد کە نەسارایی
نەخۆشی دەردی هیجرانم، ئەتۆی دەرمانی دەردانم
وەرە ئەی ڕاحەتی گیانم کە بۆ من تۆ مەسیحایی
وەرە ئەی ماهی تابانم، ببە جار جارە مێهمانم
کە دەتکەم تاکو دەتوانم، بەجان و دڵ پەزیرایی
وەرە ئەی یاری دڵدارم، ببە ساتێ بەغەمخوارم
بپرسە حاڵەکەی زارم، بزانە دەردی سەودایی
وەرە ساتێ بەرەعنایی ببینە حاڵی شەیدایی
بڵێ چۆنە بەتەنهایی، (ئەدەب) بێ من شەکیبایی

ئەوا وەرزی بەهارە و گوڵ و گیا و شیناوەردی ڕواوە و گوڵزار و گوڵستان لە سۆسەن و نەسرین و شەوبۆ و گوڵانی جۆر بەجۆر خەملیوە و بولبول لە خۆشییدا دەچریکێنێ، دەسا تۆش وەرە تا کەی خەم و پەژارەی جیهان دەخۆیت و دەستە ئەژنۆ دادەنیشی و بەپەژارە و خەفەتەوە ژیان دەبەیتە سەر؟ وەرە ناو باخ و گوڵزار و گوێ بدە نەوای بولبول و ڕۆژەکانی بەهار بەخۆشی ڕابوێرە. مەیگێڕ تۆش وەرە و جامێکی بادەی یەزدانیم پێ بدە، چونکە ئێستاکە کاتی مەی و بادە خواردنەوەیە: با لە زمانی خۆیەوە ببیسین کە دەڵێ:



ئەمرۆکە عەجەب شۆڕش و غەوغایە لە گوڵشەن
وەقتی تەرەبی بولبولی شەیدایە لە گوڵشەن
خەملیوە بەسەد ڕەنگە گوڵ و لالەی سەحراء
سەد نەغمە لە هەر لا دووسەد ئارایە لە گوڵشەن
تێکەڵ لە هەموو لاوە شەقیق و گوڵ و نەسرین
ئەلحەق کە گەهی سەیرو تەماشایە لە گوڵشەن
سەتحی چەمەن ئەمڕۆ لە قەڵەم قودرەتی سانع
وێنەی قەڵەمی سەنعەتی ئەو شایە لە گوڵشەن
خەندەی گوڵ و گریانی هەوا وا دەنوێنێ
ئیمڕۆ کە دەمی بادەو مینایە لە گوڵشەن
بولبول سەحەری نەغمە نەوازە بەسەراحەت
یاران چ گەهی تەوبەو تەقوایە لە گوڵشەن
ئەمڕۆ نەشکێ کەی ئەشکێ تەوبە کە ئەمڕۆ
تەوبە شکەنی حوکمی تەقازایە لە گوڵشەن
ساقی بدە بەو جامی زەڕەت بادە کە ئەمڕۆ
هەنگامی مەی و ساغەر و سەهبایە لە گوڵشەن
هاوارە وەکو بولبولی شەیدا (ئەدەب)ی زار
دەستی نەگەیشتە گوڵ و ڕیسوایە لە گوڵشەن

ئەدەب هۆنراوی بۆ ئەوەی نەهۆنییەتەوە کە هونەری خۆی بۆ خەڵک دەرخا، بەڵکو هۆنراوی ئەو سەرچاوەی دڵیەتی کە هەندێ جار وەکو چاوەیەک هەڵدەقوڵێ و بیرەوەریی خۆش و ناخۆشی خۆی دەردەبڕێ، وە هەندێ جار وەکو لافاوێکی توند و ڕەوانە کە ئاخ و داخ و خەم و پەژارەی دڵی پێ دەڕەوێنێ. هۆنراوی ئەدەب بیرەوەری بنیادەمێکی گراوە کە داستان و چیرۆکی ئەوینمان بۆ دەگێڕێتەوە، چیرۆکی ئەوینێکی ڕاستەقینە، وە هۆنراوی دڵداری ئەو کە سەرگوروشتەی ئەوینی ئەو دەردەبڕێ، شێوەیەکی تایبەتی هەیە کە پاشان هۆنەران لاسایی ئەویان کردەوە و کەوتنە شوێن ڕێ و ڕچەی ئەو بۆ وێنە لەم پارچە هەڵبەستەدا چەندە جوان بەتانوپۆی خۆشەویستەکەیدا هاتووەتە خوارەوە کە دەڵێ:

جانا بەفیدای خونچەیی نازی دەهەنت بم
قوربانی گوڵی گوڵشەنەکەی نەستەرەنت بم

هەرچەندە کەوا دڵشکەنە خەمی سەری زوڵفت
قوربانی خەمی زوڵفی شکەن دەر شکەنت بم
باڵات وەکو ناروەن و غەبغەبەکەت سێو
سەد جار بەفیدای بەرەکەی ناروەنت بم
فەرمووتە کە نوتقی منە وەک نەشئەیی سەهبا
قوربانی کەلامی وەکو بادەی کوهەنت بم
قوربانی جەوابی شەکەر ئامێزی عتابت
من چیم کە مقابل بەختابی سوخەنت بم
ئەو ڕۆژە کە دوو زوڵفی وەکو دوو ڕەسەنم دی
زانیم کە دەبێ بەستەیی چاهی زەقەنت بم
وەڵڵا کە بیدەم بەهەموو لەزەتی جەنەت
یەک لەحزە ستەمزاری گوڵ و یاسەمەنت بم
سەد بوڵبوڵی شەیدات گرفتارە بەگوڵزار
ساتێ ئەمنیش با لە تەماشای چەمەنت بم
عیشقی (ئەدەب) و تەلعەتی تۆ کاری خواین
تۆ وەک بتی زیبایی و ئەمنیش سەمەنت بم

ئەدەب لەو سەردەمەدا خەڵکی چاک هەڵسەنگاندووە و بۆی دەرکەوتووە کە هەندێک بەزانست و هونەر بایەخ نادەن و ئەمانە هەر لە شوێن پووڵ و پارە و ماک و کەرەستەن، وە ماک پەرستییان بەکەلەپوور بۆ ماوەتەوە کە هەندێکیش ئەمرۆ لە شوێن ئەوەدان وەکو دەڵێ:

دەفتەری فەزڵ و هونەر باوی نەما لەم عەهدەدا
فازڵ ئەو نادانەیە ئەمرۆ دوو دیناری هەیە
با نەکا قیمەت (ئەدەب) لەم عەسرەدا کاڵای هونەر
هەر چڵۆنێ بێ مەتاعی تۆ خەریداری هەیە

ئەدەب هۆنراوێکی زۆری بەکوردی و فارسی و عەرەبی بووە و گوایە خۆی کۆی کردووەتەوە و بەخەتێکی جوان نووسیویە کە بەداخەوە دەست بەدەست کەوتوون و تیاچووە، بەڵام نزیکەی هەزار هۆنراوەیەکی لەلایەن مامۆستا گیو موکریانییەوە کۆکراونەتەوە و لە ساڵی ١٩٣٦ی زایینی لە چاپ دراون کە گەلێ هەڵەیان تێدایە.



سەرچاوەکان
١- دیوانی ئەدەب - لەسەر ئەرکی گیو موکریانی- ڕەواندز، ١٩٣٦.
٢- دیوانی ئەدەب - لەسەر ئەرکی گیو موکریانی- هەولێر، ١٩٦٤.
٣- دیوانی ئەدەب - چاپی سەیدیان- مەهاباد، ١٣٥٦.
٤- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەئەدەب.

## جیهانبەخشی دانیالی

١٢٨٣- ١٣٦٨

ئەم هۆنەرەمان ناوی جیهانبەخش و کوڕی فەلامەرزی گۆران و نازناوی (دانیالی)یە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٨٣ی کۆچی لە دێی تەختگادا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. جیهانبەخش لەبەرئەوەی باوکی عێل بەگی و خانزادە بووە، فێرکار و مامۆستای تایبەتی بۆ ڕاگرتووە و لەلای ئەو خەریکی خوێندن بووە، وە لەبەرئەوەی خزمەکانی لە شاری کرندا بوونە، گەلێ جار هاتوچۆی کرندی کردووە، وە لەم سەردانانەدا هەڵسوکەوتی لەگەڵ پیاوە گەورەکان و هۆنەران و بوێژانی کرندا بووە، وە ئەمەش کاری کردووەتە سەر مێشک و دەماخی و مرخی جیهانبەخشی بزواندووە و خێی داوەتە دیوانی هۆنەرانی یاری و لە پاڵ ئەمانیشەوە خەریکی خوێندنەوەی پەڕاوی فارسی بووە و لەپاش مردنی باوکی بووەتە جێنشینی و ئەوسا بووەتە فەرمانفەرمای والی خۆڕەمئاوا و نازناوی (ضرغام السلطنه)ی پێ دراوە، ژیانی بەم چەشنە ڕابواردووە تا لە ساڵی ١٣٦٨ لە تەمەنی هەشتا و پێنج ساڵی لە دێی بابە یادگاردا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێشدا نێژراوە.

کاک حەمە عەلی سوڵتانی لە پەڕاوی (حەدیقەی سوڵتانی)دا سەبارەت بەم هۆنەرە دەڵێ: کە پیاوێکی بەهۆش و زیرەک و دانا و نەبەز بووە و خەتێکی زۆر خۆشی هەبووە و هەندێ جاریش هۆنراوەی هۆنیوەتەوە. لە ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی لە دێی بابە یادگاردا کۆچی دوایی کردووە و وەکو دەڵێن هەر شەش مانگ لەلای مامۆستای تایبەتی خوێندوویەتی، بەڵام بەهۆی خوێندنەوەی پەڕاوەوە پلەوپایەی لە زانستدا پەیدا کردووە و گەیشتووەتە ڕادەیەک کە لە نووسینی نامەدا پێویستی بەکەس نەبێ. وەکو دەڵێن پتر لە هەشتا ساڵ ژیاوە و ڕەنگە لە نێوانی ساڵەکانی ١٢٨٠ و ١٢٨٦ لە دایک بووبێ.

دانیالی گەرچی هۆنراوێکی زۆری نەهۆنیوەتەوە، بەڵام ئەو هۆنراوانەی کە بەیادگار بەجێی هێشتوون، پلەوپایەی ئەو لە هۆنەریدا دەگەیەنن و هۆنراو هۆنینەوەشی نەکردووەتە

پیشە، بەڵکو هەر کاتێ ویستوویەتی هۆنراوی هۆنیوەتەوە. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

میرزام وەهارەن، میرزام وەهارەن
یە مژدە و وادەی فەسڵ وەهارەن
نیشانەی نشات سەیر گوڵزارەن
بنای ئارایش هەردە و کۆسارەن
داران گردلباس زومرود کردنە وەر
تەزئین دان جەماڵ یەک نەیەک فێشتەر
سەحرا وەئەلوان گوڵان ڕازنا
نەقاشان وە نەقش چینی سازنا
کۆساران وە بەرگ حەریر بافەوە
یەکسەر وەقەوای سوف سافەوە
شەتاوان وەبەزم نەغمەی زیرو بەم
وە شوور شاناز سەدا دان وەهەم
کەوکان قەهقەهە، بوڵبوڵان شەیدا
ماچان پێشخانەی وەهاربی پەیدا
مەلچێک چەنی ڕشۆڵە وە ناز
مەوانان مەقام عیراقی و حیجاز
کول نووحە وە شوور ئامای وەهارەن
کول عاشق وەدین دیدەی نیگارەن
خولاسە هەریەک وەفکرێ مەشغووڵ
هەریەک وەئەوراد وەزکرێ مەشغووڵ
منیچ وە ئومێد یار یەکڕەنگم
ئەر سەد مقەوای سەنگ بێ دەنگم
ئەر سەد شکستەی دەست زەمانەم
چەمەڕای ڕەحمەت یار سەرانەم
ئومێدم قاپی یار یارانەن
ئینتزار مەیل جار جارانەن



واتە: کە وەرزی بەهار هات، دەشت و دەر بەگوڵ و گوڵاڵە ڕازایەوە و داران و درەختان بەرگی زومرودیان کردە بەرو بەجارێ هەرد و کۆسارانیان ڕازاندەوە، دەشت و بێدی بە گوڵانی جوان و ئاڵ و واڵا ڕازایەوە، وە ڕووبارەکان کەوتنە هاژە هاژ و کەوان بەقاسپە و بولبولان بەچریکە نەوا خوانی دەکەن، چۆلەکە و سیرۆش بەناز و لەنجەوە ئاهەنگی عێراقی و حیجازیان لێ دەدا و هەموویان دەیانوت بەهار هاتەوە و کاتی چاوپێکەوتنی دڵدار و دڵبراوە، وە بەم چەشنە هەر کام خەریکی بیرێک بوون و هەر کام لەم بەهارەدا بەبیری ڕابواردنی خۆیانەوە بوون، منیش بەهیوای یاری یەکڕەنگم، وە بەدەستی چەرخ و زەمانەوە چەوساومەتەوە و چاوەڕانی بەزەیی یاری سەرانەم کە بابە یادگارە و ئومێدم بەدەنگی یارە کە لەم ڕەنج و دەردە ڕزگارم بکا.

سەرچاوەکان

١- حدیقە سلطانی - تالیف محمد علی سلطانی- تهران، ١٣٦٤.
٢- بەیازێکی کۆن کە لە ساڵی ١٣٥٨ی کۆچیدا نووسراوە.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەجیهانبەخشی دانیالی.

## دەروێش ئەیازی کرندی

١٢٨٦- ١٣٩١

ئەم هۆنەرەمان کە کوڕی دەروێش قولیی کرندییە، بەپێی سەرەتای دیوانەکەی کە کوڕەکەی کۆی کردووەتەوە، لە ساڵی ١٢٨٦ی کۆچی لە کرندا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و لەپاش مردنی باوکیی بووەتە جێنشینی ئەو لە بارگەکەی پیرمووسا لە کرندا خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە و ماوەیەکیش خەریکی حەڵەبی سازی و بەنایی و مامۆستایی و فالاّیی و چراسازی بووە تا لە ساڵی ١٣٩١ لە تەمەنی سەد و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

لە دەروێش ئەیازەوە هەندێ هۆنراو بەیادگار ماونەتەوە کە لە دەفتەرێکدا بەناوی دیوانی دەروێش ئەیاز کۆکراونەتەوە و زۆربەی ئەو هۆنراوانە سەبارەت بەڕێ و ڕچەی یارین. ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە دێنین، تا پلەوپایەی ئەومان لە هۆنەریدا بۆ دەرکەوێ:

شیرین زوانان، شیرین زووانان
مورغم کەفت وەشوون شیرین زوانان
وە شەرت و ئیقرار ساحێب چەوگانان
تاویام نەکوورەی مەسساح مەکانان

شیم وەداڵە هۆ شادبیموەجەماڵ
شادبیم وە جەماڵ، شادبیم وە جەماڵ
یاوایم وەسەرا و سەرچەشمەی زوڵاڵ
ئاوەدیم دەفتەر نەهەر چوار مەحاڵ

واتە: پەلەوەری گیانم کەوتە شوێن یاران و هاوەڵانی شیرین زمان و بەپێی بەڵێن و پەیمانێک کە لە ڕۆژی بەریندا لەگەڵ بیناییی چاواندا بەستم، دەبێ لە کوورەی خودا ببژرێم.

ڕۆیشتمە داڵەهۆ و پیرکەمم دی و دڵم شاد و ڕوون بووەوە، وە لە چوارگۆشەی هەوراماندا هەواڵمان هێنا تا گەیشتینە سەراو و چووینە سەر کانیەکی ڕوون و بێ خەوش و لە ئاوەکەیمان خواردەوە.

دەروێش ئەیاز لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە سەر پیرانی یاری کە لە هەورامان و دەوروبەری کێوی داڵەهۆدا بەخاک سپێرراون و دێی سەراویش هەر لەوێدایە کە گۆڕی بابە یادگاری تێدایە.

١

جەژنی فەقیرە

ئازیزم کۆان، ئازیزم کۆان
نە دڵتەنگیی وێم یادکەردم کۆان
عەسام دا وەگەز ڕاهی بیم ڕەوان
تا یاوام بەو مەرز دۆڵ دارگردەکان
هەر نەیەک ناکام چوون تیپ کەڵ ڕەم
جەم کە سیرێ نەوجا دیم وە چەم
کەم کەم و نەرم نەرم تەکم دا نەوەر
کەردم مولاحیزە نە پاتاوە سەر
دیام جەماعات مووسای کەلیم بین
ڕەژیدەی خالق حەق قەدیم بین
مەجلس ئارابی نەپای هەر سەنگێ
مەوانان ئاواز هەریەک نەڕەنگێ



مەرەقسان وەنەزم بەزم سازەوە
جەرگ دەردینان دان وە گازەوە
جات خالی بسات خەسرەوانی بێ
گشت مەس بادەی ئەرغەوانی بێ
لەرەی ئەشرەفیی سینە و مەمان دیم
لام، ئەلف سەروین تای کەلاغی دیم
گۆش و گۆشواران زوهرە نەما دیم
سەر وە عەرەقچین تەل و تەلا دیم
خوماری عەینان مەس مەخموور دیم
سیا وە سورمەی تەجەلی توور دیم
حەی تاران ئاوێز نەسای گەردەن دیم
چوون مەڵهەم پەی زام شەفای مەردەن دیم
مشکی و کەلاغی کژنە کولان دیم
چوون مەجنوون دەیری هەردەی چۆلان دیم
قەتارەی قازان سەروێن لاران دیم
زوڵف چوون بەڕەزای سای مەغاران دیم
ژن و مەرد چوون یەک مەس شەراو دیم
سەرتاپا نمناک عەترو گولاو دیم
بەعزێشان نە فکر هاری و حەرەج دیم
سەردەلیلەی ڕەم خالی فەرەج دیم
تورکی تای ئەنام بالا بەرزان دیم
سەیر با نۆان نەدین هەرزان دیم
لەژێر شاخەی زەرد ئالووی باردار
نازک نازاران چون لالەی وەهار
سنجق وناران جۆق جۆق وسەف سەف
دڵدارێ توای دڵ نەدەی وەکەف
وێنەی تیاتۆر بالا مەنمانن
غارەت کونەندەی دین و ئیمانن

گشت مەس بادەن نامی جوانان
هەریەک وە سەوتێ ئاواز مەوانان
چێش کەرۆم تاریف تەمامیش نییەن
جەژن خسرەوی هەر وەی تەوربییەن
بێ ئێوە دۆسان دیدەم بۆ لێلاو
جانان خالییەن مە باغ ڕێژاو
ئەسڵەن دەقەیێ نەداشتن ئارام
مەڕەقسان وەنەزم سازەکەی بارام
تومەز ئەورۆ عەید فەقیرشان بێ
قانوون مەزهەب ڕای پیرشان بێ
هەرچەندە چەم گل دام نەسەر تا بەوار
نە یاوەرانم کەس نەبی دیار
پەی بێ کەسیی وێم خەستە و خاتر غەم
ئەسر وێنەی باران وارام نەڕووی چەم
(ئەیاز) ئومێدش هەن وە لوتف جەم
مەرگ دۆستانم نەوێنم وە چەم

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! ڕۆژێکیان لەبەر دڵتەنگیی خۆم کێوەکانم دا وە پێوە و خەریکی گەڕان بووم تاکو گەیشتمە (دۆڵی دار گردەکان) لە کرندا کە دیم گەلێک لە جوولەکەکان ئەو شوێنە لەوێدا کۆبوونەتەوە و خەریکی سەما و بەزم و گۆبەند و زەماوەندن و زۆربەی سەرخۆشی مەی و بادەن و کچان و ژنان ئاوێتەی یەک بوون و هەر کام لەوان وەکو پەری جوان و شۆخوشەنگ و پێکەوتوو بوون، تومەز ئەمە جەژنی فەقیری ئەو جوولەکە کوردانە بوو کە بەپێی ڕێ و ڕەوشتی ئاینی خۆیان ئەنجامیان دەدا، بەڵام من هەرچەندە چاوم گەڕان کەسم نەناسی و بۆ بێ کەسیی خۆم دامە سەرما و فرمێسکم وەکو باران داوەران. (ئەیاز) هیوای بەخوایە و یاخوا مەرگی یارانی نەبینێ.

٢

زەماوەن

دۆستان گیانی یادتان وە خێر
چوون من داخڵ بین وە بسات سەیر



ئینە سێ ڕۆژەن نە چەم ئەڵوەن
بەرزەن نە ئەفلاک زەڵەی زەماوەن
ماشتەی کەژ نە کۆڵ کەمەرزەڕینان
جۆق جۆق و تیپ تیپ ئافتاو جەمینان
قەد وە کەمەرەی یەکتای زەڕەوە
وە تافتەو خارای موشەجەرەوە
زڕە زڕ پۆیلەی سەروێن لارانەن
وێنەی بەڕەزای سای مەغارانەن
نازک جەمینان ڕێژاوی ماوا
گەرم ڕەقسانەن سوب تا خوەرئاوا
وە نەزم مەقام سازەکەی موراد
وەعەیش عشرەت غەم مەدەن وەباد
سەدای زیل و بەم هەی شاواز شاواز
فەڵەک نە هەفتەم ئاما وە پەرواز
جەشنەی نەسیم شاخەی شەتاوان
شەوان حەرامەن خاو نەڕووی چاوان
نەجۆش بادەی جەرگ سۆفی سۆز
باغات ڕێژاو بییەن وە نەورۆز
زڕەی لەرزانەی بالا بەرزانەن
سەیر مەهوەشان نە دین هەرزانەن
قەتارەی قازان شۆخان شەنگەن
ئەفسوون پەی ئێوە خاترم تەنگەن

واتە: ئەی دۆستان! ئەمە سێ ڕۆژە کە لە چەمی ئەڵوەنی کرندا زەماوەند و گۆبەندە و دەستە دەستە و تیپ تیپی ژنان و کچان هەڵدەپەڕن و هەیاسە و کەمەرەی زێڕینیان داوەتە کەمەریان و وەکو بەڕەزای مەغارەکان ئەلەرنەوە و لە بەیانییەوە تا خۆرئاوا خەریکی هەڵپەڕکێن و خەم و خەفەتی دەروونیان دەدەنە با، وە ئەو شۆخوشەنگانە وەکو قازەکان ڕیزیان بەستووە و بەجارێ دەشت و کێویان خۆش کردووە، ئەوا منیش سەیری ئەو گۆبەندە دەکەم، بەڵام بەداخەوە دڵم بۆ ئێوە تەنگە.

سەرچاوەکان

١– دیوانی دەروێش ئەیازی کرندی – کۆکردنەوەی عابدینی خادمی – کرند، ١٢٨١ی کۆچی.

٢– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەدەروێش ئەیازی کرندی.

## حاجی نیعمەتوڵڵای جەیحون ئاوایی

١٢٨٨– ١٣٣٨

ئەم هۆنەرەمان ناوی نیعمەتوڵڵا و کوڕی میر بارامی موکرییە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٨٨ی کۆچی لە دێی جەیحوون ئاوای دینەوەردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا ڕۆیشتووەتە کرماشان و لەوێدا خەریکی خوێندنی زمان و وێژەی فارسی و عەرەبی و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام بووە و لە پاشان گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە و لە ئاخر و ئۆخری تەمەنی ڕۆیشتووەتە بەغدا و کەربەلا و نەجەف و خانەقین و لەگەڵ کاکەییەکاندا دیداری کردووە و گەڕاوەتەوە و ژیانی بەم جۆرە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٣٨دا کۆچی دواییی کردووە.

دوکتۆر محەمەدی موکری لە پەڕاوی (شاهنامەء حقیقت)دا دەڵێ: حاجی نیعمەتوڵڵای جەیحوون ئاوایی کە نازناوی هۆنراوی (موجرم)ە لە ساڵی ١٢٨٨ی کۆچی لە دایک بووە و لە ساڵی ١٣٣٨دا مردووە. گەلێ نووسراوی بەفارسی و کوردی هەیە کە شانامەی هەقیقەت یەکێک لەو نووسراوانە.

حاجی نیعمەتوڵڵا یەکێ لە زانایان و هۆنەرانی هەرە بەرزی کوردی یارییە کە جگە لە شانامەکەی بریتییە لە یازدە هەزار و حەڤدە هۆنراو بەفارسی، گەلێ هۆنراویشی بەزمانی کوردی هۆنیوەتەوە کە زۆربەی ئەو هۆنراوانە سەبارەت بەڕێ و ڕچەی یارین و گەلێ شیرین و تەڕ و پاراون. ئەمەش چەند پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

فلان کەس مەردەن، فلان کەس مەردەن
یا شا ئامانەن فلان کەس مەردەن
ئەگەر گوناکار ئەرکردار کەردەن
وە دین یاری حەسرەتش بەردەن
پەنا وە دەرگای سوڵتان ئاوەردەن
وە شەرت بنیام سەرش سپەردەن



لوقمەی حەلاڵی حەقیقەت وەردەن
خیانەت وە دین یاری نەکەردەن
وە جەوزو ئیقرار دینشان مۆرەن
هەروێت مەزانی وە چ دەستۆرەن
یا شا قەبووڵ کەر لاڵەو رجامان
بگوزەر وە تەقسیر جورم گونامان
ڕۆح فلان کەس وە فانی ویەرد
وە بار گونا ڕووش وە عوقبا کەرد
یا حەق نەکەری نەکەون عەزابش
هەر چە بپەرسۆن ئێدەن جەوابش
ئەوەڵش یارەن، ئاخرش یارەن
پیرش بنیامین، شاش خاوەندگارەن

واتە: ئەی خوای گەورە و گران! فلان کەس مردووە. ئەگەر گوناهکار بوو، یا کردەوەی چاک بووە، بڕوای بەڕێ و ڕچەی یاری بووە و داخ و موخابنی ئەم ڕێ و ڕچەی خواردووە و پەنای بەدەرگای خوا هێناوە و بەپەیمان و بەڵێنی بنیامین سەری سپاردووە و تیکەی ڕەوای یاری خواردووە و لە ڕێ و ڕچەی یاری لای نەداوە و گوێزی یاری بۆ شکاوە و خۆت چاک دەزانی کە چی کردووە. ئەی خوایا، پاڕانەوە و تکای ئێمە قبووڵ بکە و لە گونا و تاوانمان ببوورە. گیانی فلان کەس لەم جیهانە تێ پەڕی و بەبارێکی گوناهەوە هاتە لای تۆ، دەسا تکایە کە لە ڕۆژی دواییدا ئازاری نەدەی و هەرچی بپرسی ئەمە وەڵامییە: هەوەڵ و ئاخری یارە و پیری بنیامینە و شای خاوەند کارە.

ئەم پارچە هەڵبەستە بەناوی (تەلقین) ناسراوە کە یارییەکان لە کاتی مردنی کەسێک بەسەر گۆڕەکەیا دەیخوێننەوە، لە ڕستەی (هەوەڵ و ئاخری یارە) دیاردەی دەکاتە سەر ئایەتی: (هو الأول والآخر والظاهر الباطن وهو بکل شئ عەلیم) واتە: خوا هەوەڵ و ئاخر و ڕواڵەت و دەروونە و، ئەو لە هەموو شتێک ئاگەدار و دانا و زانایە.

٢

حەق کەردەن زوهوور، حەق کەردەن زوهوور
هەی دیدەداران حەق کەردەن زوهوور
هەق هەر ئەو حەقەن وە یەک زەڕێ نوور
تەجەلی بەخشا سۆچنا کۆی توور

فەتح و فوورسەتدا وە مووسا و هاروون
فیرعەون غەرق کەردەن وەڕوود جەیحوون
جامەی نەبووەت پۆشا وە خەڵات
موجرا بی وە خەڵق کەلام تەورات
کەرد وە گوڵستان ئاتەش پەی خەلیل
شناسیا وە حەق ئەو یار جەلیل
سوحوف، ئیبراهیم وە خەڵات بەخشا
پەرێ بەندەگی وە قامەت پۆشا
حەزرەت زەردشت وە نار و یاران
وە زەند و پازەند کرامەت داران
نۆح وە تۆفانی کەشتیش نەجات دا
خەرقەی خالقی وە پێش خەڵات دا
عیسا ڕۆحوڵڵا بەرد وە ئاسمان
مەردە زیندە کەرد ژ حەواریان
خەتم ئەنبیا ڕەسووڵ سەروەر
بەخشا پێش وە لوتف ئەو مەسنای کەوسەر

واتە: حەق سەری هەڵداوە، حەق ئەو حەقەیە کە بەتۆزقاڵێ تیشک سەری هەڵدا و کێوی تووری سووتاند، بەمووسا و هاڕوون پیرۆزیی بەخشی و فیرعەونی لە ئاوی دەریادا نوقم کرد.

مووسا بەرگی پێغەمبەرایەتی لەلایەن خواوە بەخەڵات لەبەرکرد و تەوراتی بۆ هات و لە ناو خەڵکدا بڵاوی کردەوە. ئاگر بۆ ئیبراهیمی خەلیل بووە گوڵستان و بەم چەشنە ئەو یارە خۆشەویستە بەخوا نزیک بووەوە. خوا بەئیبراهیم سوحەفی بەخشی و ئەویش سەری بەندایەتیی لە بەرابەری خوادا دانەواند. هافی زەردەشت ئاگری هەڵکردو لە ئاگر تێ پەڕی و گەورەیی ئەو لە پەڕاوی زەند و پازەنددایە. نۆح کەشتییەکەی بەفەرمانی خوا لە تۆفان ڕزگار کرد و خوا خەرقەی بەو بەخشی و هەروەها عیسای بردە ئاسمان و بەفەرمانی خوا ئەو پێغەمبەرە مردووی زیندوو کردەوە. بەپێغەمبەری گەورەی ئیسلامیش حەوز و مەسنای کەوسەری بەخشی.



سەرچاوەکان
١– شاهنامەء حقیقت – تالیف نعمت الله جیحون آبادی باهتمام دکتر محمد مکری –تهران، ١٣.
٢– بەیازێکی کۆن کە لە ساڵی ١٢٩١ی کۆچیدا نووسراوە.
٣– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەحاجی نیعمەتوڵڵای جەیجوون ئاوایی.

## مەلا ڕەسوڵی ئەدیب

١٢٩١– ١٣٥١

ئەم هۆنەرەمان ناوی ڕەسوڵ و کوڕی مەلا سادقی کوڕی خەلیفە عەبدوڕەحمانی زەندییە و نازناوی (ئەدیب)ە و بنەچەکەی د ەچێتەوە سەر تیرەی (لوتفعەلی خان) و (کەریم خانی زەند).

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٩١ی کۆچی لە دێی (شاوەل)ی موکریاندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە هەر لە منداڵییەوە لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەپێی وابی ئەو ڕۆژگارە و ڕێبازی فەقێیەکانی کوردستان، گەلێ قوتابخانە و مزگەوت و حوجرەی فەقێیانی شار و دێیەکانی کوردستان گەڕاوە تا بووە بەمەلایەکی شارەزا و مامۆستایەکی بەرز لە فەقهی ئیسلامی و وێژەی کوردیدا، دواین مامۆستای ئەو کە ماوەیەک دەرزی لەلای خوێندووە، میرزا عەبدوڕەحیمی وەفایی بووە، وە هەر لەلای ئەو خێی داوەتە وێژە و هۆنراوی کوردی و لەوکاتەدا زۆربەی کاتی خۆی بەخوێندنەوەی دیوانی هۆنەرانی کوردەوە خەریک کردووە تا بووە بەهۆنەرێکی تەڕدەست و توانا، پاشان گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لەوێدا خەریکی وانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بووە، بەڵام ژیانی نەچەرخاوە و ناچار ڕووی کردووەتە شنۆ و لە دێی سەرگیز دامەزراوە و بووە بەمامۆستای کوڕەکانی ئەوڕەحمان ئاغای سەگیزی و ئەویش لە پاداشتی ئەو کارەی بەهۆی شۆفاریی پیاوێکەوە کە گوایە مامۆستا جنێوی بەئاغە داوە، بەبێ لێکۆڵینەوە فەرمانی داوە کە سەد شەقی لێ بدەن و هەر ئەو شەقانە بووە هۆی مەرگی مەلا ڕەسوڵ و بەم چەشنە لە ساڵی ١٣٥١ لە تەمەنی شەست ساڵیدا کۆچی دوایی دەکا و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی تەرمەکەی دەبەنە دێی دەربەند و لەوێدا دەینێژن.

ئەدیب بەیەکێ لە هۆنەرانی کورد دێتە ژمار و لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداری و کۆمەڵایەتیدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی گەلێ بەرز و شیرین و ناسک و ڕەوانن. ئەو لە نووسینی پەخشانیشدا تەڕدەست بووە، هەروەها لە بژیشکییەتی و خۆشنووسیدا مامۆستا بووە.

ئەدیب گەلێ هەڵبەستیشی بەفارسی و عەرەبی و ڕووسی هۆنیونەتەوە و گەلێ هۆنراو وتاری لە گۆڤاری زاری کرمانجیدا بڵاو کردوونەتەوە. گەرچی هۆنراوەکانی ئەم هۆنەرە لەناو وشەی فارسی و عەرەبیدا خنکاون، بەڵام وشەی پەتیی کوردی جوانیشی بەکاربردووە. ئەدیب لەبەرئەوە دڵدارەکەی بەتەواوی کاری کردووەتە سەر هەموو ڕەگ و شادەمارێکی، دێنێ باسی گیرۆدەیی خۆی و ستایشی خۆشەویستەکەی دەکا و دەڵێ:

چاوەکەت مەستە بەناحەق فێری مەیخانەی مەکە
لێی گەڕێ مەمنوونی بەزمی دوردی پەیمانی مەکە
زوڵفی سازاوت دەسا تەرتیب و چینی تێک مەدە
حەیفە تووشی جەوری ڕێش و کێشی لەرزانەی مەکە
پەرچەمت جێی ئاشیانەی بولبولی تەبعی منە
چونکە کێشکچیی شەوە بۆ مەنعی هێلانەی مەکە
گەردنم پێی خۆشە حەڵقەی تای تەنافی زوڵفەکەت
چاوەکەم ئیتر حەواڵەی تۆق و زۆلانەی مەکە
دڵ بەمەیلی خۆی دەمێکە عاشقی باڵاکەتە
تۆ خودا مائل بەغەیری خۆت و بێگانەی مەکە
هەر لە ئەووەڵ تۆ دڵت بردووم بەنازی چاوەکەت
تازە فێری ڕاوو ڕەسم و تەبعی پەروانەی مەکە
عاشقی غونچەی دەمت تاکەی دەبێ ئاوارە بێ
مەحرەمی ڕازە، حەواڵەی چۆڵ و وێرانەی مەکە
هەر بەڕەسمی دیدەنی تاوێکی نایێنی دەمت
دڵبەری وا نانێ عەیبە نانەجیبانەی مەکە
خۆت دەزانی وەک (ئەدیب)کەس بەندەگیی پێ ناکرێ
وا بەڕیسوایی لە ناو ئەم خەلقە ئەفسانەی مەکە

لە پێنج خشتەکیەکی تردا لە ستایشی یارەکەیدا دەڵێ:

ڕووت شەمسی تەمووزە، هەموو پڕ تابش و تاوە
ئەگریجەی چین چینە لە ڕووت پەخش و بڵاوە
حەیرانی دەمت بم بەمەسەل شووشە گوڵاوە
قوربانی دوو زوڵفت کە دەڵێی سونبولی خاوە



مەیلت ئەوە چەند ڕۆژە لەسەر وەعدە نەماوە
ڕۆژی نییە مەستانە کە عەهدت نەشکێنێ
وەک کاهروبا ئەو دڵی مسکین نەڕفێنێ
وەک قەوس و قەزەح ساتێ بەڕەنگێ دەنوێنێ
بێ گیان بەدەنی خەستە جگەر بۆچی دەمێنێ
وەک شووشەی ناسک دڵی بێ چارە شکاوە
پێم فەرموو گوناهم چییە ئەی سەروی دڵارام
چی دی مەکە دڵڕەنجە ئەسیری منی ناکام
کوا تاقەتی ئەو جەورە هەموو تاب و توانام
ئەبرۆی کەچت حاڵی دەمی مەرگی نیشان دام
تەهدیدی سەری تیری موژانت بەعەلاوە
ئاوارە و خوێنخوارە مەگەر وامقی عەزرام
لۆمەم چ دەکەن کوشتەو سەرگەشتەی لەیلام
غەرقی غەم و سەودا سەرو ئاشوفتە و شەیدام
بۆ دانەیی خاڵت بەفریو چووم دڵی کێشام
سەرتاسەری دەورەی قەمەرت دانەو داوە
سێوی چەنەگەت ئاوی حەیات و چەی زەمزەم
ئەی گیانی عەزیزت بەفیدای ئەو سەروپەرچەم
ئەورۆکە دەڵێم خاکی هەموو دەر وە سەرم کەم
پرسیم چییە دەرمانی برینی دڵی پڕخەم
فەرمووی کە دەوای سەهوە (ئەدیب) کاری کراوە

ئەدیب وەکو دەڵێن گەلێ هۆنراوی ئاینی و کۆمەڵایەتیی هۆنیوەتەوە و لەوانەدا دەردی کۆمەڵی ڕۆژگاری خۆی بەوردی دەربڕیوە و جاریش چارەی بۆ دۆزیوەتەوە و گەلێ ڕەخنەشی لە باری ڕامیاری ئەو سەردەمە بووە و گەلێ نەفرینی ڕژێمی پادشایەتیی کردووە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی هۆنراوەکانی لەبەرئەوەی کۆنەکراونەتەوە، دەست بەدەست کەوتوون و لە ناو چوون.

دیوانێکی زۆر کەمی بەزمانی کوردی بەهەوڵ و تەقەلای مامۆستا گیو موکریانی کۆکراوەتەوە و لە ساڵی ١٩٦٠ لە چاپخانەی هەولێردا بۆ جاری یەکەم لە چاپ دراوە.

سەرچاوەکان

١- دیوانی ئەدیب - کۆکردنەوەی گیو موکریانی- هەولێر، ١٩٦٠.

٢- بەیازێکی کۆن کە لە ساڵی ١٣٤٨ی کۆچیدا نووسراوە.

٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەئەدیب.

## سەید بەهاء

١٢٩٣- ١٣٦٥

ئەم هۆنەرەمان کە ناوی سەی بەهائەدینی کوڕی سەید محەمەد و نازناوی هۆنراویی شەمس و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٩٣ی کۆچی لە دێی سەردەی پاوەدا لە دایک بووە و هەر لەوێدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن گەلێ شوێن گەڕاوە و ماوەیەک لە بیارە بووە و پاشان ڕۆیشتووەتە سنە و لە مزگەوتی (دار الاحسان)دا خوێندنەکەی تەواوکردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی وانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بووە، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک باری کردووتە سنە و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٦٥ لە تەمەنی حەفتا و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

بەها یەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کوردە و دەتوانین بڵێین کە وێنەیەکی بێ کەم و زیادی هۆنەرە کۆنەکانی هەورامی بێژە، وە لە هۆنینەوەی هۆنراودا لە هۆنەرانی کۆن پەیڕەوی کردووە و لاسایی ئەوانی کردووەتەوە. زۆربەی هۆنراوەکانی ئاینین، مەگەر بەدەگمەن سەبارەت بەمەبەستێکی تر هۆنراوی هۆنیبێتەوە، لەگەڵ ئەمەیشدا گەمە و یاریی بەوشە کردووە و، وا دیارە زۆر حەزی لە هۆنراوەکانی مەولەوی و بێسارانی و سەیدیی هەورامی و نالیی کردووە و لەگەڵ میرزا عەبدولقادری پاوەییدا گەلێ ڕاز و نیازی هەیە و تەواوی ئەو نامانەی کە بۆ یەکتر نووسیویانە بەهۆنراو بووە.

لە شوێنەوارەکانی بەها ئەوەی کە بەیادگار ماوەتەوە بریتییە لە (مێعراج نامە)، (مەولوود نامە) و (شمس العقائد) و (دیوانی سەید بەهاء)، کە ئەگەر بەوردی لە هەر کامیان وردبینەوە، پلەی هۆنەریەتیی ئەومان بەتەواوی بۆ دەردەکەوێ ئەڵبەت ئەوەش دەبێ بڵێین کە ناتوانین بەها بەهۆنەرێکی لاساییکەر بژمێرین، هەندێ جار مەبەستێکی وەکو ستایش و لاواندنەوەی گرتووەتە بەر و بۆنێکی پێ داوە و هەندێ جاریش لە قاڵبێکی زۆر کۆنا هۆنراوی هۆنیوەتەوە.

ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:



عیلمی بێ بەهرە و درەختی بێ سەمەر من نامەوێ
چاوی بێ ئەشک و فغانی بێ ئەسەر من نامەوێ
عاشقی کولٌمی لە ڕەنگی ئەشکی چاوی سوورنەبێ
ڕۆژ نەناڵێ، شەو نەسۆزێ تا سەحەر من نامەوێ
هەر دڵێ فارغ لە عیشق و هەر سەرێ سەودای نییە
ئەو لە جوملەی خەلقی ئینسان و بەشەر من نامەوێ
پیری کامڵ شێخی زاهید، مورشدی ڕێگەی تەریق
گەر نەبێ ئاگا لە کەشفی بەحر و بەڕ من نامەوێ
ماڵی دنیا غەیری حەسرەت عاقبەت سوودی نییە
زادی ئیمان تۆشەیە، باقی هەدەر من نامەوێ
چاو لە مڵکی جەم بکە تا مڵکی دنیا جەم نەکەی
تاجی شاهی داکەوێ ئاخر لەسەر من نامەوێ
من لە قەبرا گەر گەدا بم هەم فەقیر و بێ نەوا
گەر بەخەروار پێم ببەخشێ سیم و زەڕ من نامەوێ
تۆ لە ماڵی خۆم لە ئاخر بی نەسیبم کەی وە دەر
ڕووت و قووت و هەم غەریب و دەربەدەر من نامەوێ
فەقری خۆم چاکە بەئاسان تەی دەکەم ڕێگەی ڕەوین
کۆڵی سەنگین و سەفەر ڕێگەی خەتەر من نامەوێ
بەم هەژاریمە لەم مزگەوتە هەژارە گۆشەگیر
گەر بدەن (شەمسا) جیهانم سەر بەسەر من نامەوێ

شەمس لە پارچە هەڵبەستێکیدا خۆی بەتاوانبار و گوناهکار دەزانێ و لەم بارەوە لەگەڵ خۆیدا دەردەدڵ دەکاو دەڵێ:

دوای حەفتای ساڵ عومر ویەردە
دڵ ژەنگ قەسوەت عسیان ئاوەردە
وە نەشئەی بادەی ئارەزوو مەستەن
هەوەس پای تەدبیرڕای سەفەر بەستەن
نەزانای غافڵ ناگاو ناخەبەر
تۆشەت بی ئاخر پەی تۆشەی سەفەر

نەی ئاخر ئەووەڵ دنیا واریتەن
نیشانەی ناسۆر زام کاریتەن
کار بێ مەعنا هەوەس کەردەی وێت
پەی یانەی ئاخر دەست نەوەردەی وێت
پیر سەر حەڵقەی گونەهـ بارانی
ئای پەی ڕۆی مەحشەر یانە وێرانی
پیر ئاخرەت شووم بەد کاڵات
کاڵای شووم شەڕ بڕیا وە باڵات
وادەی لواتەن وەختت نەمەندەن
ئەجەل پەی گیانت ئارەزوو مەندەن
کەردەی بەدکەردەت بەرشییەن جەدەس
مەندەن وە لوتف فەرد فەریادڕەس
کەرەم فراوان ڕەحمەتش بێ شۆن
چ دەربەس بەخشای بارگونای تۆن
ئەرمەیل وەبەخشای عسیان نییەن پێش
وادەی شەفاعەت حەزرەت یانێ چێش
بخێزۆ ڕەحمەت لای لاتقنطوو
مەبەخشۆ (شەمسا) بار گونای توو

واتە: لەپاش حەفتا ساڵ کە بەسەر تەمەنتا تێ پەڕیوە، وە دڵ ژەنگی گوناهـ و نافەرمانیی هێناوە، وە بەبادەی ئارەزوو مەست بووە و کەوتووەتە ناو هەوا و هەوەس، بەبێ ئەوەی توێشوبەرە بۆ ڕۆژی دوایی کۆکاتەوە، دەسا هەر بدە بەسەر خۆتدا بۆ ماڵوێرانیی خۆت لە ڕۆژی پەسلاندا، چونکە کاڵای شوومی شەڕ بەباڵات بڕاوە و وادەی ڕۆیشتنتە و کاتت نەماوە و ئاکام بۆ گیانت ئارەزوومەندە، وە خوا بەزەیی زۆرە و دەربەسی ئەوە نایە کە باری گوناهت ببەخشێ و سووکت کاتەوە، ئەگەر بەزەیی بجووڵێ، باری گوناهی (شەمس)یش دەبەخشێ.

هۆنەر لە پاشا لەگەڵ خوای تاق و تەنیادا دەکەوێتە ڕاز و نیاز و ددان بەنافەرمانی و گوناهـ و تاوانی خۆیدا دەنێ و دەڵێ:

(علام الغیوب) ئاگای دەرد حاڵ
(ستار العیوب) فەرد بێ زەواڵ



هەر چەتۆ فەرمات من پاسەم نەکەرد
ئەمڕۆ نەهی تۆم هیچ بەجا نا وەرد
نەجوانی واتم هەوەس ناکەنان
پەوکێ پەی تاعەت من بێ باکەنان
جە وەقت پیری هەوەس نەدارۆ
ئیتاعەت ئەمرت بەجا ناوەڕۆ
بێخودوەی خەیاڵ جوانیم و یەرد
وە دەرگانەی تۆ یەک ڕۆ ڕۆم نەکەرد
بەدرەقەی ڕەفێق جووانیم ها کەرد
پیری وە پیریم تەشریفش ئاوەرد
ئاما وە کۆڵم وە خێو دەردەوە
سەفای جوانیم وە یاد بەردەوە
مەیۆ سەدای زەن قافڵەی سەفەر
نە گۆشم یانێ عەزم سەفەر کەر
نوور بینایی چەمان بەردەوە
دووربین دیدەم نزیک کەردەوە
دندانم یەک یەک وەگاز هۆرکەندەن
گازم پەی غەزای ژینم نەمەندەن
خاو بییەن کرژیی زرانی هێزم
بڕیان تای تەکان پەی جوست و خێزم
سەنگی کۆڵ دەرد پشتم خەم کەردەن
لارەو لەرەی سەربارەن وەگەردەن
دەردان پیری وە بارم بییەن
توانای سوجدە و ڕوکووعم نییەن
ئانە جوانی و نەفامی و مەستی
ئینەیچە پیری و کەساسی و سستی
دەیسا کەرەمدار کەرەم فراوان
وە کام ڕوو واچوو نەداروو تاوان

وێم کەردم بەوێم تاوان دارەنان
پەی عەذاب سەخت سزاوارەنان
عوذرم نا مەسمووع قەوڵم نارەواج
تەدبیرم بەرپا نەدارۆ عیلاج
بێ حەد جەئەو ساف پڕ گوناهەوێم
ڕوو زەرد مووسفید دڵ سیا هە وێم
نامەی ئەعمالم ئەرگێڵی پێشدا
یەک زەڕێ خاسی موشکڵ بۆ تێشدا
چێش مەبۆ کەری ڕەحمێ وە حاڵم
هەر سەربەستە بۆ نامەی ئەعماڵم
من ئیقرارم هەن تۆیچ مەعلوومەن لێت
با کەس نەزا نۆ غەیر جەوێم وێت
هەر وێت بزانە یەکتای یەگانە
با نەبۆم ڕیسوای خوێش و بێگانە
وەعدەت فەرماوان جەوڕۆڕۆی ساعەت
پەی حەبیب وێت ئیزن شەفاعەت
وادەی وێت حەقەن بەجا باوەری
مەقامەن مەحموود بەر عەتا کەری
سا تۆیچ یارەسووڵ دی بەو شەرمەوە
بەو دڵەی پڕسۆز نەرم و گەرمەوە
پەرێ شەفاعەت یاوی بەفەریاد
دەستم وەدامان من نەشم جە یاد

هەرچەن گونەهبار (شەمس) ڕوو ڕەشەن   شەفاعەت هەر بۆ گونەهبار وەشەن

واتە: ئەی خوای تاق و تەنیا! تو هەر چییەکت فەرموو، من فەرمانەکانتم بەجێ نەهێنا، لە تافی جوانیدا لە ڕووی هەوا و هەوەسەوە نافەرمانیم کرد و لە دەوری پیریشدا توانایيم نییە کە فەرمانەکانت بەجێ بێنم، هەروا بێخود جوانیم تێ پەڕی، ئێستاش پیری هاتووەتە پیرمەوە و دەنگی زەنگی کاروانیش دێتە گوێم و لەوانەیە لەم ڕۆژانەدا بەرەو جیهانی تر بکەومە ڕێ، سۆمای چاوەکانیشم نەماوە و هێز لە ئەژنۆمدا کەم بووە و پشتم چەماوەتەوە



بەجۆرێ کە ناتوانم کڕنۆشت بۆ بەرم، دەسا خوایە مەگەر هەر خۆت بەزەییت پێما بێ، بەڵام خۆم دان بەگوناهی خۆما دەنێم و دەزانم سزاواری سزام و شەرمەندەی دەرگای تۆم و نامەی کردەوەم ئەگەر پیایا بگەڕێ، تۆزقاڵێک چاکەی تێدا نییە، دەسا بەزەییت پێمدا بێ ڕیسوای لای خۆیش و بێگانە نەبم، تۆ خۆت بەپێغەمبەر فەرمووتە ئۆمەتت دەبەخشم و قسەی تۆیش هەقە، دەسا ئەی پێغەمبەر لەلای خوا تکام بۆ بکە، هەرچەندە گوناهکار و ڕووڕەشم بەڵام بەتکای تۆ دڵخۆشم.

سەرچاوەکان

١– دیوانی دەستنووسی سەی بەها کە لە ساڵی ١٣٥٤ی کۆچیدا نووسراوە.
٢– مەنزوومەی کورد – بهادین شەمسی قورەیشی– بەغداد، ١٩٤٨.
٣– مێعراج نامەی حەزرەتی ڕەسوول – بەهاء شەمسی قورەیشی– سنە، ١٣٤٠.
٤– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەبەها.

## میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی

١٢٩٣– ١٣٦٩

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەبدولقادر و کوڕی حەمە یوسفی تەوێڵەییيە کە بەپێی ئەو بەڵگانەی کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٩٣ی کۆچی لە دێی تەوێڵەدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە سەردەمی منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن ماوەیەکیش چووەتە سنە و لە پاشا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەکاری کشتوکاڵ و خوێندنەوەی پەڕاوی بەکەڵک و هۆنینەوەی هۆنراو و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر، تا لە ساڵی ١٣٦٩ لە تەمەنی حەفتاو شەش ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

میرزا عەبدولقادر لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەی بەزاراوەی گۆرانی زۆرە، بەڵام بەداخەوە هۆنراوەکانی تا ئێستا کۆنەکراونەتەوە و لە لاپەڕەی بەیاز و کەشکۆڵەکاندا نووسراون.

لە ساڵی هەزار و سێ سەد و بیستی کۆچی بەفرێکی زۆر باریوە و ئەویش هەر لە سەرەتاوە ئامۆژگاریی خەڵکی کردووە و بەخەڵکی ڕاگەیاندووە کە ساڵێکی تووش دەبێ و ئازووخە بۆ زستان کۆکەنەوە و نەوەک لێیان ببڕێ، وەکو دەڵێ:

تاریخ جە هەزار سێسەد، بیست بۆ
تاریخی ئەمساڵ جەلات مەعلووم بۆ

هەرکـەس مـاڵدارەن با رزقش جـەم بۆ
نەکـای جـە وەفـار ئەوزاعش کـەم بۆ
رۆغـــەن و گـــەنم، برنجی شــــاران
ئامـــادە کـــەردێ بێ حـــەد و پایان
بێ دەوڵـەت دوودەست بدەوە ســـــەردا
پەلاســــێــــو قـــایم بکە وە بەردا
بـی بەتـۆز و گـــــەرد بەرووی هـەواوە
شـی پەرێ (شـــاهۆ) جـــە پشت پاوە
پایتـەختش بۆ وست ئۆ (پەشت و ناو)ی
هاو راش کـیـاست پەی (سـەڵوەکـاو)ی
سـا کـە ئێد ئەژنی (دووختـان وخـانی)
وات: (هـاڵـێ) ورا حـــــــاڵـم بـزانـێ
(خـۆر خـۆرە)ی چڕیش (هانە شـیروانی)
پەی (قـوولۆدمـەی) خـەبەر کـیـانی
خـــەبەر کـیـــانی پەی (مـڵـــەوەردی)
(وەڵەوە زانا) با خـــــەبەر کــــــەردی
واچە (زمناکـۆ)ی سـاکن بۆ پەی وێش
خـــــەبەر بدۆنە بەهامـــســـــایی وێش
(کـریلە) عـاجـز (مـاکـۆ)ە ن بێ دەنگ
بەرزیی (داڵەهۆ) عـــاجـــزەن بێ ڕەنگ
مـوختـەسـەر وارا تا بیـست سـەفـەر
عـــــاڵەم جـــــە یانە نمەشـی وە بەر
بەزازان عـــاجـــز جـــۆلایان مـــاتڵ
کەوش دروان یەکسەر گشت بیەن خەجڵ
چوار پینەی کـەوش فـەقـیـران دڕیان
هەلاجـان بێ کـەیف ژێ کـەمـان بڕیان
دووکـــــەڵ یانە کـــارێوش کــــەردەن
پـەنا بەئـەهـل جـــــــەهـەنـەم بـەردەن



زیقـەتێـو ئۆنا و وەحـشـیـان کـەوتەن
سەگان جەحەیبەت گورگان نەسرەوتەن

مـیـرزا عـەبدولقـادر گـەلێ هۆنراوی بووە بـەڵام بەداخـەوە لەبەرئەوەی کـۆنەکـراوەتەوە لەناوچوون.

سەرچاوەکان
١- بەیازێکی کۆن کە لە ساڵی ١٣٢٠ی کۆچیدا نووسراوە.
٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمیرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی.

## کاکە حەمەی ناری

١٢٩٤- ١٣٦٤

ئەم هۆنەرە پایە بـەرزە کە ناوی کاکە حـەمـە و کوڕی مـەلا ئەحـمـەد و نازناوی (ناری)یە، بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەستماندایە لە ساڵی ١٢٩٤ی کۆچی لە دێی (کیگن) ی مەریوان لە دایک بـووە و لە منداڵی لەلای باوکی دەســتی کـردووەتە خـوێندن و قـورئان و ڕێزمـانی عـەرەبی و پەڕتووکە وردەکانی خوێندووە و ئەوسا بەفەقێیەتی بەمەڵبەندەکانی مـەریواندا گەڕاوە و لەوێوە چووەتە سنە و پاشان گەڕاوەتەوە مـەریوان و لە پاشا بۆ خوێندن بەزۆربەی شـارەکانی کوردسـتـان گەڕاوە و سـەرئەنجام لە تەمـەنی بیست و سێ سـاڵیدا لە ڕەواندز لەلای مـەلا ئەسـعـەدی خەیلانی ودمـی مەلایەتـیی وەرگرتووە و گـەڕاوەتەوە زێدەکـەی خـۆی و ئیتر لەوێدا دامەزراوە و ژنی هێناوە و پاشان ڕۆیشتووەتە دێی بیلو لەوێدا بووەتە مامۆستا و پاشـماوەی ژیانی بەوانە وتنـەوە و هـۆنراو هـۆنینەوە و ڕێنمـوونیی خـەڵک بردووەتە سـەر تا لە ساڵی ١٣٦٤ لە تەمـەنی حەفتا سـاڵیدا لە جیـهان ماڵئاواییی خـواستووە و لە گۆڕسـتـانی دێی بیلوودا نێژراوە.

کاکە حـەمـەی ناری بەیەکێ لە هـۆنـەرانی هـەرەبەرزی کورد دێتـە ئەژمار کە هـۆنراوەکانی زۆر شـیـرین و دڵگر و پاراون. ناری وەکو دەڵێن لە زانسـتی ڕەوانبـێـژیدا دەسـتـێکی باڵای هـەبووە و گـەلێ ودمی بەفـەقـێـیـان داوە، وە لەگـەڵ هـۆنەرانی سـەردەمی خـۆیدا ڕاز و نیـازی هـەبووە. بەتایبەت لەگەڵ تایەربەگی جاف بەیەکەوە هۆنراویان هۆنیوەتەوە.

دیمەنی جـوان ڕازاوە و خـواکردی کـوردسـتـان و، لووتکەی بـەرزی کێـوەکان و خـوڕە و هاژەی ئاوی چەم و ڕووبارەکان، شنە و سروەی بای شەماڵ، وە تروسکەی ئەستێرەکان و جـووکـە و چریکەی باڵندەکـان هـەمـووی ئەمـانە کـاریان کـردە سـەر نـاری و کـورتژمی

هۆنراویان پێ بەخشی و ئیتر کەوتە هۆنراو هۆنینەوە.

مامۆستا ناری یەکێکە لەو هۆنەرە کوردانەی کە بەشێوەی کۆن هۆنراوی هۆنیوەتەوە، وە هۆنراوەکانی دەکرێتە سێ بەشەوە:

دڵداری، ئاینی، پیاهەڵدان، وە بەشی زۆری هۆنراوەکانی پوخت و ڕەوان و شیرینن، وە لە ڕێی وێژەوە ڕاژەیەکی زۆری بەزمانی کوردی کردووە. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ناری کە بەشێوەی کلاسیک هۆنیویەتەوە:

مودەتێکە من گرفتارم بەدەس سەوداتەوە
بووم بەداوی چینی زوڵف و پەرچەمی تاتاتەوە
مەنعی قولابی موژەی ناکەم لە ڕاکێشانی دڵ
بۆ ئەسیری چاوی مەستی پڕخەوی ئەیباتەوە
وا سەرم دانا بەعەزمی بەردە بازی ڕێگەکەت
مەرهەمی دەردی سەری من وا بەگەردی پاتەوە
گەر دەپرسی حاڵی پەروانەی دڵم دووربێ لە ڕووت
وا لە سۆزشدا لە سایەی شەوچرای گۆناتەوە
چاوی خوێنخواری بەخوێنم فێرە وەک لێوی بەمەی
لێی گەڕێن ئێوە و خودا ئەو شۆخە با بیخواتەوە
شاهی چاوت موڵکی سەبرو تاقەتی بردم بەزۆر
مەسحەفی ڕووی تۆ بەگڕیا چێ ئەگەر نەمداتەوە
مێشی خاڵت نافرێ بەس باوەشێنی کە بەناز
چونکە پابەندە بەشەهدی ڕوومەتی زیباتەوە
شین و واوەیلایە ئاساری قیامەت هەڵدەسێ
گوڵ بەدەن ئەمرۆ بەرەو مەشریق ئەگەر لاکاتەوە
لەب شەکەر فەرموو بەزوڵفت باوەشێنی بانەکات
مێشی ڕۆحم گەر بنیشێتۆ بەقەندی چاتەوە
خەتی دەرسی عیشقی (ناری) وەک ڕقوومی خاڵەکەت
وا بەلەوحی گەردنی بێ گەردی وەک میناتەوە

ناری لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداریدا زۆر بەدەسەڵات بووە و هۆنراوەکانی گەلێ سوارن و زۆر حەزی لە هۆنراوەکانی نالی و مەولەوی و حافز و سەعدی کردووە، وە لە هەموو



پارچە هەڵبەستەکانیان چەند هۆنراوێکی وای تیایە کە وێنەیەکی جوانی شێوەی وێژەی کوردییە و کەمتر هۆنەرێک توانیویەتی بەو چەشنە هۆنراو بهۆنێتەوە. وەکو لەم پارچە هەڵبەستەیدا کە دەڵێ:

بەیادت کەوتە سۆزش غونچە دەم، وا قەلبی بیمارم
لە هیجرت هاتە سۆ دیسان برینی پار و پێرارم
هەموو نەشئەی زستانی فیراقە سەرسەری ئاهم
نیشانەی پایزی هیجرانە زەردیی پەلکی ڕوخسارم
بەشوعلەی ناری پڕ تەئسیری عاشق سۆزی دووریی تۆ
وەکو پەروانە سووتاوە، دڵەی غەمگین و غەمبارم
بەڵێ عیلەت بەسیحری نێرگسی مەخمووری فیتنەت بوو
کەوا من سەرزەدەی تانەی ڕەقیب و یار و ئەغیارم
بەشەوقی دەبدەبەی سوڵتانی حوسنی ماهی ڕوخسارت
بەگەردوون ئاشنایە زەمزەمەی سەمتووری هاوارم
وەکوو حوسنت لە عالەمدا، قسەی من فاش و مەشهوورە
عەزیزم تازەمەخفی کەم ئەمن تۆماری ئەسرارم؟
تەماشا چەندە خۆش تەعلیمە، ئەی شیرینی بێ هەمتا
لە کێوی بێستوونی وەسفی تۆ، گوڵگوونی گوفتارم
لە موڵکی عاشقیدا، خەسرەوێکی شۆخە دڵ، ناریێ
گەواهی عیشقە، جۆش و شۆڕشی شیرینی ئەشعارم
بەچاوی کەم لە (ناری) چاوەکەم مەڕوانە، بڕوانە
لە گۆشەی مەدرەسەی عیشقت، چ شاگردێکی هۆشیارم

ناری لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداریدا گەرچی لاسایی هۆنەرەکانی پێشووی کردووە، بەڵام لەلایەن شێوەوە گەلێ شتی تازەی داهێناوە. هەروەها لە پارچە هەڵبەستێکیدا لەگەڵ دڵخوازەکەیدا دەکەوێتە گلە و گازاندە و پێی دەڵێ: ئەم دڵە زویر و خەفەتبارەم لەبەر ڕوومەتی گەش و جوانت خەوی نییە و ناتوانم سەرکۆنەشی بکەم، چونکە کێشکچییە و کێشکچیش نابێ بنوێ. با لە زمانی خۆیەوە ببیسین کە دەڵێ:

چاوەکەم من بۆیە دایم کار و پیشەم زارییە
حاکمی چاوت لەگەڵ من مایلی غەدارییە

شۆڕش وناڵینی کەس بێ وەجە و بێ عیلەت نییە
ئاهی من فەریادی بوڵبوڵ ئیشی بێ غەمخوارییە
من هەر ئەو ڕۆژە دەسم شۆری لە ڕۆحی خۆم کە دیم
حەزرەتی خونخواری ئەبرۆت مەشرەبی خونخوارییە
گەر دەپرسی بۆچی بێ نەشئەو مەلوول و عاجزی
ڕوومەتی زەردم عەزیزم شاهیدی بێ یارییە
کەم بەخەندە بێ بەلامۆ، حەیفە تانەم لێ مەدە
لێم گەڕێ تووبی و خودا، ئەمجارە دەردم کارییە
دڵ لە شامی پەرچەمی ڕووتا بەدایم بێ خەوە
چونکە کێشکچی بەشەودا عادەتی بێدارییە
حیکمەتی پڕ مەسئەلەی کوڵمت لە بۆ کێ حەل دەبێ
هەر سەحیفە سەد ئیشارە و ڕەمزی تێدا جارییە
خاڵی ڕوخسارت هیدایەت بەخشە، شەرحی زوڵفەکەت
قازی ئاسا حاشیەی ئەگریجەکانت لارییە
ڕوومەت وەکو ئاتەش، موژەت وەک شیشە ئەبرۆت قیمەکێش
مێروەحەت زوڵف و کەبابت جەرگی پارەی (ناری)یە

ناری لەم پارچە هەڵبەستەدا دیاردی کردووەتە (قازی) و (هیدایەت) و (لاری) کە قازی ناوی پەڕتووکێکی فەلسەفییە و (هیدایەت)یش ناوەڕۆکی ئەو پەڕاوەیە و (لاری)یش پەراوێزێکە بەسەر پەڕاوەکەوە نووسراوە و دەڵێ: خاڵی ڕوومەتت ناوەڕۆکی پەڕتووکی قازییە و دەبێ لێک بدرێتەوە و ڕاڤەی بکرێ، وە ئەو خاڵە ناوەڕۆکێکە وەکو (هیدایەت)، وە بڵاوبوونەوەی زوڵفەکانیشت ڕاڤەیە لەسەر خاڵی ڕوومەتت، وە ئەگریجەکانیشت وەکو پەراوێزی لاری وان بەدەوری خاڵی ڕوومەتتەوەیە. لە دوایین هۆنراوی پارچە هەڵبەستەکەیدا وێچوواندنێکی جوانی هێناوە بەجۆرێ کە:

ڕوومەتی یارەکەی بەئاگر و برژانگی بەشووشە و زوڵفی بەباوەشێن چواندووە.

هۆنراوەکانی ناری بەتەواوی پڕن لە جوانی و پاراوی و پیشەی وێژە و، وێنەیەکی بەنرخ و بابیداری هۆنراوی کلاسیکی کوردین، ئەو وێچوواندنە جوانانەی کە ئەو لە هۆنراوەکانیدا بەکاری بردوون لەلایەنی وێژەییەوە زۆر جوان و شیرینن، وەکو ئەم پارچە هەڵبەستەی کە دەڵێ:



هەتا غونچەی گوڵی دڵ بێ لە لالەی نەوبەهارم چی
لەگەڵ شمشادی باڵاکەی، لە سەروی جۆیبارم چی
کە یارێ دەس بدا بۆ من لەسەر سینەی بەجووتێ بەی
لە بازی و سەیری مۆرەی نەردی سەرتەختە و قومارم چی
ئەگەر بگرم لە دەس یەکدەم، ترنجی غەبغەبی کاڵی
لە لیمۆی زەرد و سێوی ئاڵ و نارنج و هەنارم چی
ئەبەد تەشبیهی ڕۆژ و شەو بەزوڵف و ڕوومەتی ناکەم
لە وەسفی دوو مونافی هەر وەکو لەیل و نەهارم چی
کە بۆ ماچی دەمی، وەک چاوی مەستی تۆبە دەشکێنم
غولامی تورکی مەخموورم لە شێخی. تۆبەکارم چی
بەشەرحی خاڵ و خەتی حیکمەتی ڕوخساری مەشغووڵم
لە سیری حاشیەی زوڵفی سیاهی تارومارم چی
بەقانوونی غولامی گەر قبووڵم کا لە دەرگادا
لە چەتری عەیش و تەختی ناز و تاجی ئیعتبارم چی
گریبانی سەبووریی پارە کردم تیری موژگانی
دەبا من ڕوو لە سەحرا کەم لە ئارام و قەرارم چی
لە خۆفی چاوی مورغی دڵ لەسەر شەهدی لەبی لاچوو
کە یەعنی من لە زەخم و حەملەیی بازی شکارم چی
خیانەت تا ئەبەد (ناری) بەتەحریکی موژەی ناکەم
لە بەند و کۆت و زنجیری فەلاقەی سەختی یارم چی

ناری لە هۆنینەوەی هۆنراوی ئاینی و خواناسیشدا دەستێکی زۆر بەرز و باڵای بووە، بەپێی بیروڕای ناری خوای تاق و تەنیا نوێنگەی جیهان و سروشت و ئەوین و دڵی بنیادەمە و لە ڕاستەقینەدا ئەو لە هەموو جێ و شوێنێکدا لەگەڵ مرۆیە، پێغەمبەری گەورەی ئیسلامیش کە نێرراوی خوای مەزنە، مایەی ئەهوەنی دڵ و ئارامیی ئادەمیزادە، ئەو پێغەمبەرەی کە ئەگەر تیشکی بکەوێتە دڵ هەر کەسێک، بەجارێ شێت و شەیدا دەبێ، وە ئەگەر خاکی بەردەرگای بەسەریدا کا گەدا، هەردەم نەفرین لە تاجی قەیسەر و دارا دەکا و هەمووی لێ دەبینرێ. با لە زمانی خۆیەوە ببیسین کە دەڵێ:

سوورەتی یاسین کە وەسفی حەزرەتی لەولا ئەکا
ئەهلی دڵ مایل بەجیلوەی سوورەتی تاها ئەکا

خـاکی بەر دەرگـاهی قـەسـری گـەر بەسـەرداکـا گـەدا
هەر نـەفـەس نەفـرەت لە تـاجی قـەیسـەر و دارا ئـەکـا
ئاسـمـان وەک مـوشـتـەری هەردەم بەمـیـزانی وەفـا
کـەسـبی هەر شـامێ بـەیادی دەوڵەتی ئەسـرا ئـەکـا
گـەر تەسـەور کـا مـەسـیحی تەختی عـەرشی ئەعـزەمی
تـا ئەبەد تەرکی بەیانی ڕەفـعـەتی عـیـسـا ئـەکـا
نووری عیشـقی کـەوتـە سـەر تووری دڵی مووسـا مـەگـەر
وا لەسـەر سـینەی بەشـەوقی دڵ یەدی بەیزا ئـەکـا
بۆ خـەلیـلان گـەر نەسـیـمی گـوڵشـەنی لوتفت ببێ
نـاری نمروودی بـەسـەحنەی جـەنەتو لـەئوا ئەکـا
تاقی کـیسـرا بـۆ بەبەرقی نووری حـوسنی شـەق نەبێ
سـەیلی حـوکـمی ناری فـارس زایـل و ڕیسـوا ئـەکـا
ئـەی حـەبیـبی خـالقی عـالەم، لە ئادەم تا بەتۆ
ئـەنبـیـا یـەک یـەک بەیانی حـەزرەتی والا ئـەکـا
نەرگسی مـەستی سـیاهت عـەینی (مـازاغ البـصـر)
شـەمعی بێ سـایەی وجـوودت شـەرحی (کرمنا) ئەکا
ئادەمی خـاکی بەسـەر زومـرەی مـەلەک دا بێ گـومـان
تۆی سـەبەب نازش بـەڕوتبـەی (علم الاسـمـا) ئـەکـا
کـاشـفی (واللیل)ی تورەی پـەرچەمی شـەبرەنگی تۆ
ئافـتـابی تـەلعـەتت تـەفـسـیـری (والضـحی) ئەکـا
ئایەتی مـیـعـراجی پایەی قـابە قـەوسـەینت عـەجـەب
وەسـفی ئیـعـزازت لە تەخـتی نازی (او ادنی) ئەکـا
عـەکسی ئەلفی قـامـەتی ئەبرۆتە گـەر (نون والقلم)
سـدقی مـەوزوونی کـەلامت کـەشـفی (مـااوحی) ئەکا
با وجـوودی پڕتەوی مـێـهـری جـەمـاڵی ئەنوەرت
کێ خـەیاڵی زیبی قـەسـر و سـایـەیی توبا ئەکـا
سـەلسـەبیلی لوتفی تۆ بێ شک لە عەرسەی مـەحشـەرا
تشنـەلـەب، قـانع، لە بادە جـامی (اعطینا) ئەکـا



چی لە دەوڵەت کا، ئەسیری بەندی عیشقی ئەحمەدی
عیشقی مەحموودی بەعاشق کەسبی ئیستغنا ئەکا
(ناریا) وەسـفی جـەلالی حـەزرەتی (خـیـرالبـشـر)
کەی بەسەد دەفتەر هەتا مەحشەر بەشەر ئینشا ئەکا

ناری کە کەوتووەتە سەر ڕێ و ڕچەی خواناسەکان، زاراوی بادە و مەی و مەیخانە و ساز و نەی سەمتووری زۆر بەکاربردووە، وە لای وایە بۆ گەیشتن بەدەرگای خوا کە مەیخانەیە دەبێ مرۆ گەلێ ئەرک و ڕەنج و سەخڵەتی بکێشێ تا بەیاری ڕاستەقینەی خۆی بگا، کەسێک بکەوێتە ناو مەی پەرستی دەبێ خۆی لادا لە خۆپەرستی، لە پارچە هەڵبەستێکیدا یارەکەی دێنێتە یاد، بۆ ئەوەی دڵی خۆی بکا شاد و دەڵێ: هەموو هەستێکم لەلای تۆیە، چەندە خۆشبوو کە بەیەک بگەیشتنایە.

نەفەس سەمتوورە، سینەم ساز و دڵ نەی
حـیکایەتخـوانی دووریی تۆن پەیاپەی
بەزکـری تۆ وەکـو سـۆفی هـەمـیـشـە
مـەقـامـاتی فـەنا فی للا ئەکـەم تەی
چ شـیـرینە لەگـەڵ شـەهدی حـزووردا
لە تۆ خـەندە و لە من ئاوازی ئۆخـەی
ئەگـەر سـایەی سـەری تۆ بێ بەتاجم
چ مـوحـتـاجم بەتاج و ئەفسـەری کـەی
غـەزەل قـەت نابڕێ هەرگـیـز بەباڵات
ئەزانم بۆ کـە وا مـایل بەتاقـەی
لە مـەیخـانەی خـەیاڵی شـەوقی تۆدا
بەنەشئـەی یادی تۆ دڵ مەستە بێ مەی
لە عـەکـسی بادە سـاقی وا لە مـەیدا
قـەدەح فنجـانە ئازا تێکە سـادەی
لە وشـکی دا نـەمـامی باخی نـەزمم
بەپووشی ڕیشی سـۆفی بوو شکۆفـەی
بەسـەرچوو دوور لە تۆ باغی خـەیاڵات
نەبوونی مـا، نە بۆنی مـا، نە غـونچـەی

ناری شەش بەندێکی هەیە کە لەوەدا بەناوی سۆزی ئاینەوە باسی نیشتمان ئەکا و لە بەندی یەکەمدا دەڵێ: ئەی خاکی نیشتمان بۆچی شێوەی پارت پێوە نەماوە، لەبەرچی ڕۆژت وەکو شەوەزەنگی لێ هاتووە و تاریکە، بۆ باسی دەفتەری فەرمانی خوایی لەناوتا نەماوە؟، بۆ یادی خوا کەمتر لە ناوتا دەکرێ و بۆ دڵخوازی پارێزگاریت لێ بێزار بووە؟ لەبەرچی هەوا و هەوەس کاری لێت کردووە، دە ئیتر چۆن شیوەنت نەکەم و چۆن دڵم لەت لەت نەبێ لە داخا:

ئەی خاکی وەتەن بۆچی نەما شێوەیی پارت،
بۆ بوو بەشەوی زوڵمەت و تاریکە نەهارت؟
بۆ باسی نەما دەفتەری ئەحلامی ئیلاهی،
بۆ یادی خودا وا لە گوریزا لە کەنارت؟
بۆ عاجز و بێزاری لە مەعشووقەیی تەقوا؟
بۆ پیرەژنی کۆنە هەوا بوو بوو بەیارت؟
وەک بازی جەفاکاری ستەم پیشەیی نمروود
بۆ تەیری سەفا، مورغی جەفا، بوو بەشکارت؟
سا بۆچی نەکەم شیوەنی گوڵ، سیسە لە باغا،
دڵ بۆچی نەکەم لەت لەت و سەد پارە لە داغا؟

دیوانی ناری بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی لەلایەن کتێب فرۆشیی سەیدیانەوە لە مەهاباد لە چاپ دراوە، وە لەم چاپەدا گەلێ هۆنراوی نارێک و ناشیرین خراوەتە سەر هۆنراوەکانی و بەناوی ئەوەوە چاپ کراون، و لە ساڵی ١٩٨٤ هۆنراوەکانی ناری بەچەشنێکی جوان لەلایەن کاکەی فەلاحەوە کۆکراونەتەوە و لە چاپ دراون.

سەرچاوەکان
١- دیوانی ناری – لەسەر ئەرکی سەیدیان– مەهاباد، ١٣٥٥.
٢- دیوانی ناری – لەسەر ئەرکی کاکە فەللاح– سلێمانی، ١٩٨٤.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەناری.



## میرزا حەسەنی سەیفولقوزات

١٢٩٧- ١٣٦٤

ئەم هۆنەرەمان کە لە سەدەی سێزدەم و چواردەی کۆچیدا ژیاوە، ناوی حەسەن و کوڕی میرزا قاسمی قازییە کە بەپێی ئەو بەڵگانەی وا کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٩٧ی کۆچی لە شاری سابڵاخدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێگەیشتووە و سەرەتا لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و پەڕاوە وردەڵەکانی فارسی و قورئانی پیرۆز و ڕێزمانی عەرەبی لەلای ئەو تەواو کردووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و ئەوسا چووەتە شاری سلێمانی و ماوەیەک لەوێدا فەقهی ئیسلامیی خوێندووە و سەرێکیشی لە بیارە داوە و لە پاشا بۆ خوێندن زۆربەی ناوچەکانی موکریان گەڕاوە و ماوەیەک لە عەنبار لەلای شەفێع بووە و ماوەیەکی زۆریش لەلای مەلا حەسەنی قزڵجی و مەلا ساڵحی سەدراباتی لە بۆکان بووە و پاشان لە دێی سلێمان کەندی خوێندنەکەی تەواوکردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لەوێدا ژنی هێناوە و ئەوسا خەریکی وانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بووە و پاش ئەوە ڕۆیشتووەتە دێی گوێگجەلی لە دەوروبەری میاندواو لەوێدا پاشماوەی تەمەنی بەڕێنوێنیی خەڵک و داوەری و وانە وتنەوە و هۆنینەوەی هۆنراو بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٦٤ی کۆچی لە تەمەنی شەست و حەوت ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

سەیف پیاوێکی شۆخوشەنگ و قسەخۆش و ڕۆشنبیر بووە و لە لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام و پیتۆڵی و ڕاڤەی هۆنراو و وێژەدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی خۆی بەکشتوکاڵ و ئاژەڵداری بردووەتە سەر و هەموو دەم دیواخانەکەی پڕ بووە لە پیاوانی قسەخۆش و هونەرمەند و هۆنەر و وێژەوان و ئەنجومەنی وێژەییی پێک هێناوە، هەروەها زۆر خۆشی لە مێوان هاتووە و هەموودەم ماڵەکەی پڕبووە لە مێوان، وەکو دەڵێن هیچ کات لە کەس زیز نەبووە و دڵی کەسی نەڕەنجاندووە.

سەیف یەکێکە لە هۆنەرە هەرەبەرزەکانی کوردی دەوری خۆی و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و دڵگرن و بەوشەی جوان و ساکاری کوردی ڕازاونەتەوە و حەزی کردووە کە کەمتر وشەی بێگانە لە هۆنراوەکانیدا بەکارببا بۆ ئەوەی هەموو چینێک لێی تێ بگەن.

سەیف وا دیارە وەکو زۆربەی هۆنەرانی تری کورد سەرەتا شەیدای دیمەن و چاوەندازی ماهـ و کەژ و دەشت و لووتکەکانی زێد و مەڵبەندەکەی خۆی بووە و لە پاڵ ئەمیشەوە جوانی

شۆخی و شەنگی خۆشەویستەکەی ئاوری ئەو هیوایەی خۆش کردووە بۆیە هەر لە سەرەتاوە نالاندوویە و گریاوە و فرمێسکی ڕشتووە تا یارەکەی لایەکی لێ بکاتەوە بۆ ئەوە دڵی نەختێ داساکێ و ئەهوەن بێتەوە، وەکو خۆی دەڵێ:

دەبا ساتێکی ساکن بێ لە ناڵین قەلبی خوێنبارم
دەبا تاوێکی فارغ بێ لە گریان چاوی غەمبارم
هەتا کەی غەرقی سێڵاوی سرشک و ئەشکی خوێنین بم
دەبا جارێک بەگۆشەی چاوی مەیلێکی بکا یارم
دەرمکەی گەر لەلای خۆت یا جوێنم پێ بدەی ناچم
بەزنجیری دوو گێسووت چونکە پابەند و گرفتارم
بەنای ناڵە و بەسینە چەنگ وتاری غەم موهەیابووم
بڵێن بۆ سەیری ئەو بەزمە، دەمێک با وابێ دڵدارم
نییە تەئسیری وەعزت واعز، دەس هەڵگرە لێمان
عەیامێکە بەبادە چاوی مەستی مەست و خەممارم
شەتی ئەشکم هەتا کەی بێ مەگەر سەیحوون و جەیحوونە؟
بەچاوم گوت دەبا بەس بێ، گوتی جۆبار و ڕووبارم
لە تاوی زوڵفی چین چینت، ئەسیری چین و ماچینم
لە سایەی ڕۆژی ڕووت گا ڕۆژ پەرست، گا بەستە زونارم
ئەگەر چی حیکمەتە دەرسم، لە حەڵقەی دەرسی عیشقتدا
گەهێ دەرسم گوڵستانە، گەهێ مەشغووڵی تۆمارم
ترازا دوگمەکەی سینەت سپێدەی سوبح زاهێر بوو
لە یەک مەشریق دوو ڕۆژم دی، بەجارێ بەو شەوی تارم
هەناسەم، ئاهی سەردم، ئاسمانی شین و تاری گرت
یەقین گوێی ئاسمان کەڕبوو لەبەر ئەفغان و هاوارم
(حەسەن) چەن خۆشە ناڵینت ئەگەر یار بێتە باڵینت
بەشەرتێک بێیتە سەر قەبرم بەمردن زۆر منەتبارم

سەیف لەم هۆنراوانەدا سکاڵای دڵی خۆی بەجۆرێ کردووە کە یارەکەی دڵی لێ نەڕەنجێ و لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە دەڵێ کە دڵی نەرم بێ و تەنانەت دەڵێ ئەگەر لە گیانەڵادا بێیتە سەرینم، پێم خۆشە، وە یا لە دوای مردندا بێیتە سەر گۆڕەکەم هەر منەتبارتم.



سەیف لەناو هۆنەرانی کوردا پتر حەزی لە هۆنراوەکانی نالی و کوردی و حاجی قادری کۆیی کردووە و دەتوانین بڵێین کە کورتژمی هۆنراوە دڵدارییەکان و نیشتمانییەکانی لەو هۆنەرانە وەرگرتووە، بەتایبەت هۆنراوەکانی نالی گەشەی داوەتە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداری و هۆنراوەکانی حاجی قادریش هەستی نەتەوایەتیی ئەویان بزواندووە و، جێی شک و گومان نییە کە توانای هۆنەریەتیی ئەو لەوانە بووە کە پێویستی بەلاساییکردنەوەی هیچ هۆنەرێک نەبووە و ئەمڕۆ دەتوانین شانازی بەهۆنراوەکانی ئەوەوە بکەین.

سەیف لە پارچە هەڵبەستێکی تردا خۆی سەبارەت بەدڵدارەکەی دەردەبڕێ و لێرەدا ویستوویەتی ئەوینی دڵداری لە ئەوینی ڕاستەقینە جیا بکاتەوە و سنوور بخاتە نێوانیانەوە، هەر چەندە هەندێ لە هۆنەرانی تری کورد وەکو مەولەوی و سەیدی بێسارانییش ئەم کارەیان کردووە. سەیف بەدڵدارەکەی دەڵێ: ئەو زۆر و ستەمە بۆچی بەناهەق لە ئێمە دەکەی، خۆ من جگە خۆشەویستی و ئەوینی تۆ سووچ و گوناهێکم نییە، سەرم لە مەیدانی ئەوینت بووەتە گۆ و دەسا گەمەو یاریی پێ بکە و شەقی لێ بدە و زوڵفەکانت ئازار مەدە، جوانی و شۆخوشەنگیی تۆ، تۆبە بەگراو و سەوداسەر دەشکێنێ و بەتای زوڵفەکانت دڵم وەکو هارووت و مارووت لە چاڵی تینیت هەڵواسراوە، هاتم سەیری گوڵستانی ڕوومەتت بکەم، دیم کە وەکو گوڵزاری ئیرەم جوانە، وەکو دەڵێ:

ئەو زوڵمە لەسەرچی کە دەکەی لێمە بەناحەق
هەر عیشقە گوناهم بووەتە باعیسی نەستەق
سەر گۆیە لە مەیدانی غەمت پێی بکە بازی
عەزیەت مەکە زوڵفت، بەشەقێ لێ بدە سەرشەق
قەوس و قەزەحە تاقی برۆت ئەوڕۆ بەوەسمە
بۆیە دڵەکەم لەت لەتە بەو خەنجەری ئەزرەق
خۆم خستەوە بەر پێت بەئومێدی سەری زوڵفت
دەخولێمەوە بەو ڕشتەیی گێسوو وەکو مەزرەق
دەڕژێنی بەپەک غەمزە، نیگات خوێنی سپایەک
دەشکێنی بەڕووی تۆبە شکەن، تاقی خەوەرنەق
بەو زوڵفی سەراژێری لەسەر چاهی زەنەخدان
ئاوێزە دڵم هەر وەکو هارووتە موعەلەق
هاتم بەخەیاڵ سەیری گوڵستانی ڕوخت کەم
گوڵزاری ئیرەم بوو، لە هەمووی جیلوە و ڕەونەق

بەو زوڵفی سەراپا وەکو ئاهوویی موقەیەد
یا شەهپەری تاووسە لە دووی کەبکی موتەوەق
تا بەختی ڕەشی بۆ (حەسەن)ە مایەیی دووری
ڕووی زەردی بەسووراوی سرشکی بووە ئەبلەق

هەروەها دەزانین گەلێ لە هۆنەرەکانمان برۆی خۆشەویستەکەیان چواندووەتە میحراب و کەوان و شمشێر و مانگی یەکشەوە، بەڵام سەیف برۆی یارەکەی چواندووەتە پەلکە زێڕینە و دیارە ڕەوشتێکی تازەی داوەتێ، وەیا ڕوومەتی دڵدارەکەی چواندووەتە گوڵزاری ئیرەم کە مەبەستی بەهەشتی شەدادە کە لە زاراوی هۆنەرانی فارسدا بەچەشنی باغی ئیرەم هاتووە.

سەیف گراوی سروشت و جوانی بووە و دیمەن و چاوەندازی ڕەنگاوڕەنگی کوردستان بەجارێ دڵی ئەویان بزواندووە، بۆیە گەلێ ستایشی سروشتە جوانەکەی موکریانی کردووە و پیایدا هەڵداوە کە چۆن بەدەستی کردگار نەخشاوە و جوانیی پێ بەخشاوە و چەکامەی (ساڵی قڕان)ی سەیف، شاکارێکی وێژەیییە کە هیچ هۆنەرێک تا ئێستا نەیتوانیوە بەو چەشنە باسی دیمەنە جوانەکەی کوردستان بکا و پیایا هەڵبڵێ ئەم چەکامەیە لە ساڵی ١٣١٢ی هەتاویدا هۆنیوەتەوە کە لەو ساڵەدا خەڵک تووشی بەهاری تووش بوون و ئەوەندە بەفر باریوە و هەوا سارد بووە کە زۆربەی وەرزێران و جووتیاران مەڕوماڵاتەکەیان قڕی تێ کەوتووە و بووەتە ڕێبەندان و بەفر و سەهۆڵ ڕێی بەکەس نەداوە و تەواوی ڕێگەکان گیراوە و خەڵک ژیانیان لە ئەوپەڕی سەخڵەتییەوە بردووەتە سەر. ئەم چەکامە لەگەڵ ئەوەی باسی سروشتی تێدا کراوە، کارەساتی ئەو دەمەشمان بۆ دەگێڕێتەوە، وەکو دەڵێ:

عەزیز ئارەزووت زۆری بۆ هێنام
فرمێسکم سووربوو زەردی ڕووی لێ نام
دیسان بەئاوری دووریت کەوتمە گیر
دنیام لێ ساردبوو، بوو بەزمهەریر
دنیا وا پڕبوو لە بەفر و سیخوار
فرمێسکی سوورم بەسپی هاتە خوار
تا ناهومێد بووم لە هاتنی زووت
جەرگم بۆ پۆلوو هەناسەم بزووت
هەوا بەحاڵم وەک کێوان دەگری
بەتەرزە و بەفر و باران و هەوری



عەرزیش لەبۆمن هێندی قورپێوا
بەهاری دەگەڵ زستان لێ شێوا
گیاوگۆڵی مێرگان بۆم سیس و زەردبوون
بۆشینی کێوان، کەوان هەم دەرد بوون
شینی بەهارە عاسمان هەر دەگری
هەوریش ناڵەناڵ ڕووی خۆی دەپچڕی
با لە کێو و دەشت خۆڵ وەسەر دەکا
گریانی کێوان بەحران پڕ دەکا
داری مێشە و باغ بەفر دای پۆشین
پاک دەڵێی مردوون کفنیان پۆشین
کەوی کوێستانان لە قاسپەکەوتن
بێ هۆش بوون یاخۆ خەویان لێ کەوتن
چیرە و جریوەی چۆرە و چۆلەکە
نایەو نەیانما هێلانە و هێلکە
لەگلەگ لەگەل کەوت نەما تەق تەقی
سێرووش لە سیرە و فیت و چەقچەقی
پاک پەشێمانن لە بۆ گەرمێنێ
بۆچ دەهاتنەوە عەمرو نەمێنێ

بەم هۆنراوە گەرم و بەتینانەدا چاک بۆمان دەردەکەوێ کە لەو ڕۆژەدا چ تۆف و هەوا و بەفر و سەهۆڵێک بووە کە شیناوەردی و گیا و گوڵی مێرگان کە تازە ڕوابوون سیس و زەرد بوون و کەوانیش بۆ شینیی کێوان کەوتوونەتە قاسپەی قاسپ و بەفر و تەرزە تەواوی دارەکانی بێشە و باخ و کێوی داپۆشیوە و زەوی وەک مردووی لێ هاتووە و کفنی سپی لەبەر کردووە، چۆلەکە و سێرو و لەگلەگ جووکە و جریوە و تەقەتەقیان نەماوە و لە هاتنی خۆیان بۆ چیاکانی کوردستان پەشیمان و پاشگەز بوونەتەوە. سەیف بەگێڕانەوەی ئەو کارەساتە درێژە ئەدا و دەڵێ:

قاز لە شەتاوان قارە لێ بڕا
دووڕنای چۆماوان زوڕنای لێ دڕا
لە درزی عەرزی هەوێردە دامان
بێهۆش بوونەوە و سڕبوون لە سەرمان

ویشک بوو دووپشک ئەو کوێری ناڕاست
مشک هەر کونی خۆی بەئاوات دەخواست
لە سەرمان سەریان کیسەڵ و ڕەقە
بردە بەر خۆیان بێ تەقە و ڕەقە
بۆق کە دەیقیڕاند دەوێی کردوە
کەریش زەڕینی لە بیر بردەوە
مار پاپۆکەی خوارد خۆی دەخۆڵ دەگرت
توێژی کۆن و نوێی دەبەر خۆی کرد
ڕێوی کەوڵی خۆی ئاوەژوو دەکرد
ژووشک کەوڵی مووی ئارەزوو دەکرد
لەبن بەردانمان هەر سەرمازەڵە
لە باغ و باغچان قەل و قشقەڵە
لاڵ بم نابیسم لە چیاو لە رازان
زیرەی هەڵۆیان چریکەی بازان
پووشی داپۆشی، داڵدەی پاک بڕی
کەروێشکیش ڕیشەی پاک کرد و بڕی
بەفری بێ وەعدە ڕەشانگی بڕی
ڕەشانگ و سپی پاکیان سەربڕی
سەربڕا گاشین پاش مانگا بۆڕە
لە باتی گاڕان ڕۆ ڕۆی گابۆرە
شین و گابۆڕە لە نێو ڕەعیەتی
بەباچ و ڕەنج و سەعی و ڕەحمەتی
ڕۆژ هەتا شەوێ گەورە و بچووکیان
خێزانی ماڵێ گەورە کچ، بووکیان
خەریکن لە باغ فریزوو دەردێنن
وەک شەونمی گوڵ ئارەق دەڕژێنن
ئارەق لە هەنیان بەڕێز بژمێرە
کێ دی لە ئاسمان بەڕۆژ ئەستێرە؟



لە دەوری سەریان دەسرۆکەی هەوری
وەک مانگی چاردە لە نێوان هەوری
کەوتە سەر پیلان چارەکەی نوێژی
کەشە هەوری کرد لە دەوری ڕۆژی
دەسماڵی ملیان پشتێندی شلیان
چنار و لاولاو چاوی بەکلیان
زوڵفیان لەسەرشان تێک چڕزان، پرژان
لەشکری چین و ژاپۆن تێک ڕژان
زوڵفان لە دوویان وەک ڕەشمار دەخشان
شەونین وەک شەوە بەڕۆژ دەدرەوشان
بەلەرزە دەچنە فریزوو چنین
گریانە کاریان لەجێی پێکەنین
بۆ چنینەوەی جوان کەڵەکەی دەکەن
وەک پۆلی کەوان کەچینەی دەکەن
پاچ و پێمەڕە و بێڵ لەسەر شاندا
وەک فەوجی حازر دەژێر فەرماندا
هێندە لاوازن مەڕ و مالاتیان
قوربانی ناکرێن، نادرێ زەکاتیان

سەیف بەگێڕانەوەی ئەم ڕووداوە کە سروشت پێکی هێناوە، بەسەرهاتی کوردەکانی ئەو سەردەمەشمان پیشان دەدا، تەنانەت زیزی و ئاڵۆزیی پەلەوەران و مەڕ و مالات و وڵساتیشی دەرخستووە و دەڵێ: قاز لە شەتاوەکان قاڕەیان بڕا و دوڕناش لە قیژە کەوت دووپشک لە سەرمادا وشک بوو و، مشک لە کونای خۆی دەرنەئەچوو و کیسەڵ و ڕەقە لە سەرمادا ڕەق بوون، بۆق قڕانی لەبیر چووەوە و کەریش زەڕینی لەبیر نەمابوو، مار بەدەوری خۆیا ئالابوو، وە ڕێوی و ژووشک لە کونەکەی خۆیان دەرنەدەچوون، ئیتر هەڵۆ و باز و قشقەڵە و داڵ ناینە چیا و ماهـ و ڕاز، خەڵک لە ترسا گا و مانگاکانیان سەربڕی، هەور ئاسمانی بەجارێ داپۆشی و جیهان تاریک بوو بەجۆرێ کە تەوێڵ و هەنیەی یار وەکو ئەستێرە دەدرەوشایەوە، هۆنەر دیسان درێژە بەباسەکەی دەدا و دەڵێ:

گا لەبەر کزی هەڵناگرێ نیری
نە مەڕ ماستی ما، نە مانگا شیری

لۆک چەمبەرەی بوو، ماین مشمشە
گا گۆی ڕەپی گرت، گامێش خشخشە
کەڵ و گامێشیان بووونە چەکچەکی
وشتریان بەعەین، بێچووی لەگلەکی
لەبەر بێ هێزی، لە ترسی سەرما
پشتێندیان بەستن، هەمووی جل کرا
بزن و مەڕ ڕوو بوون وەک سووره ساقە
یەک دانوو دەیکوشت یەک بەلەباقە
نایە فیتەی شوان لەسەر شەوێنێ
مێگەلان چێشتان لەکوێ دەنوێنێ
کوان شەنگەبێری لە چیا و کوێستانان
شڵقەی مەشکەیان بەری بەیانان،
قۆڵیان هەڵدەکەن دەڵێی بلووره
سینگیان دەردەخەن پارچێک لە نووره
دەرزی بەرۆکیان کە دێن دەرێنن
ڕۆژ لە عاسمانڕا بۆ عەرزی دێنن
زوڵفان لا بەلا دەکەن بەلادا
ڕۆژ هەوری لەسەر خۆی وەلادا
قەدو بالایان وێنەی نەمامان
کێ دی نەمامان بگری شەمامان
کوا پیرۆت ئاغا سەرخێڵی کوردان
لە قووڵەسەییڕا بچێ بۆ کوێستان؟
لە کوێیە تاغی ئەو چادری جوانی
تیپ تیپ میوانی سەر سفرە و خوانی
کوێربم نابینم خێڵ بەرەو خواران
تەقڵە و ڕمبازی و هەوهەوی سواران
دێهاتی لێک دەی، چادر و هۆباتی
دەس ناکەوێ ڕۆن، بۆ چڵکەساتی



وە دەس ناکەوێ ماست بۆ هەوێنی
دۆی هەڵگریەوە یا بیکوڵێنی
پەنیر بۆ ئیکسیر، سیر ئاوی حەیات
وەکو ئەسکەندەر کەوتینە زوڵمات
شەماڵ و زریان دایم شەڕیانە
ئاغاوات شڕن، کرمانج قڕیانە
زستانی ئەوساڵ دیارە پێنج مانگە
مەڕ و کا و گیا بڕا لە دانگە
تەوێڵە و هۆڵ و هەیوان هەڵوەشان
پووش و ئالاش و قامیش دەرکشان
درا بەگاڕان وەک وێنجەی نوخشان
خرا بۆ مەڕی لە دانگە و حەوشان

هۆنەر لەپاش ئەوەی ئاڵۆزی و سەخڵەتیی ئەو ڕۆژانە دەخاتە پێش چاو، ئەوسا داخ و موخابن بۆ چەند شۆڕەسوارێکی کوردی ئەو دەورە وەکو: پیرۆت ئاغا و سەی سەمەد ئەخوا و دەڵێ: کوێربم کە ئێستا نابینم خێڵ بەرەو خوار بێتەوە و سوارەکان بەهەوهەو تەقڵە و ڕمبازی بەرەوماڵی ئەوان بڕۆن، کەچی ئێستاش هیچی دەست ناکەوێ و قڕ کەوتووەتە ناو خەڵک، وە دیارە زستانی ئەمساڵ بووەتە پێنج مانگ و سروشت گۆڕاوە. سەیف دیسان لەم بارەوە دەڵێ:

کرمانج دەوڵەتی پڕوپاتاڵ بوو
کۆچی دێ بەدێ بەمانگ و ساڵ بوو
ئەویش لە دەس چوو، هێندە کۆچ مەکەن
کاتێ سەرونوێ کەن، جووی زۆر بکەن
حاسڵی عومرو لە زۆر و کەمی
داتان بەگیا و کا، لە نێوان عەجەمی
ڕێی کاکێشانی وەک کەهکەشانە
قەتاری وشتر وەک ئەستێرانە
کای زەرد و ڕزیو بەلیرەی سووره
وێنجە ڕەش و سوور پێستی سەمووره

قیمەتی کایە وەک کارەبایە
بووەتە قووتی ڕووح وێنجەی سەحرایە

هۆنەر لەپاش گێڕانەوەی ئەم کارەساتانە داوا لە خەڵک ئەکا کە ئەهوەن و ئارام بن و خەریکی کارو تێکۆشان بن و ئەوسا دەڵێ: حەیفە کە نەتەوەیەک شەش هەزار ساڵ مێژووی هەبێ و سەرئەنجام ڕووت و ڕەجاڵ بێ و نۆکەری نامۆ و بێگانە بکا، دەسا دڵی دوژمنان خۆش مەکەن و خەریکی خوێندن بن، چونکە بەهۆی خوێندنەوە سەردەکەون، وەکو دەڵێ:

باغان دابێنن، داران بنێژن
نەجیب و ئەسڵن، کۆن و لە مێژن
حەیفە میللەتێک شەش هەزار ساڵ بێ
نۆکەری مالان ڕووت و ڕەجاڵ بێ
نۆکەری مالان شەرمە لە بۆمە
کۆلان هەڵگرین بەکۆمە کۆمە
چی دی دوژمنان بەخۆ خۆش مەکەن
بووز و کەپەنک بالاپۆش مەکەن
تاکەی لە دەرکان کز و بلاوین؟
بێ مەزن و گەورە و سەر بێ کلاوین؟
هەرکەس ئارەزووی مالانی هەبێ
وەجاغی کوێربێ منداڵی نەبێ
ئەو بەدبەختییە لە کورد ڕووی دا بوو
لەبەر نەخوێندن کۆزیان ساوابوو
واجبە خوێندن بۆ دنیا و دینێ
پێغەمبەر فەرمووی: بۆچوونی چینێ
بەکوتەو شانامان میللەت دەمێنن
بەمەزن و گەوران شان دەشەکێنن
دەردی دڵ دەکەم کورت و کرمانجی
(حەسەن) کرمانجە چی لە دیلمانجی؟

هۆنراوەکانی سەیف دەکرێنە سێ بەشەوە: دڵداری، کۆمەڵایەتی نیشتمانی لە بارەی کۆمەڵایەتی و نیشتمانیدا گەلێ هۆنراوی هۆنیونەتەوە و داوای لە خەڵک کردووە کە هەتا



دەتوانن بخوێنن و زانست فێرببن تا لە ژیار و شارستانییەت دوور نەکەونەوە لە پارچە هەڵبەستێکیدا ڕوو دەکاتە خەڵک و دەڵێ: کوردینە تاکەی ئێوە بەم جۆرە دەمێننەوە، ئەوا گەلانی جیهان بەهۆی زانستەوە بەدەریا و ئاسماندا دەکەونە ڕێ و دڵخۆشن، چونکە بۆ خۆیان تێ دەکۆشن، دەردی نەزانی و نەخوێندەواری لەلایەکە ناکۆکی و دووبەرەکی و ناتەبایی ئەوەندەی تر پشتی ئێوەی شکاندووەتەوە و، لەبەرئەوەی لەگەڵ یەکدا نەیارن و یەکیەتیتان نییە، دوژمن لەم ناتەباییتانە بەسوودی خۆی کەڵک وەردەگرێ، وەکو دەڵێ:

کوردینە تاکەی ئێمە لە کێوان میسالی دێو
دێین و دەچین و بۆ مە نەبێ قەت خودان و خێو؟
خەڵکی هەمووی لە باغ و لە شارانە کەیف خۆش
ئێمە بلاوە بێ سەرە ماوین لە دەشت و کێو
بۆ عاسمان دەڕۆن و لە بەحران دەکەن سەفەر
هەر عەرزە نیشتگاهی مە، سەنعاتە وەرد و شێو
ڕێی وانە کەهکەشان و ڕێی ئێمە بەردەلان
جێی وانە تەخت و بەخت و جێی ئێمە بەرد و چێو
فیکرێ لە حاڵی خۆکەن و بگرین بەحاڵی خۆ
هەر بێ سەری و عەداوەتی خۆتانە دێتە ڕێو
چون دوژمن دەگەڵ یەک و نیتانە یەکیەتی
ڕاتان دەدەن بەجارێ لە هەورازی بۆ نشێو
ژێردەستی و ئیتاعەتی بێگانە تا بەکەی؟
شەرمە لە بۆمە هێندە بژین بێ نیشان و نێو
مەغموونی هەر موعامەلە، حکوومی هەر کەسێک
شاهان بەمەحوی ئێمە دەبەستن گرێ و گرێو
کوانێ شێرە کوردەکان کە لەترسیان دەلەرزی عەرز
کێ بوو لە شامێ شابوو لە میسرێ بووبوو خدێو؟
تاکەی لە باغی خەڵکی بەزیزی و بەمل کەچی؟
خۆشە لە باغی عێلی چنینی هەنار و سێو
هەر میللەتێ لە لاوە، حەقی خۆی بەدەستەوە
کوردێ کە سەر هەڵێنێ، دەڵێن بووەتە سەربزێو

هەرچی دەبێ بڵابێ حەق هەر دەڵێ (حەسەن)
نیمە لە ڕێی وەتەن غەمی دەرکردن و جنێو

سەیف هۆنراوەکانی لە گەلێ جێ و شوێندا بڵاوبوونەتەوە و بۆیە بەتەواوی کۆنەکراوەتەوە، گوایە دیوانێکی نایابی بەخەتی خۆی هەبووە کە لەناوچووە، وەکو دەڵێن هەندێ لە هۆنراوەیانی کۆکراونەتەوە و بەناوی دیوانی سەیف لە ئەورووپادا لە چاپ دراوە سەیف وەکو هۆنەرێکی کورد بووە هەمان کاتدا لە هۆنینەوەی هۆنراوی فارسی و عەرەبیشدا دەستێکی باڵای هەبووە.

سەرچاوەکان
١– دیوانی سەیفولقوزاتی موکری کە ساڵی ١٣٥٨ی کۆچیدا نووسراوەتەوە.
٢– بەیازێکی کۆن کە لە ساڵی ١٣٦٢ی کۆچیدا نووسراوەتەوە.
٣– پارسی گویان کرد – تالیف: صدیق صفی زادە– تهران، ١٣٦٦.
٤– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەسەیفولقوزات.

## شێخ محەمەدی مەردووخ

١٢٩٧– ١٣٩٥

ئەم زانا هەرە بەرزەمان ناوی محەمەد و کوڕی شێخ عەبدولمۆئمین نازناوی جەماڵودین بەئایەتوڵڵای مەردووخ بەناوبانگە و بەیەکێ لە زانا هەرە گەورەکانی کورد دێتە ژمار. خۆی لە نامەیەکدا بۆ نووسەری نووسیوە و دەڵێ: لە شەوی بیست و حەوتەمی مانگی ڕەجەبی ساڵی ١٢٩٧ی کۆچی لە دایک بووم و لە تەمەنی حەوت ساڵیدا چوومەتە قوتابخانە و مامۆستاکەم ئەلف و بێ و خەتمی پێ فێرکردم. مامۆستاکەم لە ڕاهێناندا زۆر شارەزا بوو و، منیشی زۆر خۆش دەویست، وە لەجیاتی هۆنراوەی بێ هوودە و بێ کەڵک هۆنراوی عەرەبی بۆم دەنووسی و لە پاشا شیی دەکردنەوە و سەر مەشقی پێم دەدا و منیش لە ڕووی ئەو سەرمەشقەوە فێری ڕێزمانی عەرەبی و فارسی بووم، وە لەپاش مردنی باوکم خەریکی پێشنوێژی و بەڕێوەبردنی کاروباری خاو و خێزانم بووم، وە هەرچەندە ژیان تەنگی پێم هەڵچنیبوو، سەرەڕای ئەوەش خەریکی خوێندنەوەی پەڕاوی بەکەڵک بووم و بەهۆی خوێندنەوەی پەڕاوەوە لە زۆربەی زانستەکان شارەزاییم پەیدا کرد و لە تەمەنی چل ساڵیدا خەریکی نووسین و دانانی پەڕاو و نامیلکە بووم و کە تا ئێستا نزیکەی سەد و دوازدە پەڕتووک و نامیلکەم بەزمانی فارسی نووسیوە کە هەندێکی چاپ و بڵاوبووەتەوە.

مامۆستا مەردووخ زۆربەی ژیانی خۆی لە شاری سنەدا بردووەتە سەر و پتر خەریکی



ڕێنوێنیی خەڵک و وانە وتنەوە و نووسینی پەڕاو و نامیلکە بووە و سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٩٥ لە تەمەنی نەوەد و هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا مەردووخ بەیەکێ لە زانایانی هەرەبەرزی کورد دێتە ژمار، وە لە زۆربەی زانستەکاندا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە بەتایبەت لە فەقهی ئیسلامی و مێژوو و پیتۆڵی و بژیشکی و ڕێزمان و ژمارە و زمان پسپۆڕ بووە و گەلێ پەڕاوی بەکەڵک و سوودمەندی نووسیون وەک: (فەرهەنگی مەردووخ)، (مێژووی مەردووخ)، (بانگی یەکیەتی)، (سروەی ڕزگاری)، (فەقهی محەمەدی)، (ژماری محەمەدی)، (شەترەنج نامە) وە گەلێ پەڕاوی تر.

مامۆستا مەردووخ لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردی و فارسی عەرەبیشدا دەستێکی باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و بەرز و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم مامۆستا هەرەبەرزە لە ژێر سەردێڕی (گوڵ و بولبول) کە بەڕاستی نموونەیەکی بەرزە لە وێژەی کوردیدا:

یاران بەیدیوە سەیر گوڵزارەن
سەیر جەلال و سپای وەهارەن
پەپووی وەش هەواڵ وەش وەش مەوانۆ
مزگانیی ئامای وەهار میاونۆ
سارا و کەژ و کۆ فەرش مەخمەڵەن
بیسات شادی گوڵ و بوڵبوڵەن
دەشت و دەر یەکسەر زوموورد پۆشەن
گوڵاڵە ساقی، گوڵ بادە نۆشەن
ڕووی زەوین جەبۆی گوڵ و ریاحین
پڕ عەترەن وێنەی بەهەشت بەرین
بەهەشت بەرین سەحن گوڵزارەن
غیلمانش بێ شۆ، حوور بێ شمارەن
نم نم باران کەژ و کۆی تەڕ کەرد
زەمزەمەی بوڵبوڵ گوڵزارش کەڕ کەرد
باران وەهار ئاو حەیاتەن
مایەی زیندەگی خاک و نەواتەن
جەخاڵ خاڵ وەرب کۆساران نەخش بی
نەرووی تاژانا بەرەزا پەخش بی

یا خەسووی نەسیم بەنازانەوە
وەوڵەی گوڵانش باز ڕازانەوە
هەر لا مەوینی گوڵ و گوڵزارەن
شنەی نەسیمەن، شنۆی چنارەن
دەشت و دەر و کەژ گوڵ و ڕێحانەن
وەنەوشەو سۆسەن پڕ بیاوانەن
نەرگسیچ وادەی کامەرانیشەن
هەمیشە وەهار تاف جوانیشەن
وەنەوشە دیدەش بەکڵەڕەشتەن
سپیاو و ڕێحان تۆژاڵ وەشتەن
داران ئاوسەن ئاوان لەبەردا
جە شەرمشان دان سەرپۆش وەسەردا
هەوای کۆساران موشک و عەبیرەن
بوڵبوڵ ئەسیرەن، قومری زەنجیرەن
شۆڕ و هەنگامە کەفتەن کەژ و کۆ
هەوای جوانی ئاماوە وەسۆ
نەسیم چەمەن عەتر و گوڵاوەن
بوڵبوڵ خوەش بین حاڵش خراوەن
ئاین شەونم ئارەق سازییەن
شکۆفە سەرگەرم وەرەق بازییەن
جام گوڵاڵە پڕ جە شەراوەن
جە داخ دووری جەرگش کەواوەن
سارا و سەرزەوین پڕ جە گەوهەرەن
سەرتاپای گوڵان زەڕ و زێوەرەن
هەر لا گۆش مەدەی ئاواز و دەنگەن
قەهقەهەی ژەرەژ، قاژەی قوڵنگەن
شاخەی شەتاوەن، هاژەی وەفراوەن
شەقشەقەی لەق لەق، قیژەی قالاوەن



شریخەی ڕەعدەن، بریکەی بەرقەن
جەولانگای وەهار جە غەرب تا شەرقەن
چریکەی بوڵبوڵ زریکەی سارەن
سەدای پلیسرک جە سەقف و دارن
فیکەی گاوانی، جیکەی مەلیچک
لە کەڵک و پاسار، لە دار و بنچک
چ لە ئاودانی، چ لە وێرانە
بایەقوش مەبهووت پەپوو حەیرانە
سارا و دەرودەشت پڕ جە گیاندارەن
سەدای عەیش و نۆش جەهەر کەنارەن
سایەی هەر دارێ سەما و سوروورەن
دەنگ چەقانە و ساز و سەمتوورەن
بێخ هەر هەردێ ساز و ئاوازەن
یام ماچ و مۆچەن، یام خەمزە و نازەن
هەرای دەبرییەن هۆرەی هەردییەن
زەمزەمەی نازاز پەی ڕەنگ زەردییەن
قومری غەزەڵخوان ، ژەرەژ ڕامشگەر
گاوانی خوەشخوان، پەپوو خونیاگەر
خونچە جە پەردە بەر ئاما وە ناز
تەکیەش دا نەڕووی گوڵ پەرێو نیاز
بوڵبوت بێ پەروا سەداش هەڵبڕی
گوڵ جە خەجالەت یەخەی وێش دڕی
تک تک شەونم نە ڕوخسارم گوڵ
مەتکیۆ چون خوەی بەدامان گڵ
دەریاچەی چەمەن جە دوور دیارەن
ئاینەی بالانمای نیگارەن
پەی شکار، دڵ بییەن وەکەمەن
زەنجیرەی چەمەن، هەوریشەی چیمەن

جە سەفای گوڵزار دڵ شیفتە مەبۆ
نەدڵێ سەد دڵ فریفتە مەبۆ
سارای دارا جاگەو ماوای یارانەن
وەنەوشە پابۆس جۆیبارانەن
با ئەم ئەحواڵە حاڵ من زارەن
جە دەور گەردوون دڵم بێزارەن

واتە: دەی یاران! وەرن ئەوا بەهارە و سەیری گوڵزارە و سەیری فەڕ و شکۆی لەشکری بەهارە، پەپووی خۆش هەواڵ دەخوێنێ و مزگێنی هاتنی بەهار دەدا و تەواوی دەشت و کێو بە شینایی داپۆشراوە و ڕایەخی شادیی گوڵ و بوڵبوڵە و دەشت و دەر یەکسەر زموروود پۆشە و گوڵاڵە مەیگێڕە و گوڵ بادەنۆشە ڕووی زەوی بەهۆی بۆنی گوڵانەوە وەکو بەهەشتی بەرین بۆنخۆش بووە، نم نمی باران کێوەکانی تەڕ کرد و زەمزەمەی بوڵبوڵ گوڵزاری کەڕ کرد بارانی بەهار ئاوی ژیانە و مایەی بژێوی خاک و ڕووەکە، لە خاڵ خاڵی بەفر، کوێستانەکان نەخش بوو، وە گوڵی بەڕەزا بەسەر بەردەکاندا بڵاوبووەوە، پاخەسووی شەماڵ بەنازەوە گوڵزاری دیسان ڕازاندەوە، سەرنجی هەر شوێن و جێگایەک دەدەی گوڵ و گوڵزارە و شنەی شەماڵە و شنۆی چنارە، دەشت و کەژ و کێو پڕ لە گوڵ و ڕێحانە و وەنەوشە و سۆسەن پڕ لە دەشت و بیاوانە، نێرگسیش وادەی کامەرانییە و هەمیشە بەهار تافی جوانییە، شۆر و هەنگامە و هەرا کەوتووەتە کەژ و کێو، هەوای جوانی و لاویەتی هاتەوە سۆ، سارا و سەرزەوی پڕ لە گەوهەرە سەرتاپای گوڵان زێڕ و زیوە، بەهەر کوێ گوێ دەدەی ئاواز و دەنگە، قاسپەی کەو و قاژەی قوڵینگەی، شاخەی شەتاو و هاژەی بەفراوە و برووسکەی هەورە برووسکەیە، فیکەی سێروو و جووکەی چۆلەکەیە، وە لە سێبەری هەر دارێکدا سەماو شادی و بەزمە، وە دەنگی چەقانە و ساز و سەمتوور دێتە گوێ، بوڵبوڵیش بەبێ پەروا دەنگی هەڵبڕی، وە گوڵ لە شەرمەزاریدا یەخەی خۆی دادڕی وە لە ناوچەوانی گوڵ دڵۆپ دڵۆپ شەونم دەهاتە خوار، وە چیمەن بەجارێ ڕازابووەوە، وە دڵێ هەزار دڵ سەرگەردانی ئەو بووە لەگەڵ ئەمانەشدا حاڵی من زارە و لە دەوری گەردوون دڵم بێزارە. دیوانەکەی مامۆستا مەردووخ کە داگری هۆنراوی کوردی و فارسی و عەرەبییە بەخەتی خۆی نووسراوە و کۆکراوەتەوە، بەڵام هێشتا لە چاپ نەدراوە.

سەرچاوەکان

١- دیوانی مەردووخ، کە بەخەتی خۆی نووسراوە.
٢- گوڵ و بولبول کە لەگەڵ بەسەرهاتیدا خۆی بۆ نووسەری نووسیوە.



## عەبدوڵڵا بەگی هەورامانی

١٢٩٩- ١٣٦٤

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەبدوڵڵا و کوڕی حەمە شەفێع بەگ و لە بنەماڵەی بەگزادەکانی حەسەن سانی هەورامانی تەختە، وە بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٩٩ی کۆچی لە هەورامانی تەختدا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە.

هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا باوکی میرزای تایبەتی بۆ ڕاگرتووە و فێری خەت خۆشی و وێژەی فارسیی کردووە و پاشان ماوەیەکیش چووە بۆ سنە و لە حوجرەی فەقێیاندا فەقهی ئیسلامیی خوێندووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە ساڵی ١٣٥٠ی کۆچی لە تەمەنی پەنجا و یەک ساڵیدا بەفەرمانی ڕەزا شای ملهوڕ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی تری لەبەر تاوانی ئازادیخوازی گیراوە و لە بەندیخانەی شاری ئەسفەهاندا بۆ ماوەی دە ساڵ بەند کراوە و لە پاشا کە لە بەند ئازاد کراوە، پاشماوەی ژیانی بەپشوودان و خوێندنەوەی پەڕاو و هۆنینەوەی هۆنراو و وریاکردنەوەی خەڵک بردووەتە سەر، تا لە ساڵی ١٣٦٤ لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵیدا بەدەستی نەسەقچیانی ڕژێمی پاشایەتییەوە کوژراوە و تەرمەکەشی لە هەورامانی تەختدا نێژراوە.

عەبدوڵڵا بەگ بەیەکێ لە هۆنەرانی ئازادیخوازی کورد دێتە ژمار، وە لەبەرئەوەی کۆت و پچڕی و دیلی و بەدبەختی و کەنەفتی کوردەواری و ستەمی کاربەدەستانی ستەمکاری پادشایەتیی دیوە، خۆی پێ ڕانەگیراوە و لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵانیدا لە بەرابەری ئەو ڕژێمە ستەمکارەدا ڕاپەڕیوە و ماوەیێ بەشەڕ هاتووە و شۆڕشێکی گەورەی لە هەوراماندا پێک هێناوە، بەڵام لەبەرئەوەی سپای زۆرداری ڕەزاخان ڕژاوەتە هەورامان، لەپاش کوشت و کوشتارێکی زۆر و تاڵان و چەپاوکردنێکی فراوان ئەو و هاوەڵانی گیراون و بۆ ماوەی دە ساڵ بەند کراوە.

عەبدوڵڵا بەگ لەپاش ئازاد بوونیش ڕانەوەستاوە دیسانەوە لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا کەوتووەتە بەربەرەکانێ و لە پێناوی ئازادی و سەربەستیدا خەباتی کردووە و تا لە ساڵی ١٣٢٣ی هەتاویدا بەدەستی سپا دڕندەکەی حەمە ڕەزای ناپاکەوە کوژراوە و بەم جۆرە بەشۆڕشەکەی ئەو قارەمانە نەبەزە دواییيان هێناوە.

عەبدوڵڵا بەگ زۆربەی هۆنراوەکانی لە بەندیخانەی ئەسفەهاندا هۆنیوەتەوە. لە پارچە هەڵبەستێکیدا باسی خەوێک دەکات کە لە بەندیخانەکەدا دیویەتی و دەڵێ: لە زیندان و بەندا وام دەزانی کە ڕۆیشتوومەتەوە بۆ ناوچەی هەورامان و لە ناو هاوەڵ و برادەرەکانمدا

دانیشتبووم و گەلێ بەختیار و شادمان بووم، بەڵام کە وریا بوومەوە لەناکاو خۆم لە زینداندا دی و پاسەوانەکان لە دەوروپشتمدا بوون، ئەوە بوو کە برینەکانی کۆنم هاتنەوە سۆ و دەست لەسەر ئەژنۆ دانیشتم، چونکە زۆرجار من لە ئێش و ئازار و دەردی سەری یار دام واتە بەبیر و خەیاڵی کوردستانەوەم، وە هەمیشە بیرم لە دەوروبەری شاخوداخ و باخە جوانەکانی کوردستان دەکردەوە و لە کەڵکەڵەی ئەو ڕۆژانەدا بووم کە لەگەڵ هاوەڵاندا کۆ دەبووینەوە و بۆ سەربەستی گەل تێ دەکۆشاین:

یاران هامسەران ئیمشەو خاوێ دیم
جە زیندان تار عەجەو خاوێ دیم

ئازادیی وەتەن هەورامانم دی
ئێلاخان چۆڵ کۆسالانم دی

وەنەوشەی وەشبۆ، چنوور جەهەردان
ئاما نە خاوم پەی بار و دەردان

ڕیحان پەلش دێز، شەست پەر جەباخان
سۆسەن و نەسیرین شەوبۆی ئێلاخان

بەرزەڵنگ جە کۆ، چنوور جە کاوان
سەوزی و مێرغوزار، هاڕەی بەفراوان

چەنی هامسەران نیشتەبیم وە شاد
بەکەیف و ئاهەنگ غەم مەدام وە باد

گۆش بەسەدای ساز، چەم بەنیگاوە
جە قاوەخانەی ڕای کەمالاوە

لێو بەپیالەی عەقیق ڕەنگەوە
گاهێ پڕ بەشەوق گا بەخەندەوە

گا نیگای کۆسار بەرزی ئێلاخان
گا نیگای خەزان، گا نیگای زەردان

جەی عەیش و نیشات، جەی خەو بەتاڵ
زیندانم ئەسڵەن نامان بەخەیاڵ

هەر پاسەم زانان وێم شەهریارم
چەرخ کەچ کردار نەدان ئازارم



پاسەم مەزانا شای خاوەن جەختم
نەزانام مەزلووم، حەپسی بەدبەختم

وەختێو بێداربیم، تەماشا کەردم
ئاژان و زیندان نەزەر ئاوەردم

چەندە مەدهۆش بیم تەواسامەوە
عەقڵ ، فام ، هۆش نەمەن لامەوە

سەد موقابڵ بی بار خەمانم
وە سۆ ئاماوە سۆتەی زامانم

زام کۆنەو نۆم تازە کەردەوە
زار زار مەناڵام وە دەم دەردەوە

یاڕەب هەر کەسێو کە ڕۆش نەهات بۆ
زام زەدەی تەقدیر ڕووی سەربسات بۆ

کەشتیی نگینش هەر سەرنگوونەن
نە گێجاو گێج ڕوود جەیحوونەن

مۆرەی ئیقباڵش دووشەش ناوەردەن
چەنی بەدبەختی مامەڵەش کەردەن

خورد و خۆراکش ژاراو زەردەن
خاو شیرینش هەر ئێش و دەردەن

یاڕەب بەحاجەت ڕەسووڵ حەبیب
خاک غەریبیم نەکەری نەسیب

لە ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی عەبدوڵڵا بەگدا وا دەردەکەوێ کە لەو دە ساڵەدا وا لە بەندیخانەدا بووە، زۆرخەم و پەژارەی خواردووە، وە دەتوانین سێبەری ئەو لە پشتی دیوارە بەرزەکانی خەم و پەژارەی زینداندا ببینین و ئێستا ئەو زیندانانە کاول و خاپوور بوونە، ئەو بەندیخانەی کە ئەوی تێدا بووە وەکو زاخەیەکی تەنگ و تاریک بووە و هۆنەر بەحاڵ توانیویەتی کە کەسێکی تری تێدا ببینێ و هەندێ جاریش هێناویانەتە دەرەوە، و لە تەنیایی و خەفەتی ئەم زیندانەدا کەڵکەڵەی یاران و هاوەڵان و پتر ئەو ئازار دەدا، یاران و دۆستەکانی ئەویان لەبیر بردووەتەوە، ئاشناکانی لەگەڵیدا نامۆ و بێگانە بوون، کاتێ بەدبەختییەکانی خۆی دەبینێ، لە کامەرانی و شادیی دوژمنەکانی پتر دێتە ڕقا، بەڵام

هۆنەر ئێستاش هەر ها لە بیری دیمەنە جوانەکەی کوردستان و ها لە بیری (کۆسالان) و (بەندەن) و (دەرەویان) و (ساروخە) و (مەڵێن) و (پیەن سەر) و (سەکۆی سان) و (پیر ڕۆستەم) کە ئەم هەوارگانە یادی ڕابردوویان لە دڵیدا زیندوو دەکردەوە. هۆنەر کاتێ لەم وژارە و کەڵکەڵانەدا بوو، دڵی بەوە خۆش دەکرد کە ئەمە چارەنووسە و دنیا ئەمەکێکی نییە و هەموو کەس ئەمرێ و هەر کەسێک دەورو نۆرەیەکی هەیە و ئیتر خەم و پەژارە مانایەکی نییە و بەم چەشنە بەو بیروڕایە کەمێ دڵی هێمن دەبووەوە:

یاد گوزشتەی هامفەردانم کەرد
کوردستان مەحاڵ هەورامانم کەرد
یاد گوزەشتەی ئەو سالانم کەرد
سەیر سەرهەدان (کۆسالان)م کەرد
جاێی چون (بەندەن) فەرەح سازم کەرد
جای نیشات ئەنگێز (دەرەویان)م کەرد
یاد تەماشای بەرزی خاسم کەرد
چەندێ تەواسام، چەندێ تاسم کەرد
یاد خەیاڵ (دەمی هاڵ)م کەرد
تاکە (ساروخە)ی ڕووی ژیوارم کەرد
ئارەزووی (مەڵێن)، (پیەن سەر)م کەرد
هەوارگەی (بەدهۆ) مووەتەرم کەرد
یاد پالاوەژ (سەکۆی سان)م کەرد
قولەی (پیر ڕۆستەم) جەرگم بەرئاوەرد
گا گریە و زاری مەنالام جە دەرد
گا جەفاکێشان هەناسان سەرد
گا سەرمەستی عەشق بێزار جەیانە
گا شوکر دەرگای یەکتای یەگانە
گا دڵ وەشی دەرد فکر و خەیالان
گا شەیدای بالای شای سۆسەن خالان
دڵبەر هەر وەعەیش گولان وەهار بێ
بێ ئاگا جەحاڵ ئی بەندەی زار بێ

بەندبوونی عەبدوڵڵا بەگ کە سەرگوروشتەی بەندیەکمان پێ پیشان دەدا، ئەویش





بەندیەکی ئازادیخواز کە بۆ ئازادی و سەربەستیی گەل و وڵاتەکەی تێ کۆشاوە، زۆر کاریگەر و دڵتەزێنە، بەڵام هۆنراوەکانی ئەو هەر پەیوەندییان بەبەندیخانەوە نییە، بەڵکو گەلێ هۆنراوی ئاینی و کۆمەڵایەتی و دڵداریشی هۆنیونەتەوە و لە دیوانەکەیدا تۆمار کردوون.

سەرچاوەکان

١- دیوانی عەبدوڵڵا بەگی هەورامان کە لە ساڵی ١٣٣٤ی کۆچیدا نووسراوە.
٢- بەیازێک کە بەخەتی فەرهادی هەورامانی لە ساڵی ١٣٦٥ی کۆچیدا نووسراوە.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەعەبدوڵڵا بەگی هەورامی.

## عەلی نەقیی دەبیر

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەلی نەقی و کوڕی عەباس و نازناوی دەبیر بووە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٩٩ی کۆچی لە هاروون ئاوادا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا باوکی مامۆستایەکی بۆ ڕاگرتووە و وانەی فارسی و خەتخۆشیی پێ فێر کردووە و ماوەیێکیش لە کرماشاندا بووە و لەوێدا لەگەڵ زانایان و هۆنەراندا کۆبووەتەوە و پاشان کە هاتووەتەوە لەلای جوامێرخان و داودخان، خەریکی نووسەری بووە، نازناوی (دەبیری) پێ دراوە و هەر لەو کاتەدا ئازایەتی و قارەمانەتیی عێلی کەڵهوڕی بەهۆنراوی فارسی هۆنیوەتەوە و ناوی ناوە (کەڵهوڕنامە) کە نزیکەی یازدە هەزار هۆنراوێک دەبێ. ئەم هۆنەرە پاشماوەی ژیانی هەر بەنووسەری و هۆنینەوەی هۆنراو بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٦٩ لە ئیسلام ئاوادا کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە.

دەبیر لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردی و فارسیدا دەستێکی بەرز و بالای هەبووە و لە هۆنینەوەی هۆنراودا سەری کێشاوەتە دەرگای هەموو چەشنە هۆنراوێکەوە: (ئاینی، دڵداری، کۆمەڵایەتی) ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

مەولا گرداوەن، مەولا گرداوەن
ڕۆڵەم گرفتار گێج گرداوەن
ڕۆڵەم کەسێکە ئەحمەدش ناوەن
زەلیلیی ئەحمەد کەی وەتۆ باوەن
ئەر من بێچارەم تۆ چارە سازی
تۆ گەردن فراز مولک حیجازی

تۆ ئەسەدوڵلا ساحێب ئیعجازی
تۆ لە ڕای ڕەزای خودا سەربازی
تۆ مەولوود پاک کەعبەی خودایی
خودا نید ژ زات خودا جودایی
تۆ پێشەوایی تۆ موقتەدایی
تۆ هەم ئاخری، هەم ئیبتدایی
تۆ دەم مەسیح عەصای کەلیمی
تۆ مەعنی حا میم تاها و یاسینی
تۆ دەستگیر دەس گەدا و یەتیمی
تۆ هەم حاکمی، تۆ هەم حەکیمی
تۆ بابۆی حوسەین خوونین لباسی
دڵخوونین ژ داغ دەس عەباسی
تۆ هەر ئەو کەسی حەق مەدحت وانا
نە ڕاگەی مێعراج ئەحمەد نەزانا
وات وە جبرەئیل ئەی پەیک دانا
چەند وەقتەن نەی چەرخ شەهپەرت شانا
ئی وشترانە وەی قەتارەوە
وەی کۆهان موور سەندووق بارەوە
وە کۆمان مەچن وەکام شارەوە
بارشان چێشەن لێم مەشارەوە
جبرەئیل وە جەوات وە پێغەمبەر
ستارەی هەنەن نەی چەرخ ئەخزەر
هەر سی هەزار ساڵ نەدەور قەمەر
یەکبار ژ مەشرق سەر مارۆ ئەوبەر
من سی هەزار بار ئەو ستارەی نوور
روئیەت کەردەنم وەی لەیل دەیجوور
ئی ئوشترانە هەرهان وە عوبوور
نووا و دوماشان پێم نەویە زوهوور



هیچ نمەزانم بارشان چێشە
کێ ساربانەو کێ جڵەوکێشە
وەلحاسڵ مەقسوود خودا حەیدەرە
فەرمان فەرمای شا و گەدا حەیدەرە
تۆ شێر باجگیر ڕاگەی مێعراجی
تۆ هەم تاج بەخش، هەم ساحێب تاجی
چەبۆ بپرسی ژەی دوس دێرین
باچی خوەشحاڵی یاکە دڵگیرین
تاباجم ڕۆڵەم وە ئەسیر بەردەن
بەردەن وەدیدەم یەکجار نووربەردەن
فیدای ڕۆڵەت بۆ ڕۆڵەی بێ کەسم
مەدح و سەنات کەم تا گەر کەهەسم
بەدبەخت ئارەزووی ڕۆڵەش بەرد وە گڵ
چاو نە ئینتزار دەس وە بان دڵ
مەولا دەخیلم وە تۆ زامن بۆ
هەر جا ئەحمەد چوود مەولام ساکن بۆ
(نەقی) هەروە تۆ دڵ بەستەگیشەن
وە هەر دوو دنیا وارەستەگیشەن

واتە لەم هۆنراوانەدا هافی عەلی سڵاوی لێ بێ دەکاتە تکاکار بۆ ئەوەی کوڕەکەی لە بەند ئازاد بێ تا لە خەم و پەژارە ڕزگاری بێ و دەڵێ: ئەی مەولا! کوڕەکەم گیرۆدەی گێژی گراوە و من بێچارەم و تۆ چارە ساز و خۆشەویستی خواو پێغەمبەری گەورەی ئیسلامی، لە ڕێی مێعراجدا گەیشتینە پێغەمبەر بێ ئەوەی خۆی بزانێ، دەسا دەبێ لەم پەژارەیە ڕزگارم کەی و لە خوا بپاڕێتەوە کە کوڕەکەم لە بەند ڕزگاری بێ، چونکە ئەویان بەدیل بردووە، دایکی بەدبەختی بەبێ ئەوەی کوڕەکەی ببینێ تۆقی کرد و مرد، ئەوا کوڕەکەم سپاردە تۆ و چاوەڕوانی ڕزگاریی ئەوم.

سەرچاوەکان

١– دیوانی هۆنراوەکانی دەبیر کە لە ساڵی ١٣٦٢ی کۆچیدا نووسراوە.
٢– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەدەبیر.

## میرزا حەسەن عەلیی غەریب

ئەم هۆنەرەمان ناوی حەسەن عەلی و کوڕی ئاغا میرزا عەلی وەزیرییە و نازناوی هۆنراوی (غەریب)ە. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٩٩ی کۆچی لە دێی قەرەول لە دایک بووە. هەر لە منداڵییەوە لەلای مەلا محەمەدی قەرەولی خەریکی خوێندن بووە و کاتێ لە پەڕاوە وردەڵەکانی فارسی بووەتەوە، سەرەتای خوێندنی فەقهی ئیسلامیی دەست پێ کردووە و لە پاشا بەفەقێیەتی چووە بۆ سنە و لە مزگەوتی (دار الاحسان)دا ماوەیەک خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەزۆربەی شوێنەکانی کوردستاندا گەڕاوە و لەلای مەلا چاکەکانی ئەو مەڵبەندانەدا گەلێ وانە و دەرزی وەرگرتووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و ماوەیەک خەریکی کشتوکاڵ بووە و دوای ئەوە قەرەولی بەجێ هێشتووە و چووەتە تیکانتەپەی هەوشار و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بەکاری کشتوکاڵ و وانە وتنەوە و هۆنینەوەی هۆنراو بردووەتە سەر، تا لە ساڵی ١٣٧٠ لە تەمەنی حەفتا و یەک ساڵیدا کۆچی دواییی کردووە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی تەرمەکەیان بردووەتەوە قەرەتەوەرە و لەوێدا نێژتوویانە.

میرزا حەسەن عەلی لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردی و فارسیدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و بەیەکێ لە هۆنەرانی کورد دێتە ژمار. هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن . وە لە هۆنینەوەی هۆنراودا سەری کێشاوەتە دەرگای هەموو جۆرە هۆنراوەیەکەوە:

ئاینی، دڵداری، چیرۆکی. جگە لە دیوانەکەی کە داگری هۆنراوی ئاینی و دڵدارییە، پەڕاوێکیشی بەناوی: حەیدەر و سنەوبەر بەهۆنراو هۆنیوەتەوە کە هێشتا لە چاپ نەدراوە.

نازکی و تەڕ و پاراوی و شیرینیی هۆنراوەکانی غەریب نموونەیەکی باییدارە بۆ بازاڕی وێژەی کوردی. ئاخۆ سروشتە جوانەکەی کوردستان بووەتە سەرچاوەی هەڵقوڵینی هۆنراوی غەریب؟ وەیا یارە خۆشەویستەکەی ئەوی هان داوە کە هۆنراو بهۆنێتەوە؟

لەبەرئەوەی هۆنراوەکانی بەتەواوی نەکەوتوونەتە دەستمان ناتوانین، لەم بارەوە بیروڕای خۆمان بەتەواوی دەربڕین، بەڵام لەو چەند پارچە هەڵبەستە دڵدارییەی کە کەوتووەتە دەستمان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بەئەوینی کچە کوردێکەوە سووتاوە و گەلێ هۆنراوی بەبەژن و باڵایدا هۆنیونەتەوە و گلە و گازندە و سکاڵای دڵی خۆی بەم چەشنە دەربڕیوە کە دەڵێ:

مەیلت هاوەلای ئەو نەمامەوە
دەستاخەن وە بەند ئەو نەفامەوە



وە لێو و باڵاش بەی ڕەفتارەوە
هەردوو عەین وەخەشم قین و قارەوە
قامەت بەو زوڵفان عەجەب تارەوە
هەر چۆن بیمارەن لەب وە بارەوە
چون مورغ نەقەفەس بێ وە دامەوە
مەئیووسەن وەچنگ ئەو نەفامەوە
باڵا بەوێنەی سەوڵ سایە بەرز
باڵا مەنما نۆ ئەو نەبووم و مەرز
هەر وەقت مەڕەقسۆت ئەو وە هەزار تەرز
جە لەنجە و لارەش ئەعزام نشت وە لەرز
دەست زەلیلی ها وە زامەوە
مەئیووسەن وەچنگ ئەو نەفامەوە
شەوان مەناڵۆ چەنی ئاه سەرد
هەرچۆن بیماران زەخم ئاڵوودەی دەرد
فەڵەک ڕەحم خێر وە حاڵش نەکەرد
وەشیی سالانش وە تەڵخی ویەرد
چون مورع نەقەفەس بی وە دامەوە
مەئیووسەن وەچنگ ئەو نەفامەوە
یاڵڵا بەحاجەت پێغەمبەران گشت
بەشەرافەقی عەلی زۆر وە مشت
ئەی مەلەک شێوەی لەقای نوور سرشت
دەستاخەن وەدەست دێو ئەکوان زشت
دەست زەلیلیش ها وە زامەوە
مەئیووسەن وە چنگ ئەو نەفامەوە
فەڵەک تۆ کردار دەس کەچبازی
هەرکەس وەهام جنس وێش بکەر ڕازی
جەواهێر بەخشای وە دامانەوە
دانە دای وە دەست نەفامانەوە

وەس کار ناشەرع باوەرە نەویر
ئاخر وە نەفرین (غەریب) مەبی گیر
چون مورغ نەقەفەس بی وە دامەوە
زەلیلەن وەچنگ ئەو نەفامەوە

واتە: ئەی غەریب! تۆ دڵت ها بەئەو نەمامەوە و کەچی دڵ کەوتووەتە بەندی ئەو و ئەویش چاوی لێت مۆڕکردووەتەوە و ڕقی لێت هەستاوە و زوڵفەکانی شۆڕکردووەتەوە بۆ لە سێدارەدانت.

بەژن و باڵای ئەو یارە، وەکو سەوڵ بەرزە و خۆی لە هەموو شوێنێکدا دەنوێنێ و بەهۆی لەنجەولاریەوە دڵ دەلەرزێ و هیچ بەزەیی پێدا نایێت. ئەی چەرخی چەپگەرد! تۆ بۆ وا خراپ و نالەباری، دەسا هەر کەس بەهاولفی خۆی بکە ڕازی و نیازی دڵی خۆی بگەیێنە، ئیتر کەم کاری نالەبار بکە، ئاخری بەنەفرینی (غەریب) دەکەوێتە گیرو بەجارێ لەناو دەچێ.

یەکێ لە شوێنەوارەکانی غەریب، پەڕاوی حەیدەر و سنەوبەرە کە چیرۆکەکەی لە بنەڕەتا کوردییە و خەڵک ئێستاش دەم بەدەم دەیگێڕنەوە و ئەو لە قاڵبی هۆنراوی دە هیجاییدا دای ڕشتووە.

غەریب سەرەتای چیرۆکی حەیدەر و سنەوبەری بەستایشی خوا و پێغەمبەر دەست پێ کردووە و لە پاشا داوای لێبووردن و بەخششی لە خوای تاق و تەنیا کردووە و دەڵێ:

ئی بەندەی زەلیل عاسی ڕووسیا
جەدین ڕوسووم مەکەرم جیا
ئەر سەد کە عاسی هەم شەرمسارم
گوونای فراوان بییەن وە بارم
هەر چێ تۆ فەرمات بەجا ناوەردم
فرێ تەرک قەوڵ کەلامت کەردم
هیچ حەقم نەکەرد سوا جە ناحەق
تا واتن پەنەدم کافر موتڵەق
بەکافری وێم کەردەنم ئیقرار
کەرەمدار تۆنی کەرەم بێ شمار
تۆ جە کافران فرێ ویەردی
هەم چەنی خاسان مەرحەمەت کەردی



ڕاز دەروونم وەنەت عەیانەت
چ حاجەت وە شەرح واتەی بەیانەن
بەڵام ئیستدعای بەندە کەمینە
هەر ئێدەن جەلات ئەی بێ قەرینە
گونای ویەردەی ئی بەندەی کەمتەر
عەفووم کەربەزات پاک پێغەمبەر
عەفو کەر گونای عاسیی شەرمسار
ئومێدم بەتۆن سڕپۆش سەتار
فیعل شەیتانی نەزاتم دوور بۆ
سەرچەشمەی زەینم دایم پڕنوور بۆ
ئەگەر چ ئایەی (قالوابلا) هەن
بەئەمر قودرەت وەنەم گەواهەن
ئەر بەلا واتم ئەر واتم نەعەم
کول بەڕەزای تۆن قادر ئەعزەم
هەم بەڕەزای وێت جەنەعەم دوورم
پەی حەرف بەلا حەل زەروورم
بەی عەقڵ نوقسان ئەوەندەم زانا
دوورم جە نەعەم من بەڵام وانا
هەرچی ڕەزات بۆ جەکێ مەپرسی
هەم رەزای وێتەن جە کێ مەترسی
کێیەن سوای وێت کان سەخا بۆ
کێ بەخشۆ گونا کان رجا بۆ
هەر تۆنی مەعبوود ئەزەڵ تا ئەبەد
هەر تۆ مەناسۆن وە کێمەن مەدەد
بیاوە بەداد بەندەی شەرمسار
کەرمدار تۆنی حەیی جیهاندار
بویەر جە تەقسیر گونای ویەردەم
گونای بێ شمار چەنی نەکەردەم

وەلحاسڵ هەرچی سەلای تۆ تێشەن
بەندە فەرمانم سەلای من چێشەن
دووەم ئیلتجای بەندەی خەتاکار
ئێدەن نەدەرگات کەرەم بێ شمار
تا باقیی حەیات تا وادەی تەسلیم
دوور بۆ جە وەسواس شەیتان ڕەجیم
قەترەی جە ڕەحمەت دەریای گران یار    وزەی نەدەروون (غەریب) شەرمسار

واتە: خوایا هەرچەندە کە من گوناهکار و شەرمەزارم و فەرمانەکانی تۆم بەجێ نەهێناوە، خۆت ڕازی دەروونم دەزانی و داوات لێ دەکەم کە بمبەخشی و لێم ببووری و لە ئەهریمەن دوورم خەیتەوە و سەرچاوەی زەینم ڕوون کەیتەوە، من لە ڕۆژی بەرینەوە بەڵێنم دا کە لە ڕێی تۆوە بڕۆم، بەڵام تووشی گوناهبووم و لە ڕێی ڕاستی تۆ هەڵخلیسکام، بەڵام ئەوە دەزانم کە تۆ بەخشندەیت و منیش هەر تۆ دەناسم و دەسا بگەرە فریام و لە تاوان و گونام چاوپۆشی بکەو ئیتر ئەوە بەدەست خۆتە، تکای دووەمم ئەوەیە کە تا ماوم لە ئەهریمەن دوورم خەیتەوە و دڵم بەئاوی دەریای بەزەییی خۆت پاک و خاوێن کەیتەوە.

چیرۆکی حەیدەر و سنەوبەر ڕووداوی ئەوینی کوڕ و کیژێکی کورد و کشمیرییە، بەناوی حەیدەر و سنەوبەر بەپێی ئەو چیرۆکە حەیدەر لەگەڵ هەندێ لە سەرداران و سەربازانیدا دەڕواتە شکار و لەڕێدا ئەوانی لێ ون دەبێ و لە پڕ خێوەتێک لە دوورەوە دەبینێ و خۆی دەگەیەنێتە ئەو خێوەتە و تەماشا دەکا کیژێکی شۆخوشەنگی بەناوی سنەوبەر تێدایە سنەوبەر کە ئەو دەبینێ خێرا باروبنەی دەپێچێتەوە و لەگەڵ کەنیزەکەیدا کە هومەیلای ناو دەبێ دەکەوێتە ڕێ و حەیدەر بەگیش دەکەوێتە شوێنی و ئەویش بەشمشێر بریندارى دەکا و بەجێی دێڵێ، بەڵام لەڕێدا پەشیمان دەبێتەوە و کەنیزەکەی دەنێرێتە لای کە برینەکانی ببەستێ. لە پاشا حەیدەر بەگ دەگەڕێتەوە و دەڕواتە لای پاشا و کارەساتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە و پادشاش هەندێ زێڕی پێ دەدا تا بەشوێن دڵخوازەکەیدا بڕوا. سنەوبەریش کە کچی یەکێ لە میرەکانی کشمیر بوو، هەموو ساڵێ بۆ دۆزینەوەی گیاگەلی دەرمانیی هاتووەتە کوردستان تا ڕووەکەکان بۆ دەردی دەردەداران بەکار ببا سنەوبەر لەپاش بریندارکردنی حەیدەر بەگ بەرەو کشمیر دەکەوێتە ڕێ، بەڵام ئەویش دڵی دەچێ لە حەیدەر بەگ و لە ئاگری ئەوینی ئەودا دەسووتێ کە باوکی بەمە دەزانێ بەزۆر مارەی دەکا بۆ ئامۆزاکەی، بەڵام سنەوبەر ئەمەی پێ ناخۆش دەبێ. حەیدەر بەگ بەرەو کشمیر کەوتە ڕێ تا گەیشتە شارێکی گەورە و سەیری کرد شایی و زەماوەنە و جڵەوی ئەسپەکەی بەڕەڵاکرد



و ئەسپەکە ئەوی بردە بەر ماڵی پیرەژنێک و لە ئەسپەکەی دابەزی و بووە مێوانی پیرەژنەکە و هۆی ئاهەنگ و شاییی خەڵکی شارەکەی لە پیرەژنەکە پرسی، پیرەژنەکە وتی: کچی میری ئەم شارە کە تازە لە کوردستانەوە هاتووەتەوە بۆ ئامۆزاکەی خۆی مارە بڕاوە و ئەم شایلۆغانەیان بۆ ئەو پێک هێناوە. حەیدەر بەگ لە پیرەژنەکە زۆر پاڕایەوە کە کارێکی بۆ بکاو بیباتە لای سنەوبەر و چاوی پێ بکەوێ پیرەژنەکەش دەستێ جلوبەرگی ژنانەی بۆ هێنا و کردییە بەری و بردییە ئەندەروونی سنەوبەر و لە گۆشەیەکدا خۆی شاردەوە و لەم کاتەدا لەپڕ ئامۆزاکەی سنەوبەر هات و لەپڕ شەپە زللەیەکی دا لە سنەوبەر و هەندێ قسەی ناشیرین و خراپیشی پێ کرد. سنەوبەریش ئاخێکی هەڵکێشا و لەپڕ حەیدەر بەگ خۆی دەرخست و بەشمشێر ئامۆزاکەی کوشت و دەستی سنەوبەری گرت لەناو شار دەری کرد و هێنایەوە کوردستان و ئەوسا مارەی بڕی و حەوت شەو و حەوت ڕۆژ بووە شایلۆغان و ئاهەنگ و شایی. جا غەریب باسی ئەو شایی و ئاهەنگ و زەماوەنەمان بۆ دەکا کە مەگەر هەر خۆی توانیبێتی باسی ئەو شایلۆغانەمان بۆ بکا، وەکو دەڵێ:

چل ڕۆ چراخان کریا کوردستان
جە یومن ئیقباڵ شای واڵا مەکان
سەدای سەنج ساز ناڵەی کەڕەنا
مەنشت وە گەردوون وە چەرخ مینا
سەدای سەمتووران چەنگ جەقانە
ڕەقس ڕەقسان شەیدای زەمانە
ناڵەی مووکەشان، بەربەت چەنی روود
سەوت وەشخوانان چوون نەغمەی داود
عیشوەی ساقییان جەمین قورس نوور
مەگێلان چەنی پیاڵەی بلوور
کاکۆڵ چەنی زوڵف چین وەردەن چین چین
ئەفشان کەردەبین نەپای عەرەقچین
وە هەر کەس مەدان جورعەی جام مەی
باقی نەمەند هۆش کەس بەکام وەی
سەرداران سورور جەبادەی شادی
ڕەعییەت جەخۆف چراغ ئازادی

یەگشت پەی ئەساس شادیی سنەوبەر
پەی عەیش نشات شێر دلاوەر

واتە: بۆ زەماوەندی حەیدەر و سنەوبەر چل ڕۆژ کوردستان بووە چراخان، وە دەنگی ساز و ناڵەی کەڕەنا دەچووە ئەوپەڕی چەرخی گەردوون، بەدەم دەنگی سەمتوور و چەنگ و چەغانەوە سەماکەران سەمایان دەکرد و چاوەشانیش دەیان دا لە بەربەت و ڕوود، وە گۆرانیبێژان و چەرگەران وەکو نەوای داود دەیانچریکاند و چریکەیان بۆ خەڵک دەوت، مەیگێڕان بەناز و لەنجەوە پیاڵەی مەی و بادەیان بەناو خەڵکدا دەگێڕا، وە بەهەر کەسێک قومێک بادەیان بدایە، هەست و هۆشیان دەبرد، سەردارەکان بەهۆی ئەم شایی و گۆبەندەوە لەو پەڕی شادییەوە بوون و وەرزیرانیش لەوپەڕی ئازادییەوە هەڵدەپەڕین، ئەمانە هەمووی بۆ شایی و خۆشی سنەوبەر پێک هێنرابوو.

سەرچاوەکان
١– کۆمەڵە هۆنراوەکانی غەریب کە لە ساڵی ١٣٦٨ی کۆچیدا نووسراوە.
٢– حەیدەر و سنەوبەر – هۆنراوی غەریب کە لە ساڵی ١٣٦٩ی کۆچیدا نووسراوە.
٣– تەلای دەستەو شار – نووسراوەی سەدیق بۆرەکەیی– تیکانتەپە، ١٣٤٦.

## میرزا خانی هەرسینی

١٣٠٠– ١٣٦٠

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەلی خان و کوڕی نیعمەتوڵڵای موکری و نازناوی هۆنراوی (خانی) بووە، وە بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی لە دێی بارەگنەی هەرسین لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا باوکی مامۆستای تایبەتی بۆ گرتووە و لە لای ئەو فێری زمان و وێژەی فارسی و عەرەبی وەخەت خۆشی بووە و لە پاشا هاتوچۆی حوجرەی فەقێیانی کردووە و سەرێکیشی داوە لە کرماشان و ماوەیەکیش لەوێدا خوێندوویەتی و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە هەڵسووڕاندنی کاروباری دێیەکەیاندا یارمەتیی باوکی داوە، کە باوکیشی مردووە هەمووی ئەو کارانە کەوتووەتە ئەستۆی خۆی و لە ئاخر و ئۆخری تەمەنیدا چووەتە لای نەوەکانی لە هەرسین و سەر ئەنجام لە ساڵی ١٣٦٠ لە تەمەنی شەست ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە گۆڕستانی ئیمام زادە مەهدی نێژراوە.

کاک حەمە عەلی سوڵتانی لە پەڕاوی (حەدیقەی سوڵتانی)دا سەبارەت بەم هۆنەرە دەڵێ:



کە میرزا خانی هەرسینی یەکێ لە پیاوە ناودارەکانی خواناس و پارێزگاری دێی بارەگنەی هەرسین بوو وە لە بەخشندەیی و جوامێریدا بێ وێنە بوو، وە لە وێژەی فارسی و عەرەبی و کوردیدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و گەلێ یادداشتی سەبارەت بەهۆنەران نووسیوە و لە تەمەنی شەست ساڵیدا لە ساڵی هەزار و سێ سەد و شەستی کۆچی لە هەرسیندا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێشدا نێژراوە.

ئەم هۆنەرە لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردیدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە، وە زۆربەی کاتی خۆی بەخوێندنەوەی هۆنراوی هۆنەرانی کورد بەسەربردووە و هەر لە تافی جوانیدا خێی داوەتە خوێندنەوەی دیوانی هۆنەرانی کورد وەکو: ئەڵماس خانی کەڵهوڕ و ئەڵماس خانی کەندوڵەیی و میرزا شەفێع و خانای قوبادی و گەلێ حەزیشی لە چیرۆککگەلی کوردی وەکو: خورشید و خاوەر و شیرین و فەرهاد و خەسرەو هۆنراویان لێ وەرگرێ.

بەم جۆرە ئەم هۆنەرەمان دەکەوێتە کۆشی هۆنراوەوە و (خانی) دەکاتە نازناوی هۆنراوی و هەندێ جاریش نازناوی خۆی بەکەربەلایی لە هۆنراودا هێناوە.

میرزا عەلی خان لە هۆنینەوەی هۆنراودا سەری کێشاوەتە دەرگای هەموو چەشنە هۆنراوێکەوە: دڵداری، ئاینی، کۆمەڵایەتی وە لە هۆنینەوەی ئەو چەشنە هۆنراوانەدا سەرکەوتووە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

خانی هات نەجۆش، خانی هات نەجۆش
چەشمەی مەداحیم هەنی هات نەجۆش
گەر چەنینم بێ دیدە و بێ گۆش
لاکن مەئذوونم هەر چێ مووشین بۆش
ئەوەڵ حەمد حەق نەعت پێغەمبەر
تەوسیف والای کونەندەی خەیبەر
شێر کردگار ئەمیر سەفدەر
ئەبوو لەعسوومین ئەولیای سەرور
هادی هیدایەت بیابان غەی
زەورەق نەجات مەعاسی پەی پەی
ستوون سەماء خودای کولل شەی
لەنگەر هەفت ئەرز لایەمووت حەی
من عەبد ئەسیم کار ژدەست ڕەفتە
ئەعزاء ژ ئەدای عیبارەت کەفتە

له وای غەفڵەت چەریده و خەفتە
مەغروور بەردەوام عومردوو هەفتە
لاکن ڕۆژێ بێ ڕۆژگار نەوی
جوز ڕۆژ ئافەرین هیچ پڕ کارنەوی
ز سەماء ژ ئەرز هیچ ئاسار نەوی
نەوعێ ژ ئەشیاء بەرقەرار نەوی
حێسنێ بنا کەرد ڕەحیم ڕەحمان
موعەمماش کەردەن وە دارولئەمان
حسن ولایەت ئەو (حصن) یەزدان
داخڵ کەرد وە(حصن) جوملەی شێعەیان
ئومێدم وەو کەس من خلقەت کەردەن
داخڵم وە (حصن) ولایەت کەردەن
گەر چە عوسیانم جە حەد ویەردەن
سزام هەریەسە تا وەقت مەردەن
ئەر من وجوودم هیچ نەویا مەوجوود
نەجوود مەعلووم بی ئەسڵەن نەذی جوود
یاڕەب، یا غەفوور، ڕەحمان ڕەحیم
فەزڵت ببەخشۆ گوناه عەزیم
ئەگەر تۆ نەویت بەنگەهدارم
ژبەدان بەدتەر مەبۆ کردارم
حەدیس سەحیح فەرموودەی ئیمام
شناوام وەختێ قەڵەم بی ئارام
دۆست دۆستمان ئەهل بەهەشتەن
فارغ ژ جەحیم عەزاب زشتەن
تەکیەی ئومێدم بەهەشت و چارەن
لوتف چاردەتەن وەنەم دیارەن
یاڕەب وە ڕەندان دەست مەیخانەت
وەعەشق عوششاق مات دێوانەت



وەخوون عاشق شەهیدان ڕات
سوجدەی عابدان وەخاک دەرگات
بەعلیمیی عیلم هەم عاملانت
بەحەلیمیی حلم هەم حاملانت
بەشەوبێداران عەشق تۆ جۆیا
ژ توڵمات شەو وە لەیل دوجا
ئەفعالم تەمام هەم ڕەدوبەدەن
ڕاگەی ئومێدم دشوار و سەدەن
نەتورک، نەعەرەب نەکورد، نە فارسم
نوقتەی بێ وجوود خودا نەشناسم
نەزاهد زوهد سەحیح ئەفعالم
نەمودەڕس، دەرس قیل و قالم
نە فەقیر فەقر نەفەقیر نان
نەغەنیی دەوڵەت غەنیی نەعوسیان
نە عەیبادەتکار نە ڕۆژە دارم
نە ژ موسلمین دەست وەکردارم
نە ڕەند خەراب مەست مەیخانە
عاشقان عەشق یەکتای یەگانە
نە چۆڵگەرد ڕا جۆیای یارم
نەچوون موجتەهد ئیجتهاد دارم
نەدیده ڕۆشن جەماڵ یارم
مەقبووڵ و سەحیح کارو کردارم
قەلبم وە حوجب دنیا گرفتار
ژی ئەفعالانە منم شەرمسار
هیچ کەسێ چوون من ڕووسیا نییەن
شەرمەندەی ئەفعال ژەی دنیانییەن

واتە: خانی دڵی هاتە کوڵ، سەرەتا بەناوی خوا و پاشان خەریکی ستایشی پێغەمبەر و شێری کردکار عەلی دەبێ، واتە ئەو کەسەی کە بەلەمی ڕزگارییە و دەبێتە تکاکارمان لە

ڕۆژی پەسڵاندا، من بەندەیەکی گوناهکارم و لە شیو و دۆڵی نافەرمانیدا تلاومەتەوە، خوای مەزن هەر لە ڕۆژی بەرینەوە قەڵایەکی دروست کرد کە ئەو قەڵایەش قەڵای ویلایەتە و هەمووی شێعەکانی بردە ناو ئەو قەڵایە، منیش ئومێدم بەخوایە کە بمباتە ناو ئەو قەڵایە، گەرچی گوناهم لە ئەژمار بەدەرە، وە بەپێی ئەم فەرمایشتە کە دەفەرمووێ: دۆستی دۆستمان دەچێتە بەهەشت، منیش ئومێدم بەدوانزە ئیمامە خوایا سوێندت دەدەمە ڕەندانی مەستی مەیخانە، وە بەخوێنی کوژراوانی ڕێی خوا و کڕنۆشی خواناسان و بەشەوبێدارانی خواناسی کە ڕێی ڕاستم پێ پیشان بدەی، چونکە من گیرۆدەی ئەم جیهانە بووم و لە دەست دەرچووم و دەزانم کە کەس وەکو من ڕووڕەش نییەو شەرمەزاری بارەگای تۆ نییە.

خانی لە پارچە هەڵبەستێکی تریدا دەڵێ:

موفارەقەت سەخت، موفارەقەت سەخت
دەرد نییەن وێنەی موفارەقەت سەخت
هیجران ئەو یار تازە بەربەست ڕەخت
مەخسووس پەی کەسێ هەرچوون من بەدبەخت
وە تۆفیق حەق وە ڕەنج گیانی
تا پەیدا کەردم دۆست ڕۆحانی
مووددەتێ وەشهەد مۆبەت وە هەم دەم
قەزا و قەدەر مەدەرۆش وە هەم
هەی هاوار ژەی بەخت دڵگیریمەوە
ژەی غەریب کەفتەی ئەسیریمەوە
دوورکەفتم کەردەن دەهربێ ئەمان
ژ خدمەت عەزیز، خان کەمەرخان
ئاتەش گیر بییەن دڵەی پڕ دەردەم
ڕووبەر نمارۆ ڕوخسارەی زەردم
فەرموودەی شەریف شاه مەردا نەن
یار موفارەق خەیلێ گرانەن
هەم ژ دیوانەن حەدیس ئەو شا
پەرێ ئۆمەتان تا ببۆن ئاگا
دنیا جای زەحمەت فراق و دەردەن
کەسێ نەی دنیا دڵ خوەش نەکەردەن



واتە: هیچ دەردێک ناگاتە دەردی دووری، بەتایبەت یارێک کە کۆچی دوایی بکا، بەتایبەت بۆ منی بەدبەخت زۆر سەختە من ئەو دۆستمە هەر لە زووەوە دەناسی و دڵم پێ دابوو، وە خۆشم دەویست وە لە هەنگوێنی دۆستی ئەو چەشکەم دەکرد، کەچی چارەنووس ئەوی لە من جیا کردەوە بۆ ئەوەی پاشماوەی ژیانم بەدەرد و ڕەنج و پەژارە ببەمە سەر و ئیتر ڕوومەتی ئەو دۆستە خۆشەویستە نەبینم، بەڵێ جیهان جێی ئەرک و ڕەنج و ناخۆشییە و، کەسێک لەم جیهانە دڵخۆش نییە.

سەرچاوەکان

١- حدیقه سلطانی – تالیف: محمد علی سلطانی- تهران، ١٣٦٤.
٢- دیوانی میرزا خانی هەرسینی کە لە ساڵی ١٣٦٣ی کۆچیدا نووسراوە.

## عینایەتی هیدایەتی

١٣٠١- ١٣٧٦

ئەم هۆنەرەمان ناوی عینایەت و کوڕی هیدایەتی پاوەییە و بەپێی ئەو زانیارییانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٣٠١ی کۆچی لە پاوەدا لە دایک بووە هەر لە منداڵی لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن گەلێ شوێنی کوردستان گەڕاوە و ماوەیەک لە چۆڕ بووە و چەند ساڵێکیش لە بیارە بووە و سەرئەنجام لە سنەدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ پاوە و لەپاش ماوەیەک بەماڵەوە باری کردووەتە دێی (کەڵێ)ی جوانڕۆ و ئیتر پاشماوەی ژیانی لەوێدا بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٧٦ لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە.

عینایەت بەئاقەی عنایەتیش ناسراوە و بەیەکێ لە هۆنەرانی ئازادیخوازی کورد دێتە ژمار، ئەو لەگەڵ بەگزادەکانی جوانڕۆدا بۆ ماوەی دە ساڵ لە زیندانی ئەسفەهاندا بووە، بەڵام لەو هۆنراوانەی کە لە زیندانا هۆنیویەتەوە شتێک نەگەیشتووەتە دەستی ئێمە و هۆنراوەکانیشی بەتەواوی کۆنەکراوەتەوە و لە ناو خەڵکدا دەم بەدەم دەگێڕنەوە.

عینایەت لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و زۆربەی هۆنراوەکانی دڵداری و کۆمەڵایەتی و ئایینین.

ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

ناگا نەو دەمدا بی وە واوەیلا
وێنەی واقعەی دەشت کەربەلا

مەواتن سەردار سام سەنگینم ڕۆ
بابۆی فەرزەندان نازەنینم ڕۆ
ئەسپان تازی وەجا مەندەت بام
نۆکەران وێڵ پەراکەندەت بام
ناگا نەو دەمدا سەردار ئەکرەم
ڕەئیس و نەجیب شەخس موحتەرەم
چەندێ نەدەوران دنیا ویەردە
پەنای شەرافەت سپەهبود بەردە
وارد بی نەودەم وە دەست بەستە
مانیا و مەفلووک ژادیا و خەستە
سەفا و سەلامێ جە مابەین ویەرد
شەرح حاڵ وێش وەی تەورتەمام کەرد
واتش ئازیزان یاران دێرین
هەر جە مەریوان تا قەسر شیرین
یەکسەر وەی دەردە گرفتار بییەن
ئابڕوو و شەرافەت جەدەس بەرشییەن
کەس نمەزانۆ حاڵ زارما
کەس نمەزانۆ ڕای مەزارمان
کەس نمەزانۆ پەی چێش وەی تەورەن
یاکار فەڵەک هەر زوڵم و جەورەن

واتە لەو سەردەمەدا لە پڕ بووە واوەیلا، وەکو ڕووداو و کارەساتی دەشتی کەربەلا، دەیانووت: سەرداری سامی سەنگینم ڕۆ، باوکی منداڵانی نازەنیم ڕۆ، قوربانی ئەسپانی ڕەسەنی لە شوێن بەجێ ماوت بم، بەقوربانی نۆکەرانی پرش و بڵاوت بم، لە پڕ سەردار و سەرۆکی بەڕێز بەدەستی بەستەوە هاتە ناوەوە و دیاربوو کە زۆر شەکەت و ماندوو خەمبارە، سڵاوی کرد و ڕووداوی خۆی گێڕایەوە و وتی ئەی یاران! هەر لە مەریوانەوە تا قەسری شیرین هەموو بەم دەردە گرفتار بوون، ئابڕوومان لە دەست دەرچوو، کەسێ نازانێ حاڵمان چۆنە، کەسێک نازانێ ئەم کارانە لەبەرچییەو ئەم زۆر و ستەمە بۆ چییە، یا هەر چەرخی گەردوون ستەمکارە و ستەممان لێ دەکات.





بۆمان دەرنەکەوت کە هۆنەر ئەم هۆنراوانەی لەبەرچی هۆنیوەتەوە و مەبەستی لە هۆنینەوەی چ بووە و ئەو سەرۆکە کە بەدەستی بەستوو هاتووەتە ناوەوە و خەڵک لایان وا بووە مردووە کێ بووە؟.

ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی تری ئەم هۆنەرە کە لە وەڵامی حەمە بەگی ڕۆستەمیدا هۆنیویەتەوە، وەکو دەڵێ:

دۆسەکەی گیانی ڕۆستەمی نەژاد
نامەی شەریفت خەمان دا وەباد
ئەشعار مەربووت مەعدەن شوعوور
سەیقەل کریابێ بەوێنەی بلوور
مناجات خاس دڵ پەسەندیدە
وانام و ساوام وە هەر دوو دیدە
ئاهەنگ ئەشعار فەرد وێت وەندم
جە دوڕ ئەفشانیت من حەیران مەندم
ئەشعارت جەلام وێنەی شەکەرەن
من جە واتەی وێم قەلبم پەکەرەن
حەیفەن قاتی بۆ ئەو شیرین وەی تەڵخ
ئەو ئاوسافەن ئێد لەجەن هەم بەڵخ
ئەو دانەی گەوهەر ئێ دسەنگ خاران
ئەو پارچەی حەریر ئێد کۆنەی شاران
ئەو خشت میعمار باش ئۆسای یەمەن
ئێد کەلاوە کۆن گڵ و خاک وەشەن
فعلەن ئەساسەی تەحریرم نییەن
پەی سەبتش ئایر نەقەلبم شییەن
نیگاش مەدارۆ تا دەرجش کەروون
هەروەخت وەسیلەش وەدەست باوەروون
قاتی پاتی بۆ خاس چەنی خراو
تا بۆ وەشەربەت شەکەر چەنی ئاو
یادگارییەن پەی کەسێ مانۆ
شایەد درووذێ پەیمان بکیانۆ

وەسیلەش فەوری حازر بی باری
دەرج کەردم نەفەوق پەی یادگاری
ئیزهار مەئیووس کەم سەوادی وێت
پەی عیلم و تەحسیل نامورادیی وێت
کەر دەبیت وە لام منیچ هەر بەدەرد
جەکول کەس بەتەر گوم نام و ڕەنگ زەرد
دمای پەنجا ساڵ ڕەنج و کەردەی وێم
ئیستە سابتەن مەعلووم بییەن لێم
هەر چێوم کەردەن کول پەشیمانم
هەریەک دەردێوەن وە ڕووی زامانم
ئینە کول باعس بێ ئیتلاعیەن
جە فەزڵ و دانش کەم مەتاعیەن
بێ عیلم و سەودا جە نادا نییەن
عاقڵ کەی کارش پەشیمانیەن
بەڵام عەزیزم تەقسیرمان نییەن
مەحەل موحەقەر تەنگ و وردییەن
مەدرەسەی عولووم عەقڵ و فام و بەخت
یا پەنای دیوار یا سایەی درەخت
فەیلەسووف عەقڵ کان مەعریفەت
ڕەواج دەهەندەی عیلم و شەریعەت
ئەوڕۆ نیشانەی دەر وەدەرمان بێ
مەلا عەلی موراد تەعلیم دەرمان بێ
ئەو ئێمەش یاو ناوەی پایەی بوڵەند
(شیخ الازهر) بێ ئەو پیر دڵمەند

واتە: ئەی دۆستی خۆشەویستم! نامەکەت گەیشتە دەستم و نامە سەر چاوەکانمەوە، بەڕاستی هۆنراوەکانت زۆر جوان و شیرینن و گەلێ وشەی جوان و ڕەنگینت تیا بەکار بردووە، بەڵام من ئێستا کە تەمەنم گەیشتووەتە پەنجا ساڵ و لە کردەوەی خۆم زۆر پەشیمانم ئەمەش هۆی نادانییە و ئەوە دەگەیێنێ کە بەهرەیەکم لە زانست بەدەست



نەهێناوە و سووچیشم نییە و گەلێ ئاوارە و دەربەدەر بووم.

سەرچاوەکان
١- بەیازێکی کۆن کە لە ساڵی ١٣٥٣ی کۆچیدا نووسراوە.
٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەعینایەتی هیدایەتی.

## سەی حەبیبی ڕەوانسەری

١٣٨٥ - ١٣٠٢

ئەم هۆنەرەمان ناوی حەبیبوڵڵا و کوڕی سەی حەسەنی باینچۆییە و بەپێی ئەو زانیارییانەی کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٣٠٢ی کۆچی لە دێی تەپەلەری ڕوانسەردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا بەفەقێیەتی گەلێ شوێنی هەورامان گەڕاوە، ماوەیەکیش لە باینچۆ بووە و پاشان گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی کشتوکاڵ بووە و لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بەهۆی ئازادیخوازییەوە گیراوە و تا ماوەی دە ساڵ لە بەندیخانەی ئەسپەهاندا بووە و ئەوسا ئازاد کراوە و چووەتە زێدەکەی خۆی و خەریکی کشتوکاڵ بووە تا لە ساڵی ١٣٨٥ لە تەمەنی هەشتا و سێ ساڵیدا لە کرماشان کۆچی دوایی کردووە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە گۆڕستانی ڕوانسەردا نێژراوە.

کاک حەمە عەلی سوڵتانی لە پەڕاوی (حەدیقەی سوڵتانی) سەبارەت بەم هۆنەرە دەڵێ: خوالێخۆشبوو حەبیبوڵڵا کە دایکی لە سەیدەکانی لۆن و باوکی لە سەیدەکانی باینچۆیە لە دێی تەپەلەر پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە ڕووداوی گرفتاریی سەرۆکانی هۆزەکانی کورد لە ساڵی هەزار و سێ سەد و دەی هەتاویدا بەدیل گیراوە و بۆ ماوەی دە ساڵ لە زیندانی ئەسپەهاندا لە بەندا بووە و ئەوسا لە ساڵی هەزار و سێ سەد و بیستدا ئازاد کراوە، وە لە دوای ئازادبوون ڕۆیشتووەتەوە دێیەکەی خۆی و خەریکی کشتوکاڵ بووە، وە لە باخەوانی و هەڵپاچینی دار و درەختدا پسپۆڕ بوو، وە خوو و خدەیەکی چاکی هەبوو و زۆر حەزی لە خواناسی دەکرد و لەگەڵ زۆربەی زانایان و وێژەوانان و هۆنەراندا کۆ دەبووەوە و لە ڕاستەقینەدا پیاوێکی زانا و تێگەیشتوو بوو، هۆنراوی جوان شی دەکردەوە، هەروەها لە سواری و تیرئەندازیدا بێ وێنە بوو، وە حەزی لە خوێندنەوەی پەڕاوی وێژەیی و مێژوو و جوغرافیا دەکرد، وە زۆربەی هۆنراوەکانی لە بەندیخانەدا هۆنیوەتەوە.

سەی حەبیب بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار و، لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی باڵای هەبووە، وە لە هۆنینەوەی هۆنراودا سەری کێشاوەتە دەرگای

هەموو جۆرە هۆنراوێکەوە: دڵداری، کۆمەڵایەتی، ئاینی، ستایشی سروشت.

ئەمەش هەندێ لە هۆنراوەکانی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

شەماڵ دەخیلەن قاسیدمان نیەن
عەرزەی زەلیلان هەر بەتۆ بیەن
جەی وەرتر هەر کەس مەبیا گرفتار
هاناش بەتۆبێ پەیک خوەش ڕەفتار
تۆ بەنا و مەلجەء دەردە دارانی
واسیتەی وسووڵ بەین یارانی
قاسد بیت جە بەین مەجنوون ولەیلێ
عەرزەی قەیس یا وەنای فەراوان خەیلێ
جە ڕۆژ ئەزەڵ تا وە ڕۆی مەحشەر
هیچ کەس چون ئێمەش نەیاوان بەسەر
شیرین سواران دەس و دڵ تەیار
شیرین بەزم و ڕەزم ڕۆژ هەی سوار
گشت پەروەردەی ناز هیجران نەدیدە
بێ خەم چون ئاهووی جەگەڵ ڕەمیدە
ناکاو ناغافڵ بین وە دامەوە
ئاوارەی وەتەن وە سەد زامەوە
ئای جە ناڵەی تاڵ بڵێسەی دەروون
فەریاد جە حەسرەت دڵەی پڕ جەهوون
گشت وە بار لێو زام سەختەوە
دڵ پڕ جە نەفرین کەجیی بەختەوە
گشت دەس وە پارەی زام جەرگەوە
تەقەلای بێ سوود وە دەس مەرگەوە
ئای جە قرچەی زام ناسۆر کەفتەمان
ڕەنج چەند ساڵەی وەباد ڕەفتەمان
جە جەفای گەردوون ڕەنج بەدکاران
مەر خالق زانۆ چۆنمان ویاران



های هانا شەماڵ عەرسەمان تەنگەن
پای قاسد وەلای فەریاد ڕەس لەنگەن
بۆ نەڕاگەی حەق شەماڵ ڕەهبەر
هەر چەند زەحمەتەن مدارا مەکەر
عەرز ئی جەرگەی جگەر هوونینە
ببەر وە قاپی شاه مەدینە
عەرزمان وەلای کەس نەدارۆ ئەثەر
مەگەر نەدەرگای شای خەیرولبەشر
دمای خاکبۆسی بارگای ئەعزەم
فەخر کاینات ڕەسووڵ خاتەم
سەرکەردە و سالار گشت ئەنبیاهان
ئەشرەف مەخلووقات پادشای شاهان
دادڕەس دوو عالەم فورستادەی حەق
بەرگوزیدەی زات پادشای موتڵەق
عەرزەی زەلیلی جەرگەی بێ تاوان
گیر وەردەی توهمەت دەروون سیاوان
شەرح حاڵمان وە سۆز دەروون
یەکیەک بەیان کەر تۆ ذات بێچوون
عەرز کەر یا ڕەسووڵ پادشای ئەکبەر
پەنای ئۆمەتان جەسارای مەحشەر
جەمع مەحبووسین حەبس ئەسفەهان
ئیرادەی تەقدیر پادشای سوبحان
ئومێدشان جەلای مەخلووقات بڕیان
پەردەی سەبرشان هەزار جار دڕیان
جە قاپیی قادر تاک تەنیای فەرد
تۆشان وە شەفیع گوناشان ئاوەرد
ئەر سەد گونابار غەرق عوسیانن
چەمەڕای ئومێد عەفوو سوبحانن

ئیسە چەمەڕای ڕەحم خاس توون
ئوفتادەی مەینەت زەبوونەن زەبوون
بە حاجەت قوربت نەدەرگای ئەکبەر
نەجاتشان جەحەبس ئەسفەهان بدەر
کافر نەوینۆ حاڵ جەستەشان
بۆی قرچەی کەواو دڵەی خەستەشان
وێنەی زەمزەمەی دیوان مەحشەر
بەزەییت بۆ پێشان یا شاه سەروەر

واتە: ئەی شەماڵ! تۆ پشت و پەنای دەردەداران و هەژارانی، نێراوی نێوان لەیلا و مەجنوون بوویت و هەر لە ڕۆژی بەرینەوە هیچ کەسێ وەکو من گرفتار و گیرۆدەی دەرد و ڕەنج نەبووە، لەناکاو کەوتینە داو و لە زێدو مەڵبەند ئاوارە و دەربەدەر بووین، ئێستا لێوم باری گرتووە و دڵم پڕ لە خەم و پەژارەیە و، ڕەنج و ئەرکی چەند ساڵەم چووە با و ئێستا لە بەندیخانەدا بەندکراوم، ئەی شەماڵ دەسا زووکە سکاڵای من ببە بۆ لای پێغەمبەری گەورەی ئیسلام و سەرەتا بچۆ مەدینە و خاکی دەوری بارگاکەی ماچ کەرەوە، بچۆرە لای هەڵبژێرراوی خوای تاق و تەنیا و چۆنییەتیی گرفتاربوونی من و هاوەڵانمی پێ بڵێ و بڵێ: ئەی پێغەمبەر تۆ پشت و پەنای ئۆمەتانی و ئومێد و هیوایان بڕاوە و دەستە و دامێنی تۆ بوون و پەردەی ئارامیەتییان بڕاوە و داوای تکا لە تۆ دەکەن و چاوەڕوانی بەخشش و بەزەیی خوای تاق و تەنیان، بەڵکو لە بەندیخانەی ئەسپەهان ڕزگاریان بێ و ئازاد بکرێن، چونکە دڵیان زۆر پەشێوە و وەقرە و ئارامیان نەماوە.

ئەم هۆنراوانە بەشێکن لە چەکامەیەک کە سەی حەبیب لە پاش دە ساڵ بەند چۆنییەتیی حاڵی خۆی لەو چەکامەدا دەردەبڕێ و لەم هۆنراوانە وا دەردەکەوێ کە هۆی بەندبوونی ئەو و هاوەڵانی ئازادیخوازی بووە کە لە بەرابەری ڕژێمی ستەمکاری پادشایەتیدا ڕاپەڕیون و پاشان لە لایەن کاربەدەستانی ڕژێمەوە گیراون. وادیارە لە زینداندا زۆر ڕەنج و دەرد و سەخڵەتی دیوە.

زۆربەی هۆنراوەکانی سەی حەبیب پڕە لە سکاڵا و گازندە و ناڵە کە دیارە لە بەندیخانەی ئەسپەهاندا زۆر پەشێو و دڵتەنگ بووە، بۆیە هۆنراوەکانی دڵ مرۆ دەتاوێننەوە و، لەم بارەوە دیسان دەڵێ:

یاران پەشێوم، یاران پەشێوم
ئارۆ وە تەحقیق یەکجار پەشێوم



سەد تۆ نیشتەن بار مەینەت نەلێوم
خەم ناشتای سوبدەم خۆراک شێوم
ئاسمان دڵ هەم هۆرکەردەوە
چەخماخە مەدۆ هەم مەوج وەردەوە
بەرق بڵێسەی دڵ پەروازەکەم
ئایر وست نەجەرگ مەینەت وازەکەم
زام نەسرەفتەی دڵ بەدبەختم
دیسان چڵ مەدۆ ئای چەند گیان سەختم
فەڵەک نمازۆ ساتێ زەخم دڵ
ساکن بۆ جە ئێش ئای چۆن مەدۆ چڵ
مەر واچی دوشمن قەدیمش منم
دایم تەنابش ها نە گەردنم
گێج دجلەی غەم باز طوغیانیش کەرد
یە ڕیشەی دڵ بێ وە لافاو ئاوەرد
کەم کەم بینایی دیدەی تەرک مەبۆ
قەڵوازەی زوخاو وەبۆی جەرگ مەدۆ
ئەگەر وە تەحقیق بزانۆم ئەجەل
تەشریف ماوەرۆ بێ درۆ و دەخەل
ئی گیانە ئەوسا شیرین بی جە لام
مەدەم پایەندا زفیدای ئاماش بام
جەلای وەش بەختان گیان ڕیشەی جەرگەن
پەرێ من شادی و وەش بەختی مەرگەن
حەبیب دڵەی وێت وەس ئازار بدەر
زەخمش کەم بدەر وە مەودای نەشتەر
ئەرسەد کە غەریق دەریای ماتەمی
مەجرووح چون پێکای کەڵ جە کەڵڕەمی
مەناڵی وە دەرد زام مەهجووری
مەحبووس و غەریب جە وەتەن دووری

تەرکیب و روخسار رەمەق پەریدەت
قەترەی جووانا و دەوران دیدەت
هەر کەس بوینۆ شێوە و تفاقت
بۆی کەوا و جەرگ قیمەی فراقت
ئەر دڵش سەخت تەرجە سەنگ خارا بۆ
جەلاد هوو نڕێز بێ مدارا بۆ
گریانیش مەیۆ پەی زام کاریت
پەی قرچەی دەروون جای نادیاریت

واتە: ئەی یاران! من پەشێو و زویرم و کەوتوومەتە ناو تەنگوچەڵەمە و سەختییەوە و خەم و خەفەت بووەتە خۆراکم، وە بڵێسەی ئاوری خەم کەوتووەتە ناو دڵم، و دڵ چڵ دەدا و بەخۆم دەڵێم: ئای چەندە گیان سەختم، چەرخی چەپگەرد ناهێڵێ ساتێ بەبێ پەژارە دانیشم، دەڵێی کە من دوژمنی کۆنی ئەوم، وە هەموو دەم تەنافێ ها لە ملما و ڕووباری چاوم لافاوی هەڵسا و کەم کەم بینایی خۆم لە دەست دەدەم، وە ئەگەر بزانم کە بەڕاستی ئاکام دێت، ئەم گیانە پێشکەشی دەکەم و، ئەم مەرگە بۆ من شادی و خۆشییە، ئەی حەبیب کەم دڵی خۆت ئازار بدە، هەرچەندە کە نوقمی دەریای پەشێویت و بەدەم دەرد و برینەوە دەناڵی و ئاوارە و دەربەدەری زێد و مەڵبەندی خۆتی و لە بەندا گرفتاری و هەر کەس ڕەنگ و ڕوخسارت ببینێ، جەرگی بۆت دەبێتە کەواو، تەنانەت جەلاویش گریانی بۆت دێت.

سەی حەبیب لە هۆنراوەکانیدا نەیوێراوە زۆر و ستەمی ڕژێمی ستەمکاری پاشایەتی پیشان بدا، هەر ئەوە نەبێ کە سکاڵا و دەردی دڵی خۆی و هاوەڵانی دەربڕیوە و، لە زۆربەی هۆنراوەکانیدا پێغەمبەری گەورەی ئیسلامی کردووەتە تکاکار کە خوا لەو بەندە ڕزگاریان کا و بگەڕێنەوە سەر کاروباری خۆیان. لە چەکامەیەکی تریدا دیسان دەکەوێتە گلە و گازندە و دەڵێ:

یاران عەزیزان دەردم کارییەن
زووخاو دەروون چون سەیل جارییەن
مەحبووس و زەلیل بێ تەقسیر وێمان
رای نەجات تاریک بێ تەدبیر وێمان
دوورکەفتەی وەتەن غەریب بێچارە
سەرعی خاتر تەنگ سیا ستارە



تۆخودا یاران ڕەفێقان چۆڵ
یاد کەن غەریبان خەستەی خەم وە کۆڵ
هەر ساتێ، هەوای ئازادی هەردان
گشت وە سەیادی و گوزەرگای زەردان
چەنی ڕەفێقان جۆیا پەی نەچیر
بێ خەم مەست شەوق وە سۆز دڵگیر
نەسیم بۆ عەتر چنوور وەشبۆ
گشت بی وە خەیاڵ وەی وە یانەم ڕۆ
مەیۆ وە یادم چون خاو شەوان
نەفەس قەڕع مەبۆڵاڵ مەبۆ زوان
دیسان گرفتار چەرخ گەردوونیم
وە گیان یاران تەمام زەبوونیم
جەی قەفەس تەنگ حەبس ئەسفەهان
ڕیشەی شادیمان جەبێخ هۆرکنیان
گرفتار دەس چەرخ سەد ڕەنگیم
چون مەردەی مەزار مات بێ دەنگیم
دەست بەستەی زەبوون غەریب شاران
دەست و چاک پێچان گرۆی بەدکاران
ئەگەر بەیان کەم هەزار یەک دەردم
مەبۆ وە سەربار هەناسەی سەردم
هەزار یەک نییەن یەئیزهار کەردم
ئای چەند گیان سەختم هێمان نەمەردم
بازهەم پەنامان وە زات حەقەن
وە ذات بێ چوون فەرد موتڵەقەن
کەرەم بێ شمار مەر وە لوتف وێش
وە فەزڵ و ڕەحمەت وەرنە چارە چێش
یە حەبیب واتەن وەی گشت دەردەوە
دل وە هەناسەی سیای سەردەوە

رەفیقان مەحبەس نە تۆی پەردەوە
یەک یەک مەواتن «حەبیب» مەردەوە

واتە: ئەی خۆشەویستەکانم دەردم کارییە و زۆخاوی دەروونم وەکو لافاو دێ، چونکە بەبێ تاوان گیراوین و لە بەندیخانەدا بەند کراوین، وە ڕێی ڕزگاریمان نییە و لە زێد و مەڵبەندی خۆمان ئاوارە و دەربەدەر بووین، توخوا ئەی یاران، ئەی هاوەڵانی چۆڵم، منی بێچارە یادکەن و لە هەوای ئازادیی هەردان کەڵک وەرگرن، بەتایبەت ئەو کەسانەی کە دەچنە ماه و زەرد و لە دووی نەچێردان وە بەبێ خەم و پەژارە لەوپەڕی شادی دان، یادم بکەن و، من کاتێ دەکەومە بیری ئەو ڕۆژانە و ئێستا لە بەندی ئەسپەهان دام، بەجارێ کۆسم دەکەوێ و وەکو مردووم لێ دێ، وە ئەوەندە دەرد و ڕەنجم کێشاوە کە لە ئەژمار نایە، ئای چەندە گیان سەختم، دیسان دەبێ پەنا ببەمە خوای تاق و تەنیا، بەڵکو لەم ڕەنج و مەینەتە ڕزگارم بکا.

سەی حەبیب لەگەڵ ئەو هەموو ڕەنج و تەوژمە کە پشتی کێویش دەشکێنێ، ئارامی گرتووە و پشتی بەخوا بەستووە و هەموو دەم بۆ ڕزگاریی خۆی داوای لە خوا کردووە کە ئازاد ببێ و ئەم ڕاستەقینە لە هۆنراوەکانی ئەودا دەردەکەوێ، وەکو لەم چەکامەی تریدا کە سەرەتاکەی بەپاڕانەوە و ستایشی خوا دەستی پێ کردووە و دەڵێ:

یا زات بێ چوون، یا ذات بێ چوون
یا دانای موتڵەق یا زات بێ چوون

یا گەردانەندەی دەور بێ سوکوون
پەی تەعدیل حاڵ ئەهل دنیای دوون

ئاگا جە ئەحواڵ گشت دەردەداران
مەرهەم نمای زام جەرگ بیماران

جەراز دەروون مەحبووس و ئازاد
وێت خاس مەزانی شای موشکڵ گوشاد

زوان جە تەعریف زات پاک تۆ
لاڵەن جە ئەوساف کونه زات تۆ

من بەندەی زەعیف بێ هۆشم کەم فام
وەسف و سەنای تۆ نمەبۆ تەمام

یەقین مەزانی وە حاڵ دەردم
وە لافاو خەم وەی ئاه سەردم



خالق، یەک بەندەی گونابار تۆم
رووسیای عوسیان شەرمەسار تۆم

جەقرچەی دەروون شەوان تا بەڕۆ
خاس ئاگاهیت هەن شای کەرەم بێ شۆ

ئەگەر بەیان کەم دەردان سەختم
ئەووەڵ تا ئاخر سیاهیی بەختم

گشت جەکتابچەی ئیسم ئەعزەمت
بەسرِ دەروون سینەی مەحرەمت

وە سۆز ئیخلاس شەو بێدارانت
بەبیم و ئومێد گوناکارانت

نە ڕای عەداڵەت دیوان مەحشەر
جە دەریای زوخاو نەجاتمان بدەر

یا حەق بۆ ئێمەیچ نەڕگەی قورئان
نەجات دەر نەحەبس شووم ئەسفەهان

جەی ئاخر عومر باتڵ سەرف کەردەم
ڕۆزگار و حەبس میحنەت ئاوەردەم

ئاخر نەفەسەن گیان جە قەفەسەن
تۆ زاتت قەسەم بێ باکی وەسەن

یا نەجات یا مەرگ وە ئیمان پاک
عەتاکەر پێمان فەرد تەنیای تاک

یەک ئەمجار وە ڕەحم ئی سی و هەشت نەفەر
جەی گێجاو خەم یەکسەر نەجات دەر

عەبدەکەت «حەبیب» سەد گونابارەن
چەمەڕای عەفووی پەروەردگارەن

واتە: ئەی خوای گەورە و گران! تۆ ئاگات لە دەرد و ڕەنجم هەیە و خۆت چاک دەزانی کە لەبەرچی بەند بووم، دیارە بەندەیەکی وەکو من هەرگیز ناتوانێ ستایشی تۆ تەواو بکا، بێ گومان ئاگات لە دەرد و حاڵم هەیە، وە ئەگەر دەردی خۆم بۆ خەڵک هەڵڕێژم، چەند دەفتەر پڕ دەکاتەوە. خوایا لەم داوە من و هاوەڵانم ڕزگار بکە و لەم مەینەتییە ئازادم بکە، یا

مەرگم پێ بدە، وە یا ئازادم بکە، ئێمە کە سی و هەشت کەسین لە زیندانی ئەسپەهاندا بەندین، هەرچەندە گوناهکارین، چاوەڕوانی بەزەیی تۆین و بەیەکجار لەم بەندە ئازادمان بکە.

سەی حەبیب لە پاش دە ساڵ کە لەگەڵ هاوەڵەکانیدا لە زیندان و بەند ئازاد بووە، چووەتەوە سەر زەویوزارەکەی خۆی خەریکی کشتوکاڵ بووە، بەداخەوە ئیتر کەمتر هۆنراوی هۆنیوەتەوە، وە ئەگەر هۆنراویشی هۆنیبێتەوە، شتێکی بەدەستی ئێمە نەگەیشتووە تا بزانین بیروڕای لە پاش ئەو هەموو چەرمەسەرییە کە لە بەندا کێشاویە چییە.

سەرچاوەکان

١- بەیازێک کە لە ساڵی ١٢٨٥ی کۆچیدا نووسراوە.

٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەسەی حەبیبی ڕوانسەری.

## حەیدەر بەگی بەرازی

١٣٠٨ - ١٣٦٨

ئەم هۆنەرەمان ناوی حەیدەر و کوڕی فەیزوڵڵا بەگی بەرازییە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٣٠٨ی کۆچی لە دێی ئاوباریکدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا بەفەقێیەتی چووەتە خوڕخوڕە و ماوەیەک لەوێدا ماوەتەوە و خەریکی خوێندنی قورئانی پیرۆز و ڕێزمانی عەرەبی بووە، بەڵام لەبەرئەوەی باوکی مردووە گەڕاوەتەوە زێد و ماڵبەندەکەی خۆی و ئیتر کەوتووەتە ناو گێرە و کێشەی ڕۆژگار و خەریکی کشتوکاڵ بووە و لەبەرئەوەی باری ژیانی هەڵنەسووڕاوە باری کردووەتە سنە و لەوێشدا نەماوەتەوە و چووەتە عەرەبشای گەڕووس و لەبەرئەوەی لەوێدا ژیانی هەڵنەچەرخاوە کۆچی کردووەتە تیکانتەپەی هەوشار و ئیتر پاشماوەی ژیانی لەو شارەدا بەکاری بەنایی بردووەتە سەر، تا لە ساڵی ١٣٦٨ لە تەمەنی شەست ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانەکەی تیکانتەپە نێژراوە.

حەیدەر بەگ بەیەکێ لە هۆنەرانی کورد دێتە ئەژمار، وە لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. لە هۆنینەوەی هۆنراودا سەری کێشاوەتە هەموو جۆرە وتنێکەوە: دڵداری، ئاینی، چیرۆکی. لەگەڵ ئەمانەشدا چەند چیرۆکی بەنرخ و باییداریی بەهۆنراو هۆنیوەتەوە و بەیادگار ماونەتەوە کە بریتین لە «مێعراج نامە» و «ناز و نیاز» و «یوسف و زلێخا» و «فەڵەک ناز» حەیدەر بەگ



جگە لە هۆنینەوەی هۆنراو لە وێنەکێشیشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و گەلێ وێنەی بۆ چیرۆکەکانی کێشاوە و دەتوانین بڵێین کە لەو وێنانە کە لە هەندێ پەڕاوی فارسی کۆندا دەبینرێ زۆر جوانترن.

پەڕاوی ناز و نیاز داگری چەند چیرۆکی جوانی کوردییە کە پڕە لە پەند و ئامۆژگاری و لە یەکێ لەم چیرۆکانەدا چەند دەروێش کە هەموویان پادشا زادە بوون لە شوێنێکدا دەگەنە یەک و هەر کام لەم دەروێشانە کارەساتی خۆیان بۆ یەکتر دەگێڕنەوە. یەکێ لەو دەروێشانە کە ناوی ئەستێرە یا کەوکەبە بەم جۆرە چۆنیەتی ڕووداوی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

نۆرەکەفت وەدەست دەروێش دووم
بەلەهجەی شیرین کەردش تەکەلوم
وات: برادەران تەسەلی گیانم
بواچۆم پێتان نام و نیشانم
نامم کەوکەبەن وا چۆم ئاشکار
مەکان و ماوام جە شار بولغار
ساحێب دەوڵەت بیم هەم بێ ئیحتیاج
توجاران شار وە من بێ موحتاج
کناچەیی بێ بەوێنەی خورشید
مەنمانا جە تەرح برجیس و ناهید
ئەر واچۆم تەعریف نمەبۆ تەمام
باعیس نییەن وەسف خولاسەی کەلام
چون بی وەجەفتم بەژن گوڵ ئەندام
جەویصاڵ من نەیاوا وە کام
نەبیم وە زاما جە شەو زەفاف
دەروونم تەم بی چون قولە و کۆی قاف
نەو حاڵەت جەوێم من بیم شەرمەندە
بەوێنەی نەرگس بیم سەر ئەفکەندە
جە خەجاڵەتی ئەندێشە کەردم
سەیاحی دونیا وە پێشە کەردم
تا بەڵکم خودا بکەرۆ کەرەم
قاپی ڕەحمەتیش واز کەرۆ چەندەم

پەرێ ئەو مەتڵەب خەیڵێ بیم ڕەنجوور
تەمان مەملەکەت گێڵیام وە ضەروور
هەر تاجە تەقدیر قەزای ڕۆزگار
یەک ڕۆراگەم کەفت وە شار تەمار
شار غەریبی مەعموور و ساتع
جە بەین مەغریب هیندببی واقع
وەلێ جەو کیشوەر جاگەی عەجەوبێ
شەش مانگش ڕۆژ و شەش مانگش شەو بێ
نەو شەش مانگەدا نەجۆش زوڵمەت
کەس کەس نمەدی وە چەم عیبرەت
بەو تەور تاریک بی سەراسەر عالەم
چون ڕۆژ مەحشەر بێ خەبەر جە هەم
نەوجا بتخانەی وەک قەسر نمروود
دەرد و دیوارش یەکسەر زەڕئەندوود
عەجەب کاشانەی عالی بینا بێ
باغش دڵگوشا جای باسەفا بێ
نەو جاگە، مەسکەن کەردە بێ پیرێ
پیر نوورانی ڕۆشن زەمیرێ
سەرتاپای لەشش جوان و وەش فەڕ
جامە و بەرگ ئەو بێ جە مووی سەر
سەر جەزانووی فیکر ئەو نیهادە بێ
ڕشتەی ئیختیار جەدەست دادەبێ
بەو طەور ماهر بێ ئەوجە ریازەت
شەوو ڕۆ مەشغوول بی وە عیبادەت
ئەلقسە نەوجا بەختاتر خوای دڵ
جە نزیک قەسر من کەردم مەنزڵ
نە یەک فرسەخی تا بەو حەوالی
گشت مەخمور و مەست هەم لائوبالی



گرد بەچەنگ و عوود بەربەت چەنی نەی
بەدەست هەر یەک جامێ پڕ جەمەی
لیباس فاخر پۆشا بین نەوەر
جەم بین نە ئەوجا تەمامی یەکسەر
نازک تەلعەتان لوعبەت خانەی چین
جە ئەو بتخانەی بەستشان ئاین
ئەنواع تەعام جە شیر و شەکەر
جە نوقڵ و نەبات جە موشک ئەزفەر
هەرچێ ئادەم بیۆ بەخاتر
نە جنس وەردن کەردشان حازر
جە ناکاو ئەو پیروە ئەوجا ئاما
هەر کەس جە هەیبەت ئەو پیرە ڕاما
وێشان وست نەخاک بەوێنەی عەبداڵ
بۆسان دەست و پای پیر پڕ کەماڵ
بەکۆر و بەشەل شەفادا یەکسەر
چون ئی کرامات دیم جە ئەو سەروەر
بەتەعجیل لوام بۆ سام خاکپاش
شەرح حاڵ وێم بەئەو کەردم فاش
سا چون بی واقف حاڵ خەرابم
وەک مورغ بەسمل نەئیزتیرابم
وات بەمن جە ڕووی عیلم کەهانەت
فەرما: ئەی کەوکەب مەکەر ئیهانەت
زوو مەبۆ حاسڵ مەتڵەبت جە من
شام زوڵمانیت مەکەرۆم ڕۆشن
ئەوەند گرەوام بەدڵەی غەمگین
تا ئاما بەئەو پیر پاکدین
دەر ساعەت نەوجا مەیلم بێ وەژن
چراغ مەردیم دەرلاد بێ ڕۆشن

هۆرێزام نەشەوق بۆسام دەست و پاش
بەزبان شوکر بکەردم سەناش
وەختێ پەی یانە ڕەوان بیم وەڕا
کە خێزان من دەردم بێ ئاگا
بەدەوان خێزیا ئەو مانگ ئەنوەر
چون گیان شیرین منش گرد نەوەر
ئەما جە هیجران ئەو مانگ پڕ نوور
وەک نەی نزاربی زایف و ڕەنجوور
بەتەعجیل دوعای ئەو پیرە وەندم
سەدەف توحفەی گەوهەر ئەفشەندم
دوعای ئەو پیرە کە کارگەر بی
نیهال نەوبەر من باروەر بی
نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ ئەو بکەرد تەمام
بەئەمر بێچوون بینای لایەنام
نە وەخت زاین مانگ مونەووەر
ئاما جەو سەدەف دوو دانە گەوهەر
ئیسا من دارۆم یاران غەمخوار
فەرزەندان خاس هەم ماڵ و سیار
تاڵع جە بەختم چون ڕەهنموونەن
حساب ماڵم جە حەد ئەفزوونەن
وەلێ عادەتم چون هەن سیاحەت
موشکڵەن کەرۆم من تەرک عادەت

واتە: نۆرە کەوتە دەروێشی دووهەم و وتی: من ناوم ئەستێرەیە و پادشای وڵاتی بولغارم و دڵم چوو لە کچێک کە وەکو هەتاو دەدرەوشایەوە و ئەوسا خوازبێنیم لێ کرد و مارەم بڕی، بەڵام کاتێ چوومە پەردە نەمتوانی زاوا بم و ئەوە بوو کە لە خۆم شەرمەندە بووم و جلوبەرگی دەروێشیم کردە بەر و دەشتم گرتە بەر و ئەوەندە ڕێگەم بڕی تا گەیشتمە شارێک بەناوی تەمار، ئەم شارە سەیر بوو، شەش مانگی شەو بوو، وە شەش مانگی ڕۆژ بوو، لەو شارەدا بتخانەیەک هەبوو کە درەختی جۆر بەجۆری تێدا بوو، لەوێدا پیرێک هەبوو دڵپاک کە جلوبەرگەکەی لە قژی سەر چنرابوو و، شەو و ڕۆژ خەریکی پاڕانەوە و لاڵانەوە





بوو، وە من لە نزیک ئەو بتخانەدا نیشتەجێ بووم تا ڕۆژێکیان خەڵک ڕژایە ناو بتخانەکە و هەر کەسێک بۆ نیازێک هاتبوو کە لەپڕ پیرەکە هاتە ئەوێ و هەموو کەوتنە سەر خاک و ستایشیان کرد و ئەوسا هەر کوێر و شەلێک کە لەوێدا بوو ساغ بووەوە و هەموو دڵخۆش بوون و کاتێ من ئەم پەرجۆمە لە ئەو پیرە دی، چوومە لای و ڕووداوی خۆمم بۆ گێڕایەوە و گەلێ گریام و فەرمووی دڵتەنگ مەبە و بڕۆرەوە وڵاتەکەی خۆت و نیازت قبووڵ دەبێ، کە ئەم قسانەی کرد من هەستم بەپیاوەتیی خۆم کرد و ئەوسا دەستم ماچ کرد و کەوتمە ڕێ و کاتێ گەیشتمە وڵاتەکەی خۆم ژنەکە هات بەرەو پیریمەوە و ئەوسا زاوا بووم و لە پاش ماوەیەک بەزکێ دوو منداڵی بوو و ئێستا من گەلێ منداڵم هەیە و بەڵام لەبەرئەوەی فێری گەشت و گێڵ بووم، ناتوانم لە شوێنێکدا نیشتەجێ بم و بەدەروێشی شارەکان و وڵاتەکان دەگەڕێم و کەس نامناسێ.

سەرچاوەکان

١– ناز و نیاز کە بەختەتی حەیدەر بەگی بەرازی نووسراوە.

٢– تەڵای دەستەوشار – نووسراوی: سەدیق بۆرەکەیی.

## سەیفوڵڵای ئەڵڵایارخانی

١٣٠٩ – ١٣٩٣

ئەم هۆنەرەمان ناوی سەیفوڵڵا و کوڕی یەعقووب و لە هۆزی ئەڵڵایارخانییە و لە ساڵی ١٣٠٩ی کۆچی لە دێی دوو چقای کرماشاندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە ساڵی ١٣٩٣ لە تەمەنی هەشتا و چوار ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

سەیفوڵڵا سەرەتا لە قوتابخانە خەریکی خوێندن بووە و پاشان بۆ خوێندن ڕۆیشتووەتە کرماشان و لەوێدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە و لەبەرئەوەی باوکی خاوەن زەوی و کوێخا بووە، ئەویش خەریکی کشتوکاڵ بووە و لە کاری بەناییشدا دەستێکی باڵای بووە، وەکو دەڵێن لە ئەسێرەناسی و ماتماتیکیشدا شارەزا بووە و بیر و هۆشێکی بەهێزیشی بووە و گەلێ هۆنراوی هۆنەرانی کوردی لەبەر بووە و هەموو دەم ئەنجومەنی هۆنەرانی لە دیواخانەکەیدا پێک هێناوە و خەڵک خۆشیان ویستووە.

کاک حەمە عەلی سوڵتانی لە پەڕاوی (حەدیقەی سوڵتانی)دا سەبارەت بەم هۆنەرە دەڵێ: کە هۆنەرێکی بەرز و باڵای کوردی بێژ بووە و زۆربەی ژیانی لە دێی دووچقادا بەسەر بردووە و لە ئەستێرەناسی و بەناییدا وەستا بووە و خەڵک پرسیان پێ کردووە و خۆشیان ویستووە.

سەیفوڵڵا لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و لە هۆنراو هۆنینەوەدا پەیڕەویی لە شێوەی میرزا شەفێع و خانا کردووە و زۆربەی هۆنراوەکانی کۆمەڵایەتی و ئاینین و دیوانەکەی نزیکەی هەزار هۆنراوێک دەبێ، لەلای خزم و کەسوکارەکەیەتی و هێشتا لە چاپ نەدراوە. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

وە سپا خێزی ئەر ئەسکەندەریت بوید
ساحێب خەزانە و سپا و لەشکریت بوید
باج بەدەریا کیر شای هەفت کشوەر بوید
هەمسای سەماوات باج گیر نەخوەر بوید
ئەحـــــوالات چای زوڵمـــــات بزانی
بەقــــا نەدارۆ ئی دنیـــــای فـــــانی
ئەگەر سلێمان حشـمـەتوڵڵا بوید
هەم پێغەمبەر بوید، هەم پادشا بوید
نە حکمـــەت ئاسف بن برخـــیـــا بوید
کلیـــددار گـــەنج دارولســـەفـــابوید
وەختێ مـۆرو مـار نەفـەرمـانت بۆ
بەقــــا نەدارۆ ئی دنیـــــای فـــــانی
ئی پادشـــاهان کـــەردیم یادشـــان
ئەســـەر نەمـــەندن ژ بنیـــادشـــان
هەر شاهەنشاهێ یەک یەک وەسـەد بی
بەعـزێ وەلێشـان وە یەکـسـەد ڕەدبی
گـشت سـاحـێب ئەفسـەر تێغ نگین بین
گشت فەرمانفەرمای ڕووی سەر زەمین بین
شەو و ڕۆژ مەشغووڵ عەیاشی و نۆش بین
گـوڵناری بادە و مـەست و مـەدهۆش بین
سـاق سـاقـیـیان شـیـرین ئەندامـان
زلێـخـا تەلعـەت شـیـرین کەلامـان
مـــەی نەگـــەردش بێ نەدەوران جـــەم
پەیدا نمەویا ئەســـڵـــەن زەڕێ غـــەم



گۆششان نەدەنگ ساز و سەمتوور بی
کەللەی شاهیشان پڕ نەغـورور بی
یەک یەک وەی تەورە ئامـــــان ویەردن
خەیاڵ کە ئەسڵـەن شاهی نەکەردن
یەک یەک سپای مەرگ ئاما نەڕێشان
نە گـەنج، نە شـاهی نەمـەند پەرێشان
«سەیفوڵڵا» دڵتەنگ نەو ژی دنیای ناکەس
وەی گـەردش چەرخ دنیـای دوون پەرەس
تۆ کـــەمـــتـــر بەندەی دەرگـــای ئەوانی
بەقــــا نەدارۆ ئی دنیـــــای فـــــانی

واتە: وەکو ئەسکەندەر ئەگەر خاوەنی لەشکر و سپا بیت و باج لە حەوت وڵات بسێنی و خاوەنی فەڕ و شکۆ بی بێ سوودە و ئەم جیهانە ئەمەکێکی نییە، وەیا ئەگەر وەکو سلێمان خاوەن فەڕ و شکۆ بێ وەیا وەکو پێغەمبەر خۆشەویست بێ و، مار و مێروو لە ژێر فەرمانتدا بن، وە مرۆ و جنۆکە و دێو دیدەوانت بێ و زمانی تەواوی وڵات بزانی، دیارە بێ سوودە، چونکە جیهان ئەمەکی نییە. پادشاکان کە خاوەن تاج و تەخت فەرمانڕەوای زەوی بوون، شەو و ڕۆژ خەریکی ڕابواردن و مەست و سەرخۆشی بادە بوون و مەیگێڕان بادەیانی بۆ گێڕاوە و خەم و پەژارەیان نەبووە و هەموو دەم گوێیان لە ساز و سەمتوور بوو، لەخۆبایی بوون و هەموویان بەو جۆرە هاتوون و چوون و مەرگیش هاتووە و ئەوانی بردووە و ئیتر نە گەنجیان ماوە و نە خۆیان و نە ناویان، کەوابوو ئەی «سەیفوڵڵا» تۆ خەم و پەژارەی چی دەخۆی، خۆ ئەم جیهانە ئەمەکی نییە.

سەیفوڵڵا لە پارچە هەڵبەستێکی تردا داخ و موخابنی پێشینیان دەخوا و ڕۆژێکیان ڕێی دەکەوێتە شوێنەوارێکی کۆن و کەلاوەیێک دەبینێ و بەم چەشنە لەگەڵیدا دەکەوێتە وتوێژ و دەڵێ:

وە ڕاویـــــــاران، وە ڕاویـــــــاران
ڕاویـــارێ بـــیـــم چـــون ڕاویـــاران
لاڵیـــام وە کـــەریم کـــارســـاز کـــاران
ئامـــــام وە خـــــرۆش چوم وەڵگ داران
تا فـــەردێ وە نەزم قـوللەی کـۆسـاران
تەفـزیل بکەم وەسف چون دەفـتـەرداران

خەیاڵێ کەردم هامسەران، یاران
وێم چەنی ڕەفێق چەند دەفتەرداران
وێڵ وێڵ مەگێڵیام وە خاتر خەمین
پەی سەیر گوڵگەشت سارای سەر زەمین
تا رام کەفت وە پای کۆنە کەوانێ
جاگەی بێدی چۆڵ یەک بیاوانێ
نەفەوق کەللەش جاگەی شارێ بی
دەستنیشان دەست شەهریارێ بی
پەخش وە پەشێو حاڵ گشت پەرگەندە بی
هێمان نیشانەی نەزمش مەندەبی
پەرسام ئەی قەسر زیبای زەڕنیشان
ئەووەڵ فەزا بەخش ئیسا پەرێشان
یەخەیلێ وەختەن دنیا ویەردەن
کێ تۆ دەستنیشان ئی زێدەکەردەن
میعمارت کێ بێ تو نەو وەختەدا؟
ئیجادت کەردەن نەی جای سەختەدا؟
مەکان دێوبەند یا ئادەمیزاد
وەی سەر دیارە کێ تۆ کەرد ئیجاد
قەسر ئێدشنەفت دەست کەرد وەزاری
چون دووی دەماوەند دەردش بی کاری
واتش ئەی ڕاویار بارخەم نەکۆڵ
پەی چێش مەپرسی جاگەی بێدی و چۆڵ
چێشتەن وەی کەوکەب و پەردە ساڵان
هەر لێم مەپرسی حاڵ و ئەحواڵان
موختەسەر ماچۆم گۆش بدەر وە من
تا یاوام وەدەور چێهرەی بن بەهمەن
یەک ڕۆژە یەکسەر کارساز کاران
ئامان نەفەوقم پەی ئیزن سەیران



نەقاشان نگین خەرەنگی دەستوور
قەسرێ سازنا چون مینا بلوور
ڕۆشنتەر وە جام گێتی نمای جەم
چون چل چراغان شەوق مەدان وە هەم
هەر وەقت وە خرۆش کەڕەنای ئەژدەر
مەنیشت وە ئەیوان کاو و کۆ و کەمەر
مەنۆشان بادە بەزم بادە نۆش
خاستەر جە خەسرەو لاڵ بەخش لاڵپۆش
ساقییان سەرمەس مینامەی نە کەف
هەردەم دەور مەدان نەما بەین سەف
خاسە کەنیزان سەرگۆنا گوڵنار
مەڕەقسیان وەدەنگ ساز مۆسیقار
زیڕەی موتربان چەنی نەغمەی ساز
مەلەک نە سەما مەکەردش پەرواز
هەر ژ ئێوارە تا وە سوبحەدەم
شەم و ستاران سۆزیان چون هەم
نە خەیاڵ نەوین دنیا مێهمانە
عاقبەت سەفەر هەر پەشیمانە
وەو تەور ویەردن وە بێ مدارا
سەرگوم بین وە خاک نمناک سارا
نەودوما چەند شا چەند میرم دیەن
چەند ساحێب کەماڵ تەدبیرم دیەن
یەکێ تر چو چێهر پەیدا نمەبۆ
قەسرم بسازی تازەکەی ژنۆ
با هەر بمانۆم پەی زووخ زامەت
هەرزدەی زام بۆم تا ڕۆی قیامەت
تەرسم ئەوەن هەس لەی ڕۆزگارە
چەند پادشاهان کەردەن ئاوارە

گەردوون کەچباز تاسش نە کارە
جەمعێ دڵشادە، جەمعێ خەمبارە
ئەر شا، ئەر گەدا، ئەگەر خوندکارە
عاقبەت زێدش گۆشەی مەزارە

واتە: ڕۆژێکیان بەڕێبواری کەوتمە گەشت و گێڵ و لە خوای مەزن پاڕامەوە و لە پاشا ڕێم کەوتە کەلاوەیەک کە لەسەر تەپۆڵکەیەکدا بوو، وا دیاربوو کە شوێنەواری کۆشکێکە و لێم پرسی ئەی کۆشکی جوانی زێڕنیشان، لەبەرچی پەرێشانی؟ دیارە دەورێکی زۆر بەسەرتا تێ پەڕیوە، کێ بناغەی تۆی ناوە و کێ دروستی کردووی؟ کەلاوەکە کە ئەمەی بیست و دەستی کردە گریان، وەکو دەماوەند دووکەڵ لە لووتکەیەوە هەڵسا و وتی: ئەی ڕێبواری خەم بەکۆڵ، من لە دەوری بەهمەندا ئاوا کرامەوە، وە وەکو جامی جیهان نما ڕوون بوومەوە و چل چرا لە ناوم هەڵدەکرا و، مەیگێڕان لەناومدا مەییان دەگێڕا و کەنیزەکان سەمایان دەکرد و سازژەنەکان سازیان لێ دەدا، وە هەر لە بەیانییەوە تا شەو خەڵک بەناومدا دەگەڕان، سەرئەنجام هەموو مردن و لەناوچوون و لە ناو خاکدا شارانەوە و پاش ئەوانەش چەندین میر و چەندین خونکارم دی و منیش کەم کەم کاوڵ بووم و بەم چەشنەم لێ هات کە دەبینی، لە چەرخی گەردووندا هەندێ دڵشادە و هەندێ خەمبارە، ئەگەر شا بی و ئەگەر گەدا، سەرئەنجام جێت گۆشەی گۆڕستانە.


سەرچاوەکان

١– حدیقەء سلطانی – تألیف محمد سلطانی – تهران، ١٣٦٤.

٢– دیوانی سەیفوڵڵای ئەڵڵایارخانی کە لە ساڵی ١٣٨٥ی کۆچیدا نووسراوە.

٣– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەئەڵڵایار خانی.




## حاجی نوور عەلی ئیلاهی

١٣٩٢–١٣١٣

ئەم هۆنەرەمان کە کوڕی حاجی نیعمەتوڵڵای جەیحوون ئاواییە بەپێی پەڕاوی (اثار الحق) لە ساڵی ١٣١٣ی کۆچی لە دێی جەیحوون ئاوادا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. هەر لە منداڵیدا لە لای باوکی خەریکی خوێندن بووە و پاشان ڕۆیشتووەتە کرماشان و لەوێدا قورئانی پیرۆز و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامی خوێندووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لەپاش ماوەیەک کەوتووەتە گەڕان و چووەتە بەغدا و کەربەلا و نەجەف و سەرێکیشی داوە لە کاکەییەکانی خانەقین و ئەوسا گەڕاوەتە زێدەکەی خۆی و لە پاشا لە کاری میریدا دامەزراوە و لە ساڵی ١٣٣٦ خانەنشین بووە و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک و نووسینی وتار و پەڕاو و هۆنینەوەی هۆنراو بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٩٢دا لە تاران کۆچی دوایی کردووە و لە شاری هەشتگرددا نێژراوە.

نوور عەلی یەکێ لە زانایانی کوردی یارییە و سەبارەت بەڕێ و ڕچەی یاری گەلێ نووسراوی نووسیوە کە هەندێکی بریتین لە: "برهان الحق، معرفه الروح، آثار الحق، تفسیر القرآن، فرقان الاخبار"، وە گەلێ هۆنراویشی بەزمانی کوردی هۆنیوەتەوە ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە زانایە کە دەڵێ:

مەتوای بزانی، مەتوای بزانی
ئازیزم ئەگەر مەتوای بزانی
ئوسووڵ عەقاید دین و مەبانی
ئێدەن مەواچۆم دەرک کەرمەعانی
ئەوەڵ خوداوەن نەزا و نەمەردەن
قادر موتڵەق بێ هەمتا و فەردەن
ژەو دەلائلێ کول مووەحدین
شناسان خودا بایەد بشناسین
دووەم خوب بزان گردی مەوجوودات
چون سونع خوداس زاتەن و خووب هات
بەد ژ عەمەلەن گەر کەسێ بەدکەرد
پەی مەحومیسلش بایەد یەکێ جەهد
نیکان هەم هەر کەس وە هەر مەقامی
مەعرووف بی یا بەد کەی ئیحترامی

سووەم هەر ئانچیٚ نیکەن وە دەوران
تیٚبق موقتەزای زەمان و مەکان
پەی ئینتزام و ئاسایش خەلق
موئەسرهەنەن مەسدەرش وەحەق
شعارویٚت ساز عەمەل کەر تەمام
وەزددش پەرهیٚز ئیٚدەن سەرئەنجام
ژەو بەعد مەزهەبیٚ گەر ژ ئی ئوسووڵ
موخالف نەبۆ تۆکەردی قەبووڵ
سەحیحەن وەلیٚ با شەرت ئیمان
بیٚ شک و تەردید عەمەل کەی وەئان
"نوور عەلی" تەحقیق کەردش واتش ئین
جەوهەر ئەدیان هەنەن وە یەقین

واتە: ئەگەر بتەویٚ کە بەڕیٚ و ڕەوشتی ئاین پەی ببەی و تیٚ بگەی، ئەم بڕوایەت پیٚ هەبیٚ: یەکەم بڕوا بەتاق و تەنیایی خوا بیٚنە، چونکە ئەو بیٚ هاوتا و بیٚ هاوبەش و نەزا و نەمر و نادیارە، دووەم خوا لە هەر دەور و خول و شویٚن و جیٚگایەکدا هەیە و بەفریات دەگا، ئەوەش دەبیٚ بزانی کە تەواوی گیانلەبەران خوا دروستیانی کردووە، خراپی لە کردەوەدایە ئەگەر کەسیٚک بیکا، وە بۆ چاکان دەبیٚ ڕیٚز دانیٚ. سیٚیەم ئەو کەسەی کە چاکە و دیارە چاکەی بەر هەموو کەسیٚک دەکەویٚ، جا دەبیٚ چاکە بکەیتە دروشمی خۆت تا لە هەردوو جیهاندا ڕزگار بی.


سەرچاوەکان
١- آثار الحق - تالیف نور علی الهی - تهران، ١٣٥٧.
٢- مشاهیر اهل حق - تالیف: صدیق صفی زاده - تهران، ١٣٦٠.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەنوور عەلی ئیلاهی.




## سەی شوکورولّلای قووچاخی

١٣١٨ - ١٣٩٣

ئەم هۆنەرەمان ناوی شوکروڵڵا و کوڕی سەی ڕەحمەتوڵڵای حەسەنییە و بەچەند پشت دەچیٚتەوە سەر مەلا ئەبوبەکری موسەنیف. بەپیٚی ئەو زانیارییانەی وا کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٣١٨ی کۆچی لە دیٚی زەکی بەگی سەرووی هەوەتووی سەر بەسەقزدا لە دایک بووە و هەر لەویٚشدا پیٚ گەیشتووە هەر لە منداڵییەوە لە لای حاجی شیٚخ حەمەی شاڵیشەلی خەریکی خویٚندن بووە و لە پاشا بەفەقیٚیەتی گەڕاوە و ماوەیەک لە سابلاٚخ لە مزگەوتی سوور لە لای قازی فەتاح خویٚندوویەتی و ماوەیەکی زۆریش لە کەرکووک بووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە سنە و لە لای سەی بەها خەریکی خویٚندنی فیقە بووە و لە پاشا چووەتە سلیٚمانی و لەویٚدا خویٚندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زیٚد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی ڕیٚنویٚنیی خەڵک بووە و لە ساڵی ١٣٦٦ باری کردووەتە دیٚی قووچاقی هۆبەتوو و ئیتر پاشماوەی ژیانی بەڕیٚنویٚنی خەڵک و کاری کشتوکاڵ بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٩٣ لە تەمەنی حەفتا و پیٚنج ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لەویٚدا نیٚژراوە.

سەی شوکروڵڵا پیاویٚکی پاریٚزکار و ڕەوشت بەرز بووە و لەگەڵ ئەوەی مەلا بووە و ڕیٚنویٚنیی خەڵکی کردووە، بەڵام تا ماوە خەریکی کشتوکاڵ بووە و شان بەشانی تەنگوچەڵەمەی ڕۆژگار ژیانی بەکشتوکاڵ ڕابواردووە بەبیٚ ئەوەی چاو ببڕیٚتە دەستی خەڵک و لە خەڵکی ئاواییەکە شتیٚ وەرگریٚ.

سەی شوکروڵڵا لەسەر ڕیٚ و ڕچەی قادرییش دەڕۆیشت، بەڵام بڕوای بەو کارانەی وا دەرویٚشەکانی قادری دەیکەن نەبوو، ڕیٚ و ڕەوشت و خووی بەرزی ئەم سەیدە زانایە لەم باسەدا ناگونجیٚ و پیٚویستی بەپەڕاویٚک هەیە.

سەی شوکروڵڵا زانایەکی گەورەی ئاینی بووە، لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستیٚکی بەرز و باڵای بووە و هەر لە تافی جوانیدا خەریکی هۆنینەوەی هۆنراو بووە و یادگاری ئەو دەورەی "شەماڵ و زەلان"یٚکە کە بەزاراوەی گۆرانی هۆنیویەتەوە و بەبەرهەمیٚکی بایەداری ویٚژەی کوردی دیٚتە ژمار.

ئەڵبەت دەبیٚ ئەوەش بڵیٚین کە ئەفسانەی شەماڵ و زەلان لە لایەن میرزا شەفیعی کولیایی و فەقیٚ عەبدولی بۆرەکەییشەوە هۆنراوەتەوە کە هەر کام بەشیٚوە و سەلیقەی خۆیان ئەم ئەفسانەیان هۆنیوەتەوە.

بەپیٚی ئەم ئەفسانە زستان وەکو خانیٚکی ملهوڕ و ستەمکار تەواوی کیٚو و بەندەکانی

کوردستانی بەهۆی لەشکری زەلانەوە داگیر کرد و خێوەتی سەرماوسۆڵەی تێدا چەقاند و بەفر هەموو جێگا و شوێنێکی داپۆشی و ڕێی بەرێبوار گرت و بەم چەشنە دەستی کردە ملهوڕی و ئەوسا شەماڵ لە ئاخروئۆخری زستاندا لەشکرەکەی خۆی ئامادە و بڕبڕی کردەوە و هێرشی هێنایە سەر زەلان و بەم چەشنە شەڕی شەماڵ و زەلان لەسەر شاخەکانی کوردستاندا ڕووی دا و لە پاش ماوەیەک لەشکری زەلان تێ شکا و شەماڵ بەفری توانەوە.

سەید شوکروڵڵا سەرەتای پەڕاوەکەی بەستایشی خوا و پێغەمبەر دەکاتەوە و لێیان دەپاڕێتەوە و داوای لێبووردنیان لێ دەکا و دەڵێ:

بە تەوفیق وێت پادشای قەدیم
ئەووەڵ بیسمیلا رەحمان ڕەحیم
فەریادرەس هەر تۆی جیهان ئافەرین
(الحمدلله رب العالمین)
خودا هەر تۆنی خەبیر و قەدیر
دانا بەهەر سیرخەفای تۆی زەمیر
ڕازقی پەرێ کولی زی ڕۆحات
مەل و مۆر و مار تەمام وەحشیات
ئیجادت کەردەن تەمام مەخلووقات
زیندە مەکەری جەمیع ئەموات
بە وەعدەی شەش ڕۆ زەمین و سەما
هەم عەرش و کورسی تەمام مافیها
تەقریرت کەردەن خالق ئەعزەم
خەلقت کەرد نە خاک حەزرەت ئادەم
ئافتاو و مەهتاو بەنوور پەروەردەن
هەر وێت مەزانی وێت چێشت کەردەن
سەلات و سەلام، رەحمەت بێ حەد
بوارۆ وە سەر توربەت ئەحمەد
دمای حەمد زات واجبولوجوود
سەلات و سەلام سەید مەحموود



نیازم ئێدەن جە خودای جەهان
ئیزهار کەین تەمام خەزێنەی نەهان
جە ماجەرا و نەقڵ شەماڵ و زەلان
بواچین چەند شیعر بۆ وە داستان

واتە: خوایا سەرەتا بەناوی تۆوە ئەم باسە دەست پێ دەکەم، ئەی خوای مەزن! هەر تۆ ئاگەدار و بەدەسەڵاتی و هەموو شتێک لە تۆوە دیارە و تۆ ڕۆزیدەری هەموو گیاندارێکی و لە ڕۆژی پەسڵانیشدا تەواوی مردووان زیندوو دەکەیتەوە، لە ماوەی شەش ڕۆژدا ئاسمان و زەویت داهێنا و لە پاشا ئادەمت خوڵقاند و خۆر و مانگ بەتیشکی تۆ ڕووناکە و دروودی بێ ژمار لەسەر پێغەمبەری گەورەی ئیسلام و لە پاش ستایشی خوا و پێغەمبەر، نیازم وایە ڕووداوی (شەماڵ و زەلان) دەست پێ بکەین. لە پاشا دەڵێ:

دوو مانگ مەندە بێ پەرێ زمستان
بەفر ئاما بەوار بەوێنەی مەستان
سارا و کەش و کۆی وڵکەی کوردوسان
داگیر کەرد تەمام ئەوخان زوسان
قەتع کەردش یەکسەر ڕاگەی راویار
مەردوم گرد نیشتن وە زار و زگار
وە زار و زگار وەدڵەی سۆزان
گرد جە یانەی وێش ئاهێر فرۆزان
گاهێ مەواتن خودا کەریمەن
نە هەر وەخت تەنگ لوتفش عەمیمەن
شەماڵ هەم ئاما بەقین و بەقار
لەشکرش ئاوەرد پەی دەشت و کۆسار
تیپێ قەراردا پەی شار سەقز
بەرپا کەردشان گرد ئاڵای قرمز
تیپێ کیانا پەی شار سابڵاخ
بەرپا کەردشان هەزاران بەیداخ
تیپێ ڕەوان کەرد پەی شنۆ و لاجان
دنیا لێشان کەن وەئاخر زەمان

ولآتش سەختەن مەرگەوەر مەحالّ
باوەران بەحوكم بەزەرب گۆپالّ
قۆشەن ڕەوان کەن پەی شارتاران
باوەران بەدەست پاتەخت ئێران
بدەن وەهەمدا دەربەند ئەلّوەند
بكەران تاراج سپای دەماوەند
جەودما سپا یەكسەر بەستێز
ڕوو بكەن پەرێ مەحالّ تەورێز

واتە: دوو مانگ بۆ وەرزی زستان مابوو کە بەفر هەموو شوێنێکی داگیر کرد و دەشت و کەژ و کێوی کوردستانی بەجارێ پڕ کرد لە بەفر، بەجۆرێ کە ڕێی ڕێبواری بڕی، وە خەڵک بەپەژارە و خەفەتەوە دانیشتن و لە مالا ئاگریان هەڵدەکرد و خۆیان پێ گەرم دەکردەوە، ئەوسا وتیان خوا گەورەیە و لە تەنگانەدا دەگاتە فریامان، شەمالّ لەپڕ بەڕقەوە هات و لەشکرەکەی هێنایە دەشت و کۆسار و تیپێکی لە شاری سەقزدا دانا و چەند خێوەتی سووری هەڵدا و تیپێکی ناردە سابلاخ و چەندین ئالایان لەوێدا هەڵکرد، تیپێکی ناردە شنۆ و لاجان و وتی تەنگیان پێ هەڵچنن، ولآتی مەرگەوەڕ دیارە زۆر سەختە و دەبێ بەگۆپاڵەوە بیهێننە دەست. لەشکر بنێرنە شاری تاران و ئەو شارە کە پایتەختی ئێرانە بیگرن، تەواوی دەربەندی ئەلّوەند بدەن بەیەکا و دەماوەند تالآن کەن و ئەوسا بەشەڕەوە ڕوو بکەنە تەورێز.
پاشان دەڵێ:

وەفر کە زانا وەی ڕەمز و ئەسرار
فەرما جاڕچیان دەردەم کەفت وەشار
جاڕکێشان وەگرد کۆڵان و بازاڕ
گرد ئامادەبان پەی ڕەزم و پەیکار
کەڕەنا ژەندن شاهانە دەستوور
جە نرکەی بۆران بی وەنەفخ سوور
جەنگی جەنگیان بێداربین جە خاو
پۆشان وەبەدەن ئەسلّحە و ئەسپاو
مەردان نێکنام سەردار سپا
سپای خان تەم عەلەم کەرد وەپا



جە گوڕەی شەمالّ، جە زیڕەی زەلان
خێزا بی نەودەشت سەدای ئەلئەمان
کارێ کەردشان سەرما و تۆفان
ڕووی دنیا کەردن وە ئاخرزەمان
جە سپای شەمالّ بێ حەد کوژیا بێ
شکست قایم پەنەش دریا بێ
سێ شەو و سێ ڕۆ جەنگ کەردن تەمام
نە شەو خاوشان کەرد، نە وەڕۆ ئارام
نەسیم بەفەرمان سوڵتان بەهار
یەکسەر ولآتان کەردش خەبەردار
جە هەر دیارێ مەگرتش مەکان
بۆی عەتر عەبیر مەکەردش هەرزان
جە نالّە و سەدای ئەو رەعد وەهار
ئاما نە لەرزە گرد کەش و کۆسار
مەڕێزا بەجەخت باران و تەرزە
ئەندام وەفر ئاما وە لەرزە
هەور جە رووی هەوا شەمالّ جە زەمین
مەدان جە بەفر بەقار و بەقین
بە ئەمر قودرەت شاه لامەکان
جە ڕووی هەواوە تەمام گرتش سان
وا جە رووی زەمین، هەور جە رووی هەوا
زەڕ ئەفشان کەردن کەش و کۆ و سارا
جە شریخەی ڕەعد جە بریقەی بەرق
گشت بی وەگوڵزار نە غەرب هەتا شەرق
گوڵ و وەنەوشە ئامان کۆبەستن
جە تۆف و سەرما و زمهەریر ڕەستن
وەفریش بی وەئاو نەکەش و کۆسار
بولّبولّ و قومری ئامان وەگوڵزار

زۆســـــان شـی وەهار ئامـــــاوە جـــــە نۆ
شنۆی بای شـەماڵ کـەفت وەکـەش و کۆ

واتە: بەفر کاتێ ئەم ڕازەی بۆ دەرکەوت، فەرمووی کە جارچییەکان کەوتنە ناو شار و جارِیان کێشا کە هەمووتان بۆ شەڕ و پەیکار ئامادە بن، دایان لە کەڕەنا و لە نرکەی بۆران، شەڕکەران لە خەو وریابوونەوە و هەموو جلوبەرگی ڕەزمیان کردە بەر و چەکیان هەڵگرت و سپای تەم ئاڵای شەڕی هەڵکرد و لە گوڕەی شەماڵ و لە زیڕەی زەلان دەشت و کێو دەنگی دایەوە و سەرما و تۆف هەموو شوێنێکیان داگیر کرد و گەلێک لە لەشکری شەماڵ کوژرا و لەو شەڕەدا تێ شکا، سێ شەو و سێ ڕۆژ لەگەڵ یەکدا شەڕیان کرد و نە شەو خەویان لێ کەوت و نە ڕۆژ ئارامیان گرت، شەماڵ بەفەرمانی پاشای بەهار تەواوی خەڵکی ئاگەدار کرد و لە هەر شوێنێکدا کە ڕادەوەستا بۆنی خۆشی بەناو خەڵکدا بڵاو دەکردەوە، لە ناڵەی هەورە برووسکە تەواوی کەژ و کێو کەوتە لەرزین و ئەوسا باران و تەرزە بەتوندی باری و لەشی بەفر کەوتە لەرزین، هەور لە ڕووی هەوا و شەماڵ لە زەوی دەیاندا لە بەفر بەقین و بەقار، بەفەرمانی خوای تاق و تەنیا هەورە برووسکە گرمانی و باران باری و خۆر هەڵات و خۆر ئاوای وڵات بووە گوڵزار و ئەوسا گوڵ و وەنەوشە کۆبوونەوە و لە تۆف و سەرما ڕزگاریان بوو، بەفریش لە کەژ و کێوەکاندا بووە ئاو و بوڵبوڵ و قومریش هاتنە ناو گوڵزار و بەم جۆرە زستان ڕۆیشت بەهار لە نوێ هاتەوە و سروەی شەماڵ کەوتە کەژ و کێو.

هۆنەر لە پاش کۆتایی هێنانی ڕووداوی شەماڵ و زەلان دەکەوێتە پەند دادانی خەڵک و لە خوای مەزن دەپاڕێتەوە و دەڵێ:

ئامـــان صـــەد ئامـــان یاران جـــانی
هیچ مـــەبن غـــرره بـەی دنیـــای فـــانی
پـەرهێـــز بکـەران جـــە درۆ و بوهتـــان
تـا جـــە ئاخـــرەت نەون پەشـــیـــمـــان
داغ و حـــەســـرەت و هـەم پەشـــیـــمـــانی
هیچ نەدارۆ ســـوود جـــەو ڕای زوڵمـــانی
نە جـــای فـــەریادەن نە جـــاگـــەی هانا
مـــــــــەر بـەیـۆ بـەداد داوەر دانـا
ئامـــان هامـــدینان بـۆ رەزای ســـوبحـــان
نمـــازو رۆژە بـــەجـــــــــا بـــاوەران



ئەو ڕا تاریکەن هەم جـادەی عـامـەن
هەر کـەس خـێرش بۆ دنیـاش بەکـامـەن
قـەوڵ ئـی فـەقـیـر بگێـران نـە گـۆش
زکـر زات حـەق مـەکـەن فـەرامـۆش
یا حـەی وە ئیـعـجـاز ئەو کـەلامـولڵا
نە سـۆزۆ بەنـار جـەسـەی شـوکـرولڵا
هـەزاران دروود هـەزاران ســـــەلام
بـەرەوزەی پاک شـای خـەیرولئـەنام

واتە: ئەی یارانی گیانی! ئامان سەد ئامان ئەم جیهانە هەڵتاننەخەڵەتێنێ و دەسخەرۆی مەبن و لە درۆ و بوختان خۆتان بپارێزن تا لە ڕۆژی دواییدا پاشگەز نەبنەوە، چونکە لەو ڕۆژەدا پەشیمانی سوودێکی نییە، نە جێی هاوارە و نە جێی هانا، مەگەر هەر خوای مەزن خۆی بەهانای بنیادەم بگا، هانا ئەی هاوەڵان! نوێژ و ڕۆژووەکەتان بهێننە جێ و ئەنجامی بدەن، چونکە ڕێگەکەتان زۆر دوور و تاریکە، هەر کەس لەم جیهانەدا چاکە بکا لەو جیهانەدا بەختەوەرە و قسەکانی ئەم هەژارە لە گوێ کەن و خوا فەرامۆش مەکەن و هەموو لە بیری خوادا بن. خوایا بۆ خاتری سیپارەی پیرۆز لەشی (سەی شوکرولڵا) لە ناو ئاگردا نەسووتێنی.

شەماڵ و زەلانەکەی ئەم هۆنەرە هەر بەخەتی خۆی ماوەتەوە و هێشتا لە چاپ نەدراوە.

سەرچاوەکان
١- شەماڵ و زەلان - بەخەتی سەی شوکرولڵای قووچاخی.
٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەسەی شوکرولڵا.

## میرزا ئەحمەدی داواشی

١٣١٨ - ١٤٠١

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەحمەد و کوڕی محەمەدی داواشییە و بەپێی پەڕاوی (حەدیقەی سوڵتانی) لە ساڵی ١٣١٨ی کۆچی لە روانسەردا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا دایکی مردووە و خەم و پەژارە دڵی داگرتووە و لە پاشا باوکی ناردوویەتە دێی تم تم و لە لای مەلا حەمە حەسەنی جوانڕۆ خەریکی خوێندن بووە و لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا وازی لە خوێندن هێناوە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە

کاروباری داواشییەتیدا یارمەتیی باوکی داوە، چونکە باوکی پێشکاری حەمە سادق خانی ئەردەڵان بووە، لە پاش مردنی باوکی چووەتە لای عەباس خانی سەردار و پاشان کاتی خۆی بەکشتوکاڵ بردووەتە سەر و ژیانی بەم چەشنە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٤٠١ لە تەمەنی هەشتا و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە گۆڕستانی وەیس لە جادەی کرماشان روانسەر بەخاک سپێرراوە.

میرزا ئەحمەد بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کورد دێتە ئەژمار، وە لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و سەری کێشاوەتە دەرگای هەموو چەشنە هۆنراوێکەوە: دڵداری، کۆمەڵایەتی، ئاینی و، وەکو دەڵێن هەندێ جار لەگەڵ خەڵکدا بەهۆنراو دەدوا و، لەگەڵ ئەوەشدا هۆنراوی زۆربەی هۆنەرانی کوردی لەبەر بووە و، لەگەڵ زۆربەی هۆنەرانی کوردستاندا ئاشنایەتی و دۆستایەتیی هەبووە و، لەگەڵ نەواکانی مۆسیقای کوردیدا ئاشنایەتیی هەبووە، وە زۆر دیندار و پارێزگار بووە، دیوانەکەی نزیکەی بیست هەزار هۆنراو دەبێ و هێشتا لە چاپ نەدراوە.

ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

سیاپۆشەکەم، سیاپۆشەکەم
وەش ئامای ئەی مای سیاپۆشەکەم
شۆخم شیرینم شەکەر نۆشەکەم
چون شەکەر و شیر تازە جۆشەکەم
گوڵبۆی گوڵ ئەندام گوڵ فرۆشەکەم
نەشتەر دای لە زام تازە جۆشەکەم
زوحاک زاڵم مار نە دۆشەکەم
پەی قەتڵ ناحەق مەزڵووم کۆشەکەم
گۆشوارەی تەڵای زەرد نە گۆشەکەم
نیای بار مەیل وێت نە دۆشەکەم
کرماشان بەنوور وێت ڕەخشان کەردی
چرای بەرق و تۆڕ پەرێشان کەردی
بازاڕش وا گەرم پڕ گەوهەر کەردی
بەخش و مەحاڵش مونەووەر کەردی
فەیض ئاباد جە فەیز فەزات ڕەخشانەن
وە هەر جاش مەدیەی گشت درەخشانەن




دریان وە جەلای رەنگ و رووت پڕ داخ
هەر کەس مەوینۆت هەر مەکێشۆ ئاخ
سەراوسەر چەشمە سەر ئاوش جۆشان
کۆ سفید دیبای سفیدیی پۆشان
پەڕاوپەڕ تا پەڕ، پەڕفشانیشەن
هەر پەڕێ دووسەد پەڕ نیشانیشەن
بێستوون وەیاد فەرهاد دێرین
پۆشا پەردەی خەم جە داخ شیرین
تاقەوسان جەنۆ بەزم شیرین بەست
غولامان سەف سەف کەنیزان دەست دەست
نەکیسا بەبەزم نەوای عەنبەرین
بێدار کەرد خەسرەو لە عەشق شیرین
بارەبود مەدا مۆژدەی ئامای ئەو
شۆڕ شیرین وست لە قەلب خەسرەو
خەسرەو جە شادی غەرق لە شەوق و شوور
شکۆفا چون گوڵ فەرماشیی بە شاپوور:
ئێمشەو شیرینم خەیاڵش کەردەن
گێسووی کەمەندش وستەن نە گەردەن
کەڵکەڵەی کۆکەن یا پەروێزشەن
وە شەودێزەوە ڕەستاخێزشەن
یا هەواڵ مەرگ کۆکەن شنەفتەن
ئاشوفتەن شاپوور، شیرین نەسرەفتەن
شاپوور لە جای من عوزر خوایی کەر
خاستەر لە جاران پەزیرایی کەر
کەنیزان هەروەک مەه و مەهپارە
سەف بدان لە دەور ئەوچون ستارە
وێت بەروەساقی سۆز و گودازش
شاپوور، شیرینەن بکێشە نازش

مەبادا شادی و شەوقش بەتاڵ بۆ
شیرینم ئەوقات شیرینش تاڵ بۆ
تیمچەوچتانی وە گوڵگەشت کەردی
کرماشان یەکسان وەبەهەشت کەردی
باش باڵادەس جوملە مەهوەشان
هەر لە کوردسان تا وە کرماشان
قەدەم وە قەدەم پڕ جە گوڵ کەردی
جەمین جام جەهان وەمەنزڵ کەردی
جەمینت چون جام جەم نمای جەمەن
خورشید لە شێوەی شەوقت ماتەمەن
نەرگس و سۆسەن سەر ئەفکەندەتەن
لوولوو پەڕ مەلوول لەب پڕ خەندەتەن
گوڵباغی بێ ڕەنگ گۆنای گوڵناریت
مرواری پەشێو دانەی مرواریت
موژەی خەدەنگ جۆی ریشەی جگەرکاو
ئەر وەشەست ناز بدەی لە پەڕاو
بێستوون چەنیش پڕ تا پڕ تەواو
مەدۆزۆ و سۆزۆو مەکەرۆش وە ئاو
کۆشش یا بەخشش هەر چێو سەڵاتەن
(ئەحمەد) تا مەحشەر گیان وە فیداتەن

واتە: بەخێر بێی ئەی مانگی ڕەش پۆشەکەم، وەی شۆخ و شیرین و شەکەر نۆشەکەم، کرماشانت بەتیشکی خۆت ڕووناک کردەوە و چرا و کارەبات پەرێشان کرد و بازاڕت پڕ لە گەوهەر کرد، وە هەموو شوێن و جێگایەکت ڕووناک کردەوە، وە هەر کەسێک چاوی پێت بکەوێ هەر ئاخ هەڵدەکێشێ، بێستوون بەیادی فەرهاد، لە داخی شیریندا پەردەی خەمی لەبەر کرد، نەکیسا لە بەزمێکدا خەسرەوی وریا کردەوە و، بارەبود مزگێنیی هاتنی ئەوی دا، خەسرەو لە خۆشیدا نەیدەزانی چ بکا، شیرینم ئەمشەو پەلکەکانی خستە لای ملی و کەڵکەڵەی فەرهادی کۆکەن یا خەسرەو پەروێزی کرد، وە یا هەواڵی مەرگی فەرهادی بیستووە و ئیتر ناتوانێ بسرەوێ، وە کەنیزەکان وەکو ئەستێرە لە دەوری ئەو مانگەدا



ڕاوەستان و کرماشانیان کردە بەهەشت، ئەی شۆخوشەنگەکەم بەڕاستی تۆ شیرینی و لە شیرین دەچی و نێرگس و سۆسەن و لیلۆپەڕ شەرمەزاری تۆن، گوڵباخی بێ ڕەنگ گۆنای گوڵناریتە، مرواری پەشێوی دانەی مرواریتە، دەسا هەرچی ئارەزووتە بێ پێم کە، چونکە (ئەحمەد) تا ڕۆژی پەسڵان گیانی دەکاتە قوربانت.

زۆربەی هۆنراوەکانی میرزا ئەحمەد دەربارەی جوانی و ئەوین و دڵدارییە، وە لە هۆنینەوەی هۆنراودا پەیڕەوی لە هۆنەرانی کۆن وەکو: مەولەوی و میرزا شەفیع و خانای قوبادی کردووە، وە هۆنراوەکانی زۆر سادە و ڕەوانن. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی تری ئەم هۆنەرەیە کە دەڵێ:

ئازیزم مەیلم، ئازیزم مەیلم
جەنۆ تازەبی جەلای تۆ مەیلم
جۆش ئاوەرددڵەی جە خەمان کەیلم
جارییەن هەر شەو جۆی ئەسر کەیلم
سا تۆیچ بۆ چون لەیل سەوزەی سۆسەن خاڵ
تاڵێ زوڵفەکەت بدەر وە شەماڵ
پەی ساکنیی دەرد شەفای ئێش زام
چەنی نەسیمش باوەرۆش وە لام
وەشەن ئەو شەماڵ بەیۆ ژ ڕاوە
چی تایێ جە زوڵف تۆش هان وە لاوە
وە مەرگت قەسەم شەکەر ریزەی راز
جەودەم ئەرواحم مەشۆ وە پێشواز
ڕازیمەن جە ڕای تای گێسووی دڵبەر
نەجای مزگانی بدەم گیان و سەر
پەی چی رێزەی ڕاز ناز دڵ پاچان
ئەر بۆ فیدات بام شەهیدم ماچان
ئەحیانەن ئازیز ئەگەر من مەردم
گیان جە ڕای توغرای زوڵفت سپەردم
ئیمجا جەو دەمدا شۆخ نازارم
تەشریف بار وە پای سەنگ مەزارم

وه حەسرەتەوه نەونەمام نۆم
پەنجەت بماڵە وه خاک گڵکۆم
ئامانت فەرزەن شۆخ شیرینم
مقیراز گازەکەت شیکەر پەی شینم
زوڵفت چون ڕێحان پەخش کەر نە دەورم
دەرساعەت مەبۆ وه بەهەشت قەورم
نە یاگەی تەلقین سوورەی یاسینم
بملاوێنەرۆ ئیمان و دینم
دەم بنێر وەبان گڵکۆی تازەکەم
واچە هەی شەهید تیرنازەکەم
واچەهەی مەجنوون حاڵ پەشێوەکەم
هیجران کێش دەرد خاڵ لێوەکەم
پێکیای پەیکان مۆژەی تیرەکەم
مەقتوول ناحەق بێ تەقسیرەکەم
مەست بادەی مەی لەب چەش نەکەردە
بەسێ حەسرەتان وه گڵکۆ بەردە
سەرهۆردەرمن لەیل خاتر تۆم
زام بەسۆ کەفتەی پای مەزار تۆم
بدیە من پەی تۆ جەرگم پڕ نێشەن
وه ناخوون سەیف ڕوخسارم ڕێشەن
ئەوسا نەپەرسام چێشەن ئازارت
ئیستە مەناڵم نە پای مەزارت
ئەرچی بێ سوودەن لەو سەروەختەدا
زاری کەی وه بان خارای سەختەدا
وەلێ بۆ وه یاد ویەردەی وەرین
لە چەمان مەست بڕێزە ئەسرین
بەل قەترەی ئەسرت بگنۆ وه رووی خاک
وه حەسرەتەوه خاک کەرۆ نمناک



جەودەم پەی مەڵهەم زامان خەستەم
نە گڵکۆمەوه بگنۆ وه جەستەم
بە وێنەی ئەنفاس مەسیحای مەریەم
ئەحیام مەکەرۆ قەترەی ئەسرچەم
وەئیللا "ئەحمەد" بەدڵ مەردەی تۆن
تا ئەبەد سەوزەم ئیمان هەردەی تۆن

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! دیسان دڵم بۆ تۆ کوڵاو فرمێسکم بەخوڕ هاتە خوار، سا تۆیش وەرە وەکو جاران تاڵێ لە زوڵفەکەت بدە بەدەم بای شەماڵەوە، تاکو بۆ داساکانی برینەکانم بهێنێتە لام، خۆشە ئەگەر بای شەماڵ بێتە ڕێوە و هەواڵی تۆم بۆ بێنێ، بەمەرگت سوێند دەخۆم لەو کاتەدا کە گیانم دەردەچێ ڕازیم ئەگەر تۆ پەلکەکانت پەخش و بڵاو بکەیتەوە سەرما، ئەوسا پێم دەڵێن کە لە ڕێی تۆ کوژراوە و دڵەکەی دزراوە، وە ئەگەرهاتوو من مردم و بەخاک سپێررام، تۆ وەرە سەر گۆڕەکەم و پەنجەکانت بماڵە سەر خاکەکەمدا، وە زوڵفەکانت پەخش بکە دەورمدا، ئەوسا من وا دەزانم کە چوومەتە بەهەشت، بەڵام بەمەرجێ بملاوێنیتەوە و دەم بنیتە بان گڵکۆکەمدا و بگری و بڵێی کە ئەم ئەویندارە بەهۆی تیری منەوە کوژرا ئەگەرچی گریانت لەو کاتەدا بێ سوودە، بەڵام گیانم دەگەشێتەوە، وە لەوانەیە زیندوو بمەوە، ئەگینا ئەحمەد بەدڵ مردووی تۆیە، هەتا هەتایە گراو و سەوداسەری تۆیە.

ئەمەش پارچە هۆنراوێکی تری میرزا ئەحمەد کە سەبارەت بەبەهاری جوانی و خەزانی پیری هۆنیویەتەوە و بەڕاستی پارچە هەڵبەستێکی بایدار و بەنرخە لە وێژەی کوردیدا، وەکو دەڵێ:

تۆڕ دام پیری لە سەرتا دامان
هەر ئان ئامادەس پەی نۆجوانان
ئەو بالای عەرعەر نۆنەمامەی تۆ
خەم مەدۆ مەبۆ وێنەی سیاچۆ
ئەو دەستەی زوڵفان خەیاتەی خام تاو
مەبۆ وەرێحان پەژمووردەی بێ ئاو
ئەو چەتر نیمپاچ پرچ تاوس تار
بێ زینەت مەبۆ وێنەی پۆی دەوار

ئاینەی تەوێڵ سیمای سفیدکار
مەبۆ لە تاوشت پیری لەکەدار
ئەی زەڕە خەندە و گوفتار و قسە
مەبۆوە خەفەت پەژارە و غوسە
ئەو قەوس قەتران ئەبرۆی کەمانی
نمەدۆ شەوکەت شێوەی جوانی
ئەی نوتق و ئەخلاق عیشوە و ئیشارە
ئەی غەمزە و ناز و کرشمە و لارە
ئەرچەم چون سووەیل پرشنگ مەشانۆ
شەوق لە ستارەی شەفەق مەسانۆ
مەبۆ وەگردووی شکستەی بێ ناو
لە ڕیش پیری مەیۆ لێش زوخاو
ئەو جیلوەی جەماڵ چون جەلای قەمەر
مەبۆ وەپادەم کوورەی ئاهەنگەر
ماجەرای پیری وەوتەورە بێ شۆن
مەبۆوە زیوار یانەی کەوشەکۆن
جوانیی چون گوڵ لێمان خار مەبۆ
جوانان لێمان دی بێزار مەبۆ
جوانیی بەهار زمسان پیرییەن
وە لە بەدبەختی دامەن گیرییەن
هیچ کەس نەنازۆ وە جوانی وێش
عومر بەو پەلە پیری ها نە ڕێش
"ئەحمەد" وەی دنیا خاتر مەکەر شاد
پیر مەوی مەشۆ جوانیت جەیاد

واتە: پیری هەموو کاتێ داوی خۆی بۆ جوانان دەنێتەوە، ئەگەر لاوێک هەرچەند کەڵەگەت و باڵا بەرز و جوان و پێکەوتوو بێ، پیری بەرە بەرە دەیچەمێنێتەوە، وە پێکەنینی مرۆ دەکاتە خەم و پەژارە، وە خوو و خدەی دەوری جوانی دەگۆڕێ، وە مووی ڕەشی مرۆ سپی دەکا و، جوانی کە وەکو گوڵە، دەیکاتە چقڵ و درۆ و، لە ڕاستیدا جوانی و لاویەتی بەهارە و



پیری زستانە، وە هیچ کەسێک نابێ بەجوانی و گەنجی خۆی بنازێ و دەبێ لەگەڵ زەماندا بسازێ، دەسا ئەی (ئەحمەد) بەجیهان دڵخۆش و شاد مەبە، چونکە سەرئەنجام پیر دەبی و جوانیت لە بیر دەچێتەوە.

سەرچاوەکان
١- حدیقەء سلطانی – تالیف محمد علی سلطانی – تهران، ١٣٦٤.
٢- دیوانی میرزا ئەحمەدی داواشی – کە لە ساڵی ١٣٦٨ی کۆچیدا نووسراوە.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمیرزا ئەحمەدی داواشی.

## خورشید خانمی داواشی

١٣٢٠ – ١٣٨٦

ئەم هۆنەرەمان ناوی خورشید و کچی محەمەدی داواشییە و بەپێی پەڕاوی (حەدیقەی سوڵتانی) لە ساڵی ١٣٢٠ی کۆچی لە ڕوانسەردا لە دایک بووە و هەر لەوێدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا لەلای مامۆستای تایبەتیدا فێری زمان و وێژەی فارسی و عەرەبی بووە و کە مێردی کردووە هەر خەریکی خوێندنەوەی دیوانی هۆنەرانی کورد و فارس بووە، بەجۆرێ کە خۆی خەریکی هۆنینەوەی هۆنراو کردووە ژیانی بەم چەشنە بەخێوکردنی منداڵ و هەڵسووڕاندنی کاروباری ناو ماڵ و هۆنینەوەی هۆنراو بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٨٦ لە تەمەنی شەست و شەش ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی براوەتەوە دێی سادق ئاوای ڕوانسەر و لەوێدا نێژراوە.

خورشید خانم لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردیدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و وەکو دەڵێن دیوانێکی بەرز و نایابی بووە، بەڵام بەداخەوە ئەو دیوانەی لەناوچووە و هەندێ هۆنراوی ماونەتەوە ئەویش دەم بەدەم دەیگێڕنەوە، وە ئەم پارچە هەڵبەستە نموونەیەکە لە هۆنراوەکانی ئەو کە دەڵێ:

یەخورشید واتەن دایم غەمینەن
غەمین دووری سەفائودینەن
یاخوا مەرگی نەوێنم وە چاو
نەیژنەفم وە گۆش نەیوێنم وە خاو
سەروەکەی باڵای هەر بەهاری وێت
سەروی چەمەنان شەرمساری وێت

لە دوازدە مانگە لێی واری باران
خەزان نەکەرۆ چون باقیی داران
جادار عەزیز پیر ئیرشاد بۆ
وەکیل زیندەی غەوس بەغداد بۆ
ناڵەی مەستانەی تەکیەش هەر بەرز بۆ
پەناگای دەروێش ئەبداڵ مەرز بۆ
مەیخانەی مەعنیش هەر بەرقەرار بۆ
با خەبەر جە ئەمر لەیل و نەهار بۆ
جەلای سینەی سەرد گوناباران بۆ
ئوستاد سەرمەست ڕۆزگاران بۆ
زنجیر لوتفش نیان بەگەردەن
ئەهلی و ڕامم کەرد تا وەرۆی مەردەن
بەڵکەم جە ئەلتاف وێنەی ئەو شایێ
ڕابعەی دەوران گوم کەردە ڕایێ
بگنۆ وەسەر ڕای تاعەت کاریدا
بەر بیۆ جە حوکم سەنگساریدا
بواچۆ سەرمەست بادەی شاکریم
کەلب ئاسانەی عەبدولقادریم

واتە: یاخوا مەرگی سەفائودین نەبینم و بەگوێ بیبیسم و نە بەخەو بیبینم، چونکە سەوڵی چیمەنەکان شەرمەزاری باڵای ئەوە و ئەو جێگری پیرە و نوێنەری زیندووی شێخ عەبدولقادری گەیلانییە و پەناگای دەروێش و عەبداڵە و مامۆستای سەرمەستی ڕۆژگارە و هەر ئەو بوو کە منی ڕام کرد و خستمیە سەر ڕێی ڕاستی خوایی و پیری ڕاستەقینەم هەر ئەوە و لە خوام دەوێ کە هەمیشە ساخ و خۆش بێ.

سەرچاوەکان


١– حەیقەء سلطانی – تألیف: علی محمد سلطانی – تهران، ١٣٦٤.
٢– بەیازێک کە لە ساڵی ١٣٨٥ی کۆچیدا نووسراوە.




## شامی هەرسینی

١٣٢٧ – ١٤٠٢

ئەم هۆنەرە پایەبەرزە کە لە ئاسمانی وێژەی کوردەواریدا وەکو ئەستێرەیەکی گەش دەدرەوشێتەوە، ناوی شا موراد و نازناوی شامییە و لە ساڵی ١٣٢٧ی کۆچی لە هەرسینی لای کرماشاندا لە دایک بووە، تەمەنی سێ ساڵ بووە کە تووشی نەخۆشیی ئاوڵە بووە و بەهۆی ئەو دەردەوە، هەردووک چاوی کوێر بوونە و بەم چەشنە دنیای ڕووناکی لێ تاریک بووە. پاش کوێربوونی ئەوەندەی نەخایاندووە کە باوەشی گەرمی دایکیشی کە جاروبار ئارامی تێدا گرتووە لە دەست داوە و کاتێ دوازدە ساڵان بووە، باوکیشی کۆچی دواییی کردووە و ئیتر بەجارێ ڕەنگی هەتیویی لێ نیشتووە و دوای مردنی باوکی، مەمۆژنی دەیباتە لای خۆی بۆ کرماشان و ماوەیەکیش لە ماڵی حاجی ئامانوڵڵا خان دەبێ و ئەو پیاوە لەوە بەولاوە چاودێریی لێ دەکات تا گەورە دەبێ و لە خەم دەردەچێ.

شامی لە بیرەوەریی خۆیدا دەڵێ: لەو ڕۆژگارە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن نەبووە، وە خەڵک زستانان هەر شەوێک لە ماڵی یەکێک کۆ دەبوونەوە و هۆنراویان دەخوێندەوە، قسەی خۆشیان دەکرد لەو کاتەدا هۆنراوی ئەڵماس خان و غوڵام ڕەزا لوڕ و سەی ساڵح باوبوون، وە منیش زۆر حەزم لە هۆنراوەکانیان دەکرد و گوێم بۆ دەگرت کەم کەم وای لێ هاتبوو کە زۆربەی هۆنراوی هۆنەرانم لەبەر دەخوێندنەوە بەو بۆنەوە بۆم دەرکەوت کە خۆشم دەتوانم هۆنراو بهۆنمەوە.

شامی لە پاش ئەوەی چەند ساڵێک لە ماڵ ئەمانوڵڵا خاندا ژیان دەباتە سەر، لەوێ دێتە دەر و بۆ خۆی خەریکی کار دەبێ و چایی و پارچە و وردەواڵە لە قەسری شیرین دەکڕێ و لە کرماشان دەیفرۆشێ و ئەگەر جاروباریش ئەمنیە و ئاژان ڕێیان پێ گرتووە بەدوو قسەی خۆش و چەند هۆنراوی جوان لە کۆڵی بوونەتەوە و ڕزگاری بووە. بەم جۆرە لە ڕەنج و ئەرکی خۆی، تیکە نانێکی خستووەتە دەست و بەوە ژیاوە. شامی لە کۆتایی تەمەنیدا نەخۆشی زۆری بۆ هێنا و سەرئەنجام لە ئەنجانی ساڵی ١٤٠٢ی کۆچی لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی کرماشاندا نێژرا.

شامی لە درێژاییی تەمەنیدا گەلێ هۆنراوی هۆنیوەتەوە کە بەداخەوە زۆربەیان لەبەرئەوەی کۆنەکراونەتەوە لەناوچوون و فەوتاون. خۆی دەڵێ: هۆنراوی زۆرم وتووە، بەڵام کەسی وا نەبووە پێی بڵێم بیاننووسێتەوە و خۆشم لە بیرم نەماون و هەروا ڕۆیون و فەوتاون. ئەوەی ڕاست بێ، تا خوا حەزکا، هۆنراوەکانی شامی تەڕ و پاراو و شیرین و نرخ و باییەکی زۆریان هەیە و، زۆربەی هۆنراوەکانی توانجن.

بەداخەوە لە وێژەی کوردیدا بەشی نووسینی توانج کەمە، توانجنووسی بەچەشنە نووسێنێک دەوترێ کە لەوەدا مەبەستێک بەشێوەیەکی گاڵتەوگەپ دەردەبڕێ. لە ڕاستیدا نووسینی ڕاستەقینە و ئاسایی لەگەڵ شێوەی توانجدا هەریەک باری کۆمەڵایەتییان هەیە، بەڵام لە شێوەی توانجدا لە گاڵتەوگەپ کەڵک وەردەگیرێ، توانج چەشن و جۆری زۆرە. هەندێک توانج و تەنزی نادیار لە وێژەدا هەن وەکو شێوەی نووسینی چیخۆف نووسەری ڕووسی یا ئاناتۆڵ فرانس نووسەری فەرانسەوی. هەندێ توانجی تریش هەن کە ڕەخنەگر و ئاشکرا و توندوتیژن وەکو نووسراوەکانی عەزیز نەسینی نووسەری گەورەی تورک.

لە توانجنووسیدا نووسەر لە پشت دیواری بەرزی توانجەوە بەدڵنیاییەکی ڕەبەقەوە دەتوانێ هێرش بکاتە سەر سەنگەری دیاردەدزێوەکانی ناو کۆمەڵ و، توانجنووسی لە هەموو شتێکدا بۆ نواندنی مەبەستی خۆی کەڵک وەردەگرێ، لە زمانی پەلەوەرەوە تا دەگاتە زمانی بنیادەم.

لەم دواییەدا توانجنووسی لە ناو هۆنەرانی کرماشاندا پەرەی سەندووە کە یەکێ لەو هۆنەرانە شامیی هەرسینییە. ئەم هۆنەرە گەرچی نەخوێندەوار بووە، بەڵام شارەزایەکی زۆری لە وێژەی کوردیدا هەبووە. لە هۆنراوە توانجاوییەکانی ئەم هۆنەرە دەتوانین (کرایەنشینی) و (ڕۆن نەواتی) ناو ببەین. (ڕۆن نەواتی) شامی ڕەخنەیەکە لە ڕژێمی پێشوو. لەم بەندەدا بۆمان دەردەخا کە ڕژێمی ستەمکاری پێشوو لەجیاتی ئەوەی پەرەی بە کشتوکاڵی وڵات بدایە و ڕۆنی ئاژەڵی بدایێتە خەڵک کەچی ڕۆنی نەواتی ئەمریکایی دەهێنا و گیرفانی ئەمریکاییەکانی پڕ دەکرد و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەجارێ لەناوبرد و گێرە و کێشەی خستە ناو خەڵکی وڵات. وەکو خۆی دەڵێ:

مەردوم باینە دیارئێ بەدبەختییە
ڕۆن خاتر جەم وەی شارە نییە

پەتوو فرووتم مەوج نیامە گرە و
ئەرای خەرج و بەرج عەید سال نەو

چوم ڕۆن بسینم لە یاروو بەقال
ئەرای ناو هەلوای جومعەی ئاخر ساڵ

سلامی کردم وت: ئەلەیک گشت کەس
ئەو کاسە ئەڕای چەگردیەسە دەس

ماس توای نەیرم، روب توای نییە
شیرە دوو جوورهەس، سفید و سییە



وتم: ئەی مەشەی زندەی گیانت بوو
بەقالی بایەس گشت جنسی داشتوو

شیرینیی شەکەر تا شووریی نمەک
توخم کاسە پشت تا حاجی لەکلەک

عوناب خاکشیر، جەوهەر میوە
هەر لە گل سوشوور تا گل گیوە

ئاە سەرد کیشا بەقاڵ وە دلگیر
وت نادروستی پیرم کەردەن پیر

زەرف ماس تیرم دوو هەفتەمینیت
ئاو و نیشاستە کەس نیەسینیت

ئەو پەنجای ئەڕای موشتەری کیشم
بەیتەمال و تیت نەمەیتە ڕیشم

دوای مەرافە و داوا و تووسەری
کەم کەم کارکیشیت وە کەلانتەری

وتم: ڕۆن توام، ڕۆن خاترجەم
ئەر هەس بیەپیم گیان خوەت قەسەم

بەقال گورجەو بوو ئەوەل کاری کرد
دەس چەپی هاورد دەس ڕاسم گرد

ماشەلا وەزوور مەشەی ئەلیەسکەر
وە ئەوەل تەکان کیشا دمە وەر

پەنجەم جوور تەسبیە وە پەنجەش دشمارد
سێ «توو بمری» وت چواردە قەسەم خوارد

وت: خوەم عەشایر چەکیدەی کوردم
دەمەن ڕۆن لە مال خالووم هاوردم

کەردەی بێ دەخەل ڕۆن خاتر جەم
دەساو خورشی خالووژن خوەم

دویکە تا ئیمروو شەش مەنی بردن
هیچ کام وەقەد توو ئیراد نەگردن

دوو ساعەت و نیم لە ڕۆن تاریف کرد
وە گیان سەرکار مەغز لە سەرم برد
وتم: پەنجای چەند؟ وت شەش تومەن نیم
وتم گیان خۆت یەی پەنجا بیە پیم
نەمەزەی کردم، نە لەلیی خواردم
شەش تمەن و نیم ئەرای شماردم
هەرچەند قەرز کردوم، وەلی وە خوەشحال
شیرە و ئارد و ڕوون هاوردمە مال
تا ڕوون ڕشاندم وە ناو تاوە
دیم بووگەن ڕۆن خەیلی خراوە
وە گیان سەرکار شووخی دەررەفتە
من گەمان کردم بووگەن، نەفتە
لە ناو تاوە، لە بان پریمز،
یەی هەلوای پەزین خوش ڕەنگ و قرمز
زەری لە هەلوا نیامە بان زوان
دڵ و دەروونم وەختو بایتە بان
تاوە هەل گردم بەرەو ناو هەسار
گن گن لەی هەلوا دیامە قەد دیوار
هەمسایەل وەتن شامی شیت بیە
وەتم نەمەردوم یە بەدبەختی یە
پولم هەرامە بایەس بڕشیت
ئەربەشی بکەم مردگەکان کوشیت
یە ڕۆن کە لە پاو، ڕۆن نەواتییە
سیفت ئەمریکای گەردی قاتییە
دامە قەد دیوار تالەیک هاوردم
تاقنمای ناوڕاس بەندکەشی کردم
ئی قاڵە ڕەسی وە گووش ساهیو ماڵ
هاتە ناو هەسار کردەی قرم و قال



ژن ساهیو مال، وە ماڵ هاتە دەیشت
وە تووچ پەنهان مردگ ئەرام نەیشت
ئەو هەر دوشمین دات، من دەنگ نەکردم
ئاخر مەجبوور بیم ناو باوکی بردم
تایەی دوشمین دام، هەم پیاو هەم ژن
جوور سەگ هەڵامات هاوردن پەی من
ژنە هاتەوەر، پیاوە کەفتە پشت
چنگ نا وە حەلقم وەزیلە و وە مشت
هەفت هەشت دەس خواردم دوو دەس وەشانم
بیس کرانشین ڕشیانە بانم
ناو حەسار بی وە مەیدان نەبەرد
جەنگ شرووع کریا وە ئەسلحەی سەرد
وە تەشت ڕەخت شوور ئەفتاوە و ئاوپاش
یەکی ئاتەش ڕیز، یەکی وە مەقاش
تایفەی ئەوان، فامیل یەل من
ئامادەی جەنگ بین، هەم پیاو هەم ژن
من دیم کارگەنە، ناو خودا بردم
کراواتەکەی باقرخان گردم
هەروەک کیسەکەش لەناو حەمام
دریژی کردم مشت و مالی دام
باقرخان لەژیر بیس نەفەر لە بان
من لەناوەڕاس بیم، جوور کەواو لای نان
شمارەی زەخمی بیە شەش نەفەر
یەی ڕان، یەی چەنە، یەی ئەبرۆ و سێ سەر
ملووک مەدهووش بێ زوبیدە غەش کرد
نوسرت خۆی هلاک لە بان لەش کرد
وە سەدای هاوار باقرخان کوشیا
ئەو مەحەلە تەمام یەی چەک دارشیا

ناو حەسار پر بی، وە سەیل جەنگ کەر
ئەیوان و دالآن کووچە و پشت و دەر
ئاخر پاسبانیەل ئاشتمان دانە و
ئاخر داوا و مەرافە هاتە و
جافر و حەسەن هەردووکیان خانن
وە شوغل شەریف هەردوو پاسبانن
نیم یەی مەرافە لە جیک پەیدا بوو
ساعەت مووچی جافرخان گوم بوو
حەسەن خان گوم کەی تەسبیە شا مەقسوود
مەگەر لە پاتەخت جفتی پەیدا بوو
دوای مەرافە و داوا و قرم و قالّ
سەیل جەنگ کەریەل هەریەک چوونە مال
من تەنیا مەنم مەجرووح و خەستە
تاوان مەرافە لە دەس دەر ڕەفتە
شامی مەرافەی ڕۆن نەواتی
هەستیت داتە باد، خستەت وەلآتی

شامی لە هۆنراوەکانیدا دەرد و ڕەنجی خەڵک پیشان دەدا، بەجۆرێ کە خۆی لەناو ئەو دەرد و ڕەنجانەدا دەتلێتەوە. لە بەندی (کرانشینی)دا ئەرک و ڕەنج و پەژارەی کرێ نشینەکانمان بۆ دەردەخا و ئەوەمان بۆ دەردەخا کە شامی و خاووخێزانەکەی لەگەڵ ئەوەی تەمەنی بەهەژاری و کلۆڵی و بەدبەختی و چەرمەسەری بردووەتە سەر، دەردی کرێ نشینیشی پێ زیاد بووە، بەجۆرێ کە چوار پەلی شەتەک دراوە و وەکو دیل و بەندی نەیتوانیوە لەبەر خاوەن ماڵەکە وزەی لێوە بێ، بەڵام سەرەڕای ئەمانە جارویار دەرد و زووخاوی ژینی خۆی بەچەند هۆنراوێک دەربڕیوە. هۆنراوی (کرانشینی)ی شامی نموونەیەکە لە ژیانی چینی لێقەوماو و بەشبڕاو و بەخت وەرگەڕاو و تاڵەڕەش سەردەمی ڕژێمی پێشوو کە بەڕاستی بەشاکاری ئەم هۆنەرەمان دەژمێرێ وەکو دەڵێ:

بەندە یەی نەفەر کرانشینم
چو عەزیز مردەی دایم خەمینم
نە خارج مەزەب نە جیاس دینم
ئەر دوعات گیراس بکە نەفرینم



شایەد لەی دونیا دیتر نەمینم
ڕاحەت بم لە دەس کرانشینی
چە بکەم لە دەس کرانشینی؟
داد وە هەرکەس بەم، حەقم نیە سینی
***
توای بزانی سەگ وە حالّم نەو
ئاسایش نەیرم نە ڕووژ و نە شەو
سوب تا ئیوارە هان لە تەق و دەو
تا سەر مانگ تیەی دوو تیکە ئەسپەو
یا بەم فرووشم یا نەمە گرە و
ئوشم کراکەم بەلکە نەمینی
چە بکەم لە دەس کرانیشینی
داد وە هەرکەس بەم حەقم نیە سینی
***
ژنەم جاڕوو کیش خوەم قاپچی دەرم
وە فەسل زمسان وەرف پاروکەرم
لە عەیش و عەزا چو سەماوەرم
دەنگ کەم نا نەجیب دەنگ ئەکەم خەرم
ئەر مەنیان نەکەی دەنەناو سەرم
ئوشن گووشت گەن ئەرامان سینی
چە بکەم وەدەس کرانشینی؟
داد وە هەر کەس بەم حەقم نیەسینی
***
پەی هەفتەمەنیت مانگ بچووتە سەر
ژن صاحیو مال دەس نیەتە کەمەر
وە ژستی تەمام تیتە پشت دەر
لە وەرپای هەلم چو ئاغا و نەوکەر
وە ژنەم ئوشم دەم کە سەماوەر
خوەم دەوم ئەرای میوە و شیرینی

چە بکەم وە دەس کرانشینی؟
داد وە هەرکەس بەم حەقم نیەسینی

***

یەی کوری دیرن چووە چکەی شەیتان
سوب لە خەو هەلسی تیتە ناو ئەیوان
وەجیب پرریخ دەس وە تیرکەمان
خەیت ئەرای قووری، خەیت ئەرای ئیسکان
سیویل جافر گریتە نیشان
کە س جورعەت نەیری سەدای بایدە بان

***

دارایيم بیەسە چوار دوێت ویەی کوڕ
دوو پەتووی نیم دار پەی جوفت لافەشر
یەی جوفت موتەکای وەدەم قەیچی پر
سەر نیەتیە بانی، چو پارە ئاجور
چوار جام ڕووحی، یەی دانە سینی
چە بکەم لە دەس کرانشینی

***

زانی چەن نەفەر هایمە یەی حەسار
من ئوشم پەنجا، تووبووش پەنجا و چوار
درێژ و کووتا، کاردار و بێ کار
سوب لە خەو هەلسیت لە گووشەی حەسار
بیس نەفەر وەساس تەک داسە دیوار
حەڤدە ئەفتاوە نریاسە قەتار
باد ئەرای نەوبەت بلیت بسینی
چە بکەم وە دەس کرانشینی

***

سەر شەو تا سوب هەر جیرەی دەرتید
مەشەی غولام چووت، ئوسا سەفەرتید



کە لای فەروخ خان لە دینەوەرتید
ئوسا ئەمیرخان گەرد چوار خەرتید
مەرافە دیرن، ئەردەر وازمینی
چە بکەم لە دەس کرانشینی

***

جەرگم سووراخە چو لانەی زەنبوور
بەسکە شنەوم قسەی جوورا و جوور
ڕوحم دی خەستەس وە فەرمان زوور
وە کورەم ئوشم: خەر بی شعوور
سوب لە خەوهەلسی، سوورەتت نەشوور
لەی ئاو لوولە فرە ڕشنی
چە بکەم وە دەس کرانشینی؟
داد وە هەرکەس بەم، حەقم نیەسینی

***

ئوشن هەر ڕووژی دیزە نەینە دار
خوا ئەرای شام بوو، خوا ئەرای ناهار
خوا گووشت گا بود، خوا شەک پەروار
گوشت کوتانەکەی بوەنەدەر حەسار
یواش بکوتی نەڕمنی دیوار
لەناو حەساریش ئاجور نەشکینی
چە بکەم لە دەس کرانشینی؟
داد وە هەرکەس بەم، حەقم نیەسینی

***

وە هوول گیانم نەونە دوشمەنم
شایەد نەشیوید لانە و مەسکەنم
عەزیزم مردویت وە دەمیان خەنم
ئیمریکایی ڕەقسم، ئینگلیسی ژەنم
چو ئاغەی ویگن هەزار جوور خوەنم
ئەر بکەن نەفرین ژن و فەرزەنم

خوەمیش کومەک کەم ئوشم ئامینی
چە بکەم لە دەس کرانشینی؟
بەس کە کرا دام لەی تەویلە چو خەر
عومر وە بەدبەختی هاوردم وەسەر
بیمە وە موونس چەن گروو بەشەر
لور لە لورستان کورد لە دەینەوەر
سنەیی و پاوەیی، جاف و گەمانگەر
کورد و لور و فارس، تورک قەزوینی
چە بکەم لە دەس کرانشینی
داد وە هەرکەس بەم، حەقم نیەسینی

***

نە پەست و ناکەس، نە نادەرویشم
شەرمەندە لە ڕووی بیگاتە و خویشم
نە کەس تیتە لام، نە لای کەس نیشم
خوەیان هەر شەوچن، من کیشک کیشم
ئەر دیر دەر واکەم، نەمنە ڕیشم
منیش ڕەگ نەیرم چو سیفزەمینی
چە بکەم لە دەس کرانشینی؟
داد وە هەرکەس بەم، حەقم نیە سینی

***

یەی شەو دوو نەفەر بینە میمانم
نیم ساعەت بیشتر لە بەرق سووزانم
سوب بینە ئاگر، ڕشیانە گیانم
ئاغەی ساحیو مال وە گەرد خانم
ئاو پاشینە بان تەپل ئامانم
هەم لافەشڕە دریا وەشانم
وتن تا غرووب لیرە نەمینی
چە بکەم لە دەس کرانشینی

***



ئەرای بەدبەختی نیامە و نەهات
یەی قەومی دیرم هاتوو لە دهات
گا هەس بناسی کەیخودا نەجات
یەی کەلەشیری هاور دوە سەوقات
شەفەق ساحیو مال هەم دەنگی دەرهات
پووپەکە و بگری بەسکە قولنی
چە بکەم وە دەس کرانشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

***

دویکە چیم بگرم، ئوتاقیک لە جای
وتم بکیشم بیلا دەنگم نای
کەم کەم چیم لە دەرمال مەشەی مورای
یەی عفریتی دیم وەریوارت نای
دەمامەی جادوو نیەڕەسیت وە پای
مەرفوولاد زەرە بووەتە قەرینی
چە بکەم وە دەس کرانشینی؟
داد وە هەرکەس بەم، حەقم نیە سینی

***

چو کاور و گورگ، لەلی ڕەم کردم
یەی پا هاتەوەر، سی پا دوور گردم
وە هوول گیانم سلامی کردم
وت کاری داشتی؟ ناو ئوتاق بردم
وت: توو سرکانیت؟ وتم نە کوردم
وت کوورەی؟وتم هەر سینی
چە بکەم لە دەس کرانشینی؟
داد وە هەر کەس بەم، حەقم نیەسینی

***

وت: چەن نەفەرین؟ وتم دە نەفەر
غەیر لە ڕوبابە و عەمە ماپەروەر

زوبەیدە و ملووک، نوسرەت و کیشوەر
نیمتاج و تاجی، عشرەت و خاوەر
کوورە بوچکەلە و هەر خوەم و ژنی،
چە بکەم لە دەس کرانشینی؟
***
چو پشی لە شوون بوی پیاز داخ
یەی هەفتەکردم ماڵ وە ماڵ سووراخ
لە سەنگ مەعدەن، تا چوار ڕای ئوجاخ
تیمچە و چەنانی، تا بەرزە دەماخ
کەس وە پیم نەیات، یەی دانە ئوتاخ
وە دینت یەسە ڕەسم هاودینی؟
چە بکەم لەدەس کرانشینی؟
داد وە هەرکەس بەم، حەقم نیەسینی
***
یەی فەرشی داشتم مینده چل شال
باو پالان بێ ئەرای یا بوو ئاڵ
چوار قیمەت خوی هەر داومە حەماڵ
هەفتەی یەی کووچە چوار ڕووژلە یەی ماڵ
شانزە مال گەردم وە عەرز یەی ساڵ
دویکە دامەی شان عەلی ئاغای دەلال
وتم یەیش بفرووش نیە توام بمینی
چە بکەم لە دەس کرانشینی؟
***
سێ مانگم پەس کەفت کرایە خانی
یەی سێ مانگی تر هات نیشتە بانی
باوڕ پیم نەیری خودا خوی زانی
چشتی کەشک بەم مەجمە و قەزانی
ئەوەیش نیەیلم ژنم بزانی
سوب هەراجی کەم نیەیلم بمینی



چە بکەم لە دەس کرانشینی؟
داد وە هەرکەس بەم حەقم نیەسینی
***
کەس خەوەر نییە وە حاڵ دەردم
گووش کەس نییە، وە ئاە سەردم
چل ساڵ و ئیران زندەگی کەردم
کرای زەمین دەم لە بان گەردم
ڕوزگار موحتاج کرد وە نامەردم
نە ڕوومیی ڕوومیم، نە چینیی چینی
چە بکەم لە دەس کرانشینی؟
داد وە هەرکەس بەم، حەقم نییە سینی
***
قەلبم چو کوورەی حەداد مەدەی جووش
لە دەس دونیا خەڵک خاک فرووش
دونیا زندانە پەی شەخس با هووش
ئایەم نەبایەد کەمتر بووت لە مووش
ئەویش جی دیریت لە ناو پەڕوپووش
مووش نەکرا دەیت نەکرا سینی
چە بکەم لە دەس کرانشینی؟
داد وە هەرکەس بەم حەقە نیە سینی
***
لە ڕووژی ترسم ئەجەل بدەی زەنگ
عومرم تەمام بوو لە دونیای دوورەنگ
پەنهان بووم لە ژیر خشت و خاک و سەنگ
ژن ساحیو مال وە بیل و قولەنگ
قورەقور کونان وە قسە و جەفەنگ
بای کرایەی قەور لە لیم بسینی
چە بکەم لە دەس کرانشینی؟
داد وە هەرکەس بەم، حەقم نیە سینی
***

سەر مانگ وە مانگ بایتە دیارم
وە بیل هەلکەنی سەنگ مەزارم
بکەی شکەنجە و زەجر و ئازارم
بووشی کرا دەیت یا پاسەپان بارم؟
منیش لە ئەلحەد سەرم دەرارم
داد بکەم هاوار، کەفەن کی سینی؟
چە بکەم لە دەس کرانشینی؟
داد وە هەر کەس بەم حەقم نیە سینی

***

چو سەگ و لگەرد، دەروە دەر وەخوەم
شەو تا سوب نەخەف، ڕەنج بیوەر وەخوەم
دلگیر وە دنیای دوون پەروەر وە خوەم
لە دەس ساحیو مال خوون جگەر وە خوەم
مشتی خاک نەیرم خاک وەسەر وە خوەم
لە زەندەی ئایەم بی خەوەر وە خوەم
نیە زانم (شامی) دی تاکەی مینی؟
چە بکەم وە دەس کرانشینی؟

***

دیوانێکی پڕ لە هەڵەی (شامی هەرسینی) لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاویدا بەناوی: چەپکە گوڵ – چەند پارچەیەک لە شیعرەکانی شامیی کرماشانی، لەگەڵ پێشەکییەکدا لە چاپ دراوە کە گەلێ لە هۆنراوەکانی ئەو وا بەسەر زاری خەڵکەوە، لەم دیوانەدا نییە، هەروەها گەلێ لە وشەکان بەشێوەی سۆرانی نووسراون کەچی هۆنراوەکان بەشێوەی کەلهوڕی و لەکی هۆنراونەتەوە.

سەرچاوەکان


١– چەپکە گوڵ – چەند پارچەیەک لە شیعرەکانی شامی کرماشانی – تاران، ١٣٦٢.
٢– کرانشینی – هەڵبەستی شامیی هەرسینی – سنە، ١٣٥٨.
٣– ڕۆن نەواتی – هۆنراوەی شامیی هەرسینی – ڕۆژنامەی کوردستان – تاران، ١٣٣٥.
٤– حدیقەء سلطانی – تألیف محمد علی سلطانی – کرمانشاه، ١٣٦٤.
٥– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەشامیی هەرسینی.




## دوکتۆر محەمەد سەدیقی موفتی زادە

١٣٣٩ – ١٤٠٢

ئەم هۆنەرەمان ناوی حەمە سەدیق و کوڕی مەلا عەبدوڵڵای موفتی، کوڕی مەحموود کوڕی مەلا محەمەد کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورەیە و لە ساڵی ١٣٣٩ی کۆچی لە دێی دشەدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. دشە گوندێکە لە ناوچەی هەورامانی لە هۆن. دوکتۆر موفتی زادە سەبارەت بەچۆنییەتیی ژیانی خۆی کە بۆ نووسەر نووسیویەتی دەڵێ:

ناوم حەمە سەدیق و کوڕی مەلا عەبدوڵڵای موفتیم و لە ساڵی ١٣٣٩ی کۆچی لە دێی دشە لە دایک بووم، بەر لە شەڕی جیهانی یەکەم باوکم لە لایەن فەرمانڕەواکانی ئەردەڵانەوە بانگ کرا بۆ شاری سنە و بووە مامۆستای مزگەوتی دارولئیحسان و لە پاشا بانگ کراوەتە تاران و نازناوی موفتیی کوردستانی پێ دراوە و گەڕاوەتەوە بۆ شاری سنە. لە تەمەنی شەش ساڵیدا، باوکم کۆچی دوایی کرد و لە تەمەنی یادە ساڵیدا دایکیشم مرد. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووم و ئەوسا بۆ خوێندن بەفەقێیەتی گەلێ شوێنی کوردستان گەڕاوم و بۆ خوێندنی فێقهی ئیسلامی بەمەڵبەندەکانی شارەزوور و مەریوان و موکریان و پێنجوین و سلێمانی و کەرکووک و هەولێر و ڕەواندز و سابڵاخ و سنە کەوتوومەتە گەشت و گێڵ و لەلای زانایانی وەکو حاجی مەلا خالیدی موفتیی و مەلا سەی عارف و بابە ڕەسووڵی عەبابەیلی و مەلا باقری بالک و مەلا مەحموودی دەرەتفێ و مەلا شێخ محەمەدی بورهان، وانە و دەرسم خوێندووە و سەرئەنجام لەلای مەلا مەحموودی موفتی (کاکم) لە شاری سنە ودمی مەلایەتیم وەرگرتووە. لە پاشا لە زانکۆی ئاینیی زانکۆی تاراندا، دەورەی لیسانس و دوکتۆریم دوایی پێ داوە و لە ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوی بووم بەمامۆستای زمان و وێژەی کوردی.

دوکتۆر موفتی زادە لە ساڵی ١٣٣٨دا سەرنووسەریی ڕۆژنامەی کوردستانی گرتە ئەستۆ و ئەم ڕۆژنامەیە گەرچی زمانی ڕژێمی ئەو کاتە بوو، بەڵام تا چوار ساڵ بەردەوام بوو و گەلێ وتاری سەبارەت بەمێژوو و وێژەی کوردی تێدا بڵاوبووەتەوە هەروەها دوکتۆر موفتی زادە سەرپەرشتیی بەرنامەی کوردیی ڕادیۆی تارانی بەئەستۆوە بوو کە لەو کاتەدا گەلێ بەرنامەی بەکەڵکی وەکو: ڕێزمانی کوردی، پەندی پێشینان، وێژە و وێژەوانان دەنووسی و بڵاوی دەکردەوە.

دوکتۆر موفتی زادە بەم جۆرە ژیانی بەنووسینی وتار و پەڕاوی بەکەڵک بردە سەر تا لە سەردەمی ٦٣ ساڵیدا لە ساڵی ١٤٠٢ لە شاری تاراندا ماڵاواییی لە جیهانی هۆنراو و

وێژەی کوردی کرد و لە گۆڕستانی وەیسولقەرەنی لە دەوروبەری کرماشاندا نێژرا.

دکتۆر موفتی زادە بەیەکێ لە زانایان و نووسەرانی هەرەبەرزی کورد دێتە ژمار، وە خۆی بۆ خۆی مێژوو بوو بۆ نەتەوەکەی و لە کارە گرنگەکانی دوکتۆر یەکەم دانانی ڕێزمانێکی زانستی بۆ زمانی کوردی و دووەم شیکردنەوەی هۆنراوەکانی مەولەوییە کە بەداخەوە ئەم دوو شوێنەوارە گرنگەی هەروا بەدەستنووس ماونەتەوە و هێشتا لە چاپ نەدراون.

دوکتۆر موفتی زادە لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی بەرز و بالای هەبووە و هۆنراوەکانی لە باری کێش و پاشڵ و ناوەڕۆکەوە زۆر بەرزن، گەرچی کەمتر کاتی خۆی بەهۆنینەوەی هۆنراو بردووەتە سەر، بەڵام ئەو هۆنراوانەی کە لە شوێنی بەجێ ماون، کەمتر نین لە هۆنراوەگەلی ئەو هۆنەرانەی کە هەموو دەوریان بەهۆنینەوەی هۆنراو بردووەتە سەر. یەکێ لە شوێنەوارە بەرزەکانی کە بەهۆنراو هۆنیویەتەوە، چیرۆکی مام ڕێوییە و ئەم چیرۆکە داگری سەد و شەست هۆنراوە، لە ڕاستیدا بەشاکارێکی وێژەیی کوردی دێتە ژمار و بنچینەی چیرۆکەکەشی لەسەر پەندی پێشینان دامەزراندووە.

ئاشکرایە بەرەی مرۆ لە ڕۆژگارێکەوە لە ژیانی خێزانییەوە پێی ناوەتە ژیانی هۆزایەتییەوە و لە ژیانی هۆزایەتیشەوە هاتووەتە ناو کۆڕ و کۆمەڵەوە، هەموو جۆرە تاڵی و شیرینیەکی ژیانی چەشتووە و هەموو چەشنە کارەساتێکی تاقی کردووەتەوە و لە ئاکام و ئەنجامی ئەو کارەساتانە تێ گەیشتووە و سوود و زیانی ئەو ئاکام و ئەنجامانەی بەوردی لێک داوەتەوە، وە بۆ ئەوە ئەو سوود و زیانانەی کە لەو کارەساتانە هاتوونەتە دی. بکەونە پێش چاو، باپیرەکانمان بۆ هەریەکە لەو کارەساتانە کە لە ڕێگای کردەوە و وتەوە لە بنیادەم دەقەومن، پەندێکیان بۆی داڕشتووە، بۆ وێنە پێشینیان وتوویانە: تا ڕێوی پێچی کردەوە کوڵکیان وەشاند، وەیا بەجۆری تر دەڵێن: تا ڕێوی قەواڵەی خۆی خوێند، پێستیان گرتەوە.

دوکتۆر چیرۆکەکەی خۆی لە سەر ئەو پەندە و هەندێ پەندی تر کە لە ناو چیرۆکەکەیدا دیاردی پێ کردوون، هۆنیوەتەوە کە سەرەتای چیرۆکەکە بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕێوییەکی پڕ فێڵ
بۆ خواردەمەنی کەوتە گشت و گێڵ
ئەسووڕایەوە، ئەم دۆڵ و ئەو دۆڵ
ئەیدا بەپاوە بیاوان و چۆڵ
هەوارێ نەما خۆی نەکا پێی دا
کۆزگەێ نەبوو سووڕ نەخوا تێیدا



نە هەمانەیێ، نە کونە کۆنێ
نە کوتێ پێستە، نە خیگە ڕۆنێ
نە پێشە و پەلای مریشک و سۆنە
نە کوت و پارچەی بێژنگە کۆنە
نە تۆراخدانێ ڕزیو و بێ کەڵک
نە نانە ڕەقێ لە پاشماوەی خەڵک
نە سەلکێ دوێنە نە لەتە کەشکێ
نە چەکە کلاشێ، نەهەنگڵە مەشکێ
نە تیکە چەرمێ، نە ژێرە کەوشێ
نە قوشقنێ شڕ لە دەوری حەوشێ
هیچی دەس نەکەوت بەبەش بڕاوی
بەزکی برسی و بەدڵ تۆراوی
هاواری ئەکرد، ئەیدا بەسەردا
وێڵ وێل ئەگەڕا بەدەشت و دەردا
کاتێ مام ڕێوی ڕێی چۆڵی ئەبڕی
باڵدار لە ترسی ئەوا هەڵئەفڕی

واتە: مام ڕێوی زۆری برسی بوو، لەبەر برسیەتی بۆ بەدەستهێنانی خواردەمەنی کەوتە گەڕان و سووڕانەوە و سەری کوتایە چەند شوێن و چەند هەوارگە کۆن، هیچ چەشنە خواردەمەنییەکی دەست نەکەوت، وە چەند جاریش خۆی داگرت بۆ پەلەوەر و باڵندە گرتن، باڵندەکان هەستیان پێ دەکرد و لە ترسا دەفڕین. مام ڕێوی بەناوهومێدیەکی زۆرەوە وچانێکی دا و پاش تاوێ برسیەتی زۆری بۆ هێنا و دەستی کرد بەگەڕان و سووڕانەوە بەدەشت و دۆڵدا، بەداخەوە ئەم جارەیش:

هەر چەندە گەڕا هیچی دەست نەکەوت
هەروەها دەردی برسیەتی نەسرەوت
ئینجا کەوتە ڕێ بەتاریکایی
بۆ مریشک خواردن دەوری ئاوایی
ماوەیێ ڕێی کرد بەزکی برسی
لەبەر خۆیەوە، لە خۆی ئەپرسی:

داخۆ سەگ لەبەر دەرگا کەوتبێ؟
مریشکیش لەنێو کولێن خەوتبێ؟
خاوەن ماڵ چاوی باش چووبیتە خەو
مریشکێ قەڵەو برفێنم ئەمشەو؟
بەڕاکردن و لۆقە و تەقڵەدەو
گەیشتە نزیکی دێ نیوەشەو
برسیەتی زۆری زۆر بۆ هێنابوو
بیر و ئاوەزی لە دەس سەنرا بوو
ناگا واقەیێ لە دەمی دەرچوو
سەگەل ئاوایی گشت گوێیان لێ بوو
هەڵمەتیان بۆ برد هەموو بەحەپ حەپ
گەمارقیان دا لە ڕاست و لە چەپ
بوو بەسمڕ و بەقووڵە و هەرا
قلینچکەی کەری تێدا ئەپچڕا
ئەم ئەیوت بۆرە! ها دەری نەکەی
ئەو ئەیوت بازە! تەکان دە سادەی
ڕێوی ئەوەی دی کەوتە باز بردن
بەدڵ دەسی کرد بەکفر کردن
ئینجا بەناچار خۆی کرد بەتووڵ بڕ
لە چنگیان دەرچوو بەگووپچڕ گووپچڕ
لە ترسی گیانا تەکانی ئەدا
ڕەپەی دڵی وەک دەهۆڵ ئەیکوتا
پاش ئەوە لە دێ بەشەپ کرایە دەر
دووبارە ڕێگای کێوی گرتە بەر
چوو لەبن بەردێ خۆی دا بەعەردا
لە تاوی زکی ئەیدا بەسەردا

واتە: مام ڕێوی کاتێ لە نیوەشەودا گەیشتە نزیکی ئاوایی، لە تاوی برسییەتیدا واقە و هاوارێکی لە دەم دەرچوو، ئینجا ئەو واقەیە بووە هۆی ئەوە کە سەگەکانی دێ پێی بزانن و



شالاوی بۆ بەرن و بەناهومێدییەوە دەری کەن، دیسانەوە ڕێگای کەژ و کێو بگرێتە بەر.

هۆنەر لەم هۆنراوانەدا دیاردی کردووەتە چەند پەند و مەتەڵێکی، وەکو دەڵێ: بووە بەهەرا و سمڕێکی وەها (کلکی کەری تێدا دەپچڕێ) کە دەڵێن ئەم مەتەڵە کورتکراوەی ئەم کارەساتەیە کە لە ڕۆژگارانی کۆندا لە نێوان خەڵکی دێیەکدا هەرایەک ساز دەبێ، وە خەڵکەکە دەبنە دوو دەستەوە، ئینجا شەوانە دەڕژێنە ناو یەک، بەگاڵۆک و کوتەک سەر و گوێی یەکتر دەکوتن، کابرایەک هەرچەندە دەگەڕێ دارێکی دەست ناکەوێ، لە تاریکاییدا دەست دەکوتێ. کلکی کەرێکی دێتە دەست، لای وا دەبێ کە دارە، کلکی کەرەکە دەکێشێ و دەیپچڕێنێ و دەیکا بەداردەست.

دیسان دەڵێ: (خۆی کردووە بەتووڵبڕ)، ئەم مەتەڵە لەم ڕووداوە وەرگیراوە کە: کابرایەک دەچێتە ناو باخێکەوە بۆ میوە خواردن، لەناکاو خاوەن باخەکە چاوی پێی دەکەوێ، ئینجا کابرا لە ترسا چەقۆیەک دەگرێ بەدەستەوە و دەست دەکا بەتووڵ بڕین بۆ ئەوە کابرای خاوەن باخ وازی لێ بێنێ و بەدزی نەزانێ.

مام ڕێوی پاش ئەوە بەشەپ لە دێ دەریان کرد، لەبن بەردێکا دەسی کرد بەبیرکردنەوە و ئەوسا خۆی کردە پارێزگار و خواناس و دەستی کردە نوێژکردن و پەپوو بووە لایەنگری و باڵندەکانی تر بەچاوپێکەوتنی پەپوو خۆیان بەمام ڕێوی نزیک کردەوە و کەو و قەلیش لەگەڵیاندا چوون و لە پاش ماوەیەک گەڕان، برسیەتی زۆری بۆ مام ڕێوی هێنا و کەو و قالاوی خوارد و لە دوای ئەوە بۆ پەپوو دەرکەوت کە بەهەڵەدا چووە و نابێ بنیادەم لە ڕووی ڕواڵەتەوە داوەری بکات، چونکە زۆر جاران ڕێک دەکەوێ کە دڵ و دەروون لەگەڵ ڕواڵەتدا یەکێ نییە، ئەوسا:

ڕۆژێ لە ڕۆژان مامە برسی بوو
سەری بەرز و کرد پرسیی لە پەپوو:
وتی: ئەم تانجە کێ بەتۆی داوە
من وام بیستووە، ئەڵێن دزراوە
پەپوو لە نیەت مامە تێ گەیشت
یەواشی هەستا لە دوور و دانیشت
وتی: باپیرم لەلای سلێمان
نۆکەریی کردووە، بەدڵ و بەگیان
شاتری بووە لە ناوی وڵات
ئەویش ئەم تانجەی کردووەتە خەڵات

مام ڕێوی وتی: نەخێر وا نییە
بۆ درۆ و ڕاسی تۆ بەڵگەت چییە؟
ئەگەر ڕاس ئێژی قسەت بەجێیە
بێنە بزانم شایەتت کێیە؟
چونکە من پیاوی شەریعەت ڕەوم
بەشەو نوێژ دەکەم تا ڕۆژ ناخەوم
چۆن دەبێ هاوڕێی پیاوێکی دزبم؟
لە دەرگای یەزدان شەرمەندە و کزبم؟
پەپوو وردۆ بوو زانیی کە ڕێوی
ئەیەوێ بیکا بەلوقمەی شێوی
ئینجا کەوتە ڕێ بۆ شوێنی شاهید
بیهێنێ بۆ لای مام ڕێوی زاهید
چاوی خست ناگا دوو تووڵی چەتوون
لەسەردا بەتاو هەردوو بەرەو بوون
پەپوو بانگی کرد: شەهوود وا هاتن
گەلێ موخلیسی بەژن و بالاتن
ڕێوی ڕووانیی زۆر بەسەلیقە
دوو تووڵ لە سەردا دێن وەک تریشقە
وتی: قەبووڵە با نەیێنە پێش
زەحمەت نەکێشن پێیان دێتە ئێش
پەپوو پێی وت نە، با بێنە حوزوور
چون دروست نییە شایەتی لە دوور
ڕێوی لە ترسا پێچێکی بۆ کرد
بەڵام تووڵەکان هەڵمەتیان بۆ برد
دایان بەعەرزا کوڵکیان وەشاند
جەزای کردەوەی خۆی پێیان نواند
پەردەی فەن و فێڵ هەر ئەبێ بدڕێ
بەفێڵ نان خواردن ئاخر هەر ئەبڕێ



ڕاستی بگرە پێش تا بەرز بێ پایەت
قەت نەبڕێتەوە سوود و سەرمایەت

واتە: ڕۆژێکیان مام ڕێوی برسی بوو، وە لەبەر ئەوە بیانکی پیا بگرێ و بیخوا، پێی وت: ئەو تانجە وا لەسەرتە کێ پێتی داوە، من وام بیستووە کە ئەو تانجەت دزیوە، پەپوو بەئەسپایی هەستا و لە دوورەوە دانیشت و وتی: ئەم تانجەم بەکەلەپوور پێ گەیشتووە و مام ڕێوی وتی: دەبێ بۆ ئەم قسەت شایەتێک بێنی، پەپوو کە زانیی مام ڕێوی دەیەوێ بیخوا، چوو شایەت بێنێ، دوو توڵەی دی و لەگەڵ خۆیدا هێنایی، مام ڕێوی وتی: ڕاست دەکەی قسەکەت قبووڵە. پەپوو وتی: نەخێر شایەتەکان دەبێ بێنە بەرەوە و ئەوسا توڵەکان هەڵمەتیان بۆ برد و پێستیان گرتەوە.

سەرچاوەکان

١- مام ڕێوی هۆنراوی: د. سەدیق موفتی زادە (دەستنووسە).
٢- ژینامەی د. سەدیق موفتی زادە بەپێنووسی خۆی.
٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەد. سەدیق موفتی زادە.

## عەبدوڵڵای ئەقدەسی

١٣٤١ - ١٤٠٦

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەبدوڵڵا و کوڕی فەتحوڵڵا ئاغای ڕەزاوە و بەپێی لێکۆڵینەوەیێ کە کردوومانە لە ساڵی ١٣٤١ی کۆچی لە دێی ڕەزاوی بناری شاخی کۆسالانی بەربلاو و ڕەنگین پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵییەوە لەلای مەلای دێیەکەیان خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە سنە و لەلای زانای هەرە بەرزی کورد ئایەتوڵڵا مەردووخی کوردستان خەریکی خوێندنی فەقهی ئیسلامی بووە و لەلای چەند مەلایەکی تریش ڕێزمان و ڕەوانبێژیی خوێندووە و لە پاشا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و ماوەیەکی زۆر بووەتە نووسەری تایبەتی حەسەن خانی ڕەزا و بەمیرزا عەدووس ناسراوە و پاشان لە کاری دەوڵەتی دامەزراوە و بووە بەکاربەدەستی دەوڵەتی و لە پاش ماوەیەک بووە بەبەڕێوەبەری شارەوانیی مەریوان و لەبەر چەند هۆیەک کۆچی کردە کوردستانی عێراق و سەرئەنجام لە ساڵی ١٤٠٦ لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵی لە شاری سلێمانیدا کۆچی دوایی کرد و بەپێی سپاردەی خۆی لە گردی سەیواندا نێژرا.

ئەقدەسی یەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کوردە و هۆنراوەکانی کە بەزاراوەی هەورامی و سۆرانی هۆنیوینەوە زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. لە پێش ئەقدەسی، مەلا عەبدوڵڵای شەیدا

که نووسەری تایبەتی حەسەن خانی ڕەزاو بوو بەپێی ئەسپاردەی حەسەن خان مێژووی هەورامانی بەهۆنراو هۆنییەوە کە لەبەرئەوەی ناتەواو مایەوە، ئەقدەسی بەشی دوایی ئەو مێژووەی هەر بەهۆنراو دوایی کرد کە بەداخەوە ئەو مێژووە هێشتا لە چاپ نەدراوە و ئەمەش خزمەتێکی زۆر گەورەیە بۆ مێژووی کورد و کوردستان.

هۆنراوەکانی ئەقدەسی دەکرێنە چەند بەشەوە: دڵداری سروشتی، کۆمەڵایەتی، نیشتمانی. وە هۆنەر لەبەرئەوەی زۆربەی تەمەنی لە کوێستانە جوانەکانی هەوراماندا کە پڕە لە دار و دەوەن و گوڵانی جۆربەجۆر بەسەر بردووە، پتر حەزی لە هۆنینەوەی هۆنراوی سروشتی کردووە کە ئەوا لێرەدا پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە لە سەردێڕی (نەورۆز) دێنین کە دەڵێ:

یاران وەهاران دووبارە جە نۆ
وەهار ئاماوە شادبی کەژ و کۆ
شەماڵ دا وەسەر بەرزیی سەربەرزان
وەروان کەرد بەئاو، ئاوان کەرد هەرزان
گا وارۆ واران، گا وەرە تاوەن
گا ناڵە و نرکەی هەوری سیاوەن
یا لار و لەنجەی سۆنە سەراوەن
یا ناڵەی تفەنگ سەیاد جە ڕاوەن
کەش و کۆ و کەمەر، سارا و دەر و دەشت
بەرگی سەوزپۆشان بەوێنەی بەهەشت
کەلی عاشقان تا تەوەنە سوور
بەساو و سەعید دیارەن جە دوور
گوڵە نەورۆزە جە خاک سەرکێشان
مەلان مەناڵان هەریۆ پەی وێشان
بەنی شانشین تا هەردی پلوور
چوون پارچەی دیبا ئەرخەوانی و سوور
ئەو دیم مێرگەوار، ئی دیم بێساران
ئەولا پایگەلان، جای تاقیە لاران
بەهەزار ڕەنگە دەر و دەشت و دۆڵ
بەگوڵ ڕازیان ئاوەدانی و چۆڵ



مەوارۆ واران بەکۆسالاندا
پەخشان بۆن وەسەر وردە خالاندا
دەسەو مەحبووبا چەنی کناچا
رژاقە و ڕژاق گۆرانێی ماچا
زێڵە و زایەڵەن هەوار بەهەوار
هەیشوور تا ژۆنی هەوارگەی ڕوار
هەر جەسەر نەهاڵ نا بەعەودالان
ناز کێشەن پەی ناز نازک نەوهالان
ئی دیم تا ئەو دیم سیروان وەردەن جۆش
کەش و کۆ و کەمەر بییەن سەوزە پۆش
کورەی میانە سەر سەوز و خاڵخاڵ
یەک ڕەنگەن هەتا هۆبەتووی سارالّ
وەهارەن شەماڵ دان وە سەرکوان
ئەحیابی نەبات، پیرەدار جوان
شاهۆ دووبارە جە نۆ بێ ئاوا
هەوار نشینان مالات و ساوا
هەر جە هانیە تا هەردی پاوە
هەوار و زۆمی تا دۆڵە ئاوە
بەنی ماکوان ئاتەشگا و وێڕاش
هۆڵی تا سەریاس ڕەزڵە و بالاتاش
هەر هاژەی ئاوەن کنیۆ جە کاوان
نەرگسەن چوون زوڵف ئەگریجە خاوان
دالانی باشقەی کول نەوهەوارەن
موعجیزەی خیلقەت پەروەردگارەن
بەهەزار ڕەنگە بڕیەنش ئاوات
نوەیجەڕ چەنی خورخورە و هەیات
هەر ڕەشبەڵەکا و هۆرپڕای یارا
شیرین قامەتان قەتار ونارا

هـەر دڵبـــــەرێنـێ کــــە دڵ مــــڕفـــــانا
عـەقڵ و هـۆش جـە دەس عـاشق مـەسـانا

واتە: ئەی یاران! بەهار لە نوێ هاتەوە بۆ ئەوەی کەژ و کێو بخاتە ناو شایی و خۆشی، بای شەماڵ هەڵی کرد و بەفری کێوەکانی کردە ئاو، جار جار باران دەبارێ و جار جار خۆرەتاوە و جار جاریش تریشقەی هەوری ڕەشە، یا لار و لەنجەی سۆنەی ناو ئاوە یا ناڵەی تفەنگی ڕاوچی لە ڕاودایە، کەژ و کێو و کەمەر و دەر و دەشت، بەرگی سەوزی پۆشیوە و وەکو بەهەشتە، (کەلی عاشقان) هەتا کێوی (تەوەنە سوور) تا گۆڕستانی سەعد و سەعید لە دوورەوە دیارە، گوڵە نەورۆزە سەری لە خاک دەرهێناوە و پەلەوەرەکان هەر کامیان بۆ خۆیان دەناڵن، کێوی (شانشین) تا هەردی (پلوور) وەکو پارچەی هەورێشم ئەرخەوانی و سوورە، ئەودیو هەوارگەی (مێرگەوار)ە و ئەمدیو دێی بێسارانە، ئەولاش پایگەلانە کە مەڵبەندی ئافرەتان و کچانی کڵاو لارە، دەر و دەشت و دۆڵ و ئاوەدانی و چۆڵ بەهەزار ڕەنگ بەگوڵ ڕازاوەتەوە، باران لە (کۆسالان)دا دەبارێ، وە بەسەر وردە خالاندا بڵاو دەبێتەوە، دەستەی نازاران لەگەڵ کیژەکاندا گۆرانی (ڕژاقە و ڕژاق) دەڵێن، دەنگی بەستە و گۆرانی و گۆبەند هەوار بەهەوار لە هەواری (هەیشوور) تا (ژۆنی) و هەوارگەی ڕواردا بەرزە هەر لە هەوارگەی (نەهاڵ)ەوە تا هەوارگەی (عەودالان) نازی نازدارە تازە هەڵچووەکان دەکێشن، ئەمدیو تا ئەودیو ئاوی سیروان جۆشی خواردووە، کەژ و کێو و کەمەر بەرگی سەوزی پۆشیوە، کێوی (کوڕەی میانە) سەر سەوزە و هەتا ناوچەی هۆبەتوو سارال یەکڕەنگە، ئەوا بەهارە و بای شەماڵ لەسەر کێوانا هەڵی کرد و ڕووەک و گیا زیندوو بۆوە و پیرەدار جوانی خۆی بەدەست هێنا، کێوی شاهۆ دیسان ئاوا بووەوە و هەوارنشینەکان ماڵاتەکانیان بەردایە سەر کێوان، هەر لە هەوارگەی هانیە تا کێوی پاوە و هەواری دێی زۆم تا هەوارگەی دۆڵە ناو و کێوی ماکوان و لووتکەکانی ئاتەشگا و وێڕاش، هەر هاژەی ئاوە کە لە سەر لووتکەکانەوە هەڵدەقوڵێ، وە نەرگس وەکو زوڵفی کچانی ئەگریجە خاو خۆی بڵاوکردووەتەوە، هەوارگەی (دالانی) جوانترین هەوارە و پەرجۆی خوای مەزنە، بەهەزار ڕەنگ هەوارگەکانی (نوەی جەڕ) و خوڕ خوڕە و (هەیات) ئاواتی پێ دەبەن، لەو هەوارانەدا هەر ڕەشبەڵەکە و یاران هەڵدەپەڕن و بەژن شیرینەکان بەڕیز دەست دەگرن، وە هەر دڵبەرێک دڵ دەڕفێنێ و ئاوەز و هۆش لە دەست گراوان دەسێنێ.

لێرەدا پێویستە کە لە بارەی ئەو کێو و هەوارانەوە کە هۆنەر لە هۆنراوەکانیدا دیاردیی پێ کردووە، بەکورتی بدوێن و شوێنی ئەو هەوارانە دەستنیشان بکەین. (کەلی عاشقان) کێوێ بەرزە کە کەوتووەتە خۆرئاوای شاری سنە. (تەوەنە سوور) کێوێکی بەرزە و بەڕەنگی





سوورا دەڕوانێ و کەوتووەتە پشت دێی ئەوێهەنگ. (سا و سەعید) یا سەعد و سەعید دوو کەس بوون لە سەرۆکەکانی ئیسلام کە لە کوردستاندا کوژراون و گۆڕەکانیان بەناوی خۆیانەوە ناسراوە. (شانشین) ناوی کێوێکی بەرزە و کەوتووەتە پشت دێی پایگەلان و بێساران. (هەردی پلوور) کێوێکە کە کەوتووەتە میانەی دێی بێساران و گەلێ کانی و سەرچاوە لەسەر ئەم کێوەدا هەیە.

(مێرگەوار) هەوارێکی ناسراوە کە کەوتووەتە پشت دێی نیەر لە ناوچەی ژاوەڕۆ، (کۆسالان) کێوێکی بەرزە لە هەورامان. (سەرنەهاڵ) هەوارگەیەکە کە کەوتووەتە پشت گوندی دووڕوو. (عەودالان) ناوی هەوارگەیەکە. (کوڕەمیانە) کێوێکی بەرزە لە ناوچەی مەریواندا. (هۆبەتوو یا هەوەتوو) ناوچەیەکە لە دیواندەرە کە لە نەوەد کیلۆمەتریی شاری سەقز دایە و مەڵبەندی هۆزەکانی گەڵباغی و مەنمی و بۆرەکەییە.

(هانیە) هەوارگەیەکە لە دێی پاڵنگان. (زۆم) دێیەکە لە داوێنی شاخی شاهۆدا و ڕووباری سیروان لەوێوە دەڕوا.

(ماکوان) کێوێکە لە بەرانبەر شاری پاوە. (ئاتەشگا و وێڕاش) دوو لووتکەن کە لە نزیک دێی خانەگایە. (دالانی) هەوارگەیێکی جوانە کە لە پشت دێی دزاوەری نزیک تەوێڵەیە.

سەرچاوەکان

١– دیوانی ئەقدەسی، بەخەتی خۆی کە لە ساڵی ١٣٩٦ی کۆچیدا نووسراوە.

٢– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەئەقدەسی.

## هێمن

١٣٤١ – ١٤٠٦

ئەم هۆنەرەمان کە یەکێ لە ئەستێرە بەرزەکانی ئاسمانی وێژەی کوردەوارییە، ناوی حەمەدەمین و کوڕی سەی حەسەنی موکری و نازناوی هێمنە و بەپێی دیوانەکەی لە ساڵی ١٣٤١ی کۆچی لە دێی لاچین کە لە حەوت کیلۆمەتریی شاری مەهاباد دایە لە دایک بووە.

هێمن لە سەرەتای دیوانەکەیدا سەبارەت بەچۆنییەتیی ژیانی خۆی دەڵێ: «هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووم و تا پۆلی چوارەمی سەرەتاییم بەزمانی فارسی خوێند، خراپترین ڕۆژانی ژیانم هەر ئەو ڕۆژانە بوون کە ڕۆیشتمە قوتابخانە، من کە مناڵە لادێیی کورد بووم کە وشەیێ فارسیم نەدەزانی، بەفارسی دەرزم دەخوێند و مامۆستاکەشم بەفارسی لەگەڵمدا دەدوا، لە پۆلی چوارەم بەولاوە کە کەمێ فارسی فێر بووبووم ڕۆیشتمە

قوتابخانەی زانستی ئاینی و ماوەی پێنج ساڵ خەریکی فێربوون و خوێندنی زانستی ئاینی بووم. ڕێزمان و عەرووزی هۆنراوم لە خزمەت مامۆستای گەورە ئەحمەد فەوزی خوێند، وە لە تەمەنی حەڤدەساڵیدا دەستم لە خوێندن هەڵگرت و خەریکی کشتوکاڵ بووم، مامۆستا فەوزی بوو کە منی بەمێژووی کورد و کوردستان شارەزا کرد، ئەو منی فێر کرد کە کوردم و ڕێی نەتەوایەتیی پێم پیشان دا، هۆنراوی هۆنەرانی کوردی بۆم دەخوێندەوە وە هەر لەو دەمەوە خێم دایە زمان و وێژەی کوردی، لە سەردەمی ڕەزا خانی ملهوڕدا پەڕاوە کوردییەکانم بەهەزار کێشە لە کوردستانی عێراق بەدەست دەهێنا و دەمخوێندنەوە، لە خولی لاویدا زۆر دڵم بەخوێندنەوەوە بوو، بەڵام تەنیا گۆڤارە فارسییەکان لەبەر دەستا بوون و دەمخوێندەوە. ئەوسا وڵات شێوا و کەوتمە دەربەدەری و پاشان کە وڵات ئارام بووەوە گەڕامەوە نیشتمان و خەریکی کشتوکاڵ بووم و دەمەویست لە ناو ژن و منداڵەکانمدا بحەسێمەوە، بەڵام ستەم و ملهوڕیی ڕژێم گەیشتە ڕادەیەک کە بۆ هیچ مرۆڤێکی خاوەن شەرەف قەبووڵ نەدەکرا. ناچار بەپیری سەری خۆم هەڵگرت و بەداری دەستی ڕووم لە وڵاتی غەریبایەتی کرد و دەستم لە ژن و ماڵ و کەسوکار و یار و دیار هەڵگرت».

بەڵێ مامۆستا هێمن پاش سەرکەوتنی گەل بەسەر ڕژێمی پاشایەتیدا، لە پاش ئەو هەموو چەرمەسەرییە گەڕایەوە نیشتمانەکەی و پاشان چووە دێیەکەی خۆی و سەرئەنجام لە ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و وێژەی سەلاحەدینی ئەیوبی لە ورمێدا دامەزرا و بووە سەرنووسەری گۆڤاری سروە، تا لە ساڵی ١٤٠٥ لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵیدا کۆچی دواییی کرد و لە گۆڕستانەکەی مەهابادا نێژرا.

هەر کەسێک کە لەگەڵ وێژەی کوردیدا ئاشنایەتیی هەبێ بێ گومان ناوی مامۆستا هێمنی بیستووە و چەشکەی هۆنراوەکانی کردووە و دەزانێ کە مامۆستا هێمن یەکێک لە هۆنەرە بەرزەکانی کوردە، و هۆنراوەکانی تا حەزکەی تەڕ و پاراو و شیرین و ناسکن، هۆنراوەکانی ئەو لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەرا کاریگەرن، هێمن گراو و سەوداسەری کێو و تەڵان و بەندەن و بەردی کوردستانە.

هێمن وەکو زۆربەی هۆنەرانی تر شەیدای دیمەنی جوانی بەندەن، چیا و ڕەوەزەکانی کوردستان بووە و وا دیارە کە چاوەندازی جوانی زێدەکەی دەرگای هۆنراوی بۆ کردووەتەوە و بەم چەشنە سروشتە جوانەکەی کوردستان هەستی بەجارێ بزواندووە بۆیە بەم چەشنە بەبەهار و سروشتی کوردستاندا هەڵدەڵێ و دەڵێ:

شەماڵ هات بەگاڵە گاڵ
هەور بوون گەواڵ گەواڵ



پشکووت گوڵی گەش و ئاڵ
بڵبڵ کەوتە ناڵە ناڵ

***

بەلەنگێزە، بەباران
بەشنەبای بەهاران
توانەوە وەک جاران
کەوی بەفری نیساران

***

نەما مژ و سەرما و سۆڵ
نە سیخوار ما نە سەهۆڵ
ئەرت و ڕژد و شیو و دۆڵ
لێی هاتە دەر گیا و گوڵ

***

دەشت و چیمەن ڕازاوە
کێو و بەندەن نەخشاوە
زۆنگ و چێنکە ژیاوە
گیا سەری پێوە ناوە

***

لە هەوشین و گەدە و لەند
لە کوێستانی دە سامرەند
هەڵز و بیزا گیا بەند
تێک چڕژا، بووەتە زەمەند

***

مەندۆک و خاو و کەما
لە نەرمان و ئەستەما
بەسروە هاتنە سەما
وەیشوومە و سەرما نەما

***

ویستاوە زەنگۆڵ زەنگۆڵ
ئاونگ لە سەر پەلکی گوڵ
لە سەر چڵی سوورە گوڵ
بڵبڵ دەخوێنێ بەکوڵ

***

دیسان لە چیا و لە ڕازان
دێ سێرەی سەقر و بازان
پێم خۆشترن لە سازان
لە ئاهەنگ و ئاوازان

***

بژوێنە هەموو وڵات
زیندوو بووەتەوە ماڵات
جەنگەی بانەمەڕێ هات
بەرەو کوێستان چوو خێڵات

***

دیسان هات وەکو جاران
هەو هەوی شۆڕە سواران
وێرەی جلیت و داران
خرمەی ناڵ و بزماران

***

وەنەوشەی جوانی خۆشبۆ
هاتە دەر لە لێوی جۆ
دار دەری کردووە چرۆ
کەروێشکەی کرد گەنم و جۆ

***

سوێسن و بەیبوون و شللێر
ڕواون لە جێگای زەنوێر
قەڵبەزی بەست ئاو هەڵدێر
شەپۆلان دەدا ئەستێر



هێمن هەر لە تافی جوانییەوە هۆنراوی هۆنیوەتەوە و وا دیارە کە لە دەمەدەمی گەنجیدا گراو و سەوداسەری بووبێ، بەڵێ کیژێکی شۆخوشەنگ لە دێیەکەیاندا بووەتە هۆی هەڵقوڵینی سەرچاوەی هۆنراوی و لە ڕاستەقینەدا ئەوین و جوانی و تاسەی دڵداری لە هۆنراوی هێمندا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بۆیە بەپارێزەوە بەدڵدارەکەیدا هەڵدەڵێ و دەڵێ:

لاجانگت وەکوو گزنگی تاوێ
هەر بۆ خۆی جوانە تیف تیفەی ناوێ
کوڵمەکەت وەکو گوڵاڵەی گەشە
بێ سورمەش چاوە مەستەکەت ڕەشە
وەکو فرمێسکی عاشق ڕووناکی
وەکو ئاونگی بەیانی پاکی
بەتاسکە تاسک و بەلەنجە و لارت
بەبەژن و بالای بەرز و لەبارت
بەدڵی سادە و بەهەستی پاکت
بەشەرم و حەیا و ئاکاری چاکت
منت کردووە شێت و وێتی خۆت
وەختە لە سوێیان گیانم دەرچێ بۆت

بەڵام هێمن گراو و سەوداسەری کێو و تەلان و چیا و ماهی کوردستانە، وە دیارە کەسێک کە گراوی گەل و مەڵبەندەکەی بێ لە زنجیر و تەناف و دار و بەند و سێدارە ناترسێ، وە دەست لەسەر بڕوای خۆی هەڵناگرێ و هەر دەڵێ من کوردم و بۆ دوژمن نابەزم، وە وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا دەڵێ:

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لە دەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم، مەردم ئەمن
عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم
عاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن
گەر لە برسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ ڕەق هەڵێم
نۆکەریی بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن
من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند باکم نییە
لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن

لە هۆنراوەکانی مامۆستا هێمن بەئاسانی دەردەکەوێ کە ئەو لە ژیانی ڕەنجبەران و جووتیاران و وەرزێرانی کوردستان شارەزا بووە، جگە لەوەش خۆی تا ڕادەیەک لەم ژیانەدا بەشدار بووە، لە پارچە هەڵبەستێکیدا زۆر بەجوانی بەزمانی سادە باسی نرخی کاری جووتیار و وەرزێر بۆ گەل و کۆمەڵ دەکا و چەوسانەوەی ئەو لە ڕژێمی پێشوو پیشان دەدا و دەری دەبڕێ کە پیاوی ڕەنجبەر لای ئەو زۆر خۆشەویستە، وەکو دەڵێ:

من جووتیارم، من جووتیارم
من لەگەڵ هەتاو هاوکارم
من بەئارەق و ئەو بەتین
دامان ڕشتووە بناخەی ژین
باسکی من و تیشکی ئەوی
بژیو دەستێنن لە زەوی
گەر جووتیار ئارەق نەڕێژێ
گەر هەتاو تیشک ناوێژێ
دانیشتووی ناو کۆشک و قەلا
دەخۆن نانی گەلا گەلا؟
تا کەی وابم، تا کەی وابم
دەس بەتاڵ و ڕەنج بەبابم
تا کەی ڕەنجی شان و پیلم
بۆ دوژمن بێ، بۆ من دیلم؟
نانا، تازە ڕاپەڕیوم
ناتوانن بدەن فریوم
ڕێبازی شۆڕش بەر نادەم
مەودا بەداگیرکەر نادەم
لە شان و باهۆی خۆم ڕادی
هەڵگرم ئالای ئازادی

مامۆستا هێمن لە نووسینی پەخشانیشدا دەستێکی باڵای بووە و چەند پەڕاوی لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی و هەندێ چیرۆک و بەند و باویشی نووسیوە کە هێشتا لە چاپ نەدراون. تا ئێستا دوو دیوانی بەناوی (تاریک و ڕوون) و



(ناڵەی جودایی) لە چاپ دراوە و گەلێ هۆنراوی تریشی هەیە هێشتا بەتەواوی کۆنەکراونەتەوە.

سەرچاوەکان

١– تاریک و ڕوون – هێمن موکریانی – بنکەی پێشەوا، ١٩٨٢.
٢– ناڵەی جودایی – هێمن موکریانی – بەغدا، ١٩٧٩.
٣– هەواری خاڵی – هێمن موکریانی – بەغدا، ١٩٧٩.

## فەقێ عەبدلی بۆرەکەیی

١٣٤٣ – ١٣٧١

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەبدل و کوڕی شوکروڵڵای بۆرەکەییە[1] و لە ساڵی ١٣٤٣ی کۆچی لە دێی زەڕینەی وەرمزیار پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا بەفەقێیەتی گەلێ شوێنی کوردستان گەڕاوە و ماوەیەکی زۆر لە هەورامانا بووە و پاشان گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەکاری وەرزێری و کشتوکاڵ بردووەتە سەر و لە ساڵی ١٣٧١ لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا جوانەمەرگ بووە و هەر لەو دێیەدا نێژراوە.

فەقێ عەبدل لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و لەگەڵ ئەوەشدا زۆر دەنگخۆش و جوان و پێکەوتوو بووە و هەموو دەم لە دێیەکانیەوە بانگیان کردووە کە گۆرانیان بۆ بڵێ و هۆنراویان بۆ بخوێنێتەوە و هەموو کەسێک خۆشی دەویست.

فەقێ عەبدل پەڕاوێکی بەناوی «شەماڵ و زەلان» بەهۆنراو هۆنیوەتەوە کە بەر لە ئەویش چەند هۆنەری تر ئەم ئەفسانەیان کردووەتە هۆنراو، بەڵام شەماڵ و زەلانەکەی فەقێ عەبدل لە هەموویان جوانتر و تەڕ و پاراوترە.

لەم پەڕاوەدا هاتووە کە بەفری زستان هەموو شاخوداخێکی کوردستان داگیر دەکا و پاشان لەشکری شەماڵ و لەشکری زەلان لە ئاخر و ئۆخری زستاندا کە هێشتا بەفر نەچووەتەوە بەرامبەر بەیەک دەوەستن و سوارەی خۆیان بربڕ دەکەنەوە و دەینێرنە سەر شاخ و دۆڵەکانی کوردستان و بەیەکا دێن، لە پاش شەڕوشۆڕێکی زۆر لەشکری زەلان تێ دەشکێ و بای شەماڵ بەفر و سەهۆڵەکان دەتوێنێتەوە و سروەی بەهاری ئازادی لە هەموو شاخوداخێکی کوردستاندا هەڵدەکا.

(١) فەقێ عەبدل خاڵی نووسەری ئەم پەڕتووکەیە.

ئەم ئەفسانە کە فەقێ عەبدل بەدووسەد و هەشتا و سێ هۆنراو دەیگێڕێتەوە، جوانترین ئەفسانەیەکە لە وێژەی کوردیدا و ناوی هۆنەرەکەی لە ڕیزی هۆنەرانی هەرەبەرزی کوردا لە مێژووی وێژەی کوردیدا هێشتووەتەوە.

فەقێ عەبدل ئەم چیرۆکەی کردووەتە بەهانە بۆ ئەوەی بتوانێ دەردی دڵی خۆی و گەلەکەی دەرخا، چونکە کەنەفتی و کەساسیی گەلەکەی هەست کردووە، وە لەبەرئەوە ڕژێمی ستەمکاری پادشایەتی، زۆردار و ملهوڕ و ستەمگەر بووە، کارێکی بۆ نەکراوە جگە لەوەی لەم پەڕاوەدا دەردی دڵی خۆی هەڵڕێژێ و ئەوەیە لە دڵیایە بێژێ.

فەقێ عەبدل سەرەتای شەماڵ و زەلانەکەی ستایشی خوای مەزن دەست پێ دەکا و ئەوسا باسی کەنەفتی و کەساسی و بێچارەیی گەلەکەی دەکا و دەڵێ: لەشکری ڕامیاری لە دڵ و دەروونمدا کۆبووەتەوە و لەبەر کەنەفتی و دیلیی گەلەکەم دڵم پڕی بووە لە داخ و دەرد و پەژارەی ڕۆژگار، وە کەشتیی کەڵکەڵە و بیرم لە دەریای زووخاودا نوقم بووە، وە بازاڕی بەختم کەوتووەتە کەساسی، ئیتر لە کوێ هۆنراو و هەڵبەستم دەکەوێتە بیر، ئەم جیهانە کاری ئەمەیە کە هەندێ زۆردار ها لە ناو بازاڕیا و هەر ساتێک کوردێ ها لە ژێر ستەم و ئازاریا، وەکو دەڵێ:

بەنام خودای جیهان ئافەرین
ئیبتدا مەکەم دەستان وەرین
زەمانەی زەبوون مەکر حیلەگەر
زینەت مەجلس کوردان بەتاڵکەر
نمازۆ ساتێ بنیشوو وە شاد
بێ تەرس ڕەقیب خەم بدەوو وەباد
سپای سیاسەت نەجەرگم جەمەن
گەوهەر نەکاسەی کەساسم کەمەن
دانەی خەیاڵم خاڵی نەفەردەن
دڵم دڵگران دڵگیر دەردەن
تەبعم تۆفانی بەئاه سەردەن
کەشتیم نەگرداو زوخاو زەردەن
قەرابەی قەلبم چەواشەن چەفتەن
قاپی خەیاڵم نەقیر نەفتەن



بازاڕ بنیاد بەختم وە بادەن
جەکۆ فیکر و فام فەردم وە یادەن؟
ئی دنیای دەوران ئینە کارشەن
هەر ساتێ کوردێ نە ئازارشەن

ڕاستە کە فەقێ عەبدل ئەفسانەیەکی کۆنی کوردیی بەهۆنراو هۆنیوەتەوە، بەڵام مەبەستی وریاکردنەوەی خەڵک بووە لە بەرابەری ڕژێمی ستەمکاری پادشایەتیدا، وە مەبەستی ئەو دەردی دڵی بووە کە دەری بڕێ، لە کۆتایی پەڕاوەکەیدا دیسان دەکەوێتە گلە و گازندە و دەڵێ:

هەر پۆسەن کارش چەرخ چەپی گەرد
بازیچەی بازاڕ ساحێب نەقش نەرد
ئاشووب ئەفلاک پڕ مەکر و ئەفسوون
ماماڵە مەزاج، گەردشت گەردوون
چێش واچووم چەنی ئی چەرخ شوومە
ئی دەور دەوران نەجم نجوومە
ئی نەڕاد نەرد نەقش زەبوونە
ئی کەچباز چەرخ تاس پڕ هوونە
ئی فتنەی فەنباز سیاسەت بارە
ئی فریب فەن ساتی سەد تارە
ئی ساقیی بادەی جام بێ هۆشە
ئی مەجلس ئارای ئەجەل فرۆشە
ئی گێژ گەردوون زەبوونان گیرە
ئی زاڵ زەڕهان هەرگیز نەمیرە
ئی دوون دەوران ئاخر وە بادە
عەجووزەی عەرووس هەزار دامادە
ئی جەلاد جەڵد تشنە جە هوونە
ئی قاڕی کۆن پڕ جە ئەفسوونە
ئی دنیای دەوران پووچ باتڵە
ئی دام دەوڵات قەسد قاتڵە

هەر پۆسەن کارش گەردون کەچباز
هەردەم وە ڕەنگێ ئەفسوون مەدۆساز
ئی شووم شەرچۆی نەوجوانییە
ئی مەمات مەوت فەوت فانییە
ڕەحمش نمەبۆ بەحاڵ کەسدا
کەبک کەچ خوانش هانە قەفەسدا
دەمێ وە تارێ تەرزێ مەوانۆ
نەڕادش هەردەم نەقشێ مەشانۆ
نە تاڵەی هەرکەس ماوەرۆ نەقشێ
نەبەخت هەر کەس مەنویسۆ مەقشێ
گا کوردان وەشاد نەسەر مڵک وێش
گا غەڵتان خاک چەنی دەرد وێش
گا بەگ و گا شان گا گا جوانی
گا نگوون خاک فتوور فانی
هەر ئێدەن کارش سەراچەی سپەنج
گا شاد گا شیوەن گا دەرد و گارەنج

واتە: من بەم چەرخە شوومە چی بڵێم، ئیتر لە دەستی ستەم و زۆری ئەو بۆ کوێ هەڵێم؟ ئەم چەرخە فێڵەبازە کە گەلێکیش خۆش دەنگ و خۆش ئاوازە، بەزەییی بەکەسدا نایە، وە هەموو لاوانی قارەمانی کورد دەکوژێ و خوێنیان دەمژێ، ئاخر بڵێ گوناه و سووچیان چییە؟ خۆ ئەوان جگە لە نیشتمان ویستی تاوانێکیان نییە، من لەبەر دیلی و کەنەفتی و ڕۆژە ڕەشییی نەتەوەکەم دڵ و دەروونم هاتە جۆشوخرۆش و چارێکم نەما، جگە لەوەی فرمێسک هەڵوەرێنم و بەچەرخی چەپگەرد بڵێم: ئەی چەرخی چەپگەرد، هاوار لە دەستی تۆ، من لە تۆ بێزارم، چونکە هەموو دەم دەدەی ئازارم، تۆ ماڵی کێت وێران نەکرد؟ وە نازار و خۆشەویستی کێت بەناکامی لەناو نەبرد؟ هەندێ جار کوردەکان بەشادی و خۆشی دێلی و هەندێ جار خەڵتانی خاکیان دەکەی.

فەقێ عەبدل لەم پەڕاوەدا کە سوارەی شەماڵ و زەلان بڕبڕ دەکاتەوە، سوارەی زەلان دەکەوێتە داوی زستان و ئەوسا شەماڵ لەشکرێک لە خەڵکی شارەکانی سنە و سەقز و هەمەدان و کرماشان و هەورامان و سەردەشت و بانە و سەڵماس و خانە و ورمێ و



هەوشار و کرند و بیجاڕ و ڕێژاو و زەهاو و میاندواو و ماردین و بۆتان و حەریر و بەتلیس و ئەخلات و قووچان و کەلات کۆ دەکاتەوە و لە بەرابەری سپا و لەشکری زستاندا دەوەستێ و دەیشکێنێ و بەفر و سەهۆڵی کێوەکان دەکاتە ئاو و ئیتر خەڵک بەئاسانی دەتوانن ڕێگەکان ببڕن، وەکو دەڵێ:

شەماڵ بەوێنەی سام نەریمان
پۆڵای پڕ جەوهەر تێغ بێ ئامان
سەفدا سەف ئارا سەرهەنگ سەرداران
تیپ تیپ و لەک لەک نەسەرد یاران
تیپێ کیانا پەی پەچەپانا
قەدیم هەوارگەی گەورەی جافانا
تیپێ کیانا پەی شار سنە
چەنی زەخیرە و بارخانە و بنە
تیپێ کیانا پەرێ کۆی ئەکز
سپەردش بەئەو تا شار سەقز
تیپێ هەمەدان، تیپێ کرماشان
تیپێ کیانا پەرێ هەورامان
تیپێ پەی سەردەشت، تیپێ پەی بانە
تیپێ پەی سەڵماس تیپێ پەی خانە
تیپێ پەی ورمێ، تیپێ پەی هەوشار
تیپێ پەی کرند، تیپێ پەی بیجار
تیپێ پەی ڕێژاو، تیپێ پەی زەهاو
تیپێ پەی کرند، تیپێ پەی دواو
تیپێ پەی ماردین، تیپێ پەی قەجەر
تیپێ کوردسان شۆڕ شەڕ نەسەر
تیپێ پەی هندی، تیپێ پەی کشمیر
تیپێ پەی بۆتان، تیپێ پەی حەریر
تیپێ پەی بتلیس، تیپێ پەی ئەخلات
تیپێ پەی قووچان، تیپێ پەی کەلات

خەبەر بەردشان پەی خان زووسان
واتن ئەی زووسان یانەت بۆ وێران
شەماڵ ئاماوە بەتەعجیل و تاو
بەفر و یەخ تەواو ئەو کەردەن بەئاو

شەماڵ و زەلانەکەی فەقێ عەبدل بەهۆی نووسەرەوە کۆکراوەتەوە، بەڵام هێشتا لە چاپ نەدراوە.

سەرچاوەکان
١- شەماڵ و زەلان، هەڵبەستی فەقێ عەبدلی بۆرەکەیی.
٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەفەقێ عەبدل.

## مەلا بۆرەکەیی

١٣٤٦ – ١٣٩٥

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەبدوڵڵا و کوڕی حەمە حەسەنی شەواخ و نازناوی فارووقییە و بەمەلا بۆرەکەیی ناسراوە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٣٤٦ی کۆچی لە هەوەتوودا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە تافی جوانیدا سەری خۆی هەڵگرتووە و ڕۆیشتووەتە کفری و لەوێدا چووەتە حوجرەی فەقێیان و چەند ساڵێک فەێقهی ئیسلامی و لێکدانەوەی قورئان و ڕێزمانی عەرەبیی خوێندووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە پاشا ڕۆیشتووەتە بەغدا و لەوێدا ماوەیەک لە ناو هۆزەکەیدا ماوەتەوە و ئەوسا باری کردووەتە هەوشار و ماوەیەک لە تیکانتەپەی هەوشار ماوەتەوە و لەبەرئەوە مێمڵی شێخەکان بووە و لەگەڵ پڕوپووچا بەربەرەکانێی کردووە ناچار گەڕاوەتەوە بەغدا و لەوێوە ڕۆیشتووەتەوە کفری، وە لەبەرئەوەی مامۆستاکەی مردبوو، بەداخوازی خەڵک دەبێتە مەلایان و لەگەڵ ئەوەشدا دەرز بەفەقێیان دەڵێ و سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٩٥ لە تەمەنی چل و نۆ ساڵیدا گیان بەگیان ئافەرین دەسپێرێ و لە گۆڕستانی کفریدا دەینێژن.

مەلا بۆرەکەیی بەیەکێ لە زانایانی ئاینیی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار، لە لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز و ڕێزمانی عەرەبی و مێژووی ئیسلامدا هاوتای نەبوو، وە لە ماوەی تەمەنی کورتیدا گەلێ شاگردی هەرەبەرزی پێ گەیاند. تەنیا ئامانجی ئەو ئەوە بوو کە خەڵک خۆیان لە پڕوپووچ لادەن و لە خۆپەرستی و مرۆپەرستی خۆیان بپارێزن و هەر تەنیا خوای تاقانە بپەرستن و بەسوودی کۆمەڵ کار بکەن تا بەئاواتیان بگەن.



مەلا بۆرەکەیی گەلێ هۆنراو و نووسراوی هەبووە، بەڵام ئەوەی کە کەوتووەتە دەستی ئێمە بڕوانامەیەکە کە بۆ یەکێ لە شاگردەکانی نووسیویە و لەوەدا داوای لە خەڵک کردووە کە هەتا دەتوانن لە ڕێی ڕاستەوە بڕۆن و لە کەس نەترسن:

حەمد و سەنای حەق بۆ نووری باری
سەرچاوەی قورئان بۆ من بوو جاری
ئەمری واجب کرد (ملک الوهاب)
لە مەعنی و مەقسوود تەدەببوور کتاب
عیلمی حەق نییە غەیر عیلمی قورئان
خەوف لە کەس نییە ئیلا لە سوبحان
عەقڵ مورشد و وەلیم بوو بەئەو
ڕۆشنایی داپێم لە تاریکیی شەو
مەحیا و مەماتم راجع کرد بەئەو
چون بێ خەبەر بووم هەڵمیسان لە خەو
منیش ئیشاڵڵا تا ئاخر نەفەس
قورئان و سوننەت بەرنادەم لە دەس
مودەی دە ساڵە حەق ئەکەم ئیزهار
هام لە کۆچەڵ کۆچ پایز و بەهار
کۆمەک بەتەوحید پەرستی یەکتا
خودا خەبیرە حەقم کرد ئەدا
یەک نەفەر نەبوو بەئایە و ئەخبار
ڕەد بکا قەوڵی (فارووق) گرفتار
ئەما تەوهین و ئیفترای ناحەق
دووزوانی برێ گێل و کەللەڕەق
لە هەموو لایێ تاوی دا لە من
خوێش و بێگانە لێم بوون بەدوژمن
(قبلا و بعدا) چ ئازاریان دا
یەکسەر ئازاد بن لە ڕێگەی خودا
چونکە مەقسوودم دڵسۆزیی عامە
فریو و جیفە لە من حەرامە

قەسد و نیەتم یاری قورئانە
خدمەت جامیعە و ڕەزای سوبحانە

واتە: سپاس و ستایش بۆ خوای مەزن کە سەرچاوەی قورئانی بۆ من ڕەوان کرد و، هەر ئەوە کە فەرمانی بەهەموو ئێمە داوە کە قورئانی پیرۆز بخوێنینەوە و بیر لە فەرمانەکانی بکەینەوە و بەکاری بەین. بنیادەم نابێ جگە لە خوای تاق و تەنیا لە کەس بترسێ دەبێ ئاوەز بکاتە ڕێنمای و لە پڕوپووچ خۆی لادا، بۆیە منیش قورئانم کردە ڕێبەری خۆم و ڕۆشناییی داپێم لە تاریکیی شەودا و ئەوسا ژیان و مردنی خۆمم سپاردە ئەو و لەبەرئەوەی بێ خەبەر بووم، لە خەو هەڵمیسان و منیش خوا حەزکات تا گیانەڵا، قورئان و ڕێ و ڕەوشتەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام بەرنادەم، ئەوا ماوەی دە ساڵە کە خەریکی ڕێنوێنیی خەڵکم و ئەم دێ بۆ ئەو دێ دەڕۆم، هام لە کۆچەڵ کۆچی پاییز و بەهارا و کەسێک نەیتوانی کە قسەکانم ڕەدکاتەوە، هەندێکیش لە ڕووی کەللەڕەقی و نەزانییەوە بوونە دوژمنم، ئەوا گەردنی هەموویان ئازاد دەکەم و دەیانبەخشم، چونکە مەبەستم دڵسۆزیی خەڵکە و ئارەزوو و ویستم پەرەپێدانی ئیسلام و خزمەت بەکۆمەڵ و ڕەزای خوای تاقانەیە.

هۆنەر لە پاش ستایشی خوای تاق و تەنیا و هەڵڕێژانی دەردی دڵی خۆی، باسی پێویستەکانی ئیسلام دەکا و دەڵێ:

ئیمان بەمانای باوەڕکردنە
باوەڕ بەخودا تا ڕۆژ مردنە
ئوسووڵ و ئەرکان زانینی ئیمان
شەشن بێ خلاف بۆت بکەم بەیان
یەک باوەڕکردن، بەخودای غەفار
خالق و ڕەزاق، غەنی و کەرەمدار
دوو باوەڕکردن بەمەلائیکان
یەکسەریان دوورن لە نەفس و شەیتان
سێ باوەڕ بەگشت کتێبانی خوا
جبرەئیل ئەمین دای بەئەنبیا
چوار باوەڕکردن بەگشت مورسەلین
پێغەمبەران پاک ڕەهنمای دین



پێنج باوەڕکردن بەڕۆژ قیامەت
جەمعێ دڵخۆشن، بەعزێ خەجاڵەت
شەش باوەڕکردن میسقاله زەڕە
گشت ها لە دەفتەر خێرە یا شەڕە
سفاتی خودا گەلێ زیادە
حەوتیان قەدیمن دڵ پێیان شادە
یەکەم کە خودا هیچ وەخت نامرێ
یانێ زیندووە و ئینکار ناکرێ
دووەم قەییوومە و قایم بەزاتە
کەسێ نەیزانی هەمیشە ماتە
لە هیچ کەس نەبووە و کەسی لێ نابێ
هەرچێکی بوێ هەر ئەبێ وا بێ
سێیەم عالمە یانێ ئەزانێ
هەر ئەو مەوجوودە لە هەر مەکانێ
پەنهان و مەخفی لە ئەو ئیزهارە
سڕ و پۆشراو لەو ئاشکارە
چوارەم سەمیمە یانێ شنەواس
دایم بیسەری ناڵە و هەم نەواس
دەنگی مەخلووقات خشەی مۆر و مار
هەمووی ئەیبیسێ و ئەبێ خەبەردار
پێنجەم بەسیرە یانێ ئەبینێ
لە بەڕ و لە بەحر لە ژێرزەمینێ
شەشەم قادرە و موریدە خوا
لە ماڵ و ئەولاد ئەدات و ئەبا
ئیرادەی چ بێ ئەتوانێ و ئەیکا
کەس قابل نیە تەکەلوم بکا
موتەکەلمە حەوتەم سفاتی
یانێ بێ زبان وێژەرە زاتی

واتە: (ئیمان) بەواتای بڕواکردن بەخوای تاق و تەنیایە و پایەکانی بڕواش شەشن: یەکەم باوەڕکردن بەخوای بەخشندە چونکە هەر ئەو داهێنەر و ڕۆزیدەر و بەبەزەییـیە، دووەم بڕواکردن بەفریشتەکان کە هەموویان دوورن لە هەوا و هەوەس و هەر تەنیا بۆ پەرستنی خوا داهێنراون، سێیەم بڕواکردن بەپەڕتووکەکانی خوا، کە جبرەئیل لەلایەن خواوە بۆ پێغەمبەرەکانی هێنا، چوارەم باوەڕکردن بەپێغەمبەران کە هەموویان بۆ ڕێنوێنیی بەرەی مرۆ نێرراون، پێنجەم بڕواکردن بەڕۆژی دوایی کە هەندێ دڵخۆشن و هەندێک لە کردەوەی خراپی خۆیان شەرمەزارن، شەشەم بڕواکردن بەکردەوە کە چاک و خراپی، تۆزقاڵێکیش بێ لە دەفتەردا نووسراوە، نیشانەکانی خواش زۆرن و حەوتیان کۆنن و دڵیان پێ شاد و خۆش دەبێ: یەکەم خوا زیندووە و هیچ کاتێ نامرێ و دووەم ڕاوەستاوە و لە هیچ کەسێک نەبووە و کەسی لێ نابێ و هەرچێکی بوێ دەبێ هەر وا بێ، سێیەم زانایە و هەموو شتێک دەبینێ، شەشەم توانایە و مەرگ و ژیان بەدەستی ئەوە و حەوتەم وێژەرە و دەدوێ.

بڕوانامەکەی مەلا بۆرەکەیی لەسەر ئەم مەبەستانە دەدوێ: بڕوا، نیشانەکانی خوا، پەڕاوەکانی خوا، پێغەمبەرەکانی خوا، ئاینی پیرۆزی ئیسلام، قورئانی پیرۆز.

سەرچاوەکان

١- عەقیدەنامە - هۆنراوی مەلا عەبدوڵڵای فاروقی (دەستنووس).

٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەچۆنیەتی ژیانی هۆنەر کە لە باوکم بیستوومە.

## مەلا ئاوارە

١٣٥٤ - ١٣٨٩

ئەم هۆنەرە خەباتگێڕەمان ناوی ئەحمەد و کوڕی مەلا حەمەدەمینی هەمەوەندە و بەمەلا ئاوارە ناسراوە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٣٥٤ی کۆچی لە دێی شەڵماشی ناوچەی سەردەشت لە دایک بووە. هەر لە منداڵییەوە لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و لە پاش خوێندنی پەڕاوە وردەڵەکانی فارسی و عەرەبی بەفەقێیەتی لەم شار بۆ ئەو شار و لەم دێ بۆ ئەو دێ گەڕاوە و ئەو شوێنانەی کە تێدا ماوەتەوە بریتییە لە: شنۆ، لاجان، سابڵاخ، سەرئەنجام لە پاش چەند ساڵ خوێندن ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و ئەوسا خەریکی خوێندنەوەی پەڕاوی مێژووی گەلانی جیهان بووە و لەبەرئەوەی دیلی و کەنەفتی و ڕۆژەڕەشی و هەژاریی خەڵکی بەچاوی خۆی دیوە ناچار لەگەڵ چەند هاوەڵێکیدا لە



بەرابەری ڕژێمی پاشایەتیدا چەکی هەڵگرتووە و ڕاوەستاوە و خەڵکیشی هان داوە کە لە بەرابەری ئەو ڕژێمەدا ڕاوەستن و سەرئەنجام لە دوای ژیانێکی پڕ ڕەنج و خەباتێکی بێ وچان و پیاوانە دژی ستەم و ستەمکاری، لە پێناوی گەلدا لە ڕۆژی نۆیەمی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی بەرانبەر بەساڵی ١٣٨٩ی کۆچی بەدەستی پیاوکوژەکانی ڕژێمی شاهەنشایی لە سەردەشت گوللەباران کرا و بەپێی ڕاسپاردەی خۆی لە داوێنی کێوی گردەسووری سەردەشتدا نێژرا. مەلا ئاوارە بەیەکێ لە خەباتگێڕان و کوژراوانی ڕێی گەل و نیشتمان دێتە ژمار و لەگەڵ ئەوەشدا بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کورد دەژمێررێ و لە ئاسمانی وێژەی کوردەواریدا وەکو ئەستێرەیەکی گەش و ترووسکەدار دەدرەوشێتەوە، هۆنراوەکانی ئەو گەلێ تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن و زۆربەی هۆنراوەکانی سەبارەت بەستەم و بێدادیی ڕژێمی پادشایەتی و کەنەفتی و ڕۆژەڕەشی و بەدبەختی و ئاوارەیی و دەربەدەری گەلەکەی هۆنیوەتەوە.

مەلا ئاوارە گەل و وڵاتەکەی باش ناسیوە و هۆنراوەکانی خۆیدا باسی زۆرلێکراوی گەلەکەی کردووە و لە مافی خەڵک بەرگریی کردووە و هیوا و ئارەزووی ئەوە بووە کە ڕژێمی پادشایەتی کە ڕژێمێکی ستەمکار و ملهوڕە بڕووخێ. مەلا بڕە هۆنراوێکی هەیە لەژێر ناوی: «هاواری تووتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت» کە بریتین لە نەوەد و چوار هۆنراو و لەم هۆنراوانەدا باسی تووتنەوانێکی هەژار و ستەم لێکراو دەکا کە چۆن بەئارەقی تەوێڵ و ئەرک و ڕەنجی سەر شان شەو و ڕۆژ تووتن دەچێنێ بۆ ئەوەی بتوانێ ژن و منداڵەکانی پێ بژێنێ بەبایەکی زۆر لێی دەستێنن و تەنانەت لە سەری گەلێ ئازاری دەدەن، کە ئەوا چەند هۆنراوێکی لێرەدا دێنین وەکو دەڵێ:

تووتنەوانێکی هەژارم
بێ خانوو بێ زەوی و زارم
بێ پووڵ و باغ و بزن و مەڕ
دوورم لە خێر، نزیک لە شەڕ
منداڵم ڕووت و برسییە
ژیانم پڕ لە مەترسییە
قەرزارم، دەردە دارم
شەرمەندەی خەڵکی دێ و شارم
ڕووم نییە بچمە ناو خەڵک
بێ بەرگ و پێڵاو بێ کەڵک

خەڵکی پێی وایە تەمبەڵم
بێ کەسب و کار و چەپەڵم
بەڵام چ بکەم چارەڕەشم
خەرمانم زۆرە و بێ بەشم
هەر کە گوتیان سەری ساڵە
وادەی جووت و کشتوکاڵە
خۆم و خێزان گەورە و بچووک
ڕادەپەڕین وەک هەلووک
هەڵدەبەزین لێرە و لەوێ
بەڵکو کارێکمان دەست کەوێ
یا قوڕە کاری و خشت برین
یا جووت و زەوی هەڵدڕین
وا بەهارە بەدەرکەوت گوڵ
جێگە خۆش دەکرێ بۆ شەتڵ
بەگاسن، پێمەرە بەپاچ
بەچنگ و نینۆک و بەقاچ
ئەوجا توو شەتڵ پێ دەکرێ
بەچیلکە و چاڵ سەری دەگرێ
دووجار جارێک ئاوی دەوێ
تا شین دەبێ و دەردەکەوێ
بژاری ناخۆش و وردە
پیشەی کوڕ و کچی کوردە
شەو و ڕۆژ خەو ناچێتە چاو
کەنگێ بەرم دەکەوێ ئاو؟
بەشێو برین و وەرد و خەت
کێلان دەگاتە پێنج کەڕەت
دێراو هەڵدان، خاکاو کردن
کوڕ و کچ وە کۆوە کردن



ناخۆشە تووتن چەقاندن
هەڵترووسکان پشت چەماندن
نۆرەی پشک و بژار بڕە
جەرگ بڕە، بژار پڕە
وا نێو گوڵ کرا ئاو درا
لە دوورەوە بەرچاو کرا

مەلا ئاوارە لەم برە هەڵبەستەیدا ڕەنج و ئەرکی تووتنەوانێکی کوردمان بۆ دەردەخا کە چۆن بەپێ مەرە و گاواسن و پاچ زەوییەکەی شێف دەبڕێ و تەخت و سافی دەکا، تاکو تووتنی تێدا بچێنێ و لە پاش ئەوەی تووتنەکەی دەڕوێ لقە لقە هەڵی دەکەنێ لە قارخدا دەینێژێ و شەتڵی دەکا و خاوێنی دەکاتەوە و هەر کاتێکیش نۆرەی ئاوی بەرکەوێ ئاودێری دەکا و کە گوڵی کرد ئیتر کاتی ڕنینەوەیەتی. بەڵام لە ڕژێمی پێشوودا بەرلەوەی تووتنی تووتنەوانەکان پێ دەگەیشت، لە لایەن دەوڵەتەوە تووتن نووسێک دەهات و ئەندازەی بەرهەمەکەی دەنووسی تا بەشی دەوڵەتی لێ دەرکرێ و لە پاشماوەکەشی دەبووا بەشی خان و کوێخا و گزیریشی بدایە و ئەگەر فەرزار نەبووایە چاک بوو، جا لێرەدا مەلا پاشماوەی بەسەرهاتی تووتنەوانەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

تووتن نووس بۆ خاتری خودا
ڕوحمێ بکە بەمنی گەدا
مەیسووتێنە ڕەنجی ساڵم
خاوەنی کۆشێک منداڵم
ئەو زەوییە ئی چل پووت نییە
مەینووسە خۆ هی جووت نییە
ئاغا تۆ بی و پەروەردگار
ڕوحمێ بکە بەمنی هەژار
بڕوانە ڕوخساری زەردم
کزەی ئاهی دڵی سەردم
بێ دەنگ بە ئەی گێژی نەفام
من کاری خۆم کردووە تەمام
تازە هەڵی وەشێنمەوە
بشمری نایکوژێنمەوە

من کاربەدەستی دەوڵەتم
دوژمنی خاک و میللەتم
زۆری من لێ پاڕامەوە
بێ پووڵ جوابی نەدامەوە
نووسی بەچل پووتی تەواو
تەپڵە بەسەری دوا بڕاو
بەفیزەوە سوار بوو ڕۆیی
بۆ من جێ ما ڕەنجەڕۆیی
ئەوجا بارین دەرد و بەڵا
بۆ تووتنەوانی بێ سەڵا
بەلەرز و تاو بەدەردی چاو
سیس بووم وەک تووتنی بەر هەتاو
بێ پووڵ و پارە بێ خەرمان
بێ دوکتۆر و دەوا و دەرمان
تەلیس و شریت و حەمباڵی
خەسار نەکەی نیو میسقاڵی
تەواو داگیرا و دانرا
پەتەی بارکردنی درا
خۆش خۆشی دڵم شادە
خاوەنی قەرز، بەس خۆ بادە
تووتنەکەم زۆر جوان و ڕەندە
بۆنخۆش و باش و پەسەندە
لەو ڕۆژەی باری دەکەم
وارید بەناو شاری دەکەم
دوخانیە چاکم لێ دەکڕێ
پووڵێکی باشم پێ دەبڕێ
هەر قەرزێکی بەسەرمەوە
دەی دەمەوە بەگەرمەوە



جلک و پێڵاو دەسرە و کڵاو
برینج و ڕۆن بۆ چێڵاو پڵاو
هەرچی پێویستە بۆ ماڵم
بۆ خۆم و ژن، بۆ منداڵم
هەمووی دەکڕم بەهەرزانی
لە چاو ساڵان بەمەرجانی
شەو لە ئوتێل لە سەر فەنەر
دەخۆم. دەنووم، بەبێ خەتەر
بەڕۆژ تا شەو بازاڕ پێوان
بەفیزەوە قەدەم لێدان
دەگەڕێم دووکان بەدووکان
سەودا دەکەم جلکی بووکان
لە دەرزی تاکو پەشمینە
هەر شتێ جوان و ڕەنگینە
نرخ و قیمەتی دەپرسم
تووتنم هەیە چاو نەترسم
منداڵیش تلی تلییانە
لە ماڵێ خۆشی خۆشییانە
باب لە شار دەگەڕێتەوە
هەموو شتێکمان بۆ دێتەوە

بەم چەشنە تووتننووسەکە لە سەر تووتنەوانی هەژار چل پووتی نووسی و هەرچەند تکای کرد و لە ئاغە پاڕایەوە سوودێکی نەبوو، تەنانەت ئاغەش چووە گژیا و ئەوسا تووتنەکەی کردە ناو تەلیس و باری کرد و بردیە شار تا بیفرۆشێ و لەوێدا چەند ڕۆژێک لە هوتێل مایەوە و بەڕۆژا دوکان بەدوکان دەگەڕا و جلکی جوان و ڕەنگینی دەستنیشان دەکرد کە لە پاش فرۆشتنی تووتنەکەی بۆ منداڵەکانی بیکڕێ و بەشادمانییەوە بگەڕێتەوە. ئەوسا دەڵێ:

دە ڕۆژ بەم جۆرە ڕام بوارد
بەقەرز نان و چاییم خوارد

ئاغای رەئیس وە دەرکەوت
ئۆخەی نۆرەم وە بەرکەوت
دە فەردە تووتن ڕیز کراو
لەبەر شەوقی هەڵ نایێ چاو
بۆ دیتن و چاو لێ کردن
هەمووی پەرت و بڵاو کردن
سەر و بنی هەڵتەکاندن
نیوەیەکی لێ وەزاندن
منیش لە جێی خۆ هەستاوم
بەبێ زیان ڕاوەستاوم
لەناکاو هاتە گوێم دەنگێ
دای لە جەرگم وەک خەدەنگێ
گوتی: لێ دەن بەڕاگوزار
ئەم ساڵ خرابترە لە پار
بەڕووێی ترش و تاڵەوە
گوتی زوو گەڕە ماڵەوە
دە پووتت کەسری لەسەرە
بیهێنە و بێ بێنەوبەرە
کە گوێم گرت لەم دەنگ و سەدا
ڕەق بووم لەوێ وەک موقەبا
پاش تاوێ تاسان، حەپەسان
بەدەنگێکی پڕ لە ترسان
هاتمە زمان هاوارم کرد:
لێم کۆوە بوون درشت و ورد
گوتم: هەی داد و هەی هاوار
هەی لە ڕێگەی پەروەردگار
ئاغای رەئیس قەرزدارم
نەخۆشم، برسیم، هەژارم



هیچ نەبێ قەرزی ئەم ساڵم
قووتی خێزان و منداڵم
بمدەنێ با ئەربابەکەم
هەقی چایی و کەبابەکەم
ڕازی بکەم بیدەمەوە
ڕێم بێ بۆ شار و بێمەوە
یا بمگرن یا بمکوژن
یا کەسریم لە سەر هەڵگرن
یا بمبەخشن لە ڕێی خودا
خەرجم نییە بۆ دادگا
هەڵدەلەرزیم، هەڵدەچۆقام
نەڕاندی بەسەرما تۆقام
ئەی بێ شەرمی پەردە دڕاو
ئەی چڵمنی پیسی گلاو
داکوڕینە زوو دەری کەن
نەک لێرە شاربەدەری کەن
بەم چەشنە دەریان پەڕاندم
بەرهەمی ساڵیان فڕاندم
بەدزی خاوەن قەرز و ئەرباب
بێ پووڵی قاوەچی و کەباب
ملم بۆ نا بەلارەوە
دەرکەوتم لە ناو شارەوە
بەچاوی پڕ گریانەوە
بەدڵێکی وەک بوریانەوە
هاتمەوە ناو خاو و خێزان
وەک بارانی گەڵا ڕێزان
فرمێسکی ڕووتی و هەژاری
لە چاوی گشتمان دەباری

مەلا لە پاش گێڕانەوەی کارەساتی تووتنەوانی سەردەشت، داوا لە گەل و کۆمەڵ دەکا کە یەک دەست بن و یەک بگرن تا ڕۆژگاری ڕەش لەناوبەرن و هەموو بەسەربەستی و ئازادی ژیان بەرنە سەر، وەکو دەڵێ:

دوژمن تاکەی بدەم باجت
دەک وەرگەڕێ تەخت و تاجت
ئەی وەرزێران، ئەی جووتیاران
ئەی تووتنەوانی ماڵ وێران
با بەیەک دڵ و یەک زمان
بە خەباتی شۆڕشگێڕمان
تا دوا پشوو هەوڵ بدەین
شەق لەو ڕژێمە هەڵ بدەین
یەک گرتن هۆی سەرکەوتنە
خەبات ڕێگەی دەسکەوتنە
ئەگەر یەک بین و یەک بگرین
لەگەڵ یەکدا بژین، بمرین
زاڵ دەبین و سەردەکەوین
بەرز دەبین و نانەوین
هەوڵ و تەقەلای بێ وچان
بێ ماندوو بوون، بێ پشوودان
تاقە ڕێگەی ئازادییە
هێنەری ڕۆژی شادییە

مەلا ئاوارە کە تا کوژرانی لە خەبات و تێکۆشیندا بووە، هەموو دەم داوای لە خەڵک کردووە کە لە بەرامبەر ڕژێمی ستەمکاری پادشایەتیدا ڕاپەڕن و لەم بارەوە گەلێ هۆنراوی هۆنیوەتەوە و، زۆربەی هۆنراوەکانی بەکوردی پەتین و زمانەکەی زمانی خەڵکی کوردستان و هۆنراوەکانیشی لەسەر کێشی خۆماڵین و لەگەڵ ئەوەشدا سەوداسەر و گراوی کێو و بەندەن و چیای کوردستانە، وەکو دەڵێ:

هەدا نادەم ڕۆژ و شەوێ
خۆم بسرەوم دڵ ناسرەوێ



تاکو هەلم دەس دەکەوێ
دنیا گشتی سەرێک کەوێ
لیم ببڕن خۆراک و خەوێ
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ
تاکو قۆناخی سەربەستی
ئەسپی خەباتم ناوەستی
تا دەرنەچم لەژێر دەستی
نامەوێ سەرمایەی هەستی
مەرگ نەک ژینی ژێر دەستی
کوردم و کوردستانم دەوێ
هیوای بەرزم قەت نانەوێ

دیوانەکەی مەلا ئاوارە لەگەڵ سەرەتایەکدا سەبارەت بەچۆنیەتیی ژیانی ئەو لە ساڵی ١٣٥٨ لەسەر ئەرکی عەولا مینایی لە مەهابادا لە چاپ دراوە، بەڵام گەلێ هۆنراوی تریشی هەیە کە لەناو دیوانەکەیدا نین.

سەرچاوەکان

١– دیوانی مەلا ئاوارە – لەسەر ئەرکی عەولا مینایی – مەهاباد، ١٣٥٨.
٢– مەلا ئاوارەی قارەمان – محەمەد تۆفیق وردی – نەجەف، ١٩٧٢.
٣– گۆڤاری ترووسکە – ژمارە ١ ساڵی ١٣٥٨.

## سوارەی ئێلخانی زادە

١٣٥٧-١٣٥٩

ئەم هۆنەرەمان ناوی سوارە و کوڕی ئەحمەد ئاغا و نەوەی حاجی ئێلخانییە و بەئێلخانی زادە ناسراوە. بەپێی یادداشتێکی خۆی بۆمی نووسیوە لە ساڵی ١٣٥٧ی کۆچی لە دێی «تورجان»ی سەر بەشاری بۆکان پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. هەر لە منداڵییەوە لە شاری بۆکان خەریکی خوێندن بووە و پۆلی پێنجەمی ناوەندیی لەوێدا تەواو کردووە و لە پاشا چووەتە تاران و لە پاش تەواوکردنی دەوری ناوەندی چووەتە زانکۆ و لە ڕشتەی حقووقدا خەریکی خوێندن بووە تا لیسانسی وەرگرتووە و لە ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە دەزگای ڕادیۆ تەلەفزیۆن لە بەشی کوردیدا دامەزراوە و خەریکی ڕاژەکردن و پەرەپێدانی زمان و وێژەی کوردی بووە تا لە ساڵی ١٣٩٥ی کۆچی لە تەمەنی سی و هەشت ساڵی لە تاراندا کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی براوەتە شاری بۆکان و نێژراوە.

سوارە لە یادداشتەکەی خۆیدا نووسیویە: «کاتێ کە لە قوتابخانەی سەرەتایی لە بۆکاندا خەریکی خوێندن بووم تووشی نەخۆشی شەپڵە بووم و بۆ چارەسەرکردنی گەلێ تێ کۆشام و چوومە لای پزشک تا کەمێ باشتر بووم، بەڵام هەر ئەشەلیم، لە پاش ئەوە گەڕامەوە گوندەکەی خۆم، پاشان چوومە دێی قەرەگوێز بۆ لای خزمەکانم و لەوێشدا ماوەیەک لە لای مەلا حەمەدەمینی ئەشعەری خەریکی خوێندنی ڕێزمانی عەرەبی بووم و هەر لەو ماوەدا لەگەڵ فەقێکاندا ئاشنایەتیم پەیدا کرد و لەوێدا بوو کە دیوانی هەندێ لە هۆنەرانی کورد وەکو (نالی و کوردی و شێخ ڕەزا و سەیف و حاجی)م خوێندەوە و گەلێ لە هۆنراوی ئەو هۆنەرانەشم لەبەرکردن، بەتایبەتی فەقێکان هەموو ڕۆژێ هۆنراوی شیرین تەشی دەڕێسێی وەفاییان بەچەشنی گۆرانی و ستران دەخوێندەوە و منیش دووپاتم دەکردەوە و هەر لەم ماوەدا بوو کە منیش جاروبار هۆنراوم ئەهۆنییەوە».

سوارە بەیەکێ لە هۆنەران و نووسەرانی هەرەبەرزی کورد دێتە ژمار، گەرچی شوێنەوارێکی چاپکراوی نییە، بەڵام ئەو بەرهەمانەی کە لە ئەوەوە بەیادگار ماونەتەوە، دەسەڵاتی ئەومان لە نووسینی پەخشان و هۆنینەوەی هۆنراودا بۆ دەردەخەن.

یەکێ لە بەرنامەکانی سوارە کە لە بەرنامەی ڕادیۆی کوردیی ئەو سەردەمەدا بڵاو دەبووەوە، بەناوی: «تاپۆو بوومەلێڵ» بوو کە لەم بەرنامەدا سەبارەت بەوێژەی کوردی دەدوا و وەڵامی هۆنەران و نووسەرانی لاو و تازەکاری دەدایەوە و هانیانی دەدا کە بەرهەمی باشتر و بەکەڵکتر بنووسن و هەر وەها هەندێ بەرنامەی تریشی بەناوی خەوە بەردینە و



بانگەوازی پەنجەرە و هەوارە نووسی و چەند چیرۆکیشی بۆ بەرنامەی چیرۆکی شەو بەناوی: لاس و خەزاڵ و ئافرەت و برایمۆک و سەیدەوان و قاسپەی کەو نووسیوە کە تێکستی ئەو بەرنامە لە ئەرشیفی کوردیدا پارێزراون و ماونەتەوە.

سوارە وەکو لە خۆیم بیستووە لە هۆنینەوەی هۆنراودا سەری کێشاوەتە دەرگای هەموو جۆرە وتنێکەوە: دڵداری، کۆمەڵایەتی، نیشتمانی و، بەدوو شێوەی کۆن و نوێ هۆنراوی هۆنیوەتەوە کە بەڕاستی هۆنراوەکانی گەلێ تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن و بەوشەی جوان و ساکاری کوردی هۆنراوەکانی خۆی هۆنیوەتەوە. یەکێ لە چەکامەکانی سوارە کە بەڕاستی بەشاکارێکی وێژەیی دێتە ژمار، چەکامەی هەڵۆیە کە هی «پۆشکین»ە و سەرەتا دوکتۆر خانلەری وەری گێڕاوەتە فارسی و پاشان مامۆستا هەژار کردوویەتە کوردی و سوارەش حەزی لێ کردووە و وەری گێڕاوەتە سەر زمانەکەمان کە ئەوا لێرەدا ئەم چەکامەیە دێنین وەکو دەڵێ:

پایزە دار و دەوەن بێ بەرگە
دڵ پەشۆکاوی خەیاڵی مەرگە
هەر گەڵایێ کە لە دارێ دەوەرێ
نووسراوێکە بەناخۆش خەوەرێ
تاو هەناوی نییە وا مات و پەشێو
لەشی زاماری دەکێشێتە نشێو
ڕۆژ پەڕە، ساردە کزەی بای زریان
کاتە بۆ ژینی لەدەست چوو گریان
دڵی پڕ بوو لە پەژارە و لە دڵۆ
ژینی خۆی هاتەوە بیر، پیرە هەڵۆ
بە قسە خۆشە مەترسیی مردن
تاڵە ئەو هەستی بەمردن کردن
کاتی کۆچ کردنە وەختی سەفەرە
داخەکەم سەختیی نەمانم لەبەرە
هەر بینا هات ئەجەل و من مردم
با لە شێوی پەڕ و باڵی بردم
تۆ بڵێی پاشی نەمان ژینی بێ
بۆ لەشی ساردەوە بوو تینی بێ

تۆ بڵێی ئەو خەوە هەستانی بێ
یا نە ئەو قافڵە وەستانی بێ
مەرگە دێ و دوا بەهەموو شت دێنێ
هەموو ئاواتێ لە دڵ دەستێنێ
پاشەڕۆکێکی بکەم لەو باخە
تاکو باڵ و پەڕی من پەرداخە
هەر بڕۆم نابەڵەد و بێ سەرو شوێن
دیار نییە خێڵی هەڵۆیان لە کوێن؟
شارەزای ڕێگەی مردن کێیە
چییە ئەو مەنزڵە و کوێنێ جێیە
نابمە ڕێبواری گەلی هات و نەهات
چارەکەم بەشکو ئەوا هات و نەهات
خۆی بەخۆی گوت کە دەچم بۆ لای قەل
کەیخودای پیر و بەبیری گەلی مەل
هەڵفڕی ڕاوکەری زاڵی کەژ و کێو
لە چیای بەرزەوە ڕووی کردە نشێو
کەوتە ئەو دەشتە لە ترسا تەق و ڕەو
دەرپەڕی کوڕکوڕ و کرمایەوە و کەو
هاتە لای قەل بەکزی و بێ وازی
قەل گوتی: مامە هەڵۆ ناسازی؟
کوتی: قالاوە ڕەشەی پسپۆڕم
پیرم و پێیە لە لێوی گۆڕم
باخی ژینم بەخەزان ژاکاوە
کاتی مەرگە و ئەجەلیش ناکاوە
هێزی ئەژنۆم نییە باڵ بێ هێزە
هەموو گیانداری ژیان پارێزە
پێم بڵێ چۆنە کە تۆ هەر لاوی
زۆر بەساڵ پیری بەڵام چا ماوی



قەل گوتی باشە کە گوێ ڕادێری
پەندی من پاکی بەدڵ بسپێری
ئەو دەمە بابی بەهەشتیی من مرد
دوور لە تۆ دەرد و بەڵای ئێوەی برد
پێی گوتم ڕۆڵە هەوای ڕاز و نزار
هەیەتی دەرد و نەخۆشی بەهەزار
دیق و زەردووی و ئاه و وەرهەم
بە گژەی بای بەقەوەت دێنە بەرهەم
گۆشتی کەو چەندە کە تامدارە بەناو
هەنگ و هالاوێ دەهەنوێتە هەناو
تا وزەی بیر و خەیاڵ سەردەکەوێ
کە لە گۆڕ کەوتی وەها دەردەکەوێ
پەین و پاڵێ کە لە پاڵی دێیە
مەنزڵی نۆکەری خۆتی لێیە
کەرە تۆپیو و کەلاکی گوێلک
هەڵمی دڵ ڕوون کەرەوەی سەر گوێلک
پێکەوە چینە بکەین لەو پەینە
بۆی سەنیر مەلحەمی بیر و زەینە
ورد بەوە چەندە بەمانا قووڵە
مەسەل و گفتی قەلی ماقوولە
بیکە سەرمەشقی ژیان ئەو ئیشە
هەر لەسەر داری نەوی هەڵنیشە
هاتەوە بیری هەڵۆ ڕابوردووی
پاکی بووژانەوە یادی مردووی
گوڵ کرا ڕایەخ و پایەندازم
چەندە ئاژوا لەشی کێو ئاوازم
چەند ڕوانیمە زەوی لەو بانە
کێو و دەشت لەو سەرەوە چەندە جوانە

چەن چكۆلەن پەلەوەر لەو بەرزە
ئاخ كە چەن خوێڕی گرە ئەو عەرزە
حەوتەوانان بوو میدانّی سەری من
چەندە شۆراوە بەخوێن شا پەڕی من
كۆلكە زێڕینە وەكو تاقی زەفەر
ئاسمان بۆ منی بەست كاتی سەفەر
چەندە ڕاوی كەو و كەوبارم كرد
دوژمنیی تاقمی شمقارم كرد
ئێستە بۆ وا ڕەبەن و داماوم
من هەڵۆ چاو لە دەمی قالاوم
سا كە ئەو كارە وەها ساكارە
مەرگە میوانی گەدا و خونكارە
هەوری عاسمان بێ خەڵاتم باشە
یا لەشم خاشە بكێشن باشە
كوتی وا ژینی درێژ پێشكەشی خۆت
گۆشتی مردارەوە بوو هەر بەشی خۆت
ژینی كورت و بەهەڵۆیی مردن
نەك پەنا بۆ قەلی ڕووڕەش بردن
لای هەڵۆی بەرزەفڕی بەرزە مژی
چۆن بژی خۆشە نەك چەندە بژی

گەرچی ئەم هۆنراوەیە زادەی بیری خۆی نییە، بەڵام نازكی و جوانی و سواریی هۆنراوی سوارە و هێنانی ئەو هەموو وشە ساكارە كوردییە لەم هۆنراوەیەدا وێنەیەكی بەرزە بۆ بازاڕی وێژەی كوردی و هەروەها وردیی بیری ئەم هۆنەرەمان بۆ دەردەكەوێ.

سوارە هەروەها كە وتمان لە لایەن نووسینی پەخشانیشەوە، یەكێكە لە نووسەرە هەرە گەورەكانی كورد و گەلێ نووسراوی بایەداریی بەپەخشانی جوانی كوردی لێ بەیادگار ماونەتەوە كە ئەوا نموونەیەكی لێرەدا دێنین كە لە سەردێڕی هۆنراودا نووسیویە و دەڵێ:

«تاقمێك هەبوون كە لایان وابووە شیعر زیل و بەمە و ئاهەنگ و وشەی جوان جگە لە لاواندنەوەی پەردەی دڵ و گوێ بەكاری شتێ تر نایە ئەمانە چ سووررئالیست بن، چ لایەنگری ڕۆمانی نوێ چ دادائیست و چ تاقمی هونەر بۆ هونەر، هەموویان دەكرێ لەژێر



ئەم ناوەدا كۆ بكەینەوە: لایەنگرانی قاڵب و دێوی دەرەوە. ئێمە لەگەڵ ئەوەشا ئەزانین ئاهەنگ و وشەی جوان و ڕازاندنەوەی ڕواڵەتی وتار بەشێكی گرنگ و هێژایە لە شیعرا بەڵام وەسیلەیە نەك ئامانج. مەبەستی ئەسڵی لە شیعرا ناوەڕۆك و كاكڵە نە ڕواڵەت و توێكوڵ. شیعری فەننی و مامۆستایانە ئەمەیە كە ناوەڕۆكێكی بەكەڵكی هەبێ لەناو قاڵبێكی جوان و ڕازاوەدا و ئاهەنگی تایبەتی خۆیشی دۆزیبێتەوە، ئاهەنگی تایبەتی شتێكی شیاوی لێ وردبوونەوەیە، چونكە هەر شیعرێك بەپێی موحتەوا و واتەی خۆی ئاهەنگێكی تایبەتی ئەخوازێ و بۆ ئاهەنگی تایبەتیش وشەی تایبەت گەرەكە بۆ نموونە شیعرێكی نەتەوایەتی و هاندەر كە ئەیەوێ دەماری گەل پەرستی بەهێز كا، دەبێ ئاهەنگێكی حەماسی هەبێ و وشەی تایبەتی بۆ هەڵبژێررێ وەك ئەم نیوە شیعرە كە دەڵێ:

«پێ و چەك زەرمەیانە و خرمە...»

سەرچاوەكان

١– كۆمەڵە هۆنراوەكانی سوارە كە خۆم كۆم كردووەتەوە.

٢– ژیننامەی سوارە لەسەر ژیانی خۆی.

٣– یادداشتەكانی خۆم سەبارەت بەسوارە.

## هۆنەرانی دەوری خالدی

١٣٠٦ – ٦٥٠

سەبارەت بەدامەزراندنی میرنشینی خالدی كە لە پەرتووكی شەرەفنامەدا بەناوی فەرمانڕەوایانی جزیر باسیان لێ كراوە هەركام لە مێژوونووسان قسەیەكیان كردووە. میر شەرەفخانی بتلیسی بنەچەكەی ئەوان دەباتەوە سەر خالدی كوڕی وەلید و هەندێ تر ئەوان لە پاشماوەی خالدی یا هالدییەكان دادەنێن كە لە باپیرانی كەونارای كورد بوون و ئەمانە لە ساڵی ٦٥٠ی كۆچیدا دەوڵەتێكیان لە جزیر و بۆتاندا بەناوی خۆیانەوە دامەزراند و لە پاشدا گەلێ مەڵبەندی تری كوردستانیان داگیر كرد و هەندێ جار بەسەربەخۆیی دەژیان و هەندێ جاریش لەژێر دەسەڵاتی پاشایانی ئێران و عوسمانیدا بوون و دەوڵەتەكەیان تا دەوری بەدرخان پاشا هەر ما و بەپێی وتەی ئەمین زەكی بەگ، كوڕەكانی بەدرخان پاشا تا ساڵی ١٣٠٦ی كۆچی هەر دەسەڵاتیان هەبوو، بەڵام توركەكانی عوسمانی دەورەیانیان دا و شەڕێكی گەرم لە نێوانیاندا قەوما و سەرئەنجام كوڕەكانی بەدرخان خۆیان دا بەدەست توركەكانەوە و ئیتر دەوڵەتەكەیان پووچ بووەوە.

خالدییەكان یا فەرمانڕەوایانی جزیر بۆ پەرەپێدانی ئاوەدانی و كشتوكاڵ و فەرهەنگ و

وێژەی کوردی گەلێ تێ کۆشاون و لە ماوەی فەرمانڕەوایی خۆیاندا گەلێ پرد و کاروانسەرایان دروست کردووە و پەرەیان داوەتە فەرهەنگ و وێژەی کوردی.

لە دەوری خالدییەکاندا گەلێ هۆنەر و هەستیار و زانا و هونەرمەند هەڵکەوتوون کە ڕاژە و خزمەتێکی زۆریان بەزمان و فەرهەنگی کوردی کردووە کە لەناو ئەوانەدا دەتوانین لە: «عەلی حەریری، شێخ ئەحمەدی جزیری، فەقێ تەیران، بەکر بەگی ئەرزی، شێخ ئەحمەدی خانی، ئەحمەدی مەلا باتی، مورادخانی بایەزیدی، شا پەرتەوی هەکاری» ناو ببەین کە ئەوا لێرەدا باسیان لێوە دەکەین:

## عەبدولسەمەدی بابەک

٤١٠–٣٦٣

ئەستێرەی گەشی ئەم باسەمان ناوی عەبدولسەمەدی کوڕی مەنسوور کوڕی بابەک و نازناوی هۆنراوی بابەکە. بەپێی وتەی ئیبنی خەلکان ئەم هۆنەرەمان لە ساڵی ٣٦٢ی کۆچی لە هەکاریدا هاتووەتە دنیاوە و بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی دەوری ساحێب کوڕی عیباد (٣٢٦–٣٨٥ی کۆچی) دێتە ژمار و زۆربەی هۆنراوەکانی عەرەبین و لە ستایشی فەرمانڕەوایان و میراندا هۆنیویەتەوە. هەر لەسەر قسەی ئیبنی خەلکان ئەم هۆنەرە سێ دیوانی بووە کە زۆربەی هۆنراوەکانی پیاهەڵگوتن و ئاینی و خواناسین. لە ساڵی ٤١٠ی کۆچی هەر لە هەکاریدا لە تەمەنی چل و هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا عەبدولڕەقیب لە دیوانی کرمانجیدا سەبارەت بەبابەک دەڵێ: بابەک یەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچییە و بەپێی قسەی ئیبنی خەلکان گەلێ هۆنراوی بەزمانی عەرەبی و کوردی هۆنیوەتەوە کە هۆنراوە عەرەبییەکانی لە پەڕاوەکانی وێژەی عەرەبیدا تۆمار کراون و هەندێ لە هۆنراوە کوردییەکانی کە لەناو بەیاز و کەشکۆڵەکاندا نووسراونەتەوە کەوتوونەتە دەستی ئێمە.

بابەک لەگەڵ ئەوەی کەمتر هۆنراوی کوردیی هۆنیوەتەوە، بەڵام هەر ئەو هۆنراوانەی کە بەزمانی کوردی کەوتوونەتە دەستی ئێمە گەلێ شیرین و ڕەوان و دڵگران و کەمتر نین لە هۆنراوی ئەو هۆنەرانەی کە هەر هۆنراوی کوردییان هۆنیونەتەوە، لە هۆنراوی عەرەبیدا لە هەموو بابەتێک دواوە: خواناسی، دڵداری، سروشت. بەڵام لە کوردیدا ئێمە هەر ئەم برە هۆنراوانەیمان دەست کەوت کە بێ گومان ئەمە نموونەیەکە لە سەدان هۆنراوی تری ئەو بەکوردی. بەڵێ بابەک بەم چەشنە بەسروشتدا هەڵدەڵێ و دەڵێ:



دلاشادبە! خۆش دەم هات بهارە
ڕەشەمەهـ چۆ تەرازەن بوون دیارە
نهال دەربوون خشاهات ئاڤ و جووبار
بەفر کەر کەر بوو کەفتی نزارە
گولیلک و گوڵ ب کەن دەرچون ژکاژان
سڤک هات نێرگزا مەست کووڤی خارە

واتە: ئەی دڵ! خۆش بە ئەوا دەمەدەمی خۆشیی بەهارە و زستان بەسەرچوو و ئێستا گیا و ڕووەک لە هەموو جێ و شوێنێکدا ڕواون و ئاوی دۆڵ و شیوەکان بەرەو ڕووبار و جۆبارەکان سەرەوژێر بووەتەوە و کلیلەکانی بەفر لەت لەت بوون و گوڵ و گوڵاڵەکان لە داوێنی کێوەکانەوە سەریان دەرهێنا و ئەوا بزە دەگرنەوە و نێرگزی کڵاو لارمەستان خۆی دەنوێنێ.

سەرچاوەکان

١- وفیات الاعیان - تالیف شمس الدین ابن خلکان - مصر، ١٩٤٥.
٢- دیوانا کرمانجی - توێژاندنا عبدالرقیب یوسف بغداد، ١٩٤٥.
٣- بەیازێک کە نزیکەی چوارسەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.

## عەلی حەریری

٩٨٤–٩١٧

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەحمەد و کوڕی عەلی حەریرییە و بەناو باوکییەوە ناسراوە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە سەدەی دەیەمی کۆچیدا ژیاوە. ساڵی لەدایکبوون و مردنی عەلی حەریری بەتەواوی نازانرێ و هەر کەسە قەسەیەکی لێوە کردووە و ئێمە ئەو قسانە دێنین و لێیان دەکۆڵینەوە تا ڕاستییەکەمان بۆ دەرکەوێ.

مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە پەڕاوی «ناودارانی کورد»دا دەڵێ: عەلی حەریری لە نێوانی ساڵانی ٤٠٠ و ٤٧٠دا ژیاوە و هەندێ هۆنراوی لە شوێن بەیادگار ماونەتەوە. مامۆستا موحیبی لە پەڕاوی: «خلاصە الاثر»دا دەڵێ: شێخ ئەحمەدی حەریری لە ساڵی ١٠٤٨ی کۆچی لە گەڕەکی ساڵحیەی شامدا کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە. مامۆستا دوکتۆر بلەچ شێرکۆ لە پەڕاوی «القضیە الکردیە»دا دەڵێ: عەلی حەریری لە ساڵی ١٠٠٩ی کۆچیدا ژیاوە. مامۆستا عەلائەدینی سەجادی لە پەڕاوی «مێژووی ئەدەبی

کوردی»دا دەڵێ: مەولانا جامی کە لەساڵی ٨١٧ی کۆچی لە دایک بووە، لە ڕێگەی کوردەوارییەوە بەسەر هەولێردا چووە بۆ حەج و لە ساڵی ٨٩٨دا مردووە. لە کاروانی حەجەکەی لەو کاتەدا کە بەکوردەواریدا تێ پەڕیوە لە باسی هۆنراو و وێژەدا دەڵێ:

پیره مردی بیدەام زجزیر          نیک مردی بدیدام ز حریر

وە ساغ بووەتەوە ئەم پیرەمێردە کە ئەو چاوی پێ کەوتووە مەلای جزیری بووە و نیمە مێردەکەش عەلی حەریری بووە کەوابوو عەلی حەریری لە بەین ساڵانی ٨٤٥ تا ٩١٥ی کۆچیدا ژیاوە.

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف لە سەرەتای دیوانی کرمانجیدا دەڵێ: عەلی حەریری لە تاکە هۆنراوێکیدا دیاردیی کردووەتە مەم و زین وەکو دەڵێ: «مەم و زین هەر دوو یەک طایی سیا زوڵفێ کرن تالان» واتە: مەم و زین هەردووکیان بەتایەکی زوڵفی ڕەش هەموو شتێکیان بەتاڵان چوو و، لەبەر ئەوەی مەم و زین لە ساڵی ٨٥٤ی کۆچی مردوون و ئەم مێژووەش لەسەر کێلی گڵکۆکەیاندا نووسراوە، دیارە عەلی حەریری لە پاش ئەو مێژووەدا ژیاوە و بەپێی هۆنراوەکەی جامی، عەلیی حەریری هاوچەرخی مەلای جزیری بووە و وەکو دەڵێن ماوەیەکیش لەلای ئەو وانەی خوێندووە و فەقێی بووە و هەروەها دەڵێن لە شەڕی چاڵدران کە لە ساڵی ٩٢٠ی کۆچی لە نێوانی ئێران و دەوڵەتی عوسمانیدا ڕووی داوە ژیاو.

لەم دواییەدا بەیازێکی کۆنمان دەست کەوت کە هەندێ هۆنراوی عەلی حەریریی تێدا تۆمار کراون و ساڵی لەدایکبوون و مردنیشی ٩١٧–٩٨٤ی کۆچی نووسیوە و لەمەوە بۆمان دەرکەوت کە عەلیی حەریری لە سەدەی دەیەمی کۆچیدا ژیاوە.

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە هێنامان، عەلی حەریری لە سەدەی دەیەمی کۆچیدا ژیاوە و، وەکو دەم بەدەم دەیگێڕنەوە باوکی لە بنەڕەتا خەڵکی حەریری کوردستانی عێراق بووە و لەوێوە باری کردووەتە شام و لە پاش ماوەیەک چووەتە دێی عەسال و لەوێدا نیشتەجێ بووە و ئەوسا ئەحمەدی کوڕی لەو دێیەدا لە دایک بووە. ئەحمەد هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ گەلێ شار و وڵات گەڕاوە، ماوەیەک لە شام بووە، ماوەیەکی زۆریش لە حەڵەب لە فێرگەی ئەحمەدی دێرعەزانی خوێندوویەتی و لە پاشا لە باژێڕی عەنتاب یا عەین تاب لە کوردستانی تورکیا خوێندنەکەی تەواو کردووە و لە شێخ شاوەلیی خەڵوەتی ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە پاش ماوەیەک چووەتە شام و لە مزگەوتی ساڵحیەدا دامەزراوە و پاشماوەی ژیانی لەو شوێنەدا بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا کۆچی دواییی کردووە و هەر لەوێدا نێژراوە.



عەلی حەریری بەیەکێ لە هۆنەرانی بەرزی کورد دێتە ژمار و، لە هۆنینەوەی هۆنراوی ئاینی و دڵداریدا مامۆستا بووە و سەری کێشاوەتە درگای هەموو جۆرە وتنێکەوە: ئاینی، کۆمەڵایەتی، دڵداری، سروشتی. بەڵام لەبەرئەوەی هۆنراوەکانی کۆ نەکراونەتەوە بەداخەوە زۆربەیان تیاچوون و چەند پارچە هەڵبەستێکی کە لەناو بەیازێکدا کە لە ساڵی ١١٨١ی کۆچیدا نووسراوە کەوتووەتە دەستمان کە لێرەدا هەندێکی دێنین و لەسەری دەکۆڵینەوە.

هۆنەرانی کورد بەچاوێکی بەرزەوە سەرنجی عەلی حەریرییان داوە. شیخ ئەحمەدی خانی لە پەڕاوی مەم و زیندا، ناوی عەلی حەریریی لە ڕیزی شێخ ئەحمەدی جزیری و فەقێ تەیران هێناوە و دەڵێ:

بینا ڤە ڕوحا مەلی حزیری
پێ حەی بکرا عەلی حەریری
کەیفەک وە بدا فەقیهی تەیران
حەتا بەئەبەد بمایە حەیران

حاجی قادری کۆییش لە تاکە هۆنراوێکیا ئەو بەحەسسانی کورد دادەنێ و دەڵێ:

دوو عەلین شاعیرن وەکوو حەسان
بەردەشان و حەریرە مەسکەنیان

وەکو دەڵێن عەلیی حەریری زمان و وێژەی فارسی و عەرەبی و تورکیی زۆرباش زانیوە و گۆیا بەزاراوەی خەڵکی حەریریش هۆنراوی هۆنیوەتەوە، بەڵام هیچێکی نەگەیشتووەتە دەستی ئێمە، ئەوەی ڕوونە لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

دڵێ مەحزوون کەفارەت بیت کو ئیشەب تازە مێڤان تێت
ب مزگینی بەشارەت بیت کۆ مێڤان جانێ جانان تێت
کۆ مێڤان جانێ جانا لسەر چەشمێ مە مێڤانە
ب مالا جوملەیێ خانەنە کو شاهێ جوملەیێ خان تێت
وەرە ئەی شاهدێ شیرین، ژ عیشقا تە دل ئێخسیرین
ب جان مەنزلگەهێ میرین، تەلەبکارین کو سوڵتان تێت
تەلەبکارین، دڵ ئارایین، مەدیم یاریم، ب وێ شایین
ل بەژنا عەرعەرین دایم سیەه مار لێ ب جەولان تێت

سیەھ ماران کرە سەیران کۆ خاس و عام بووبوون حەیران،
ل جووتێ شبهەتی جەیران ل جەیران عەنبەر ئەفشان تێت
دوو زولفێن عەنبەر ئەفشانن، دوو لەعلێت شەکەرستانن
ئەقیق و دوڕ و مەرجانن، ل حەوزان ئاب حەیوان تێت
عەجیب برکە مراری تێ، ل سەدێ قەوسێ تاری تێ
سیەھ پەنجێن خوماری تێ، ژمەخمووران دوو ئەسلان تێت
ژ مەخمووران تو مەخمۆری، ب جی هێشت عەقرەبا ژۆری
تەوافا بەیت مەعمۆری، ل بورجان خوون بەسەیران تێت
عەقارب هات و بێ حەد هات، ل وێ بورجا زەبەرجەد هات
ڤە بالا قەوسی ئەسوەد هات، ل تەلەب ماھ تابان تێت
ل هەیڤا کەوچەرین کامیل، ڤە ئەهلان ڕانەهشتن دل
کۆ جوملەدا سەفێن سونبول، لە هنداڤی گولستان تێت
گولستانا خودا ڕستە، ل چار ئەتراف لان خوەستە
بنەفش و نێرگزا مەستە، جنەسرێ لەعل و ڕەیحان تێت
ژ ئەفغانان نەمایم تێر، دوعا گۆێی تە ئەز بێ ڤێر
ببینە شەڕ دوو ئەسلەح دێر، حەتا ڤی قاسدی جان تێت
ببیتە ڕووشەمالینێ، وەرە هنداڤی بالینێ
ژدەست ئاهان و نالینێ، چ ڕەنگ فەریاد ژ عەسمان تێت
ب فەریاد و ب هاوارە، ژ دەست ئاهان من ئەوکارە
مەلازم بەندەیێ ژارە، ژ سەیدی چ فەرمان تێت
سەیدێ حەق نەزەر ڤێرا، د ئیقلیمان عەلەم گێڕا
قەتارا گەوهەران ڤێڕا، ژ نێڤ کانا بەدەخشان تێت

واتە: ئەی دڵە خەمبارەکەم! ئەوا ئێمشەو مێوانێکی تازەت بۆ دێ و دەبێ تاوانی ئەو هەموو خەم و پەژارەیە کە خواردووتە بدەیتەوە، دەسا مزگێنیت پێ دەدەم ئەو مێوانە مێوانێکی گیانییە، ئەو مێوانە گیانی گیانانە و لەسەر چاوانە. ئەو مێوانە زۆر خۆشەویستە و شای هەموو خانانە. وەرە ئەی مێوانە شیرینەکەم دڵ بەهۆی ئەوینی تۆوە کەوتووەتە داو و بەجارێ ئێخسیر بووە، من بەگیان و دڵ لە تۆ مێوانداری دەکەم و سەرم لە ڕێتا بەخت دەکەم و بەهاتنی تۆ کە بالآت وەکو عەرعەرە و هەموو دەم و جووتێ پەلکەت وەکو ماری



ڕەش بەسەر بەژنتا شۆڕ بووەتەوە و چاوەکانت وەکو چاوی ئاسک لەژێر کەزیە ڕەشکەکانتا دەدرەوشێنەوە دڵخۆشم. خەڵک سەریان لە جوانیت سووڕماوە، بەتایبەتی بۆ دوو زوڵفەکانت کە بۆنی عەنبەریان لێ دێ و لێوەکانت بەوێنەی شەکەر و دوڕ و مەرجانن و، بۆ مرۆ وەکو ئاوی ژیانن، چاوە ڕەشەکانیشت مەستن و خەڵک وەکو کەعبە بەدەوریاندا دەگەڕێن و لە مانگی کەوچێرین لە ئاسمانی بەژن و بالآتدا هەڵدێن و دڵی گراوان دەرفێنن و لە گولستانی جوانیتدا گوڵانی جۆر بەجۆر وەکو بەنەوشە و نێرگز و ڕێحان ڕواون و، من کە دڵبراوی تۆم هەر دەناڵێنم و ئیتر لە ناڵە نابمەوە تا بزانم چ فەرمانێک دەدەی.

عەلی حەریری لە پارچە هەڵبەستێکی تریدا لە یارەکەی گلە و گازندە دەکا و دەردی دڵی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ:

دیسا ژنۆ عیشقا بەرێ پڕ ئەندەروونم ئاتەشە
زولفا موزەیەن عەنبەرێ، دەعوا دگەل خالا ڕەشە
خالا ل دێمێ دل ڕەڤا، سەد ڕوح و جانم بن ڤەدا
سۆتم گەلۆ چوو دمن نەما، تەرکم کرن عەقل و هشە
عەقل و هشم بوونە ئەسیر، دونیا کۆگەھ گەھ تێنە بیر
دێم شوبهەتا بەدرا مونیر، زولفا ژ وەردی بێن خۆشە
وەردان ژ نێڤ زولفا دەرین، شوعلا بەنەفشی تێ ڤەرین
بالا و قەد عەرعەرم، هەریان لسەر مارێ ڕەشە
دیسانێ حەی تێت و دچت، ئەحیای ئەمواتان دبێت
وێ جهان مودام نوور ژێ دچیت، دێم شوبهەتی شەمعا گەشە
شەمعا شەبستانێ ئەوە، وەردا گولستانێ ئەوە
سەروێ دبوستانێ ئەوە، شوخا «حەریری» دلگەشە
عەجێب لەطیف و جندییە، ئەزمان نەزان و ڕوومییە
ئاگەھ ژ عیشقابازان نییە، مەست و خومار و سەرخوەشە
سەرخوەشی جاما شەربەتێ دێم شوبهی شەمعا زوڵمەتێ
حووریی دباغێ جەنەتێ، سەرداری چەندین مەهوەشێ
مەهوەش کووەستان سەف بەسەف ئەو هاتەدەر میسری دکەف
وان گۆت: «عَلَيُ لا تَخَف»، مە ب مرنێ قەوی خوەشە

واتە: دیسان سەرلەنوێ دڵم ئاوری تێ بەربوو و، زوڵفە عەنبەرینەکانی یارم لەگەڵ خاڵی ڕەشی سەر گۆنایدا بەشەڕهاتن و ئەو خاڵە دڵمی ڕفاند و ئەگەر سەد گیانم بێ لە ڕێی

ئەودا بەختی دەکەم، ئەوەندە ناڵاندم کە دەنگم بڕا و دڵم سووتا و فام و هۆشم نەما، بیر و هۆشم ئێخسیری ڕوومەتی جوان و زوڵفی بۆنخۆشی ئەو یارە بوو، ئەو زوڵفانەی بەسەر باڵای عەرعەرینەوە دێن و دەچن و بەجارێ مردووان زیندوو دەکەنەوە، چونکە ڕوومەتی جوانی تیشکی لێ دەبارێ و وەکو شەم ڕووناکی دەدا، لە ڕاستیدا شەمی شەوان هەر ئەوە و گوڵی گوڵستانان و سەوڵی بێستانەکان هەر ئەوە و، ئەو دڵبەرە جوانە، شۆخوشەنگی (حەریری)یە. ئەم شۆخە ئاگای لە حاڵی ئەوینداران نییە، چونکە مەست و سەرخۆشە و سەرداری چەندین نازەنینی گوڵەندامە، هەر ئەو نازەنینانە ڕۆژێکیان بەڕێز ڕاوەستان و لەپڕ یارم هاتە دەر و شمشێرێکی بەدەستەوە بوو و دیاربوو کە بۆ کوشتنی من هاتبوو، نازەنینەکان وتیان ئەی عەلی مەترسە، ئێمە بەمردنی خۆمان ڕازین، چونکە ئەو دڵبەرە زۆر دڵڕەقە.

سەرچاوەکان


١- خلاصە تاریخ الکرد وکردستان تالیف: محمد امین زکی بگ - قاهرە، ١٩٣٩.
٢- مشاهیر الکرد و کردستان تالیف: محمد امین زکی بگ - بغداد، ١٩٤٥.
٣- القضیە الکردیە تالیف: دکتر بلچ شیرکو- قاهرە، ١٩٣٠.
٤- خلاصە ألاثر - تالیف: محبی - دمشق، ١٩٣٥.
٥- مێژووی ئەدەبی کوردی - عەلائەدین سەجادی - بەغدا، ١٩٥٢.
٦- مەم و زین، شاکاری ئەحمەدی خانی - لەسەر ئەرکی گیو موکریانی - هەولێر، ١٩٦٨.
٧- دیوانی حاجی قادری کۆیی- کۆکردنەوەی گیو موکریانی - هەولێر، ١٩٦٩.
٨- دیوانا کرمانجی - توێژاندنا عبدالرقیب یوسف - بەغدا، ١٩٦٥.
٩- بەیازێک کە لە ساڵی ١١٢٠ی کۆچیدا نووسراوە.




## شێخ ئەحمەدی جزیری

١٠٤٨-٩٧٢



ئەم هۆنەرە پایەبەرزە ناوی ئەحمەد کوڕی شێخ محەمەدی جزیرییە و نازناوی هۆنراوی (مەلا و مەلێ)یە و لە شاری جزیردا لە دایک بووە کە شارێکە لە کوردستانی تورکیە و کەوتووەتە خۆرئاوای چیای جوودی.

سەبارەت بەمێژووی لەدایکبوون و مردنی مەلای جزیری لە نێوان نووسەران و مێژوونووساندا جیاوازی هەیە. مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا ساڵی لەدایکبوون و مردنی شێخ ئەحمەدی جزیری (٩٠١ - ٨٢٧ی کۆچی) داناوە. دوکتۆر بلەچ شێرکۆ واتە جەلادەت عالی بەدرخان لە پەڕاوی (القضیە الکردیە)دا دەڵێ: مەلای جزیری ناوی شێخ ئەحمەد و خەڵکی جزیر و بۆتانە و لە ساڵی ٥٨٠ی کۆچی لە شاری جزیر و بۆتاندا مردووە و زۆر هۆنراوی دڵداری و خواناسیی هەیە.

مامۆستا ئەمین زەکی بەگ لە پەڕاوی: مێژووی کورد و کوردستاندا دەڵێ: مەلای جزیری ناوی شێخ ئەحمەدە و لە جزیرەی ئیبنی عومەر لە نیوەی دوایی سەدەی شەشەمی کۆچی لە دەوری عیمادەدینی فەرمانڕەوای شاری مووسڵدا ژیاوە و، دیوانەکەی خۆی بەدیاری ناردووە بۆ خانی خانان کە لە تەورێزدا ژیاوە.

مامۆستا محەمەد عەلی عەونی کە پەڕاوی ناودارانی کوردی مامۆستا ئەمین زەکی بەگی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، لە بەشی بەسەرهاتی مەلای جزیریدا چەند پەڕاوێزێکی داناوە و دەڵێ: ئەو هۆنراوانەی کە لە دیوانی مەلای جزیریدا ناوی سەعدی و حافز و جامیان تێدایە، پەیوەندییان بەجزیرییەوە نییە و هی هۆنەرانی ترە و خستوویانەتە ناو دیوانەکەیەوە.

ئەلیکساندەر ژابا کە خۆرهەڵاتناسێکی ڕووسییە، لە پەڕاوەکەیدا کە بەناوی «چیرۆکەکانی کوردی»یە، سەبارەت بەچۆنییەتیی ژیانی مەلای جزیری دەڵێ: مەلای جزیری خەڵکی جزیری ئیبنی عومەرە و لە دەوری عیمادەدینی زەنگیدا واتە: لە نێوان ساڵانی (٥٤٠ - ٥٥٦ی کۆچی)دا ژیاوە.

خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی فۆن هارتمان کە دیوانەکەی مەلای جزیریی لە بەرلین لە چاپ

داوە، لە پێشەکی ئەو دیوانەدا دەڵێ: مەلای جزیری لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا ژیاوە.

مامۆستا مەلا محەمەدی بۆتی ژڤنگی کە دیوانەکەی مەلا جزیریی بەڕاڤەیەکی زۆر جوان بەزمانی عەرەبی لە شاری قامشلی لە چاپ داوە لە سەرەتای ئەو پەڕاوەدا دەڵێ: ئەو کەسانەی کە دەڵێن ئەو هۆنراوانەی وا ناوی سەعدی و حافز و جامیان تیایە و هی مەلای جزیری نین، وا دیارە لە وێژە و هۆنراوناسیندا شارەزاییەکیان نییە، چونکە هەر کەسێک هەروا کەمێک سەرڕشتەی لە وێژە و هۆنراوی کوردی هەبێ، دەزانێ کە ئەو هۆنراوانە هی مەلای جزیرین. مەلای جزیری لە پارچە هەڵبەستێکیشیا دیاردی کردووەتە سەر تەیمووری لەنگ (٧٧١ – ٨٠٧ی کۆچی) کە ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخا مەلا لە پاش سەدەی نۆیەمی کۆچی ژیاوە. سەرەڕای ئەوانەش پارچە هۆنراوێکی مەلا هەیە بەعەرەبی کە وادیارە لەوەدا لاسایی پارچە هەڵبەستێکی ئەحمەد پاشای کردبێتەوە کە لە ساڵی ٩٠٢ی کۆچی لە وڵاتی تورکی عوسمانیدا ژیاوە.

هەروەها ئەو هۆنراوانەی کە باسی خانی خانانی تێدا کردووە مەبەستی فەرمانڕەوای کوردی شاری جزیر و بۆتانە و، ئەو میرەی کە لەگەڵ مەلادا بەهۆنراو پیلەبازیی کردووە، عیمادەدینی جزیرییە، هەروەها مەلا لەگەڵ فەقێ تەیرانیشدا پیلە بازیی هۆنراوی کردووە و، فەقێ تەیران لە پارچە هەڵبەستێکی خۆیدا لەژێر ناوی: دلۆڕابە، دلۆ ڕابە، مێژووی ئەو ڕۆژە دەنووسێ لە نیوە هۆنراوێکیدا دەڵێ: «هەزار و چل و یەک چوونە» واتە ساڵی ١٠٤١ی کۆچی بەسەرچووە کەوابوو مەلای جزیری هاوچەرخی فەقێ تەیرانە و لە ناوەڕاستی سەدەی یازدەمی کۆچیدا ژیاوە.

مامۆستا هەژاریش کە لەم دواییەدا دیوانەکەی مەلای جزیریی بەشێوەی سۆرانی ڕاڤە کردووە، هەر لەسەر ئەو بیروڕایەیە کە مەلای جزیری لە سەدەی دەیەم و یازدەمی کۆچیدا ژیاوە و لە کۆتاییی قسەکانیدا دەڵێ: ئەگەر ژابا و فۆن هارتمانی ئەڵمانی و، یان ئەمین زەکی و بلەچ و عەلی عەونی و مامۆستا عەلائەدین سەجادی بەر لە ژینامەنووسینی ئەو خواناسە، دیوانەکەیان بەوردی خوێندبایەوە، تەنیا ئەو هۆنراوەی کە باسی تیرەکانی خان و شەرەفە، بەس بوو کە بۆیان دەرکەوێ مەلا لە چەرخی یازدەدا زیندوو بووە، ئەو گۆڕەی تێیدا نێژراوە ژێرزەمینی مزگەوتێکە کە خان و شەرەفی جزیری لە پاش هەزارەمی کۆچی سازی داوە، ئیتر ئەو هەموو شێوان و ئاڵۆزبوونەی پێ نەدەچوو، قسە هێنان و بردنی پێ نەدەویست.

مامۆستا ئەنوەر مائی لە سەرەتای دیوانەکەی مەلای جزیریدا کە لەسەر ئەرکی مامۆستا گیو چاپ کراوە دەڵێ: مەلای جزیری لە تەمەنی دە ساڵیدا لەلای باوکی خەریکی خوێندن



بووە و پاشان لەلای زانا سەرکەوتووەکانی شاری جزیر فێری هەموو لکێکی زانست و زانیاری و هونەر و وێژە بووە و پاشان بەفەقێیەتی هەموو ناوچەکانی جزیر و هەکاری و دیاربەکر و عمادیە گەڕاوە و سەرەنجام ودمی مەلایەتیی لە مەلا تاهای ستراباسی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە و گڵکۆکەشی ئێستا دیتنگەی دڵسووتاوانە.

لەم دواییەدا بەیازێک کەوتە دەستم کە لە ساڵی ١١٢٥ی کۆچی لە دیاربەکردا نووسراوە و لەوەدا هەندێ هۆنراوەکانی شێخ ئەحمەدی جزیری و فەقێ تەیران و بەکر بەگی ئەرزی نووسراون و ساڵی لەدایکبوون و مردنی جزیریشی تێدا تۆمارکراوە کە بریتییە لە (٩٧٢-١٠٤٨ ی کۆچی) و لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە مەلای جزیری لە سەدەی دەیەم و یازدەمی کۆچیدا ژیاوە.

مەلای جزیری لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. مەلا سەری کێشاوەتە دەرگای هەموو جۆرە هۆنراوێکەوە: دڵداری، خواناسی، سروشتی و، لە هۆنراوەکانی وا دەردەکەوێ کە لە لێکدانەوەی قورئان و فەلسەفە و مێژوو و ژمارە و پزشکی و فیزیک و کیمیا شارەزاییەکی تەواوی هەبووە.

وەکو دەم بەدەم دەگێڕنەوە مەلا گراو و سەوداسەری کیژێ دەبێ بەناوی سەلما، سەلما بەجارێ هەست و هۆشی مەلا دەستێنێ و دڵی دەڕفێنێ و بەجارێ دەیخاتە جیهانێکی ترەوە، ئەویش چاری نامێنێ و بەم چەشنە پیایا هەڵدەڵێ:

شۆخوشەنگێ، زوهرە ڕەنگی، دڵ ژمن بر، دڵ ژمن
ئاورێن هەیبەت پلەنگێ دل ژمن بر دل ژمن
وێ شەپالێ، میسک خالێ، دیم دوڕێ، گەردەن شەمالێ
جەبهەتا بسکان سەمالێ، دل ژمن بر دل ژمن
زولف و خالان، نوون و دالان، وان ژمن دل بر ب تالان
گۆشەیێ قەوسێ هیلالان، دل ژمن بر دل ژمن
سورشیرینێ، نازەنینێ، کوشتم و ناکەت یەقینێ
وێ ب چەنگالا ئەڤینێ، دل ژمن بر، دل ژمن
فەتل و تابان، داغورابان، ئەبلەق و جوهتێ شیبابان
دامە بەر پەنجە و کولابان، دل ژمن بر دل ژمن

خوەش خەرامێ، ئەز غولامێ، نازکی شیرین کەلامی
تووتیا ئەیوان مەقامێ، دل ژمن بر دل ژمن
ماهروویێ، میسک بوویێ، سور پلەنگی شیرخوویی
وی بزولفا شوبهی گوویێ، دل ژمن بر دل ژمن
هەردوو چەشمان، نازو خەشمان، کی ژ بەروان عەقل و هش مان
ساعەتا من دی چەشمان، دل ژمن بر دل ژمن
ماهتابێ، ئافتابێ، دیم ژ ڕۆژ و شەب نیقابێ
خوەش ب چەنگاڵ و کولابێ، دل ژمن بر، دل ژ من
سەروی نازێ، سەرفیرازێ، شوبهی زێڕ ڕەمزا مەجازێ
دامە بەر چاکوچ و گازێ، دڵ ژمن بر، دل ژ من
بەژن و بالا، تۆخ و عالا، من کرن ڤێکرا موتالا
چیچەکا تەرحێن دوالا، دل ژمن بر ، دل ژمن
میری غازی، شیری تازی، ڤێکران ن دی ببازی
کر لمە ژ غەفلەت ڤە گازی، دل ژمن بر، دل ژمن
شیر و خشتن، زولف و قشتن، هن ڤەشارن، هن ڤەهشتن
پەلهەوانان دەست ڤەمشتن، دل ژ من بر، دل ژمن
ڕوهنیا چەڤێن «مەلا»یێ، ئەو تەجەلایا تەدایێ
یا ژ (ئەحمەد) دل ڕەڤایێ، دل ژمن بر، دل ژمن

واتە یاری شۆخوشەنگەکەم کە وەکو ئەستێرەی ناهید دەدرەوشێتەوە، هەر چەندە ئاور دەخاتە دڵم، بەڵام ڕوخساری وەکو مرواری وایە و سای گەردنی وەکو مۆمە و زۆر کەڵەگەت و جوانە و، زوڵفەکانی لەسەر تەوێڵی لە سەمادان، بسک و خاڵی ڕەشن و بۆ کوشتنی من یەکیان گرتووە و دڵمیان بەتاڵان بردووە و، برۆکانی کە وەکو مانگی یەکشەوەن، هەمووی خەڵک بەتاسەیەوەن، باڵای وەکو کێو بەرزە، کوڵمی وەکو ئاگری سەرکێو لە دوورەوە دیارە و دڵداران ئاگەدار دەکا کە دەست لە دڵیان هەڵگرن. ئەو یارە نەشمیلە بڕوا بەوە ناکا کە منی کوشتووە و خوێنمی ڕشتووە، خۆ کەزیەکانی ڕەشە و لاجانگی سپییە و جووتە گوڵەنگە شۆڕەکەی سەر شەدەکەی جار جار دەکەونە سەر کوڵمەکانی، من بەدڵ گیرۆدەی ئەو شۆخە بووم. خوایا خۆ خۆت دەزانی ئەو شۆخە دڵی مەلای بردووە و بەزەیی پێدا نایە.

مەلای جزیری دیسان باسی ئەوین و دەردی دڵی خۆی دەکا و لە پارچە هەڵبەستێکی تردا دەکەوێتە سکاڵا و گلە و گازندە لە یارە خۆشەویستەکەی و دەڵێ:



دلبەرێ ئیرۆ سەحەر ئاڤیتە جەرگێ من دو دۆخ
یەک ل سینە، یەک د دلدا لەو ژمن تێن ئاخ و ئۆخ
ئاخ و ئۆخێن من ژ دل تێن، لێ ژبەر تیرا قێزێل تێن؟
یان ژ کو ڤانێن دکول تێن، ژێ دزیت هەر خوون و زۆخ
خوون ژ دل جۆجۆ ڕەوان تێ، وەک عەقیق و ئەرغەوان تێ
لێ ژ دەست سەلوا جەوان تێ، ئەو شەپالا شەنگ و شۆخ
ئەو شەپالا شۆخوشەنگە، کافرا ڕۆم و فەرەنگە
دامە بەر جۆتەک خەدەنگە، زالمێ کوشتم ب دۆخ
زالمی کوشتم شەپالێ، نازکی قەنجێ دەلالێ
بوون حیجابا زولف و خالێ، ئیدەک و عالا و تۆخ
نە ترک و ئاین ب ریشی، ئی دزێرن پێڤە ویشی
من دوو فیرس دین دپێشی، مروەت و ئینساف یۆخ
لەو هەرفتم ئەز ژ مەیلێ، شوبهەتی سیەلێ وسەیلی
موحبەت و عیشقا دەلەیلێ، ئەز کرم یەکسەر پلۆخ
دەست نەهیلم ئەز ژدینێ، شوبهی فەرهاد ئۆ شیرینێ
وەر ژبەر عیشق و ئەڤینێ، من دڕێ چت ئەف کلۆخ
سوحبەتا چەرخ و سەماتێ، وەک مەلا سەد موبتەلاتێ
زەمزەم و ئاڤا حەیاتێ، موشتەری سەد شێخ و شۆخ

واتە: یارە نازدارەکەم ئەمڕۆ لە بەرەبەیاندا لە دوو لاوە بەر تیری مژۆڵی داوم، لە لایەک سینگمی پێکاوە و لە لایەک دڵمی بریندار کردووە، جا بۆیە هەر ئاخ هەڵدەکێشم، جۆگە جۆگە خوێنی دڵم لەبەر دڵی دەڕوا، خوێنی من وا جوان نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بەدەستی سەلمای خۆشەویستمەوە ڕژاوە کە بەژنی وەکو داری سەوڵ وایە، خوێنەکەمی جوان و شیرین کردووە وەکو گوڵی ئەرخەوان ئەو نازدارە شۆخوشەنگە، زۆر سپی و نەرمە و ئەوەندەش دڵ بەرد و بێ بەزەییە، بۆیە منی دایە بەر شمشێری برژانگەکانی و کوشتمی. ئیتر نەمتوانی سەیری خەت و خاڵە شیرینەکەی بکەم دەسماڵ و شەدەکەی و لاگیرەی پێچە سەری، بوونە پەردە لە نێوان چاوی بەتاسەم، وە من بەم سووتان و کوشتنە واز لە یارم ناهێنم و، تا هێزم تێدا مابێ پیایدا دەڕوانم و، من وەکو فەرهاد گراوی ئەو یارە شیرینەم و، تەنانەت ئەگەر سەریشم لە ڕێی ئەودا بدۆڕێنم و وەکو فەرهاد دوایی بەژیانی خۆم بێنم، دیارە بەئەوینی ئەو شۆخەوە دەمرم.

مەلای جزیری ئەو پەردە دادەداتەوە و لەژێر پەردەی پێتۆڵی و وردەکاری و خواناسیدا دەکەوێتە وتووێژ و دەڵێ:

من دبەر (قـــالوا بلی) باتن ڤ وێرا بوو ئەڤین
هێـژ ل سـەر عـەهدا ئەلەسـتم تا ب ڕۆژا ئاخـرین
من دڤێ لێ ئەشکەراکـەم جـارەکێ داغـا نهین
(اعـرضت عنی و قـالت مـا دعـاء الکافـرین)
ئەی شەهێ عالیجەناب، پڕ عاجز و پەرکەندە ئەم
ئاه ژ دەست جەورا ئەڤینێ چ بکرم من بەندەئەم
سەبر و تاقەت من نەمان لێ بێ کەس و دەرماندەئەم
(واجب لی امتثال الامر ماذا تأمرین)
سوهتم ئەز پێتا ئەڤینێ تێک بوو ئەم گردوهەبا
(ان الی ایات صدق کان فی هذا النباء)
حۆرییا ڕۆژا لیقائێ نازکا مەخمـوور قەبا
(حبذا ڕوضات نجد زرتها عهد الصبا)
من ل سەر بەدرێ مونیر مەکتووب دیەنەقشی سەواد
سەر یەیەک ئانی دوونوونان خەتی ڕەیحانی دووساد
حادری من سەجدە بر لەو غەرقی خوونێ بو فوئاد
(هذه جنات عدن فادخلوها خالدین)
نائیتن گۆتن ب قال شەرح و بەیانی حوسنی تۆ
خوەش (مەلا) ئامانجی تیران کر کەمانی حوسنێ تۆ
(تلک انباء یقول الناس منا بعد حین)

واتە: من لە ڕۆژی بەریدا کە خوا گیانی بۆ لەشەکان بەدی هێنا، گراو و سەوداسەری یارەکەم بووم و ئێستاش هەر لەسەر بەڵێن و پەیمانەکەی خۆم ماوم و تا ڕۆژی پەسڵانیش هەر لەسەر ئەو بەڵێنە دەڕۆم کە داومە بەیارەکەم و، هەموو هیوا و ئومێدێکم ئەوەیە کە داخ و پەژارەی دڵم ئاشکرا بکەم. خوایا من زۆر پەرێشان و پەشێوم و نازانم لە دەست ئازاری ئەم دڵدارییە کە تووشی بووم چ بکەم؟ ئیتر ئۆقرە و ئارامم نەماوە و بەگڕی ئەوین سووتاوم و خۆشیم لە دڵدا نەماوە. لە دەرگای باخی یارەکەم دەنگێکم بیست کە دەیفەرموو: ئێرە بەهەشتە و بچنە ناو و لێی دەرمەچن. بەڕاستی ناتوانم باسی جوانیی تۆ بکەم، خاوەن



دڵان دەبێ بزانن کە چیرۆکی جوانیی تۆ چۆنە. ئەو جوانییەی کە مەلای دایە بەر تیروکەوان و لە دوای ئێمەش ئەم باسە هەر دەگێڕنەوە.

سەرچاوەکان
١- العقد الجوهری فی شرح دیوان الشیخ الجزری-احمد بن ملا محمد الزفنکی-قامشلی، ١٩٥٩.
٢- دیوانا جزیری، طالبی محەمەد شەفیق ئەلئارواسی - استانبول، ١٣٤٠.
٣- دیوانی شێخ ئەحمەدی جزیری - لەسەر ئەرکی گیو موکریانی - هەولێر، ١٩٦٤.
٤- مێژووی ئەدەبی کوردی - عەلائەدین سەجادی - بەغدا، ١٩٥٢.
٥- دیوانا مەلایی جزیری - توێژاندنا سادق بەهائەدین ئامێدی- بەغدا، ١٩٧٧.
٦- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلای جزیری.

## فەقێ تەیران

١٠٤٨-٩٥٩

ئەم هۆنەرەمان ناوی محەمەدە و بەفەقێ تەیران ناسراوە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەستدایە لە ئاخر و ئۆخری سەدەی دەیەمی کۆچی لە ماکۆ[1]دا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە.

سەبارەت بەمێژووی لەدایکبوون و مردنی فەقێ تەیران لە نێوان نووسەراندا جیاوازی هەیە. مامۆستا ئەمین زەکی بەگ لە پەڕاوی (ناودارانی کورد)دا ساڵی لەدایکبوون و مردنی فەقێ تەیرانی (٧٠٧- ٧٧٧ی کۆچی) داناوە. مامۆستا مەردووخ لە مێژووەکەیدا دەڵێ: فەقێ تەیران ناوی مەلا مەحموودە و خەڵکی شاری مەکسە و زانا و وێژەوانێکی بێ وێنە بووە و دوو چیرۆکی بەرزی بەهۆنراو هەیە بەناوی شێخ سەنعان و حەقایەتی بەرسیسا و چیرۆکێکی تری هەیە، بەناوی ئەسپی ڕەش کە ئەسپی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامە، هەروەها بڕوانامەیەکیشی داناوە. لە ساڵی ٧٢١ی کۆچی لە دایک بووە و لە ساڵی ٧٩٥ لە تەمەنی حەفتا و چوار ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا سەبارەت بەفەقێ تەیران دەڵێ: خەڵکی ماکۆ و ناوی محەمەد بووە و لە نێوان ساڵانی٧٢٧- ٧٩٥ی کۆچیدا ژیاوە.

ئەوەی کە زۆربەی نووسەران لایان وا بوو کە فەقێ تەیران لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە، تووشی هەڵەبوون، چونکە فەقێ لە پارچە هەڵبەستێکیا دەڵێ: «هەزار و چل و یەک

(١) ماکۆ یەکێ لە شارەکانی کوردستانی تورکیای کە هاوسنووری وڵاتی کۆماری ئازربایجانە.

چوونە» واتە ساڵی ١٠٤١ی کۆچی بەسەر چووە، جگە لە وەش فەقێ تەیران کارەساتی دم دم و خانی لەپ زێڕینی بەهۆنراو هۆنیوەتەوە کە ئەم کارەساتە لە ساڵی بیست و سێیەمی پاشایەتیی شا عەبباسی سەفەویدا کە ڕێکەوتی ساڵی ١٠١٨ی کۆچییە ڕووی داوە و ئەسکەندەر بەگی تورکومان لە پەڕاوی (عالم ارای عباسی)دا نووسیویەتی و پاشان کارەساتەکە کراوەتە بەیت و باو و فەقێ تەیرانیش بەهۆنراو هۆنیوەیەتەوە و ئێتر گومان لەوەدا نامینێ کە فەقێ تەیران لە سەدەی دەیەم و یازدەمی کۆچیدا ژیاوە و هاوچەرخی مەلای جزیرییە و لەگەڵ یەکدا بەهۆنراو پیلەبازییان کردووە.

شێخ ئەحمەدی خانی کە پەڕاوی مەم و زینی لە ساڵی ١٠٦١ی کۆچیدا داناوە، دیاردیی بەفەقێ تەیران و مەلای جزیری کردووە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە فەقێ تەیران بەر لە خانی کۆچی دوایی کردووە و ڕەنگە دە یا پازدە ساڵێک بەر لە ئەو مێژووە مردبێ، خانی دەڵێ:

بینا ڤە ڕەحا مەلێ جزیری          پێ حەی بکرا عەلی حەریری
کەیفەک وە بدا فەقیهی تەیران          حەتا بەئەبەد بمایە حەیران

لە بەیازێکدا کە لە ساڵی ١١٢٥ی کۆچی لە دیاربەکردا نووسراون ساڵی لەدایکبوون و مردنی فەقێ تەیران ٩٥٩–١٠٤٨ی کۆچی نووسراوە و لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە فەقێ تەیران لە سەدەی دەیەم و یازدەمی کۆچیدا ژیاوە.

فەقێ تەیران بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەو جگە لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداری و ئاینی کە هەندێکی بەدەستەوە ماون، چەند پەڕاوێکیشی بەهۆنراو هۆنیوەتەوە کە بریتین لە: «شێخ سەنعان»، «ئەسپی ڕەش»، «دمدم» و، لەگەڵ مەلای جزیریشدا بەهۆنراو پیلەبازیی کردووە کە ئەوا چەند بەندێکی لێرەدا دێنین:

سوئالا من حەقیری          سەدەفەک تڤی کوتیکن
ئیرۆ کە ل جزیرێ          حەقە کو ل مەلێ کن
هیلاک ژ دەربا تیری          چ دەرمان هەیە لێ کن
شەربەتا لام و بێ یان          نادەم ئەز وێ ب حەیاتێ
مەعدەنا دال و ڕێ یان          دبارینن نەباتێ
ئیزهار تکن مەعنی یان          ژ حوسنا بوت ولاتێ

***



سەجدەیا شوکرێ جارەک          مەفەرزە د ویسالێ
نە پەردەبێ نە ستارەک          لبەر وەجهی هیلالێ
(احسن الله، تبارک)          ژ سیرا وێ جەمالێ
حێیەن دەهەفت حامیمان          نوقتەیان لێ پەیدا کن
با ڤێنە جەم دوهجیمان          عیشقی ژوێ هوەیدا کن
ئیسمێن ددو تاسیمان          دوومیمان ژێ جوداکن

***

ساقی یێ خەمرا ئەزەل          نوون و قەلەم ژی ئافراند
داڕێهتە لەوحا ئەووەل          ڕزق و نەسیب پێ قەدراند
ئەو بوو موراد موستەهەل          نەقشی مەجاز پێ سەوراند
کاف، ها ئیسمی کوورە          توغرایە دەتنزیلێ
جیسم وەک کووهی توورە          ئیجماله دتەفسیلێ
جەماله عەینی نوورە          کەوکەب مە دقیندیلێ

***

خەرگە بمن حیجابە          ستار دکت جەمالێ
عەورێ ڕەشو نیقابە          لەبەر وەجهێ هیلالێ
پەروانە لەو دعەزابە          مەحجووبە ژ شەمالێ
یار حەقیقەت خالقە          چین جان فیدا ڤێ کەوین
ڕێ دروستە و سادقە          چرەنگ شوونا ڕێ کەوین
قەنج لەتیفە و لایقەز          ئەر تڤێ باغێ کەوین

***

عەکسێ ژ حەق دبینین          لدۆر وەجهی مەحبووبان
لحالکی نامینین          ژ سوورا وان مەتلووبان
گە نالین گە دخوونین          دوورین ژ وەسلی خووبان

واتە: پرسی منی هەژار و بێ نرخ بخەنە ناو سەدەف و بیبەنە لای مەلای جزیری کە لە شاری جزیرە، داخۆ برینی ناسۆر چۆن چارەسەر دەکرێ؟ شەربەتی لێو بەئاوی ژیان ناگۆڕمەوە، هەر کاتێ پەردە لابدرێن و لەمپەر لەبەرچاو نەمێنێ و ئەو شۆخە ڕوومەتی خۆی دەربخا، دەبێ کڕنۆشی بکرێ، مەیگێڕی ڕۆژی بەرین کە بادەی ئەوینی ساز کرد، ماسی و

پێنووسیشی بەدی هێنا و بەپێنووس چارەنووسی مرۆی دیاری کرد. کاف و نوون (کن فیکون) ناوێکی زۆر قووڵە و لەشی بنیادەمیش کێوی توورە، تیشکی خوا خۆی دەنوێنێ و، جوانیی تیشکی خوایە کە ڕوومەتی یار پیشان دەدا. من ئاسمان وەکو پەردەیەک دەبینم کە جوانیی خوامان لێ دادەپۆشێ و لەبەر مانگی جوانی یارەکەم بووەتە هەورێکی ڕەش. بەڵێ یاری ڕاستەقینە هەر خوایە و ئەو ڕێگەی کە بۆمانی داناوە ڕێی ڕاستە و دەبێ بەو ڕێگەدا بڕۆین. فەقێ دیسان لەم بارەوە دەڵێ:

کۆڤانێن میهرداران بێ حەد و بێ ئەژمارن
تیرن تێن ژ هەساران سەد جار و سەد هەزارن
خەدەنگێن دنوو باران نهێن ل دل دبارن
دوو نوونن سیا ڕەنگن ب سەر لمە کوو کیشان
دەربێن ئەوان خەدنگن ل قەلبێ مە دەرویشان
عاشق ژ دەست بهنگن ژ داغ و زەجر و ئیشان
گەزمەیین عەین سادان ئیشارەت ڕەمز و سورن
کشاندن گووشە بادان مەحبووبە تیژ ئاورن
تیرێن دوان جەلادان باتین ل دل دفرن
حووری کوتیک جەمابن پەری هەم دڤی گاڤێ
هەموو ژ ڕەنگ چرابن نیزیکی شەمس و تاڤێ
ژ شەرما خویا نابن ژ حوسنا وێ گولباڤێ

***

پیر و یەقین کووخالن دعیقدا سورەیاێی
دوو ڕۆژ و دوو هیلالن ل دیمێ وێ لەیلاێی
بێ وەسف و بێ میسالن درەمزا شەکەر خاێی
عاشقین دەڤ ئو لێوان شاباشە ژ خودێرا
سەلوا ببیهو سێڤان بە لگن ژ زیڤ ئو زێرا
حەرامن خەوێد شێڤان ل کەسێ موحبەت ڤێرا

***

فیراقێ تێک حیرقەتە بەعیدە ژ خەیالێ
تووتاگە بزە حەمەتە بولبول ژبەر جەمالێ





گۆیین قەت خەوناکەتە کوو دوورە ژ ویسالێ
پەروانە لەو دمرت خوەش نینە ئەو بژینێ
زەعیفە خۆ ناگرت تیژە بەرقا ئەڤینێ
دپەردی ناسەبرت دارەت کەمالا دینێ

***

واتە: تاسەی دڵداران لە ئەژمار بەدەرن، لە کۆشک و کەوانی برۆی دڵبەراندا بەنهێنی هەزاران تیر دەگرنە دڵ، برۆکانی یار وەکو دوو نوونی ڕەشن و، تیریان بەدڵی دڵداری بێچارە خووی گرتووە، ئێش و ژانمان زۆرە و هەموو دەم لەبەر دووریی یار دەناڵێنین. ئەو دوو چاوەی یار هەتا بڵێی دڵ ڕائەکێشن و، بەگۆشەی برۆ دڵ دەداتە بەر تیر. پەری کاتێ ئەو ببینێ لە شەرمدا خۆی دەشارێتەوە و، خاڵەکانی وەکو ئەستێرەی پێروو، ڕوومەتی وەکو خۆرە و برۆکانی وەکو مانگی یەکشەوەن، دەم و لێوی وەکو شەکرە و بەزمان ناتوانم جوابی هەڵدەم، لێوی وەکو لاڵە و ئاڵە و، دڵدان بەو دەم و لێوانە خەڵاتی خوایە و، کەسێک بەڕاستی گراو بێ، چاوی لە یار ناترووکێنێ و دەبێ هەر پیایا بڕوانێ و دڵی ب ئەوینی ئەو بسووتێ و، وەکو پەپوولە بەدەوری یارا بگەڕێ و خۆی بسووتێنێ. فەقێ دیسان دەڵێ:

حەیات ل با من وەسلە دوولات گەر ببن لاتەک
موراد بخۆ هەر ئەسلە تێکدا ببن سیفاتەک
ژ هەڤ ئێک نەبن فەسلە واحید بمینت زاتەک
لاتژی سوورە تەک حەقە ژ ئەسمائێت حەقانێ
ل بال من موحەقەقە دنیف کەشفا سوبحانێ
لاهووتە هەر موتلەقە د ناسووتا ئینسانێ

***

کەفا کو کوزوو کاس تێ نازک و سپی زەندن
قەدەحا مەیا خاس تێ بنێرن تالیب چەندن
ڤەخون ژ دەستی ڕاس تێ ب مەدحان مەحبووب خوەندن
عاشق ب وەسف و مەدحان دفیراقێ دەسەبری
نەسیم بێت ژوان تەرحان بولبول نەشی خوە بگری
خوون دێ دەربت ژ جەرحان دی بداغێن کول بمری

***

جەماکن تێک عالەمێ حەمی یان بئوستاد کن
حەرف ژ لەوحێ قیدەمێ بە شەرح و بسەواد کن

نائیتە بەر قەلەمێ — بەحران ئەر ب میداد کن
ئەحسەن ژنوو سەبەقان — قەلەم ژ قەند و نەباتێ
لسەر سەفحا وەرەقان — دی ڕژی ئاوا حەیاتێ
دەس بدەس ژێ تەباقان — مەلەک دبن جەناتێ

***

گولم ددەستی خاران — بیسمێ «محەمەد» ناڤم
بولبولم د گولزاران — ژ عیشقێ لەو زەرباڤم
دز و مرەیا میهر داران — تو ڕۆژی ئەز هەتاڤم
بریـنداری عیشقێ مە — دوورم ژ سیها پێهان
زانن مەداحی کێمە — د هەزار و یەک و سێهان
سەنا خوانی «مەلێ» مە — لە هەموو عەرد و جێهان

واتە: بەبیروڕای من چوونە لای یار زۆر چاکە، چونکە یار نوێنەری خوایە و ئەگەر دڵدار بەیار بگا بەیەکتاپەرستیش ئەگا، وەلای من ئاشکرایە و ئەوەم بۆ ڕوون بووەتەوە کە بەهەرچیدا دەڕوانم و لە هەر کوێدا بم هەر خوا دەبینم. ئەو دڵدارەی کە بادەی تایبەتی دەگێڕێ و خوا لە قورئانی پیرۆزدا ناوی هێناوە زۆر کەس چاوەڕوانی ئەو مەیە پاک و خاوێنەیە، چونکە هەرکەسێک پیاڵەیەک لەو مەیە لە دەستی مەیگێڕ بخواتەوە، سەرمەست و سەرخۆش دەبێ و بەیارا هەڵدەڵێ. هەمووی خەڵکی جیهان ئەگەر کۆببنەوە و وانەیان پێ بدەن و فێریان کەن تا تاقە پیتێک لە تەتەڵەی پەسندی خوا، ڕاڤەکەن و ئەگەر هەموو دەریاکانیش ببنە جەوهەر، هێشتا لە وزەیان نایە. ئافەرین بۆ تۆ کە پێنووست وەکو ئاوی ژیان وایە. بەداخەوە من گوڵم و کەوتوومەتە ناو دڕکوداڵ و ناوم محەمەدە و بولبولی گوڵزاری ئەوینم و بۆیە وا زەرد هەڵگەڕاوم و بریندار و زامارم و لە ساڵی ١٠٣١ی کۆچیدا ئەم چەند هۆنراوەم هۆنییەوە و، من پەسن بێژی مەلای جزیریم لە هەموو شوێن و جێگایەکدا. لێرەشدا بۆمان دەرکەوت کە فەقێ تەیران ناوی محەممەدە و ئەم هۆنراوانەی لە ساڵی ١٠٣١ی کۆچی هۆنیوەتەوە و هاوچەرخی مەلای جزیری بووە و نامەیان بۆ یەکتر بەهۆنراو نووسیوە و گەلێ ڕاز و نیازی تریشیان هەر بەهۆنراو لەگەڵ یەکدا بووە کە بەداخەوە نەکەوتوونەتە دەستی ئێمە و لەناوچوون.

سەرچاوەکان

١- العقد الجوهری – تالیف احمد الزفنکی – قامشلی، ١٩٥٩.
٢- دیوانی شێخ ئەحمەدی جزیری ڕاڤەی هەژار – تاران، ١٣٦١.



٣- مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلائەدین سەجادی – بەغدا، ١٩٥٢.
٤- چەند شاعیرەک د هەریما بەهدینان – دکتۆر نافع عەقراوی – بەغدا، ١٩٧٨.
٥- مەم و زین – لەسەر ئەرکی گیو موکریانی – هەولێر، ١٩٦٨.
٦- مشاهیر الکرد – تالیف امین زکی بگ – بغداد، ١٩٣٥.
٧- تاریخ مردوخ – تالیف ایت الله مردوخ کردستانی – تهران، ١٣٢٤.
٨- عالم ارای عباسی – تالیف: اسکندر بیگ ترکمان – تهران، ١٣٤٥.
٩- خانی لەپ زێڕین (دمدم) – هۆنراوەی فەقێ تەیران – مۆسکۆ، ١٩٦٧. (بەپیتی لاتین و تەرجەمەی ڕووسی)

## بەکر بەگی ئەرزی

١٠٤٧-١٠٨٢

ئەم هۆنەرەمان ناوی بەکر بەگی ئەرزییە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان، لە ساڵی ١٠٤٧ی کۆچی لە دێی ئەرزدا لە دایک بووە. ئەرز گوندێکە کە کەوتووەتە خۆرئاوای ئامێدی. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی شوێنەکانی کوردستان گەڕاوە، ماوەیەک لە ئامێدی بووە و ماوەیەکی زۆریش لە دهۆک بووە و لە پاشا لە ئاکرێ خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەڕێنوێنیی خەڵک و وانەوتنەوە ڕابواردووە و گەلێ ودمی بەفەقێیان داوە تا لە ساڵی ١٠٨٣ لە تەمەنی سی و شەش ساڵیدا بەجوانەمەرگی سەری ناوەتەوە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە گۆڕستانەکەی ئەرزدا نێژراوە.

بەکر بەگ بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کورد دێتە ژمار و وەکو ئەستێرەیەکی گەش و ترووسکەدار لە ئاسمانی کوردەواریدا درەوشاوەتەوە.

بەکر بەگ وەکو زۆربەی هۆنەرانی تر شەیدای چاوەندازە جوانەکەی کوردستان بووە و لە پاڵ ئەمیشەوە جوانیی یارە خۆشەویستەکەی ئاگری کورتژمەکەی خۆش کردووە. بەڵێ مەدینە ناوێک لە دێی ئەرز هەبووە کە دڵی لێ چووە و ئەوینی ئەو کیژە بووەتە هۆی هەڵقوڵینی سەرچاوەی هۆنراوی، بۆیە بەم چەشنە ڕوو دەکاتە دڵدارەکەی و پێی دەڵێ:

بدەر کەڤتم تەماشاکەم تێنا ڕۆژێ دنێ دابوو
خیالا دلبەرێ ناکەم مەدینا من کو پەیدا بوو
مەدینا کم ژ ئیحسانێ هلین پەردا دریزانێ
ژ بورجێ هاتە ئەیوانێ مقابل هات و وەستابوو

مـقـابل هـات و ڕاوەسـتـا دوو خـادم دەست لسـەر دەسـتـا

لە پێـشـی دلبـەرێ وەسـتـا هەلات ڕۆژا ل دنـێ دابـوو
هـەلات ڕۆژا وەکـو وەقـتـێ بنێـرن تـالـع و بـەخـتـێ

دوو دەست ڕوونشت لسـەر تـەختێ سـفـەت حووری خودێ دابوو
سـفـەت حـووری مـەلـەک خـووبوو ئـەلف بـەژن پـەری ڕوو بوو

کـەشـیـدە نوون و ئـەبـروو بوو، بـەرێ خـۆوێ بـەمن دابـوو
بـەرێ خـودا ب مـن جـارک، هـلـیـنـا خـادمـێ چـارک

مـەدیت هـل بوو ژ وێ نـارک، چـەک و زێرا شـەفـەق دابـوو
شـەفـەق دابـوو مـە قـەنـج دیـتن گـوهـار و بـەربـەن و تیـتن

مـوخـالف نـەوع و تـەخـلیـتن، مـورەسـەع جـوملە لـێ دابـوو
مـورەسـەع تـەیر و قـمـچـینـە، ڕەخ و ڕەخ بـەلگ و ڕیشـینـە

هـەمـی زێڕ و مـرارینـە، ل سـەر ئـەنێـی تـەمـەنـنا بـوو
ل سـەر ئـەنێـی یـەکـایـەک تـێن، ل تـائۆ و بـەلگ و نـەترەک تـێن

لە سـیـمـایـێ مـبـارەک تـێن، ب وێ سـوورەت مـوهـەیا بوو
ب وێ صـوورەت مـوزەیـەن بوو، شـەرابا پاک و ڕەوشـەن بوو

وەکـو بـاغـێ ب چـیـمـەن بوو، دوزولـفـان سـجـدە کـێشـا بوو
دوو گـیـسـوو بوون دسـجـدێدا، سـەراپا بوو دبـەژنێـدا

هـەوایـێ جـارکـی لـێ دا، هـەژانـدن زولـف و تـاتـا بـوو
هـەژانـدن زولـف و سـونبـول بـوو، وەکـوو باغـێ قـەرافـل بوو

دوێ ڕۆژێ ژ بـالا ڤـێ، ژ ڕووبـارێ ڤـەگـەریا بـوو
ڤـەگـەڕیا بـوو ژ ڕووباری، دەڤ و لـێـڤـا شـەکـر باری

دوو گـێسـوو بوون سـیـەه تاری وەکـوو ئـیـلان ڤـەهونابوو
ڤـەهـوونا بوو ب چـەنگالا بنێـر تووقـێ چقـاس مـالا

دوڕ و گـەوهـەر ب مـسـقـالا چو جـارا کـەس نەکـێشـا بوو
پـەشـیـمـانم قـەوی گـێـژم گـەلـەک وەسـفـان نـەشـێم بێـژم

«بـەکـر» مـەعلوولەکی ژ مـێـژم کـول و جـورحـا نـم هوودا بـوو

واتە: دەرکـەوتمە دەرەوە کـە تـەمـاشـای تیشکی هـەتـاو کـەم لە پڕ مـەدینـەی خـۆشـەویسـتم پـەیدا بوو و پـێم وت: ئـەی مـەدینەکـەم لە ڕووی چاکـەوە پێچـەکـەی ڕوومـەتت لابە تـا خـۆری



ڕوومەتت ببینم و دڵم بحەسێتەوە. خۆشەویستەکەم هات و لەسەر هەیوان لە بەرابەری مندا ڕاوەستا، لام وابوو کە خۆر دەرکەوتووە لە پڕ دانیشتە سەر تەخت و بەژنی وەکو فریشتە و ڕوومـەتی وەکو ڕوومـەتی پەری بوو، برۆکانی وەکو کەوان بوو، پڵپڵە و سڵسڵەکانی بەری سینگی ئەدرەوشانەوە و گوارە و بەربەنەکەیم دی و، زوڵفەکانی کڕنۆشی لە ڕوومەتی دەکرد و هاتبوونە خـوارێ و بایش زوڵفەکانی تاتا دەکردەوە و، تازە لە ڕووبارەوە هاتبوو لە دەم و لێویەوە شـەکر دەباری و، کەزییەکانی ڕەش و وەکو مار بەدەور بەژنیا ئاڵابوون ستـایشی یارەکـەم زۆرە و لەم چەند هۆنراوەدا ناگونجێ و خـۆمیش پەشـیمـانم کە ئەم چەند دێڕەم وتووە، ئەی (بـەکـر) دیارە کـە لە مـێـژەوە ئاوەزم لـە دەست داوە و ئەوەش کـە دەیڵـێـم لەبەر برینەکانمەوە کە بەهۆی تیری خـەمزەی یارەوە کەوتووەتە لەشم، چ بکەم دڵەکەم وامی پێ کردووە.

سەرچاوەکان

١– بەیازێک کە لە ساڵی ١٠٩٣ی کۆچیدا نووسراوە.
٢– کەشکۆڵێک کە لە ساڵی ١١١١ی کۆچیدا نووسراوە.
٣– هەندێ لە هۆنراوەکانی بەکر بەگی ئەرزی کە لە جزیردا نووسراون.
٤– یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەبەکر بەگی ئەرزی.

## شێخ ئەحمەدی خانی

١٠٦١– ١١١٩



ئەم هـۆنـەرەمـان ئەحـمـەد کـوڕی ئەلیـاس و نـازناوی خـانییـە و بـەیەکێ لە هۆنەرە هـەرەبەرزەکـانی کورد دێتـە ژمـار. لە بارەی مێژووی لەدایکبوون و مردنی خـانییـەوە هەرکەسە بـەجۆرێ باسی لێوە کردووە و هـەرکـەسە جۆرە ڕێگایەکی گـرتووەتە پێش و لە بارەی چۆنییـەتیی ژیان و شوێنەواری خـانییـەوە دواوە و لێ کۆڵیـوەتـەوە، کەوا ئێمە لێـرەدا ئەو قـسـانـە دێنین و لە پاشـا زانیـارییـەکـان خۆیشمـان دەخـەینە ڕوو تا ڕاستییەکەمان بەتەواوی بۆ دەرکەوێ.

لە پەڕاوی «دایرة المعارفي ئیسلامي»دا نووسـراوە کە شـێخ ئەحـمـەدی خـانی لە نێوان سـاڵانی (١٠٠٠ و ١٠٦٣ی کـۆچی)دا ژیاوە. دوکـتـۆر بلـەچ شـێـرکـۆ. لە پەڕاوی (القضـیـة

الكردية)دا دەڵێ: خانی چیرۆکی مەم و زینی لە ساڵی ١٠١١ی کۆچی داناوە و لە ساڵی ١٠٧٢ی کۆچیدا مردووە. ئەمین زەکی بەگیش لە مێژووی کورد و کوردستان و ناودارانی کوردا هەر لە شوێن ئەو مێژووە کەوتووە و قسەکەی دوکتۆر بلەچ شێرکۆی دووپات کردووەتەوە. مامۆستا عەلائەدین سەجادییش لە پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر دەڵێ خانی لە ساڵی ١٠٧٠ی کۆچی لە دایک بووە و لە ساڵی ١١٢٦ لە تەمەنی پەنجا و شەش ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. مامۆستا حەسەنی قزڵجییش لە سەرەتای پەڕاوی مەم و زینی خانیدا کە مامۆستا هەژار کردوویە بەموکریانی دەڵێ: خانی لە ساڵی ١٠٧٠ی کۆچی لە دایک بووە و لە تەمەنی پەنجا و هەشت ساڵیدا لە بایەزید مردووە و نێژراوە.

مامۆستا گیو موکریانی لە سەرەتای پەڕاوی: مەم و زیندا دەڵێ: خانی لە ساڵی ١٠٦١ی کۆچی لە دایک بووە و لە ساڵی ١١٣٥لە تەمەنی حەفتا و چوار ساڵی لە بایەزیددا کۆچی دوایی کردووە. مامۆستا دوکتۆر نافیع ئاکرەییش لە پەڕاوی (چەند شاعیرەک د هەرێما بەهدینان)دا دەڵێ: خانی لە ساڵی ١٠٦١ی کۆچی لە دایک بووە، بەڵام بۆ مردنەکەی ژمارەیەکی نەنووسیوە.

مامۆستا محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان لە سەرەتای پەڕاوی مەم و زیندا دەڵێ: خانی لە ساڵی ١٠٦٢ی کۆچی لە دێی خانی هاتووەتە دنیاوە و لە ساڵی ١١٢٠ لە تەمەنی پەنجا و هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە. جا بۆ ئەوەی بەتەواوی ساڵی لەدایکبوون و مردنی خانیمان بۆ دەرکەوێ دەبێ بەسەرتاسەری هۆنراوەکانیدا بچین تا مێژووی ژیان و مردنی ئەم هۆنەرەمان بەتەواوی بۆ دەرکەوێ بەتایبەت ساڵی لەدایکبوونمان بۆ دەرکەوێ. خانی لە سەرەتای چیرۆکەکەیدا دەڵێ:

لەوڕا کو دەما ژغەیبێ فەک بوو تاریخ هزار و شێست و یەک بوو
ئی سال گهشتە چل ئو چاران وی پێشـــڕەوی گوناهـــکاران

واتە: ئەو ساڵەی کە لە پێوارەوە من بووم، مێژووی هەزار و شەست و یەک بوو و، لە ساڵی هەزار و سەد و پێنج لە چیرۆکی مەم و زین بوومەتەوە. کەوابوو شێخ ئەحمەدی خانی لە ساڵی ١٠٦١ی کۆچی لە دایک بووە و لە ساڵی ١١٠٥ی کۆچی لە چیرۆکی مەم و زینەکەی بووەتەوە. بەڵام بۆ ساڵی مردنەکەی دیارە خۆی نەیتوانیوە دیاردیی پێ بکا و بەپێی قسەی مامۆستا سەجادی لە پاڵ پەڕاوی (صمدیە)دا ساڵی مردنی خانی بەپیتی ئەبجەد نووسراوە کە دەڵێ: «طار خانی الی ربە» کە دەکا ١١١٩ی کۆچی و، بەم چەشنە خانی لە ساڵی ١٠٦١ لە دایک بووە و لە ساڵی ١١١٩ لە تەمەنی پەنجا و هەشت ساڵیدا کۆچی دواییی کردووە.



بەپێی ئەو بەڵگانەی کە هێنامانن خانی لە ساڵی ١٠٦١ی کۆچی لە شاری بایەزید لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و خەریکی خوێندنی قورئانی پیرۆز و پەڕاوە وردەڵەکان بووە و ئەوسا چووەتە مزگەوتی موورادیە و بۆ خوێندن ڕووی کردووەتە ئۆرفە و ئەخلات و بتلیس و گەلێ شوێنی تریش گەڕاوە و لە هەر لایەکدا کە زانایەکی بینیوە لە لای ماوەتەوە و شیرەی گوڵی زانستی ئەوی چەشتووە و سەرێکیشی داوە لە میسر و لەوێدا ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک و هۆنراو هۆنینەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١١١٩ کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

خانی یەکێکە لەو هۆنەرە بەرزە هەڵکەوتووانەی کە لە دڵی گەلدا دەژین، لەو ڕۆڵە بەنرخانەیە کە وەجاخی کورد و کوردستانی ڕوون کردووەتەوە، لەو ئەستێرە گەش و ترووسکەدارانەیە کە لە ئاسمانی کوردەواریدا هەتا هەتایە دەدرەوشێتەوە، شوێنەوارە بەنرخەکانی کە بەیادگار ماونەتەوە بریتین لە ئەم پەڕتووکانە:

١- مەم و زین کە چیرۆکێکی دڵدارییە و یا بەقسەی خانی کە خۆی دەڵێ: چیرۆکی سەربەستیی گەلی کوردە.
٢- نەوبەهار کە فەرهەنگێکی عەرەبی و کوردییە و بەهۆنراو بۆ بچووکان هۆنیویەتەوە و بەچەشنی فەرهەنگی ئەحمەدییە کە لە ساڵی ١٠٤٩ی کۆچی دای ناوە.
٣- عەقیدا کوردی کە لە بارەی خواناسی و ئاینەوەیە و بەهۆنراو هۆنیوەیەتەوە و هێشتا چاپ نەکراوە.
٤- یوسف و زولەیخا کە چیرۆکی دڵداریی یوسف و زلێخایە و لە قورئانی پیرۆز وەری گرتووە و هێشتا لە چاپ نەدراوە.
٥- لەیلا و مەجنوون کە چیرۆکی دڵداریی لەیلا و مەجنوونە و بەهۆنراو هۆنیویەتەوە و هێشتا لە چاپ نەدراوە.

شاکاری ئەحمەدی خانی چیرۆکی مەم و زینە. مەم و زین ڕەواقی مێشک و شیلەی مەژی و بیر و کەڵکەڵەی خانییە. خانی ئەو تەلای دەستەوشار و ئەو گەنجە بەنرخ و باییدارەی لە دەریای بیر و وردبوونەوەی خۆی کۆکردووەتەوە و بەهەودای بێ هاوتای هەوریشمی هۆنیوەتەوە.

خانی مەبەستی لە دانان و هۆنینەوەی چیرۆکی مەم و زین دەربڕینی دەردی دڵی بووە و چونکە هەستی بەئێش و ئۆف و داخ و پەژارەی نەتەوەکەی خۆی کردووە، هەستی بەئاوات

و ئارەزووی گەلەکەی کردووە و چیرۆکی مەم و زینی کردووەتە بەهانە بۆ ئەوەی دەردەدڵی خۆی تێدا دەربڕێ و ویستی خۆی تێدا بخوازێ و دەڵێ: ئەگەر کورد بەفەرهەنگ و زمانەکەی بایەخی بدایە، ناوی لە جیهان بەرز دەبووەوە و زمان و وێژەکەی دەچووە ڕیزی زمان و وێژەی گەلانی ترەوە و هەروەها سەبارەت بەدواکەوتن و سەرلێشێواویی گەلەکەیەوە دەڵێ: نازانم ئەم کوردی ئێمە بۆچی لە هەموو شتێ بێبەری بوون، ئەگەر ئێمە دڵسۆزێکمان بووایە، دیارە هەموو شتێکمان برەوی ئەسەند و بڕوایشمان پتەوتر دەبوو:

ساقی تو ژ بۆ خودێ کەرەم کە
یەک جورعەی مەی دجام جەم کە
دا جام بەمەی جیهان نما بت
هەرچی مە ئرادەیە خویا بت
بەختی مە ژبو مەرا ببت یار
جارک ببتن ژ خواب هوشیار
ئەز مامە دحکمەتا خودێ دا
کرمانج ددەولەتا دنێدا
ئایا ب چ وەجە مانە مەحرووم
بیلجوملە ژ بووچ بوونە مەحکووم
گەر دێ هەبوویا مە سەرفرازەک
ساحب کەرەمەک سوخەن نەوازەک
نەقدێ مە دبوو ب سکە مەسکووک
نەدما وەهبێ ڕەواج و مەشکووک
خەمخۆری دکر ل مەینەتیمان
تینانە دەرێ ژ دەست لە ئیمان

خانی زۆر داخ و موخابن دەخوا کە گەلەکەی لە زانین و زانیاری و وێژەدا بەهرەیەکی نەبردووە و دەڵێ: چ بکەم بازاڕی زمان و وێژەی کوردی کەسادە و پارەپەرەستی و نەزانی وای لێ کردووین کە زانست لە ناو ئێمەدا باو نییە و بەپوولێک کەسێ نایانکڕێ و جامی و نزامی ڕێزێکی لەلای خەڵکدا نییە:

چ بکەم کو قەوی کەسادە بازار
نینن ژ قوماشڕا خەریدار



یەعنی ژ تەمەع دراڤ و دینار
هەر یەک ژ مەرا وەبوونە دڵدار
گەر علم تەمام بدەی بەپوولێک
بفرووشی تو حکمەتی بەسوولێک
کەس ناکەتە مەیتەرێ خوە جامی
ڕا ناگرەتن کەسەک نزامی

خانی لە پاش ئەوەی دەربەدەری و سەرگەردانی و بێچارەیی گەلەکەی هەڵدەدا دەگاتە ئەو ئەنجامە کە دواین دەرمانی دەردی ئاوارەیی و لێقەوماویی گەلەکەی تەنیا یەکیەتی و برایەتییە، چونکە ناکۆکی و ناتەبایی مایەی دواکەوتنە و یەکیەتی مایەی سەرکەوتن و بەختەوەرییە:

لەو پیک ڤە هەمیشە بی تفاقن — دایم بەتەمەرود و شقاقن
گەردێ هەبوویا مە ئیتفاقەک — ڤێک را بکرا مە ئینقیادەک
تەکمیل دکر مە دین و دەولەت — تەحسیل دکر مە عیلم و حیکمەت
تەمیز دبوون ژ هەڤ مەقالات — مومتاز دبوون خودان کەمالات

خانی چیرۆکی مەم و زینی لە دوو پەردەدا پیشان داوە: یەکەم پەردەی کۆمەڵایەتی و لەوەدا دەرد و پەژارە و نەزانین و دواکەوتنی گەلەکەی پیشان داوە. دووەم پەردەی دڵداریەتی کە لەوەدا باسی ئەوینی دوو دڵداری کوردی کردووە، بەڵام خانی وەکو خۆی دەڵێ چیرۆکەکەی کردووەتە بەهانە و نزیکەی سێ سەد ساڵ لەمەو پێش بیری ئازادیخوازیی خستووەتە بیرمانەوە و لەو سەردەمەدا داوای ئازادی بۆ گەلەکەی کردووە و هەستی بەزۆر بێژی و زەبر و زەنگی پاشایەتی کردووە.

ناوەڕۆکی چیرۆکەکەی خانی هەروەها وتمان دڵدارییە و سەرچاوەی چیرۆکەکەش ڕووداوێکی کوردەوارییە خۆمانەیە کە بەپێی چیرۆکەکە میر زەینەدین ناوێکی کورد لە بۆتاندا هەبوو کە دوو کچی شۆخوشەنگی بەناوی ستی و زین هەبوون کە زۆر شۆخوشەنگ و نەشمیل بوون، یەکێ لە سەرۆکەکانی میر ناوی ئەسکەندەر بوو کە ئەم ئەسکەندەرە سێ کوڕی هەبوو بەناوی تاژدین و چەکۆ و حیفۆ ، هەرکام لەمانە شێری مەیدان بوون. تاژدین هاوەڵێکی دەبێ بەناوی مەم کە خەڵکی ئالان بوو و، مەم و تاژدین هەموو ڕۆژێ بەیەکەوە دەچوونە ڕاو و شکار و لەگەڵ یەکدا ڕایان دەبوارد.

ڕۆژێ لە ڕۆژان لە مانگی خاکەلێوە و لە یەکێ لە ڕۆژەکانی نەورۆزا کە دەشت و کێو بەگوڵ و شیناوەردی ڕازابوونەوە و خەڵک لە هەندەراندا بوون و میر زەینەدینیش لەگەڵ

خاو و خێزانەکەیدا چوونە دەرەوە و مەم و تاژدین لەم کاتەدا چاویان کەوتە ستی و زین، تاژدین دڵی لە ستی چوو، مەمیش دڵی لە زین چوو. ماوەیەک ئەو دووانە لە ئاگری ئەویندا سووتان و پاشان کەسوکارەکەیان چوونە ماڵی میر بۆ خوازبێنی ئەو دوو کچە و سەرەنجام ستییان بۆ تاژدین مارەبڕی و گوێزایانەوە، بەڵام بەکری مەرگەوەڕ کە دەرکەوانی ماڵی میر بوو نەیهێشت زین بدەنە مەم و دڵی میری لە مەم خراپ کرد و ئەوسا مەم و زین لەناو ئاگری ئەویندا سووتان و لە پاشا بەهۆی دووزمانیی بەکری مەرگەوەڕ مەم گیرا و خرایە بەند و ستی و تاژدین و چەکۆ و حیفۆش هەرچەندە تێ کۆشان کە مەم لە بەند ئازاد کەن بۆیان نەکرا و سەرەنجام مەم لە بەندیخانەدا گیانی بەگیان ئافەرین سپارد و ئەوسا لە گۆڕستاندا ناشتیان. کە زین ئەمە دەبیسێ دەڕواتە سەر گڵکۆی مەم و لە داخا دیق دەکا و دەمرێ و بەم جۆرە ئەویش لە پاڵ مەمدا دەنێژن و، تاژدین لە داخی ئەو دووانەدا بەکری مەرگەوەڕ لە نێوان گۆڕی ئەو دوو نەمامە سەر دەبڕێ و ئەوسا خوێنەکەی دەبێتە دڕک و لە نێوانیاندا سەر دەردەکا و لە گۆڕەکەشدا دەبێتە میمڵێیان.

خانی لە بەندی بیست و نۆی چیرۆکەکەیدا جۆرە بیر و ئەندێشەیەکی تازە و نوێ دێنێتە ناوەوە و لەم بەندەدا مەم لەگەڵ شەمدا ڕاز و نیاز دەکا و بەشەم دەڵێ: ئەی شەم! هەرچەندە وەکو من دەسووتێت، بەڵام بەوتن لە من ناچیت، ئەگەر تۆیش وەکو من ڕاوێژت بکردایە، ئیتر دڵم بۆ خۆم نەدەسووتا. ئێمە هەردووکمان هەموو دەم دەسووتێن و لەگەڵ سووتانەکەماندا ڕشتەی گیانیشمان دەسووتێ و باش کە هەڵدەکا بەسووتانەکەمان گەشە دەدا. تۆ هەر لە شەودا دەسووتێت، بەڵام من بەشەو و ڕۆژ دەسووتێم و خۆبرینەکانیشم بەدەم ئەو سووتانەوە دێنە سۆ و پتر ئازارم دەدەن بەجۆرێ کە لە گیانی خۆم بێزار دەبم:

مەم شەم دکر ژ بۆ خۆ دەمساز
کەی هەمسەر و هەمنشین و هەمراز
هەرچەند ب سوهتنێ وەکی من
ئەما نە بەگوهتنی وەکی من
گەر شبهەتی من تە ژی بگوهتا
دی من بەخو دل قەوی نەسوهتا
دایم دسژت مە ڕشتەی جان
تە ناسژتن ب غەیر ئەزمان
هەرچەند ب شەڤ دمینی بیدار
سوبحان دنقی حەتا قەئیڤار



ئیڤار و سەحەر بروژ ئەگەر شەڤ
ئەز هەر دسژم وەسا لسەر هەڤ
گەهگا ژ دەست دل بریندار
ناچار دبوو ژ جان بیزار

خانی گەلێ هۆنراوی دڵداری و کۆمەڵایەتیشی هەیە کە بەداخەوە لە دیوانێکدا کۆ نەکراوەتەوە و هەر لەناو بەیاز و کەشکۆڵەکاندا تۆمارکراون. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی تری ئەم هۆنەرە:

ئەز چۆمە باغێ سوور گولان
وەختێ سەحەر گاهێ بخەف
من دێ سەدایا بولبولان
داگرتبوون هەر چار تەرەف
سەوتا هەزار و قومریان
دەنگێ ڕوباب و موغنیان
تەشبیهی بەزما بەنگیان
هوو دەنگ هوو بوون چەنگ و دەف
مانەندی مەست و سەرخوەشان
ئەز چۆمە بەزما مەهوەشان
ئەبروو کەمان و چاڤ ڕەشان
جەرگ و دلێ من کر هەدەف
پەیکان دجەرگێ دل بەری
تەنبوویە سندووقا بەری
سەدەق ژ حوسنت ئەی پەری
هێزا ل من بوو کەرب و گەف
هێژا ل من بوو کەرب و کین
زاهر غەزەب باتن کەنین
لێ غەمزەیەک چاڤ بەلەک
ئیحسان دگەڵ من کر گەلەک
لەورا دگەڵ زولفێن هەلەک
ئالۆز مەبین قەشت و لەف

ڕهتن ژ دل خوونا دلان
شەهمارە زولفێت سەر دلان
بێ ڕەحم و مەستا قاتلان
مەی خار ژ فنجانا سەدەف
وان مەی خوەران ئەبتەرکرین
بێ قووەت و ڕەنگ زەر کرین
وەڵڵا ژ دل کەرکەر کرین
«خانی» بەسە ئاه و ئەسەف

واتە: لە دەمە دەمی بەرەبەیاندا چوومە باخی گوڵاڵەکان چریکەی بوڵبوڵ لە هەر لایەکەوە دەهاتە گوێمان و چریکەی هەزار و نەوای قومری و ئاهەنگی تەنبوور و ئاوازی گۆرانیبێژان دەشت و دەری داگرتبوو و، دڵداران بەهۆی دەنگی چەنگ و دەفەوە و ڕمابوون، ئەوسا منیش وەکو سەرخۆشان چوومە بەزمی دڵداران کیژە چاو بەڵەکان لەوێدا بەتیری چاو دڵمیان گرتە نیشان و بریندارمیان کرد. نەمزانی چ ڕقوقینێکیان لێم بوو کە وایان لێم کرد. بەڵام دیارە خۆشەویستەکەم لەوێدا کە منی دی بەزەیی پیامدا هات و جامێ بادەی دا پێم تا داخ و پەژارەم لە دڵ دەرچێ، بەڵام چ داخێک لەوە خراپتر کە دڵمیان لەت لەت کرد. «خانی» ئیتر کەم داخ و موخابن بخۆ، دڵت خۆ لە دەست دەرچووە.

سەرچاوەکان

١- دائره المعارف الاسلامیه تالیف محمد فرید وجدی قاهره، ١٩١٨.
٢- القضیه الکردیه - دکتور بلەچ شێرکۆ - قاهره، ١٩٣٠.
٣- مشاهیر الکرد وکردستان - امین زکی بگ - بغداد، ١٩٤٥.
٤- مەم و زین - لەسەر ئەرکی گیو موکریانی - بەغدا، ١٩٦٨.
٥- مێژووی ئەدەبی کوردی - عەلائەدین سەجادی - ١٩٥٢.
٦- چەند شاعیرەک د هەریما بەهدینان - دوکتۆر نافیع ئاکرەیی، ١٩٧٨.
٧- دیوانا کرمانجی - عبدالرقیب یوسف - النجف، ١٩٧٠.
٨- نوبهارا ئەحمەدێ خانی - مەلا عبدالسلام ناجی جزیری - دمشق، ١٩٥٥.
٩- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەخانی و بەرهەمەکانی.




## ئەحمەدی مەلا باتی

١١٠٠-١١٦٨

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەحمەد و خەڵکی دێی باتی بووە. باتی گوندێکە لە چەند کیلۆمەتریی شاری هەکاری. سەبارەت بەمێژووی ژیانی مەلا باتی هەرکە قسەیەکی لێوە کردووە، ئێمە ئەو قسە و بەڵگانە لێرەدا دێنین و پاشان زانیاریی خۆیشمان باس دەکەین و ڕەنگە ڕاستییەکەمان بۆ ڕوون بێتەوە.

مامۆستا عەلائەدینی سەجادی لە باخی هۆنەرانی مێژووەکەیدا سەبارەت بەمەلا باتی دەڵێ: ناوی ئەحمەد بووە و خەڵکی گوندی باتی لە ناوچەی هەکاری و لە ساڵانی ٨٣٧ - ٩١٥ی کۆچیدا ژیاوە.

ئایەتوڵڵا مەردووخ لە پەڕاوی مێژووی کورد و کوردستاندا دەڵێ: مەلا ئەحمەدی باتی لە ساڵی ٨٣٦ی کۆچی لە دێی باتی لە دایک بووە و لە ساڵی ٩١١ لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا عوبەیدوڵلای ئەیووبیان لە گۆڤاری مێهردا دەڵێ: مەلا ئەحمەدی باتی کە چیرۆکی زەمبیل فرۆشی بەجوانترین شێوە بەزاراوەی کرمانجیی باکوور هۆنیوەتەوە، لە ساڵی ٨٣٨ی کۆچی لە دایک بووە و لە ساڵی ٩١١ لە تەمەنی حەفتا و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا ئەمین زەکی بەگ لە پەڕاوی مێژووی کورد و کوردستاندا دەڵێ: مەلا ئەحمەدی باتەیی کە خەڵکی گوندی باتەی لای هەکارییە لە نێوانی ساڵانی ٨٢٠-٩٠٠ی کۆچیدا ژیاوە. مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف لە دیوانی کرمانجیدا دەڵێ: گەرچی زۆربەی مێژوو نووسان و نووسەران ناوی مەلای باتەییان، ئەحمەد نووسیوە، بەڵام وەکو من لە خەڵک بیستوومە ناوی حوسەین بووە و، ئەو مێژووەی وا بۆ لەدایکبوون و مردنی ئەویان داناوە هەڵەیە، چونکە لە بەیازێکی دەستنووسدا کە لە ساڵی ١١٨١ی کۆچیدا نووسراوە و هەندێ هۆنراوی مەلای باتەیی تێدان و لە پەراوێزی ئەم بەیازەدا نووسراوە کە مەلای باتەیی لە ساڵانی ١١٠٠- ١١٦٨ی کۆچیدا ژیاوە. کەوابوو شک و گومانێ لەوەدا نییە کە مەلای باتەیی لە سەدەی دوازدەمی کۆچیدا ژیاوە.

مەلای باتەیی هەروەها بۆمان دەرکەوت لەو مێژووەدا ژیاوە و بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کورد دێتە ژمار و وەکو ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی کوردەواریدا دەدرەوشێتەوە. ئەو جگە لە کۆمەڵە هۆنراوەکانی کە لەناو بەیاز و کەشکۆڵەکاندا

نووسراون، دوو پەڕاویشی بەهۆنراو بەناوی (زەمبیل فرۆش) و (مەولوود نامە) هۆنیوەتەوە کە لەناو خەڵکدا باوە و مەولوود نامەکەی لە ساڵی ١٣٢٤ی کۆچی لە میسردا لە چاپ دراوە.

مەلای باتەیی وادیارە وەکو هۆنەرانی تر سەرەتا شەیدای دیمەنی ئێلاخان و چاوەندازی نیشتمانەکەی بووە و لە پاڵ ئەمیشەوە یارە خۆشەویستەکەی ئەوەندەی تر ئاگری کورتژمی هۆنراوی خۆش کردووە، بۆیە هەر لە تافی جوانییەوە دەستی کردووەتە هۆنراو هۆنینەوە و زۆر بەپارێزەوە دڵخوازەکەی ستایش کردووە و بەم چەشنە دەڵێ:

سوبح و ئێڤارێ شەڤا تاری شەمالا کێ یی تو
(لیله القدر) و بەراتی نوور مال کێ یی تو
چیچەکا باغی ئیرەم شۆخ و بالا بەژن و بالا کێ یی تو
بۆ خودێ کەی بێژە من کانێ شەپالا کێ یی تو
دێم کتێبە زولف حاشی شەرح مالا کێ یی تو

***

دلبەرا گەردەن شەفیفی دانەیا دوڕا عەدەن
نازک و مەوزوون لەتیفی نەخلی یا سەروا چەمەن
گول لباسی گوڵ قیاسی گول نی گول پیرەهەن
ئاهوویا دەشتا تەتاری ڕەهزەنا ئاسکا خوتەن
حوورییا باغی بەحەشتێ چاڤ غەزالا کێ یی تو

***

قیبلەگەها عاشقانی شەنگە لا ئەبروو زراڤ
هاتە بورجا شانەشێنێ سەد مەلائک چون سلاڤ
داغ و کوهڤانا ئەڤینێ سەوتی جانێ من تەڤاڤ
ئەختەرا سوبحا سەعیدی ڕەش ڕەحانا تابلاڤ
فلفلا هیندوستانی زولف و خالا کێ یی تو

***

ئەو چ دێمە شاه باغە گوڵشەنا دارولقەرار
سەد هەزاران نال و ئاوازێ بولبول چارکەنار
حەلقەپێدا بەست و هاتن عەقرەب و ئیلان و مار
نێرگزا شەهلا شەپالی یاسەمینا مەرغزار



لەب خەمووشی مەی فرووشی دێم پیالا کێ یی تو

***

پێنجی سالی شەهلەوەندی کەڤتمە چاها ڕەسەد
من نزانی چەرخ دێمی تێ هەیە بورجا ئەسەد
چون گە لەک ئاڤێتە دل، کون کر ل من داد و مەدەد
قەلبەکی حشک و سەفالین من دڤێت جان تێ ئەبەد
شاه ل تەختی دلبەرێ فکر و خیالا کێ یی تو

***

سەفحە کێشا کاتبی غەیبێ ژنوورا لایەزال
خالەکە وال گەردەنێ میسل بەرێ دەش ماه و ساڵ
سەد هەزاران ڕکبە حاجی تێن تەوافا زولف و خال
نەترەک و شتری و ئیلان دانە بەر بایێ شەمال
لائوبالی چاردە خالی چاردە سالا کێ یی تو

***

شەه کتێبەک من دڤێت بەحسێ موحبەت بایلیتەمام
سەد تەلسم و سیحر تێدا پێکڤە سوریانی مەقام
ئەبجەدا عشقێ مەخوند و عەقل وندا کر و حام
حوورییا باغێ بەحەشتێ تووتیا تاووس خەرام
غەیر (باتێ) پادشاها من دەلالا کێ یی تو

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! تۆ شەم و شەوی قەدر و بەرات و تیشکی ماڵی چ کەسێکیت؟ تۆخوا پێم بڵێ تۆ گوڵی باغی ئیرەم و شۆخوشەنگ و باڵا بەرزی کێیت؟ ڕوومەتی تۆ وەکو پەڕتووکە و زوڵفەکانت پەراوێزیەتی و پێم بڵێ کە تۆ ڕاڤەی چ کەسێک دەکەیت؟.

ئەی دوڵبەرەکەم! گەردنی تۆ وەکو دانەی دوڕی عەدەن و بەژنت وەکو داری خورما و سەروس چەمەنە و جل و بەرگت گوڵ و شێوەت گوڵ و لەشت گوڵ و کراست گوڵە، تۆ بەوێنەی ئاسکی تەتاری و وەکو پەری بەهەشتی و کارمامزی دەشتی، دەسا پێم بڵێ ئاسکی کێی تۆ.

ئەی دڵخوازەکەم! تۆ ڕووگەی گراوانی و کاتێ کە دێی بۆ برجی شانشین، سەد فریشتە دێنە سلاوت و ڕێزت دەگرن، بڵێسەی ئاگری دووری و ئەوینت دڵ و گیانی منی

سووتاندووه. تۆ ئەستێرەی گەشی بەرە بەیانی، پێم بڵێ تۆ بیباری هیندوستان و زوڵف و خاڵی کێیت؟. تۆ نێرگز و گوڵی یاسەمینی و پێم بڵێ ڕوومەتت پیاڵەی کێیە؟.

له تەمەنی پەنجا ساڵیدا کەوتوومەتە داوی ئەوینی یەزدانییەوە، بەتیری ئەوینی یار پێکراوم و دڵێکی ڕەق و بەردینم ئەوێ کە تیر کاری لێ دەکا، تۆ کە پاشایت و لەسەر تەخت دای پێم بڵێ بیرت ها بەلای چ کەسێکەوە.

نووسەرانی بارەگای خوایی هێڵێکیان لە تیشکی خوا لەسەر ڕوومەتی یار کێشا و خاڵێکیان لە گەردنی ئەودا وەکو بەردە ڕەشەکەی کەعبە دانا تاکو سەد هەزاران حاجی بێتە دیتنی ئەو خاڵە، دەسا پێم بڵێ تۆ نەونەمامی چ کەسێکیت؟

من پەڕاوێکی گەورەم ئەوێ کە لەوەدا باسی خۆشەویستیی تۆی تێدا کرابێ، بەجۆرێ کە لەو پەڕاوەدا تەلسم و جادووی تێدا بێ، چونکە کاتێ من ئا و بێی ئەوینتم خوێند، ئاوەزم لە دەست دەرچوو، دەسا ئەی پەرییەکەی باخی بەهەشت و، ئەی تاوسی خۆش ڕەوت جگە لە (باتەیی) پێم بڵێ تۆ کێت خۆش دەوێ.

مەلای باتەیی لە هۆنینەوەی هۆنراودا سەری کێشاوەتە دەرگای هەموو جۆرە وتنێکەوە: دڵداری، کۆمەڵایەتی، ئاینی. لە پێنج خشتەکییەکدا لە ستایشی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دروودی خوای لەسەر بێ دەڵێ:

ئەی نیعمەتی تە ئەز عەرش هەتا فەرش شەهیرا
ئەی پەرتەوی نووراتە جیهان گەشتە مونیرا
ئەی سەیدی عالەم بکە پەروای ئەسیرا
(قد کان لک الفضل لک الجود کثیرا)
(ارسلت الی الخلق بشیرا ونذیرا)

***

تاها تو ڕەسوولی مەلەکێ عەرشێ عەزیمی
دەر بەحر کەمالێ تو تەنێ دوڕا یەتیمی
لؤلؤ سفەتی دەر سەدەفی بەحرێ کەریمی
ئەحسەن تورا ئەز یوسفێ سەدیقێ حەلیمی
(ماکان لک الناس شبیها و نظیرا)

***

ئەی سەروەرێ دین مەهبەتێ ئایاتێ موکەڕەم
ئیسمێ تەیە هیندی سەفەحان بوویە موفەخەم





لوتفا تە شەیاتین ژ سەما کر نە مورەجەم
گەر تو نەبوویا قەت نە دبوو چەرخێ موعەزەم
(طوبی لمن اشفقت له کنت مجیرا)

***

ئەی لەعلێ لەبت عەزمێ رەمیمێ دکە ئحیا
جووشان و خورووشان ژ فراقا تەیە دەریا
پڕ شۆق خوهار و بتە سەرگەشتە سورەیا
هەرچی کو ب شەرعا تە عەمەلداره ددنیا
(کانت لهم الخلد حەیرا و سریرا)

***

(فخر المکانی) پادشەهێ تەختی مەدینێ
یەک لەحزە گەها عەرشێ خەرامان ب مەشینی
تە چەرخێ فەلەک بوونە ژ سەرگەشتێ ئەڤینێ
خەلقێ کو ئەئینت بتە ئیمان و یەقینێ
تێک بوونە خسارات و (سیصلون سعیرا)

***

بارانێ سەلاتان ژ خودا سوبح و عەشیيا
بەر سەیدی موختارێ ڕەسوولێ عەرەبییا
بەر ئال و ئەسحابێ حەبیبێ قورەیشییا
سدیق و چ فارووق و چ عوسمان و عەلییا
(کانوا لک فی الدین معینا طهیرا)

***

ئەی سەیدێ عالەم سەنەدێ نوورا هیدایەت
هیڤی دکن ئەم ژ تە ئەی سەدر ڕسالەت
مەحروومی نەگێری مە ژ دیوانێ شەفاعەت
(باتێ) ب جەهەنەم بتە پەروار قیامەت
(قد کنت له ثم شفیعا و طهیرا)

***

واتە: ئەی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام! بەهۆی تیشکی ڕوومەتی تۆوە جیهان ڕوون بووەتەوە، تۆ سەرۆکی تەواوی خەڵکی ئەوەندە مێهرەبان و دڵاوا و بەخشندەیت کە بەهەمووی خەڵک مژدەت داوە لەو دنیا بەئاوات بگات.

ئەی پێغەمبەر! تۆ پێغەمبەری خوای تاق و تەنیایت و، تۆ تەنیا دوڕی یەتیمی و لە دەریای بێ بنی خوای دای، تۆ وەکو یوسف هێمنی، هیچ کەسێک وەکو تۆ نییە و تۆ لەناو خەڵکدا بێ وێنە و بێ هاوتای.

ئەی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام! تۆ نیشانەی خوایت و ناوی تۆ لە دڵان دایە و ئەگەر تۆ نەبوایەت جیهان بەدی نەدەهات، خۆزگەم بەو کەسەی کە تۆ خۆشت ویستووە و بوویتە بەپەنادەری.

ئەی پێغەمبەر! بزەی لێوت ئێسکی ڕزیو زیندوو دەکاتەوە و، ئاوی دەریا بەهۆی تۆوە شەپۆل دەدا و دەکەوێتە خرۆش و، ئەستێرەکان لە خۆشی تۆوە دەکەونە گەڕان، هەر کەسێک لە ڕێی تۆوە بڕوا، جێگەی بەهەشتە.

ئەی پێغەمبەر! تۆ سەرۆک و پاشای مەدینەی، چەرخی گەردوون گیرۆدەی ئەوینی تۆیە، ئەو کەسەی کە بڕوای بەتۆ نەهێناوە، دۆڕاندوویە و دەکەوێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

هەموو ڕۆژێ چ لە بەرەبەیان و چ لە کاتی خەوتنناندا بارانی سەلەوات دەبارێتە سەر پێغەمبەری گەورەی ئیسلام و بنەماڵەکەی و یارەکانی: (ئەبووبەکر) و (عومەر) و (عوسمان) و (عەلی)، کە ئەمانە یارمەتیدەر و هاریکاری پێغەمبەر بوون.

ئەی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام! بەتیشکی ڕێنوێنیی خۆت هیوا و ئارەزوومان بەجێ بێنە و، لە ڕۆژی پەسڵاندا لە تکای خۆ بێبەریمان نەکەی و، (باتەیی) لە دۆزەخ ڕزگار کە و ببە بەتکاکاری.

سەرچاوەکان


١– بەیازێک کە لە ساڵی ١٢٠١ی کۆچیدا نووسراوە.

٢– کەشکۆڵێک کە لە ساڵی ١٢٥٨ی کۆچیدا نووسراوە.

٣– مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلائەدین سجادی – بەغدا، ١٩٥٢.

٤– تاریخ مردوخ – تالیف ایت الله مردوخ – تهران، ١٣٢٤.

٥– کورد و کوردستان – ئەمین زەکی – بەغدا، ١٩٣٣.

٦– دیوانا کرمانجی – عبدالرقیب یوسف – نجف، ١٩٦٠.




## مورادخانی بایەزیدی

١٢٠٣–١١٥٦

ئەم هۆنەرەمان ناوی مورادخان و خەڵکی بایەزیدی کوردستانی تورکیایە و بەمورادخانی بایەزیدی ناسراوە. مامۆستا شێخ محەمەدی مەردووخ لە پەڕاوی مێژووی کورد و کوردستاندا دەڵێ: مورادخانی بایەزیدی کە لە ئەوین و خواناسی و سۆفیەتیدا هەندێ پەڕتووک و نامیلکەی بەکەڵکی داناون، لە ساڵی ١١٥٦ی کۆچی لە دایک بووە و لە ساڵی ١٢٠٣ لە تەمەنی چل و حەوت ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا ئەمین زەکی بەگ لە پەڕاوی (ناودارانی) کورددا دەڵێ: مورادخانی بایەزیدی کە تا نیوەی سەدەی دوازدەمی کۆچی ژیاوە، گەلێ هۆنراوی بەزاراوەی کرمانجیی باشوور و کرمانجیی باکوور لە شوێن بەیادگار ماونەتەوە و زۆربەی هۆنراوەکانی گاڵتە و گەپە.

ئەم هۆنەرەمان بەپێی ئەو زانیارییانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە بایەزیددا لە دایک بووە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن هەموو ناوچەکانی بایەزید و هەکاری و بتلیس گەڕاوە و لە خوێندنا زۆر وشیار و چوست و چالاک بووە و لە ڕێزمان و وێژەی عەرەبی و فقهی ئیسلامیدا سەرامەدی ڕۆژگاری خۆی بووە و سەرەنجام گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە دوای مردنی باوکی بووەتە جێنشینی ئەو و خەریکی کاروباری مڵکداری و بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو دێیانە بووە کە بەمیرات بۆی ماونەتەوە و ئیتر پاشماوەی ژیانی بەم چەشنە بەکاری خەڵک و کۆبوونەوە لەگەڵ زانایان و هۆنەران و هۆنینەوەی هۆنراو بردووەتە سەر تا کۆچی دوایی کردووە و هەرلە بایەزیددا نێژراوە.

مورادخانی بایەزیدی لە هۆنینەوەی هۆنراوەدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. ئەوەی کە لە مورادخانی بایەزیدییەوە بەیادگار ماوەتەوە بریتییە لە هەندێ هۆنراوی دڵداری و ئاینی و چیرۆکی زەمبیل فرۆش. چیرۆکی زەمبیل فرۆش کە داگری دوو سەد و پەنجا و چوار هۆنراوە، لە ساڵی ١١٩٠ی کۆچیدا هۆنیویەتەوە، وەکو خۆی دەڵێ:

سەد و نەوەد ساڵ بوورییە          پاشی هەزارا هیجرییە
مورادخان دبێت سەرهاتییە          ب شیعر ب گۆتنەکا خۆش

سەرچاوەی ئەم داستانە وەکو دەڵێن لە دەوروبەری سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ڕووی داوە. میر سەعیدی کوڕی حەسەن پاشای دیاربەکری هەبوو کەلە پاش مردنی باوکی چووە سەر تەختی پاشایەتی و بووە جێنشینی ئەو. ڕۆژێکیان لەگەڵ تاقمێ لە هاوەڵانیا چووە ڕاو

و له کاتی گەڕانەوەیدا ڕوانی کە چەند کەس دارە تەرمێکیان هەڵگرتووە و بۆ گۆڕستانی دەبەن. میر سەعید لە ئەسپەکەی دابەزی و سەری دارە تەرمەکەی هەڵداوە و دیی کە تەرمی لاوێکە و بەمە زۆر پەرێشان بوو و کاتێ گەیشتەوە ماڵ جلوبەرگی میریەتیی لەبەر داکەن و جلی دەروێشیی کردە بەر و لەگەڵ ماڵ و منداڵەکەیدا دەشتی گرتە بەر و لە وڵاتێکی نامۆدا نیشتەجێ بوو و بۆ ئەوە خۆی و ماڵ و منداڵەکەی بتوانن ژیان بەرنە سەر، خەریکی فرۆشتنی زەمبیل بوو، شەوانەش خەریکی نوێژ و پاڕانەوە و لالانەوە لە خوای تاق و تەنیا بوو تا ڕۆژێکیان گوڵ خاتوون ژنی میری ئەو وڵاتە لە سەربانەوە چاوی کەوتە زەمبیل فرۆش و گراو و سەوداسەری بوو و فەرمانی دایە نۆکەرەکانی کە ئەو بهێننە لای و ئەوسا داوای لە زەمبیل فرۆش کرد کە لەگەڵیدا ڕابوێرێ و زەمبیل فرۆشیش زانیی کە لە کۆڵی نابێتەوە لە پەنجەرەی کۆشکەوە خۆی خستە خوارەوە بزر بوو. گوڵ خاتوونیش لە پاش زەمبیل فرۆش ئارام و ئۆقرەی لێ بڕا و دەشتی گرتە بەر و بەجارێ شێت و لێوە بوو و سەرئەنجام گیانی بەگیان ئافەرین ئەسپارد.

مورادخان سەرەتای داستانەکەی بەستایشی خوا و پێغەمبەر دەست پێ دەکا و لە پاشا دەست دەکاتە وتنی داستانەکە و پاکی و خاوێنیی میر سەعید یا زەمبیل فرۆش دەردەخا و بەم چەشنە دەڵێ:

ئەی دل وەرە جارەک بجۆش
لە مەجلسا پڕ زەوق و خۆش
گوهـ بدەنە سوحبەتەک خۆش
دەکەین بەحسی زەمبیل فرۆش
زەمبیل فرۆش کوڕێ میرانە
لاوەکو بەژن ڕەیحانە
خودانێ کوچک و دیوانە
لە کەیف و سەیران شەڤ و ڕۆژ
شەڤ و ڕۆژ کەیف و خۆشییە
بە عیشق و ڕەقس و شاهییە
چوو عاجزی ددلدا نییە
نەدیتیە ساعتەک نەخۆش
شەڤەکی شەڤی ئینی بوو
خەونەک عەجائب دیتی بوو



لەناو خەویدا گری بوو
دل و هناڤ لێ هاتە جۆش
ژنا وی لێ کر پرسیار
بۆچی دەگری تۆ ئەی نازدار
ژ بەرچی ئەڤ ترس و هەوار
ژ بەرچی ڕابووی مەندەهۆش
شازادە دبێژێت نازەنین
من دی خەونەک خۆش و شیرین
قەسر و سوسوور هەموو زێڕین
تو ل ناڤدا حووری پەردەپۆش
لە خەو هاتم بێمە قەسران
ئەز و تو پێکڤە بکەین سەیران
لە من حووری بوو دەرگەوان
لەو ئەز هوشیاربووم مەندەهۆش
گۆ دەرکەڤە تۆ نە ئێ پێش
هەڕە ل دونێ ببە دەروێش
نەهێلە قەت ڕۆژ و نفێژ
ببە فەقیرەک خەرقە پۆش
نەهیلە قەت دلی فەقیر
هوشیار بەنە نەبیە میر
خۆ نەئێخیە قەید و زنجیر
لە قیامەتا تەنگ و نەخۆش
تو دزانی مرن هەیە
ئەڤ قەسر و باخە بۆتەیە
ملکی دونێ بی فایدەیە
چاکی بکە بۆ جهێ خۆش
من گوڕێک ئاگر دیتییە
ل جەهەنەمێ دەرکەوتییە

جانێ من له خەوداسووتییه
لەو دەگریم ئەز شەڤ و ڕۆژ

واتە: خەڵکینه گوێ بدەنه قسه و باسێکی خۆش، قسه و باسی زەمبیل فرۆش. لاوێ هەبوو زۆر جوان و پێکەوتوو کە هەموو دەم خەریکی ڕابواردن بوو و هیچ کاتێ خەم و پەژارەی نەدەخوارد و بەتەنگی کەسەوە نەبوو، شەوێکیان کە شەوی هەینی بوو، خەوێ سەیری دی، لەناو خەوەکەدا ئاگری چاوپێ کەوت کە دڵ و هەناوی سووتاند و کە وریا بووەوە خەم و پەژارە دڵی داگرت و ژنەکەی لێی پرسی، ئەوە چیته بۆ وا ماتی، ئەویش پێی وت خەوێکم دیوە و لەم خەوەدا ئاگر هەڵکراوە و پێم وتراوە کە ببمە دەروێش و خەرقە بکەمە بەر تا لە ڕۆژی پەسلاندا تووشی سزا نەبم و نەکەومە ناو ئاگری دۆزەخەوە. پاشان دەڵێ:

ژن دبێژێت بیبیا چاڤا
ژ دل بەردە خەوف و ترسان
باب حاکمی حەفت ئقلیمان
خودان گەنج و عەسکەرەک بۆش
ڕابە هەڕە کەیف و سەیران
تۆ بەردە توول و تاژییان
بکوژە ئاسک و کیڤییان
کەیفی بکە ب دلێکی خۆش
شازادە دبێژی ئەی حورمەتە
ل من مەکە ڤان نەسیحەتە
ڕوحا شیرین ئەمانەتە
دیچین گۆڕەک تەنگ و نەخۆش
زەمبیل فرۆش کوڕی میرە
چوو بووە سەر قەبرەکی کوورە
پێڕا مرنی هاتە بیرە
چووە مالێ دلتەنگ و نەخۆش
چووە مال و گۆتە بابییە
من ناڤێت مالێ دونییە



دەبم عەبدالێ خودێیە
ئەز دەبمە سەلە فرۆش
باب دبێژیت ئەز بەخودێ
دەم تە مندال و ژنێ
بگێڕی وان ل دەرێ خەلقێ
ڕووس و برسی عەیش نەخۆش
خەلق و عالەم پیر و وەزیر
هەموو ڤێکرا دەبێنە میر
بلا بچێت خو بکەت ژیر
دا تام بکەت حالی فەقیر
زەمبیل فرۆش ڕابوو سەر پێ
ماچ کری دەستی بابێ
خاتر خواست ژ هەموو خەلکی
ب کەیف و بدلەکی خۆش
زەمبیل فرۆش دەرکەت ژمال
نەما ل دل خەم و خەیال
دگەل وییە ژن و عەیال
چون دا بخۆن ڕزقەک حەلال
هەتاکو چوونە میردینێ
کووفەک دی ل چۆلی بتەنێ
گۆتی وەرن دابچینێ
چێترە ژ قەسرەکا خۆش
ڕابوو ل ڕۆژا پاشییە
زەنبیل ل خو هلاندییە
ل کۆلانا دکەت گازییە
گول خاتوون ژ دوور دیتییە
خاتوون ژ دوورڤە دبینیت
حەیران و بێ هۆش دمینیت

پەردەی لبەر خوە دهەلینیت
گاز دکات زەمبیل فرۆش
خاتوون دبێت لاوی دەروێش
کەرەم بکە تۆ وەرە پێش
سەلکا مەزن بزێڕ کێش
یا بچووک قیمەتا ببێژ
خاتوون دبێژێت ئەی فەقیر
وەرە ڕازێ ل تەختێ میر
قیامەتی بکە ژ بیر
لەدەس خۆ نەکە ئەڤ ڕۆژا خۆش
ڕوو سوورە گەردن بەخالە
من بەردە دا بچمە مالە
تو وەرە گوهـ بدە من
ل تە حەلال بیت جانێ من
دی تەنەکەم مرۆیک مەزن
بە قەصر و مالەکا خۆش
وەرە ئەی لاوی فەقیر
ڕوونی سەر دۆشەکا میر
تیک فەدە زولفی حەریر
ئەز پاشی دێ تەکەم وەزیر
زەمبیل فرۆش مابێ هیڤی
دەستی خوە سەرفراز کری
دوعا ژ ڕەبی خوە خواستی
خەلاس کە من بەدلەکی خۆش
هێژ من نڤێژ نەکرییە
مەسینە هەلگرت چووە بانییە
خۆ لەسەر بانی ئاڤێتییە
ژبەر خاتوونا نامووس فرۆش



واتە: ژنەکەی دەڵێ ئەی بەبەڵەی چاوم ترس لە دڵی خۆت دەرکە، خۆ باوکت فەرمانڕەوای حەوت وڵاتە و خوا ئەم هەموو سامان و دارایی و لەشکرەی پێ داوی، لەبەرچی خۆت دەخەیتە ناو تەنگوچەلەمەی ڕۆژگارەوە؟ دەسا هەڵسە بڕۆ گەشت و گێڵ و سەیران و ڕاو بکە و ئاسک و پەزەکێوی بکوژە و تووڵ و تانجی لەگەڵ خۆت بەرە، شازادە پێی دەڵێ: پەندم دامەدەوە ئەم گیانە شیرینە کە خوا پێمی داوە ئامانەتە و هەموومان دەبێ بچینە ناو گۆڕێکی تەنگ و تاریکەوە. ڕۆژێکیان شازادە چووە ڕاو و دی مردوویەکی پیر دەنێژن بەجارێ دنیای لێ بێزرا و بەبابی وت من دەمەوێ ببمە عەبداڵ و لێرەدا نامێنم، باوکی وتی من ژن و منداڵەکەت پێ نادەم کە ڕووت و برسی ژیان بەرنە سەر، هەمووی پیران و وەزیرەکان وتیان با بڕوا و ژیر بێتەوە و خۆی دەگەڕێتەوە، ئەوە بوو کە زەمبیل فرۆش لەگەڵ ماڵ و منداڵەکەیدا ڕێی گرتە بەر و چوونە وڵاتی ماردین و لەوێدا خەریکی زەمبیل فرۆشی بوو و کۆڵان بەکۆڵان دەگەڕا و زەمبیلی دەفرۆشت، خاتوون چاوی پێ کەوت و دڵی پێ دا و وتی: ئەی زەمبیل فرۆش تەواوی زەمبیلەکانت بەزێڕ دەکێشم بەمەرجێ لەگەڵما ڕابوێری و ئەوسا دەتکەمە پیاوێکی گەورە و لەم کۆشکەدا ژیان بەریتە سەر، زەمبیل فرۆش کە بەجارێ نائومێد بوو لە خوا پاڕایەوە کە لە دەستی ئەو ڕزگار بێ، ئەوە بوو کە لە پەنجەرەی کۆشکەوە خۆی خستە خوارەوە و بزر بوو.

سەرچاوەکان

١- تاريخ مردوخ – تاليف ايت الله مردوخ كردستانى – تهران، ١٣٣٣.
٢- مشاهير الكرد – تاليف امين زكى – بغداد، ١٩٣٢.
٣- خلاصه تاريخ الكرد والكردستان – بغداد، ١٩٤٥.
٤- زەمبیل فرۆش – یادگاری مورادخانی بایەزیدی – هەولێر، ١٩٦٧.
٥- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمورادخانی بایەزیدی.

## شا پەرتەوی هەکاری

۱۱۹٤–۱۲٥۷



ئەم: هۆنەرەمان ناوی حەمە سەعید و کوڕی ئەحمەد بەگ و نازناوی پەرتەو و بەشاپەرتەوی هەکاری بەناوبانگە وله دەوروبەری دەریاچەی ورمێدا هاتووەتە دنیاوە و لە ئاخر و ئۆخری سەدەی سێزدەمی کۆچیدا لە شاری ئادرنەدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێدا نێژراوە.

سەبارەت بەمێژووی لەدایکبوون و مردنی شاپەرتەو هەرکە قسەیەکی لێوە کردووە و ئێمە لێرەدا ئەو قسانە دێنین و لە پاشا زانیارییەکانی خۆشمان دەخەینە ڕوو و ڕەنگە ڕاستییەکەمان بۆ دەرکەوێ.

مامۆستا ئەمین زەکی بەگ لە پەڕاوی مێژووی کورد و کوردستاندا دەڵێ: شا پەرتەوی هەکاری دیوانەکەی لە ساڵی ۱۲۲۱ی کۆچی نووسیوەتەوە، واتە لەو مێژووەدا ژیاوە.

مامۆستا عەلائەدینی سەجادی لە بەشی باخی شاعیرانی مێژووەکەیدا دەڵێ: شاپەرتەوی هەکاری لە ساڵی ۱۲۲٦ی کۆچیدا دیوانێکی دەسخەتی نووسیونەتەوە.

شەمسەدین سامی لە پەڕاوی (قاموس الاعلام)دا دەڵێ: شاپەڕتەوی هەکاری یەکێ لە هۆنەرانی کوردی ئێرانییە و لە سەر شێوەی هیندی هۆنراوی هۆنیوەتەوە و گۆڕەکەی لە شیراز لە نزیک گڵکۆی سەعدی دایە.

مامۆستا قەناتی کوردۆ لە پەڕاوی: گراماتیکا زمانی کوردیدا دەڵێ پەرتەو بەگی هەکاری هۆزانی لە ساڵی ۱۲۲۸ی کۆچی بەزاراوەی کرمانجی نووسیون. هەروەها مامۆستا محەمەد عەلی عەونی دەڵێ: دیوانی شاپەرتەو لە ساڵی ۱۱۲۱ی کۆچیدا نووسراوەتەوە و لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ شاپەرتەو لە سەدەی سێزدەمی کۆچیدا ژیاوە.

لە پەڕاوی (دایرە المعارف الاسلامیە)دا هاتووە کە شا پەڕتەو، ناوی حەمەسەعید پاشایە و لە دەوروبەری دەریاچەی ورمێدا هاتووەتە دنیاوە و پاشان چووەتە هەکاری و لەوێوە چووەتە ئەستەمبووڵ و بووەتە کاربەدەستی دەوڵەتی عوسمانی و لە ساڵی ۱۲٤۰ی کۆچی بووەتە نووسەر و لە ساڵی ۱۲٤۳دا بووەتە سەرۆکی نووسەران و پاشان چووەتە میسر و لە ساڵی ۱۲٥۱دا بووەتە وەزیری کاری ناوخۆ و لە پاشا سوڵتان مەحموودی دووەمی عوسمانی (۱۲٥۹–۱۲۲۸) ڕقی لێ هەڵگرتووە و ئەوی ناردووەتە ئالبانی و بەر لەوەی بگاتە شاری ئادرنە مستەفا پاشا دەرمانخواردی کردووە و مردووە.



مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف لە دیوانی کرمانجیدا دەڵێ: بێگومان شا پەڕتەوی هەکاری لە سەدەی سێزدەمی کۆچیدا ژیاوە و زۆربەی ژیانی لە شاری هەکاریدا بردووەتە سەر، بەڵام ژیانی زۆر تاریکە و نازانرێ لە کوێدا لە دایک بووە و لە کوێدا مردووە، ئەوەندە هەیە کە دیوانەکەی لە ساڵی ۱۲٥۳ی کۆچی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ۱۳٥۳ی کۆچی لە شاری بۆلاقی میسر لە چاپ دراوە.

لەم دواییەدا بەیازێکی دەستنووس کەوتە دەستمان کە هەندێ لە هۆنراوەکانی شاپەرتەو و مەلای جزیری و مەلای باتەیی و ماجن و مەنسووری گرگاشی و مینای تێدا نووسراون و لە پەراوێزی هۆنراوەکانی شاپەرتەودا هاتووە کە شاپەرتەو لە ساڵی ۱۱۹٤ی کۆچی لە دایک بووە و لە ساڵی ۱۲٥۷ کۆچی دوایی کردووە و بەس.

شاپەرتەو لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و لە هۆنینەوەی هۆنراودا دوو ڕێچکەی گرتووەتەبەر:

ئاینی و دڵداری. وا دیارە شاپەرتەویش وەکو زۆربەی هۆنەرانی تر سەرەتا شەیدای دیمەنە جوانەکەی کوردستان بووە و لە پاڵ ئەمیشەوە شۆخوشەنگی و جوانیی دڵخوازەکەی ئەوەندەی تر ئاوری کورتژمەکەی خۆش کردووە، بۆیە بەپارێزەوە ڕوو دەکاتە دڵدارەکەی و دەڵێ:

سەروێ ئازاد و قەد ئەشنائێ تە تەسکانە ل من
شبهی حالێ مە سەرێ زولفێ پەریشانە ل من
ئەو قەدەر جەور و جەفا و ستەمێت دیتنە من
زەڕەیەک لوتف تە قیمەت ب دوو سەد جانە ل من
دەرحەقێ من تە وەکی نینە سەرێ ڕەحماکەرەم
ژ لەبێ لەعلێ دوڕ و یەک تە ئیحسانە ل من
سەبر و سامان و سکوون پڕ لە مە دشوارە گەلەک
ئەجەل و مەرگ مرن حالەتەکە ئاسانە ب من
گەرچ من نینە ل نک تە قەدرێ مودقەدر
بەندەئێ خاکی درەت میسلی سلیمانە ب من
ژ خەتێ حەزرەتێ من دیدەئی جان ڕوشەن بوو
لەبێ لەعلێ تە وەکی چەشمەئی حەیوانە ب من
چ حەدێ (پەڕتەوی) یارا وی بەندە ب بت
حاکم و مالکێ ڕوحان بسکێ جانانە ب من

واتە: باڵای سەوڵ و قەدی ئاشنات ئەهوەنی دڵی منە، سەری زوڵفی تۆ وەکو حاڵی من پەرێشانە، ئەوەندە ستەم و زۆر و سەخڵەتیم دیوە کە تۆزقاڵێک خۆشەویستیی تۆ بایەخی دووسەد گیانی بۆ من هەیە، تۆ هیچ بەزەییت بەمندا نایەو پێت خۆش نییە، بەڵام ماچێکی لێوی لاڵی تۆ بۆ من خێرە، ئارام و ئۆقرە گرتن بۆ من زۆر گرانە و، مردن بۆ من تا مانەوە ئاسانترە گەرچی من لەلای تۆ ڕێزم نییە، بەڵام نۆکەریی دەرگای تۆ بۆ من وەکو سلێمانە، لە بەختی تۆ چاوی دڵم ڕوون بووەوە و، لێوی لاڵی تۆ وەک سەرچاوەی ئاوی ژیانە بۆ من، تاکەی (پەرتەو) دەبێتە بەندەی یار و گیرۆدەی ئەو دەبێ، بسکی ئەو و پێمێرد ئارام دەری گیانە بۆ من. شاپەرتەو ئەوەندە گیرۆدەی دڵخوازەکەی دەبێ کە بەجارێ ئارام و ئۆقرەی لێ دەبڕێ و دەداتە دەشت و کێوا و ناچار گلە و گازندە لە دڵی خۆی دەکا و بەم چەشنە دڵی زاری خۆی دەلاوێنێتەوە و دەڵێ:

زێدە بوون دیسا ژ نۆ من دەردوکۆڤانیت ددل
نینە لوقمانەک ببێژت دائو دەرمانت ددل
هەر کەسەک موخبر نەهن ژ ئەحوالێ زەخما باتنی
لێ دەزانت ئەو کەسێ وێ جەرح پەیکانت ددل
بەری باغێ جەهان خۆش با سەفا خۆش ڕەنگەلێ
حەیف گولچین موهلەتێ قەت نادت ئاواتێت ددل
گەر چ دل من بوو زەبیحێ تێغێ جەلادا بەلاّ
لێ ژ سولتانێ قەزا تێن تازە فەرمانت ددل
مەنجەنیقا غەم ددەست ئوستادێ چەرخێ کەج
تێک هو دیوان کرینە قەسر و ئەیوانت ددل
ماتنێ ئەز کرمە سەرگەردان و ژارو دەربدەر؟
دعا لەما حادس کو نینە خانە ویرانت ددل
گۆتنا (پەرتو) ئیلاهی نینە شکوایا چ کەس
دێ ل نک تە شەگوە یەک دەرد و غەم ئەحزانت ددل

واتە: دیسانەوە دەرد و برینی دڵم زۆر بووەتەوە، لوقمان و بژیشکێک پەیدا نابێ کە برین و دەردەکەم دەرمان بکا، هەر کەسێک ئاگای لە برینی دڵ و دەروونی من نییە، بەڵکو ئەو کەسە ئاگای لێیە کە دڵی بەتیر ئەنگیوراوە واتە: هاودەردی منە، بەری باخی جیهان زۆر جوان و خۆش ڕەنگە، بەڵام بەداخەوە ئاواتەکانی دڵ ماوەی ئەوە نادەن کە بنیادەم کەڵکی لێ وەرگرێ، گەرچی دڵی من کەوتە ژێر تێغی نەسەخچیی زەمان، بەڵام ئەو دڵە هەموو دەم



بۆ یار دەبێتە کۆشک و هەیوان، ئەو دڵ مەگەر هەر تەنیا هەر منی دەربەدەر و ئاوارە و بێ خانوومان کردووە؟ بەڵکو تەواوی خەڵکی جیهان بەم داخەوە داخدار کردووە و ماڵی دڵیانی ڕووخاندووە، خوایا (پەرتەو) لەکەسێک گلە و گازندە ناکا بەڵکو دڵم لە دەرگای تۆ ئەم گلە دەکا.

سەرچاوەکان
١- دیوانا پەرتویی هەکاری – توێژاندنا صادق بهائەدین ئامێدی – بەغدا، ١٩٧٨.
٢- خلاصە تاریخ الکرد وکردستان – تالیف محمد امین زکی– بغداد، ١٩٦١.
٣- گراماتیکا زمانی کوردی – قەناتی کوردۆ – یەریڤان، ١٩٦٠.
٤- دیوانا کرمانجی – عبدالرقیب یوسف – نەجەف، ١٩٧١.
٥- مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلائەدین سەجادی، ١٩٥٢.
٦- بەیازێکی کۆن کە هەندێ لە هۆنراوەکانی پەرتەوی تێدا نووسراون.

## مەلا مەنسووری گرگاشی

١١٩٧-١٢٦٢

ئەم هۆنەرەمان ناوی مەنسوور و کوڕی مەلا ئەحمەدی گرگاشییە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١١٩٧ی کۆچی لە دێی گرگاشدا لە دایک بووە. گرگاش گوندێکی بچووکە کە کەوتووەتە خۆرهەڵاتی شاری ئامێدی. هەر لە منداڵییەوە لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن گەلێ مەڵبەندی کوردستان گەڕاوە، ماوەیەک لە ئامێدی بووە و ماوەیەکی زۆریش لە دیاربەکر خوێندوویەتی و سەرەنجام لە بتلیس خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ گرگاش و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٦٢ لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

مەلا مەنسوور بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار و، لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداری و ئایینی و سروشتیدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن.

مەلا مەنسوور وادیارە وەکو زۆربەی هۆنەرانی تر شەیدای دیمەنی جوانی زێد و مەڵبەندەکەی خۆی بووە و چاوەندازی گرگاش درگای هۆنراوی بۆ کردووەتەوە، لە پاڵ ئەمەشەوە جوانی و شۆخوشەنگیی دڵخوازەکەی ئەوەندەی تر ئاگری بەرداوەتە دڵ و دەروونی و کورتژمی هۆنراوی پێ بەخشیوە بۆیە هەر لە سەرەتاوە بەسروشتە جوانەکەی

کوردستان هۆنراوی هۆنیوەتەوە، بۆ وێنە لەم پارچە هەڵبەستەدا کە لە سەرەتای لاویەتیدا هۆنیویەتەوە باسی بەهار و سروشتی کردووە، وەکو دەڵێ:

سوبحان ژ شاهێ بێ چوون چ بەهارەک کەسکوونە
قادر (کن فیکون) ژ ئەرزان دەربوون عویوونە
کوهساری، د مەحزوون ب ئیزنا وی ڤە بوونە

***

کوهسارا ڤە دەرکەتن هەلالان سەرهلینە
دنێڤ کەڤران ڤەرەستن بەیان بوو ئەرزێ شینە
تەڤری ژ بن دەرکەفتن کێری ببوون ڕەنگینە

***

مونەقەش بوو جبالە ژ ئالال و بەیبوونان
ژ دەنگێ ڕەعدی بهارێ وی هلات کێرە ستوونە
وی نازل بووی خەلاتە بیابان تەزیین بوونە

***

تەزیین بوون کووە و سەحرا ب لوتفا زولجەلالی
ئەحمەر بوون دەشت و چیا ب گولیلکێن بهاری
یەقین خەلاتێ ئەڵلا ژ بوون دنیایێی هناری

***

خەلعەتی سوور و زەر بوون هناری ژ بوو گەلوکە
کوهساران مونەووەر بوون مورغان لسەر چیکەچیکە
لە مرغزارێت ڕەنگین عەمزەلیب لیکە لیکە

***

تەمام کەملین دنیا ب زینەتا بهارێ
کەبکی د مەوتن چیاوێت ژووردا هاتن خارێ
دێ خەبەردەم ژ هەمیان هند بوومەدحێ ئاداریێ

***

نیشان ب لوتفا تە ب کەڤی و کانییان
کێری بوونە جەنەت ب قودرەتا ڕەبانی
چ خەڵکی پی عبرەتە دانا ب نێڤ شاهییان



شاهی و صەفا و سوروور ئەو سابتن دبهارێ
چیا گەریان د مەعموور دنەقشیت جوویبارێ
زاهر بوو جوملە مەستوور د مەها پاشی ئادارێ

واتە: خوایا ئەم بەهارە چ بەهارێکی خۆشە و گوڵاڵە سوورەکان لەسەر کێوەکانەوە سەریان دەرهێناوە و بەڕەزا لەسەر بەردەکانەوە ڕوا و هەلاڵەکان دەستیان کردە پێکەنین و بەیبوونەکان لەسەر ماهـ و ڕەوەزەکانەوە سەوز بوون و بەجارێ دەشت و کێویان ڕەنگین کرد و هەورە برووسکە لە کێوەکانی کوردستانەوە دەنگی دایەوە و کێو و دەشت بەجارێ ڕازایەوە و، پەلەوەرەکان نیشتنە سەر چڵی دارەکانەوە و بولبولەکان لە مێرگەکاندا دەستیان کردە چریکاندن و، ئاوی جۆبارەکان بەهاژە هاژە لەسەرەوە هاتە خوارەوە و سۆسەن و نێرگز و گوڵانی جۆر بەجۆر بەجارێ دەشتیان خەملاند و، ئاوی کانی و کارێزەکان لە جۆگەکانەوە ڕژانە خوارەوە و بەم چەشنە کوردستان جارێکی تر ڕازایەوە و بووە بەهەشت بۆ دڵداران و سەوداسەران.

مەلا مەنسوور گەرچی هۆنراوی زۆر بووە بەڵام لەبەر ئەوەی کۆ نەکراونەتەوە زۆربەیان لەناوچوون و ئەوەش کە مابنەوە لەناو کەشکۆڵ و بەیازەکاندا نووسراون و بەیادگار ماونەتەوە.

سەرچاوەکان

١– بەیازێک کە لە ساڵی ١٢٦١ی کۆچیدا نووسراوە.
٢– کەشکۆڵێک کە لە ساڵی ١٢٧٣ی کۆچیدا نووسراوە.
٣– یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا مەنسووری گرگاشی.

## شێخ نوورەدینی بریفکانی

١٢٠٥–١٢٦٨

ئەم هۆنەرەمان ناوی نووردەین و کوڕی شێخ عەبدولجەبارە و بەشێخ نووردەینی بریفکانی ناسراوە. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٠٥ی کۆچی لە دێی بریفکاندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. بریفکان گوندێکە کە لە چەند کیلۆمەتریی دهۆکدایە. هەر لە منداڵییەوە لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و قورئان و پەڕاوە وردەڵەکانی تەواو کردوون و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن گەلێ شوێن و مەڵبەندی کوردستان گەڕاوە، ماوەیەک لە دێی ئیستووت بووە و ماوەیەکی زۆریش لە ئامێد لەلای مەلا یەحیای مزووری خوێندوویەتی و لە پاشا لە سلێمانی لە لای شێخ

یووسف ئەفەندی خوێندنەکەی تەواو کردووە و ودمی مەلایەتی وەرگرتووە و ئەوسا کەوتووەتە داوی تەریقەتەوە و ماوەیەک لەلای شێخ مەحموودی مووسڵی ماوەتەوە تا خەرقەی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٦٨ لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا شەرابی لە مەیگێڕی گەردوون وەرگرتووە و خواردوویەتەوە و لە گۆڕستانەکەی بریفکاندا نێژراوە.

شێخ نوورەدین بەیەکێ لە هۆنەرانی خواناسی کورد دێتە ژمار، جگە لە دیوانەکەی کە داگری هۆنراوی کوردی و عەرەبییە، چەند پەڕاوی تری سەبارەت بەڕێ و ڕچەی خواناسی بەزمانی عەرەبی داناوە کە هێشتا چاپ نەکراون.

هۆنراوەکانی شێخ نوورەدین گەلێ تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. لە هۆنینەوەی هۆنراودا سەری کێشاوەتە درگای هەموو جۆرە وتنێکەوە: ئاینی، کۆمەڵایەتی، ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

تە دڤێ دل تە ب ڕەنگێ مەه و خورشیدێ جەلی بت
هەر لە ژەنگار سفر جەوهەر و گەوهەر عەمەلی بت
ب جەلیس مزێی کەفن لخۆ پێچە خەموویی
داکۆ غسالێ تە فەکور تە بشووتن نەبەلی بت
نە بەلی بت ژ تە یەک ڕەنگ و نەناس ژتە ڕەسمێ
ئینس و وەحشەت ژ تە را وارس و هەم ڕاز و وەلی بت
سەد و پەنجا شەواهد کو ل بن جیبێ کراسی
تە ل هەر جا ب عەیان شاهد نا موحتەمەلی بت
هەفت قاز و قولنگان بەو گل سیە و غەزالان
وە ل کووهان چو کوبێن تە مەقامەک جەبەلی بت
تو د ڕووحی ژ کەبابت جا ل هەر کەهف و حفاران
خۆ ب سەر بەستا زراعی ئاڤ ژ عوزاران و گەلی بت
خلوەتا دل ژ تە ڕەنگی نەبتن عەینی نفاقە
گەر تە دل ئەم هەمی ئەغیار و موبەڕا و خەلی بت
تەخت و حیکمەت وە دەبینم دبنی چاه و لەسەر چل
قسمەت ژی بکری سۆمعەدێ چاه و چلی بت





پیر و ئوستاد چ حاجەت ب عەلی حەیدەر هەستن
شەڤ و ڕۆژان ژ تەرا پیرێ خوداوەندی عەلی بت
مەه و سال و شەڤ و ڕۆژ و دەم و گاڤ ئەزهەیە عومر
مەبۆران ب خسارەت تا ڤەکەنگی هەزەلی بت
وەکو تفلان ژ غروورێ ب دنێ غافلین ئەم
ڕوو سیاهین ژ خودێ وەختە مەشەرم و خەجەلی بت
خلوەیەیەک جلوە ژ نوورێ مە نەدی سافی ببت
جلوەیا خلوە فران شیڤە ژ ڤێ بەدرێ جەلی بت

واتە: ئەگەر دەتەوێ کە دڵت وەکو مانگ و خۆر بدرەوشێتەوە و، ژەنگی دڵت وەکو مس لابەی و ببێتە گەوهەرێکی بایبدار، دەبێ حەوهەری خۆت دەرخەیت و جلوبەرگێکی کۆن لەبەرکەی و لە خۆپەسەندی لادەیت و بیری خۆت بەجارێ پاک و خاوێن کەیتەوە و بەبیرکردنەوە خۆت بشۆریتەوە تاکو ڕێ و ڕەوشتی پێشووت ئیتر لەناوبەری و ڕێی خواناسی بگریتە بەر، چونکە لە ڕۆژی دواییدا تەواوی ئازای لەشت دەبنە شایەتی کردەوەکانت، کەوابوو کارێ بکە کە ئەوان شایەتی خواناسی و پاکیت لەسەر بدەن و، هەموو خەڵکیش لە تۆ ڕازی بن. ئێمە دیارە وەکو منداڵان بەهۆی نەزانییەوە لە جیهان غافڵین و لە درگای خوا ڕووڕەش و شەرمەندەین، هیچ شوێنێک لە تیشکی خوا بێ بەش نییە، کەوابوو خوات لە بیر نەچێتەوە و هەر بەهیوای ئەو بە.

بریفکانی لە پارچە هەڵبەستێکی تردا هەر لەم بارەوە دەڵێ:

ڕاست و چەپ تیر دانە جانێ ڕاست و چەپ
نەوس ڕەشتۆزێ کەڤانی ڕاست و چەپ
بێ دل و ئینساف و زالم فتنە خیز
سینە غربال کر – نهانی ڕاست و چەپ
ئەز دخۆدا بووم مە دی بێ مروەتان
دینە جانی من نیشانی ڕاست و چەپ
تیر و ڕم دل ما دناڤێ حەلقە ڕەنگ
من ب ئەحوالی نەزانی ڕاست و چەپ
ئەرزە دل لەو وێ دبارت هەر لەسەر
شوبهێ قەترێ ئاسمانی ڕاست و چەپ

غەم ژ من نا هلگرت لەو حوجەتان
لێک تەکەببور تێن بهانی ڕاست و چەپ
لێ مە هەر دەورانە شوبهی کل ژنێ
ئەم لە دەورا باغەبانی ڕاست و چەپ
وێ جەفایێ هە ل نەفسا خۆ دکەت
بەس یەکین بێ شک نە سانی ڕاست و چەپ
ئەز بریندارێ کەڤانێ مال هەلەک
ئەو زلێخایێ زەمانی ڕاست و چەپ
لێ بلا (نووری) فیدا بت هەر تەنێ
دلبەرێ بینم دخانی ڕاست و چەپ
ئەحمەدێ موختارە دلبەرە نوورییا
کا موراد و کامرانی ڕاست و چەپ
جەرگی ئێتوونی تەکر ئارمانجێ تیر
شوبهەتێ شێخێ یەمانی ڕاست و چەپ

واتە: لە ڕاست و چەپەوە تیریان بۆم هاوێشت و، لە پەنامەکییەوە سینگمیان وەک بێژنگ کون کون کرد و، من کە لە حاڵی خۆمدا بووم، تیرەکان لەناکاو کەوتنە گیانم، دڵم وەکو زەوی وایە و تیرەکان وەکو باران ڕژانە سەر لەشم و، خەم و پەژارە دەست لە من هەڵناگرێ و لەگەڵ تیرەکاندا پێکەوە یەکیان گرت و بەرەنگارم بوون. من برینداری ئەو کەوانەم کە یار بۆمی هاوێشت و ئەویش زلێخای زەمانە، با (نووری) ببێتە قوربانی ئەو یارە بەڵکو لەم ڕێگەوە چاوی پێ بکەوێ. ئەو دڵبەرە ئەحمەدی موختارە، کوا ئەو کامرانی و بەختەوەرییە کە جەرگی پڕتینی منی بەرکەوێ و، وەکو شێخی یەمانی گیانی لە ڕێی یاردا بەخت کا و بەئامانجی خۆی بگا.

سەرچاوەکان
١- بەیازێک کە لە ساڵی ١٢٥٨ی کۆچیدا نووسراوە.
٢- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەشێخ نوورەدینی بریفکانی.



## محەمەد سەعیدی مێهری

١٢١٠-١٣٠٠

ئەم هۆنەرەمان کوڕی مەلا عەبدولڕەحمان و نەوەی مەلا یەحیای عیمادیی مزوورییە و نازناوی مێهرییە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢١٠ی کۆچی لە ئامێدیدا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. لە سەردەمی منداڵیدا لە لای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی مەڵبەندەکانی ئامێدی و دیار بەکر و بتلیس گەڕاوە و سەرەنجام لە ئەخلاتدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٠٠ لە تەمەنی نەوەد ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

مێهری بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار، هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. جگە لە هۆنینەوەی هۆنراو بەسێ زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی، وەکو دەڵێن چەند نامیلکە و پەڕاویشی سەبارەت بەئاین و مەبەستی کۆمەڵایەتی بەزمانی عەرەبی داناون، بەڵام بەداخەوە دەست بەدەست کەوتوون و لەناوچوون.

مێهری بەڕاستی لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداریدا زۆر بەدەسەڵات بووە و هۆنراوی لەم بابەتەوە گەلێ سوارە و هەر لە سەر ڕێ و ڕچەی هۆنەرانی کۆن ڕۆیشتووە و وشەی بادە و مەی و مەیخانە لە هۆنراوی ئەودا بەزۆری دەبینرێن و مەبەستیشی لەو وشانە باسێکی خواناسی بووە کە پەیڕەویی لە هۆنەرانی فارسی بێژ کردووە، بۆ وێنە لەم پارچە هەڵبەستەیدا دەردەکەوێ کە دەڵێ:

جانا چە سەما بەستیە زولفاتە بە هیهەی
دیسا بەمەبەخشی ژ کەرامەت قەدەحێ مەی
خوەش بەستیە عشرەت لە تەماشاگەهێ ڕوخسار
گەه نەشرە لەسەر سەفحەی سیمین و گەهێ تەی
ئیرۆ نە تەنێ دلێ مە دە بەنداتە ئەسیرە
پا بەستەی زولفا تە نە هەر شاه و دووسەد کەی
جان مایە بلەب، دەرد و غەمان جۆشە لە سینە
ئولفەت ژ سەرێ لوتف تە تۆ میزان ب مەناکەی
ئاهەنگی وسالا تە لە من خوەش کریە جان
من سینە موهەیایە تژی چەنگ و دەف و نەی

ڕوخسەت بدە ئیرۆ ژ تەرەحوم بکەن ئیحسان
ئەڤ کوهنە برینن مە ژ غەمزین تە دەڤین کەی
«میهری» مەکە بەحسێ سەرێ زوڵفان تەمەعێ خام
ئەڤ قسە درێژن بەسەرەنجام تۆ نابەی

واتە: گیانە ئەمە چییە زوڵفەکانت پەخش و پەرێشان کردووە، دەسا جامێ بادەم بۆ تێکە و پێم بدە، ڕوخسارت تەماشاگەیە بۆ دڵی دڵدار، ئەمڕۆکە دڵ بەند و دیلی تۆیە و بەتەنافی زوڵفەکانت بەستراوەتەوە و تەنانەت شاکان دیلی زوڵفی تۆن، گیان پڕە لە دەرد و غەمی تۆ، بەڵام دڵم بەوە خۆشە کە ڕۆژێکیان بەتۆ دەگەم و لە سایەتا دەحەسێمەوە، دەسا ئەمڕۆ وەرە چاکەم پێ بکە و برینەکانم کە بەناز و خەمزەت زووخاویان لێ دێ، سارێژ کەرەوە. ئەی مێهری کەم باسی زوڵفی یار بکە، ئەم باسە درێژە و سەرەنجامی بەتۆ نابڕێتەوە.

مێهری زۆر حەزی لە هۆنراوەکانی حافزی شیرازی کردووە و هەموو دەم کاتی خۆی بەخوێندنەوەی هۆنراوەکانی ئەو هۆنرە بردووەتە سەر و، هەندێ جار هۆنراوەکانی ئەوی هەڵکێشاوەتە هۆنراوی خۆی. بۆ وێنە ئەم پێنج خشتەکییەی لەسەر پارچە هەڵبەستێکی حافز هۆنیوەتەوە، کە دەڵێ:

عیشقا تەیە دیسا کو دە دڵ بەستیە بنیاد
ئەڤ عومرە مە بووری وە نەبوو بین ژ غەم ئازاد
لەو هەر سەحەر و شام مە کەین ناڵە و فەریاد
«پیرانە سرم عشق جوانی بەسر افتاد
وان ڕاز کە در دل بنهفتم بەدر افتاد»
تالع د ئەزەلدا مەسیە بووی ژ تەقدیر
قەت فایدە ناکەن ژ مەرا چارە و تەدبیر
زولفا تە بەهەیبەت لە سەرا بەستیە زەنجیر
«از راه نظر مرغ دلم گشت هوی گیر
ای دیدە نگە کن کە بەدام کە درافتاد»
ساقی ژ لەطافەت بەمەدا وەعدە و میقات
دڵ ساکنی مەیخانەیە شەیدای بوت ولات
دەرسا مە وەسان دامە دوهی پیری خەرابات
«بس تجربە کردیم در این دار مکافات



با دردکشان هرکە در افتاد ور افتاد»
«مێهری» ژ مە تەدریس، فەتاوا نەکرن سوود
عەکسا روخی ساقی بوو دەنێڤ کاسەی زومرووود
خاڵا لەبی لەعلی تە مەکر دانەی مەقسوود
«حافظ» کە سر زلف بتان دەستخوش بود
بس طرفە حریفی است کش اکنون بەسەر افتاد

سەرچاوەکان
١– گۆڤاری هەتاو – ژمارەی ٤، ساڵی ١٩٥٥.
٢– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمحەمەد سەعیدی مێهری.

## مەلا ئەحمەدێ ناڵبەند

١٣٠٥–١٣٨٤

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەحمەد و کوڕی ئەمینی ناڵبەندە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٣٠٥ی کۆچی لە دەڤەری بامەڕنێ کە لە چەند کیلۆمەتریی شاری ئامێدیدایە لە دایک بووە و هەر لەوێدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە لە پاشا بەفەقێیەتی چووەتە دێی مایی لەلای مەلا تاها خوێندنەکەی تەواو کردووە و لە ساڵی ١٣٤٠ی کۆچیدا ئینگلیزەکان کە بادینانیان داگیر کرد لەگەڵ شێخەکانا ڕۆیشتە گوندی چەلێ لە کوردستانی تورکیادا و لە دوای هێمنیدا گەڕایەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشان چووە دێی بێدو و بووە مەلای خەڵکەکە و لە پاش ماوەیەکی تر چووە گوندی ڕوست و دە ساڵ لەوێدا مایەوە و لە ساڵی ١٣٧٠ی کۆچیدا گەڕایەوە ئامێدی و لە پاش ساڵێک ڕۆیشتەوە بامەڕنێ و لە ساڵی ١٣٨٤ی کۆچی لە تەمەنی هەشتا و یەک ساڵی لە دێی خشخاشدا کوژرا.

ناڵبەند یەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کوردە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. بەشێ لە دیوانەکەی لەم دوایەدا چاپ کراوە و زۆربەی هۆنراوەکانی بریتین لە: هۆنراوی دڵداری، سۆفیەتی و خواناسی، پیاهەڵدان و ستایش، داشۆرین و نیشتمانپەروەری.

ناڵبەند گەلێ چەرمەسەری و تەنگ و چەڵەمەی لە ژیاندا دیوە و گەلێ تووشی ئاوارەیی و دەربەدەری بووە و لەسەر نەتەوەکەی کردووەتەوە، بەتایبەت لە بەرابەر ئینگلیزەکاندا ڕاوەستاوە و بەهۆنراوەکانی خەڵکیی هان داوە کە یەکیەتی بهێننە دی و لە ناکۆکی و ناتەبایی خۆیان لادەن، وەکو دەڵێ:

کەسێ وەک من نەکر نسحەت بو کوردا
ب کوردی هۆ بەیان کربیت مە ئالەک
ئەگەر ویجدان هەبیت دێ من نیاسن
وەکی ویجدان نەبیتن بەسەفالەک
کوئەز شێرم بو نێچیرا کەلاما
بەلێ ئەما نەها دەست من غەزالەک
گەلی کوردا کەلامێ من بەلاڤ کەن
نەبێژن شاعری کر گالە گالەک
کەلامێ وە مەکر جەوهەر بەشعرێ
نەما ئەڤرۆ ل وا ڕێ من تەفالەک
بڤی تەبعێ تەڕو نا زک کو من هەی
ل مالا من بەقین فەربو دەلالەک
بو کوردا (ئەحمەد)ی ساخلەم سەعی کر
چ شولا هەی بەیان کر ژێ میسالەک

واتە: کەسێک بەئەندازەی من پەندی کوردیی دانەداوە و، من لە مەیدانی قسە و وتارداندا وەکو شێرم، بەڵام نەمتوانی تەنانەت ئاسکێک نێچیرکەم، چونکە هەر بەدووی هۆنراو و قسەوباس و مەبەستی کوردایەتی و کۆمەڵایەتییەوە بووم و ئەبێ هۆنراوەکانی من لەناو کۆمەڵدا بڵاوکەنەوە و، من هەر بیر و ڕای ئێوەم لە هۆنراوەکانماندا هێنا وە، بەو مرخەوە کە هەمە ویستم دڵدارێکم هەبێ کە ئەو دڵدارەشم کورد و کوردستانە و، ئەحمەد بەپاکژیی دڵ بۆ کوردەکان تێ کۆشا و، لە هەر مەبەستێک نموونەیەکی دەرخست تا هەموو ڕوون بنەوە.

ناڵبەند لە ڕیزی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆییە کە دژی دیلی و کۆیلەداری ڕاوەستاوە و لە بەرانبەری زۆرداران و ملهوڕان سەری دانەنواندووە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەیدا ڕازی دڵی خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

موخابن بۆجهێ کوردا نهۆ لێ بویە ئێڤاری
حەتا ئەڤرۆ د خەودا مان بسەردا هات شەڤا تاری
جهێ مێرا جهێ شێرا، جهێ دینداری و خێرا
جهێ نامیس و ڤاڤێرا نهۆ کەڤتینە بن باری



بەری ئەڤرۆ جیهانگیر بوون ملووک و حاکم و میربوون
خودان حوکم و چەک و شیر بوون ژ ئەسڵێ عونسری ئاری
حوکم کەربوون گەلەک ساڵا ل ناڤ غەیری خۆبوون ئاڵا
ژ مەدحا قەت نەمان ڤاڵا نەکەڤتن بەرچو هەوگاری

واتە: داخ و موخابن بۆ جێ و شوێنی کورد کە ئێستا ئێوارەی لێ هاتەوە هەتا ئەمڕۆ ئەوان لە خەودامان و، شەوی تاریکیش هاتە سەریان و هێشتا وریایان نەبووە، کوردستان جێی شێرە پیاوان و کەڵەپیاوانی خواناس و جێگای ئابڕوو و فهێت بوو کەچی ئێستا کەوتووەتە ژێر بار، لەمەو بەر ئەم گەلە جیهانگیر بوون و خاوەنی میر و پاتشا بوون، خاوەنی فەرمان و چەک و شمشێر بوون و لە ڕەگەزی ئاری بوون و، گەلێک ساڵ فەرمانیان دەدا و، لەناو بێگانە بەرز و دیار بوون و، هەموو کەسێک چ بێگانە و خوێش پەسەند و ستایشیانی دەکرد.

ناڵبەند وەکو هۆنەرانی تری کورد سەرەتا شەیدا و گراوی نازک نەوهاڵان بووە و جوانی و ڕوواڵیی دڵدارەکەی کورتژم و ئیلهامی هۆنراوی پێ بەخشیوە. بۆ وێنە لەم پارچە هەڵبەستەدا ڕوو دەکاتە دڵخوازەکەی و دەڵێ:

چ بێژم مەدحە بۆ ڤێ ڕوح شیرینێ
ڕحانا ل ناڤ ڕەز و باغێ ئەڤینی
دەلالێ نازکێ برە و هیلالێ
دوڕا کەفتی دەرێ گەنج و خزینێ
شەمال دانا ب شەڤێ ڕۆهن و تەیسی
برۆسیا ل سەر دلی وەقتێ کەنینێ
م گوت گول چیچەکا لاو و جحێلا
تووی حاکم لەسەر بەلقیس و زینێ
جەمالا یوسفی شەوقا ڕووێی تە
تە ئەز کوشتم حەلاندم دل پەڤینێ
ژ عیشقا تە ل من ڕابوو قیامەت
هەوارا خۆ مەبر ئیتا مەدینێ
ژ چاڤێت تە دوو تیرهاتن دلێ من
کی دەرمان کەت تەڤی جورح و برینێ

کولیکا ناڤ هەڤالا سۆر و قرمز
بەهارا کاملا هەر کەسک و شینێ
چیمەن پێشی سەر و دێمێ تە شەرمین
تو شەکرێ مسر و شام و هند و چینێ
تە ئاگر ئەڤرۆ بەردا ئەهلی عەردی
دگەل من بەس بکەڤێ کەرب و کینێ
مەلەک جوملە ژ عەرشێ هاتنە خارێ
کۆ ڤێ بەحرێ نهۆ ئەم ژی کەتینێ
هەڤالێ دێم دوڕێ، قامەت زراڤێ
تووی نوورها ل چیائێ توور و سینێ
بزانە ئیختیارا من د دل دا
وەکی تەیری ژ دەست من چو فڕێنێ
وەکی ڕابووم لە حەشرێ دویر و کویرە
جهێ لێ بی بێخێری ڕافڕینێ
قەبوولە من تو (ئەحمەد) دین و دونیا
بو خاترا ڤێ سوڕا ئێبنولئەمێنێ

واتە: چۆن ستایشی ئەو ئێسک سووکە بکەم کە وەکو ڕێحانێکی بۆنخۆشە لەناو ڕەز و باغی ئەویندا، تۆ وەکو دوڕێکی بایبداری کە چوویتەتە سەر گەنج و خەزێنەدا، تۆ وەکو شەمێکی وایتە کە شەوی تاریک ڕوون دەکەیتەوە و، پێکەنینی تۆ برووسکەیەک لە سەر ئاسمانی دڵم دادەنێ، تۆ وەکو گوڵی چیچەکی و بەسەر بەلقیس و زیندا فەرمانڕەوایی دەکەی و لەوان شۆخوشەنگتری، جوانین یوسف لە جوانیی ڕووی تۆدا دەردەکەوێ و، تۆ بەم جوانیتە دڵی منت کوشت و، لەبەر ئاگری ئەوینی تۆ من سووتام و، دوو تیرت بەهۆی چاوانتەوە بۆم هاوێشت و تەواوی لەشمت بریندار کرد و دیارە کەس ناتوانێ برینەکانم ساڕێژ بکاتەوە و جگە لە خۆت، چیمەن و شیناوەردی لە بەرابەری تۆدا شەرمەزارە و، تۆ خەڵکت سووتاند، چونکە تۆ وەکو تیشکی کێوی توور و سینای. ئەوە بزانە کە ئیختیارم لە دەست دەرچووە و لە ڕۆژی دواییشدا کە لە گۆڕ زیندوو دەبمەوە هەر دەستە و دامێنی تۆ دەبم.

ناڵبەند لە باری خواناسیشەوە گەلی هۆنراوی هۆنیونەتەوە کە گەلێ تەڕ و ناسک و پاراون و ئەوا لێرەدا چەند هۆنراوێکی بۆ نموونە دێنین:



ئیلاهی تۆ حوکومداری ئەمێ ب حوکمێ تە ڕازینە
حەقیقەت هەر تو غەففاری بەلێ نەفسا مە خائینە
قەوی نەفسا منا هارە ژ حەدی زێدە دژوارە
دگەل من خائن و خارە، وەکی خویندارەکا دینە
یەقین خویندارە ئەو بو مە، هەرادژوار و مەیشوومە
ددەستی دا ئەزێ هۆمە چ خۆشی من نەدیتی نە
ژبەر وێ نەی خودان خێرم نەخو عەبدم نە جامێرم
ژ ساخیا خۆ ئەزێ تێرم هەڕۆ ئەڤ عەبدە شەرمینە
هەڕۆ ئەڤ عەبدە سەر شۆڕە، کو نەفسا بێ سەرۆ بۆرە
نەساخم هەر وەکی کۆرە نە من سەبر و نە تەسکینە
ئەزم شەرمین لەناڤ یارا دنالم وەک بریندارا
نە سەربەستم وەکی جارا هناڤ ئەڤرۆ ل من سۆتینە
حسابا حەشر و میزانێ دوەقتێ جورم و کێشانێ
ئەمرکە ئەو فەقیر کانێ هلۆ جبریل هەڕە بینە
ل دیوانێ وەرن ڕوینن کتابا ڕەحمەتێ ب خوێنن
هەڕن زووی ئەحمەدێ بینن فەقیر و ژار و مسکینە
وەرە ئەحمەد عوفوو هاتە مە ثابت کر یەقیناتە
بەحەشتا تازە من داتە هەڕە پال دە ڕەحەت ڕوینە

واتە: خوایا تۆ فەرمانڕەوایت و ئێمە بەفەرمانی تۆ ڕازین و، بەڕاستی تۆ بەخشینەری گوناهی، بەڵام ئێمە سپڵەین و، بێگومان نەوسی ئێمە شووم و سەرکێشە و لە دەستی ئەو هیچ چەشنە خۆشییەکم نەدیوە و، دیارە بەفەرمانی نەوسی خۆم جووڵامەتەوە و بەندەیەکی چاک نیم و لە کردەوەی خۆم شەرمەزارم و، دیارە تۆش بەخشندەیت و خۆت فەرمووتە گوناهەکانتان دەبەخشم و بێگومان منیش چاوەڕێی بەزەییی تۆم.

کۆمەڵێک لە هۆنراوەکانی ناڵبەند لە ساڵی ١٩٨٢ لە لایەن سەعید دێرەسییەوە لە نەجەف لە چاپ دراون.

سەرچاوەکان

١– دیوانی ئەحمەدێ ناڵبەند – کۆکردنەوەی خالد حسین – دهۆک، ١٩٧٢.
٢– بەیازێک کە لە ساڵی ١٣٠٥ی کۆچیدا نووسراوە.

## هۆنەرانی دەوری بابان

١٠٨٨–١٢٦٧

بابانەکان لە هەرێمی موکریان و شارەزوور و سلێمانیدا میرنشینێکیان بەناوی خۆیانەوە پێک هێنابوو کە ئەم میرنشینە نزیکەی سێسەد ساڵێک بەردەوام بووە و هەندێ جار لەژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوون و برێ جاریش لە ژێر ڕکێفی پاشایانی ئێرانا بوون.

مێژوونووسەکان لایان وایە کە دامەزرێنەری ئەم میرنشینە لە فەقێ ئەحمەدی دارشمانەوە دەست پێ دەکا و گوایە لە شەڕێکدا بەسەر یەکێ لە دوژمنەکانی عوسمانیدا سەرکەوتووە و ئەوانیش ناوچەی پژدەریان داوەتێ و ئەویش میرنشینی بابانی دامەزراندووە. بەڵام زۆربەی مێژوونووسان لەسەر ئەو بیروڕایەن کە بناغەی میرنشینی بابان، لەلایە سلێمان بەبەی کوڕەزای فەقێ ئەحمەدەوە لە ساڵی ١٠٨٨ی کۆچیدا دامەزراوە و بووەتە میری مەرگە و پژدەر و ئەوسا دەستی کردووە بەپەرەدانی سنووری وڵاتەکەی و لە ماوەیەکی کەمدا شارەزوور و سلێمانی و کەرکووکی داگیر کردووە و لە پاش ئەو بەکر بەگی کوڕی بووەتە جێنشینی و ئەویش پەرەی داوەتە سنووری وڵاتەکەی، بەڵام عوسمانییەکان ڕقیان لێ هەڵگرتووە و کوشتوویانە.

لە دوای بەکربەگ چەندین میر لە میرنشینی باباندا فەرمانڕەواییان کردووە کە بریتین لە: خانەپاشا (١١٣٣– ١١٤٣) سەلیم پاشا (١١٥٦–١١٦٤)، سلێمان پاشای گەورە (١١٦٤–١١٧٥)، ئەحمەد پاشا (١١٧٤–١١٧٧)، سلێمان پاشای دووەم (١١٧٧–١١٧٨) هەروەها گەلێکی تریش فەرمانڕەواییان کردووە کە لەناو ئەوانەدا دەتوانین لە: حەمە پاشا و ئەحمەد پاشا و مەحموود پاشا و ئیبراهیم پاشا و عوسمان پاشا و عەبدولڕەحمان پاشا و خالد پاشا ناو ببەین کە تا ساڵی ١٢٦٧ی کۆچی فەرمانڕەواییان کردووە و سنووری میرنشینەکەیان تا خاکی کفری و جوانڕۆ و زەهاو و مەندەلی و هەولێر ڕۆیشتووە.

میرەکانی بابان زۆر حەزیان لە ئاوەدانی و پەرەپێدانی فەرهەنگ و زانیاری و کشتوکاڵ کردووە و لەو ماوەیەدا گەلێ پرد و مزگەوت و پەرتووکخانەیان دروست کردوون. ئیبراهیم پاشا شاری سلێمانیی لە ساڵی ١٢٠٠ی کۆچیدا دروست کردووە و مامۆستایانی زانکۆی قەڵاچواڵانی گوێزاوەتە زانکۆی ئایینیی ئەو شارە.

بابانەکان زانایانیان هان دەدا کە پەڕاو و نامیلکە بنووسن کە لە دەوری ئەواندا گەلێ زانا و هۆنەر و پیتۆڵ و بژیشک هەڵکەوتوون و گەلێ بەرهەمی بایبداریان بەزمانی کوردی و



عەرەبی و فارسی لێ بەجێ ماون کە هەندێکیان بریتین لە: «موفتیی زەهاوی، مەلا خدری نالی، مەولانا خالدی نەقشبەندی، شێخ مارفی نۆدێ، مستەفا بەگی کوردی، حاجی قادری کۆیی، شیخ ڕەزای تاڵەبانی، مەلا ساڵحی ئاهی، عەبدولڕەحمانی سالم، عەلی بەردەشانی، حەسەن کەنۆش».

## میر ئەحمەدبەگی زەنگەنە

١١٠٠–١١٧٠

ئەم هۆنەرەمان ناوی میر ئەحمەد و کوڕی سمایل بەگی زەنگەنەیە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١١٠٠ی کۆچی لە دێی قەیتوولدا لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێگەیشتووە. ئەحمەد بەگ لەبەر ئەوەی بەگزادە بووە لە سەرەتا لە قوتابخانە و لە پاشا باوکی مامۆستایەکی تایبەتی بۆ ڕاگرتووە و لەلای ئەو فێری وێژە و زمانی فارسی و عەرەبی بووە و ماوەیەکیش لە هەورامان و سنە و بەغدا بووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی مڵکداری و کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بووە تا لە ساڵی ١١٧٠ لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا کۆچی دواییی کردووە و هەر لە زێدەکەی خۆیدا نێژراوە.

میر ئەحمەد بەگ لە کاتی خوێندنەوەی گوڵستان و بووستانی سەعدیدا هەوەسێکی زۆری کەوتووەتە سەر هۆنراوە و هەر لە تافی جوانیدا دەستی کردووەتە هۆنینەوەی هۆنراو و ئینجا خووی داوەتە خوێندنەوەی هۆنراوی هۆنەرانی هەورامان و گەلێ حەزیشی لە هۆنراوەکانی مەولەوییی بەڵخی و کەلیمی هەمەدانی کردووە و بەم جۆرە کەوتووەتە کۆشی هۆنراوەوە و گەلێ هۆنراوی جوانی هۆنیونەتەوە.

لە هۆنراوەکانی هەر پارچە هەڵبەستێکی گەیشتووەتە دەستی ئێمە، ئەویش لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) لە چاپ دراوە، ئەم پارچە هەڵبەستەی بۆ یەکێ لە خزمەکانی حەمە ئاغای زەنگەنەی غەمناکی نووسیوە کە گوایە لە کاروباری مڵکداریدا یارمەتیدەری بووە و لەبەر چەند هۆیەک لەلای نەماوەتەوە و باری کردووەتە کوردستانی ئێران بۆ ناو خزمەکانی و ئەویش ئەم پارچە هەڵبەستەی بۆ ناردووە و داوای لێ کردووە کە بگەڕێتەوە لای وەکو دەڵێ:

هامسەران خەیاڵ، هامسەران خەیاڵ
خەیاڵ دامە ویر، ویردامە خەیاڵ
دڵ بەردم وە بەحر مەوج ماڵاماڵ
بەرئاوەرد دانەی جەواهیر وە لاڵ

شکۆفەی چەمەن، شەفافەی گولاّن
هام بەزم مەجلس نەغمەی بولّبولاّن
یە خەیلیّ وەختەن نییەنی دیار
وە بیّ تۆ تەختم بەیۆ یەختە سار
وە بیّ تۆ عومرم نەما لە جیهان
تەخت و بەخت و جام گشت وەتۆ ڕەوان
تۆش وێنەی جام جیهان بینەنی
ڕەونەق ئاوەردەی ڕووی زەمینەنی
نەواچی میرزام حەرفیّ نەواتەن
بینایی دیدەم بیّ تۆ زولّماتەن
پەی چ دەلیلیّ نەکیانای وەلام
وێم و گرد کەسم هەر وەفیدات بام

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! ئەوەندە بیرم کردەوە و کەوتمە ناو کەڵکەڵە و خەیاڵ و دڵم بردە ناو شەپۆلی دەریا تا چەند دانە گەوهەرێکم بۆ پەیدا بوو کە ئەوا پێشکەشتی دەکەم. ئەی هاوڕاز و هاوبەزمەکەم! ئەمە ماوەیەکە دیار نیت و بەبیّ تۆ تەخت و بەختم لەناو دەچیّ، بەبیّ تۆ تەمەنم لەناوچوونە و تەخت و بەخت و جام هەر وە تۆ ڕەوایە، تۆش وەکو جامی جیهانبینی و ڕازێنەرەوەی ڕووی زەویت، نەڵێی کە میرزام قسەیەکی نەکردووە، بینایی چاوەکانم بەبیّ تۆ تاریکە، لەبەرچی نەهاتیتەوە لام، خۆم و کەسوکارەکەم دەبینە قوربانت.

سەرچاوەکان

١– مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلائەدین سەجادی – بەغدا، ١٩٥٢.
٢– گۆڤاری دەنگی گێتیی تازە ژمارەی ١– بەغدا، ١٩٤٥.
٣– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمیر ئەحمەدبەگ.



## مەلا محەمەدی هەزار مێردی

١١١٩–١١٩٩

ئەم هۆنەرەمان ناوی محەمەد و کوڕی حاجی حەسەنی سنجویّ و نازناوی ئیبنولحاجە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەستدان لە ساڵی ١١١٩ی کۆچی لە دێی سنجویّ لە دایک بووە. سنجویّ یەکیّ لە دێیەکانی سەردەشتە. هەر لە منداڵیدا لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و خەریکی خوێندن بووە و بۆ خوێندن هەمووی موکریان گەڕاوە و ماوەیەک لە سابلاّخ بووە و ماوەیەکی زۆریش لە سلێمانی بووە و سەرێکیشی داوە لە قەلاّچوالاّن و سەرەنجام ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە پاش ماوەیەک دڵی لەویّ هەڵکەنراوە و باری کردووەتە دێی هەزار مێرد لە نزیک شاری سلێمانی و ئیتر پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوینیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١١٩٩ لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە.

مەلا محەمەد بەیەکیّ لە زانایان و هۆنەرانی هەرەبەرزی کورد دێتە ژمار و زۆربەی تەمەنی بەدەرز وتنەوە بردووەتە سەر و گەلیّ ودمی بەفەقێیان داوە و گەلیّ لە زانایانی کورد وەکو مەلا عەبدوڵلاّی بێتووشی و شێخ مارفی نۆدیّ و کاک ئەحمەدی شێخ شاگردی ئەو بوون.

ئیبنولحاح لەناو زاناکانی کورددا پلەوپایەیەکی بەرزی هەیە، بەتایبەتی لە (عیلمی کەلام)دا دەستێکی بەرز و بالاّی هەبووە و ئەو پەرتووکانەی کە بەیادگار لیّ بەجیّ ماون، هەموو لەو زانستەدان و بریتین لە: (رفع الخفاء)، (ایقاد الضرام علی من یوقع طلاق العوام)، (محاسن الغرر)، (رساله فی الکراه الشرعی، حرمه المتعه)، (نخبه الفکر فی مصطلح اهل الاثر).

هەروەها پەڕاوێکی بەناوی (مەهدی نامە) لە ساڵی ١١٧٦ی کۆچی هۆنیوەتەوە کە داگری شەست و چوار بەندە و هەر بەندێکی چوار خشتەکە ئەوا بەندێکی لە سەردێڕی نیشانەی ئاخر زەمان دێنین:

هەر دەمینن ئەشرارولناس
چیش نازانن دە کەڕ و کاس
پیریان دەبێتە ئەلخەناس
لێی وەردەگرن تەریقەتیّ

خۆ دەکا بەشێخی زەمان
دەیانکاتە عەبدی ئەوسان
نە خەیر دەزانن، نە ئیحسان
هاوار لەبەر وی غەفڵەتێ
ئیسرافیل بەئەمری جەبار
نەفخی سووڕێ دەکا ئیزهار
چی دەبینن، دەنگی کوبار
هەموو دەمردن بەسەیحەتێ
چل ساڵ دەبێ چۆڵ و وێران
ئەڵڵا دەبارێنێ باران
هەر بەشیبهی مەنیی ئینسان
ئەجساد دەڕوێن بەقودرەتێ
نەفخی دووەم کە دادەبێ
هەموو ئینسان قایم دەبێ
لەسەر قەبرێ هایم دەبێ
لەبەر حیرەت و دەهشەتێ
دەیان ئەڕۆن بۆ مەحشەرێ
بۆ جەزایی خەیر و شەڕێ
هەر کەس غەمی دێتە بەرێ
دەکێشێ ئاه و حەسرەتێ
بەحسی عیسای عالی ڕوتبەت
تەقدیر وە بوو کەوتە فترەت
بە هەشتادی قەد تەممەت
دەگەڵ باقیی عەلامەتێ
خەتمی عەلامەتان تەمام
ئەوجا کۆتا بکەین کەلام
ئەرجوو لە زەب زی لئەنعام
خەلاسمان کا لە قیامەتێ



نەزم کرا بەناخۆشی
دڵ پڕ لە غەم و بێهۆشی
لە تاریخی حەفتا و شەش
بەعدە ئەلف و مئەتێ
نەزمم کرد بەقەوڵی سەحیح
بە لەفزی کوردی زۆر فەسیح
بۆ مونسفان لا للشەحیح
بۆ ئینتفاعی عامەتێ
ئەزم مەحەمەدی دڵڕیش
حاڵم وەکی حاڵی دەروێش
پەردەی غەمان دایم لە پێش
لەبەر خەوفی عاقبەتێ
وەقتێ دەچینە ژێر گڵێ
غەمم زۆرن لەسەر دڵێ
وەک مەنچەڵی پڕ دەکوڵێ
لە خوای دەخوازین ڕاحەتێ

سەرچاوەکان


١- دەقەکانی ئەدەبی کوردی - عەلائەدین سەجادی - بەغدا ١٩٧٨.
٢- البیتوشی - تالیف شێخ محمد الخال - بغداد، ١٩٥٢.
٣- تاریخ مردوخ - تالیف آیت الله مردوخ کردستانی - تهران، ١٣٢٤.
٤- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا محەمەدی هەزار مێردی.

## مەلا عومەری ڕەنجووری

١١٦٤–١٢٢٥

مەلا عومەری ڕەنجووری بەپێی بەیازێکی کۆن کە کەوتووەتە دەستمان، لە ساڵی ١١٦٤ی کۆچی لە دەوروبەری کەرکووکدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە ساڵی ١٢٢٥ی کۆچی لە جیهان ماڵئاواییی خواستووە.

مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی کە دیوانەکەی ڕەنجووریی لە چاپ داوە، لە سەرەتای دیوانەکەدا دەڵێ: مەلا عومەری ڕەنجووری یەکێکە لە کەڵە پیاوەکانی گەلی کورد، بەرهەمەکانی هەر چەند کەمی دەست ئێمە کەوتوون، بەڵگەی بلیمەتی و لێهاتوویی و زانایی و دەروون پاکی ئەو هۆنەرە گەورەن، کە بەداخەوە ئەگەر زوو مشووری بخورایە لەوانەبوو گەنجینەیەکی گەلێ بەبایەخ لە بەرهەمەکانی کۆ بکرابایەوە و چرایەکی ڕووناکی ئێستا و دواڕۆژ بەڕووناکی لەو زانا پایەبەرزەوە دەستاودەست بەنەوەکانی گەلەکەمان بگەیشتایە.
هۆنەر لە مێعراج نامەکەی بۆ ساڵی لەدایکبوونی خۆی دیاردی دەکا و دەڵێ:

جە سەنەی هەزار دووسەد نۆدا  ئی مێعراج نامە جە لای من ڕوودا

ئەو ساڵ کە ئی فکر ئاوەردم دەهەم  عومرم یاوابی وەپەنجا و پەنج کەم

واتە: لە ساڵی هەزار و دوو سەد و نۆی کۆچیدا ئەم (مێعراج نامەم) نووسی و، ئەو ساڵە کە ئەم بیرەم کەوتە سەر، تەمەنم چل و پێنج ساڵ بوو. بەم پێیە ڕەنجووری لە ساڵی ١١٦٤ی کۆچیدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە.

هۆنەر وەکو خۆی دەیڵێ لە ئاخر و ئۆخری تەمەنیا تووشی نەخۆشییەکی سەخت بووە و سەرەنجام هەر بەهۆی ئەو نەخۆشییەش مردووە، دیارە بەپێی قسەی خۆی لە ساڵی ١٢٢٤ی کۆچی ئەو ئازارەی پێ پلیکاوە وەک دەڵێ:

ئەوسا ئەو ئازارە پەرێم پابەست بی  تاریخ عومرم نە سەنەی شەست بی

سەنەو ساڵ و وەخت هیجرەت موختار  هەزار و دوو سەد و چەنی بیست و چار

واتە ئەوکاتە کە تووشی ئەو ئازار و دەردە بووم، تەمەنم شەست ساڵ بوو، بەمێژووی کۆچی دەکاتە هەزار و دوو سەد و بیست و چوار. ئیتر بەم چەشنە ڕەنجووری لە تەمەنی شەست ساڵیدا ئەو نەخۆشییەی پێ پێچاوە و نزیکەی ساڵ و نیوێک هەر لە جێ بووە تا لە ساڵی ١٢٢٥دا گیانی بەگیان ئافەرین ئەسپاردووە.

سەبارەت بەپلەی خوێندەواری و زانیاریی ڕەنجووری جگە لە دیوانەکەی بەڵگەیەکی تر بەدەستەوە نییە، بەڵام مێعراج نامەکەی و ئەو هۆنراوانەی کە لە شوێنی بەجێ ماون،



ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ڕەنجووری مەلایەکی زۆر پایەبەرز بووە و لە زانستی ئیسلامی و پیتۆڵی و ڕاڤەی قورئاندا زۆر شارەزا بووە. حاجی قادری کۆییش لە هۆنراوێکدا پلەی هۆنەریەتیی ئەومان بۆ دەردەخا وەک دەڵێ:

یەکێ ڕەنجووری ئەهلی کەرکووکە  فیکری بیکری هەموو وەکو بووکە

ڕەنجووری وەکو زۆربەی هۆنەرانی تری کورد سەرەتا شەیدای دیمەنە جوانەکانی کوردستان بووە و چاوەندازی ماه و ڕەوەزی کوردستان و دەرگای هۆنراوی بۆ کردووەتەوە، لە تەنیشت ئەمەشەوە شۆخوشەنگیی یارە خۆشەویستەکەی ئەوەندەی تر ئاگری کورتژمەکەی خۆش کردووە. لە تافی جوانیدا گراو و سەوداسەری کچێکی شۆخوشەنگ بەناوی شیرین دەبێ و شیرین بەجارێ فام و هۆشی لێ دەستێنێ و ئیتر ئەم ئەوینە دەبێتە هۆی هەڵقوڵینی هۆنراوی ڕەنجووری و ئەوسا ڕووی لێ دەکاو پێی دەڵێ: ئەرێ ئەی غونچەدەم، ئەرێ ئەی دیدە مەست، زوڵفەکانت وەکو عەنبەر وایە و وەکو ئاسک وایت و شەدەت شۆڕە و دیار شۆخوشەنگ و جوانی و قەدت وەکو نەمامە و دەمت وەک نەواتە و دڵ بەئاواتییەوەیە، لەو ساوەوە کە من چاوم پێت کەوتووە، هۆش و فامم لە دەست داوە و تۆش خەریکی ئازاردانمی و جگە لە ستەم و ئازار کارێکت نییە و هەر لە بیری دووری و بێ مەیلی دای:

ئەرێ غونچەدەم، ئەرێ غونچەدەم  ئەرێ لەب عەقیق، پەڕەی غونچەدەم

ئەرێ جام جەمین، جەمێن شۆڵەی شەم  ئەرێ دیدەمەست، ئەرێ قەتران چەم

ئەرێ زوڵف عەنبەر، مایەی ئاهووی تار  ئەرێ شەدە شۆڕ، شۆخ خاتر دار

ئەرێ نەوبەرتوول، نەمام نەوخێز  ئەرێ دەم نەبات، چەشەی شەکەر ڕێز

جەوساوە یاوان ساڵت وەدوو هەفت  من فام جەخانەی دەروونم دوور کەفت

واتم: ها بەرشیت جە حاڵ نەزانی  یاوای وە ئەیام ڕۆی کامەرانی

هەنی جەفا و جەور جەلات مەبۆ کەم  شەرت و بەین لەیل ماوەری وەهەم

یەچ خێرتەن دیدەی (ڕەنجووری)  هەرهای نەخەیاڵ بێ مەیلی و دووری

ڕەنجووری لەسەر گەلێ بابەت هۆنراوی هۆنیوەتەوە و، هۆنراوەکانی بریتییە لە: دڵداری، ئاینی، کۆمەڵایەتی، سۆفیەتی، نیشتمانی، مێژوو، شین و لاواندنەوە و پیاهەڵدان، لە پارچە هەڵبەستێکیدا دیمەنی چوونی پۆلێک لە کچانمان بۆ دەخاتە بەرچاو کە چۆن دەچن بۆ سەر دیتنی شێخ مەحموودی سەرواڵە و، هۆنەر دەیەوێ ئەوەمان بۆ بگێڕێتەوە کە چۆن ئەو کچانە ڕێگەی ئەو پیاوە گەورەیان گرتووەتە بەر و خۆیان بۆ دیتنی گلگۆی شێخ ساز کردووە.

ئەوا یەکێک لەو کچە شۆخانەی دێ کە هەر ڕۆژێ بەزم و کۆڕێکی گەشت و گەڕان پێک دێنێ و هەر جارەی بۆ شوێنێ کەنیشکەکانی دێ خڕ دەکاتەوە و سەر قەتاریان لێ دەگرێ و بەسەد لەنجە و نازەوە بەریان دەکەوێ ئەمڕۆیش ئارەزووی گەشتی هەیە و دەیەوێ خۆی بگەیەنێتە پێشەوای بەرزی سەرواڵە و لەوێ نیازی خۆی لە خزمەتیدا بدرکێنێ، وردە وردە دەست پێ دەکا و سەر و پێچ دەپێچێتەوە و پووشین ئاوێتەی سرکەیی و گوڵەنگ قۆزاخە دەکا و زوڵفی عەنبەربۆی شانە دەکا و تای زوڵفی کە کەمەندی چەندین بارامی گۆڕە، بەسەر تۆپە گوڵی گۆنادا پەخش دەبێ و بەگەلێ خشڵی جوان لە: لاگیرە و ژێر چەنە و سڵسڵە و پڵپڵە، سەر و پێچ دەڕازێنێتەوە، سەرپۆشی کەتان دەدا بەسەردا و دەرزی فەرەنگی دەدا لە درزی یەخە و دوکانی تەختی سینە و میوەی باخی خەسرەو پەسەند کلیل دەدا و چاوانی بەکلی سوبحانی دەڕێژێ و تووڵی تەڕی ئەندام هەزار تەرز دەلەرزێ و دەلەنجێ، کە دەزانێ ئەو لەشولارە بێ خەوشەی لە ئەندازە نەخشاندووە دەست دەداتە جامی جەمن و ئاوێنە بەدیداری شاد دەبێ، دەبینێ لە هیچی کەم نییە، دەبا بنێرێ کچانی دێ نەوهاڵان و گەورە کچان و گوڵانی باخچەی دێ بخاتە تەک خۆی و ڕێگەی بارەگای پێشەوا بگرنە بەر، سا بەهەر چەند لەنجە و ناز بەسەر زەویدا کە ئەوان پێی لێ دەنێن وا گەیشتنە دامێنی بارەگای پێشەوا و کاتی خۆ ڕێکخستنە بۆ ئەو دیدارە و ئەو شوێنە پێویستی بەپاک و خاوێنییە. دەبا گوڵەندامان وەک مانگ لە پەردە بێنە دەر و یەک یەک و دوو دوو وەکو سەر سەوز خۆیان لە ئاوی حەوز هەڵکێشن و خۆیان بشۆن و دوایی هەموو خۆیان پۆشتە بکەنەوە و بەرەو بارەگای نیاز ڕێ بگرنە بەر. ئینجا لەوێ نیاز خواستنە و هەر یەکە بۆ خۆی و بۆ دڵخوازی خۆی دەلاڵێتەوە و ئەو ڕوومەتە لە گوڵ نازکترە دەسوونە بەرد و کێلی بارەگای شێخ و داوای نیازی دڵیان دەکەن، پاشان ڕەنجووری خۆی دەکا بەهاودەنگیان و دەپاڕێتەوە:

زلێخا بالا، زلێخا بالا،
ڕۆێی سوب سەحەر نمانا بالا
پۆشا سەرتاپای بالا بەوالا،
پەی عەزم تەواف پیمام سەروالا
سەبەندەتە یارکەرد پوشین بەستەوە
خەم دان وەزوڵفان دەستە دەستەوە
تای تورەی کەمەند بەهەرام گۆڕگیر،
توغرای حەڵقەی زوڵف بۆ مایەی عەبیر



پەخش کەرد نە ئەتراف گۆنای گوڵ سیفەت
لەرزنا چون تووڵ نازک ئەو قامەت
مەقنعەی کەتان دانەڕووی دەماخ
بەندکەرد جەلای سەر لاگیرە و چەناخ
سنجاق سیمین دانە درز نەو
کلیل دا نەتەخت پەسەندەی خەسرەو
دیدە وەسورمەی سوبحان ڕشتەوە
پیاڵەی شاجام گرت وە مشتەوە
وەختێ نیگاش کەرد ئەوجام بێ زەنگ
سەیران کەرد جەمین ڕشتەی خوداڕەنگ
زانا سەرتاپا چێوش نییەن کەم
ئەوسا کیانا هەمسەران کەرد جەم
چەنی نەوهاڵان تورکی تۆڵ ئەندام
راهی بی ڕەوان پەی ڕەوزەی ئیمام
وەشێوەی شیرین شۆخ سەهمگین
سارا و سەرزەمین پڕ کەرد نە بۆی چین
هەردان، هەڵەتان، یەکایەک تەی کەرد
تا تەشریف وەپای ڕەوزەی ئیمام بەرد
جە پاکۆی مەقام ڕەوزەیدا مەن ساف
ئاوەرد ئەو خەیاڵ شستشۆی کلاف
چون حۆری زای حوور شی وەدەور حەوز
داخڵ بی وەحەوز چون سۆنەی سەرسەوز
نازک ئەندامان یەکایەک تەمام
شست و شۆ کەردن چون ئەو گوڵ ئەندام
ئەوسا هەم پۆشان بالا بەوالا
تەشریفشان بەرد وە پای سەروالا
هەر کەس پەی موراد وە ئیمام لالان
جەمین نەسای سەنگ سەروالا مالان

هانا یا ئیمام دوعا موستەجا
جە پای بارگەی تۆ ئێدمەن ڕجا
چونکە ئی نەمام پەری زای بێ گەرد
وەپای بارگەی تۆ ئیلتیجاش ئاوەرد
نیازم ئێدەن قەبووڵ بۆ نازش
حاسڵ بۆ جەلات وایە نیازش
پەی خاتر شادی شای شیرین خاڵان
(ڕەنجووری) غوڵام مەحموود سەرواڵان

ڕەنجووری بەجۆرێ گراو و سەوداسەر دەبێ کە هۆشی بەلای خۆیەوە نامینێ و ڕوو دەکاتە یارەکەی و پێی دەڵێ: دڵم بەجۆرێ بریندار بووە، وەکو ئەوەی کە دڕوویەکی پێدا چەقیوە، وەکو برووسکە جەرگ و هەناومی پێکاوە و دیارە کاتی مەرگمە، هەر چەندە لە دەردەداران و بژیشکان دەپاڕێمەوە کە دەردم چارەسەر کەن، هیچ کەسێک ناتوانێ دەردم دەوا بکا، ئێش و دەرد خەریکە پێکەوە دەمکوژن، بەڵێ خۆمیش دەزانم کە ئەوین وامی لێ کردووە، ئەو ئەوینەی کە کاتێ مەجنوونی پێکا، دایە کێوا و فەرهادی لە زێد و مەڵبەندی خۆی ئاوارە و دەربەدەر کرد و سەنعانی لە ئاینی ئیسلام هەراسان کرد و بارامی لە پادشایەتی خست و وامێقی بردە کێو و سامی سەرسووڕمان کرد و نۆفڵی بەئاگر سووتان و (جانی)ی دا بەکوشت و حاتەمی لە خەو و خۆراک بێزار کرد، یوسفی لە زێد ئاوارە کرد و لە گیانی شیرین بێزاری کرد، چەند کەسی بەم جۆرە گرفتار کرد و دەردیشی چارەسەر نەکرد، کەچی ئێستاکە خۆی پلیکاندووەتە منەوە منی لە قەیس خراپتر وێڵی کەژو کێو کردووە جا دەبێ وەکو عەبداڵ کەلپۆس لەبەر کەم و کەشکۆڵ هەڵگرم و ڕوو لە چۆڵ کەم و هەتا زیندوو و لە ژین هەراسان بم و بەڕەنجوورییەوە ژیان بەرمە سەر:

میرزام پەڕەی دڵ، میرزام پەڕەی دڵ
یا خارێم نیشتە نەتۆی پەڕەی دڵ
بەتەر تەر نەخارپەیوەست نە پای گوڵ
ئەو خارە کەردەن یەکسەر من خەجل
چون برووسکەی بەرق نیشتەن نەجەرگم
دیارەن پێوەن نیشانەی مەرگم
هەرچەند مەلاڵوون نە دەردەداران
دانایان دەور حەکیم شاران



کەس نمەزانۆ پەی دەردم چارە
خەریکم جە ئێش مەودای ئی خارە
بەڵێ مەزانوون مایەش جە عەشقەن
نە کارخانەی عەشق ڕەنگ گرتەی مەشقەن
نە ئی خارە بەرد مەجنوون وە کۆسار
جە زێد زامن فەرهاد کەرد فیرار
سەنعان کەرد نە دین ئیسلام هەراسان
سوجدەی سەنەم بەرد کلیسا ناسان
زەوق سەڵتەنەت جەلای بەهرام بەرد
وامێق بەرد وەکۆ سامش سەرسام کەرد
وەرقەش چەنی جەور داوە چەرخەوە
چون واران وا ڕاوە ڕووی فەرخەوە
نۆفڵ دا وەبەرق بەند شەڕەوە
جانی دا وە کوشت نەپای بەڕەوە
(سیف الملوک)ش وست نەڕووی گێژاو
حاتەم کەرد بێزار جە خوراک و خاو
شاهێ چون یوسف نەزێد کەرد ئاوین
مێهرش بێزار کەرد جە گیان شیرین
هەنی چەند کەسان هەر بەی خارەوە
تەک دان وەتەکیەی سای مەزارەوە
نەبی پەی عیلاج ئی دەردە چارە
دەرد بێ دەرمان ئاڵوودەی ژارە
ئیستە ها نەتۆی جەرگ من سەردان
من کەردەن بەتەر نەقەیس هەردان
هەروەختەن جەئێش سزای ئی خارە
خار بێ دەرمان کۆی جەرگ بی پارە
مەپۆشوون کەڵپۆست، هۆرگێروون کەشکۆڵ
چون تەنیا عەبداڵ ڕووکەروون نە چۆڵ

تا زیندەم نە ذەوق دڵ هەراسانم
(ڕەنجووری)م ڕەنجوور خارخاسانم

ڕەنجووری بەجۆرێ سەوداسەر و گراو بووە کە خۆی دەباتە سەرووی فەرهاد و مەجنوون و لە ئەویندا ئەوان بەخۆ نەگر و ناتەوان دادەنێ و دەڵێ: قەیسی مەجنوون کە زانای دەوربوو هەرکە تۆزقاڵێک ستەمی پێ گەیشت و بەدەردی ئەوینەوە گرفتار بوو، نەیتوانی خۆی بگرێ و حەوسەڵەی نەما، هەم خۆی ڕیسوا کرد و هەم نەنگی بۆ لەیلای یاری هێنایە بار، نەیتوانی پیاڵەیەک خەم و پەژارە بخواتەوە، ئەوە بوو کە بەدەشت و چۆڵدا وێڵ بوو و خۆی لەبیرچووەوە. فەرهادیش بەهۆی وێنەکەی شاپوورەوە گراوی شیرین بوو، کاتێ باری دەردی نیشتە دڵ، تاوی نەهێنا و بەرەو پەڕاو ڕۆیشت و لە داخا قوڵنگی هەڵگرت و خەریکی کەندنی کێو و ماه بوو کەچی بەقوڵنگەکە گیانی خۆی لە دەست دا، هەم خۆی لەناوبرد و هەم شیرینی بەدناو کرد، ئەمانە کردەوەی ئەو گراوانە بوو، کە دەبێ هەر شاباشی دڵی من بکەن و، دڵم خراپتر لە دڵی ئەوان گیرۆدەی دەرد و پەژارەیە، هەم باری مەینەت و هەم تانەی بەدکار و هەم ستەمی بێ ئەندازە و هەم کارەساتی یار، هەمووی ڕووی تێ کردووە و هێشتا دڵم لە جێی خۆیە، (ڕەنجووری) لە داخا دڵی دەبێتە خوێن، پێی دەڵێن: ئافەرین فەرهاد و مەجنوون:

مەجنوون خۆ قەیس بی فەرزانەی دەوربی
هەر زەوسا زەڕێ ئاڵوودەی جەور بی
تاو دەرد نەبەرد، جە حەوسەڵەی تەنگ
هەم وێش ڕسوا کەرد، هەم لەیل دا وەنەنگ
نەتاوا تاوشت کۆی غەم کەرۆ نۆش
وێڵ بی وەچۆلدا، وێش کەرد فەرامۆش
فەرهاد جە تەسویر شاپوور بی خەجڵ
گرفتار نەقش شیرین بی بەدڵ
وەختی بار دەرد نە دڵدا تاودا
تاقەتش ناوەرد شی وە پەڕاو دا
جە ئەندووی دەردان هەر قوڵنگ شانا
تا قوڵنگ وێش گیانش ستانا
هەم وێش کەرد هیلاک هەم شیرین بەدنام
کەردەشان ئێدەن مەشهوورەن نەعام



هەر مەبۆ شاباش دڵەی من کەردەن
بەتەرتەر جەوان گیرۆدەی دەردەن
هەم بار مەینەت، هەم تانەی بەدکار
هەم جەفای بێ شۆ، هەم ماجەرای یار
گشتش هانە دۆش ئەر سەد ئازارەن
هێمای نە جای وێش وە ئیختیارەن
(ڕەنجووری) جەی داخ دڵ کەروو وە هوون
ماچان ئافەرین فەرهاد و مەجنوون

ڕەنجووی گەلێ هۆنراوی ئاینیشی هۆنیونەتەوە، لە (مێعراج نامە)کەی دا بەسۆز و کوڵێکی گەرمەوە لە خوای مەزن دەپاڕێتەوە و داوای لێخۆشبوون بۆ گوناهەکانی دەکا و دەڵێ: خوایا بۆ خاتری ئەبووبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی و بەبارەگای پڕ تیشکی دوازدە ئیمام و بەچوار ڕێبازگەی ئیسلام و بەبارگەی باڵوول و بەمووسای کازم و بەمەنسووری حەلاج و شێخ گەیلانی و بەشێخ سەنعان و بەسەی سادقی شارەزووری و بەپیر میکائیل و بەپیر پیرۆت و بەیومنی بارەگای شێخی عەبدالان و بەبارگەی هۆمەرمەندان و بەشێخ بایەزیدی بەستامی و بەشێخ عەلیی هەمەدانی و بەپیرانی پاک و خاوین و بەپیاوە پاکەکانی زەوی و ئاه و ناڵەی هەتیوان و بەگریانی نەخۆشان و بەیاهوو یاهووی دەروێشان و بەکزەی دەروونی گراوان و بەهەناسەی ساردی عەبدالان، نیازم ئەوەیە ئەی خوای گەورە و گران کە گوناهم ببەخشی، چونکە من نوقمی گوناهم و فەرمانی تۆم بەجێ نەهێناوە، ئومێدم وایە کە بمبەخشی:

باجەتی بووبەکر عومەر و عوسمان
بەزۆر سەمسام عەلی شای مەردان
بە ئال و ئەولاد ئەسحابان تەمام
بەبارگەی پڕ نوور هەر دوازدە ئیمام
بە سەر مەذهەبان دین موحەمەد
شافعی و نوعمان، مالک و ئەحمەد
بە ڕەوزەکەی وەیس شای هیمەت داران
بە بارگەی باڵوول، دێوانەی شاران
بە مووسای کازم، چراخ ئیسلام
بە شای شەهیدان نە مەشهەد مەقام

به جەتی مەعرووف بەمەنسوور دار
به ئەولیایان بورج بەغدا شار
با جەتی ئیخلاس شیخ گەیلانی
مەزهەر فەیز و لوتف ڕەبانی
با جەتی سەودای شێخ سەنعانی
به عەشق عوشاق جە عەشقا فانی
به سیرٍ ئەو میر بانە ماواشەن
بەقازی بەنێ جە سەرکۆ جاشەن
به سەید سادق جانە شارە زوور
به پیر میکائیل نه عالەم مەشهوور
باجەتی ئەو پیر پیرۆتش نامەن
به عومەر گەردوون مەنشوور نەعامەن
به یومن بارگەی شێخ عەبدالان
به تەیار غەیب، وەشێخ پەهلەوان
بەشق بارگەی بەرز شای عومەر مەندان
به دەروێش غولام سەردار ڕەندان
به شێخ بایەزید بەستامی مەکان
وه شێخ بەدرەدین کاملولئیمان
به شق خاڵخالان وه شێخ ئەرزانی
به شێخ جوبرائیل جەرگەی شێخانی
به سەیید عەلی ماوا هەمەدان
به ذیکر و تەوحید مەولای قەصیران
به پیران پاک مەعلووم و بەنهان
با جەتی خاسان زەمین و زەمان
به ئاه و زاری یەتیم بێ فەرد
به گریەی دەردین بیمار ڕەنگ زەرد
به ئاو و حەسرەت غەریب شاران
به یاهوو یا هووی تەریقەت داران



به عەسا و کەشکۆڵ لۆنگ دەروێشان
به جەستەی زەلیل پۆل دڵڕێشان
به کزەی دەروون عاشقان پاک
به هەناسەی سەرد عەبدان غەمناک
وەسی ڕۆژەی سەوم، وه شەشەی شەواڵ
به چار نوقتەی رەمل، بەشازدە ئەشکاڵ
به دوو لەیل عید، قەدەر و عاشوور
به لەببەیک لەبەیک حاجیان دوور
به جومعە و جەمات پێنج فەرز دایم
بەشو بێداران نەرای دین قایم
باجەتی ئەو خاس دوعا موستەجان
جە قاپی موراد مەقبوولولڕجان
ئێدمەن نیاز پادشای غەفوور
ببەخشی بەلوتف ڕەنەووری ڕەنجوور
ڕەنجووری غەرقەن نه بەحر عسیان
داگەی ئەمر تۆش خاس کەردەن نسیان
جەخاسی موفلس جە عسیان داران
بیەن وه سەرژان ڕۆی ڕۆزگاران
ئەوەند بەدفعلیش جەحەد ویەردەن
یا هائیلتجاش وه خاسان بەردەن
یا شا ئی خاسان نامشان بەردم
وه قاپی نیاز عەرزشان کەردم
تۆ خۆ جای ئومێد وایە دارانی
منەت دە هەندەی ڕجاکارانی
ئەوان ڕجاچی ئەمن خەتاکار
جەلای کەریمێ چون تۆ کەرەمدار
ئومێدم ئێدەن بەقاپی موراد
وه ڕجای خاسان بکەریم ئازاد

کەم ویریم کەردەن وێنەی کەم ویران
بەڵێ خۆ خاسان ڕجاشان گیران
ئومێدم ئێدەن پێم دەی ئازادی
جە دنیا موراد جە مەحشەر شادی
یا شا (ڕەنجووری) دڵ هەراسانەن
ئەرجووش وە ڕجای ڕجا خاسانەن

ڕەنجووری لە پارچە هەڵبەستێکیدا ناوی گەلێ گوڵ و میوەی هێناوە و لە پارچە هەڵبەستەکەیدا پەنا دەباتە بەر سوەیل کە تازە هەڵدێ و سەر دەردێنێ و دەڵێ: ئەوا سوەیلی نوێ هاتەوە و لە کەل سەری دەرهێنا و دەستی کرد بەڕەنگ ڕێژیی گوڵ و بەری باخان و هەرکامی بەڕەنگێک نواند و ئەوسا ناوی دەیان ڕەنگمان بۆ دێنێ و باسی لێوە دەکا کە هەندێ لەو ڕەنگانە بریتین لە: ئاوی، ئەتلەسی، باواقی، بەنەوشی، بەڵخی، تاری، ترنجی، تەرزی، جامی، جنگزی، چیچی، چەمەنی، جەوزی، خاری، خارایی، خۆخی، دارایی، داری، دەبەنگی، دەنگی، ڕەژاوی، ڕەژی، زەردی، زەڕبەفتی، زەراوی، زوڵفی، زەڕسینی، ساری، سڵقی، سماقی، سڵخی، سێوەنگی، سەوزی، سەراوی، سۆسەنی، سلکی، شاری، شەکەری، فندقی، فیلی، فلفلی، قاشی، قوماشی، کاشی، کایی، کشمیری، کالآیی، لاولاوی، لاڵی، لەیلەنگی، ماوی، مێخەکی، مەخمەڵی، نەباتی، نەوتی، نەعنایی، وارانی، هەرێزی، هەرامی، یاقووتی، یەشمی:

چراخ نەو سوەیل، چراخ نەو سوەیل
ئارۆ سەرکێشا جە کەل نەو سوەیل
ڕەنگ ڕژی باخان هەم ئاوەرد وەمەیل
پەرێ گوشادی خاتران کەیل
تەڵمیت کەم خاو دیای یەمەن شار
جەهەر مەتاێی چەند هەزار کەرد بار
هەوڵ سەر سندووق تۆپ تەلآتار
بەخشا وە باخان نەمامان دار
مەتای قیمەتی قوماش سەرشار
ڕەنگاڕەنگ کەرد هەر ڕەنگ وەچەند تار
ئاوی و هەناری و ئەبیەضی ئەبری
بەڵخی و بلووری، بادامی و بەسری



تاری، تەتاری، تورنجی، تەرزی
جەوزی، جەوزایی، جامی و جنگزی
حەوزی، حەیاتی، حەببی، حوبابی
حووری، حەمرایی، حەڵەب حەسابی
خاری، خوارەزمی، خۆخی، خارایی
دەنگی، دەبەنگی، داری، دارایی
زەردی، ڕەنوەیی، زەنگی، زەڕبەفتی
زوڵفی، زەراوی، زەڕینی، زەفتی
ڕژی، ڕژاوی، ژارا ڕەنگ ڕەنگی
سڵقی، سماقی، سڵخی، سێوەنگی
سەوزی، سەراوی، سۆسەنی، ساری
سلکی، سنەوبەر، سپی سفاری
شەهدی شیرینی، شەکەری، شاری
شێروان شماقی، شیراز شکاری
سافی سندووقی، سەبری سابوونی
سوبحی سوراحی، سەدەف ستوونی
عەتری، عەنبەری، عەبیری، عاری
غەیبی، غەبغەبی، غەوری، غوباری
فیلی، فندقی، فلفلی، ماشی
قەبزی، قلیجی، قاشی، قوماشی
کاشی، کشمیری، کەبکی، ڕەنگ کایی
کەهرەبی کارێز، کەتان کالآیی
کەبکی، کەبابی، کووفی، کافووری
کافی، کەتوونی، کلآف دەستووری
لەعلی، لەیلەنگی، لەوزی، لاولاوی
مۆری، مێخەکی، مەخمەڵی، ماوی
میسکی، مەتایی، مەعدەن مەعاشی
مەرجانی، قرمز، مرواری، ماشی

ناری، نەباتی، نووری، نەورۆزی
نەفتی، نیقابی، نەعنای فیرۆزی
وەڵگی، وارانی، وەبری وەرامی
هەرزی، هەراتی، هەشی، هەرکامی
لالی، لالەیی، لانی، لاهووری
لاتی، لاجیوەرد، لاشی، لاهووری
یەشمی، یاقووتی، یەنگی، یەمەنی
چیچی، چووزەیی، چارە چەمەنی
گوڵی، گوڵناری، گەوری، گومڕایی
بەنەفشی، ئەتڵەس، تەرز خورمایی
هەنی ماباقی ڕەنگان جەسەدرەنگ
نەوسوەیل پەی ڕەنگ باخان کەرد ئاهەنگ
ئی ڕەنگە بەخشا تەمام وەداران
هەنی ماباقی کیاست وە شاران
وڵات بەو لات بەندەر وە بەندەر
ئیقلیم بەئیقلیم تەمام سەراسەر
تا حوکمش یاوا خەڵات بەخشان کەرد
شاخان و باخان کەش و سارا و هەرد
سوەیل هەرژی وەخت ڕەنگ ڕژی باخان
ژی خەڵات بەخشان داخان شاخان
ناگا وەیشوومەی شێت هاڵ نەزان
سەر کێشا نەکەل چون حەرامیان
نەو سوەیل رووکەرد جەرای یەمەن شار
بارگە و بارخانەش گشت مەندنە هەوار
هەوای تۆف توند وەیشوومەی شەڕ دۆز
ڕەنگ ڕژی سوەیل یەکسەر کەرد ئاڵۆز
زڵەی زیروبەم خێزا نە کاوان
شیوەن ئاخێز کەرد نەپای خیاوان



کالاو والاشان تەمام کەرد عوریان
وەیشووم نەمامان گشت وست وەگریان
تۆف باد سەرد بەوتەورە تاودا
ڕەنگ ڕژی سوەیل گشت دا وەئاودا
هەر کەس بیناییش حەق نەکەردەن کۆر
هەوای نەفس شووم جێش نەسەندەن زۆر
مەزانۆ ئی عەیش دنیای دەنی مەیل
گشتش بەتاڵەن چون ڕشتە سوەیل
ئەر سەد عەیش و نۆش دنیاییت جەمەن
خاترت نە کونج سینەت بێ خەمەن
وەختی وەیشوومەی مەرگت نیشت نەباڵ
وەشی ڕووی دنیات یەکسەر مەبۆتاڵ
واتەی (ڕەنجووری) ڕەنجوور ڕەنجەن
چون ڕشتەی سوەیل ڕەنجش بێ گەنجەن

ڕەنجووری لەم پارچە هەڵبەستەدا پەنای بردووەتە بەر نەو سوەیل و گوڵ و دار و درەختی کەژ و کێو تا ڕەنگ و شێوەی گوڵەکان دیاری کا، لە دواییشدا دەگەڕێتەوە بۆ لای خواناسی و بێ بایەخیی جیهان و دەڵێ: هەر کەسێک کە بینایی کوێر نەبووە و هەوا و هەوەس زۆری لێ نەسەندووە، دەزانێ کە ژیانی ئەم جیهانە بەتاڵە و سەرەنجام کۆتاییی پێ دێ و کاتێ مەرگ بێتە مێوانی، خۆشی و شادی جیهانی لا بەتاڵ دەبێ.

ڕەنجووری لە پارچە هەڵبەستێکیدا دیاردیی کردووەتە کۆمەڵێک لە هۆنەرانی هاوچەرخی خۆی و ویستوویەتی ئەوە پیشان بدا و بڵێ کە گەلی کورد هۆنەر و زانا و پیتۆڵی زۆرن، بەڵام لەبەر ئەوەی بایەخیان پێ نەدراوە، بەرهەمەکانیان هەروا بێ ناز ماونەتەوە، ئەمەش ناوی هەندێ لەو هۆنەرانەی کە ڕەنجووری لەناو هۆنراوەکانیدا هێناونی: مەلا نەجەف، مەلا سالحی موڕادی، عومەر ئۆمەرمل، حاجی تیلەکۆ، فەقێ عەلی لەک، مەلا تەمەرخان، شێخ عەلی حەریری، مەلا یەعقووب جان، شێخ وەیس گەلاڵی، عەزیزوڵڵا لوڕ، شێخ محەمەد جامی، مەلای بایندڕ، ئەحمەد دۆڵەیی، باکی، سیاپۆش، جانگیر، ئاخە پاوەیی، کابە، شافی، زەبوونی، فەقێ ئەحمەد ناکام:

شەعرای کوردستان گۆیەندان خاس
هەرچی مەشهوورەن پەرێت کەروو باس

مەلا نەجەف نام، خانای قوبادی
یەک مەلا ساڵح جەرگەی مورادی
عەزیز دەردین، محەمەد عیسا بەگ
حاجی تیلەکۆ، فەقێ، عەلی لەک
یوسف یاسکە، مەلا تەمەر خان
شێخ عەلی حەریر، مەلا یەعقووب جان
شێخ وەیس گەلاڵی، عەزیزوڵڵا لوڕ
شێخ محەمەد جامی، مەلا بایندوڕ
ئەحمەد دۆڵەیی، عەباس سانی
باکی و سیاپۆش، دەدە سێوانی
حسێن خان لوڕ، شاعیر جوبرائیل
جانگیر و مەنسوور، هەم میر ئیسماعیل
ئەحمەد بەگ چەنی حەمە ئاغای زەند
ئاخەپاوەیی، نەزەر کاکەوەند
عەلی خواکەرەم، حەمەئاغا نام
باکی بێمۆشی، کابەی فام تەمام
وەلی دێوانە، خواجەی ئەردەلان
شێخ شەهابەدین، شاقەلا ئەیوان
مەلا نوور عەلی، یوسف دەردین
شافی و وەلیخان، کارێزی حەزین
مەولانا ئەلیاس، زەبوونی زینوور
یەک فەقێ ئەحمەد وە ناکام مەشهوور
هەنی ما باقیی شەعرای کوردستان
دڵداران خاس پۆل سەرمەستان
یانە هەر یەکێ جە یەک دیارێ
عەلامەی دەوربین جە ڕۆزگاری
حەکاک و غەواس کان گەوهەربین
ساحێب فەرد و بەیت، سەودا نە سەربین



ئی دنیای بێ شەرت چون دارۆشەترەنج
یەک یەک نمانا پێشان یانەی ڕەنج
هەریەک وەڕەنگێ وەندشان ج پا
خەڵتانشان کەرد نەخاک سیا
ئیسا نەمەندەن غەیر جە نامشان
غەیر جە واتەی فەرد نە کەلامشان
هەر ئێد مەزانی چەرخ پڕ خەتەر
مووەزۆت نەدام جەوان بەتەرتەر
وەرجە ڕۆی مەرگت فەردێ کەر ئیجاد
یاران دمای مەرگ باوەران وەیاد
هامسەران هەرڕۆ جە رووی زەرووری
بواچان: ئاخ ئاخ پەرێ (ڕەنجووری)

سەرچاوەکان

١- دیوانی ڕەنجووری - کۆکردنەوەی مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی - بەغدا، ١٩٨٣.
٢- ڕۆژنامەی ژین - ژمارە ١٣٠٩، ساڵی١٩٥٥.


## عەلی بەردەشانی

١١٨٥-١٢٢٨

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەلی و کوڕی عەبدوڵڵایە بەعەلی بەردەشانی ناسراوە، بەپێی کەشکۆڵێکی کۆن کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١١٨٥ی کۆچی لە دێی بەردەشان لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە سەردەمی منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن گەلێ شوێن گەڕاوە و سەرەنجام لە شاری سلێمانیدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و ئەوسا لە دەرباری بابانەکاندا دامەزراوە و بووەتە هۆنەری تایبەتی وەسمان پاشای بابان (١٢٠٣ - ١٢٠٢ی کۆچی) و ئاوڕەحمان پاشای بابان (١٢٠٤ -١٢٢٨ی کۆچی) و ئیتر ژیانی لەوپەڕی خۆشییدا بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٢٨ لە تەمەنی چل و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیواندا نێژراوە.

مامۆستا محەمەد تۆفیق وردی سەبارەت بەعەلی بەردەشانی دەڵێ: عەلی بەردەشانی خەڵکی دێی بەردەشانە کە لە نزیک پشدەردایە، عەلی هەر لە منداڵییەوە بەسروشت دەستی

کردووە بەهەڵبەست دانان بەڵام هەڵبەستەکانی عەلی بەکوردی پێی دەڵێن بەیت، قسەوباسێکی زۆر لە بابەت عەلییەوە لە لایەن پیرەمێردەکانەوە دەگێڕنەوە و هەندێ دەڵێن تەنانەت زمانی جنۆکەشی زانیوە، عەلی سەدان جۆر هەڵبەستی هەیە و بەسەر هەموو شتێکدا هەڵبەستی هەڵداوە، وەکو: کیسەڵ، تفەنگ، جنۆکە، پیرەژن، شەڕ، هەڵبەستی دڵداری و فەلسەفی و پەند و بێژە، ستایش، داشۆرین و، کەس نەیوێراوە کە سەبارەت بەئەو قسە بکات یان سڵاوی لەبیر بەرێتەوە. عەلی لە سەردەمی دوو پاشای باباندا ژیاوە یەکێکیان وەسمان پاشا و ئەویتریان ئاوڕەحمان پاشایە و، لەبەرئەوەی لە سەردەمی ئاوڕەحمان پاشادا ژیاوە دەبێ لە ساڵی ١٢٠٨ی کۆچی زیندووبێ، بەڵام ئێمە نازانین کەی مردووە و چەند ساڵ ژیاوە.

هەندێک لایان وایە کە عەلی بەردەشانی نەخوێندەوار بووە، کەچی وا نییە هەروەها وتمان عەلی ماوەیەک فەقێ بووە و لە شاری سلێمانییش خەریکی خوێندن بووە و ئەمەش لە هۆنراوەکانیدا دەردەکەوێ و هەروەها لە کەشکۆڵێکدا کە لەم دوایە کەوتە دەستمان، کورتەیەک لە ژیانی عەلی و پارچە هەڵبەستێکی تێدا نووسرابوو کە لەم باسەدا کەڵکمان لێ وەرگرت.

عەلی بەردەشانی لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەر هیجا هۆنراونەتەوە و جگە کۆمەڵە هۆنراوەکانی کە سەبارەت بەباسی دڵداری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و فەلسەفییە، دوو بەیتیشی بەهۆنراوی هیجایی هۆنیوەتەوە کە بریتین لە بەیتی ئاوڕەحمان پاشای بەبە و بەیتی سان ئەحمەدی بێنار. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە لە سەرکێشی دە هیجاییە کە دەڵێ:

بەه بەه لەو بەژن و ئەندام و باڵا
کولمی شەو چرات لە دڵما هاڵا
بەژنت بەوێنەی شلکە بێزایە
کاری خودایە و ژینم سزایە
نازانم ئەتۆ چیت لە دەروونە
کەوا هەمیشە شادیت نگوونە
بەقوربانت بم گوڵاڵەی سەردەشت
نەوەی کەیان و بارام و زەردەشت
دیارە ماندوو بووی نوانت گرتووە
زوڵفت لە هەنیەت پەخش و ماندووە





وەکوو گوڵاڵە خاڵ خاڵ سوور بووە
بەژنت هەروەکو داری سنجووە
زوڵفان و هەنیەت خۆ تێک چرژاوە
گیانە دەروونم بۆ تۆ برژاوە
بۆ وا تەمەنت داوەتە بادا
خۆ ئەم جوانییە خوا بەکەس نادا
وەرە گیانەکەم خۆ بەردەشانی
دوور کەوتەی تۆیە لە گشت خوێشانی

ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی تری عەلی بەردەشانی لە سەردێری ناز و خدر کە بەکێشی حەوت هیجایی هۆنیویەتەوە، وەکو دەڵێ:

شەڕێ بەران و مێیان
ئاغام هاتنە سەر پێیان
خەنجەر نابڕن زرێیان
پیاو زگی سووتا پێیان
شەڕی بەرانە شەکان
ئاغام هاتنە سەر چۆکان
خەنجەر نابڕن پەستەکان
ناڵەی شیرین بەلەکان
شەڕی کانیە بەرماڵان
بلند بوون ڕمب، چەتاڵان
ئاغا و نۆکەر تێک هاڵان
دەرکەوتن وردە خاڵان
شەڕی قۆپیە بەرازان
شێوا نازی نیم نازان
شەڕ کەوتە کانیە عەبداڵ
هاتنە خوار دەسرە دەسماڵ
ڕووبەند لاچوون لەسەر خاڵ
بازنە دەشکێن و خرخاڵ

بوو بەقیژە و گاڵە گاڵ
دەچۆمێن قەدی شمشاڵ
شەڕی مێرگە گردەڵێ
چەخماخ دێنێ دووکەڵێ
خدر بەمامی دەڵێ:
ڕووی ڕەش بێ هەچ کەس هەڵێ
شەڕی ئەو دیوە و دیوە
خاڵ و پەرچەم غەمڵیوە
دێ دەنگی تەنکە زیوە
شەڕی وام قەت نەدیوە
شەڕی کانیە بەرماڵان
بۆ کەلاک هاتن داڵان
دەرکەوتن وردە خاڵان
کوژران دایکی منداڵان
گشت لە خۆیان دا حونەر
کێشایان ڕمب و خەنجەر
لە عەرزێ دەڕژێ جەوهەر
هەر وەکو ئاوی کەوسەر
خەڵکی دەبێ دێوانە
پسان بازنە و لەرزانە
دەنگی گۆ و کرمەکانە
گوارە لە گوێ ڕنانە
لە شەڕی شەهێن و باز
شێواوە ناز و نیم ناز
برۆیان بۆ تیرەنداز
گەردنیان شۆڕ کرد وەک باز
بەبێ عوزر و بەهانە
لە جاڕچی جاڕ کێشانە



دی وەختی مۆڵەت دانە
سنگ قاقەزی مەرجانە
خوێن لێی بووەتە نیشانە
پیاو چۆن نەبێ دێوانە
چومکی گەلێک زەمانە
نەبووە شەڕی کیژانە
کارکرا بێ ئەندازە
شەڕی دەڕو بەرازە
شەڕ کەوتە دۆڵی بەرتی
شەرت کەکەوتە کەم شەرتی
وەها دەڕژانە عەرزی
گوارە و قۆیتاس و دەرزی
چۆن لە کیژان قەوماوە
زوڵفیان ئاورێشم خاوە
تاو لە کوڵمان نەدراوە
ئەو شەڕ و بەند و باوە
میراتیان بەجێ ماوە
جا ئەو شەڕە کوژراوە
ناز برینکی لە سنگ بوو
ئەو بەو برینەی نەچوو

سەرچاوەکان


١– فولکلۆری کوردی، دانراوی محەمەد تۆفیق وردی – بەغدا، ١٩٦١.
٢– کورد و کوردستان، دانراوی ئەمین زەکی بەگ – بەغدا، ١٩٣١.
٣– بەیازێکی کۆن کە لە ساڵی ١٢٥١ی کۆچیدا نووسراوە.
٤– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەعەلی بەردەشانی.

## میرزا شەفیعی جامەڕێزی

١١٩٠–١٢٥٢

ئەم هۆنەرەمان ناوی شەفیع و کوڕی عەباسی دەلوویییە و بەپێی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) لە ساڵی ١١٩٠ی کۆچی لە دێی جامەڕێزدا لە دایک بووە. جامەڕێز لە چەند کیلۆمەتریی شاری کەرکووک دایە، هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن گەلێ شوێنی کوردستان گەڕاوە و ماوەیەکیش لە سلێمانی بووە و لە پاشا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەکشتوکاڵ و کاری میرزایەتی بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٥٢ لە تەمەنی شەست و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە گۆشەی باخی هۆنەراندا ساڵی ١٢٠٥ی کۆچی بۆ لە دایک بوونی و ساڵی ١٢٥٥ی بۆ مردنی میرزا شەفیعی جامەڕێزی داناوە و مامۆستا ساحێبیش لە پەڕاوی (پیر شالیاری زەردەشتی)دا هەر ئەو مێژووەی بۆ داناوە بەبێ ئەوەی بەسەرچاوەیەک دیاردی بکا.

میرزا شەفیع لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر دڵڕفێن و شیرین و ڕەوانن، گەرچی هۆنراوەکانی کۆنەکراوەتەوە، بەڵام ئەوەندەی کە بەدەستەوە ماوە، هونەری ئەومان لە هۆنەرەیەتیدا بۆ دەردەخەن. ئەمەش چەند هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

زلێخام چون حوور، زلێخام چون حوور
سەرتاپای باڵاش خاس ڕەشتەن چون حوور
لە فەرق تا ڕجلەین نەدارۆ قسوور
تەبارەکەڵڵا نوورون عەلا نوور
عەکس پێشانیش بەرق وەهارەن
ئەگریجان عەقرەب گێسووش زوننارەن
ئەبروان چون سەیف دووباڵ کەمانەن
لاتەشبیە چون قەوس پای ئاسمانەن
برژانگان خەدەنگ شەڕجۆ، شەڕفرۆش
عەین عەین جەیران خەواڵوو و خاو خۆش
گۆنای شەکەرسێو، نادری خوونسار



قرمز هەم سفید یانێ چون گوڵنار
نەقش کەش سونع ئوستاد قودرەت
نەفەس بۆی ئەنفاس مەسیحا سفەت
دەم دورج سەدەف دەریای عوممانی
دندان چون سەدەف ئاو نەیسانی
زەنەخ زەردە وەرەق خاڵ فیرۆزەی ساف
چون پرشەی پەروین مەنمانا شەفاف
گەردەن چون بلوور سفید سادە
سافیش وەمینا سەد خەفەت دادە
سینەش سیم ساف، سافتەرەن نە عاج
خەزێنەی خەیاڵ دڵ کەردەن تاراج
جفتێ شەمامەی بن بەستی نەوڕەس
هێمای خەریدش نەکەردەن پەی کەس
کەف حەنا بەندە، پەنجاە قەڵەمکار
سەرپەنجە نەتەرز یاقووت ئاودار
کەمەر بەندباریک، شکەم ساف و نەرم
بەستەن وەدەسماڵ پەی حوزوور شەرم
ناف ناف ئاهوو، مووشک جێش ڕێزۆ
جە یانەی دەروون غەوغا مەخێزۆ
ڕوکبە و ڕجل و ساق، سەرپەنجەی خوەش خەت
مەنیا وە زەمین پاوەسەد مەینەت
دار و ئەسکەندەر پەرێش دەعواشان
خودا مەزانۆ وە کێ ڕەواشان
ئەسپەردەی بارگەی وەیس سالار بۆ
مەحفووز جە عەزاب دیدەی بەدکار بۆ
یە «شەفیع» واتەن قەبرش پڕنوور بۆ
گۆڕش جە ئاهێر جەهەننەم دوور بۆ

واتە: سەرتاپای قەد و باڵای زلێخای خۆشەویستم وەکو پەرییە و لە سەرتا وە پێی هیچ

کەم و کورییەکی نییە و خوا سروشتی کردووە، تەوێڵی وەکو برووسکە دەتروسکێتەوە و ئەگەریجەکانی داوەتە سەر شانیدا و برۆکانی وەکو شمشێر وایە و برژانگەکانی وێنەی تیر و شەڕبە بنیادەم دەفرۆشن، چاوەکانی وەکو چاوی ئاسکە و خەواڵووە و گۆنای وەکو سێوی لاسوورە و هەناسەی وەکو هەناسەی عیسایە و دیانەکانی وەکو مرواریییە و گەردنی وەک بلوورە و سینگی سافە و خەزێنەی خەیاڵی داڵی بەتاڵان بردووە و جووتێ شەمامەش بەسەر سینگییەوەیە، کەمەری باریکە و ناوکی وەکو ناوکی ئاسکە و موشکی لێ دەڕژێ بەجۆرێ کە دارا و ئەسکەندەر لەسەری شەڕیانە و خوا خۆی دەزانێ کە بەکێ ڕەوایە.

لە پارچە هەڵبەستێکی تردا لەگەڵ کۆتەرە دارێکدا قسە دەکا و هەواڵی لێ دەپرسێ و دارەکەش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ: لەبەرچی منت خستە بەر پرسیار، خۆ من دەروونم بریندارە و ئەوساکە نەمام بووم خزمەتم بەخواجە و خولامەکان دەکرد و شاکان و سەرۆکەکان دەهاتنە سێبەرم و دادەنیشتن، ئێستاکە پیر بوومە و چرۆم هەمووی داوەریوە و لاوەکانم لێ بێزراوە و پیری هاتووەتە پیریمەوە، وەکو دەڵێ:

هامسەران جارێ، هامسەران جارێ
ڕام کەفت وەگوزەر درەختێک جارێ
درەخت چی درەخت قامەت چنارێ
بەرز بەهرەمەند ساوای وەن دارێ
سەر جە کەشکەڵان هەفتەمین ویەرد
ڕیشەی پا نەتەخت زەمین مەحکەم کەرد
واتم پیرەدار مەنەی هەزار ساڵ
شەرحێک جەی دەوران باوەر وەخەیاڵ
خەیلێ زەمانەت جە ویر ئاوەردەن
شادیت وەزەمان کام شاهان کەردەن؟
دیم دەنگێک ئاما جەی نیگارەوە
جەی مینای شکست هەزار پارەوە
کە هیچ راویارێ لەی ڕاو و هەردە
سوئال ئی جەواب جەمن نەکردە
پەی چێش مەپەرسای دەور ئەیامم
هەم لە نوێ بەدتەر کولناتۆ زامم



ئەوسا نەمام بیم، توول یەک ساڵان
خزمەتم مەکەرد خواجە و غولامان
چونکە خوداوەند واستەش بی جاران
دەسەی کناچان ڕوێلەی ڕەندان
شاهان، سەرداران، میر و بەگلەران
مەهاتنە سەهەنم وەدەوران دەوران
ئیسا من پیربیم چرۆم گشت ڕێزیا
جوانان جەسای سەحنم بێزیا
پیری کە ئامان وە پیریمەوە
هیچ نییەن وە تەنگ دڵگیریمەوە
جوانیم لوا پیریم وەجامەند
پیری ڕیشەی من جەبنیاد هۆرکەند
تاف جوانییەکەم بەی وە دواوە
گلەی پیرییەکەم مەکەم وە لاوە
ئەو ساڵە من تاف جوانیم نۆ بی
وەسمانە قۆچاغ پاشای کۆ بی
ترسم هەن نەفام وەنەم بۆ ئاهێر
سفتەم با بەرۆ باهێر وە باهێر
هەر بایەک بەێو لایەکم بەرۆ
هەر کرمێک بەیۆ وەڵگیکم وەرۆ

میرزا شەفیع لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە وەسمان قۆچاغ پاشا کە عوسمان پاشای کۆیەیە و قۆچ پاشاشیان پێی وتووە ولە دەوری نادرشا (١١٤٨– ١١٦٠ی کۆچی) تا دەوری کەریم خانی زەند (١١٧٢– ١١٩٣ی کۆچی)دا لە کۆیە و هەولێر فەرمانڕەوایەتیی کردووە.

سەرچاوەکان
١– گۆڤاری دەنگی گێتی تازە، ژمارە ١٣، ساڵی ١٩٤٦.
٢– مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلائەدین سەجادی – بەغدا، ١٩٥٢.

## مەولانا خالدی شارەزووری

١٢٤٢-١١٩٣

مەولانا خالد کوڕی ئەحمەدی میکایلی جافە کە بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەستدایە، لە ساڵی ١١٩٣ی کۆچی لە دەڤەری قەرەداخ کە لە چەند کیلۆمەتریی شاری سلێمانیدایە، پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە، سەرەتای خوێندنی لەلای سەی عەبدولکەریمی بەرزنجی و سەی عەبدوڕەحیم دەست پێ کردووە، کە چووەتە فەقێیەتی بەسوختەیەتی لە قوتابخانەی قەرەداغ بووە، لەوێوە بەزۆربەی هەرێمەکان و شارەکان و دێیەکانی کوردستاندا وەکو: بیارە و هەڵەبجە و کۆیە و هەندێ شوێنی تر گەڕاوە و لەم گەڕانەدا لەلای گەلێ زانایانی کوردستان وەکو شێخ عەبدوڵڵای خەرپانی و مەلا ئیبراهیمی بیارەیی و مەلا ساڵحی تەڕماری و مەلا مەحموودی غەزایی و مەلا عەبدوڕەحیمی زیاری، ڕێزمانی عەرەبی و فقهی ئیسلامیی خوێندووە و پاشان چووە بۆ سنە و لە لای شێخ محەمەد قەسیمی سنەیی ماوەیەک ماوەتەوە تا ودمی مەلایەتیی لێ وەردەگرێ و پاشان گەڕاوەتەوە سلێمانی و خەریکی وانەوتنەوە دەبێ و ئەوسا هەوای حەج دەکەوێتە سەری و لە ساڵی ١٢٢٠ی کۆچی لە ڕێی مووسڵ و دیاربەکر و حەلەب و شام و فەلەستینەوە دەڕواتە حەج و لە پاش گەڕانەوەی بۆ سلێمانی، پیاوێک بەناوی میرزا ڕەحیم بەگ هاتە لای و داوای لێ کرد کە بڕواتە جیهان ئاوای هیندستان و سەرێک بدا لە شا عەبدوڵڵای دهلەوی، مەولانا خالد بەهیوا و ئارەزوویەکی زۆرەوە لە ڕێی تاران و خوراسان و بەستام و نیشابوور و کابڵ و غەزنەین و قەندەهارەوە ڕووی کردە دهلی و ئەوسا چووە خزمەتی شا عەبدوڵڵای دهلەوی و ئیتر سۆزی ڕایەڵی خواناسیی شا عەبدوڵڵا ڕای دەکێشێ بۆ لای خۆی و لەوێدا دەبێ بەداوی ڕێ و ڕچەی ئەوەوە و نۆ مانگ لەلای دەمێنێتەوە و پلەوپایە (قطب) قوتبی پێ دەدرێ و ئەوسا دەگەڕێتەوە سلێمانی و خەریکی پەرەپێدانی ڕێ و ڕچەکەی دەبێ بەڵام لەبەرئەوەی هەندێک لێی کەوتنە ڕقەوە، ئەوەبوو کە لە ساڵی ١٢٢٨ی کۆچی ڕووی کردە بەغدا و لەوێدا خەریکی وانە وتنەوە و ڕێنموونیی خەڵک بوو و، لە هەموو لایێکەوە ڕوویان دەکردە لای و بەم چەشنە ڕێ و ڕچەی نەقشبەندیی لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا بڵاو بووەوە، پاشان هەندێک لە زانایان و پیاوە گەورەکانی شام داوایان لێ کرد کە سەرێک لە شام بدا و ئەوەبوو کە مەولانا خالد لە ساڵی ١٢٣٨ی کۆچی ڕۆیشتە شام و لەوێدا مایەوە و لە پاش ماوەیەک چووە قودس و ئەوسا بۆ جاری دووەم ڕۆیشتە حەج و لە پاشا گەڕایەوە شام و لە ساڵی ١٢٤٢ لە تەمەنی ٥٣ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گەڕەکی (صالحیە)دا نێژراوە و، گڵکۆکەی جێی ڕاز و نیازی دڵسووتاوانە.



ئەم زانا هەرە گەورە کە ناوبانگی لە سەردەمی خۆیدا دەنگی داوەتەوە، نزیکەی بیست پەرتووک و نامیلکە لەسەر مێژووی ژیان و فەرمایشتەکانی بەزمانی عەرەبی نووسراوە. مەولانا خالد لەگەڵ ئەوەی نزیکەی هەژدە پەڕاوی سەبارەت بەفقهی ئیسلامی و ڕێ و ڕچەی ئیسلام بەزمانی عەرەبی و فارسی نووسیوە، گەلێ هۆنراویشی بەزمانی فارسی و عەرەبی و کوردی هۆنیوەتەوە کە هەندێ لەو هۆنراوانەی بەناوی دیوانی مەولانا خالد لە چاپ دراوە.

مەولانا خالد لە ڕاستەقینەدا یەکێکە لەو ئەستێرە هەرە گەشانە کە لە ئاسمانی وێژەی کوردیدا هەتا هەتایە دەدرەوشێتەوە و بەبێ شک مەولانا خالد بەرزترین هۆنەری سەدەی سێزدەمی کوردە، بەڵام لەبەر ئەوەی هۆنراوە کوردییەکانی بەتەواوی کۆ نەکراوەتەوە ئەوەیە کەمتر لە وێژەی کوردیدا ناسراوە و کەمتر باسی لێ کراوە.

هەڵبەستە کوردییەکانی مەولانا خالد لە هەموو بارێکەوە ڕەوان و پوختە و پاراون و، بەجارێ دڵ و دەروون دێننە جۆش و خرۆش و، گەلێ لە گۆرانیبێژان و مەقامبێژان لە کوردستاندا هۆنراوەکانی ئەو بەدەنگێکی خۆش دەیخوێننەوە و سۆز و ئاگری دەروونیان پێ دادەمرکێنن.

هۆنراوەکانی مەولانا خالد دەکرێن بەدوو بەشەوە: دڵداری و ئاینی. وادیارە مەولانا وەکو هۆنەرەکانی تری کورد سەرەتا خەریکی هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداری بووە و پاشان وازی لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداری هێناوە و هۆنراوی ئاینیی هۆنیوەتەوە، بەڵام لە هۆنراوی فارسیدا لە هەموو مەبەستێک دواوە: دڵداری، ئاینی، پیتۆڵی، سۆفیەتی، مەولانا خالد لە یەکێ لە پارچە هەڵبەستەکانیدا ڕوو دەکاتە یارەکەی و دەڵێ:

میرزام وەفاتەن، میرزام وەفاتەن
قەدەم ڕەنجەکەر وادەی وەفاتەن
شەهەنشای شادیم خۆمات نەچاتەن
بت پەرست ئاسا ئەروام جە لاتەن
جە حوجرەی سەرا و کەسێ بی ڕاهی
بەندمەدەروە ماه جە بورج ماهی
وادەی ئاماتەن ئامان سەد ئامان
ڕێزەی ڕازانت شەفان پەی زامان
سا باوەر تەشریف هەی بەرگوزیدەم
جە ڕووی مەردومی جا کەرنەدیدەم

وەر نە ها تەمام نایرەی دووری
وەکۆی نووره کەرد سەرتاپای نووری

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم ئەمەک بنوێنە و سەرێکم لێ بدە، چونکە پاتشای شادی و خۆشیم لە چاڵتا ماتە و، وەکو بت پەرست گیانم لە لای تۆیە، لە سەراوەوە کەسێک کەوتە ڕێ کە وەکو مانگ دەدرەوشایەوە، ئامان سەد ئامان کات و وادەی هاتنتە و قسە و دوانت دەبێتە چارەسەرکردنی برینەکانم، دەسا ئەی شۆخوشەنگە هەڵبژێرراوە کەم، زوو وەرە و لەناو کەنیشکەی چاومدا جێی خۆت بکەرەوە، ئەگینا دووریی تۆ، ئاگرم تێ بەر دەدا و سەرتاپای لەشم گڕ دەگرێ و دەسووتێ.

مەولانا خالد لەم پارچە هەڵبەستەیدا دیاردی دەکاتە سەر چیرۆکی هارووت و مارووت و دەڵێ: (شەهەنشای شادیم خۆ مات نەچاتەن) واتە: پاتشای شادی و خۆشیم لە چالی تۆدا ماتە. بەپێی چیرۆکەکانی ئاینی، دوو فریشتە بەفەرمانی خوا هاتنە زەوی و تووشی گوناه بوون و لە چاڵی بابلدا بەند کران و دەڵێن ئێستاکەش لەو چاڵەدا هەڵواسراون و ئازار دەدرێن.

مەولانا خالد لە پارچە هەڵبەستێکی تریدا ڕوو دەکاتە دڵدارەکەی و پێی دەڵێ: ئەی دڵخوازەکەم! دووریی تۆ ئارام و وەقرەی لێم سەندووە و دڵمی وەکو قەقنەس سووتاندووە و، بۆ ئەبرۆی تاقت تاو و تاقەتم تاق بووە و ئارامم بڕاوە و، بەهیوا و ئارەزووی ئەو دەمەم کە بتبینم. دوور لە گیانت دەڵێی ڕۆژی پەسڵان هاتووە، چونکە دووریی تۆ ئاگری دۆزەخی دڵمی گەش کردووەتەوە و کارێکی وایە لێم کردووە کە نەتوانم بەدڵ سەرنجی نیونیگای نازت بدەم، ئەوەیش تاوان و سووچی خۆمە چونکە ڕێز و قەدری تۆم نەدەزانی و سپاسی ناز و بزەتم نەدەکرد. دەسا با کۆگای شادی و خۆشیم بەدەم باوە بڕوا و، تۆڵەی لێ وەرگرێ:

قیبلەم فراقت، قیبلەم فراقت
ئارامم سەندەن سەودای فراقت
دڵ قەقنەس ئاسان جە ئیشتیاقت
تاقەت تاق بییەن پەی ئەبرۆی تاقت
دوور جە قامەتت قیامەت خێزان
هیجرت شەرارەی جەهەنەم بێزان
کارێ پێم کەردەن مەحروومیی ڕازت
نەکەردەن وەدڵ نیم نیگای نازت



قەدر عافیەت وەسڵت نەزانام
شوکرانەی شەکەر ڕازت نەوانام
سا غەم، کۆی شادی باوەباد شانۆ
تەمام ئینتقام وەسڵت جێم سانۆ
خاس، خاس جەشدەت نایرەی دووری
بۆ وە کۆی نووره سەرتاپای نووری

مەولانا خالد دەکەوێتە کۆڕی خواناسییەوە و بەبیرێکی ورد و تیژ لەگەڵ خوای تاق و تەنیادا دەکەوێتە ڕاز و نیاز و دەپاڕێتەوە و نزا دەکات کە لێی خۆش بێت پاش ئەوەی کە گەورەیی و مەزنی و توانایی و بێ هاوتاییی خوای مەزن ئاشکرا دەکات:

یا فەرد ئەعزەم، یا فەرد ئەعزەم
یا حەی یا قەیووم یا فەرد ئەعزەم
یا شنەوەندەی ناڵەی سوبحدەم
پەنای بەندیان بەندیخانەی غەم
یا فرازندەی چەرخ موعەلەق
یا نیگارەندەی نۆ تاق ئەزرەق
یا بانی بونیاد قوسوور ئەیوان
ڕفعەت بەخش تەخت سایەی هەفت کەیوان
نەزاد و نەمەرد نە خاو و نە خوەر
نە عەرەز نە جسم نە ڕۆح نە جەوهەر
بینای بێ دیدە شنەوای بێ گۆش
جە ئەسرار غەیب واقف و خامۆش
بێ هەمتا و بێ مسل بێ شەریک بێ باک
موبەررا جە عەیب جە ئالایش پاک
نەقشبەند لەوح سەحیفەی هەستی
نشات بەخش جام بادەی سەرمەستی
نزام دەهەندەی ئەرواح و ئەجسام
کونەندەی خیلقەت ئەعزا جە ئەندام
بە ماه و خورشید تەلعەت بەخش نوور
نمایەندەی سوبح نەدا ج دەیجوور

بەرپاکونەندەی خەیمەی بێ ستوون
دەوران دەهەندەی بادەی بێ سکوون
جەمین پڕ جە نوور ماه مونەوەر
نەزورەی گێسووی شەونمایان کەر
تەئلیف دەهەندەی چار عونسر بەهەم
زاهر کونەندەی وجوود نە عەدەم
فرۆزندەی بەرق نەسینەی سەحاب
ئولفەت دەهەندەی ئاتەش و هەم ئاب
شوعلەبەخش ناز پەرتەو ئەفزای نوور
ڕۆزی دەهەندەی ماهی و مار و موور
نەقاش نقووش هووەیلا و سووەر
ڕەزامەند بەخێر با خەبەر جەشەر
ڕۆی ڕۆشن وەشەو شەووە ڕۆ ئاوەر
گەدایان وەشا، شا وەگەداکەر

مەولانا خالد لەم بەندەدا لە سەرەتای هۆنراوەکەیدا سەرەتا نیشانەکانی خوا دەخاتە بەرچاو و ئەوسا توانایی و هێزی خوای مەزن دەسەلمێنێ و دەڵێ: ئەی خوای تاق و تەنیا و گەورە، تۆ بیسەری ناڵەی بەیانیان و ئاگات لە خەم و پەژارەی خەڵک هەیە و هەر تۆ چەرخت لە بۆشاییدا هەڵواسیوە و دیارە نەزا و نەمر و بێ خەو و خۆراکی، نە کالایت و نە لەشی و نە گیانی و نە جەوهەریت، بەڵکو بەبێ چاو هەموو شتێک دەبینی و بەبێ گوێ هەموو شتێک دەبیسی و، لە هەموو ڕازێک ئاگەداری و بێ هاوتا و بێ هاوبەش و پاک و خاوێنی، هەر تۆ بەدڵان شادی و خۆشی دەبەخشی و، بەلەش و گیان هێز دەبەخشی و بەهیچێک نالەخشی و بەمانگ و بەخۆر تیشک دەبەخشی و لادەبەی لە ڕووی جیهان تاریکی و ڕەشی، شەو دێنیت و ڕۆژ دەبەی و ئاو و ئاور و با و خاک ئاوێتەی یەک دەکەی و هەور دێنیت و باران دەبارێنی، ماسی و مار و مێروولە بەرۆزی خۆت دەژێنی، ڕۆژی ڕووناک دەکەیتە شەو و شەو دەکەیتە ڕۆژ و گەدا دەکەیتە شا و شا دەکەیتە گەدا.

مەولانا خالد خوای مەزن و گەورەمان بەتەواوی پێ دەناسێنێ و ئەوەمان بۆ دەردەخا کە خوا زانا و دانا و توانا و زیندوو و بینا و بیسەرە و دیارە هەر کەسێک خوا بەتەواوی نەناسێ ناتوانێ بڕوایەکی پتەو و قایمی هەبێ. یەکێ لە نیشانەکانی خوا توانایيە و دیارە خوا بەسەر هەر کارێکدا توانایی هەیە. یەکێ لە نیشانەکانی توانایی خوا، خووخدە و



هەستی بنیادەمە کە بنیادەم بەرەو لای خوای تاق و تەنیا ڕێبەری دەکا کە ئەو بپەرستێ، بنیادەم لە کاتی سەختی و تەنگوچەڵەمەدا پەنا دەباتەبەر خوا و داوای یارمەتیی لێ دەکا.

خوا زانایە و ئەو هەموو شتێکی بەدی هێناوە و بەهەموو شتێک ئاگەدارە و هەموو شتێک لە ژێر دەسەڵاتی ئەوە. خوا بینایە و هەموو شتێک دەبینێ بەبێ ئەوەی چاوی هەبێ. خوا بیسەرە و هەموو شتێک دەبیسێ بەبێ ئەوەی گوێی هەبێ. خوا لەش نییە و جێ و شوێنێکی نییە و بێ نیازە و پێویستی بەهیچ شتێ نییە. هەروەها خوا نابینرێ، چونکە لەش نییە تا بنیادەم ئەو ببینێ، بەڵام خوا هەموو شت و هەموو کەسێک دەبینێ. قورئانی پیرۆز دەفەرمووێ: «لاتُدرِکُهُ الأَبصارُ وَهُوَ یُدرِكُ الأَبصارَ وَهو اللَّطیفُ الخَبیرُ». واتە: چاوان ناتوانن خوا ببینن، بەڵام ئەو چاوەکان دەبینێ و ئەو جوان و ئاگا و دانایە.

مەولانا خالد بۆ سەلماندنی توانایی و هێزی خوای مەزن بەڵگە دێنێ و گەلێ ڕووداوی مێژوویی و کارەساتی ڕۆژگار دەگێڕێتەوە پاش گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە مێژووییانە، لەگەڵ خوادا دەکەوێتە ڕاز و نیاز و دەڵێ:

ڕەهانەندەی نۆح جە تەوف تۆفان
خەڵاس کونەندەی یوسف جەزیندان
جە شەڕ فیرعەون مووسا نەجات دەر
ئاتەش پەی خەلیل وەگوڵستان کەر
هەمڕاز یوسف نە چاه کەنعان
ئەنیس یەعقووب نە بەیتولئەحزان
ڕەهبەر مووسا نە نارولشەجەر
بەدەم عیسا مەردە زیندەکەر
ناقە بەر ئاوەر جەسەنگ خارا
سکەندەر جا دەر وە تەخت دارا
کەرەم کەر جە لوتف بەمووسا عومران
بە یەد بەیزا موعجزەی عەیان
ڕووبایەندەی تاج جە فەرق شاهان
بەخشایەندەی جا وە ساحێو جاهان
(مفتاح الابواب) خەزانەی غەیبی
(مشکاه الظلام) بەزم لارەیبی

خالق الارواح فالق الاصباح
مفتاح النجاح مصباح الفلاح
گیرندەی بەهەشت جە دەست شەداد
بەرباد دە هەندەی قەوم عاد و باد
جا دەهەندەی جەم نە موغاك خاك
بەرارەندەی مار نە دۆش زوحاك
کەوکەبەی فیرعەون غەرق دەریاکەر
وە پەشەی زەعیف نمرود فەنادەر
نگوون کونەندەی چەتر فەرەیدوون
خەسرەو غەڵتان کەر نە گێجا و هوون
جام جەم جە دەست جەمشید بەرئاوەر
کەللەی کەیکاووس وە تووتیاکەر
بەهەم زەنەندەی سپای سەلم وتوور
بەرباد دەهەندەی ئەساسەی تەیموور
مەشاتەی توغرای زوڵف دێزلەیل
ڕەهنمای مەجنوون نە سەحرای دوجەیل
بەرەندەی خەزان، ئارندەی بەهار
ڕەنگرێز کالای گوڵان گوڵنار
پەی خەسرەو شیرین جە ئەرمەن ئاوەر
پەی شیرین فەرهاد وە بێستوون بەر
تەراز باڵای تووڵ نە چەمەن دان
عەبیر بێز زوڵف موشکین کەمەن دان
نەقاش چیهرەی گوڵان گوڵنار
نەغمە نەوای نەی بوڵبوڵان زار
سەفا دەهەندەی سینەی دەروێشان
عیلاج کونەندەی دەرد دڵڕێشان
مسکینان نەواز غەریبان یادکەر
بەندیان جەبەند میحنەت ئازاد کەر



قیبلەی عاشقان نە کەعبە و نەدەیر
گەردش دەهەندەی چەرخ سەبوک سەیر
پەرێ بێ کەسان تۆنی فەریادڕەس
باڵا دەس تۆ نییەن دەس کەس
هەم جە مەساجد، هەم جە بتخانان
مۆمن و کافر حەمدت مەوانان
مەبدەء ئیجاد کول کاینات
سزاوار حەمد مەوسوف و سیفات

واتە: ئەی خوای گەورە و گران! نۆحت لە تۆفان و یوسفت لە زیندان و مووسات لە دەستی فیرعەون ڕزگار کرد و، ئاگرت بۆ ئیبراهیمی خەلیل کردە گوڵستان و، لە چاڵەکەی کەنعاندا بوویتە هاوڕاز و هاودەمی یوسف و کاتێ کە یەعقووب لەناو خەم و پەژارەدا بوو، ئەوت ئارام دەکردەوە و، مووسات بۆ ئاگری دارەکە ڕێبەری کرد و، عیسا بەناوی تۆ مردووی زیندوو کردەوە و ساڵح بەناوی تۆ لە کێو وشتری مێی دەرهێنا و ئەسکەندەرت لە جێی دارا خستە سەر تەخت، تاج لەسەر شاکان لادەبەی و پلەوپایە بەخەڵک دەبەخشی و، تۆ گیانبەخش و چرای ڕزگاریت، بەهەشتت لە دەستی شەداد سەندەوە و، هۆزی عادت لەناوبرد و، جەمت خستە ژێر خاک و مارت لە سەر شانەکانی ئەژیدەهاک ڕواند و، فەڕ و شکۆی فیرعەونت لە ئاوی دەریادا نوقم کرد و بەمێشوولە نمروودت فەوتاند و فەرەیدوونت لەناوبرد و خەسرەوت لە ناو خوێندا تلانەوە و جامی جەمت لە دەستی جەمشید دەرهێنا و کەللەی کەیکاوست کردە کلەی چاو و، سپای سەلم و توور و تەخت و بەختی تەیموورت تیا برد و بوویتە ڕێ پیشاندەری مەجنوون لە دەشتی دوجەیلدا، پایز و خەزان دەبەی و بەهار دێنی و گوڵان دەڕوێنی و بۆ خەسرەو شیرین لە ئەرمەن دێنی و بۆ شیرین فەرهاد دەبەیتە بێستوون، بوڵبوڵان دەبەیتە سەر گوڵان، بۆ ئەوەی نەوا بخوێنن و دەردی دڵی بریندااران چارەسەر دەکەی و هەژاران یاد دەکەی و بەندییەکان لە بەند ئازاد دەکەی و هەر تۆ ڕووگەی گراوانی لە کەعبە و دەبردا، هەر تۆ چەرخ سووڕ دەدەی و دەیچەرخێنی، گەورەتر لە تۆ کەسێک نییە، لە مزگەوت و بتخانەدا، مۆمن و کافر کڕنۆشت بۆ دەبەن، هەر تۆ سەرچاوەی هەموو شتێکی و سزاواری پیاهەڵگوتن و کڕنۆشکردنی.

مەولانا خالد لە پاش ئەوەی نیشانەکانی خوا یەک یەک هەڵدەدا و باسیان دەکا و توانایی و گەورەیی و هێزی خوا بەپێی بەڵگە دەسەلمێنێ، ئەوسا دەکەوێتە ڕاز و نیاز و پاڕانەوە لەگەڵ خوای گەورە و گراندا دەڵێ:

یەڵڵا بەحەق زولجەلالیی وێت
بەزات و سیفات لایەزالیی وێت
بە موقەڕەبان بارەگای حەضرەت
بە پەردەداران سەریر وەحدەت
بە پەردە داران دیوان لاهووت
بەزکر و تەوحید جەرگەی مەلەکووت
بە عەرش و کورسی بەلەوح و قەڵەم
بە مەلائیکا خاسەی موحتەرەم
بە سۆز ئادەم بەدیدەی نەمین
ئەورۆ جە بەهشت کەفتە ڕووی زەمین
بە خەلاس نۆح جە تەوف طۆفان
بە شادیی خەلیل ڕۆی عەید قوربان
بە سدق هاروون بەقورب مووسا
بە پاکی مریەم بەتەقوای عیسا
بە ورد یوونس بەسەبر ئەییووب
بە حوسن یوسف بەزاریی یەعقووب
بەڕاستی هوود بەدۆستی ئیدریس
بە نەغمەی داوود بەناڵەی جرجیس
بە ئاوازەی بەرز زکر زەکەریا
ئەوڕۆگە نە جەوف شەجەر شەق کریا
بە ئیخلاس پاک سەید موختار
بە زۆر بازووی حەیدەر کەڕار
بە حەڵق تەشنەی حوسەین مەزلووم
بە ئەرواح پاک ئەئمەی مەعسووم
بە سدق و ڕاسی سەدیق ئەکرەم
بە دین دوروسیی فارووق ئەعزەم
بەبێ گوناهیی مەزلوومی عوسمان
بە شەهیدیی ئەو شاهێدەن قورئان



بە سوحوف و زبوور تەورات و ئنجیل
بە ئایەی قورئان ئاوەردەی جبریل
بە (اصحاب الکهف) خاو ئاڵوودەی غار
ئەمین بین جە مەکر تایفەی کوفار
بە (قطب الاخیار) بە(غوث الاعظم)
بە (رجال الغیب) ئەوتاد عالەم
بە (بیت المعمور مسجد الاقصی)
بە یەسرب زەمین بەئەرز بەتحا
بە شێخ بەسری بەشێخ بایەزید
بە سوڵتان حەبیب شێخ ئەبوو سەعید
بە هەفت ئەبدالان خاسەی کوردستان
بە چوار دەروێش ملک هیندوستان
بە (اصحاب البدر) کولل شەهیدان
بە گشت موریدان سەعادەت نیشان
بەسۆز سینەی سووتەی دەروونان
بە ئاو دیدەی دڵ پڕ جە هوونان
بە شەوبێداران عیبادەتخانە
بە حەق ئاشنا جە خەلق بێگانە
بە سیاپۆشان سەر حەڵقەی ماتەم
هووناو ئەسرین مەڕێزان نەچەم
بە خاک نشینان بادیەی پەستی
بە جورعە نۆشان بەزم سەرمەستی
بەقەدەح کێشان جورعەی سەبووحی
بە تۆبەکاران تۆبەی نەسووحی
بە یاهوو یاهووی ئەبەدالان بەر
بە ناڵەی پیران وادەی سوبح سەحەر
بە سەحەر خێزیی ساکنان دەیر
بە دوعای پیران عاقبەت بەخەیر

به قەلەندەران مەست مەیخانە
مەکێشان جە دڵ نەعرەی مەستانە
به عەشق مەردان سەرمەست مەدهۆش
به جام بادەی پیر مەی فرۆش
بەدوردی کەشان بەزم ئیرادەت
به گۆشە گیران کونج قەناعەت
به بانگ حوجاج بەئاو زەمزەم
به لەحن ئنجیل بەتەوف حەرەم
به تەئسیر سەوت قاری قورئانان
به سەد ناقووس ئاوای روهبانان
به سدق دەروون سۆفیان ساف
به زکر شێخان (جامع الاوصاف)
بەسەر گەشتەکان ڕەوای حرمانی
مەکەران نەدای حەق جان فشانی
به سەرگەردانی کەڵپۆس نەکۆڵان
نە بادیەی عەشق وێڵ وێڵ مەگێڵان
به کۆنە پۆشان کونج خەرابات
جە نیمەشەوان مەوازان حاجات
بەرەقس سوماع وەجد ئەهل حاڵ
مەوینان وە چەم جەمین ویساڵ
به حیکمەت وەنیان سرٍ ئیلاهی
جە ئەسرار غەیب مەدان گەواهی
به سەفای سینەی ساف دەروێشان
به سۆز دەروون یا هوو مەکێشان
به تۆبەکاران جە گشت ویەردە
بەبێ وەفاییی دنیا پەی بەردە
به عەدڵ شاهان ڕەعیەت پەروەر
کەس جە پەناشان نەدینش زەرەر



بەسەر ئاوێزیی بەڕەزای بەرزان
به لەرزەی ئەندام طوول شە تەرزان
به سەیل ئەسرین هەوران نەوەهار
به شوعلەی دەروون بەرق شەرەربار
بەگۆنای ڕەنگین گوڵان وەهار
به ناڵەی حەزین بولبولان زار
به داغ دەروون سپای گوڵاڵان
بێدیشان ماوان وینەی ئەبەداڵان
بەوەفای لەیلا بەعەشق مەجنوون
بەناڵەی کۆکەن نەپای بێستوون
به جلوەی بتان شۆخ مەه جەبین
مەنمانان جەماڵ جیهان ئافەرین
بەزکر و تەوحید مورغان یاهوو
مەوانان (یا من لیس الاهو)

واتە: خوایا سوێندم بەگەورەیی و مەزنیی تۆ و، سوێندم بەنزیکانی بارەگای پێغەمبەر و بەپەردە دارانی تەختی تۆ و بەو فریشتانەی کە شەو و ڕۆژ ناوت دەبەن، بەسۆزی دڵی ئادەم و فرمێسکی چاوانی، بەئەو ڕۆژە کە لە بەهەشتەوە دەرکرا و کەوتە ڕووی زەوی، بەڕزگاریی نۆح لە تۆفان و بەشادی و خۆشیی ئیبراهیمی خەلیل لە ڕۆژی قوربان‌دا، بەڕاستی هاروون و نزیکی مووسا و بەپاکیی مریەم و بەپارێزگاری عیسا، بەپاڕانەوەی یونس و بەئارامیەتیی ئەیووب و بەجوانیی یووسف و بەگریانی یەعقووب، بەڕاستیی هوود و بەدۆستیی ئیدریس، بەنەوای داوود و بەناڵەی جرجیس، بەئاوازی بەرزی پاڕانەوەی زەکەریا، بەو ڕۆژە وا لە نێوانی دارێک شەق کریا، بەپاکی و خاوێنیی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام و بەزۆری باهووی عەلی و بەتینوویەتیی حوسەینی ستەملێکراو و بەگیانی پاکی پێشەوایان و ئیمامانی خاوێن و بەڕاستی و دروستی ئەبووبەکری سدیق و بەدین دروستیی عومەری فارووق و بەبێ گوناهیی عوسمان کە قورئانی کۆ کردەوە و لە ڕێی قورئان‌دا شەهید بوو، بەسوجوف و زبوور و تەورات و ئنجیل و بەیارانی غار کە لە ئەشکەوت‌دا خەویان پیا کەوت و بەمزگەوتی ئەقسا و بەشاری مەدینە و سەرزەوینی بەتحا و بەشێخ بەسری و بەشێخ بایەزید و بەشێخ ئەبوو سەعید و بەحەوت ئەوداڵی تایبەتی کوردستان و بەچوار دەروێشی وڵاتی هیندوستان بەیارانی بەدر کە لە ڕێی خوادا کوژران، بەسۆزی سینەی دڵسووتاوان و

بەئاوی چاوانی ئەوانەی وا دڵیان پڕ خوێنە، بەشەو بێدارانی پەرستگاکان و بەرەشپۆشانی شین لە بەران کە خوێناوی فرمێسک لە چاویان دێ، بەخاکنشینانی دەشت و چۆڵ و نەوی، بەبادەنۆشانی هەمیشە سەر مەست، بەتۆبەکارانی دەمی بەیانی، بەیاهوو یاهووی ئەودالانی دەشت و بێدی، بەناڵەی پیرانی دەمی بەیانی، بەقەلەندەرانی مەستی مەیخانە، کە لە دڵەوە نەعرەی مەستانە دەکێشن، بەئەوینی پیاوانی سەرمەست و مەدهۆش، بەجامی بادەی پیری مەیفرۆش، بەئەوانەی وا گۆشەگیری دەکەن، بەئەوانەی وا بەئاواتی دڵیان دەگەن بەبانگی حاجییەکان و بەئاوی زەمزەم، بەنەوای ئنجیل و بەدەنگی قورئان خوێنان و بەدەنگی زەنگی کلیسا بەدڵی ڕوون و خاوێنی سۆفییەکان و بەپاڕانەوەی شێخەکان کە لە ڕێی خوادا گیانیان بەخت دەکەن، بەسەرگەردانی و دەربەدەریی کەڵپۆس لە کۆڵان کە لە دەشتی ئەویندا دەگەڕێن، بەکۆنەپۆشانی کونجی خانەقا، کە لە نیوەشەواندا خەریکی ڕاز و نیازن، بەسەمای سۆفییەکان کە بەچاو یاریان دەبینن و بەدیتنی یاریان شادمان دەبن، بەوانەی وا لە زانیاریی خواییدا شارەزان و بەڕازی خوایی شایەتی دەدەن بەڕوونی و خاوێنی سینگی دەروێشان کە لە دڵەوە ناوی خوا دەبەن، بەو تۆبەکارانەی کە لە هەموو شتێ چاو دەپۆشن و بۆ خوا تێ دەکۆشن، کە بەبێ ئەمەگیی جیهان پەی دەبەن، بەلافاوی فرمێسکی هەوران لە بەهاردا، بەشۆڵەی دەروونی هەورە برووسکە کە بەتاو دەبرووسکێنێ، بەگۆنای ڕەنگینی گوڵانی بەهار و بەناڵەی دڵتەزێنی بولبولانی زار، بەداخی دڵی سپای گوڵەکان، کە وەکو ئەبدالان لە دەشت و چۆڵدا دەژین، بەئەمەگی لەیلا بەئەوینی مەجنوون، بەناڵەی کۆکەن لە ناو کێوی بێستوون، بەجوانیی کیژانی شۆخوشەنگ، کە نوێنگەی جوانی جیهان ئافەرینن، بەپەلەوەرانی بەهەشت، کە هەر ناوی خوا دێنن و بەناوی ئەوەوە دەچریکێنن و دەڵێن: جگە لەو داهێنەرێ تر نییە و هەر ئەو خوای تاق و تەنیایە.

مەولانا خالد لە پاش ئەوە بەگەورەیی و مەزنی و بێ هاوتاییی خوا و بەخۆشەویستیی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام و یارەکانی و بنەماڵەکەی و هاوەڵانی و پێغەمبەرانی تری خوا و ئەویندارن و گراوان و دڵسووتاوان و خەمباران و ستەملێکراوان و شۆخوشەنگان و سروشتی جوانی جیهان، سوێند دەخوا، دەکەوێتە ڕاز و نیاز لەگەڵ خوادا و دەڵێ: خوایا قەسەمت دەدەم بەو کەسانەی کە ناویانم برد، هیوا و ئارەزووی دەروونم بەجێ بێنی و، لە دەرگات تکام ئەوەیە کە گوناه و تاوانی ئەم بەندە ڕووڕەشە ببەخشی، من کە سەردەستەی شەرمەزارانم و سەر تۆپی جەرگەی گوناهکارانم، بەجارێ لە دەریای گوناهدا گەوزاوم، چونکە فەرمانەکانی تۆم بەجێ نەهێنا، دیارە نادانیم کردووە و خۆتیش ئەمە دەزانی، ئەم جارە بمبوورە، چونکە گوناهم بێ ژمارە و، لە ئاگری دۆزەخ ڕزگارم بکە، ئەگەر



دەمسووتێنی و، ئەگەر گوناهم دەبەخشی، ئەوە بەدەستی خۆتە و خۆت دەزانی. خالد بێوەری نەکەی لە دەرگات و هیوام ئەوەیە بیبەخشی:

یا ڕەب جە دەرگات ئێدمەن ڕجا
ببەخشی گونای بەندەی ڕووسیا
من کە سەر حەڵقەی شەرمسارانم
سەر تەوق جەرگەی گوناکارانم
سەرتاپا غەریق بەحر عێسیانم
سووتەی نایرەی نار حرمانم
شەرت ئەمر تۆم وەجا ناوەردەن
جە تەکلیفاتم تەقسیرم کەردەن
هەرچی وێم کەردەن جە نافەرمانی
(استغفرالله، استغفرالله)
جورمم بێ حەدەن گونام بێ شمار
(ڕب نجنی من عذاب النار)
ئەر مەسووچێنم وەربەخشیم گونا
ڕەزا ڕەزای تۆن (الحکم للە)
بار عێسیانم کۆ کۆ بییەن جەم
(یا غافرالذنب اغفر لی وارحم)
نەکەری مەحرووم بەندەی ڕووسیا
بە (لاتقنطوا من رحمە اللە)
نیازم ئێدەن یا حەیی قەیووم
خالد جەدەرگات نەکەری مەحرووم

مەولانا خالد لەم هۆنراوانەیدا دیاردی دەکاتە سەر چەند ئایەتی قورئانی پیرۆز و، لەبەرئەوەی بڕوا و باوەڕێکی پتەوی ئاینیی بووە نائومێد نەبووە و وتوویە خوا هەر دەمبەخشێ و دیاردی کردووەتە ئایەتی: قُل یا عِبادِیَ الَّذینَ اسرَفوا عَلی أنفُسَهِم لا تَقنطوا مِن رَحمةِ اللَّهِ إنَ اللَّهَ یَغفُرُ الذُّنوبَ جَمیعاً، واتە: ئەی پێغەمبەر بڵێ بەبەندەکانم بەتایبەت ئەوانەی کە ژیانیان بۆ خۆیان بەخت کردووە، لە بەزەیی و بەخششی خوا بێ بەش نابن و خوا هەموو گوناهێک دەبەخشێ، جا مەولانا خالد دەڵێ: ئەی خوای گەورە و گران هەر

خۆت بەخشێنەر گوناهی و گوناه و تاوانم دەبەخشی و لە بەزەییی خۆت بێ بەشم ناکەی و دیارە لە دەرگات بێورەریم ناکەی و هەر دەمبووری.

سەرچاوەکان


١- دیوان فارسی و کردی مولانا خالد - باهتمام حاج محمود طالبانی- سنندج، ١٣٨٥ه.

٢- الشیخ معروف النودهی البرزنجی - تالیف محمد الخال - سلیمانیه، ١٩٦١.

٣- المجد التالد فی مناقب مولانا خالد - تالیف ابراهیم فصیح البغداد - استانه، ١٢٩٢.

٤- سل الحسام الهندی - تالیف شیخ محمدامین - دمشق، ١٣٠١ه.

٥- البهجه السنیه - تالیف محمد بن عبدالله الخانی - مصر، ١٣٠٣ه.

٦- الانوار القدسیه، تالیف محمد بن محمد الرخاوی - مصر، ١٣٤٤ه.

٧- چامەسرایان کرد - تالیف صدیق صفی زاده (بۆرەکەیی) چاپ نەکراوە.

٨- عەقیدەی کوردی - مەولانا خالد (دەستنووسە).

٩- دیوانی مەولانا خالید - ئەستەموولّ، ١٨٤٤.


## شێخ عوسمانی سیراجودینی

١٢٨٣-١١٩٥

ئەم زانا هەرە گەورەیە کە وەکو ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی کوردەواریدا درەوشاوەتەوە، ناوی عوسمان و کوڕی خالد و نازناوی سیراجودینە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١١٩٥ی کۆچی لە دێی تەوێڵەدا لە دایک بووە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و هەندێ پەڕاوی ڕێزمانی عەرەبی و ئاینیی خوێندوون و بۆ خوێندن زۆربەی ناوچەکانی هەورامان گەڕاوە، ماوەیەک لە بیارە بووە و ماوەیەکی زۆریش لە دێی خەرپانی خوێندوویەتی و چەند ساڵێکیش لە خورماڵ بووە و لە پاشا لە سلێمانی خوێندنەکەی تەواو کردووە و لەبەر ئەوەی ئارەزووی لە سۆفیەتی بووە، لەسەر ئەم ئارەزووە لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا چووەتە بەغدا و لە خوێندنگای گەیلانی دامەزراوە و لە پاشا هەر لە بەغدا بەخزمەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی گەیشتووە و ڕێ و ڕچەی نەقشبەندیی لەسەر دەستی ئەو وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی پەرەپێدانی ڕێ و ڕچەی نەقشبەندی و ڕێنوێنیی خەڵک بووە تا لە ساڵی ١٢٨٣ لە تەمەنی هەشتا و هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە نزیک خانەقاکەی خۆیەوە نێژراوە.

شێخ عوسمان لەگەڵ ئەوەی خەریکی پەرەپێدانی ڕێ و ڕچەی نەقشبەندی بووە و



ڕێنوێنیی موسڵمانانی کردووە، ئیتر نەیپەرژاوە پەڕاو دانێ، بەڵام گەلێ نامەی لە شوێن بەجێ ماون کە بەفارسی بۆ هاوەڵان و یاران و پیاوانی گەورەی ئەو دەورەی نووسیون و هەروەها هەندێ ڕاسپاردەشی بۆ پەیڕەوەکانی بەفارسی نووسیوە و لە هۆنینەوەی هۆنراوی فارسی و کوردیشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە. بەڵام ئێمە جگە لە دوو هۆنراوی کوردی نەبێ، ئیتر شوێنەوارێکی تری ئەم زانا گەورەمان دەست نەکەوت و، لەو هۆنراوانەوە وا دەردەکەوێ کە شێخ هۆنراوی زۆر بووە و ڕەنگە لە داهاتوودا بکەوێتە دەست. ئەمەش ئەو دوو هۆنراوەی کە بۆ مەولەویی تاوەگۆزیی نووسیوە و گلەی لێ کردووە بۆچی نامەی بۆ نانووسێ، وەکو دەڵێ:

یا کاغەز بڕیان، یا مەلا مەردەن  یا هەر عارتەن دۆس وەیاد کەردەن
غەمگین مەنیشە غەم بدەر وەباد  فەلەک نمازۆ کەس وە خاتر شاد

واتە: قاقەز بڕاوە و یا مەلا مردووە و، یا بۆت نەنگە کە دۆست یاد کەی و نامەی بۆ بنووسی. خەمگین دامەنیشە و خەم بدە بەبا، چونکە چەرخ ناهێڵێ کەس بەخۆشییەوە دانیشی.

سەرچاوەکان


١- یادی مەردان - مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس - بەغدا، ١٩٨٣.

٢- مێژووی ئەدەبی کوردی - عەلائەدین سەجادی - بەغدا، ١٩٥٢.

٣- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەشێخ عوسمان.


## میرزا مەحموودی زەنگەنە

١٢٩٥ - ٠٠٠٠

ئەم هۆنەرەمان ناوی مەحموود و کوڕی ئەحمەدی زەنگەنەیە و نازناوی فنوونییە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کەوتوونەتە دەستمان لە دێی قەیتوول لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا مامۆستای تایبەتی بۆ گیراوە و لەلای ئەو فێری زمان و وێژەی فارسی و عەرەبی بووە و پاشان چووەتە کەرکووک و لەوێدا ماوەیەک لەلای خزمەکانی ماوەتەوە و خەریکی خوێندن بووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی کاری کشتوکاڵ و میرزایەتی بووە، بەڵام ئەوەندە نەماوە و ڕۆیشتووەتە داوێنی کێوی ئومەر مل لە نزیکی کرماشان و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٩٥ی کۆچیدا جیهانی بەجێ هێشتووە و هەر لەوێشدا نێژراوە.

فنوونی بەیەکێ لە هۆنەرانی کورد دێتە ژمار و لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و بالای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. لە هۆنراوەکانی ئەم هۆنەرە هەر تەنیا پارچە هەڵبەستێکی کەوتووەتە دەستمان ئەویش لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازەدا چاپ کراوە. ئەمەش پارچە هەڵبەستەکەی کە دەڵێ:

هەردەم خەیاڵەن، هەردەم خەیاڵەن
پەژارەی لەیلم هەردەم خەیاڵەن
دڵ مایل وەشەوق شۆخ و نەوهاڵەن
حۆری لە قایی کەم سن و ساڵەن
دوودیدەش نەتەرح دیدەی غەزاڵەن
گۆنای گوڵ شێوەش ئامێتەی خاڵەن
تاتای کلافەی وێنەی پەڕداڵەن
گرێ بەند پێچ پای دەستماڵەن
کلافان ئاوێز سەحن جەماڵەن
جەماڵش گۆیای عەقڵ و کەماڵەن
لەب غونچەی گوڵان پای چەمچەماڵەن
سرشتەی قودرەت زات بێ زەواڵەن
سەرتاپای حوسنش یەکسەر جەماڵەن
لەی دونیا چون ئەوکەس تر مەحاڵەن
نە سەرسینەی صاف دوو لیمۆی کاڵەن
بالاچون عەرعەر پەنجەی شمشاڵەن
هەزار چون مەجنوون پەرێش عەوداڵەن
«فنوونی» نەوەسف زبانش لاڵەن

واتە: هەموو دەم هام لە بیری یارەکەمدا و شۆخوشەنگیی ئەو، کاری کردووەتە سەر دڵم و ئەو یارە پەریزادەیەکی کەم ساڵە و چاوەکانی وەکو چاوی ئاسک وایە و گۆنا و کوڵمەی وەکو گوڵە و ئاوێتەی خاڵەکانی بووە و پەلکەکانی بەسەر گۆنایا شۆڕ کردووەتەوە و شەدەی لار ناوە و جوانییەکەی ئاوەز و هۆش لە مرۆ دەستێنێ و لێوی دەڵێی گوڵی داوێنی کێوەکانی چەمچەماڵە و خوا سروشتی کردووە، ئەو لە جوانیدا لەم جیهانە بێ وێنەیە و



لەسەر سینگییەوە دوو لیمۆی کاڵ هەڵواسراون و بالای وەکو عەرعەر و پەنجەی شمشاڵە و هەزار کەس وەکو مەجنوون بۆ ئەو عەبداڵە و «فنوونی» لە ستایشی زمانی لاڵە.

سەرچاوەکان
١– دەنگی گێتی تازە – ژمارە ١١، ساڵی ١٩٤٦.
٢– یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمیرزا مەحموودی زەنگەنە.

## مەلا نۆشای زەنگەنە

١٢٠٠–١٢٥٠

ئەم هۆنەرەمان ناوی نۆشا و کوڕی ویشتاسپی زەنگەنەیە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٠٠ی کۆچی لە دێی گوڵباغ لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و بۆ خوێندن زۆربەی ناوچەکانی مەلایر و دینەوەر و کرماشان گەڕاوە و سەرەنجام لە شاری نەجەف ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٥٠ی کۆچی لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە. مامۆستا سەید حوسەین حوزنی موکریانی لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا سەبارەت بەمەلا نۆشا دەڵێ: مەلا نۆشا لە بنەڕەتا خەڵکی گوڵباغی کوردستانی عێراق بووە و لە هۆزی زەنگەنەیە و تا نیوەی سەدەی سێزدەمی کۆچی ژیاوە و چەند هۆنراوێکیشی بەناوی داری جەنگەڵ لەوەوە هێناوەتەوە کە ئەم هۆنراوانە بەشێکن لە چەکامە بەناوبانگەکەی میرزا شەفیع بەناوی درەختنامە.

کاک ئەسفەندیاری غەزەنفەری لە پەڕاوی گوڵزاری وێژەی لوڕستاندا دەڵێ: مەلا نۆشا یەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی لوڕستانە و لە نەوەی سەی ئەبوولوەفای شارەزوورییە و لە دەوری نادرشای هەوشار (١١٤٨ – ١١٦٠ی کۆچی)دا ژیاوە، وەکو خۆی دەڵێ:

ئیسا یە دەور نادر سوڵتانەن　　مەردوم ژ جەورش بێزار ژگیانەن
جیهان ئاشووبەن، دنیا دەرهەمەن　　خاتر حەزینەن، ئاسایش کەمەن
ڕەعیەت فیرارەن، خەلق خوڵقش تەنگەن　　ئیقباڵ ئەولاد شا سەفی لەنگەن
ئیسە من یە حاڵ یە ئەحواڵمەن　　یەرەنج بەردەی چەندین ساڵمەن

واتە: ئەمە دەوری نادرشایە و خەڵک لە ستەمی ئەو لە گیانی خۆیان بێزارن و جیهان ئاژاوەی تێ کەوتووە و بەجارێ تێک چووە و دڵ پڕ لە خەم و پەژارەیە و هێمنی لەناو وڵاتدا

نییه، خەڵک لە ترسا هەڵدێ و هەموو پەرێشانن و بەختی نەوەی شا سەفی ڕەش بووە و منیش ئەمە حاڵمە و چەندین ساڵە ڕەنج و ئەرک دەکێشم.

کاک ئێسفەندیار هەروەها دەڵێ: مەلا نۆشایەکی تر هەبووە کە نەوەی مەلا نۆشای یەکەمە و لە دەوری قاجارییەکاندا ژیاوە و ئەویش هۆنەربووە و گەلێ هۆنراوی بەزاراوەی لەکی لە شوێن بەجێ ماون.

لە هەندێ زانای لوڕستانیشم پرسی، ئەوانیش وتیان مەلا نۆشا دوو کەس بوونە و هەردووکیان هۆنراویان زۆرنە و مەلا نۆشای دووەم لە دەوری فەتالی شای قاجار (١٢١١–١٢٥٠ی کۆچی)دا ژیاوە و ئیتر لە کوێدا بووە و لە کوێدا مردووە کەس شتێکی لێ نازانێ.

خواوڕاسان لەم دواییيە بەیازێکی کۆنمان کەوتە دەست کە زۆربەی هۆنراوەکانی مەلا نۆشا و تورکەمیر و ئەڵماس خان و هەندێ هۆنەری تری تێدابوو لە پەراوێزی هەر هۆنراوێکدا کورتە باسێکی ئەو هۆنەرانە لەگەڵ مێژووی ژیان و مردنیان نووسرابوو و بەم چەشنە ئیتر هیچ شکێکمان بۆ نامێنێ کە مەلا نۆشا لە ناوەڕاستی سەدەی سێزدەمی کۆچیدا ژیاوە.

مەلا نۆشا لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

جەم جا هیچ و پووچ، جەم جا هیچ و پووچ
دەوڵەت شاهان جەم جا هیچ و پووچ
ڕەونەق حووران زێبا هیچ و پووچ
هەرجا مەنوورم یەکجا هیچ و پووچ
دەشت و راغ و باغ، سەحرا هیچ و پووچ
عاقبەت تەلسم دنیا هیچ و پووچ

***

ئەگەر جاهل بی سەرمەست بادە
کەمەر بەربەستە ئەبرۆ گوشادە
حوسن یوسفیچ خودا پێت دادە
هامڕازت جن بۆ یا پەریزادە
مەنگۆڵەی موشکین ڕەزا هیچ و پووچ
عاقبەت تەلسم دنیا هیچ و پووچ

***



ئەر شا بی وێنەی شا تەیموور لەنگ
ئەگەر ڕوستەم بی لە مەیدان جەنگ
ئەگەر چی فەرهاد نەبەرد وست ئەو سەنگ
سەر ئەنجام گۆڕەن سەرای تارو تەنگ
شیرینیی شیرین شەیدا هیچ و پووچ
عاقبەت تەلسم دنیا هیچ و پووچ

***

ئەگەر گەدابی وێڵ و دەربەدەر
بەتاڵ و بەدحاڵ کۆنەشاڵ نەوەر
ئەڵحاپەی لوقمەی کۆچ و کوڵفەت دەر
حەق پێت نەدادە کاڵای سیم و زەر
موفلس و مونعم، گەدا هیچ و پووچ
عاقبەت تەلسم دنیا هیچ و پووچ

***

ئەگەر ماڵدار بی، مەتای فراوان
بوەخشی دینار، دەرهەم وەدامان
هەرجا نازارێ بوەرن وە باوان
پەردەنشین بۆجەی بارگە و لاوان
چون مەردەن ئاماکول دا هیچ و پووچ
عاقبەت تەلسم دنیا هیچ و پووچ

***

ئەرچی فەرمەرز سپای دەشت رەی
ئەو گورز و گۆپاڵ دەست و بازوونەی
هام بەزم و هام ڕەزم شاهان کەی کەی
هەرجار بنۆشی جام و بادە و مەی
سەهم و سەفاکی و سپا هیچ و پووچ
عاقبەت تەلسم دنیا هیچ و پووچ

***

نۆشاد شاد مەبە وەی دنیای فانی
دەور میماندارەن تۆ چی میهمانی
بگوزەر ژ ئەغوای شووم شەیطانی
تا بنما وەنەت ڕاگەی زنگانی
وەرنە فەوت و مەوت دنیا هیچ و پووچ
عاقبەت تەلسم دنیا هیچ و پووچ

واتە: پلەوپایەی پاشایان و جەمشید هیچ و پووچە، هەروەها جوانیی جوانان و پەری پەیکەران و ڕواندن بەباغ و دەشت هیچ و پووچە و ژیان خەون و خەیاڵە، ئەگەر سەرخۆشی بادە بێ و وەکو یووسف جوان و ڕواڵ بێ و خاوەن زێڕ و زێو بی، ژیانی جیهان هەر هیچ و پووچە. ئەگەر وەکو میر تەیموور پاشایەتی بکەن و وەکو ڕۆستەم لە مەیدانی شەڕدا بی و، یا وەکو فەرهاد خەریکی تاشینی بەرد بی، سەرەنجام دەمری و دەچیتە ناو گۆڕ و، شیرینیی شیرین بێ هوودەیە و جیهان هیچ و پووچە. ئەگەر هەژارێکی ئاوارە و دەربەدەر بی و بۆ ماڵ و مناڵت خەریکی سواڵکردن بی و خوا سامان و دارایی پێت نەدابێ، سەرەنجام هەر دەمری و جیهان هیچ و پووچە و، یا ئەگەر خاوەن سامان و دارایی بی و بەخەروار زێو و زێڕ ببەخشی و، لەگەڵ نازاراندا بچیتە ناو پەردەوە و دانیشی، سەرەنجام مەرگ دێتەلات و دەمری و جیهان هیچ و پووچە. ئەگەر وەکو فلامەرز لەشکر ببەیتە دەشت و دەر و گورز و گۆپاڵ بگریتە دەست و شەڕ بکەی و، یا هاوبەزم و هاوڕەزمی پادشاکان بی و هەموو دەم بادە بنۆشی بۆ دەبدەبەی ژیان تێ کۆشی، سەرەنجام مەرگ دەبێتە میوانت و جیهان هیچ و پووچە. ئەی نۆشا دەسا دەسخەرۆی ئەم جیهانە مەبە، چونکە چەند ڕۆژێک مێوانی ئەوی و لە فریوی ئەهریمەن خۆت بپارێزە، تا ڕێی ژیانت پێ پیشان دەم، ئەگینا مەرگ هەر دەبێتە مێوانت و جیهان هیچ و پووچە.

مەلا نۆشا لە پارچە هەڵبەستێکی تردا دەکەوێتە ستایشی دڵدارەکەی و بەم جۆرە پێیدا هەڵدەڵێ و دەڵێ:

گێسوو کەلاغێ، گێسوو کەلاغێ
سەوزەی چاو سیا، گێسوو کەلاغێ
چاو، ئەبرۆ سیا چەنی زوڵف زاغێ
زاغی تەڕ ژ تەرز میل کاراغێ
زوڵفانش پڕ مەوج، ئەبرۆ پەیوەستە
بژانگش چون تیر ژ کەمان جەستە



ئەبرۆان سیا، شۆڕ چاو سیا
وەو نێش بژانگ خەدەنگ و سیا
سەرپەنجە گولێ، دوگمەی خەم گوڵی
بۆسەگا گولی، خالان فلفلی
لەو گۆناکوڵی، حوقەی ناف گوڵی
تەن وە تای حەریر زەڕین باف گوڵی
پشت کۆتا، پابەرز، قەدەباریک دەم تەنگ
نیم نیگاش مەرباز شەیدای شۆخوشەنگ
خەرامان ڕەوش ئاهووی خوتەنی
تەن و تۆژ چینی سەوز چەمەنی
شێوەی سەوزەداشت، سەوزە شێوەبی
ئەو سەوزە چەن کەس پەرێش لێوەبی

واتە: یارە خۆشەویستەکەم پەلکەکانی ڕەشە و چاوەکانی مەستە و ئەبرۆکانی پەیوەستە و برژانگەکانی وەکو تیر بۆمن ڕاوەستاون، سەر پەنجەکانی وەکو گوڵە و خاڵەکانی وەکو بیبار وایە بۆ دڵ، لێوی گوڵە و لەشی نەرم و سپییە و باڵای بەرزە و دەمی تەنگە و زۆر شۆخوشەنگ و جوانە و شێوەی سەوزەیە و چەن کەس تا ئێستا وەکو من بۆ ئەو شێت و لێوە بووە و دڵی خۆی لە دەست داوە و ئاوارەی هەرد و کێو بووە.

هۆنراوەکانی مەلا نۆشا بەداخەوە تا ئێستا کۆ نەکراونەتەوە و کەسیش بایەخی پێ نەداون و هەندێکیان هەروا لەناو بەیاز و کەشکۆڵەکاندا نووسراون.

سەرچاوەکان


١– گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) – ژمارە ٥ ساڵی ١٩٤٦.
٢– گلزار ادب لرستان، تالیف اسفندیار غضنفری – تهران، ١٣٦٤.
٣– بەیازێکی کۆن کە لە ساڵی ١٢٦٢ی کۆچیدا نووسراوە.

## (نالی)ی شارەزووری

۱۲۱۲-۱۲۹۵



نالی یەکێ لەو ئەستێرە هەرە گەشانەیە کە لە ئاسمانی وێژەی کوردەواریدا هەتا هەتایە دەدرەوشێتەوە. ئەم هۆنەرە پایەبەرزە ناوی خدر و کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی میکایلییە. ساڵی لەدایکبوون و مردنی ناڵی بەتەواوی نازانرێ و زۆر تاریکە و هەر کە قسەیەکی لێوە کردووە، ئێمەش ئەو قسانە لێرەدا دێنین و لە پاشا زانیاری خۆیشمان باس دەکەین تا ڕاستییەکەمان بەتەواوی بۆ دەرکەوێ.

مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی بەگ لە پەڕاوی (کورتەی مێژووی کورد و کوردستان) لە لاپەڕەی ۳۵۸دا دەڵێ: نالی لە ساڵی ۱۲۱۵ی کۆچی لە دێی خاک و خۆڵدا لە دایک بووە و لە ساڵی ۱۲۷۳دا کۆچی دوایی کردووە. مامۆستا عەلائەدین سەجادیش لە پەڕاوی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا دەڵێ: نالی لە ساڵی ۱۲۱۷ پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و لە ساڵی ۱۲۷۵دا مردووە. دوکتۆر مارف خەزنەدار لە سەرەتای دیوانەکەی نالیدا دەڵێ: نالی لە ساڵی ۱۲۲۰ی کۆچی چاوی لە جیهاندا کردووەتەوە و لە ساڵی ۱۲۷٦دا ماڵئاوایی لە جیهان خواستووە.

مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم لە پەڕاوی (لە پێناوی نالی)دا نووسیویە: ئەوانەی وا بەسەرهاتی نالییان نووسیوە، هیچ سەرچاوەیەکیان بۆ ئەو مێژووەی کە بۆ نالی دایان ناوە، دیاری نەکردووە و، ئەوەی ئاوەز پیشانی دەدا ئەوەیە کە تا ئێستا کەسێک نییە لەم جیهانەدا بتوانێ بڵێ نالی کەی لە دایک بووە، ئەوەش تەنیا لەبەرئەوە کە نالی میکایلی بووە و کوڕە وەرزێرێکی شارەزوور بووە و لەو دەورەشدا لە شارەزووردا بەدەگمەن نەبێ خوێندەوارێکیان تیا هەڵنەکەوتووە. کەوابوو ئیتر کێ مێژووی ساڵی لەدایکبوونی نالی نووسیوە؟ مردنیشی هەر هەمان دەستوور.

مامۆستا مەسعوود محەمەد لە وتاری (چەپکێک لە گوڵزاری نالی) کە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورددا چاپ کراوە دەڵێ: حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە گێڕاویەتەوە کە لە ساڵی ۱۲۸۸ی کۆچی مامۆستا نالیی لە مەککەدا دیوە کە زۆر پیر بووە و ڕەنگە لە هەشتا ساڵیدا بووبێ.



لە بەیازێکی کۆندا کە لەم دواییەدا کەوتە دەستمان، مێژووی لەدایکبوون و مردنی هەندێ لە هۆنەرانی کورد وەکو: یوسف ئاسکە و فەقێ حەسەنی بانەیی و نالی و مەستوورەی کوردستانی لەگەڵ هەندێ لە هۆنراوە کوردییەکانی ئەو هۆنەرانەی تێدا تۆمار کرابوون کە لەو بەیازەدا نووسراوە نالی لە ساڵی ۱۲۱۲دا لە دایک بووە و لە ساڵی ۱۲۹٥دا مردووە.

کەوابوو نالی لە ساڵی ۱۲۹٥ی کۆچی لە تەمەنی ۸۳ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و ئەمەش جێی متمانەیە و باوەڕی پێ دەکرێ، چونکە گەلێ بەڵگەش لە هۆنراوەکانی نالیدا هەیە کە ئەوەمان پێ دەسەلمێنن کە نالی زۆر پیر بووە و مردووە. وەکو لەم پارچە هەڵبەستەیدا دیاردی بەقژی سپی و چاوی کزی خۆی دەکا کە بەهۆی تێپەڕینی تەمەنیەوە وای لێهاتووە وەکو دەڵێ:

مووی سپی کردم بەشوشتن ئاوی عەینی شۆرە شەط
شۆرە شەط یەعنێ کە تێدا خۆ بەخۆ قەل بوو بەبەط
هەڵگڕا، وەک مۆمی کافووری بەشەودا، موو بەمووم
وا سیا ڕوو بوو بەخوێنم نوقطە نوقطە، خەط بەخەط
من دەڵێم شەو بوو بەڕۆژ، نەفسم دەڵێ ڕۆژ بوو بەشەو
ئەو موسیبە، چونکە چاوی پێ سپی بوو، من غەڵەط
ڕەوغەنی دیدە ڕژایە سەر کیتابی خەططی خۆم
چاو لە ئێشی ئەو سپی، نووریش بەسەر ئەودا سەقەط
سەرد و گەرمە ئاهەکەم سەوزەگیای کردم بەپووش
پایزی ڕوو بوو بەبوردی سوور و زەردی موختەلیط
وەجهەکەم ئیسمی بەیاض ئەمما وەرەق زەرد و سیا
با موخەططەط بێ بەکافووری کەشیدەی خۆش نەمەط
چونکە لەوحی ڕوو سیەه، ڕوو زەردی بێ، تەزیینی یە
خوێنی چاوم جەدوەلی بێ، قەطرەکانیشی نوقەط
نەقشی دوو موویی بەدەوری ڕوو، دەبێتە عەیبی شەیب
ئایەنەی ڕووپاکییە، ڕووناکییە، نوور و، شەمەط
یا گەدایەکە غەنی یا پادشاهێکە فەقیر
لەم دووە، خاڵی نییە (نالی) لە ڕووی حەددی وەسەط

واتە: فرمێسکی سوێری چاوم هاتووە بەسەر مووی ڕەشی ڕوومەتما، هەمووی وەکو قەلەڕەشەیی کە بکەوێتە ناو خوێڵێنەوە کردووە بەقازی سپی، مووی ڕەشم وەکو شەو ڕەش بوو کەچی ئێستاکە وەکو ڕۆژ سپی بووە، من بەنەوسی تەماکار و سەرکێشی خۆم دەڵێم بەسیەتی هەوا و هەوەس، ئەوا مووی ڕەشم سپی بوو، کاتی پیری هاتە پێشەوە. بەڵام ئەو لەبەر ئەوەی کە کوێرایی داهاتووە جگە لە ڕەشی شتێ تر نابینێ، لە وەڵاما دەڵێ: نەخێر وا نییە، مووی سپیت هەڵگەڕاوە بەڕەشی. خوێنی چاوم لەباتی فرمێسک بەسەر خەتی ڕوومەتما ڕژاوە، ئینجا چاوم لەبەر ئێشی ڕژانی ئەو خوێنە بینایی لە دەست داوە و سۆمای چاوم لەو ڕەشییە کار ناکا تا بیبینێ کە واتە چاوم بەجارێ کز و کوێر بووە. هەروەها کە لە پایزدا ڕەنگی گەڵای دارەکان زەرد و سوور هەڵدەگەڕێ، پایزی پیریش پارچەی ڕووی منی بەخوێنی فرمێسک و زەردیی ڕوخسار ڕەنگ کردووە. واتە وەکو بوردی یەمانی زەرد و سووری لێ هاتووە. ڕوخسارم با وەکو لە ڕواڵەتا سپییە، بەڵام بەگەڵای زەردی ڕەنگ و ڕەشی خوێن داپۆشراوە و، مووی سپیشم کە وەکو کافوورە، بۆ جوانیی خەت خەتی کردووە، تابلۆی ڕووڕەشی ئەگەر زەردیی پێوەبێ، دەبێتە هۆی جوانی و ڕازاوەیی. مووی ڕوخسار ئەگەر ماش و برنج بێ، دوو ڕوویی و دوو ڕەنگی پیری دەگەیەنێ، چونکە سپییەتیی تەواو دەبێ بەئاوێنەی ڕووپاکی و، ماش و برنجیش دەبێتە ئاوێنەی ڕووناکی.

نالی بەپێی ئەو بەڵگانەی کە باسمان لێوە کرد، لە ساڵی ١٢١٢ی کۆچی لە دێی خاک و خۆڵ کە کەوتووەتە دەشتی شارەزوور، پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و ڕێزمانی عەرەبی و پەڕاوە وردەڵەکانی فارسی و قورئانی پیرۆزی خوێندووە و پاشان ڕۆیشتووەتە فەقێیەتی و زۆربەی شارەکان و دێکانی کوردستان وەکو: سنە و سابڵاخ و هەڵەبجە و سلێمانی گەڕاوە و، لەبەر ئەوەی مەڵبەندی قەرەداغ لەو سەردەمەدا کانگای زانست و خوێندەواری بووە و، زانا هەرە گەورەکانی کوردستان لەوێدا خەریکی خوێندنی فقهی ئیسلامی بووە، پاشان بۆ جاری دووەم ڕووی کردووەتە سلێمانی و لە لای مەلا عەبدوڵڵا ڕەشدا خەریکی خوێندن بووە و لە لای مەلا عەبدوڵڵای خەرپانییش ماوەیەک بۆ خوێندن ماوەتەوە تا بووە بەمەلا و زانایەکی باش و ودمی زانستیی ئەو سەردەمەی وەرگرتووە و پاش ئەوە خەریکی وانە وتنەوە و ڕێنموونیی خەڵک بووە.

نالی سەودای دیتنی ماڵی خوا دەکەوێتە سەری و سلێمانی بەجێ دێڵێ و دەچێ بۆ حەج و کە حەج دەکا دەگەڕێتەوە بۆ شام و چەند ساڵێک لەناو کوردەکانی شامدا ژیان دەباتە سەر و ئەوسا ڕوو دەکاتە شاری ئەستەموڵ و لەوێدا چاوی دەکەوێتە ئەحمەد پاشای بابان



و ئەحمەد پاشاش لە کاری دەوڵەتی ئەو سەردەمەدا دای دەمەزرێنێ و ئیتر پاشماوەی ژیانی هەر لەوێدا دەباتە سەر تا لە ساڵی ١٢٩٥ی کۆچی لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا بادەی مەرگ لە مەیگێڕی ئاکام وەردەگرێ و دەیخواتەوە و کوردەکان تەرمەکەی لە گۆڕستانی ئەبوو ئەیووبی ئەنساریدا دەنێژن.

هۆی هەڵقوڵینی هۆنراوی نالی وەکو هەندێک دەم بەدەم گێڕاویانەتەوە، ئەوە بووە کە کاتێ لە قەرەداخدا بەفەقێیەتی دەیخوێند، کچێکی شۆخوشەنگ بەناوی حەبیبە هەست و ئاوەزی لێ دەستێنێ و دەیخاتە ناو هۆنەریەتییەوە، هەر وەکو دەڵێن: نالی لە پاش ماوەیەک کە گراو و سەوداسەری ئەو کچە شۆخوشەنگە بووە، دەیخوازێ و دەبێتە هاوسەری ژیانی، بەڵام لە هۆنراوەکانی نالیدا وا دەردەکەوێ کە حەبیبە بۆ ماوەیەک لەگەڵ ئەودا ژیاوە و پاشان مردووە، نالییش هەر لەبەر ئەوە بوو کە مەڵبەندی بەجێ هێشتووە و ئیتر ڕووی نەکردووەتە زێدەکەی خۆی و لە وڵاتی بێگانانداا جیهانی بەجێ هێشتووە.

نالی یەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کوردە و، هۆنراوەکانی گەلێ پاراو و ناسک و شیرین و ڕەوانن و، هۆنراوەکانی دەکرێنە سێ بەشەوە: دڵداری، خواناسی، نیشتمانی، لە هۆنراوە دڵدارییەکاندا ئەوەمان دەکەوێتە پێش چاو کە مامۆستا نالی ناوەڕۆکێ بهێنێ هۆنرانی تر نەیانهێنابێ و، هەر وەهاش ئەو ناوەڕۆکانە زۆرتر لە قاڵبی هۆنراودا جێ بکاتەوە. بەجۆرێ تر بڵێین، مامۆستا نالی ویستوویە هۆنراوەکانی لە جل و بەرگی هۆنراوی کۆن ڕووت بکاتەوە، بەڵام لەبەر ئەوە لای وابووە، دوور کەوتنەوە لە ڕێ و ڕەوشتی هۆنەرەکان، واتە ئەو هۆنەرانە کە بەچەشنی کۆن هۆنراویان هۆنیوەتەوە، دەبێتە هۆی بێ بایی بوونی هۆنراوەکانی، ئەوەبوو کە نەیتوانیوە بەتەواوی لە ڕێ و ڕەوشتی ئەوان لابدا، تەنیا ئەوەی پێ کراوە کە هەندێ جار مەبەستی قووڵتر و وردتر لە هۆنراوەکانیدا بهێنێتە دی.

نالی لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی باڵای هەبووە و لە هەموو جۆرە هونەرێکی هۆنراودا شارەزاییی بووە و، دەریای بیروردی و کەڵکەڵەی ئەو سنوورێکی بۆ نەبووە و بەهەر جۆر کە ویستبێتی هۆنراوی هۆنیوەتەوە، بەڕاستی هۆنراوەکانی ئەو لە وێژەی کوردیدا ڕێکوپێک و بێ هاوتایە. مامۆستا نالی خۆی لە پارچە هەڵبەستێکدا ئەو مەبەستەمان بۆ دەردەخا وەکو دەڵێ:

بوڵبوڵی طەبعم ئەوا دیسان ثەنا خوانی دەکا
نوکتە سەنجی، بەذلەگۆیی، گەوهەر ئەفشانی دەکا
خود پەسەندی بێ، یەقین ئیظهاری نادانی دەکا
خەرقە پۆشی کەی دەپۆشی جەوهەری ذاتی ئەحەق؟

بینینی جیلوەی برشتی خۆی بەعوریانی دەکا
ضابیطەی طەبعم سووارە، ئیددعای شاهی هەیە
موحتەشەم دێوانە، داوای تەختی خاقانی دەکا
شاهیدی فیکرم کە بێتە جیلوەگاهی دڵبەری
شاه خەسرەو، ڕۆحی شیرینی بەقوربانی دەکا
نووکی خامەی من کە بێتە مەعنی ئارایی کەماڵ
خەط بەخەط ئیظهاری نەقشی صوورەتی مانی دەکا
ئیستیطاعە و قووەتی طەبعم بەکوردی و فارسی
عارەبی، ئیظهاری چالاکی و چەسبانی دەکا
خاطرێکی شۆخ و خۆش و بێ غەم و جەمعم هەبوو
ئێستە بۆ زوڵفی کەسێ مەشقی پەرێشانی دەکا
هودهودی دڵ حەبسی بەڵقیسی سەبای دیوە، یەقین
خۆی کە دامێنگیری شاهی ئاصەفی ثانی دەکا
ئەو کەسە تەحدیثی نیعمەت بێ موراد و مەطڵەبی
میثلی (نالی) ئیمتثالی ئەمری یەزدانی دەکا

واتە: بوڵبوڵی مرخی مە ئەوا خەریکی پیاهەڵگوتن و ستایشە و هۆنراوەکانم هەموویان ڕێکوپێک و پڕ مانا و ڕازاوە بەهونەری هۆنراوە و بۆ ئەوە دەشێن کە هەموو زانیار و هۆنەرێک بەوردی لێیان بکۆڵێتەوە و کەڵکی وێژەییان لێ وەرگرێ و، مەبەستی من ئەوە نییە کە لە خۆمەوە تاریف بکەم و خۆم هەڵکێشم چونکە: هۆنەر بۆ پاڵپێوەنانی ئەو قسەی خۆیە، بەڵگە دەهێنێتەوە نوێنگەیێ لە ڕچە و ڕەوشتەکانی خواناسیی ڕاستەقینە دەردەخا، ئەو پیاوە خواناسە ڕاستەقینانە کە بەجلوبەرگی پارێزگاری و دووری لە دووڕوویی و نالەباری چاکە گەورەی خۆیان داپۆشیوە، هیچ کاتێ لە کۆمەڵا ناشارێنەوە، چونکە جەوهەر و شیاوی بەهەق لە ژێر هەر جلوبەرگێکدا بێت، خۆی دەنوێنێ و دەردەکەوێت، ئیتر پێویستی بەوە نییە کە بۆ بینینی جەوهەر و برشتی چاکە، جلوبەرگی پارێزگاری و دووری لە خراپە لەبەر داکەنێ و بەزمانی خۆی هاوار بکا و، لەو خووە چاکانە خۆی ڕووت بکاتەوە، بۆ ئەوەی خۆی بەخەڵک پیشان بدات. جەوهەری مرخی من ناتوانێ خۆی ڕاگرێ و لێهاتن و شیاوی خۆی دەرنەخا، بەڕاستی شتێکی زۆر سەیرە ئەوی کە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارە، لە منێکی گراو و شەیدا، پلەوپایەی پاشایەتیی دەوێ «نووکی پێنووسی من کە بێتە نووسین، وەکو مانی خۆی دەنوێنێ و هێزی مرخم بەکوردی و فارسی و عەرەبی خۆی دەردەخا و،



ئەو پلەوپایە بەرزە بەنرخە کە من لە هۆنراو و هۆنەریدا دەستم کەوتبوو کە دڵمی پڕ کرد لە شایی و خۆشی، بەداخەوە ئێستا پەرێشان و پەشێواوی داوی زوڵفێکی پەرێشانە و، هەروەهاش ئێستا: با وەکو، دەرد و ڕەنجی شەیدایی هەموو شتێکی لە بیرم بردووەتەوە، بەڵام من هەرگیز ئەو بەخششە، کە خوا بەمنی داوە، نایخەمە پشتگوێ و بەپێی ئایەتی: «فَأَمَّ بِنِعمةِ رَبِّك فَحَدِّث» دەڵێم: ئەو کەسە بەخششی خوا بخاتە بەرچاو، وەکو (نالی) فەرمانی خوا بەڕێوە دەبا.

مامۆستا نالی لە باسی دڵبەریدا سەردەکەوی و ناوبانگی وردەکاریی ئەو لە هەموو شوێنێکدا دەنگ دەداتەوە. لەم پارچە هەڵبەستەی خوارەوەی دوو نوێنگەی جوان لە یارە خۆشەویستەکەیەوە پیشان دەدا و بەچەشنێکی بێ وێنە، خۆشەویستەکەی لەو دوو نوێنگەیەدا دەخاتە پێش چاو و دەڵێ:

گەر بێیتە دەرێ، سەروی ڕەوانی لە ئیرەمدا
گەر نێیتە دەرێ، ئاهووی چینی لە حەرەمدا
عیشقت لە دڵ و دیدەیی پڕ ئەشک و ئەلەمدا
گونجایش و تەسکینی نییە، زۆرە لە کەمدا
بێ فاییدە بوو، لافی دەمت، غونچە لە دەمیا
باخوستی بڕی خستی وستێکی لە دەمدا
دڵ موضمەحیلی دەردە، وەکو دیدە لە نەمدا
حەیران و پەرێشانە، وەکوو قەطرە لەیەمدا
(نالی) و مەثەلی حاڵی لە ئەشکەنجەیی غەمدا
وەک ناڵە لە نەیدا وەکو نالە لە قەڵەمدا

نالی لەم پارچە هەڵبەستەدا بەدڵبەرەکەیدا هەڵدەڵێ و لە دوو قۆناخدا ستایشی یارەکەی دەکات، یەکەم: لە قۆناخی هاتنەدەر لە ماڵ و بەژن و باڵا نواندنی، دووەم لە کاتێکدا کە لە ماڵ نەیێتە دەرەوە. لە قۆناخی یەکەمدا بەسەوڵی ڕەوانی دەچوێنێ و لە قۆناخی دووەمدا بەئاسکی چینی، بەڵام چ ئاسکێ؟ ئاسکی خەتا و ختەن کە لە ناوکی موشک دێتە بەرهەم، دیارە ئەو چینە ئاسکەش هەر تەنیا لە وڵاتی چینا دەژی و، لە هەموو ئاسکەکانی تر پلەوپایەی بەرزەترە. ئەوسا دێتەوە سەر هەڵدانی چۆنایەتیی ئەوین و خۆشەویستیی خۆی سەبارەت بەخۆشەویستەکەی و دەڵێ: ئەوین و خۆشەویستیی تۆ ئەوەندە زۆرە، تەنانەت لە ویستی مندا کە پەڕ و سنوورێکی بۆ نییە جێی نابێتەوە، غونچە کە لە جوانیی خۆی ڕازی بوو، ویستی لەگەڵ جوانی غونچەی دەمم و لێوی تۆدا بەرامبەری بکات، بەڵام بای بەیانییان

کە هەمیشە باوەشێنکەری زوڵف و ڕوومەتی تۆیە، پێی زانی و هات لە رقا مشتێکی لە دەمی دا و بێ دەنگی کرد و خستی دەمی پان کردەوە. بەڵام دڵ گیرۆدەی دەردە و چاویش پڕ لە فرمێسکە و بەم چەشنە پەرێشان و خەمبارم.

مامۆستا نالی لە دوایین هۆنراوی پارچە هەڵبەستەکەیدا لەگەڵ ئەوەی کە چۆنایەتی پەژارە و دەردی نالەبار و دڵتەزێنی خۆی لە رێگای ئەوین و دڵداری هەڵدەدا و بۆ ئەو مەبەستە هۆنراوەکەی لە چوارچێوەی وردەکارییەکی جواندا دەڕێژێ دیاردیەک بۆ هەڵبژاردنی نازناوی هۆنراوی خۆی دەکات و دەڵێ:

(نالی) و مەثەلی حاڵی لە ئەشکەنجەیی غەمدا
وەک (ناڵە) لەنەیدا، وەکو (نال)ە لە قەڵەمدا

کەواتە نازناوی مامۆستا نالی لە وشەی (نال)ە وەرگیراوە، بەپێچەوانەی ئەوە کە هەندێ لە نووسەران لایان وایە لە (ناڵە)وە وەرگیراوە، چونکە ناوی (نال) دەبێ بە(نالی) واتە بەلامی بچووک وشەی (نال) بەڕیشۆڵێک دەوترێ کە لەناو قەڵەمی زەلدایە و هۆنەرانی کورد و فارس، لە کزی و لاوازیدا خۆیان بەڕیشۆڵە چواندووە. ئەوەش دەبێ بزانین ئەگەر نالی بیویستایە نازناوی هۆنراوی خۆی لە (ناڵە)وە وەربگرێ، دەبوا نازناوی خۆی بکردایە (ناڵەیی) چونکە ناوی مەنسووبی (ناڵە) دەبێ بە(ناڵەیی).

ڕۆژگاری مامۆستا نالی، ڕۆژگاری تولانەوە و خراپە و درۆ و دەلەسە و خۆنواندن بەخواناسی و سۆفیەتی و گۆشەگیری لە کاروباری کۆمەلایەتی بووە و، زۆربەی خەڵک ویستوویانە خۆیان لە جلوبەرگی پارێزگاری بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و ڕێزگرتن بنوێنن و، لەو ڕێگەوە سەرنجی چینی نەزان و نەخوێندەواریش بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و، لە بەرهەم و دەست ڕەنجی ئەوان ژیانێکی رێکوپێک پڕ لە هێمنی و ئەهوەنی بۆ خۆیان بهێننە دی. ئینجا مامۆستا نالی کە زانایەکی تێگەیشتوو بووە، لەو جۆرە کەسانە زۆر ڕقی بووە و، هەموو دەم لە هۆنراوەکانیا دیاردی بۆ ئەو چەشنە کەسانە دەکا.

مامۆستا لەم پارچە هەڵبەستەی خوارەوەیدا خۆشەویستەکەی بەجلوبەرگێکی جوانی فەلسەفی دەڕازێنێتەوە و پیایدا هەڵدەڵێ و ئەوسا دەکەوێتە بازاڕی خواناسییەوە و لۆمەی ئەو کەسانە دەکا کە بەئەوینێکی وشک و ڕواڵەتییەوە لەناو کۆمەڵدا خۆیان دەنوێنن و هیچ ئاگایان لە جیهانی بێ سنووری خۆشەویستیی ڕاستەقینەو، تەنیا بەچاوێک جیهان دەبینن. وەکو کە دەڵێ:

لەکن ئەو جەوهەرە فەردە کە هەیولا نییە باس
لە حیکەم پەروەریی بووعەلی سینا نییە باس



صۆفییان هاتنە مەجلیس وەرەقی دیدە بشۆن
لەکن ئەو دیمییە وشکانە لە دەریا نییە باس
بەزمی رەندانە، ئەمە، مەلعەبەیی وەعظ نییە
لە بەدی و، نیکی و قەللا بیی دونیا نییە باس
ئەمە جێی رەمز و ئیشاراتی دەروونە لە گەرووی
تەنگی پڕ غەر غەرەیی واعظی غەڕانییە باس
لەبەر ئاوێزەیە چاوی نییە کەللەیی سەریان
لە کەی و قەیصەر و ئەسکەندەر و دارا نییە باس
جێی زمان گرتن و دڵ ڕۆشنی و سووتانە
موقتەدا شەمعە کە خامۆش نییە ئەمما نییە باس
حەزرەتی هەیبەتە، نەک غەیبەت و رەیبەت (نالی)!
ئەڵڵا، ئەڵڵا! چ حوضوورێکە، کە ئەصلا نییە باس

واتە: لە لای خوای تاک و تەنیا و بێ وێنە، لە تێکەڵکردنی ماک و کەرەستەی بەراییی باسێ نییە، بەڵکو ئەو خوایە خوایەکە کە لەگەڵ ماک و کەرەستەدا ناگونجێ و دوور لەم شتانەیە. کەوابوو فەلسەفە چینیی ئەبوو عەلی سینا بۆ ناساندنی خوا بێ سوودە و، بازاڕی ئەوینی راستەقینە هیچ پەیوەندییەکی بەماکپەرستییەوە نییە. سۆفییەکانی ریاکار ویستیان خۆیان بهێننە ریزی ئێمەوە و، دەم لە ئەوین بدەن، بەڵام ئەو دیمی بەمێشکە وشکانە لە کوێ و مەلەوانی دەریای ئەوینی ڕاستەقینە لە کوێ؟ لە بەزمگەی ئێمەدا، ڕیاکاری نییە، کەسێ تا چاک نەبێ ناتوانی بێتە ناو جەرگەی ئێمەوە. لەبەرئەوە ڕیشە و گوڵەنگ و ئاوێزەی مێزەری زلی ئەو سۆفییانە پێش چاوی گرتوون، شتێ تر نابینن و چاوی ڕاستبینییان نییە و زۆر خۆپەسەندن ئاوەزیان بەوە ناشکێ کە ئەم جیهانە ئەمەگی بۆ کەس نییە و، هەزاران کەسی دەسەڵاتدار و بەناوبانگی وەکو: کەیخەسرەو و قەیسەر و ئەسکەندەر و دارای لەناو بردووە، کەوابوو پیاوی ڕراستەقینە ئەوەیە پیاوێکی چاپلووس و خۆپەسەند نەبێ و ئەو جۆرە کەسانە لە بەزمی کۆڕی ئەوینی ڕاستەقینەی ئێمەدا جێیان نابێتەوە، چونکە کۆڕی ئێمە لە شەمەوە پەیڕەوی دەکەین کە دەسووتێ، هیچ دەنگیشی لێوە نایە و، خۆی دەسووتێنی بۆ ئەوەی ڕووناکی بەخەڵک بدا، کەوابوو پیاوی راستەقینە دەبێ وەکو شەم بێ و خۆی بسووتێنێ بۆ ئەوە خەڵک کەڵکی لی وەربگرێ، نەوەک خەڵک بسووتێنێ بۆ ئەوە کە خۆی کەڵکیان لی وەرگرێ.

ناوەرۆکی هۆنراوەکانی مامۆستا نالی پتر سکالاکردن لە دەرد و پەژارە و ڕەنجی دڵداری

و بی ئەمەگیی دڵبەر و ڕقە بەرێی مێملّ و خەنیم و لۆمەی سۆفییەکان و ئاخ و داخ لە دووریی خۆشەویست و ئەو گیروگرفتانەی کە لە ڕێگای دڵداریدا تووشی دڵدار و دڵبراو دەبن. دیارە ئەو ناوەڕۆکانە لە هۆنراودا پێیان دەوترێ ڕێ و ڕەوشتی هۆنراوی کۆن و کلاسیک.

جا بەکارهێنانی ئەو مانا و ناوەڕۆکانە لە هۆنراوەدا، بەچەشنێکی وەها کە هەمیشە تەڕ و تازە و پاراو و دڵڕفێن بدەنە چاوەوە و، لەوانەبن کە هەست ببزوێنن، کارێکی سادە و ئاسان نییە و هەر هۆنراوێکی ناتوانی ئەو هونەرە لە خۆیەوە بنوێنێ.

مامۆستا نالی یەکێ لەو هۆنەرانەیە کە لە هۆنراوەکانیدا شێوە و ڕەوشتی کۆنی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، بەڵام لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەسەڵاتێکی وەهای بووە کە هۆنراوەکانی لەناو وێژەی کوردیدا هەمیشە بەجلوبەرگێکی تازەوە خۆیان دەنوێنن. مامۆستا نالی لەم پارچە هەڵبەستەدا دیاردی بۆ باری ژیانی کۆمەڵایەتی دەکا، بەڵام نە بەئاشکرا، بەڵکو لەژێر پەردەی دەربڕینی خەم و پەژارەی دڵداریدا، وەکو دەڵێ:

گەر دەپرسی من لەبەرچی کەم دەخۆم
من بەبرسی قەت مەزانە، غەم دەخۆم
ئاوی سوێری چاو و باری تاڵیی لێو
سوێر و تاڵی دەم دەم و ژەم ژەم دەخۆم
تا سەری زوڵفی لەسەڕوو حەڵقەدا
من وەکو ماری سەر ئاور خەم دەخۆم
ئاوی کەوثەر نۆشی صۆفی بێ کە من
ئاوی حەیوان یەعنی ماچی دەم دەخۆم
شەربەتی خۆف و رجای ئەغیار و یار
ترش و شیرین هەم دەچێژم هەم دەخۆم
من لە طەوری عالەم و دەوری فەلەک
ضەربی لازب، زەخمی بێ مەرهەم دەخۆم
تاڵیی بێ یار و دیاری تار و مار
عەلقەمی چی، ئەوقەمی چی؟ سەم دەخۆم
غەم دەڵێ (نالی) کە غەمخواری دەکا
ناعلاجم گەر نەبێ ئادەم دەخۆم



مامۆستا نالی لەم پارچە هەڵبەستەدا سێ مەبەستمان بۆ دەردەخا. یەکەم: ئاخ و ناڵەکردن لە گیروگرفتی دەردی دڵداری کە هەرچەن دڵبەر جوانتر و شیرینتر خۆی بنوێنێ، دڵبراو زۆرتر پەرێشان و سەرلێشێواوتر دەبێ. مەبەستی دووەم کە دەکەوێتە پێش چاو؛ ئەوەیە کە نالی لە زۆروستەمی ڕۆژگار گلە و گازندە و سکاڵا دەکا و لە بەرامبەر ڕووداوە ناحەز و تاڵەکانی چەرخی گەردوونا بێ دەسەڵاتیی خۆی دەردەبڕێ کە ئەوی لە یار و مەڵبەندی خۆی دوورخستووەتەوە و، داخی گرانی دووری و تەنیایی ناوەتە سەر دڵیەوە. مەبەستی سێیەم کە لە ناوەڕۆکی هۆنراوەکانیا بۆمان دەردەکەوێ ئەوەیە کە هۆنەر، خۆی لە هەموو بەندێکی تایبەتی ئازاد دەکا و ڕوو دەکا لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی و بەچاوێکی وردبینییەوە ژیانی چینە جۆربەجۆرەکانی بەرەی مرۆ سەرنج دەدا و، خەم و پەژارەی تایبەتی تاکەکانی ئەو چینانە لێک دەداتەوە، ئەوسا خەم و پەژارەی ئەم ژیانە کە چۆن بەرەی مرۆ تووشی هەزاران گیروگرفت و ناکامی و سەرلێشێواوی کردووە و، تا لە ڕووی ئەم جیهانەوە ماوە، ساتێ بەبێ پەژارە ناحەوێتەوە.

مامۆستا نالی لە دەوری خۆیا شۆڕشێکی تازەی خستە ناو وێژەی کوردییەوە و، لە هۆنراوی دڵداری و خواناسی و پیاهەڵگوتندا خۆی نواند. مامۆستا نالی کاتێ خۆی دەباتە جلوبەرگی هۆنەرێکی دڵبراو و سەرلێشێواوی ڕێی چۆڵ و پیاوانی پڕ لە تاڵی و سەختی ئەوین و دڵداریی، بنیادەم بیری ئەوە ناکاتەوە کە ئەم هۆنەرە بیر و هۆشی بەلای شتێ ترەوە مابێ و، جگە لە ئەوین و دڵداری شتێ تر لە مێشکیا جێی خۆی کردبێتەوە. لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە هەزاران گراو و ئەوینداری سووتاو و برژاوی ئاوری بێ ئامانجی دڵداری وەکو: فەرهاد و مەم و سیامەند و ڕامین و بارام لە قوتابخانەی ئەوین و دڵداری ئەو پەروەردە بوون هەروەها کاتێ کە خۆی لەناو کۆڕ و کۆمەڵی هاونیشتمانییەکانیدا دەردەخا و، دەیەوێ چەوساویەتی و ناتەواوی و داب و دەستووری باوی نالەباری هەندێ لە چینە ناسراو و دیاردییەکانی ڕۆژگاری ژیانی خۆی پیشان بدا، هیچ کەسێک نازانێ کە مامۆستا نالی هۆنەرێکی دڵبراو بووە، وەیا لە مانای ئەوین و ئەویندارای تێ گەیشتووە. هەر بەو چەشنەش لە خواناسیدا بێ وێنە بووە کە ئەوەمان لەم پارچە هەڵبەستەدا بۆ دەردەکەوێ:

ساقی وەرە ڕەنگین کە بەپەنجە لەبی ئەقداح
بەم راحە لەسەر راحە دەڵێن راحەتی ئەرواح
بەم کاسە لەسەر پەنجە دەڵێن نووری عەلانوور
ڕەخشانە لە میشکاتی قەدەحدا وەکوو مصباح

قەطرەیێکە لە بەحری کەرەم و ڕەحمەتی فەتتاح
نەک عارەقی گەرمی عینەب و شەربەتی توففاح
بەو دەستە کەوا مەرهەمە بۆ ئەم دڵی خەستە
بەو پەنجە کە بۆ بابی گوشایش ئەوە میفتاح
لەو دەن و قەرابە کە دەکا چەششە بەعەنقا
نەک لەو خمی نیلە کە دەکا باغە بەتیمساح
پڕکە قەدەحی پڕ فەرەحی بێ تەرح و غەم
ناوِلنی وَنادِمني وَغازِلني بِالأفِراح
لەم گەردشی مینایە کە وا دەورە نەجەورە
ساقی کەرەمی سابقە! (نالی) بکە ئینجاح

وشەی (ساقی) لە زمان و زاراوەی هۆنەرانی خواناسدا بۆ خوا و پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دروودی خوای لەسەر بێ، بەکاردەبرێ. جا مامۆستا نالی لە مەیگێڕی مەیخانەی ئەوینی ڕاستەقینەی خواناسی دەپاڕێتەوە کە بەپیاڵەیێ لەو شەرابە، لە خەم و پەژارە و پەرێشانی هەوا و هەوەس ڕزگار بکا و بیخاتە بازاڕی مەستی و سەرخۆشی ئەوینی خواناسییەوە تا جیهانی ئەنبووژەنی لەبیر بچێتەوە و بەجیهانی تر شاد ببێتەوە و هەتا هەتایە لە خۆشی و شادیدا بمێنێتەوە.

مامۆستا نالی لەم پارچە هەڵبەستەدا ڕوو دەکاتە مەیگێڕی راستەقینە و دەڵێ: ئەی مەیگێڕ! وەرە لێوم بەپیاڵەی دەستتەوە ڕەنگین بکە، ئەو شەرابە کە لەسەر دەستەوەیە هۆی ئاسوودەیی گیانمە و، هەر کەسێک لەو شەرابە کە بریتییە لە شەرابی ئەوینی ڕاستەقینە بیخواتەوە، لە بەندی پڕ لە پەژاری ژیانی ئەنبووژەنی رزگار دەبێ و گیانی لە ئاسوودەیەکی هەمیشەییدا دەمێنێتەوە. مەبەستم لە شەراب، شیرە و عارەقی سێو و ترێ نییە کە نەوسی پێ شادمان و سەرخۆش دەبێ، بەڵکو مەبەستم شەرابی بەزەیی تۆیە کە گیانمی پێ شاد دەبێ و بۆ هەمیشە لەو شادی و خۆشییەدا دەمێنمەوە. بەڵێ مەبەستی من لەو شەرابە، شەرابی سەرچاوەی بەزەیی خواییە کە هەر بنیادەمێکی بێ دەسەڵاتی پێ دەگەیەنێتە پلەوپایەی بەرز. ئەی مەیگێڕ! لە گەڕانی ئەم گەردوونەدا کە خەریکی گەڕان و دەوردانەوەیە و، لە ڕاستەقینەدا ستەمێ لە ئێمە ناکات، دەسا بەبەزەیی پێشووی خوات پیاڵەیێ لەو شەرابەم پێ بدە و (نالی) لە خەم و پەژارەی ئەم جیهانە ڕزگارکە و شادمانی بکە.

مامۆستا نالی گەلێ گلە و گازاندەی لە بێ ئەمەگیی یارەکەی کردووە و، دیارە ئەمەی زۆر پێ ناخۆش بووە، لە راستەقینەشدا بێ ئەمەگیی زۆر ناخۆش و دڵتەزێنە، بەتایبەتی لەلایەن



دڵدارەوە بۆ دڵبراو، ئەویش چ گراوێ، گراوێکی دڵبراو و دڵسووتاوی وەکو مامۆستا نالی کە لە پارچە هەڵبەستێکدا ئەوەمان بۆ دەردەخا:

مەکە ئیخلافی ئەو وەعدە کە فەرمووت
دەخیلت بم کە خانووی سەبرەکەم سووت
لە ڕووت و قووتی وەک من ڕوو مەپۆشە
کە وەسڵی تۆیە قووتی عاشقی ڕووت
موژەت قوللابییە، هەم تیر و هەم شیر
برۆت میحرابییە، هەم طاق و هەم جووت
لە صندووقی گڕی سینەم بترسە
کە ئاور بەر بداتە تەخت و تابووت
ئەوە لێوی ئەتۆیە پڕ لە خەندە
کەوا شەککەر دەباری و گوڵ دەپشکووت
فیدای دەست و کەمانت بم بەتیرێ
دەپێکی سێ و دوو، هەم طاق و هەم جووت
دەکەی نەخچیری صەد دڵ هەر بەتیرێ
ئیلاهی؟ هەر بمێنێ دەست و بازووت
چ شیرینە خطووطی دەوری لێوت؟
بەڵێ، مەعلوومە خۆشە خەططی یاقووت
هە (نالی)! بەڵکە بیکێشی بەناڵین
بناڵە، دامەنیشە مات و مەبهووت

واتە: ئەی خۆشەویستەکە! دەبێ لەسەر بەڵێنی خۆت ڕاوەستی و تاوێ بەلامەوە دانیشی تا پێکەوە ڕاز و نیازێ بکەین و، تەنیا شتێ کە من لە تۆ چاوەڕوانی دەکەم، ئەمەیە کە کاتێ لە دوورەوە دێی و دەردەکەوێ، ڕووم لێ دامەپۆشە و شەرمم لێ مەکە، با وەکو ئەوەش. دەزانم کە چاوپێکەوتنی ڕوخسارت بۆ من مەترسی گیانی هەیە، بەڵام من گوێ بەو مەترسییە نادەم و، تەنیا چاوپێکەوتنی ڕوومەتی تۆم دەوێ، کەوابوو تکایە ئەو داواکارییەم لێ وەرگرە و گوێ بدەرە ئاخ و ناڵەم و لە سندووقی گڕی سینەم بترسە کە ئاور بەر بداتە تەخت و تابووت. ئەوە قسەکردن و ئاخافتن و پێکەنین و بزەی تۆیە کە پیاو وا دەزانێ شەکەر دەبارێت و گوڵ دەپشکوێت. خەتەکانی دەوری لێوت گەلێ شیرین و دەڵێی یاقووتە و ئەو خەتانە سپییەتیی ڕوومەتت لە سووریی لێوت جیا دەکەنەوە. دەسا ئەی (نالی) بناڵە و قەت بەبێ ناڵە و هاوار دامەنیشە.

مامۆستا نالی لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداریدا دەستێکی باڵای هەیە و کەمتر هۆنەرێک توانیویەتی وەکو ئەو بەیارەکەیدا هەڵبڵێ. وەکو لەم پارچە هەڵبەستەیدا هونەری خۆی لە دوو قۆناخدا دەردەخا و قۆناخێکیان لایەنگری ئەو جوانی و نازکییە کردگاریانەیە کە لە چینی کچدا خۆیان دەنوێنن و، ئەو قۆناخەکەی تری لایەنگری بەرزی و تەڕ و پاراویەکە کە چینی کوڕی پێ ڕازاوەتەوە، وەها کە دەڵێ:

عیشقت کە مەجازی بێ، خواهیش مەکە ئیللا کچ
شیرین کچ و لەیلا کچ سەلما کچ و عەذرا کچ
فەرقی کوڕ و کچ ڕۆشن وەک فەرقی مەهـ و مێهرە
وەک فەرقی شەو و ڕۆژە، ئەم فەرقە لە کوڕ تا کچ
مەهـ، مەهـ لە مەهی سادە، یەعنی لە قەمەر لادە
هەم شەمس و ثوررەییا کچ، هەم زوهرەو و زەهرا کچ
بی بینە گوڵی ژاڵە، هەم بێ بەرە، هەم تاڵە
قەد سەرو و صنەوبەر کوڕ چاو نەرگسی شەهلا کچ
کوڕ وەک گوڵی گوڵزارە، ئەمما ثەمەری خارە
وەک هەنگی چزوودارە، هەنگوێنی موصەففا کچ
جەزلی سەمەری سایە بۆ سەوڵەتی ئەعدا کوڕ
نەخلی ثەمەری مایە بۆ دەوڵەتی دنیا کچ
کوڕ زیبی دەبستانە، کوڕ شەمعی شەبستانە
بۆ بەزمی تەماشا کوڕ بۆ خەڵوەتی تەنها کچ
موو سونبوڵی ئاشوفتە، دوڕدانەیی ناسوفتە
دەم غونچەیی نەشکوفتە، تێ فکرە کوڕە یا کچ
کوڕ ئایەنەیی حوسنی تا وەک کچە مەنظوورە
گرتی کە غوباری موو، چینی کوڕ و مینا کچ
کوڕ تازەو تەڕ مادام سادە وەکو خوشکی بێ
ئەمما کە ڕوا سەبزە، دیبا کوڕ و زیبا کچ
بۆ شەربەتی شیرینی فنجانە لەسەر سینی
مەم توحفەیی توففاحی، شەم عەنبەری بوویا کچ
هەم گوڵبوونی بێ خارە، هەم مەزرعی ئەزهارە
هەم مەخزەنی ئەسرارە، ئەسبابی موهەییا کچ
جەننەت پڕی ویلدانە، خادم هەموو غیلمانە
خانم کە تێدا حۆرین یەکسەر هەموو حەسنا کچ
کوڕ ئەشرەفی مەحبووبە، یوسف کوڕی یەعقووبە
کچ بەخەریداری یەعنی کە زلێخا کچ
صددیقەیی مەعصوومە، وەک داکی مەسیحا کچ
بابێکی هەیە دنیا بۆ عیشقی مەجاز و بەس
(نالی)! چییە ئەو بابە، ئادەم کوڕ و حەووا کچ

لەم پارچە هەڵبەستەدا چەند مەبەستمان بۆ دەردەکەوێ یەکەم هۆنەر ئەوە دەگەیەنێ کە پیاوی ڕاستەقینە ئەوەیە، داوای شتێ نەکا کە ئاکامێکی هەمیشەیی نەبی، واتە ئەوین و خۆشیی ئەم جیهانە بێ بنیاتە و تەنیا خەو و خەیاڵێکە و شتێکی هیچ و پووچ و بێ مایەیە. دڵدان بەم ژیانە کورتە، کارێکی بێهوودەیە. کەوابوو شتێ ڕاستەقینەی نەبێ بۆ ئەوە ناشێ پیاو دڵی پێ ببەستێ و گراوی بێ. چونکە ئەوین و دڵداری ژیان ئەوینێکی ڕاستەقینە نییە و، ئەوینی ڕاستەقینە، ئەوینێکی خوایی. مەبەستی دووەمی هۆنەر ئەوەیە کە دیاردی دەکاتە سەر ئەو کەسانەی لە ڕۆژگاری خۆیدا ژیاون و پێیان دەڵێ کە لە ڕێ و ڕەوشتی سرشتی لانەدەن. مەبەستی سێیەمی هۆنەر لەو هۆنراوانە دەگونجێ ئەوەبێ کە ئەو خوو و خدانەی وا لە دوو چینی کوڕ و کچدا هەیە بەچەشنێکی جوان و بێ وێنە دەریان بخا و، لەم ڕێگاشەوە توانایی هۆنەریەتی خۆی پیشان بدا و، لە لایێ تریشەوە، هێز و دەسەڵاتی سروشت پیشان بدا کە چۆن ئەوین و خۆشەویستی ژیانی ئەو دووانە پێک دێ و ئەم خۆشەویستییەش دەبێتە هۆی مانەوەی بەرەی مرۆ.

دیوانی نالی تا ئێستا چەندین جار لە چاپ دراوە و ڕاڤە کراوە، بەڵام گەلێک هۆنراوەی واش هەیە کە لە دیوانەکەیدا چاپ نەکراوە. جگە لەوەش زۆربەی هۆنراوەکانی بەهەڵە نووسراوە.

سەرچاوەکان:
١- دیوانی نالی - لەسەر ئەرکی مامۆستا گیو موکریانی - هەولێر، ١٩٦٢.
٢- دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی - لەسەر ئەرکی دوکتۆر خەزنەدار - بەغدا، ١٩٧٧.
٣- دیوانی نالی - کۆکردنەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس - بەغدا، ١٩٧٦.
٤- ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد - ئەمین فەیضی بەگ - ئەستەموولْ، ١٣٣٩.

٥- مێژووی ئەدەبی کوردی - علاءالدین سجادی - بەغدا، ١٩٥٢.
٦- لەپێناوی نالیدا - محەمەدی مەلا کەریم - بەغدا، ١٩٧٩.
٧- چەپکێک لە گوڵزاری نالی - مەسعود محەمەد (گۆڤاری کۆڕ) بەغدا، ١٩٧٦.
٨- خلاصە تاریخ الکرد وکردستان - ترجمە محمد علی عونی - قاهرە، ١٩٣٤.
٩- بەبازێکی کۆن کە نزیکەی سەد ساڵ لەمەوپێش نووسراوە.
١٠- دیوانی دەستنووسی نالی کە لە ساڵی ١٣٢١ی کۆچیدا نووسراوەتەوە.

## ئەوڕەحمانی سالم

١٢٢٠ - ١٢٨٦

ئەم هۆنەرە پایەبەرزە کە یەکێ لە ئەستێرە هەرە گەشەکانی ئاسمانی وێژەی کوردەوارییە، ناوی ئەوڕەحمان و کوڕی حەمەبەگی ساحێبقڕانە. بەپێی دیوانەکەی کە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٣٣ی زاینیدا لە چاپ دراوە، سالم لە ساڵی ١٢٢٠ی کۆچی لە شاری سلێمانی پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەفەقێیەتی بەگەلێ شار و دێ و ناوچەکانی کوردستاندا گەڕاوە و لە هەر کوێدا مەلایەکی بینیوە لە لای ماوەتەوە و وانە و دەرزی لەلای خوێندووە هەتا بووە بەمەلایەکی شارەزا لە فقهی ئیسلامی و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر، بەڵام بەهۆی ڕووخانی میرنشینی بابان و ئاژاوەی ناوخۆی سلێمانی، ڕووی کردووەتە شاری سنە و پاشان ڕۆیشتووەتە تاران و لەوێدا ماوەیەک ماوەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی هەستی بەئاوارەیی و دەربەدەری کردووە، ناچار گەڕاوەتەوە زێدەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٨٦ لە تەمەنی شەسەت و شەش ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە لە گۆڕستانی گردی سەیواندا نێژراوە.

ئەوڕەحمان بەگی سالم، پیاوێکی لەڕ و لاواز و نەخۆش بووە و لەسەر ئەسپاردەی بژیشکێک نازناوی (سالم)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و گوایە لە پێشدا نازناوی (ڕەنجوور) و (بیمار) بووە و، بەم جۆرە پزیشکەکە ویستوویەتی نوقڵانەی لەشساخیی بۆ لێ بدا و بەوە دڵی خۆش بکا و هێزی پێ بدا.

سالم یەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کوردە و هۆنراوەکانی گەلێ شیرین و دڵگر و پاراون و، لە هۆنراوەکانی وا دەردەکەوێ کە گەلێ حەزی لە هۆنراوەکانی حافزی شیرازی و کەلیمی هەمەدانی و مەولەوی کردووە و، زۆربەی هۆنراوەکانی دڵدارین و لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ هۆنراوی کۆمەڵایەتی و ئایینیی هۆنیوەتەوە.



مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە پەڕاوی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا سەبارەت بەسالم دەڵێ: هەرچەندە سالم لە هۆنراوەکانیدا زۆر جار باسی دڵخواز و دڵ لێچوون دەکا، بەڵام دەرنەکەوتووە کە دڵخوازێکی تایبەتی بووبێ، بەقسەی هەندێ کەس دڵی چووە لە بەهی ناوێک لە خزمەکانی خۆی و ئەو بووەتە سەرچاوەی هۆنراوی. وەلێ ئەوی زۆرتر بڕوای پێ بکرێ بێجگە لە دیمەنی خوا کردی کوردستان، تێکچوون و ڕووخانی بنەماڵەی بابان دەبێتە هۆی داخ و دەرد لە دڵی ئەودا هەموو ئەمانە دەبنە هۆی بناغەی هۆنراو دانانی کە بەهۆی خوێندنەوەی هۆنراوی هۆنەرەکانی پێش خۆیەوە، بەتەواوی سەر دەباتە ناو کۆڕی هۆنراوەوە.

سالم لە هۆنراوی دڵداریدا تا بڵێی هۆنراوی سوارە و هەتا حەز کەی هۆنراوەکانی جوان و شیرین و پاراون و کەمتر هۆنەرێک توانیویەتی کە وەکو ئەو هۆنراوی دڵداری بهۆنێتەوە. سالم کە دێتە مەیدانی هۆنراوەوە، شۆڕشێکی گەورە بەرپا دەکا، لە پارچە هەڵبەستێکیدا باسی دڵدارەکەی دەکا کە کورتژمی هۆنراوی پێ بەخشیوە و بەم چەشنە ڕووی تێ دەکا و دەڵێ:

هەوای ماچی لەبت ڕێی بەندەری زوڵفی بەدڵ ون کرد
موسافر بۆ سیاحەت، سوویی چین چوو تووشی ماچین هات
کەلامی وەسفی حوسنی تۆم ئەخوێند دوێشەو بەپەنهانی
لە پەردەی غەیبەوە تا ڕۆژ بەگوێما دەنگی تەحسین هات
دوعام بۆ دەفعی چاوی بەد لە حوسنی تۆ ئەکرد ئیمشەو
لە دەم روحولئەمین تا سوبحەدەم ئاوازی تەئمین هات
حەدیسی کوشتنی فەرهادی مسکین پێت بڵێم چۆن بوو؟
لەشەوقادای بەسەریا تیشە، وەختێ دەنگی شیرین هات
بەسروەی بای سەحەر یەکدەم کە نەفخەی زوڵفی موشکین هات

سالم گەلێ وشە و زاراوەی تایبەتی لە هۆنراوەکانیدا بەکار بردووە کە هەندێ لەوانە خۆی دای هێناون و هەندێ تری لە هۆنەرانی فارس وەرگرتوون، وەکو وێچوونی قژ و پەلکە بەمار و ئەژدیها، زوڵف بەزنجیر و داو و کەمەن، ئەبرۆ بەشمشێر و کەوان، بەژن و باڵا بەسەوڵ و چنار، ڕوومەت بەچرا و گوڵ و مانگ، وە دەم بەخونچە و پستە و، زۆر حەزی لە (جناس) و (تشبیە) و (استعارە) و (ایهام) کردووە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەیدا ئەوەمان بەتەواوی بۆ دەردەکەوێ کە چەندە جوان وشەی (قیامەت) واتە: هەڵسانت لەگەڵ (قیامەت) واتە: ڕۆژی پەسڵان بە(جناس) بەکارهێناوە کە دەڵێ:

لەســـەر روودا نـەبـی خـــاڵـت بەفـــەن داناوە ئەیزانم
بەقـــەســدی مـورغی دڵ زوڵفت بەدەورا داوە ئـەیزانم
گران خـێزی لە ڕەفتارا بەهانەت عوجب و تەمکینە
بەبالاتا لە گـێـسوو ئەژدەها ئالاوە ئـەیزانم
خەریکی دڵنەوازیمی بەچاوی مەرحەمەت زاهیر،
نیهانی بۆ سەرم تیغی برۆت ساو داوە ئەیزانم
سیەهـ دڵ مەردومان چیبکەم لە شەرعا شایەتی نادەن
دزینی دڵ لە سینەمدا فتووری چاوە ئەیزانم
وەکو سینەم ئەبێ تێک چێ لەهەر جێ دڵ قەراری بێ
لە زوڵفا ئاشیانی بەستبێ شێواوە ئەیزانم
لەڕووی بەرقی تەجەلای حوسنتا موشکڵ دڵم چابێ
موجەسەم گەر بەسەنگی خارە بێ سووتاوە ئەیزانم
فریبی دڵ ئەدەم دایم بەموژدەی ڕۆیەتی حوسنت
ئەگەرچی وەسڵی تۆ عەنقا سفەت هەر ناوە ئەیزانم
قیامت حەشرە بۆ عالەم وەلاکن هەر لە ئێستاوە
خواوەند بۆ رەقیبم دۆزەخی تاوداوە ئەیزانم
موبالاتی نەبوو دڵبەر بەحاڵی (سالم)ی مەزڵوم
بەحەرفی موددەعی زاڵم بەدڵ تۆراوە ئەیزانم

سالم لەم هۆنراوەیدا کە دەڵێ:

لەڕووی بەرقی تەجەلای حوسنتا موشکڵ دڵم چابێ
موجەسسەم گەر بەسەنگی خارە بێ سووتاوە ئەیزانم

دیاردی بۆ ئایەتی ١٤٣ی سوورەی (اعراف) دەکا کە دەفەرمووێ: «... قالَ رَبِّ أَنظُر إِلَيكَ قالَ لَن تَراني...» واتە مووسا وتی: خوایا خۆت بەمن پیشان بدە تا بتبینم، خوا فەرمووی: تۆ ناتوانی هەرگیز من ببینی.

بەپێی ئەم ئایەتە مووسا داوا لە خوا دەکا کە خۆی پێ پیشان بدا و ببینێ و خوا دەفەرمووێ تۆ ناتوانی من ببینی، بەڵام مووسا پێ دادەگرێ و دەڵێ خوایا خۆت بەمن پیشان بدە، ئەوسا خوا دەفەرمووێ: کەواتە تەماشای کێوەکە بکە، ئەگەر کێوەکە توانیی خۆی ڕاگرێ و تاوی هێنا ئەوا تۆش دەتوانی من ببینی و ئەوسا خوا خۆی دەرخست و



کێوەکە ورد و خاش و هەپروون هەپروون بووەوە و سووتا و بڵێسەی لێ بەرزبووەوە و مووساش کە چاوی کەوتە کێوەکە لە هۆش خۆی چوو و، کاتێ کە هاتەوە هۆشی خۆی دەستی کردە پاڕانەوە و وتی خوایا تۆ پاک و خاوێنی و ئەوا پاشگەز بوومەوە و بەرەو لای تۆ گەڕامەوە لە ڕیزی پارێزگارانم.

جا سالم لەو تاکە هۆنراوەیدا دەڵێ: بەهۆی ڕوومەتی جوان و ڕووناکی تۆوە زۆر سەخت و دژوارە کە دەردی دڵم خۆش بێتەوە و چابێ و، لەش ئەگەر ببێتە بەردی خاراوە، تاقەتی تیشکی ڕوومەتی تۆ ناهێنێ و بەجارێ دەسووتێ و دەبێتە کۆی زوخاڵ، کەوا بوو نابێ چاوەڕوانی دیداری تۆبم و خۆمیش ئەمە دەزانم، بەڵام چ بکەم و چارم نییە و فریوی دڵم دەدەم و موژدەی دیتنی ڕوومەتی جوانتی پێ دەدەم.

سالم لە هۆنراو هۆنینەوەدا پەیڕەویی لە هۆنەرانی دەوری خۆی کردووە و لە ڕاستەقینەدا دەتوانین بڵێین لاسایی ئەوانی کردووەتەوە، بەڵام لەلایەن شێوە و ئاواوە شتێکی تازە و تایبەتی داهێناوە و وێچواندنی[1] جوانی لە هۆنراوادا بەکار بردووە کە زۆر جوان و شیرین کە لەم پارچە هەڵبەستەدا ئەوانەمان دەکەوێتە بەرچاو وەکو دەڵێ:

حیکایە خوانە تووتیی دڵ، بەدەوری دامی گێسوودا
مەزننە عەکسی خۆی دیوە لەناو ئاوێنەیی ڕوودا
لەبت بۆ داروویی جێ نشی ماری زوڵفەکەت نەتدا
هەتا ئەمرم بەحەسرەت با بدەم دەستم بەزانوودا
تەمام بوو حەڵقەکەم دەستم لە قەدت، زوڵفت ئاڵۆزا
نیهان بوو مەتڵەبم وا کەوتە سەر یەک موو بەسەر موودا
دڵی تووتی لە پەروازا لەسەر گوڵ لەنگەری ڕاگرت
کە یاری شۆخ و شیرینم سەحەر وەسمەی لە ئەبروو دا
لە عەهدی دیدەیی یارا دڵ و سیحەت گەلێ زیدن
بە(سالم) کەی ئەمێنێ باز ئەگەر چنگی لە تەیهوو دا

سالم لە وێژەی فارسیدا دەستێکی زۆر بەرز و باڵای هەبووە و لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە تاراندا بووە، لەکاتی هۆنینەوەی هۆنراوادا گەلێ وشەی فارسیی تێکەڵی هۆنراوەکانی کردووە و، هۆنەرانی تریش بەپێی ڕەوشتی ئەو ڕۆژگارە ئەم کارەیان کردووە و ئەمەشیان بەهونەرێکی زۆر گەورە دادەنا، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەیدا ئەوەمان بەتەواوی بۆ دەردەکەوێ:

(١) وێچواندن: تەشبی.

دڵم شادە لە بەندی سیلسیلەی گێسووی دڵبەردا
لە شانە خەوف ناکا دەفعەیێ لەم داوە دڵ بەردا
گڕی بەست دڵ لە سینەمدا لە حەسرەت سەروومێهری تۆ
کە حەتتا ئاگری پڕ گڕ ئەسووتێنێ لە مەجمەردا
تەحەممول کە زەمانی کوشتنی من سورعەتی ناوێ،
لە دڵمایە بگێڕم خۆ بەدەوری دەست و خەنجەردا

سالم لەم پارچە هەڵبەستەشدا (جناس)ێکی جوانی لە وشەکانی (دڵبەردا) (دڵ بەردا) واتە دڵبەر و دڵبەردان بەکار بردووە و بەڕاستی هەر لە دەستی ئەو هاتووە کە بەم چەشنە لە هۆنراودا هونەر بنوێنێ.

زاراوەگەلی وەک مەی و بادە و مەیخانە و مەیگێڕ لە هۆنراوی سالمدا زۆر بەدی دەکرێن، بەبێ شک مەبەستی سالم لە هێنانی ئەم وشانە دەربڕینی ڕێ و ڕچەی خواناسییە و، بۆ گەیشتن بەدەرگا و بارەگای بەرزی خوایی کە لە زاراوەی خواناساندا مەیخانەی پێ دەڵێن، خواناس دەبێ ئەوەندە بادەی یەزدانی بخواتەوە کە مەست و سەرخۆش بێ و لەم ڕێگەوە دەبێ ئەوەندە ڕەنج و ئەرک بکێشێ و فرمێسک داوەرێنێ کە تا تۆزی ڕێی دوور و درێژی پێ بشۆرێتەوە و بگاتە مەیخانەی بەرزی خوایی. سالم مەی پەرستی لە بەرامبەری خۆپەرستیدا بەکار بردووە و، لای وایە کەسێک دەتوانێ بەبادەی یەزدانی بگا کە ڕق و کینە و قرم و ئاز لە دڵ دەرکا و دڵی پاک و خاوێن بکاتەوە و ئەوسا بەئارەزووی خۆی دەکا.

سالم لە پارچە هەڵبەستێکیدا بەبیرێکی ورد و جوان و تیژ دەڵێ: مەیگێڕ کە بادەی یەزدانی دەگێڕێ و خواناسانی پێ مەست و سەرخۆش دەکا، کوت و پڕ لەو دیوی پەردەوە بەپیاڵەی مەیەوە دەرکەوت و دڵ لەسەر سوڕمانیدا وڕما و کاتێ کە دەرکەوت گۆی خۆری هێنابوو بۆ ئەوە ئەو ناوە ڕۆشن بکاتەوە و، هەر کە تۆزقاڵێک لە پڕیشکەکەی دەرکەوت لەشی من کە لە سەختی و قایمیدا وەکو کێوی توور وایە سووتاندی، ئەوەبوو لە هۆشی خۆم چووم کە هاتمەوە هۆش خۆم هەستام بڕۆم تۆبە بکەم، ئەوەبوو بەرەو کۆڵانی مەی فرۆشەکان بەپەلە ڕۆیشتم و ڕوانیم کە دڵخوازەکەم بادەی ئەوین و جوانی دەفرۆشێ و ئیتر لەلای ئەو مامەوە.

ساقی لە پەردە دەرهات جامی شەرابی هێنا
دڵ خیرە ما لە حیرەت مەه ئافتابی هێنا
یەک زەڕە عەکسی پڕتەو دەرکەوت و تووری سووتان
ئاینە سەخت ڕوو بوو لەو عەکسە تابی هێنا





تیماری چاکی سینەم راجیع بەچاوی مەستە
بەختیش موافیقی عەشق بۆ من خەرابی هێنا
یارم لە ئەندەروون هات دەستی رەقیب لە دەستا
غەمناک و شادمانم، رەحمەت عەزابی هێنا
بۆ تەوبە سوویی مەسجد هاتم بچم لە ڕێدا
بۆ کوویی مەی فرۆشان قسمەت شتابی هێنا
ڕوو هەر لە من ئەپۆشێ، وا حاڵییە کە جبریل
هەر خاسە بۆ من و ئەو ئایەی حیجابی هێنا
وەی وەی چ مەجلیسێ بوو، بەه بەه لە دیدەو و دڵ
دڵبەر شەرابی گێڕا، (سالم) کەبابی هێنا

کۆشی خواناس تەنیا بۆ ئەوینی بژۆنییە، واتە خواناس بەهۆی خواردنەوەی بادەی یەزدانییەوە تێ دەکۆشێ کە دڵی پاک و خاوێن بێتەوە و لە گێژاوی سروشت رزگاری ببێ و لە دەریای بێ بنی ئەوینی خواییدا نوقم بێ و ئاڵوودەی ئەنبووژەنی و جیهانی کەرەستە نەبێ و، پیاوی خواناس نابێ لەم ڕێگەدا سستی بکا تا دەگاتە بارەگای خوایی کە مەیخانەی یەزدانییە، ئەوسا بەدیداری یاری ڕاستەقینە شاد دەبێتەوە:

چاوەکەت وەختێ بەئیما مەیلی جامی مەی ئەکا،
هەرچی مەی ئەیکا لەگەڵ ئەو، لەگەڵ ئێمەی ئەکا
نەی لە ناڵینا چ گوستاخانە بۆ ئەربابی سەمع،
باسی ئەیامی گوزەشتەی کەی قوباد و کەی ئەکا
تاسپاهی خەسرەوی عەشقت ئیحاتەی جانی دا
بۆ شەڕ و شۆڕی موسیبەت دڵ لە مولکی رەی ئەکا
کاروان ئەر سست ڕەوو بێ تا ئەگاتە کۆیی لەیل
شەوقی بێ پایانی دڵ وشتر بەمەجنوون پەی ئەکا
حاڵی عەشق و تابشی هیجرت نیشانی دا بەمن
ئاگری سۆزندە هەر کارێ بەبێشەی نەی ئەکا
تا بەسەر باغی دڵا بێ بای خەزانی فیرقەتت،
عاریزم بۆ سێوی ڕوخسارت لە رەنگی بەی ئەکا
جورعە نۆشی بۆ بکەم ئیتر لە بەزمی مەیکەدە،
چاوی مەخموورت بەعاشق کاری بادەی حەی ئەکا

وەختی بەخشش بۆ نەبۆسم ئاستانی هیمەتت؟
مەردی دانا وەسفی جوودی حاتەم ئاسای تەی ئەکا

هۆنراوی سالم سروودی ئەوین و بادەیە و ئەو بەبێ ئەوین و بادە ناتوانێ خەم و پەژارەی ڕۆژگاری خۆی کە نوقمی تووڵانەوە و خراپە و گوناه و درۆ و دەلەسە و فڕوفێڵ بووە لە بیرباتەوە، ڕۆژگاری ئەو ڕۆژگارێکی بێ بەند و باوی و پڕ لە ئاژاوە و شەڕوشۆڕ بوو، نە لە بزە و زەردەخەنەی گوڵ نیشانەی ئەمەگ بوو و، نە لە چریکەی بولبولدا ئومێدێک دەردەکەوت و، خەڵک ژیانیان بەجارێ لەناو دەرد و خەم و پەژارەدا دەبردە سەر، لە ڕۆژگارێکی وادا کە هیوا و ئارەزووی مرۆ بەدەستی زۆروستەم و ئاژاوەوە لەناو دەچێ و ملهوڕان و ستەمکاران و زۆرداران بەکامی دڵی خۆیان دەژین و خەڵک دەچەوسێننەوە، سالم چارێکی نامێنێ جگە لەوەی کە دەردی دڵی خۆی بەهۆنراو هەڵڕێژێ و خەڵک ئاگەدار بکاتەوە:

سالم لە پارچە هەڵبەستێکیدا دەڵێ: لەبەر ئاوەدانکردنەوەی ئەم جیهانە وێرانەیە بوو کە بەهەشت کرا بەشوێنی ئادەم و، هەر لەبەر ئەوە دەبوا جیهان سرشت بکرایە، بەڵام وێران بوو بەخراپەکردن و درۆزنی و فڕوفێڵ و بەچاندنی تۆوی ناتەبایی و ناکۆکی و خوانەناسی، ئەو ئەرکەی کە خرابووە سەر خەڵک کە جیهان ئاوەدان بکرێتەوە و چاکەی تێدا پەرەبستێنێ کەچی بەپێچەوانەی ئەوەبوو.

هەر لە سەرەتاوە کە خوا ویستی ئادەم بەدی بێنێ و سرشتی بکا، فەرمانی دایە سرووش لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەوە مشتێ خاک هەڵگرێ بۆ ئەوەی ئادەمی لێ دروست بکا، کە سرۆش ئەم کارەی ئەنجام دا پەڵە هەورەکان دەستیان کردە گریان و لەمەوە خاکەکەی ئادەم بوو بەقوڕ و هەڕگ و ئەوسا خوا ئادەمی دروست کرد، منیش کە لە نەوەی ئادەمم هەر سروشتی ئەوم بەکەلەپوور پێ گەیشتووە بۆیە لە دەوری پیری و جوانی و منداڵیم هەر کامی کە تۆ بیگری هەر بەخەم و پەژارە و خەفەت ژیانم چووەتە سەر وەکو دەڵێ:

لەبەر تەعمیری ئەم وێرانە جەنەت مڵکی ئادەم بوو
حەقیقەت پادشاهی کردووە لاکن مودەتی کەم بوو
خوەشا ئەییامی گریانم لە خاکی کەعبەیی مەقسەد
هەموو قەترەی سروشکم بۆ شەرەف وەک ئاوی زەم زەم بوو
خەمیری خاکی من ئەووەڵ بەبارانی فەرەج نەکرا
جوانی و پیری و تفلیم سەراسەر جوملەگی غەم بوو



لەسەر سەبزەی چەمەن یاری سوها قەدم کە جیلوەی کرد
لە سوجدەی خاڵی لالێوی بنەوشە گەردنی خەم بوو
بەقوربی خەڵوەتی دڵبەر نەنازی ئەی سەبا زینهار
لەجێ تۆ پێشتر (سالم) دەمی هەمرازی مەحرەم بوو

عوسمانییەکان کە سەردەمێک فەرمانڕەواییان دەکرد و خۆیان بەجێنشینی پێغەمبەر دابووە قەڵەم پادشاکان و میرەکانیان ناوی خەلیفەیان نابووە خۆیان، کەچی جگە لە زۆروستەم و ملهوڕی و چەوساندنەوەی خەڵک کارێکیان نەبوو و، ئەو سەرزەوییانەی کە بەزۆر داگیریان کردبوو، خەڵکەکە لە ئەوپەڕی هەژاری و بەدبەختی و کڵۆڵیدا دەژیان و، درۆودەلەسە و فڕوفێڵ و چەوت و چەوێڵی و تووڵانەوەش بەجارێ باوی سەند بوو و، کاربەدەستانی عوسمانییش بەجارێ تەنگیان بەخەڵک هەڵچنیبوو.

لە ساڵی ١٢٦٦ی کۆچیدا دەوڵەتی عوسمانی بڕیاری هاتە سەر ئەوە کە کوردەکانی شارەزوور و سلێمانی بەجارێ سەرکوت بکا و ئەوەبوو بڕیاری دا کە سەرەتا بابانەکان لەناوببا و ئەو بنەماڵە کە لەناو کوردەکاندا ناسرا بوو بەجارێ تەفروتوونا کا و ئیتر عوسمانییەکان لە کوشتن و بڕین و ئاوارەکردنی هیچ کەسێک چاوپۆشییان نەدەکرد و بەبێ بەزەییانە خەڵکیان دەکوشت.

جا سالم ئەم کارەساتەی بەچاو بینیوە بەهەشتا و پێنج هۆنراو هۆنیوەتەوە بەیادگار بەجێی هێشتووە و، لە ڕاستیدا ئەم برە هۆنراوەی سالم مێژوویەکی کورتی ڕووخانی بنەماڵەی بەبەی و چیرۆکی راستەقینەی ژیانی کوردەکانی ئەو دەورەیە کە ژیانیان لەوپەڕی کڵۆڵی و کەساسی بردووەتە سەر کە ئەوا لێرەدا هەندێ لەو هۆنراوانەی دێنین:

لێم گەڕێن با گۆشەگیربم، دەستە ئەژنۆ کەف زەنان
گێژەلووکەی بای نەدامەت تاری کرد سەفحەی جیهان
بەزمی سەیدای ئێمە سەیادی فەلەک کارێکی کرد،
ڕەنگە بالای تیر قەددان بێتە تەرکیبی کەمان
زەعفی تالع جاذبە بۆ کارەبا بۆ خوێن و دەم
سەیری چاری بەختی من کە بوو بەڕەنگی زەعفەران
نەوبەهاری من خەزانە وەختەکەی سوبحم تەمووز،
پڕتەوی ماهە غەم و چاکی دەروونم وەک کەتان
تورکی قورسی خۆر کە تالع بوو تلووعی کرد بەرەقس
کەوکەبەی ماهی موڕادی ئەهلی بابان بوو نیهان

دڵ لە میحنەت کەیلە مەیلی سەیری ناو شارم نییە
عەینی چاوم خوێنی تێ زاوە لە داخی مەردومان
ساعقە و بەرقی نەدامەت زوڵمەتی دا شەرق و غەرب
بەردە بارانە بەمەخسووسی لەسەر موڵکی بەبان
چاوی عیبرەت هەڵبڕە ئەی دڵ لە وەزعی دەوری دوون
سەیر بکە سا تورک، فەلەک چیی کرد بەزومرەی کورد زمان
حاکمە رۆمی لەسەر تەختی سلێمانی درێغ،
کەوتە دەستی دێوی دوون مێهری سلێمان ئەلئەمان
هەی خوارۆ لەو دەمە چی کرد تەقەی تۆپ و تفەنگ؟
سەر زەمین تاریک و دونیا تۆز و کەڕ گوێی ئاسمان
ماهی تالع رێی مەحاق و رۆژی نەگبەت جیلوە گەر
خەرمەنی شادی لەبەر با بەرقی غەم ئاتەش فشان
لاغەریی تالع شکاندی حەسرەتا بازوو و قەدی،
ئەختەری بورجی موظەففەر، خۆی لە ئێمە کرد نیهان
گەرچی پێشاوپێش بەهەیبەت بوون و ئازا چوونە پێش
حەسرەتا باز هەم نەیانزانی نیزام وا بێ حەیان
گوێی فەلەک کەڕ بوو لەبەر ناڵەی نەفیری ئەهلی شار
لامەکانی گرت سەدای ناڵە و فغان و ئەلئەمان
گەر عەشیرەت گریەکەن هەریەک هەتا ئەمرن کەمە،
کوشتنی میر بای موخالف بوو بەشەمعی دوژمنان
رۆژی قەتڵ ئیمڕۆیە ئەلحەق وا حسێنی پێ ئەوێ
بۆ ئەدای تازیە سەراسەر نیلگونە ئاسمان
یادگاری حاکمان و جانشینی سیلسیلە،
نامراد و نەو ڕەس و مەقسەد نەدیو و نەوجەوان
سەرفی نەقدی رۆحی شیرین بوو هەتا پەروەردە بوون
بەچەگورگ ئاسا لە ئاخر بوونە کۆزی دوودمان
بوو بەجێی بەبر و غەزەنفەر کووچە کووچە ناوسوقاق
سەر محەلە رەنگی بێشەی گرت لە نێزەی جان ستان



رەنگی سەحرای مەحشەر بوو شیوەکەی لای پیرمەسوور
گرمە گرمی تۆپی رۆمی هەو هەوی سوارەی بەبان
بوو بەجارووبی مەحەلە هەر تەرەف پەنجەی پەڕیو
پەی کراو، بێ پێ لە مەیدان پەهلەوانی پاڵەوان
گەرچی میسرە (شارەزوور) ئەما خەرابە بێ عەزیز،
ڕوو ئەدا لەم خەلقە ئاخر حاڵەتی کەنعانییان
دیدە نابینایە وەک یەعقووب لە هیجرانی عەزیز،
تۆی خوا! ساحب مەکان و تۆی خوایە لامەکان
کەوکەبەی بەختی لە چاها وا بەپەڕتەو بێتە دەر
شەعشەعەی ئەمری مننەوەر کا زەمین و ئاسمان
چنگی شابازی بازی بازبانی باز نەوی
فش هەڵات کەهیا لەسەر بەیزەی تەمەع وەک ماکیان

دیوانی هۆنراوەکانی سالم لە ساڵی ١٩٣٣ی زاینیدا لە چاپ دراوە، بەڵام گەلێ هۆنراوی تری بەکوردی و فارسی هەیە کە لەناو دیوانەکەدا نیین.

سەرچاوەکان:

١– دیوانی سالم، لەسەر ئەرکی کوردی مەریوانی بەغدا، ١٩٣٣.
٢– مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلائەدین سەجادی – بەغدا، ١٩٥٢.
٣– شیعر و ئەدەبیاتی کوردی – رەفیق حیلمی – بەغدا، ١٩٥٦.
٤– دوو چامەکەی نالی و سالم – علاءالدين سجادي – بەغدا، ١٩٧٣.
٥– سالم لە تەرازوودا – ئەحمەد سالار – سلێمانی، ١٩٦٨.
٦– ذکری محاربەی پەندەگان – سالم صاحبقران – سلێمانی، ١٩٤١.

## مەلای جەباری

١٢٢٦ – ١٢٩٦

ئەم هۆنەرە پایەبەرزە ناوی فەتاح و کوڕی سەی مستەفای جەبارییە و بەپێی سەرەتای دیوانەکەی کە لە ساڵی ١٣٨٨ی کۆچی لە چاپ دراوە، مەلای جەباری لە ساڵی ١٢٢٦ی کۆچی لە دێی بانگۆڵ لە دایک بووە و هەر لە منداڵیدا باوکی دەیخاتە قوتابخانە و لەلای مەلا رۆستەمی بانگۆڵی خەریکی خوێندن دەبێ و لە ماوەیەکی کەمدا پەڕاوە و وردەڵەکان و

قورئانی پیرۆز تەواو دەکات و ئەوسا بەفەقێیەتی دەڕواتە شاری کەرکووک و لە مزگەوتی نایب ئوغڵی خەریکی خوێندنی ڕێزمانی عەرەبی و فقهی ئیسلامی دەبێ و لە پاشا لەبەر چەند هۆیەک پەڕەوازە دەبێ و ڕوو دەکاتە شاری سلێمانی و ماوەیەکیش لەوێدا دەخوێنێ و ئەمجا هەر بەفەقێیەتی بەمەڵبەندەکانی هەولێر و ڕەواندز و شنۆ و هەندێ شوێنی تری کوردستاندا گەڕاوە و لەبەر مردنی باوکی گەڕاوەتەوە ئاوایی بانگۆل و پاشماوەی ژیانی بەوەرزێری و کشتوکاڵ و ڕێنموونیی خەڵک بەسەر بردووە تا لە ساڵی ١٢٩٦ لە تەمەنی حەفتا ساڵی لە دێی تاوێر بەرز کۆچی دوایی کردووە و بەپێی ڕاسپاردەی خۆی تەرمەکەی دەبرێتەوە دێی بانگۆل و لەوێدا دەنێژرێ.

مەلای جەباری بەیەکێ لە هۆنەرانی گەورەی کورد دێتە ژمار و، هۆنراوەکانی ئەو گەلێ تەڕ و پاراو و جوان و شیرینن. زۆربەی هۆنراوەکانی بەزاراوەی گۆرانی یا هەورامی هۆنیوەتەوە و، وەکو دەڵێن گەلێ هۆنراویشی بەزمانی فارسی و عەرەبی و تورکیش هەبووە کە دەست بەدەست کەوتوون و لەناو چوون.

مەلای جەباری کە لە بنەڕەتدا وەرزێرێکی سادە بووە، بەهێزی باهۆی خۆی ژیاوە و خەریکی کشتوکاڵ بووە و لە پاڵ کارەکەشیدا ڕێنموونی خەڵکی کردووە و لەگەڵیاندا کۆبووەتەوە و پەندیانی داداوە و فێری ڕێ و ڕەوشتی ژیانی کردوون و باسی زانستی بۆ کردوون. ئەم هۆنەرە پایەبەرزەمان بەهۆی کشتوکاڵەوە توانیویەتی لە کونجێکدا ئارام و ئۆقرە بگرێ و بەکاری وەرزێرییەوە قنیات بکا.

هۆنراوەکانی مەلای جەباری بەتەواوی کۆ نەکراونەتەوە و لەم دواییەدا چەند پارچە هەڵبەستێکی بەناوی (دیوانی مەلای جەباری) لەچاپ دراون. لە هۆنراوەکانیدا وا دیارە گەلێ حەزی لە هۆنراوەکانی مەولەوی و سەیدیی هەورامی و بێسارانی کردووە و هەندێ جار پەیڕەوی لەوان کردووە.

هۆنراوەکانی مەلای جەباری لە هەموو لایەنێکەوە ڕەوان و شیرینن، بۆیە گەلێ لە گۆرانیبێژان و دەنگخۆشان، هۆنراوەکانی ئەویان کردووەتە گۆرانی و بەستە و لە بەزم و ئاهەنگەکاندا دەیانخوێننەوە.

وا دیارە مەلای جەباری سەرەتا حەزی لە سروشت و جوانی کردووە، بۆیە بەجوانی باسی سروشتی کردووە و کۆچ و باری خێڵات و هۆزەکانی کوردی تێدا ڕازاندووەتەوە و کردوویەتە وادەی سەیران دۆستان و جووکە و چریکەی باڵندان و پەلەوەران، وەکوو دەڵێ:

میرزام! یە وادەی نەو وەهارانەن
سەرەتای تەڵمیت خاتردارانەن



فەسڵ وەسڵ دۆست سەیر هەردانەن
لەرەی لەرزانەی، زەنەخ زەردانەن
زەمزەمەی بوڵبوڵ، دەبدەبەی گوڵەن
نەزارەی هەزار دەروون پڕ چڵەن
نەپرشەی شەونم نەڕووی پەردەوە
نەرگیز مەست چەم وڵاو کەردەوە
نەقارەی منقار تەیران سوب خێز
بێزنان نەغمەی نەکیسای پەروێز
چریکەی چەکاوس چون حەنجەرەی عوود
مەر مۆزیقەی مەشق شەهەنشای عەرووس
تیپ تیپ قوڵنگان قەتارەی قازان
میرزام! تا وە رۆژ ئاوات مەوازان
جەرەس وە ئاهەنگ وەش قانوونەوە
دەنگ وەسەدای ساز ئەر غەنوونەوە
قومری وەقووقووی نەغمەی وێشەوە
مل وەتەوق زەڕ وەفا رێشەوە
قووقووشەن وەفەرق شاخ سەرووەوە
مەرحاجی وە رای سەفا و مەرووەوە
قەواقووی قەتار قوڵەنگ تێژپەڕ
کەردەم هۆش و گۆش کەڕووبیان کەڕ
فەرش فەرەحبەخش سەوزەی قەدەم خێر
فەڕشەنەن وەمڵک سارای گەرمەسێر
دەی سا جەی دەمدا هەر کەس دڵش بۆ
چوین بوڵبوڵ هەوای سەودای گوڵش بۆ
یاخود چوین فەرهاد دڵ ئاهرین بۆ
مەزەی مەزاقش نام شیرین بۆ
یاخود جەدەروون مایەی مەیلش بۆ
چون مەجنوون هەوای خاڵ لەیلش بۆ

مەبۆ عەزم سەیر سەوزە و سارا و کۆ
دامانش نەهوون دەروون داران کۆ
نەو فەیض فتووح نەو وەهارەوە
نەو بەیزای ئەنوای کۆی دڵدارەوە
سەیر سارا و دەشت سەردیارانەن
ناڵەی مورغ زار مێرغوزارانەن
دۆست لە بەهانەی دڵستانی بۆ
لاقەید نە جەواب (لَن تَراني) بۆ
شەو سەرگەر، دانان سەر ئازادکەرۆ
شوان وە وادیی ئەیمن شاد کەرۆ
مەر (مەلا)یش نیشۆ شەو نەدەیجووردا
نەتیرەی تاریک سیای بێ نووردا

واتە: ئەمە وادەی بەهاری نوێیە و سەرەتای کۆچ و باری دڵدارانە و وەرزی سەیری دەشت و کێو و بێرییە و لەرەی لەرزانەی کیژانی شۆخوشەنگە، کەژوکێو بەگوڵ و شینایی رازاونەتەوە و بوڵبوڵ دەچریکێنێ و گوڵ خۆی دەنوێنێ و هەزار دەناڵێنێ، نێرگس چاوی کردووەتەوە و کلک هەڵتەکێنە لە خۆشییا دەچریکێنێ و چریکەی دەڵێ نەوای بار بودە، هۆهۆی بایەقووش شەو لەسەر هەردەوە، برینی کۆن تازە دەکاتەوە، تیپ تیپی قوڵنگان و قەتارەی قازان لە دەشت و دەردا ڕیز دەبەستن، قومری کەمەندی زێڕینی لە مل دایە و لەسەر چڵی دارەکانا قووقوویەتی و نەواخوانی دەکا، بەجۆرێ کە دەنگی سەلای حاجییەکانی سەفا و مەروەی پێ ناگا، قرِیوە و قەواقووی قوڵەنگانی سەرکێوان گوێی فرێشتەکانی ئاسمانی کەڕ کردووە، ڕایەخی سەوز و شینی دەشت و کێو فەڕ و شکۆیەکی تری داوە بەدەشتی گەرمەسێر، دەسا لەم کاتەدا هەر کەسێک دڵی هەیە و خاوەن دڵە، دەبێ وەکو بوڵبوڵ شەیدای گوڵێک بێ و، یا وەکو فەرهاد دڵی بەئاگری ئەوین سووتابێ و مەرزەی مەستییەکەی شیرین بێت و، ئەو کەسە دەبێ بەبیری سەیرانی دەشت و کێوەوە بێ و خوێنی درەختان کە لە بەهاراندا دەری دەدەن بەداوێن کۆی بکاتەوە، لە پیت و پیزی هاتنی ئەو بەهارە لە دەشتی پیرۆزی لای یارەوە، کاتی سەیری دەشت و کێوانە و ناڵەی پەلەوەرانی مێرگەکانە.

هۆنراوەکانی مەلای جەباری زۆر سادە و ڕەوان و شیرین و دڵگرن و هەتا حەزکەی لە هۆنراوەکانیدا وشەی جوان و ساکاری کوردی بەکاربردووە کە هەموو کەسێک بەئاسانی



تێیان دەگا. مەلای جەباری دیسان بەجوانترین شێوە باسی جوانی بەهار و سروشتی کردووە و دیمەنە جوانەکانی سروشتی لە وەرزی بەهار هەڵداوە و لە پارچە هەڵبەستێکیدا کە بەناوی (بەهارنامە) هۆنیویەتەوە سەبارەت بەبەهار بەم چەشنە دەڵێ:

ساقی، سا (دەی)شی، وەهار ئاماوە
گوڵان سەرکێشان نە تۆی ساراوە
هەوای دڵ گوشاد نە ڕووی بەهەشتەن
فەڕ وە ڕووی سەحرای گەرمەسێر وەشتەن
وادەی بادەی ناب سەیر وەهارەن
سەرزەمین مەزهەر لقای دیدارەن
زەمزەمەی فیراق دڵ ئەفگارانەن
سەدای تەپڵ تیپ دەردەدارانەن
وەخت، نۆشا نۆش سەبووی قەرقەفەن
دەنگ زیل و بەم دایرەی دەفەن
درەختەن سەبزەن، شنۆی شەتاوەن
نەورۆزەن، گوڵەن، هەوای پای کاوەن
مەیەن، مەعشووقەن، مۆبەتەن، مەیلەن
خومەن لەبرِێزەن، پیاڵەن، کەیلەن
شۆرەن، شۆرشەن، غەوغا غریوەن
وەر جیلوەی جەماڵ دڵان فریوەن
نە گشت دیارێ تەجەللای توورەن
نەفحەی گیر و دار تەقڵ مەنسوورەن
فەنا فیللاهان مەست دڵ ئاگا
بێ باک مەواچان (انی انا اللە)
ڕەندان سەرمەست جان فیدای جانان
(انالحق) چون زکر زاهێد مەوانان
بۆ تا بگێڕین خەسرەوی بەزمێ
چەنی هەستیمان بکەرین ڕەزمێ
بەزمێ چون مەجلس بەهمەن وەکام بۆ
گا حەدیس جەم، گا باس جام بۆ

ئەی ساقی دەخیل من وەی زامەوە
ئیلتفاتێ کەر تۆ وە لامەوە
علاجی پێم دەر سوودمەندم بۆ
باعس حەیات قەید مەندم بۆ
رستگارم کەر لەی بەند دامە
قەدەم رەنجان کەر وادەم تەمامە
تەشریف با باوەرە وە سەبووتەوە
وەپیالەی گولڕەنگ چون یاقووتەوە
وە سینی سیمین زەرف زەڕەوە
وە جام گولفام بۆ عەنبەرەوە
هەر کەس بگێلۆ نەجام پەی کامێ
دەرمان بۆ پەی ئێش هەر دەرد و زامێ
موترب تۆیش وە چەنگ دڵنەوازەوە
وە و سۆز سەمتوور سەدای سازەوە
وەو مۆسیقەی مەشق سەد قانوونەوە
دەم وەسەدای ساز ئەرغەنوونەوە
مەر واچان (مەلا) جە هەستی وێش رەست
بی وە کاسەلێس مەستان ئەلەست

واتە: ئەی مەیگێڕ ئەوا مانگی رێبەندان تێ پەڕی و بەهار هاتەوە، گوڵەکان لەناو دەشت و کێو سەریان هێنایەدەر، هەوایەکی دڵڕفێنی وا هەڵدەکا کە دەڵێی بەهەشتە و خوا فەڕ و شکۆی بەسەر دەشتی گەرمەسێردا پڕاندووە و، ئێستاکە کاتی خواردنەوەی بادەی بێ خەوش و سەیری سەیرانی بەهارە و، وڵات بووەتە ژوانگە بۆ دڵداران، لە هەر لایەکەوە دەنگی دڵداران، کە گیرۆدەی دەردی ئەوینن بەرزە و کاتی خواردنەوەی جامی مەیە، دەروێشانیش لە خۆشیدا دەف لێ دەدەن، دارەکان سەوزن و ئاوی شەتاوەکان هاژەیان دێ، ئەوا نەورۆزە و کاتی ڕوانی گوڵە و هەوای دەشت و کێو خۆشە و کۆبوونەوەی دڵدارانە و سەردەمی خۆشەویستییە، وادەی سەرمەستیی یارانی خواپەرستە، بۆیە بێ باکانە وەکو مەنسوور خۆیان بەنوێنگەی خوا دەزانن، دەسا بێ تا بەزمێکی خەسرەوی پێک بێنین، بەزمێک کە بەکامی دڵمان بێ، ئەی مەیگێڕ هانایە تۆش وەرە و لایەکم لێ بکەرەوە و برینی دەروونم سارێژ بکە و لەم داوە ڕزگارم بکە، چونکە وادەم تەواوە، بەپەیمانە و جامەکەتەوە



وەرە جامێکی مەیم پێ بدە تا ئێش و دەردی دەروونم بەجارێ داساکێ، ئەی چاوەش تۆش وەرە و بەچەنگەکەتەوە نەوایەکم بۆ لێ دە، مەیگێڕ تۆش پیاڵەیێ بادەم پێ دە، ئیتر ئەوسا دەڵێن، کە مەلا رزگاری بوو و، بووە کاسەلێسی مەستانی ڕۆژی بەرین.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە هۆنراوەکانی مەلای جەباری گەرچی سادەن و بەوشەی جوان و ساکار و ڕەسەنی کوردی ڕازاونەتەوە، بەڵام لە بارێ ترەوە دەبێ بڵێین کە گەلێ شتی تازەی لە هۆنراودا داهێناوە بەر لە ئەو کەمتر هۆنەرێک ئەوانەی بەکار بردووە. بۆ وێنە: لێوی یارەکەی بەشیلان و دەمی بەپستە و ددانی بەمرواری و زوڵفی بەزنجیر و پەلکەی بەشەو چواندووە.

مەلای جەباری لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداریشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و، زۆربەی هۆنراوە دڵدارییەکانی دڵداریەکی خواپەرستییە و، هۆنراوە دڵدارییەکانی بەڕاستی دڵڕاکێشەر و دڵگر و شیرین و بەجارێ دڵی بنیادەم رادەکێشن و، ئاگری سۆز و خۆشەویستی لە سەرتاسەری هۆنراوە دڵدارییەکانیدا دەردەکەوێ و، هەر خاوەن دڵێک کە هۆنراوەکانی بخوێنێتەوە بەجارێ ئاگری تێ بەردەبێ. وا دیارە مەلا هەر لە سەرەتای جوانی و لاویەتییەوە گراوی کیژێکی شۆخوشەنگ و نەشمیل بووە، بۆیە هۆنراوە دڵدارییەکانی هەروەها وتمان ئاگر لە دڵی بنیادەم بەردەدەن. هەندێک دەگێڕنەوە و دەڵێن کە دڵخوازەکەی مەلای جەباری ناوی شیرین بووە و گەلێکیش شیرین بووە، بەجۆرێ کە مەلا ئارامی لێ براوە و ڕووی تێ کردووە و بەم جۆرە لەگەڵیدا رازونیازی کردووە کە دەڵێ:

شیرین تا تاکەرد، شیرین تا تاکەرد
تای توغرای تۆما رزێڕش تاتا کەرد
کۆکۆ، کۆی کەلاف عەنبەر وەلا کەرد
خەرمەن خەرمەن میسک خوتەن وەبا کەرد
پەنجە بەرد پەرچین نەهەم جیا کەرد
تەخت پێشانیش بەدر دووجا کەرد
حاجیان دوو قەوس پایەی سەماکەرد
موژان تەورتیر تشنەی غەزا کەرد
گێسووی سەراوێز چون بەڕەزا کەرد
سەر نەتۆی جامە و دوگمە و قەیا کەرد
ساق ستوون سیم تازە جەلا کەرد
خڕەی خڕخاڵش خەلای بالا کەرد

دەم نوکتەی مەدهۆش لایەجزا کەرد
نە لوولەی گەوهەر لؤلؤی لالا کەرد
فەم چەشمەی حەیات کەس نەنۆشا کەرد
چەن کەس چون یوسف خەریک چا کەرد
غەبغەب چون تورنج کەس نەبۆسا کەرد
گەردن سەرای ساف سەبووی سەبا کەرد
وەشنۆی شەوبۆ شەماڵ شینا کەرد
هەر با چون وەیسک خوتەن خەتا کەرد
نە سایەی سەمەر لیمۆش جیا کەرد
ناف وەعەتر ناف عالەم عەتا کەرد
یان وەتەلسم کۆی گەنج کجا کەرد
یان وە عەسای دوست کە لیمۆڵڵا کەرد
قامەت تەرزتوول سەوڵ ساوا کەرد
ئەوسا وا ماوای جەنەت ئاوا کەرد
سورین چون شیرین با نۆی کەسرا کەرد
رژگ ئەفزای ئاهوو سوب نەسارا کەرد
نمەز پەنجەی پای حومرەی حەنا کەرد
یان وەهوون سورخ جەرگ (مەلا) کەرد

واتە: شیرین زوڵفە توغراییەکەی هەروەکو تۆمار لوولی خواردبوو، بەپەنجەکانی تاڵ تاڵ و دانە دانەی کردەوە و، کۆکۆ زوڵفەکانی بڵاو کردەوە و خەرمان خەرمان موشکی دەکردە بادا و پەرچەمی خاوی لەیەک جیا دەکردەوە، ناوچەوانی وەکو مانگی چواردە بوو و، برۆکانی بەوێنەی کەوان بوو و، برژانگی کردە تیری خەزا، ئەوسا زوڵفەکەی وەکو بەڕەزا پەخشان کرد و، باسکی وەکو کۆڵەکەی زیوین دەرخست و خڕەی خڕخاڵەکانی کردە خەڵاتی، وەکو یوسف خەریکی ئەو چاڵە بوو کە تێ کەوت، لە سێبەری بەری لەشیا لیمۆی سەر سینگی جیا کردەوە، سورین وەکو شیرینی ئەرمەن خۆی نواند و، بۆ دیقە دیقەی کارمامز لای کردەوە.

مەلای جەباری دیسان لە ستایشی دڵخوازەکەیدا وێنەیەکی تری دارِشتووە و ناوەرۆکی هۆنراوەکەشی بەتان و پۆی دڵدارەکەیدا هاتووەتە خوارەوە و بەجۆرێ کە: تەوێڵی بەمانگ و



ڕوومەتی بەخۆر و پەلکەی بەکەمەن و ئەستۆی بەمینا و دەمی بەسەرچاوەی ژیان چواندووە کە دەڵێ:

شیرین سەرزەمین، شیرین سەرزەمین
خێزیا پەی سەیران سارا و سەرزەمین
دەس بەرد پەی زوڵف و حاشیە و جەمین
وەڵاو کەرد نە ڕووی مای دوو هەفتەمین
دەس بەرد عەرقچین توهمەی تاقە چین
قەراردا جە فەرق کڵافچەی موشکین
قەتارەی قوڵەنگ تورمەی سورمەی زەڕ
ئاوێزان نەدەور چەخیەی خورشید فەڕ
سەوزە کڵافان دێز وە پێڵەوە
دەماغ وەی هەوا و گەشت و گێڵەوە
لەیلێم وەی ڕەفتار وەی گوڵ گەشتەوە
وەی عەزم سەیران سارا و دەشتەوە
وەی دەستەی گوڵان لای سەروینەوە
وەی نیم نیگای ناز ئاهووی چینەوە
وەی سەر و سەروین سیاساتەوە
وەی ئەگریجەی مرخ قەی چیفاتەوە
وەی گێسووی کەمەن بارام گیرەوە
وەی سلسلەی زوڵف چون زنجیرەوە
وەی زڕەی گەوهەر گۆشەوارەوە
وەی زەنگۆڵەی زەڕپای قەتارەوە
وەی تۆپ تەڵای زنج زەردەوە
وەی مینای گەردەن ماول مەردەوە
وەی سینەی سفید سەرج سافەوە
وە ئەی دوو لیمۆی پڕ شەفافەوە
وەی جام جەمین نوور پێ وەشتەوە
وەی چەشمەی حەیات کەس نەچەشتەوە

وەی ساقـەی نەسیب سـەنعـەت ژەنەوە
وەی خــــڕەی خــــڕخـــاڵ تەڵا بەنەوە
ریشــەی جــــەرگــەکـــەم پێکاوە پاوە
سـەرپەنجـەش وەهوون جـەرگ (مـەڵا)وە

واتە: دڵخـوازەکـەم شـیـرین هەڵسـا بۆ سـەیرانی دەشت و دەر و کێو ڕۆیشت، دەسـتی بۆ زوڵف و ئەگریجەکان و هـەنیـەی برد و پەلکەکانی بەسـەر ڕوومـەتی مـانـگی چواردەیدا بڵاو کـردەوە، ئەوسا ئارەقـچـینەکـەی نایە بان زوڵفـەکانـیـەوە کـە وەکو مـوشک وانە، قـەتارەی گوڵەنگی لە تورمـەی سـورمـەی زێڕ بەدەور چەفتـەکـەیا هەڵواسیبوو و ڕوومـەتی وەکو هەتاو دەدرەوشـایەوە، یارەکـەم بەم ڕەوت و کـەشم و نەشم و گـەشت و گـێڵ و سـەیرانـەیەوە، بەم دەسـتـەی گوڵان لای سـەروینیـەوە، بەم نێو نیگای ناز و بەم سـەر و سـەروین و بەم پەلکەی کەمەن بارام گیرییەوە، بەم زنجیرەی زوڵف وەکو زنجیرەیەوە، بەم زڕەی گەوهەر گوارەیەوە و بەم سینگی سپی و تەوێڵی پڕ تیشکیەوە و، بەم خـڕەی خـڕخاڵی تەڵا بەنیـەوە، ریشـەی جەرگمی لەبن دەرهێنا و ئەوسا پەنجەکانی بەخوێنی مەلا ڕەنگین کرد.

مەلای جەباری سەری لە هـەموو بابەت و چەشنەکانی هۆنراوە داوە و هۆنراوی لە بارەی خواپەرستی و پیاهەڵدان و کـۆمـەڵایەتی و لاواندنەوە هۆنیوەتەوە و لەم مـەیدانـەدا ئەسپی خـۆی تـاوداوە، بەڵام بەداخـــەوە لەبـەرئەوەی زۆربەی هـۆنراوەکـانـی نەکــەوتوونەتـە دەست، ئەوەیە کە ناتوانین لە هەموو بارێکەوە لە هۆنراوەکانی بکۆڵینەوە.

مەلا بەتاقە هـۆنراوێک باسێکی گرنگی کۆمـەڵایەتیمان بۆ دەکا و ئەوەمـان بۆ دەردەخا کە بنیـادەم دەبێ کـەسـێکی خـۆش بوێ کە ئەویش وابێ، واتە: خـۆشـەویسـتی دەبێ لە هەردوو لاوە بێ، چونکە خۆشەویستی یەک لایەنی دەبێتە هۆی دەردی سەر وەکو دەڵێ:

پەی یەکێ بمرە پەرێت مــــەردە بۆ
ئەو لە تۆ زیاتر ئیـــمــــان هەردە بۆ

دیوانەکـەی مـەلای جـەباری لەلایەن عـەبدولجـەباری حـەمـەی جـەباری لە سـاڵی ١٣٨٨ی کۆچیدا لەچاپ دراوە.

سەرچاوەکان:

١- دیوانی مەلای جەباری، کۆکردنەوەی عبدالجبار محمد الجباری، کەرکووک، ١٣٨٨ھ.
٢- مێژووی ئەدەبی کوردی - علاءالدین سجادی - بەغدا، ١٩٥٢.



## مسەفا بەگی کوردی

١٢٦٧ - ١٢٢٧

ئەم هۆنەرە پایەبـەرزە کە لە ئاگری ئەویندا سووتـاوە و، دڵی بەدەست یارەوە هەڵقرچاوە، ناوی مستەفا و کوڕی مەحموود بەگی صاحبقرانە و نازناوی کوردییە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەست دان، کوردی لە ساڵی ١٢٢٧ی کۆچی لە شاری سلێمانی پێی ناوەتە مـەیدانی ژیانەوە و هـەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و لە دەورەی منداڵیدا لەلای زانا هـەرەبـەرزەکانی زێد و مـەڵبەندەکـەی خۆیدا فێری خـوێندەواری و زانست بووە و پاشـان بووەتە فەقێ و خـەریکی خوێندنی فقهی ئیسلامی بووە، بەجۆرێ کە لە دوای چەند ساڵ ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە.

وەکو دەگێڕنـەوە، مسـتـەفا بەگی کـوردی لە دوای ئەوەی کە ودم و ئیجازەی مـەلایەتیی وەرگرتووە، لەبەر ئاژاوەی ناوخـۆی شـاری سلێمـانی ڕووی لە شـاری سنە کردووە و لەوێوە ڕۆیشـتـووەتـە تاران و مـاوەیەک لە تاراندا مـاوە و بووەتە مـامـۆسـتـا و لەگـەڵ قـائانـیـشـدا بەهۆنراو پیلەبازیی کردووە و پاش ئەوەی ڕۆیشـتـووەتە شام و سەرێکیشی لە پاریس داوە و ئەوسـا ئەڵهـای زێد و مـەڵبـەندەکـەی خـۆی کـردووە و گـەڕاوەتەوە شـاری سلێـمـانی و سـەرئـەنجـام لە سـاڵی ١٢٦٧ لە تـەمـەنی چل سـاڵیـدا کـۆچی دوایی کـردووە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە گۆڕستانی گردی سەیواندا نێژراوە.

کوردی لە هۆنەرە هەرە بەرزەکانی کوردە و هەر لە تافی جوانییـەوە حـەزی لە هەڵبـەست دانان کردووە و هـەڵبـەستی داناوە و هـەڵبـەستەکانی زۆر جوان و شـیرین و پاراو و دڵگرن و زۆرترینیان دڵدارین.

هۆنەرانی کـورد بەچاوێکی بەرزەوە سـەیری کوردییـان کردووە و زۆر ڕێزیان بۆ داناوە. جارێکیان لە شـێخ ڕەزای تاڵەبانییان پرسی بەبیروڕای تۆ گەورەترین هۆنەرە کۆنەکـانمان کێیە؟ شـێخ ڕەزا فەرمـووی: ئەگەر هەمـوو هۆنەرە پێشـووەکانمان زیندووبنەوە هەر کامیان ڕۆژێ جارێک دیدەنییان لێوە دەکەم، بەڵام لە کوردی ڕۆژێ پێنج جار. حاجی قادری کۆییش لە باسی کوردیدا دەڵێ:

شـەهسەواری بەلاغـەتی کـوردان     یەکـە تازی فـەساحـەتی بابان
مـسـتـەفـایە تەخـەللوسی کـوردی     غـەزەلی کردە بەربەتی کـوردی

مامۆسـتا گیو مـوکریانی لە سەرەتای دیوانەکەی کـوردیدا دەڵێ: کوردی ژیانێکی زۆر تاڵ و ناخـۆشی ڕابواردووە و بەهـۆی ناکـۆکیی بابانەکان و پەلامـاری ترکەکـانی عـوسمـانییـەوە، سلێمـانی و شـارەکـانی تری کـوردسـتـان لەناو بۆتـەی ڕامـیـاریدا توابووەوە، کـوردییش لەبەر

ئەوەی دڵی ناسک بووە، بەرگەی دیتنی ئەو دیمەنە ناخۆشانەی ژیانی نەتەوەکەی نەگرتووە، بۆیە مەڵبەندەکەی بەجێ هێشتووە و ڕووی لە هەندەران کردووە و نازناوی خۆی بەئاوارە گۆڕیوە.

بەداخەوە مامۆستا سەجادی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا کوردی بەبێ بەندوباری تاوانبار کردووە و چەند لاپەڕەی مێژووەکەی بەباسی ئەو و قالە ناوێک پڕ کردووەتەوە، کەچی لە هەڵبەستە کوردی و فارسی و عەرەبییەکانی کوردی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە کوردی پیاوێکی خواناس و پارێزکار بووە و زۆربەی هەڵبەستەکانی کە دڵدارین، دڵداریەکی خواناسییە و وا دیارە کوردی حەزی لە ئاکاری باش کردووە و لە ڕەوشتی خراپ خۆی لاداوە و ئەمەش لە هەڵبەستەکانیدا دەردەکەوێ.

هۆنینەوەی هۆنراو بۆ کوردی وەکو ئاوخواردنەوە بووە و زۆربەی هۆنراوەکانی سەبارەت بەدڵدارین و وا دیارە کوردی سووتاوی ئەوین بووە و هەر لە دەوری لاویەتییەوە کە لە دەریای ئەویندا نوقم بووە، دەستی کردووەتە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداری بۆیە خۆی دەڵێ:

مەکەن مەنعم کە سەرگەردان و وێڵم
بەدەست عەشقە زەمامی ئیختیارم

کوردی لە دەریای ئەوین و ئەوینداریدا گەوزاوە و ئەویندار و سەوداسەری دڵدارەکەی بووە، بەجۆرێ کە لە پارچە هەڵبەستێکیدا بەناوی ئەسپاردە دەڵێ: هەموو کەسێک لە من بێزارە چونکە هەموو شەوێک من لە دووریی یارەکەمدا دەناڵێنم و فرمێسک بەخوڕ لە چاوانمەوە دێتە خوار، ئەگەرچی شەو و ڕۆژ خەریکی بیستنی نەوای گۆرانیبێژانم، بەڵام دڵی خەمگینم لە خەم و پەژارە خاڵی نییە. بژیشک دێن کە دەوای دەردم بکا کەچی من دەردم دەردی دوورییە و بەبێ دەوای یارەکەم ئارامم نییە. ئەی یاران، ئەگەر هات و من مردم، لە باتی قەوم و کەسوکارەکەم بایارە نازەنینەکەم بێتە سەر مەیتەکەم و شینم بکا. من لە ڕێی ئەوینەوە کوژراوم و ئیتر مەمشۆن و کفنم بۆ مەکەن، چونکە ئەو بەرگە خوێنینەم لە ڕۆژی پەسڵاندا شایەتیم بۆ دەدەن، ئیتر پێویستیش ناکا مەلا بێن و تەلقینم دادا. ئەی کوردی بێهوودەیە کە فرێشتەکان دێن و ئاینی و ڕێبازگەت دەپرسن، چونکە خوای توانا خۆی دەزانێ من لەسەر کام ئاین و ڕێبازگەم:

ڕەفێقی کونجی میحنەت عاجزن هەر شەو لە ناڵینم
گورێزانن لەبەر لێشاوی بەحری مەوجی ئەسرینم
ئەگەرچی ڕۆژ و شەو مەشغووڵی نەغمەی موتربم ئەمما
لە خەم خاڵی نییە ساتێ دڵەی مەحزوون و خەمگینم





تەبیب دێن دەوای دەردم بکا خۆ من زەدەی دووریم
بەبێ داڕوویی وەسڵی ئەو نییە ئارام و تەسکینم
ئەگەر مومکن نەبوو ژینم کە من مردم وەسیەت بێ
لە باتی قەوم و خوێشانم لەسەر مەیتم بکا شینم
شەهیدی عەشقم و مەمشۆن و کفنم بۆ مەکەن یاران
گەواهی حەشرە بۆ دەعوای شەهادەت بەرگی خوێنینم
بەپەردەی زاهری گەر بێ سەدای ئەو عاشقی یارەم
ئیتر حاجەت نییە بێن مەلا بۆ وەعز و تەلقینم
عەبەس (کوردی) مەلائک دێن دەپرسن مەذهەب و دینت
کە قادر خۆی دەزانی من لەسەر کام مەزهەب و دینم

کوردی لەگەڵ یارەکەیدا دەکەوێتە رازونیاز و دەردە دڵی خۆی دەکات و دەڵێ: دووریی یارە نازەنینەکەم بووە ژاری مار و خواردمەوە، برینی کۆنم بەجارێ هاتەوە ژان و کەچی یارەکەم بەزەییی پێمدا نەهات و نەهات چاوێکم پێ بکەوێ. خەم وپەژارە سەری لێ دام، بەڵام ئەو قەت سەرێکی لێ نەدام، دڵم دەسووتێ و وەکو چرا گڕی لێ هەڵدەستێ کەچی یارەکەم نەهات بمبینێ. گۆی سەرم کەوتە بەر گۆچانی خەم و پەژارە و ڕای فڕاند کەچی دڵدارەکەم بەفریام نەکەوت و تەنانەت کەس نەبووە شیوەنم بکات و بۆم بگری:

چێشتم ئەمڕۆ ژەهری مار و ڕۆحی شیرینم نەهات
زامی کۆنەم هاتە ژان و مەرهەمی برینم نەهات
من خەمم خوارد و چەند بەچەند فرمێسکی خوێنینم نەهات
غەم سەری لێ دام و یارم قەت سەرێکی لێ نەدام
سەبر و هۆشم ڕۆییەوە غارەتگەری دینم نەهات
دڵ دەسووتێ چین بەچین دەشکێتە سەر یەک وەک فەنەر
خاوەنی ڕووی ئاتەشین و زوڵفی چین چینم نەهات
دیدە وەک هەوری بەهاران خوێن دەگرێنێ و سەدای
پێکەنینی غونچەیی نەو سەبزە پەرژینم نەهات
گۆی سەرم چەوگانی میحنەت دایە بەر خۆی رای فڕاند
وای عەجەب بۆ شاسواری خانەیی زینم نەهات
کەوتمە وەختی مردن و غەم خستمیە حاڵی غەرغەرە
(کوردی) بێ کەس خۆم لە هیچ لایێ سەدای شینم نەهات

کوردی بەم پارچە هەڵبەستە ئەوەمان بۆ دەردەخا کە یاریی شەقێن و رمبازی و تۆپێن و جلیت بازی لەو دەورە لەناو کوردەواریدا باو بووە و پاشان ئوروپییەکان لە کورد وەریان گرتووە. کوردی لە سەردەمی مەحموود پاشا و ئەحمەد پاشای بابان (١٢٦٧ – ١٢٢٨)دا دەژیا و لەم دەمەدا میرنشینی بابان کەوتبووە ناو ئاژاوە و شەڕوشۆڕ و، عوسمانییەکان زۆریان بۆ خەڵک هێنابوو و شارەکانی بەبە لەناو ستەم و ئاگردا دەسووتان و نەخۆشیی چاوقووڵکە و ڕشانەوەش تەنگی بەخەڵک هەڵچنیبوو و، هەموو ڕۆژێ سەدان کەس دەکوژرا و دەمرد. لە دەوری مەحموود پاشای بەبەدا، کوردی لە تافی جوانیدا بوو و، ژیانی لە ئەوپەڕی بەدبەختی و کلۆڵی و چەرمەسەرێدا دەبردە سەر، وەکو دەڵێن لەم کاتەدا گرفتاری ئەوینی کیژێک بووە و، لە ئەوینی ئەودا دەسووتا و خەریکی هۆنینەوەی هۆنراو بووە، ئیتر سەبارەت بەژیانی کوردی بەڵگە و شوێنەوارێکی وا مان بەدەستەوە نییە کە بزانین کوڕی پاش ئەوە چۆن ژیاوە، بەڵام وا دیارە لە پاش مەحموود پاشا واتە لە ساڵی ١٣٠٤ی کۆچیدا، کوردی زێد و مەڵبەندەکەی خۆی بەجێ هێشتووە و ڕووی لە هەندەران کردووە و ئاوارە و دەربەدەر بووە.

کوردی دیوانێکی زۆر گەورەی هەبووە، بەڵام لەبەر ئاژاوەی ناوخۆی بابان ئەو دیوانەی دەست بەدەست کەوتووە و تیا چووە، ئەوەش کە بەناوی دیوانی کوردی لە چاپ دراوە، لەم دواییەدا کۆکراوەتەوە. زۆربەی هۆنراوەکانی کوردی کە بەدەستەوە ماون، دڵدارین.

هۆنراوەکانی کوردی سروودی ئەوین و دڵدارییە و، هۆنەر جگە لە ئەوین و دڵداری نەیتوانیوە خەم و پەژارەی زەمانەیەک کە خەڵک لەناو تووڵانەوە و خراپە و گوناه و درۆ و فرۆفێڵدا گەوزان لەبیر باتەوە. نە لە زەردەخەنە و بزەی گوڵدا نیشانی ئەمەگ هەیە و نە لە ناڵەی بولبولدا ئاهەنگی ئومێد و هیوا هەیە. لە جیهانێکی وادا کە هیوا و بەزەیی بەدەستی زۆروستەم لەناو دەچێ، چ هاوەڵێک چاکتر و باشتر لە ئەوین و دڵداری پەیدا دەبێ؟ ئەوەیە کە کوردی بۆ لەبیر بردنەوەی ئەو هەموو دەرد و ڕەنج و پەژارەیە ڕوو دەکاتە ئەوین و دڵداری و دەڵێ:

کولی عالەم وا بوون سەرگەشتە و حەیرانی عێشق
هیچ کەس نازانێ ئەحواڵی سەر و سامانی عێشق
بادە پەیمانانی ئیدراک و کەماڵی عارفان
لەنگ و عاجز بوون لە ڕێی تەی کردنی مەیدانی عێشق
گەرچی غەواسانی فیکرەت غووتەوەر بوون مووددەتێ
قەت نەبوون واقف لە قەعری بەحری بێ پایانی عێشق



سامری و سەحبان و جارولڵا و لوقمان و سەتیح و
موخبیری کولی علووم بوون و سەرگەردانی عێشق
حافز و سەعدی و نزامی و قەیس و جامی و دەهلەوی
فەیز خواه و مەعرفەت جۆ بوون لە شاگردانی عێشق
خەسرەو و مەحموود و فەرهاد هەر سێ شا و شازادە بوون
ئاخری بووشن بەبەندە و چاکەری سوڵتانی عێشق
شەمس و مەولانا مەنسوور کەی بەسیرِ مەحرەم دەبوون
تا نەیانخواردایە ڕیزەی نانی سفرەی خوانی عێشق
زاهید خوێندووتە تەفسیری (لِكُلٍّ وِجهَةٌ)
قەت مەدە طەعنە لە مەستی و بێخودی ڕەندانی عێشق
مولتەجی نابێ بەکەس (کوردی) لە دونیا و ئاخرەت
ڕۆژی دیوانی خودا دەستی من و دامانی عێشق

واتە: تەواوی خەڵکی جیهان سەرسام و سەرگەردانی ئەوینن و، هیچ کەس لە ئەوین و ئەویندارى سەر دەر ناکا. ئەوانەی کە لەناو ئەویندا گەوزاون و بادەی ئەوینیان خواردووەتەوە لە ڕێبڕینی مەیدانی ئەوین زەبوونن و ناتوانن بگەنە سنووری ئەوین ئەوانەی وا لەناو بیر و کەڵکەڵەی ئەویندا ماوەیەک گەوزاون، هیچ کاتێ نەیانتوانی بگەنە دەریای بێ بنی ئەوین. سامری و سەحبان و لوقمان و سەتیح کە لە زانستەکاندا شارەزا بوون، لە ئەوین واقیان وڕما. حافز و سەعدی و نیزامی و قەیس و جامی و دەهلەوی شاگردانی ئەوین بوون. خەسرەو و مەحموود و فەرهاد هەرسێکیان کە شا بوون، بوونە نۆکەری ئەوین. شەمس و مەولانا و مەنسوور تا لەسەر خوان و سفرەی ئەویندا دانەنیشتن نەیانتوانی ببنە ڕازداری ڕاز. ئەی پارێزگار تۆ کە ئایەیی (لِكُلٍّ وِجهَةٌ)نت خوێندووە، ئیتر لەوانەی وا مەستی ئەوینن تا نەمەدە (کوردی) لە جیهان و ڕۆژی دواییدا بەکەس پەنا نابا، جگە لەوەی دەست بەدامێنی خوا و ئەوین نەبێ.

کوردی لەم هۆنراوانەدا دیاردی دەکاتە سەر ئایەی ١٤٨ی سوورەی بەقەرە کە دەفەرموێ: (لِكُلٍّ وِجهَةٌ هُوَمُوَلّيها) واتە: بۆ هەر دەستە و تاقمێک ڕێگەیەک هەیە بەرەو لای خوا کە بەو ڕێگەیە بڕوا.

کوردی وەکو پیتۆڵێکی ئەم ڕۆژگارە، بایی ئاوەز و زانست بەتەرازووی ڕەخنە هەڵدەسەنگێنێ و بەپارێزگاری، درۆزن تەشەر دەدا و، لە پەرێشانی و ئاڵۆزیدا دڵی خۆی دەسپێرێتە ئەوین و لەبەر ئەوین بەرگەی ئەو هەموو ڕەنج و کێشە و پەژارە و سەخڵەتییەک

دەگرێ و لای وایە کە ئاژاوە و گۆبەندی زەمان بەهۆی چاو و دیدەی یارییەوە ڕوو دەدا کە گراوی بووە بۆیە ڕوو دەکاتە یارەکەی و دەڵێ:

چاوت ئەمـــشـــەو وا دیارە فـــتنەیێ بەرپا دەکـــا
خوانی دین وەک تورکی یەغمایی بەتاو یەغما دەکا
تورکی دیدەت بەو دوو قەوسی حاجب و تیری موژەت
بۆ گـرفـتی دڵ لە کـاکـۆڵت عـەلەم بەرپا دەکـا
چاوی فەتانت دەکا سیـری نیـهانی دڵ عـەیان
واقیـعی هەر فتنە ئەسراری نیهان ئیفشا دەکا
مەردومی چاوت کە دێتە سەر سپاهی مڵکی گیان
وەک قـەجـەر دایم لە قیـقـاجی نیگاه دەعوا دەکا
چونکە هیچ شاهد لە نێـوانمان نەبوو ڕۆژی ئەزەڵ
عـەقڵ و دینم نایە مستی ئێستە وا حاشا دەکا
گەر بەناحەق بمکوژێ نابێ کە کەس مەنعی بکا
حاکمێ کافر بێ ئەڵبەتە عەداڵەت وا دەکا
پێم دەڵێ کوردی وەکو من ئارەزووی وەسڵی هەیە
بۆچی تۆ مانع دەبێ ئەم بەندە چۆن بێجا دەکا

کـوردی بەپێی پارچە هەڵبەستێکی باسی بەزم و ئاهەنگی ئەو دەورەی شارەزوور و سلێمانیان بۆ دەگێڕێتەوە و ڕوو دەکاتە پارێزکار و دەڵێ: ئەی پارێزکار، دەرگای مەیخانەی خوایی کراوەتەوە و ئیتر واز لە گۆشەنشینی بێنە و بێ لەگەڵ خەڵکدا دانیشە و بدوە و جامێکی بادەی یەزدانی بخۆرەوە، کۆڕەکەمان خۆشە و مەیگێڕ بەنازێکەوە مەی دەگێڕێ و، چاوەشان و دەنگخۆشان هەموو کۆبوونەتەوە و ئاهەنگ ساز دەکەن، کەوا بوو ئەوانەی وا درۆزن و فێڵەبازن نابێ بێنە ناو کۆڕەکەوە، چونکە ئەم کۆڕە ئەوەندە گەرم و بەجۆشە، جەمشید دەبێ بەدەرکەوانی و نەکیسا و بارەبود دەبێ بەگاو و گەردوونی، وەکو دەڵێ:

دڵ لە میحنەت کەیلە ئەی پیری موغانی بەزم ساز
هەر ئەتۆی بۆ بارەگای عەیش و تەرەب مەسنەد تەراز
بانگ کەنە زاهێد نەماوە وەرنە گۆشەی خانەقا
بێن کە وازە دەرکی مەیخانان و خەڵوەتگاهی راز
با لە شەرتی بادە مەردئەفکەن بێ ساقی نەوجەوان
دیدە مەست بی و کڵاو کەچ کات و دوگمەی سینەواز



زوڵف و کاکۆڵ و غوڵامانەی هەموو ئەفشان بکا
بی بەزانوودا بدا جامێ بەعیشوە و شەرم و ناز
دایرەی میسری چەقانە گەوهەر و لەنجەی سەمەن
دەنگی چاوش بێ بەڵا هاوێتە گیانم بی نەواز
ئاغە زەنوون لێ بدا سینەکەمان فارس گرفت
ئەلکە تەنبوور و دەف و ئەسعەد بدا دەستی بەساز
مستۆ ئیبراهیمی ئاوڕەحمان نەوا و فەتحی حەزین
مستەفا ناری و سێگا، یونس بڵێ دەشتی و حیجاز
با ڕەسووڵ هەڵداتە ڕاست، سالح بڵێ: نیوە شەوێ
موحیەدین چوارگا و قەرە دەنگی بڵند کا بۆ قەزاز
جار بەجار بکزێکەوە هەڵسێ لە پەردەی زاهێری
یارەکەی عاشق کوژە و مەعشووقەکەی دوشمن نەواز
موترب ئەروابن فیدایان بێ نەکیسا و بارەبود
ساقی ئەروابی بەقوربانی دوو دیدەی بی ئەیاز
مەجلس ئەروابێ هەزار جەمشیدی جەم فەڕاشییە
مەی ئەگەر وابی بەهای جامێکی ئێران و حیجاز
وەنییە (کوردی) مایلی ئەو جۆرە ئەتوارانە بێ
لازمە شاعر لەهەر نەوعێ بڵێ بۆ ئیمتیاز

کوردی لەم هۆنراوانەدا بەزم و ئاهەنگی کۆنی کوردەواری دەگێڕێتەوە و یەکە یەکە ناوی چاوشان و گۆرانیبێژان دێنێ و لە پاشا بیروبڕوای خۆیشی دەردەبڕێ.

لە دوای مەحموود پاشای بابان، ئەحمەد پاشا لە ساڵی ١٢٥٤ی کۆچیدا دەبێتە میر. لە پاش ماوەیەک عوسمانییەکان لەشکرێکی زۆر و زەبەند دەنێرنە سەر بابانەکان و لە دوای کوشت و کوشتارێکی زۆر وڵاتی بابان داگیر دەکەن و ئەحمەد پاشاش هەڵدێ بۆ تاران و بەم جۆرە میرنشینی بابان لە ساڵی ١٢٤٧ی کۆچی ڕووخاوە. کوردی کە ئەم کارەساتەی بینیوە، وادیارە ئاخر و ئۆخری تەمەنی بووە، دڵی دێتە جۆش و خرۆش و بەم چەشنە بەسەرهاتی کوردەکانی ئەو دەورەمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

ساعقە و بەرقی نحووسەت زوڵمەتی دا شەرق و غەرب
بەردەبارانە بەمەخسووسی لەسەر مڵکی بەبان

چاوی عیبرەت هەڵبڕە ئەی دڵ لە وسفی دەهری دوون
سەیری کە ساکوو فەلەک چیی کرد بەزومرەی کورد زمان
چارەسەرکەن بێ نەوایان نان و نیعمەتتان بڕا
لوولە بوو سفرە و نەواڵە ون کراوە زەرف و خوان
جوملە سادات و مەلا و حاجی بەڵاشین کەن بەسەوز
دەفتەری ئەهلی وەزایف سەر هەتا پێ حەک کران
دڵ لە میحنەت کەیلە مەیلی سەیری ناو شارم نییە
هەردوو چاوم خوێنی تێ زاوە لە داخی تورکەکان
بێ زمان کوو کوو زەنان هەر خانەدان تێ دەفکرم
عەنکەبووت خواجە نشین و جووتی کوندن دیدەبان
قەومی کوردان گریەکەن بۆ ئاغەکان و گەورەکان
نیوە مەحبووس، نیوە مەقتوول، نیوەیان مەنفی کران
کۆڵ بەدۆش و خەرقە پۆش بن، تاج و کەشکۆڵ هەڵگرن
ڕووکەنە ئەفلاکی بەدخوو بچنە شاری خامۆشان

هەندێ لە هۆنراوەکانی (کوردی) بەناوی دیوانی کوردی سەرەتا لەلایەن کوردیی مەریوانییەوە لە ساڵی ١٩٣١ لە بەغدا و بۆ دووەمین جار لەلایەن مامۆستا گیو موکریانییەوە لە ساڵی ٢٥٧٣ی کوردی لە چاپ دراون، بەڵام ئەمانە کۆمەڵەیەکن لە هۆنراوەکانی کوردی، ئەگینا وەکو دەڵێن کوردی پتر لە بیست هەزار هۆنراوی بەکوردی و فارسی و عەرەبی بووە کە دیوانە فارسییەکەی لە دەست دایە و هێشتا چاپ نەکراوە.

سەرچاوەکان:
١- دیوانی کوردی، لەسەر ئەرکی گیو موکریانی - هەولێر، ٢٥٧٣.
٢- دیوانی حاجی قادری کۆیی، لەسەر ئەرکی گیو موکریانی - هەولێر، ١٩٤٩.
٣- دیوانی کوردی - کوردی مەریوانی - بەغدا، ١٩٣١.



## مەلا محەمەدی زەنگەنە

١٢٣٠ - ١٣٠٠

ئەم هۆنەرەمان ناوی محەمەد و کوڕی یوسفی زەنگەنەیە و نازناوی هۆنراوی ڕەنجوورە و بەڕەنجووری شێخانی بەناوبانگە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٣٠ی کۆچی لە دەوروبەری کەرکووکدا لەدایک بووە. لە زۆربەی مەڵبەندەکانی کوردستاندا خەریکی خوێندن بووە و گوایە لە سلێمانی ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و پاشماوەی ژیانی لە زێدەکەی خۆیدا بردووەتە سەر و لە ئاخروئۆخری تەمەنیا بەرەو حیجاز کەوتووەتە ڕێ لە کاتی زیارەتی بارەگای پاکی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام پارچە هەڵبەستێکی لەوێدا بەسەر پێیی هۆنیوەتەوە و سەرئەنجام هەر لە مەدینەدا لە ساڵی ١٣٠٠ لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێدا نێژراوە.

ڕەنجوور لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن. لە هۆنراوەکانی ئەو هەر تەنیا پارچە هەڵبەستێکمان کەوتووەتە دەست ئەویش لە گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)دا چاپ کراوە کە دەڵێ:

یاران نەمەندەن، یاران نەمەندن
حەقجۆ حەق شناس تەحقیق نەمەندەن
خەلایق سکەی بی شەرتیش ژەندەن
تەحقیق نیشانەی هەزار و ئەندەن
ڕەسووڵ سەروەر ئەمین ئەلتاف
فەرموودەی هوێش نەدارۆ خیلاف
سرایەت کەردەن فتنە و ئەفسانە
عەلامەت زوهوور ئاخر زەمانە
شێخان بێ شوعوور، غافڵ نەذکردن
پەی جیفەی دنیا خەیلێ نەفیکرەن
عالم وە عیلم هوێش ناڕازییەن
جە مەکر و حیلە و کینە بازییەن
فەقێ فاقە و فەقر کەردەنش ئەسیر
کەردەن تەرک عیلم پەی خزمەت ئەمیر

کۆمەڵ کۆچشەن هەریەکە پەی لایێ
هەر کام خەریکن بەتەمەنایێ
دەروێشان دڵڕێش جام شەرابەن
پەی فسق و فوجوور دەروون کەبابەن
سۆفیان ناساف دوور لە عیبادەت
جەڕای دینداریش بیەن ئینابەت
خانەقا خەراب جامعان چۆڵەن
مەنزڵان وێران هەر خاک و خۆڵەن
دەنگ عەداڵەت بڕیان جەزەمین
دنیابی سەقەر پەی گەدا و مسکین
هامسا چەنی هەم دایم وە قینەن
بێ مەیل و مۆبەت گۆشە نشینەن
"رەنجوور" جەدەس گەردوون زەلیلەن
یا ڕەسوولوڵڵا وە تۆش دەخیلەن

واتە: ئەی یاران! پیاوی ڕاست و هەق ناس نەماوە و خەڵک پەیمان و بەڵێنیان لەبیر چووەتەوە و دیارە کە نیشانەی هەزار و ئەوەندە ئاخرزەمانە، پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دروودی خوای لەسەر بێ فەرموویەتی کە لە ئاخرزەمان ئاژاوە و بشێوە و تولآنەوە پەرەدەستێنێ، ئەمانەش نیشانەی ئاخر زەمانە. ئێستاکەش شێخان هان لە بیری جیهان و زانایان بەزانستی خۆیان ناڕازین و خەریکی فڕوفێڵ و ڕقەبەرێن، فەقێ و قوتابی وازیان لە زانست هێناوە و بۆ ئەم لا و ئەولا کۆچەڵکۆچیانە، دەروێشەکان بەهیوای تۆزێ بادە و شەراون و سۆفییەکان لە دین بێزار بوون و خانەقا کاول بووە و چۆڵوهۆڵە و دەنگی داد و دادگەری لە زەویدا نەماوە و جیهان بۆ هەژار بووەتە دۆزەخ و هاوسێ لەگەڵ هاوسێدا ناسازە و (ڕەنجوور)یش لە دەست ئەم جیهانە وەڕەز بووە و (یا ڕەسووڵڵا) هانای هێناوەتە لای تۆ.

سەرچاوەکان:
١– (دەنگی گێتی تازە) – ژمارە ١٤، ساڵی ١٩٤٦.
٢– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا محەمەدی زەنگەنە.



## حاجی قادری کۆیی

١٢٤٥ – ١٣١٤



ئەم هۆنەرە پایە بەرزە ناوی قادری کوڕی مەلا ئەحمەدە کە لە دێی گۆڕ قەرەج کە کەوتووەتە باشووری خۆرئاوای شاری کۆیەوە هاتووەتە جیهانەوە. سەبارەت بەمێژووی لەدایکبوون و مردنی حاجی قادر لە نێوان نووسەران و مێژوونووساندا جیاوازی هەیە. مامۆستا عەبدولڕەحمان سەعید ساڵی لەدایکبوون و مردنی حاجی (١٢٣٢ـ ١٣١٢ی کۆچی) داناوە، مامۆستا عەلائەدین سەجادی و گیو موکریانی و محەمەد مەلا کەریم (١٣١٢ – ١٢٣٥)یان داناوە. دکتۆر مارف خەزنەدار و دکتۆر ئیحسان فوئاد (١٢٣٢ ـ ١٣١٤)یان بۆ لەدایکبوون و مردنی حاجی داناوە. مامۆستا ئەمین زەکی بەگیش بۆ مردنی حاجی ساڵی (١٣١٤)ی داناوە.

بەپێی کەشکۆڵێکی کۆن کە لەم دواییەدا کەوتووەتە دەستمان، مێژووی لەدایکبوون و مردنی حاجی قادرمان بەتەواوی بۆ ڕوون دەبێتەوە. لەم کەشکۆڵەدا نووسراوە کە حاجی قادر لە ساڵی ١٢٤٠ی کۆچی پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە لە ساڵی ١٣١٤ لە تەمەنی حەفتا و چوار ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

حاجی قادر بەپێی ئەو بەڵگانەی کە باسمان لێوە کردن، لە ساڵی ١٢٤٠ی کۆچی لە دایک بووە و هەر بەکۆرپەیی باوکی مردووە و لەبەرئەوەی هەژار بوون، دایکی کۆرپەکەی هەڵگرتووە و هێناویەتە شاری کۆیە و ئەوسا حاجی کە کەمێک گەورە بووە، دایکی بەیارمەتیی هەندێک لە پیاوچاکانی شارەکە منداڵەکەی ناوەتە قوتابخانە و لە پاشا بووەتە فەقێ و لە مزگەوتی موفتیدا خەریکی خوێندنی ڕێزمانی عەرەبی و فقهی ئیسلامی بووە و پاشان چووەتە لای مەلا ئەحمەدی هۆمەرگونبەتی و خەریکی خوێندنی زانستی ئیسلامی بووە و ئەوسا بەفەقێیەتی گەلێ شار وەکو: هەولێر و خۆشناو و سابلاخ و شنۆ و سەردەشت و سلێمانی گەڕاوە و لە هەر کوێدا مەلایەکی زانا و تێگەیشتووی بینیوە، لەلای ماوەتەوە و زانستی لێ فێر بووە و بەهرە و سوودی لێ وەرگرتووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە کۆیە و پاش ئەوە ئەڵهای ئەستەمووڵ دەکەوێتە سەری و لەگەڵ کەیفی جوانڕۆییدا دەڕواتە ئەستەمووڵ و دەبێتە مامۆستای کوڕەکانی بەدرخان پاشا و ئیتر پاشماوەی ژیانی لەوێدا دەباتە سەر تا لە ساڵی ١٣١٤ی کۆچی لە تەمەنی حەفتا و چوار ساڵیدا لە جیهان

ماڵئاوایی دەکا و لە گۆڕستانی ڕەقەجە ئەحمەد لە بەرەی ئەسکودار دەنێژرێ.

حاجی قادر لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کوردە و لە ئاسمانی وێژەی کوردەواریدا هەتا هەتایە وەکو ئەستێرەیەکی گەش دەترووسکێتەوە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەست دایە، حاجی هەر لە سەرەتای لاوەتییەوە دەستی کردووەتە هۆنراو هۆنینەوە و هۆنراوەکانی زۆر سادە و ڕەوان و شیرین و دڵگرن و، لە هۆنینەوەی هۆنراودا سەری کێشاوەتە ناو دەرگای هەموو چەشنە هۆنراوێکەوە: دڵداری، ئاینی، کۆمەڵایەتی، پیتۆڵی، بەڵام پتر مەبەستی لە هۆنراوە هۆنینەوە ئەوە بووە کە پەندی خەڵک دادا.

حاجی وێنەیەکی بی کەم و زیادی هۆنەرە کۆنەکانە و زۆربەی هۆنراوەکانی بەرۆێژەی کلاسیکی دەکەون و لە راستەقینەدا ئاوێتەیەکی باڵانمای هۆنراوی کلاسیکی کوردین، چونکە زۆربەی هۆنراوەکانی پەند و ئامۆژگاری و پەسەندی جوانی و ئەوین و دڵدارین و، بەجۆرێکی تریش دەتوانین بڵێین کە حاجی هۆنەری کۆمەڵە و حەزی کردووە کە کۆمەڵ پێشڕەوت بکا و لە ژیاندا سەرکەوێ، چونکە زۆربەی هۆنراوەکانی کۆمەڵایەتین، لەگەڵ ئەمەشدا گەلێ هۆنراوی ئاینی و دڵداری لەناو دیوانەکەیدا دەبینرێن و، گەلێ لە هۆنراوەکانی بەڕاستی زۆر جوان و تەڕ و پاراو و شیرین و دیارە هۆنەرانی کوردیش حەزی لە هۆنراوی نالی و کوردی کردووە کە هاوچەرخی خۆی بوون.

حاجی وا دیارە هەر لە سەرەتاوە کورتژمی هۆنراوی لە جوانیی ڕوومەت گوڵەکانەوە وەرگرتووە و کەوتووەتە داوی یەکێ لەو ڕوومەت گوڵانەوە بۆیە لە هۆنراوەکانیدا بەتانوپۆی دڵدارەکەیدا هاتووەتە خوارەوە، ڕوومەتی بەتیشکی شەم و دەمەکەی بەخونچە و چاوەکانی بەچاوی مەست و زوڵفەکانی بەتاریکیی شەو چواندووە و دەڵێ:

مەهـ و مێهری بەغارەت دا بەشوعلەی شەمعی روخساری
گوڵستانیش بەیەغما چوو لە تەنگیی خونچەیی زاری
لە نەشئەی چاوەکەی مەستی مەهـ و مەیخانە وێرانن
هەموو کەس بەندی زونارە لە سەودای زوڵفی تاتاری
دڵ و گیان و جیهان و تەن وەکو ئیمان و دینی من
فیدای ڕوخساری گوڵناری نیساری زوڵفی تەڕاری
ئەشیعەی مێهری گەردوون و شوعاع و شەعشەعەی بەدری
لە سایەی پەرتەوی ڕووتە بەقوربان نووری یا ناری
دەخیل ئەی چاوی جادووگەر بفەرموو مەردومان یەکسەر
دەڵێن خەوتووی و بێداری دەڵێن مەخموور و هۆشیاری



بپرسە (حاجی) تۆ جارێ لە زوڵف و پەرچەمی خواری
بڵێ گەر تاری بۆچ ماری بڵێ گەر ماری بۆچ تاری

حاجی هەر لە باسی یارەکەیدا سەردەکەوێ و لە پارچە هەڵبەستێکدا دەڵێ: یارەکەم هەستایە سەرپێ، زوڵفی بەسەد چەشن لە زەویدا پەخش و بڵاو کردەوە و، تاوس لە شەرما چەترەکەی خۆی بڵاو کردەوە بۆ ئەوەی لە بەرابەری یارەکەمدا خۆی بنوێنێ و، خۆریش کاتێ دی کە دڵبەرەکەم زوڵفەکانی پەخش و پەرێشان کردووە و بەهەزار ڕەنگ دەدرەوشێتەوە، ئەویش خێرا تیشکی خۆی بڵاو کردەوە، یارم کە ئەمەی چاو پێ کەوت، سەری شەکاندەوە و زوڵفەکانی وەکو گۆی لێ هات و ئەوسا لەگەڵ گۆی خۆرا خەریکی یاری شەقێن بوو و، گۆی خۆری دایە بەر شەق و لەم کاتەدا چەند فریشتە کە لەوێدا بوون دەستیان کردە سەما، جا ئەگەر بێت و تاڵێک لە قژەکەی یارم لە شوێنی خۆی بترازێ، جیهان بەجارێ دەشڵەژێ و تێک دەچێ:

کە هەستا قامەتی بەرزی لە فەرقی تاوەکو ئەرزی
پەرێشان زوڵفی صەد تەرزی بەیەکدا داڕژا و لەرزی
حەیای چوو چەتری تاووس بارەگاکەی شەعشەعەی ڕۆژیش
کەمەندی تەهمتەن، زنجیری داوود، گورزی گۆدەرزی
هەڵی دا زوڵفی چەوگانی کورەی خورشیدی دا بەر شەق
لەوێدا چەند مەلایەک بوون سەمایان کرد سەر ئەرزی
دەقیقەیەک بێ سەری موویەک لە زوڵفی وەرگەڕێ دەردەم
لەگەڵ سوبحی قیامەتدا دەکا بێ تەقیە سەر بەرزی
سەدای یاحەیی دەروێشان لە ترسی زوڵفی پڕچینی
لە عیسا عەرسەیی گەردوون بەتەنگ دێ وەک کونی دەرزی
موریدان مەست و سەرخۆشن لە نەشئەی چاوەکەی مەستی
مەلایک جوملە بێ هۆشن بەنازی چاوی پڕ ڕەمزی
مورادی من موریدی خالسە خەیاتییە کاری
پەری ڕەنگ، ماهڕوو، ئاهوو نیگاهە، (حاجی)یە تەرزی

حاجی ئەم پەردە دادەداتەوە و دەکەوێتە ناو کۆڕی خواناسانەوە و بەچەند هۆنراوە ستایشی خوای تاق و تەنیا دەکا و گەورەیی و مەزنی و شان و شکۆی خوای مەزنمان بۆ دەردەخا و لە ڕاستەقینەدا دەتوانین بڵێین کە کەمتر هۆنەرێک توانیویەتی بەم چەشنە

ستایشی خوا بکا و، لامان وایە کەم کەس توانیویەتی پێی بگا و بەم جۆرە بەیەزداندا هەڵبلێ و ستایشی بکا:

ئەی بێ نەزیر و هەمتا، هەر تۆی کە بەرقەراری
بێ دار و بێ دیاری، بێدار و پایەداری
بۆ باغی مەردی باغی، سەرمایەکەی خەزانی
بۆ مەزرەعەی فەقیران سەرمایەکەی بەهاری
بۆ پادشا نیشانی بۆ هەر سەوادی ئەعزەم
بێ سەدر و شانشینی بێ پەردە پەردەداری
جەبباری بێ فتووری سوڵتانی بێ قوسووری
ڕەزاقی مار و مووری ئاودێری دێمەکاری
فەیرووزی تەختی گەردوون مەوزووعی نەقشی تۆیە
یاقووت و لەعلی ڕۆژە ئەستێرەکان دوڕاری
جێ و مەکانی تۆیە، بێ جێ و بێ مەکانی
لەیل و نەهاری تۆیە، بێ لەیل و بێ نەهاری
هەر ئەمری تۆ مەدارە بۆ کاروباری عالەم
هەرچەندە بێ وەزیر و بێ سەدر و کاروباری
سەحرا نەوەردی شەوقت خورشید و ماهی تابان
دوو جارییەن شەو و ڕۆژ بێ مەحمەل و عەماری
مەعلوومە بۆچی (حاجی) مەدحت دەکا بەکوردی
تا کەس نەڵی بەکوردی نەکراوە مەدحی باری

حاجی لەگەڵ ئەوەی زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەر شێوەی کۆن هۆنیوەتەوە، بەڵام گەلێ هۆنراویشی هەیە کە لەسەر شێوەی نوێ هۆنیوەتەوە و، ناوەرۆکی ئەو هۆنراوانەی لەگەڵ ناوەرۆکی هۆنراوی کۆندا جیاوازییان هەیە و، هۆی پەیدابوونی شێوەی نوێ لەناو هۆنراوەکانیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەم و شوێنەی کە حاجی تێدا ژیاوە، چونکە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمی زاینیدا هۆنراوی نوێ دەستی پێ کرد و ئەم گۆڕانە لە تەواوی وڵاتەکانی جیهاندا پەرەی سەند و لەناو هۆنەرەکاندا باو بوو.

حاجی قادر لە بڕە هۆنراوێکیدا کە بەناوی بەهار هۆنیوەتەوە، باسی جوانیی زێد و مەڵبەند و نیشتمانەکەی خۆی کردووە و ئەم بڕە هۆنراوەیەی لەکاتێکدا هۆنیوەتەوە کە



ئاگری دووری و دەردی ئاوارەیی و دەربەدەری و بێ کەسی جەرگ و هەناوی هەڵکزاندووە و سروەی سەودای نیشتمان باوەشێنی کردووە و ناچار بەو هۆنراوانە دڵی پڕ لە زوخاوی خۆی کە لە ئەستەموڵدا بووە فێنک کردووە.

مەڵبەند و نیشتمان ئەو خاکە پاکەیە کە خوای مەزن بەدیی هێناوە و ئێمە تیایا دەبین و تیایا دەژین، ئەو تاقگە و کانی و کارێز و سەرچاوانەیە کە بەناو ئەو خاکە شیرینەدا دەڕوا و ئەو شەماڵ و هەوای ژیان بەخشەیە کە بێ ترس و لەرز و بەئازادی هەموو هەڵی دەمژین، ئەو کێو و چیا بەرزە بەئاسماندا چووانەیە کە لەلایەکەوە بەفری زێوێنی تەوقە سەرەکانی و گوڵ و نەسرینی قەدپاڵ و داوێنە سەوزەکانی وڵاتیان ڕازاندووەتەوە و، لەلایەکی ترەوە دەتوانین بڵێین کە وەکو قەڵایەکی پۆڵایین ڕێگە بەدوژمن و بێگانە دەگرن و دەمانپارێزن، زێد و مەڵبەند ئەو خاکەیە کە لەشی بێ گیانی کەسوکار و خۆشەویستەکانمانی گرتووەتە باوەش و، لە ژیاندا پاسەوانیمان لێ دەکەن. جا حاجی قادر لەو بڕە هۆنراوانەیدا کە لە سەردێڕی (بەهار) دای ناوە سەرەتا باسی جوانی و زێد و نیشتمانمان بەم چەشنە بۆ دەکا:

وتم بە بەختی خەواڵوو وەرە ئەتۆبی خودا
لەخەو هەڵستە زەمانێ بچینەوە ئەولا
گوڕەی بەهارییە ئێستێکە شاخ و داخی وڵات
پڕە لە لالە و نەسرین و نەرگسی شەهلا
لە گرمەگرمی سەحاب و لە هاژەیی باران
چیایە پڕ لە هەرا و نەواڵە پڕ لە سەدا
پڕە لە سەیل و لە گوڵاو و کانی ڕوویی زەمین
پڕە لە بەرق و بریقەی برووسکە جەووی سەما
شکۆفە دەرهەمی شاباشی بادی وەعدە دەکا
لە شەوقی مەقدەمی خەمڵیوە دار و بەردی چیا
پیاڵەیی زەڕی نێرگس لەسەر کەفی سیمین
پڕە لە شەونمی وەک دوڕی لۆلۆیی لالا
گوڵیش بەپەنجەی پیرۆزی جامی یاقووتی
لە بۆ نیساری موهەیایە پڕ لە زێڕ و تەڵا
لە شادی وەک سەفی شایی لە کێو و کەژ ئەزهار
هەزار بەخەلعەتی گوڵگوون دەکەونە ڕەقس و سەما

چەمەن لە لالە میسالی خەتی روخی دڵبەر
سیاه چادری لێ بووەتە خاڵی سەر گۆنا
لە کن وەنەوشە و خاو و هەڵاڵ و بەیبوونی
هەڵاڵی پێستەی خاوە عەبیر و موشکی خەتا
چیا لە تەوقە سەریدا ڕژاوە تا کەمەری
چو زوڵفی سونبولی دەرهەم چو پەرچەمی بەڕەزا
بەجۆش و ئاگری گوڵناری کانی هەڵدەقوڵێ
میسالی دیدەیی وامێق لە حەسرەتی عەزرا
قەڵاتی زێوی ڕماوە هەرەس بەتۆپی نەسیم
سوپاهی لالە و گوڵ چادری لە جێ هەڵدا
لە گۆمەشینێ کە قاز و مراوی دێن و دەچن
نەزیری مانگ و ستارەن لە قولزومی مینا
شنەی نەسیمە سەدای ئاوی سافی سەر قەڵبەز
بەورشە ورشی گیا شەنگەبی بووە شەیدا
خرنگ و هۆری قورینگ و قەتاری سی لەسەران
دەیێت و کەو دەفڕێت و شەهێن چریکە دەکا
لە پیرە پیر و لە سمکۆڵی پیرە گاکێوی
دەلەرزێ گاوی زەمین و دەترسی گاوی سەما
لە دەنگ و دووکەڵی شینە تفەنگی نێچیروان
میسالی سونبولی زوڵفی کە تێک بچێ بەسەبا
چیایە شێخ و کەوای سەوزە مێزەری بەفرە
سیواکی چووزەرە ڕێواسە تەیلەسانی گەڵا
چەمەن لە لالە و ڕەیحان و نەستەرەن ئیمڕۆ
شەبیهی سوبح و شەوە ئافتابی وەختی زوحا
چنار و عەرعەرە دەفزەن، هەزارە نەغمە سەرای
گیاش زاکرە تەسبیحی شەونمی لە مەلا
لە ژووری مێگەلی هەورە لە ژێری مێگەلی مەڕ
شەبیهی گوڵشەنی خەزرایە توڕڕەیی غەبرا



لە کێو و کەژ کە سەر ئێوارە دێنەوە مالات
لە دەوری چادری ساحیبی مەوجی داوێستا
لە حیلە حیلی کەحێل و لە بارەباڕی مەڕی
لە دەنگی قۆڕەیی گاجووت و بۆڕەیی مانگا
لە گورگە قاڵ و حەپەی سەگ لە قارە قاڕی بزن
لە عەکسی دەنگی دووبارەی کە دێتەوە لە چیا
لە ئۆحە ئۆحەیی گاوان و قیرە قیڕی شوان
لە بگرە بەردەیی کابان دەبێتە حەشر و حەلا
مەلائیکەی سەری تاق و ڕەواقی مینایی
دەیێنە جونبوش و لەرزین دەکەونە ڕەقس و سەما
کە هەڵکرا شەوێ ئاگر لە کونجی ڕەشماڵان
خەجڵ دەبن لە زەوایای خەیمەیی والا

حاجی ئەو پەردە دادەداتەوە و دەکەوێتە ناو باسی کۆمەڵ و کۆمەڵایەتی و دەست دەکا بەپەند و ئامۆژگاریی کۆمەڵ و بەتەوای باری چۆنییەتیی ژیانی خەڵکی سەردەمی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: وێژەوانان و هۆنەران چاک وایە کە ڕەخنەم لێ نەگرن، بۆ ئەم قسانەی کە دەیکەم، هەندێ لە نەتەوەکانی تر لەم سەردەمەدا هەر پیشە و کارێک کە دەیکەن تا تاقیی نەکەنەوە نایخەنە ڕوو و ناوی نابەن و کەوابوو مرۆ دەبێ لە کار و تێکۆشاندا بێ، دەبێ خانەقا و شێخەکان چ سوودێکیان هەبێ بۆ ئێمە، وا دیارە کە لە بێ کاری و تەوەزەلی و تەمبەڵی فێرکردن و کۆکردنەوەی سامان و دارایی بەدەر هیچ سوود و کەڵکێکیان نییە، پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دروودی خوای لەسەر بێ لە فەرمایشتێکیدا فەرموویەتی: بەشوێنی زانست و زانیاریدا هەتا چین بڕۆن. نێر و مێ لەم فەرمایشتەدا هیچ تۆفیرێکی نییە، ئەگەر کەسێک نەهێڵێ و بەرگری ئەم کارە بکا دیارە دینی نییە، هەرچی بەهرەیە لە خوێندەواری، دەبنە دەروێش و مارگر و بار هەڵگرم:

ئودەبا چاکە لێم نەبن دەرهەم
لەم قسە و لەم حیکایەتەی دەیکەم
ئیدیعای هەر سەنایعێک ناکەن
تاکو نەیخوێنن و ئیمتحانی نەکەن
خانەقا و شێخ و تەکیەکان یەکسەر
پێم بڵێن نەفعیان چییە ئاخەر

غەیری تەعلیمی تەنبەڵی کردن
جەمعی ئەملاک و خەزنە کۆ کردن
دەفعەیەک ئیمتحانیان ناکەن
تێ دەگەن ڕێگرن یانە تریاکن
مەحەکی لێ بدەن ئەگەر وەکو زەڕ
تێ دەگەن ڕێگرن وە یا ڕێبەر
بۆچی فەرموویەتی نەبیی ئەمین
(اطلبوا العلم ولو بالصین)
نێر و مێ لەو حەدیسە فەرقی نییە
گەر مەلا نەهی فەرموو دینی نییە
تۆ وەرە فێری فەن بەچیتە لەوە
گاورە هیندووە وەیا خۆ جووە
لازمە خول بخۆی وەکو بەرداش
هەموو قەرنێک دەگۆڕێ ئەمری مەعاش
تەمبەڵی کاری حیز و بێ خێرە
دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە
ئەهلی جەنەت نە شوان و گاوانە
ساحیبی فەن و عیلم و عیرفانە
هەرچی بێ بەهرەیە لە کەسب و کەماڵ
دەبنە دەروێش و مارگر و حەماڵ
ئەو هەموو مەدح و بادەیی دڵبەر
نووسراوە لە سەد هەزار دەفتەر
یا وەکو سولسی شیرین و فەرهاد
بەیتی حاجی لەبەر هەزار دەفتەر
ئێستە میللەت دەبوونە ساحیب جا
یانە هاوتایی ئەولیائوڵڵا
عیشقبازی و هەوای دەروێشی
میللەتی خستە فەقر و دەروێشی



بەسە (حاجی) دوو سەد هەزار دەفعە
پێم گوتی ئەم قسانە خۆڕایە
قوڕی کام جێ بکەم بەسەرخۆما
ئەمە لێم بووەتە عیللەتی سەودا
بەقسەی چاکە دەستیان دەگرم
تەرکی ناکەم بەلۆمە تا دەمرم

حاجی داخ و موخابن دەخوا و دەڵێ: هەر ماڵێک کە کرابێتەوە بۆ خوا، وەکو کەعبە وایە بۆ پەرستنی خوای مەزن، بەڵام لەم هەموو شێخ و دەروێشانەی کە من دەیانبینم، نابینم کە تاکێکیان بچنە مزگەوت و خوا بپەرستن، ئەوەیە کە مزگەوت و میحراب بێ کەسە. تەنانەت کەسیش گوی بەقوتابخانە و فێرگە نادا:

یانێ هەر ماڵێ کرابێ بۆ خودا
کەعبەیی عولیایە بۆ زکر و دوعا
شکڵی تەکیە و خانەقاو و تەکیەکان
واقیعەن ڕەنگینن ئەما بۆ ڕیان
لەم هەموو شێخ و موریدانی ڕیا
تاکێکی ناچێتە مزگەوتی خودا
مەسجید و مێحراب و مەنبەر بێ کەسە
هەر مەپرسە حاڵی چۆنە مەدرەسە
موعجیزە و کەشف و کەرامات و دوعا
بۆچی نەیبوو فەخری عالەم مستەفا
جیسمی نوورانی و ددانی گەوهەرین
ئەو شکا و ئەمیان بووە جێگای برین

حاجی لە بڕە هۆنراوێکیدا ناوی هەندێ لە هۆنەرانی کۆن و نوێی هێناوە و باسی کردوون و، لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە حاجی زۆربەی کاتی خۆی بەخوێندنەوەی دیوانی هۆنەرانی کورد بەسەر بردووە و چێژ و چەشکەی وێژەییانی لێ وەرگرتووە. لەو بڕە هۆنراوەیەیدا ناوی ئەم هۆنەرانەی هێناوە: (کوردی، نالی، ڕەنجووری، فیکری، ئەمین بەگی دزەیی، کەیفی، سالم، مەحوی، شێخ ڕەزا، خەستە، وەفایی، جامی، سەلمان، مەلکە قۆڕ، شێخ ئەحمەد، فەقێ تەیران، بێتووشی، بێسارانی، مەڵکە، مەلا خدری ڕووباری، میرزا

یاقۆ، فەقێ ئۆمەر...) هەروەها دەڵێ: بۆ ئێمە نەنگە کە ناوی هۆنەران و بوێژان و بەیتەکانمان نەزانین:

(نالی) ئوستادێکی گەلێ چا بوو
خدری ئاوی حەیاتی مەعنا بوو
یەکێ تر بوو (محەمەدی فیکری)
مووی دەئەنگاوت بەتیرێکی فیکری
یەکێ (رەنجووری) ئەهلی کەرکووکە
فیکری بیکری هەموو وەکو بووکە
کەیفی حاجەت نییە بکەم باسی
ئەم کتێبە بخوێنی دەیناسی
(سالم) و (مەحوی) و(شێخ ڕەزا) و (خەستە)
شاعیرن هەر چواری بەرجەستە
لە کون و قوژبنی کەلاوەیی دەهر
چەندی تر هەن میسالی گەنج و گەوهەر
ئەحمەدی خانی ساحیبی مەم و زین
شاهبازی فەزایی عیللیین
وەکو بێتووشی شاعیری عەرەبی
تا قیامەت نە کەس بووە و نەدەبی
خۆ (مەلا مستەفای بێساران)
بێ نەزیرە لە نەزمی کوردستان
دەشتی کەرکووک و کێوی هەورامان
شاعیری زۆرە بێ حەد و پایان
سادە هەر ناویان بکەم ئیملا
ئەم کتێبە بچووکە بەش ناکا
ئەحمەدی کوڕ لە شاری سابڵاخە
بەیتێکی داخە بەیتێکی باخە
ئەمە سەرپاکی شاعیری غەران
هەروەکو مەسنەوین لەنێو کوردان



گشتیان بێ نەزیر و یەک وەزنن
قابلی بەزم و لایقی ڕەزمن

حاجی چۆنیەتی خیلافەتی عوسمانییەکان ڕوون دەکاتەوە و پەردە لەسەر ڕوومەتی شوومی عوسمانییەکان هەڵدەدا و دەڵێ: پشت بەم عوسمانییانە مەبەستن و ئەمانە گورگن و لە پێستی مەڕدان، ئەمانە کە خۆیان بەکەلەپوور گری ئاینی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دەزانن، هەموویان بەندەی بتن و لە ڕێی خوا و پێغەمبەرەوە نارۆن و جگە لە تووڵانەوە و خراپە، کارێکی تریان نییە:

ئەم سەگانەی کە لەلای ئێوە وەکیل و وکەلان
بێنە لای تۆ بەخودا نایکەیە گاوان و شوان
ئەمە کەرمیزە دەڵێن وارسی شەرعی نەبەوین
هەموو عەبدی سەنەمن باسی مەکە گەورەکەیان
خۆم بەدارا و بەئەسکەندەر و خەسرەو نادەم
گەر بزانم لەبەر ئەم دەرگەیە دەبمە سەگەوان
نالی و خاکی بەبە، حاجی و کۆیە بەمەتەڵ
هەروەکو حافزی شیرازە، کەلیم و هەمەدان

دیوانەکەی حاجی قادر تا ئێستا چەندین جار لە چاپ دراوە، بەڵام گەلێ هۆنراوەی لەناو کەشکۆڵ و بەیازەکاندا هەیە کە هێشتا کۆ نەکراونەتەوە.

سەرچاوەکان:


١– کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی، لەسەر ئەرکی عەبدوڕەحمان سەعید – سلێمانی، ١٩٢٥.
٢– حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیە – محەمەدی مەلا کەریم – بەغدا، ١٩٢٥.
٣– شیعر و ئەدەبیاتی کوردی – ڕەفیق حیلمی – بەغدا، ١٩٤١.
٤– مشاهیر الکرد – امین زکی – بغداد، ١٩٥٢.
٥– دیوانی حاجی قادری کۆیی، کۆکردنەوەی گیوی موکریانی – هەولێر، ١٩٦٩.

## مەلا محەممەدی مەحوی

١٢٤٥ – ١٣٢٤



ئەم هۆنەرە پایە بەرزە ناوی محەمەد و کوڕی عوسمانی باڵخییە و نەوەی زانای بەناوبانگ شێخ ڕەشە و لە شاری سلێمانی پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە، سەبارەت بەمێژووی لەدایکبوون و مردنی مەحوی لە نێوان نووسەران و مێژوونووساندا جیاوازی هەیە. مامۆستا ئەمین زەکی بەگ ئەڵێ لە ساڵی ١٢٥٢ی کۆچی لە دایک بووە و مامۆستا عەلائەدینی سەجادی دەڵێ لە ساڵی ١٢٤٦ی کۆچی پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و مامۆستا کاکەی فەللاح دەڵێ لە ساڵی ١٢٤٧ هاتووەتە دنیاوە، بەڵام بەپێی بەیازێکی کۆن کە لەم دواییەدا کەوتووەتە دەستمان، نووسراوە کە مەحوی لە ساڵی ١٢٤٥ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٣٢٤ لە تەمەنی حەفتا و نۆ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و مامۆستا بێخودیش لە تاقە هۆنراوێک ساڵی مردنی مەحویی دیاری کردووە و دەڵێ:

چوبشنید (بیخود) و فات سلف     بتاریخ گفتا: "عمر ماشد خلف"

واتە کە بێخود هەواڵی مردنی مەحویی بیست، بۆ مێژووەکەی وتی: (عمرشد خلف) واتە: هومەر کە کوڕی بێخودە بووە جێنشینی کە بەپێی پیتی ئەبجەد دەکاتە هەزار و سێ سەد و بیست و چواری کۆچی.

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە باسمان لێوە کردن مەحوی، لە ساڵی ١٢٤٥ی کۆچی لە شاری سلێمانی لەدایک بووە و هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و کاتێ کە لە پەڕاوە وردەڵەکان بووە، لەلای باوکی دەستی کردووەتە خوێندنی قورئانی پیرۆز و لە پاشا چووە حوجرەی فەقێیان و خەریکی خوێندن بووە، بۆ خوێندن زۆربەی شارەکان و ناوچەکانی کوردستان گەڕاوە، ماوەیەک لە سابڵاخ بووە و لە لای مەلا عەبدوڵڵای پیرە باب خوێندوویەتی، ماوەیەکی زۆریش لە شنۆ ماوەتەوە و پاشان لە بەغدا لەلای موفتی زەهاوی خوێندنەکەی تەواو کردووە و ودمی مەلایەتیی لێ وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی و لەوێدا لەکاری میری دامەزراوە و ماوەیەک ژیانی بەو جۆرە رابواردووە، بەڵام بەهۆی مردنی باوکییەوە دەستی لە کاری میری کێشاوە و پاشماوەی ژیانی بەوانەوتنەوە بردووەتە سەر و



گەلێ ودمی لە ئەستەمبووڵ و سولتان عەبدولحەمیدی عوسمانی ڕێزێکی زۆری گرتووە و فەرمانی داوە لە سلێمانی خانەقایەکی بۆ دروست کەن و مووچە و بەراتیشی بۆ بڕیوەتەوە و ئەوسا گەڕاوەتەوە بۆ زێد و مەڵبەندەکەی خۆی تا لە ساڵی ١٣٢٤ی کۆچی دوایی کردووە و لە خانەقاکەی خۆیدا نێژراوە.

مەحوی یەکێ لە هۆنەرە هەرە بەرزەکانی کوردە و هۆنراوەکانی کە زۆربەی خواناسین گەلێ بەرز و شیرین و تەڕ و پاراون، هۆی ئەوەش ئەوە بووە کە مەحوی لە سەر ڕێ و ڕچەی نەقشبەندی بووە و بووەتە خەلیفەی شێخ بەهائەدین، بۆیە زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەر ڕێ و ڕچەی خواناسیدا هۆنیوەتەوە و ئارەزووی جیهانێکی پاک و خاوێنی پڕ لە خۆشەویستیی دوور لە بووم پەرستی کردووە و ئەوەندە بایەخی بەجیهان و خۆشییەکانی نەداوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەستی کوردایەتیی بووە و شانازیی بەکورد و زمانی کوردییەوە کردووە، وەکو لەم دوو هۆنراوەدا دەڵێ:

بنووسە، پیری دڵم ئەمری کرد، ئیتاعەم کرد
لە ئیبتداوە کە بەیتێ موناسبی دیوان
گەدایەکی وەکو (مەحوی)، قەلەندەرێکی کورد
میسالی پادشەهی فورسە ساحیبی دیوان

واتە: پیری دڵم فەرمانی پێ دام و منیش فەرمانبەرداریم کرد کە هۆنراوێکی وا بنووسم شیاوی پێشەکیس دیوانەکەم بێ، هەژارێکی وەکو مەحوی کە قەلەندەرێکی کوردە، خۆی وەکو پادشایەکی فارس دەزانێ چونکە خاوەن دیوانێکی کوردییە.

مەحوی حەزی لە خواناسی و یەکیەتی دەکرد و ناتەبایی و ناکۆکی و دووبەرەکی و جیاوازی و دووڕوویی پێ خۆش نەبووە و حەزی لەو کەسانە نەدەکرد کە بەدرۆ خۆیان بەپارێزکار و خواناس و سۆفی دادەنا و دژی ئەو چەشنە کەسانە ڕادەوەستا و سەرکۆنەیانی دەکرد و تەنانەت لەگەڵ ستەمکاران و ملهوڕاندا بەربەرەکانێی دەکرد و پشتی هەژاران و لێقەوماوانی دەگرت و شێخانی درۆزن و ناخوای دەدایە بەر تەشەر و پلار:

شێخێ هەمەوەندێکی دەدا پەند و نەسیحەت
ئەو قوڕبەسەرەی دابووە بەر فەحش و فەزیحەت
خۆش هاتە جواب و وتی: تۆ حەقتە، وەلێ من
قوتاعی تەریقم، نەکوو قوتاعی تەریقەت

واتە: شێخێک پەندی پیاوێکی هەمەوەندیی دادەدا، چ پەندێک ئەو ئابڕووی ئەو قوڕبەسەرەی برد، ئەویش باش وەڵامی شێخەکەی دایەوە پێی وت: ئەی شێخ! هەرچی دەڵێی هەقتە، بەڵام من وەکو تۆ نیم، من هەر تەنیا ڕێگر و چەتەم، بەڵام تۆ لە ڕواڵەتدا خۆت بەپیاوی خوا دادەنێی کەچی ڕێگری ڕێ و ڕچەی.

مەحوی مامۆستای هۆنراوی خواناسییە، گەرچی لەناو هۆنراوەکانیدا وشەی ڕەقی عەرەبی زۆر هەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ وشە و زاراوەی پەتیی بەکاربردووە و ئەگەر مەحوی نەبووایە، ڕەنگە گەلێ لەو وشە و زاراوانە بفەوتایەن، بۆ وێنە لەم پارچە هەڵبەستەدا گەلێک وشە و زاراوی جوانی کوردیی بەکار بردوون.

وەکو ڕۆژ ئەو مەه لەو دوورە دەرکەوت
لە مێوە ئەشک و ئاهی ئێمە دەرکەوت
کە ئەو لێو و ددانەم دی بەجارێ
لەبەر چاوم هەموو لەعل و گەوهەرکەوت
وەنەوزێکم شەوێ دا، گەیییە سەرم و،
وتی: هەستە، هەتاوت وا لەسەر کەوت
لە کێ یارەب خەبەر پرسی بکەم من
کە هەر کەس بۆ خەبەر چوو، بێ خەبەر کەوت
دڵم وەک شێری بێشەی شوعلە گرتوو
لە سینەی پڕ لە سۆزم دەربەدەر کەوت
بەتیر ئەمڕۆ دڕی وا هەرچی پێش هات
خودا پێداوە هەر کەس بەر نەزەر کەوت
لەسەرخۆ چوو بەدەم گریانەوە دڵ
گەرەک پڕ بوو کە ئەم منداڵە دەرکەوت
لە ڕۆژئاواوە ئیمشەو بێ نیقابە
مەهی من، ماهی عالەم بێ مەفەر کەوت
بەخۆڕایی ئەوەندەم ناڵە کێشا
لە سینەمدا پسا، ما بێ ئەسەر کەوت
برۆی ئەو شۆخە ئەمڕۆ تێغی کێشا
نەجاتی دا بەڕەحمەت هەرچی بەرکەوت



بەپیر ئەو ڕۆژەوە (مەحوی) ئەوەندە
بەسەرچوو بوو، وەکو شەونم لەسەر کەوت

واتە: یارەکەم کە ڕوومەتی وەکو مانگ دەدرەوشێتەوە، لە دوورەوە دەرکەوت فرمێسکی چاوم و ئاخ و داخی بەسۆزی دەروونم لەبەر ئارەزووی چاوپێکەوتنی جۆشی سەند، کاتێ لێو و ددانە جوانەکانی ئەوم دی، ئیتر هەموو لاڵ و گەوهەرێکم لەبەرچاو کەوت، شەوێکیان ونەوزم دا و کەمێک خەو چووە چاوم، یار هاتە سەرم و هەڵمی ساند و وتی هەستە ئەوا خۆری ڕوومەتم دای لە سەرت، هەر کەسێک کە کەوتە داوی ئەوینەوە، ڕزگاری نەبوو، ئیتر من دەبێ هەواڵی یارەکەم لە کێ بپرسم؟ سینگم وەکو دارستانێک وایە کە ئاگری گرتبێ، دیارە لەو کاتەدا هەرچی شیری تیابی تیا دەردەچن، بۆیە دڵم لە سینگم دەرچووە مانگەکەم کە لە خۆرئاواوە بەبێ پەچە دیاریی دا، مانگی ئاسمان لە تەریقا ڕای کرد، ئەوەندە هەناسەم هەڵکێشا، ئیتر پرزەم بڕا، مەحویش بەشمشێر یارەوە سەری چوو، وەکو شەونم کە خۆر هەڵبێ و لەناو بچێ، ئەویش لەناوچوو.

مەحوی گەلێ زاراوەی خواناسیی وەکو: خەرابات، پیری موغان، مەی، بادە، کەنشت لە هۆنراوەکانیدا بەکار بردوون و، گەلێ حەزی لە تەوریە و لەف و نەشر و جیناس و تیباق و ئیستعارە کردووە:

خەت و زاری کە باسی کەوتە گوڵزار
کەچ ئەستۆ ما وەنەوشە، غونچە دڵتەنگ (لەف و نەشر)
لە سەیری خەستەخانەی عیشقی ئەو سەوزەی کەوا شینە
لەسەر هەر خەستە دێی یا خوێندنی یاسینە یا شینە (جیناس)
لەم بەحری فیتنە بەڵکی نەجاتت بدا خودا
داوێنی باخودا بگرە، بەر دە ناخودا (ئیستعارە)
قەسەمی گوێمی بەچاوی بەچەدا پیری موغان
کە لەمەولا نەیبێ وەعز و قسەی مەولانا (طیباق)

زاراوەی مەی و مەیخانە لە هۆنراوی مەحویدا زۆرە و ئەم زاراوانەش زاراوی خواناسییە و لە زۆربەی هۆنراوەکانیدا دەبینرێ و بۆ بەدەستهێنانی مەی و بادەی یەزدانی کە خواناس بەهۆی ئەو بادەوە مەست دەبێ دەبێ گەلێ ئەرک و ڕەنج بکێشرێ، ئەو بادەی لە مەیخانەی خوادا دەست دەکەوێ و هەر کەسێک ناتوانێ بەدەستی بێنێ و، ئەگەر کەسێک لەو مەیخانەدا دەرچێ دیارە سەرگەردان و ئاوارەیە:

لە مەیخانەی خودا گەر ئێمە دەرچین
بەکێ بەین ئیلتیجا بۆ کێ هەدەرچین

که ئێمە چوونە جەنەتمان بەتۆ دا
لە ئێمە لادە زاهید، ئێمە هەر چین
خەت و زوڵفی بەیەکدا دێ لە سەر ڕوو
مەگەر زەنگ و خەتا شەڕیە لەسەر چین
لە باوەشما دەدا مەوج ئەشکی حەسرەت
کەمەرتی گرتە باوەش تا کەمەر چین
ئەوەندە تەنگ و ناخۆشە لە دنیا
خۆشە دەرچوون، ئەگەرچی بۆ سەقەر چین
سەرت پێ لازمە، مەیبازە مەحوی
دەبێ دوڵبەر کە هات ئێمە بەسەر چین
مەحاڵاتە لەبەندی زوڵفی دەرچوون
چەها چینە چەها چینە لەسەر چین

واتە: ئەگەر ئێمە لە مەیخانەی خوا دەرچین، ئیتر دەبێ بەکێ پەنا بەرین و بۆ کوێ بچین، ژینی ئەم جیهانە ئەوەندە ناخۆشە کە مرۆ تەنانەت بۆ دۆزەخیش بڕوا، پێی خۆشە ئەم جیهانە جێ بێڵێ و لێی دوور کەوێتەوە، بەڵام ئێمە دڵمان بەخۆشەویستیی یار بەستووە و دڵمان بەو خۆشە، دەسا ئەی مەحوی سەرت لەناو نەبەی، چونکە کە یار هات، دەبێ بەسەرەوە بڕۆیتە بەرەو پیرییەوە.

مەحوی سەری کێشاوەتە درگای هەموو جۆرە وتنێکەوە: دڵداری، خواناسی، کۆمەڵایەتی، هۆنراوە دڵدارییەکانیشی هەر لەسەر ڕێ و ڕچەی خواناسی هۆنیوەتەوە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا ڕوو دەکاتە دڵدارەکەی و دەڵێ:

دڵم دەرهات و تۆ هەر دەرنەهاتی
نەهاتی، هەر نەهاتی، هەر نەهاتی
کە ئەم خەندە و قسە و لێوت هەیە تۆ،
لەباتی شەکەر و نوقڵ و نەباتی
دەدەی وادەم بەقەتڵ ئەمڕۆ، سبەی هیچ
ئەتۆ شاهی، چییە وا بێ سەباتی
لە دونیا جەنەتی خۆ دیوە هەر کەس
کە تۆ بی حازری وەختی وەفاتی



ئەگەر ڕۆژە بتی من هەر بتێ بێ
سەرەوژێرە کە تۆ وەک ڕۆژهەڵاتی
کە خزر ئەو خاکە و خۆڵی بەردەرەی دی
وتی: تۆ خاکی، یا ئاوی حەیاتی
ڕوخیشی کردە ئەولا، دەیشیپرسی
بەشۆخی، شاهی من، تۆ بۆچی ماتی
کە داغی سینەمی دی، دەردی دامێ
وتی: مۆرت هەیە، ساحیب بەراتی
کە شیرین و تەڕی دی شیعرەکانم
وتی: «مەحوی» کە میراوی فوراتی

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! دڵم بۆت دەرهات و چاوەڕێت بووم و تۆ هەر نەهاتی، پێکەنین و قسە و لێوی تۆ بۆ من لەجیاتی شەکر و نوقڵ و نەباتە، ئەو کەسەی وا تۆی لە گیانەلادا لابێ، لە دنیای ڕۆشندا بەهەشتی بەچاوی خۆی دیوە، خزری زیندوو بەهەزار ئەرک و کێشە ئاوی ژیانی دەستکەوت، پاشان کە خاکی بەردەرکەی تۆی دی، پاشگەز و پەشیمان بووەوە کە نەهات لەو خاکە بخوا یار کە بەداخی دڵم هەستی کرد، پتر دەردی دامێ و، کاتێ هۆنراوەکانمی بیست، پێم وت: کە هۆنراوەکانت لە تەڕی و پاراوی و خۆشیدا لە ئاوی فورات شیرینترن.

مەحوی لەم پارچە هەڵبەستەی خوارەوە چاوی چواندووە بەپیاڵەی بادە و فرمێسکەکەشی کردووە بەبادە و ناڵەی دڵی و دەروونیشی کردووە بەساز و جۆش و خرۆشی دڵیشی چواندووە بەلێزمەی باران کە چەندە جوان دەڵێ:

زەمانەی پڕ تەعەب دەتکاتە تیرۆک
لەتێ نانت دەداتێ دوو بەشی نۆک
پیاڵەی دیدە لەبرێزە، دڵا تۆش
بجۆشە، سازی ناڵە هەم ببێ کۆک
بەنووکی تیری شۆخێکی کەوا چۆخ
لە بەرما تەن بووە جامەی برنجۆک
بەکوڵمی ئاڵیا ئاڵا خەتی سەبز
ترنجی کەوتە بەر پەنجەی ترنجۆک

گەر ئەم ڕیش و سەرەی زاهید لەگەڵ بێ
دەبی جەنەت بەدەشتی شنگ و پیشۆک
ڕەقیبە لەعنەتی، عاشق دەکەی ڕەجم
لەباتی سەگ دەکەی شیرێ سەمەندۆک
بەخۆڕایی لە «مەحوی» بەس بڕەنجە
نەجیبی، مەگرە وەک هۆکڵ، بەگم هۆک

واتە: پیاڵەی چاوم پڕی بووە لە بادە، بادڵیش بێتە جۆش و خرۆش و ناڵەی ساز لێ بدا و کۆک ببێ، لەشم بەتەواوی بەتیری برژانگی یار بێژراوە دەڵێی کراسی برنجۆکە، دەسا لە مەحوی بەخۆڕایی مەڕەنجە، چونکە تۆ بەگزادەی و هۆک و پەڵپ و بیانووی لێ مەگرە.

مەحوی لە دیوانەکەیدا برە هۆنراوێکی هەیە کە بەهۆنراوی نوور ناسراوە و بریتییە لە سەد و بیست و سی هۆنراو کە لە ستایشی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامدا هۆنیوەتەوە و لەناو هۆنەرانی کوردا کەمتر هۆنەرێک هۆنراوی وای هەیە، سەرەتای ئەم بەندە بەم جۆرەیە کە دەڵێ:

وە (صلی الله علی) ئەو بەحری نووری عیلم و عیرفانە
کە دەرکی غەوری ناسی غەیری (علم الله سبحانە)

مەحوی بەزمانی عەرەبی و فارسییش هۆنراوی هۆنیونەتەوە و دیوانەکەی بۆ جاری چەندەم لەم دواییەدا بەهۆی مامۆستا مەلا کەریمی مودەڕیس و مامۆستا حەمەی مەلا کەریم کۆ و شی کراوەتەوە و لە ساڵی ١٩٨٤ لە چاپ دراوە.

سەرچاوەکان:
١– دیوانی مەحوی، لەسەر ئەرکی عەلی کەماڵ باپیر ئاغا – سلێمانی، ١٩٢٢.
٢– مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلائەدین سجادی – بەغدا، ١٩٥٢.
٣– خلاصه تاريخ الكرد والكردستان. تاليف محمد امين زكى – ترجمه محمد على عونى – قاهره، ١٩٣٦.
٤– دیوانی مەحوی، لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مدرس – بەغدا، ١٩٨٤.
٥– بەیازێکی دەستنووس کە گەلێ هۆنراوی مەحوی تێدایە.



## فەقێ قادری هەمەوەند

١٣٠٨ – ١٢٤٧

فەقێ قادری هەمەوەند کە یەکێ لە ئەستێرە هەرە گەشەکانی ئاسمانی وێژەی کوردەوارییە، ناوی عەبدولقادر و کوڕی ڕەسووڵی هەمەوەندە. ئەم هۆنەرە پایە بەرزە لە ساڵی ١٢٤٧ی کۆچی لە بازیاندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەزۆربەی شارەکانی کوردستاندا گەڕاوە و لە هەر کوێدا مەلایەکی بینیوە چووەتە لای و خەریکی خوێندن بووە تا ودم و ئیجازەی مەلایەتیی وەرگرتووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە کراوەتە بەڕێوەبەری چەمچەماڵ و ناوچەی بازیان، بەڵام بۆ ماوەیەک بووە و لە پاشا گیراوە و لە شاری کەرکووک بەند کراوە و پاش ئەوەی کە لە بەند ئازاد بووە، لەگەڵ هۆزەکەیدا دوورخراوەتەوە بۆ شاری بەنغازی لە لیبیای ئێستادا و لە ساڵی ١٣٠٨ی کۆچی لە تەمەنی شەست ساڵی کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا نێژراوە.

دیوانەکەی بەتەقەلا و کۆششی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و مامۆستا فاتح عەبدولکەریم لەچاپ دراوە، لە پێشەکییەکەیدا سەبارەت بەچۆنیەتیی ژیانی فەقێ قادری هەمەوەند هاتووە کە فەقێ قادری هەمەوەند لە بازیان لەدایک بووە و لە بارەی ساڵی لەدایکبوونی فەقێوە زانیارییەکی ڕاست و ڕەوانمان بەدەستەوە نییە، بەڵام لە ڕێگای هۆنراوەکانیەوە دەتوانین بگەینە جۆرە ئەنجامێک. فەقێ قادر مێعراج نامەکەی بەپێی تاقە هۆنراوێکی لە ساڵی ١٢٩٧ی کۆچی داناوە، لەو ساڵەدا تەمەنی پەنجا ساڵان بووە، دیارە دەبێ لە ساڵی ١٢٤٧ی کۆچیدا لەدایک بووبێ. وا گەیشتینە ئەوە کە فەقێ قادر یا لە ١٢٤٧ی کۆچییا لە دەوروبەری ئەو ساڵەدا لە دایک بووە و لە ١٢٩٧دا پەنجا ساڵان بووە و، لە ساڵی ١٣٥٢یشدا هەر لە بەندیخانەدا بووە. بەم پێیەش وا تەمەنی گەیشتە پەنجا و حەوت ساڵ، جا ئەگەر ڕاست بێ لە ساڵی ١٣٠٥دا لەگەڵ هۆزەکەی دوور خرابێتەوە بۆ شاری بەنغازی دەبێ لە ساڵی ١٣٠٨ی کۆچی بەدەربەدەری کۆچی دوایی کردبێ.

هەروەها لە دیوانە چاپکراوەکەیدا نووسراوە کە فەقێ قادر لە سەردەمی سوڵتان عەبدولعەزیزی عوسمانیدا بووەتە فەرمانداری چەمچەماڵ و ناوچەی بازیان. لە ڕووی خێڵایەتیشەوە سەرکۆماری خێڵی هەمەوەند بووە و بەپێی هەندێ لە هۆنراوەکانی دیارە لە ناوچەی مایدەشت و زەهاو و دەوروپشتی ژیاوە. دوور نییە ژیانی ئەو ناوچانەی لە ساڵانی یاخی بوونی خێڵی هەمەوەنددا بووبێ.

مامۆستا فاتح عەبدولکەریم لە پێشەکی دیوانەکەیدا دەڵێ: دوورخستنەوەی فەقێ قادر لە نیشتمان و مردنی لە دەربەدەری و ئاوارەییدا شتێکی ئاشکرایە، بەڵام بۆ کوێ دوورخراوەتەوە و لە کوێ مردووە ئەمە هێشتا ساغ نەبووەتەوە. ڕەشید هەمەوەند لە وتارێکدا کە لە ڕۆژنامەی ژین لە چاپی داوە دەڵێ: فەقێ قادر لە ساڵی ١٣٠٨ی کۆچی لە شاری بەنغازی کۆچی دوایی کردووە. بەڵام لە نوسخەیەکی دەستنووسدا هاتووە کە دەوڵەتی عوسمانی هەمووی هەمەوەندەکانی ناردووەتە بەنغازی و خۆرئاوای تەرابلوس و فەقێ قادر لە شاری دەرنە لە ساڵی ١٣٠٥ی کۆچیدا لەوێ کۆچی دوایی کردووە و گۆڕەکەی ئێستاش لەوێیە. هەروەها لە نوسخەیەکی تریشدا نووسراوە کە فەقێ قادر لە ساڵی ١٣٠٧ کۆچی دوایی کردووە و لەم قسانەوە دەردەکەوێ هێشتا بەڕاستی ساغ نەبووەتەوە کە فەقێ قادر کەی کۆچی دوایی کردووە و لە کوێ بەخاک سپێرراوە.

فەقێ قادر گەلێ بەرهەمی بەنرخی لێ بەجێ ماون کە هەمووی لە دیوانەکەیدا چاپ کراون و ئەو بەرهەمانە بریتین لە: (عەقیدەی ئیسلام، دروودنامە، مێعراج نامە، فەزیلەتی بەنی ئادەم، پەند ولحوکەما) کە زۆربەی ئەم بەرهەمانەی لە زمانی فارسی و عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی.

لە خوێندنەوەی دیوانەکەی فەقێ قادر ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەو گەلێ پێبەندی ئاین بووە، چونکە زۆربەی نووسراوەکانی ئاینین و گەلێ پەندی تێدایە و ویستوویەتی بەهۆنراو پەندی خەڵک دابدا و هەروەها ناوی گەلێ کەس لەناو هۆنراوەکانیدا دەبینرێ، بۆ وێنە ناوی پێغەمبەرانی کۆنی وەکو: ئادەم و نوح و ئیبراهیم و مووسا و عیسا و یەحیا و زەکەریا بردووە و لەناو پیتۆڵانیشدا ناوی سوقرات و ئەفلاتوون و ئەرەستووی هێناوە و، ناوی گەلێ لە پاتشایان و فەرمانڕەوایان و میرانیشی لەناو هۆنراوەکانیدا هێناوە و هەروەها زۆر بەڕێزەوە ناوی ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی ئیمامانی هێناوە.

هەروەها لە پارچە هەڵبەستێکیدا باسی جیایی ڕێبازی جەبری و ئەشعەری دەکات و بەوردی لەم دوو ڕێبازە دەکۆڵێتەوە و ئەوسا دەچێتە فەلسەفە و پیتۆڵییەوە و بەجۆرێ کە مەبەستەکە بەتەواوی شی دەکاتەوە تا دەگاتە ئەنجام.

فەقێ قادر لە (مێعراج نامە)کەیدا کە سەبارەت بەمێعراجی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دروودی خوای لەسەر بێ هۆنیویەتەوە، بەجوانترین شێوە باسی مێعراجی پێغەمبەری کردووە و لە سەرەتای مێعراجەکەیدا دەڵێ: لە شەوی بیست و حەوتەمی مانگی ڕەجەب کە هەموو لە خەودا بوون، خوای مەزن فەرمانی دایە فریشتەکان کە تەواوی ئاسمان برازێننەوە و ئەستێرەکان بترووسکێنەوە و لە خۆشییا بکەونە سەما و، فریشتەکان بەڕیز



ڕاوەستن و بەهەشت بەخێوەتی تیشک ڕەنگین کەن و، کۆشک و خێوەتیان لە تیشک بێ و، موشک و کافوور بکەنە ناو کەوسەر تا ئاوەکەی بەهەموو لایەکی بەهەشتدا بڕوا و، داری تووبا بەجارێ برازێننەوە و تا بەری جوان جوان بدا و، لە ڕووبارەکانی بەهەشتدا دەبێ شیر و هەنگوێن ڕەوان بێ و، لەسەر دەشت و ڕەوەز و مێرگی بەهەشتدا هەندێ لە فریشتەکان ڕاوەستن و هەرکام تەشتێکی تیشک بگرنە دەست و ئەوسا ئەی جبرەئیل خێرا برۆ و پێغەمبەر و خۆشەویستم بهێنە، چونکە دەمەوێ شاد و کامەرانی کەم، ئێستاکە ئەو لە ماڵی ئوم هانی دایە، گەرچی چاوی لە خەودایە، بەڵام دڵی ورییایە و، گیانی بۆ سروش چاوەڕوانە و بەڕێزێکەوە وریای بکەرەوە و دڵ و لەشی بەئاوی کەوسەر بشۆرە و ئەوسا سواری بوراقی کە و بیهێنە لام. وەکو دەڵێ:

جەقاف قەزا واقیعەی قەدەر
ئیرادەی ئومور ئەلەست کەرد ئەسەر
دەریای ڕەئووفی سوڵتان ئەزەڵ
جۆش ئاوەردنە شەهەر ڕەبیعولئەوەڵ
ئەکسەر نەمێعراج سەیید و لبەشەر
نەبیست و هەفتەم و ڕەجەب دان خەبەر
جە شەوئیسنەین شەشش ماندەبێ
عالەم گشت جە خاو ئارامەندە بێ
جەدەرگای قودرەت ئەڵڵاه جەلیل
ئیلهام نزوول کەرد پەرێ جبرەئیل
شوعلەی مانگ و وەرمەست زیا بۆ
زومرەی کەواکیب مەشعەل نوما بۆ
زینەت ئەفزا بان جەنات و قسوور
ڕەونەق نوما بان غیلمان چەنی حوور
فیردەوس نەعیم زەعلا عیللیین
ڕەنگین کەن چەمەن بەخەیمەی نوورین
قەسر و خەیمەگا فەرششان نووربۆ
خاکش زەعفەران، میسک و کافوور بۆ
جاری پەی هەر حەوز نەهر کەوسەر بۆ
دائیرەی حەوزان جە کورسی زەڕ بۆ

سەفادەن شەجەر توویا نە سەد تار
ئەنواع سەمەروەنەش بۆ ئیزهار
نەهر سەلسەبیل شیر و ئەنگەبین
جاری نەجەنات فیردەوس بەرین
کورسی موجەوهەر، حایت بلووری
فوارەی حەوضان هەوا کافووری
نەرووی مێرغوزار ناڵەی مورغ زار
با خامۆش نەبۆ تا یەومولقەرار
زومرەی فرێشتان نەسەما سەف سەف
هەریەک تەشت نوور بگێڕان نەکەف
زەمهەرەرێر و ناردۆزەخ بەتەعجیل
هەم موعتەدیل بان چون نار خەلیل
هەم سەحرای مەحشەر حیساب و میزان
هەم ناروسیرات موهەییای مەکان
لەرزا جە هەیبەت جبریل ئەمین
عەرز کەرد: ئیلاهی قەوی و مەتین
مەر قەسدت ئێدەن دنیا کەی خەراب
یا عەدڵ مەحشەر ئاری بەحیساب
یا دنیای هەنی جە نۆئیجادکەی
یا عالەم جەقەید کەدەر ئازاد کەی
هاتف بی نزوول پەرێ جبرەئیل
جبرەئیل جەسەوت هاتیف بی زەلیل
جە بەتحای مەکە کاشفولکەرەب
خەلیلولرەحمان مەکەرۆن تەڵەب
جەوساوە بەستەی خاک زەعیفەن
مەحرووم جەروئیەت ذات لەتیفەن
سالار کەونەین خەتمولورسەلین
مەکەرووش دەعوەت پەی عەینولیەقین



دەمێوەن پەی وەسڵ دارۆ ئیشتیاق
شادش مەکەروون بەتەکلیف شاق
جوملەی ئەنبیا و روسوڵ جەئەقسا
تا تاهر مەیۆ حازر بان نەو جا
ئێستە ها موتیع حەیی ڕەبانی
دیدەش جە خاوەن جە ئوم هانی
ئەردیدەش جە خەو قەلبش بێدارەن
رۆحش پەرێ وەحی جە ئینتزارەن
بکەر بێدارش بەعیززەتەعظیم
خەلعەتی ئیسرا وەنەش کەرتە فهیم
قەلب و قاڵبش بەکەوسەر بشوو
هەم غەسل جەسەد، هەم ئاو وزوو
نەحوڵڵەی جەنەت تاج عێشق و شەوق
سەیف تەوەکول، کەمەربەند زەوق
عەمامەی رەزا، نەعلەین تەسلیم
خەرقەی ئیفتخار، قەبای شوکر و بیم
حەمایل حیلم، عەسای قەناتەت
سیبحەی صەبووری جامەی ریاضەت
پۆشش بۆ پەرێی یاسین و تاها
لیوای حەمدی حەق پەرێش کەم وەیا
تەئکیدبی فەرمان شەهەنشای عەزیم
باوەران حەبیب بەعیزوتەعزیم
نەفیردەوس بوراق موکەمەل بەزین
ببە پەی ڕکووب سەیدولەتین

پەڕاوی فەزیلەتی بەنی ئادەم کە فەقێ قادر دای ناوە سەبارەت بەگەورەیی و بەرزیی بنیادەمە و لەوەدا سەبارەت بەهەموو شتێک دواوە، سەبارەت بەگەورەیی و مەزنیی خوا، سەبارەت بەپلەوپایەی بنیادەم، سەبارەت بەبڕوا، سەبارەت بەئاکاری جوانی بنیادەم، سەبارەت بەبێ ئەمەگیی جیهان، سەبارەت بەتۆبە و پەشیمانی، بەتایبەت بێ باکان و ملهوڕان و ستەمگەرانی داوەتە بەر تەشەرووپلار. ئەم پەڕاوە کە داگری چەند بەندە، هەر

کام لە لەگەڵ ئەوەی بەندەکانی کورتن، بەڵام زۆر جوان و پاراو و دڵگرن.

فەقێ قادر لە باسی بڕوادا دەڵێ: بڕوا سێ جۆرە، یەکەم بڕوای لاسایی کردنەوە و چاولێکردن، دووەم بڕوای ڕێ بەدییی، سێیەم بڕوای راستەقینە. بڕوای لاساییکردنەوە، ئەوەیە کە بنیادەم لەسەر بڕوا و ڕێ و ڕچەی باووباپیری بڕوا و چاو لەوان بکا و ڕێ و ڕەوشتی باو و باپیری بپارێزێ، هەرچەندە موسڵمان بێ، بەڵام بڕوای سستە و ئەمەش مەترسیی هەیە بۆ مرۆ. بڕوای ڕێ بەدییی ئەوەیە لە ڕێی بەڵگەوە بڕوا بهێنێ و بەهۆی مامۆستاوە ئەم مەبەستەی پێ بسەلمێنرێ و ئەوسا لە چۆنییەتیی دین و بڕوا ئاگەدار دەبێ و، بڕوای ڕاستەقینەش ئەوەیە کە بەهۆی گەورەیی و مەزنی خواوە بڕوا بینی و ئەم چەشنە بڕوایەش لە هەموو بڕوایەک چاترە و زۆربەی پێغەمبەران ئەم چەشنە بڕوایەیان هەبووە و، ئەوەی لە جیهاندا مافی خورابێ، لە ڕۆژی پەسڵاندا مافی خۆی لە زۆردار دەسێنێتەوە، تەنانەت ئەگەر زۆردارەکە کردەوەی چاکی بووبی، زۆرلێکراو لەو کردەوە چاکانەی دەبا و، ئەم ئاڵوگۆڕە کار ناکاتە سەر بڕوای زۆردارەکە و کەمی ناکاتەوە، وەکو کە دەڵێ:

مەعلووم بۆ جەلای زومرەی عەزیزان
نەوعش سێ قیسمەن دەرەجەی ئیمان
ئەووەڵ تەقیلدی، دووەم ئیستیدلال
سێیەم حەقیقی فەرخوندە خیسال
تەقلیدی بێ کەسب و رەنج ئوستادەن
حەرەکەش تەقلید ئابا و ئەجدادەن
جە فەرز و سونەت رەسم موئەکەد
نەدارۆ خەبەر مەرد موقەلید
مەرد تەقلیدی هەرچەند موسلیمەن
ئەما ئیمانش جای خەوف و بیمەن
جەئیستیدلالی بکەروون بەیان
فەرز و سوننەتش مەزانۆ عەیان
ئەرکان یەقین سەندەن جەئوستاد
بەئوموووردین دارۆ ئیعتیقاد
هەم وێش شەرائیت دین مەکۆ ئەوا
هەم غەیر جەئومووردین مەکۆ ئاگا





ئەوکەس ئیمانش مەگێرۆ قووەت
قەلبش ڕەوشەنەن بەنوورسەفوەت
حەقیقی ئیدەن عالەم بەیەک بار
نەوجوود حەق بکەران ئینکار
نییەن تەشکیکش جەزاب مەعبوود
یەقینەن جە لاش واجبو الوجوود
هەم یەقینیش هەن جەزات وصیفات
جەقەزا و قەدەر حەقەن واقیعات
خاستەرەن حەقیق جەکول ئیمان
ئەمسالش ئیمان زومرەی ئەنبیان
ئەحکامی شەرعی بەستەی عەمەلەن
ئیمان بەئەحکام شەرع بێ مەدخەلەن
نمەبۆ قوبووڵ عەمەل بێ ئیمان
بێ عەمەل ئیمان مەقبووڵەن هەر ئان
خەسمان جەمەشەر مەگێڕان عەمەل
ئەمما بەئیمان نەداران مەدخەل

پەڕاوی پەندولحوکەمای فەقێ قادر پڕیە لە پەندی زانایانە و بەچەشنێکی جوان دای ناوە. فەقێ لێرەشدا پەڕاوەکەی بەند بەند کردووەتەوە و لەهەر بەندێکیا چیرۆکێکی کورتی هێناوە کە لە یەکێ لەم بەندانەدا بەزمانی لوقمانەوە دەدوێ و دەڵێ: رۆژێکیان لوقمان لەسەر تەختی زانستدا دانیشتبوو، یەکێ لە شاگردەکانی لوقمان چەند پەندێکی لێ پرسی و وتی: لە ئادەم زاناتر کێیە؟ ئەویش وتی ئەو کەسەیە کە خەفەت ناخوا بۆ زیانێ کە تووشی بێ. پرسی ئەی پیاوی چاک کێیە لە جیهاندا؟ ئەویش وتی: ئەو کەسەیە کە دڵی بەجیهانەوە نەبێ و بۆ رۆژی دوایی تێ کۆشێ. پرسی کێ لە جیهاندا دەوڵەمەندە، وتی: ئەو کەسەی کە ئاوەزی هەیە. پرسی ئەی چ شتێ تاڵە و ئاخری شیرینە و چ شتێ شیرینە و ئاخری تاڵە؟ وتی: هەوەڵی ئارامیەتی و دووەمی پەلەیە دەبنە هۆی ماڵوێرانی. پرسی ئەوە چ دەردێکە کە دەوای نییە. وتی: ئەوە گێلی و گەوجییە کە چارەسەر ناکرێ. پرسی ئەوە کام خانوویەکە کە وێران نابێ؟ وتی ئەوە خانووی داد و دادگەرییە کە هەتا هەتایە دەمێنێتەوە. پرسی زانست لە کوێ فێر بووی؟ وتی: لە نەزانەکان، پرسی ئەی شێواز لە کێ فێر بوویت. وتی: لە بێ شێوازەکان. وەکو دەڵێ:

ئەشرەفول حەكيم حوكەمای ئەيام
لوقمانەن جە عيلم، بەدەرک و ئيفهام
نيشتەجێ نەتەخت حەزاقەت پەنا
حازر بين نەپای تەختتش خولەفا
يەک جە خولەفای فەهيم كاردان
چەند پەند و حيكمەت پەرسا جە لوقمان
پەرسا داناتەر كێ بۆ جە ئادەم؟
وات جەهەر ئاسيب هەر كەس بی بێ غەم
وات بوڵند هيمەت كێيەن جە دنيا
وات ئەو كەس كەرد تەرک دنيا پەی عوقبا
پەرسا جە دنيا كێ تەوانگەرەن
وات ئەو كەس عەقڵش دايم نەسەرەن
پەرسا كام تەڵخەن ئوخراش شيرينەن
كام شيرينەن ئەسڵ ئوخراش تەڵخينەن
وات ئەووەڵش سەبر. دووەم شيتابەن
جەشيتاب خانەی عالەم خەرابەن
پەرسا هەن عيللەت جێش نەبۆ شيفا
وات ئەحمەقييەن عيللەی بێ دەوا
پەرسا كام شەربەت كوشۆ چەشندە؟
كام ئاتەش سۆزۆ هەر ئەفرۆزندە؟
وات حەسەد نار و، شەهوەت شەربەتەن
هەردوو پەی بەشەر زەهر حير قەتەن
پەرسا كام بنيا نمەبۆ خەراب؟
وات عەدڵەن مانۆ تا يوم الحساب
پەرسا جە لوقمان ئەی ساحێب ريفعەت
جەكێ كەردی ئەخز تۆ عيلم و حيكمەت
وات كەردم ديقەت سينف جەهەلە
بەئەخز عەكسش كەردم عەجەلە



هەم پەرسا ئەدەب جەكێت كەرد تەكميل
وات جەبێ ئەدەب كەردەنم تەحسيل
دەروێش تەمام بی وەسيەت سێيەم
پەی پەند چارەم زوودبنيەر قەدەم

فەقێ قادر هەر لە پەند نامەكەيدا گەلێ پەندی جوان جوانی هێناوە و پەندنامەكەی كردووەتە چەند بەشەوە. لە بەشی خراپەی درۆكردنەوەدا دەڵێ: ئەوانەی وا درۆزنن و درۆ دەكەن، دڵيان هيچ كاتێ ڕوون نابێتەوە، درۆزن هەموو دەم شەرمەزار دەبێ و ئاوەزی خۆی لەدەست دەدا، بەتايبەت پياوە گەورەكان هەركاتێ درۆ بكەن، ڕازيان دەدركێ، خوای مەزن لە چەند ئايەتدا نەفرينی لە درۆزن كردووە، كەوابوو ئەی دەروێش خۆت لە درۆ و دەلەسە بپارێزە با نەفرينت نەكەن، وەكو كە دەڵێ:

مەعلووم عامەن صينف درۆغزەن
نوور قەلبشان نمەبۆ رەوشەن
درۆ غەن مەردان مەكۆ شەرمەسار
مەردان بەدرۆغ مەبان خوار و زار
دروغەن جەشەخس سكەی كەم عەيار
عاقل جەدروغ جاهيل گير و عار
خاسە بزورگان بەمەحز درۆغ
ساميعەی رازش نەدارۆ فرۆغ
نە چەند جا ئايەی قورئان موبين
كەردەنش لەعنەت حەق بەركازبين
دەروێش جە درۆغ بكەر ئەنديشە
درۆغ بەكاران مەدۆ تەشوێسە

فەقێ قادر لە پەڕاوی (عەقيدەی ئيسلام)دا باسی بيروباوەڕی ئاينی ئيسلام دەكا و هەروەها باسی بناغەكانی بڕوا و داهاتنی ڕۆژی پەسڵان و باسی دۆزەخ و بەهەشت و تكا كاری پێغەمبەری گەورەی ئيسلام بۆ موسڵمانانی گوناهبار دەكا و لەپاش ئەم مەبەستانە گەلێ چيرۆكی كورت كورتی ئاينيشی هێناوە و لەسەريان ڕۆيشتووە و گەلێ ئايەتی سەبارەت بەبوومەلەرزەی ڕۆژی دوايی دەڵێ: بوومەلەرزەيەكی زۆر گەورە ڕوودەدا و ئەم بوومەلەرزەيە سەرەتا لەلايەن خۆرهەڵاتەوە دەقەومێ و، هەرچی شتی قورس و گەنجينە لە زەويدابێ، فڕێی دەداتە دەرەوە، سەرەتا لە وڵاتی هيندستاندا بای ئاكام هەندێ لە

پارێزکاران دەبا و ئەوسا بایەکی سووک برێ لە پارێزکارانی تر دەمرێنێ، ئەوسا هەمووی خەڵک کۆچی دوایی دەکەن و پاشان بەفەرمانی خوای مەزن، خەتی هەر پەڕاوێک دەکوژێتەوە و پاش ئەوە هەمووی خەڵک بەرێز بۆ وەڵامدانەوە ڕادەوەستن و هەموو گوناه و تاوانێک کە لە جیهاندا بەهۆی مرۆوە کراوە دەردەکەوێ. وەکو دەڵێ:

مەیۆ بەزوهوور زەلزلەی غەریق
ئەووەڵ سەرمەدۆ جە مولْک مەشریق
چون زەلزەلەی سەخت مەوتا و دەفائین
کول مەبان موخرەج جەبەتن زەمین
جەدوما جەهیند و عەرەب وەلوەلە
چەندجا مەبۆ غەرق قووەی زەلزەلە
ئەووەڵ جە دیار هیند باد ئەجەل
مەدۆ بەموئمین مەوت موعەجەل
با دمولایم مەیۆ چون حەریر
مۆ منان بەمەوت مەکەرۆ ئەسیر
مۆ من مۆمنات جومڵە نە دنیا
کول مەکەن ریحلەت بەدار عوقبا
جەودما بەئەمر عەلیم وەهاب
حەک مەبۆ خوتووت سەفحەی هەر کیتاب
چون وەحش کۆهی عالەم خاس و عام
دین مەکەن غایب سەراسەر تەمام
مەبۆ ئاشکار هەر فیسق و فوجوور
ئەوسا قیامەت مەیۆ بەزوهوور

کۆمەڵە هۆنراوەکانی فەقێ قادر پڕە لە چیرۆک و داستان و ڕاز کە پتری ئەو چیرۆکانەی بۆ مەبەستی خواناسی هێناوە و ویستوویەتی پەندی خەڵک بەهۆی ئەو چیرۆکانەوە دابدا. قارەمانی چیرۆکەکانی لە چینەکانی جۆربەجۆری خەڵکن و لە خونکار و میر و وەزیر و نەسەقچی و شێخ و مەلا و سۆفی و سەوداگەر و هەژار و دەوڵەمەند و بەدبەخت و بەختەوەر دواوە و بەم چەشنە دەتوانین بەپێی هۆنراوەکانی ئەو لە باری کۆمەلایەتی ئەو سەردەمە بکۆڵینەوە.

هەندێ لە چیرۆکەکانی ئەو دەگەڕێنەوە بۆ دەوری زۆر کۆن و، هەندێکیشی لە زمانی



وڵسات و پەلەوەرەوە وتوویەتی و دیارە ئەو چیرۆکانەی لە پەڕاوی کەلیلە و دەمنە وەرگرتوون و ویستوویەتی بەهۆنراو بیانگرێتەوە بۆ منداڵان و لاوانی کورد. لە یەکێ لە چیرۆکەکانیدا کە باسی بەسەرهاتی باز و خاسەکەوی کردووە، چیرۆکی باز و خاسەکەوێک دەگێڕێتەوە و دەڵێ: بازێک لەسەر ماه و کێوێکدا دەفڕێ بۆ شکار و لە پڕ دەنگی خاسەکەوێکی بیست و لەسەر کێوەکە نیشتەوە و کاتێ کەوەکە شەقەی باڵی بازەکەی بیست خێرا لەناو بەردەکاندا خۆی شاردەوە. بازەکە بەشوێن کەوەکەدا گەڕا و لە نێوان بەردەکاندا چاوی پێ کەوت وتی: لەبەرچی خۆت شاردووەتەوە و بێ لەگەڵ یەکدا ببینە هاوەڵ و وەکو برا ژیان بەینە سەر و، ئەگەر لەگەڵمدا ببیتە هاوەڵ لە شوێنێکدا بەیەکەوە دەژین، چونکە من گراو و سەوداسەری خەت و خاڵی جوانی تۆم و خۆشم لە قاسپەت دێ. کەو لە وەڵاما وتی: تۆ شکارچی و من شکار، ئیدی چۆن بەیەکەوە دەمانگرێ؟ سەرئەنجام بازەکە کەوەکەی هەڵخەڵەتاند و ئەوسا هەردووکیان بەیەکەوە فڕین و بەشەوا لە هێلانەیەکدا دەژیان تا بازەکە نەخۆش کەوت و ئیتر نەیتوانی شکار بکا و دەستی کردە پەلپ و بیانوو گرتن و سەرئەنجام بەچنگ زکی هەڵدڕی و خواردی. وەکو دەڵێ:

یەک باز تەوار نەقولەی کۆسار
یەک ڕۆدەورمەدا پەی تەعم شکار
سەماع کەرد سەدای کەبک خەرامان
نەگەردەنەی کۆ ئاما بە دامان
هاژەی باڵ باز جە کەبک کەرد ئەسەر
نیهان بی جەتۆی ڕەوزەنەی کەمەر
باز جەسوس کەرد نەدایرەی سەنگ
کەبکش دی مەستوور تۆی سەنگ وەبێ دەنگ
باز واتش: ئەی کەبک چێشەن ئی حاڵەت
تاکەی مەمانی تۆنەی زەلاڵەت؟
تۆ هەر یەند بیمت جەتەیر حوڕبۆ
هەر راست نەئونس دۆندەی بەڕبۆ
کەی مەبی راحەت کەی مەبینی کام؟
کەی مەبی خەلاس تۆ جە نەنگ و نام؟
ئەگەر تۆ چەنیم ببی بەیاوەر
مەکەروو حیفزت جە هەر خێر و شەڕ

شەوان چەنی من جەسەر قولەی کاو
ڕۆژان جە سەیران سەرچەشمەی سەراو
هەم ئەمین جەویت، هەم بەزم شکار
هەم شەئن مەردی جێت مەبۆ ئیزهار
دەمێوەن عاشق خەت و خاڵ تۆم
حەیران مینقار پەنجەی لاڵ تۆم
تا قەهقەهەی نەزم دەنگت نەگۆش بۆ
حەڵقەی غولامیت نەگۆش هۆش بۆ
جەواب دا وەنەش کەبک کۆساری
واتش ئەی شەهباز زادەی شکاری
تۆ سەیاد سەید، من سەید سەیاد
تۆ سوڵتان حۆر، من سیلک عیباد
تۆ ئازادە بەخت، من قەید موحتاج
پەنبە بەئاتەش کەی کەرد ئیمتیزاج؟
ئەر سەد ساڵ چەنی تۆ کەروون پەرواز
من ئەو کەبک زار، تۆ هەر ئەو شەهباز
هەر گا بەی تەورەن بەتەفرەی خەیاڵ
حەیفەن عەقڵ کول بکەروون پاماڵ
باز واتش مەرتۆ عەقڵت تەغبیرەن
حوب غەیرە جینس نە دڵ جاگیرەن
خولاسە ئەو باز بەئەفسوونگەری
بەردش چەنی وێش ئەو کەبک دەری
کەبک و باز هەردوو خێزان بەدڵواز
پەی سەر قوللەی کۆکەردشان پەرواز
شەوان ئونس یەک بەراز و نیاز
ڕۆژان نەعوقبەی نەخچیر نە پەرواز
بیماربی ناگا باز تەواری
نە مەند جە قووەش پەنجەی شکاری



باز و کەبک نە تۆی یەک ئاشیانە
باز نەقووەی جووع سازا بەهانە
واتش: مەر ئەی کەبک گومڕای ناسەواب
تۆ سایەنشین، من جە ئافتاب
مەر ئێدەن عادەت نە ڕووی ڕۆزگار
مسکین نەمەسنەد، شاهان خوار و زار
ژەرەژ وات: ئەی شا ئەر نیت موکەدەر
کەی بەزل کاوەر کەردەن ئەسەر؟
باز هەم خڕۆشا وات ئەی بەدگومان
تەرک ئەدەبەن تەکزیب شاهان
دەردەم هەڵمەت بەرد باز بەد ئەندێش
کەبک خەرامش کەرد بەچاشت وێش
فەقی حیکایەت باوەر بەختام
بەر مەحەمەد بۆ سەلات و سەلام

فەقێ قادر ماوەیەک لە زیندانی کەرکووک و بەغدادا بووە و لە هۆنراوەکانیدا بەسەرهاتی ئەو ڕۆژانەی وا لە بەندا بووە دەگێڕێتەوە و گلە و گازندە لە ژیانی خۆی دەکا وا دیارە ئەو ماوەی زۆر پێ سەخت بووە. باسی ئەم دەرد و ڕەنجانەی لە هۆنراوەکانیدا بەرچاو دەکەوێ. ئەو زیندانەی کە تیایدا بووە وەکو زاخەیەکی تەنگ و تاریک بووە، بەجۆرێ کە کاتێ بەربووە لەشی بەجارێ لاواز بووبوو و، تازە دوای بەربوونی لەگەڵ هۆزەکەیدا دووری دەخەنەوە بۆ وڵاتێکی بێگانە و لەوێشدا دوور لە وڵات و زێد و ماڵبەندەکەی لە ئەوپەڕی تاسە و چاوەنواڕیدا کۆچی دوایی کرد و تەنانەت نەیانهێشت تەرمەکەی بهێننەوە بازیان و هەر لە وڵاتی بێگانەدا ناشتیان. تاوانی ئەو، ئەوە بوو کە ماوەیەک بووە بەڕێوەبەری چەمچەماڵ و بازیان و کاری بۆ عوسمانییەکان کرد. فەقێ قادر ئەو ماوەی کە لە بەندا بوو پێ لە زنجیر و ملی لە کۆتدا بوو و لە گۆڕێکی تەنگ و تاردا کە جێی خەوی تیا نەبوو و، تارمایی مەرگی لەبەرچاوی خۆیدا دەدی، دەژیا و ماوەی چوار ساڵ بەم جۆرە لە بەندیخانەدا بوو.

فەقێ قادر لە پارچە هەڵبەستێکیدا باسی دەرد و ئازاری ئەو دەمەی دەکا و بەسەرهاتی تەنیایی و بەدبەختیی خۆی دەگێڕێتەوە. ئەوەی کە پتر ئازاری داوە، هەموو دەم لە بیری ژن و خاووخێزان و مناڵەکان و خزم و کەس و کارەکەیدا بووە و، جاروبار فرمێسکی

داوەراندووە و هیچ هەواڵێکی لێیانەوە نەبووە. بۆ وێنە لەم پارچە هەڵبەستەیدا دەڵێ:

قەید زنجیرم، قەید زنجیرم
یا شا نە قەلا قەید زنجیرم
دەمێوەن مەقهوور قەهر موشیرم
چەمەڕای هیمەت شای خەیبەر گیرم
سەرخێڵ ئەقوام مەینەت کێشانم
مەحرووم دیدار قەوم و خوێشانم
بەواتەی ئەقران حاڵ پەرێشانم
سەبت جەریدەی دەروون رێشانم
بەرشییەن جەدەست روتبەی سەریرم
چەمەڕای هیمەت شای خەیبەر گیرم

***

سەراپای ئەعزام زەلیل رەوقەن
دڵ مات و مەلوول، بەری نەشەوقەن
پابەند زنجیر، گەردەنم تەوقەن
فەرش مەزەلەم نە تەحت و فەوقەن
دائمولئوقات فیکرەن تەحریرم
چەمەڕای هیممەت شای خەیبەر گیرم
زیرەی مۆسیقای کەڕەنا و ناقووس
تار کەردەن دیدەم چون چۆی عەبەنووس
یاڕەبی پەردەی نەنگ چەنی ناموس
نەعوشرەت و عەیش مەندەنان مەئیووس
نەقەید سجن خان و وەزیرم
چەمەڕای هیمەت شای خەیبەر گیرم
یا حەق بەحورمەت شای خەیرولبەشەر
بەشەرافەت نوور عەشرەی موبەشەر
بەشق ئەو ئیسم جە ئیسنا عەشەر
بدەر نەجاتم نەی بەحر بێ دەر



فەقیم، فوقەرای مەولای فەقیرم
چەمەڕای هیممەت شای خەیبەر گیرم

فەقێ قادر گەلێ هۆنراوی دڵداریشی هەیە کە بەڕاستی جوان و پاراو و شیرین و دڵگرن. لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداریدا پەیڕەویی لە هۆنەرانی پێش خۆی کردووە، واتە وەکو هۆنەرانی بەر لە خۆی برۆی یارەکەی بەوێنەی شمشێر و گۆنای یارەکەی بەچەشنی کوورەی ئاسنگەر و قژی بەدووپشک داناوە. وەکو لەم پارچە هەڵبەستەیدا کە دەڵێ:

شیرین ئازاد کەرد، شیرین ئازاد کەرد
ئەفعییان پەی دۆش باهۆش ئازاد کەرد
عەرەقچین وە چەتر وە چین سەواد کەرد
وەچین قەسد قەتڵ زومرەی زوهاد کەرد
نە بورج قەمەر عەقرەب ئیجاد کەرد
مونەجم جە بیم هەردوو فەریاد کەرد
حاجب وە مەودای سەیف جەلاد کەرد
سەم وە ئیشارەی موژەی فولاد کەرد
عەین وە بادەی بەزم شای کەیقوباد کەرد
نەشئە وە باعس ئومولفەساد کەرد
گۆنا وە مەجمەر کوورەی حەداد کەرد
نە یاقووت حەببەی زومڕووت بنیاد کەرد
لەعل لەب هوونین کەللەی فەرهاد کەرد
مەزەی فەم بەشەهد باغ شەداد کەرد
شوعلەی زنجش جام جیهان ئاباد کەرد
شیشەی گەردەنش قەیس ناموراد کەرد
نمەد پۆش نایل قەتڵ بەهزاد کەرد
ئەسکەندەر نۆشای زەنەقش یاد کەرد
زوڵمەتش خزر بەحیات شاد کەرد
سەمەرقەند سەدر دوو قەند موعتاد کەرد
ڕائیحەش نە عەتر شاران زیاد کەرد
خێزا ئاهووی بەڕ، بیم جە سەیاد کەرد
(فەقێ) یەئس زێد ئابا و ئەجداد کەرد

فەقێ قادر لە هۆنراوەکانیدا گەلێ وشەی خواناسیی بەکار بردووە و، لە هۆنراوی خواناسیدا گەلێ سوارە. لە پارچە هەڵبەستێکیدا کە بەناوی چاوەش و مەیگێڕ هۆنیویەتەوە، دەڵێ: ئەی چاوەش سازێ لێ بدە و بەزم و ئاهەنگێکی جوانمان بۆ سازکە تا دڵەی خەمبار و پەشێوم کەمێ بحەسێتەوە و تۆش ئەی مەیگێڕ، بالاّ گەردانی بالاّت بم، زوڵفەکانت پەشێو و بڵاوکەرەوە و پیاڵەیەکی بادەم بۆ پڕکە و پێم بدە تا دڵ و دەروونمی پێ ڕوون بێتەوە و گیانم بەجارێ ببووژێتەوە و، تۆش ئەی چاوەش لە پاش ئەوەی مەیگێڕ بادەم پێ دەدا، نەوایێ ترم بۆ لێ دە و زەینم ڕوون کەرەوە تا ناڵەی دەروونم دامرکێ. وەکو کە دەڵێ:

موغەنی سازێ، موغەنی سازێ
نەڕووی ئیلتفات دەس دەر نەسازێ
نەی بەزم و ئاهەنگ بەرزکەر ئاوازێ
جە نەزم حیجاز بکەر ئاغازێ
دڵەی غەمبارم خەیلێوەن خەجڵ
تەئسیر دەنگت ئەسەر کۆ نە دڵ
فیدات بام ساقی ها زومرەی عوششاق
داریم ئیحتیاج پەی تەکلیف شاق
کەچ کەر عەرەقچین، زوڵفەین بڵاوکەر
عەینەین مەستت تام سورمەی ساوکەر
پڕکەر پیاڵە، بنما جەماڵت
وە حەنا رەنگ کەر پەنجەی شمشاڵت
با نەشئەی بادەت نەڕای حەقیق بۆ
ڕەنگش چون لەبان لەعلت عەقیق بۆ
پەردەی دەروونم بەو تەور کەرۆ ساف
قەلبم چون قوببەی قەندیل دۆ شەفاف
جەوهەر ڕۆحم مەسقەل نما کەر
مەزهەرش چون جام جیهان نماکەر
موتریب سا بەرزکەر نەوایی هەنی
لایەعقەل کەر دڵ نەی دنیای دەنی



خامۆش کەرکوورەی فیکر و خەیاڵم
رەوشەن کەرمینای زهن زولاڵم
چنگ وەچەنگەوە، کەف وەدەفەوە
دڵ وەمەستی بەزم شای نەجەفەوە
با گۆش نەسەدای سارای موغان بۆ
نەشیب و فراز جەلام یەکسان بۆ
یەک ڕەنگ بام نەی مەی، مەدهۆش بام نەی دەنگ
مەنقووش بام چون نەقش نەقاش نە ڕووی سەنگ
بفەرما فەقێ بەسەن ئی ناڵە
بنۆشە نەی بەزم مەندەی پیاڵە
بەڵکم نەهیمەت ئینعام دڵبەر
شادبام وە مەجلیس شای هومایوون فەر

فەقێ قادر لە ستایشی سروشت و زستان و بەهاریشدا دەستێکی بالاّی هەبووە و بەجوانی، جوانیی سروشتی ستایش کردووە لە پارچە هەڵبەستێکی کە لە سەردێڕی بەهارنامەدا هۆنیویەتەوە دەڵێ: بەهار تەواوی زەوی بەسەوزە و شیناوەردی داپۆشی و، گوڵ و گوڵاڵە لە هەموو شوێنێکدا ڕوا و بەجارێ دەشت و دەر و کێو و شاخ و داخی ڕازاندەوە و، قومری و بولبوڵ و پەلەوەرانی تر کەوتنە نەوا خوانی بۆ چاوەڕوانیی دڵداران و دڵبڕاوان و، مەیگێڕان سەرمەستی بادە بوون و مەستان بەمەستییەوە دەچوون و، خەڵک لە ورد و درشت بەیەکەوە سەیرانیان دەکرد و منیش لەئەوپەڕی پەژارە و خەفەتدا ژیانم دەبردە سەر. وەکو دەڵێ:

ئازیز نەوبەهار، ئازیز نەوبەهار
ئیحیابی نەفەیز ئازیز، نەوبەهار
مەنقوش بی فرووش زەمین نەسەدتار
زاتش جەسیفات نەورۆزبی ئیزهار
نیلی دا سەفحەی چەتر ئەخزەری
زێوەر کەرد زەمین شەمس خاوەری
بێ تەعلیم و ڕەنج، بی موزد و مینەت
عەرەز وست بەئەرز کەریم قودرەت

گولاّن نە هەوای هاموون وەردەن مەوج
زی ڕۆح نەزینەت زەمین بەستەن فەوج
ناڵەی قومریان نەغمەی عەندەلیب
سۆز عاشقان بێ ڕاز و شەکیب
ساقییان سەرمەست بادەی خومارەن
مەستان نەعورووج وەسڵ دیدارەن
ڕشتەی فیکرشان چون تەلگرافەن
ڕای یەک لەحزە شان نەقاف تاقافەن
نیازم ئێدەن بەی خومارەوە
بەی ئاهەنگ بەزم نەو بەهارەوە
ئیحیاکەی نەورۆز زەمیر وەی تارە
ئازادبام جەقەید گەرمی ئەممارە
فەقێ حەسرەتمەند بێ قووەت ڕۆح
ڕای حەقیق وەنەش چۆن مەبۆ مەفتۆح

فەقێ قادر گەرچی چەند ساڵێک لە بەندیخانەدا بووە، بەڵام پاشماوەی ژیانی بەهۆنینەوەی هۆنراو بردووەتە سەر، تەنانەت لە بەندیشدا گەلێ هۆنراوی هۆنیوەتەوە. زۆربەی ئەو هۆنراوانەی کە لە دیوانەکەیدا چاپ کراون، هی دەوری پیریی فەقێ قادرن و، ئەو هۆنراوانە وا لە تافی جوانی و لاویەتیدا هۆنیویەتەوە بەدەستەوە نییە.

فەقێ لە هۆنراوەکانیدا باری کۆمەڵایەتی ئەودەمەشی بۆمان ڕوون کردووەتەوە و، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە کاربەدەستانی دەوڵەتی ئەو سەردەمەی عوسمانی بەناهەق و بێ گوناه خەڵکیان گرتووە و ئازاریان داوە و ئەوسا دەڵێ: کەس نییە کە لە کەسێکی گیرۆدە بپرسێتەوە. نە قانوون هەیە و نە ویژدان و نە کەسێکیش پێ بەندی ئاینە. تەنانەت والی کە سەرگەورەی هەموانە و نوێنەری دەوڵەتی ناوەندیی عوسمانییە و بەواتەی هەندێک نوێنەری سێبەری خوایە، هەر لەوێوە خەسێنراوە و بۆ ئەوە نێرراوە کە پووڵ و پارەی خەڵک بۆ خۆی و ئاغاکەی کۆ کاتەوە. سەرلەشکریش کە ئەرکی پاراستنی وڵاتی لە ئەستۆ دایە، پیاوێکی هیچ و پووچ و نەفام و بێ مێشکە. نوێنەری ئاینیش کە دەبێ لە خوا بەولاوە لە کەسی تر نەترسێ، کابرایەکی ترسنۆکە و نقەی نایێ. سەرۆکی دادگای تۆڵەسەندنەوەیش لە ستەمکاران، پیاوێکی بێ فەڕ و کەمتەرخەمە و کاری بەسەر کەسەوە نییە کە چی دەکا. جا ئەگەر دامودەزگای دەوڵەت لەم چەشنە کەسانە پێک هاتبێ، مەگەر هەر خوای مەزن



بەهانای خەڵک بگات، وەکو دەڵێ:

کەس نییەن وا چۆن چێشەن گوناش
هەردەم بەڕەنگێ مەدەری سزاش
والی موخەنەس، قوماندار ئەحمەق
شێخ عەلی خائیف، دەفتەدار سەرشەق
قازی بەدعەمەل، موفتی بێکارە
ڕوشدی بەگ بی ڕوشد، ئەرکان پەتیارە
موددەعی عوموومی زەرفش خالییەن
ڕەئیس جەزا لائوبالییەن
غەیر خوداوەند فەرد فەردڕەس
حەرف خێر ئەسڵەن نییەن جەلای کەس

فەقێ قادر لەبەرئەوەی بڕوایەکی بەتینی بەئاینی پیرۆزی ئیسلام بووە، پێی ناخۆش بووە کە قانوون و یاسای بێگانە جێی دابونەریتی ئیسلامەتی بگرێتەوە، هەروەها پێی ناخۆش بووە کە خەڵک لەناو نەزانیدا بتلێنەوە و حەزی کردووە کە فەرهەنگ و زانست لەناو خەڵکدا پەرە بستێنێ، بەڵام لە تاقیکردنەوەی ژیانی ئەو سەردەمەی ئەوەی بۆ دەرکەوتووە و ئەوەی بۆ تاقی کراوەتەوە کە هەژاران لە ئەوپەڕی هەژاری و خۆشی و تێروتەسەلیدا دەژین و ئەمەش دیارە بەپێچەوانەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، چونکە ئیسلام بەختەوەری و خۆشیی بۆ هەمووی خەڵک دەوێ. وەکو دەڵێ:

مەدرەسان خالی، عیلم تەعتیلەن     ئیسلام ها جەبەند قانوون زەلیلەن
ناپلیۆن نەجای موجتەهیدانەن     بەند قانوونش عەدڵ دیوانەن
بێ دینان خوڕەم، دینداران مەحزوون     تاجران مەسروور، مسکینان زەبوون

سەرچاوەکان:

١– کۆمەڵەی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند – مەلا عبدالکریمی مدرس و فارتح عبدالکریم – بەغدا، ١٩٨٠.
٢– ببلیۆگرافیای کتێبی کوردی – نەریمان مستەفا ئەحمەد – بەغدا، ١٩٧٥.
٣– ڕۆژنامەی ژین – ژمارە ١٢٨٣، ساڵی یەکەم – ڕەشید هەمەوەند.

## مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە

١٢٥٠ – ١٣٢٦

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەبدوڵڵا و کوڕی مەلا ئەسعەدی جەلییە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٥٠ی کۆچی لە کۆیەدا لە دایک بووە و هەر لە منداڵیدا لە لای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و پەڕاوە وردەڵەکانی فارسی و عەرەبیی خوێندوون و بۆ خوێندن گەلێ شوێنی کوردستان گەڕاوە و ماوەیەک لە باڵەک لە لای مەلا محەمەدی باڵەکی خوێندوویەتی و ماوەیەکی زۆریش لە لای شێخ تاهای سوور سوور ماوەتەوە و سەرئەنجام لە لای مەلا محەمەدی خەتێ خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە پاش ماوەیەک چووەتە حەج و کاتێ لە حەج گەڕاوەتەوە هەواڵی مردنی باوکی بیستووە و ئەوسا لە جێگەکەی باوکی دانیشتووە و خەریکی وانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بووە تا لە ساڵی ١٣٢٦ لە تەمەنی حەفتا و شەش ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لە کۆیە نێژراوە.

حاجی مەلا عەبدوڵڵا یەکێ لە زانایانی هەرە بەرزی کوردە و لە هۆنینەوەی هۆنراوی فارسی و کوردی و عەرەبیشدا دەستێکی بەرز و باڵای بووە و گەلێ هۆنراوی بەیادگار لە شوێن بەجێ ماون کە زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن.

حاجی مەلا عەبدوڵڵا وەکو دەگێڕنەوە لە کۆیە دڵی چووە لە حەلیمەی کچی مەلا محەمەد و ئەم کچە بەجارێ هەست و هۆشی لێ دەستێنێ و دەیخاتە گۆڕەپانی هۆنراو و وێژەوە و کورتژمی هۆنراوی پێ دەبەخشێ و وەکو دەڵێن حاجی چەند کەس دەنێرێتە لای باوکی کە حەلیمەی خوازبێنی بۆ بکەن، بەڵام باوکی ڕووی خۆشییان پێ پیشان نادات و بەم چەشنە دووری دەکەوێتە نێوان ئەم دوو دڵدارە بۆیە حەلیمە بەداخەوە سەر دەنێتەوە و بەنامورادییەوە کۆچی دوایی دەکات و حاجیش تا ماوەیەکی زۆر، پەژارە دڵی دادەگرێ و ژیانی بەجارێ لێ دەبێزرێ.

وەکو دەڵێن حەلیمەش هۆنەر بووە و تەواوی ئەو نامانەی کە بۆ یەکترییان نووسیون بەهۆنراو بوون و هەردووکیان بەهۆنراو بەیەکدا هەڵیان داوە و هۆنراویان بەیەکتردا وتووە. بۆ نموونە مەلا عەبدوڵڵا لەم دوو هۆنراوەدا کە کەوتووەتە دەستمان بەم جۆرە ستایشی دڵدارەکەی دەکا:

کە بێری هاتە ناو مێگەل سەراسەر قرمزی پۆشی
مەلا ئیدراکی چوو، شێخیش تەریق، عارف نەما هۆشی



حەبیب دیتی رەقیب وەستاوە، چارۆگەی بەڕوودا دا
گوتم: هەوری سیا هات شەعشەعەی خورشیدی داپۆشی

واتە: یارە خۆشەویستەکەم کاتێ هاتە ناو مێگەل، جلوبەرگی سووری لەبەر کرد و مەلا فامی نەما و شێخ ڕێ و ڕچەی لە دەست دەرچوو و خواناسیش هۆشی لەسەر لاچوو، یار دی کە خەنیم ڕاوەستاوە خێرا چارۆکەی بەڕوو دا و گوتم کە هەوری ڕەش هات و تیشکی هەتاوی داپۆشی. واتە: یارەکەم کاتێ چارۆکەی دایە ڕوومەتیدا وەکو ئەوە بوو کە هەورێکی ڕەش تیشکی هەتاو داپۆشێ.

سەرچاوەکان

١– بنەماڵەی زانیاران، دانراوی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس، بەغدا، ١٩٨٤.
٢– ئافرەتە ناودارەکانی کورد، نووسینی: عەبدولجەببار محەمەد جەباری، بەغدا، ١٩٦٨.
٣– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە.

## ئینجەی گەلاڵی

١٢٦٢ – ١٣٣٥

ئەم هۆنەرەمان ناوی حەمە عەلی و کوڕی ئەحمەد ئاغەی گەلاڵییە و نازناوی ئینجەیە و بەپێی ئەو زانیارییانەی کە کەوتوونەتە دەستمان، لە ساڵی ١٢٦٢ی کۆچی لە دێی حاسڵی شارەزووردا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێگەیشتووە. هەر لە سەردەمی منداڵیدا لە قوتابخانە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشدا چووەتە حوجرەی فەقێیان و لەوێدا خەریکی خوێندنی ڕێزمانی عەرەبی و هەندێ پەڕاوی عەرەبی و فارسی بووە، لە دوازدە ساڵیدا چووەتە بیارە و ماوەیەکی زۆر لەوێدا ماوەتەوە و لە خوێندندا بەپلەوپایەیەکی بەرز گەیشتووە و لەم کاتەدا هەواڵی مردنی باوکی پێ دەدەن و ئەوسا دەگەڕێتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی کاروباری ئەو زەوییوزار و دێیانە دەبێ کە بەکەلەپوور بۆی مابوونەوە و ئیتر پاشماوەی ژیانی بەکاری کشتوکاڵ و مڵکدارییەوە دەباتە سەر تا لە ساڵی ١٣٣٥ لە تەمەنی حەفتا و سێ ساڵی لە دێی مەولاناوادا کۆچی دوایی دەکا و دەنێژرێ.

ئینجە ئاغە بەیەکێ لە هۆنەرانی کورد دێتە ئەژمار و لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرینن.

ئینجە ئاغە لەبەرئەوەی زێد و مەڵبەندەکەی خۆی خۆش ویستووە، حەزی نەکردووە کە

بێگانە بەسەر خەڵکی ناوچەکەیدا زاڵ بێ و ئەوەیە کە کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی بەفرِوفێڵ ئەو دەگرن و سەرئەنجام دەیبەنە ئەستەموولّ و لەوێدا بەندی دەکەن و ئەویش لە بەندیخانەدا پارچە هەڵبەستێک دەهۆنێتەوە و لەوەدا بەندبوون و گرفتاربوونی خۆی دەردەبڕێ و دەینێرێ بۆ شێخ عومەری بیارە (١٣١٨ - ١٢٥٥ی کۆچی) و داوای لێ دەکا کە کارێکی بۆ بکا و لە بەند ڕزگاری کا، وەکو دەڵێ:

شەماڵ سوب خێز، شەماڵ سوب خێز
یاباد سەحەر شەماڵ سوب خێز
قاسد پەیغام قەیس شۆر ئەنگێز
مەحرەم ئەسرار شیرین و پەروێز
بۆی جامەی یوسف بەردی نە کەنعان
ڕۆشن کەردی عەین یەعقووب زەڕهان
بۆی عەبیر زوڵف تەرسا زادەی چین
سا وای نە دەماخ ئەو پیر مسکین
بەو تەور لێوە و سەرع وێڵ هەردان بێ
گرفتار دەست بار دەردان بێ
تەرک کەعبەش کەرد غافڵ بی جە دۆس
زوننارخست وەمل گۆش دا وەناقۆس
دەستم دامانت مدارا مەکەر
عەرزەی زەلیلم پەی شا عومەر بەر
واچە عەبدەکەی حەڵقە جە گۆشت
پەی چێش کەردەنی تۆ فەرامۆشت
مەرهەکەس پایەی قەدرش والا بۆ
نە سەیر و سولووک ڕوتبەش ئەعلا بۆ
مەبۆ خاکیان قەدیمی دەرگا
ناوەرۆ وە یاد شام و سەحەرگا
بزانۆ بیمار یا مەحزوونەنان
یاخۆ وە چنگاڵ کێ زەبوونەنان
شەو جاگەم زیندان ڕۆژ بێ سایەنان
بێ کەس حاڵ پەشێو بێ سەرمایەنان





جای هانام هەر تۆی پەی کێ بەم هاوار
گەردم شی وەباد شا عومەر هاوار
پەی چێش خامۆشی پەرێ تۆ عارەن
خوا جەجای هانای خزمەتگوزارەن
عومەر تۆ تریاق فارووقیت جە کۆن
(ئینجە) چەم وەڕای زەرب سەیف تۆن

واتە: ئەی بای شەماڵ! تۆ لە بەرەبەیاندا ڕادەپەڕی و هەر لەمێژەوە پەیامبەر بوویت و پەیغامی قەیست گەیاندە لەیلا و بوویتە ڕازداری شیرین و پەروێز و بۆنی کراسەکەی یوسفت بردە کەنعان و چاوی یەعقووبی پیرت ڕوون کردەوە و بۆنی خۆشی زوڵفی فەلەزادەی چینت دا بەلووتی سەنعانی پیردا، بەو چەشنە شێت و لێوە بوو، وە ڕووی کردە دەشت و بیاوان و گیرۆدەی دەستی باری دەرد و وەرهەم بوو، وازی لە کەعبە هێنا و خۆی لە یاری ڕاستەقینە لادا و زوناری خستە مل و گوێی دایە زەنگی کلیسا، دەسا دەستم داوێنت ڕامەوەستە سکاڵای دڵم بۆ شا عومەری بیارە ببە و بڵێ کە لەبەرچی خوڵامەکەی خۆتت لە بیر چووەتەوە؟ مەگەر هەر کەسێ پلەوپایەی بەرز بێ، دەبێ وابێ و خوڵامی خۆی نەخاتە بیر و بزانێ نەخۆشە یا خەمبارە، وە یا بەچنگاڵی کێ گرفتارە، ئێستا ئەمن لە زیندانێکی تەنگ و تاریک دام و جگە لە تۆ کەس شک نابەم و دەبێ بەفریام بگەی. ئینجە چاوەڕوانی وەشاندنی شمشێری تۆیە.

هۆنراوی ئینجە بەڕاستی سوارە و لەبەرئەوەی لە کانی دڵەوە هۆنیویەتەوە دەنیشێتە دڵ و لە ڕاستەقینەدا دەبێ بڵێین کە هۆنراوەکانی زۆر شیرین و دڵڕفێنن و هۆنراویشی لە کاتی خۆی بەهۆی ڕووداوێک یا مەبەستێکەوە وتووە واتە هۆنراوی بەزۆر نەوتووە، بەڵکو دەردی دەروونی هەڵڕێژاوە و مەبەستی ئەوە بوو کە خەڵک لە ڕازی دەروونی ئاگەدار بکا. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی تری ئەم هۆنەرەیە کە لە گیانەڵادا هۆنیویەتەوە وەکو دەڵێ:

"ئینجە" وادەی کۆچ ماوای دەیرتەن
وەقت ئەلوەداع ئاخر سەیرتەن
نۆبەی پۆشای بەرگ سفیدکاریتەن
موددەی عیادەت کوورەی ناریتەن
گەردەن ئازادیی قەوم و خوێشتەن
بەدبەخت چەند پلەی سەخت نە پێشتەن

فیعل شەنیعەی وێت هامڕازتەن
مەلەکەی عەزاب هاوئاوازتەن
قەبرت نە دیدەی بەخیل تەنگتەرەن
ڕەفێقت نەکیر، مالک مونکەرەن
دۆزەخ شەرارەش پەی سۆزات بەرزەن
زەمهەریر بەردش نە هەزار تەرزەن
هاویە هەوای دیدە نیت دارۆ
مەرچارەت چێشەن سەنگ وەنەت وارۆ
مالک مونتەزر پەی تەشریف بەردەت
نەکیر شەرمسار ئەتوار و کەردەت
پول درازیش ئەلف خەمسین ساڵەن
هەوراز ونەشیب لاوە لاو پاڵەن
بەدکاریت ئەنگوشت نمای کەونەپنەن
ئەر نەجاتت بۆ وە حەسەنەینەن
مەخسووس تۆ ئومەت جەدولحوسەینی
کۆر و نابەڵەد نە کەین و بەینی
چەند هەزار چون تۆ وە ئەو مەبەخشان
ڕێزەی کۆی کەرەم عەبدش نەلەخشان
ئاهوو زامنیش چون وەجا ئاوەرد
نە تێغ سەیاد مدارا نەکەرد
هەر من تەنیا ماڵ وا مەندەی دڵتەنگ
بێ کەس، بار سەنگین پای پارەبەر لەنگ
یا خەلیل ئامان کێ عادەت کەردەن
تۆشە وە دەرگای کەریمان بەردەن

واتە: ئەی ئینجە! ئەوا کاتی ماڵئاوایی کردنتە لەم جیهانە و نۆرەی لەبەرکردنی جلوبەرگی سپییە و دەبێ لە خزم و کەسوکارەکەت داوای لێبووردن بکەی، ئەی بەدبەخت چەند ڕێی سەختت لەبەرە و کردەوەی خراپ هاوڕازتە و فریشتەی سزا هاودەنگتە و گۆڕەکەت لە چاوی کنووس تەنگترە و هاوەڵت (نەکیر و مونکەر)ە و ئەم دوو فریشتە دێنە



ناو گۆڕەکەت و هەواڵی ئەو کردەوانەت لێ دەپرسن کە لە دنیادا ئەنجامت داون. دۆزەخ بڵێسەی ئاگری بۆت بەرز دەبێتەوە و ساردیی زەمهەریر کە شوێنێکە لە دۆزەخ لە هەزار چەشنە، ئیتر چارەت چییە بەردت لێ ببارێ، ئەوەندە هەوراز و نشێو دەبێ ببڕی کە کۆتاییی پێ نایە، خراپەت ئەوەندە زۆرە مەگەر هەر هافی حەسەن و حوسەین درووديان لێ بێ، ڕزگارت کەن، بەتایبەت تۆ ئۆمەتی باپیری ئەوانی... وە چەند هەزار وەکو تۆ بەئەوان دەبەخشن، هەروەها ئاسکەکە پەنای بردە بەر ئیمام ڕەزا و ڕزگاری بوو، هەر من تەنیا و بێ کەسم و بەبارێکی قورسی گوناهەوە دەڕۆم مەگەر هەر خوا خۆی بەزەییی پیامدا بێ.

هۆنراوەکانی ئینجە بەتەواوی کۆ نەکراوەتەوە و هەندێکی لە ناو بەیازەکاندا نووسراون و ماونەتەوە.

سەرچاوەکان

١– تەلای دەستەوشار – نووسراوی سەدیق بۆرەکەیی – تاران، ١٣٦١.
٢– بەیازێک کە لە ساڵی ١٢٦٥ی کۆچیدا نووسراوە.
٣– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەئینجەی گەلاڵی.

## شێخ ڕەزای تاڵەبانی

١٢٥٣ – ١٣٢٨

ئەم هۆنەرە پایە بەرزە کە یەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی ئاسمانی وێژەی کوردەوارییە، ناوی ڕەزا و کوڕی شێخ عەبدوڕەحمانی نەوەی مەلا مەحموودی زەنگەنەیە. لە بارەی مێژووی لەدایکبوون و مردنی شێخ ڕەزا بۆچوونی جیاواز هەیە. مامۆستا ئەمین زەکی بەگ کە بەسەرهاتی شێخ ڕەزای نووسیوە، باسی ساڵی لەدایکبوونی نەکردووە، بەڵام دەڵێ: شێخ ڕەزا لە ڕۆژی یەکەمی مانگی موحەرەمی ساڵی ١٣٢٨ کۆچی دوایی کردووە. مامۆستا عەلائەدین سەجادی ١٢٥٥ی بەساڵی لەدایکبوون و ١٣٢٩ی بەساڵی مردنی داناوە. دوکتۆر مارف خەزنەدار ١٢٦٢ و ئەدمۆنس ١٢٦١ و دوکتۆر کەمال فوئاد ١٢٥٣ی بەساڵی لەدایکبوونی داناوە، وە لەسەر کێلی گۆڕەکەی شێخ ڕەزا هەر تەنیا ساڵی مردنی نووسراوە کە ١٣٢٨یان کۆچییە.

لەم دواییەدا کەشکۆڵێکی کۆن کەوتە دەستمان کە لەم کەشکۆڵەدا گەلێک هۆنراوی هۆنەرانی کورد نووسراون و مێژووی ژیان و مەرگی هەندێ لە هۆنەرانیشی تێدا تۆمار کراوە. لەم کەشکۆڵەدا نووسراوە کە شێخ ڕەزا لە ساڵی ١٢٥٣ی کۆچی لە دایک بووە و لە ساڵی ١٣٢٨ لە جیهان ماڵئاوایی خواستووە.

شێخ ڕەزا بەپێی ئەو بەڵگانەی کە باسمان لێوە کردن، لەساڵی ١٢٥٣ی کۆچی لە دێی قرخی چەمچەماڵ کە کەوتووەتە نێوان کەرکووک و سلێمانییەوە لە دایک بووە و سەرەتا لەلای باوکی دەستی کردووەتە خوێندن و فێری زمانی فارسی بووە و پاشان چووەتە کەرکووک و ماوەیەک لەوێ ماوەتەوە و لەلای حاجی سەعید حیلمی زادە ڕێزمانی عەرەبیی خوێندووە و لەوێوە چووەتە کۆیە و سلێمانی و خەریکی خوێندنی فەقهی ئیسلامی بووە و لە پاشا ڕۆیشتووەتە ئەستەمووڵ و بەشی دواییی ژیانی لە شاری بەغدا بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی لە تەمەنی حەفتا و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لەسەر ئەسپاردەی خۆی لە گۆڕستانی شێخ عەبدولقادری گەیلانیدا نێژراوە.

شێخ ڕەزا وا دیارە زۆر و ستەمی ڕۆژگار کاری کردووەتە سەری و بەم هۆیەوە ڕووی کردووەتە هۆنراو و خەریکی هۆنراو هۆنینەوە بووە، وە سروشتە جوانەکەی کوردستانیش یارمەتیی داوە و لەم ڕێگاوە پێشی خستووە... شێخ ڕەزا شارەزایی لە هەر چوار زمان، کوردی و فارسی، عەرەبی و تورکیدا هەبووە و بەهەر چوار زمانەکە هۆنراوی هۆنیوەتەوە و هۆنراوەکانیشی بەهەر چوار زمانەکە زۆر ڕەوان و تەڕ و پاراون وە توانایی ئەو لە وێژەدا پیشان دەدات. شێخ پتر لە هۆنراوی داشۆریندا مامۆستا بووە و لەم چەشنە هۆنراوەیەدا ناوبانگی دەرکردووە و بەشاسواری ئەم جۆرە هۆنراوەیە دەژمێررێت.

شێخ ڕەزا لە پارچە هەڵبەستێکیدا باسی خۆشەویستەکەی دەکا کە چۆن دڵی ڕفاندووە و خەم و پەژارەی لە دڵیدا چاندووە. باسی دڵدارەکەی دەکا کە ئەبرۆ کەوان و زوڵف پەرێشانە، بەم جۆرە یارە خۆشەویستەکەی دڵی شێخی بەئاگری ئەوین گەشاندووەتەوە، بۆیە دەردە دڵی خۆی هەڵدەڕێژێ و بەسۆزێکەوە ڕوو دەکاتە یارە نازدارەکەی و پێی دەڵێ:

دەمکوژێ حوکمە دەزانم بەخودا دەردی حەبیب
وەرە سا بەشقی خوا دەس لە یەقەم بەردە تەبیب
وەرە دەستێ بخەمە گەردنی بلوورینت
تاوەکو سفرە لە داخا بدڕی ورگی ڕەقیب
تالعم نەحسە دەترسم کە بەئازاری فیراق
بمرم و ڕۆژێ نەبێ دەوڵەتی وەسڵم بەنەسیب
چاوی فەتانی تۆ کاری سیحر و جادووگەرییە
کە بەیەک عیشوە ئەدا عابدی سەد ساڵە فەریب
تا لە تۆ دوورە دڵی غەمزەدە، ئەی ڕاحەتی جان
مەشرق و مەغربە مابەینی لەگەڵ سەبر و شەکیب



بێ فراز نابێ نەشیب ئەم قسە تەحقیقە وەلێ
من لە ڕێی عەشقی تۆ نەمدی بەخودا غەیری نەشیب
غەیری زوڵفە لە سەر و سەفحەی ڕوومەت سابتە یا
تینەت و تیبە کە مەمزووجە لەگەڵ زینەت و زیب
شێخ دەگۆڕێتەوە گەر چاوی بەزوڵفت بکەوێ
خەرقە و سبح بەزنار و چەلیپاو سەلیب
تاقەتی تاق بووە بێ چارە لەژێر باری فراق
بکە ڕەحمێ بەڕەزا چاکە تەرەحوم بەغەریب

شێخ ڕەزا کە کەوتووەتە داوی دڵبەر، دڵبەر بەزەییی پێدا نایە و لەگەڵیدا نادوێ و شێخیش لە ژیان بێزار دەبێ و بەو دەردەوە دەپلیکێتەوە وە خەڵک سەری لێ دەدەن و ئەویش دەڵێ: دەردی من دەردی دووریی یارە و مەگەر هەر ئەو چارم بکا و، ئامادەم کە گیان و دڵ و دینم هەر سێ بکەمە قوربانی، تاکو بەکامی دڵی خۆم بگەم و کەسێک کە گراو و سەوداسەر بێ، جگە لەوە چی بۆ دەکرێ. با لە زمانی خۆیەوە ببیسین کە دەڵێ:

ڕۆژێ نەبوو ئەم دڵبەرە بێ ڕەحمە وەفا کا
جارێ نەبوو ئەم کافرە شەرمێ لە خودا کا
حەیرانن تەتبا لە علاجی مەرەزی من
لوقمانی وبساڵت مەگەر ئەم دەردە دەواکا
کارێ کە غەم و دەردی فراقت بەمنی کرد
سەرما بەهەتیو، با بەدەواری شڕی ناکا
دێوانەیە شەخسێ کە بەغەیری لەبی لەعلی
وەک شاهی سکەندەر تەڵەبی ئاوی بەقاکا
تاب و تەبی ئاتەشکەدەیی هیجری وەکو شەمع
نەزدیکە منیش، واردی سەیرایی فەناکا
لەم ڕێگەیە تەقدیری ئەزەڵ وابوو کە ئێمە
پامالی جەفا بین و ڕەقیب سەیر و سەفاکا
ڕۆح و دڵ و دین هەرسێ دەکەم بەزل و نیساری
کامی دڵی من گەر لە لەبی لەعلی ڕەواکا
سەردانی لە ڕێی عەشق ڕەزا لازمە عاشق
بۆ یار سەر و ماڵی سوپەری تیری قەزاکا

شێخ ڕەزا زۆر حەزی لە هۆنراوەکانی کوردی کردووە و هەموو دەم کاتی خۆی بەخوێندنەوەی هۆنراوەکانی ئەم هۆنەرە پایەبەرزە بردووەتە سەر و کەڵکی لێ وەرگرتووە و لەگەڵ ئەوەی ئەو پتر لە هۆنراوی داشۆریندا دەستی هەبووە کەچی لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداریشدا زۆر بەدەسەڵات بووە و هۆنراوی لەم بارەوە گەلێ سوارە. ئەم پێنج خشتەکییەی کە لەسەر پارچە هەڵبەستێکی مستەفا بەگی کوردی هۆنیویەتەوە، گەوایەکە بۆ ئەم قسەمان و هەر بەمەدا دەردەکەوێ کە شێخ ڕەزا لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداریدا کەمتر لە کوردی نەبووە:

دڵی بردم بەناز و عیشوە دیسان شۆخی عەیارێ
فریبی دام بەسیحری چاوی خۆی مەحبووبی سەحارێ
لە هیجرانا تەقم کرد ئەی ڕەفیقان کوا مەدەدکارێ
ئەمان مردم عیلاجێ سا لە ڕێی پێغەمبەرا چارێ
ویسالّ یا قەتلّ یا تەسکین لە هەرسێ بۆم بکەن کارێ
بەدەوری نێرگسی مەستی کەسێ نەیماوە مەیلی مەی
لە بۆ شەهدی لەبی لەعلی، دەناڵێنێ دڵم وەک نەی
لە تابی ئاتەشی عەشقی بکەم داد و فغان تاکەی
وەها سووتاوم ئەسڵا تابی فەردیام نەما سادەی
ڕەفێقان نیوە سووتەن ئێوە نا مەرد عەرزە هاوارێ
لە ڕێگەی عەشقدا نایانە پێم زنجیری مەجنوونی
لە دەستم چوو، ڕمووز و دانش و فەهمی فلاتوونی
وەکو شەخسێ کە زاری کا لە جەوری دوژمنی خوونی
لە کونجی سینە دەنگی ئای و ئۆی دڵ دێ بەمەحزوونی
وێران بێ نەمدی ساتێ لێی نەیێ ناڵەی برینداری
کە چاوی ساحری دەستی بەغەمزە و ناز و ئەیما کرد
مەتاعی عەقڵ و هۆش و دەرکمی تاراج و یەغما کرد
کەسێ نەیگوت درێغا کێ ئەتۆی وا شێت و شەیدا کرد
بەلای هەرکەس دەچم مەنعم دەکا خۆت بۆچی ڕیسوا کرد
درێغ کوا حاڵ زانێ ڕەبی تووشم بێنی بیماری
گوتم وەک سورمەیە بۆ چاوی عاشق خاکەکەی ژێر پێت
لە ئۆلکەی حوسندا گەر لافی شاهی لێ بدەی لێت دێت



گوتی مەیخانە بێ دایم بەیادی چاوی مەستم جێت
سەبا یارانی مەجلیس گەر هەواڵی من دەپرسن لێت
بڵێ کێشاویەتە مەیخانە چاوی بێچووە عەیارێ
سەری بەختم یار، نەچەرخم یاوەر و نەتاڵعم ڕەهبەر
ئەوەند بێ ڕەحم و ساحب کینەیە دەرحەق بەمن دڵبەر
لە نەزعا پێی دەڵێم قوربان جەفا بەس بێ دەڵێ کافر
ئەرێ چیت دیگە تۆ سەگ مەرگ کارم ماگە پێت جارێ
نەماوە ڕەونەقی بازاڕێ عەقڵ و دانش و وردی
بەپووڵێ نایکڕن لەم عەسرەدا عیلمی ئەبی وەردی
لە ئەشعاری ڕەزا پەیدایە ئاساری جەوانمەردی
دوڕ و یاقووت دەبارێ لەم کەلامی شیرنی (کوردی)
خوا ساکوا لە دونیادا قەدرزانێ خەریدارێ

ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی شێخ ڕەزا پتر سکاڵاکردن و گلە و گازندە لە پەژارە و دەرد و ڕەنجی دڵداری و بێ ئەمەگیی یار و گلە لە تەنگ و چەڵەمەکانی ڕۆژگار و گلە لە کردەوەی ناباوی هەندێ لە خەڵکە کە بەچەشنێکی جوان و مامۆستایانە هۆنیونیەتەوە.

شێخ ڕەزا کە بەرەبەرە تەمەنی دەڕواتە سەر و دەبێتە پیاوێکی جیهان دیدە، بیری دەگۆڕێ و ئیتر بەبالای دڵبەر و خۆشەویستەکەیدا هەڵناڵێ و دەڵێ هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداری چ کەڵک و سوودێکی بۆ مرۆ هەیە؟ بەهرەی ئەم چەشنە کارانە چییە، شانازیی مرۆ ئەوەیە کە بیری خۆی بخاتە کار و پەردەی ڕواڵەت بشکێنێ و بەدڵ و دەروونی مەبەست بگا تا هۆی بەدیهێنانی بەدەرکەوێ:

ئەم سادە ڕوخانە لە مەلاحەت کە نەمامن
دەورەت دەدەن و تەفرە مەخۆ، قەت مەڵێ ڕامن
گەه دۆستی وەفادارن و گەه دوژمنی خوونخوار
دڵنەرمی دەکەن گاه و گەهێ سەخت کەلامن
عاجز مەبە نەک بۆ تۆ، وەفایان نییە بۆ کەس
مەعلوومە کە ئەم تاقمە وەک تاسی حەمامن

شێخ ڕەزا ستایشی میران و پاشایان و بەهەڵەیەکی گەورە دەزانێ، چونکە بۆی دەرکەوتبوو کە ئەمانە جگە لە زۆر و ستەم و چەوساندنەوەی خەڵک کارێکی تریان نییە. هۆنراوی ئەو پیا هەڵگوتن و دڵداری و گاڵتەوگەپ نییە، وە لەگەڵ هۆنراوی هۆنەرانی تردا

تۆفیری هەیە. لە هۆنراوەکانیدا نە باسی ژن هەیە و نە باسی مەی و شەراب و ڕابواردن، وە نە باسی پادشای ستەمگەر و ملهوڕ، وە نە جیهان پەرستی، ئەگەر بەئەوڕەحمان پاشای بەبەدا هەڵدەڵێ و ستایشی دەکا، ئەو پیاهەڵگوتنە لە کانی دڵییەوە دەردەچێ و دەزانێ کە ئەوڕەحمان پاشای بەبە و میرەکانی تری بابان خەڵکیان خۆش ویستووە و بەختەوەریی خەڵکیان بەبەختەوەری خۆیان زانیوە و خەریکی داد و دادگەری و چاکەکردن بوون بۆیە لە کانی دڵەوە پیایاندا هەڵدەڵێ و دەڵێ:

سائل بەغنا نائل ئەکا بەخششی کەمتان
ئالی بەبە یاخوا نەڕزێ دەستی کەرەمتان
هەر چەند بەمەسەل خەنجەری ئەڵماسە زبانم
نابڕێ سەری مووێی لە ئەدای شوکری نێعەمتان
گیرفانی گەدای کردووەتە کانی جەواهیر
ئیکسیری نیساری زەڕ و شاباشی درەمتان
ئێوەن بەحەقیقەت مەلیکی میللەتی کوردان
شایانە زیارەت بکرێ خاکی قەدەمتان
ئینکاری حقووقیان لەسەر ئەم میللەتە ناکرێ
ئابای فەرەیدوون فەڕ و جەمشیدی حەشەمتان

شێخ ڕەزا لەگەڵ ئەوەی هەموو دەم خەڵکی بەهۆنراوەکانی خۆی داشۆریوە، بەڵام پیاوانی چاک و خواناسیشی گەلێ خۆش ویستووە و قسەیانی لێ بیستووە، لە پارچە هەڵبەستێکیدا ستایشی کاک ئەحمەدی شێخ دەکا و پیایا هەڵدەڵێ. کاک ئەحمەدی شێخ ١٢٠٨ – ١٣٠٥ کە یەکێ لە زانا هەرە بەرزەکانی کوردە لە شاری سلێمانیدا کۆچی دوایی کردووە و گەلێک نووسراوی ئاینی بەزمانی فارسی بەجێ هێشتووە و شێخ ڕەزاش گیرۆدەی قسە و وتارە بەنرخەکانی ئەو بووە بۆیە بەم چەشنە پەسن و ستایشی دەکا و دەڵێ:

مەربووتە حەیاتم بەسولەیمانی و خاکی
خۆزگەم بەسەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی
ئەو قودوەی ساداتە کە سوکانی سەماواتە
شەڕیانە لەسەر سوجدە لەبەر مەرقەدی پاکی
ئەو مەرقەدی والآیە وەک عەرشی موعەللا
مەحفووفە بەزواری مەلەک دەوری شەباکی



بۆ دەست و عەسا نازکەکەی داغە دەروونم
قوربانی عەسای دەستی دەبم سۆڵ و سیواکی
دنیا لە دوای حەزرەتی شێخ زیر و زەبەر بێ
وەک تاجی کەی و جامی جەم و بەختی زوحاکی
دەرحەق بەحەفیدانی ئەدەب لازمە زینهار
قوربانی حەفیدانی دەبم بابی و داکی
بەم حاڵە پەرێشانەوە باز ئەشهەد و بیلا
شیعرت تەرە بەنگێزە ڕەزا شاعیری چاکی

شێخ ڕەزا هەروەها وتمان لە هۆنراوی داشۆریندا بێ هاوتا بووە و کەس نەیتوانیوە پێی بگا، وە ئەگەر ڕقی لە یەکێ هەڵبسایە، تا دەیتوانی داخی دڵی خۆی بەهۆنراو هەڵدەڕشت و بۆی دەنارد جارێکیان یەکێ لە میرەکان ئێسترێکی بۆ دەنێرێ، لەبەرئەوەی ئێسترەکە لەڕ و لاواز و بێ گیان دەبێ، شێخ ئێسترەکەی لەگەڵ ئەم پارچە هەڵبەستەدا بۆ دەنێرێتەوە:

میر بەسەد منەت هەناردی ئێسترێکی ڕووت و قووت
دەست و پا سست و سەقەت ئەندامی هەروەک عەنکەبووت
خاوەنی ئالیکی ناڵێم پێی نەداوە موتڵەقا
داویەتی ئەما وەکو بیستوومە قووتی لایەمووت
پووش لەلای حەڵوایە، حەتا کووپەڵۆشەی چنگ کەوێ
بای ئەدا، لوولی ئەدا، قووتی ئەدا، مانەندی حووت
گەرچی ناتوانێ ببزوێ هێند لەڕ و کەم قووەتە
دەنکە جۆیەکی نیشان دەی تا قیامەت دێ لە دووت
پشتی ڕێش و، شانی زامدار و جەدەو بوو نا عیلاج
چەند قرووشێکم هەبوو بۆم دا بەنەوت و عەنزەرووت
مەسڵەحەت وایە هەتا نەیخواردووم بینێرمەوە
زۆر ئەترسم دەفعەیێ قووتم بدا بمکا بەقووت
سەی فەتاحی مەیتەرم ڕۆژێ بەحەجەت لێی نەوی
کلکی دەرهێنا لەبن، ئەمجا بەئاستەم گوێی بزووت
گەر قەڵەو بێ ئەم ئەجنە نێرە لێرە تەسخیر ناکرێ
غەیری چەند دەروێشی ڕەفاعی بەزەبری جەلجەلووت

ئەم مەتاعە چاکە هەر لایق بەحاجی ئەحمەدە
جووتی پێکا هەروەکو جووت هەردوو لنگت کرد بەجووت
لایقی شانی من و شایانی شەئنی تۆ نەبوو
چاوەکەم چیت پێ بڵێم چارم نییە غەیری سکووت

ئەو گۆشە و پلارانە کە شێخ ڕەزا لە هۆنراوەکانیدا بەکاری بردوون، تا زەمانی خۆی وێنەیان نەبووە و، جگە لە ئەو، کەس نەیتوانیوە بەو چەشنە شیرینی و تاڵیی قسە ئاوێتە بکا و بیهۆنێتەوە. جارێکیان داوا لە خەڵکی ئاواییەکە دەکا، هەر کام بەرخە نێرێکی بۆ بنێرن و دەڵێ: هەر کەسێک کە خاوەنی مەڕوماڵاتە ئەگەر بەرخە نێرێکم بۆ نەنێرێ، دەچمە گژیا و ترۆی دەکەم، دەسا بەقسەم بکەن و هەر کام بەرخە نێرێکم بۆ بنێرن و با شتێ نەقەومێت و نەڵێن ئەم شەڕوشۆڕە هەمووی لەسەر بەرخێ شەل و کاوڕێ لەڕ و بزنێ گەڕە:

قەومەکان بەو زاتە وا حوکمی لەسەر بەحر و بەڕە
بەرخە نێرێ گەر نەنێرێ هەر کەسێ خاوەن مەڕە
دێم بەگژیا ئەیدڕم گەر فیلمەسەل شێری نەڕە
با نەقەومێت و نەزانن ئەم هەموو شۆڕ و شەڕە
گشت لەسەر بەرخێ شەل و کاوڕێ لەڕ و بزنێ گەڕە

شێخ ڕەزا لەگەڵ ئەوەی بەچوار زمان واتە بەکوردی و فارسی و عەرەبی و تورکی هۆنراوی هۆنیوەتەوە، شانازیی بەزمان و زانست و زانیاری کە هێنراوەتە مەیدانەوە، هۆنراوی کوردی لەو کاڵایە خاوێنتر و پاکترە، وە ئەگەر بێتو تاقە پیتێکی بفرۆشی بەگەوهەرێک دیارە دەخەڵەتێت، وە ئەم هۆنراوانەی منیش کە دەیهۆنمەوە، نموونەیەکە لەو هۆنراوە بەنرخانە، وە ئەم جلوبەرگی ژیانە لەبەرئەوە پەیوەندیی بەخۆتەوە نییە دیارە ناتوانی زۆری لەبەر بکەیت، جا دەبێ خێرا بیدەیتەوە خاوەنەکەی، کەوا بوو هۆشت بێ ئەو کاڵایە پیس و ئاڵوودە نەکەی بۆ ئەو مێزەرە کە لە سەری دەنێت:

زوبدەی مەتاعی حیکمەتە ئەم شیعری کوردییە
هەرزانە بێ موبالەغە حەرفی بەگەوهەرێ
جامەی حەیاتی عاریەت کورتە زینهار
ئاڵوودە دامەنی مەکە بۆ پێچی مێزەرێ

شێخ ڕەزا یەکێ لەو هونەرانەیە کە لە هۆنراوەکانیدا شێوەی کۆنی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و سەری کێشاوەتە دەرگای هەموو جۆرە هۆنراوێکەوە: دڵداری، داشۆرین، پیاهەڵگوتن، سروشت. لە پارچە هەڵبەستێکیدا بەدڵبەرانی شاری کۆیەدا هەڵدەڵێ و بەچەشنێکی جوان



و بێ وێنە سروشتی شاری کۆ دەخاتە بەرچاو کە چۆن دڵبەران و نازدارەکانی بەناز و لەنجە دڵی مرۆ دەبەن و بیروهۆشی لێ دەستێنن و خۆیان دەنوێنن. با لە زمانی خۆیەوە ببیستین کە دەڵێ:

شاری کۆیە کە لەبالەب لە بوتی نۆش لەبە
گەر فەلەک لێی بگەڕێ مەنبەعی عەیش و تەرەبە
دڵبەرانی بەمەسەل هەروەکو ئەشعاری منن
کامی لێ ئەگری ئەبێژێ ئەمەیان مونتەخەبە
غارەتی عەقڵی منی کردووە زیبا سەنەمێ
عاریزی ڕەشکی قەمەر قامەتی نەخڵی ڕوتەبە
نەوزەر ئاسا، فەرەیدوون سفەت، سەلم ڕەوش
شیدە مانەند، سیاوەش وەش و خەسرەو لەقەبە
عاریز و غەبغەب و ڕوخسار و زەنەخدان و لەبی
نازک و تورفە و زیبا و بەدیع و عەجەبە
دڵبەر و زەرکەمەر و جیلوە گەر و عیشوە فرۆش
سەروی سیمین بەدەن و شاهد و شیرین لەقەبە
زاڵم و دڵشکەن و دۆست کوژ و خەسم نەواز
عیسەوی دین و موغ ئاین و فەرەنگی مەزەبە
سێوی داناوە لە ژێر لێو کە ئەمەم گوێ زەقەنە
زێوی خڕ کردووە وەک گۆ کە ئەمیشم غەبغەبە
خواستی لێی ماچێ ڕەزا کافرە نەیدا و وتی:
ئەی خودا لەم کوڕە شێخ زادەیە چەند بێ ئەدەبە

دیوانەکەی شێخ ڕەزا تا ئێستا چەند جار چاپ کراوە، بەڵام هەڵەی زۆری تێدایە و هۆنراوەکانیشی بەتەواوی کۆ نەکراونەتەوە.

سەرچاوەکان

١- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی – بەغدا، ١٩٤٦.
٢- دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی – لەسەر ئەرکی شێخ عەلی تاڵەبانی – بەغدا، ١٩٤٦.
٣- مشاهیر الکرد وکردستان – تألیف محمدامین زکی – بغداد، ١٩٤٥.
٤- ئەنجومەنی ئەدەبیان – دانەر ئەمین فەیزی بەگ – بەغدا، ١٩٨٣.

## شێخ عومەری بیارە

۱۲۵۵ – ۱۳۱۸

ئەم هۆنەرەمان ناوی عومەر و کوڕی شێخ وەسمانی سراجەدین و نازناوی هۆنراوی فەوزییە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەستماندایە لە ساڵی ۱۲۵۵ی کۆچی لە بیارە لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا لەلای مەلا مەحموودی دشەیی فەقهی شافعی و ڕاڤەی قورئانی پیرۆزی خوێندووە و ماوەیەکیش لەلای مەلا حامدی کاتب بووە و پاشان چووە بۆ کەرکووک لە مزگەوتی بلاخ لەلای سەی حەمەی بلاخ، خەریکی خوێندن بووە و ئەوسا گەڕاوەتە هەورامان و ماوەیەکی دوورودرێژ هەر لەلای مەلاکان خوێندوویەتی و لەلای باوکیشی خەرقەی وەرگرتووە و ئەوسا خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک بووە تا لە ساڵی ۱۳۱۸ لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە ژوورێکدا لە نزیک خانەقاکەی خۆی لە بیارەدا بەخاک سپێراوە.

شێخ عومەر یەکێ لە خواناسان و زانایانی هەرە بەرزی کوردە و گەلێ خزمەتی بەخەڵک و زانیاری کردووە و لە ماوەی تەمەنیدا گەلێ خانەقا و مزگەوتی لە شارە کوردییەکاندا دروست کردووە و هەروەها خوێندنگایەکی گەورەی لە بیارەدا دروست کردووە و کە لە هەموو شوێنێکی کوردستانەوە فەقێکان دەستە دەستە هاتوون بۆ ئەوە تا فەقهی ئیسلامی بخوێنن و بەم چەشنە گەلێ زانای ئاینی لەو خوێندنگایەدا پەروەردە بوون.

شێخ عومەر لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردی و فارسی و عەرەبی دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هەروەها پەخشانی جوانیشی نووسیوە کە پەخشانەکانی هەموو لە شێوەی نامە دان کە بۆ زانایان و پیاوە گەورەکانی سەردەمی خۆی نووسیوە.

شێخ هۆنراوی بەشێوەی گۆرانی و سۆرانی هۆنیوەتەوە کە بەڕاستی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و دڵگرن. ئەوا چەند پارچە هەڵبەستێکی ئەم زانا هەرە بەرزە کە دەڵێ:

قیبلەم وەردەنم، قیبلە وەردەنم
جەوساوە ژاراو دووریت وەردەنم
چەنی دڵ و گیان شەرتێ کەردەنم
مەیل نەدۆ وەکەس تا ڕۆی مەردەنم
دڵ یەند مەینەتان موسیبەت کێشان
تای تا مڵ ئازیز جەدەستش بڕیان



پای سەبرش هالا شکست ئاوەردەن
پەوکە شەو تارۆ ویردش ئی فەردەن
فەڵەک داخ وەدڵ جەستەمدا بەردی
ژاراو دووری ئازیز پێم وەردی

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم لەو ساوەوە کە ژاراوی دووریتم خواردووەتەوە، لەگەڵ دڵ و گیاندا مەرجێکم کردووە کە تا مردنم دڵ نەدەم بەکەس، چونکە دڵ ئەوەندە ئازاری دیوە و مەینەتی کێشاوە، کە بیرکردنەوەشی لە دەست داوە و وەقرە و ئارامی نەماوە، بۆیە شەو و ڕۆژ دەڵێ: ئەی چەرخ داخت نایە دڵم و ژاراوی دوورسی خۆشەویستەکەمت دایە دەرخواردم.

لە پارچە هەڵبەستێکی تردا دەڵێ:

قیبلەم ها بەردم قیبلەم هابەردم
داغ دووریی تۆ وە گڵکۆ بەردم
وە مەیل تۆوە ڕوو وەچۆڵ کەردم
ژار دووریی دەرد هیجران گشت وەردم
یانێ ئازیزم عەشق تۆم نە سەر
وە عەشق تۆوە هاشیم وە مەحشەر
تۆ بۆ بەو وەفا و مەیل وەرینت
بنمانە جارجار وە من جەمینت
بنمانە قامەت وەی زامەت وەردە
پەرێ ئەو قامەت داخ وەگڵ بەردە
تا جەو ڕۆ دەم دەم وەبێ مەدارا
قەد قامەت واچوون هەر سات نەوسارا
چونکە زکر تۆن مایەی حەیاتم
وەشی و شادی و شەوق مایەی نیشاتم
جە مەماتەدا با تۆم جەیاد بۆ
جەو عالەمەدا دڵ وە تۆ شاد بۆ

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! داخی دووریی تۆ دەبێ ببەمە ناو گڵکۆ، من بەئارەزووی تۆوە ڕووم کردە دەشت و چۆڵ و ژاراوی دەردی دووریی تۆم خواردەوە، چونکە ئەوینی تۆم

لەسەرە و بەئەوینی تۆوە دەچمە دەستی ڕۆژی پەسڵان، دەسا بۆ خوا جاروبار ڕوومەتی خۆتم پێ نیشان بدە تا لەو ڕۆژەدا لە دوای مردنیش با هەر تۆم لە بیر بێ، وە لەو جیهانەدا دڵ بەتۆ شادکەم.

لە پارچە هەڵبەستێکی تریدا دەڵێ:

وەشا نازاریٚ لاونا دڵان
جەوەخت خەزان، جە فەسڵ گوڵان
دڵان وەشیشان جە نازارانەن
وەش ڕەنگیی گوڵان هەر نەوارانەن
بوڵبوڵ ناڵەشان خەیلیٚ وەسۆزەن
نیگای نازاران چاک دڵدۆزەن
ئەو وەشی و ئەو ڕەنگ، ئێدناڵەی سەحەر
گردبان وەفیدای نیم نیگای دڵبەر
قنیاتم، قووتم، زیندەگیم، شادیم
وەشیم، وەش کەیفیم، جەژن و ئازادیم
ئەوسا کە ئازیز لاونۆمەوە
وە نیم نیگای ناز تاونۆمەوە
ئەو دەم ئارەزووم کاملەن یەقین
فانی بۆ جەلام جەمع ئافیلین
تەنیای تاک مانۆ پاسە ئەوسا بی
غەیری پێسەی ئەوسا عەدەم ماوا بی

واتە: خۆزگەم بەنازدارێک کە دڵ دەلاوێنێتەوە، چونکە دڵ خۆشی لە نازار دێ، جوانیی گوڵەکان بەهۆی بارینی بارانەوەیە، وە بوڵبوڵەکان بەسۆزەوە لە دەورەی گوڵەکاندا دەچریکێنن و، سەرنجی نازارەکان دڵ دەپێکێ، وە من ژیان و شادی و خۆشی و جەژن و ئازادیم ئەو ڕۆژەیە کە یار و خۆشەویستەکەم بێتە سەر تەرمەکەم و بملاوێنێتەوە، ئەوسا بەدڵنیاییەوە دەمرم.

فەوزی لە پارچە هەڵبەستێکی تردا کە بەشێوەی سۆرانی هۆنیویەتەوە، سەبارەت بەبێ ئەمەکی جیهان و ژیان دەکەوێتە لێکۆڵینەوە و دەڵێ:

لەپڕ بەردی ئەجەل بۆ شیشەیی عومرم نەکا بێ زوو
فیدات بم دەستوبردێ، ساقیا، جامی شەرابێ زوو



چییە دنیا؟ ژنێکە هەر شەوێ سکپڕ بەسەد فیتنە
سبەینێ زوو بەخوێنی جەرگی ئەهلی دڵ دەکا بێزوو
نەکو دەرچێ لە دەس فرسەت هەتا ماوم موغەنی دەی
دەفێ لێ دە بەکەف چاوم لەگەڵ ناڵەی ڕوبابێ زوو
پیاڵەی چاوی مەستی تۆ بەدەستی دڵ کە ئەینۆشم
مەزە فرمێسکی خوێنی دڵ، هەتیو بێنە کەبابێ زوو
گیای ئومێدی من وشکە لە ژێر خاکی تەمەنادا
دەناڵێ ڕەعدی دڵ هەر شەو لە بۆ شۆری سەحابێ زوو
حەیات شیر ئێنێ بۆ باغچەی ویصاڵی جانی جانانم
ڕەفێق ئامان لە بۆم لە زوڵفی یار تەنا بێ زوو
کە دیم قەوسی برۆی لەیلا وتم هاوار یەقین بوو لێم
وەکو مەجنوونی خێڵی حەی دەکەومە ناو سەرابێ زوو
لە دەرگای عەشقی تۆ کەوتم کە تێ فکریم لە عومری خۆم
مرووری دەهر و ئەیامی فەنا چوو وەک حوبابێ زوو
دڵم سەیدی گرفتارە بەداوی دەردی هیجرانت
خەڵاسم کە بەخێری خۆت ئەجەل ناگا نەکا بێ زوو
دەسا لادە شەوی زوڵفت بکەم سەیری هەتاوی ڕووت
دەمی مردنمە ئاخ قوربان بکەی ئیحیای سەوابێ زوو
لە لەعلی لێوی لەیلا لاڵە مەجنوونی پەرێشان حاڵ
مەکە مەنعی لە ڕێی حەقدا کە نادا ئەو جووابێ زوو
لەسەر باڵینی خەم کەوتووم، دەلیل سا بێ تەماشات کەم
کە هاتی ڕامەوەستە، چاوەکەم، فەرموو خیتابێ زوو
دڵم خوێنە لە هیجری تۆ، تەمەنای خاڵی لای لێوە
دەخیلت بم خەڵاسی کە لە ڕێ دایە سەرابێ زوو
لە فەرقی فەرقەدەین باڵاترە (فەروزی) هەوای عاشق
ئەگەر یارێ شکاری خۆی بکا گاهێ عیتابێ زوو

هۆنراوەکانی شێخ عومەر کۆ نەکراوەتەوە، بەڵام مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بەشێ لە هۆنراوەکانی لە پەڕاوی یادی مەرداندا نووسیوە.

سەرچاوەکان

١– بەیازێک کە لە ساڵی ١٢٦٠ی کۆچیدا نووسراوە.

٢– کەشکۆڵێک کە هەندێ لە هۆنراوەکانی شێخ عومەری تێدایە.

٣– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەشێخ عومەری بیارە.

## مەلا محەممەدی خاکی

١٢٥٥ – ١٣٢٦

ئەم هۆنەرەمان ناوی محەمەد و کوڕی ئەحمەدە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٥٥ی کۆچی لە دێی ئەحمەد برندەی شارەزوور پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و قورئان و پەڕاوی وردەڵەکانی فارسیی خوێندووە و ئەوسا بەفەقێیەتی چووتە سلێمانی و لای مەلا محەمەدی مەحوی و چەند مەلایەکی تر خەریکی خوێندنی فەقهی ئیسلامی بووە و لە پاشا چووەتە سنە و لەوێدا خوێندنەکەی تەواو کردووە و ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە و زۆربەی کاتی خۆی بەهۆنراو هۆنینەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٢٦ لە تەمەنی حەفتا و یەک ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گردی عافواندا نێژراوە.

خاکی بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کورد دێتە ژمار، وەکو دەڵێن زۆربەی قوتابییەکانی بوون بەهۆنەر و وا دیارە کاتی وانە وتنیا هەست و بیریانی بزواندووە و ئەوانیش کورتژمی هۆنراویان لێ وەرگرتووە و لەگەڵ ئەمەشدا خاکی خەتێکی زۆر خۆشی بووە و هۆنراوەکانی بەخەتە جوانەکەی نووسیوە و بەیادگار بەجێی هێشتووە.

خاکی بەدوو زمانی فارسی و کوردی هۆنراوی هۆنیوەتەوە و لە ناو هۆنراوەکانیدا چەکامەیەکی سەد و شەست و نۆ هۆنراوەیی هەیە لە باسی پێغەمبەر و هاوەڵەکانیدا کە بەچەکامەی «نوور» ناسراوە و ئەم چەکامەیە وەکو چەکامەی بوردە باسی پێغەمبەرییەتی پێغەمبەر و پەرجۆکان و ڕۆیشتنی بۆ ئاسمان دەکات لەگەڵ باسی ڕۆژی پەسڵان و تکای پێغەمبەر، بێ گومان ئەم چەکامە لە چەکامەی بوردەی بویسیری کەمتر نییە و بەرزترین چەکامەیەکە لە ستایشی پێغەمبەر و هاوڕێیەکانی کە دەڵێ:

بباڕێنێ خودا بارانی هەرچی فەیز و ئیحسانە
لەسەر ئەو باعیسی خەلق و گوزیدەی جەمعی ئەکوانە
دەمی سوبحی ئەزەڵ داکا، هەتا شامی ئەبەد بڕژێ
بەسۆزەی ئەو نەسیمی گوڵ شەمیمی لوتفەوە داکا





نەسیمی نیسبەتی حەق دانەیێکی کا بەسەد دانە
لە لالەی ڕووی خۆی و سەبزەی سەحابەی ژالە ساپڕژێ
هەزاری وەک من و تۆ بێن هوزاری ئەو گوڵستانە
بەئەبجەد (طا) نۆو و (ها) پێنج و پێنج و نۆ دەکا چواردە
بە (طه) حەق نیدای کردێ کە یەعنی بەدری تابانە
سەد و بیست و چوار ئەلفن نەبی، نەجمن هەموو مێهرا و
زەکا پەیدا، سوها گوم ما، نەما جێی ئەم بخوورمانە
ئەگەرچی ئەنبیا جوملە چرای پەروانەی ئەحبابن
هەموو پەروانەی ئەو شەمعەن، هەر شەمعی شەبستانە
ئەگەرچی هەر نەبیێی بەدری دەیجووری زەمانێ بوو
لەکن ئیشراقی ئەو شەمسە مەهە گەرماهی کەنعانە
ئەگەرچی جوملە پێش کەوتن لە پاشا کە پێشیان کەوت
لە دەوری شەمعی ڕوخساری گڕان مانەندی پەروانە
هەموو حەڵقە بەگۆشن و غاشیە بەردۆشی ئەو شاهەن
ئەگەر عیسای کوڕی مەریەم، وەگەر مووسایی عیمرانە
یەدی بەیزای لە باخەڵ نێ نەما شەو، شەم چییە کە مرۆ
زوهووری نەبیرێ جەبهەی ڕەئیسی ئەنبیایانە
کەلامیان ڕاستە هەردوو بوو لەگەڵ حەق ئەحمەد و مووسا
تەفاوەتیان وەلێ ئاخر زەمین تا عەرشی ڕەحمانە
تەماشای دەعوەت و عیززی (أَبيتُ عِندَ رَبّي) کەن
خودا خانە خودا و مستەفا خواندەی سەری خوانە
(اَرِني) و (لَن تَراني) با نەڵێت و نەشنەوێ مووسا
بەسائیل نادرێ ئاخر ئەوی دەرخواردی میوانە
توفەیلی خوانی جوودی ئەو وجوودی هەرچی مەوجوودە
دو (لَولا) لوئلوء و لالا فەشانی زەینی ئەم خوانە
دەمێ نەیبوو لە دەمدا دەم چ لێ دا دەم لە دەم ئادەم
مەشامی زی زوکامی لەم شەمی ڕەیحانە حەیرانە
(نَفَختُ فيهِ مَن روحي) لە خاتەم پرسە نەک ئادەم
موعەلیم خاتەمە و ئادەم لەلای تیفلی دەبستانە

غەرەز ئیسکاتی سائیل بوو (قُلِ الروح)ی جەواب فەرموو
وەگەرنێ خەفی بوو جان لەو ئارامی دڵ و جانە
حەدییی (لي مَعَ اللّهِ) چ سیرڕێ بوو لە بەینا چوو
لە کەینوبەینی ئەو دوانە چ زانن ئەم نەبییانە
کولاّ خەمر و قولّی هەڵدا، خورۆشا جۆشی دا چەند ساڵ
محەمەد ساغتر بادەی سەری نەو خومی گەردانە
لە ڕۆژێکۆ لە ڕۆژی ڕووی گوهەر دەرجی دەمی دورجە
مەخاریج مەتلەعی ڕۆژن هەموو یەک یەک جوداگانە

واتە: پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دروودی خوای لەسەر بێ، هەڵبژاردەی هەموو بوونەوەرە و خوای مەزن، ئەوی لەناو هەمووی خەڵکدا هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی لە دوای هەمووی پێغەمبەرەکاندا ڕەوانەی کا و پەرتووکێکی زانستی وای بۆ بنێرێ وەکو قورئان بۆ ئەوەی پەرجۆی دەرکەوێ. بارانی بەزەیی خوایی بەبۆنی خۆش و میهرەبانییەوە بباری و هەر دانەیەکی ئەو بارانە ببێتە سەد دانە و ئەوسا ئەو بارانە بباری بەسەر گوڵاڵە سوورەی ڕوومەتی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام و سەوزەی هاوەڵانیدا. پێغەمبەرەکان لە ئادەمەوە تا پێغەمبەری گەورەی ئیسلام کە سەد و بیست و چوار هەزارن هەموویان خوا بۆ ڕێنموونیی خەڵک ناردوونی، وە ئەو پێغەمبەرانە وەکو چرا بوون و خەڵکیش وەکو پەپوولە بەدەوریاندا سووڕانەتەوە و، وە کاتێ خۆری ناوچەوانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دەرکەوت، هەموو پێغەمبەرەکانی تر لەگەڵ یوسفدا بوون بەمانگی یەکشەوە و لەو ڕووناکییەدا ون بوون. هەمووی پێغەمبەرەکان چرای زانست و زانیارییان هەڵکرد و لە پاشا کە پێغەمبەری ئیسلام هات لە زانستدا کەوتە پێش ئەوانەوە. با مووساش یەدی بەیزای خۆی بشارێتەوە چونکە شەو نەما تا پێویست بن بەشەمێکی وەک دەستی سپی ئەو ئەمڕۆ کە خۆری ناوچەوانی هەمووی پێغەمبەرەکان هەڵاتووە، ئیتر شەم چ نرخێکی هەیە؟ پێغەمبەری گەورەی ئیسلام لە شەوی میعراجدا کە بانگ کرا بۆ لای خوا بووە مێوانی ئەو، ئەگەر بێژین کە خوای دیوە دروستە، چونکە مێوانی خوا بووە، بەڵام مووسا سواڵکەر بوو کە داوای لە خوا کرد ئەو ببینێ، خواش فەرمووی: نامبینی. خوای خۆی فەرموویە: ئەی محەمەد ئەگەر تۆ نەبوویتایە من ئەم زەوی و ئاسمانەم دانەدەهێنا. وە ئاینی پیرۆزی ئیسلام کە بۆ پێغەمبەر هاتووە باشترین ئاینە بۆ ئادەمیزاد.

خاکی لەم بارەوە بەستایشەوە درێژە دەدا و دەڵێ:

بەیانی بەینی جاهو و جا لە بەینی ئەنبیادا کەم
ڕەیاحین هەموو ئەما محەمەد ڕەوحی ڕەیحانە



شکاندی پشتی گا و ماهی بەتەمکین وەختی دانیشتن
بەلەهجە و لەنجە سەد کەبکی دەری و سەرووی بەقوربانە
لە تەنگ ئاوێنەی ئەوەڵدا بەکەس ڕووی خۆی تەواو نەنواند
دووەم بالانما ڕوونە بڕۆ ووی ئەو لەوا ڕوانە
لە لەعلی نابی نایابی وتم ئاخر دەمێ دەم دەم
حەلاوەت خۆش دەم و لێومی بەهەم چەسپانە چەسپانە
لەپی خوی ئەو کەسە پەل کرد لە عیشقی یوسف ئەردەیدی
دڵی خۆی بێ خەبەر ئەبڕی لە جیاتی دەستی مەستانە
لە داغی جێبی، گوڵ چاکی یەخەی خۆی برد هەتا دامەن
مەڵێن یاغی بوو باغی بوو، ئەوا یاخی بوو خەندانە
لە ئەفکاری دەمێ ماتە، وەیا نەشئەی لەگەڵدا بێ
لە بێ چاو و دەمی خونچە عەجەب کۆڵ چاوی حەیرانە
ئەترسم ببنە پامالّی بلّند تەبعاتی سە فکرم
پەسین پایەی مەقاماتی بلّێم کەیوانی کەیوانە
ئەمە مەعلوومە خاکی! نەعلی کەمتر بەندەی ئەو شاهە
کە دوڕی تاجی فەرقی فیرقەی ئەقتابی کەیانانە
لە دووی هەمڕەنگی بۆنێکی کەفی پێی پاکی ئەو وێڵە
گوڵی چی، بولبول ئیتر چی ئەوێ لەم سووری سەر پانە
بەیادی ڕووی شەو ئەو ڕۆژە بەڕۆژە ڕووی لە ڕووی ڕۆژە
کە دووری ئەسڵی دەرد و دا بەڵێ هەر عەکسی دەرمانە
موجەعەد گێسووی لوولی بەلەولاوی چ ژانی کرد
بەزەیلی هەر چلا دەستی دەپێچی دەستە دامانە
دلارا ڕاستین سەرووی قەدی دڵجۆی عەتارد دی
لە سەهمی سەهمی قەددی سەهمی قەدی خەم بۆ قەوسانە
جەنابی حەزرەتی باری بەتوڕەی ئەو ئەڵێ: (وَاللَّيل)
بەغوڕەی نەبیری جەبهەی خوا خۆی (والضحی) خوا نە
لە هەوڵی ڕۆژەکەی (يَومَ يَضَّر المَرء) وا ببین
ئەوی جێی گۆ و چەوگانە، ئەوێ مەیدانی مەردانە

لەلای هەر سەروەرێ سەد داد و بێداد و شەفاعەت کەی
ئەڵێ من نیمە حاشا تاقەتی ئەم داو و دێوانە
بناڵێنی وەکو بولبول، یەخەی خۆت لەت بکەی وەک گوڵ
دەمی ناپشکوێ وەک خونچە، دڵ خوێنینی ئەحزانە
(صفی الله) نییە قابیل خەلاس کا (هابیل) و (قابیل)
لە نەسڵ و یاری بێزارە چ جێی ئەغیار و بێگانە
(نجَی الله) لە تۆ فانی غەمی خۆیا وەها غەرقە
لە ساما (سام)ی لای (یافث) وەزانی (حام) (کەنعان)،
خەلەل تەرزی خەلیل گیرە، خەیاڵی خێڵی خۆی ناکا
چ حاڵی بێ خەلیلی وا تەغافول وەرزی خوللانە
خۆ داوود دی کە وا کردی زرێ لەم ئاسنی ساردە
لە تاوی خۆی تەواو دڵ سەردی ئەحواڵی سلێمانە

واتە: دەمەویست سەبارەت بەقسە و ڕاوێژی شیرینی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام بدوێم، بەڵام شیرینیی فەرمایشتەکانی دەم و لێومی بەیەکدا نووساند. پێغەمبەر لەبەر زۆر بیرکردنەوە کەمتر قسەی کردووە، ئەویش بەزەردەخەنەوە دواوە، وە وەکو خونچەی گوڵ وا بووە، وە چاوی هەر بۆ وردبوونەوە و تێگەیشتن بووە کە ئەمە خوویێکی زۆر پەسەندە بۆیە هەرچی گوڵ هەیە لە بێ چاو و دەمیی خونچە سەرسامن و، لە سەرسامیدا چاویان لە خونچە داپچڕیوە (خاکی) سۆڵی بچووکترین بەندەی شایەیە کە دوڕی تاجی سەری گەورە گەورەی کەیانییەکانە، هەرچی گوڵ و عەتری جیهان هەیە، نەک بەدووی بۆنێکی بەری پێی ئەودا عەوداڵ بن، بەڵکو بەدووی بۆنێک کە لە بۆنی بەری پێی ئەو بچێ، وێڵ و سەرگەردانن، ئیتر بۆنی گوڵ دەبێ چی بێ؟ لاولاو لە داخا ژانی کردووە، وە لەبەر ژانی دڵی خۆیەتی کە لەگەڵ دەستی بگاتە هەر چڵێک دەستی ئێوە دەپێچێ وەک دەستە و دامانی بێ وایە. ئەی ئارامیی دڵ! – ئەستێرەی عەتارد کە چاوی کەوتە سەوڵی بالآت، لە سامی قەد و – بالآت کۆم بووەوە. کاتێ کە ڕۆژی پەسڵان بێ لەو ڕۆژەدا برا لە برا و کوڕ لە دایک و لە باوک و پیاو لە کوڕان و ژنەکەی ڕەم دەکا و کەس ئاگای لە کەس نابێ، وە کەس تکای پێ ناکرێ تەنیا پێغەمبەری گەورەی ئیسلام نەبێ.

خاکی درێژە دەداتە ستایشەکەی و دەڵێ:

لە بیمی ئینتقامی قادری موختاری زونتقام
سلێمان بیمی مارێکی هەیە لەم مۆرە وردانە



(کلیُم الله) کەلامولڵا ئەخۆی سەرسام و دەهشەت ما
بەخۆی مەشغووڵە ناپرسێ لە غەیری گەرچی عیمرانە
مەسیح ئەرچی لە جێی ئەولاد حەتا باب و داکی بوو
لە مەریەم غافڵە لەو نەوعە ڕۆژە لەو مەقامانە
هەموویان نەفسی نەفسی گۆن، وەکو گۆ موزتەریب حاڵن
هەموو گەردەن خەمی غەمم و هەمی خۆن سەولە جانانە
محەمەد یەعنی سەروی جۆیباری ڕاست کرداری
بەیاری باری دێ بۆ ڕستگاری ئەم زەعیفانە
مەثەل تەمسیلی وەسفی ئەو بەزهنی دڵ عەقیمی من
حیکایەتی چاوی خەفا شەو روخی میهر درەخشانە
لە تەشریحی بورووجی وەسفی ئەودا هەر ئەمە چاکە
بکا ئیقراری نادانی هەچی داناو و نادانە
لە وەسفی پاکی ئەو ذاتە زبان لاڵە وەکو لالە
چ جێگەی (قس) و (سەحبان) و سەنا خوانی کە سوبحانە
لە وەسفی زاتێکا عیللە لە خەلقی عالەما ئەو بێ
(نگفتە باشم) هەر چیم وت، هەچیم وت دڵ پەشیمانە
سەنای (یاسین) و (طاها)ی حەق لەسەر ئەو خاتەمە خەتمە
نەهیچ کەس وەک ئەم ئەو ناسە، نەکەس وەک ئەو لە ئەم زانە
ئەمان (یا خیر خلق الله) دەخیل یا (ملجا العاصین)
لە بۆ ئیفلاحی خۆم عەرزت ئەکەم بەیتی فەلاحانە
فەلاحێ ئەم نۆ ئەفلاکی ڕەفیعە خەرمەنی ئەو بێ
دوو دەنکە مرۆر و زیزانە لەلای کەی عەیبی خەرمانە
سەگی پیس لایقی دەرگای سەحابەی پاکی تۆ
نییە، وەرنێ لە دەرگایان ئەکەوتم پاسەوانانە
بەسە حیرمان و مەحروومی حەرێمی حورمەتە جێیێ
کەرەم کە تیا کە هەڵتووتێم لەبەر قاپی و حووشی دەشت
دەسی من بێت و دامانت یەکێکم لەو وحووشانە
بەهانە، بەڵ بەهانەی پێ ئەوێ قوربان شەفاعەی تۆ
بەهانەم جورمە، دەسمایەم تەواوە لەم بەهانانە

رجای تاجی شەفاعەتیە ئەگەر هەر سەر بەسەودایێ
منی عاسی ئومێدێکم ئەگەر بێ هەر گوناهانە
سوهایی بێ بەهام، عەزمە حوزووری خەزرەتی ڕۆژیم
دیاری نادیاری حەسبی حاڵی نادیارانە
گەدا دیاری ئەبا بۆ شا وەلێکین کەم بەفکری زۆر
قوبووڵ فەرموو کەریمانە لە من دیاریی فەقیرانە
ئەبێ (خاکی) ئەتۆ خۆت چی و دیاری تۆ ئەبێ چی بێ؟
لە بۆ شاهی عەرەب هەرگیز نەڵێی ئەم شیعرە کوردانە
مەگەر شاهی ڕوسول، هادیی سوبول، سەرخێڵی جوملە و کول
بەئیحسانی بکا تەحسین بڵێ وەک شیعری حەسانە

واتە: پێغەمبەری گەورەی ئیسلام وەکو سەوڵێک وایە کە لە کەناری جۆبارێکی ڕاستیدا ڕوابێ و گەورە بووبێ، وە بەیارمەتیی خوا دێ بۆ ڕزگارکردنی گوناهکارانی ئۆمەتی. چاوی شەمشەمە کوێرە چەند تێ دەگات لە گەورەیی و ڕووناکیی خۆر بەئاسمانە، ژیریی منیش هەر ئەوەندە تێ دەگات لە گەورەییی پێغەمبەر، پلەی گەورەییی پێغەمبەر بەکەس ناژمێررێ و نازانرێ کەواتە ڕەوا نییە کەس دەمی بۆ بەرێ. بەڵکو وا چاکە بۆ دانا و نادان کە دان بنێن بەنەزانیی خۆیان لەم ڕووەوە یەکێک خوا لە قورئانا پێی بڵێ: (وَاَنَّكَ لَعلی خُلقٍ عَظیم) ئیتر چ پێویستییەکی هەیە بەستایشی ئەم و ئەوە من ئەو ئەستێرە بێ نرخەم و لەگەڵ ئەوەشدا دەمەوێ بچمە لای خۆر کە پێغەمبەری گەورەی ئیسلامە، کەوابوو هیچ نەنگێکی تێدا نییە کە من ئەم چەکامە کوردییە بکەم بەدیاری دەستم و پێشکەشی کەمە پێغەمبەری گەورەی ئیسلام.

سەرچاوەکان
١- مەلا محەمەدی خاکی، نووسینی شێخ محەمەدی خاڵ، لە بەرگی شەشەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد - بەغدا، ١٩٧٨.
٢- یاداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا محەمەدی خاکی.



## ئەمین ئاغای ئەختەر

١٢٥٩ - ١٣٠٧

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەمین و کوڕی حاجی بەکر ئاغایە و نازناوی هۆنراوی ئەختەر و لە بنەماڵەی حەوێزاییانە. بەپێی ئەو زانیارییانەی کە کەوتوونەتە دەستمان، لە ساڵی ١٢٥٩ی کۆچی لە کۆیەدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و لەلای مەلا سمایلی فەنگ ماوەیەک خوێندوویەتی و ئەوسا بۆ خوێندن لەگەڵ براکەیدا چووەتە بەغدا و لەلای مەلا تاها دیمەلانی ماوەیەک ماوەتەوە تا خوێندنەکەی تەواو کردووە و لەبەرئەوەی هەواڵی مردنی باوکی پێ گەیشتووە گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی بووەتە جێنشینی باوکی و خەریکی کاروباری ناوچەکە بووە تا لە ساڵی ١٣٠٧ لە تەمەنی چل و هەشت ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لە کۆیەدا نێژراوە.

ئەختەر وەکو زۆربەی هۆنەرانی تر سەرەتا شەیدای چاوەندازی زێد و مەڵبەندەکەی بووە و لەپاڵ ئەمیشەوە جوانیی یارەکەی ئەوەندەی تر ئاوری کورتژمەکەی خۆش کردووە. وەکو دەڵێن لە تافی جوانیدا دڵی چووە لە کیژێک بەناوی ڕابێ بەجۆرێ کە هۆی هەڵقوڵینی سەرچاوەی هۆنراوی هەر ئەو کیژە بووە و لە پاشا چەند کەسێک دەنێرێتە خوازبێنی و دایکی کچەکە وەڵامیان دەداتەوە کە بەمنداڵی شیری یەکتریان خواردووە و بۆ یەک ناشێن.

بەڵێ ئەختەر سەرەتا بەم جۆرە دەکەوێتە ناو ئەوینەوە و لە پارچە هەڵبەستێکدا لەگەڵیدا دەکەوێتە ڕاز و گلەیی و بەم جۆرە دەردی دڵی خۆی هەڵدەڕێژێ و دەڵێ:

ئەمان ساقی دڵی شەیدا لە جەوری دیدە غەمگینە
لە نەشئەی چاوەکەی مەستت پیاڵە پڕکە بۆم بێنە
فیدای چاوی سیاهت بوو کە هۆشم بوو ئەویشم چوو
بەتاراجی نیگاهت چوو، ئەگەر عەقڵ و ئەگەر دینە
لە هیجری قامەتی سەروت وەکوو قومری بەڕۆژ و شەو
لە باغی زیندەگی پیشەم هەمیشە ئاه و ناڵینە
ئەگەر مەقسوودەکەت مەرگی منە فرمان دە تا بمرم
لە تۆم ڕۆح چاو نیە ڕۆحم لەبەرچی ئەم هەموو قینە
بەداغی، عەشقی ڕوخسارت وەها لەت لەت بووە جەرگم
وەکو لالە هەموو ئەعزام بەخوێنی دیدە ڕەنگینە

گوێ لە قەوڵی ڕەقیبان چاکە نەگری تاکو ڕۆح ماوە
لە سینەم خاری هیجرانت بەدەستی وەسڵ دەربینە
گوڵم سووچم چ بوو دوو چاوەکەت بێ ڕەحم و مروەت بوون
دەخیلت بم عنایەت کە کە «ئەختەر» زار و مەسکینە

واتە: ئەی مەیگێڕ! لەبەر ستەمی یار بەجارێ کەوتووەتە ناو خەم و پەژارەوە، بەقوربانی چاوی ڕەشت بم، کەمێک هۆشم بوو، ئەویشم لە دەست دەرچوو، تەنانەت ئاوەز و دینیشم بەتاڵانی سەرنجت چوو، وە بەخۆی دیتنی بەژن و باڵای سەوڵت، وەکو قومری بەڕۆژ و شەو لە باخی ژیاندا دەناڵێنم. ئەگەر مەبەستت مەرگی منە، فەرمان بدە تا بمرم، چونکە لەبەر تۆ گیانم ناوێ و ئامادەم گیانی خۆم لە ڕێتا بەختکەم. بەداخی ئەوینی ڕوومەتت جەرگم وەها لەت لەت بووە کە وەکو گوڵاڵە تەواوی ئازای لەشم بەخوێن ڕەنگین بووە، گوێ بەقسەی ناحەزان مەدە و هەتاکو گیانم ماوە وەرە دڕکی دووریت لە دڵم دەربێنە. ئەی گوڵەکەم! گوناهم چ بوو کە چاوەکانت لە حەنای مندا بێبەزەیی بوون، دەسا بەزەییت پێما بێ، چونکە «ئەختەر» زار و نزار و بێچارەیە.

ئەختەر وەکو دەڵێن پیاوێکی بەرچاو تێر و بەخشندە و مێهرەبان و بەبەزەیی بووە، وە لەگەڵ تورکەکانی عوسمانیدا بەربەرەکانێی کردووە و لەسەر ئەم کارەساتیشە گیراوە و لە پاشا ڕزگار بووە.

ئەختەر هەموو دەم دەستگرۆیی هۆنەران و وێژەوانان و نووسەرانی دەکرد و دیواخانەکەی شوێنی کۆبوونەوەی هۆنەران و بوێژانی کوردی ئەو سەردەمە بوو، وە چەندین جار لەگەڵ حاجی قادری کۆیی و نالی و شێخ ڕەزا و کەیفیدا ڕازونیازی کردووە و ئەنجومەنی وێژەیی پێک هێناوە. ئەم هۆنەرە دیوانێکی بەرز و نایابی هەیە کە هێشتا لە چاپ نەدراوە.

سەرچاوەکان

١– بەیازێک کە لەساڵی ١٣١٢دا نووسراوە.

٢– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەئەختەر.



## حەسەن کەنۆشی جنووبی

١٢٦٠ – ١٣١٤

ئەم هۆنەرەمان ناوی حەسەن و کوڕی ئەحمەدی جاف و بەحەسەن کەنۆش ناسراوە و نازناوی هۆنراوی جنووبییە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٦٠ی کۆچی لە دێی کچان کە لە چەند کیلۆمەتریی هەڵەبجە دایە، لە دایک بووە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و لە ساڵی ١٣١٤ لە تەمەنی پەنجا و چوار ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

ڕا وایە کە حەسەن کەنۆش لە تیرەی خانچییە و ئەم تیرەش لە بنەڕەتا لە هۆزی زەنگەنەیە و هەندێکیش دەڵێن لە هۆزی دەلۆیە و بڕێکیش دەڵێن جافە، بەڵام لە پاش لێکۆڵینەوەیەکی زۆر بۆمان دەرکەوت لە عێلی جافە و لە دەوری حەمە پاشای جافدا ژیاوە و چەند هەڵبەستێکی بەحەمە پاشادا هەڵداوە و لەگەڵ میرزا مەحموودی زەنگەنەی مەحاکدا هاوچەرخ بووە و هۆنراویان بۆ یەکتر ناردووە.

زۆربەی نووسەران و زانایانی کورد لایان وایە کە حەسەن کەنۆش هۆنەرێکی نەخوێندەوار بووە. بۆ وێنە مامۆستا ئەمین فەیزی بەگ لە پەڕاوی «ئەنجومەنی ئەدیبان»دا دەڵێ: «لە وڵاتی باباندا گەلێ پیاوی تێگەیشتوو و چوست و چالاک سەریان هەڵداوە کە هیچیان نەخوێندووە و لەگەڵ ئەوەشدا زۆر هۆنراوی جوان و بەرزیان هۆنیوەتەوە کە یەکێ لەوانە حەسەن کەنۆشە».

دەگێڕنەوە و دەڵێن کە حەسەن کەنۆش لە باوکییەوە پەڵە زەوییەک و دوو گا و هەندێ پێخەف و ماڵێ قوڕینی لە دێی کچان بەکەلەپوور پێ گەیشتبوو و ژیانێکی سادەی دەبردە سەر و نان و دۆی خۆی بەخواردەمەنی و ژیانی هیچ میر و پادشایەک نەدەگۆڕاوە، وە لە ژیانی خۆی گەلێ ڕازی بوو و لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک خۆشیان دەویست و هەموو دەم دەهاتنە لای و لە دەوری کۆ دەبوونەوە و ئەویش هۆنراوی بۆیان دەهۆنینەوە و خەڵکیش هۆنراوەکانی ئەویان لەبەر دەکردن و بۆ خەڵکی تر دەیانگێڕانەوە.

ئەم وەرزێرە ساویلکە کە خەڵک خۆشیان دەویست و قسەیان لێ دەبیست، لە هۆنراوەکانیا ژیانی سادەی خۆی ستایش دەکا و لە پارچە هەڵبەستێکدا کە بەشێوەی جافی هۆنیویەتەوە و چەند هۆنراوێکی گەیشتووەتە دەستی ئێمە و دەڵێ: بنیادەم ئەگەر دوو گا بهێنێتە دەست و جووتی پێ بکا و لە دەشت و کێودا خەریکی شێف بڕین بێ و بەهۆی کارەکەیەوە ژیان باتە سەر و پێویستی بەکەس و ناکەس نەکەوێ و باری ژیانی

خۆی بەچاکی هەڵسووڕێنێ، ئەو کارە لەوە چاترە کە سەر بۆ کەسێک دانەوێنێ و کڕنۆشی بۆ بەرێ:

گەر دوو گا بۆ خوەت تو بێریتە دەس
کەلت نەکەفێ وە کەس و ناکەس
جفتی پێ بکەی لە دەشت و لە کێف
هەر بەشەکەتی پێیان بوڕی شێف
ژیانی خوەتی پێ بچەرخێنی
لەوە باشترە سەر دانەوێنی

هۆنەر سەرئەنجام وازی لە قنیات و ژیانی ساویلکەی خۆی هێنا و بووە پیاوی حەمە پاشا و خۆی خستە ژێر ڕکێفی ئەو، چونکە لەو دەمەدا ئەگەر کەسێک پیاوێکی زۆردار و بەدەسەڵات دەستی بەسەریدا نەکێشایە نەیدەتوانی لە ئەوپەڕی هێمنیدا ژیان باتە سەر و دەبوا لە ژێر چەپۆکی ئەم و ئەودا بووایە و وستەی لێوە نەهاتایە، ئەوە بوو کە هۆنەر ناچار کەوت بڕواتە لای حەمە پاشای جاف و پارچە هەڵبەستێکی بەئەودا هەڵداوە.

وەکو دەڵێن بەدەستووری حەمە پاشا هۆنراوەکانی حەسەن کەنۆش کۆکراونەتەوە و لە دەفتەرێکدا نووسراون، بەڵام لە ئاژاوەییێکدا ئەو دیوانە لەناوچووە و ئەو هۆنراوانەش کە ئێستا کەوتووەتە دەست، خەڵک دەم بەدەم دەیگێڕنەوە و هەندێکیشیان لەناو بەیاز و کەشکۆڵەکاندا نووسراون و پارێزراون.

حەسەن کەنۆش وەکو دەڵێن لە هەموو بابەتێکەوە هۆنراوی هۆنیوەتەوە، دڵداری، ئاینی، سروشتی، کۆمەڵایەتی و ستایشی. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە بەزاراوەی گۆرانی کە گەلێ جیناسی جوانی تێدا بەکار بردووە، وەکو دەڵێ:

| | |
|---|---|
| جە بەیانەوە، جە بەیانەوە | خاڵێ دیم وە بەین دوو بەیانەوە |
| حەکاکان دەور گشت بەیانەوە | کێ دیەن مەغریب وە بەیانەوە؟ |
| تا «حەسەن» وە خاک سەرمەنیانەوە | هەر هام وە حەسرەت ئەو بەیانەوە |

واتە: خاڵێکم لە نێوان مەمکەکانی یاردا دی کە وەکو ئەستێرەی بەیان دەدرەوشایەوە، ئەی زانایان و فرە زانانی دەور هەمووتان وەرن و بیر بکەنەوە و بزانن کە چ کەسێک خۆرئاوای لەگەڵ بەیاندا دیوە؟ تا «حەسەن» سەر دەنێتە ناو خاکەوە، هەموو دەم ها لە بیر و پەژارەی ئەو دوو مەمکەوە کە وەکو بەی وانە.

بەڕاستی حەسەن کەنۆش لە بابەت جیناس و وشەی جوان و ڕەنگینەوە زیرەکانە هاتووەتە مەیدانەوە و لێرەدا وشەی (بەیانەوە)ی بەچەند مانا بەکار بردووە و هەروەها



سینگی یارەکەی چواندووەتە ئاسمان و مەمکەکانی کردووەتە ئەستێرە کە لە ئاسمانی یارا دەدرەوشنەوە، وە مرۆ سەری سووڕدەمێنێ کە نەخوێندەوارێکی وا چۆن ئەو هەموو جیناس و مانایەی لە هۆنراوەکانیدا بەکار بردووە، کە کەمتر هۆنەرێک توانیویەتی ئەو کارانە بکات.

سەرچاوەکان
١- ڕشتەی مرواری، بەرگی چوارەم - عەلائەدین سەجادی، بەغدا، ١٩٢٩.
٢- ئەنجومەنی ئەدیبان - ئەمین فەیزی - بەغدا، ١٩٨٣.
٣- مێژووی ئەدەبی کوردی - عەلائەدین سەجادی - بەغدا، ١٩٥٢.
٤- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەحەسەن کەنۆش.

## مەلاساڵحی ئاهی

١٢٦٢ - ١٣٢٤

ئەم هۆنەرەمان ناوی ساڵح، کوڕی ئەحمەد و نازناوی هۆنراوی ئاهییە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٦٢ی کۆچی لە سلێمانی لە دایک بووە، هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان بۆ خوێندن زۆربەی مەڵبەندەکانی کوردستان گەڕاوە و سەرئەنجام لە کۆیە ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لەوێدا خەریکی ڕێنوێنیی خەڵک و وانە وتنەوە بووە و لە پاشا ماوەیەک چووەتە کۆیە و زۆربەی ژیانی لەو شارەدا بردووەتە سەر و دوای ئەوە گەڕاوەتە زێدەکەی خۆی و لە ساڵی ١٣٢٤ لە تەمەنی شەست و دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیواندا نێژراوە.

ئاهی بەیەکێ لە هۆنەرە پایەبەرزەکانی کورد دێتە ژمار و هۆنراوەکانی گەلێ تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن. بەداخەوە هۆنراوەکانی ئەم هۆنەرە تا ئێستا کۆ نەکراوەتەوە و وەکو دەڵێن لە دوای مردنی دیوانێکی بەرز و نایابی بووە کە وەکو گەلێ لە شوێنەوارەکانی تری وێژەیی دەست بەدەست کەوتووە و لەناوچووە ئەمەش چەند پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

نوکتەی دەمی مەخفی لە فلاتوونی خەیاڵە
سیڕێکە بەصەد فەلسەفی ئیزاحی مەحاڵە
من سەتحیی ئەم عیلمەمە، لەو وەقتەوە قوربان
نەو خێزی خەتت حاشیەیی فەنی جەماڵە

پەروانە سیفەت، دڵ بەچرای عاریزی پاکت
سەرباختە و سووختەی بێ پەڕ و باڵە
سەرمەست و بریندار، موژە و چاوی خومارە
ماتەم زەدە و شیفتەیی پەرچەم و خاڵە
(ئاهی)! کە غولام و خەدەمی حەزرەتی یاری
ناڵێ بخەرە گوێتەوە وەک حەڵقە لە ناڵە

واتە: ڕازی دەمت لە ئەفلاتوون کە پیتۆڵێکی گەورەی وێنان بووە وەکو خەیاڵ وایە و ئەو ڕازە بەهیچ جۆر بۆ ئەو لێک نادرێتەوە. من لەو کاتەوە پەیم بەم زانستە بردووە کە چاوم کەوتە جوانی و شۆخوشەنگیی تۆ و، وەکو پەپوولە بەدەوری شەمی باڵاو ڕوومەتتدا سووتاوم و، ئێستا کە سەرمەست و برینداری برژانگەکانی چاوتم و بەهۆی پەرچەم و خاڵتەوە خەریکی شین و شیوەنم ئەی ئاهی دەسا وەکو خولامێکی یار، ناڵێک وەک ئاڵقە بخەرە گوێتەوە با لەناو خەڵکدا دیاربی و هەموو کەسێک بزانێ کە تۆ غولامی حەڵقە بەگوێی یاری.

ئاهی لە پارچە هەڵبەستێکی تردا دەڵێ:

خودا هەڵناگرێ چاوم ئەمەندە شێت و شەیدا بم
لە مابەینی خەلایقدا وەها مەهتووک و ڕیسوا بم
گەلێ دەفعە دەڵێم بێم دڵ بگۆڕم خۆم لەوێ لادەم
لە دوو ڕێدا خەریک ماوم بلا وا چاکە یەکڕا بم
چ ئینسافێکە ئەی نەی قامەت و غونچە دەهان و شۆخ
وەکو بوڵبوڵ هەمیشە هەر بەهاوار و غەوغا بم
هەتا کەی سا زەقوومی میحنەت و دووریت بچێژم من
بەشێتی وێڵ و سەرگەردانی دەشت و کێو و سەحرا بم
دەبێ (ئاهی) لە جەژنی وەسڵی دڵبەردا، بەقوربان
قەدی باریک و، لێوی ئاڵ و، چاوی مەست و شەهلا بم

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! خوا هەڵناگرێ ئەوەندە شێت و شەیدات بم و لەناو خەڵکدا بەتەواوی ڕیسوا بم. گەلێ جار دەمەوێ دڵ بگۆڕم و خۆم لەو ئەوینە لادەم، بەڵام هەر دەڵێم با وا بمێنمەوە و ڕەنگە یار بەزەیی پێما بێ ولایەکم لێ بکاتەوە. ئایا ئەمە دروستە کە من وەکو بولبوڵ بۆ باڵای بەرزی و دەمی وەکو غونچەی تۆ بچریکێنم تا کەی ئەم ئازار و ڕەنجەت بچێژم و لە دووریی تۆ بناڵێنم و وەکو شێت لە دەشت و کێوا ئاوارە بم؟ ئاهی لە جەژنی پێگەیشتنی دڵبەردا دەبێتە قوربانی قەدی باریک و لێوی ئاڵ و چاوی مەستی ئەو یارە.

ئاهی وادیارە لە ژیاندا زۆر کەوتووەتە ناو خەم و پەژارەوە و ژیان بەجارێ تەنگی پێ هەڵچنیوە و ئازاری داوە، بۆیە لە پارچە هەڵبەستێکیدا لە ژیانی سکاڵا و گازندە دەکا و بەم چەشنە دەردی دڵی هەڵدەڕێژێ و دەڵێ:

بەدەست ئەم چەرخی کەج ڕەفتارەوە چ مەزڵوومم
چ ماڵوێران و ڕەنجەڕۆم، چ مەهموومم، چ مەغمووم
نییە مومکین لە دڵدا زەڕەیێ شادی، چ خاکێ کەم
مەگەر ڕۆژی ئەزەڵ غەم بوو بەڕۆژی و رزقی مەقسوومم
لە مەکتووبی زەمانە گەر چە زۆر وەقتە نەزەربازم
نەبوو حەرفێ بەغەیری میحنەت و دڵسەردی مەفهوومم
عەلاوەی دەردی دونیایی لەلایەکەوە خۆمن
گرفتاری ڕەقیبی شووم و بەدکرداری مەزمووم
هەتا دەمرم بلا مەشغووڵ ئاه و شین و زاری بم
کە دونیا وابێ، تالع وابێ، دوشمن وابێ، مەعدوومم

واتە: بەدەست ئەم چەرخەوە گرفتاربووم بەجارێ ماڵوێران و خەفەتبار و ڕەنجەڕۆ بووم، تۆزقاڵێک شادیم لە دڵدا نەماوە و نازانم چ خاکێک بەسەرداکەم، وا دیارە هەر لە ڕۆژی بەرینەوە کە ڕۆزی بەش کراوە، من خەم و خەفەت بووەتە بەشم و چارەڕەشم، جگە لە دەرد و ڕەنجی دنیا کە گیرۆدەی بووم، گرفتاری مێمڵ و مڵۆزمیشم، هەتا دەمرم با هەر لە شین و زاریدا بم، ئەگەر دنیا وابێ و بەختم وابێ و دوشمنم وابێ، دیارە بەجارێ تەفروتونا دەبم.

سەرچاوەکان

١– ئەنجومەنی ئەدیبان، دانەر ئەمین فەیزی بەگ – بەغدا، ١٩٨٣.
٢– بەیازێکی کۆن کە لە ساڵی ١٢٣٥ی کۆچیدا نووسراوە.
٣– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەئاهی.

## مەلا قادری جاف

١٢٦٧ – ١٣٢٦

ئەم هۆنەرەمان ناوی قادر کوڕی مۆمنی جافە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٦٧ی کۆچیدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە و هەر لە منداڵیدا لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و ئەوسا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گەڕاوە و سەرئەنجام لە هەڵەبجە لەلای مەلا عەبدوڕەحمانی پێنجوینی خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٢٦ لە تەمەنی پەنجا و نۆ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە پەڕاوی یادی مەرداندا دەڵێ: وەک بیستوومە مەلا قادر لە زۆر شوێن وانەی وتووە، یەکەم جار لای شێخ حسینی چرچە قەڵا بووە و پاشان هاتووەتە پریس و ماوەیەکی زۆر لەوێ بووە و ئەوجا بەفەرمانی مەحموود پاشای جاف چووەتە قزرابات تا کۆچی دوایی کردووە و لەوێدا بووە و لە بەهاری ساڵی ١٣٢٦ی کۆچی لە قزراباتدا جیهانی بەجێ هێشتووە.

مەلا قادر لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر پاراو و شیرین و ڕەوانن. مەلا قادر لە پارچە هەڵبەستێکیدا سەبارەت بەکەلوپەلی دەواری دەوار نشینانەوە دواوە و ناوی گەلێ ئامرازی بەیادگار بەجێ هێشتووە وەکو دەڵێ:

فیراقی تۆ لە (هەردە)ی دڵ و دەس و دەم
هەڵی دا (ڕەش دەواری) مەینەت و غەم
بە (گرویس)ی سیا تاری پەژارەم
بە(مێخ)ی مەحکەمی ناڵە و شەرارەم
(چڵە)ی فرمێسکی (قوڵف)ی چاوەکانم
(چاڵەم) قامەت خەمیدەی وەک کەمانم
بە (کۆماج)ی (هەسوون)ی بێ دەماخم
بە(تێلا) و (چیخ)ی (ئەسپەرپێچ)ی ئاخم
(سنگ) و (کووچیل) و (سەردرز)ی هەناسەم
بەسەیلی (دوودەم)ی خوونینی تاسەم



لە (بەر ماڵ) و لە (پش ماڵ) تاڵە حاڵم
دەناڵێنم، دەڵێم وێرانە ماڵم

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! دووریی تۆ لە (هەردەی) دڵ، (ڕەش دەوار)ی خەم و مەینەتی هەڵ دا، وە بە[گوریس)ی ڕەشی پەژارەم و بە(مێخ)ی پتەوی ناڵەی دەروونم، وە (چڵە)ی فرمێسکی (قوڵف)ی چاوەکانم، وە بە(کۆماج)ی (هەسوون) و بە(تێلا) و (چیخ) و (ئەسپەرپێچ)، وە بە(سنگ) و (کووچیل) و (سەردرزی) هەناسەم و بەلافاوی (دوودەم)ی خوێنی تاسەم و لە (بەر ماڵ) و (پێش ماڵ)ی تاڵەی حاڵم، هەر دەناڵێنم و دەڵێم: وێرانە ماڵم.

سەرچاوەکان

١– یادی مەردان، نووسراوی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس – بەغدا، ١٩٥٨.

٢– بەیازێک کە لە ساڵی ١٣٢٧دا نووسراوە

٣– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا قادری جاف.

## مەلا حەمدوونی کوێر

١٢٧٨– ١٣٣٦

ئەم هۆنەرەمان ناوی حەمدوون و کوڕی مەلا ئەحمەدی شارباژێڕییە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٧٨ی کۆچی لە شاری سلێمانیدا لە دایک بووە. هەر لە منداڵییەوە لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و پاشان بەفەقێیەتی گەلێ شوێنی کوردستان گەڕاوە و خوێندوویەتی، لە تافی جوانیدا تووشی نەخۆشیی ئاوڵە دەبێ و بەهۆی ئەو نەخۆشییەوە هەردوو چاوی کوێر دەبن و لەبەرئەوەی زۆربەی سوورەکانی قورئانی پیرۆزی لەبەر بووە، بەم چەشنە شار بەشار و دێ بەدێ گەڕاوە و سەرئەنجام گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە ساڵی ١٣٣٦ لە تەمەنی پەنجا و هەشت ساڵیدا لە هەڵەبجە کۆچی دوایی کردووە و لەژێر دارەکەی پیر محەمەددا نێژراوە.

هەندێک لایان وایە کە مەلا حەمدوون هەر بەکوێری لە دایک بووە و هیچ بەهرەیەکی لە خوێندن و سەواد نەبووە، بەڵام تا بڵێی زیرەک و وشیار بووە و تەواوی قورئانی لەبەر بووە و ئەوەش لەناو فەقێکان فێربووە و زۆربەی ژیانی بەهەژاری و سواڵکردن لە کوردستانی ئێراندا بردووەتە سەر.

مەلا حەمدوون لەگەڵ ئەوەی کەمی خوێندووە، بەڵام لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی

بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی گەلێ بەرز و تەڕ و پاراو و ناسک و ڕەوانن.

مەلا حەمدوون پارچە هەڵبەستێکی سەبارەت شەڕی یەکەمی جیهانی هۆنیوەتەوە کە بەچاوی دڵی کارەساتی ئەو شەڕەی دیوە و لەو پارچەیەدا ڕووداوی ئەو شەڕەی گێڕاوەتەوە کە بەڕاستی نموونەیەکی هەرە بەرزە لە وێژەی کوردیدا.

ئەم شەڕە کە لە ساڵانی ١٩١٤ – ١٩١٨ی زاینیدا ڕووی دا شەڕێکی زۆر قورس بوو، لەم شەڕەدا بلیۆن و نیوێک کەوتنە ناو گێرە و کێشەوە و، لە ڕاستیدا هەزار و سی سەد و چل ملیۆن لە هاوپەیمانەکان چوون بەگژی سەد و شەست ملیۆن ئەڵمانی و نەمسەوی و مەجەرستانی و تورکیدا. لەم شەڕەدا شەست ملیۆن کەس لەژێر چەکدا بوون و کە نزیکەی هەشت ملیۆن کەسیان لێ کوژرا و هەژدە ملیۆنیان لێ بریندار بوو، ئەوانەش وا مانەوە بەنەخۆشی ڕشانەوە و چاو قووڵکە و برسیەتی و پەرێشانییەوە مردن. بناغەی هەڵگیرساندنی ئەم شەڕەش ئەوە بوو کە ڕۆژێکیان فرنسیس لەگەڵ ژنەکەیدا بەدروشکە دەچوون بۆ شوێنێک و لە ڕێدا لە لایەن چەند کەس لە دوژمنەکانیانەوە تیرۆر کران و ئیتر ئەمە بووە هۆی هەڵگیرساندنی ئەو شەڕە و سەری ئەو هەموو خەڵکەی بەبادا.

مەلا حەمدوونی کوێر باسی ئەو شەڕەمان بەو جۆرە بۆ دەکا و دەڵێ:

ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێکە کە عالەم شڵەژاوە
هەر کەس بەجەخارێ جگەری قیمە کراوە
دونیا پڕی ئاشووبە خەلایق بەعموومی
ئاسایشی لێ مەنعە ئەڵێی هێرشی ئاوە
کامەی کە ئەڵێی خۆشیەتی دوورە لە میحنەت
ڕیشەی دڵی ئالاوە بەسەد دەرد و بەلاوە
گیرۆدەیە ئەم عالەمە هەر کەس بەسیاقی
کەوتوونەتە زنجیرەی ئەنواعی بەلاوە
وەک تەرزە ئەبارێ بەهەموو دەم ئەسەف و غەم
هەوری غەزەب و قەهری خوا توند و بەتاوە
نیک و بەدی ئەم زومرەی ئیسلامە بەجارێ
کەوتوونە کەشاکەش بەقۆماندەی ئومەراوە
ئەم زاڵمی سەفاکی «سەفەربەرلگە» ئەمڕۆ
فەرمانی بەخوێن ڕشتنی ئەم عالەمە داوە



ژاندرمە ئەسووڕێتەوە وەک واشەیی برسی
بۆ لاشەی میللەت بەفڕوفێڵی غەزاوە
فەوتاوە لەبەر سوغرە کەر و ئێستر و یابوو
حوشتر سەقەت و شەل بووە، گا پشتی شکاوە
کەر شەوقی زەڕینی نییە حەتا لە بەهارا
ترسی هەیە نەک بێخەنە ژێر باری قەزاوە
هەر شەش جیهەتی گرتووە ئاشووب و موسیبەت
مێشووله مەجالی نییە دەرچێ لە حەواوە
تەیارە بەئەسبابی شەڕ و فیتنەوە دایم
جەولانی ئەڵێ هەورە بەسەر مەرکەبی باوە
باڵۆنی هەڵۆ شێوە لەگەڵ دێتە تەحەرروک
عالەم نەزەریا بەمەسەل پۆڕی خوراوە
ئەم جووتە بەلازادەی باڵندەیە ئەمڕۆ
سەیارەی فەوقن بەئەلکتریکی چراوە
عالەم لە شریخە و شەرەری دمدمی بۆمبا
حەیران و سەراسیمە و عەقڵی خەرەفاوە
بەرقی غەزەبی دانە و نارنجەک و توربێد
ئاگر ئەپڕژێن لە زەمین و لە سەماوە
شەو ڕۆژە لەبەر بەرقی قلیج و ڕم و سوننی
لەمعەی قەسە تۆرەش بەمەسەل بەرقی هەتاوە
دەشت و جەبەل و بەحر و جزیرە و هەموو دونیا
شەق شەق بووە مەجمووعی بەدەم تۆپی قەزاوە
وشک و تەڕی ئەم سەتحی کورەی ئەرزە بەجارێ
گوڵگوون بووە، ڕەنگینە بەخوێنی شوهەداوە
تا حوکمی تەماشای تەسەور لە هەموو لا
هەر لاشەی جنراو و سەر و دەستی شکاوە
ڕووسی غەم و ئینگریزی خەفەت هەردوو بەجارێ
هاتوونەتە سەر مۆمنی عوشرەت بەسوپاوە

هەر لەحزەی سەد لەم چ لە مۆمن، چ لە موشرک
واسڵ بەدوو جیمن بەعەتاو و بەختەتاوە
واپۆڕ و سەفینە و بەلەم و کەشتی و ئوستۆل
ئامادەی حەربن لە هەموو لا تەنراوە
گیراوە بەهێزی چەک و تەیارە و سارووخ
مەعمووره و وێرانە هەچی ناوی براوە
لەو ڕۆژەوە دونیا هەیە تا ئەم دەمە بێ شک
مەغلووبەی بەم غایەتە نەبووە و نەکراوە
بۆ گرتن و بۆ کوشتنی ئەم عالەمە یەکسەر
ئەم عەرسەی ئافاقە ئەڵێی حەڵقەی داوە
ئەم دینە لە پێشا وەکو سەرچاوەی زەمزەم
بێ غەش بوو، ئەمێستا کە ئەڵێی عەینی قوڕاوە
بنچینەی دەرکەوتووە بنیادی شەریعەت
یەکسەر هەرەسی بردووە ئاساری نەماوە
پڕ گەردی غەمە ناوی سەعاتی دڵی عالەم
ڕەقاس و جەڕ و زنبەلەک و چەرخی شکاوە
یا ڕەبی لەبەر حورمەت و ئیکرامی محەمەد
ڕەحمێ بکە بەم باقی ئیسلامە کە ماوە
کەم زۆرە ئەگەر نەسرەتی حەق ڕاهنما بێ
بێ نەسرەتی حەق لەشکری دارا سەرە واوە
(حەمەدی) دڵی یەخسیری فەرەنگی غەمە ئەمڕۆ

دیوانەکەی ئەم هۆنەرە هێشتا لە چاپ نەدراوە و هەروا ماوەتەوە.

سەرچاوەکان

١– ڕشتەی مرواری (بەرگی سێیەم) عەلائەدین سەجادی – بەغدا، ١٩٥٨.
٢– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەمەلا حەمدوونی کوێر.



## سەی ئەحمەدی نەقیب

١٢٨٠ – ١٣٢٨



ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەحمەد و کوڕی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ مارفی کوڕی شێخ حەسەنی گڵەزەردەیە و نازناوی نەقیبە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٨٠ی کۆچی لە شاری سلێمانی هاتووەتە دنیاوە. هەر لە منداڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن و کە لە نامیلکە وردەڵەکانی فارسی بووەتەوە، سەرەتای زانستی ئیسلامیی لە حوجرەی فەقێیاندا دەست پێ کردووە و ماوەیەک لەلای مەلا حامید کە مامۆستای مزگەوتی بالیکەدەری بووە خوێندوویەتی و ئەوسا لای عیرفان ئەفەندی خەریکی خوێندنی ئەستێرەناسی و ماتماتیک بووە و ماوەیەکیش لەلای مەلا حەمەدەمینی بالیکەدەریدا لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز و فەقهی ئیسلامیی خوێندووە و سەرئەنجام لەلای شێخ مستەفای موفتی ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی.

کە لە ساڵی ١٢٩٦ گەڕاوەتەوە مەڵبەندەکەی خۆی، باوکی مردووە و ئەوسا کراوە بەسەرۆکی شارەکە و لەگەڵ ئەوەشدا خەریکی پێشنوێژی و وانە وتنەوە بووە و لە ساڵی ١٣٢١ لە ڕێی هەولێر و مووسڵەوە چووەتە ئەستەمووڵ و بیرەوەریی ئەم گەشت و گێڵەی لە دەفتەرێکدا نووسیوە و بەیادگار ماوەتەوە.

لە ساڵی ١٣٢٨دا لەگەڵ هەندێ لە هاوەڵانیدا چووە بۆ حەج و لەوێدا تووشی نەخۆشی و دەرد بووە و چەند ڕۆژ بەو دەردەوە تلاوەتەوە تا کۆچی دواییی کردووە و لە گۆڕستانی پیرۆزی بەقیع لە شاری مەدینەدا بەخاک سپێراوە.

نەقیب هەر لە تافی جوانیدا کە خەریکی خوێندن بووە هەوەسێکی زۆری کەوتووەتە سەر هۆنراو، هەر لەو کاتەوە دەستی کردووەتە هۆنراو هۆنینەوە، ئینجا خێی داوەتە دیوانی هۆنەرانی هەورامی شێوە وەکو بێسارانی و مەولەوی و سەیدی، لە بندەست ئەمەشەوە دیوانی هۆنەرانی بابانی وەکو نالی و سالم و ئاهی خوێندووەتەوە و چەشکەی هۆنراویانی لێ وەرگرتووە، وە بەم جۆرە ئەم هۆنەرەمان دەکەوێتە کۆشی هۆنراوەوە و نەقیب دەکاتە نازناوی خۆی و هەندێ جاریش هەر (سەید) بووە.

نەقیب وەکو دەڵێن لە فیقه و لێکدانەوەی قورئان و مێژووی ئیسلام زۆر شارەزا بووە و

گەلێ پەڕتووکی لەم بارەوە بەزمانی عەرەبی و فارسی نووسیون کە بەداخەوە زۆربەی ئەو پەڕتووکانەی لەناوچوون.

نەقیب سەری کێشاوەتە ناو هەموو جۆرە وتنێکەوە: دڵداری ئاینی، کۆمەڵایەتی، ڕامیاری. هۆنراوە ئاینییەکانی کە زۆربەی دیوانەکەی گرتووەتەوە، گەلێ بەرز و تەڕ و پاراو و شیرنن، لەگەڵ ئەوەشدا هۆنراوە دڵدارییەکانی زۆر بەرز و دڵڕاکێشەرن، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا بەیارەکەیدا هەڵدەڵێ و دەڵێ:

کوفری زوڵفی لادەبا، ئیمانی ڕووی ئیزهار ئەکا
چینی زوڵفی غارەتی موشکی خەتا و تاتار ئەکا
دوو هیلال و ڕۆژ و شەو جەمعن لە ڕووی دڵدار دا
هەردوو زیددیش پێکەوەن کێ فەلسەفەی ئینکار ئەکا
شکڵی دڵبەر سەد هەزار ئەشکالی تر قوربانی بێ
مونتیجی ئەسرارە عەقڵم وا لە دووی ئەو بار ئەکا
چاوی بادامی و شەکر خەندەی دەهانی یاری خۆم
سەد هەزار لەبزینە دێنێت و دەوای ئەکدار ئەکا
نەرمی ناکا، دڵڕەقیی ئەو شۆخە گریە و داد و شین
ئەو بەناحەق بۆیە عاشق جاڕسی نێو شار ئەکا
قەلبی (سەید) عەرشی حەقە گەر کەسێ تێکی بدا
عومری دینی خۆی و ڕۆحی ئەحمەدیش بێزار ئەکا

واتە: یارەکەم کاتێ زوڵفەکانی لەسەر ڕوومەتی لا دەبا و، ڕوومەتی دەردەخا، زوڵفەکانی کە چین چین ڕاوەستاون موشکی خەتا و خوتەن بەتاڵان دەبەن و هیچ بایی و بایەخێکیان بۆ ناهێڵنەوە. ڕوومەتی یارەکەم وەکو ئاسمان جوانە و برۆکانی وەکو مانگی یەکشەوەن و زوڵفەکانیشی وەکو شەو تاریکن، چاوەکانی بادامییە و پێکەنینی وەکو شەکر شیرینە و هەرچەند بگریم و شیوەن کەم، دڵی ئەو شۆخەم بۆ نەرم نابێ، دڵی سەید کۆگای ڕازی خواییە، ئەگەر کەسێک بێت و تێکی بدا و زوێری بکا، هەم خۆی لەناو دەبا و هەم گیانی ئەحمەدیش خەمناک دەکا.

نەقیب لەم پارچەدا دیاردی دەکاتە فەرموودەیەکی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام کە دەفەرمووێ: «قلب المؤمن عرش الرحمن» واتە: دڵی موسڵمان مەکۆ و جێگای خوای بەبەزەییە. ئەحمەد کە ناوی هۆنەرە لە ڕەوانبێژیدا تەوریەیە، چونکە دوو مانای لێ



دەبێتەوە، یەکەم ناوی خۆیەتی و دووەم ناوی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامە و بەهەردوو ماناکەی دەتوانین بیگرین.

نەقیب هۆنەرێکی خواناس و سۆفی بووە و زۆربەی هۆنراوەکانی لەسەر ڕێ و ڕچەی خواناسیدا هۆنیوەتەوە. نەقیب بڕە هۆنراوێکی هەیە کە لەسەر دێڕی (بەحری نوور) هۆنیونیەتەوە وا دیارە لەسەر ڕێچکەی مەحوی و خاکی ڕۆیشتووە، چونکە ئەم دوو هۆنەرەش کە هاوچەرخی خۆی بوون، هەر کام چەکامەیەکی وایان هۆنیوەتەوە، نەقیب چەکامەکەی بەم جۆرە دەست پێ دەکا و دەڵێ:

(وصلی الله علی) ذاتێ کە قورئانی سەنا خوانە
لە جوملەی موعجیزاتی ئەووەڵی ئایاتی سوبحانە
شەهەنشاهی سەریری (لی مع الله) واسیتەی ئیمکانە
ڕەسووڵی ئینس و جانە ئونسی جانە بەحری ئیحسانە
بەبەردی چۆن بکەم تەشبیە کە نووری مەه لە خۆر دەسکەوت
فەقەت (فخر الرسل) فەیزی لە نووری حەیی مەنانە
سومومی قەهری ماڵوێران کونەندەی میللەتی کوفرە
نەسیمی مێهری زینەت بەخشی گوڵزاری موسڵمانە
بەنووری ڕۆژی ڕوخساری شەوی کوفری جەهل گوم بوو
شەهی تەختی (لعمرک) مەسنەد ئارای موڵکی عیرفانە
شەوی میعراجی وەک سوبحی هیدایەت پاک و نوورانی
شەوێ بوو تا قیامەت سەد هەزاران ڕۆژی قوربانە
لە حوجرەی (ام هانی)دا خەوی لێ کەوتبوو جبریل
بەتەعجیل هات و فەرمووی مەرحەبا بۆ فەخری ئەکوانە
بوراقی بەرق ڕەفتاری کە بۆ هێنا سوواری بوو
گەیشتە (مسجد الاقصی) ئەوەندە نەسحی قورئانە
کە تەشریفی دەچوو بۆ ئاسمان مژدەی دەدا جبریل
لە دەوری شەمعی ڕوخساری مەلائیک بوونە پەروانە
هەتا حەزکا خودا بۆ مەقدەمی جەنەت دەڕازێنێت
ئەوەندەی بێ بەدڵدا داری (طوبا) هاتە لەرزانە
لەسەر بەحسی (او ادنی)دا بڵێ چی، بەندەیی (ادنی)
گەیشتە لامەکان و هاتەوە جێی خۆی هەر ئەو ئانە

هەزار ئەندەر هەزار ئەسرار و ئاساری کرا تەعلیم
لە پەنجا نوێژەوە بۆ هاتە سەر ئەم پێنج فەرزانە

واتە: دروود لەسەر پێغەمبەری گەورەی ئیسلام کە خوای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا ستایشی کردووە و فەرموویە: (وانک لعلى خلق عظيم) واتە: تۆ خووەخدە و ئاکارێکی جوانت هەیە. ئەو پادشایەکە کە لەسەر تەخت دانیشتووە و بووەتە هۆی ئەوە کە خوا مرۆ و جنۆکە لەبەر ئەو بەدی بێنێ. پێغەمبەری گەورەی ئیسلام ڕووناکیی خۆی لە خوای مەزن وەرگرتووە و کە لە ڕووناکیی خۆر زۆر گرنگترە، پێغەمبەر بێ بڕوایی و ناخوایی بەجارێ لەناو برد، وەکو بای شەماڵ جوانیی بەگوڵ و گوڵزاری باخی موسڵمانان بەخشی. پێغەمبەرێ لەسەر گەنجینەی زانیاریدا دانیشتووە و ڕووناک کەرەوەی وڵاتی زانیارییە. پێغەمبەری گەورەی ئیسلام لە شەوی مێعراجدا ئەوەندە ڕووناک بووە کە ئەو شەوە جیهانی بەجارێ ڕووناک کردەوە، کاتێ پێغەمبەر لە ماڵی ئوم هانی دابوو، جبرەئیل هاتە لای و ئەوی لەگەڵ خۆیا بردە بارەگای خوایی و لە مزگەوتی ئەقساوە تێ پەڕی و کاتێ فریشتەکان لە دەوریا کۆبوونەوە و، وە لەو شەوەدا هەزاران شتی نهێنی و چاکی پێ فێرکرا و نوێژیشی هەر لەوێدا فەرمان پێ دراو بەم چەشنە پێغەمبەر هەمووی ئاسمانەکان گەڕا و بەچاوی سەر خوای خۆی بینی و ئەوسا هاتەوە جێگاکەی خۆی کە تیایا نووستبوو.

نەقیب لە هۆنینەوەی هۆنراوی کۆمەڵاتیشدا دەستێکی باڵای هەبووە، ئەوەش ڕوون و ئاشکرایە کە دەوری هۆنەر دەورێک بووە پڕ لە شەڕ و هەرا و ڕێگر و جەردەیی و درۆ و دەلەسە و، گەلی کورد لەوپەڕی سەخڵەتی و ناڕەحەتیدا ژیاون و ئەم بارە نالەبارە بەجارێ کاری کردووەتە سەر هۆنەر، بۆیە هۆنراوەکانی ئاوێنەیەکن بۆ پیشاندانی کارەساتی ڕۆژگاری خۆی، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا دەڵێ:

عەجەب وەقتێکە خەڵقی هەر لە ئاشووب و زەرەر ئەدوێ
شەو و ڕۆژ هەر لە کینە و بوغز و ئیفساد و لە شەڕ ئەدوێ
دەبینم شا کە ئێستاکە لە کونجی عەزلەتا ماتە
بەکوڵی جەهلەوە جاهیل لەگەڵ ئیبنولحەجەر ئەدوێ
لە فەرقی فیرقەدەینە جێی دزان ئەما مەلای مەزڵووم
دەبینێ عەکسی خۆی، دائیم لە ئالام و کەدەر ئەدوێ
ئەمێستا جەردە فەردی کامیلە، دز مەردە بێ شوبهە
کەچی ڕۆژی قیامەت ئەو لەگەڵ ئەهلی هونەر ئەدوێ



بزانە تۆ لە حاڵی زاڵم ئێستاکە چرای چاوە
کەچی ئەو وا بەبێ پەروا لە حەدی خۆی بەدەر ئەدوێ
کەسێ مەقبوول و ماقووڵە کە ناماقووڵی کاری بێ
ئەوە مەرغووب و مەحبووبە، لەگەڵ ئەهلی نەزەر ئەدوێ
لەلام کاژاوەیی، جوودی لە بۆ سوحبەت سەر و زیادە
بەدیقەت سەیری (ئەحمەد)کەن کە وەک سیاکی دوڕەڕ ئەدوێ

واتە: ئەمە چ ڕۆژگارێکی سەیرە کە خەڵک ئاوارە و سەرگەدانە و باس هەر باسی هەرا و ئاژاوە و ڕقوقین و تووڵانەوە و شەڕە ئەوەی کە گەورە و سەرۆکە ئێستاکە داماوە و لە کونجێک دانیشتووە وە ئەوەی وا نەزانە خەریکی لێکۆڵینەوەی پەڕاوی ئیبنولحەجەرە، لەم چەرخەدا دزی و جەردەیی بەجۆرێ باوی سەندووە، کە هەندێ شانازیی پێوە دەکەن، بەڵام لەو دنیا جێگای دۆزەخە. ئەگەرچی زۆردار و ستەمکار ئێستاکە خەریکی زۆر و ستەمە و خەڵک دەچەوسێنێتەوە و هەندێک لە ترسی گیانیاندا ڕێزی دەگرن، بەڵام سەرئەنجامی خراپ لە دوایە و لەم ڕۆژگارەدا ڕێزی کەسێک دەگرن کە پیشەیان زۆر و ستەمە و، ئەمەش وانابێ و ئەم بارە کۆتاییی پێ دێ.


سەرچاوەکان

١- دیوانی سەی ئەحمەدی نەقیب لێکۆڵینەوەی مەحموود ئەحمەد محەمەد - بەغدا، ١٩٨٥.
٢- الشيخ معروف النودهي، تألیف محمد الخال - بغداد، ١٩٥١.
٣- شیعر و شاعیرەکانمان، نووسینی نەجمەدین مەلا، لە ڕۆژنامەی ژین ژمارەی ١٢٦٠.
٤- سەید ئەحمەدی نەقیب، نووسینی سۆران مەحوی، لە گۆڤاری بەیان ژمارە ٩٩.
٥- مێژووی ئەدەبی کوردی - عەلائەدین سەججادی - بەغدا، ١٩٥٢.


## ئەمین فەیزی بەگ

١٣٤٧ - ١٢٨٢

ئەم هۆنەرەمان ناوی محەمەد ئەمین و کوڕی دەروێش عەبدولقادر و نازناوی فەیزییە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٨٢ی کۆچی لە شاری سلێمانیدا هاتووەتە دنیاوە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و لە تافی جوانیدا چووەتە بەغدا لە ئامادەیی سپاییدا ناونووسیی کردووە و لە پاش ئەوەی کە چەند ساڵ خوێندوویەتی بڕوانامەی وەرگرتووە و ڕۆیشتووەتە ئەستەموڵ لە بەشی تۆپچییەتیدا کەوتووەتە کار و لە پاشا بووەتە ئەفسەر و ئەوسا گەڕاوەتەوە بەغدا و لەوێدا بووەتە مامۆستای ژمارە و

جوگرافیا و ماوەیەکیش لە مووسڵ و سلێمانیدا بووە و لە پاشا ڕۆیشتووەتەوە ئەستەمووڵ و لە پاش چەند ساڵێک خانەنشین کراوە و ئەوسا گەڕاوەتەوە مووسڵ و کە شەڕی جیهانی دەست پێ کراوە ڕۆیشتووەتە حەلەب و مامۆستا ڕەفیق حیلمی وەکو لە پەڕاوی «شیعر و ئەدەبیاتی کوردی» نووسیویە لە ساڵی ١٣٣٥ی کۆچیدا ئەوی لە حەلەب دیوە و دەڵێ کە کاتێ چوومە دیتنی نەخۆش بوو. ئەمین فەیزی لە ئاخر و ئۆخری تەمەنیدا تووشی گۆجی بوو و سەرئەنجام بەو دەردەوە لە ساڵی ١٣٤٧ لە تەمەنی شەست و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە ولە گۆڕستانی ئەستەمووڵدا نێژراوە.

ئەمین فەیزی بەگ بەیەکێ لە زانایانی هەرە بەرز و هۆنەرانی سەدەی سێزدەیەم و چواردەیەمی کورد دێتە ژمار، ئەو لەگەڵ ئەوەی بەپیشە سەرباز و ئەفسەرێکی لێهاتووی دەوری خۆی بووە کەچی لە ژمارە و خوڕسکدا زانایەکی بەرز بووە، زۆربەی تەمەنی بەنووسینی پەڕاو و هۆنینەوەی هۆنراو بردووەتە سەر و هەندێ لە پەڕاوەکانی کە چاپ کراون بریتین لە: «اجماد النتائج» و «تفرقه الریاضیات» و «هەوای نەسیمی» و «شعاعات» و «ئەنجومەنی ئەدیبان». لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانیدا هەڵبەستیان بۆ یەکتر نووسیوە و زۆربەی نامەکانیان بەفارسی بووە.

ئەمین فەیزی بەهۆی نووسینی پەڕاوی ئەنجومەنی ئەدیبان کە هۆنراوی هەندێ لە هۆنەرانی کوردی ئەو سەردەمەی تێدایە، ڕاژەیەکی زۆری بەوێژەی کوردی کردووە و خۆیشی لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردی و فارسی و تورکیدا بێ هاوتا بووە و (شعاعات) کە کۆمەڵە هۆنراوی تورکیی ئەمین فەیزی بەگە، نموونەیەکی بەرزی هۆنراوی تورکی ئەو سەردەمەیە، بەڵام هۆنراوە کوردی و فارسییەکانی کۆ نەکراونەتەوە و زۆربەیان تیاچوون. ئەمەش چەند هۆنراوێکی ئەو کە دەڵێ:

کە جەیشی غەم هوجوومی کرد نیزامی عومری من تێک چوو
ئیتر مومکن نییە ئاسایشی حاڵی پەرێشانم
بینای بورجی بەدەن رووخا بەگوللەی حادسات ئیمڕۆ
نەما قووەت لە ئەژنۆما برا پشتم شکا شانم

وا دیارە ئەمین فەیزی ژیانێکی زۆر نالەبار و سەختی بردووەتە سەر کە دەڵێ: کاتێ لەشکری پەژارە هێرشی بۆ هێنام، نەریتی تەمەنی من تێک چوو، ئیتر لام وا نییە کە باری پەرێشانم هێمنی ببینێ، بینای برجی لەش بەگوللەی کارەساتی ئەمڕۆ کاوڵ و وێران بوو، هێز لە ئەژنۆما نەما و پشتم برا و شانم شکا.

چەندە جوان بۆت شی دەکاتەوە کە ئەگەر پیاوی چاک لە ڕێدا لەگەڵتدا بێ، هیچ باکێکت



بۆ نییە، بەڵام ئەگەر بەدخوویەک ببێتە هاوەڵ و هاوڕێت، دۆزەخ جێگەتە، چونکە لەو ماوە کورتەدا وەڕەست دێنێ و تەنگت پێ هەڵدەچنێ، وەکو دەڵێ:

گەر ڕەفێقت پیاوی سادق بێ چ باکی ڕێگەتە
گەر کەسێ بەدخوو لەگەڵتدا بێ جەهەنەم جێگەتە

لە تاقە هەڵبەستێکی تریشدا ئەوەمان بۆ دەردەخا کە لە باسی زانیاریی ئاینی و فیقهدا شارەزا بووە و دەڵێ: زانستی ڕاستەقینە و ژیانی هەمیشەیی ئەوەیە کە بنیادەم ترسی لە خوا بێ و پێغەمبەری گەورەی ئیسلامی خۆش بوێ و خۆشەویستیی ئەو لە دڵیدا بێ:

عیلمی یەقین و حەیاتی سەرمەد
خەوفی خودایە و حوبی محەمەد

ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی تەڕ و پاراو و شیرینی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

یاخوا هەڵکەنێ ئەو کێوە لەبن
بەڵکو دەرکەوێ نووری دیدەی من
من دوور و تۆ دوور کێوێکمان بەینە
هەر نەبڕایەوە ئەم کەینوبەینە
یاخوا هەڵکەنێ ئەو کێوە لەبن
بەڵکو دەرکەوێ نووری دیدەی من
نێوانمان ئەگەر هەر کێو بێ چاکە
کارمان پەژمووردەی دەستی ناپاکە
زمانی ببڕێ پەنجەی هەڵوەرێ
ئەوەی کە ڕێگا لە دوودڵ ئەگرێ

ئەمین فەیزی هەروەها وتمان لە هۆنینەوەی هۆنراوی فارسیشدا دەستێکی بەرز ر باڵای هەبووە. بەڵام بەداخەوە هۆنراوە فارسییەکانیشی وەکو کوردییەکانی لەناوچوون و ئێمە هەر تەنیا تاقە هۆنراوێکی فارسیمان دەست کەوت کە لەبەرئەوەی زۆر قووڵە ئەوا لێرەدا دەینووسین:

ریش سفید «فیضی» خندد بر آنکه گوید
بالاتر از سیاهی رنگ دگر نباشد

واتە: ڕدێنی سپی (فەیزی) پێ دەکەنێ بەو کەسەی کە دەڵێ: بەسەر ڕەنگی ڕەشەوە ڕەنگێکی تر نییە.

سەرچاوەکان

١– ئەنجومەنی ئەدیبان، دانەر ئەمین فەیزی بەگ – بەغدا، ١٩٨٣.

٢– یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەئەمین فەیزی.

## شێخ مارفی نۆدێ

١١٦٦ – ١٢٥٤

ئەم زانایەمان ناوی محەمەد و کوڕی سەید مستەفای بەرزنجییە و بەشێخ مارفی نۆدێ ناسراوە و بەچەند پشت دەچێتەوە سەر شێخ عیسای بەرزنجیی. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١١٦٦ی کۆچی لە دێی نۆدێدا لە دایک بووە – نۆدێ یەکێ لە دێکانی شارباژێر بووە کە کەوتووەتە چەند کیلۆمەتریی شاری سلێمانییەوە. هەر لە منداڵیدا خەریکی خوێندن بووە و هەرکە لە پەڕاوە وردەڵەکانی فارسی و عەرەبی بووەتەوە، چووەتە قەڵاچوالان و لەوێدا خەریکی خوێندنی ڕێزمانی عەرەبی بووە و لە پاشا ڕۆیشتووەتە دێی هەزارمێرد و لەلای ئیبنو لحاج خەریکی خوێندنی فەقهی ئیسلامی بووە و ماوەیێکیش لەلای مەلا عەبدوڵڵای بێتووشی خەریکی خوێندن بووە و لەلای ئەو فێری وێژەی فارسی و عەرەبی و زانیاریی ئیسلامی بووە و لە پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی گەڕاوەتەوە سلێمانی و لەوێوە چووەتە دێی دۆڵ پەموو ماوەیەک لەلای شێخ عەلی بەرزنجەیی ماوەتەوە تا خەرقەی لێ وەرگرتووە و ئەوسا چووەتە قەڵاچوالان و لەوێدا خەریکی وانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بووە و پاشان چووەتە سلێمانی و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و دانانی پەڕاو و نامیلکەی بەکەڵک بەسەربردووە تا لە ساڵی ١٢٥٤ لە تەمەنی هەشتا و هەشت ساڵی کۆچی دواییی کردووە و لە گردی سەیوان نێژراوە.

شێخ مارف بەیەکێ لە زانایانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار، لە وێژەی فارسی و عەرەبی و کوردیدا مامۆستا بووە و لە لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز و گێڕانەوەی فەرمایشتەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دروودی خوای لەسەر بێ، بێ وێنە بووە و نزیکەی سی و پێنج بەرگ پەڕاوی سەبارەت بەبیروباوەڕی ئیسلامی و لێکدانەوەی هەندێ لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و ڕێزمان و وێژەی عەرەبی و فەقهی ئیسلامی داناوە و گەلێ هۆنراویشی بەزمانی فارسی و عەرەبی هۆنیوەتەوە. بەداخەوە شێخ مارف جگە لە پەڕاوی (ئەحمەدی) شوێنەوارێکی تری کوردیی دانەناوە، ئەویش مەبەستی ئەوە نەبووە کە ڕاژە و خزمەتی زمانی کوردی بکا، بەڵکو بۆ ئەوە بووە کە کاک ئەحمەدی کوڕی بەو نامیلکەیە فێری زمانی عەرەبی بێ و، سەرەتاکەشی بەفارسی داناوە، وەکو لە سەرەتای ئەو نامیلکەوە دەڵێ:



بنام خدای حی لایموت    پروردگار ملک و ملکوت
الحمد الله علی ما وهب    هدانا الی لسان العرب
صلاة و سلام بی حدو حساب    بر محمد باد هم آل واصحاب
دراین رساله بەکردی زبان    کنم زبان عرب را بیان
تاکە فرزندم احمد بی تعب    شود دانای لغات عرب
لهذا ناوم نای ئەحمەدییە    والله ارجوا اصلاح النیە

واتە: بەناوی خوای زیندوو نەمر، پەروەردگاری زەوی و ئاسمان، سپاس بۆ خوا بۆ ئەوەی زمانی عەرەبی بەئێمە بەخشی دروودی بێ ئەندازە و بێ ژمار لەسەر پێغەمبەری گەورەی ئیسلام و کەسوکار و یارەکانی، لەم نامیلکەیەدا بەزمانی کوردی، زمانی عەرەب دەخەمە ڕوو تاکو کوڕەکەم ئەحمەد بەبێ ڕەنج فێری زمانی عەرەبی بێ، لەبەر ئەوە ناوم نا «ئەحمەدی»یە، بیری چاک لە خوا داوا دەکەم.

نامیلکەی ئەحمەدی بریتییە لە دوو بەش، بەشی یەکەمی بەشی ناوە و بەشی دووەمی بەشی فرمانە واتە: (باب الاسماء) و (باب الافعال) و بۆ ئەوەی خوێنەر لێی تێک نەچێ وشە عەرەبییەکانی خستووەتە ناو کەوان و کوردییەکەی بەدوای عەرەبییەکەوە نووسیوە، کە بەڕاستی کارێکی زۆر گرنگە و لەو کاتەدا خزمەتێکی زۆر گەورە بووە بۆ خوێندەوارانی کورد. ئەوا لێرەدا هەندێ لە بەشی یەکەمی ئەو هۆنراوانە دێنین:

(رَأس) سەرە (عَین) چاوە
(بَدَن) قالّب (اِسم) ناوە
(اَنف) لووتە (حاجِب) برۆ
(فَخِذ) ڕانە (رُکبة) ئەژنۆ
(جَبِین) و (جَبهة) تەوێڵە
(مَکر) و (کَید) و (حیلە) فێڵە
(ظَهر) پشتە (کَتف) شانە
(شَفة) لێوە (سِنّ) ددانە
(بَطن) سکە (صَدر) سنگە
(کعوب) کنگر (نَعنا ع) پونگە
(ساعد) باسکە (عضد) قۆڵە
(قَرنا) شاخدار (جمّاء) کۆڵە

(مَتين) قايم (مَتن) پشته
(لَّبَن) شيره (لَبِن) خشته
(شَعر) مووه (قُطن) لۆکه
(عَدَس) نیسکه (حِمص) نۆکه
(ظفر) نینۆک (مِسحاة) بێڵه
(صافي) سافه (کَدِر) لێڵه
(شارِب) سمێڵ (لحَية) ڕیشه
(جَرح) برینه (وَجع) ئێشه
(باع) و (دِراع) و (یَد) دەسته
(سَریع) چەسپاندن (بَطيء) سسته
(ناصیه) چییه پێشه سەره
(اِبل) وشتر (حِمار) کەره
(اَصبع) ئەنگوشت (قَدَم) پێیه
(ذَکَر) نێره (أُنثی) مێیه
(أُذن) گوێیه (مَرفِق) ئەنیشکه
(دیک) کەڵەشێر (دُجاج) مریشکه
(وَجه) ڕوو (کاهل) نێوشانه
(لحَم) گۆشته (عَظم) ئێسقانه
(اِبط) بنهەنگڵ (جنب) تەنیشته
(قاع) جێگەی نەرمان و دەشته
(صُلب) پشته (منکب) شانه
(نَصل) سەرەڕم، هەم پەیکانه
(عَقب) پاژنه (عِرق) ڕەگه
(عَصَب) پێیه (کِرش) ورگه
(کَعب) قاپه (لُثة) پووکه
(عَروس) زاوا یا هەم بووکه
(ذَنَب) کلکه (عُرُف) یاڵه
(جُناح) گوناح (جَناح) باڵه



(شاب) جوانه (هَرِم) پیره
( قَوس) کەوانه (سَهم) تیره
(مُخاط) چڵمه (لُعاب) لیکه
(لُقمة) پاروو (لُبنة) تیکه
(صَلاة) نوێژه (أذان) بانگه
(سَنة) ساڵه (شَهر) مانگه
(نَهار) ڕۆژه (لَیل) شەوه
(نَوم) نووستنه (رُوءیا) خەوه
(ذَهَب) زێره (فِضّة) زیوه
(جَبَل) کێوه (وادی) شێوه
(غَدیر) گۆلاوه (بُرکة) برکه
(صَهباء) شەرابه (خَل) سرکه
(اَرنَب) کەروێشکه (فَهد) ئیسمی یۆزه
(نُسِر) سیسارگه (رَخم) پیرۆزه

ئەمەش چەند هۆنراوێکی تر لە بەندی دووەمی نامیلکەکە کە بەشێ فرمانە و لەسەر کێشێکی تر هۆنیویەتەوە:

(باب) دەرگا (عِقد) گەردەنبەندی دوڕ
(طِرف) جوانۆ (زرِد) دوگمە (طاق) تار
(سِقط) باڵ (ه) پەڕ (زِقّ) مەشکە
(جیفَة) لاشە (تحی) خیکە (عَدّ) شمار
(اُسر) میزگیران (سِمسم) کونجیە
(قِطف) بەر (مُثمر) درەختی میوەدار
(اَجنَبي) بێگانە (جَدري) ئاوڵە
(غِصن) هەم (فَرع) و (فَن) چی شاخدار

ئەمەش بەندێکی تر لە بەشی دووەمی نامیلکەکە کە لەسەر کێشێکی تر هۆنیویەتەوە:

(وَتر) چی ژی (وَطر) حاجەت (نَقي) مێشک
(لِبَأ) ژەک، فرۆ (انفحە) چی فرێشک
(حَصَی) چییە بەردی بچووک
(اَنوك) ئەحمەقە جەمعی (نووک)

(غُراب) (غُدلف) قەلەڕەشە
(نوُن) ماسییە (دامِس) ڕەشە
(عُنصُل) پیازە خووگانە
(مَنهَل) چەشمە (مَعدَن) کانە
(رَماد) چییە خۆڵەمێشە
(رَمَد) بەکوردی چاوێشە
(سَبحَة) تەزبیحە (صِرّ) بای سەختە
(نِیء) کاڵە (نَضیج) پوختە
(لجُام) لەغاوی (خِطام) هەوسار
(راکب) بەکوردی حوشتر سوار
(غالی) گران (رَخیص) هەرزان
(عالم) دانا (جاهِل) نەزان
(جَدید) تازە (قَدیم) کۆنە
(مَشحون) بڕە (دُهن) ڕۆنە

ئەمەش بەندێکی تر لە بەشی دووەمی نامیلکەکە لەسەر کێشێکی تر هۆنیویەتەوە:

(سَبَق) پێشکەوت (نَظَر) ڕوانی
(اَخَذ) گرتی (اَکَل) خواردی
(ظَهَر) (لاحَ) (بَدا) دەرکەوت
(عَرَف) ناسی (بَعَث) ناردی
(مَدَح) وەصفی بەچاکەی کرد
(طَحَن) هاڕی (عَجنَ) شێلای
(کَحَل) ڕشتی (وَهَب) بەخشی
(فَعَل) کردی (حَرَث) کێڵای
(فَقِه) زانی (نَحَت) تاشی
(ضَرَب) لێی دا (کَتَب) نووسی
(غزَر) زۆر بو (نَزَر) کەم بوو
(جَذَب) کێشای (سَئَل) پرسی



(صَعَب) سەخت بوو (سَهَل) ئاسان
(بَسَط) ڕای خست (غَزَل) ڕستی
(سَعَل) کۆکی (فَزَع) ترسا
(رَقَم) نووسی (عَقَد) بەستی

سەرچاوەکان

١– الشیخ معروف النودهی تألیف محمد الخال – بغداد، ١٩٦١.
٢– ئەحمەدی دانراوی شێخ مارفی نۆدێ – سلێمانی، ١٩٣٦.

## حاجی تۆفیقی پیرەمێرد

١٢٧٨ – ١٣٧٠

ئەم هۆنەرەمان ناوی تۆفیق و کوڕی مەحموود ئاغایە، هەمزە ئاغای باپیری سەرەک وەزیری ئەحمەد پاشای بابان بووە، بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٨٧ی کۆچی لە شاری سلێمانیدا لە دایک بووە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و قورئان و پەڕاوە وردەڵەکانی تەواو کردوون و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و ماوەیەک لەلای مەلا سەعیدی زەلزەلەیی خەریکی خوێندن بووە و ئەوسا بەفەقێیەتی چووەتە بانە و هەڵەبجە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشان لە کاری میری دامەزراوە و لە پاش ماوەیەک ڕۆیشتووەتە ئەستەمووڵ و لەوێدا چووەتە زانکۆی حقووق و لەم ماوەدا گەلێ وتاری بەزمانی فارسی و کوردی و تورکی لە ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکاندا نووسیون و پاشان کراوەتە فەرمانڕەوای جۆلەمێرگ و لە دواییدا بووەتە فەرمانداری ئاماسیە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و ڕۆژنامەی «ژیان» و «ژین»ی دەرکردووە و ئیتر پاشماوەی ژیانی بەڕۆژنامە نووسین و هۆنینەوەی هۆنراو و نووسینی پەڕاو و وتاری بەکەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٧٠ لە تەمەنی هەشتا و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە گردی مامە یارەدا نێژراوە.

پیرەمێرد بەیەکێ لە نووسەران و زانایان و هۆنەرانی کورد دێتە ژمار. ئەو لە ماوەی تەمەنیدا گەلێ ڕاژە و خزمەتی بەزمان و وێژە و کەلەپووری نەتەوایەتی کردووە و بۆ یەکەمین جار قوتابخانەی زانستیی لە سلێمانیدا کردووەتەوە، هەروەها خەڵکی هان دا کە هەموو ساڵێک جەژنی نەورۆز بگرن و لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کاتی خۆی بەهۆنینەوەی هۆنراو دەبردە سەر.

یەکێ لە کارە گرنگەکانی پیرەمێرد کۆکردنەوەی پەندی پێشینانە کە ئەم پەندانەی دەکردە هۆنراو و لە ڕۆژنامەی ژیان و ژیندا چاپی دەکرد و ژمارەی ئەو پەندانەی کە لە ڕۆژنامەکەیدا بەچاپی گەیاندووە گەیشتووەتە شەش هەزار و چوارسەد و چل و هەشت پەند.

هۆنراوەکانی پیرەمێرد زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن و هۆنراویشی هەر لە خۆیەوە نەهۆنیوەتەوە، بەڵکو هەر کاتێ کە هۆیەک هاتووەتە پێشەوە هۆنراوی هۆنیوەتەوە.

وا دیارە سروشتی جوانی کوردستان بەئاووهەوای فێنکیەوە و بەکێو و چیا ڕەنگینەکانیەوە و بەباڵندەکانی جۆر بەجۆریەوە و بەباخ و گوڵزارە جوانەکانیەوە و بەتاڤگە نەخشینەکانیەوە کاریان کردووەتە سەر پیرەمێرد، بۆیە بەم جۆرە باسی تاڤگەی زەڵم دەکا و دەڵێ:

ئاوە جوانەکەی سەرچاوەکەی زەڵم
بۆ گەلاڕێزان سەر بەتەم و هەڵم
ئەڵێی سەرچاوەکەی بەختی کوردانی
سرەوتت نییە وێڵی هەردانی
تاڤگەکەت سەربەرز، ساردە وەک تەرزە
دانەی مرواری لەنجەی صەد تەرزە
لەو ئاسمانەوە ئەڕژێتە خوارێ
لە چاوی گەردوون فرمێسک ئەبارێ
وێنەی عاشقێ کە ناڵەکار بێ
سەحرانەوەرد بێ، پەیجووری یار بێ
وێڵ و سەرەڕوو، بەڕۆ ڕۆی پڕ دەرد
بەقەڵبەزەوە سەرئەدەی لە بەرد
دەست لە ملانی لەگەڵ تانجەڕۆ
بەسەودای سیروان شەیدا و ڕەنجەڕۆ
لە دواواندا کە یەک ئەکەوی
دوو مەسرەعی بۆ، بەیتی مەولەوی
«سیروانی ئەم چەم، تانجەڕۆی ئەو چەم
بدەن بەیەکدا ئەم چەم تا ئەو چەم



مەوەستە بڕۆ بەلم و خاکا
بگری لە بارگەی سەلمانی پاکا
پێی بڵێ: قوربان تۆ ناوت پاکە
بمانخەرە ڕێی یەکیەتی و چاکە
لەبەر ئاودێری ئەو خاکە دێمە
کە پاراو ئەبێ بەئاوی ئێمە
با گوڵ و نێرگس هەردوو پێکەوە
شادبن بەدڵی ڕێکوپێکەوە

پیرەمێرد لەم پارچە هەڵبەستەدا ڕچەی هۆنەرانی پێشووی شکاندووە و بەچەشنێکی نوێ لە سروشت دواوە و شۆڕشێکی لە وێژەی کوردیدا بەدی هێناوە و لەم هۆنراوانەدا باسی سەرچاوەی زەڵمی کردووە کە چۆن گەڵای دارەکان دەڕژێتە کەناری ئەو ڕووبارە و تەم و هەڵم ڕووباوەکە دادەگرێ و وەکو بەختی کوردان ئاوەکەی لێڵ دەبێ و ئەوسا ئاوەکەی ڕەوان دەبێ و دەڕژێتە ناو چەمی تانجەڕۆ و لە پاشادا وا لە ئاوی سیروان و تانجەڕۆ دەکا و دەڵێ: بەبەر بارگەی سەلمانی پاکدا بڕۆ و بڵێ: قوربان لە خوا بپاڕەوە کە بمانخاتە ڕێی چاک و یەکیەتی با بەهۆی ئەم یەکیەتییە سەرکەوین و گوڵ و نێرگسیش پێکەوە شاد و کەیفخۆش بن.

پیرەمێرد لە پارچە هەڵبەستێکی تریدا باسی نالەباری و شپرزەیی کۆمەڵ دەکا و دەکەوێتە دەردە دڵ و دەڵێ:

ئەستێرە بەرزەکان ئەدرەوشێنەوە بەشەو
وەک من بەداخەوەن نە سرەوتیان هەیە، نە خەو
چەند ساڵە ئاشنای شەوی بێدارییە یەکترین
وەک سەرسەرین، شەوێ سەرێ ناکەینە سەر سەرین
من خوار و ژوور لە دەست چووەکەی بێوڵەت ئەوان
وەک خێڵی خوار و ژوور کەری کور، وێڵی ئاسمان
شەو شەونمی ئەوانە چیمەن ئاو ئەخواتەوە
ڕۆژ هەڵمی ئاوی چاوی منە سەر یەخاتەوە
دوێشەو بەری بەیان بوو دەگریان بەسەر منا
منیان کەساس ئەبینی لەناو دۆست و دوژمنا

دڵسۆزی وام نەدیبوو کە بۆم بگری وەک خەشیم
فرمێسکەکەی ئەوان بوو بەئاونگی تێ گەییم
بام ڕاسپارد کە خەفەت بۆچ ئەخۆن ئەوان
وەک ئێمە نین نزیکتری لای بارەگای خوان
ڕاسپێرییان نووسیبوو بەشەونم لەسەر گیا:
تا ئاسمان پڕیشکی بەدی ئێوە هەڵپژا
هاواری کوردەکانی سەروو گەییە ئاسمان
بەو دووکەڵی هەناسەیە ئاو دێ لە چاومان

واتە: ئەو ئەستێرانەی وا کە لە ئاسماندا دەدرەوشنەوە وەکو من بەداخەوەن و خەو و ئارامیان نییە، چەند ساڵە کە ئێمە و ئەوان ئاگامان لە خەوتن و شەونخوونی یەک هەیە و هیچ شەوێک نەلواوە کە سەرێک لەسەر سەرین دابنێین و بحەسینەوە. من ئیتر ئێلاخ و قشلاخم بۆ نەماوەتەوە و ئەو خێڵە کوردانەش کە هەر خەریکی هاتوچۆن ئەوانیش وێڵ و دەربەدەرن. دوێشەو هەڵم و تەم لە بەرەبەیانا گریان بەسەر منا چونکە منیان بەزەبوونی چاو پێ کەوت کەچی هاواری کوردەکانی باکووریش گەیشتە ئاسمان و ئەوە دووکەڵی هەناسەی ئەوانە کە دەبێتە هۆی ئەوە ئێمە ئاو لە چاومان بێت.

پێرەمێرد کە خۆی بووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵک جەژنی نەورۆز بگرن و ئاگری جەژن لەسەر گردی مامە یارە هەڵکەن و ئاهەنگ بگێڕن، سەبارەت بەجەژنی نەتەوایەتیی نەورۆز کە لەم ڕۆژەدا گەلی کورد بەڕێبەرایەتیی کاوە بەسەر ڕژێمی پادشایەتیی ئەژیدەهاکدا سەرکەوتووە لە پارچە هەڵبەستێکا دەڵێ:

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە
چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بەعشق ئەچوون بەبەرەو پیریی مەرگەوە
ئەوا ڕۆژهەلات، لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە



تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا
پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین

بەڕاستی ئەم هۆنراوانەی پیرەمێرد ئاگرێکی لە دڵی لاوان کردەوە، بەجۆرێ کە هەموو بۆ گرتنی جەژنی نەورۆز کەوتنە هەوڵ و تێکۆشان و تەنانەت ئەو ئاگرەش کەوتە دڵیانەوە و بڵێسەی سەند و هەموو بۆ زیندووکردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتی کەوتنە خەبات.

پیرەمێرد بەڕاستی بۆ بووژاندنەوە و زیندووکردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتی، هەوڵێکی زۆری داوە، بەتایبەت بۆ کۆکردنەوەی پەندی پێشینان خۆی ماندوو کردووە و هەر پەندێکی لە هۆنراوێکدا گونجاندووە و ئەم کارەش هەر لە دەستی ئەو هاتووە و ئەمەش کارێکی زۆر گەورەیە. ئەمەش چەند پەندێکی پێشینانی پیرەمێرد کە دەڵێ:

کە دوژمنت کەوت تۆ پێی پیا مەنێ
زەبوون کوژ مەبە لای خوا لامەنێ
سەرمایەت بۆ خۆت، زەکات بۆ خودا
مێو کە بیبڕی چاکتر بەر ئەدا
زۆر بەسەر دۆستا مەیە خەتەرە
تانەی دۆست لە تیر دوشمن بەدتەرە
ڕاستە دوو مێوان لێکیان خۆش نایە
بەڵام خانەخۆی لە هەردوو لایە
تۆ چاکە بکە و بیدە بەو ئاوە
خەڵکیش نەزانێ لای خوا نووسراوە
کردەوە و ئیمان هاتوونە نوشوست
گەورە ئاوی ڕشت بچووک پێی لێ خست
کە باوەڕت بێ هیوایشت ئەبێ
کە بێ باوەڕ بی چیت بەرئەکەوێ
هەم پیاوی دونیا، هەم پیاوی ڕێی خوا
وەک ڕۆژی ناو جۆ لە دوو لا ئەخوا

پیرەمێرد لەگەڵ ئەوەی نزیکەی بیست و شەش ساڵ خەریکی ڕۆژنامەچییەتی بووە و گەلێ وتاری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و وێژەیی لە ڕۆژنامەکەیدا چاپ کردووە، گەلێ

پەڕاویشی داناوە کە هەندێکیان بریتین لە: «مەم و زین، دوانزە سوارەی مەریوان، گاڵتەوگەپ، کەمانچەژەن».

سەرچاوەکان

١– دیوانی پیرەمێرد – بەغدا، ١٩٤٨.
٢– پەندەکانی پیرەمێرد – کۆکردنەوەی کاکەی فەللاح – بەغدا، ١٩٦٩.
٣– ئەدەبی کوردی – عەلائەدین سەجادی – بەغدا، ١٩٤٨.
٤– پیرەمێردی نەمر – محەمەد ڕەسووڵ هاوار– بەغدا،١٩٧٠.

## ئەحمەد بەگی حەمدی

١٢٩٣ – ١٣٥٥

ئەم هۆنەرەمان ناوی ئەحمەد و کوڕی فەتاح بەگی ساحێبقرانە و بەپێی تاقە هەڵبەستێکی خۆی مێژووی لە دایکبوونی ساڵی ١٢٩٣ی کۆچییە وەکو لەم بارەوە دەڵێ:

گەڕام بۆ ساڵی تەئریخی ولادەتم و غەریبم دی
بەهیجری حەمدی دەنگی بوو، لە نەو (باری غەمم) دەست کەوت

(باری غەمم) بەشێوەی نووسینی کۆن بەپێی پیتی ئەبجەد دەکاتە ساڵی ١٢٩٣ی کۆچی کە مێژووی لەدایکبوونی حەمدییە کە لە شاری سلێمانیدا لە دایک بووە. حەمدی هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە سلێمانیدا لەلای مەلا عەزیزی زەلزەلەیی قورئان و پەڕاوە وردەڵەکانی خوێندووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی مەلا سەعید خواجە فەنی و خەریکی خوێندنی فەقهی ئیسلامی بووە و ئەوسا چووەتە مزگەوتی ناو بازاڕ و ڕێزمان و وێژەی عەرەبیی خوێندووە و ماوەیەکیش لە خانەقای مەحویدا خەریکی خوێندن بووە و لە دوای تەواوکردنی خوێندن چووەتە تەورێز و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە شۆڕشەکەی شێخ مەحموودا بەشداریی کردووە و پاشان لە کاری دیوانی دامەزراوە و ژیانی بەم جۆرە ڕابواردووە تا لە ساڵی ١٣٥٥ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گردی سەیواندا نێژراوە.

ئەحمەد بەگ بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار و وەکو دەڵێن هەر لە تافی جوانییەوە خەریکی هۆنینەوەی هۆنراو بووە و سەریشی کێشاوەتە ناو هەموو جۆرە هۆنراوێکەوە دڵداری، ئاینی، کۆمەڵایەتی، نیشتمانی.

حەمدی لە پارچە هەڵبەستێکدا ڕوو دەکاتە دڵدارەکەی دەڵێ:



نازی گەردوون بۆ ئەکێشم ئەو بەڕۆژی ڕووتەوە
من بەماهی نەخشەیێکی شوعلەدەر وەک مووتەوە
بەردەخا ئاهووی خوتەن بۆ نافەیەکی موشک بۆ
عەنبەری سارا فرۆشم من لە سایەی مووتەوە
تاقی ئەبرۆتم موراده ڕوو لە قبلەم بۆ نوێژ
ئەهلی قبلە چی بەسەر میحرابی تاق و جووتەوە
تا قیامەت من منەتباری خەمی هجرانی تۆم
ئەو ئەخۆم، عامیانە نیم، بەتەنگی قووتەوە
بۆ گەدایی کۆیی جانان سەڵتەنەت هەر مردنە
گەر خوا ڕەحمی لە دڵ نێ بێ لەتەک تابووتەوە
عەشقی شیرینت ببێ عاشق لەگەڵ ئەم وەزعەدا
کۆهکەندێکی چ حەقت تۆ بەسەر بازووتەوە
دڵبەرت ڕۆیی ڕەقیبی کەوتە دوو خاکت بەسەر
(حەمدی) بنواڕە سەگێکە وا بەدووی ئاهووتەوە

واتە: ئەی خۆشەویستم! لەبەرچی نازی هەتاوی چەرخی گەردوون بکێشم کە هەتاوی ڕوومەتی. تۆم هەبێ و هەموو ڕۆژێ وەکو مانگی نەخشەب دەرکەوی. مانگی نەخشەب مانگێکی دەستکرد بووە کە حەکیم کوڕی عەتا، ناسراو بەموقنەع لە جیوە و هەندێ شتی تر دروستی کردبوو و هەموو شەوێک لە چاڵاوێکەوە لەسەر قەڵای نەخشەب لە کێوی سیامدا، دەیخستە ئاسمان و تیشکی ئەو مانگە تا چوار فرسەنگ دەورپشت و هەموو شوێنێکی ڕوون دەکردەوە و تریفەی ئەو دەوروبەرەی دادەپۆشی و پاشان دەگەڕایەوە شوێنەکەی خۆی، وە ئەم مانگە تا دوو مانگ هەموو شەوێک لە چاڵاوی سیانەوە دەردەهات و ئەمە هەزار و دووسەد ساڵە کە هۆنەران لە هۆنراوەکانی خۆیاندا دیاردیی پێ دەکەن و ڕوومەتی خۆشەویستەکەیان پێ دەچوێنن. جا حەمدییش دەڵێ ڕوومەتی جوانی یارەکەم وەکو مانگی نەخشەب دەدرەوشێتەوە، وە من چۆن بەر باری چەرخی گەردوون بم و منەتباری بم، کە ڕوومەتی مانگی تۆم هەبێ وەکو مانگی نەخشەب دەدرەوشێتەوە. بۆنی خۆشی ناوکت وەکو بۆنی خۆشی ناوکی ئاسکی خوتەنە، من لە کاتی نوێژا ڕوو دەکەمە تاقی برۆکانت، وە من تا ڕۆژی پەسڵان بەرباری خەمی دووریی تۆم، وە بۆ پیاوی گراو کە هەموو دەم هەژارە مردن پادشایەتییە بەمەرجێ یار لەگەڵ تەرمەکەیدا بچێتە گۆڕستان و بینێژێ. ئەی حەمدی! – خۆزگەم بەخۆت کە دڵت بەهۆی دڵبەرەوە براوە و تەنیا ئەوەت بۆ

ماوەتەوە کە هەر بنالێنی.

حەمدی لە پارچە هەڵبەستێکی تردا هەر لەم بارەوە دەڵێ:

چینی سەری زوڵفت بووەتە فتنە لە چینا
غارەتگرە چاوت لە بلادی دڵ و دینا
نەبڕایەوە ئەم شینە لە سینە کە ئەکا دڵ
بەو جلوەیی ڕوخسارە وەرە بیکە بە سینا
مینا و حەجەرولئەسوەد و زمزەم حەجی خەڵقە
من ماچی دەم و خاڵی لەب و گەردنی مینا
ئیکسیرە مەگەر خوێنی سروشکی عاشق
ئەو پەردە ئەکا هەر بەلەعل و وا لە سەرینا
ئەو ناوکی موژگانە بەکل بۆیە ئەڕێژێ
سارێژی بکا هەر کەڕەتێ چوو بەبرینا
مەعلوومە لە دایک کە ئەبن ئەهلی موحەبەت
فرمێسکی بەلێشاوە لەگەڵ ئاهی حەزینا
نازەم بەجەلال و حشمەت میسلی سولەیمان
وەک دێوە ڕەقیبت کە لە ژێر حوکمی نگینا
جانا مەبەرە هەمدەمی ئینسانی بەد ئەندێش
وەحشەت کە ئەکەن ئەهلی موحەبەت بەقەرینا
(حەمدی) بەئەدەب یادی بکە، ناوی نەبەی قەت
جاسووسی ئەوە، چونکە، دڵت وا لە کەمینا

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! چینی سەری زوڵفەکانت بووەتە هۆی ئاژاوە و بشێونە لە وڵاتی چیندا و چاوەکانت وڵاتی دڵ و دین چەپاو و تاڵان دەکەن. دڵ شین و شیوەنی بۆ بڕایەوە، چونکە دەشتی سینا و کێوی توور بەهۆی تیشکی ڕوومەتتەوە سووتان، مینا و بەردە ڕەشەکە و ئاوی زمزەم کە زۆر پیرۆزن و خەڵک دەچنە سەریان من لەجیاتی ئەو سێیانە ماچی دەم و خاڵی لێو و ئەستۆی سپیت دەکەم، خوێنی فرمێسکی گراو و سەودا وەکو ئەکسیر وایە. ئەو ناو برژانگەی بۆیە هەردەم بەکل دەرێژێ بۆ ئەوەی هەر جارێ کە کردی بەدڵی خەڵکدا بەهۆی ئەو کلەوە وا دەیدا لە چاوەکانی برینەکانی سارێژ بکاتەوە. من بەگەورەیی و فەڕ و شکۆی هافی سلێمان کە خاوەن ئەموستیلە لە زنجیردا بووە. ئەی



حەمدی بەشێواز و ڕێزەوە ناوی خۆشەویستەکەت ببە، چونکە هەر ئەو بوو دڵتی خستە داو و خۆی بۆت حەشار دا.

زۆربەی هۆنراوەکانی حەمدی نیشتمانی و کۆمەڵایەتن، چونکە دەوری ئەو پڕ بووە لە کارەساتی زۆر، ئەوەیە کە کلۆڵی و کەساسی و کەنەفتیی نەتەوەکەی بەچاوی خۆی دیوە، بۆیە دڵی هاتووەتە جۆش و خرۆش و هەموو دەرد و بەدبەختییەکی نەتەوەکەی خستووەتە ڕوو و کردوویەتە هۆنراو و لە پارچە هەڵبەستێکیدا لەسەر دێڕی سکاڵای نیشتماندا دەردی دڵی خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ:

ئەی خاکی وەتەن بێ فەرەح و زەوق و سەفا خۆت
پڕ حادسە، مەحکوومی هەموو حوکمی قەزا خۆت
بازیچەیی سەر پەنجەی ئەربابی ڕیا خۆت
بێ ئوردوو، بەبێ زەمزەمەیی شاه و سەرا خۆت
سەد ئاه کە بوویتە هەدەفی دەرد و بەڵا خۆت
ئەم کوردە ئەبێ دائمی هەر قوڕ بەسەراکەن
هەر جارە گونیە ئەبێ بەرگی بەبەراکەن
وەک تەعزیە ئەلواحی ڕەش و شین بەدەراکەن
پێویستی چییە دوژمنی خۆیان بەبراکەن
عالەم کە بلێن ساحێبی ئەولاد و برا خۆت
کوا تاقمە کەو، وەلوەلەیی دەوری کەریم خان
کوا دوازدە سوارەیی بەبە، مەشهووری مەریوان
کوا فیرقەیی بتلیسی هەوا خواهی بەدرخان
کوا میللەتەکەی موتەفقی دەورەیی تورکان
بێ پیاو بەبێ کۆمەڵ و جێماو جیا خۆت
هاوسێ هەموو وەک داڵن و ئەم کوردە وەکو لاک
چنگیان لە جگەرگاهی هەموو داوە بەبێ باک
بێ خوێنە گوڵی زەرد و زەعیفە وەکو خاشاک
(حەمدی) دەپێوە قوڕ و سنگت بکە چاک چاک
بێ قەوم و وەتەن، پڕ ئەسەف دەرد و جەفا خۆت

حەمەدی لەگەڵ ئەوەی زۆربەی هۆنراوەکانی کۆمەڵایەتی و نیشتمانیین، هۆنەرێکی

ئاینپەروەریش بووە، بەڵام ناتوانین ئەو بەهۆنەرێکی خواناس و سۆفی دانێین، بەڵکو هۆنراوی ئاینی زۆر داناوە کە زۆربەی پیاهەڵوتن و پاڕانەوەیە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەدا کە پەنای بردووەتە بەر پێغەمبەری گەورەی ئیسلام کە دەڵێ:

یا محەمەد ڕووڕەشی دەرگانەکەی تۆم تۆبە بێ
هەرچی هەم بێ شک سەگی ئاسانەکەی تۆم تۆبە بێ
زەڕڕەیێ شوعلەی جەماڵت کائیناتی کردە نوور
هەروەکو زەڕڕە منیش پەروانەکەی تۆم تۆبە بێ
ئەنبیا هەرکەس بەئوممەتیانەوە وەک من ئەڵێن
ئینتزاری هیمەتی مەردانەکەی تۆم تۆبە بێ
ناسحی جوملە کتاب و جامعی جوملە کتاب
کافریش بم عاشقی قورئانەکەی تۆم تۆبە بێ
سەیری ئەعمالم ئەکەم دایم فوغان و نالەمە
گەر موفەڕڕەح بم لەسەر پەیمانەکەی تۆم تۆبە بێ
هەر بەئانێ کاشفی سیڕی سەماوات و مەلەک
من وەکو ئەفلاک و مەلەک حەیرانەکەی تۆم تۆبە بێ
خاتمەت کێشا بەفەرمانی هەموو پێغەمبەران
من وەکو مەهدی لە سەر پەیمانەکەی تۆم تۆبە بێ
جەژنی قوربانە، قەسابیش حازرە، خۆزگەم بەخۆم
خۆم و ئەولادم هەموو قوربانەکەی تۆم تۆ بەبێ
بێ کەس و حەیران و سەرگەردانە (حەمدی) وەک عەرەب
ئەلئەمان، دەستی من و دامانەکەی تۆم تۆبە بێ

هۆنراوەکانی حەمدی کە لەسەر شێوەی کۆن هۆنراونەتەوە دەکرێن بەپێنج بەشەوە: یەکەم دڵداری، دووەم ئاینی، سێیەم کۆمەڵایەتی، چوارەم نیشتمانی، پێنجەم ڕەخنە. ئەو گەلێ چوارینەشی هۆنیونەتەوە کە نزیکەی ٦٣ چوارینەن و لە دیوانەکەیدا تۆمار کراون و ئەم چوارینانە پڕن لە وردەکاری و گەلێ شیرین و پاراون، وەکو لەم چوارینانەدا دەڵێ:

١

شوکری خوا دەکەم کە گەیشتییە وەختی چاک
تا شەو نەڕۆیی، بانگی نەدا، نەبووە ڕۆژی ڕووناک



سوبحانە بەو زیایەوە سەدی سکەندەری
ئەترافی کوردی گرتووە ئەم ڕۆژی پاک

واتە: سپاسی خوا ئەکەم کە گەیشتینە وەختی چاک
شەو ڕۆیی و خوا ئەو ڕووناکییەی لێمان کردەوە
خوا پاکە و بەو ڕووناکییە بەندی ئەسکەندەری
بەچواردەوری کوردەواریدا کردەوە، بەڵام لە هیچ لایەکەوە یارمەتیمان نادرێ

٢

من بەزێو و زەڕ وتم بۆچی ئەدەی ئەی مەی فرۆش؟
مەی کە خالس نووری ئیمان ڕۆحی عەقڵە و گۆش و هۆش
پێی وتم ئەم عەقڵە کۆنە تۆ لەسەر دەرکە کە خەڵق
خۆ دەڵێن عەللامەیە گەر کاسە پڕ بێ و کەللە بۆش

واتە: من بەمەی فرۆشم وت بۆچی مەی بەزێو و زێڕ دەفرۆشن
مەی خۆ تیشکی بڕوایە و ئاوەز گوێ و هۆشی مرۆیە،
مەی فرۆش پێی وتم لەم ئاوەزە کۆنە لابدە، چونکە مەی هۆی بڕوایە
باهیچیش نەزانێ خۆ خەڵک بەهۆزانی دەزانن، ئەگەر کاسەکەی پڕ بێ لە مەی

٣

(حەمدی) خوا دەکەم بەسە بۆ ئیفتخاری من
دیوانیان لە مەجلیس دەکەن ئینتزاری من
یەک ڕووپەڕی جوابی سوئالی مەلەک دەدا
دیوانەکەم کیفایەتە بۆ سەر مەزاری من

واتە: ئەی (حەمدی) هەر ئەمە بەسە بۆ شانازیی من
ئەوانەی کە لە کۆڕەکاندا دادەنیشن چاوەڕوانی دەکەن
دیارە ڕووپەڕەیەکی دیوانەکەم وەڵامی فریشتەکان دەداتەوە
وە دیوانەکەم بەسە بۆ سەر گۆڕەکەم و ڕزگارم دەکا

حەمدی مەیگێڕ نامەیەکی هەیە کە لەوەدا گەلێ وشەی خواناسیی وەکو: مەی و بادەی تێدا بەکاربردووە، ئەڵبەت هەندێ لە هۆنەرانی تریشمان مەیگێڕنامەیان هەیە وەکو مەلا

پەرێشان (٧٥٧ – ٨٣٥ی کۆچی) کە بەڕاستی بەشاکارێکی وێژەیی دێتە ژمار، ئەمەش چەند هۆنراوێکی مەیگێڕنامەکەی حەمدی کە دەڵێ:

بەساقی بڵێن مژدەیی نەوبەهار
دەمی دا لە لێوی خەتی جۆیبار
هەڵدەقوڵێت و دەپژێ لە چەشمە و لە بەرد
چی ئاوی وەک ئەڵماسی خاڵی لە گەرد
خەرامان لە دەوری گوڵستان چنار
خەریکن دەکەن مەشقی باڵای یار
چڵی گوڵ بەپەنجە ئیشارەی چرۆ
دەدا غونچە دەردی دڵی بەسەمەن بۆ
لەسەر عاریزی گوڵ ڕیاحینی ڕەش
بەدامەن دەکا ئاتەشی غونچە گەش
قەدەح عەتر دەگێڕێ بەجامی سەحەر
بەبۆ کەوتووە نافی ئاهوویی بەڕ

واتە: مزگێنیی بەهاری نوێ بەمەیگێڕ بدەن چونکە ئەو گیانەکانی خستە سەر لێوی بۆ بەندایەتی ئەو ئاوە هەڵدەقوڵێت و دەپژێ لە سەرچاوە و لە بەرد وەکو ئەڵماسە و لە هەموو تۆز و خۆڵێک خاڵییە کاتێ شنەی بای بەهاران لە دار و چنار و گوڵ دەدا یار بەلەنجەولارەوە خەریکی خۆنواند نەچڵی گوڵ بەپەنجە و دیاردەی چرۆ دەجووڵێنەوە بەهۆی گوڵی یاسەمەنەوە لەسەر ڕوومەتی گوڵ بەهۆی بۆن و بەرامەیەوە بەداوێنی خۆی ئاگری خونچە گەشتر دەکاتەوە مەیگێڕ بەپیاڵەکەی خۆی بۆن و بەرامە و گوڵاو دەگرێ تەنانەت ئەوەندە بۆن و بەرامەی بەلاوەیە کە ناوکی ئاسکی دەشت دادەکەوێ.

سەرچاوەکان

١– شیعر و ئەدەبیاتی کوردی – بەرگی یەکەم – نووسینی ڕەفیق حیلمی – بەغدا، ١٩٤١.
٢– مێژووی ئەدەبی کوردی – نووسینی عەلائەدینی سەجادی – بەغدا، ١٩٥٢.
٣– گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات – ژمارە ٥ – بەغدا، ١٩٧١.
٤– گوڵ لە شیعری حەمدیدا – نووسینی د. مارف خەزنەدار – بەغدا، ١٩٥٧.
٥– دیوانی حەمدی – لەسەر ئەرکی جەمال حەمەومین – سلێمانی، ١٩٨٤.
٦– تاریخ السلیمانیة وانحاءها – تألیف: امین زکي بغداد، ١٩٥٤.



## مەلا مستەفای سافی

١٢٩٣ – ١٣٦١

ئەم هۆنەرەمان ناوی مستەفا و کوڕی کاک عەولا و نازناوی سافییە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٩٣ی کۆچی لە دێی هیران لە ناوچەی خۆشناوەکی کوردستانی عێراق پێی ناوەتە کۆڕی ژیانەوە. هەر لە منداڵییەوە لەلای باوکی خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بۆ خوێندن گەلێ خوێندنگای دێیەکانی خۆشناو گەڕاوە و ئەوسا ڕووی لە کۆیە و هەولێر و ڕەواندز کردووە و لەلای مەلا ئەحمەدی هۆمەر گونبەتی و مەلا ئەحمەدی ڕەش، وانەی خوێندووە. پاشان سەرێکی لە لاجان داوە و ماوەیەکیش لە پەسوێ ماوەتەوە و لە پاشا ڕووی کردووەتە سابڵاخ و لەلای قازی عەلیی سابڵاخی کۆتاییی بەخوێندنەکەی هێناوە و هەر لە ناوبراو ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٦١ لە تەمەنی شەست و هەشت ساڵیدا گیانی پاکی بەگیان ئافەرین ئەسپاردووە و بەپێی ڕاسپێریی خۆی لە ئەشکەوتی شێخ سلێماندا نێژراوە.

سافی یەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی سەردەمی خۆی بووە، وەکو دەڵێن هەر لە تافی جوانییەوە خەریکی هۆنینەوەی هۆنراو بووە و لەو دەمەدا شۆری ئەوینی گوڵەندامان و پەری پەیکەران ئەویان وەکو بوڵبوڵێکی سەوداسەر خستووەتە جریوە و ناڵەناڵ، و بەناچاری کەوتووەتە ناو دەریای دڵداری و خۆشەویستییەوە. وە بۆ سەلماندنی ئەو مەبەسە هۆنراوە تەڕ و ئاودارەکانی گرنگترین بەڵگەن، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پێویستە ئەمانەش لەبیر نەچنەوە کە دیمەنە خۆڕسکەکە دێی هیران بەتایبەت ئاوی شین و ڕەوان و هەوای فێنک و بووژانەوەی باخ و باخچە و ڕەزە دڵگرەکانی و گوڵزار و چیمەنە جوان و ڕەنگینەکانی کە وەکو بەهەشت وایە، سافییان کردووەتە بوڵبوڵێکی شەیدای ئەو ناوچەیە و دەستی کردووەتە هۆنراو هۆنینەوە، وە زۆرترین هۆنراوەکانی سافی بریتین لە: ئاینی و دڵداریەتی.

هەڵبەستەکانی سافی لەگەڵ ئەوەدا کە ڕەوان و پاراو و شیرینن، لە باری کێش و پاشلێشەوە دڵگرن، هەروەکو بوێژی بەناوبانگ کانی لە بارەیەوە دەڵێ:

ئوستادی غەزەل، سافییە جێگەی لە هیرانە
مەدحی چ بکەم، زاهیر و مەشهووری جیهانە

مەلا ڕەسووڵی بێتووشیش کە نازناوی مەنفییە لە بارەیەوە دەڵێ:

ئەوا ئیمانی پێت هێناوە مەنفی
بفەرموو مستەفای ئاخر زەمانم

ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەم هۆنەرە لێرەدا دێنین کە دەڵێ:

دڵی بولبولْ لە دەوری باخی گوڵ یاری نەکا چ بکا؟
لە تاوی خونچە هەردەم شیوەن و زاری نەکا چ بکا؟
زەمانی لەزەتی ڕۆیی و دەوری زیلەتی وا هات
ئیتر یاران لەمەولا ڕوو لە دڵداری نەکا چ بکا؟
لە ئاهی گەرمەوە وا لێو بەبار و هیشکە ئێستێکە
لە کانیی چاوەکانی خوێن و ئاو جاری نەکا چ بکا؟
شەوی هیجران خەیاڵی یار دەکا ئەسڵەن خەوی نایێ
بەیادی ڕۆژی وەسڵی حەز لە بێداری نەکا چ بکا؟
بەکفری زوڵفی ڕێی ئیسلامی بەستووە بۆیێ دڵ ئیستێ
وەکو سەنعانی دائم مەیلی زناری نەکا چ بکا؟
دڵم عەیبی نییە کەڕووی زەوی تەڕکا بەخوێنی ئەشک
بەئاهی دوودناکیش ئاسمان تاری نەکا چ بکا؟
لە لایێ فرقەتی یار و لە سووێی میحنەتی ئەغیار
لە هەردوو لا دڵی مسکین ڕجاکاری نەکا چ بکا؟
هەوای یاری لەسەر دەرناچێ ئەسڵەن لەو جەفای دووری
دڵە بێچارەکەم هەردەم وەفاداری نەکا چ بکا؟
ئەگەرچی بێ وەفا یارم جەفای دا ئەو دڵی مسکین
وەکو (سافی) لە بەدبەختی فیداکاری نەکا چ بکا؟

واتە: بولبولْ هەر بەدەوری گوڵا لە باخ و گوڵزار دەچریکێنێ و دەناڵێنێ و لە تاوی خونچەدا هەموو دەم دەگری و شیوەن دەکا، منیش لە دووریی یار هەر دەناڵێنم و لێوم باری گرتووە و ئەوەندە گریاوم کە چاوانم خوێنیان تێ زاوە، خزم و بێگانەش تانەم لێ دەدەن و یاریش بەزوڵفەکانی ڕێی بەمن بەستووە و منیش وەکو سەنعان زنارم خستووەتە ملم، بەم هەموو دەرد و ئێش و ئازارە هەوای یارم لەسەر دەرناچێ و دڵی بێچارەشم ئەمەکی خۆی دەنوێنێ، ئەگەرچی یاری بێ ئەمەکم ئازارمی دا، بەڵام دڵی بێچارەم وەکو سافی ئامادەیە کە خۆی لە ڕێی ئەو دانێ.



لە پارچە هەڵبەستێکی تردا بەم جۆرە بەیارەکەی هەڵدەڵێ و دەڵێ:

دڵبەری ناز پەروەری ڕوو ئەنوەری مەهپارەکەم
نەو نیهال، ئەبرۆ هیلال، شیرن جەماڵ، نازدارەکەم
مەهرڕوویی، موشکین موویی، چاو ئاهوویی، سەحرای خوتەن
سوور گوڵە، موو سونبوڵە، ماهی پەری ڕوخسارەکەم
جانی جانان، شاهی خووبان، ڕەهزەنی پیر و جەوان
گوڵ ڕووە، شیرین خووە، شۆخی شەکەر گوفتارەکەم
چاوی کاڵە، لێوی ئاڵە، ڕوو بەخاڵە، دڵبەرم
زوڵفی خاوە، لێم بەداوە، یارەکەی ئەغیارەکەم
چەندی بێ مەیلم دەکەی صەد هەندە مەفتوونم لەبۆت
جارێ ڕەحمێکت نەبوو دەرحەق دڵی خەمبارەکەم
ئەشکی چاوم ئەرزی داگرت دوودی ئاهم ئاسمان
بۆیە وا ڕەش داگەڕا لەو ئاهی ئاتەشبارەکەم
وا لە جێی نێشی خەدەنگت تا بەڕۆژی حەشرەوە
خوێنی لێ دەڕژێ بەدائم لەو دڵی زامدارەکەم
(سافیا) سا حاڵ پەرێشانم لە غایەت دەرچووە
ڕۆحەکەم ڕەحمێ بکە بەو شین و گریە و زارەکەم

واتە: دڵبەری نازپەروەرم ڕوومەتی وەکو مانگ دەدرەوشێتەوە، باڵای وەکو نەمام و برۆکانی وەکو مانگی یەک شەوە و ڕوومەتی وەک مانگ و قژەکەی ڕەش و چاوەکانی وەکو چاوی ئاسکی خوتەنە، بەڵێ یارەکەم وەکو گوڵی سوورە و پەری پەیکەرە و گیانی گیانانە و ڕێگری پیر و جوانە و شیرین خووە و شۆخوشەنگە و زوڵفی خاوە و بێبەزەیی و دڵڕەقە. وە خەم و پەژارە پشتی منی چەماندووەتەوە و پەرێشانی کردووە، دەسا ئەی خۆشەویستەکەم بەزەییت پێمدا بێ.

سەرچاوەکان

١– دیوانی صافی، کۆکردنەوەی گیوی موکریانی – هەولێر، ١٩٦٥.
٢– بەیازێک کە هەندێ لە هۆنراوەکانی سافی تێدا نووسراوە.

## مەلا محەمەدی کۆیی

١٢٩٣ – ١٣٦٣

ئەم هۆنەرەمان ناوی محەمەد و کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادەیە و بەمەلای گەورە ناسراوە. بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٢٩٣ی کۆچی لە کۆیە پێی ناوەتە کۆڕی ژیانەوە و لە تەمەنی پێنج ساڵیدا لەلای باوکی دەستی کردووەتە خوێندن و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و خەریکی خوێندنی فەقهی ئیسلامی و ڕێزمانی عەرەبی و لێکدانەوەی قورئان و ڕەوانبێژی بووە و لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا کۆتایی بەخوێندنەکەی هێناوە و بووە بەمامۆستایەکی پوختە و نازناوی (مەلای گەورە)ی پێ دراوە. ئەوسا پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک و پەڕتووک دانان بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٦٣ لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا گیانی بەگیان ئافەرین ئەسپاردووە و لە کۆیەدا نێژراوە.

مەلای گەورە هەر لە منداڵییەوە هەوەسێکی زۆری لەسەر هۆنینەوەی هۆنراو بووە و لە تافی جوانیدا گەلێ هۆنراوی هۆنیوەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی لە زانیاریدا گەیشتووەتە بەرزترین پلەوپایە، ئەوەیە کە زانیارییەکەی بەسەر هۆنەریەتییەکەیدا زاڵ بووە و ئیتر هەموو دەم خەریکی وانە وتنەوە بووە و زۆرترین پەڕتووکەکانی ئاینین و نزیکەی بیست پەڕتووکی بەزمانی عەرەبی و کوردی داناون کە گرنگترینی ئەوانە بریتین لە: دیاریی مەلا محەمەدی کۆیی، فڕی فڕی قەل فڕی، عەقیدەی ئیسلام تەفسیری قورئان بەکوردی.

هۆنراوەکانی مەلای گەورە کە زادەی ساڵانی نێوانی شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی، وەکو وێنەگرێک مێژووی ژیانی کوردەواریی لەو سەردەمەی بۆمان کێشاوە و بەیادگار بەجێی هێشتووە، بەڕاستی هۆنراوەکانی ئەم زانا هەرەبەرزەمان وێنەیەکی ڕاستی کۆمەڵی کوردەواریی سەردەمی خۆیمان بۆ دەنوێنن، و زۆربەی هۆنراوەکانی بەشێوەیەکی ساکار و سادە داڕێژراون و ئیتر ئەوەندە بایەخی نەداوەتە زەڕکەشیکردنی شێوە، وە بەڕازاندنەوەی وشەوە خۆی ماندوو نەکردووە، بەڵکو هەر وشەیەکی بەسەر زمان یا بیریدا هاتبێ هێناویەتە سەر قاقەز، ئیتر گوێی بەوە نەداوە کە وشەکە بێگانە یا خۆماڵییە، چونکە شێوەی نووسینی ئەو زەمانە لەو ڕۆژگارەدا وابووە. ئەوا نموونەیەک لە هۆنراوەکانی دەدوێنین:

تاکەی لە غەمت یەقەی کراسم بدڕم
نێزیکە لە دەرد و حەسرەتی تۆ بمرم



بۆ خاتری خوا لە پاشی مەرگم جارجار
ئاهێستە لە ڕووی وەفا وەرە سەر قەبرم
گەر مەرحەمەتێ بەمن دەکەی سابیکە
نەمماوە تەحەمولی جەفا چی دیکە
ڕۆژێکی ئەگەر خودا نەکا نەتبینم
بێ شک هەموو دونیا لە نەزەر تاریکە
ئەبرۆی ڕەش و کوڵمی سپی و چاو ماوی
ئەی دڵ عەجەبا ئەتۆ چۆن ماوی
بنوارە چلۆن چاوی لە من وەرگێڕا
نەک سوورەتی من بچێتە دوڕ ناو چاوی
ڕۆژێکی لە بێ چارەیی و بێ شەرمی
پێم وت سەنەما بەخوای ئەتۆ بێ ڕەحمی
ئاگات لە منی عاشق و بێ چارە نییە
بۆ حاڵی هەناسەساردی و دڵگەرمییە

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! تاکەی لە خەم و پەژارەت کراسی خۆم بدڕم، نزیکە لە دەرد و داخی تۆدا بمرم، بۆ خاتری خوا لە دوای مەرگم جارجارە بەئەسپایی وەرە سەر گۆڕەکەم و یادم کە، ئیتر بەزەییت پێمدا بێ و بەرگەی ئەم هەموو دەرد و ئازارە ناگرم، چونکە ئەگەر ڕۆژێک نەتبینم بێ شک هەمووی جیهان لە بەرچاوم تاریکە چاو و برۆت ڕەش و کوڵمت سپییە و سەرم سووڕدەمێنێ کە دڵم چۆن ماوە، ڕۆژێکیان پێم وت: ئەی دڵبەر بەخوا تۆ بێ بەزەییت و ئاگات لە منی گراو و ئەویندارى بێچارە نییە و دڵت بەهەناسەساردیی من ناسووتێ و لە وەڵامدا شتێکی نەوت.

زۆربەی هۆنراوەکانی مەلای گەورە کۆمەڵایەتین و داوای لە خەڵک کردووە کە خەریکی خوێندن بن و دەست لە سۆفیەتی و دەروێشی و مارگری و نەخوێندەواری هەڵگرن و گوڵی ئەم و ئەو نەخۆن هەتا دەتوانن بۆ بەهرە وەرگرتن لە زانست هەوڵدەن و فێری پیشەسازی و هونەر بن و بەگوێرەی زەمان ژیان بەرنە سەر، وەکو دەڵێ:

هەتا دەمرم لە بۆ کوردان دەناڵم
عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بەماڵم
فەقیر و جاهل و نەخوێندەوارن
لەلای نەوعی بەشەر بێ قەدر و خوارن

کەسێ قەدری لەلای خزمان نەمێنێ
لەلای بێگانە قەدری چیی ئەمێنێ
لەگەڵ یەک بەدڕەوشت و بەدنیهادن
لە بۆیە وا کەساد و بێ مورادن
لە عیلم و مەعریفەت ڕووتن بەکولی
خەیاڵی خاوە لایان فیکری میللی
حەسوودن بۆیە بازاڕیان کەسادە
نەزانن بۆیە تاعەتیان فەسادە
لەسەر عەردی ئەوی کوردی زبان بێ
لەلای وایە ئەبێ سووک و نەزان بێ
دەبێ حەماڵ و گاوان و شوان بێ
دەبێ زەبال و کەناس و سەپان بێ
دەبێ هەر ریش درێژ و پان و لوول بێ
دەبێ هەر عاجز و گرژ ر مەلوول بێ
مەلاکانیش لە حەقیان زۆر خەیانن
ئەوانیش هەر دەڵێی گەوج و نەزانن
لەباتی باسی دین و ڕوکنی ئیمان
مەلا بۆیان ئەخوێنێ مەدحی شێخان
ئەڵێ: شێخێ هەیە ساحب کرامەت
تکاتان بۆ ئەکا ڕۆژی قیامەت
گەلێ جاران دەچێتە فەوقی عەرشێ
ئەگەر حەزکا لەلای خوا دادەنیشێ
خولاسە چەند خورافاتێکی دیکە
مەلا نەقلی دەکا بەو فاک و فیکە
عەوامی قوڕ بەسەر وەک وائەزانن
جەنابی شێخ بەخزمی خوا ئەزانن
(مەلا) تۆ باسی خوایان بۆ بفەرموو
وەها باشە لە بۆ وان و لە بۆ توو

واتە: هەتا ئەو ڕۆژەی کە دەمرم دەبێ بۆ گەلی کورد بناڵم و نازانم چۆن چارەیان بکەم،



هەموو هەژار و نەزان و نەخوێندەوارن و لەلای گەلانی تر بێ قەدر و بێ ڕێزن، کەسێک کە ڕێزی لەلای خزم و کەسوکاری خۆی نەبێ، لەلای بێگانە چۆن دەبێ؟ گەلی کورد لە زانست و زانیاری دوورن و ئەمە خەیاڵی خاوە کە بیری نەتەوایەتی بکەنەوە، چونکە زۆربەیان بارهەڵگر و گاوان و شوان و گسکدەر و سەپانن و لایان وایە کە ڕدێن درێژ و قژ لوول بن چاکە و دەبێ هەروا بەگرژ و زەبوونی ژیان بەرنە سەر، مەلاکانیش لەجیاتی ئەوەی پەندی خەڵک دابدەن، ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ خەڵک شی بکەنەوە، کەچی باسی گەورەیی شێخ دەکەن و شتی پڕوپووچ دەڵێن و خەڵکی قوڕ بەسەریش لایان وایە کە مەلا ڕاست دەکا و شێخ بەخوا نزیکە.

مەلای گەورە زۆر حەزی لە زانیارییە نوێیەکان کردووە و خەڵکی هان داوە کە زانیارییە نوێیەکان لەگەڵ زانیارییە کۆنەکان بخوێنن و ئەوەندە بەدووی ڕێزمان و هەندێ پەڕتووکی تر کە کاتی مرۆ دەگرێ نەچن و هەر ئەوەندە کە ئەو زانیارییانە بۆ ڕوون بووەوە بەسە، وەکو دەڵێ:

| | |
|---|---|
| عیلمی تەبیعەت عیلمی خودایە | قالە و قوولە گشتی هەبایە |
| عیلمی کیمیات گەر نەخوێندووە | بەخوا نازانی خوا چیی کردووە |

سەرچاوەکان

١- دیاریی مەلا محەمەدی کۆیی - کۆکردنەوەی گیوی موکریانی - هەولێر، ١٩٤٩.
٢- فڕی فڕی قەل فڕی، دیاریی مەلا محەمەدی کۆیی - هەولێر، ١٩٤٦.

## تایەر بەگی جاف

١٢٩٥ - ١٣٣٧

ئەم هۆنەرە پایەبەرزە کە ناوی تایەر بەگ کوڕی وەسمان پاشای کوڕی حەمە پاشای کوڕی کەیخەسرەو بەگی جافە، بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە دەستمان دایە، لە ساڵی ١٢٩٥ی کۆچی لە شاری هەڵەبجەدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. هەر لە منداڵیدا باوکی دەینێتە قوتابخانە و لەوێدا فێری خوێندن و نووسینی زمانی فارسی دەبێ و ئەوسا میرزایەکی بۆ دەگرێ و فێری نووسین و وێژە و زمانی فارسی دەکا و لە پاشا دەڕواتە حوجرەی فەقێیان و خەریکی خوێندنی قورئانی پیرۆز و زمانی عەرەبی دەبێ و لە پاشان لە خوێندن دەست هەڵدەگرێ و پاشماوەی ژیانی بەهەڵسووراندنی کاروباری عێلەکەیەوە دەباتە سەر تا لە ساڵی ١٣٣٧ لە تەمەنی چل و دوو ساڵیدا لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی دەکا و بەپێی ئەسپاردەی خۆی تەرمەکەی دەبەنە گۆڕستانی عەبابەیلێ و لەوێدا دەینێژن.

تایەر بەگ با وەکو خوێندنێکی زۆر بەرزی نەبووە و لە زانکۆدا نەیخوێندووە، بەڵام زانا و تێگەیشتوو و ژیر و بەهۆش بووە. لە سەرەتای دیوانەکەیا کە لە ساڵی ١٩٣٤ لە چاپ دراوە دەڵێ:

پیاوێکی ئینگلیزی بەناوی سۆن لە گەڕانەوەکەیدا ڕێی دەکەوێتە کوردەواری و چەند مانگێک بەنۆکەری لەناو جافەکاندا دەمێنێتەوە و تایەر بەگ لەلای خۆی ڕای دەگرێ و ڕۆژێکیان لەجیاتی ئەوەی بڵێ نە، کوتوپڕ دێتە سەر زمانیدا و دەڵێ: نۆ. وە ئەمە تایەر بەگ دوودڵ دەکا و گەلێک تێ هەڵدەپێچێ کە ناوی ڕاستەقینەی خۆی بڵێ و ئەویش ناچار ڕاستی پێ دەڵێ: کە ناوم سۆنە و بۆ گەڕان و پشکنینی خۆرهەلات هاتووم و تا ئێستاش کەس پێمی نەزانیوە، ئەوسا تایەر بەگ دەری دەکا.

تایەر بەگ لە هۆنینەوەی هۆنراوی کوردیدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە، وە هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و جوان و دڵگرن، وە بەدوو زمانی کوردی و فارسی هۆنراوی هەیە و گوایە پەڕاوێکیشی بەناوی (ئەحمەدی) بەهۆنراو هۆنیوەتەوە کە بەداخەوە ئەم پەڕاوە تا ئێستا نەکەوتووەتە دەست.

تایەر بەگ لەسەر شێوەی هونەرەکانی کۆن هۆنراوەی هۆنیوەتەوە، وە لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە هۆنراوەکانی تایەر بەگ ئاوێنەیەکی بێ وێنەن لە وێنەکانی هۆنراوی کۆن، وە زۆربەی هۆنراوەکانی دڵدارین و سەبارەت بەجوانیی ئەوین و دووری و خەم و پەژارە و زوڵف و خەت و خاڵ و ئەگریجە و پەرچەمی یار وتراون و، بەدەگمەن لە بارەی مەبەستی ترەوە دواوە و زۆر کەم باسی کۆمەلایەتیی کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا گەلێ وشەی جوان و ساکاری کوردیی لە هۆنراوەکانیدا بەکاربردوون.

وەکو دەڵێن تایەر بەگ هەموو دەم ئەنجومەنی وێژەییی پێک هێناوە و هۆنەرانی سەردەمی خۆی بانگ کردووە و سەبارەت بەوێژە و زمان دواون، کاکە حەمەی ناری یەکێکە لەو هۆنەرانە کە گەلێ جار لە ناو ئەو ئەنجومەنانەدا بەشداریی کردووە.

تایەر بەگ گیرۆدەی هۆنراوەکانی حافز و سەعدی و کەلیمی هەمەدانی و مەولەوی و وەلی دێوانە و نالی و سالم بووە و زۆر حەزی لە هۆنراوی ئەم هۆنەرانە کردووە و پتر کاتی خۆی بەخوێندنەوەی دیوانی ئەم هۆنەرانە بردووەتە سەر و لە هۆنراوەکانی چێژ و چەشکەی وەرگرتووە.

وا دیارە تایەر بەگ هەر لە سەرەتای لاویەتییەوە گیرۆدەی داوی ئەوینی پەریزادە و گوڵەندامێکی کچە جاف بووە کە بۆیە ئەو هەموو هۆنراوانەی بەقەد و باڵایدا هەڵی گرتووە. لە پارچە هەڵبەستێکدا کە لە سەرەتای دیوانەکەیدا هاتووە، بەتانوپۆی جوانی و



شۆخوشەنگیی دڵدارەکەیدا هاتووەتە خوارەوە و ڕوومەتی یارەکەی بەمانگ و لێوی بەشەکر و چاوی خۆی بەڕووباری سیروان چواندووە، وەکو دەڵێ:

قوربانی ڕوخت بم کە شکستی بەقەمەر دا
حەیرانی لەبت بم کە ڕەواجی بەشەکەر دا
هەر لەحزە ئەدەی وەعدەی وەسڵ و نییە ئەسڵی
کارت وەکوو دونیایە هەر ئەمڕۆیە بەفەردا
مەقسوودی لەسەر کوشتنی عوشاقی زەعیفە
وەختێ کە دەکا خەنجەری تیژی بەکەمەردا
هەرچەندە دەکەم سەعی لەبەر خوێنی سرێشکم
خاکێ نییە بیکەم بەهەوەس، گاهێ بەسەر دا
ناحەق نییە ناوەستێ ئەگەر پردی تەحەمول
سیروانی سریشکم کە ئەکا هاژە لەسەردا
دڵ ڕۆییوە لە وجوودم بەخەیاڵت
دایم لە سەفەر دایە، ئەگەرچی لە حەزەردا
مەیلت هەیە (تایەر) کە بپرسی لە برینم
بڕوانە کە ئەو شۆخە چ تیرێکی لە جیگەر دا

تایەر بەگ، هەروەها کە وتمان لە هۆنراوی دڵداریدا زۆر بەدەسەلات بووە و هۆنراوی گەلێ سوارە و لەم ڕشتەیەشدا بەڕاستی سەرکەوتووە. لە پارچە هەڵبەستێکیدا ڕوو دەکاتە دڵدارەکەی و پێی دەڵێ: ئەی خۆشەویستەکەم، بەڕاستی ناتوانم بەڕەنگ و شێوەتا هەڵبڵێم، چونکە بەهەموو جۆرێک دەبریسکێتەوە و، قژ و زوڵفەکانت وەکو تاریکەشەو ڕوومەتی گەشت دادەپۆشن، ئەوا کۆڕێکم بۆ خۆم ساز کردووە و تۆیش وەرە و بادە و مەیم بدەرێ با بەزمەکەم گەرم بێ، لەو ڕۆژەوە کە چاوم پێت کەوتووە، بەجارێ مات و سەرگەردانت بووم، بەتایبەت لێوت کە وەکو لاڵی بەدەخشان ئاڵە و پاسەوانی دەم و ددانتە و، سپای برژانگ و ئەگریجەکانت دەڵێ لە بەرابەری نەیارەوە ڕاوەستاون، بڕوا بکە وەکو فەرهاد لە ڕێی ئەویندا پەریشان و ئاوارە بووم کەچی بڕۆکانت لەگەڵ مندا شەڕیانە، کەوابوو لات وا نەبێ کە تایەر مات و خامۆشە، بەڵکو ئەو شێت و دێوانەی ڕوومەتی جوانی تۆیە، وەکو دەڵێ:

ئەی پەرتەوی ڕەنگت وەکو ڕەنگی هەمەڕەنگە
خاڵت بەمەسەل زوڵفی سیاهت شەوەزەنگە

بەزم و تەرەب ئامادەیە ساقی مەیێی فەرموو:
دەنگی دەف و ناڵەی نەی و ئاوازەیی چەنگە
لێوت کە وەکو لەعلی بەدەخشانە بەئاڵی
گەنجووری نیگەهبانی دەهان و دەمی تەنگە
تابووری موژانت لەگەڵ ئەگریجە بەرابەر
وەستاوە ئەڵێی لەشکری ژاپۆن و فەرەنگە
سەد نامی خودا بێ لە دوو پستانی ئەنارت
گرد و شلک و نازک و پڕ چنگ و قەشەنگە
سەیدی دڵی من خەستە و خوێنینە بەقوربان
پێکراوی موژەی تۆیە، نە کوژراوی تفەنگە
سەرگەشتە و ئاشوفتەیی عەشقم وەکو فەرهاد
کێوم بەدەن و سینە و سەر، پەنجە قوڵنگە
چاوت بەمەسەل ئافەتی دڵهایە وەلیکن
بۆچ وایە کە ئەبرۆیی کەچن مەیلی بەجەنگە؟
عاجز بوو کە ڕووم خستە بەری پێ وتی پێم:
ئەی ئەبلەهەکە! کەی ماڵشی ئاوێنە بەسەنگە؟
مەنعی مەکە (تایەر) کە ئەگەر مات و خەمۆشە
دێوانەیی ڕووی تۆیە، نە شێت و نە دەبەنگە

بەبێ شک تایەر بەگ بەهۆی خوێندنەوەی پەڕتووک و نامیلکەوە لە وێژە و پیتۆڵی و ئایندا شارەزا بووە و ئەم ڕاستەقینە لە هۆنراوەکانی ئەودا دەردەکەوێ. هەروەها لە شێوەکانی هۆنراودا مرخی خۆی تاقی کردووەتەوە و بەڕاستی ئەمەشی بەچاکی ئەنجام داوە، وە هەڵبەستەکانی ئەو زۆر سادە و ڕەوان و دڵگرن. ئەوا پارچە هەڵبەستێکی تری تایەر بەگ دێنین کە وێنەیەکی بایبدارە لە هۆنراوی کلاسیکی کوردیدا وەکو دەڵێ:

دڵ نەخۆشی دەردی هیجرە جانی جانانم وەرە
لەت لەتە جەرگ و هەناوم ماهی تابانم وەرە
عیللەتی دەرد و شەفاکەم وا بەلێوی شەکەرت
مایەیی ژین و حەیاتم دەرد و دەرمانم وەرە
سەد شوکر دووبارە جەژنە وەختی عەیش و شادییە
بۆ بەلا گەردانی بالآت قوچی قوربانم وەرە



دڵبەرەی قەد عەرعەرەی بێ ڕەحمەکەی بەدبەختەکەم
دڵڕفێنەی شۆخەکەی بێ عەهد و پەیمانم وەرە
نازەنینەی سوخمە ئاڵە دیدە مەستی کەچ کولاە
گوڵ عیزارەی شۆخوشەنگەی شاهی خوبانم وەرە
خانە وێرانم لە دووریت ڕەهزەنی ئیمان و دڵ
زینەتی بەزم و سەریرم شەمعی دیوانم وەرە
چونکە سایەی چەتری زوڵفت دوور لە فرقەی فرەقمە
سینە پڕ خوێن و زوخاوم دڵ پەرێشانم وەرە
دوور لە باڵای نەونەمامت زامی جەرگم نارییە
وەک عەرەب سەد جار دەخیلەک زووبە لوقمانم وەرە
کەس نییە سابت قەدەم وەک من لە داوی عەشقدا
بۆ سپاهی غەمزەکانت مەردی مەیدانم وەرە
گەر دەپرسی حاڵەتی من بۆ فراقت پێت بڵێم
هەر وەکو (تایەر) هەمیشە دیدە گریانم وەرە

ئامانجی تایەر بەگ لە هۆنینەوەی هۆنراوە دڵدارییەکانی گەیشتن بەیاری ڕاستەقینەیە کە دەبێ لەم ڕێگەدا مرۆ گەلێ ئەرک و ڕەنج و سەخڵەتی بکێشێ تا بتوانێ بەئارەزووی دڵی خۆی بگا، لەم گێرە و کێشەدا پەناگای گەورەی هۆنەر کەعبەی دڵە و نزیکترین ڕێ بەرەو مەڵبەندی یار ڕێگای دڵە، چونکە دڵ جێگای ستاری خوایە تایەر بەگ کە بەدەردی ئەوینەوە گرفتار بووە، ئێش و دەردی دووریی یار تەنگی پێ هەڵچنیوە و ئەوەیە کە داوای لێ دەکا کە بێت و وەکو پەلکە ڕەنگینە دەست بخەنە مل یەک و لە تەنیشت یەکەوە دانیشن و بەیەک شاد بنەوە وەکو دەڵێ:

تابەکەی قوربان بناڵم من بەئێش و دەردەوە؟
دەس بەئەژنۆ، قوڕ بەسەر دایم بەئاهی سەردەوە
ڕۆژی ئەوەڵ بوو کە زانیم من ئەبێ دێوانە بم
عاشقی تۆ نەوعی مەجنوون وا بەکێو و هەردەوە
مەرحەمەت کە زوو بڕۆ قاسید بڵێ دەردی دڵم
نازی پاپۆچت ئەکێشم من بەتۆز و گەردەوە
هەر وەکو قەوس و قەزەح با دەس لە گەردن دانیشین
تۆ بەسوخمەی ئاڵ و سەوز و من بەڕەنگی زەردەوە

یەک نەفەس چاکی نەهێنا کەعبەتەینی بەختەکەم
شەش دەرم گیراوە داماوم بەدەستی نەردەوە
ئیلتیماسی (تایەر)ی بێچارە قەت سوودی نییە
تۆ کە دایم شەڕفرۆش بی بەو دڵەی وەک بەردەوە

تایەر بەگ لە پارچە هەڵبەستێکی گلە و گازندە لە بەخت و چارەنووسی خۆی دەکا و دەڵێ: ئەگەر چارەنووس نەبووایە من لەبەر چی شەو و ڕۆژ لەبەر دووریی یار دەبێ هەر بناڵێنم و بەئێش و دەردەوە ژیان بەرمە سەر و ئەویش لایەکم لێ نەکاتەوە. با لە زمانی خۆیەوە ببیسین کە دەڵێ:

موقەدەر گەر نەبێ ئاخر لە مێهری مەهڕوخانم چی؟
لە نالە ناڵی نیوەشەو، لە ئاهی بەربەیانم چی؟
نیشانەی ئیفتخاری من لە سینەم داغی هیجرانە
بڕۆ ئەی ناسیحی موشفق لە روتبە و یا نیشانم چی؟
غەرەز وابوو موقابل کەم لەگەڵ گوڵڕەنگی ڕوخسارت
وەگەر نەبێ قەدی سەروت لە سەیری گوڵستانم چی؟
کە من مێحرابی ئەبرۆی تۆ مەقامی سوجدەگاهم بێ
ئیتر وەک زاهدی خودبین لە مەوعدی جنانم چی
شەوم وەک ڕۆژی ڕووناکە لە شوعلەی ڕوومەتی ئاڵت
بەڵێ یەکبارە با ون بێ لە ماهی ئاسمانم چی؟
بەنەی ڕەنگی فەلەک جانا لە دڵما دەرنەچوو مێهرت
کە من یەک ڕەنگ و یەک نەوعم لە تەبدیلی زەمانم چی؟
بە من نادرێ تەفسیری ئایاتی سەری کوڵمت،
گرانە (تایەر) بۆ من لە تەفسیل و بەیانم چی

تایەر بەگ لە هۆنینەوەی هۆنراو بەزاراوەی هەورامیشدا دەستێکی بەرز و باڵای بووە و زۆربەی ئەو هۆنراوانەی کە بەم زاراوە هۆنیویەتەوە لەسەر کێشی خۆماڵییە و زۆربەی هۆنەرانی هەورامی هەر بەم کێشە هۆنراویان هۆنیوەتەوە. تایەر بەگ لە پارچە هەڵبەستێکیدا پەیڕەویی لە چەکامەیەکی وەلی دێوانە کردووە کە چەکامەکەی وەلی دێوانە بەم جۆرە دەست پێ دەکا:

دەلیل شەم نەدیت، دەلیل شەم نەدیت
جە لێلاخ ئامای سپی شەم نەدیت؟



تایەر بەگ لەم پارچە هەڵبەستەیدا بەبای شەماڵ دەڵێ:

شەماڵ کاتێ کە دەهاتی یارەکەمت نەدی؟ ئاسکی خوتەنی و گوڵەندان و سۆسەن و باڵای عەرعەری و شابازی مەریوان و نازداری خێڵان و شۆخوشەنگی بێ ئەمەکت نەدی؟ دە یاخوا هەر یارێک کە بێ ئەمەکە، هەروەکو تایەر دەردەدار بێ. با لە زمانی خۆیەوە ببیسین کە دەڵێ:

شەماڵ یار نەدیت، شەماڵ یار نەدیت؟
وەختێ تۆ ئامای دیدەی یار نەدیت؟
ئەو دیدەی سەیوان پڕ خومار نەدیت؟
ئەو تورەی چین چین سیاتار نەدیت؟
دڵدار دڵبەر ستەمکار نەدیت؟
ئاهووی خوتەنی وەش ڕەفتار نەدیت؟
ئەو پەنجەی قرمز حەنایی نەدیت؟
ئەو نوور دیدەی بینایی نەدیت؟
گوڵ ڕووی گوڵ چێهرەی گوڵ ئەندام نەدیت؟
سۆسەنی کلاف موشکین فام نەدیت؟
لیمۆی نەوڕەس مەمانش نەدیت؟
ئەبرۆی سێف ئاسای کەمانش نەدیت؟
بالای عەرعەری سەرو ئاسا نەدیت؟
شۆخ دیدە مەست بێ وەفا نەدیت؟
باز مەریوان هەڵۆ خۆ نەدیت؟
نازدار خێڵان فتنە جۆ نەدیت؟
نەدیت تۆ بەیۆ بەعیشوە و نازێ
بپەرسۆ ئەحواڵ من لە ڕێوازێ
تەحقیق بۆ شەماڵ ئەو شۆخوشەنگە
نەدیدەی شاباز ئەو دڵ چون سەنگە
یاشا هەر یارێ بێ وەفا و مەیلەن،
دەروون وە بادەی بێ مەیلی کەیلەن
دایم گرفتار ئاه عوشاق بۆ
نەسیبش دایم تاڵیی فراق بۆ

بەوێنەی (تایەر) هەر دەردەدار بۆ
دیدەی مەخموورش دایم بیمار بۆ

تایەر بەگ لە هۆنینەوەی هۆنراوی ئاینیشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە، لە چەکامەیەکیدا بەچەشنێکی جوان و مامۆستایانە ستایشی پێغەمبەری گەورەی ئیسلامی کردووە و ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە تایەر بەگ بڕوایەکی قایمی ئاینیی هەبووە بۆیە لە جۆشی کوورەی دەروونییەوە دەڵێ:

مەتلەعی سوبحی سەعادەت، مەزهەری سیدق و یەقین
ئەی سپەهسالاری فەوجی ئەنبیا و و مورسەلین
بۆ نەوازش زاتی حەق هەم سوحبەت و هەم دەنگی تۆ
شاهیدی تەعزیمی تۆ بوو یاوەری روحولئەمین
موشکی تۆزی دامەنت عەتری دەماغی ئەتقیا
یەعنی بۆ تەئسیری بینش عەینی سورمەی خاک بین
ڕوو لە کێ کەم غەیری تۆ، ئەی شافعی زومرەی ئەسیم؟
من گوناهبار و خەجاڵەت، تۆ (شفیع المذنبین)
خۆم لە قوڕ بگرم بەجارێ هەر لە پێ تا تەوقی سەر
بەڵکو لوتفی شاهی لەولاک بێ نەجاتم دا لە شین
موستەحەقی تیر و تانەی ئاشنا و بێگانە خۆم
واجبی ڕەحمم بەسە (یا رحمە للعالمین)
ڕووت و قووتی مەحشەر و بێ سایە و و ئاوارە خۆم
مەزرەعەی عەفووی خودا نابێ ببێ بێ خۆشە چین
حەسرەتا مەئیووسی شەهد و زیارەتی شەباکی خۆم
بۆ نەڕێژم ئەشکی ئاڵ و ئاوی گەرم و ئاتەشین
ئەی حەبیبی خالقی عالەم تەرەحوم تا زووە
ئەو سەگی ئەسحابی کەهف و من سەگێکی تابعین
ڕوو لە قاپی مستەفا کە بێژە یا (خیر البشر)
نیمە تۆشەی ڕێگە جوز ئیخلاسی ئالی (طاهر)ین

تایەر بەگ دیوانێکی بەرز و گەورەی هەیە و هێشتا لە چاپ نەدراوە، بەڵام کۆمەڵە هۆنراوێکی بەناوی دیوانی تایەر بەگ لە ساڵی ١٩٣٦ چاپ کراوە و گەلێ هەڵەی تێدایە.



سەرچاوەکان
١– دیوانی تاهیر بەگ، لەسەر ئەرکی غەفوور بەکر – سلێمانی، ١٩٣٦
٢– دیوانی تاهیر بەگ، لەسەر ئەرکی حەمەمین عەسری – بەغدا، ١٩٥٣.

## مەلا عەبدوڵڵای زێوەر

١٢٩٥ – ١٣٦٨

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەبدوڵڵا و کوڕی محەمەد مەلا ڕەسووڵە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتووەتە دەستمان، لە ساڵی ١٢٩٥ی کۆچی لە شاری سلێمانیدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە، هەر لە سەردەمی منداڵیدا خراوەتە بەر خوێندن و قورئانی پیرۆز و پەڕاوە وردەڵەکانی فارسیی خوێندوون و ئەوسا چووەتە فەقێیەتی و ماوەیەک لە مەریواندا بووە و ماوەیەکی زۆریش لە بانە و سابڵاخ خوێندوویەتی و ئەوسا گەڕاوەتەوە بۆ هەولێر و کەرکووک و لە پاشا لە سلێمانی خوێندنەکەی تەواو کردووە و پاشان ڕۆیشتووەتە ئەستەمووڵ و چوار ساڵێک لەوێدا ماوەتەوە و لەگەڵ زاناکاندا هەڵسوکەوتی بووە و لە پاشا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٤٨ لە تەمەنی حەفتا و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە گردی سەیواندا نێژراوە.

مامۆستا زێوەر یەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کوردە و گەلێ هۆنراوی بەرز و جوان و شیرینی هەیە و لە هەموو بارێکەوە هۆنراوی داناوە و زۆربەی هۆنراوەکانی سادە و ڕەوانن، وە لە ڕێگەی هۆنراو و وێژەوە، گەلێ ڕاژەی کردووە، جگە لەمانەش چەند نامیلکەیەکی ئاینی و کۆمەڵایەتیی بەزمانی کوردی نووسیون کە پلەوپایەی زانستیی ئەو دەگەیەنن. مامۆستا زێوەر بەزمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکییش ئاشنایی و شارەزاییی هەبووە و بەم سێ زمانەش هۆنراوی هۆنیوەتەوە.

مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە پەڕاوی: «مێژووی ئەدەبی کوردی»دا سەبارەت بەهۆنەریەتی مامۆستا زێوەر دەڵێ: زێوەر هەر لە دەوری منداڵیدا بێجگە لە دیمەنەکانی کوردستان و شاخی ڕەنگاوڕەنگی وەختی بەهاران تام و بۆنی هۆنراوەکانی مەولەوی و نالی لە هەموو دەمارەکانیدا هاتوچۆیان کردبوو، دیوانی هۆنەرە فارسەکانیش کە ئەمانە بەفەرمانی سروشت بڵاوبووبوونەوە، هەستی عەبدوڵڵایان وا لێ کردبوو کە باوەش بەئاسۆی هۆنراودا بکا، وایان لێ کردبوو پەیکەرێکیان لە دوورەوە بۆ دانابوو ناویان نابوو «پەیکەری هۆنراو» بۆ ئەم خۆ بۆ باوێژێ. جا بەم بۆنەوە لە پێشا هات «زێوەر»ی کرد

بەناوی هۆنراوی خۆی و کەڵکەڵەی بەرزی بەوتەی جوانی خۆی زێوەر ئارا کرد، لەبن دەست ئەمانەشەوە، ستەمی عوسمانییەکان ئەوەندەی تر دڵیان هێناوەتە کوڵان لە کاتێکدا، کە دەڵێ:

ئەم وەقتە کە پڕ فتنە و ڕێی بەستنە ئێستا
خۆشی کە ببێ مردنە، یا نووستنە ئێستا
دوو یاری وەفادار و بەبێ غەش نییە هەرگیز
هەرچی کە تەماشای ئەکەم دوژمنە ئێستا
ئاشووب و بەلا و فتنە وەکو تەرزە ئەبارێ
هەر جەردەیی و هەر دزی و کوشتنە ئێستا

زێوەر وەکو هۆنەرانی تر سەرەتا کەوتووەتە داوی ئەوینی ڕوومەت گوڵانەوە، بۆیە دەستی کردووەتە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداری، بەڵێ وا دیارە گوڵ پەیکەرێک بووەتە هۆی هەڵقوڵینی هۆنراوی و ئەوسا کەڵکەڵەی وردەکاری کەوتووەتە مێشکییەوە و لە هۆنراودا بەجارێ دەری بڕیوە، بۆیە بەم جۆرە بەدڵدارەکەیدا هەڵدەڵێ:

تکانی ئابڕووی چەمەن بەڕووی ئابدارەوە
شکانی نرخی نەستەرەن بەزوڵفی موشکبارەوە
چمە لە مەی؟ لە نەی! لە جام ئەگەر بەلەنجە بێتە لام
بەڕوویی تابدارەوە، بەچاوی پڕ خومارەوە
عەرەق نییە لە عالەما، کە لابەرێ لە دڵ غەما
جگە لە قەترە عارەقێ لە ڕووت کە دێتە خوارەوە
نیشانی من، جەماڵی تۆ، بەراتی من، ویساڵی تۆ
خەیاڵی من لە خاڵی تۆ، بەعیشوە لێم مەشارەوە
عەزیزەکەی حەبیبی من، نیگارەکەی تەبیبی من
با شەق بەرێ ڕەقیبی من، وەرە بەسەد ویقارەوە
فیدای خەد و قەدی تۆ، چەمەن بەفەوجی گوڵیەوە
بەبولبول و بەچڵیەوە، بەقومری و چنارەوە
فەرەنگ ڕوو و زەنگ موو، عەجەم سیاق و ڕووس خوو
ئەناسرێ کە کوردە زوو، بەپێچی لار و خوارەوە
نیشانی زوڵفی عەنبەری، هەموو وڵاتی گوڵعومەر
بەعەرد و بەرد و دارەوە، بەئاوی سەرچنارەوە



ئەمن گەیاندمە ئەنوەری، فنوونی شیعر و شاعری
ئەتۆش گەیانتە سامری بەچاوی سیحر کارەوە

مامۆستا زێوەر سەبارەت بەمەبەستی کۆمەڵایەتی گەلێ دواوە، ڕێ و ڕەوشتی چاک و خراپی خەڵکی خستووەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە و گەلێ ئامۆژگاریی خەڵکی کردووە و ڕێی چاکی پیشان داون و ئەو کارەی کە خراپ هاتووەتە بەرچاوی داوای لە خەڵک کردووە کە خۆیان لێی لادەن و تووشی خراپە نەبن، لە پارچە هەڵبەستێکیدا کە لە سەردێڕی، «عەرەق ناخۆم» هۆنیویەتەوە، بەتەواوی دەریدەخا کە عارەق بۆ کۆمەڵ زیانێکی زۆری هەیە و بنیادەم تووشی نەخۆشیی جۆر بەجۆر دەکا و ئەوەیە کە مرۆ دەبێ بەقسەی خوا و پێغەمبەر بکا وەکو دەڵێ:

عەرەق ناخۆم کە تووشی دەردی سەر بم
گرفتاری هەزار دەرد و خەتەر بم
هەچی خوا حەز ئەکا ئەیکەم بەبێ دەنگ
ئیتر بۆ شەرمەزاری ناو بەشەر بم؟
عەرەق ناخۆم کە ژینم کورت و کەم بێ
بەجوانی بۆچی من تووشی زەرەربم؟
عەرەق ناخۆم کە دووچاری وەرەم بم
هیلاکی خەستەگی قەلب و جگەر بم
عەرەق ناخۆم کە بێ هۆش و خیرەد بم
لە حاڵی دۆست و دوژمن من بێ خەبەر بم
عەرەق ناخۆم لە قاقا و پێکەنینم
بەجارێ مەسخەرەی ئەهلی نەزەر بم
ئەگەر فەزڵ و هونەر لەم کارە دایە
لە خوا خواستم وەهایە بێ خەبەر بم
لە بۆن و بۆگەنی بێزارە تەبعم
فیدای ئەمری خوا و پێغەمبەر بم

مامۆستا زێوەر لە پارچە هەڵبەستێکی تریدا دەڵێ: سەرچاوەی ئاوێکی ڕوون و ساردی کوێستانەکانی کوردستان و ڕابواردن لە سەیرانگەکانی پڕ لە گوڵ و گوڵزاری وڵاتدا، هەموو جیهان دێنێ، من چیمە لە جلوبەرگی هەندەران، بۆچی ڕانک و چۆغەی دەستکردی مەڵبەندەکەم لەبەر نەکەم؟ وە لە جێی کۆشک و تەلار و دەردی سەری شارە گەورەکان بۆچی

لەسەر کێوانی بەرز و خۆشدا لە کەناروەکانی ڕووبار و کارێزدا دانەنیشم و ئاوی ساردی کانیی مەڵبەندەکەم نەخۆمەوە و تەماشای ئەو دیمەنە جوانانە نەکەم کە پڕیە لە شیناوەردی و گوڵ و گوڵزار و پەلەوەرانی جۆر بەجۆر و هەوای فێنک، وەکو دەڵێ:

من چیمە لە فاسۆنی فەرەنگ چۆغەیی لیوی
تا شاڵی مەرەز یانە خوری بێتە قوماشم
دانیشتنی سەرچاوەیی ئاوانی چیاکەم
نایدەم بەهەموو موڵکی جیهان گەرچی گەداشم
بۆ سەیری گوڵ و مێرگی نزاران لە بەهاران
چاوم وەکو نێرگس گەشە مەفتوونی هەواشم
داخم ئەوەیە هاووەتەنم زۆری نەزانن،
بەم دەردەوە ئەتلێمەوە، ئاو کەوتووە ئاشم

مامۆستا زێوەر سەبارەت بەئابوورییش گەلێ هۆنراوی داناون، لە پارچە هەڵبەستێکیدا ڕوو دەکاتە وەرزێرێک و دەڵێ: مامە تۆ دەبێ سپاسی خوا بکەی کە چاو و لەشت ساغە و لە دێدا چەن ڕەز و بەراوت هەیە، تووتنەکەت با نەیکڕن، مازوو و گەزۆ و پێستە و خوری و شاڵی زۆر جوانت هەیە و هەموو کەسێک کڕیارییەتی، جگە لەمانەش دەتوانی بچی بۆ شکار و دەڵەک و ڕێوی و سەگلاو بۆ پێستەکەیان شکار بکەی، وە ئەگەر دەزانی خەرجت زۆرە، چایی دەم مەکە، چونکە هەرچی میوەی ناو بەهەشتە تۆ لەبەر دەستت دایە، هەر لە کاڵەک و هەرمێ و بەهێ و هەنجیرەوە بیگرە تا میوەی ترت هەیە، دەتوانی کەڵکی لێ وەرگری و لێشی بفرۆشی، کەوشی شبراو (قۆندەرە) نەبێ کاڵە و کڵاش و پێتاو لە پێ کە، هەر ئەمانەش بەرگەی ناو بەفر و قوڕ دەگرن وەکو دەڵێ:

مامە هۆمەر سەد شوکر تۆ قووەت و چاوت هەیە
هەر لە دێیەک چەن ڕەز و عەرد و بەراویشت هەیە
تووتنەکەت قیمەت نەکا سەد ئیشی تر بۆت قابلە
دێبەرت زەرعی پەمووکەی ئاوەڕێس جاوت هەیە
تووتنەکەت قیمەت نەکا مازوو، گەزۆ، پێستە و خوری
شاڵی زۆر جوان و نەجیبی دەشتی خۆشناوت هەیە
قۆڵ لە پەستەک هەڵکێشە و بچووە کێوی بۆ شکار
بۆ تیجارەت وەک دەڵەک، وەک ڕێوی سەگلاوت هەیە



خەڵکی گوندی ڕۆخی زێی بادین و کۆی وانێک بیە
تۆش فەقەت زۆر گۆشتی ماسی و پێستی سەگلاوت هەیە
شازدە کوندەی قوڕ و پێنجسەد بەر چنار بوو بەکەڵەک
هەر بەبا ئەڕواتە بەغدا چونکە تۆش ئاوت هەیە
مەسرەفت گەر زۆرە چایی لێ مەنێ بۆ داعیە
باسوق و سجووق و گوێز و مێوژە خۆڵاوت هەیە
هەرچی میوەی ناو بەهەشتە تۆ لەبەر دەستتا هەیە
کاڵەک و هەرمێ و بەهێ هەنجیری ڕێژاوت هەیە
عادەت و چاولێکەری وا، چای بەحورمەت کردووە
فەزڵەیە بیخۆیتەوە، دۆشاو و خۆشاوت هەیە
قۆندەرە و پۆتین نەبێ کەوشی سلێمانی و کڵاش
وەختی بەفریش کاڵەی گازەرد و پێتاوت هەیە
تووتنەکەت قیمەت بکا ئەو پارەیەیش بۆ تۆ نییە
قەرزی کوتاڵ و شەکر تۆش گەنجی ناو ئاوت هەیە
بەو سەر و پێچە زلە و پشتێنە هەشتا زەرعییە
بەو کوڵەنجە مەخمەرە لۆچی ئەتۆیش ناوت هەیە

مامۆستا زێوەر گەلێ هۆنراویشی بەسروشتدا هۆنیوەتەوە، ئەو سروشتە جوانەی کە بەفەرمانی پەروەردگار نەخشاوە و بەهار و هاوین و پایز و زستانی بۆ بەرەی مرۆ بەدی هێناوە تا کەڵکی لێ وەرگرن و تیایا بحەسێنەوە. ئەوا پارچە هەڵبەستێکی دێنین کە لەسەر دێڕی زستان هۆنیویەتەوە و بەڕاستی زۆر بەرز و ڕەوان و شیرینە.

زستان وجوودی ساغە، دەماری بەقووەتە
ئەمڕۆ کە بیست و پێنجی شوباتە شەبابییە
ئەم هاژە هاژ و بارشە عوود و ڕووبابییە
دەرحەق فەقیر و کوێر و هەتیو بێ مرووەتە

***

دونیا بووە بەبەحری سپی، شاخ و شێو و دەشت
ناو دێ جەزیرەیەکی ڕەشە چەشنی ماڵتەیە
ئەم بەفرە بەفری ڕاستە نەوەک بەفری گاڵتەیە
ڕێگای بڕاوە ڕان، کە لەوێوە بچێتە گەشت

گەردن کەچی سوپاهی زستانە شاخ و دار
سەرشۆڕ و بێ تەراوەت و بێ مەنزەرەی جوان
بێ سەوزەزاری ڕێگەیی ئاوی سپی و ڕەوان
بێ قاسپە قاسپی کەبک و بەبێ نەغمەیی هوزار

***

هەستان بەلەرزە لەرزەوە تا ئاستانی شا
زستان کە شاهی لەشکرە بەشکوو بکا دەوا
عالەم لە زوڵمی لەشکری ئەو کەوتە حەلوەلا
پێم وت: دەخیلی تۆم بەدڵ ئەی شاهی مەه کولا

***

ترست ببێ لە خالقی دونیا و شای بەهار،
سوڵتانی عەدل پەروەرە شاهی کەرەم نما
دێنێتە پێشەوە کە ئەکا دەفعی سەد جەفا
شمشێر بەدەست و نێزە بەکەف سەد هەزار هەزار

***

ئەمجا بەپێکەنینەوە زستان وتی: مەلا
تۆ غافڵی لە حاڵی من و وەزعی کائنات
بەحری سپی بوخاری ئەنێرێتە سەر وڵات
عیلمت نییە بەحاڵەتی ئەرز و هەموو سەما

***

هەستام کە بچمە خزمەتی بەحری سپی وتی:
دانیشە لێرە ئەم سەفەرەت هەر نەدامەتە
ئەم وەزع و حاڵە مودەتی تاکو قیامەتە
بۆچی ئەکەویە ڕێگە وەکو شێتی سەرپەتی؟

***

بەحریش ئەڵێ: لە ڕۆژەوە پەیدا ئەبێ بوخار
ڕۆژیش وەرامی وایە موئەسیر کە خالقە
تەقسیمی ڕزقی عالەم ئەکا چونکە ڕازقە
خالی نییە لە حیکمەتی، زستانە یا بەهار



ئەمرۆ بەبەفر و تەرزە ئەتۆی خستە زەمهەریر
هاوین کە هاتە پێشەوە بەفراو ئەخاتە دەشت
ئەو دەشتە وشک و گەرمە ئەبێتە سەرای بەهەشت
کاروون و دجلە دێتە وجوود بەغەنی و فەقیر

***

مامۆستا زێوەر هۆنراویشی بەزاراوەی گۆرانی هۆنیوەتەوە لە پارچە هەڵبەستێکیدا کە بەبەهارا وتوویەتی ئەڵێ: ئەوا بەهار هاتەوە و کۆڕی بۆ بەزمی گراوان و دڵسووتاوان دانا، جیهان بەجارێ جلوبەرگی سەوزی لەبەر کردووە و هەموو شوێنێک دەشت و دەر و کێو بەگوڵ و گوڵاڵە خەملیوە و وەکو بەهەشت وایە، نێرگس بەچاوی مەستیەوە و گوڵاڵە بەڕەنگی سووریەوە، بۆ گوڵ خۆیان دەنوێنن، شەونم لەسەر گیاکاندا وەکو گەوهەر نیشتووە، زێوەریش بەئارەزووی پێگەیشتنی دڵدارانە و هەموو دەم، بەهیوای وەرزی بەهارە. وەکو دەڵێ:

نەووەهار بەزمەن، نەووەهار بەزمەن
پەرێ عاشقان نەووەهار بەزمەن
وەشی دەروونەن، سەیرانەن، ڕەزمەن
عالەم دڵگوشا ئاهەنگش عەزمەن
گەشتوگوزار پۆل یارانەن
ناز و نەزاکەت عیشوە دارانەن
شەڕەن، ئاشتییەن، ڕازەن، نیازەن
ورشەی شەوق نوور، عەین ئەعجازەن
عالەم بەرگ سەوز پۆشا سەراسەر
یەکسەر جەننەتەن سارا و دەشت و دەر
قەهقەهەی کەبکەن وە سەر هەردەوە
نەوای بولبولەن باز وە دەردەوە
نەرگس دەیدە مەست لالە ڕەنگ سوورەن
گوڵ مەسنەدنشین، بولبوڵ ڕەنجوورەن
تیپ تیپ و ڕەم ڕەم پۆا غەزالەن
شۆخەن، شیرینەن، ئەبرۆ هیلالەن

شەونم چون لوء لوء مەدرەوشۆ جە دوور
چمان گەوهەرەن، وەیا قەترەی نوور
«زێوەر» ئارەزووش وەسڵ دڵدارەن
غافڵ جەتۆف فەسڵ بەهارەن


بەپێی ئەو هۆنراوانەی کە هێنامان، بۆمان دەرکەوت کە زێوەر لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداری و کۆمەڵایەتی و ئاینیدا مامۆستا بووە و لەم مەیدانانەدا ئەسپی خۆی لنگ داوە هەروەها لە نووسینی پەخشانیشدا پسپۆر بووە و لەم بارەوە چەند نامیلکە و پەڕتووکی نووسیون، بەشێ لە دیوانەکەشی لە ساڵی ١٩٥٨دا لەسەر ئەرکی محەمەد عارف لە چاپ دراوە.

سەرچاوەکان


١- دیوانی زێوەر – مەلا عەبدوڵڵای زێوەر – بەغدا، ١٩٥٨.
٢- مێژووی ئەدەبی کوردی – عەلائەدین سەجادی – بەغدا، ١٩٥٢.
٣- زێوەر – شاکر فەتاح – سلێمانی، ١٩٧٤.


## مەلا مەحموودی بێخود

١٢٩٦ – ١٣٧٦



ئەم هۆنەرەمان ناوی مەحموود و کوڕی مەلا ئەمینی موفتییە کە بەپێی ئەو بەڵگانەی لە دەستمان دایە، لە ساڵی ١٢٩٦ی کۆچی لە شاری سلێمانیدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە هەر لە سەرەتای منداڵیدا خراوەتە قوتابخانە و خەریکی خوێندن بووە و ئەوسا بەفەقێیەتی گەلێ شوێنی کوردستان گەڕاوە و لە پاشا گەڕاوەتەوە سلێمانی و لەلای زانایانی ئەو سەردەمە خوێندنەکەی تەواو کردووە و پاشان کراوە بەفەرمانڕەوای هەڵەبجە و ئەوسا کە کاکی مردووە گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و بووەتە جێنشینی ئەو و پاشماوەی ژیانی بەرێنموونیی خەڵک و وانە وتنەوە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٧٦ لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لەشەکەی لە ناو دار ئەرخەوانەکانی گردی سەیوان نێژرا.



بێخود یەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کوردە و هۆنراوەکانی کە بریتین لە: هۆنراوی دڵداری، ئاینی، کۆمەڵایەتی، گەلێ تەڕ و پاراو و سادە و ڕەوانن و پتر لەسەر هۆنراوی کۆن هۆنراوی هۆنیوەتەوە و گەلێ حەزی لە هۆنراوەکانی بێسارانی و مەولەوی و نالی و سالم کردووە و تام و بۆنی هۆنراوەکانی ئەم هۆنەرانە لە هەموو دەمارەکانیدا هاتوچۆی کردووە و گەلێ حەزیشی لە هۆنراوەکانی مەولانا جامی کردووە، بۆیە بەپیری هۆنراوەکانیەوە چووە و گەلێ هەڵبەستی ئاینیی وەکو ئەو بەفارسی هۆنیونەتەوە.

بێخود وەکو زۆربەی هۆنەرەکانی تر لە پێشا دەکەوێتە مەیدانی دڵدارییەوە، وە دەکەوێتە ستایشی دڵدارەکەی و بەبەژن و باڵای ئەودا هەڵدەڵێ و دەڵێ: دەم ماوڵم پێ نادا و هەموو دەم دەگری، وە وەکو شەم بۆ پەپوولە فرمێسک دەڕژێنێ، یارەکەم کە وەکو ئاسک وایە، ئەگەر تاوێک لە دەشت و بیاواندا نەبێ، بیاوان قوڕی بۆ دەپێوێ، وە ئەگەر تاوێک لە لانە و کونەکەیدا نەبێ، بۆی دەگری، ئەی خۆشەویستەکەم! بەیادی نەوبەهاری ڕوومەتی جوانی تۆیە کە چاوم وەکو هەوری زستان دەگری:

دڵم بۆ زوڵف و ڕووی جانە ئەگری
مناڵە و بۆ گوڵ و ڕێحانە ئەگری
چرا ئیمشەو کەوا فرمێسک ئەڕێژێ
ئەڵێی هەر بۆ منی پەروانە ئەگری
ئەکا شاباشی کێ دەریایی دیدەم
کە چەشنی گەوهەری یەک دانە ئەگری
چییە پیری دڵ ئیمشەو وەک عەرەق خۆر،
لە کونجی تەکیە بۆ مەیخانە ئەگری
شەوێ بێ زوڵفی ئەو مەه پارە تا ڕۆژ
دڵم بۆ سینە چاکی شانە ئەگری
غەزالی من ئەگەر ساتێ نەبینێ
بیابان قوڕ ئەپێوێ، لانە ئەگری
کەوان ئەبرۆ، بەتیغی غەمزە تا کەی
لە جەرگم بێ گونەه نیشانە ئەگری
لە بەزمێکا کە ساقی چاوی تۆ بێ
مەی ئەڕژێ، دڵ ئەچێ، پەیمانە ئەگری

بەیادی نەوبەهاری ڕوویی تۆیە
کە چاوم هەوری زستانانە ئەگری
برا تا نەبیە تۆز و گەردی بەرپێی
بەزەحمەت چاکی ئەو دامانە ئەگری
لە دڵتا گەنجی یادی کێیە (بێخود)
کە ئیمشەو نۆبەتی وێرانە ئەگری

هۆنراوەکانی بێخود زۆر تەڕ و پاراون و نموونەیەکی بەرزن بۆ وێژەی کوردی، وە وا دیارە کە دڵخوازەکەی هێزی داوەتە ڕۆح و گیانی و بەم چەشنە بێخود گەیشتووەتە ئاواتی خۆی و سەرکەوتووە، وە لە باسی یارەکەیدا گەلێ وردەکاریی بەکاربردووە، لە پارچە هەڵبەستێکیدا گلە و گازندەی لە دڵی خۆی کردووە و هەموو سەرلێشێواوی و بێ سەروشوێنی خۆی لە دڵیەوە دەزانێ، بۆیە دەڵێ:

لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من،
هەر چەند ئەگەڕێم بێ سەروشوێن ماوە دڵی من
ئاخۆ بەچ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من
یاخۆ بەچ داخێکەوە سووتاوە دڵی من

***

ئەو هەمدەمی غەمخوار و نەدیمی منە یاڕەب
ئەو مەحرەمی ئەسرار و قەدیمی منە یاڕەب
ئەو گەوهەری شەهوار و یەتیمی منە یاڕەب
کەوتووەتە چ بەحرێکەوە، خنکاوە دڵی من

***

مەجنوونی دوو گێسوویی چ لەیلایەکە ئاخۆ
یا وامیقی جادوویی چ عەزرایەکە ئاخۆ
دێوانەیی ئاهوویی چ سەحرایێکە ئاخۆ
کام چێهرە پەریی دیوە کە ترساوە دڵی من

***

ئەتلێتەوە گاهێ بەخەیاڵی خەت و خاڵی
ئەخولێتەوە گاهێ بەچرای شەوقی جەماڵی



نازانی ئەگەر چۆنە بەدەس دەردەوە حاڵی
وەک پووش و پەڵاسێکە بەدەم باوە دڵی من

***

لەو چۆڵ و بیابانە ئەبێ یاوەری کێ بێ
یا بەو کەژ و کێوانەوە سەوداسەری کێ بێ
یا لەت لەت و ئەفگاری موژەی خەنجەری کێ بێ
چۆن ماوە لە سەد لاوە کە کوژراوە دڵی من

***

بۆچی نەڕژێ سەیلی سروشکم وەکو باران
بۆچی وەکو یەعقووب نەبمە شوهرەیی شاران
لەو یوسفە پرسیومە لە بێگانەوە یاران
هەرگیر نییە سۆراخی لە هیچ لاوە دڵی من

***

بۆ خۆی بگریم یا نەفەسی پەردە دڕاوی
یا بۆ جگەری کون کون و سەد پارە کراوی
چی کردووە یاڕەب کە خەو و خواردن و ئاوی
دایم غەم و بێداری و خوێناوە دڵی من

***

چ بکەم چ بڵێم، بۆ دڵەکەم کارییە دەردم
شاهێدی منن مووییی سپی و چێهرەیی زەردم
خۆڕایی نییە ناڵەیی گەرم و دەمی سەردم
هەڵبەت بە بەڵایەکەوە ئاڵاوە دڵی من

***

ئەو سینە لە غەش خاڵییە، ئەو بێ ڕقوکینە
ئەو خادیمی شەرعی نەبەوی و میللەت و دینە
مەعلووم چووە بۆ خزمەتی سالاری مەدینە
وامزانی کە فەوتاوە نەفەوتاوە دڵی من

***

قوربانی کەسێ بم کە بەقوربانی نەبی بێ
وەک بەندە سەگی دەرگەهی شاهی عەرەبی بێ
شاهی عەرەبی یەعنی قورەیشی نەسەبی بێ
جەرگی بەدوو ئەبرۆی ئەوە چزاوە دڵی من

***

زاتێکی وەهای گرتووە ڕۆحم بەفیدای ئەو
شاهان شەو و ڕۆژ دێنە قەدەم بۆ سیی گەدای ئەو
(بێخود) مەبە ئیتر بەئومێد و بەتەمای ئەو
نایەتەوە لات گەر سەری داناوە دڵی من

***

زۆربەی هۆنراوەکانی بێخود سەبارەت بەڕێ و ڕچەی خواناسین و بەشی هەرە زۆری هۆنراوەکانی ڕێچکەی خواناسییان گرتووە و کەمتر هۆنراوی دڵداریی هەیە. بێخود بەرامبەر بەپێغەمبەری گەورەی ئیسلام دروودی خوای لەسەر بێ، لەم برە هەڵبەستەیدا بیروڕای خۆی دەردەبڕێ و دەڵێ:

ئەس ساحەتی سەد جەنەت، دەشتی عەرەبستانت
نادەم بەهەزار گوڵشەن، یەک خاری موغەیلانت
بۆ لالەیی نوعمانت، داغدارە دڵ و جەرگم
داغدارە دڵ و جەرگم، بۆ لالەیی نوعمانت
بێ پەرتەوی ڕوخسارت، تاریکە دڵی حیربام
بەم زەڕەیە بنوێنە، خورشیدی درەخشانت
بۆ سەروی خەرامانت، وەک قومری ئەناڵێنم
وەک قومری ئەناڵێنم، بۆ سەروی خەرامانت
عەقڵ و خرەدی بردووم، نەشئەی قەدەحی چاوت
پێوەندی هەوای کردووم، تای زوڵفی پەرێشانت
میحرابی دڵ و جانە، هێزی دەسی ئیمانە
عاسایی خەتیبانە، شمشێری خوەراسانت
بەو قیبلەیی ئەبرۆیە، ڕۆح گەر لە قەزای کۆیە
دڵ خادیمی لای تۆیە، سەر گۆیە لە مەیدانت



خاقانە گەسک لێدەر، بۆ خادیمی بەر قاپیت
خود دامە بەڕۆح قەیسەر، بۆ بان گوشی سەربانت
ئەی سەیدی مەخلووقان، ئاگات لە ئیمانی بێ
ئەوساتە کە بوو، قوربان، ئەم عەبدە بەقوربانت
تۆ سیدرەنشین بازی، ساحێبی سەد ئیعجازی
پێغەمبەری مومتازی، دەستی من و دامانت
قورئانی نوعووتی تۆ، خەتمی بەبەشەر نایێ
(بێخود) چییە یا حەسسان، جبریلە سەنا خوانت

دیسان بێخود بەوردەکاری و ڕێکخستنی مەبەستی جوان هەر لە باری خواناسیدا دەکەوێتە ڕازونیاز و دەڵێ: هەموو ڕاز و نهێنییەک لە دڵ دایە و دڵ مەکۆی خواناسییە و دەسا دەبێ وریا بی کە ئاڵوودەی سووچ و گوناهێکی نەکەی، چونکە ئەوین و خۆشەویستی لە دڵەوە هەڵدەقوڵێ، بەجۆرێ کە دەتوانم بڵێم دڵ بارەگای خوایە و بارەگای خوا زۆر گرانە و دەبێ هەموو دەم لە بیری خوادا بێ و ژیان بەخواناسی بباتە سەر، وەکو دەڵێ:

ئارامی جانە، مەحرەمی ڕازی نیهانە دڵ
یەعنی لە بەینی یار و منا تەرجومانە دڵ
عەرشی خودایە خاتری پڕ نووری مۆمنان
پێی بۆیە وا لەسەر سەری حەوت ئاسمانە دڵ
وریابە قەت پزیسکی گوناهی توخون نەخەی
بۆ تائیری مەحەبەتی حەق ئاشیانە دڵ
دایم لە دەرکی سینە بەیادی برۆی نیگار
شمشێری وا بەدەستەوە، وەک پاسەوانە دڵ
بێگانە بێتە ژوورەوە قەتعی سەری ئەکا
گەر یاری ئاشنایە ئیتر میهمانە دڵ
ئاخ بەیادی نێرگسی بیماری کێیە وا
ڕوخساری سووری زەردە، بەهاری خەزانە دڵ
بیماری نازی غەمزەیی چاوێکی قاتڵە
مەجرووحی مەوجی جەوهەری تێغی دەبانە دڵ
ئاخ لە حەسرەتی نەیی بالایی کێیە وا
دایم خەریکی ناڵە و و ئاه و فوغانە دڵ

چەوتاوی باری فیرقەتی بالآیی دڵبەر
پیرێکی بێ عەسایە ئەگەرچی جوانە دڵ
تێغی فیراقە قەتعی ڕەگی ڕۆحی کردووە
خوێن هەروەکو فوارە لە ڕۆحی ڕەوانە دڵ
یەعنی لە داخی لالەیی ڕووی دەم گوڵێکە وا
وەک ئەشکی من کە ڕەنگی ئەڵێی ئەرخەوانە دڵ
مەجنوونی گەردی ناقەیی لەیلایە، وەرنە بۆچ
وەک چاوی من هەمیشە لە شوێن کارەوانە دڵ
سیمورغی قافی مەحوی خەیاڵی میانە قەلب
عەنقایی وەهمی میمی دەمی بێ نیشانە دڵ
کەوتووەتە داوی تۆوە بەمەنحووسی تێ نەگەی
تەیری هومایی سەعدە، نەڵێی ڕایەگانە دڵ
دانەی مەحەبەتی بدەرێ و ئاوی سافی عەشق
برسیی مەیێڵە، تۆ بی خودا، بێ زمانە دڵ
لەوساوە شوغڵی ڕابیتەی ڕوویی یار ئەکا
فکری ئەوەندە سافە وەک ئاوی ڕەوانە دڵ
بێ سوجدەیی هیلالی برۆی ئەو بەڕاستی
زەرد و زەعیف و زار و کەچ و ناتەوانە دڵ
بێخود بەئەمری ئەو بە لە دەیری مەجازی یا
ساقیی مەیی حەقیقەتە، پیری موغانە دڵ
وەختی عورووجی حەقە، بەسە پەستیی بەتاڵ
بۆ بانی مەعریفەت بەخودا نەردەوانە دڵ

لە پێنج خشتەکییەکیدا دەڵێ: خوای مەزن گەورەتر لەوەیە کە ئێمە ئەو بناسین، ئاوەزی پێغەمبەران لە پلەوپایە و گەورەییی ئەودا ڕامان و، ئەگەر مرۆ هەموو ڕۆژێ بیر لە گەورەیی ئەو بکاتەوە دان بێ توانایی خۆیدا دەنێ، بەڵام من کە دەمێکە چاوەڕێی دیتنی بارەگای پێغەمبەری گەورەی ئیسلامم و، نەهەر من بەڵکو ئاسمان و زەویش شانازی بەپێغەمبەری گەورەی ئیسلامەوە دەکەن، بەتایبەت ئەبوبەکر خوای لێ ڕازی بێ لە ڕێی ئەوا پێی خستە بەر مار و گەستی، وە عومەر و عوسمان و عەلیش خوایان لێ ڕازی بێ لە یارانی ئەمەکداری ئەو بوون، وەکو دەڵێ:



دەمێکە چاوەڕێیەتی گیان و دڵ و ویساڵی تۆ
ئومێد ئەکا کە دەرکەوێ لەپڕ مەهی جەماڵی تۆ
ئەگەر لە ئاینەی منا دەمێ نەبێ میسالی تۆ
شکستە بێ بەبەردی غەم بەجاهی سەحب و ئاڵی تۆ
کە ئاسمان وەکو زەمین بەوانە ئیفتخار ئەکا
***
خوسووس خەلیفەی یەکەم ڕەئیسی فیرقەی ئیهتدا
کە ئەو بوو کردی ڕۆحی خۆی لە ڕێی سەداقەتا فیدا
کەسێ کە پێی موبارەکی بخاتە ژاری ئەژدەها
لەبەر ڕەسووڵی موحتەرەم نەوەک گەزەندی پێ بگا
یەقین بزانە ئیشی وا لە ئیشی یاری غار ئەکا
***
لە پاش ئیمامی نامەوەر عومەر خەلیفەی زەمین
درەختی مەعدەلەت سەمەر، چەمەن تیرازی شەرع و دین
نە هەر لە عەسری عەدلییا مەڕە و لە گورگ ئەبێ ئەمین
لە جێگەیێ جەنابی ئەو کە بوو ئیتر سەگی لەعین
لە ترسی شێری هەیبەتی بەلووره لوور فیرار ئەکا
***
لە وەسفی خازنی سووەم یەگانە گەوهەری حەیا
ئیمامی مەجمەعی ئەدەب خەتیبی مەنبەری حەیا
هەرچی بڵێم خەجاڵەتم لە شەرمی جەوهەری حەیا
کەسێ کە دابخا فەلەک لە ڕێی ئەوا سەری حەیا
هەزاری وەک من و مەلەک بەباسی شەرمەزار ئەکا
***
لەگەڵ کەسێ حەبیبی خۆی خوا کە بووی عینایەتی
بەیانی وەسفی ئەو ئەکا لە (هَل أَتی) بەئایەتی
بەڵێ غەزەنفەرێکی وا کەوا درا هیدایەتی
لە ڕۆژی فەتحی خەیبەرا بەزۆری شان و ڕایەتی
بەدەست و تێغی هەڵمەتی لە شێری کردگار ئەکا

مەپرسە جاه و حیشمەتی دوو بێچوە شێری حەیدەری
کە خادمێکی بێشەیان چ سوننی و چ جەعفەری
شەقێن ئەکا بەسەد سەری قوباد و تاجی قەیسەری
هەتا نەچێتە کەربەلا گران ئەزانی ئەی پەری
کە کۆمەڵی مەلەک لەوێ لە قافڵەی زووار ئەکا

***

لە بێخود ئەر سوئال ئەکەن کە: چۆنە، چاکە سیحەتی
بەدەردی عەشقی لەیلەوە نەماوە هێز و قووەتی
بەناڵەناڵی گەرمییا، بەئاهی سەردی حەسرەتی
بەئەرخەوانی ئەشکییا، بەزەعفەرانی سوورەتی
لە چۆڵی بێ نەوایی یا لە قەیسی لەش بەبارئەکا

بەپێی ئەو هۆنراوانەی کە هێنامان بۆمان دەرکەوت کە بێخود هۆنەرێکی ڕەند و خواناس و بێ پەروا و دیندار بووە و کەمتر هۆنەرێک توانیویەتی ئەو هەموو وردەکارییانە لە ناو هۆنراوەکانیدا بێنێ، بەتایبەت لە هۆنراوی ئاینیدا مامۆستا بووە، هونەری خۆی لەو ڕشتەدا نواندووە.

دیوانی هۆنراوەکانی لەلایەن حەمەی مەلا کەریمەوە کۆکراوەتەوە و لە ساڵی ١٩٧٠ بۆ جاری یەکەم لە چاپ دراوە.

سەرچاوەکان

١- دیوانی بێخود، کۆکردنەوەی محەمەدی مەلا کەریم - بەغدا، ١٩٧٠.
٢- یادداشتەکانی خۆم سەبارەت بەبێخود.

## شێخ نەجمەدینی سابری

١٣٠٠ - ١٣٦٣

شێخ نەجمەدین کوڕی شێخ عەبدوڕەحمان کە نازناوی سابرییە، بەپێی سەرەتای دیوانەکەی لە ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی لە دێی شۆریجەی کەرکووکدا لە دایک بووە و هەر لەوێش پێ گەیشتووە و خەریکی خوێندن بووە و ئەوسا چووەتە حوجرەی فەقێیان و بەڵام ئەوەندەی نەخوێندووە و وازی لە خوێندن هێناوە و خەریکی کاری کشتوکاڵ بووە و لە پاشا ژنی هێناوە و پاشان خەریکی خوێندنەوەی پەڕاوی ئاینی و پزیشکی بووە، بەجۆرێ کە



لەناو خەڵکدا بەپزیشک ناوبانگی دەرکردووە و لە هەموو لایەکەوە هاتوونەتە لای و ڕێنوێنیی خەڵکیشی کردووە بەبێ ئەوەی شتێ وەرگرێ، سەرئەنجام تووشی نەخۆشیی ئیفلیجی بووە و بەو دەردەوە لە ساڵی ١٣٦٣ لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لە زێدەکەی خۆیدا نێژراوە.

سابری لەسەر شێوەی هۆنەرانی کۆن هۆنراوی هۆنیوەتەوە و پەیڕەویی لەوان کردووە، وە زۆربەی هۆنراوەکانی سەبارەت بەجوانی و ئەوین و خواناسی و سۆفییەتییە، وەگەلێ جاریش یاری و گەمەی بەوشە کردووە و تافتەیەکی تازە و نوێی داوە بەسەر بووکی بیردا، وە لە هۆنراوەکانیدا وا دەردەکەوێ کە گەلێ حەزی لە هۆنراوەکانی کوردی و سالم و نالی و حافز و سەعدی کردووە و شەیدای هۆنراوی ئەو هۆنەرانە بووە.

وتمان کە زۆربەی هۆنراوەکانی سابری دەربارەی جوانی و ئەوین و دڵدارین، ئەم پارچە هەڵبەستەی خوارەوە یەکێکە لەوانە کە دەڵێ:

بالا گەردانی چاوت بم ئەڵێی نەجمی گەلاوێژە
دەمێ عیسا و لوقمانە، دەمێ سەفاک و خوێن ڕێژە
بەئەوەڵ تیریدا لەرزیم و غافڵ بووم و نەمزانی
کە من ئێستاکە هوشیارم خەدەنگی تر بهاوێژە
لەبەر ئێشی برینی دڵ دەکەم فەریادی بێ حاسڵ
بەشێتم ناودەبەن خەڵکی، زەمانێ پێم ئەڵێن گێژە
نەمامی قەدی تۆ بەڵکو هەمیشە تازە و تەڕ بێ
وەرە جانا، لەسەر ئەم دیدەیی پاروەا بینێژە
کەسێ خاری تەریقی عەشقی چاوی تۆی بەدڵدا چوو
وەکو وشتر بەناچاری دەکا ئەم نەوعە کاوێژە
تەبیبی پڕ فەن و حازق مەبەن بۆ خزمەتی عاشق
کە دەرمانی دڵی عاشق وەرایی عەقڵ و ڕاوێژە
حەکیمی مێهرەبان جامی گوڵاب و قەندی بۆ هێنام
وتم: ئەی بێ خەبەر لەم دەردە ئەو دەرمانە بیڕێژە
سەبا تۆ مەحرەمی ڕازی دەخیلەک عارەب ئاسایی
گەیشتی بەو تەبیبە، لەم نەخۆشە شەممەیە بێژە
بڵێ: مەجنوونەکەی صەحرانشین، ئەم شەو لە دووریی تۆ
لە حاڵی نەزعدا ماوە، بڕۆ ئیحسانە بینێژە

چ غەوغایەکە (سابر) بەسیە ئەم نالانە کۆتاکە
قسەی بێ ڕەعبەتە هەرکەس وەکو تۆ طالعی لێژە

سابری لەسەر ڕێ و ڕچەی قادری ڕۆیشتووە و لە خواناسیدا پلەوپایەیەکی بەرزی هەبووە و لای وایە کە خواناسی بەهەراوهوریا و پرچ و ڕیش و تەپڵ و دەف لێدان نایێتە دەس، بەڵکو مرۆ دەبێ لە کردەوەی خراپی خۆی پاشگەز و پەشیمان بێتەوە و ڕێگەی ڕاستی خوایی بگرێ، تاکو لە هەردوو جیهاندا ڕزگار بێ، وەکو دەڵێ:

ئەی جیهانی زەڕەیی خورشیدی حوسنت عام و خاس
عاجز و پێکاوی غەمزەت ڕۆستەم و سەعدی وەقاس
تۆ کە لەیلی ئاگرت بەردایە دڵ مەجنوونی خۆت
بۆیە وا ئێستاکێ دەمبینی وەکو ڕەقاس
تا نەسووتێنن لەشی خۆیان هەوادارانی ڕووت
شوبهی پەروانە لە خەوفی عەشقی تۆ نابن خەلاس
دوڕ و گەوهەر کێ لە قوڵی بەحر و دەریا دەری ئەکا
تا نەکەن تەرکی وجوود و ما مەلەک نەوعی غەواس
سابری دوڕدانە داپۆشە لەبەر چاوی عەوام
کێ لە قیمەت دوڕ و گەوهەر تێ دەگا ئیللا غەواس
ڕیش و پرچ و هەم عەمەل ناتباتە جەننەت تێ بگە
تەوبەیی خالیس مەگەر بتکا لە (نار اللە) خەلاس

سابری لە هۆنراوەکانیدا وا دەردەکەوێ کە پیاوێکی خواناس و قسەخۆش و دروستکار بووە و داوای لە خەڵک کردووە کە خوا بناسن و لە ڕێی خواوە بڕۆن و ئەوەی کە چاکە بیکەن و خۆیان لە خراپە بپارێزن، وە ئەو کەسانە کە لایان وایە بەتەپڵ و دەف لێدان و دەروێشی و سۆفییەتی ڕێگای دروستیان گرتووە، ئەمە هەڵەیە و دەبێ لە ژیان ڕێگای خوا و پێغەمبەر بگرێتە بەر تا سەرکەوێ، وەکو دەڵێ:

ئەی دڵ ئەگەر بەڕاستی ئیتاعەی خودا ئەکەی
موتابەعەی شەریعەت حەزرەت مستەفا ئەکەی
فەرزی خوا و سەنەتی حەزرەتی مستەفا بکە
تەسەورێ لە داستان ئادەم و حەووا ئەکەی
شەو بەکلیلی زیکرەوە تا بەسەحەر بپاڕەوە
گەر تەڵەبی خەزائنی مەراحیمی خودا ئەکەی



نییەت و حوسنی کردەوە فیکری نیهان و زیکری سڕ
وەرنە خودا بەتەپڵ و دەف ناخەڵەتێ ڕیا ئەکەی
فیکری خودا دەلیلی تۆ زیکری زوبان کلیلی تۆ
ڕوو بکە بابی مەرحەمەت تا هونەرێ پەیا ئەکەی
خودا نەزەر لە حوسنی نیەت و دڵی بەشەر ئەکا
چاکە نیشانی خەڵک ئەدەی تۆ خراپە ژێر پا ئەکەی
عەشقت ئەگەر حەقیقەتە مەناڵە گەر شەقیقەتە
وەرنە مەجاز و بدعەتە (سابری) هۆی وەها ئەکەی

سابری هۆنەرێکی وردەکاریش بووە، وە ئەم وردەکارییەی تێکەڵاو بەفەلسەفەی خواناسی بووە، هەروەها حەزی لە جیناسیش کردووە و ئەویشی هەر بەباسی خواناسی دەربڕیوە، وەکو لەم هۆنراوانەدا دەڵێ:

حەبیبا نووری ڕوخسارت لە باتی بەرگ و نیعمەتمە
تەبیبا چاوی بیمارت دوایی دەرد و عیللەتمە
ئەگەرچی خوار و سووتاوم لەبەر چاوت بحەمدوللا
هەموو عالەم ئەزانێ مایەیی فەخر و سەعادەتمە
لە شمشێری برۆت ترسم نییە سەد جار نیشانم دەی
لە ڕیشەی جەرگ و دڵ کالانی ئەو شمشێرە سەنعەتمە
بەشمشێری برۆ گەر بمکوژی یا تیری موژگانت
مەداری ئیفتخار هەم سەعادەت هەم شەهادەتمە
لەبەر خورشیدی حوسنت دائیما وەک زوهرە ڕەقسانم
لە شەودا هەروەکو پەروانە خۆ سووتانن عادەتمە
بە نووری حوسنی سەرتاپا وجوودم گەر بسووتێنێ
کە بمهاڕێتەوە وەک کل بەسەر جێگای عیزەتمە
لە هەر شوێنێ کە دانیشتی بەهەشت و حووری پەیدایە
دەمێ ون بێ لەبەر چاوم وەکو ڕۆژی قیامەتمە
کە یوسف هاتە بازاڕ هەموو کەس تاڵب و کڕیار
منم بێ دەرهەم و دینار غەزەلخوانی بێزاعەتمە
بەبێ حیکمەت نیە سابر وەکو قەیسی بەنی عامر
بەڕۆژ و شەمسە ئەو ڕادم بەشەو وەللەیلە تاعەتمە

تەماشا ئەکەی کە سابری لەم هۆنراوانەدا بەبیرێکی زۆر ورد باسی ئەوینی خۆی دەکا و دەڵێ کە من لە بەرهەتاوی جوانیی تۆدا وەکو ئەستێرە سەما ئەکەم و لە گەڕان دام و لە شەویشدا وەکو پەپوولە بەدەوری شەمی جوانیتا دەسووتێم، تۆ وەکو یوسفی کەوا هێنایانە ناو بازاڕ هەموو بووە کڕیاری، بەڵام منی هەژار و بێ نەوا جگە لە هۆنینەوەی هۆنراو شتێکی ترم نییە و هەموو لە ڕێی تۆدا دەهۆنمەوە.

سابری لە پارچە هەڵبەستێکی تردا باسی پیر بوونی خۆی دەکات و دەڵێ: پایزی پیری سەری هەڵدا و جوانیم نەما و کامەرانی و خۆشیم بەجارێ ڕۆیشت و شێری پیری دەست و پێی ئاسکی جوانیی تێشکاند و ئیتر هێزی باسک و ئەژنۆم نەما، داخ و موخابنم ئەوەیە کە ڕێ و ڕەوشتی باووباپیرم نەگرت و پشتم لەوان کرد و بەرماڵی ئەوانم خستە سەر جادەی دوژمن و ئێستا شەرمەزاری لای ئەوانم وەکو دەڵێ:

پایزی پیری پەیا بوو نەوجەوانیمان نەما
نەوبەهاری عەیش و نۆش و کامەرانیمان نەما
شێری پیری دەست و پێی ئاسکی جوانیی تێک شکاند
قووەتی سەر پەنجە و و باسک و زرانیمان نەما
ئێمە دونیامان نەخست و ئەو هەمووی خستینە ژێر
ئیعتبار و دەسەڵات و پاڵەوانیمان نەما
ناخەلەف بووین و ڕەوشتی باب و باپیرمان نەگرت
خوا شناسی و ئیفتخار و خانەدانیمان نەما
ڕوو لە چۆڵی غەفڵەت و پشتمان لە کەعبەی مەقسەدە
ئەی موسڵمانینە کەڵکی ئاوەدانیمان نەما
چونکە سەجادەی پدەرمان خستە سەر جادەی عەدو
زەوقی دین و خوێندنی (سبع المثانی)مان نەما
خاوەنی خەرمان و مێگەل بووین و ڕوتبە و ئیعتبار
ئێستە با شاری شوانی و ئاشەوانیمان نەما
گاور و جوو واز لە دین و مەسلەکی خۆی نایێنێ
دینی موسلم وا لەبەر شێتی و نەزانیمان نەما
ئابڕوومان وەک عەرەق ئەتکێتە جام و بادەوە
حورمەتی دینمان بەقەد چایی بەیانیمان نەما



(سابری) فەقر و قەناعەت فەخرە بۆ دین پەروەران
سەد شوکر وا مەرتەبەی دونیای فانیمان نەما

سابری وەکو چۆن لە زمانی کوردیدا هۆنەر بووە، لە فارسی و تورکی و عەرەبیشدا هەر بەو جۆرە هۆنراوی هۆنیوەتەوە. دیوانە کوردی و فارسییەکەی بۆ جاری یەکەم لە لایەن سەید سەتار بەرزنجییەوە لە ساڵی ١٣٨٨ی کۆچی لە چاپ دراوە.

سەرچاوەکان

١- دیوانی سابری - لەسەر ئەرکی سەی سەتار بەرزنجی - کەرکووک، ١٩٦٩.
٢- بەیازێک کە نزیکەی پەنجا ساڵ لەمەوبەر نووسراوە.

## شێخ بابا ڕەسووڵی بێدەنی

١٣٠٣ - ١٣٦٣

ئەم هۆنەرەمان ناوی ڕەسووڵ و کوڕی شێخ ئەحمەدی بەرزنجییە کە بەپێی پەڕاوی (یادی مەردان) لە ساڵی ١٣٠٣ی کۆچی لە دێی بێدەندا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە، حەوت ساڵان بووە کە باوکی مردووە و دایکی بردوویەتە لای شێخ مەحموودی موفتی لە هەڵەبجە تا خەریکی خوێندن بێ. ماوەیەک لەوێ لەلای شێخ مەحموود ماوەتەوە و خەریکی خوێندن بووە و پاشان چووەتە بیارە و لەلای شێخ عومەری بیارەیی ماوەتەوە و لە پاشا گەلێ شوێنی کوردستان گەڕاوە و ماوەیەک لە هەڵەبجە بووە و ماوەیەکی زۆریش لە دێی پریس لەلای مەلا قادری مەلا مۆمن خوێندوویەتی و لە پاشا لە سلێمانی خوێندنەکەی تەواو کردووە و گەڕاوەتەوە بۆ بیارە و لە پاش چەند ساڵێک خەرقەی لە شێخ نەجمەدین وەرگرتووە و پاشان ڕۆیشتووەتە دێی عەبابەیلێ و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنوێنیی خەڵک بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٦٣ لە تەمەنی شەست ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و نێژراوە.

شێخ بابە ڕەسووڵ لە هۆنینەوەی هۆنراودا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و پاراو و شیرین و ڕەوانن، وە لە هۆنینەوەی هۆنراودا نازناوی (بابا) بووە. ئەمەش چەند هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

حاڵی بەدحاڵی ئەمن مەعلوومە، ئیفشای عالەمە
دیدە پڕ ئاب و جگەر داغ و زبانم ئەبکەمە
عەیش و شادیم، چاوەکەم، گریان و شین و ماتەمە

ساکنی گۆشەی دەروونم پێم مەڵێ دەردت کەمە
خوا لەباتی لەعلی فەنەر حوجرەکەم مەعلووی خەمە

***

تاقەت و سەبر و قەرار و هۆش و ئارامم چووە
مەسلەحەت وایە سەری خۆیم هەڵگرم تاکو زووە
بۆ کەسێ دینی ببێ لەم جێگە نیشتن قەت بووە
حوجرەکەی ئەم دیو یەقینەن هەروەکو قەبری جووە
چۆن لەباتی لەعل و لەمپا دوودە و عەقرەب هەمدەمە

***

قەت لە باسی خواردنی ئەم جێگە هیچ کەس نادوێ
دۆینەکە گەر بیکەیە سەحرا ئیتر گیای ناڕوێ
بێ درۆیە ئەم قسە دەیکەم بەڕاستی بیبێ
گەر لە بەحسی ئەکل و شوربیش بێمە تەحریر جوزییێ
بێ درۆ نابێ لە فەرزێ ئەر بڵێی عەینی سەمە
من لەبەر خوێندن بەدایم خوێنی جەرگی خۆم ئەخوەم
بێ کەس و ڕووت و غەریب و عاجز و دڵ پڕ لە غەم
بەحسی عیلمی ئەم زەمانەت بۆ بکەم بێ زیاد و کەم
گەر قسەی ڕاستت ئەوێ (بابا) ئەمن عەرزت دەکەم
خوێندن و تەحسیلی ئێستە باعسی دەرد و غەمە

***

من فیرارم کرد لە دەس ئەم جێگە، ڕێم تێ کەوتەوە
بەختم هەڵسا بوو لە خەو، دووبارە بۆ خۆی خەوتەوە
ڕەبێ وێران بێ بەحوجرە و مەدرەسە و مزگەوتەوە
من خۆ مەحروومم لە چایی، هەم لە دار و نەوتەوە
بەحسی دۆینەیش خۆت ئەزانی دەر دوو هەفتە یەک ژەمە

هۆنەر لەم پارچە هەڵبەستەدا باسی ژیانی نالەبار و ناخۆشی ئەو سەردەمەی فەقێکانی کردووە کە دەڵێ: هۆدەێ کە تێدا دادەنیشم زۆر تەنگ و نالەبارە و خواردنیشی زۆر خراپە، وە من لەبەر خوێندن خوێنی جەرگی خۆمم خواردووە، چونکە بێ کەس و ڕووت و ڕەجاڵم، بۆیە لەوێ ڕام کرد و هەڵاتم.



خوێندنی زانست لە کوردستاندا هەر لەمێژەوە لەناو مزگەوتەکاندا بووە و، ئەویش بەهۆی خێرەومەندانی کوردستان پێک هاتووە و لە سایەی ئەو خێرەومەندانەوە بووە کە پیاوانی زانای وەکو مەولەوی و سەیدی و خانا و میرزا شەفیع و بێسارانی و سەدان زانای تر لە کوردستاندا پێ گەیشتوون، ئەویش بەخوێنی جەرگ خواردن و چەرمەسەرێ و بێ نانی و بێ ئاوی و بێ چرایی و هەزار دەردی تر. ئای خۆزگە لە کوردستاندا زانکۆ و خوێندنگای بەرز دادەمەزرا تا بۆ هەموو دەردەکەوت کە کورد چەندە وشیار و زیرەکن و چۆن لایەنگری زانستن و ئەو کاتە دەیانزانی کە کورد لایەنگری زانستە.

شێخ بابا لە پارچە هەڵبەستێکی تریدا داخ و موخابنی نەتەوەکەی دەخوا و دەڵێ: زۆربەی خەڵکی جیهان لەناو خۆشی و شادی و تێروتەسەلیدا دەژین کەچی ئەم کوردە هەر لە ناخۆشی و پەرۆشی دایە و ها لەژێر باری زۆروستەمی زەماندا، لەگەڵ ئەوەشدا لە نێوان هۆزەکاندا ناتەبایی و ناکۆکی هەیە کە دەبێ یەک بگرن و وەکو برا ژیان بەرنە سەر، وەکو دەڵێ:

هەر کوردە کە عوشرەتی نەما بێ
هەر کوردە کە بەزمی بێ سەدا بێ
پیاوێ بەڕەواندزی ئەفەرموو:
ئەم مەسئەلە کوو دەبێ وەها بێ
عالەم لە سەعادەتا دەژی گشت
هەر کوردە حەیاتی لێ بڕا بێ
دنیا هەموو عەیش و نۆشە تەنها
هەر مەحفەلی کوردە بێ سەفا بێ
قانوونی تەزەلومە ئەفەرموێ:
ئەم کوردە لەژێر ئەسارەتا بێ
ساز گازکەنە قەومی کوردی خۆشناو
با ڕۆمی لە قەومی پژدەرا بێ
دەشتی دزەیی لە دەشتی هەولێر
باعس چییە، ئەهلی بۆ جیا بێ
ڕمبازیی جاف و تاڵەبانی
با داودە و زەنگەنەی تیا بێ

سوورداش و سیوەیل و شارباژێڕ
بۆ شیوەکەڵی ئەبێ فیدا بێ
هەورامی و کوردی شارەزووری
بۆ دەردی لهۆن ئەبێ دەوا بێ
گەڵباغی و تیلەکۆ و مەریوان
بۆ میللەتی ژاوەڕۆ نەما بێ
سنجاوی و کەلوڕ و هەمەوەند
بۆ میللەتی لوڕ ئەبێ شیفا بێ
سابڵاغ و سنە و سەقز بەجارێ
با بانگ کەنە ئەهلی بانە دابێ
ئیعدادی هەموو عەشایری کورد
باوەڕ مەکە بۆ کەسێ کرا بێ
ئەما بەهەموو ئەڵێم بەئیجمال
گوێی هۆشی لە بانگی کابرا بێ
گوێی لێیە عوموومی کوردەواری
مەر ئەو کەسە گوێی دڵی نەما بێ
بۆ نەسرەتی مەنتیقەی جونووبی
با کوردی شیمالی عەینی با بێ
ئیمانی هەیە ئەگەر بەئایەت
ئەم کوردە هەموو ئەبێ برا بێ
بورهانی موفەکیراتی کوردی
بێ شوبهەیە بێ نەتیجە نابێ

ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی تری ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

من غوباری گوزەری گەردشی دامانێکم
عاشق و شیفتەیی جیلوەیی جانانێکم
بۆ گوڵی ڕوویی کەسێ ئێستە منیش وەک بولبول
لە گوڵستانی غەما مورغی سەحەر خوانێکم
ئاخ! زەمانێکە لە گۆشەی قەفەسا وەک قومری
بێ پەڕ و باڵی قەدی سەروی خەرامانێکم



مەکە تەکلیفی شەرابم بەخودا، ئەی ساقی
مەستی بادەی قەدەحی دیدەیی فەتانێکم
وەحشەت ئەنگێزە غوبارم لە هەموو دنیادا
گەرد و بادی قەدەمی فەوجی غەزالانێکم
خۆ زەمانێکە لە بەیتولحەزەنا وەک یەعقووب
چاوەڕێی پیرەهەنی یوسفی کەنعانێکم
گەر دەپرسی خەبەر ئێستاکە لە گۆشەی غەمدا
منی بێچارە عەجەب بێ سەر و سامانێکم
بۆچی تەحقیرم ئەکەی زاهیدی تاعەت فرۆش
کوێرە نازانی منیش ئێستە موسڵمانێکم
وەرە بڕوانە کە کون کون بووە سینەم ئەمڕۆ
هەدەفی تیری بەڵای جونبوشی موژگانێکم
مودەتێکە کە لە دواێنی شەبی هیجراندا
دائیما مونتەزیری سوبحی گریبانێکم
شەو هەموو شەو وەکوو پەروانەیی بێ سەبر و قەرار
باڵ و پەڕ سووختەیی شەمعی شەبوستانێکم
ئەی ڕەفیقان بەخودا ئێستە منیش بۆ لەیلا
بێ سەر و شوێنم مەجنوونی بیابانێکم
تا قیامەت بەخودا زەحمەتە هوشیارەوەبم
من کە مەخمووری شەراب و دەس و فنجانێکم
تا لە جەمعییەتی ئەحبابی بڕیوم دەوران
لە بیابانی غەما تورفە پەرێشانێکم
ئەی (ڕەئووف) خاسیەتی سوحبەتی (بابا) یەکەمن
ئەدەب ئامووختەیی مەجلیسی عیرفانێکم

دیوانەکەی ئەم هۆنەرە کە داگری دوو هەزار هۆنراوێکی کوردی و فارسییە لە چاپ نەدراوە.

سەرچاوەکان
١- یادی مەردان، نووسراوی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس – بەغدا، ١٩٦١.
٢- دیوانی دەستنووسی شێخ بابا ڕەسووڵی بێدەنی.

## عەلی کەماڵ باپیر

۱۳۰۵ – ۱۳۹۵

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەلی کەماڵ و کوڕی باپیر ئاغای سمایل عوزەیری و نازناوی کەماڵییە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتووەتە دەستمان لەساڵی ۱۳۰۵ی کۆچی لە سلێمانی لە دایک بووە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە حوجرەی فەقێیان و لەلای شێخ ئەولای هەولێری و مەلا حەمەومینی بالیکەدەری ڕێزمانی عەرەبی و فەقهی ئیسلامیی خوێندووە و هەر لەم ماوەدا فێری زمانەکانی فارسی و تورکییش بووە و بەتایبەت لە وێژەی فارسیدا شارەزایەکی باشی پەیدا کردووە و هەر لەو کاتەدا گەلێ هۆنراوی بەزمانی فارسی هۆنیوەتەوە و پاشان لە کاری میریدا دامەزراوە، وە لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا کە شێخ مەحموود لەگەڵ ئینگلیزەکان کەوتە شەڕ و بەربەرەکانێ، عەلی کەماڵیش چووە ڕیزی لایەنگرانی شێخ و پاشان بەنوێنەری شێخ چووەتە هەورامان و کرماشان و تاران و ئەوسا پاشماوەی ژیانی لە شاری سلێمانیدا بەهۆنینەوەی هۆنراو و خوێندنەوەی پەڕاو بردووەتە سەر تا لە ساڵی ۱۳۹۵ لە تەمەنی نەوەد ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان نێژراوە.

عەلی کەماڵ بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرەبەرزی کورد دێتە ژمار و لە هۆنینەوەی هۆنراودا پەیڕەویی لە هۆنەرانی کلاسیکی کردووە و پتر حەزی لە هۆنراوەکانی نالی و سالم و کوردی و مەحوی و مەولەوی کردووە و لەسەر ڕێ و ڕچەی ئەوان ڕۆیشتووە و لاسایی ئەوانی کردووەتەوە، وە زۆربەی هۆنراوەکانی دڵدارین و لە ڕاستەقینەدا دەتوانین بڵێین کە کەماڵی هەوێنی هۆنراوی پتر لە جوانی و خۆشەویستیی یارەکەی وەرگرتووە، گەرچی هەندێ هۆنراویشی سەبارەت بەمەبەستی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و سروشت و فەلسەفەدا هۆنیوەتەوە، بەڵام دەسەڵاتی لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداریدا بووە.

ئەمەش چەند پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە کە دەڵێ:

بەمردوو ڕۆح ئەبەخشێ پێکەنینی لێوی شیرینت
لەسەر کام دینی گیانە؟ پێم بڵێ تا بێمە سەر دینت
لەلام وەک شەکر و نوقڵ و نەبات و قەند و هەنگوینە
جنێوو قەهر و لێدان و بیانووگرتن و قینت
بەجارێ ڕۆژی عاشق ڕەش مەکە ئەی شۆخی بێ مروەت
لەسەر ڕوو لادە نەختێ پەرچەمی پڕ پێچی موشکینت



سبەینێ جەژنە ڕۆحم حازرە بۆ قۆچی قوربانت
بەخوێنم با خەناوی بێ دەس و پەنجەی بلوورینت
بەزوڵفی سونبوڵت پەرژینی گوڵزاری ڕوخت سەیرە
بژی ئەی شاهی موڵکی حوسن و ئان بۆ باخ و پەرژینت
بەگیسووتا مەهێنە شانە حەیفە با دڵی عوشاق
خەلاسی قەت نەبێ گیانە لە دوای زوڵفی چین چینت
شەهیدی تێغی ئەبرۆی دڵبەرێکی کافری بۆیە،
لە وەختی گیانەلاوە ئەی (کەماڵی) خەلق ئەکەن شینت

واتە: پێکەنینی لێوە شیرینەکانت بەمردوو گیان دەبەخشێت، جنێوو قار و لێدان و بیانووگرتن و قینت لەلام وەکو شەکەر و نوقڵ و نەوات و قەند و هەنگوینە، دەسا بەجارێ ڕۆژی گراو ڕەش مەکە و لەسەر ڕوومەتت لادە قژ و پەرچەمی ڕەشت، بەیانی جەژنە و ئامادەم کە گیانم لە ڕێتا بەخت کەم با دەست و پەنجە جوانەکانت بەخوێنم خەناوی کەی، پەلکەکانت شانە مەکە با دڵی گراوان ڕزگاری نەبێ لە داوی زوڵفەکانت، ئەی (کەماڵی) تۆ کوژراوی شمشێری برۆی دڵبەرێکی دڵڕەقی بۆیە لە کاتی گیانەلا خەڵک شینت دەکەن.

هۆنەر لە هۆنراوی دووەمی ئەم پارچە هەڵبەستەدا (لەف و نەشر)ی بەکار بردووە کە: «جنێوو قارو لێدان و بیانووگرتن و قینی» یارەکەی بە: «شەکر و نوقڵ و نەبات و قەند و هەنگوین» داناوە.

لە پارچە هەڵبەستێکی تردا دەڵێ:

چاوی خوێن ڕێژت بەقەتڵی عاشقان ئیما ئەکا
مەست و خوێنڕێژە عەجایب شۆڕشێ بەرپا ئەکا
تیپی برژانگت بەوێنەی لەشکری هیند و حەبەش
هێرشی هێناوە بۆ سەر مڵکی دڵ دەعوا ئەکا
تێغی ئەبرۆی تۆ هەمیشە قەتڵ و عامی خەڵق ئەکا
هەر منی سەودا زەدە لەم لوتفە موستەسنا ئەکا
لوتف و قەهری هەردوو وەک عەینی لوتف و ڕەحمەتە
ئەو نیگارە دەرحەقم هەرچی بفەرمووی چا ئەکا
بۆ جنێوو قەهر و لێدانت موتیع و حازرم
دڵ ئەگەر سەرپێچیی ئەمرت بکا بێجا ئەکا

تا (کەماڵی) خاکی ئەو دەرگایە بووەتە مەسکەنی
ئیکە هەر یاری بەتەختی خەسرەو و دارا ئەکا

واتە: چاوە خوێن ڕێژەکانت بۆ کوشتنی گراوەکان خۆی ئامادە کردووە و تیپەکانی برژانگت وەکو لەشکری هیند و حەبەش هێرشیان هێناوەتە سەر وڵاتی دڵ، وە شمشێری برۆی تۆ هەموو دەم خەریکی کوشت و کوشتاری خەڵکە، وە هەر منی سەوداسەر کەوتوومەتە بەر خۆشەویستیی ئەو. خۆشەویستی و ڕقی تۆ هەردووکیان بۆ من بەزەیین، وە هەرچی بفەرمووی من هام لە خزمەتتا، وە بۆ جنێوو ڕق و لێدانت ئامادەم، دیارە دڵ ئەگەر سەرپێچیی فەرمانت بکا لە ڕێ دەرچووە و نافەرمانی دەکا.

کەماڵی جگە لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداری، هەندێ جار هۆنراوی کۆمەڵایەتیشی هۆنیوەتەوە، وەکو ئەم پارچە هەڵبەستەی کە دەڵێ:

وەکو زوڵفی بوتان شێواوە حاڵی دەرهەمی دونیا
هەموو وەزعێکی مەحکوومی زەواڵە عالەمی دونیا
سەباتێکی نییە هەر ڕۆژە نەوعێکە ئەگۆڕێ زوو
لەلای دانا وەکو یەک وایە شایی و ماتەمی دونیا
ئەگەر مەردی وەکو یەک بێ لەلات ئیقباڵ و ئیدباری
دەوامی قەت لە سەر حاڵی نییە بێش و کەمی دونیا
ئەگەر شەهدت بداتێ زەهری تێدایە نەکەی بیخۆی
دەخیلە خۆت بپارێزە لە شەهدی پڕ سەمی دونیا
کە من ڕەند و قەلەندەر مەشرەبم فەرقی نییە دەنکێ
وەکو یەک وایە لام کاسەی لەت و جامی جەمی دونیا
چییە ئەم هەڵپەیەت بۆ جەمعی ماڵ و سیم و زەڕ قوربان
ئەترسم بتکوژێ ئەی قوڕ بەسەر ئاخر غەمی دونیا
ئەگەر ئەهلی سەماعی گوێ لە نەغمەی سازی دڵ بگرە
«کەماڵی» گوێ مەدە ئاوازەیی زیر و بەمی دونیا

واتە: جیهان وەکو زوڵفی دڵبەرەکان شێواوە و باری جیهان و مانەوە و پایەدار نییە و لەناو دەچێ، لەلای پیاوی زانا شایی و شیوەنی جیهان وەک یەک وایە، کەسێک کە ژیر بێ دەبێ بایەخێک بۆ ئەم گێتییە دانەنێ چونکە سەرئەنجام تەفروتونای دەبێ، ئەگەر هەنگوێنت بداتێ بێگومان ئەو هەنگوینە ژاری تێدایە و هانایە ئەو هەنگوینە نەخۆی و خۆت



لە داوی ئەو بپارێزە، کۆکردنەوەی ماڵ و سامان و دارایی ئەم جیهانە چ سوودێکی هەیە، ڕۆژێکیان هەر ئەو زێڕ و زێوە مرۆ لەناو دەبا، دەسا ئەم پەندەی منت لەبیر بێ و هیچ کاتێ بۆ ئاوازی زیر و بەمی دونیا گوێ مەگرە و فریوی مەخۆ.

کەماڵی هۆنراوی نیشتمانیشی هۆنیوەتەوە و وادیارە کە ئەوەندە شەیدای زوڵف و خەت و خاڵە، ئەوەندەش شەیدای نیشتمانە وەکو دەڵێ:

سەرێ بۆ بەرزیی وەتەن نەکا دەرد
وەکو شێت نەبێ وێڵی کەژ و هەرد
خۆی نەکا تووشی زامی دار و بەرد
وەتەن دەرنەکا لە دەستی نامەرد
ئەو سەرە یاخوا جێگەی ژێر خاک بێ
بەبەردەبازی سەر ڕێی ناپاک بێ

***

دڵێ بۆ بەرزیی وەتەن نەدا جۆش
هەمیشە نەکا بیر و فیکر و هۆش
بەبادەی عەشقی ئەو نەبێ سەرخۆش
دایم پڕ نەبێ لە نەشئە و خرۆش
ئەو دڵە یاخوا بەر خەنجەر کەوێ
بەر پەیکانی تیر بەر نەشتەر کەوێ

***

دەمێ لە مەدحی وەتەن نەدا دەم
بەواتەی شیرین لاوان نەکا جەم
نەیانبزوێنێ چ زۆر و چ کەم
تا وەتەن دەرکەن لە دەس نامەحرەم
ئەودەمە یاخوا پڕ زەهری مار بێ
لە ژەقنەبووت و زەقووم سەر شار بێ

***

پێیەک لە ڕێگای بەرزیی وەتەنا
نەگەڕێ، نەسوێ لە پای تەوەنا

بەشاخ و کەژ و بەینی دەوەنا
بەچۆڵ و هەرد و دەشتی ڕەقەنا
ئەو پێیە یاخوا بەستەی زنجیر بێ
تا نیشتمانی هەرگیز لە بیر بێ

***

کەماڵی جگە لە دیوانەکەی ئەم پەڕاوانەشی لە فارسییەوە بەهۆنراو وەرگێڕاونەتەوە سەر زمانی کوردی: «شیرین و فەرهاد، خەسرەو و شیرین، مەجنوون و لەیلا، ئەمیر ئەرسەلان» کە بەڕاستی زۆر بایدار و بەبەیاخن و هەر کان لەو پەڕاوانە نموونەیەکی بەرزن لە وێژەی کوردیدا.

ئەم هۆنەرەمان بەم چەشنە توانیویەتی شوێنێک بۆ خۆی لە ڕێزی هۆنەرە هەرە بەرزەکاندا تەرخان بکا و هەروەها لە هۆنینەوەی هۆنراوی فارسی و تورکیشدا سەرکەوتووە.

سەرچاوەکان
١- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، نووسراوی ڕەفیق حیلمی - بەغدا، ١٩٥٦.
٢- دیاریی شارەزوور، کۆمەڵە هۆنراوی عەلی کەماڵ باپیر - سلێمانی، ١٩٦٦.

## سەی عەبدولخالقی ئەسیری

١٣١٠ - ١٣٨٢

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەبدولخالق و کوڕی سەی حسینی بەرزنجییە و بەپێی ئەو بەڵگانە کە کەوتووەتە دەستمان لە ساڵی ١٣١٠ی کۆچی لە شاری کەرکووک پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و بۆ خوێندن گەلێ دێ و شار و مەڵبەندی کوردستان گەڕاوە و لە شارەکانی سلێمانی و سەقز و کرماشان و بانە فەقێیەتیی کردووە و لە پاشا گەڕاوەتەوە کەرکووک و لەلای مەلا عەلی حیکمەت ودمی مەلایەتیی وەرگرتووە و ئەوسا بۆ چاوپێکەوتنی نەجمەدینی برا گەورەی چووەتە ئەستەمووڵ و لەگەڵ کوردەکانی ئەوێدا ئاشنایەتیی پەیدا کردووە بەتایبەت چاوی کەوتووەتە شێخ عەبدولقادری نەهری و هەستی کوردایەتیی لە دڵیدا پەرەی سەندووە و لە پاش تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە جێی باوکی دانیشتووە و بووەتە ڕێبەری ڕێبازی نەقشبەندی و هەروەها کاروباری دێیەکانی



خۆیانی گرتووەتە ئەستۆ و لە پاشا لە کاری دەوڵەتی دامەزراوە و بووەتە نووسەری دادگا و لە ساڵی ١٣٧٨ی کۆچی خانەنشین بووە و سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٨٢ لە تەمەنی حەفتا و دوو ساڵی بەنەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کردووە و هەر لە کەرکووکدا نێژراوە.

ئەسیری یەکێ لە هۆنەرە بەرزەکانی کوردە، گەرچی سەرەتا هۆنراوی دڵداریی دەهۆنییەوە، بەڵام کاتێ چووە ئەستەمووڵ و لەگەڵ کوردەکاندا پەیوەندیی بەست و چاوی بەهەژاری و کەنەفتی و کەساسیی گەلەکەی کەوت، ئیتر هەستی نەتەوایەتیی جووڵایەوە و هەموو هۆنراوێکی بۆ کورد و کوردستان تەرخان کرد و ئیتر کەمتر هۆنراوی دڵداریی دەهۆنییەوە.

ئەسیری هەروەها لە هۆنینەوەی هۆنراوی فارسی و عەرەبی و تورکیدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و زۆربەی هۆنراوەکانی دڵداری و کۆمەڵایەتی و نیشتمانین و هۆنراوەکانی گەلێ تەڕ و پاراو و شیرینن. ئەمەش پارچە هەڵبەستێکی ئەم هۆنەرە لە ژێر ناونیشانی (ئاوی ژیان) کە دەڵێت:

بێرە کوردستان عەزیزم گەر تۆ سەیرانت دەوێ
بتبەمە (قەندیل) ئەگەر گوڵزاری کوێستانت دەوێ
سەیری ئەو خێڵانە گەیشتوونە داوێنی چیا
با بچین بۆ ماڵی کوردێ گەر تۆ خوێشانت دەوێ
بتبەمە پای تاقی لای سەرپێڵ و سەرمیل و کرند
پێت نیشان دەم سەد هەزار ئاساری ساسانت دەوێ
هەڵسە گەشتێ چیمەن و گوڵزاری کوردستانت بکە
گەر تۆ بۆ دەردی دەروونت داو و دەرمانت دەوێ
لاوی کوردی من لەبەرکە شاڵی (زاخۆ) و (ئامێدی)
گەر تۆ سەد چاتر لە ڕەنگی شاڵی کرمانت دەوێ
ڕۆح و ماڵت صەرفی ڕێگەی میللەتت کە ڕۆحەکەم
گەر لە خوا لوتفی عەمیم و جوود و ئیحسانت دەوێ
ئەی (ئەسیری) هێندە عەشقی میللەتی کوردت هەیە
بشمری لام وایە قەبری گردی سەیوانت دەوێ

گەلێ لە هۆنراوەکانی ئەسیری لە گۆڤارە کوردییەکانی ئەو سەردەمە وەکو: گۆڤاری زاری کرمانجی و دیاری کوردستان و گەلاوێژ و پەیژە و هەتاو، چاپ بوونە و لەسەری کۆڵیونەتەوە.

مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە پەڕاوی: شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا سەبارەت بەئەسیری دەڵێ: ئەسیری زانایەکی ئەم چەرخە و پیاوێکی ڕووخۆش و قەلەندەرێکی بێ هاوتایە و شارەزای زمانەکانی کوردی و تورکی و عەرەبی و فارسییە و هەستی نیشتمانپەروەریی زۆر بەهێزە و هەموو هۆنراوەکانی بەسۆز و ئاگرینە و ئەم سۆزە ئاگرینەی نرخی داوە بەهۆنراوەکانی بۆیە زۆربەی گۆڤارەکان و ڕۆژنامەکانمان لاپەڕەکانی خۆیان بۆ هۆنراوەکانی ئەو تەرخان کردوون.

سەرچاوەکان

١- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا، ١٩٤١، رەفیق حیلمی.
٢- گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەصرم، بەغدا، ١٩٣٩، عەلی باپیر ئاغا کەماڵی.
٣- ڕۆژنامەی هاوار، ژمارە ١١، ساڵی ١٩٣٢، شام

## مەلا محەمەدی چرۆستانی

١٣٨٥ - ١٣١٢

ئەم هۆنەرمان ناوی محەمەد و کوڕی مەلا عەبدوڕەحیمی چرۆستانییە بەچەند پشت دەچێتەوە سەر پیر خدری شاهۆ، بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٣١٢ی کۆچی لە دێی ئابلاخ کە ئێستا گەڕەکێکە لە شاری سلێمانی پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە، وە لەبەرئەوەی مەلا زادە بووە، سەرەتا لە قوتابخانە و لە پاشا لە حوجرەی فەقێیاندا خوێندوویەتی، بۆ خوێندن هەڵەبجە و سلێمانی و هەولێر و کۆیە و خۆشناو گەڕاوە و ماوەیەک لە دێی هیران و نازەنین بوو و سەرئەنجام لە بەرزنجەدا خوێندنەکەی تەواو دەکا و لەبەرئەوەی باوکی لە بەرزنجە کۆچی دوایی کردبوو، دەڕواتە دێی سەراو لە شارباژێڕ دەبێ بەمەلا و هەر لەوێشدا ژن دەخوازێ و دەمێنێتەوە. ئیتر ژیان بەمەلایەتی لەم دێ بۆ ئەو دێ دەباتە سەر تا لە ساڵی ١٣٨٥ لە تەمەنی حەفتا و سێ ساڵی لە سلێمانیدا کۆچی دوایی دەکات و لە گۆڕستانی گردی جۆگە بەخاکی دەسپێرن.

مەلا محەمەد هەر لە تافی جوانیدا هەوەسێکی زۆری لەسەر خوێندنەوەی هۆنراو بووە و خێی داوەتە خوێندنەوەی دیوانی هۆنەرانی بابان وەکو: سالم و نالی و ئاهی و خەستە، بەتایبەت گەلێ حەزی لە هۆنراوی نالی کردووە و وەکو دەڵێن زۆربەی هۆنراوەکانی نالیی لەبەربووە و شی کردوونەتەوە و لە دەوری خۆیدا ئەو بەیەکەمین لێکۆڵەری هۆنراوەکانی نالی هاتووەتە ژمار، لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا سەری کێشاوەتە ناو هەموو جۆرە وتنێکەوە: ئاینی، دڵداری، کۆمەڵایەتی، نیشتمانی.



گەرچی هۆنراوەکانی چرۆستانی وێنەیەکی بێ کەم و زیادی هۆنەرە کۆنەکانن و لەسەر شێوەی ئەوان ڕۆیشتووە، لەگەڵ ئەوەشدا گەلێک هۆنراوی نیشتمانی و کۆمەڵایەتیی هەیە و لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا پتر لە سەر ڕێ و ڕچەی نالی و سالم ڕۆیشتووە. ئەم پارچە هەڵبەستەی خوارەوە نموونەیەکن لە هۆنراوە دڵدارییەکانی کە دەڵێ:

ئەی بوون و نەبوونی نەفەست مان و نەمانم
بێ نەقدی هەوا مردن و سەوداتە ژیانم
ئاوایی دڵم چۆڵە بەبێ خێڵی خەیاڵت
ئاوایی بەدڵداری بفەرموو دڵ و گیانم
بێ دەرکە ڕەقیب ئەو مەتەڵە لاتی هەلاتە
خۆم مەشقی غەمی عەشقی تۆ ئازانە ئەزانم
ئەو دڵ ڕەشە نەعل و یەمەنی ماڵە بەدەمیا
من مۆرە دڵم ماڵی لەبی لەعلی یەمانم
ئاوارە دەکا پەرچەمی ئێوارە تەماشام
وا هەر بەتەما چوونی شەو و بوونی بەیانم
لابە تەمی زوڵفت لە سەر ئاوێنەیی کوڵمت
با چارەیی بێ چارە بدا جارێ نیشانم
دیقەت لە قەدی ئەلف و کەچیی لامی دوو زوڵفە
لەم ماتەمە داماوە دڵ و لاڵە زوبانم
چاوم کە ڕوا خێل بوو لە بۆ چاوەڕوانیت
بێ چاو و ڕوو بۆ تیلەیی چاوێ ئەڕوانم
زوڵفت کە قەرینی ڕووە شێوەی شەو و ڕۆژە
ئەو سێبەری خۆرم ئەم ئەلەتریکی شەوانم
دەم عەتری شەکەر قەترە مەگەر لێو تۆ چاکا
دوو لێوی بەبار زەردی ڕوان ڕۆحی ڕەوانم
عەهدێکە دوو پێم ناوەتە ڕێی عەشقت و ماتم
بۆ شوێنە ونی هەر بەتەما هاتی ژوانم
کەشکۆڵی دڵ و زاری (چرۆستانی) لە نەزما
ئاواڵەیە ئاوارەیی بەزمێکی ڕەوانم

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم! بوون و نەبوونم پەیوەندیی بەجوانی و شۆخوشەنگیی تۆیە، ئەوا چۆڵی ئاواییی دڵم دەسپێرمە تۆ، بۆیە دڵی خەنیم زویرە، چونکە دەزانێ کە من هەر تۆم خۆش دەوێ کەواتە ئەی خۆشەویستەکەم تا زووە لە پاداشتی ئەم هەموو ئەمەکدارییە، زوڵفی شەوەزەنگت لە سەر خۆری ڕوومەتت لادە، چونکە من لەمێژەوە بەتەمای دیتنی ڕوومەتی جوانتم، دنیای ئەوین و خۆشەویستیت کەشکۆڵی دڵی منە.

چرۆستانی پەردەی دڵداری دادەداتەوە و دەکەوێتە ناو کۆڕی خواناسان و دەروێشانەوە و لە جۆشی کوورەی دەروونێکی زۆر بەسۆزەوە ستایشی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام دەکا و دروودی بۆ دەنێرێ و دەڵێ:

ئیلاهی ڕەحمەتێ لایق بەحوبی تۆ لە بۆ ئەو بێ
بپرژێنە بەسەر ئەو بەحری عیلم و شەمسی عیرفانە
چ بەحرێکە کە هەر قەترەی دوڕی بارانی نیسانە
چ شەمسێ پەرتەوی (تحت الثری) تا عەرشی ڕەحمانە
چ بەحرێ لەو مەلەک وەک جن و ئینسان جورعە نۆشانە
چ شەمسێ ڕۆژ لە ڕووی پەنهانە کرمی شەب فرۆزانە
چ بەحرێکە موحیت ئیحسانە بۆ ئافاتی ئەکوانە
چ شەمسێکە سەفایی سەفوەتی دڵ نووری ئیزعانە
لە ئادەم تا بەعیسا هەر بەیەکێ بەو مژدە گۆیانە
گوڵ و ڕەیحان و سونبوڵی چن هەموو لەو باغ و خەرمانە
لە مەدحت خوا «وانک لعلی خلق عظیم»ی وت
لە وەسفت چی بڵێ ناتێگەییو کوردێ کە نادانە
بەحەسری حوسنی ئەخلاقت عەلیمە خالق و بۆمن
وەک ئەژماری ستارەی ئاسمان لێوی بیابانە
بەڵێ عالەم بەخەزنەی جەوهەری خاس مەلیک نابێ
بەغەیری خەزنەدارێکی ئەمین و خۆی کە سوڵتانە
لەبەر «صلوا علیه»ی خوا (چرۆستانی) دەکا داوا
بڕێژێ ڕەحمەتێکی لایەقی ئەم شەوکەت و شانە

واتە: خوایا بەزەیی خۆت هەر شیاوی ئەو بێ و بەسەر ئەو دەریا و خۆری زانستە تیشک بپرژێنە، چ دەریایەکە کە هەر دڵۆپێکی بارانی بەهارە و چ خۆرێکە کە تیشکی جیهان و



ئاسمان و ژێر خاک دادەگرێ، چ دەریایەک کە فریشتە و جنۆکە و مرۆ قومێکی لێ دەخۆنەوە، چ خۆرێک لەبەردەمیا هیچە و وەکو گوڵ ئەستێرەیە، لە ئادەمەوە تا عیسا مژدەی هاتنی تۆیان بەخەڵک داوە، لە ستایشتدا خوا فەرموویە: بەڕاستی تۆ لە هەر خوو و ئاکارێکی بەرز و جوانی، و خووی بەرزت لە ژماردا نایە، دەسا هەموو دروود بدەن لەسەر پێغەمبەری گەورەی ئیسلام.

چرۆستانی لە هۆنینەوەی هۆنراوی سروشتیشدا دەستێکی باڵای هەبووە و سروشتی بەجوانی ستایش کردووە و دەرسێکی تەواوی زانستیی سروشتی داوە، بەقوتابییانی هۆنراو وێژە، وەکو لەم پارچە هەڵبەستەی خوارەوەدا بەم چەشنە بەهاری ستایش کردووە کە دەڵێ:

چ ڕۆژێکە کە دنیا پڕ لە نوورە
چ فەسڵێکە سەوز و سوورە
ئەمە نەورۆزە وا عالەم سەراسەر
بەبوونی ئەو دەماغی بوو موعەتەر
ئەمە تەشریفی جەژنی نەوبەهارە
کە بێ ڕۆح و بەڕۆح پڕ بەرگ و بارە
لە هەر لایێ تەماشاکەی گوڵووکە
سەراپا ئاڵ و واڵا چەشنی بووکە
کەژ و سەحراو و چیمەن سەوز و زەردە
وەکو شایی کە زاوا بێتە پەردە
درەختان دەس لەناو دەس شان بەشانن
هەموو تارا بەسەر عەنبەر فشانن
گەلی تەیران لە هەر لا بەزم و ڕەزمە
چریکە و دەنگی گۆرانی بەنەزمە
وەرن دەستەبرا ئێمەش بەجارێ
بچینە چیمەنی دەشت و کەنارێ
لیباسی گەرمی زستانی فڕێ دەین
لیباسی نەرمی نەورۆزی لەبەرکەین
بەگەل با دەس بەدەس بگرین جەماوەر
پیاڵە و شەکر و چا قۆری سەماوەر

بەجەم ئێمەش سەراپامان بپۆشین
بەخۆشی چا لە سەحرادا بنۆشین
سەراپا بەرگی ڕەنگاوڕەنگی زەرقی
بەدەنگی خۆش بخوێنین شیعر و شەرقی
بەیاری ڕابوێرین و بەفتبوڵ
لە ڕۆحی پیسی دوژمن با بکەین گوڵ
تەم و غەم تاکو ئێوارە بەبا دەین
بەرەو ماڵ بێینەوە شوکری خودا کەین
لەبەر بەختی کە دووچاری نەهاتە
(چرۆستانی) خەریکی توڕەهاتە

واتە: ئەوا بەهار و نەورۆزە و تەواوی جیهان شین و سەوزە و بۆن و بەرامە هەموو شوێنێکی داگرتووە و هەر جێ و شوێنێک سەرنج دەدەی گوڵە سەراپای باخ و چیمەن وەکو بووک ڕازابێتەوە و کەژ و دەشت و بیاوان سەوز و شین و زەردە، وەکو زاوا کە بێتە پەردە، درەختەکان دەست لە ناو دەست و شان بەشانن و هەموویان بەهەر لایەکدا عەنبەر دەپژێنن و باڵندان و پەلەوارانیش لە هەر لایەکەوە دەچریکێنن و ئەجریوێنن و گۆرانی دەڵێن، دەسا ئەی هاوەڵان وەرن ئێمەش بچینە ناو دەشت و چیمەن و جلوبەرگی زستانی فڕێ دەین و جلوبەرگی نەورۆزی لەبەر کەین و بەگەل با دەس بگرین و بەخۆشی لە دەشت و دەردا ڕابوێرین و خەم و پەژارەی دڵ و دەروونمان بەبادەین و ئەوسا بەرەو ماڵ بێینەوە.

سەرچاوەکان

١- دیوانی چرۆستانی - ئامادەکردنی عەبدوڕەحیمی چرۆستانی - بەغدا، ١٩٨٥.
٢- هیوا - ژمارە ٤، ساڵی ١٩٤٨، هۆنراوەی بەهار.



## شێخ نووریی بەرزنجی

١٣١٥ - ١٢٧٨

ئەم هۆنەرەمان ناوی شێخ نووری و کوڕی شێخ ساڵحی بەرزنجییە و لە ساڵی ١٣١٥ی کۆچی لە سلێمانیدا لە دایک بووە و لە حەوت ساڵیدا چووەتە قوتابخانە و خەریکی خوێندنی قورئانی پیرۆز و پەڕاوە وردەڵەکانی فارسی، کە لەو سەردەمەدا خوێندنیان باوبووە، بووە پاشان لە زانایان فێری زمانی تورکییش بووە و گەلێ دیوانی هۆنەرانی تورکی خوێندووەتەوە تا لە وێژەی تورکیدا سەر ڕشتەی پەیدا کردووە و لە پاشا کە دەستی کردووەتە هۆنراو هۆنینەوە، پەیڕەویی لە هۆنەرانی نوێخوازی تورک وەکو تۆفیق فکرەت و هاوەڵانی کردووە و تەنانەت (گۆران)یش هەوڵی لاسایی کردنەوەی ئەوی داوە، شێخ نووری لە پاشا لە کاری میری و دیوانی دامەزراوە و ئیتر پاشماوەی ژیانی بەهۆنراو هۆنینەوە بردووەتە سەر، تا لە ساڵی ١٣٧٨دا کۆچی دواییی کردووە و لە گۆڕستانی گردی سەیواندا نێژراوە.

شێخ نووری بەڕاستی یەکێک لەو کەسانەیە کە لە وێژەی کوردی شۆڕشێکی گێڕا و ڕەنگێ تری دا بەهۆنراوی کوردی، وە دەستی لە کلکی عەروزدا بەردا و لەسەر هیجا، هۆنراوەکانی خۆی هۆنییەوە، وەکو لەم هۆنراوانەدا کە لە سەر دێڕی پەپوولە هۆنیویەتەوە، کەڵکی لە کێش و وشەی خۆماڵیی کوردی وەرگرتووە، وەها کە دەڵێ:

خۆزگە ئەمزانی تۆ بۆ؟
وا خۆت ئەکەی ڕەنجەڕۆ؟
پەپوولەی باڵ هەڵوەریو
بەتیشکی گڕ داڕزیو
باڵداری جوان و ڕەنگین
ئێسک سووک و باڵ نەخشین
بەڕۆژ لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ
لەم چڵەوە بۆ ئەو چڵ
ئەفڕێ و ئەنیشێتەوە
بۆنی خۆش ئەچنێتەوە
هەر تاریکیت لێ دەرکەوت
چاوت بەشۆڵە و گڕ کەوت

بالت هەڵئەپرووزێنی
جەرگت هەڵئەقرچێنی
باڵداری باڵ ڕەنگاورەنگ
دەم پڕ هاواری بێ دەنگ
خۆزگە ئەمزانی تۆ بۆ؟
وا خۆت ئەکەی ڕەنجەڕۆ

***

شەبەق ئەدا بەیانی
لە گوێی جۆگە و سەر کانی
ئەگەڕێی تا ئەتوانی
هیچ ماندووەتی نازانی
کام جێگا خۆش و بەرزە
کام لق ناسکە، سەوزە
لە دوورەوە بۆی ئەفڕی
جێگای خۆتی لێ ئەگری
بەڕۆژ جێت ناو گوڵانە
بەشەو ئەبیە پەروانە
لە کوێ بەشۆڵەت زانی؟
خۆت ئەکەی بەقوربانی؟
پەپوولەی ناسک و نازدار
عاشقی دڵ بریندار
خۆزگە ئەمزانی تۆ بۆ؟
وا خۆت ئەکەی ڕەنجەڕۆ؟

شێخ نووری بەشێکی زۆری ژیانی لە ناوچەکانی کوردستاندا ڕابواردووە کە زۆربەیان دێهاتگەلێکی دواکەوتوو بووە، جا لەبەر ئەمە کاتی بێ کاری خۆی بەهۆنراو هۆنینەوە، بردووەتە سەر. جارێکیان پارچە هەڵبەستێکی بەسۆزی لە دڵێکی پڕ لە ئاڵۆزەوە بۆ پیرەمێردی نەمر نارد. وا دیارە ئەو پارچە هەڵبەستەی بەلای پیرەمێردەوە زۆر باییدار و بەنرخ بووە بۆیە بەم دوو هۆنراوە وەڵامی دەداتەوە کە دەڵێ:



شوکری خوا ئەکەم کە لە نووری کوژاوەوە
پرشنگی جوانیی شیعر و ئەدەب کەوتە ناوەوە
نووری! بەنووری ئێوەوە زوڵمەت لەناو ئەچێ
یارەبی! ئەم زیایە نەبێ قەت بەچاوەوە

شێخ نووری ڕەنگێکی تری دایە وێژەی کوردی و شتی تازە و نوێی خستە قاڵبی هۆنراوەوە و هۆنەرەکانی تریش پەیڕەوییان لەوەوە کردووە و بەڕێبەرایەتیی ئەو سنگیان بۆ پێشەوە ناوە بۆ دۆزینەوەی شتی تازە و نوێ و کەوتوونە سەر ئەوە کە دەستی عەرووز و پاشڵ لە یەخەی خۆیان بکەنەوە. جا یەکێ لە پارچە هەڵبەستەکانی شێخ نووری کە لە سەردێڕی (ژیانی ئادەمیزاد) هۆنیویەتەوە، شێوەی تازەی هۆنراوی کوردیمان پیشان دەدا وەکو دەڵێ:

لە ناو شەپۆلی خەمت سەرنگوون و بێ ئارام
بەکێوی سەختی ژیانا بەپێ بەچنگە کڕێ
خەریکی هەڵمەتی سەرکەوتنە، بگاتە سەرێ
لەپڕ نشێوی کوڵۆڵی بواری لێی ئەتەنی
بەدوای یەئس و ئەلەم، تارۆپۆی لە ئاخ و لە زام

***

زەبوون و ڕێ هەڵەبووی دەشتی چۆڵ و هۆڵی ژیان
شکستە باڵ و شپرزەی پلاری دەستی قەدەر
کەسێ نییە کە لە لاوە دەستی بداتە پەلی
یەکێ نییە خەفەتی خۆی لە لابدا بەهەوا
بەلایەکا بیەوێ لابدا نییە ڕەهبەر

***

لە پێش چاوی تەمومژ بەسوورەتێکی وەها
هەتاکو چاو بڕ ئەکا توند و تار و بیماوەر
ئەدا بەلایەوە بۆی دێتە پێکەنین بەگەمە
هەوڵ ئەدا کە بچێ بیگرێ و لە ڕێی لادا
چلۆن ئەگیرێ تەمومژ بەناتەوانی وەها؟
ئەمانە، ئەم تەمە، ئەم کێوە، ئەم شەپۆلە، یەکێ
نموونەیەکی هیوان و لە ڕێگە دایە بەبار

که چاوی پێی ئەکەوێ بۆی ئەچێ بەئیستعجال
بەڵام هیلاکییە! ئەما ژیانی ئادەمیزاد:
بەتەنگەوە نییە، ڕاهاتووە لەگەڵ ئەمال
هەتاکو ئەو دەمە ئەینێتە گۆڕی تیرە و تار

***

شێخ نووری لەم پارچە هەڵبەستەدا باس لە تێکۆشانی ژیانن دەکا، بەتایبەت ئەو ژیانە کە ئادەمیزاد بەسەریدا دێت و ڕای دەبوێرێ. بەلای ئەوەوە ژیان دەریایەکی خەم و پەرێشانییە، شەپۆلەکانی هەموو شت ڕادەماڵێ، ئێجگار ئەو ئادەمیزادە کە بەهیچ جۆر توانای نییە خۆی لە بەریدا ڕابگرێ، چونکە نوقمی دەکا و ئارام و ئاسایشی لێ دەبڕێ! ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە گەڕان بەناو دەشت و بیاوانی ژیاندا لە شەپۆلی خەمەکە سەختترە، بەو چیا و کێوی هەڵدێری ژیانەدا بەپێی و چنگەکرێ خەریکی پەلاماردانی ئەوەیە کە پیایا سەرکەوێ، لەناکاو کولۆڵی و بێبەختی کە وەکو سەرەو لێژێکە لەو ڕێگایەدا ڕێگای لێ دێنێتە یەک و بەدوای نائومێدی و پەژارەکەتان و پۆکەی ژان و برین و زامە، لێی دەتەنێ و لێی دەبێ بەکۆسپ و بەبەرهەڵست بۆ سەرنەکەوتن!! ژیان دەشتێکی پڕ لە دڕکوداڵ و کەند و کۆسپی توان لێ برە، لەو دەشتەدا بەکەساسی و نالەباری و بەڕێ لێ تێکچوون، وەکو مەلێکی باڵ شکاوی پەرێشان لە پلاری دەستی بەرهەڵستە!. وە بەبێ ئەوە کەسێکی هەبێ کە لەناکاو لە گۆشەیەکەوە دەستی بگرێ و لە تاریکی و سەختی دەری بکا و ڕزگاری کا و بەهەموو لایەکا پەل دەکوتێ و دڵسۆزێکی دەست ناکەوێ کە لەو تاریکی و سەخڵەتییە ڕزگاری کا و تۆزێ باری دڵی خۆی لەلا سووک بکا. ئەم تەمی دەشت و ئەم کێوی ژیانە و ئەم شەپۆلی خەمە هەریەکە نموونەیەکی هیوا و ئومێدن و بەزۆری لە سەر ڕێگادان. ئەم ئادەمیزاد کە چاوی بەم شتانە دەکەوێ هەر چەندە کە بۆی دەبن بەمایەی شەکەتی و ماندوویەتی، بەڵام هەر لەبەر ئەو هیوایە هەر بۆیان دەبێ، چونکە ژیان گوێ بەم کۆسپانە نادا، لەبەرئەوەی لەگەڵ خستنە پشتگوێی ئەمانە ڕاهاتووە و ئادەمیزاد تا ئەو ڕۆژە دەخرێتە گۆڕەکەوە هەر دەچێ و هەر لە چنگە کرێ دایە!.

ئەم جۆرە بیر و کەڵکەڵەیە کە شێخ دەری بڕیوە، لە چاو وێژەی پێش سەردەمی خۆیەوە جیاوازییەکی زۆری هەیە، بیرەکەی بیرێکی تازەیە، هەر چەند لە پارچە هۆنراوەکەیدا وشەی عەرەبی و فارسیشی بەکاربردووە، بەڵام وشەی خۆماڵییشی زۆر بەکارهێناون و زیاتر لەمانەش ئەو هۆنراوانە کە تا ئەم سەردەمە هەبوون بەستراوبوون بەپاشڵەوە، بەڵام ئەم خۆی لەو خۆبەستنەوە ڕزگار کردووە و هۆنراوەکەشی تێک نەچووە.



شێخ نووری هۆنراویشی لە سەر شێوەی کۆن هۆنیوەتەوە، بەڵام زۆربەی هۆنراوەکانی لە سەر شێوەی نوێیە. دیوانەکەی کە داگری سێ هەزار هۆنراوە تا ئێستا لە چاپ نەدراوە.

سەرچاوەکان
١- دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح - ئازاد عەبدولواحید، بەغدا، ١٩٨٥.
٢- شێخ نووری دەنگی ڕەسەنی شیعر - موسلّح مستەفا جەلال - بەغدا، ١٩٨٤.
٣- هۆنراوەی نووری شێخ ساڵح - چ. کامەران - سلێمانی، ١٩٥٨.

## ئەحمەد موختار بەگی جاف

١٣٥٤ - ١٣١٦

ئەحمەد موختار کوڕی وەسمان پاشای جاف لە ساڵی ١٣١٦ی کۆچی لە شاری هەڵەبجەدا لە دایک بووە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و قورئان و پەڕاوە وردەڵەکانی فارسی و گوڵستانی تەواو کردوونە و ئەوسا فێری زمانی عەرەبی و تورکی و ئینگلیزییش بووە و لە وێژەی ئەو زمانانەش بەهرەی وەرگرتووە و لە پاشا خەریکی سواری و ڕاو و شکار و مڵکداری بووە و لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا بووەتە فەرمانڕەوای هەڵەبجە و لە ساڵی ١٣٥٤ لە تەمەنی سی و هەشت ساڵیدا بەگوللەی تفەنگی دەستێکی چەپەڵ کوژراوە و تەرمەکەی لە ئاوایی عەبابەیلێ لە تەنیشت گۆڕی براکەیەوە - تایەر بەگ - نێژراوە. ئەحمەد موختار بەگ بەیەکێ لە هۆنەرانی کورد دێتە ژمار و هۆنراوەکانی گەلێ شیرین و پاراو و ناسکن. ئەم هۆنەرە لەگەڵ ئەوەی زۆری نەخوێندووە، کەچی هۆنراوەکانی لەوپەڕی بەرزییەوەن و هەر لە تافی جوانیدا خەریکی خوێندنی دیوانی هۆنەرانی کورد بووە و گەلێ حەزی لە هۆنراوەکانی نالی و حاجی قادر و کەیفی کردووە و هەر لەو کاتەدا دەستی کردووەتە هۆنراو هۆنینەوە وەکو لەم پارچە هەڵبەستەیدا دەڵێ:

گڕپە و گڕەی تەنوورە، بڵێسەی هەناوەکەم
سیروان و تانجەڕۆیە خوڕەی ئاوی چاوەکەم
شێواوی زوڵفی خاوی کەسێکم منی هەژار
بۆیێ پەشێوە ئێستەکە بیری بڵاوەکەم
ڕۆژێ بەپێکەنینەوە، یار پێ وتم وەرە
بۆ پاسی نیوەشەو، سەگی قول هەڵکراوەکەم
ئەم کۆمەڵی گوڵاڵە کە سوورن لە دەشت و کێو
ئاویان دراوە گشتی بەخوێنی ڕژاوەکەم

تۆیی خودا دەسا وەرە ئەی نووری چاوەکەم
سارێژکە زامی لەتلەتی جەرگی بڕاوەکەم
باوەڕ مەکەن بن بەعەرەب کوردی شارەزوور
بێ ترس ئەڵێم، لە ڕاسی دڕاوە کڵاوەکەم
ئەی گیانەکەم بەچاوی ڕەشت سوێند ئەخۆم کە من
بۆ دینی چاوی تۆیە کە هەر چاوە چاو ئەکەم

واتە: هەناوم وەکو ئاوری تەنوور بڵێسەی بەرزبووەتەوە و کەچی چاویشم وەکو ئاوی سیروان و تانجەڕۆ بەخوڕ فرمێسکی لێ دێتە خوار، منی هەژار پەشێواو و شێواوی زوڵفی خاوی دڵبەرێکم بۆیە ئێستاکە بیرم بڵاوە. ڕۆژێکیان یار بەپێکەنینەوە پێی وتم: بۆ پاسی نیوەشەو بەدەورما گەڕێ. ئەم گوڵاڵانە کە لە دەشت و کێوا ڕواون و سوورن، هەموویان بەخوێنی ڕژاوی من ئاو دراون، دەسا ئەی خۆشەویستەکەم بۆ خوا وەرە برینەکانی لەتلەتی جەرگم بۆ سارێژ بکە؛ چونکە من هەر تۆم خۆش دەوێ و لە ڕێی تۆوە دەڕۆم، بڕوا مەکەن کە کوردی شارەزوور ببنە عەرەب، منیش هەر لە ڕێی تۆم و بەچاوانی ڕەشت سوێند دەخۆم کە هەموو دەم بۆ دیتنی تۆ لە چاوەڕوانی دام.

ئەحمەد موختار بەڕاستی لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداریدا لاساییی هۆنەرانی فارسی زمانی کردووە، بەتایبەت زۆر حەزی لە هۆنراوەکانی سەعدیی شیرازی کردووە. لە پارچە هەڵبەستێکی تریا ڕوو دەکاتە دڵدارەکەی و دەڵێ:

بەبەردی فیرقەتت شیشەی دڵی ئاوارە مەشکێنە
لە ناو زومرەی ڕەقیبان عاشق بێچارە مەشکێنە
ئەگەر ڕۆح و دڵ و ئیمان تەڵەب کا بیدەرێ عاشق
کە تفڵ و خورد ساڵە قەت دڵی ئەو یارە مەشکێنە
دەخیلم ئەی نەسیمی سوبحگاهی، مەسکەنی دڵمە
پەرێشانی مەکە تۆ زوڵفی ئەو نازدارە مەشکێنە
کە من پەروانەیی شەمعی سەری دو کوڵمی تۆم جانا
دڵی «ئەحمەد» بەفتنەی ئەو سەگی پەتیارە مەشکێنە

واتە: ئەی خۆشەویستەکەم بەبەردی دووریت دڵی منی ئاوارە و دەربەدەر مەشکێنە و لە ناو ناحەزاندا بێچارەم مەکە چونکە من گراو و سەوداسەری تۆم و هەر تۆم خۆش دەوێ، ئەگەر دڵدار دڵ و بڕواتی بوێ، خێرا بیدەرێ و درێخی لێ مەکە، چونکە گراو و دڵبراو وەکو منداڵ وایە و نابێ دڵێ بشکێنی، دڵم بووەتە کانگای پەژارە و خەفەت، دەسا پەرێشانی



مەکە. من وەکو پەپوولە بەدەوری ڕوومەتی شەمعی تۆ دەسووڕێمەوە، تۆش دڵی ئەحمەدی بێچارە مەشکێنە و بەدیتنی خۆت ئەو دڵخۆش کە.

ئەحمەد موختار ڕەخنە لە هۆنەرانی دەوری خۆی دەگرێ و دەڵێ: ئەی هۆنەران و ئەی هەستیارانی کورد! ئیتر کەم باسی زوڵف و خەت و خاڵ و چاو و برۆ بکەن و کەم بیر لە پەرچەم و کاکۆڵی یار بکەنەوە و خۆتان لەم باسانە لادەن و بیرێک لە گەلی لێقەوماوی کورد بکەنەوە و دەردی نەزانی و نەخوێندەواری ئەم گەلە چارەسەرکەن، وەکو دەڵێ:

شاعیرانی کورد! بەسە، بەس باسی زوڵف و چاو بکەن
کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن
لابدەن کەم باسی سونبوڵی، یا لقی لاولاو بکەن
ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن
زوو بەزوو تا ئیش لە دەس دەرنەچووە، سا هەوڵێ بدەن

ئەحمەد موختار دیسان لەم بارەوە پەندی هۆنەران دادەدا و دەڵێ: ئەی هۆنەران! لە باسی دڵداری خۆتان لادەن و کەمێک بیربکەنەوە و بزانن کە چۆن هەندێکی خوانەناس خەریکی وێرانکردنی وڵاتن و نەزانەکان بۆ بەهرە و سوودی خۆیان بەڕۆژ و بەشەو خەریکی تووڵانەوە و خراپەن و خەڵک لە ڕێی زانین و پیشەسازی لادەدەن و دەبنە بەرهەڵستی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ زانین پەرە پێ بدەن، ئەو کەسانەی کە گەل و نەتەوەی خۆیان بۆ پووڵ و پارە دادەشۆرن ڕووڕەشی لای خوا دەبن، دونیا بەجۆرێکی لێ هاتووە کە نەزان بەسەر خەڵکدا زاڵبووە و کەچی پشیلە و ڕێوی دەیەوێ جێی شێران بگرنەوە وەکو دەڵێ:

لادە شاعیر تۆ لە باسی عشقبازی و سەیرکە
چۆن خەریکن چەن کەسێ ئێستا وەتەن وێران ئەکەن
جاهلان بۆ ئیستفادەی زاتی خۆیان ڕۆژ و شەو
لەم موحیتە مەنعی عیلم و سەنعەت و عیرفان ئەکەن
ڕوو ڕەشی دونیا و قیامەت ئەو نەفامانەن کەوا:
هەجوی قەوم و میللەتی خۆیان بەپارە و نان ئەکەن
ئاسمان ئێستا وەها چەرخاوە جاهل غالبە
گوربە و ڕێوی خەیاڵی مەرتەبەی شێران ئەکەن

سەرچاوەکان

١– گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەصرم – نووسینی عەلی کەماڵ باپیر – سلێمانی، ١٩٣٩.
٢– تاریخ السلیمانیه، تألیف امین زکی – بغداد، ١٩٥٢.

# گۆران

١٣٢٤ – ١٣٨٢

ئەم هۆنەرەمان ناوی عەبدوڵڵا و نازناوی گۆران و کوڕی سلێمان بەگی جافە کە لە ساڵی ١٣٢٤ی کۆچی لە شاری هەڵەبجەدا لە دایک بووە. سلێمان بەگی باوکی لە ناوچەی شارەزوورا بە(نووسەری فارسی) ناوبانگی دەرکردبوو، وە یەکێک بووە لە نووسەرە هەرە بەرزەکانی وێژەی فارسی، بەتایبەت عەبدوڵڵا بەگی باپیرەی لە زمان و وێژەی فارسییدا دەستێکی باڵای هەبووە. جا عەبدوڵڵا بەگ لە سەردەمی منداڵیدا لەلای باوکی خەریکی خوێندن دەبێ، قورئان و پەڕاوە وردەڵەکانی فارسی کە لەو سەردەمەدا خوێندنیان باوبووە دەخوێنێ، پاشان دەڕواتە قوتابخانە و لەلای مەلا ئەمین ناوێک بەخوێندنەکەی درێژە پێ دەدا، لە پاش مردنی باوکی، حەمە بەگی کاکی دەینێرێتە قوتابخانەی زانستی لە کەرکووک، وە لەوێدا دەست دەکاتە خوێندنی زمان و وێژەی عەرەبی و تورکی و لە پاشا لەبەر تەنگوچەڵەمە و دەستکورتی واز لە خوێندن دێنێ و بەمامۆستایی لە قوتابخانەی سەرەتایی هەڵەبجەدا دادەمەزرێ، بەڵام بەشی زۆری ژیانی لەو سەردەمەدا لە قوتابخانەکانی لادێ دەباتە سەر، وە لەبەر چەند هۆیەک مامۆستایی لێ بێزراوە و لە وەزارەتی فەرهەنگدا بووەتە نووسەر و پاشماوەی ژیانی بەم جۆرە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٨٢ی کۆچی لە تەمەنی پەنجا و هەشت ساڵیدا ماڵئاوایی لە جیهان دەکا و کۆشکی هەمیشە ئاوای وێژە و هونەری کوردی بۆ کوردستان بەجێ دێڵێ.

گۆران کە بەیەکێ لە هۆنەرە هەرە بەرزەکانی سەدەی بیستەمی کورد دێتە ئەژمار، دەتوانین بڵێین کە ئەو لە کوردستاندا داهێنەری هۆنراوی نوێ بەبیرێکی نوێ و تازە بووە. ئەو بلیمەتێکی نەمر و مامۆستایەکی هۆنراوی نوێی کوردییە. گۆران جگە لە کوردی کە زمانی زگماکی خۆی بووە، بەزمانەکانی فارسی و عەرەبی و ئینگلیزیش ئاشنایەتییەکی ڕەبەقی بووە، وە چەشکەی لە وێژە و هونەری ئەو زمانانەش وەرگرتووە.

گۆران هەر لە سەردەمی منداڵیدا دەستی کردووە بەهۆنراو هۆنینەوە، وەکو خۆی دەیگێڕێتەوە یەکەم پارچە هەڵبەست کە هۆنیویەتەوە، چوار پێنج هۆنراوێکە کە ئێستا هەر چەند دەکا دوانیان نەبێ نایێتەوە بیری کە هۆنراوی یەکەمی ئەو پارچە هەڵبەستە ئەمەیە کە دەڵێ

لە تاوی فرقەتی یارم دڵم دایم پەرێشانە
وەکوو مەجنوونی حەی وێڵی کەژ و دەشت و بیاوانم

گۆران ئەم پارچە هەڵبەستە بۆ مامۆستا بێخود دەنێرێ و مامۆستا بێخود پەسەندی



دەکا و وشەی یارم دەگۆڕێ بەلەیلا، وا دیارە گۆران لەو دەمە نەیزانیوە کە بەلای (مەجنوون)ەوە یار هەر دەبێ لەیلا بێ.

گۆران سەرەتا وەکو هۆنەرە پێشووەکان لە سەر شێوەی کۆن هۆنراوی هۆنیوەتەوە، وە لەو چەشنە هۆنراوانەش لە دیوانەکەیدا زۆرن، بەڵام پاشان ئەم شێوە لەناو دەبا و بیری ئەو کۆشکە کۆنە لە دڵیدا دەڕووخێنێ و دەکەوێتە سەر بیرێکی نوێ، وە شۆڕشێ لە هۆنراو و وێژەی کوردییدا دەگێڕێ و هۆنەرانی سەردەمی خۆیشی دەکەونە سەر ئەو شێوە کە ئەو گرتوویەتی.

گۆران بەم کارە گرنگەی توانیی وێژەی کوردی هەڵبگێڕێتەوە، ڕووپەڕەی بیری کۆن بداتە لاوە و بیکا بەبیرێکی نوێ و ئەو لە ڕاستیدا زۆرتر لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردەواری و سروشتە جوانەکەی کوردستان دواوە، وە لە بیر و کەڵکەڵەیش بەشی وەرگرتووە.

پارچە هەڵبەستی (گوڵی خوێناوی) گۆران تابلۆیەکی کۆمەڵایەتییە کە لەوەدا باسی کوڕ و کچێک لە زەماوەندا دەکا کە هەردووکیان لە کۆڕی بەزم و شاییدا ڕاوەستاون و کوڕەکە داوا لە کچەکە دەکا کە بەیەکەوە دەست بگرن و هەڵپەڕن، بەڵام کچەکە دەڵێ: گوڵ نەبێ بۆ سەرم، ئاڵ چەپکێ، زەرد چەپکێ، نابیم بۆ زەماوەند، نایم بۆ هەڵپەڕکێ. ئەویش ئەڕوا کە گوڵ بێنێ، خێڵی دوژمن دەورەی باغچەکە دەدەن، و بەهەر جۆرێک بێ چەپکێ گوڵی زەردی بۆ دەچنێ و پێی دەدا و دەڵێ: ئەمجا لەگەڵمدا دێیت بۆشایی و هەڵپەڕکێ؟ کچە دەڵێ: نایێم دەبێ چەپکێ گوڵی سووریشم بۆ بێنی. کوڕ دەڵێ ناتەوێ ئەم زامی سەر دڵەم لەباتی؟ ئەویش دەڵێ نە هەر گوڵی سوورم دەوێ، ئەوسا کوڕەکە دەڕوا کە چەپکێ گوڵی سوور بێنێ کەچی بەگوللەی دوژمن دەپێکرێ و پاشان کچەکە دڵخوازەکەی دەلاوێنێتەوە و دەڵێ: هەی هاوار! تفەنگی دوژمنیش پێکاتی؟ ڕاکشێ تاوێ سەر بنێرە سەر ڕانم با بگریم بۆ دڵێ، بۆ گوڵێ دۆڕانم! وەکو دەڵێ:

کوڕ: بڕوانە: شاییە، چۆپییە، لەو ماڵە،
گوێ بگرە! زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە!
زەرد و سوور تێکەڵبوون، ژن و پیاو، هەرایە،
لەو ناوە هەر هارەی هەیاسەی تۆ نایە!
سا توخوا، خێراکە، با بڕۆین، دەست بگرین،
بە کامی دڵداری پێکەوە هەڵپەڕین!
کچ: گوڵ نەبێ بۆ سەرم: ئاڵ چەپکێ، زەرد چەپکێ
نایێم بۆ زەماوەن، نایێم بۆ هەڵپەڕکێ!

کوڕ: کچ لە ڕێی جوانیتا، کچ لە ڕێی جوانیتا،
کچ لە ڕێی نیو نیگای هاتوچۆی کانیتا،
پایزە، گەڵای دار ڕژاوە، باغ ڕووتە،
گوڵ کوانێ گوڵ لێوی بەبزە پشکووتە!
کچ: گوڵ نەبێ بۆ سەرم: زەرد چەپکێ، ئاڵ چەپکێ،
نایێم بۆ زەماوەن، نایێم بۆ هەڵپەڕکێ!
بتدایە دڵ بەمن، بەهەموو مەعناوە،
دوو چەپکت ئەهانی لە باغچەی پاشاوە!
کوڕ: (ئەڕوا لەبەرخۆیەوە بەگۆرانی دەڵێ):
باغچەی پاشا لەوبەر ئاوە،
خێڵی دوشمن دەورەی داوە،
ئەڕۆم: ڕێگام لێ گیراوە،
نارۆم: چاوکاڵ لێم تۆراوە!
(بەرەبەرە لە دێ دوورکەوتەوە):
کوڕ: بەباغچەی پاشادا ورد گەڕام، خوار و ژوور،
زەرد هەبوو، بۆم چنیت، چنگ نەکەوت گوڵی سوور،
نازانم ئەمجا دێیت بۆ شایی و هەڵپەڕکێ؟
کچ: نایێم، گوڵ ماویەتی بۆ سەرم سوور چەپکێ!
کوڕ: (یەخەی موورادخانی ترازان):
ناتەوێ ئەم زامی سەر دڵەم لەباتی؟
کچ: هەی هاوار! تفەنگی دوشمنیش پێکاتی
ڕاکشێ تاوێ سەر بنێرە سەر ڕانم
با بگریم بۆ دڵێ، بۆ گوڵێ دۆڕانم

گۆران هۆنەرێکی هونەومەند ڕیالیستە کە هەوێنی هۆنراوەکانی لە ژیانی کۆمەڵایەتیی کوردەوارییەوە وەرگرتووە، وە کردوویە بەتوێشووی هۆنەرانی تر، بەڵێ گۆران بوێژێکی هونەرمەندە و لە بیر و کەڵکەڵەی خوایی کەڵکی وەرگرتووە، چونکە نەکەوتووەتە شوێن بیر و کەڵکەڵەی بوێژە کۆنەکان و لاسایی ئەوانی نەکردووەتەوە، هەر چەندە لە سەرەتای منداڵییەوە دەستی کردووەتە هۆنراو هۆنینەوە و چەن پارچە هەڵبەستێکی لە سەر شێوە و



ڕەوشتی ئەوان داناوە، بەڵام ئەمە ماوەیەکی زۆر کورتی لە ژیانی ئەو گرتووە، پاشان وازی لە هۆنینەوەی هۆنراوی کۆن هێناوە و هۆنراوی نوێی بەبیرێکی نوێ هۆنیوەتەوە.

گۆران بەڕاستی یەکێکە لە بوێژە هەرە بەرزەکانی کورد کە تەوقی لاساییکردنەوەی شکاندووە و خۆی پێ بەندی کێش و پاشڵ نەکردووە، وە ڕێگەیەکی تازەی لە هۆنراوی کوردیدا داناوە، وە هۆنەرانی هاوچەرخی خۆی هان داوە کە بکەونە سەر ئەو ڕێگەیە.

گۆران لە سروشتی جوانی کوردستان کەڵکی وەرگرتووە، وە لەبەرئەوەی لە قوتابخانەی سروشتی هەرێمەکەیدا پێ گەیشتووە، ئیتر نەهاتووە بەم و بەودا هەڵبڵێ، بەڵکو لە دیمەنە جوانەکانی کوردستان، لە کێوە بەرز و سەختەکان و قەڵبەزە کەف پەخشانەکان، لە چەم و دۆڵە ئاودارەکان، لە دەشتگەلی پانی پڕ لە گوڵ و نەسرین، لە باڵندە جوان و نەخشینەکان، لە گیانەوەرە جۆربەجۆرەکان کە لە داوێنی شاخەکانەوە بەرەو لووتکە بەرزەکان هەڵدەگەڕێن، لەو مەل و قاز و مراوییە ڕەنگاوڕەنگەکان کە لە گوێی چەم و ڕووبارەکانا لە هاتوچۆدان و ئاو دەخۆنەوە، لە کۆڕی شایی، لە بەژن و بالای کچە شۆخوشەنگەکانی کوردستان کە بەهاڕەی هەیاسە و کەمەرە و خڕەی خڕخاڵیان دڵ و دەروون دێننە جۆشوخرۆشەوە، دواوە.

هۆنراوەکانی گۆران پڕە لە هونەری جوان و بەڕاستی ئەو کێش و پاشڵی ملکەچی خۆی کردووە و وەکو هۆنەوانی تر ملکەچی کێش و پاشڵ نەبووە و لەناخی دڵەوە هەستی دڵ و دەروونی خۆی دەربڕیوە و کردوویەتە هەڵبەستی دەروون کە دەڵێ:

هەر چەن ئەکەم، ئەو خەیاڵەی پێی مەستم،
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم!
لێکدانەوەی دەروون، قسەی زمانم:
بۆچی وەها دوورن لە یەک؟ نازانم!
ئەمویست دەروون بکرایەوە وەک تۆمار
دەرکەوتایە دنیای جوانتر لە بەهار،
دەرکەوتایە: ئاوات، هیوا، خەوبینین:
پرشنگدارتر لە ئەستێرەی قوبەی شین!
دەرکەوتایە: مانای مەنگی دەریایی،
کە نەرمە با لە ڕووی ئەدا ئەسپایی
دەرکەوتایە ئەو دنیایە کە شیعری
بێ فرمێسکە و زۆرتر لە فرمێسک ئەگری

زەردەخەنەی بێ ئاوێنەی دەم و چاو
تیشکێک ئەدا ڕووناکترە لە هەتاو!
بەڵام ئەفسووس! کە ئەو شیعرە جوانانە
باڵدارێکن جێ ناهێڵن هێلانە،
لە ناوەوە ئەجریوێنن، ئەخوێنن
هەرگیز قەڵەم بەکاغەزا ناهێنن!

لەم هۆنراوانەدا بەتەواوی بۆمان دەردەکەوێ کە گۆران وەکو هۆنەرەکانی تر بەدووی وشەی ڕەقی عەرەبیدا نەچووە و نەیویستووە خۆی بەکێش و پاشڵەوە ماندوو بکا، وە شتی نەدیویشی نەکردووە بەهۆنراو، بەڵکو ئەوەی کە کەوتووەتە بەر چاوی کردوویەتە هۆنراو.

گۆران لە باسی ستایشی سروشت و ئافرەتدا وێنەیەکی تری هێناوەتە کار، وە گەردوونەی وێژەی خستووەتە گەڕان و سووڕانەوە و گۆڕانێکی لە وشە و بیروبڕوای هۆنەراندا بەدی هێناوە و ئەو شتە جوانانە کە بەلای ئەو و سروشتەوە جوانن، چاوی پێیان کەوتووە بەوشەی ساکاری کوردی هۆنیویەتەوە، بەڕاستی بەبیری چ هۆنەرێکدا هاتووە کە بەو جۆرە لە جوانی و ڕەشیی چاو و برژانگ و ئەگریجە و برۆ و ئاڵیی کوڵم و گۆنای یارە خۆشەویستەکەی بدوێ، بەلای ئەوەوە پەڕەی گوڵیش بەو ناسکی و بۆنخۆشییەوە کە هەیە ڕایەی ناکەوێ بگاتە ڕیزی کوڵم و لاجانگ و لێوی شیرین و گیان بزوێنەری کچێکی جوان و تازە پێگەیشتوو، هەروەها جوانییەکانی سروشتیش دەژمێرێ و دەیهێنێتە بەرچاو و لای وایە کە بەبێ بزەی یار هیچی ئەمانە ڕووناکی نادەنە دڵ وەکو دەڵێ:

بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە،
لە باغچەی بەهار گوڵم چنیوە،
شەونمی درەخت لە ڕووم پڕژاوە،
لە زەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە،
پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر،
چەماوەتەوە بەرامبەر بەخۆر،
هەتاوی نەورۆز، مانگی جۆدرەو
زۆر هاتوون و چوون بەڕۆژ و بەشەو
خوڕەی قەڵبەزی کەف زێوینی چەم،
لە هەزار چەشنە پرشنگی ناو تەم،
میوەی گەیشتووی زەرد و سووری باخ،



جریوە و جووکەی دارستانی شاخ،
لە گەرووی شمشاڵ، لە تەلی کەمان
گەلێ هەڵساوە ئاوازەی جوان جوان
ئەمانە هەموو جوانن، شیرینن،
ڕۆشنکەرەوەی شەقامی ژینن!
بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز،
بێ ئاوازەیە، دەنگە نەرمەکەی
با نەیدا لە گوێم تێر نەڵێم ئۆخەی!
کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی
ئاڵە وەک کوڵمی؟ لاجانگی، لێوی؟
کام ڕەشی ئەگا بەڕەشیی چاوی؟
برژانگی؟ برۆی؟ ئەگریجەی خاوی؟
کام بەرزی جوانە وەک بەرزی بالای؟
کام تیشک ئەگاتە تیشکی نێونیگای؟
کام تاسە، کام مەیل، کام چاوەنواڕی
تەلیسماوییە وەک هی دڵداری؟

گۆران لە گەشتنامەی هەورامان و قەرەداغیدا تابلۆیەکی جوانی لە دیمەنە جوانەکانی ئەو دوو شوێنە کە بەشێکن لە خاکی کوردستان کێشاوە و چۆنیەتی ژیان و ڕابواردنی خەڵکی ئەو ناوچانەی دەرخستووە و پیشانی داوە، وە لە سەرەتای گەشتەکەیەوە هەر لە دیمەنی ڕێگاوبان تا گۆرانیی لاوەکان بەڕێز باس کردووە و لە مەبەستەکەی دوورنەکەوتووەتەوە، بەجۆرێ کە لە باسەکەیدا هیچ چەشنە ناتەواوییەکی تێدا نابینرێ و بەڕێکوپێکی لەسەری دەڕوا ئەمەش دوو بەند لە گەشتی هەورامانی ئەو کە دەڵێ:

دیمەنی ڕێگاوبان
کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردن کەش،
ئاسمانی شینی گرتووەتە باوەش،
سەرپۆشی لووتکەی بەفری زۆر سپی،
بەدارستان ڕەش ناو دۆڵی کپی
جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیس ماو

هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو
هاوار و هاژەی کەف چرێنی چەم
بۆ تەنیاییی شەو لایەلایەی خەم!
تووله ڕێی باریک، توونا توون پشکن
ڕێبوار ئەخاتە ئەندێشەی بێ بن
ناو ڕێگا تەق تەق، لاڕێ بەردی زل
کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل
گا سەرەو ژوورە، گا سەرەو خوارە
تاڵی و شیرینیی دنیای ڕێبوارە!

گۆرانی

عەشقی ئێوارەی سەرەڕێی کانی
بەرئەداتە چەم کڵپەی گۆرانی!
ڕۆژ ئاوا ئەبێ، چەم تاریک دایە،
دەنگی (کنا لەیل) هەر دوایی نایە
مانگ بەتریفەی ناو دێ ئەکا کەیل،
هێشتا هەر گەرمە ناڵەی (کنا لەیل)
«سیاچەمانە، سیاچەمانە»
بەهەشتی عەشقە ئەم هەورامانە!
ئەوەندەی دار و بەردی هەورامان،
ڕەحمەت لە ژنی بەژن و بالاّ جوان!
«سیاچەمانە، سیاچەمانە»
هەورامان جێگای سیاچەمانە!

گۆران لە شەوەزەنگی ژیانی پڕ لە خەم و پەژارەیدا، ناهومێد و گۆشەنشین نەبووە کە بچێتە خەو و ئاگای لە کەس نەبێ، ئەو وریا بووە و مەشخەڵێکی ڕوونی زانستی بۆ نەتەوەکەی هەڵکردووە و چاوەڕوانی بەیانییەکی وریایی بووە، وە لە ڕاستەقینەدا هۆنەری ڕئالیست ئەو کەسەیە کە لە هەر هەلومەرجێکدا ئالاّی خەبات و بەربەرەکانێ بخاتە سەر شان و لە بەرابەری ستەمگەران و ملهوڕان و دەست درێژکەراندا سەر دانەنوێنێ و هەموو دەم پەیامهێنەری هیوا و ئومێد بێ و، گۆران هۆنەرێکی وابوو و لە بەرامبەری نا مۆکان



ڕاوەستاون و خەڵکی هان دا کە بەربەرەکانی خۆیان لە بەرامبەری ئینگلیزەکاندا دەست پێ بکەن و ڕاپەڕن و سستی نەکەن و بەپەستی نەژین:

دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین!
هەتا کەی بەسستی و بەپەستی بژین؟
پەلاماردە، ئەی کورد، عەرەق ڕشتنێ!
لە دڵ کرمی ناکۆکی دەرکردنێ!
بەیەکبوونە گشت: پتەوبوونی پشت!
بەیەکبوون ئەبێ : گەلت پێش کەوێ!
دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین!
هەتا کەی بەسستی و بەپەستی بژین؟
بەلادا بکە چاکی مەردایەتی
درێغی مەکە گیان لە کوردایەتی
بگرمێنە وەک شێو، بچۆ ناوی بەرد،
بڵێ: کوا هەقی ژینی ئینسانی مەرد؟
درشت تاکو ورد، نەکەین دەستوبرد،
بەهەق چۆن ئەگەین؟ پشوو چۆن ئەدەین؟
دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین!
هەتا کەی بەسستی و بەپەستی بژین؟

دیوانی هۆنراوەکانی گۆران کە نزیکەی سێ هەزار هۆنراوێک دەبێ بەهۆی مامۆستا حەمەی مەلا کەریمەوە کۆکراوەتەوە و لە ساڵی ١٩٨٠ لە چاپ دراوە.

سەرچاوەکان


١- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی - نووسەر: ڕەفیق حیلمی، بەغدا، ١٩٥٦.
٢- لاوک و پەیام - هۆنراوەی گۆران - بەغدا ١٩٦٩.
٣- فرمێسک و هونەر - هۆنراوەی گۆران - بەغدا، ١٩٧١.
٤- بەهەشت و یادگار - هۆنراوی گۆران - بەغدا، ١٩٧١.
٥- دیوانی گۆران - کۆکردنەوەی حەمەی مەلا کەریم - بەغدا، ١٩٨٠.
٦- گۆران و شعر او - بەقلم صدیق صفی زادە (بۆرەکەیی)، مجله فروهر، ١٣٦١، شمارە ٨-٩.

## دڵدار

١٣٣٧ – ١٣٦٨

ئەم هۆنەرمەمان ناوی یونس مەلا ڕەئووفە کە بەپێی ئەو بەڵگانەی وا کەوتوونەتە دەستمان، لە ساڵی ١٣٣٧ی کۆچی لە شاری کۆیەدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لەوێشدا پێ گەیشتووە. هێشتا یەک ساڵان بووە کە باوکی باری کردووەتە هەولێر و لە پاش ماوەیەک ڕۆیشتوونەتە ڕانیە و دڵدار لەوێدا تا پۆلی سێیەمی سەرەتایی خوێندووە و لە پاشا گەڕاونەتەوە هەولێر و سەرئەنجام لە کەرکووکدا خوێندنی ناونجیی تەواو کردووە و چوونەتە زانکۆ و لە دوای چوار ساڵ لیسانسی لە قانووندا وەرگرتووە و بووە بەپارێزگار و ئەوسا گەڕاوەتەوە هەولێر و پاشماوەی ژیانی لەوێدا بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٦٨ لە تەمەنی سی و یەک ساڵیدا بەهۆی نەخۆشیی دڵەوە کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێدا نێژراوە.

دڵدار هەر لە منداڵییەوە تووشی گێرە و کێشە و تەنگوچەڵەمەیێکی زۆر هاتووە و ژیانی بەسەخڵەتی و تاڵی بردووەتە سەر، وە هەر لەبەر ئەمە ساردی و گەرمیی ژیانی چەشتووە و هۆنەریەتی و مرخی هۆنراوی لە ئاووهەوای سازگار و شاخ و ماه و کێو و دەشت و شێوی کوردستان وەرگرتووە.

دڵدار لە بیرەوەریی خۆیدا دەڵێ: «هێشتا لە قوتابخانەی سەرەتاییدا بووم کە زۆربەی هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆییم لەبەر کردبوون و هەمیشە بەوردی هەڵبەستەکانی عەونی و ڕاجی و عاسی و حوسێنی و هێرانیم دەخوێندەوە و لەبەرم دەکردن و بەوانەش دابین نەبووم و هەڵبەستی هەر کەسێکم دەست کەوتبایە، دەمنووسییەوە لەبەریانم دەکرد، بەتایبەت زۆر حەزم لە هۆنراوەکانی: وەفایی، کوردی، بێکەس، زێوەر، پیرەمێرد دەکرد و لەبەریانم دەکرد.

دڵدار بەیەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار، گەرچی تەمەنی کەم بووە و هۆنراوی کەمی لە شوێن بەجێ ماوە، بەڵام ئەو هۆنراوانەی وا لە شوێنی بەجێ ماون پلەوپایەی هۆنەریەتیی ئەومان بۆ دەردەخەن. لە پارچە هەڵبەستێکیدا لاوان هان دەدا کە فێری زانست بن و لە بەرابەری نەزانیدا ڕاوەستن و بەچاک و خۆشی لەگەڵ یەکدا ژیان بەرنە سەر و دڵیان پڕ بێ لە خواپەرستی، وەکو دەڵێ:

ئەرێ ئەی لاو لە هیچ وەختێ نەکەی مەئیووسی ژینت بێ
ئەبێ هەردەم عەزمدار و دەوای دەرد و برینت بێ



لە مەیدانی تەقەدومدا تەلاش ئەسپی نەجاتت بێ
لەغاوی ئەسپەکەت فیکر و عیلم ئاوزینگ و زینت بێ
بەڵێ دایم هونەرمەند بە لە مەیدانی نەبەردیدا
بەهۆی عەقڵ و هونەرمەندیت دەبێ تیشکی زەمینت بێ
لەنێو گەلدا ئەبێ ئیعلانی جەنگی وەتەن جێگای کەمینت بێ
لە ڕێگای شان و بەرزیدا دوور ئەندێشێکی وریا بە
مەنافع پەروەریی میللەت ئەبێ ئامانجی ژینت بێ
نەکەی بۆ بەرزیی ئەنجامت برای خوێنیت لە بەندی کەی
بەبەرزیی شاد و مەسروور و بەنزمیی ژینی شینت بێ
لە وەختی گەنجی گەنجیدا ئەبێ ڕەنجێکی گەنجی دەی
نەوەک وەختت بڕەنجێنی لەنێو جێگا و نوێنت بێ
لە دونیادا هەقی ژینت هەیە تاکو نەفەس دانێی
بەڵام چاکە و ڕەوشتی چاک ئەبێ ئاین و دینت بێ
ئەگەر لاوێکی کوردی تۆ دەبێ دڵپاک و باڵا بی
نەوەک (دڵدار)ی دڵپەروەر دڵت قورئانی دینت بێ

گەرچی هۆنراوەکانی دڵدار لە هەموو بارێکەوە بەرز و قووڵ نین. بەڵام دەتوانین ئەو هۆنراوانە بەوێنەیەکی هۆنراوی نوێ دابنێین. دڵدار لە هۆنینەوەی هۆنراودا کەمتر وشەی ڕەق و بێگانەی بەکاربردووە، وە بەوشەی ڕنگاوڕەنگ و ڕەسەنی کوردی ڕازانیویەتەوە.

دڵدار لە زێد و مەڵبەندی حاجی قادردا هاتووەتە جیهانەوە، بۆیە دڵدار لە هەندێ هۆنراوەکانیدا پەیڕەویی لەو کردووە و لە سەر ڕێ و شوێنی ئەو ڕۆیشتووە و لە پارچە هەڵبەستێکیدا باسی هەندێ دەرد و ڕەنجی کۆمەڵایەتی دەکا و چارەسەرکردنی ئەم دەردەش پیشان دەدا، وەکو دەڵێ:

دڵ بەدووی ئەفسانە کەوت و وای ئەزانی وا ئەبێ
ئیشی دونیا ڕەنجی پێ ناوێ بەخۆی کۆتا ئەبێ
نەی ئەزانی ئەو بەئارەق داری هیوا ئاو بدا
گەر بەخوێن پەینی بکا ئەوجا سەمەر پەیدا ئەبێ
لەفزی نابێ، نابێ بیزانی کە لای کوردی تۆ
هەر بەکۆشش دێتە بەر باغی ئەمەل ئەحیا ئەبێ

تالع و ئیقبالّه وەهمی پای بەندی بێ هونەر
کاری چاکی ڕێ بخەی، عەزمت هەبێ خۆی چا ئەبێ
ئەی برا! لادە لە فیکری کۆن و زوو سا ڕاپەڕە
عەزمی مەردانەت ببێ هەرچیت نیاز بێ وا ئەبێ
مردنە ژینت بەبێ کاری، لە سستی لابدە
هەر بەڕەنجی لاوی وەک تۆ نیشتمان ئاوا ئەبێ

دڵدار لە هۆنینەوەی هۆنراوی دڵداریشدا دەستێکی باڵای بووە و لەم بارەوە هۆنراوەکانی سوارە و پتر لاسایی هۆنەرانی هەورامی بێژی کردووەتەوە و هەر لە سەر ڕەوشتی ئەوان بەدە هیجایی هۆنیویەتەوە کە کێشێکی خۆماڵییە، وەکو لەم هۆنراوانەیدا کە دەڵێ:

ئەی بادی شەماڵ، ئەی بادی شەماڵ
ئارامی گیان و دڵەی وەک زوخاڵ
پۆستەی هەوایی، پەیکی مژدە بەر
ئەگەر هات و ڕێت کەوتە کۆی دڵبەر
وەک عارەب دەخیل کە چوویتە ئەولا
مەوەستە تاکو خێوەتی لەیلا
مەوەستە تاکو لای شۆخێ کەوا
تیری نیونیگای لە دڵما ڕوا
پێی بڵێ گیانە لەم ڕێگەوبانە
لەم چەم و بێشە و هەردە و کێوانە
شێتێکی شەیدا و ڕووت و قووتم دی
فرمێسکی ئاڵی وەک یاقووتم دی
ڕووی لە خوێن خالی وەک زەعفەرانە
چاوەکانی لێڵ، پڕ لە گریانە
بڵێ هەیکەلی وەک ئێسقانم دی
قەدی چەماوەی وەک کەوانم دی
بڵێ خەیاڵی بەژن و باڵاکەت
شتێکی ڕووناکی شەوقی لاڵاکەت
نەرگسی شەهلای چاوی بەخومارت
خەرمانەی زوڵفی لە سەر ڕوخسارت



فرشتەئاسا ساتێ هەزار جار
خۆی نیشان ئەدا خۆی ئەدا حەشار
بڵێ ئێستاکەش ئەو ماڵوێرانە
ئەو کەژ مەسکەنەی وێڵی شارانە
هەر بەئومێدی جەژنی ویساڵە
نازانێ تۆ نیت وێنەی خەیاڵە
جارجاریش لە دوای ناڵەی دڵی زار
فرمێسک ئەڕژێنێ وەک هەوری بەهار
دەست درێژ ئەکا بەناکامەوە
بەجەرگی سووتاو دڵ بەزامەوە
کە لێی ون ئەبێ بانگ ئەکا هەی یار
هەر بەکوڵ ئەگری هاوار هەی هاوار

دڵدار لە هۆنراوەکانیدا گەلێ پەندی منداڵان و لاوانی داداوە ویستوویەتی منداڵان هەر لە دەوری مناڵییەوە بەخووخدە و ئاکاری باش بێنە بار و لە مەیدانی ژیاندا خەریکی تێکۆشین و هەوڵدان بن و ئارەق برژێنن تا بەهیوای خۆیان بگەن، وەکو دەڵێ:

منداڵی هیوا کوولەکەی دڵان
تازە خونچەکەی نێو باغی گوڵان
هەرچەندە سەیری نێو چاوت ئەکەم
نابینم گەردێ نە زۆر و نە کەم
ڕوونیی چێهرەی تۆ وەک ئاسمانی ساو
وەختێ لێی دابێ پرشنگی هەتاو
تیشکی ئومێدی سەر دڵی تاری
لە ئاسمانی ڕووت ئەدا دیاری
سیوەیلی چاوی بریقەدارت
ڕووناکیی پاکی وێنەی ڕوخسارت
خەندەی بێ فێڵی لێوە ئاڵەکەت
نەشئەی دوو چاوی مەست و کاڵەکەت
بێ شک پێشەنگی مژدەی دڵشادین
یا نەغمەخوانی باخی ئازادین

ئومێدی دوارۆژ، ڕۆڵەی هیوا تۆی
خاوەنی فیکری بیکر و باڵا تۆی
هیوام بەتۆیە ئەی تازە مناڵ
بەیانی ببیە نموونەی میساڵ
ئەم قسانەی من کەوا بۆت ئەکەم
بزرنگێتەوە لە گوێتا هەردەم
ڕاستگۆبە دایم قەد درۆ نەکەی
وەختت بەبێ سوود تۆ لە دەس نەدەی
تێ کۆشە دایم هەروەکو هەنگ بە
لە مەیدانی ژین ئامادەی جەنگ بە
ئەوا پێت ئەڵێم چاکی بزانە
ژیانی مەردی باری گرانە
نەک وابزانی وەک ژینی دوێنێ
دەخۆی و دەنوی لە ناو نوێنێ
ڕۆژێ کە هات و تۆ پێ گەیشتی
چاوت کردەوە لە ژین گەیشتی
ئەبینی ژیان کێوێکی بەرزە
ڕێگەی خوار و ژوور بەترس و لەرزە
گشتی کەند و کۆسپ، دەوەنە دارە
پڕ لە دڕندە و دووپشک و مارە
سەر ڕێگەت هەمووی دانەیە و داوە
نادان و دانا لەوا داماوە
گیانەکەم ئەبێ تۆ لەم ڕێگایە
لەم دانە و داوە و چەرخ و دەزگایە
گەلێ ماندوو بی، ئارەق بڕێژی
ئەم دەرد و ئێشە یەک یەک بچێژی
لە ڕێی سەرکەوتن ئەبێ پێش کەوی
هەتا بکەوی زیاتر سەرکەوی





نیشانی تیرەی خۆت بدەی ڕێگا
کە ڕیز ببەستن بڕۆن بەشوێنتا
تۆ ئەبێ چرای زانستی هەڵکەی
دەسم داوێنت ڕێگا ون نەکەی
بیر و هۆشی خۆت بەکار بهێنە
ئەم دانە و داوە یەک یەک ببێنە
تاکو دەرکەوێ لە هەموو دونیا
چەندیان کرد بمری کەچی هەر کورد ما

دڵدار زێد و مەڵبەندەکەی زۆر خۆش ویستووە و چاوەنداز و دیمەنی جوانی شاخ و بەندەنەکان و دەشت و دۆڵ و شێو و تاڤگە و باخەکانی مەڵبەندەکەی هەستی ئەویان بزواندووە، بۆیە دڵی هاتووەتە جۆشوخرۆش و دەڵێ:

کوردستانی خۆش، نیشتمانی جوان
تۆ قیبلەگاهی منی بێ گومان
چاوم پشکووتووی شاخەکانتە
فێری ژیانی باخەکانتە
دەنگی شمشاڵی شوانەکانت
زریق و باقی جوانەکانت
قاسپەی کەوانی قەد کێوەکانت
خوڕەی ئاوەکەی نشێوەکانت
ئەمانە هەموو گوێیان کردمەوە
هەوێنی شیعری دڵیان گرتمەوە
نەونەمامێ بووم لەم خاکە ڕوام
بەخۆشەویستیی وڵات ئاو درام
بەڵێ کوردستان تۆ منت خوڵقان
تۆ منت خوڵقان پێت بەخشیم ژیان
خۆشیی ژیانم خۆشی ژینتە
ئێشی ژینی من ڕۆژی شینتە
چونکە کوردستان، نیشتمانی جوان
تۆ قیبلەگاهی دڵی بێ گومان

دیوانی هۆنراوەکانی دڵدار لەسەر ئەرکی مامۆستا گیو موکریانی لە ساڵی ٢٥٧٣ی کوردی بۆ جاری یەکەم لە چاپ دراوە، بەڵام هەندێ هۆنراوی تری هەیە کە لە ناو دیوانەکەیدا نابینرێن.

سەرچاوەکان
١- دیوانی دڵدار - لەسەر ئەرکی گیو موکریانی - هەولێر، ١٩٦٠.
٢- دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد - عەبدولخالیق عەلائەدین - بەغدا، ١٩٨٥.

## قانیع

١٣١٨ - ١٣٨٥

ئەم هۆنەرەمان ناوی محەمەد و کوڕی شێخ عەبدولقادری دۆلاییە لە ناوچەی مەریوان و بەپێی ئەو بەڵگانەی کە کەوتوونەتە دەستمان لە ساڵی ١٣١٨ی کۆچی لە دێی ڕیشینی شارەزوور پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لە تەمەنی منداڵیدا باوک و دایکی مردوون و بەهەتیوی لەلای سەی حسێنی چۆڕی گەورە بووە و هەر ئەویش ناویەتە بەر خوێندن، لە پاشا بەفەقێیەتی چووە بۆ سلێمانی و چەند ساڵێک لەوێدا ماوەتەوە و ئینجا چووە بۆ سنە و لە مزگەوتی ڕەشیدی قەڵا بەگیدا خوێندوویەتی و ئەوسا چووەتە دێی بالک لە مەریوان و لەوێوە گەڕاوەتەوە بۆ کۆیە و لە مزگەوتی پەلک لەلای مەلا تۆفیق خەریکی خوێندنی فەقهی شافعی بووە و ئەوسا چووەتەوە سلێمانی لەلای مەلا شێخ عومەری قەرەداغی خوێندنەکەی تەواو کردووە و لە پاش وەرگرتنی ودمی مەلایی گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی مەلایەتی بووە، بەڵام لەبەرئەوەی لەوێدا بۆی نەلواوە ژیانی باتە سەر، ناچار دێ بەدێ و شار بەشار گەڕاوە تا سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٨٥ لە دێی لەنگە دێی شلێر لە تەمەنی شەست و حەوت ساڵی لە ئەوپەڕی هەژاری و بێ نەواییدا سەری بۆ هەمیشە ناوەتەوە.

قانیع لە وێژە و زمانی کوردی و فارسی و عەرەبیدا دەستێکی باڵای هەبووە و بەهەرسێ زمانەکە هۆنراوی هۆنیوەتەوە و هەروەها شارەزای مێژوو و لێکدانەوەی قورئان و ڕێزمانی عەرەبی بووە و پتر حەزی لە مێژووی گەل و نیشتمانەکەی خۆی کردووە و کاتی بێ کاریی خۆی بەو چەشنە پەڕاوانە ڕابواردووە و لە هۆنینەوەی هۆنراویشدا دەستێکی بەرزی هەبووە و هەموو جۆرە هۆنراوێکی هۆنیوەتەوە کە زۆربەیان لە چاپ دراون.

قانیع وەکو زۆربەی هۆنەرانی تر کە شێت و شەیدای دیمەن و چاوەندازی زێد و مەڵبەندەکەی بووە، لەمەوە دەرگای هۆنراوی بۆ کراوەتەوە و هەر لە منداڵیدا خەریکی



هۆنینەوەی هۆنراو بووە و لە تافی جوانیشدا شۆخوشەنگیی یارە خۆشەویستەی ئەوەندەی تر کڵپەی ئاگری دەروونی بەرز کردووەتەوە. لە تافی جوانیدا کە لە دێی بالک بووە ئامینە ناوێک هەست و هۆشی لێ سەندووە و بەجارێ کەوتووەتە داوی ئەوینی ئەو کیژەوە، بەجۆرێ کە بووەتە هۆی هەڵقوڵینی سەرچاوەی هۆنراوی و، شەپۆلەکەی بەجارێ دەشتی مەریوانی داگرتووە زرێبارێکی تری بەدی هێناوە. ئەم دۆستەی لەگەڵ ئەوەدا کە دڵی ڕفاندووە، ئەوەندە گوێی پێ نەداوە، بۆیە ڕووی تێ دەکا و پێی دەڵێ:

دیدەم نەونەمام، دیدەم نەونەمام
دیدە ڕاستەکەم باڵا نەونەمام
بۆچی ناپرسی لە حاڵی خولاّم
هەتا قیامەت من هەر بەتەمام
دڵەی نازارت لە چی ڕەنجاوە؟
گەرمە مەیلەکەی ئەوسات نەماوە
مەیلت بۆ ساردە بەقسەی بەدگۆ
بەقسەی ڕەقیب مەمکە ڕەنجەڕۆ
دیدەم، شابازم، تەڕلانی تەوار
یارم دڵسۆزم، ڕفێقی خەمخوار؛
شلم، شێواوم، شۆخەکەی شەنگم
یاری ئاڵۆزاو مایل بەجەنگم
حۆرم، فرشتەم، نازی دڵبەندم
مەستم، هوشیارم و زیرەک و ڕەندم
کوانێ موحبەت دوعا و پەیامت؟
کوا چروە و چپە و سروەی کەلامت
قیبلەم، نازارم، ئاخر نەفەسمە
دەردی بێ تەبیب تەنیا و بێ کەسمە
لاکە بە لامەو ببینە ڕەنگم
ڕۆشن کە حوجرەی دەروونی تەنگم
بەندی ئەجەلم ئازادکە گەردن
وە مەرگت قەسەم شادم وە مردن

ئەمما بەو شەرتە بێیتە سەرینم
بەچاوی پڕ ناز تێر بکەی شینم
پاش کفن و دفنم ببی بەیارم
بگریتە باوەش گڵکۆی مەزارم
سەر بنێ بەلای خاکی گۆڕخانەم
با دەرچێ لە دڵ خەمی زەمانەم

قانیع بەم جۆرە سکالای دڵی خۆی بۆ یارەکەی هەڵڕێژاوە و داوای لێ کردووە کە هەواڵی بپرسێ و لای لێ بکاتەوە و بەقسەی بەدگۆ نەکا و لەگەڵیدا بدوێ و هۆدەی تاریکی دەروونی بەڕوومەتی مانگی چواردەی ڕوون بکاتەوە، وە دەڵێ ئەگەریش واناکەی لە پاش مردنم گڵکۆکەم بگرە باوەش و سەربنێ بەلای خاکی گۆڕخانەکەم تا بەجارێ خەم و پەژارەم لە دڵ دەرچێ.

قانیع لە پارچە هەڵبەستێکی تریدا داوا لە بای بەربەیان دەکات کە بڕواتە لای یاری و ناوونیشانی زۆری بۆ هەڵدەدات و باسی پەرێشانی و زوێریی خۆی بۆ دەکات و دەڵێ: کاتێ چاوت کەوتە یارەکەم، باسی پەشێویی منی بۆ بکە، بەڵکو دڵی نەرم بێ و بێت و چاوی پێم بکەوێ، تاکو دەروونم لە خەم و پەژارە ئازاد بێ و منیش ببینم ڕوومەتی جوانی و کەم بکەم چاوەڕوانی، وەکو دەڵێ:

ئەی بای بەربەیان، ئەی بای بەربەیان
نەسیمی شەو سۆ ئەی بای بەربەیان
شکۆفندەی گوڵ لە باخچەی گوڵان
زاخاو دەری تاریکی دڵان
سووراو دەر لە ڕووی نازک نەوهاڵان
هەڵسێنەر لە خەو نیمچە غەزاڵان
خۆ خۆت ئەزانی چەندە هیلاکم
وەک مەلی بێ پەڕ خەڵتانی خاکم
خۆ خۆت ئەزانی چەن پەرێشانم
سەر حەڵقەی دەستەی دەروون ڕێشانم
هەر لە ئێوارە هەتا بەیانی
ئارامم نییە وێنەی زیندانی



چونکو نابینم بالاکەی دڵبەر
کوژراوی شەوم هەی خاکم بەسەر
خوا خوامە بۆ دیداری تۆ
بۆ بەری بەیان سەرکۆساری تۆ
بۆ خەتی سپی پۆپەی شاخانت
بۆ جریوەی بولبول گۆشەی باخانت
بەڵکو ڕۆشن بێ سارا و سەرزەمین
ببینم بالای یاری نازەنین
دەروونم لە خەم تۆزێ ئازاد بێ
دڵەی زامارم با تۆزێ شاد بێ
من کە هات یارم نزیک نەکەوێ
لە دوور ببینم دڵم ئەسرەوێ
بەڵکو خواوەن بنێتە دڵی
دڵی نازکی وەک پەڕەی گوڵی
جاری لاکاتۆ بۆ لای کوژراوی
منیش ببینم ئەگریجەی خاوی
منیش ببینم دوو دیدەی ڕەشی
منیش ببینم دوو کولمی گەشی

وەکو دەڵێن لە سەر ئەوینی ئەو کیژە سێ دەفتەری گەورەی لە هۆنراو پڕ کردووەتەوە و ناوی ناوە (خەم ڕەوێن) و (لیلوپەڕی زرێبار) و (بەهەشتی دڵداران)، بەڵام لەبەر بێ نەوایی بۆی نەلواوە کە داوای بکا و ئەویش شووی کردووە و لە پاشا لە داخا ئەو سێ دەفتەرەی سووتاندووە و ئیتر ئەو پەردەی داداوەتەوە و کەوتووەتە ناو باسی کۆمەڵایەتییەوە و سەیر دەکا کە هەرکە بۆ خۆیەتی و کەس بەبیری کەسەوە نییە و بۆیە بەناچاری دێتە قسە و دەڵێ:

با بنووسم شیعری کوردی تاکو خەڵقی تێ بگات
شیعری کورد شیرینترە تا شەکر و هەنگوین و نەبات
من بەهیوا بووم کە تەپڵی شادمانیم لێ بدەن
چەندە مەئیووسم لە حاڵی خۆم کە بۆچ دەنگێ نەهات

ئاوڕی دەورم ئەدەم هەر کەس بەدەردێ موبتەلا
یەک لە برسا هاروهاج و یەک لە ترسا زیز و مات
چونکە وا نارێکە کۆمەڵ تا ئەبەد سەرناکەون
دەوڵەمەند گوێ شل نەکا بۆ ناڵەو و فەریادی لات
تۆ لە دونیادا نەجاتی چوار کەسی وەک من نەدەی
پێم بڵێ ڕۆژی قیامەت چیتە ئەسبابی نەجات؟
تۆ پزیشکی حاڵزان و من نەخۆش و دەردەدار
چاکە ئینصافت ببێ کە خۆم خستە پەنات
قانیعا گەر تۆ بەڕاستی خزمەتی هۆزت دەکەی
چاوەڕوانی قەت نەکەی بۆ بەخشش و مووچە و بەرات

قانیع پتر هۆنراوی بۆ ئامۆژگاریی خەڵک هۆنیوەتەوە، مەبەستی ئەوە بووە کە لە نەزانی و بێ بەند و باری لابدا و داوا لە خەڵک دەکا کە بەبیری یەکترەوە بن و یەکدەست بن و بۆ پەرەپێدانی وڵات و بەدەستهێنانی زانست هەوڵ بدەن، وەکو دەڵێ:

سەرێ وەک مێو بێ لە حاستی دوژمن
بەڵام پۆلا بێ بەرابەر بەمن
پڕ بێ لە خەیاڵ بۆ کچۆڵە و ژن
وەک بی پیچیتۆ لە ناو تۆی کفن
لە خوا ئەخوازم کە بەبڕین چێ
تا دوا هەناسەی بەزار و شین چێ

***

سەرێ لە حەنای یاران نەرم نەبێ
بۆ کەس و کاری تەواو گەرم نەبێ
لە ڕێی ناموسا لە سەرتەرم نەبێ
لەگەڵ ڕیش سپی پڕ لە شەرم نەبێ
لە خوا ئەخوازم کە بەبڕین چێ
تا دوا هەناسەی بەزار و شین چێ

***

سەرێ نەزانێ سەرداری چۆنە
تێر بێ و نەزانێ هەژاری چۆنە



هەرگیز نەیدیبێ خەمباری چۆنە
مەس بێ و نەزانێ هوشیاری چۆنە
لە خوا ئەخوازم کە بەبڕین چێ
تا دوا هەناسە بەزار و شین چێ

***

سەرێ نەنوارێ بۆ دەورو پشتی
قەت تێ نەکۆشێ بۆ سوودی گشتی
گاڵ هەڵ نەوەرێ لە درزی مشتی
دۆشەک ڕابخا و شان لەسەر پشتی
لە خوا ئەخوازم کە بەبڕین چێ
تا دوا هەناسەی بەزار و شین چێ

***

لە پارچە هەڵبەستێکی تریدا داوا لە خەڵک دەکا کە کار بکەن و ئارەق بڕژێن و ڕیشەی تەمەڵی لە بن دەربێنن و چاکی و پیاوەتی لە دەست نەدەن و ڕوو بکەنە خوا و خەریکی فێربوونی زانست بن، وەکو دەڵێ:

چەن خۆشە کوڕم ئارەق بڕژێنی
لە دەشت و دەرا غیرەت بنوێنی
نانی سەپانی خۆت بەدەس بێنی
ڕیشەی تەمەڵی لەبن دەربێنی
چاکی و پیاوەتی بەرمەدە لەدەس
بۆ هاشە و هووشە گوێ مەدە بەکەس
وەنییە تۆ کەو بی و ئەم دنیا قەفەس
برۆ هەر لایێ کە ئارەزووت هەس
ڕۆڵە بەدایم ڕووکەرە خووا
هەرچی گا کێلای نابێ گا بیخوا
نیوەی دەس ڕەنجت هەر بۆ بێ نەوا
خۆت ریسوا مەکە بۆ کراس و کەوا
هێندە بخوێنە کە خوێندەوار بی
لەناو کۆمەڵدا زرنگ و هوشیار بی

بەناوی چاکە تۆزێ دیار بی
چ لە لادێ بی یا خۆ لە شار بی
ڕۆڵە عیسایی یا خۆ مووسایی
مەچۆ بەگژیا هەر بەخۆڕایی
هەتا ئەتوانی بەدڵنەوایی
بیهێنە سەر ڕێ ڕێگەی برایی

قانیع لە چیرۆکە شیعریشدا دەستێکی بەرز و باڵای هەبووە و لەبەر ئەوەی خۆی لە لادێدا ژیاوە. بەچۆنییەتیی ژیانی خەڵکی لادێ ئاشنایەتییەکی ڕەبەقی بووە، لە چەکامەی مازووچنین لە لادێدا تابلۆیەکی تەواوی خەڵکی لادێی کێشاوە و لەوەدا باسی مازووچنینی خەڵکی لادێ دەکا، لە باری کێش و پاشڵ و ناوەڕۆکەوە زۆر بەرزە و هیچ چەشنە ناتەواوییەکی تێدا نییە و هەموو ڕێکوپێکن و لەسەر کێشی حەوت هیجایی هۆنراونەتەوە کە ئەوا چەند هۆنراوێکی ئەو چەکامە لێرەدا دێنین کە دەڵێ:

ژینی لادێ سەیرانە
گەرچی تۆزێ گرانە
ڕۆژی نەورۆز ئەوەڵ ساڵ
دەکەونە ئیش کوڕ و کاڵ
یا جووت یا جۆگە هێنان
بۆ ئاوداشتن دەغڵ و دان
یا دار بڕینی شاخە
یا خۆ پەرژینی باخە
یا توونە یا درەو
ناوەستن بەڕۆژ و شەو
یا گێرە یا شەن کردن
هەڵمەت بۆ فرمان بردن
فەرقی نییە نێر و مێ
هەرچی دانیشتووە لە دێ
هەموو خەریک فرمانن
بە دەست هێنانی نانن



تا تەواو ئەبێ هاوین
تێ ئەکۆشن زۆر بەتین
بەینێ لەویا بەتاڵن
خەریکی ئیشی ماڵن
تیرەک لێدان گڵەبان
کۆڵان گرتن بەتەیمان
کە ئیش ڕووی کردە تەواو
کۆ ئەبنۆ لە حەوز و ئاو
چەن داری بی لای مزگەوت
هەندێ راس و هەندێ چەوت
لە بۆ سێبەر نێژراوە
سەکۆی لەبن کراوە
ئەهلی دێ کە زۆر و کەم
لە سەر سەکۆ ئەبن جەم
تاوێ شەڕە ئاو پرژێن
بە گاڵتەوە شەڕە جوێن
تاوێ باسی ژن هێنان
تاوێ تاریف دەغڵ و دان
دوو سێ ڕۆژێ بەم جۆرە
بە گۆرانی و بەهۆرە
ڕائەبوێرن بەشادی
گا گا بیری ئازادی
مام خوا کەرەم دنیا دیو
بانگ ئەکا هەتیو مەتیو
بۆچی هێندە مناڵن؟
هەتاکوو کەی لە ماڵن
بەراوردم تەواوە
تەقەی مازوو شکاوە

کێتان کوڕی مەیدانە
یاڵڵا مازوو چنانە
ئەوەی کە مازووچن بێ
پیاو بێ وە یا خۆ ژن بێ
چارەکەی کۆڵی دایکی
یا کراسە کۆنی باوکی
ئەکەن بەچارەکەی نان
ئەوسا هەڵئەگرن گۆچان
ئەمجا ئەدەن بەهەردا
بە شاخ و داخ و زەردا
یەکێ دەوەن یەکێ دار
یەکێ لە دار دێتە خوار
قوولە و گۆرانی و هۆرە
لێیان ئەبێ بەنۆرە
کە ڕۆژ گەییيە چێشتنگاو
دەس ئەکەن بەقیرە و قاو
ئەمجا یەکێ هەلەدەو
تێ ئەچریکێنێ وەک کەو
ئەڵێ بۆ ئاخری ئەمرن
هەتیو هەستن دەس بگرن
ئاوازی لێ هەڵئەبڕێ
ڕۆحی عاشقان ئەچڕێ
لەویا گشت ڕائەپەڕن
لە جێیەکا دەس ئەگرن
تەقلە چلکن ڕانکە شڕ
لەویا ئەیکەن بەسمڕ
یەک گەنجێکی بالا جوان
سەر چۆپی ئەگرێ بۆیان



دەسەسڕی ئاڵ بەدەس
هەڵئەسووڕێنێ سەرمەس
نە زیاد ئەڕۆن و نەکەم
هەڵئەپەڕن بەبێ خەم
کچیش هەموو لەو لاوە
بە ڕیزە ڕێک وەستاوە
کراس مۆر و سوخمە زەرد
کەوای ئاڵ ڕوومەت بێ گەرد
هەر یەک دڵی لە لایە
بۆ خۆی خەریک سەودایە
جارجارێ گۆرانیبێژ
گەنم ڕەنگێکی درێژ
سەری وەر ئەچەرخێنێ
ڕیزی کچان ئەدوێنێ
بۆنی مێخەک و سمڵ
ئەدا لەناو پەڕەی دڵ
کاتێ کە کچ مانوو بوو
دەس بەر ئەدەن بۆ پشوو
یەکێ ئەڵێ ئای دێرە
با بڕۆین چی کەین لێرە
کۆڵمان قورس و سەنگینە
وا ئیشمان پێکەنینە
دووبارە چەشنی کەوبار
ئاژین ئەبن لە نزار
پێش ئەوە تاریک دابێ
ئەگەنۆ نزیکی دێ
یەکێ گەڵا یەکێ دار
یا دوو لق یا پیلەوار

ئەیبەن بۆ پێویستی ماڵ
ئاوایە ژیانی ساڵ

قانیع تا ئێستا پێنج بەرهەمی بەناوەکانی: «گوڵاڵەی مەریوان، باخچەی کوردستان، چوارباخی پێنجوین، شاخی هەورامان ، دەشتی گەرمیان» لە چاپ دراون، بەڵام گەلێ هۆنراوی تری هەن کە هێشتا چاپ نەبوونە.

سەرچاوەکان

١- گوڵاڵەی مەریوان - قانیع - بەغدا، ١٩٥١.
٢- باخچەی کوردستان - قانیع - بەغدا، ١٩٥٢.
٣- چوارباخی پێنجوین - قانیع - بەغدا، ١٩٥٣.
٤- شاخی هەورامان - قانیع - بەغدا، ١٩٥٤.
٥- دەشتی گەرمیان - قانیع - بەغدا، ١٩٥٥.
٦- هەندێ لاپەڕەی ئەودیوی بیرەکانی قانع - محەمەدی مەلا کەریم - بەغدا، ١٩٧٢.
٧- پاشمەرگەی قانع - کۆکردنەوەی وریا قانع - سلێمانی، ١٩٧٠.

## فایق بێکەس

١٣٢٥-١٣٦٨

ئەم هۆنەرە پایە بەرزە کە وەکو ئەستێرەیەکی گەش لە ئاسمانی وێژەی کوردیدا دەدرەوشێتەوە، ناوی فایق و کوڕی عەبدوڵڵا بەگی کوڕی کاکە حەمەی ئەلیاسە قۆجەیە. بنەماڵەکەی لە قەڵاچوالانەوە باری کردووەتە سلێمانی و لە ساڵی ١٣٢٥ی کۆچی لە دێی سیتەکدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە. سیتەک لە سێ فرسەخیی شاری سلێمانی دایە. فایق خوێندنێکی زۆر بەرزی نەبووە، سەرەتا لە قوتابخانەی ئاینیدا خەریکی خوێندن بووە و پاشان لە بەغدا و سلێمانی ماوەیەک دەرزی خوێندووە و کە باوکی مردووە، ژیان بەجارێ تەنگی پێ هەڵچنیوە و ئەوسا خەریکی کرێکاری و مزیاری بووە و لە پاشا بووە بەمامۆستا و ئیتر ژیانی بەوانە وتنەوە و هۆنینەوەی هۆنراو بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٣٦٨ لە تەمەنی چل و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و بەپێی ئەسپاردەی خۆی لە گردی سەیواندا نێژراوە.

فایق هەر لە تەمەنی منداڵیدا دایک و باوکی لە دەست داون و ژیانی لە ئەوپەڕی هەژاری و بەدبەختی و کلۆڵیدا بردووەتە سەر و لەبەرئەوەی کەسی نەماوە کە دەرد و پەژارەی دڵی بڕەوێنێتەوە، بێ کەسیی کردووەتە نازناوی و ئیتر کەوتووەتە هۆنینەوەی هۆنراو و



کەوتووەتە سەر ئەوەی کە پەژارە و خەفەتی دڵی بەبا بدا. بێکەس جگە لە زمانەکەی خۆی، زمانی عەرەبی و فارسیی تا ڕادەیەکیش ئینگلیزیی باش زانیوە و، گەلێ هۆنراوەشی بەزمانی عەرەبی هۆنیوەتەوە.

بێکەس هەروەها لە هۆنراوەکانیدا دەردەکەوێ لە هۆنراو هۆنینەوەدا شێوەیەکی تایبەتی بووە و، زۆربەی هۆنراوەکانی جوان و شیرین و سادە و ڕەوانن و پتر داوای لە خەڵک کردووە کە خۆیان لە پڕوپووچ لادەن و بیری چاک بکەنەوە و خەریکی کار بن و لە تێکۆشیندابن تا لە ژیاندا سەرکەون:

ڕۆژ و ئەرز و مانگ وا لە گەڕایە
تۆش تێ بکۆشە تا هێزت تیایە
ئینسانی ئیشکەر حەبیبی خوایە
بەکەم ڕازی بیت زۆر لە ڕێدایە
سەری بێ ڕۆژی لەژێر خاکایە

***

کاکە دانیشتن ماڵوێران ئەکا
بێ ئیشی ئینسان پەرێشان ئەکا
نەفرەت لە خۆی و لە ژیان ئەکا
نان و مافی تۆ هەر لە کارایە
سەری بێ ڕۆژی لەژێر خاکایە

***

مێرووله دەعبای بچووک و وردە
سەیری کە چەند بەدەست و بردە
دایم خەریکە بەکۆش و کردە
پیاوی بێ کارە وەک مردوو وایە
سەری بێ ڕۆژی لەژێر خاکایە

***

بەپێی فەرموودەی ئایەتی قورئان
لە سەعی زیاتر نییە بۆ ئینسان
هەوڵ و تێکۆشین فەرزە بۆ ژیان
نابێ مەئیووس بی تۆ لەم دونیایە
سەری بێ ڕۆژی لەژێر خاکایە

***

مەڵێ فەقیرم، کوفری نیعمەتە
لەشی ساغ بۆ تۆ موڵک و سەروەتە
پیاوی تەوەزل لات و نەگبەتە
قۆڵی لێ هەڵکە بچۆرە کایە
سەری بێ ڕۆژی لەژێر خاکایە

***

بێکەس ئارەزووی ئەوەیە کە خەڵک وەکو خوشک و برا بەیەکەوە ژیان بەرنە سەر و لە فیز

و هەوا و خۆپەسەندی خۆیان بپارێزن. لە پارچە هەڵبەستێکیدا دەڵێ: بنیادەم هەرچەندە لەم جیهانەدا ژیان باتە سەر و، هەر چەندە دارا و دەوڵەمەند بێ و، یا هەژار و دەست کورت بێ، سەرەنجام دەمرێ و دەچێتە ناو گۆڕێکی تەنگ و تاریکەوە کەوابوو هانایە بەم جیهانە فریو مەخۆن و پێوەبایی مەبن، هەروەها چەند بنەماڵە و چەند نازەنین و خۆش ڕوو لەناوچوون و بوونە خۆراکی مار و مێروو، دەسا با ئەوەشت پێ بڵێم و هانات لێ بکەم کە هەرکاتێ پێت نایە زەوی، هۆشت بەخۆتەوە بێ کە بەئەسپایی هەنگاو هەڵگری، چونکە لەژێر پێتا هەزاران نازەنین خەوتوون و هەر تۆزقاڵێک لە خاکی ئەم زەوییە لەشی نازەنینێکە:

| | |
|---|---|
| عومرێکی تورە هاتە | بێ کەڵک و بێ سەباتە |
| ئاخری قەبری تەنگە | ئەوی کە لۆرت و لاتە |

***

| | |
|---|---|
| دنیایەکی بەلایە | پڕ دەرد و پڕ جەفایە |
| هانیابە پێوە بایی | مەبن، بەخوا خەتایە |

***

| | |
|---|---|
| خەوێکی کورت و تاڵە | بێ فائیدە و بەتاڵە |
| شریتی سینەمایە | کاکە هەر وەک خەیاڵە |

***

| | |
|---|---|
| چەند خانەدان بەسەرچوو | چەند نازەنینی خۆش ڕوو |
| لەژێر ئەم خاکە بوونە | خۆراکی مار و مێروو |

***

| | |
|---|---|
| بۆ وا بەلار و لەنجە | ئەڕۆی بەنووکی پەنجە |
| تێ بفکرە لەژێر پێت | هەر گۆڕی پێی گەنجە |

***

| | |
|---|---|
| زۆر عەیبە دەعیە لێدان | بەسەر ئێسقانی ئینسان |
| گەر ئەتوانی بەدەعیە | بفڕە بچۆرە ئاسمان |

***

بێکەس کە سەرتاسەری ژیانی لە خەم و پەژارەدا بەسەر بردبوو و کڵۆڵی و کەساسی بەجارێ تەنگی پێ هەڵچینی بوو، تەنانەت نەیدەویست جوانیی بەهار ببینێ، لە پارچە هەڵبەستێکیدا لەگەڵ بەهاردا دەکەوێتە وتوویژ و دەڵێ: ئەی بەهار لێم گەڕێ و نامەوێ



جوانیت ببینم، چونکە من بەدڵ پەست و خەمگینم و لە ژیان بێزارم و بەجارێ لە ژین وەڕەز بووم:

| | |
|---|---|
| بەهار نامەوێ جوانیت ببینم | ئەمڕۆ من بەدڵ پەست و خەمگینم |
| دوورم لە خۆشی، خەریکی شینم | زار و بێزارم تاریکە ژینم |
| دوژمنی لالە و گوڵ و نەسرینم | بەهار نامەوێ جوانیت ببینم |

***

| | |
|---|---|
| بەهار بولبولێت با هەر بخوێنێ | گوڵیش لە دەشتا با خۆی بنوێنێ |
| کانیت ئاوی ڕوون با هەڵقوڵێنێ | گژ و گیات هەوا بابیشەکێنێ |
| ئەمانە دڵی من نابزوێنێ | بەهار نامەوێ جوانیت ببینم |

***

| | |
|---|---|
| بەهار و دەشت و ئاسمانی شینی | بولبول و قومری و گوڵ و نەسرینی |
| نەشئەی دیمەنی جوان و شیرینی | پەشمە لای کەسێ سەراپا ژینی |
| پڕ بێ لە دیلی و دەرد و غەمگینی | بەهار نامەوێ جوانیت ببینم |

***

بێکەس لەبەر ئەوەی لە بێکەسیدا ژیانی بردووەتە سەر و کەسی شک نەبردووە کە سکاڵا و گلە و گازندەی دڵی خۆی بۆ بکا ئەوەیە کە پەنای بردووەتە بەر مانگ، ئەویش لە کوێ؟ لە ئاسماندا، لە کاتێکدا کە مانگ ڕوومەتی هەڵگەڕاوە و ڕەنگی زەردە و ئەویش دڵی پڕ لە ئاخ و پەژارە و دەردە و ئەوسا لێی دەپرسێ: ئەی مانگ توخوا پێم بڵێ کە چەن جوانان و چەند دەس لە ملان و چەند کۆڕی بەزمی گراوان و چەند کوژراوی ڕێی ئازادیت دیوە کە وا ڕەنگی ڕوومەتت زەرد هەڵگەڕاوە؟

ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین
هەردوو گرفتار یەک ئاهی سەردین
تۆ وێڵ و ڕەنگ زەرد بەئاسمانەوە
منیش دەربەدەر بەشارانەوە
دەخیلتم ئەی مانگ قیبلەی دڵداران
دەرمانی دەردی دڵەی بیماران
شەوێکەو ئەمشەو بگەرە فریام
بێ یار و هاودەم عاجز و تەنیام
دڵزار و بێزار پەست و غەمگینم
گیرۆدەی داوی یاری شیرینم

دڵبەندی عەشقی ئەو بەڵەک چاوەم
شێت و شەیدای ئەو ئەگریجە خاوەم
لەوساوە ئەوم کەوتووەتە خەیاڵ
گریانە پیشەم بوومە کۆی زوخاڵ
ئەی مانگ تۆ شوعلەی عەشقی پیرۆزی
تۆ نەشئە بەخشی دڵی بەسۆزی
من سوێندت ئەدەم بەعەشق و جوانی
بە نەسیمەکەی بەری بەیانی
بەسەرهاتی خۆت بۆ من بەیان کە
دەردی گرانم نەختێ ئاسان کە
دوچاری چی بووی وا پەشێواوی؟
لەبەرچی پەست و مات و داماوی؟
پێم بڵێ توخوا چەند جوانانت دی؟
چەند جووتە یاری دەس لە ملانت دی؟
چەند کۆڕی بەزمی عاشقانت دی؟
چەند تەخت و بەخت و خانومانت دی؟
چەند قارەمان و چەند سوڵتانت دی؟
چەند قەوم و میللەت، چەند شارانت دی؟
چەند شەڕوشۆڕی بێ ئامانت دی؟
چەند بۆردمانی کوردستانت دی؟
چەند کفنی ئاڵی شەهیدانت دی؟
چەند بێ کەسانی پەرێشانت دی؟
چەند دەربەدەر و ماڵوێرانت دی؟
چەند چاوی سووری پڕ گریانت دی؟
ئەی مانگ ئەوەندە سەیری دنیات کرد
سەیری نیفاق و زوڵم و ڕیات کرد
بۆیە بەم ڕەنگە کاری لێ کردی
ڕەنگ و شوعووری بەجارێ بردی



دیوانی هۆنراوی ئەم هۆنەرەمان لە ساڵی ١٩٦٢ لە بەغدا بۆ جاری یەکەم لەسەر ئەرکی حەمەی مەلاکەریم لە چاپ دراوە.

سەرچاوەکان
١- دیوانی بێکەس، لەسەر ئەرکی حەمەی مەلاکەریم - بەغدا، ١٩٦٢.
٢- بێکەس، شاکر فەتاح - سلێمانی، ١٩٧٤.

## لێکدەرانی قورئانی پیرۆز

ئەگەر تۆزێک بەوردی سەرنج بدەینە شوێنەوارەکانی ئیسلامیی بۆمان دەردەکەوێ کە بە درێژاییی مێژووی ئیسلام کورد پتر لە نەتەوەکانی تر خزمەتی بەقورئان و زانستەکانی ئیسلامی کردووە و، لەناو ئەوانەدا دەتوانین لە دینەوەرییەکان و ئامێدییەکان و شارەزوورییەکان کە هەموویان کورد بوون ناو ببەین کە پیاوی بەناوبانگ و ناوداری وەکو: ئیبنی حاجب و ئیبنی سەلاح و ئیبنی خەلەکان و ئەبوو فیدای لێ هەڵکەوتووە، بەڵام بەداخەوە هەموویان نووسراوەکانی خۆیانیان بەزمانی عەرەبی نووسیون و ئیتر هیچ چەشنە نووسراوێکیان بەزمانی کوردی لێ بەجێ نەماوە.

گەرچی هۆنەرانی کورد هەر لە سەرەتای ئیسلامەتیدا بەزمانی زگماکی خۆیان هۆنراویان هۆنیوەتەوە و هەندێ لە پەرتووکە ڕێ و ڕچە کۆنەکانی کوردستانیش بەپەخشان هەر بەکوردی نووسراون، بەڵام ئیتر تا سەدەی سێزدەمی کۆچی هیچ چەشنە نووسراوێکی پەخشان بەزمانی کوردی نەنووسراوە و لە پاشا زانایان و نووسەرانی کورد دەستیان دایە نووسینی پەخشانی کوردی و گەلێ شوێنەواری بایەداریان بەزمانی کوردی نووسی و بەیادگار بەجێیان هێشت.

بۆ وێنە گەلێ لە زانایانی ئاینی دەستیان دایە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز کە دەتوانین لەناو ئەوانەدا لەم کەسانە ناوببەین: «مەلا محەمەدی کۆیی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، شێخ محەمەدی خاڵ، مەلا حوسێن دزەیی، عوسمان عەبدولعەزیز پیر وەیسی، سەدیق بۆرەکەیی» کە لێرەدا لە بارەی شوێنەواری هەندێکیان باس دەکەین.

## تەفسیری کوردی لەسەر کەلامی خوداوەندی

ئەم تەفسیرە بەپێنووسی مەلا محەمەدی کۆیی (١٢٩٣–١٣٦٣)ی کۆچی نووسراوە و گەرچی دوو سەد لاپەڕەیەک زیاتر نابێ، بەڵام بەکوردییەکی سادە و ڕەوان نووسراوە و ئایەتەکان بەجوانی شی کراونەتەوە و بەجۆرێ کە هەموو خوێندەوارێک تێ بگەیەنێ.

### تەفسیری نامی

ئەم تەفسیرە بەپێنووسی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس (١٣٢٣–١٤١١ی کۆچی)ە و یەکێ لە جوانترین و باشترین تەفسیرەکانی کوردییە کە تا ئێستا لە چاپ دراوە. ئەم تەفسیرە کە لەسەر تەواوی قورئانی پیرۆزە، داگری حەوت بەرگە و نزیکەی ٣٧٤١ لاپەڕەیەک دەبێ و لەم تەفسیرەدا تەواوی ئایەتەکانی قورئان بەجوانترین شێوە بەزمانێکی سادە و ڕەوان شی کراونەتەوە و بۆ ئایەتەکانی گەلێ بەڵگەی زانستی هێناوە تا مەبەستی قورئانی پێ بسەلمێنێ.

### تەفسیری خاڵ

ئەم تەفسیرە بەپێنووسی شێخ محەمەدی خاڵ (١٣٢٢–١٤٠٩ی کۆچی)ە کە تا ئێستا بەرگی چوارەمی بڵاو بووەتەوە و بەیەکێ لە جوانترین تەفسیرەکانی کوردی دێتە ژمار و بەپەخشانێکی سادە و ڕەوان لەسەر شێوەی سۆرانی نووسراوە و زۆربەی ئایەتەکانی بەشێوەیەکی زانستی شی کراونەتەوە و بۆ سەلماندنی مەبەستەکەی گەلێ بەڵگەی لە نووسەران و زانایان هێناوە.

### ژیانی ئینسان

ئەم تەفسیرە بەپێنووسی مەلا حوسێن شێخ سەعدی دزەیی (١٣٠٣–١٤٠٣ی کۆچی)یە و یەکێ لە باشترین و جوانترین تەفسیرەکانی کوردییە و داگری شەش بەرگە و ڕاڤەی تەواوی قورئانی پیرۆزە و لەم تەفسیرەدا نووسەر ئایەتەکانی بەچەشنێکی سادە و ڕەوان شی کردووەتەوە و بێ ئەوە بەڵگەیەک بۆ قسەکانی خۆی بێنێ و دیارە گەلێ وشەی عەرەبی و فارسیشی ئاخنیوەتە ناو قسەکانی و بەچەشنێکی مەلایانە مەبەستەکانی خۆی دەربڕیوە و بەڵام گەلێ وشەی جوان و ڕەسەنی کوردیشی هێناوە کە لە تەفسیرەکانی تردا ئەوەمان ناکەوێتە بەرچاو.



سەرچاوەکان

١– تەفسیری کوردی لەسەر کەلامی خوداوەندی – مەلا محەمەدی کۆیی – بەغدا، ١٩٦٨.
٢– تەفسیری نامی بۆ قورئانی پیرۆز – مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس – بەغدا، ١٩٨٠– ١٩٨٤.
٣– تەفسیری خاڵ، شێخ محەمەدی خاڵ – بەغدا، ١٩٥٥– ١٩٨٦.
٤– ژیانی ئینسان – مەلا حوسێن دزەیی – بەغدا، ١٩٢٠.

## مێژوونووسانی کورد

کورد لەبەرئەوەی گەلێکی کۆچەر و ڕەوەند بووە، ئەوەیە کە خوێندن و خوێندەواری لە ناویدا درەنگ پەرەی سەندووە، بۆیە مێژوو نووسیش لەناو کوردا درەنگ دەستی پێ کراوە. ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە بەهۆی پەرەسەندنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەناو کوردا خوێندن و خوێندەواریش پەرەی سەندووە و مێژوونووسانی کورد گەلێ شوێنەواری بایداریان بەیادگار بەجێ هێشتووە، بەڵام هەمووی نووسراوەکانیان بەزمانی عەرەبی نووسیوە و لەناو ئەو مێژوونووسانەدا دەتوانین لە: ئەبوو حەنیفەی دینەوەری و ئەبوو حەسەنی ئیبنی ئەسیر و ئەبوولبەرەکاتی هەولێری و ئیبنی خەلەکان و گەلێکی تر ناو ببەین. بەڵام هیچکام لەم مێژوونووسانە بەرهەمەکەی خۆیان بۆ مێژووی کورد و کوردستان تەرخان نەکردووە، بەڵکو هەندێ جار باسی کورد یا ناوچەیەکی کوردستانیان کردووە کە ئەڵبەت ئەوەش بۆ مێژووی گەلەکەمان زۆر بەکەڵکە.

مێژوونووسی لە سەدەی دەیەمی کۆچیدا لەناو کورد دەستی پێ کراوە و ئەوەش سەرەتا بەهۆی میر شەرەفخانی بتلیسییەوە ئەنجام دراوە. لە ڕاستەقینەدا میر شەرەفخان بەیەکەمین مێژوونووسی کورد دێتە ژمار و لە پاش شەرەفخان گەلێکی تر وەکو: مەلا مەحموودی بایەزیدی و میرزا شوکروڵڵای سنەیی و سەید حوسێن حوزنی موکریانی و ئەمین زەکی بەگ و ساڵح قەفتان و محەمەد عەلی عەونی و میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانی مێژووی کورد و کوردستانیان نووسیوە کە ئەوا لێرەدا باسیان لێوە دەکەین:

## میر شەرەفخانی بتلیسی



میر شەرەفخان کوڕی میر شەمسەدین لە ساڵی ٩٤٩ی کۆچی لە شاری بتلیس پێی نایە مەیدانی ژیانەوە. لە تەمەنی هەشت ساڵیدا باوکی ناردییە ئەسپەهان و لەوێدا لەگەڵ کوڕانی شا تامازی سەفەوی (٩٣٠-٩٤٨ی کۆچی)دا دەستی کردە خوێندن و ڕێزمانی عەرەبی و قورئان و وێژەی فارسیی لە لای زانایانی گەورەی ئەو سەردەمەدا خوێند و لە تەمەنی دوازدە ساڵییەوە لە لایەن شاوە کرایە میری بەشێک لە ئاوربایگان و لە پاش مردنی تاماز شا لە لایەن شا ئیسماعیلی سەفەوییەوە (٩٨٤-٩٨٥ی کۆچی) نازناوی میری میرانی کوردستانی پێ درا و لە پاش ماوەیەک بەهۆی ناحەزانەوە کەوتە بەر ڕقی شا و لەسەر کار دەرکرا و کە ئەم هەواڵە گەیشتە مورادخانی سێیەمی عوسمانی (٩٨٢-١٠٠٣ی کۆچی)، لە ساڵی ٩٨٦ی کۆچیدا نازناوی خانانی پێ دا و فەرمانڕەوایەتیی بتلیس و مووش و ئەخلات و سعرد و خیزانی پێ بەخشی و دەستی کردە فەرمانڕەوایەتی تا لە ساڵی ١٠٠٥ی کۆچیدا بەڕێوەبردنی وڵاتی دایە دەستی کوڕە گەورەکەی و خۆی خەریکی نووسینی شەرەفنامە کرد کە مێژووی کورد و کوردستانە و بەم چەشنە ژیانی بردە سەر تا لە ساڵی ١٠١١ی کۆچیدا گیانی بەگیان ئافەرین سپارد و لە گۆڕستانەکەی بتلیس ناشتیان.

میر شەرەفخان بەیەکێ لە مێژوو نووسانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار کە گرنگترین شوێنەواری ئەو پەڕتووکی شەرەفنامەیە کە مێژووی بنەماڵەکان و فەرمانڕەوایانی کوردە کە بۆ نووسینی ئەم بەرهەمە کەڵکی لە گەلێ سەرچاوەی کۆن و ڕەسەنی کوردی وەرگرتووە و لە ڕاستەقینەدا تەنیا سەرچاوەیەکی بەنرخ و باییدارە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژووی نەتەوەی کورد.

## مەلا مەحموودی بایەزیدی

مەلا مەحموودی بایەزیدی لە ساڵی ١٢١٧ی کۆچی لە شاری بایەزیدا لە دایک بووە و هەر لە سەردەمی منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و فەقێیەتی گەلێ مەڵبەندی کوردستان گەڕاوە و لە پاشا ڕۆیشتووەتە بتلیس و لەوێدا لەلای زانایان لێکدانەوەی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام و پیتۆڵیی خوێندووە و لەوێوە ڕۆیشتووەتە



تەورێز و وێژەی فارسیی خوێندووە و گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و دانانی پەڕاو و نامیلکە بردووەتە سەر تا لە ساڵی ١٢٧٩ی کۆچیدا کۆچی دواییی کردووە و لە گۆڕستانەکەی بایەزید نێژراوە.

مەلا مەحموود بەیەکێ لە زانایان و مێژوونووسانی گەورەی کورد دێتە ژمار و، ئەو یەکەمین زانای کورد بووە کە شەرەفنامە سەرنجی ڕاکێشاوە و بەدوویەوە چووە و لە زمانی فارسییەوە وەری گێڕاوەتە سەر شێوەی کرمانجی باکووری و، لەبەر ئەوەی مێژووی ڕووداوەکانی شەرەفنامە تا ساڵی ١٠٠٥ی کۆچی بووە، ئەو پاشماوەی مێژووی کورد و کوردستانی لە دوای ئەو مێژووە نووسیوە کە وەکو دەڵێن بەختەکەی خۆی ماوەتەوە و هێشتا لە چاپ نەدراوە. مەلا مەحموود جگە لە وەرگێڕانی شەرەفنامە و نووسینی پاشماوەی مێژووی کورد و کوردستان، گەلێ بەرهەمی تری داناوە کە بریتین لە: فۆلکلۆر و پەندی پێشینیانی کوردی، ڕێ و ڕەوشتی کوردەکان و گەلێ بەرهەمی تر.

## میرزا شوکروڵڵای سنەیی

میرزا شوکروڵڵا کوڕی میرزا عەبدوڵڵای خۆشنووس لە ساڵی ١٢٧٥ی کۆچی لە شاری سنەدا لە دایک بووە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە باوکییەوە فێری خۆش نووسی بووە و لە پاشا لە لای زانایانی ئەو شارە فقهی ئیسلامی و وێژە و زمانی فارسی خوێندووە و لە تافی جوانیدا بووەتە نووسەری تایبەتی سلێمان خانی شەرەفولمولک و پاشان چووەتە تاران و لە لای میرزا عەلی ئەسغەرخانی ئەتابەک دامەزراوە و ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لە دەوری میرزا مەحموودخانی ئیحتشامولسەلتەنەدا بووەتە فەرمانڕەوای ئەسفەند ئاوا و لێلاخ و لە زەمانی ئەبولقاسم خانی قەرە گوێزلوودا خانەنشین بووە و تەواوی مووچە و بەراتەکەی بڕاوە و کەوتووەتە نەداری وهەژاری و سەری خۆی هەڵگرتووە و ڕۆیشتووەتە تاران و هەر لەوێدا لە ئەوپەڕی هەژاری و نەداریدا لە ساڵی ١٣٤٠ی کۆچی مردووە و نێژراوە.

میرزا شوکروڵڵا بەیەکێ لە مێژوونووسانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار کە یەکێ لە شوێنەوارە گرنگەکانی پەڕاوی (تحفەء ناصری)یە کە بریتییە لە مێژووی کورد و جوغرافیای کوردستان. ئەم پەڕاوە کە داگری دوو بەشە، بەشی هەوەڵی بریتییە لە جوغرافیای سنە و مەڵبەندەکان و ناوچەکان و ڕووبارەکان و کێوەکان و عێل و هۆزەکانی کوردی ئەو مەڵبەندە و بەشی دووەمی بریتییە لە مێژووی ئەردەلان کە لە بابە ئەردەڵەوە دەست پێ دەکا تا دەوری فەرمانڕەوایەتیی قاسم خانی قەرەگوێزلوو ساڵی ١٣٢٣ی کۆچی.

# سەید حوسێن حوزنی موکریانی

سەید حوسێن کوڕی سەی عەبدوللەتیف موکریانی کە نازناوی حوزنییە لە ساڵی ١٣١١ی کۆچی لە ساباڵخدا لە دایک بووە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە هەرەتی لاویەتیدا ئاوارە و دەربەدەری وڵاتان بووە و چەند ساڵێک لە مۆسکۆ و ئەستەمبووڵدا خەریکی خوێندن بووە و ئەوسا چووە هیندوستان و ئەفغانستان و ژیانی بەمۆرهەڵکەندن بەڕێ چووە و لە پاشا بەگەلێ شوێن و مەڵبەندی کوردستاندا گەڕاوە و ئەوسا چووە شاری حەلەب و لەوێدا چاپخانەیەکی دامەزراند و پاشان چووە ڕەواندز و لەوێدا چاپخانەیەکی بەناوی زاری کرمانجی دامەزراند و چەند گۆڤارێکیشی بڵاو کردەوە، تا سەرەنجام لە ساڵی ١٣٦٧ی کۆچی بەدەستی ئینگلیزەکان کوژرا و تەرمەکەی برایەوە شاری هەولێر و لەوێدا نێژرا.

حوسێن حوزنی بەیەکێ لە مێژوونووسانی گەورەی کورد دێتە ژمار و زۆربەی تەمەنی خۆی لەسەر لێکۆڵینەوەی مێژووی کورد و کوردستاندا بردووەتە سەر. هەندێک لەو پەرتووکانەی کە لە بارەی مێژووی کورد و کوردستانەوە نووسیون بریتین لە: «خونچەی بەهارستان، مێرگەی دڵان، پێشکەوتن، ناودارانی کورد، ئاوڕێکی پاشەوە، کورد و نادرشا، میرانی سۆران، کوردستانی موکریان».

# ئەمین زەکی بەگ

حەمەومین کوڕی حاجی ئەورەحمانی ناسراو بەئەمین زەکی بەگ، لە ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی لە شاری سلێمانی لە دایک بووە و هەر لە تەمەنی منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و سەرەتا لە لای مەلایەک خەریکی خوێندنی قورئان و ڕێزمانی عەرەبی بووە و لە پاشا لە قوتابخانەی سەرەتایی دەستی کردووەتە خوێندن و ئەوسا چووەتە بەغدا و چەند ساڵێک خوێندوویەتی و لەوێوە ڕۆیشتووەتە ئەستەمووڵ و خوێندنی سەربازیی تەواو کردووە و لە پاشا بووەتە ئەفسەر و گەڕاوەتەوە بەغدا و ئەوسا لە کاری دەوڵەتیدا دامەزراوە و پاشان سەرێکی داوە لە ئوروپا و ئەوسا گەڕاوەتە بەغدا و چەند جار بووەتە وەزیر و سەرەنجام لە ساڵی ١٣٦٨دا کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەی بەپێی ئەسپاردەی خۆی برایەوە سلێمانی و لەوێدا نێژرا. ئەمین زەکی بەیەکێ لە زانایان و مێژوونووسانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار کە گەلێ پەرتووکی سەبارەت بەمێژووی کورد و کوردستان نووسیوە کە دەتوانین لەناو ئەوانەدا لە: «خولاسەی تاریخی کورد و کوردستان، ناودارانی کورد، مێژووی سلێمانی، مێژووی فەرمانڕەوایان و دەوڵەتەکانی کورد» ناوببەین.



# ساڵح قەفتان

ساڵح قەفتان لە ساڵی ١٣٠٨ی کۆچی لە سلێمانیدا لە دایک بووە و خوێندنی خۆی لە سلێمانی و بەغدا تەواو کردووە و لە پاشا ڕۆیشتووەتە ئەستەمووڵ و خوێندنی بەرزی سەربازیی تەواو کردووە و لە لەشکری عوسمانیدا بووەتە ئەفسەر و لە دەوری شێخ مەحموودا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی وانە وتنەوە و دانانی پەرتووک و نامیلکە بووە تا لە ساڵی ١٣٨٩دا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گردی سەیواندا نێژراوە.

ساڵح قەفتان بەیەکێ لە زانایان و مێژوو نووسان و وێژەوانانی هەرەبەرزی کورد دێتە ژمار ئەو لە دوای ئەمین زەکی بەگ یەکەمین مێژوو نووسی کوردە کە بەکوردییەکی پەتی نووسراوەکانی خۆی نووسیون. لە نووسراوەکانی ئەو دەتوانین ئەم پەرتووکانە ناو ببەین: «مێژووی گەلی کورد، بەراوردێکی مێژوویی، پەندی مێژوویی، نەتەوەی کورد تورکمان نییە».

# محەمەد عەلی عەونی

محەمەد عەلی کوڕی حاجی عەبدولقادری عەونی لە ساڵی ١٣١٦ی کۆچی لە شاری سوێرەکی سەر بەدیاربەکر لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی خۆی لە شاری سوێرەک و دیاربەکر و ئەستەمووڵدا تەواو کردووە و ئەوسا چووەتە میسر و لە جاموعلئەزهەردا لە فقهی ئیسلامی لیسانسی وەرگرتووە و لە پاشا هەر لە میسر لە کاری دەوڵەتیدا دامەزراوە و لەگەڵ بەدرخانییەکاندا لە دامەزراندنی تاقمی خۆیبووندا بەشداریی کردووە و زۆربەی کاتی خۆی بەوەرگێڕان و نووسینی مێژووی کورد و کوردستانەوە بەسەر بردووە و تا لە ساڵی ١٣٧٢ی کۆچیدا لە قاهرە کۆچی دواییی کردووە و لە تەکیەی شێخ مغاوریدا نێژراوە.

محەمەد عەلی عەونی بەیەکێ لە زانایان و مێژوو نووسانی هەرە بەرزی کورد دێتە ژمار، ئەو زۆربەی ژیانی خۆی لەگەڵ زانایان و نووسەرانی کوردا بردەسەر و گەلێ پەیوەندیشی لەگەڵ ئەمین زەکی بەگدا بووە و چەند پەرتووکی ئەویشی بەناوی خولاسەی مێژووی کورد و کوردستان و مێژووی دەوڵەتەکانی کورد وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و پەڕاوی شەرەفنامەشی بۆ یەکەمین جار بەچاپ گەیاندووە و پەڕاوێکیشی بەناوی مێژووی کورد و کوردستان نووسیوە کە هێشتا چاپ نەکراوە و گەلێک وتاری بایەداری تری لەسەر کورد و کوردستان نووسیون و لەناو گۆڤارەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە.

## میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانی

میرزا عەلی ئەکبەر کوڕی میرزا عەبدوڵڵا کە نازناوی ئەفسەرە لە سەدەی سێزدەم و چواردەمی کۆچیدا ژیاوە و لە شاری سنەدا لە دایک بووە و خوێندنی هەر لەو شارەدا تەواو کردووە و شارەزایی لە زمانی فارسی و عەرەبیدا هەبووە و لە مێژوو، وێژەی فارسی و کوردیدا پسپۆڕ بووە و لە دەوری لاویەتیدا بووەتە نووسەری خانی ئەردەڵان و ماوەیەکیش بووەتە نووسەری تایبەتی سەیفەدین خانی تیلەکۆیی و لە ساڵی ١٣١٧ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە.

میرزا عەلی ئەکبەر بەیەکێ لە مێژوونووسانی کورد دێتە ژمار و زۆربەی تەمەنی خۆی بەنووسینی مێژووی کورد و کوردستان تەرخان کردووە و پەڕاوێکی بەناوی (حدیقەء ناصریە) سەبارەت بەجوغرافیا و مێژووی کوردستان لە نۆ بەشدا نووسیوە کە لەم دواییەدا لە چاپ دراوە. شایانی باسە کە مامۆستا مەردۆخ بۆ نووسینی بەرگی دووەمی مێژووەکەی خۆی لەم پەڕاوە کەڵکی وەرگرتووە.

جگە لەم مێژوونووسانە کە باسمان لێیانەوە کرد گەلێ مێژوونووسی تر هەن کە زۆربەی تەمەنیان بۆ نووسینی مێژووی کورد و کوردستان تەرخان کردووە و گەلێ شوێنەواری بایەداریان بۆ گەلەکەیان بەجێ هێشتووە کە هەندێکیان کۆچی دواییان کردووە و هەندێکیان ماون کە لەناو ئەوانەدا دەتوانین لەم کەسانە ناو ببەین: «مەستوورە خانمی کوردستانی، قازی مەلا عەبدوڵڵای هەورامانی، عەبدولقادری بابانی، ڕەشید یاسەمی، جەلادەت بەدرخان، ناسری موحسنی، عەلی سەیدۆ گۆرانی، ڕەمزی قەزاز، کەریم زەند، ڕەفیق حیلمی، تۆفیق وەهبی، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، کەماڵ مەزهەر، جەماڵ نەبەز، مارف خەزنەدار و، دەیان کەسی تر».


سەرچاوەکان

١– شەرەفنامەی میر شەرەفخانی بتلیسی – وەرگێڕاوی هەژار، نەجەف، ١٩٧٥.

٢– شرفنامە، تالیف امیر شرفخان بتلیسی – باهتمام ولیامینوف پطربورغ، ١٨٦٢.

٣– غونچەی بەهارستان – حوسێن حوزنی موکریانی – حەلەب، ١٩٢٥.

٤– بیبلۆگرافیای کتێبی کوردی – نەریمان – بەغدا، ١٩٧٧.

٥– مێژووی نەتەوەی کورد – ساڵح قەفتان – بەغدا، ١٩٦٩.

٦– تاریخ السلیمانیة وانحائها – تالیف امین زکي – بغدا، ١٩٥١.

٧– القضیة الکردیة – تالیف بلەچ شیرکوة – القاهرة، ١٩٣٠.





٨– عادات و ژسوماتنامة اکرادیة – موسکو، ١٩٦٣.

٩– تاریخ الدول والامارات الکردیة في المهد الاسلامي – ترجمة محمد علي عوني، القاهرة، ١٩٤٥.

١٠– تحفةء ناصري – تالیف میرزا شکراللة کردستاني، باهتمام دکتر حشمت الة طبیبي، تهران، ١٣٦٩.

١١– حدیقةء ناصریة تالیف میرزا علي اکبر، باهتمام محمد رئوف توکلي، تهران، ١٣٦٣.


## فەرهەنگنووسانی کورد

زمانی کوردی یەکێ لە زمانەکانی هیند و ئەوروپاییە و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر زمانی مادی کە زەردەشتی مادی پەرتووکی ئاوێستای بەو زمانە نووسیوە. گەرچی سەبارەت بەزمانی مادی هیچ چەشنە بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نییە و تا ئێستا هیچ جۆرە بەردە نووسراوێک لە مادەکانەوە نەدۆزراوەتەوە، بەڵام ئەو چەند وشانەی کە لە مادەکانەوە ماونەتەوە و هیرۆدۆت لەناو مێژووەکەیدا هێناونی و پادشایانی هەخامەنشی لە بەردە نووسراوەکانیاندا دیاردیان پێ کردووە، ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە زمانی کوردی لەگەڵ ئەوەی دەور و خولێکی دوور و درێژ بەسەریا تێ پەڕیوە، هێشتا هەر خۆی پاراستووە و گۆڕانی وای بەسەر نەهاتووە و بێ خەوش ماوەتەوە.

هەوەڵین هۆنەری کورد کە لە دەوری ئیسلامەتیدا هۆنراوی بەزمانی کوردی هۆنیوەتەوە بالوولی ماهی (٠٠٠–٢١٩ی کۆچی)یە کە بەزاراوەی شیرینی گۆرانی هۆنراوەکانی خۆی هۆنیوەتەوە و لەگەڵ ئەوەی هەزار و سێ سەد ساڵ بەسەر هۆنراوەکانی ئەم هۆنەرەدا تێ دەپەڕێ، کەچی واتای هۆنراوەکانی بۆ ئێمە هێشتا بەتەواوی ڕوون و ئاشکرایە و ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە زمانی کوردی هەروا بەپاک و خاوێنی ماوەتەوە و گۆڕانێکی زۆری بەسەردا نەهاتووە و لە وشەی بێگانە خۆی پاراستووە.

کوردەکان درەنگ کەوتنە بیری دانانی فەرهەنگ، ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە فەرهەنگ نووسی لەناو کوردەکاندا لە سەدەی پازدەمی کۆچیدا دەستی پێ کرا و یەکەمین فەرهەنگی کوردی فەرهەنگی نەوبەهارە کە شێخ ئەحمەدی خانی (١٠٦١–١١١٨ی کۆچی) ئەو فەرهەنگەی بەهۆنراو بۆ منداڵان و ساوایان بۆ ئەوەی فێری عەرەبی بن دانا. لە پاش ئەحمەدی خانی ئیتر کەسێک بەبیری دانانی فەرهەنگی کوردییەوە نەبوو، کە لەم بارەوە ئەوروپاییەکان گەلێ هەوڵیان داوە و لەگەڵ ئەوەی کوردییان نەزانیوە، بەڵام بەپرس و جۆ توانیویانە گەلێ فەرهەنگی کوردی دابنێن کە ئێستا ئەتوانین گەلێ کەڵک و سوودیان لێ وەرگرین، لەناو ئەو کەسانەدا دەتوانین لە گارزۆنی وکلاپرۆت و مۆلێر و ژابا و پریم و

یووستی و دۆمۆرگان ناو ببەین، بەڵام نووسەرانی کورد بەرە بەرە کەوتنە بیری فەرهەنگ دانان و گەلێ فەرهەنگیان بۆ زمانی کوردی دانا کە ئەوا لێرەدا باسیان لێوە دەکەین:

## فەرهەنگی یوسف پاشا

یوسف زیائەدین پاشا خالدی کوڕی محەمەدی بتلیسییە کە لە ساڵی ١٢٥٨ی کۆچی لە بەیتولوقەدەسدا لە دایک بووە و هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و لە دەوری جوانیدا چووەتە ئەستەمووڵ و لە پاشا لە کاری میری دامەزراوە و ماوەیەک چووەتە بتلیس و لە پاشا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و لەوێدا کۆچی دوایی کردووە. یوسف پاشا زمانی کوردی باش دەزانی و لە ساڵی ١٣١٠ی کۆچیدا فەرهەنگێکی بەناوی: (الهدیە الحمیدیە فی اللغە الکردیە) دانا و پێشکەشی کردە سولتان عەبدولحەمیدی عوسمانی (١٢٩٣–١٣٢٧ ی کۆچی). ئەم فەرهەنگە زۆربەی وشەکانی زازایین و نزیکەی پانزدە هەزار وشەیە و بەیەکێ لە فەرهەنگەکانی گرنگ و باییداری کوردی دێتە ژمار.

## فەرهەنگی مەهاباد

ئەم فەرهەنگە نووسراوی گیو موکریانییە. ئەوڕەحمان کە بەگیو موکریانی ناسراوە، لە ساڵی ١٣٢٣ی کۆچی لە شاری سابڵاخدا پێی ناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لە منداڵیدا لەگەڵ کاکی سەید حسێن حوزنی چووەتە حەلەب و لەوێدا خەریکی خوێندن بووە و لە پاشا چووەتە ڕەواندز و لە تافی جوانیدا خەریکی نووسین و کۆکردنەوەی شوێنەواری کوردی بووە و ئەوسا دەستی داوەتە فەرهەنگ نووسین و یەکێ لە کارەکانی نووسینی فەرهەنگی مەهابادە کە داگری سی هەزار وشەی کوردییە و ئەم فەرهەنگە بەیەکێ لە گەورەترین و باییدارترین فەرهەنگەکانی کوردی دێتە ژمار. جگە لەمە فەرهەنگێکی تری هەیە بەناوی فەرهەنگی کوردستان کە هێشتا لە چاپ نەدراوە. ڕابەر و کۆڵکە زێڕینەش یادگاری ئەون.

## فەرهەنگی مەردۆخ

ئەم فەرهەنگە کە فەرهەنگێکی کوردی بەفارسی و عەرەبییە دانراوی ئایەتوڵڵای مەردۆخی کوردستانییە کە بەیەکێ لە فەرهەنگە باییدارەکانی کوردی دێتە ژمار و داگری سێ هەزار وشەی کوردی سنەییە کە لەگەڵ هەشت سەد پەندی پێشینانی کوردی سنەیی و ڕێزمانی کوردی لەچاپی داوە.



## فەرهەنگی جگەرخوێن

ئەم فەرهەنگە نووسراوی جگەر خوێنە کە یەکێ لە هۆنەرانی هەرە بەرزی کوردە و فەرهەنگەکەی کە داگری شەش هەزار وشەی کوردییە تایبەتی کوردەکانی سووریەیە و ئەم فەرهەنگە لە دوو بەرگدا لە ساڵی ١٩٦٢ لە بەغدا لە چاپ دراوە و بەیەکێ لە فەرهەنگە گرنگەکانی کوردی دێتە ژمار.

## فەرهەنگی تۆفیق وەهبی

ئەم فەرهەنگە کە نووسراوی تۆفیق وەهبییە لە کوردییەوە بۆ ئینگلیزییە و بەیەکێ لە فەرهەنگە باییدارەکانی کوردی دێتە ژمار و داگری چل هەزار وشەی کوردی خەڵکی سلێمانییە و لە ساڵی ١٩٦٤ بەهاوکاری ئەدمۆندز لە چاپی داوە.

## فەرهەنگی خاڵ

ئەم فەرهەنگە نووسراوی شێخ محەمەدی خاڵە کە خەڵکی سلێمانییە و بەگرنگترین فەرهەنگی کوردی دێتە ژمار و داگری پەنجا هەزار وشەی کوردییە و بۆ نووسینی فەرهەنگەکەی سوودی لە تەواوی فەرهەنگەکانی پێش خۆی وەرگرتووە و لە سێ بەرگدا لە ساڵی ١٩٥٩، ١٩٦٤، ١٩٦٧دا لە چاپی داوە.

## فەرهەنگی کوردۆ

ئەم فەرهەنگە نووسراوی دوکتۆر قەناتی کوردۆیە. قەناتی کوردۆ لە ساڵی ١٣٢٩ی کۆچی لە دێی سوزرێ سەر بەقارس لە دایک بووە و لە تفلیسدا خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی تەواو کردووە و لە لیننگرادا دوکتۆرای لە زمان و وێژەی کوردی وەرگرتووە و لە ساڵی ١٤٠٦دا کۆچی دوایی کردووە. کوردۆ بەیەکێ لە زانایانی هەرەبەرزی کورد دێتە ژمار و یەکێ لە کارەکانی نووسینی فەرهەنگی کوردی سۆرانییە بەڕووسی کە داگری سی هەزار وشەی کوردییە و بەیەکێ لە فەرهەنگە باییدارەکانی کوردی دێتە ژمار.

جگە لەم فەرهەنگانەی باسمان لێوە کرد گەلێ کەسی تر وەکو مامۆستایان «د. جەماڵ نەبەز، مووسا عەنتەر، عەبدولقادر بەرزنجی، مەعرووف قەرەداغی، شاکر فەتاح، عەلائەدین سەجادی» فەرهەنگیان نووسیوە و لەم بارەوە گەلێ پەڕاو و خزمەتیان بەزمانەکەی خۆیان کردووە.

سەرچاوەکان

١– الهدية الحميدية في اللغة الكردية، تألیف یوسف پاشا الخالدي، استانبول، ١٣١٠هـ.
٢– فەرهەنگی مەهاباد – دانەر گیو موکریانی – هەولێر، ١٩٦١.
٣– فرهنگ مردوخ تألیف آیة الله مردوخ کردستاني – تهران، ١٣٢٤.
٤– فەرهەنگی خاڵ – دانەر شێخ محەمەدی خاڵ – بەغدا، ١٩٧٦.
٥– فەرهەنگا جگەر خوێن – دانەر جگەر خوین – بەغدا، ١٩٦٢.
٦– هەندێ زاراوەی زانستی، جەماڵ نەبەز – سلێمانی، ١٩٦٠.
٧– فەرهەنگی زانیاری – عەبدولقادر بەرزنجی – سلێمانی، ١٩٧٢.
٨– فەرهەنگی کشتوکاڵ – مەعرووف قەرەداغی – بەغدا، ١٩٧٣.
٩– فەرهەنگۆک – ئینگلیزی – کوردی – شاکر فەتاح – ڕەواندز، ١٩٣٤.
١٠– دەستوور و فەرهەنگی زمانی کوردی – عەلائەدین سجادی – بەغدا، ١٩٤٢.

## چیرۆکنووسانی کورد

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە پەخشان لە دەوری کۆنا لەناو کوردەواریدا بووە و نموونەی ئەوانەش پەندی پێشینان و بەیتەکانن کە بەیادگار ماونەتەوە و ئێستاش دەم بەدەم دەیانگێڕنەوە و لەناو کوردەواریدا نەخوێندەوارەکان زیاتر پابەندی پەندی پێشینان و بەیتەکانن، بەڵام ئەم پەند و بەیتانە دانەرەکانیان بۆ ئێمە نادیارن و هەروەها نازانین لە چ دەورێکدا دانراون.

جگە لەمانەش گەلێ داستان و ئەفسانە و چیرۆکی کۆن کە دەماودەم دەیانگێڕنەوە، بەیادگار بۆ ئێمە ماونەتەوە کە ئەمانەش ڕووداوی پاڵەوانان و ئەشکەوتەکان و ژیانی کۆچەرایەتیی دەوری کۆنی باو و باپیرانمان بۆ دەگێڕنەوە و لەمەوە بەچۆنییەتیی ژیانی ئەو سەردەمەی کوردان و شەڕ و شۆڕ و پەیکاریان لەگەڵ دوژمنان و نەیاراندا ئاشنایەتی پەیدا دەکەین، هەروەها بەهۆی بیستنی ئەم داستان و ئەفسانە و چیرۆکانەوە پلەوپایەی بەرزی باو باپیرانمان بۆ دەردەکەوێ، بەڵام بەداخەوە ئەم چیرۆکانە بەتەواوی کۆ نەکراونەتەوە.

ئەوەش بۆ ئێمە ڕوون بووەتەوە کە گەلی کورد گەلێ داستان و ئەفسانە و ڕووداوی سەبارەت بەپاڵەوانان و فەرمانڕەوایان و پادشایانی کۆنی کورد وەکو: کەیومەرس و سیامەند و هۆشەنگ جەمشیر و فەرەیدوون و نۆزەر و کەیکاوس و کەیخەسرەو و لوهراسپ و دارا و کاوە و ڕۆستەم و زاڵ و زۆراب و سیاوەش و گیو و گودەرز بووە کە هەندێ لەو چیرۆک و ڕووداوانە لە مێژووی تەبەریدا هاتوون و هەندێکیان کەوتوونەتە دەستی



فیردەوسی و لە شانامەکەیدا هێناونی و ئیتر باسی کوردبوونی ئەوانی نەکردووە، بەڵام خان ئەڵماسی کەلهووڕ زۆربەی ئەو کارەساتە مێژووییيانەی لە شانامەکەیدا، کە نزیکەی شەست هەزار هۆنراوە هێناوە و بەشانازییەوە هۆنیویەتەوە و بۆمانی گێڕاونەتەوە.

بەبێ شک گەلی کورد گەلێ داستان و ئەفسانەی سەبارەت بەدێو و درنج و جنۆکە و پەری و فریشتە هەبووە و ئێستاش گەلێ لە پیرە مێردان و پیرە ژنان ئەو داستان و ئەفسانانە دەگێڕنەوە و گەلێ لەو داستان و ئەفسانانەش لە پەڕاوی سەرەنجامدا دیاردییان پێ کراوە و کورد لە باری ئەفسانە یا میتۆلۆژیاوە گەلێ دەوڵەمەندە و ئەم ئەفسانانەش لە دەوری کۆندا سەرچاوەی بیری پیتۆڵان بوون.

شک و گومانێک لەوەدا نییە کە پەخشان لە دەور و زەمانێکی کۆنەوە لەناو کوردەواریدا هەبووە، بەڵام کۆنترین نووسراوێک کە گەیشتووەتە ئێمە پەرتووکی جیلوە و مەسحەفا ڕەشە کە پەرتووکی جیلوە بەزاراوەی کرمانجی باشووری یا سۆرانییە و پەرتووکی مەسحەفا ڕەش بەزاراوەی کرمانجی باکووری یا بادینییە، وەکو دەڵێن ئەم هەردوو پەرتووکە نووسراوی شێخ ئادیی هەکاری (٤٦٧–٥٥٧ی کۆچی)یە کە لە سەدەی پێنجەم و شەشەمی کۆچیدا ژیاوە و ئەم دوو پەرتووکەش بەخەتی تایبەتی ئێزیدی کە لە خەتی ئاڤێستایی و پەهلەوی و ئارامییەوە وەرگیراو، نووسراون. ئەمەش نموونەی لاپەڕەیەک لە پەڕاوی جیلوە کە دەڵێ:

«ئەوی لە پێش هەمی خەلق بووە، مەلک تاووسە، ئەوە کە عەب تاووسی بۆ ئەم عالەمە نارد تاکو قەومی خاسی خۆی جوێ بکاتەوە  و تێیان بگەیەنێ و لە وەهم و سرگ و نەدانی ڕزگاریان بکا، بۆ پێکهێنانی لە ئەم ئیشە لە پێشیدا بەقسەی ڕوو بەڕوو لە پاشدا بەواستەی ئەم کتێبە کە ناوی جلوەیە و، خوێندنی دروست نییە بۆ کەسێ کە لەم میللەتە بەدەرە».

هەروەها سەرەنجامێکیش لە سەدەی دوازدەمی کۆچیدا بەزاراوەی گۆرانی سەبارەت بەڕێ و ڕچەی یارسان کە لە بیست و یەک بەشدا نووسراوە، بۆ نموونە لێرەدا چەند دێرێکی دێنین وەکو دەڵێ:

«جیهان دەلیا بێ و چەند وەخت دوڕ نە دەلیابێ و ئەوسا زەمی و دەشت نەوی، خاوەند کار هەیبەت دا و سەنگ تۆقیا و ڕێزە بەرد و بێ وە دوو، وە بەردوو سەنگ کە گرد وە لی هێز گرد و بی وەهەوا». واتە: ئەوکاتە سەراسەری جیهان دەریا و ئاو بوو و، زەوی و دەشتێک نەبوو و، دوڕێکی سپی لە دەریادا بوو، خوا قیژاندیە سەر بەردێکدا و بەردەکە هەپروون هەپروون بوو و ئەوسا وردەکانی بووە دووکەڵ و دووکەڵەکەی بەرز بووەوە».

بەپێی ئەو بەڵگانە بۆمان دەرکەوت کە پەخشان هەر لەمێژەوە لەناو کوردەواریدا بووە، بەڵام بەهۆی تێپەڕینی زەمانەوە گەلێ لەو پەخشانانە لەناو چوون، هەر وەها کە لە بەرگی یەکەمی ئەم نووسراوەدا وتمان ئیبنی وەحشیەی نەبەتی کە لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا ژیاوە لە نووسراوەکەیدا دەڵێ لە بەغدادا چاوم کەوتە سێ بەرگ پەرتووکی کوردی کە بەختی ماسی سۆراتی نووسرابوون کە بەداخەوە ئەو پەرتووکانە لە هێرشی مەغوولەکاندا لەناوچوون و ڕەنگە گەلێ نووسراوی تر بەکوردی هەبووە کە نەگەیشتوونەتە دەستی ئێمە و هەروا لەناوچوون.

بەڵام چیرۆک نووسی بەشێوەی نوێ لە سەرەتای سەدەی سێزدەمی کۆچییەوە لەناو کوردا پەرەی سەندووە کە یەکەمین کەسێک لەم بارەوە هەنگاوی هەڵگرتووە جەمیل سائب بووە و چیرۆکێکی بەناوی: لە خەوما لە ڕۆژنامەی ژیانەوە لە ساڵی ١٩٢٥دا بڵاو کردووەتەوە و ئەمەش لە مێژووی وێژەی کوردیدا بەکلیلی دەرگای چیرۆک دادەنرێت. بابەتی چیرۆکەکەش خەوبینینێکە کە مەبەستێکی ڕامیاری دەردەخات و ئەوەش دەردەدڵی نووسەرەکەیەتی سەبارەت بەئەو ڕۆژگارەی کە شێخ مەحموودی نەمر فەرمانڕەوای بوو. لە پاشا ئەحمەد موختار بەگی جاف (١٣١٦–١٣٥٤ی کۆچی) چیرۆکێکی بەناوی (مەسەلەی ویژدان) نووسیوە کە قارەمانی چیرۆکەکە: «کوڕێکە بەناوی زۆراب کە لە خێزانێکی دەست کورت و هەژار سەری هەڵداوە و بەهەتیوی پەروەردە بووە و کەچی ئەو کۆمەڵەی تیایا ژیاوە سەرچاوەی ناتەبایی و تووڵانەوە و دزی و ماف پێشێلکردن بووە و زۆرابیش بۆ بەدەستهێنانی خواردەمەنیی ڕۆژانە هێزی خۆی خستووەتە کار و لەبەر دەستی ئاسنگەر و دارتاش و پینەدۆز و بازرگانێکدا کار دەکا و لە پاشا شارەزاییەکی باش بەدەست دەهێنێ و لە ڕەوشتی بازرگانانی شار و جووتیاران و دەستەی دەرەبەگ لە لادێ. تێکڕا لە گەرمەی ئەم تێکەڵاوییانەدا ناکۆکییەکی بەتین پەیدا دەبێت و لە نێوان ویژدانی زۆراب و بێ وێژدانیی ئەو کۆمەڵەی کە تێی کەوتووە، بەناچاری شارەکەی بەجێ دەهێڵێ و بەرەو مەڵبەندێکی تر دەڕوات و لە مەڵبەندێکی تردا نیشتەجێ دەبێ و لەو مەڵبەندە تازەیەدا بەسکاڵا و نووسین ژیانی بەڕێوە دەبا، بەڵام لە پاش ماوەیەکی کورت بەتاوانی خەت ناخۆشی، ڕەوانەی بەندیخانەی دەکەن و لەم کاتەوە زۆراب هەڵخلیسکایە لیتاوی بەرتیلدان و بەتەواوی ژیانی گۆڕا و مەسەلەکەشی بۆ چارەکرا و بەباشترین سکاڵا نووس، لە قەڵەم درا و لە دواییشدا بوو بەسەرۆکی مەڵبەندەکە و، لێرەوە بۆی دەرکەوت کە بەڕاستبێژی و دروستکاری نەگەیشتە ئامانج، بەڵام بەدرۆ و فیشاڵ و بەرتیلدان، ئەو زۆرابەی کە لە سەرەتادا بێزی لە هەموو ڕەوشتێکی ڕەزاگران دەکردەوە بوو بەسەرچاوەی خراپەکاری و فڕوفێڵ.



پیرەمێرد (١٢٨٧–١٣٧٠ی کۆچی)ی نەمر لە چیرۆک نووسینی کوردیدا لە کاتی خۆی دەورێکی باشی گێڕاوە و گەلێ چیرۆکی مێژوویی نووسیون و بڵاوی کردوونەوە و بەدڵ ویستوویەتی کە پەل لە مەیدانە جۆربەجۆرەکانی وێژەدا بهاوێ و بەرهەمی جوان بەدی بێنێ، یەکێ لە چیرۆکەکانی پیرەمێرد، چیرۆکی دوازدە سوارەی مەریوانە کە چیرۆکێکی مێژووییە و لەم چیرۆکەدا هاتووە: «لە قەڵاچوالاندا ئەحمەد پاشای گەورە، ئێواران لە کەنار چەمی قەڵاچواڵاندا لەگەڵ یاران و هاوەڵانیدا دادەنیشت و ئێوارەیەکیان مەلا هەمزەی ئەوغانی و ئەکرەمی کوڕی دێنە دیدەنی و گرەوی تاقیکردنەوەی دەست و بازووی ئەکرەم و سەلیم بەگی مامی ئەحمەد پاشا دەکەن و لە ئەنجاما سەلیم بەگ گرەوەکە دەباتەوە و لە دواییدا کوێخای بەکراوا و کوێخای خورماڵ دادیان کردووە و لە زۆری بەراز و سەلیم بەگیش لەگەڵ ئەکرەمدا بڕیار دەدەن کە بڕۆن بۆ نەهێشتنی بەراز، دەنێرن بەدوای چەند کەسێکدا و کە هەموویان کۆ دەبنەوە بەو نیازەی لە دۆڵی گەڵاڵەوە بەسەرای سوبحان ئاغادا ولە بنەی سەی سادق ڕاوی تێدا ببەستن، چونکە ئەو سەرچاوەی قوماشە ئێجگار بەرازی زۆرە بەڵکو بەسەر تەپەکەل و هوشیارا بیانڕەوێنن بۆ خوار بەکراوا، بەیانی هەموویان سوار دەبن و بەرەو شوێنی دیاریکراو دەکشێن، دوای ئەمان هەواڵ دەگاتە ئەحمەد پاشا کە لەشکری قاجار گەیشتووەتە مەریوان و لە سەرەتادا چونکە کەسی وای لە لا نابێ دەیەوێ خۆی لێ تەریک بکات بەرەو گەڵاڵە بگەڕێتەوە، بەڵام پاش لێکدانەوە بڕیاری ڕەوکردن دەوەستێنێت و شەڕ نەکردن لەگەڵ قاجارەکاندا بەترسنۆکی دادەنێ و فەرمان دەدا بۆ جەرگەی شەڕ، لە ڕێگادا سوارەکانی خۆی دەبینێ و پێیان ڕادەگەینێ کە پێش کەون و ئەمانیش دەڕۆن و لە دەمەدەمی ئێوارەدا نزیک لەشکرەکەی قاجار دەبنەوە و دابەش دەبن بەدوازدە قۆڵدا و لە هەموو لایەکیشەوە گرمەی تەپڵ و هاواری پیاوان و بانگی ئامان ئامان تێکەڵ دەبن و لە نیوە شەودا هێرش دەبەنە سەر دوژمن و بەتەواوی دەیشکێنن و کاری خۆیان بەسەر بەرزییەوە لەلاپەڕەکانی مێژوودا دەنووسن.

یەکێ تر لە چیرۆک نووسەکانی کورد کە لە چیرۆک نووسینی کوردیدا دەورێکی باشی گێڕاوە، محەمەد عەلی کوردی پژدەری (١٣١٨–١٣٧٢ی کۆچی)یە. ئەم چیرۆک نووسە لە ساڵی ١٩٤٥دا چیرۆکی زادیجی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و پاشان گەلێ چیرۆکی لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بڵاو بوونەتەوە و لە چیرۆکەکانیدا پتر دەرد و ژانی کۆمەڵایەتیی خستووەتە بەرچاو. یەکێ لە چیرۆکەکانی کە بەناوونیشانی: «دوای سەرخۆشی زۆر شێتیشە» بڵاوی کردووەتەوە و دەردێکی کۆمەڵایەتیمان دەخاتە بەرچاو و هەروەها لەم چیرۆکەدا نامرۆڤایەتیی تاقمێک لە پیاوانی کۆمەڵ دەردەخات کە هیچ بایی و

نرخێک نادەن بەهاوبەشی ژیان و ئەوان بەهیچ دادەنێن. قارەمانی چیرۆکەکە پیاوێکە بەناوی: جەلال که هەموو شەوێک دوور لە خێزانەکەی کاتی بەسەر بردووە، ئەمە نەک لە باری ئاساییدا بەڵکو لە کاتێکیشدا کە نازەنینی خێزانی گیرۆدەی نەخۆشییەکی قورس بووە و لەم کاتە سەختەدا ژنەکەی بەدەم ناسۆرەوە تکای لێ دەکات کە بەجێیان نەهێڵێ و لە لایان بمێنێتەوە، بەڵام قسەی بێ سوودە و تەنانەت پیرۆزی کچیان کە منداڵێکی حەوت ساڵانە هەمان داوا دووبارە دەکاتەوە و پاش ئەو شەوەیش وەک هەموو شەوانی تر نزیک بەیانی دەمێنێتەوە بەشپرزەیی ڕوو دەکاتە ماڵەوە، لەم کاتەدا دەبینێ کە نازەنین سارد بووەتەوە و تەنیا پیرۆزی کچی بەلایەوە دۆش داماوە، ئەم دیمەنە سامناکە جەلال ئەشڵەژێنێ و ماڵەکەی پێ بەجێ دێڵێ و بەدەم وتەی پچڕ پچڕیشەوە دەکەوێتە شەقامەکان و بەگیرسانەوە لە نەخۆشخانەدا کۆتایی دێت و شێت و دێوانە دەبێ.


چیرۆکی کوردی لە ساڵەکانی ١٣٦٠ی کۆچی بەولاوە دەستی کردە گەشەکردن و نووسەران توانییان لە دەلاقەیەکی پرشنگدارترەوە بۆی بچن و پتر لە گەڵیدا ژیان بەرنە سەر و هەر چەند لەو دەمەشدا مرۆڤایەتی تووشی شەڕێکی گەورە بووبوو، بەڵام نەیتوانی کە کاروانی بێ وچانی وێژەی کوردی ڕابوەستێنێت، بەڵکو بەرەو پێشەوە چوو و، لەناو چیرۆک نووسەکانی کوردی ئەو سەردەمەدا کە ئێستاش هەندێکیان هەر زیندوون و بەرهەمی جوانمان بۆ دەنووسن دەتوانین لەم کەسانە ناوببەین: «ئیبراهیم ئەحمەد، عەلائەدین سەجادی، شاکر فەتاح، مستەفا سائب، ڕەشید نەجیب، شێخ سەلام، حسێن حوزنی موکریانی، عەلی عەبدوڵڵا، تۆفیق وردی، کامەران موکری، کاوس قەفتان، هێمن موکریانی، حەسەنی قزڵجی، سوارەی ئیلخانی زادە، جەماڵ نەبەز، عەرەب شەمۆ، محەرەم حەمەومین و، محەمەدی عەلی مەدهۆش، جەلال محموود عەلی، ڕەحیمی قازی، مارف بەرزنجی، مستەفا ساڵح کەریم، جەماڵ بابان، عەبدوڵڵا مێدیا، شێرکۆ بێکەس، کاکە مەم بۆتانی، خالد دلێر و مارف خەزنەدار و دەیان چیرۆک نووسی تری کورد.

سەرچاوەکان


١– مەسەلەی ویژدان – ئەحمەد موختار جاف – بەغدا، ١٩٧٠.
٢– دوازدە سوارەی مەریوان – پیرەمێرد – سلێمانی، ١٩٣٣.
٣– دوای سەرخۆشی زۆر شێتە – محەمەد عەلی کوردی – بەغدا، ١٩٣٤.
٤– لالۆ کەریم – جەماڵ نەبەز – هەولێر، ١٩٥٦.
٥– خولە و بلە – خالد دلێر – بەغدا، ١٩٥٨.
٦– هەمیشە بەهار – عەلائەدین سەجادی – بەغدا، ١٩٦٠.




٧– پێکەنینی گەدا – حەسەنی قزڵجی – بەغدا، ١٩٨٥.
٨– بووکە شووشە – مارف خەزنەدار – بەغدا، ١٩٦٩.
٩– لێکۆڵینەوە و بیبلۆگرافیا – عومەر مەعروف بەرزنجی – بەغدا، ١٩٧٨.
١٠– بیبلیۆگرافیا – مستەفا نەریمان – بەغدا، ١٩٨٨.


بند ۱۴ - بابا نجوم مرمو
زروان بیانی ، زروان بیانی
نە دورە ورین ، زروان بیانی
اهری و ورمرد ، یاران دیانی
کالای خاسس یارادوم بیانی شانی

نموونەی دەستخەتی چەند هۆنراوێکی بالوولی ماهی


بندا - پیربنیامین مرمو :
عازیز آمانن
خواجام مروتن عازیز آمانن
دیدت نەزبین گردین جهانن
گشت لالە و آلان دویت عیانن
گنای اذ زیاد نە گشت کسانن

نموونەی دەستخەتی لاپەڕەیەکی سەرئەنجام




نموونەی دەستخەتی لاپەڕەیەکی شانامەی کوردی






نموونەی دەستخەتی لاپەڕەیەکی یوسف و زولێخای خانای قوبادی



نموونەی دەستخەتی پارچە هەڵبەستێکی خان ئەڵماسی لوڕستانی






نموونەی دەستخەتی چەند هۆنراوێکی سەی سادقی سەفاخانەیی



نموونەی دەستخەتی پارچە هەڵبەستێکی عەلی بەردەشانی






نموونەی دەستخەتی لاپەڕەیەکی خەسرەو و شیرینی خانای قوبادی



دەست خەت و وێنەیەکی قەڵەمکێشی حەیدەر بەگی بەرازی






نموونەی دەستخەتی لاپەڕەیەکی دیوانی مەولەوی




نموونەی دەستخەتی لاپەڕەیەکی خەسرەو و شیرینی میرزا عەبدولقادری پاوەیی






نموونەی دەستخەتی لاپەڕەیەکی دیوانی وەلی دێوانە




نموونەی دەستخەتی لاپەڕەیەکی دیوانی نالی






نموونەی دەستخەتی چەند هۆنراوێکی میرزا شەفیع



نموونەی دەستخەتی چەند هۆنراویکی مەهجووری










نموونەی دەستخەتی لاپەڕەیەکی ڕۆستەم و ئەسفەندیار





نموونەی دەستخەتی لاپەڕەیەکی دیوانی ئایەتوڵڵای مەردووخ

## کوردستان

کوردستانی جوان زێدی پیرۆزم
نیشتمانەکەم جێی گەل و هۆزم
تۆ گوڵی هیوای ژیانی منی
ئەتۆ ئارامیی گیانی منی
تۆ مایەی هەست و مەبەستی منی
هەر تۆ سەرچاوەی هەڵبەستی منی
ئەتۆ پەڵوپۆی دڵەکەی منی
هەر تۆی کە تاقە گوڵەکەی منی
تۆ مایەی بیر و کەڵکەڵەی منی
هەر تۆ ڕۆشنایی بێ پەڵەی منی
منیش گراوی هەرد و بەردی تۆم
گراوی کەژ و بەژ و زەردی تۆم
گراوی گوڵ و ئارخەوانتم
گراوی باخ و دەشتی جوانتم
تا ماوم ئەمن تۆ دەپەرستم
چونکە هەر ئەتۆی سەرچاوەی هەستم

«بۆرەکەیی»



## پێڕست


ئەبولقاسمی لەشکری ..... 5
مەلا مەنووچێهری کۆلیوەن ..... 9
شێخ ئەمیری زۆڵەیی ..... 15
خان ئەڵماسی لوڕستانی ..... 21
محەمەد ئاغای غەمناکی ..... 29
ئەڵماس خانی کەندۆڵەیی ..... 31
ئەڵماس خانی کوردستانی ..... 38
زولفەقاری گۆران ..... 51
غولام ڕەزاخانی ئەرکەوازی ..... 57
تورکە میر ..... 77
ئەحمەدی کۆری موکریانی ..... 84
شێخ ئیمامودینی مەردووخی ..... 94
شێخ عەبدولکەریمی خانەگایی ..... 96
سەی براکە ..... 100
دەروێش ئوجاغی گاوارەیی ..... 106
میرزا عەلی عەباسوەندی ..... 108
میرزا عەبدوڵڵا خەیاڵی ..... 110
عەلی لاچین ..... 113
تامازی گاوارەیی ..... 114
ڕۆستەمی بابەجانی ..... 115
سەی ڕۆستەمی بانیارانی ..... 117
خەلیفە ئەڵماسی گەزەردەرەیی ..... 118
دەروێش عەباسی کرندی ..... 122
سەیفوور ..... 123
مەلا ئەحمەدی کلاشی ..... 124
نەجەف خانی بایندوڕ ..... 133
ئەڵڵا مورادی هەرسینی ..... 135
حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی ..... 140
شارقی هەرسینی ..... 145
سەی یاقۆی مایدەشتی ..... 149
قاسدی تووکانی ..... 161
دەروێش قولیی کرندی ..... 166
مەلا ئەبووبەکری یوسف ..... 173
مەلا فەرەجی بۆرەکەیی ..... 174
شا تەیمووری بانیارانی ..... 178
میرزا محەمەدی هەوشاری ..... 184
شێخ نەزەر عەلی جەناب ..... 188
جەواد خانی گەڕووسی ..... 195
حەیران عەلیشای مایدەشتی ..... 197
میرزا عەبدولقادری پاوەیی ..... 205
بابە جانیی بۆرەکەیی ..... 208
مەلا مارفی کۆکەیی ..... 217
شێخ عەبدوڕەحمانی جانەوەرەیی ..... 223
دەروێش نەورۆزی سۆرانی ..... 229
شێخ سەمیعی بانەیی ..... 234
میرزا عەبدوڕەحیمی وەفایی ..... 242
سالمی سنە ..... 257
میرزا عەبدولەجیدی مەجدی ..... 260
مەلا ساڵحی حەریق ..... 262
جیهان ئارا خانم ..... 269
مەلا عەبدوڵڵای دشەیی ..... 281
دوکتۆر سەعید خانی کوردستانی ..... 293
عەبدوڵڵا بەگی ئەدەب ..... 299
جیهانبەخشی دانیالی ..... 306
دەروێش ئەیازی کرندی ..... 308
حاجی نیعمەتوڵڵای جەیحون ئاوایی ..... 313
مەلا ڕەسوڵی ئەدیب ..... 316
سەید بەهاء ..... 319

میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی ... 324
کاکە حەمەی ناری ... 326
میرزا حەسەنی سەیفولقوزات ... 334
شێخ محەمەدی مەردووخ ... 345
عەبدوڵڵا بەگی هەورامانی ... 349
عەلی نەقیی دەبیر ... 354
میرزا حەسەن عەلیی غەریب ... 357
میرزا خانی هەرسینی ... 363
عینایەتی هیدایەتی ... 368
سەی حەبیبی ڕەوانسەری ... 372
حەیدەر بەگی بەرازی ... 381
سەیفوڵڵای ئەڵڵایارخانی ... 386
حاجی نوور عەلی ئیلاهی ... 392
سەی شوکوروڵڵای قووچاخی ... 394
میرزا ئەحمەدی داواشی ... 400
خورشید خانمی داواشی ... 408
شامی هەرسینی ... 410
دوکتۆر محەمەد سەدیقی موفتی زادە ... 424
عەبدوڵڵای ئەقدەسی ... 430
هێمن ... 434
فەقێ عەبدلی بۆرەکەیی ... 440
مەلا بۆرەکەیی ... 446
مەلا ئاوارە ... 449
سوارەی ئێلخانی زادە ... 459
هۆنەرانی دەوری خالدی ... 464
عەبدولسەمەدی بابەک ... 465
عەلی حەریری ... 466
شێخ ئەحمەدی جزیری ... 472
فەقێ تەیران ... 478
بەکر بەگی ئەرزی ... 484
شێخ ئەحمەدی خانی ... 486
ئەحمەدی مەلا باتی ... 494
مورادخانی بایەزیدی ... 500
شا پەرتەوی هەکاری ... 507
مەلا مەنسووری گرگاشی ... 510
شێخ نوورەدینی بریفکانی ... 512
محەمەد سەعیدی مێهری ... 516
مەلا ئەحمەدێ ناڵبەند ... 518
هۆنەرانی دەوری بابان ... 523
میر ئەحمەدبەگی زەنگەنە ... 524
مەلا محەمەدی هەزار مێردی ... 526
مەلا عومەری ڕەنجووری ... 529
عەلی بەردەشانی ... 544
میرزا شەفیعی جامەڕێزی ... 549
مەولانا خالدی شارەزووری ... 553
شێخ عوسمانی سیراجودینی ... 567
میرزا مەحموودی زەنگەنە ... 568
مەلا نۆشای زەنگەنە ... 570
(نالی)ی شارەزووری ... 575
ئەوڕەحمانی سالم ... 589
مەلای جەباری ... 598
مسەفا بەگی کوردی ... 608
مەلا محەمەدی زەنگەنە ... 616
حاجی قادری کۆیی ... 618
مەلا محەمەدی مەحوی ... 629
فەقێ قادری هەمەوەند ... 636
مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە ... 655
ئینجەی گەلاڵی ... 656
شێخ ڕەزای تاڵەبانی ... 660
شێخ عومەری بیارە ... 669
مەلا محەمەدی خاکی ... 673
ئەمین ئاغای ئەختەر ... 680





حەسەن کەنۆشی جنووبی ... 682
مەلا ساڵحی ئاهی ... 684
مەلا قادری جاف ... 687
مەلا حەمدوونی کوێر ... 688
سەی ئەحمەدی نەقیب ... 692
ئەمین فەیزی بەگ ... 696
شێخ مارفی نۆدێ ... 699
حاجی تۆفیقی پیرەمێرد ... 704
ئەحمەد بەگی حەمدی ... 709
مەلا مستەفای سافی ... 716
مەلا محەمەدی کۆیی ... 719
تایەر بەگی جاف ... 722
مەلا عەبدوڵڵای زێوەر ... 730
مەلا مەحموودی بێخود ... 737
شێخ نەجمەدینی سابری ... 745
شێخ بابا ڕەسووڵی بێدەنی ... 750
عەلی کەماڵ باپیر ... 755
سەی عەبدولخالقی ئەسیری ... 759
مەلا محەمەدی چرۆستانی ... 761
شێخ نووریی بەرزنجی ... 766
ئەحمەد موختار بەگی جاف ... 770
گۆران ... 773
دڵدار ... 781
قانیع ... 787
فایق بێکەس ... 797
لێکدەرانی قورئانی پیرۆز ... 802
تەفسیری کوردی لەسەر کەلامی ... 803
مێژوونووسانی کورد ... 804
میر شەرەفخانی بتلیسی ... 805
مەلا مەحموودی بایەزیدی ... 805
میرزا شوکروڵڵای سنەیی ... 806
سەید حوسێن حوزنی موکریانی ... 807
ئەمین زەکی بەگ ... 807
ساڵح قەفتان ... 808
محەمەد عەلی عەونی ... 808
میرزا عەلی ئەکبەری کوردستانی ... 809
فەرهەنگنووسانی کورد ... 810
چیرۆکنووسانی کورد ... 813